**ستیڤ کۆڵ**

# بنەماڵەی بن لادن
# خێزانێکی عەرەب لەسەدەیەکی ئەمەریکی دا

وەرگێڕانی

**گروپی وەرگێڕانی سەنتەری نیشتیمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر**

پێشەکیو پێداچونەوەی زمانەوانی

**ڤیان مەجید فەرەج**

**چاپی یەکەم ـ ٢٠١٣**

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**
**سلێمانی – ٢٠١٣**

**ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لـە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنـی چوارچێوەكانی رۆشـنبیریی گشـتی، تۆكمـەكردنی بـەهاكانی دیموكراسـیو مـافی مـرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابین كردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لەبوارە هەمەجۆرەكاندا.

**بنەماڵەی بن لادن ـ خێزانێكی عەرەب لەسەدەیەكی ئەمەریكی دا**

**نووسینی: ستیڤ كۆڵ**

**وەرگێڕانی:گروپی وەرگێڕانی سەنتەری نیشتمانی بۆ لیكۆڵینەوەی جێندەر**

**پێشەكیو پێداچوونەوەی زمانەوانی: ڤیان مەجید فەرەج**

**بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیران ـ سلێمانی ـ ٢٠١٣**

**ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان (١٦٧٠ ) ساڵی ٢٠١٢**

**چاپی یەكەم ـ ٢٠١٣**

**دیزاینو بەرگ: ئەمیرە عومەر ـ رێباز نامق**

**تیراژ: ( ١٠٠٠) دانە**

**زنجیرە: ( ٤٩٨)**

**مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ سەنتەری نیشتمانی بۆ لێكۆڵینەوەی جێندەر**

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

**سەرپەرشتیاری بەچاپگەیاندنی كتێب لەئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیران**

**عوسمان حەمەرەشید گورون**

## نوسەر لە چەند دێڕێکدا

ستیف کۆڵ لە ساڵی ١٩٥٨ لە واشنتۆن دی سی ولایەتە یەکگرتووەکان لەدایکبووە. لە ساڵی ١٩٨٥ وەك رۆژنامەنووس لە واشنتۆن پۆست دەستی بەکارکردووە. لە ساڵی ١٩٨٩ بووەتە بەرپرسی نوسینگەی ئاسیای باشوری رۆژنامەکەو دواتر وەك بەڕێوەبەری نوسین لە١٩٩٨- ٢٠٠٤ کاری تیاکردووە. لە ٢٠٠٧ەوە بووتە بەرپرسی رێکخراوێکی ناحزبیو قازانجنەویست بەناوی (نیو ئەمێریکا فاوندەیشن) کە کار لەسەر سیاسەتەکانی دەرەوەو ئاسایشی نەتەوەییو پەیوەندییە گشتییەکانی ئەمەریکا دەکات.

نوسەر خەڵاتی (پۆلیتزەر)ی لە ٢٠٠٥دا لەسەر کتێبی (جەنگی خێوەکان) بەدەستهێناوە کە باس لە مێژووی نهێنی سی ئای ئەیو شەڕی ئەفگانستانو بن لادن دەکات هەر لە داگیرکاری سۆڤیەتەوە تا ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٠١.

## پێشکەشە بە:

- قوربانییانی کردەوە تیرۆریستیەکانی خێڵی حەمە لە کوردستان.
- سەرجەم قوربانیانی تر لە هەرکوێیەکی جیهان بن کە بوونە ئامانجی گروپە تیرۆریستیو فەندەمەنتەڵەکانی کاریگەر بەدەمارگیری ئاینیو سیاسی.

# سوپاس و پێزانین

سوپاسی تایبەت بۆ ئەو گروپەی وەرگێڕان کە ماندوونەناسانە کاریان بۆ وەرگێڕانی کتێبەکە کرد لەگەڵ ئەوەی دەیانزانی ناویان لەم بەشەدا دەنوسرێت کە ئەوانیش هەریەك لە بەڕێزان،

دڵشاد محەمەد

محەمەد لەتیف

عەدنان ئیبراهیم

دیار ئەکرەم، کەهەر چواریان ئەرکی سەرەکی کاری وەرگێڕانەکەیان لە ئەستۆگرت.

هاوکات هەریەك لەم بەڕێزانەش (ساکار عەبدوڵا، نیگا فەتاحو حەکیم شەخصە) یەکی بەوەرگێڕانی بەشێك بەشدار بوون لەوەرگێڕانی کتێبەکەدا.

سەنتەری نیشتانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر

# ناوەرۆک

پێشەکی چاپی کوردی.................................................. ١٣
پێشەکی چاپی ئینگلیزی.................................................. ٢٢

## دەروازەی یەکەم

## سەرگەورەکانی هۆز

١- لەئاوارەییدا.................................................. ٤١
٢- گەراجی شاهانە.................................................. ٥٦
٣- هاوبەشە بێدەنگەکان.................................................. ٧٣
٤- سەربەرزی فەرمان ڕەواییەکە.................................................. ٩١
٥- بەرەو قودس.................................................. ١١١
٦- کاردانەوە توندەکە.................................................. ١٢٥
٧- پیاوێکی مۆدێرن.................................................. ١٣٧
٨- بای پێچەوانە .................................................. ١٤٧

## دەروازەی دووەم

## کچەکان و کوڕەکان

٩- راسپێردراوەکان.................................................. ١٥٩
١٠- ئوسامەی لاو.................................................. ١٧٥
١١- مەملەکەتی پیلان گێڕی.................................................. ١٩٣
١٢- کوڕە هەڵکەوتووەکە.................................................. ٢٠٥
١٣- دۆزینەوەی ئەمەریکا.................................................. ٢٢٦
١٤- پەرۆشی گۆڕینی رێبازە ئاینییەکە.................................................. ٢٤٥
١٥- رایەڵەکراو.................................................. ٢٦١
١٦- پارکی شاری یاری.................................................. ٢٨٣
١٧- لەخزمەتی پاشادا.................................................. ٢٩٧

١٨- نیگەرانییە دەروونییەکان...................................................... ٣١٧
١٩- هاڕارەکە............................................................................ ٣٢٩
٢٠- بازاڕی چەك...................................................................... ٣٣٩
٢١- لەدەرەوەی کتێبەکان............................................................ ٣٥٣
٢٢- پڕۆژەکە............................................................................ ٣٦٣
٢٣- کەیتی هۆوك، بێستانی خەونەکان............................................. ٣٧٧


## دەروازەی سێیەم

## خێزانە جیهانییەکە


٢٤- نووسەر—دەرهێنەر—بەرهەمهێن.............................................. ٣٨٩
٢٥- پارەی مۆڵدراو...................................................................... ٤١٥
٢٦- ئەمەریکا لەجوڵەدایە.............................................................. ٤٢٩
٢٧- حسابە بانکییە سویسرییەکان................................................... ٤٤٣
٢٨- رۆلز-رۆیسێك لەبەر باراندا....................................................... ٤٦١
٢٩- ئاوەدانکردنەوەی تاراوگە.......................................................... ٤٧٥
٣٠- خەرجیو سەرمایەی گەورە کۆمپانیاکان........................................ ٤٨٧
٣١- مێزێکی درەوشاوە بەڵام بەد................................................... ٥٠٣
٣٢- هونەرو جوانییەکانی پەرستن................................................... ٥١١
٣٣- یەك تەلەفۆن، یەك جیهان........................................................ ٥٢٧
٣٤- پارێزەرەکان، پارەو چەکەکان.................................................. ٥٤٩
٣٥- دوورگەی بن لادن.................................................................. ٥٧٥


## دەروازەی چوارەم

## وەچەکان


٣٦- ناوەکە................................................................................ ٥٩٣
٣٧- پەیوەندییە گشتییەکان............................................................ ٦١٦
٣٨- جۆری بەرهەمە بازرگانییەکان................................................... ٦٢٧
٣٩- ئینجا چییە؟.......................................................................... ٦٣٥

٤٠- لەتاراوگە.......................................................................................................٦٤٧
سوپاس و پێزانینی چاپی ئینگلیزی................................................................. ٦٦٣
تێبینیەکان......................................................................................................... ٦٦٧
دەربارەی ئەم کتێبە........................................................................................... ٦٦٩

# پێشەکی چاپی کوردی

بەهێمنی ڕۆژەکانی خۆم بەدیار کتێبە نامۆکانو کەلتورە نامۆترەکانەوە بەسەر دەبرد.. دەگەڕام تا شتێك لەو دنیا جیاوازەی ژیانی تەنهایم لە ولایەتە یەکگرتووەکان مایەی سەرقاڵیم بێت. سەرەنجام ئەم کتێبەو چەند دانەیەکی تر بوونە هاوەڵێکی هەمیشەیی ئەو ڕۆژگارە لەبن نەهاتووانەم.

ڕۆژانە گومانم لە ڕوخساری زۆرینەی ئەو ئەمەریکیانەوە بەدی دەکرد کە لە نێو شەمەندەفەرو وێستگەی پاسو تەنانەت لە قاوەخانەو کافێکانی ئینتەرنێتیش، بەچاو، ڕایەڵەی پەیوەندییان لەگەڵ خۆمو کتێبەکەی بن دەستمدا دروست دەکرد. هەستم بە ڕقلێبوونەوەو بە ترسناکی خۆم دەکرد لە چاویانداو تێدەگەیشتم کە من دەبێت بەم کتێبەی بندەستمەوە چەند مایەی هەڕەشە بم بۆسەر ئاسودەییو ئاسایشیان. ناحەقیان ناگرم زۆر مێژوویەکی دوور نییە هەزاران کەس بوونە قوربانی هەوەسە نامرۆڤانەکانی کەسێکی نەخۆشو تێرۆریستو لەئەنجامدا دیوارێکی لە نێوان هەردوو کەلتوری ڕۆژئاوا مەسیحیەت لەلایەكو ئیسلامو عەرەب لەلاکەی تردا، کەرەنگە چەندین وەچەو بگرە سەدەشی بوێت خاوبوونەوەو داڕماندنی، دروست کرد.

ڕاستی؛ دۆزی مەسیح- ئیسلام، یان کافر- موسوڵمانو عەرەب- ڕۆژئاوا لە یازدەی سێپتەمبەرەوە بوونە ئەو دۆزانەی لەپاڵ جەنگی دووردرێژی عەرەب ئیسرائیل، ڕەگی بۆ چەندین سەدەی ئایندە داکوتا، ئەمەش جیهانی دابەشی دوو بلۆکی نوێ کرد. ئەمجارەیان بلۆکی ڕۆژئاوای ئەوروپاو ئەمەریکا دژ بە بلۆکی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاو ڕوسیاو وڵاتانی

کۆمۆنیستی نییە وەك ئەوەی لە جەنگی ساردا هەبوو، ئەمجارەیان روونە کە ولاتانی دونیا بەیەك جەمسەری پتەوەوە بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا رووبەرووی جەمسەرێکی عەقایدی نەفسیو سایکۆلۆژی موسوڵمانگەری توندڕەو، کە بەرجەستەبوونو دەستگیرکردنی ئاسان نییە بەوهۆیەی لە دەروونو فکری تاکەکانەوە سەرچاوەی گرتووەو پەیوەندی بە سیستەمی سیاسیو بەرژەوەندی ئابوریو دنیایی کەمتر هەیە، دەبنەوە. ئەم جەمسەرەی دووایین پەیوەستە بە خۆشییەکانی ئەو دنیای نازدار کە شەهادەت بۆ لاوێکی نەفام بەرجەستە دەکات گەر توانی بڕوا بەخۆی بهێنێ تەقینەوەیەك ئەنجام بداتو بەمەش شەرەفی خاوەندارێتی عەدەنێك بە حەفتاو دوو حۆریەوە بەدەستدەهێنێ! ئاخر لەهەردوو باردا چ کۆمۆنیزم یان ئایندارى گرفتە گەورەکەیان ئەوەیە کە ئەوەندە توندڕەون بۆ گەیشتن بە ئامانج پێ بەسەر دژەڕاکانیاندا دەنێنو لەدەرەوەی خۆیان هیچ شتێکی تر نابینن، سەربارى ئەوەی هەردوولا ژنان دەکەن بە ترۆپکی خۆشگوزەرانی! لەم نێوەندەشدا ریزکردنی ژنان بە چوار چوار بێت یان بەو مەشاعیەتەی کە هیچ پێوەرێك بۆ بەها خێزانیەکان ناهێڵێت، جگە لە باهۆزی بەکۆیلەو کەرەسەکردنی ژن دەبێت چی تر لەگەڵ خۆی بهێنێت؟!

بەر لەوەی بڕیاری هێنانەوەی بدەم، ئەم کتێبە ئاوێتەی دەروونم بەجۆرێك بوو کە خۆم بە یەکێك لە ژنەکانی محەمەد بن لادنی باوکی ئوسامە دەبینیو هەستم بەیەکە یەکەی خەمەکانی یەك بەیەکی ژنو کچو مێینەکانی ئەو بنەماڵە گەورەیەو بگرە هەموو ژنانی سعودیەو دونیای ئیسلامیش دەکرد کە چەند نەفامانە وەك ئاژەڵ لەخۆمان دەڕوانینو ئەو مێشکە گەورەو جەستە جوانەی هەمانە بەکار ناهێنین وەك چەکی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی! خوێندنەوەی من بۆ ئەم کتێبە بەکورتی لەچەند تەوەرێکدا دەخەمەڕوو جا نازانم دوای ئەوەی خوێنەر خوێندنەوە بۆ پێشەکیو خودی نوسینەکانی کتێبەکەش دەکات دەگاتە چ رایەك، بەڵام ئەوەی من لێرە مەبەستمە.. پێدانی زانیارییەکی پوختەیە بە خوێنەر تا لێیەوە کورتەیەك لە سەرباسە جەوهەرییەکانی ئەم کتێبە بخوێنێتەوەو بەر لە بڕیاردان لەسەر پەسەندکردن یان رەتکردنەوە، مشتێك دەربارەیان بزانێت.

**بنەچەی خێزانەکە..**

نوسەر لە نوسینی ئەم کتێبەدا رۆچووەتە ناواخنی پشتاوپشتی بنەماڵەکەی ئوسامەو رەگوریشەیانی لە حەزرەمەوتی یەمەنەوە بەرەو جەددەو ریازو پاشان مەکەو مەدینەو ئینجا کالیفۆرنیاو فلۆریداو بەشێك لە ئەوروپا دەدۆزێتەوەو هەریەك لەو ئەندامە چالاکانەی خێزانەکەش دەخاتە نێو بازنەی گفتوگۆکانیەوە کاتێك دەبینێت پشکێکی ئابوری یان دەسەڵاتدارییان لە نێو بنەماڵەکەدا هەبووە یان هەیە. لەراستیدا رەنگ بێت خەڵك ئەوەندەی لایان گرنگ بێت بزانن ئوسامە بۆچیو چۆن بووە تێرۆریستو کێ پشتیوانی دەکرد بۆ بەئەنجامگەیاندنی تاوانەکانی، ئەوەندە لایان گرنگ نەبێت کە خێزانەکەی کێیەو بەچییەوە خەریکن! نوسەر پێچەوانەی ئەو رایە پێی وایە کە دەبێت لە روئیایەکی سۆسیۆلۆژییەوە بڕوانرێتە کینە ئاخنکراوەکانی ئەم پیاوەی دونیای بە کردەوەکانی هەژاندو پێویستیشە رایەڵەکانی پەیوەندی خۆیو بنەماڵەکەی یەك بەیەکی بدۆزرێتەوە، چونکە ئەمە گەرەنتی دۆزینەوەی سەرچاوە داراییەکانی دەکات. بۆ دەرخستنی ئەم راستیەش خۆبەخشانە چەندین ساڵ بەدوای سەرە داوە مێژوویەکانی بنەماڵەکەدا دەگەڕێتو لە ئەنجامدا بۆی دەردەکەوێت کە باپیری ئوسامە لە حەزرەمەوتی باشوری یەمەنەوە، کە ناوچەیەکی بیابانی کاکی بە کاکییە، لەبەردەستکورتیو نەداریو هەڕەشەی تۆڵە سەندنەوە بە کوشتنی لەلایەن کەسێکی ئاژەڵدارەوە کە باپیرەی ئوسامە گایەکی بە قەرز لێوەرگرتبوو، بەڵام لە بەدبەختی ئەم، گایەکە مردار دەبێتەوە، بۆیە بەرەو ناوچەیەکی تری حەزرەمەوت کۆچ دەکاتو لەوێ خێزان دروستدەکات. ناوبراو دوای چەند ساڵێك دەمرێتو چەند هەتیوێك دوای خۆی جێدەهێڵێت کە یەکێکیان محەمەدی باوکی ئوسامە دەبێت. باوکی ئوسامەش بەتەمەنی چواردەساڵی دەچێتە کەنار دەریای سورو لەوێ دەبێتە کرێکاری کارگەیەکی بیرهەڵکەندنی نەوت، بەڵام ئەم کارەی پچڕ پچڕەو داهاتو بژێوی بۆ دابیناکات بۆیە بەرەو سعودیە کۆچ دەکات لە ماوەی هەڵاوسانی گەورەی ئابووری لەساڵانی ١٩٢٩- ١٩٣٠ دەستدەداتە کرێکاری بیناسازیو لەوێوە بەرەو وەستاییو ئینجا بەڵێندەری دەڕوات. دواتریش بەهۆی لێهاتووی خۆیەوە دەتوانێت ببێتە جێمتمانەی پاشاکانی سعودیەو کوڕەکانیشی یەك دوای یەکتر پێ هەڵگری هەنگاوەکانی باوکیان دەبن.

**گەندەڵی..**

ئـەوەی لـەم کتێبـەدا مـن وەك خوێنـەرێك بـە عەقڵیـەتێکی رەخنەگرانـەوە تێبینـی دەکـەم دەربـارەی وڵاتـانی تـازە گەشەسـەندوو، تـازە پیاکەوتـەکان، ئەوەیـە کـە ئـەم وڵاتانـە گـوێ بـە تـەکنۆکراتیو گەشـەی داینـەمیکی نـادەن، بـەڵکو لـەم فـەزا بێسـەروبەرەییەدا تاکـە کەسـێك دەتوانێـت حـەوت جـۆر کـاری جیـاواز وەك پیشـەوەرێکی بـە سـەلیقە ئەنجامبـدات بێئـەوەی پسپۆری بوارەکـەبێتو تـەنهاو تـەنها ئەمـەش بـە پێـوەری متمانـەو نزیکـی لـە دەسـەڵاتەوە بـۆ دەچێتەسـەر. لێـرەو لـەوێش، کەسـێکی نەخوێنـدەواری وەك محەمـەد بـن لادن کـە چاوێکیشـی کوێربوو، توانیویەتی ببێتە بریکاری چـەندین کۆمپانیـاو مقـاولی هەڵکەنـدنی بـیرو رێگـەوبانو هێڵی شەمەندەفەرو کۆمەڵگەی نیشتەنیو تەنانـەت نۆژەنکردنـەوەی مزگـەوتو دروسـتکردنی زۆر کۆشكو باڵەخانەی حکومیو فرۆکەخانە. خراپتر لەمەش ئەوەیە کەچەندین ساڵو مـانگ بەسـەر کۆنتراکتو دوا مۆڵەتەکانیشدا تێپەڕدەبوونو کەسیش لێـی نەدەپرسـییەوە، ئێسـتاش خێزانەکەی بۆ چەندین وەچەیە پەیوەندییان بە نزیکی لەگەڵ شانشینی سعودیەدا ماوەتـەوە، کە ئەمەش گرفتی سەرەکی مانـەوەو خولانـەوەی ئـەم دەسـەڵاتانەیە لەیـەك خولگـەدا! کەواتـە گرنگیدان بە رووکەش ترۆپکی گەشەسەندنو مۆدێرنەتەیـە لـەم جـۆرە دەسـەڵاتانەدا، گەشـەی مرۆییو سەرچاوە مرۆییو ئەقڵیـەکانیش گرنگییـەکی ئـەوتۆیان نییـە مـادام بـە پـارەی نـەوت دەتوانرێـت ئـەقڵی دەرەکـی بـەکرێبگیرێتو دەسـەڵاتیش جێـی پـێ لـەق نـەکرێت، بـەڵام کـام دەسـەڵات؟ ئـەوەی کـە خـۆی لـە مقاولـەکانی شـارەزاتر نییـەو هاوشـێوەی ئـەوان سـواری ملـی ئەسپەشێتی دەسەڵاتگەریو دەوڵەتداری بووەو هەموو کایەکانی دەسەڵات وەك چارەسـەرکردنی کێشـەیەکی خێڵایـەتی بـن دەوارێکـی بیابـان یـان کـەپری هاوینـەی رەزێـك تەماشـا دەکـاتو سیسـتەمیش بـە ئالیـەتێك دەچـوێنێت کـە لەبەرژەوەنـدی پتـەوکردنی بنـەماکانی هێزگـەری خۆیدایـە. کـاتێکیش گەنـدەڵیو بـەفیرۆدانی سـامانی خـەڵکی لێ ئاشـکرا دەبێـت، زۆر بـە بـێ منەتانـە دەڵێـت ئینجـا چـییە! وەك ئـەوەی لەبەشـی ٣٩ی ئـەم کتێبـەدا باسـکراوەو شانشـینی سعودیە وەك منـەتێك بەسـەر هاوڵاتییەکانیـدا لـەپای ئـەو بونیـادەی ژێرخـانی وڵاتەکـەدا کـە لەسەر دەستی ئەم بەرهەمهاتووە بەهای پتر لە پەنجا ملیـار دۆلار گەنـدەڵی بـە شـتێکی ئاسایی

دەبینێتـەوەو بـە (هـیچ) وەسـفی دەکـات ئەمـە لەکاتێکـدا ئـەم بـڕە شـەش یـەکی هـەموو ئـەو بەهایەیە کە تەواوی سعودیەی پێ بونیادنراوەتەوە لەماوەی سی ساڵی رابردوودا.

## کوڕو کچو ژنەکانی..

بەلاساییکردنەوەی شێخو میرو شاکانی عەرەبستانی سعودیە، محەمەد بن لادن لە تەمەنیدا بیستو دوو ژنـی خواسـتووەو بـەردەوام چـوار ژنـی هـەبووە. هـەرکات ویسـتبێتی ژنێکـی تـر بخوازێـت ئـەوا لـەکام لـە ژنـەکانی نـاڕازی بووبێـت تـەلاقی داوەو خـانوو مـاڵی لـە کۆمەڵگـە نیشتەنییەکەی خـۆی بـۆ دروسـتکردووەو کـوڕو کچـەکانی لـەو ژنـە وەك هـەر منـداڵێکی تـری سەرپەرشـتی کـردووەو خـەرجی بـۆ دابینکـردوون، خـۆ ئەگـەر ژنەکـەی گـەنج بووبێـت ئـەوا محەمـەد بـۆ خـۆی بـەدووی مێردێکـی لایەقـدا گـەڕاوەو ئەویشـی لـە کۆمەڵگەکـەی نیشـتەجێ کردووەو لە کۆمپانیاکانیدا کاری بۆ دۆزیوەتەوە بەو ئامانجەی لە نزیکەوە چاوی لـە منداڵـەکانی بێت، بەڵام سـەرەنجام هـەر نـەیتوانیوە هـەموویان بناسـێتو هاوسـەنگی لەنێوانیانـدا رابگرێـت بەتایبەت بۆ کەسێکی وەك ئەو کە هەر رۆژەی لە جێگەیەك بووەو خاوەنی ٢٩کچو ٢٥ کـوڕیش بووە ئەم باڵانسکردنە ئاسـان نـەبووە. پاشـتریش کوڕەکانی هەرلـە سـالم بـن لادن تـا ئوسـامەو ئەوانی تریش، جا بیرورایەکی ئاینی یان سیکولار یان نەریتییان هەبووبێت، بە کاریگـەری ئـەم جۆرە کولتورو بیروڕایە خاوەنی چەندین ژن یـان دۆسـت بـوون. کەسـێکی وەك سـالمی نۆبـەرەی محەمـەد بـن لادن هـەر بـۆ خۆشـیو کەیفسـازی لـە کردەوەیـەکی چاونەترسـانەدا چـوار کچـی هەڵگری رەگەزنامەی جیاواز کۆدەکاتەوەو داوایان لێدەکات(گێڵ فرێند)ی بنو دواتـر شـوی پـێ بکـەن، بەتـەواوی ئەقڵیـەوە پێـی وایـە ئەمـە خزمـەت بـە بازرگـانیو سـتراتیژەکانی بازاڕگـەری دەکات لە بزنسە جۆراوجۆرەکانیاندا.

ئەگەرچی نەوەی دووەمی مێینـەی بـن لادنـەکان بەتایبـەت ئەوانـەی لەسـەر دەسـتی سالمو بەکری سەروەسیەتی خێزانەکەدا گەورەبوون، کراوەتربوونو فەراهـەمتر ژیانیـان دەبردەسـەرو توانییـان خوێنـدن لـە وڵاتـانی دەرەوەو ئـەوروپا بخـوێننو فـەنتازیاکانی دونیـا تـاقی بکەنـەوە، بەڵام لەدواجاردا کۆیلەی دەستی پەچەو کەلتوری (هاوسەرگیری رێکخـراو) بـوون لـە وڵاتەکـەی خۆیاندا، چـونکە نەیانـدەتوانی زیـادەڕەوی لـە ئازادیـە سـنوردارەکاندا بکـەنو بۆخۆیـان پەنجـە بخەنە سەر ئەو پیاوەی کە خوازیاربوون ژیانی لەگەڵ بەسەر بەرن، یان ئۆتۆمۆبیـل لێبخـوڕنو

تاڵە قژە بۆیاخكراوو خشڵو زێڕەكانیان دەربخەن. ئەمە لەكاتێكدا كوڕە نێرینـەكان بەشێكیان هاوسەرەكانیان ئەمەریكیو بەریتانی یان بەڕەگەز نـا سعودیو بگـرە مەسـیحیش بـوونو نـەك خێزانەكـە بـەڵكو سیسـتەمەكەش پێـی ئاسـایی بـوو. هـەموو ئەمانـە لەلایـەكو چاوبەسـتەیی دەسەڵات لە كەموكورتیەكانی سەرمایەدارێكی وەك ئـەم بنەماڵەیـە دەرهـەق بـە ئـاینی ئیسلام بەتایبەتی لـە گێڕانـی ئاهەنگـەكانو پێڕەونـەكردنی بنـەما ئاینییـەكان لـە خۆدەرخسـتنو خـۆ نوانــدنو ئــەوەی پێــی دەوترێــت (بیدعــە) تــا مــەی خواردنــەوەو قومــاركردنو سێكســی حــەرامو....تــد هــەمووی وەلای ئیمانــداری شانشــینە موســوڵمانەكەی ســعودیەی عــەرەبی دەردەخاتو راستی ئاستی موسوڵمانبوونی دەردەخـات بـەو رادەیـەی كـە ئیسلامەتی جگـە لـە دروشمێكـی بریقـەدار بـۆ بازرگـانی كـردن بـە مـاڵی خـواو شـوێنو مـەزارە پیرۆزەكـانی مەكـەو مەدینە شتێكی تر نیە لە نیەتی ئەم شانشینەدا ئەگەر نـا، چۆن شـاكانو مـیرو میرزادەكـان لـە قومارخانـەو مـەی خانـەو مەلهاكانـدا شـەوگار بەرێدەكـەن لـە ئـەوروپاو ئەمـەریكا، كەچـی لـە سـعودیەی ئیسلامیشـدا دەسـت درێژدەكـەن تـا دواكـەوتوانو بەرفـەرمانو داردەسـتەكانیان ماچـیان بكـەنو سـەریان لەبـەر نـەوی بكـەن وەك ئـەوەی ئـەمان پـارێزەری ئاینەكـە بـنو لەنەوەكانی پێغەمبەر بن!

## ئوسامە كێ بوو؟

ئوسـامە حەڤدەهـەم كـوڕی محەمـەدی بـاوكی بـوو لـە ژنێكـی بەڕەگـەز سـوری كـە دوای لەدایكبوونی ئوسامە لـە بـاوكی جیادەبێتـەوەو شـودەكاتەوە بـە بەڕێوبـەرێك لـە كۆمپانیاكـانی مێردە كۆنەكەیدا، هـەر خـودی محەمـەد ئـەم هاوسـەرگیریە بـۆ دایكی ئوسـامەی ژنـی پێشـووی لەگـەڵ ئـەو بەڕێوبـەرەی كۆمپانیـای خانوبـەرەدا رێـك دەخـاتو خانویەكیشـیان لـە كۆمەڵگـە نیشتەنییەكەی خێزانەكەی خۆی دەداتێ. ئوسامە وەك تاقانەیـەكی بـاوكی لـەم ژنـەو بـەهۆی بـارودۆخی ژیـانی لـە ژێـر سـێبەری زڕباوكـدا لەلاكـەی تـرەوە كەسـایەتییەكی شـەرمنی پێدەبەخشێت، پاشانیش لە تەمەنی سیازدە ساڵیدا دەبرێتـە خوێندنگەیـەكی نمونـەیی بـەناوی ئەل ثغر، كە بەهۆیەوە تێكەڵ بە گروپەكانی ئیخوان ئەلموسلمین دەبێتو ئەمـەش بەسـەرەتای تێـوەگلانی ئوسامە دادەنرێت لـە گروپـە ئیسلامییەكان بەتایبـەتی كـە مامۆسـتا ئیسلامییە سورییو میسریەكان، ئەوانەی بەهۆكاری سیاسی ولاتی خۆیـان جێهیشـتبوو سعودیە گرتبونیـە

خۆی، ئەوکات لە دوای دەوامی خوێندن لەژێر پەردەی فێرکردنی وەرزشدا گروپی خوێنـدکاری بچـوك دروسـتدەکەنو بـە رۆژی قیامـەتو مـردنو قـەبرو ئـەوجۆرە باسـانە دەیانترسـێنن. دواتـریش لەتەمـەنێکی پێگەیشـتندا دوای ئـەوەی خوێنـدنی زانکـۆ دەسـتپێدەکات، هەرچـەند تەواوی ناکات، زیاتر لـە ژێـر کاریگـەری سـەید قوتـبو نوسـەرە ئیسلامیەکانی میسـردا دەبێـت بەتایبەت ئەوانەی دژ بە تەوژمی کۆمۆنیستی ئەنوەر سادات دەوەستنەوە، بۆیە هێواش هێـواش خواپەرسـتی لەدەرونیـدا بـەهێزتر دەبێـتو هـەبوونی ئـەو سـەرمایەیەش کـەوەك میراتـی لـە باوکیەوە بۆی دەمێنێتەوە هاندەرێکی باش دەبێت تابتوانێت گروپـی خێرخـوازی جۆراو جۆر لـەناوەو دەرەوەی سـعودیەو پاشـانیش لـە ئەفگانسـتان بـۆ هاریکـاری شۆڕشـگێرە موسـوڵمانەکان بـەناوی موجاهیـدین دژ بـە سـوپای سـۆڤیەت لـە ١٩٧٩دا کـە لەلایـەن ئیخوانەکانـەوە هاریکـاری دەکران‌و دواتریش لە یەمەن بۆ هاوکاری رەوتە ئیسلامیە توندرەوەکان بەکار بهێنێت. هەڵبەت لەسـەرەتادا کـاری ئوسـامە پێکهاتەیـەکی مرۆڤانـەبوو کـە درنـدەیی سـۆڤیەتی دەردەخسـتو هاریکاریەکانیشی تەنها کۆمـەکی مرۆڤایـەتی بـوو، بـەڵام دواتـر وەرچـەرخایە سـەر رێکخسـتنی عـەرەبی موسـوڵمانو گواسـتنەوەیان بـۆ ئەفگانسـتان تـاوەك موجاهیـدین شـەڕ دژی سـۆڤیەت بکـەن. دیـارە لـەم کارەشـدا حکومـەتی سـعودیەو دەوڵەمەنـدەکانی وڵاتو تەنانـەت کەنـداوی عـەرەبیش هاریکارییـان دەکـردو تەنانـەت ولایەتـە یـەکگرتووەکانیش پشـکی هاریکـاری ئـەم گروپەی بەرکەوتووە ئەمیش لەرێگای سی ئای ئـەی‌ـەوە کـە پـارەی لەحکومـەتی سعودیەوە بـۆ پاکسـتان دەگواسـتەوەو دەیگەیانـدە دەسـت موجاهیدینـەکان. ئوسـامە، تـا عـیراق کـوێتی داگیرنـەکردو عەرەبسـتانی سـعودیە نـەبووە کـامپی سـوپای ئەمـەریکا، بەرپرسـیارێتی ئـاینی سعویەو پاشاکانی ئەو وڵاتەی نەخستبووە ژێر پرسیارەوە، بەڵام هەر کە ئەمە رووی دا ئیتر بە ئاشکرا کەوتە بانگدانو وتاردانی ئەوەی شانشینی سعودیە بەتولـە رێگەیـەکی هەڵەدا رێگـوزەر دەکات بەهۆی ئەو هاوپەیمانێتییـەی لەگـەڵ ئەمـەریکادا بەسـتوویەتی. ئوسامە کـە زانیویـەتی لەپای ئەم وتارە دژانەی، سەرمایەکانی دەکەونە بەر مەترسـی بلـۆك کـردنو دەستبەسـەراگرتن لە لایەن دەسەڵاتدارانی سعودیەو خـودی خێزانەکەشـی کـە دەسـتێکەڵاوییەکی ئاڵۆزیـان لەگـەڵ بنەماڵەی شاهانەدا هەبووە، هەرزوو لـە ١٩٩٣-١٩٩٤دا تـەواوی پشـكو بەشـی خـۆی لـە خێزانەکـە دابڕانـدو بەتـەنها کەوتۆتـە سـەرمایەگوزاریو لـەم پێناوەشـدا وەرگرتنـی (سـو)ی بەحـەرام دانەناوە لەکاتی دانانی پارەکانی لە بانکە ئەوروپیو جیهانییەکان.

هەرچـۆنێك بێـت كاتێـك دەنگـۆی کـوژرانی ئوسـامە بـن لادن لـە رۆژنامـەو گۆڤارەکـان بڵاوبووەوە منو هاوکارەکانم لە قۆناخی کۆتایی وەرگێڕانی ئـەم کتێبـەدا بـوین، بۆیـە بەچـاوی گومانـەوە دەمانڕوانییـە سیاسـەت وەك ئـەو دامەزراوەیـەی بـۆ رێکخسـتنو رێبەرایـەتی کـردن دەگیرێتەبەر، بەڵکو لانی کەم لەچاوی منەوە بۆگەنترین کار بریتیـە لـەکاری سیاسـەت، چـونکە تاکە شوێنە مرۆڤ تیایدا بونو کیانو کەسایەتی لەدەستدەدات.

## کۆسپەکانی وەرگێڕان..

هەڵەبـەت بـۆ مـنو تـەواوی ئـەو سـتافەی کارمـان لـە وەرگێڕانەکـەدا کـردووە، ئەنجامـدانی ئیشـێکی ئـاوا زەبـەلاح، کـە وەك یەکـەمین بەرهـەمی فـەرمی تیمـی وەرگێڕانـی سـەنتەری نیشتیمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر، کتێبێکی پتر لە ٧٠٠ لاپەڕەیی نوسـراو لەسـەر گـەورەترین مۆتەکەی سیاسیو ئایدۆلۆژی ئاسان نەبوو، چونکە شێوازی نوسـینی باسـەکە بـەزمانێکی شـێوە رۆژنامەنووسی پڕ لە پچڕ پچڕیو نا ئەکادیمی، کـە بۆخۆشـی بەناچـاری پـڕی بـوو لـە دابڕانـی تێکستەکان لە وەرگێڕانـی وتـەی ئـەو کەسـانەی کـە بەعـەرەبی چاوپێکەوتنیان لەگـەڵ کرابـوو پاشان بۆ سـەر ئینگلیـزی وەرگێڕدرابـوون تـاوەك سەرچاوەیەکی مەیـدانی باسـەکە دەوڵەمەنـد بکەن، کارەکەی زۆر قورس کردبوو سـەرباری بـوونی سـەدان پەنـدو تێرمـی بـازاڕیو گفتوگـۆی رۆژانـــەی زمـــانی نافـــەرمی، هـــەموو پێکـــەوە جۆرێـــك ئالۆزییـــان لەبـــەردەم هەمووومانـــدا دروســـتکردبوو، ســـەرباری ئـــەوەی کـــە بۆخۆشمـــان تـــازە ئـــەزموونی وەرگێڕانمـــان هـــەبوو، ئەوکەسانەش کە پێی هەڵدەستان گەرچی توانایەکی تاڕادەیەك باشی تێگەیشتنیان بـۆ تێکسـتە ئینگلیزیەکـە هـەبوو، بـەڵام لـەدواجاردا هیچیـان نوسـەر نـەبوون تـا دارشـتنەوەی کوردیەکـە پڕاوپڕی دەقە ئینگلیزیەکە بێت بۆیە بەناچاری من ئەو ئەرکەم گرتە ئەستۆ. منیش جگـە لـە کـاری رێکخسـتنەوەو بـەراوردکردنی تێکسـتی کـوردی بـە ئینگلیزیەکـەو دارشـتنەوەی تێکسـتە کوردیەکە بەجۆرێك خوێنەری کورد لە ناخی نوسەرەکەی بگاتو هـیچ بەهایـەکی مانـدووبونی نوسەرەکەی ون نەبێت، ئەرکێکی قورسترم لە ئەستۆ بوو ئەویش کارکردن بوو لەگەڵ پتر لە ١٠ وەرگێـــڕ لـــە وەرگێڕانـــی کتێبەکـــە کەهەریەکـــەیان بـــە شـــێوەزارو خـــەڵکی ناوچـــەیەکی کوردستانبوون، ئەمانەش وایکردبـوو بـەر لـە دەسـتکاریو گونجانـدنو پیاچوونەوە، دەقـەکانو بەشەکان وەك چێشتی میجەور ترشابن بەسەر یەکدا بۆیـە، قورسـترین ئـەرك بـۆ مـن ئـەوەبوو

یـەکیان بخـەم بـەجۆرێك پێـوەی دیـار نـەبێت ئـەو هـەموو قەڵـەمو کەسـە کـاری تیـاکردووەو ئاسـانکاری تـەواو بـۆ خوێنـەر فەراهەمبکـەم لـەوەی کـە تاکـە کەسـێك ئـەم ئەرکـەی بەئەنجامگەیاندووە، بۆیە پڕبەدڵ هیوام وایە توانیبێتم لەم ئەرکەدا سەرکەوتوو بم. دیارە گەر زمانێکی ستانداردی نوسینو رێزمـان لـە کوردسـتان پـەیڕەو بکرێت ئـەرکی ئێمـە زۆر ئاسـانتر دەبوو بەڵام کـە ئەمـە نـەبێت ئـەوا بێگومـان وەك هـەر دەزگـاو تاکـە کەسـێکی تـر ئێمـەش بـە (ئیجتیهادی شەخسی) کارەکەمان گەیاندە کۆتایی.

لەکۆتایشـدا ئومێـد دەکـەم توانیبێتمـان بـەو سـەلیقەیەی خۆمـان لـە مانـدووبونی کارەکـەدا هەستمان پێی کرد ئێوەی خوێنەریش تێی بـڕوانن، دواجـاریش ئێمـە هەرشـتێك بڵێین لەسـەر ئـەم کـارە بڕیـاری کۆتـایی لای خوێنـەرە بۆیـە بەچـاوی پـڕ هەڵسـەنگاندنی پۆزەتیڤانـەوە لـە رەخنە بونیادنەرەکانتان دەڕوانین..

**ڤیان مەجید فەرەج**

**٢٠١٢/٥/٢٣**

**سلێمانی**

## پێشەکی چاپی ئینگلیزی

# هەموو هەمان خودا دەپەرستین

**ئۆکتۆبەری ١٩٨٤ بۆ فەبرایەری ١٩٨٥**

**(لین پێگینین) زۆربەی بەیانیان لە هۆتێلی (هیات ریجنسی گرانت سایپریس) لەشاری ئۆرلاندۆ لەولایەتی فلۆریدا پیانۆی دەژەنی. ئەو تەمەن ٢٤ ساڵ بوو، قژ رەش‌و بەژنرێك‌و چوست‌و چالاك بوو. لین لەشاری میلبۆرن لەکەناری ئۆقیانووسی ئەتڵەسی گەورە بووبوو، لەزانکۆی سینترالٌ فلۆریدا مۆسیقای خوێندبوو. ئەو لەپیانۆدا نگرۆ ببوو، بەشێوەیەکی کەمیش بێت، بەهۆیەوە بژێوی پەیدا دەکرد. ژەمی بەیانیانی لەهۆڵە تاریکەکەی (هیات) بەشێوەیەکی ئاسایی بەبێدەنگی دەچووەڕێ. گەشتیارە خەواڵووەکان بۆ رۆژێکی (دیزنی وٚرلٚد) خۆیان بەهێز دەکرد، بازرگانان لەبارەی موڵك‌و خانوو و زەویوزارەوە وورتە ورتیان دەکرد. بەیانیەك لەتشرینی یەکەمی ١٩٨٤ دا پیاوێکی تەمەن ناوەندی چاوگەشی قژرەش‌و بژ تێپەڕی‌و بەشێوەزارێکی نائاشنا پرسیاری کرد کە ئاخۆ ئەتوانێ پارچە مۆسیقای (فوە ئێلیز) ی بتهۆڤن بژەنێت. پیاوەکە بەپێزانینەوە گوێی ڕاگرت‌و دواتر ٢٠ دۆلاری بەخشش دایەو پرسیاریکرد" تۆ لەئاهەنگی تایبەتیدا پیانۆ دەژەنیت؟".**

**پێکەوە کارتی بازرگانییان گۆڕییەوە. پیاوەکە سالم بن لادن بوو. بەکچەکەی ووت خاوەنی خانوویەکە لەڕۆژئاوای ئۆرلاندۆ، کە لە(دیزنی وٚرلٚد)ەوە دوور نیە. وا رێکەوت خزمەتی هەندێ لەمیوانانی عەرەبستانی سعودی بکات کە ئەندامی خێزانی شاهانەی وولاتی نەوت**

پێدراوبوون. سالم خاوەنی پیانۆیەك بوو، هیواداربوو لەئاهەنگێکی ئێوارەدا لین پیانۆی بۆ بژەنێت. دوای چەند رۆژێکی کەم، لین لە (ستەیت ڕۆد ٥٠ ) شۆفێری دەکرد، کە راست بەرەو رۆژئاوا رۆیشت بە ناوچەیەکی دوورو درێژی چێنراو بەداری پرتەقاڵ بەرەو (لەیك کاونتی) بەڕێ کەوت. ماڵی سالم، لەنزیك هێڵی ئاسنینی لەکارکەوتووی (وینتەر گاردن) بوو، دەرکەوت کەموڵکێکی دیوار قوڕەسوری پێنج دۆنمی بوو کە ئاخوڕی ئەسپ، مەلەوانگەیەکی کاشی، شۆڕەبیو دارخورمای تێدابوو. خانووی سەرەکی بەدیزاینی شێوە (زە مێدیتێرانیەن ڕیڤایڤڵ)* لەسالآنی بیستەکانەوە دروستکراوە، سەقفی کاشی ئیسپانی ڕەنگ قاوەیی، گومەزەکان، پیادەڕێی سێبەری هەبوو. خانووەکە کەوتبۆوە لای گردێکەوە لەسەروو گۆمێکی درەوشاوەوە.

کاتێ لین گەیشت، سالم هاواریکرد"لیـیین! لیـیین!". سالم بۆ ژووری نانخواردن دەستی بۆ رادەوەشاند، کە لەوێ لەکاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆدا میوانان نانی بەیانیان دەخوارد. سالم هاواریکرد "وەرە، وەرە! لەگەڵ ئێمە دانیشە". سالم لەتەنیشت میوانە بەڕێزەکانیەوە (لین)ی دانا. (عەبدولعەزیز ئەلئیبراهیم) برای شازادە (جەوهەرە ئەلئیبراهیم) بوو کە چوارەمین ژنو گوایا خۆشەویستەکەی نێوژنانی شا فەهدی شای عەرەبستانی سعودی بوو. بنەچەی خێزانی ئیبراهیم نادیار بوو. پاش ئەوەی فەهد کەوتە داوی خۆشەویستی جەوهەرەوە، جەوهەرە مێردەکەی بۆ شا جێهێشتو کوڕێکی بوو بەناوی عەبدولعەزیز کە فەهد زۆر خۆشی دەوێت. پێگەی شاژنە جەوهەرە لای شا هەلی بۆ براکانی جەوهەرە خولقاند. ئەوان بوونە بازرگانی دەست رۆیشتوو مایەی حەسوودیو قسەوباس لەبازنەی شاهانەدا. بەم دواییانە دەستیان بەوەبەرهێنانی خانووبەرە کردووە لەئۆرلاندۆدا. سالم بن لادن، کەکۆمپانیای ئاوەدانکردنەوەی خێزانەکەی پشتیان بەهاموشۆ چوونە ژوورەوەی ناو کۆشکی شا بەستبوو، هاوڕێیەتی لەگەڵ بنەماڵەی ئیبراهیمدا دروستکردبوو.

لین بەسەربەستی قسەی دەکرد، ئیبراهیم بەچالاکیەوە بەڵام بەبێدەنگی نانی دەخوارد. سالم چەمیەوەو چرپاندی: "رێگەت پێنادرێ راستەوخۆ لەگەڵی بدوێیت." لین بێدەنگ بوو، چونکە ئەو ئارەزووەی لێ قەدەغەکرا. نەیدەزانی بۆ بەو جۆرە رەفتاری کردووە. سالم لینی بردە دەرەوە تاکو حەوشەو چیمەنەکەی نیشان بدات. سالم پیاوێکی باریكو لەکۆتایی

---

* ئەو خانووانەن لەسەر شێوە دیزاینی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکرێن.(وەرگێڕ)

سییەکانی تەمەنیدا بوو. نزیکەی پێنج پێ‌و حەوت ئینج دەبوو. ئەو بەبێ وەرزشی زۆریش کەسێکی قەدباریك بوو، بەبەردەوامی جگەرەی دەکێشاو ئاوساوییەکی تاریك لەژێر چاویدا دروست ببوو، بەڵام ئەو وزەیەکی موگناتیسی دەپرژاند کە پێدەچوو بەهۆی پارەکەیەوە بێت‌و وایدەکرد دەستبەجێ سەرنجی خەڵکی رابکێشێ‌و لەخولگەکەی خۆیدا رایانبگرێت. سالم فرۆکەوانێکی شارەزا بوو کە بەحەزەوە لەبارەی فرینەوە دەدواو ئاماژەی بەوەدا یەکێ لەبراکانی بەم دواییانە لەنزیك گۆمێك‌و لەپێکدادانێکدا خۆی بریندار کردووە. پێدەچوو بێ ئۆقرە بێت، بەبێ وچان، بەڵام رووخۆش و متمانەپێکراو بوو. ئەو دوانیوەڕۆیە لین ئیتر وردە وردە تێگەیشت کەبۆ ئاهەنگێکی ئاسایی نێوکیشوەری بانگێشتکراوە کە سالم بەڕێوەیدەبرد، ئاهەنگێك کەسەرەتا یان کۆتاییەکی دیاریکراوی نیە. سالم پێی راگەیاند کە بەم زووانە بەفرۆکە تایبەتیەکەی خۆی کە لەجۆری جێتە بۆ کالیفۆرنیا دەڕوات. سالم ووتی لەوێ کۆبوونەوەیەکی هەیە کە لەبارەی ئەگەری پرۆژەی فیلمێکە کە برووك شیڵدزی کچە ئەکتەر بەشداری تیا دەکات.

کە ئێوارە داهات، کۆشکەکە لەلایەن پیاوە سعودییەکانەوە کە وا دەرئەکەوتن لەپشوودابن هێواش هێواش پڕدەبوو. هەروەها لەوێ ژمارەیەکی کەم لەژنی ئەمەریکی تەمەن مام ناوەندی لێبوو کە هاوڕێی سالم بوون یان لەوەدەچوو کاری بازرگانی لەگەڵدا بکەن. لەژووری دانیشتندا لین پیانۆیەکی ستوونی جۆری یاماهای بینی‌و دەستیکرد بەژەنینی. لەکۆتاییدا سالم پێی ووت کە پێویستە رۆژی داهاتوو بێتەوە، ئاهەنگەکە بەردەوام دەبێت. "خوشکەکانت بێنە! هاوڕێکانت بێنە!" سالم هانیدا "ئێمە کچمان پێویستە!".

کاتێ لین لەگەڵ هاوڕێیەکی کچ‌و دووان لەدەستەخوشکەکانیەوە گەڕایەوە، لەژووری دانیشتندا تیپێکی مۆسیقای بینی. سالم بڕیاریدا لەنێوان تەپڵ‌و دەهۆڵ‌و زوڕناڵێدانـدا پێشبڕکێیەکی بەهرەمەندی رێکبخات. ئەو بەڵێنی پێنج هەزار دۆلاری نەختی بەو کەسەدا کە یەکەم دەبێت‌و خۆشی بەتاکە دادوەر دەستنیشانکرد. یەکێ لەژنە ئەمەریکییەکان پیانۆی ژەنی‌و گۆرانی ووت. گروپە مۆسیقییەکە چەند ژمارەیەکی بەخێرایی ووت‌و لینیش سەرەی بۆ یاماهاکە گرت، بەڵام هاوڕێ کچەکەی لین بەهرەیەکی مۆسیقی دیاریکراوی نەبوو. لەبری ئەوە بڕیاریدا بەدرێژی باسی ئەزموونە نوێیەکانی خۆی سەبارەت بەمنداڵبوون‌و تەڵاق بۆ بینەرە سعودییەکان بکات.

گفتوگۆ درێژە یەکلایەنەکەی ئەو لەبارەی ئازاری ژنانو سەرسامیەکانی ژیانەوە لەژووری دانیشتنی جیاکراوەی پیاوان لەشوێنەکانی سعودیە یان خانووی بازرگانەکان ئەوەندە نەبیستترابوون، ئەو بێدەنگییەی کە بەدوای نمایشکردنی بابەتەکەیدا هات بۆ لین کەمێ زەحمەت دەردەکەوت.

"بەڕاستی هەستێکی خراپم هەبوو سالم دواتر بە(لین)ی ووت. سالم هاوڕێیەکەی ئەوی بەدڵبوو ووتی هەستێکی خراپی هەیە لەبارەی تەڵاقەکەیەوە. نزیکەی هەزار دۆلاری کاشی جیاکردەوە."تکایە ئەمە بدەرە ئەو".

لەحاڵەتێکدا یەکێ لەژنە ئەمەریکییەکان کە پێدەچوو لەگەڵ سالم لەئۆرلاندۆ کار بکات (لین)ی ڕاکێشایە لاوە. ژنەکە ووتی

- "تۆ دەزانیت، سالم بەڕاستی تۆی بەدڵە".

-"ڕۆمانسیانە؟"

کاتێ (لین پێگهینی) چەند ساڵێ دواتر ئەوەی بیرکەوتەوە ووتی"هەرگیز ئەوە لەیاد ناکەم. ئەو ووتی لین ئەمە هەلێکی مەزنە بۆت. تۆ گەنجیت، سەڵتیت. تۆ دەزانیت ئەو شوێنت نیشان دەداتو بۆ شوێنانت دەبات. ئەگەر لەبری تۆ بوومایە یەکسەر ئەو کارەم دەکرد".

سالم بن لادن کڕیارێکی خۆشەویست بوو بۆ ئالامۆ ئارمۆ کە فرۆشیاری فرۆکەی مەکینە سووکی وەرزشی بوو لە تەکساس لەدەرەوەی سان ئەنتۆنیۆ. کریسمسی رابردوو بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەئێوارەیەکی رۆژی هەینیدا گەیشتبووە دووکانەکەو ژمارەیەکی زۆر لەشتە داهێنراوەکانی ئەو دوکانە- فرۆکەو ئیکسسوارات- ی کڕیو داوایکرد هەمووی بگەیەنرێتە فڕۆکەخانەو باربکرێتە فڕۆکە تایبەتیەکەی خۆی کە لەجۆری دوو مەکینەی ئەی بی سی سیانی بوو. دوای چەند هەفتەیەکی کەم سالم گەڕایەوە تا چەند فرۆکەیەکی بچووکی تر، چەند نموونەیەك لەکەرەسەی فریودانی سەربازی کە پێشتر هێنرابوون بۆ هاویشتنی مووشەکەکان، بکڕێت. فەڵغانەکەی لێکرابۆوە بەڵام "بەبیریدا هات ئەوە شتێکی زۆر باشە". سالم جۆرج هارینگتۆنی بەبیرکەوتەوە کە یەکێك بوو لەهاوبەشەکانی دوکانی فرۆشیاری.

فرۆکە سووکەکان (ئەلترالایتەکان) فرۆکەی بچووکی هەواکراوەنو وەك خولیایەك بەکاردێن کە زۆربەی کات چەند سەد پێیەکی کەم بەبەرزیو بەخێرایی نزیکەی ٤٠ میل لەکاتژمێرێکدا دەفڕن، بەهۆی تاکە مەکینەیەکەوە دەخرێنە کار کە قەبارەکەی بەنزیکی هێندەی قەبارەی

مەکینەی ماتۆڕێك دەبێ. سالم زۆر حەزی پێدەکردن، هەروەك فڕۆکەی جۆری گلایدەر، کە ئەوەش خولیایەکی تری بوو. ئەوانە هەستی فڕینی وەك هەڵۆ دەبەخشیو سەربەست بوونو لەلایەن باوە پاڵیان پێوە دەنرا. لەعەرەبستانی سعودی لەبەرهەندێ هۆکاری ئەمنی ئەوانە یاساغ کرابوون. لەبەرئەوە سالم لەپەناگە جۆربەجۆرەکانیدا لەدەرەوەی شانشین فڕۆکەکانی پاراستبوو.

لەماوەی مانگەکانی کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ دا، سالم تازەترین نموونەکانی کۆکردبۆوە کە بە(کویك سیلڤەر) ناسرابوون، چونکە کەلوپەلو پۆشاکی دابین دەکرد بۆ سەرەتای ساڵی نوێو گەشتی راوکردنی شاهانەی سعودی بۆ پاکستان کە پێدەچوو سالم وێنای تێکەڵەیەك لە (شەوانی عەرەبیو دکتۆر سێوس) کردبێت. سالم بۆ بەڕێوەبەرانی ئالامۆ ئارۆی روونکردەوە کە خۆیو میوانە سعودییەکانی کە شازادە بوون لەخێزانە شاهانەکەدا لەبیابانەدا خێوەتگە سازدەکەنو بەگوێرەی نەریتە کۆمەڵایەتیەکە بەهۆی بازەوە راو دەکەن، بەڵام لەگەڵئەوەشدا کەرەستەی فڕین بۆخۆیان دابین دەکەن. سالم داوای لەجۆرج هارینگتۆنو هاوڕێیانی کرد کە ترێلەیەکی وێڵ کارگۆی ٢٠ پێی بکڕنو ئامادەی بکەن تاکو فرۆکە سوکەکان بەسەر شەقامە زبرەکانی پاکستانو ڕێگەی بیایاندا بگوازێتەوە. هەروەها سالم داوای باڵۆنێکی هەوا گەرمی لەپاڵەوانێکی باڵۆنساز لەفلۆریدا کرد. بەتەختەدارێك لێی نوسرابوو"دروستکراوە بۆ سالم بن لادن". ئەو ماتۆڕێکی جۆری هۆنداو ئۆتۆمبیلێکی سوری بچوکی وەك چێڤی بلایزەرێکی کڕی کە بەلایتی بەرزو تایەی گەورەوە بۆ گەشتی بیابان دابینکرابوو. سالم رادیۆیەکی شەپۆل بەرزی لەئۆتۆمبیلەکەدا بەست تاکو ئەگەر وون بوو یان لەملدا چەقی بۆنزیکترین شاری پاکستان بانگەواز بکات. لەئەڵمانیا فۆلکسفاگنێکی چوارتاییو ساردکەرەوەی کڕی کە دوشو چێشتخانەیەکی بچووکی تیابوو، لێوانلێو بوو لە"هەر کەرەسەیەکی بچووکی بەسوود کە بەکەڵکی بێت" وەك هارینگتۆن بیری کەوتەوە. ئەوان کەلوپەلە ئەمەریکیەکانیان بۆ کارۆلاینای باشوور راکێشا کە لەوێ خێزانی بن لادن لەگەڵ کۆمپانیایەکی گواستنەوەی شمەك کاریان دەکرد تا بتوانێت شمەکەکان بەکەشتی بۆئیماراتی عەرەبی کە شانشینێکی بچووکە لەکەنداوی فارسدا بگوێزێتەوەو دواتر لەوێوە بۆ بەندەری پاکستان لەشاری کاراچی رەوانەیان بکەن.

سالم حەزی دەکرد لەگەشتەکەیدا کەسانی موزیکژەنی لەگەڵ بێت. هارینگتۆن گیتاری لێدەدا، لەبەرئەوەوە سالم بەکرێی گرت تا بۆ پاکستان گەشت بکات کە لەوێ دەیتوانی لەچاودێریکردنی فڕینی فرۆکە سووکەکان لەلایەن میوانە شاهانەکانەوە یارمەتی بدات. چەند رۆژێکی کەم بەر لەئاهەنگی سەری ساڵی نوێ، هارینگتۆن رووخۆشێکی بەرەچەڵەك تەکساسی ئێسقان ئەستوور بوو کە پێشتر هەرگیز گەشتی دەرەوەی وولاتی نەکردبوو، خۆی بینی کە بەرەوە لەندەن دەفڕێت بەیاوەری فرۆکەوانێکی ئەمەریکی بەناوی دۆن کێسلەر کە بۆ سالم کاری دەکردو هەروەها تەپڵێشی لێدەدا.

لەسەرەتادا ئەوان لەدەرەوەی لەندەن لەبەردەم کۆشکی سالمدا وەستابوون، دواتر لەئێوارەی کریسمەسدا، بۆ باشووری فەرەنسا، پاشان بۆسالزبێگ بۆ نەمسا گەشتیانکرد. جانتاکانیان داگرتو بۆ ناوچەی خزانی سەربەفر بەئۆتۆمۆبیل بەرەو کەیتزبوهێل رۆیشتن. بێگومان ئەوان کەلوپەلی خلیسکانی بەفریان پێنەبوو، لەبەرئەوەی چەند کاتژمێرێك لەوە پێش بڕیاری فڕین بۆ نەمسا درابوو بۆیە سالم گروپەکەی کرد بەدوکانێکداو پانتۆڵو پێڵاوی خلیسکانی بەفرو چاکەتی خوری بۆ هەموان کڕی. ئەوان خلیسکانی بەفرییان ئەنجامداو دواتر بانگهێشتی ئاهەنگێکی ڤێلای ناوخۆی عەدنان خەشوگییان پەسەندکرد کەفرۆشیارێکی ناسراوی تەقەمەنی سعودی بوو. ماڵی خەشووگی دیسکۆیەکی بچووکی هەبوو لەگەڵ شانۆیەك. لەو شەوەدا ژوورەکە دەنگەدەنگو تاریكو پڕبوو لەکەسانی سعودیو ئەورووپی. سالم مایکرۆفۆنی گرتەدەستو رایگەیاند کە نیازی وایە رۆڵبگێرێ. ئەو لەگەڵ جۆرج هارینگتۆن بەگیتاری ژێ ستیلی دەنگدەرەوە هاتنە سەر ستەیج مۆسیقای جۆری فۆلك و مۆسیقای کلاسیکی (ماڵی هەڵهاتنی خۆر) یان لێدا.

ئەو گیتارژەنێکی ناتەواو بوو کەمتر وەك گۆرانیبێژیش لێهاتوو بوو. بەڵام بەهیچ جۆرێك نەتدەتوانی شەرمەزاری بکەیت. هارینگتۆن بیری کەوتەوە "لەبەرئەوە ئەو شەوە لەبەر خانووە جەنجاڵەکە گیتارمان دەژەنی".

دواتر بەرەو ماربیلالە ئیسپانیا فڕینو پاشان لەئێوارەی سەری ساڵدا بەرەو قاهیرە رۆیشتن. بۆ ماوەیەك لەجەددە وەستان لەعەرەبستانی سعودی، ئینجا بۆ دوبەی گەشتیانکرد.

لەهۆتێل هەیات، هارینگتۆن چاوی بەهاوڕێ کچە تازەکەی سالم کەوت بەناوی لین پێگهینی کەخەڵکی ئۆرلاندۆ بوو و بەخێرایی بوونە هاوڕێ. دوو ئەمەریکی لەسەرکەشییەکی

چـاوەڕوانـنەکراودا لەووڵاتێکــەوە بــۆ ووڵاتێکــی تــر بازیــان دەداو بەژینگــەی دەوروبــەریان نائاشنابوون. لین لە نیویۆرکەوە بەفرۆکە هاتبوو تاکو پەیوەنـدی بەگەشتی چاوەڕوانکراوەوە بکات کەبۆ پاکستان بوو. لین لەدوایـدا ووتـی"یـادی رابـردووم کـردەوەو واقـم وڕمـا لـەوەی لـەو بیستو چوار کاتژمێرەدا چیم کردووە". سالم ئەوی لەسویتێکی هۆتێلێکەدا دانـا کـە پیانۆیـەکی گەورەی لێبوو. ئەوان گوێیان لەلین دەگرت کەمۆسیقای (چۆپین) ی دەژەنی.

پاش چەند رۆژێکی کەم سالم جۆرجو لینی خستە ناو فڕۆکەکەیەوە کـە بچووكو ئەسـتوور بوو لەجۆری (میسیۆبۆشی MU-2) کە بەهۆی مەکینەی توربانیەوە کاری دەکـرد. هاوکـارێکی پـیری عــەرەبی کۆچـەریی بـۆردێکی هـەلگرت کـە قـولاپی راوکردنــی بـازی پێوەبـوو. جـۆرج جانتایەکی پێبوو کە نزیکەی دووسەدو پـەنجا هـەزار دۆلاری ئەمـەریکیو چـەکی گەشـتی تێـدا بوو. ئەو گەیشتە ئەو بڕوایەی یەکێك لەکارەکانی ئەو چاودێریکردنی پـارەی گەشـتەکەی سـالم بوو. هەروەها (بێنگت جۆنسـن)یشـیان لەگـەڵ بـوو کـە کەسـێکی زۆر جگەرەکێشـی ریشـهاتووی سـویدی بـوو کـاری میکـانیکی فرۆکـەی دەکـرد، یـەکێك بـوو لەئەندامـە ئەوروپیــەکانی راژە درێژخایەنەکانی گەشتەکانی سـالم. دەنگـی بەرزبوونـەوەی فڕۆکەکـەیان هـاتو بـەرەو کاراچـی گەشتیانکرد."ئەوە پڕبوو لەهەڵتەكو داتەكو هەمووان چەپڵەیان لێـدا کـاتێ فرۆکەکـە چـووە ناو هەواوە". لین هاتەوە یادی "من ووتم، بۆچی ئێوە هەمووتان سەرکەشی دەکەن؟"

لەکەراچی سالم چاوی بـەدبلۆماتێکی سعودی کـەوت. ئـەو کـاتێ بەجیهانـدا گەشـتی دەکـرد سـەری لـەباڵیۆزەکانی ووڵاتەکـەی دەدا. لەگەشـتەکەیدا داخڵـی شـیراتۆن بـوو کـە قەڵایـەکی کۆنکرێتیو شووشە بوو وەك باشترین هۆتێلی شار باسدەکرا.

لەبەندەری دەریای کەراچی سالم بـۆی دەرکـەوت سـوپای پاکسـتانی رێگـە بەفرۆکـەی سـووك یان باڵۆنی هەواگەرم نادات بێتـە نێـو ووڵاتەکـەوە. لەسـنووری رۆژهەڵاتـەوە، سـوپای پاکسـتانی رووبەڕووی هێزە سەربازییەکانی هیند بوبۆوە کە لەبارودۆخێکی بەردەوامی ئامادەباشیدا بوو. لەڕۆژئاواشدا تێوەگلابوو لەجەنگێکی گەریلای نهێنی لـە ئەفگانسـتان دژ بـەهێزەکانی سـۆڤیەت کە ناوبەناو لەنێو پاکستاندا هێرشی لەناکاویان ئەنجام دەدا. ئەو شـازادە سـعودیانەی بـەباڵۆنو فڕۆکەی بچووکی کۆنترۆڵنـەکراو دەفـڕین بـەلای ئەفسـەرەکانی سـوپاوە وادەردەکـەوت جێگـەی کارەسات بن. سالم مشتومڕی کردو تووڕە بوو هەوڵیدا ئامێرە مۆسـیقییەکان رابکێشـێت، بـەڵام دەسەڵاتدارانی پاکستانی سووربوونو پێیان ووت کەلوپەلە هەواییەکان بنێرێتەوە بۆ دوبەی.

لەنێو ئـەم تورەییـەدا بەیانیـەك سالم (جـۆرج هـارینگتۆن)و (بێنگـت جۆنسـن)ی بـانگکردو رایگەیانـد هـەموو لـە(میتسوبیشـی)یـەوە بـۆ(پیشـاوەر) دەفـڕن کـە شـارێکی پاکسـتانیەو وەك ناوچەیەکی سەرەتایی جەنگی ئەفگان خزمەتی دەکـرد. لەسـەرەتادا سـالم روونیکـردەوە چـەند کارێکی هەبووە رایانپەڕێنێ. بەو جۆرەی کەوتەوە، ئەو کارە ئوسامەی زڕبرای گرتەوە.

"مـن ووتم، بۆچـی؟" کـاتێ هـارینگتۆن بـیری کەوتـەوە."ئـەو ڕوونیکـردەوە کـە ئاشـکرایە پیشاوەر بنکەی یاخیبوانە. مـن هـەرگیز لـەبارەی پیشاوەرەوە نەمبیسـتبوو. جیهـانی سیاسـەت لەشاشـەی رادارەکەمـدا نـەبوو. ئـەو ووتـی ئوسـامە لەوێیـەو ئـەوە رێکـەوتنێکی نێـوان ولایەتـە یەکگرتووەکانو حکومەتی سعودیو یاخیبوانی ئەفگانە." وەك هارینگتۆن دێتـەوە یـادی. سـالم پێویست بوو لەوە دڵنیابێت ئوسامە ئەوەی دەست بکەوێت کـە پێویسـتێتی. حکومـەتی سـعودی بەئەستەم شتی بەئوسامە دەدا. سالم ووتی پێویستە بچێتە سەرەوەو لەگـەڵ براکەیـدا پشـکنین بکات تا لەوە دڵنیا بێت هەموو شت باش دەڕوات بەڕێوە.

گرووپە سێ کەسییەکە لەهەمان دوانیوەڕۆدا گەشتیانکردو لەسەر زەوییەکی خۆڵ نیشتنەوە. هـارینگتۆن نەیـدەزانی ئـەوە شـەقامە یـان شـوێنی نیشـتنەوەی فڕۆکەیـە. ئوسـامەو هەنـدێ لەهاوکارەکانی هاتنە دەرەوە تا سڵاویان لێ بکەن. "لەبیرمـە سەرسـام بـووم بـەوەی ئوسـامە زۆر لەسالم بالآبەرزتر بوو".

ئوسـامە ئـەوکات تەمـەنی نزیکـەی بیسـتو حـەوت سـاڵ دەبـوو. سـەرەڕای باڵاکـەی، ریشـە خۆڵەمێشـییە تۆخەکـەی کاردانەوەیـەکی کاریگـەری هـەبوو. ریشـی ئوسـامە بەڕوومەتەکانیـدا هـاتبووە خـوارەوەو لـەخوار چـەناگەیەوە کۆبـبـۆوە بەشـێوەیەك دەموچـاوە باریکەکـەی درێـژکردبۆوە. چـاوە قاوەییـەکانی گەشـاوە بـوون، بـەڵام هەڵسـوکەوتی شـەرمن بـوو. ئوسـامە بەشێوەیەکی ئاسایی لەشوێنی خۆیەوە لەجەددەی عەرەبسـتانی سـعودیەوە سـەردانی پاکسـتانی کردبوو، بەڵام لەبەرەی جەنگدا جێگیر نـەببوو. ئـەو گەڕیدەیـەکی خێرخـواز بـوو کـە لەلایـەن مامۆستا ئاینییەکانیەوە هاندەدرا تا کۆمەکی کاری خێرخوازی بکاو هەروەها یارمەتی عەرەبە خۆبەخشەکانیش بدات کە تازە گەیشتبوون بۆئەوەی بەشداری لەجەنگەکەدا بکەن.

بەشێوەیەکی فەرمی سالم هـەردوو یاریـدەدەرە ئەمـەریکیو سـویدییەکەی ناسـاند. ئوسـامە دزداشەو کڵاوێکی تەختی ئەفگانی پۆشیبوو، لەگـەڵ بیانیەکانـدا کەسـێکی کەمـدوو بـوو، بـەڵام بەڕێزەوە دەسـتی (جۆنسـۆن)ی گوشـی. بەتێپـەڕبوونی زەمـەن (بێنگـت) بـۆی دەرکـەوتبوو کـە

خوشك‌و برا لاوەکانی سالم بەوپەڕی ڕێزەوە لەگەڵ برا گەورەکەیان مامەڵەیان دەکردو ئەم ڕێزەش بۆهاوڕێیانی سالم درێژەی کێشابوو هەرچەند لەتێڕوانینی سعودی‌و کۆمەڵایەتیەوە هەرچۆنێك لێکبدرایەتەوە.

ئەوان بەرەو ئۆفیسی ئوسامە لێیان خوڕی‌و بەشێوەی بازنەیەك دانیشتن. ئەو دوو زڕبرایە پێکەوە بۆماوەی نزیکەی دوو کاتژمێر بەزمانی عەرەبی گفتوگۆیان کرد. نانی نیوەڕۆ خواردنێکی ئاسایی بوو. ئەوە سروشتی سالم بوو هاوڕێ بیانییەکانی بۆدانیشتنێك ببات کە لەوانەیە پێشوازیکراو نەبن، بەڵام کەس بەئاشکرا پرسیاری لەئامادەبوونی ئەوان نەکرد. لەزۆرینەی بۆنەکاندا نەهارینگتۆن نەجۆنسن زۆر لەو گفتوگۆیانە نەدەگەیشتن کە ئەنجام دەدرا.

لەدوای نانی نیوەڕۆ ئوسامە بۆ گەشتێکی خێرخوازی‌و کاری مرۆیی بۆ پشتیوانی ناوچەی پیشاوەر تا یارمەتی ئەفگانەکان بدات، ڕێبەری کردن. ئەوان سەردانی کامپی پەنابەرانیان کرد کە ژمارەیەك ئەفگانی سیڤیل‌و شەرکەر کە بەهۆی بۆمبەکانی سۆڤیەتەوە ئاوارەکرابوون، لەوێ بوون‌و لەپەناگەو خێمە کۆنەکاندا دەژیان. سەردانی نەخۆشخانەیەکیان کرد "کەسانی پەل بڕاوەی لێبوو". (هارینگتۆن) سەرسام بوو بەبیستنی چیرۆکی توندوتیژی ناخۆش کە لەلایەن سۆڤیەتەوە ئەنجامدرابوو، بەڵام بەهەرحاڵ چۆن یاخیبووە برینداره‌کان "ویستیان بگەڕێنەوەو لەپێناو ئەفگانستاندا بجەنگن". ئەوان سەردانی هەتیوخانەیان کرد کەلەوێ جۆنسۆن بیری کەوتەوە مندالان "لەبینای بچووك‌و کۆنکرێتیدا دەژیان‌و لەسەر زەوی دەنووستن". مندالان کۆبوونەوەو گۆرانیان بۆمیوانەکانی ئوسامە چڕی.

سالم ئەو دیمەنانەی بەکامێرا ڤیدیۆی تایبەتی تۆمارکرد کە ئامێرێکی گەورەی دەستی زەحمەت بوو لەگەڵ خۆی هێنابووی. وادەردەکەوت فیلمێکی ناوخۆی دەربکات تا کارەکانی ئوسامە بلاو بکاتەوە بۆئەوەی سەرمایە زیاد بکات. هارینگتۆن بیری کەوتەوە "ئەوە ئەرکی دۆزینەوەی راستیەك بوو" کامێراکە بۆئەوە بوو ئەوە نیشان بدات کە روودەدات. هیچ شتێکی سەربازی نەبوو، ئەوە زیاتر بۆ پارە بوو.

پاش هەندێ سەرکەشی زیاتر لەپاکستان، گەشتەکەی سالم بەرەو دوبەی فڕیەوە. سالم رایگەیاند دەبێت گەشتێکی بازرگانی چاوەڕواننەکراو ئەنجام بدات هەربۆیە بۆماوەی هەفتەیەك دیار نامێنێت.

پاڵەوانێکی ئەمەریکی باڵۆن کە بەشێك بوو لەگەشتەکە جۆرج و لینی برد بۆفڕینی بەرز بەسەر گردۆکە لەکانی ئیماراتدا. شنەبای کەنداوو بای بیابان بەڕێکەت بەسەر کۆشکی لۆکاڵی ئەمیردا لێی دەدان. پاسەوانەکانی ئەمیر بەتووڕەییەوە چەکە ئۆتۆماتیکەکانیان ئاڕاستەی باڵۆنە مەکینەدارە زەردو سورە ئاوساوەکان کرد. "بەو جۆرە بوو" هارینگتۆن بیری کەوتەوە. ئەو هەروەك پەڵەی خوێن لەسەر چیمەنی فەرمانڕەوا کۆتایی بەژیانی دێنێ. "خۆشبەختانە پاسەوانەکان چەکەکانیان لابرد".

ئەوان بۆماوەیەك لەسالەوە هیچیان نەبیست، بەلام هارینگتۆن دەیزانی ئەو بۆکوێ ڕۆیشتووە چونکە سالم جێگای مەبەستی پێوتبوو کە (واشینتۆن دی سی)بوو.

شا فەهدی عەرەبستانی سعودی لەسەرەتای زستانی ساڵی ١٩٨٥ خۆی بۆ کۆبوونەوەی لوتکەو خوانێکی ئێوارەی کۆشکی سپی لەگەڵ سەرۆك ڕۆناڵد ڕێگان ئامادەکرد. لەبەر چەند هۆیەك سالم بیری کەوتەوە "شا سالی دەویست" لەواشینتۆن. سالم دەستبەجێ بەفرۆکە ڕۆیشت. ئەمەش بەدەگمەن کاتکوشتنێکی نائاسایی بوو. هەروەك محەمەد عەشماوی بەڕێوەبەرێکی دەوڵەمەندی کۆمپانیایەکی سعودی ووتی:" ئەو دەڕۆیشتو لەهەر کاتێکدا بووایە سەردانی شای دەکرد".

پەیوەندییەکانی نێوان شا فەهدو ڕۆناڵد ریگان لەسەر بنەمای نهێنیو ئالۆزیی بەڕێوە دەچوو. زستانی ١٩٨٥ ڕەنگە جگە لەبەریتانیای گەورە لای هیچ حکومەتێکی تر ئیدارەی ڕێگان هێندەی عەرەبستانی سعودی نهێنی هەستیاری نەدرکاندبێت. بۆنموونە: بەبێ ئاگاداری جەماوەری ئەمەریکی ڕێگان دەسەڵاتی بەخشیبووە هەوڵێك بۆئازادکردنی بارمتە ئەمەریکیەکان کە لە لوبنان بەفرۆشتنی چەك بە پشتیوانکەرانی رفێنەران لە ئێران دەستبەسەر کرابوون. عەدنان خەشووگی کە بەنزیکی لەگەڵ خێزانی شاهانەی سعودیدا کاریدەکرد لەو کارە بازرگانییە نهێنیانەدا بەشێوەیەکی سەرەکی تێوەگلابوو. هەروەها حوزەیرانی پێشوو پاش داخوازییەك لەلایەن راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ریگانەوە بەناوی (ڕۆبێرت ماك فارلەن)، شا فەهد بەنهێنی ڕێککەوتبوو مانگی یەك ملیۆن دۆلار بداتە بانکی دوورگەکانی کەیمان وەك پشتیوانیەك لەیاخیبوانی دژە کۆمۆنیستی نیکاراگوا کە بە (کۆنتراس) ناسرابوون. ئەم بەشداریکردنە ڕێگەی بەسەرۆك ڕێگان دا لەهاوکارییەکی لەو چەشنەدا خۆی لەکۆتوپێوەندەکانی کۆنگرێس بپارێزێ. لەپرسی نیکاراگوادا عەرەبستانی

سعودی بەرژوەندییەکی تایبەتی نەبوو. بەگوێرەی باڵیۆزی درێژخایەنی شانشینەکە لەواشینتۆن بەناوی بەندەر بن سوڵتان دواتر ووتی" کۆنتراس بەلامەوە هیچ جێگەی گرنگی پێدان نیە. تەنانەت هەر نازانم نیکاراگوا لەکوێیە"، بەلام بەگوێرەی بەندەر بێت "ماك فارلەن" ئەوەی ڕاگەیاندووە کە یارمەتییەکە یارمەتیدەر دەبێت لەدووبارە هەڵبژاردنەوەی ریگان لەمانگی تشرینی دووەمدا لەئەنجامی ڕێگریکردن لەکێشەکان لەئەمەریکای ناوەنددا. سعودییەکان بەپارە بەشداریان کرد، وەکو ڕوویدا، ریگان لەهەڵبژاردنەکەدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ شا فەهد ئاگاداری ئەمەریکییەکانی کردەوە کە حساباتی خۆی دووهێندە دەکات بۆ سەر حسابی دوورگەکانی کایمان. لەماوەی جەنگی سارددا چاکە چاکەی لێکەوتەوە لەنێوان ئەم دوو حکومەتەدا، نهێنی نهێنی لێکەوتەوە ئەوە شێوازێکی هەڵسوکەوت بوو کە پێویستی بە پێوانەیەکی نائاسایی متمانەی کەسیی و تێگەیشتن بوو لەسەر ئاستە باڵاکان. لەبەرئەوە سەردانەکەی فەهد بۆ واشینتۆن لەڕووی کاتەوە گرنگ بوو. ڕێگان کەسەرداری لایەنی خۆدەرخستن و بەناو پۆستی سەرۆکایەتی بوو خۆی ئامادەکرد بەرنامەیەك ساز بکات.

ئەوان لەشەوە ساردەکانی زستانی یانزەی مانگی شوباتدا لەبەردەم کۆشکی سپیدا، یۆگی بێرا، بەڕێوەبەری نیویۆرك یانکیس، جۆرج بوشی جێگری سەرۆك، لیندا گرەی، ئەستێرەی دالاس، زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی بوو لەبارەی سەرمایەداری بەدەسەلاتی نەوت، ئۆسکار ویات، سەرمایەدارێکی ڕاستەقینەی نەوتی تەکساس، سیگۆرنی ویڤەری کچە ئەکتەر، دۆناڵدو ئیڤانا ترەمپ. جۆی پیسکۆپۆ ی ئەکتەری کۆمیدی بەرنامەی ڕاستەوخۆی شەوانی شەممە کە لەلیستی میوانانی خوانی ئێوارەی کۆشکی سپیدا بوو بەگاڵتەوە ووتی"ئەوە خۆشە، ئەوە ئەمەریکایە. ئەوە ڕۆناڵد ریگانە". "پێم وایە شای سعودیە هاتە ئێرە تاکو ببینێت شای ڕاستەقینە چۆن ئەژی".

ئەندامانی خێزانی شاهانەی سعودی لەگەشتە فەرمیە بازرگانیەکاندا لەگەڵ ژنەکانیاندا نەدەڕۆیشتن. بۆیە پادشا یاوەری عەبدولعەزیزی کوڕە تەمەن یانزە ساڵەکەی لەشازادە جەوهەرە ئیبراهیم کرد. ئەوان گەیشتنە کۆشکی سپی بەدزداشەو عەگالی سورەوە. ئێستا شا کەلەسەرەتای شەستەکانی تەمەنیدایە، ببوە پیاوێکی زۆر قەڵەوو لاقەکانی بەئەستەم

دەیــانتوانی هــەڵیبگرن، بــەڵام رووخســاره دوو چــەناگەییەکەی هێشــتا خەســڵەتی کوڕانــەو ماقوڵیەتی لەخۆگرتبوو. لەووڵاتی خۆیدا فەهد زۆر پەیوەستی عەبدولعەزیز بوو، لەوەدەچوو دوا کــوڕی بێــت، کــە پارەیــەکی زۆری ســەرفکرد تــا دڵنیابێــت لــەوەی لەهەریــەك لــەجێگا خۆشەکانی، ژووری کوڕەکە پڕکرابوو بەهەمان جۆری یاری منداڵانــە، نوێنــە ئاوریشمییەکان، هــەمان کاغــەزی دیــوار بۆئــەوەی هــەرگیز هەســت بــەوە نــەکات لــەماڵ بــەدووره. ریگانیش زۆر بەدەوری ئەو منداڵەدا دەهات بۆ وێنەگرتن ئەوەستا لەگەڵی، رێیدا سەردانی تایبەتی ئۆفیسی هێلکــەیی بکــات، نموونەیــەك لەکەشــتی ئاســمانی (ســپەیس شــەتڵ)ی پێشکەشــکرد. لــەخوانی ئێوارەی کۆشکی سپیدا لەتەنیشت (سیگۆرنی ویڤەر)ەوه داینــا. عەبدولعــەزیز ئــەوەی درکانــد کاتێ کاری باوکی لەواشینتۆن تەواوبوو، ئەو هیواداربوو سەردانی (دیزنی وۆرڵد) بکات.

دەستنیشانکردنی چالاکی سالم بـن لادن لەواشـینتۆن لـەماوەی کۆبوونەوەکـەدا گـران بـوو. راپــۆرتی ســیخورێکی فەرەنســی لەدواییــدا بانگــەوازی ئــەوەی کــرد کــە ســالم لــەو ماوەیــەدا لەچالاکیەکانی ئەمەریکا لەئەمــەریکای ناوەڕاستدا تێوەگلابـوو. حکومــەتی ئەمــەریکی یاساغی بینینــی زۆرێــك لەبەڵگەنامــە نهێنییــەکانی نــەکردبوو کــەباس لــەهاوکاری نهێنــی سـعودیەی عــەرەبی دەکــات بەرامبــەر کۆنتراســی نیکــاراگوا، بــەڵام ئــەو بەڵگەنامانــەی لەبەردەســتدان بەشداریکردنی سالم ناخەنــە ڕوو. (وەك بەنــدەری بالیۆزی سعودیە دەڵێت سالم نەیدەزانی نیکــاراگوا لەکوێیــە. هاوڕێیــەکی ئــەوروپی کــەکاری لەگــەڵ ئــەودا دەکــرد لەمامەڵــەی چــەکدا لەبەشەکانی تری ئەم جیهانەدا ئەمەی وت). پارێزەرێك کە نوێنەری خێزانی بن لادنی دەکرد لەکەیسێکی مەدەنی تەکساسدا پاش چەند ساڵێك هاتەوە یادی خاوەنی وێنەیەکی سالمە لەگەڵ رۆناڵد ریگاندا وەستاوه، بەڵام ئەو فایلە بەڵگەنامەییە لەرۆتینی پاککردنـەوەو ئەرشیفکردندا لەناوچـووه. لــەو وێنانــەی لــەماوەی کۆبوونــەوەی لوتکــەی فەهــددا لەلایــەن ســتافی کۆشــکی ســپییەوه گــیراون هــیچ شــوێنەوارێکی ســالم نابینرێــت. لەپەنجاوچــوار منداڵەکــەدا ســالم بەتەمــەنترینیان بـوو. سـەرکردەی خێزانــە تەشـەنەکردووەکەی بـن لادن لێپرسـراوی چـەندین کۆمپانیای نێونەتەوەیی بوو، و هاوڕێیەکی راستەقینەی شا فەهد بوو، بەڵام سالم بەشێوەیەکی یەکلاکـەرەوه پشـتیوانی شـا فەهـدیش بـوو. رەنگـە بـۆ واشـینتۆن بـانگ بکرایـە تـاکو لەشـاردا شەوێك رێکبخات بەو مەبەستەی بەشداری لە کاروبارە سیاسیە ژێربەژێرەکان بکەن.

ئەو زستانە بەڵگەنامەیەکی نهێنی لەئارادابوو کە شا فەهدو سەرۆك ریگانی پێکەوە گرێدابوو کە بێگومان سالمیشی تێوەگلابوو. بەڵگەنامەکان لەبارەی هاوکاری نهێنی ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو عەرەبستانی سعودی بوون لەبارەی یاخیبوانی دژ بەکۆمۆنیست کە دژی هێزەکانی سۆڤیەت لەئەفگانستان دەجەنگان. پێشتر هەریەك لەولایەتە یەکگرتووەکانو عەرەبستانی سعودی چەند سەد ملیۆن دۆلاریان بەکاشو بەچەك لەداگیرکاری سۆڤیەت لەساڵی ١٩٧٩ ەوە بۆ یاخیبوانی ئەفگان رەوانەکردبوو. لەوانەبوو کاتێ سالم ئەو زستانە بگەیشتایەتە واشینتۆن، ئەوا راستەوخۆ بچوایە بۆ کۆشکی سپی ئەگەر بەلای مەلیك فەهددا تێپەڕ نەبوایە. ئەو بەڵگەنامە ڤیدیۆییەی ئەو کاتە کۆیکردبوەوە لەسنوری ئەفگان کاری مرۆڤدۆستی ئوسامە دەخاتەڕوو. ریگان کاتێ پێشوازی لەشا فەهد کرد بۆکۆشکی سپی هەوڵی تەواویدا سوپاسی هەوڵە تایبەتییەکانی سعودیە بکات لەپشتیوانیکردنی ئەفگانەکان لەسەر سنوری پاکستان. بەشداریی مرۆیی زۆری ئەوان بەقوڵی کارمان تێدەکات. ریگان ووتی" هاوکاری سعودی بۆ ئەو پەناهەندانەی لەماڵەکانیان وەدەرنراون لەئەفگانستان لێرەدا بەهەدەر نارِوات، شکۆمەندی بەرێزتان".

لەپاکستان، ئەو شوباتەی ساڵی ١٩٨٥ سەرۆکی ئەو هاوکاریەی لەسعودیەوە بۆکاری هاوجۆر دەهات، زربراکەی سالم، ئوسامە، بوو. زمانی ریگان پێشنیاری ئەوەی دەکرد ئەو لانی کەم زانیارییەکی کورتی لەبارەی کارەکانی ئوسامەوە پێدراوە. "ئێمە هەمان خوا دەپەرستین" ریگان ووتی. "خەڵکانی ئەفگانستان بەخوێنو بوێریو باوەڕیان هاندەری پرسی سەربەستین لەگشت جێیەك".

سالآنی دواتر، کاتێ گەیشتە تەمەنی مامناوەندی، ئوسامە بن لادن هێدی هێدی دورکەوتەوە لەو سەرچاوانەی ناسنامەی کە مافی لەدایکبوونی بوونو کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر سەرەتای ژیانی، ئەندامبوونی لەخێزانێکی دەوڵەمەندی وەك خێزانی بن لادنو ئیمتیازاتەکانی وەك بابەتەکانی ئەو لەشانشینی عەرەبستانی سعودیدا هەبوو. دواجار ئەو خۆی راگەیاند بەجەنگێك دژ بەخێزانی شاهانەی عەرەبستانی سعودی، بەهۆی ئەو کارەشەوە دژ بەبەرژەوەندییەکانی خێزانەکەی خۆی، خۆی خستە بەرهەڵستکارییەکی توندوتیژەوە. ئەوەش توانایەکی سەربازی بوو بەشێوەیەکی بەرچاو تەواو بۆی ئامادەبوو کەئەو زۆر بەدەگمەن لەناو خەڵکدا باسی لێوە دەکرد. کاتێ باسی دەکرد، لۆمەی ئەندامانی بنەماڵەی شای سعودییەی

ئەکرد بەهۆی "دروستکردنی کێشە لەنێوان مـنو خێزانەکـەم". ئـەو هـەرگیز نـەفرەت یـاخود بەئاشـکرا سەرزەنشـتی خێزانەکـەی خـۆی نـەکردووە. ئـەو لێـدوانی ناوبـەناوی ئـەوانی روونکردۆتەوە کە سەرزەنشتی ئـەم دەکـەن وەك تاکـە بەرهـەمی فشاری تونـد کـە هێنـراوە تـا سعودیە ئارامی لەسەر بگرێت.

پاش یانزەی سێپتەمبەر شوێنکەوتنی رادیکالیزمی ئوسامە سەبارەت بەبوژانـەوەی ئیسلامی سیاسـی کەلـەپاش سـاڵی ١٩٧٩ رۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتی گرتـەوە بـووە شـتێکی بـاو. هـەروەها بـۆ ئەزموونـەکانی ئـەو وەك رێکخـەرو شـەڕکەرێکی جیهـادو لـەوادەی جـەنگی ئەفگانسـتانی دژە بەسـۆڤیەتدا. ئەمانـە کاریگـەری زۆر گـرنگ بـوون لەسـەر ئـەو، بـەلام تیشکخسـتنە سـەریان بەشـێوەیەکی تایبـەتی بریتیـە لـەو مەترسـیەی لەفەرامۆشـکردنی ئـالۆزی پەیوەنـدی ئوسـامە لەگـەڵ خێـزانو وولاتەکەیـدا هەیـەتی. سەرچـاوەی ئـەم سەرنجڕاکێشـیو بەرهەڵسـتیە ئـەم پەیوەندییانە لەژیانیدا دروستیانکرد مایەی کاریگەری بوون لەسـەر رەوشـتو ئایـدیاکانی. ئـەم بابەتانەی دوایی ئەوانەن کە ئوسامە بن لادنو خێزانی شاهانەی سعودی هەوڵیانـداوە هێنـدەی بتوانرێ بەنهێنی بیپارێزن.

سـەرهەڵدانی چـیرۆکی سەرسـوڕهێنەری خێزانـی بـن لادن لـەماوەی سـەدەی بیسـتەمدا سەریهەڵدا بەجۆرێك ئەگەر هیچ باسێکی ئوسامەشی تیا نـەبێت. بـۆ زۆرێـك لەنـەوەکانی بـن لادن، هـاو تەمەنـەکانی ئوسـامە، پەیوەندییـە خێزانییـەکان مایـەی گۆڕانکـاریو لەسـەرووی هەمووشـەوە ئـالۆزن. بەسـەرهاتی ئـەم وەچـەیە بریتییـە لـە بـەمۆدێرنکردنو دەسـەلات لەعەرەبستانی سعودیدا. نەتەوەیـەکی لاو و نائاسـایش کـەخێزان تـا ئاسـتێکی بـەرز گـرنگترین یەکـەی سیاسـەتە. (عەرەبسـتانی سعودی) وەك نـاوی ولاتەکـە نیشانی دەدات کتومـت چـەمکی دەسەلاتی فەرمانڕەوایی خێزانی ئەلسەعود دەگەیەنێت. لەوولاتی ئەواندا پارتی سیاسی رێگری دەکرێت، تەنانەت یانـە کۆمەلایەتیـەکانیش بـەخراپ دەبینـران و هۆزگـەرێتی تاڕادەیـەك لاواز بوو. باوەڕی خێزانیو ئاینی تا رادەیەکی زۆر شەرعیترین سەرچاوەکانی ناسنامەی خەڵکە.

لـەو کۆمەڵگـە بازرگانیانـەی ئـەوانی پێـوە پەیوەسـت بـوون، بێگومـان خێزانـی بـن لادن گرنگترین خێزانی شانشینەکە بوو، بەلام لەماوەی چەند دەیەیەکدا ئەوان هاوەڵێتیەکی باشیان لەگەڵ ئالسەعوددا بنیادنا کە بەهۆی رۆڵی خێزانـی بـن لادنـەوە لەسالانی ١٩٥٠ەوە ئـەو کاتـەی

وەك بەڵێندەرەکانی بینـای فـەرمیو نۆژەنکردنـەوەی شـارە ئیسلامیە پیرۆزەکـانی وەك مەکـەو مەدینە بۆماوەیەکیش ئورشەلیم، لەنگەری گرتووە.

نەوەی خێزانەکەی ئوسامە - بیسـتو پێـنج بـراو بیسـتو نـۆ خوشـك- میراتگـری سـامانێکی بەرچاو بوون بەڵام پێویست بوو لەگەڵ گۆرانکـاری کۆمەڵایـەتیو کـەلتوری بەتینـدا هەڵبکـەن. زۆربەیان لەکۆمەڵگەیەکی هەژاردا لەدایك بوون کە خوێندنگەی گشتیو زانکـۆی تێـدا نـەبووە، یـان رۆڵـە کۆمەڵایەتیـەکان توندوتیـژو بڕیـار لەسـەردراو بـوون، یـان دابونـەریتو تێکسـتە ئاینییەکان بەسەر ژیانی روونـاکبیریو گشـتیدا زاڵبـوون، یـان کۆیلایـەتی نـەك یاسـا، بەئاشـکرا پیادە دەکرا لەلایەن شاو کوڕەکانیەوە، بەڵام لەماوەی دوو دەیەداو تا ئـەو کاتـەی نـەوەکانی بـن لادن بوونـە لاوی پێگەیشـتوو ئـەوان خۆیـان بـەجۆرێك بینیـەوە کـە بـەو ئایدیایانـە بۆمبـاران بکـرێن کــە کاریگــەری رۆژئاوایــان لەســەر بــوو لــەبارەی هەڵبــژاردەی تــاكو دەرکــەوتنی سـەردەمیانەی بـازاڕی گـەورەی نـوێو پۆشـاکی نێودەوڵـەتی بـاو لەلایـەن فیلمـەکانی هۆلیـودو، هەروەها کحولو گۆڕینی مۆرە سێکسییەکان، کـە جیهـانی مەسـتی ئـەوان دەسـتکەوتو قـازانجی ئەوان بـوو، چـونکە هەریەکـەیان ساڵانە بـڕە قـانزانجی پێدەگەیشت کـە لەسـەدەهاو هـەزارەها دۆلارەوە دەسـتی پێـدەکرد. خێزانـی بـن لادن وەك هـەموو ئـەو سعودییانەی تـر کـە خـاوەنی ئیمتیـازات بـوونو پێگەیشـتن لـەماوەی دەیـەی شـۆکی نـەوت، دەیـەی ١٩٧٠دا، بوونـە عەرەبـە پێشەنگەکان لەسەردەمی بەجیهانی بوون. خێزانـی بـن لادن بوونـە یەکـەمین سعودییەکان کـە خـاوەنی فرۆکـە بـنو لـەژیانی خێزانـیو بازرگـانی بەهـەمان شـێوە بـەزوویی تەکنـەلۆژیاکانی پێکانـدنی جیهانیـان بـەکارهێنا. بـڕوا ناکرێـت تـاکتیکی داهێنەرانـەی سـەرەکی ئوسـامە وەك تیرۆرستێك، داهێنانی خۆی لـەبواری تەلـەفۆنی سـەتەلایتیدا بەکارنـەهێنابێت وا نایەتـە پـێش چاو کە پەیوەندیدار نەبوبێت بەمەوە، یاخود پێکدادانی نـاوازەی فرۆکـەکان کـە ئەمەریکیشـی تێـوە گلابـوو، سـەرهەڵدانەوەی هانـدەری ئـەزمونی خێزانـی ماوەیـەکی زۆری بـەر لـەیانزەی سێپتەمبەریشە.

داستانی درێژی خێزانی بن لادن هاوپەیمانیـەکی تایبـەتو زنجیرەیـەك گرفـتو ناچـارکاریو کاردانەوەی چاوچـنۆکی نهێنـی لەئەسـتۆدا بـووە بۆهـەردوولا لـەنێوان ئەمـەریکاو عەرەبسـتانی سعودی لەماوەی سەردەمی نەوتدا. هەتا ئوسامە خۆی وەك تیرۆرستێکی نێودەوڵەتی راگەیانـد خێزانەکـەی زۆر زیـاتر لەولایەتـە یـەکگرتووەکان کـاری وەبـەرهێنانیان دەکـرد وەك ئـەوەی

بەشێوەیەکی گشتی لێی تێدەگەن، خوشك‌و براکانی خاوەنی سەنتەری بازاڕی ئەمەریکی، کۆمەڵە شووقە، خانووی گەورە، مولکی باش، زیندانی تایبەتی لەماسۆچوستس، پشکی هاوبەش، فرۆکەخانەو زۆر شتی تریش بوون. ئەوان چوونە زانکۆ ئەمەریکیەکان‌و هاوڕێیەتی‌و هاوەڵایەتی بازرگانییان لەگەڵ ئەمەریکییەکاندا هێشتەوەو لەهەوڵی پاسپۆرتی ئەمەریکی بوون بۆ منداڵەکانیان. ئەوان پارەیان بەفیلمەکانی هۆلیود دەدا، بازرگانییان بەئەسپی ڕەسەنەوە دەکرد لەگەڵ گۆرانیبێژی لادێی بەناوی کێنی ڕۆجەرز، لەگەڵ دەلالی خانووبەرە بەناوی (دۆناڵد ترەمپ) ووتوێژیان دەکرد. ئەوان جۆرج بوش‌و جیمی کارتەرو شازادە چارلسیان وەك هاوڕێی خێزانەکە سەیردەکرد. بەهەردوو واتای وێژەیی‌و کەلتوری، خێزانی بن لادن خاوەنی پشکێکی گەورە بوون لەئەمەریکا کە ئوسامە لەسەرئەوە جەنگی ڕاگەیاند، بەلام وێڕای ئەوەش پەیوەندی نێوان حکومەتەکانی ئەمەریکاو سعودیە ڕاست بوو، تێوەگلانی ئەوان لەولایەتە یەکگرتووەکان تەسك‌و قرچۆك بوو، ئەمەش وایکرد هەردوو ئایدۆلۆژیای دژ بەئەمەریکای ئوسامەو وەلامی خێزانی ئەو بۆ ئەو دژایەتیە زۆر زیاتر ئالۆزی بخاتەوە.

کارەکتەری جیهانیانەی خێزانی بن لادن زۆر قەرزاری جیهانی بازاری نەوت‌و ئەو سەرمایەیە کە لەدوای ساڵی ١٩٧٣، لەسەردەمی بەر لەسوتانی مەکینەکاندا، دروستیان کرد.

نەوەی ئوسامە لەخێزانی بن لادن یەکەم کەس بوون لەخاکی سعودیە لەدایك ببن. محەمەدی باوکیان کە ئەندازیاری لێهاتووی سەرمایەی ڕەسەنی خێزانەکە بوو، لەو کەسە متمانە بەخۆبووانە بوو کەخودی خۆیان پێشەنگی بەجیهانیبوون بوون، بەلام لەسەردەمێکی هەنگاو هێواشی لێخوڕینی کەشتی‌و دەسەلاتی کۆلۆنیدا. محەمەد بن لادن نەك تەنها سەروەت، بەڵکو تێڕوانینێکی گواستراوەی تەماعکاری‌و باوەڕێکی ئاینی لەجیهانێکی بێسنووردا بۆ منداڵەکانی بەجێهێشت.

دەروازەی یەکەم

# سەرگەورەکانی هۆز
# لەساڵی ١٩٠٠ تا سێپتەمبەری ١٩٦٧

## ١- لەئاوارەییدا

# گرفتەکە بەمردنی گایەکە سەریهەڵدا

گاکە هی عەوەز عەبود بن لادن بوو کە لەدەوروبەری سەدەی بیستەمدا لەگوندی بیابانی (غارن بەشیرە) لەدۆڵێکی قووڵدا بەناوی (دۆڵی رەکیە)دەژیا. دۆڵە تەسکەکە رێڕەوێکی پەنجا میلی بەناو ناوچەی باشوری دورگەی عەرەبەوە، لەیەمەنی نوێدا کە بە(حەزرەمەوت) ناو دەبرێت بەو مانایەی "مردن لەنێوماندایە"، بڕیبوو. ئەوەش ناوێکی بێهەڵە بوو، چونکە زەوییەکە زۆربەی لم‌و بەرد بوو، بەو ووشکەساڵییانە داخ ببوو کە دووبارەدەبوونەوە. قوڕی بێپیت لەهەریەك لەلایەکانی کەلێنی رەکییە گوڵی فریو دەدا. وشترو گوێدرێژو بزن لەنێو دەوەنە دڕکاوییو درەختە ووشكو بێبەرەکان رێیان هەڵەکردبوو. لەقوڵایی دەربەندەکەدا رەنگە نزیکەی ٤٠ گوند پەرش‌و بڵاو بووبوونەوە. ژمارەی دانیشتوانی لە دە هەزار کەس تێپەری نەدەکرد.

خانووی عەوەزو ئەو پارچە زەویە بچووکەی کێڵانی تیا ئەنجام دەدا دەکەوتە نزیك قوولەیەکی بچووکی چوارنهۆمی لاکێشەیی لەخشتی قور دروستکرابوو کەلەلایەن دووبراوە لەخێزانی بن لادن بەناوی (عەلی و ئەحمەد)، بەپشت بەستن بەڕەچەڵەکیان لەلایەن بنەچەکانەوە پارێزراو بوو، کە پێدەچێت لەماوەی سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ژیابن. قەڵای خێزانی بن لادن لەبەرزترین خاڵی (غارن بەشیرە)وە بەرزببووەوە بەهۆی دیوارەکانی دەربەندەکە لەرۆژئاواوە سێبەری کەوتبووە سەر. لەماوەی ژیانی عەوەزدا، بورجەکە، کەوەك ماڵێك لەلایەن دوو براکەوە بەکاردەهێنرا، وەك کەلاوەیەکی داڕوخاو بوو، لەقەڵایەکی لم دەچوو شەپۆلی دەریا لێی دابێت. زنجیرەیەك خانووی نوێی بەخشتی قوڕ دروستکراو لەخوار بورجەکەوە دەوری گردۆلکەیەکیان دابوو، بەوەش بەربەستێکی رێگریان پێکهێنابوو.

لەدەوروبەری گوندەکە، کێڵگەی زەویی تەختی دە یان بیست دۆنم بڵاوبووبوونەوەو بەسەر خاڵی بچووکی دە بە پانزە یاردەدا دابەش بووبوون، کەئەندامە جیاوازەکانی بن لادن خاوەنی بوون. جوتیاریی پیشەیەکی ناجێگیربوو کەپشتی بەو وەرزەبارانە کەمە دەبەست کە لە ناوچەکەدا رویدەدا. پاش هەر رەشەبایەك خەڵکانی لادێ بەپەلە دەچوونە دەرەوە تا رێگری لەئاوی لافاو بکەنو بەرێگەی کێڵگەکانی خۆیاندا بیبەن. ئەگەر سەرکەوتووبونایە، رەنگە لەماوەی چەند مانگێکی کەمدا گەنم یان بەرهەمی پێویستو بەکارهێنراو بچێنن. ئەگەر شکستیان بهێنایە ئەوا پێدەچوو رووبەرووی برسێتی ببنەوە.

عەوەز بن لادن بڕیارێکی چارەنووسسازیدا بەوەی گایەکی جووتکردن لەپیاوێکی هۆزی عوبەید قەرز بکات لەپاش یەکێك لەو بارانانەی دووبارە دەبوونەوە. عوبەیدییەکان هۆزێکی بەهێزبوون، لەسەروو دۆڵی رەکیە چاودێری دەشتێکی بەرزو فراوانیان دەکردو لەدۆڵەکەشدا جوتیارییان دەکرد. بێگومان سستەمی دڵنیایی یان سەرمایەیەك کە دەستەبەری قەرزی پێبکرێتو پەیوەست بێت بەبارمتەی گا، لەئارادا نەبوو. کاتێ گایەکە بەهۆی زۆرداری عەوەزەوە مرد، خاوەن قەرزەکەی کە ناوی (بیلاوەل) بوو دوای، بەپێی خێزانی بن لادن بێت، داوای چل ریاڵی زیوی کردووە کە ئەوان پێیان وابووە ئەمە داوایەکی توندە. ئەمە گورزێکی بەزۆر پارە لێسەندن بوو، بەڵام رەنگە سەدەها کەس لەخێزانی بن لادن لەگوندەکەدا هەبووبن،"ئەوەندە هەژار بوون نەیاندەتوانی تەماشای عەوەز بکەن" وەك سەید بن لادن، کە هێشتا لە(غارن بەشیرە) دەژی، ئاماژەی پێدا.

بن لادنەکان سەر بەهۆزی (کیندە) بوون کە بنەچەیان بۆ سەردەمی پێش ئیسلام دەگەڕایەوەو لەسەدەی حەڤدەو لەباشوری حەزرەمەوتدا بوونە یەکێتیەکی بەهێز. ئەوان لەو کاتەدا وەك هۆزی فەرمانڕەوایانو شێخەکان ناسرابوون، بەڵام دوژمنایەتی هەمیشەیی وردە وردە هێزەکەی لاوازکردووەو ئەندامەکانی پەرشو بڵاو پێکردووە. لەسەردەمی عەوەزدا (کیندە) چیتر وەك گروپێکی رێکخراو کاری نەکرد کەخاوەنی سەرکردەی بەرچاوو میلیشیای سەربازی بێت. بن لادنەکان تاکە خێزانی ئەو هۆزەبوون، ژمارەیان نزیکەی چوار سەد بۆ پێنج سەد کەس دەبوو. لەدێیەکی بەهێزی بەدوایەکداهاتوودا لەپێناو مانەوەدا تێدەکۆشان. ئەوان لەپێگەیەکی وادا نەبوون لەدژی گروپە رکابەرەکان درێژە بەجەنگ بدەن.

بـن لادنـەکان خۆیـان بۆچـوار بـەش پـۆلێنکرد: هەریـەك لـەو لقانـە بـۆ نـەوەی بـورج دروسـتکەرەکان خـۆی دەگێڕایـەوە. دووان لـەو چـوار برایـە (ئەحمـەد و عـەلی) بـوون، ئـەوانی تریش (مەنسور و زیاد) بوون. لەسـەردەمی عـەوەزدا هەریـەك لـەو برایانـە باوکایـەتی ریزێـك نـەوەیان دەکـرد کـە پێکـەوە وەك خێزانێکـی گـەورە لـەنێو هـۆزێکی گـەورەتری بـن لادنـدا ڕەفتاریان دەکرد.

عەوەز سەر بەلقەکەی عەلی بوو. ڕەچەڵەکی خێزانی بن لادن پێیوایە عـەلی بـاپیرە گـەورەی عەوەز بووە. شتێکی کەم هەیە لەبارەی وەچە بەدوایەکداهاتووەکان، ئەوە نـەبێت عـەوەز تاکە منـداڵی (عـەبوود)ی بـاوکی بـوو، هەربۆیـە لـە (غـارن بەشـیرە)دا عـەلی میراتگـری هـەموو زەوییـەکانی عـەبوود بـوو، گەرچـی مـوڵکێکی زۆر کـەم بـوو. هـەر بـەو جـۆرەی دەرکـەوت، میراتیەکە هێندەی پێویست نەبوو یارمەتی عەوەز بدات هەموو قەرزی گاکە کۆتایی پێبێنێ.

لەسـەرەتادا، لـەبری ئـەو چـل ریاڵـە زیـوەی نـەیبوو، عـەوەز دانوسـتانیکرد تـا مـافی دەستبەسـەراگرتنی موڵك لـەبری قـەرز سـەبارەت بەچـەند دۆنمێـك زەوی کـە کشـتوکاڵی تیـا کـردووە بـۆ (بـیلاوەل) دابـین بکـات. بـیلاوەل رازی بـوو نیـوەی قـازانجی دروێنـەکانی عـەوەز پەسـەند بکـات تـاکو قەرزەکە دەدرێتـەوە. ئەگـەر بـاران دایبکردایەتـەوە، لەوانـە بـوو عـەوەز رووبـەرووی دژواری ببوایەتـەوەو لەئاینـدەدا مێـژووی لقـی خێزانـی بـن لادن تارادەیـەك بەجۆرێکی جیاوازتر بکەوتایەتەوە، بەڵام وەك روویدا، راکیە دوچاری وشکەساڵی بـوو. عـەوەز نەیتوانی لەمانگەکانی داهاتوودا هـیچ قازانجێـك بخاتـە سـەر قەرزەکـەی، ئەمـەش (بـیلاوەل)ی تـوڕەکرد. بـەگوێرەی گێڕانـەوەی خێزانـی بـن لادنـەکان بێـت، بـیلاوەل هەڕەشـەی کوشـتنی عـەوەزی کـرد ئەگـەر عـەوەز بـەکاش قەرزەکە رادەست نەکاتـەوە یـان بەتـەواوی زەویوزارەکە نەکات بەناویەوە.

عەوەز بڕیاریدا گونـدی باوبـاپیرانی جێبهێڵێت. ئـەو کەسـێکی سـەڵت بـوو، سەربەسـت بـوو گەشت بکات. لەکاتی فەوتانی گاکەوە، وشکەساڵیەکە بەشـێوەیەکی جـێگیر رووی لـەزیادی کـرد. تەنانـەت بـەبێ هۆکـاری هەڕەشـەی مـردنیش لەلایـەن هـۆزەوە، کۆچـکردن لەحەزرەمەوتـدا سـتراتیژێکی بـاوی مانـەوە بـوو. عـەوەز شـتەکانی پێچایەوەو بـەرەو بـانێکی بـەرز بـۆ دۆڵێکـی دراوسـێ بـە(وادی دەوان) ناسـرابوو دەسـتی بەگەشـت کـرد، نزیکـەی رۆژو نیوێـك سـواربوونی ووشتر یان گوێدرێژی دەخایاند. لەوێ عەوەز دووبارە دەستی پێکردەوە.

بەرزاییە نۆسەد پێیەکانی دۆڵەکە لەزەمینی (وادی دەوان) لەناوخۆی وڵاتەوە حەفتا میل دوور بوو، کە لەدەریای عەرەبەوە شۆڕبووەوە. سەوزە تۆخەکەی درەختی دارخورما بەهۆی بنی رووبارەوە کە زەوی کەندەڵانی داپۆشیبوو، بواری گەشەکردنی پێدەدرا. بەگوێرەی ئەفسانەیەکی ناوچەیی، گەلە زەبەلاحەکان بەردەکانی کەندەڵانەکەیان داتاشیبوو تاکو خوا رقی لەخۆبەزلزانیەکەیان بۆوەو بەگەردەلول لەناوی بردن. رەنگە ئەمە رافەی ئەو بیناسازیە دڵڕفێنەبێت. لەئەنجامی کەڵەکەبوونی بەردە گەورەکانەوە بینا بڵندەکان پەیدابووبوون لەو گوندانەی وەك قەڵایەکی پتەو وابوون. هەر شارێك پەناگەیەکی پارێزراوی ستوونی بوو لەدژی دراوسێیەکانیو بەمەبەستی بەرگریکردن لەنهۆمە نزمەکانی خانوودا پەنجەرە نەدەبینراو بەبەرزیەوە کەلەبەرەکانیش بۆتەقەکردن دروستکرابوون.

ئەوکات بۆ ئەوروپییەکان، کەندەڵانەکانی حەزرەمەوت وادیاربوو دوورو لێوانلێوبن لەو مرۆڤانەی لەبەرامبەر کەسانی بیانیدا ترسو رقییان هەیە. ئەوان "هاوتەریب بوون لەجیهانی ناوخۆدا، لەنەخشەکەدا بوونیان نەبوو". لەراستیدا حەزرەمەوت بەهیچ شێوەیەك گۆشەگیر نەبوو، بەڵام دانیشتوانە زۆر موسوڵمانەکەی، لەگەڵ ئەوەی توانای میوانداریەکی جوانیان هەبوو، هەمیشە بەمیهرەبانیەوە سەردانی لەناکاوی مەسیحییەکانیان پەسەند نەدەکرد. بۆچەندین هەزار ساڵ حەزرەمییەکان کۆچکردوو، گەشتیار، بازرگان، بەڵێندەربوون لەبەندەری موکالە بۆ رۆژهەڵاتی هیند، زەنزیبار، ئەبیسینا (ئەسیوپیای مۆدێرن)، بەرەو دەریای سور بۆ مەککەو قاهیرە بەکەشتی دەرۆیشتن. چەند سەدەیەك لەمەوبەر ئەوانو پاشا (سابیان)ەکانیان چێژی سامانێکی بێشوماریان لەئەنجامی قۆرخکردنی کاروانی بخوردو داری مور لەبازرگانی جیهانیدا کە لەلاستیکی درەختە عەرەبیەکانەوە وەرگیرابوون، دەکرد. لەفەرمانڕەوایی فیرعەونەکانی میسرو ئیمپراتۆری رۆمانیدا بخورد لەداری بخوردی گرانبەها دەسوتێنراو تەنانەت داری موری زۆر گرانبەهاتریش هاوشێوە دەسوتێنرا. ئەم دوو نەوتەیان گواستەوە بۆدوو شمەکی هەرە بەنرخ لەسەر زەوی. لەرۆمادا گەر دوکەڵی بخورد بەژوورەکاندا بڵاو نەبوایەتەوە نە هیچ خوایەك بەرێکوپێکی دەپەرسترا، نە هیچ پرسەیەك یاد دەکرایەوەو نە پرۆسەی هاوسەرگیری بەرێزەوە ئەنجام دەدرا. هەر لەو کاتەی ئیمپراتۆرەکە دارماو ووتاربێژە مەسیحییە توندەکان لەبارەی بخوردەوە وەك بۆنو بەرامی بێباوەران ناڕەزاییان دەربڕی، بازرگانییەکە رووی لەکەمی کردو حەزرەمەوتیش دووبارە گەرایەوە بۆهەژاری.

لەسەدەی حەڤدەداو بەگەیشتنی ئیسلام، پیاوانی دۆڵەکە بەکەشتیدا کۆچیان بەرەو سوپای موسوڵمانان کردەوەو بوونە جەنگاوەر. ئەوان لەسەر ئەو زەوییە مانەوە کە وەك پاسەوانی کەسی، بازرگانانو دواجاریش وەك ناسراوە سیاسیەکان داگیریان کردبوو. پیاوانی دۆڵەکە وەك کەسانی پەیوەستبوو بەوڵاتی خۆیان مانەوەو بەگەیشتنی سەدەی بیستەم زۆرینەی حەزرەمییە خۆشگوزەرانەکان سەرمایەی بازرگانی سەردەمی داگیرکارییان گەراندەوە بۆ کەندەلانەکان بۆئەوەی کۆمەڵگەی خێزانیو خانەی خانەنشینان بنیاد بنێن. ئەوەندە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لەئاسیاو ئەفریقاوە گەڕابوونەوە بەشێوەیەك کاتێ ئەفسەرێکی بەریتانی یەکەم توێژینەوەی فەرمی لەبارەی کەندەلانەکانو لەماوەی ساڵانی سیەکاندا ئەنجامدا، لەنێو زمانە لۆکاڵییەکاندا تێبینی زمانی سەواحیلی و مالایشی کرد.

لەسەردەمی گەیشتنی عەوەز بن لادندا، بەریتانیا (دەوان، Doan)ی وەك بەشێك لەناوچەی ژێردەستەی عەدەن راگەیاند، کیانێکی سیاسی بوو کەزیاتر خۆزگەبوو وەك لەڕاستی، یەکێك بوو لەزنجیرەی ئەو ناوچە کەنارییانەی بەشێوەیەکی باش بەڕێوەنەبرابوونو ستراتیژناسەکانی ئیمپراتۆرنشینەکە لەدوورگەی عەرەبیدا پێکەوەیان بەستبوو تاکو هێڵی کەشتی هیند لەپلانەکانی تورکیاو ئەڵمانیا بپارێزن. ئامرازی کۆنترۆڵی لۆکاڵی دەسەڵاتی بەریتانی بریتی بوو لەسوڵتان موکالا کە لەنێو کۆمەڵێ کۆشکی بەسپی بۆیەکراوەوە، کە لەسەر کۆمەڵە بەردی گەورە لەتەنیشت دەریای عەرەبی بنیادنرابوو، فەرمانڕەوایی دەکردو بەکۆمەڵێك پاسەوانی کەسی کۆیلە ئەفریقییەکان پارێزگاری لێکرابوو. خێزانی سوڵتان بەهۆی نۆکەریکردنی (نیزامی حەیدەرئاباد) لەهیندستان سەرمایەیان پێکەوەنابوو. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەوان ئارەزوویانکرد کاتی خۆیان لەکۆشکە خۆشەکانی حەیدەرئاباد بەسەر بەرن. لە(موکالا)، ئەوان زنجیرەیەك وەزیریان کردە لێپرسراو کە لەخێزانی (ئەلیهزەر) بوونو خەڵکی (دۆڵی دەوان) بوون. یەکێك لەم لێپرسراوانە (سەیید حەمید ئەلیهزەر) بوو کە میوانێکی بەریتانی ئەوی وەك کەسێکی زمان لووسو ماستاوچی هاتەوەیاد کە بەرووکەش دەم بەپێکەنین بەڵام بەچاوی گرژو مۆنەوە دەیڕوانی". سەیید بەو مەبەستە پۆستەکەی

بەکارهێنا تا زامنی مامەڵەکردن لەسەر بنەمای لایەنگیری هاوڕێ دەوانەکان بکات.* شانشینی موکالا لەحکومەتێکی نموونەیی بەدوور بوو، تا ئەو ئەندازەیەی لەرێگەی وەرگرتنی بارمتە لەخێزانە لۆکاڵیە ناسراوەکان دۆڵە ناوخۆییەکانی کۆنترۆڵکرد.

لەکاتی گەیشتنی عەوەزدا دەسەڵاتە راستەقینەکانی باشوری دەوان، بەریتانیەکان یان شانشینەکانی موکالا نەبوون، بەڵکو خێزانی شێخە لۆکاڵیەکان بوون کە بە(باسەڕڕاس) ناودەبران کە لەقەڵایەکەوە خشتی قوڕ بنیادنرابوو بەناوی (مەسنەعە)، فەرمانڕەواییان دەکرد. ئەو کاتەی عەواز بن لادن گەیشت، فەرمانڕەوای باسەڕڕا لەماوەی ژیانیدا ١٠ ژنی هێنابوو، بەدەست کوێرییەوە دەیناڵاند. ئەو بەدەسەڵاتێکی بەهێزەوە فەرمانڕەوایی دۆڵەکەی دەکرد. لەراستیدا ئێستا حاڵەتی کوشتن بوونی نیە. نوێنەرێکی بەریتانی بەرەزامەندییەوە بەلەندەنی راگەیاند "بکوژان دەکوژرێنەوە بەجۆرێ خەنجەر دەکرێت بەسەر سنگیاندا".

بەگوێرەی سەرژمێری باسەڕڕە بێت، دەوان نزیکەی بیست هەزار نیشتەجێبووی هەبوو، کە لەلایەن نزیکەی دووسەد مزگەوتەوە یارمەتی دەدران، بەڵام تەنها دوو خوێندنگەی بچووك هەبوو کە بەرنامەی خوێندنیان قورئان بوو. (فرێیا ستارك) گەشتیارێکی ئینگلیزی بوو لەسەرەتای ساڵانی سییەکاندا چاوی بەهیچ  ژنێك نەکەوت کەتوانای خوێندنەوەی هەبێت.

درەختی دارخورمای بنی رووبارەکان بۆقازانج بەرهەم دەهێنران. ژمارەیەکی کەمی بازرگانە دەوڵەمەندەکان لەهەیوانەکانیان هەنگیان راگرتبوو، بەرهەمێکی هەناردەی هەنگوینی بۆنخۆشیان بەرهەم دەهێنا کە لەگەڵ گۆشتدا بخورایە بە(ئارەزوو بزوێن) ناسرابوو. (دۆرین ئینگرامس)ی گەشتیار تێبینی کرد کە" رەنگە ئەو کارە تەنها بۆپیاوان بێ‌و بەنەشیاو دابنرێت گەر ژنان زیاد لەپێویست بخرێنە جۆش".

عەوەز بن لادن (دەوان)ی وەك پەناگەیەك لەدژی عوبەیدییەکان هەڵبژارد، چونکە لەژێر فەرمانڕەوایی باسەڕڕەدا بەئاشتی‌و یاسا ناوی دەرکردبوو. بەگوێرەی هەندێ لەنەوەکانی عەوەز بێت ئەوکاتانە فەرمانڕەوایی حەزرەمەوت شوێنێکی دەگمەن بوو. عەوەز لەدووری چەند میلێکی کەم لەپێگەی باسەڕڕەوە لەشاری (رەبات) جێگیر بوو کە شارێك بوو پاڵیدابوو

---

* چەند دەیەیەك دواتر ئوسامە بن لادن ئەم خالید ئەلیهزەرەی دامەزراندووە وەك ئەندامێکی ناسراوی خانەوادەی سەیید یان وەچەیەکی پێغەمبەر تا وەك رفێنەری فڕۆکەیەك کاربکات کە لە١١ی سێپتەمبەردا فڕۆکەکەی تەقاندەوە بە پنتاگۆندا. (وەرگێڕ)

بەوپــەڕی بەرزاییــەکانی باشــووری دەوانــەوە. تــەختایی شــێوەکە بــەدارخورما دەورەدرابــوو. بەگوێرەی ئامارێکی بەریتانی کە لەسەرەتای ساڵانی سییەکاندا بەئـەنجام گەیـەنرابوو، هەشـت سـەد پیـاو لـەوێ دەژیـان کـەخاوەنی سـەد تـاپۆ بـوون. کـاتێ یەکـەمجار گەیشـتە دەوان، عـەوەز پێدەچوو خزمایەتیـەکی پتـەوی هـەبێت، بـەڵام لـەبری ئـەوە بـەناوبانگی ناوچـەکە سـەبارەت بەمیوانداریو بەئامادەیی عـەوەز بۆکـارکردن، پشت ئەسـتوور بـوو. لەڕاسـتیدا بەڵگـە لـەبارەی وردەکارییــەکانی پـاش گەیشـتنی عــەوەز بـۆ شـاری رەبـات ناتــەواوە. ئێسـتا ئـەو لـەگروپی خێزانەکــە جیابۆتــەوە لەراکیــەو لەهەوڵدایــە تــا مێــژوویی زارەکــی خێزانەکــە بمێنێتــەوە. دەوترێت عەوەز وەك کرێکـار بـەکرێی هەفتانـە لەکارگـە بچووکە لۆکاڵیەکانـدا کـاری کـردووە. ئەوەنــدەی پێکــەوە نــا تــا لەشــارەکەدا بتوانێــت ژنێــك بخوازێــت. ژنەکــە ســەر بــەخێزانی (ئەلەدودی) بووە.

عەوەزو ژنەکەی خاوەنی سێ کـچو سێ کـوڕ بـوون. کوڕەکـان ناویـان محەمـەدو عەبـدوڵڵا و عومـەر بـوو، سـێیەمیان بەمنـداڵی مـرد کەچارەنوسـێکی بـاوە. (نـاوی کچـەکان بـاس ناکرێـت. لەدورگەی عەرەبیدا دواتر، وەك ئێستا، چیرۆکەکانی ژنـانی خێزانێـك بەدەگمـەن باسـدەکرێت. ســاڵی لــەدایکبوونی محەمــەد هەنــدێکجار بــە ١٩٠٨ دیــاری دەکرێــت، باشــترین خەمڵاندنــە، ئاهەنگگێڕانی یادی لەدایکبوون دابونەریتێکی عەرەبی نیە، بەڵام ئەو کاتە لەدەواندا وەك بڵێی حکومەت نەبووبێت، لەبەرئەوە تۆماری لەدایکبوونیش گرنگ نەبوو. کاتێ عەوەز لەئاوارەییـدا لەشاری رەبات جێگیر بوو، بەسەختی کاریکردو بەگەنجی مرد. لەراسـتیدا عـەوەز لـەوە ئەچـوو مردبێت بەرلەوەی دوو کوڕە زیندووەکەی (محەمەدو عەبدوڵلا) بگەنە تەمەنی هەرزەکاری.

لەکاتێکـدا ئــەوە بۆشــوێنێکی تــری وەك حەزرەمــەوت راســت بــوو، ئــابووری دەوان پشــتی بەستبوو بەئامادەیی بـەردەوامی کـوڕە لۆکاڵـەکانو پیـاوە گەنجـەکان تـا بـەخێرایی رووەو کـارە بیانیەکان کەشـتیوانی بکـەن، لـەکاتی هەلومـەرجی سـەختدا بۆچـەند ساڵێك کـار بکـەنو پـارە رەوانــەی ماڵــەوە بکــەن. هەنــدێك لەتەمــەنێکی زۆر گــەنجی وەك شــەش یــان حــەوت ســاڵیدا بەرێدەکـەوتن. شـتێکی بـاو بـوو کـە پیـاوانی ناوچـەکە لەتەمـەنی هەرزەکارییانـدا ژن بهێـنن، بەرەو ئەسـیوپیا یـا سـۆماڵ یـاخود میسـر کـۆچ بکـەنو بەدرێـژایی دوو دەیـە دوور بکەونـەوەو کــاتێ لــەدەرەوەی وڵاتــن ژنــی تــر بهێننــەوە. بـۆ زۆرێ لـەو پیـاوە گەنجانـەی لـەدەوان بـوون مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە نەبوو ئایا دەڕۆن، بەڵکو پەیوەنـدی بـەوەوە هـەبوو ئـاخۆ بۆکـوێ

دەڕۆن. ئـەوان پشـتیان بەزنجیرەیـەك لـە پیشـە نارەسمییـەکان بەسـتبوو کـە لەلایـەن بازرگانـە حەزرەمییەکانەوە، کـەخاوەنی بەرژەوەنـدی بازرگـانی بـوون لەبەنـدەرە تایبەتیـەکانی دەرەوەی وڵاتدا، پشتیوانی دەکرا. دڵسۆزی بێگانـە حەزرەمیـەکان بـۆ یـەکتر بێئەنـدازە بـوو. لەسـەرەتای سـەدەی بیستەمدا ئـەم ئاکارە پەرتـەوازەبوونی پەرەسـەندووی گـەلی دروسـتکردبوو لـەوڵاتانی رۆژهەڵاتــەوە بــەرەو باشــوری رۆژهــەڵاتی ئاسـیا. لەنامەیەکـدا لەســەرەتای ســەدەی بیســتدا ئاشـکرابووە، باوکێـك رێنمـایی دەنوسـێت بـۆ دوو کـوڕە گەنجەکـەی سـەبارەت بـەوەی چـۆن لەحەزرەمەوتەوە بەرەو سەنگافور بەڕێکەون. باوکەکـە لیستی ناسیاوانی متمانـەپێکراو دابـین دەکات لەچوار بەندەری شارە جیاوازەکاندا، هـانی کوڕەکـانیش دەدات پۆسـتکاردی زۆر رەوانـەی ماڵـەوە بکـەن. پیـاوانی گـەنج لـەباکوری شـیوەکانی حەزرەمـەوت بەگشـتی لەڕێگـەی ئـەم تـۆڕە خزمایەتییەوە لەدەوانەوە بۆ رۆژهـەڵاتی ئاسیا کۆچیانکرد. ئـەوان بەشـێوەیەکی سـەرەکی بـۆ ئەفریقا یان کەناری دەریای سوور دەڕۆیشتن.

کۆچکردن وەك هەڵبژاردەیەکی سروشتی وابـووە بـۆ محەمـەدو عەبـدوڵا بـن لادنـی بێبـاوك. لەکاتێکدا ئەوان رەچاوی شوێنی مەبەستیان کـرد، رەنگـە لەلایـەن خێزانـی دایکیـانو خـەڵکانی شــارەوە ئامۆژگــاری کــرابن لــەبارەی خۆشــگوزەرانیانەوە، لــەم کاتــەدا کــە باوکیــان نــەماوە. دەوڵەمەندترین پیاو لەشاری رەباتدا لەنەوەی پێغەمبەر محەمەد بوو بەناوی (سەیید محەمـەد ئیبن یاسین) بازرگانی لۆکە بوو لەدەریای سوور دەموچاوێکی درێـژو دەمێکـی گـەورەی جـوانی هەبوو کە خاوەن ماڵەکەی هـەنگـو کۆیلـەی ئیسـیوپی راگرتبـوو. یاسـینەکان لـە (مەسـاوە) کـە بەنـدەری سەرەکی ئەریتیریایە، پەیوەندییان هەبوو. خێزانێکی ناوداری تر، لەدووری میلـێ یـان دوو میل لەدۆڵەکەوە دەژیان لەخێڵی (عەدیس عەبابە) خزمیان هەبوو، سەرمایەیەکی کـەمیان لەبازرگانی پێستەدا کۆکردبۆوە. لەوانەیە لەڕێگەی یەکێك لەو پەیوەندیانەوە بووبێت محەمەد بـن لادنـی کـوڕە گـەورەی عـەوەز، کەتەمـەنی لـە دوانـزە ساڵ کـەمتر بـوو، سـەرەتا بەبـەرزایی دۆڵەکەدا هەڵگەڕاو پەیوەندی بەکاروانی وشترەکانەوە کردووە کـە بۆپیاسـە بۆبەنـدەری موکـالا دەڕۆیشتن.

محەمەد کەشتیوانی بەرەو ئەفریقا کـرد تـا گەیشـتە ئەسـیوپیاو کـاری دۆزیـەوە، بـەڵام ئـەم گەشـتە بەکارەسـات کۆتـایی پێهـات. مێـژووی زارەکـی خێزانـی بـن لادن لانـی کـەم دوو شـێوە گێرانــەوە لــەخۆدەگرێت ســەبارەت بــەوەی بەســەر ئــەودا هــات. لەیەکەمــدا محەمــەد وەك

گسکدەرێك لەدوکانێك یان بازرگانیەکی بچووکدا کاری دەکرد. بەگوێرەی ئەوەی عەبدوڵای برای دواتر بەخێزانەکەی ڕاگەیاندووە سەرکارەکەی محەمەد کەسێکی ناڕازی بوو خاوەن دەرونێکی دڕندانە بوو کە ئەڵقەی کلیلەکانی بەپشتێنەکەیەوە توندکردبوو. ڕۆژێکیان لەمحەمەد پەست بووبوو، کلیلەکانی گرتبووە محەمەدو بەر دەموچاوی کەوتبوو. برینەکە ئەوەندە سەخت بووە محەمەد چاوی لەدەستداوە. گێڕانەوەی دووەم لەلایەن هەندێ لەبن لادنەکانەوەیە کە لەیەمەن مانەوە بەو جۆرەیە کە محەمەد لەکۆمەڵگەیەکی بینادروستکردنی ئەسیوپی کاری دەکرد، بەرێکەوت لەبینایەکی بەرزەوە شیشێکی ئاسن کەوتۆتە خوارەوە داویەتی بەزەویداو هەڵگەڕایەوەتەوەو بەرچاوی کەوتووە. بەهەر ڕووداوێك بێت، محەمەد بن لادن بەچاوی ڕاستەوە کە لەشووشە بوو بەرەو تەمەنی پێگەیشتن گەورە بووە.

لەپاش برینەکەی محەمەد گەڕاوەتەوە بۆ دەوان. لەساڵی ۱۹۲۱ بوومەلەرزەیەکی بەهێز بەندەری ئەبی سینای شاری ماساوای کاولکردو ئابووری هەرێمەکەی خاپوورکرد، پێدەچێت ئەمەش فاکتەرێك بووبێت لەم پاشەکشەیەدا. خەڵکی شار دەڵێن لەساڵی ۱۹۲۵دا بوو کاتێ محەمەد دووبارە ڕۆیشتەوە. ئەمجارە محەمەد لەگەڵ عەبدوڵای برا بچووکیدا گەشتیکرد، کە دەکاتە بیستو پێنج ساڵ بەرلەوەی براکان بگەڕێنەوە. دواتر لەدەوان دایکیان مرد. بەگوێرەی ووتەی ئەندامانی خێزانی بن لادن بێت کە لەیەمەن مابونەوە، جێگەی گومانە کوڕەکان دایکیان دووبارە دیبێتەوە.

ئێستا کەناری ڕۆژهەڵاتی دەریای سوور بۆتە ئامانجی ئەوان. لەبەندەری جەددە، ئەو دەروازەیەی پەسەندی حاجیە موسوڵمانەکانە بەرەو شاری پیرۆزی مەککە گەشت دەکەن. کۆمەڵگەیەکی گەورەی کرێکارو بازرگانە حەزرەمییەکان هەبوو کەهەندێکیان خەڵکی دەوان بوون، حەزرەمییەکانی تر لەخودی ناو مەککەدا نیشتەجێ بوون. لەوکاتەی کوڕانی بن لادن دەستیان بەم گەشتەکە کرد، عەبدوڵا تەمەنی تەنها نۆ یان دە ساڵان دەبوو، ڕەنگە محەمەد چوارده یان پانزە ساڵان بووبێت، بەگوێرەی ئەوەی عەبدوڵا دواتر بۆخێزانەکەی گێڕاوەتەوە. ئەو گەشتەی عەبدوڵا بیری کەوتەوە بەسیحرو موعجیزەو ڕووداوە نائاساییە ئاینییەکان کاری لێکرا. بەبەلەمی پڕلەبار بەرەو موکالا بەرێکەوتنو بەدەوری نیمچەدوورگەی عەرەبدا ڕۆیشتن، دواتر بۆسەرەوە بەرەو دەریای سوورو هەتا بەندەری جیزان، کە نزیکەی چوارسەد میل لەباشووری جەددەوە دووربوو. لێرەوە دەستیانکرد بەپیاسەکردن. ئەوان لەبیابانەکەدا

وون بوون. ئەوان سکیان هەڵدەگوشیو نزیکبوو لەبرسا دەمردنو هەستیاندەکرد لەوانەیە بمرن. گەردەلوولێکی توند بەڕوویاندا هەڵیکرد، کاتێ گەردەلوولەکە خۆشی کردەوە، کوڕەکان کێڵگەیەکیان بەدیکرد. لەکێڵگەکەدا دێراوەکاندا شووتییان دۆزیەوەو شووتییەکەیان خواردو بوژانەوە. لەڕۆیشتن بەردەوام بوونو لەکۆتایدا گەیشتنە بەردو دیوارە شیلانەکانی جەددە کە شارێکی بۆگەنو لەوانەیە نزیکەی بیستو پێنج هەزارکیلۆمەتری تەنیشت دەریای سوور بێت. لەوانەیە تەنها هەرزەکارێك بەشخوراویو ناکۆکی بەردەوامی حەزرەمەوتی بەخۆوە دیبێت بتوانێ ئەم (کلاوترۆفۆبیا[*])یە بگونجێنێو بەندەری پڕ لەنەخۆشی بەبێ یەك شەقامی قیرتاو، وەك شوێنێك بۆ قۆستنەوەی هەل تەماشا بکات. بەڵام محەمەد بن لادن لەدەوان باڵەخانە بڵندە قوڕەکانی بەدیکردبوو، دەرگای بۆیاخکراوو کۆمەڵێك کۆیلەیان هەبوو، لەلایەن ئەو حەزرەمییانەوە بنیادنرابوو لەهەموو جێگەیەك، بەهۆی بەختو باوەڕو کاری سەختەوە، سەرمایەیان پەیداکردبوو. ئەو خاوەنی ووزەیەك بوو تا بەدوای سەرمایەی خۆیدا بگەڕێت.

ئەو بەرزاییە پارێزەرانەی نێوان جەددە "تەمو مژی تەمەنێکی زۆرو شەکەتبوونیان پێوە دیار بوو بەجۆرێ لەهیچ جێگەیەکی تر بەو شێوەیە دەرنەدەکەوت". تی ئی لاورێنس، کە زیاتر بە لاورێنسی دورگەی عەرەب ناسراوە، ئاماژەی پێداوە: هەستی بەکارهێنانی درێژی هەناسەدانەوەی خەڵکێکی زۆر، ئارەقەی بەردەوامی گەرمی وەك نێو گەرماو، لەهاویندا پلەی گەرمی بەباشی بۆ سەروو سەد پلەی فەهرەنهایت بەرزدەبۆوەو کزەبایە خوێیاویەکانی دەریای سوور هەناسەیان دەخنکاند. میوانێکی بەریتانی ناڕەزایی دەربڕی بەوەی "ڕۆژنامەکان دەبنە پەڕۆ، شقارتە داناگیرسێت، کلیلەکان لەگیرفاندا ژەنگ هەڵدێنن". هەر ڕۆژێك نزیکەی پێنج هەزار وشتر بەنێو شارەکەدا دەڕۆیشتن، ئەوەیان بەرئەدایەوە کە سەرۆکی شارەوانی جەددە بەنزیکەی زیاتر لەسی هەزار پاوەند شیاکە مەزەندەی دەکرد. "کەلوپەلی نمایشکراو لەبازاڕدا ئەوەندە مێشیان بەسەرەوە بوو کەبەبێ دەرکردنی مێشەکان ڕەنگی کەلوپەلەکانت نەدەزانی". حاجییەکی فارس بەناوی (حسێن کازمزادە) نووسی."لەئێوارەدا کاتێ دووکانەکان دادەخرێت، مێشەکان وەکو بازرگانەکان دەڕۆن بۆ خانووە تایبەتەکان تا بەدوای نێچیری خۆیاندا بگەڕێن".

---

[*] کلاوترۆفۆبیا: واتە ترس لەشوێنی تەسك. (وەرگێڕ)

بۆ زیاتر لەهەزار ساڵ جەددە وەك دەروازەی شاری مەككە رۆڵی گێراوە. لەناو شارەکە ژمارەیەکی زۆر حاجی لەفیستڤاڵی ساڵانەی حەجدا ئامادە ئەبن- ساڵانە لەکۆتایی سەدەی بیستدا دەگەیشتنە سەدەها هەزار. ئەوان موسوڵمانی هەمەڕەنگی پێشینە ئەفریقایی، رۆژهەڵاتی ئاسیا، هیندستانو ئەوروپا بوون. ئەو حاجییانەی لەو ساڵە هاتن ژمارەیان زۆر کەمتر بوو. بەلەمی سەوڵ کە بە"سامبوکس" ناودەبرا تازە گەیشتووەکانی دەپەڕاندەوە لەو کەشتیانەی لەئاوی قووڵی بەندەردا لەنگەریان گرتبوو. لەسەر شۆستەی بەندەرەکە، کۆڵکێشو رێبەرەکان بۆ بینا ناخۆشەکان پەلەیان لێدەکردن کەلەوێدا بەپێی رەسەنی نەتەوەییان جیادەکرانەوە. وەك حاجی ئەمین ریهانی لەساڵی ١٩٢٢ دا نووسی زۆرێك لەو حاجییانە پاش ئەوەی خواپەرستی خۆیان ئەنجامدابوو لەجەددە مانەوە، وەچەکانیان بەتەواوی ناوچەکەیان، کە بەحیجاز ناسرابوو، بۆ ناوچەیەکی فرەزمانی"تێکەڵوپێکەڵی مرۆڤایەتی کە ئیسلامی لە هەموو سوچەکانی ئەم جیهانەدا لێکۆببووەوە" گۆڕیبوو. لەشاری جەددە دەوڵەمەندیو هەژارییەکی لەڕادەبەدەر هەبوو، کازمزادە ووتی"خەڵکی دەوڵەمەند دەبینیت چەندین پاوەند ئەدەن بەشووشەیەك عەتر، هەر هەمووی ئەکەنە دەستیانەوەو لەناکاو دەڕۆن. لەلایەکی تریشەوە خەڵکانێك هەن لەحاڵەتێکی تەواوی بەشخوراویدان، بەرووتی لەسەر شەقامەکان پاڵکەوتوون، لەسێبەری دەوەنەکاندا بەدوای کەمێ ئاسوودەییدا وێڵن. ئەو خێزانانەی دەوڵەمەندتر بوون لەخانووەکانی شاردا دەژیان کەلەسەر ستایلی تورکی بوو بەشیلان رازێنرابوونەوە کەلەهێڵی قەراغ دەریا هەڵکەنرابوونو چوارچێوەی تەختەی پەنجەرە کە ناوەوەی فێنك دەکردەوەو ژنانی بەنەبینراوی دەهێشتەوە لەچاوی رێبواران ئابلۆقە درابوون. خەڵکانی هەژار قوماشیان لەخۆیان دەپێچاو لەکەناره لمەکانی جەددەدا دەنووستن.

پەتای کۆلێرا بەخێرایی بەهەموو شارەکەدا بڵاوبۆوە. دەسەڵاتدارانی تەندروستی گشتی ئەوروپای نوێ دانیان بەوەدانا کە کۆچکردنی نێودەوڵەتی بۆحەجو لەحەجەوە ئەگەری سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی پەتاکەیە. دەسەڵاتە کۆلۆنیەکان تێکۆشان تا سیستەمێکی کارپێکراوی جیاکردنەوەی کەسانی نەخۆش لەکەسانی تەندروست بێننە ئاراوە. دکتۆرێکی عوسمانی هەوڵیدا چارەسەری بەڵای کۆلێرا بکات کە لەدەوروبەری وەرچەرخانی ئەم سەدەیەدا بۆی دەرکەوت کەجەددە "گۆڕستانێکی مەزنە کەلێوانلێوە لەجەستەی مردووان کە کاروان

سەراکان، مزگەوتەکان، کافتریاکان، خانووەکانو شوێنە گشتییەکانی پڕکردبوو". دکتۆرەکە "لەهاواری پیاوانو ژنانو منداڵان تۆقیبوو کە لەگەڵ نەرەی وشترەکاندا تێکەڵبووبوو".

هاری ئێس تی جۆن بریجەر فیلبی سەرچڵێکی بەریتانی بوو هەرزوو لەگەشەکردنی شاردا رۆڵی بەرچاوی بینی، لەهەمان کاتی محەمەد بن لادن لەماوەی ساڵانی بیستەکاندا گەیشتە جەددە. فیلبی رووبەڕووبووەوە لەگەڵ:

(تێکەڵەیەك لەدەوڵەمەندیو هەژاری، تەلاری گەورەی بازرگانیو بەڵێندەرایەتی سەرمایەداران کە دیوارەکانیان لەشیلانی پتەوو کاری نەخشونیگاری جوانی تۆڕنە بوو، لەتەنیشتەوە خانووە ناخۆشە داڕماوەکان کە بەهۆی تەمەنەوە وێران بوبوون، مزگەوتە بچووكو گەورەکان کەمنارەکانیان بەرەو ئاسمان بەرزبووبۆوە، بەدیمکرد. هەرشوێنێك دژیەکی رووناکیو سێبەر، رەونەقو پڕشنگداری بەرامبەر پیسیو ناخۆشی، تۆزو خۆڵ هەبوو، لەسەروو هەموو ئەوانەوە ئاڵای زۆربەی نەتەوەکان دەشەکانەوە. بەریتانیای گەورە، فەرەنسا، ئیتاڵیاو هۆڵەندا لەنێو دروشمە بێکۆتاکانی عەرەبی یەکگرتوو بوون).

ئابووری شار پشتی بەوحاجیانە بەستبوو کەساڵانە بڕەکەی نزیکەی ٣ ملیۆن پاوەنی بەریتانی باجیان دەداو لەم کاتەدا نزیکەی ٤ بۆ ٥ ملیۆن پاوەند قازانجی بازرگانی بۆ بازرگانەکان، خاوەن وشترەکان، رێبەرە گەشتیاریەکانو خاوەن هۆتێلەکان کە لەپێناو جزدانەکانیاندا کێبەرکێیان دەکرد، دەستەبەر دەکرد. لایەنی میواندارێکردنی شێوازی چاوچنۆکی شاری جەددە ئەفسانەیی بوو. گەشتیارێکی سەدەی ناوەڕاست بەناوی (ئیبن جوبەیر) بەگومانەوە تێبینی کرد تەنانەت بەر لەهاتنی ئاینی ئیسلام، باوکانی شار مەزارگەی گومەزداری کۆنو گەورەیان بەرز کردبووەوە بەو مەبەستەی سەرنجی گەشتیاران رابکێشن. "دەوترێت ئەمە ئارامگەی حەوای دایکی نەژادی مرۆڤایەتیە، خوا زۆرباش لەو بارەیەوە دەزانێت". لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا دەروازەی نۆکەندی سوێس دەریای سووری گۆڕی بۆ بازاڕێکی کۆلۆنی بازرگانانی ئەوروپیو ئەفریقی، عەرەبەکانو دەڵاڵە عەرەبەکان کێبەرکێی قازانجو دەسەڵاتیان دەکرد. ئەو کاتەی محەمەد بن لادن گەیشت، جەددە قەڵای فرۆشیاران بوو.

محەمەد وەك کۆڵکێشێك لەبازرگانی حەجدا دەستی پێکرد. جانتای دەستی چەرم کە بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانو جانتای سەفەر کەدواتر لەیەکێك لەئۆفیسەکانیدا هەڵواسرابوون،

بەکارهێنا. بەگوێرەی ووتەکانی نەدیم بۆ فەخرەدین کەدواتر ساڵانێك کاری بۆخێزانەکە دەکرد، محەمەدو برا بچووکەکەی ئەوەندە هەژاربوون لەماوەی رۆژەکانی سەرەتایان لەجەددە لەناو چاڵدا دەخەوتن کە خۆیان لەلەکەدا هەڵیانکەندبوو بەگوێنی خۆیان دادەپۆشی. حەسان ئەلعیسا، کەوەك کرێکارێك لەساڵانی سییەکاندا لەگەڵ بن لادندا کاری دەکرد، هاتەوە یادی کە لەسەرەتادا محەمەد دوکانێکی بچووکی خواردەمەنی بـرژاوی لـەبازاڕی نـەهزە لەبەشی دەریای کەناری شاری جەددە کردەوە کەدووکانێکی بچووك بوو یەك دوو خـواردنی فورسـی تیابوو کە لێنانیان پێویست بوو. بەسەرهاتی رەچەڵەکی بن لادن کە لەلایەن دیبلۆماتێکی بەریتانی چەند دەیەیەك دواتر نووسرا، رایگەیاند: لەو ساڵانەی سەرەتادا "فرۆشتنی خواردەمەنی هاوشێوەی ئالیك" لەوانەیە زیاتر ووتەیەکی مەجازی بێت وەك لەڕاستی.

محەمەد بۆی دەرکەوت کەپیشەسازی خانووبەرە دەستی بەبەڵێندەرایەتی کردووە، بۆیە دەستیکرد بەگەڕان بەدوای ئیشە ناجێگیرەکان لەبواری بازرگانی بیناکاریدا. ئەو شیلانو قوڕی گڵکارییەی لەدیواری خانووە چەند نهۆمییەکانی جەددەدا بەکاردەهێنرا بەئاسانی هەرەسی دەهێناو پێویستی بەنۆژەنکردنەوەو چاکردنەوە دەبوو، بەتایبەتی لەماوەی کۆتایی ساڵانی بیستەکان کاتێ ئابووری شارەکە ئەزموونێکی خۆشگوزەرانی رێژەیی بۆ ماوەیەکی کەم کرد. سەبارەت بەگەنجان، لە کانەبەردی شیلانەکانو وەك بەڵێندەری ماوەی کورت بواری کارکردنیان هەبوو.

لەساڵی ١٩٣١ بن لادن کۆمپانیایەکی بچووکی خۆی دامەزراند. ئەو کەسێکی سەرنجڕاکێش بوو خاوەنی روخسارێکی رێكو پێستێکی وەك رەنگی (قاوە)ی هەبوو. چاوە شووشە خڕەکەی سەرنجی زۆرێك لەو کەسانەی رادەکێشا کەچاویان پێی دەکەوت، بەڵام بینینی روونو گورجو گۆڵ بوو. ئەو کەسێك نەبوو سامی هەبێت، باڵای نزیکەی پێنج پێو هەشت ئینج دەبوو، رێکخەرێکی سروشتی بوو، خۆش مەحشەرو سروشتێکی باشی هەبوو، پیاوێك بوو بەهاوڕێیەتی کەسانی تر خۆشحاڵ دەبوو. ئەو لەگەڵ براکەیدا لە کۆمەڵگای حەزرەمییەکاندا رێگای خۆیان دۆزییەوەو پەیوەندییانکرد بەو کەیفو خۆشیانەی لەئارادابوون بەتایبەتی سەماکانو گروپی گۆرانیەکانەوە کە بە(زومال) ناودەبرانو نیشتمانی بیری پیاو دەخستەوە. ئەلعیسا ووتی: سەیری محەمەدو عەبدولاّم دەکرد کە لەشەوانی جەددەدا سەمایان دەکردو گۆرانیان دەووت. "ئەوان زۆر سادەبوون" (زۆمالێك)ێك هەبوو بەپێی دابونەریت کاتێ دەچڕاو

دەبوو چەکەکان لەناو دەستدا بوایە، فیشەکی ئاهەنگگێڕان بەرەو ئاسمان دەتەقێنراو دوو برا بن لادنیەکە هەمووجار بەپەرۆشەوە ئەمەیان دەکردو ئەم گۆرانیەیان دەوت:

ئەمڕۆ خوێندنگەکەم تەواو بوو

سەعاتەکەشم زێڕە

چەکەکەشم بەشەش فیشەکەوە

وەڵامی سەلامەکەمی نەدامەوە

"بن لادن خاوەنی بەهرەیەك بوو بەوەی هەستی بەچۆنێتی کەسانی دەوروبەرو مانەوەی دڵسۆزانی دەکرد"، (جێراڵد ئاورباخ) کەوتەوە یادی، فرۆکەوانێکی ئەمەریکی کەدواتر بۆبن لادن کاری ئەکرد. "ئەو دەیزانی چۆن ئەو کەسانە پەیدابکات کە دەتوانن کار ئەنجام بدەن. ئەو دەیزانی کەی خەڵکی کار دەکەن یاخود نا. ئەو لەکاتی لەدایکبوونەوە هەستێکی باشتری ئەندازیاری هەبوو یان بەرێکەوت لەزۆرێك لەو کەسانەی من بەمەبەست دەیانناسم‌و بەچەندین قۆناغی خوێندندا تێپەڕیوون". وەك ئەلعیسا دەڵێت "لەبەرئەوەی ئەو زۆرباش‌و زۆر میهرەبان بوو، هەموو پیشەکارەکان ئامادەبوون لەگەڵیدا کاربکەن".

(عەبدوڵا حشان) بازاڕە ئاڵوگۆرکارییەکانی دراوی لەگەڵ وولاتە بێگانە پرسەرمایەکانی جەددەدا بەڕێوەدەبرد، لەوێ دراوی زیوی (ماریا سێرێسا)و کانزای ئاڵتونی بازرگانی پێوەدەکرا لەنێوان نرخە کێوییەکاندا ئەمبەرو ئەوبەری پێدەکرا. ئەو لەشارە کۆنەکەدا یەکەم کاری گرنگی دایە دەست بن لادن، کە ئەویش"چاککردنەوەو نۆژەنکردنەوە" لەخانوویەکی گەورەی شاردا کە خاوەنی بوو ئەم خانووە وەك دادگایەکی نیوەکاتی بۆهەندێ لەدادوەرە ئیسلامییەکانی شاری جەددە بەکار دەهێنرا. ئەلعیسا هاتەوەیادی کە".بن لادن میحرابی دروستدەکردو شتی چاکدەکردەوە" لەپرۆژەیەکی سادەی نۆژەنکردنەوەدا."ئەوە بەختێکی تەواو بوو" نەك تەنها بەخت بەتەنیا. ئەو توانای هەبوو بەخێرایی رۆڵی کاری بەڵێندەرایەتی راپەڕێنێ بەجۆرێك کەسایەتیە دەوڵەمەندە راڕاکانی شاری جەددە دڵخۆش بکات کە پێشبینی کاری زۆرباشیان دەکرد. کاری هەشان ئەوی خستە سەر رێگە. هاوزەمان محەمەدو عەبدوڵا بەرەو خانوویەکی زۆربچووکی بەشی باکوری شارەکە رۆیشتن.

لەکاتێکدا (هەڵئاوسانی گەورەی ئابووری) لەماوەی سەرەتای ساڵانی سییەکاندا بەرپابوو، لەگەڵ ئەوەی گەشتکردن‌و گەشتیاری جیهانی هەرەسی هێنا، حەجکردن بۆمەککە لەلایەن

موسـولمانە خواناسـەکانەوە کـەمیکرد. ژمـارەی گەیشـتنی سـالانەی حاجییـان هـەروەك بازرگانییەکانی تری دەریـای سـوور بەشـێوەیەکی خێـرا دابـەزی. جەددە رووبـەرووی ماوەیـەك لەسستیو دژواری بووەوە. محەمەد بن لادن بەزوویی بـۆی دەرکـەوت کـاری ئـەو لەجـەددە وەك پێویست نایژیەنێت. بەرەو شەقامەکە کەوتەڕێ تا کارێك پەیـدا بکـات. لەوبـەر بیابانـە چـۆڵو پانو رووتەنییەکانەوە کە بەرەو رۆژهەلات بەرزبووبوونـەوە لەپشـت بەرزاییـەکانی جـەددەوە. جێگەی بەخت بوو بۆ ئەو کە گۆڕانکاری قووڵی ئابووریو سیاسی کە نیمچە دوورگەی عەرەبی گرتەوە. نەوت لەناوجەرگەی ئەم گۆڕانکارییەدا بوو لەگەڵ ئـەو پاشـا ناوازەیـەی خـاوەنی بـوو.

## ٢- گەراجی شاهانە

عەبدولعـەزیزی کـوڕی سـعود لەسـاڵی ١٩٠٢ بەشمشـێرو هەنـدێ وشـترو گروپێکـی بچـووك لەشـوێنکەوتووانی، لـەژێرناوی خێزانەکەیـدا کوێتی بەجێهێشـت تـا دووبـارە داوای شـاری ریـاز بکەنەوە، شاری ریاز دیوارەکانی لەقوڕبوونو دەکەوێتـە بـانی عـەرەبی ناوەڕاسـتەوەو دەیڕوانـی بەسەر زەوییەکی کاکی بەکاکی بێفەڕدا. بنەماڵەی سعود دووجـار فـەرمانڕەوایی ئـەم شانشـینە کەم نیشتەنییەیان کردبوو کە هەرجارەی لەلایەن یـەکێ لەدوژمنـە میسـریو عوسمانیەکانـەوە هەرەسـیان پــێ هێنرابــوو. عەبدولعــەزیز بەدرێــژایی ســەدەها میلــی چوارگۆشــە لــەپێناو بوژاندنــەوەدا بەشـداری زیـاتر لەپـەنجاو دوو جەنگـدا کردبـوو. جەنگـەکانیش زۆربـەی کـات جەنگی هەراوهوریای سـەر پشـتی وشـترو بـەپێ رۆیشـتنی بانـدێکی بـەدخۆراکی پرچـەککراوی عـەرەبی کۆچـەری بـوون بـەرەو چـادرگەکانی یـەکتری، بـەڵام دەیـانتوانی کاریگـەری خراپیـان هەبێت. لەساڵی ١٩٣٢ دا کاتێ عەبدولعـەزیز بۆدواجـار پێکهێنـانی شانشـینی نـوێی عەرەبسـتانی سـعودی راگەیانـد، زامــی بەسـوێ بــەقۆڵو جەسـتەیەوە دیـاربوو، لـەئاکامی برینـداربوونی لەجەنگدا تووشی ئیفلیجبوون بووبوو.

باڵای شا نزیکەی شەش پێو سێ ئینج دەبوو، کەسێکی چوارشانەبوو لەسـەر وشـتر لەوبـەری دۆڵە فراوانەکەوە دەبینرا. کاتێ لەدیوەخانە شاهانەکەیدا دەوەستا، لەسـەرووی ژمارەیـەکی زۆر لەنۆکەرو کۆیلەکانیەوە بوو، بەڵام ئەو زیاتر بەسەرنجڕاکێشـیەکەی نـەك لەرێگـەی هەرەشـەوە فەرمانڕەوایی دەکرد. شا بەمیوانەکانی ووت لـەوەدا لەپێغەمبـەر محەمـەد دەچێت کەسـێ شـت لەدنیادا هەن ئەو بەڕاستی خۆشی دەوێن، ئەوانیش (ژن، عەتر، نوێژ)ن. شا شوشەیەك عـەتری لەدزداشەکەیدا هەڵگرتبوو کاتێ لەگەڵ میوانەکاندا سڵاوی بکردایە دەستی پێ بۆنخۆش دەکـرد تاکو ئەو بۆنوبەرامە بگوازێتەوە. ئەو خاوەنی زەردەخەنەیەکی موگناتیسیو بەردەوام بوو کـە لەسـەر تـەختی پادشـایی دادەنیشـتو بەجۆشـەوە دەسـتی بـەو گفتوگـۆ یەکلایەنانـە دەکـرد

کەلێوانلێوبوون لەو پەندە بیابانیە (میتافۆر)* یانەی لەبارەی رێویە فێڵبازەکانو دووپشکە ژەهراوییەکانەوە بوون. عەبدولعەزیز وێڕای ئەوەش سیاسەتمەدارێکی شارەزاو چالاكو چاونەترس بوو کە لەتوانایدابوو باشتر لەهەرکەسێکی تری پێش خۆی، لەسەردەمی داگیرکاریدا، لەدژوارییە خێڵەکیو ئاینیو ناوچەیی نیمچەدوورگەی عەرەب تێبگاتو بەسەریاندا زاڵ بێت. جارێکیان شا بەمیوانێکی ووت "من پیاوی ئەندێشە نیم، من پیاوی کردەوەی راستەقینەم. من هەر ئەوەندەم هەیە".

بەهۆی دەستبەسەراگرتنی حیجاز لەلایەن عەبدولعەزیزەوە، ناوچەی رۆژئاوای نیمچەدوورگەی عەرەبو شاری جەددەش بووبووە دواقۆناغی کامپینەکەی، کاتێ لەساڵی ۱۹۲٦دا تەواوی کرد، گەورەترین خەڵات کە تا ئێستا پێی گەیشتبێ لێرەوە بوو کاتێ سەروەری شارە پیرۆزەکانی ئیسلام، مەکەو مەدینە، هەروەها سەرمایەیەکی گەورەی باج لەحاجییان کە دەگەنە ئەوێ، جگە لەمافی بەکارهێنانی بەندەری دەریای سوریشی پێ بەخشی. بەڵام عەبدولعەزیز ژیرانە دەیزانی سوپا بەزەبری سەربازە نەخوێندەوارەکانی ئەو بانەو ئەو کەسانەی تازە ببوونە موسوڵمان لەجەددەی بەجیهانیبوودا زۆر پێشوازی لێناکرێت، لەبەرئەوە هەوڵیدا بازرگانە گەورەکان بکاتە ئەندام لەبری ئەوەی لەرێگەی سەربازییەوە رووبەڕوویان ببێتەوە. شا گەمارۆیەکی یەك ساڵی سەر بەرزاییەکانی جەددەی داو دانیشتوانی شارەکەی بەجۆرێك کەمکردەوەو هەژارییەکی وای نیشاندان کە پێشتر نەیاندیتبوو. کاتێ بازرگانە رەسەنەکانی جەددە کلیلەکەیان دایە دەستی، کامپینەکە کۆتای هات. هەتا داهاتی باج بەردەوام بوایە ئەو هەر خۆی بەدووردەگرتو زیاتر حەزی بە ناوچە ئاسودە گۆشەگیرەکەی ریازی ناوەڕاستی سعودیەی دەکرد، لەوێ هەستی بەئاسایشێکی زیاتر دەکرد. حیجازو کەناری دەریای سوور بەبۆچوونی عەبدولعەزیز شوێنی بەریتانیە ناپاکەکانو ئیتاڵیە فێڵبازەکان بوو.

هەرەسهێنانی ئیمپراتۆری عوسمانی لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم، دەسەڵاتە کۆلۆنیەکانی ئەوروپای خستبووە پێشبڕکێوە بۆ وڵاتانی عەرەب، پێشبڕکێیەك کە بەهۆی زیانە ناخۆشەکانی جەنگەوە هێواش ببووەوە، بەڵام لەلایەن لۆجیکە سەرسەختەکەی ئیمپراتۆریەتەوە

* میتافۆر(Metaphor): واتای بەکارهێنانی وشە یان هێمایەك بۆ رونکردنەوەو شیکردنەوەی وشە یان هێمایەکی تر، لەکاتێکدا ئەو وشەیەی سەرەتا بۆ خۆی بەتەنها واتایەکی تەواو جیاوازی لەهێما بۆکراوەکە هەیە. (وەرگێڕ)

سـەپێنرابوو. نیمچـەدوورگەی عـەرەب هـیچ کـات لەلایـەن هـیچ سـوپایەکی ئەوروپیـەوە داگیرنەکرابوو. زۆر بێپیتو دوور دەرئەکەوت تا خـەمی بـۆ بخورێت. بەمەبەستی تـورەکردنی تورکەکان، بەریتانیا هـەتا سـاڵی ١٩٢٥ هاوکـاری عەبدولعـەزیزی کردبـوو، بـەڵام بـە هیچجۆرێك بەتەواوی لەئامێزی نەدەگرتو متمانەی پێنەدەکرد لەبەرئەوەی لەمەککە پاڵپشتی نـەیارەکانی بەریتانیای دەکرد. ئەو لەبارەی بەریتانیاوە وا هەستیدەکرد "وەك باوکێك لەکورەکەی تورەیـە، خۆزگـەی مـەرگی بۆدەخوازێت، بـەڵام هـەمان بـاوك گیـان لەدەسـت دەدات ئەگـەر یـەکێك بـەو بۆچوونەی ئەو بڵێت (ئامین)". عەبدولعەزیز دەیویست ئەمەریکییـەکان لـەداوەکانی بـەریتانیا بیپارێزنو بەسەرهەڵدانی نازی ئەڵمانیا سەرسام بوو، هەروەها تێروانینێکی تونـدو هەنـدێجار (زەنۆفۆبیـا)* ی بەرامبـەر مەسـیحییەکانو تەنانـەت زیاتریشـی بەرامبـەر جوولەکـە هـەبوو. عەبدولعەزیز بەیەکێك لەوەفـدە بیانیـەکانی راگەیانـد هێنـدەی بزانێـت ئـەو هـیچ کـات چـاوی نەبڕیوەتە کەسێکی جوولەکە. لەکاتێکدا دروستکردنی دەوڵـەتی ئیسـرائیل مشـتومڕی لـەبارەوە دەکرا، لەبەرهەڵستیکردندا میهرەبانو کۆڵنـەدەربوو. عەبدولعـەزیز رایگەیانـد "لـەم بابەتـەدا شـەرەفی مـن بەشـداریی دەبێـت". پێـی وابـوو هـەموو ناموسـوڵمانەکان متمانـەپێکراو نـینو بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕییەوە بەیەکێ لەمیوانە مەسـیحییەکانی ووت "تـۆ ویسکی ئەخۆیتـەوەو یاری قومار ئەکەیتو لەگەڵ ژنی هاورێکانت سەما دەکەیت؟"

پێدەچوو سێکس گەورەترین خۆشی یان لانی کەم گەورەترین هێزی کۆنترۆڵنـەکراوی ژیـانی ئەو بێت. لەساڵی ١٩٣٠ شا عەبدولعەزیز بە (فیلبی) راگەیاند تا ئەوکات لەگـەڵ نزیکـەی سـەدو سیو پێنـج کچو هەروەها زیاتر لەسـەدو ئەوەنـدە ژنـیش هاوسـەرگیری کردبـوو، بـەڵام سـنوری بۆخۆی دانابوو کە بەدرێژایی ساڵانی تر هەر ساڵێك لەدوو ژنی نوێ زیاتر نـەخوازێت. بـەهۆی هاوسەرگیریکردنو تەڵاقدان بەخێراییو هێشتنەوەی دەستو پێوەندو کۆیلەی زیاتر لەرەگەزی مـێ، عەبدولعـەزیز یاسـای ئیسـلامی بـەجۆرێ گـۆڕی لەیـەك کاتـدا رێگـە بەچـوار ژن بـدات. روویـەکی سیاسـیو تەنانـەت سـەربازیش لـەم جووتبوونـە سێکسـیەدا لـەئارادابوو. حکومـەتی عەرەبسـتانی سـعودی بـەهۆی هاوسـەرگیرییەوە یـەکخرابوو. وەك (مـەداوی ئەلرەشـید) ی

* زەنەفۆبیا(xenophobia)؛ لەبێگانە ترسانو رق لێبوونیان.(وەرگێر)

مێژووناس ئاماژەی پێدا "شا عەبدولعەزیز هەندێ کات کچان‌و بیوەژنە تەڵاقدراوەکانی نەیارو رکابەرەکانی پێشووی دەهێنا".

خەملاندنی ژمارەی کۆیلەکانی شانشینەکە لەچەند هەزارێك بۆ دەیان هەزار دەبوو کە بەشێوەیەکی ئاشکرا بەسەدانیان لەکۆشکەکانی شاهانەی ریازدا کاریان دەکرد. کاتێ ژنە کۆیلەیەك منداڵێکی کوڕی ببوایە ئەوا رزگاری دەبوو، لەهەندێ بۆنەی دەگمەنیشدا کوڕەکەی وەك منداڵێکی شەرعی لەقەڵەم دەدرا. لەکۆتایدا عەبدولعەزیز زانی خاوەنی چل‌و پێنج کوڕی شەرعیە کە بوونە جێنشینی شاهانەی ئەو. ژمارەی کچان‌و منداڵانی تر نەزانراو بوون.

سەرباری ئەو هەموو بێئابروویيە بەرچاوەی، عەبدولعەزیز شێوازی ژیانی سۆفیانەو لەخواترسانەی پەیڕەو دەکردو نەیدەخواردەوەو جگەرەی نەدەکێشاو رێگەی نەدەدا هاوکارەکانی ئاوریشم بپۆشن‌و رۆژانە پێنج جار نوێژی دەکرد. لەکۆشکەکەیدا دەنگی بەرزی رۆژانە بریتی بوو لەتەقەی کوپی قاوەو دەنگی بەئاوازی قورئانخوێنەکان. ئەو هەرگیز گومانی نەبوو لەوەی خوا بانگی کردبێت تا فەرمانڕەوایی ئەم شانشینە بیابانە بکات، بۆیە ئەوپەڕی توانای دەخستەگەڕ تا وەڵامی ئەو داوایە بداتەوەو پەیڕەوی یاساکانی ئیسلام بکات، بەڵام شتەکانی تر بەدەست خوابوو. ئەو شێوەیەی ئیسلام ئەو نیشانی دەدا توندو چاوپۆشی لێنەکراوبوو. لەحیجاز، پەیڕەوی شیعەو سۆفیەکان‌و هەروەها عەلمانیەکان، هەموو خوێندنگەیەکی مێژوویی دابونەریتی سونیش لەئارادابوون. بەڵام لەکۆشکی ریازی عەبدولعەزیزدا تەنها رێبازی ئاینی سادەو کۆڵنەدەری محەمەد عەبدولوەهابی هەبوو کە وتارخوێنێکی بیابانی سەدەی هەژدەیەم بوو تا رادەیەکی زۆر هەموو رازاندنەوەیەك، هونەر، مۆسیقاو تەکنەلۆژیایەك وەك بێباوەڕی رەتدەکردەوە. وەك (سامی ئەنجاوی) ئەندازیاری تەلارسازی جەددە ئاماژەی پێدا لەبیابانە بەرزە گۆشەگیرەکەی ناوەڕاستی عەرەبستانی سعودیدا "یا رۆژە یان شەو. یان سەرماتە یان گەرما. هیچ سێبەرێ بەدی ناکەیت. تەنانەت مۆسیقاش تەنها یەك ئاوازە. یان رەشە یان سپی، تۆ یان لەگەڵ منیت یان لەدژی منیت". بەڵام تامەزرۆیی ئاینی شوێنکەوتوانی وەهابییەکان بۆ شا کێشەی بەردەوامی بۆ دەخولقاند، بەتایبەتی (ئیخوان) کە میلیشیایەکی توندی چەقبەستوو بوو، عەبدولعەزیز کاتیخۆی تا بەسەر نەیارانیدا سەربکەوێت دروستیکرد. کاتێ (ئیخوان) هەڕەشەی هەڵگەڕانەوەی دژ بەعەبدولعەزیزیان کرد، چونکە هەستیانکرد بەپێوەری کتومتی ئەوان عەبدولعەزیز وەك

پێویست کەسێکی ئایندارنییە، شا رووی چەکەکانی کردە ئەوان. لەهەمان کاتدا بەو مەرامەی تەختی پاشایەتی بپارێزێت، عەبدولعەزیز پێویست بوو بەبەردەوامی زانایانی ئیسلامی (عولەمایان)ی کۆشکەکەی هێمن بکاتەوە.

عەبدولعەزیز لەگەڵ ئەو زانا ئاینیانەدا لەبارەی سەرنجراکێشیو مەترسییەکانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن مشتومڕی کرد. لەرێگەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی بەریتانیا، عەبدولعەزیز گەیشتە ئەو بڕوایەی نەخشەی سەرەتایی پەرەسەندنی پیشەسازی ئەوروپیو ریزبوونی سەرسامکەری بەرهەمەکانو کارئاسانیەکان هاتۆتە بەرهەم. گەرچی عەبدولعەزیز بەهیچ جۆرێ حەزی لەشارستانیەتی ئەوروپی نەدەکرد، بەڵام ئامێرە بچووکە سوودبەخشەکان زۆر سەرسامیان کردبوو. ئەو هەرگیز جیهانی عەرەبی بەجێ نەدەهێڵا و گاڵتەی بەپۆشاکی گرانبەهاو کەلوپەلی رازاندنەوەو خۆهەڵکێشان دەهات. لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی بیابانی لەگەڵ ئەفسەرێکی بەریتانیدا بەرەو رەشماڵێکی ئاڵۆزی کۆلۆنێلی بەکورسی رازێنرابۆوە هەنگاوی گەورەی نا، لەوێ رایگەیاند"ئێمە لەسەردەمی نوێگەریداین! کورە چا بێنە!" عەبدولعەزیز هانی دەستو پێوەندە عەرەبە کۆچەریە دزداشەلەبەرەکانی دا بۆ کورسیە هەڵکۆڵراوەکان برۆنە لای. بەگاڵتەوە ووتی"با مۆدێرن بین"، بەڵام لاساییشی دەکردەوە. لەساڵی ١٩٣٠دا عەبدولعەزیز داوای کەلوپەلی ناوماڵی ئەوروپی کردبوو بۆ(دیوەخانەکەی ریاز).

ئەو بەتایبەتی حەزی لەرادیۆ بوو کە لەو رێگەیەوە بەبێ ئەوەی کۆشکەکەی جێبهێڵێت دەیتوانی بەدواداچوونی هەواڵە ئەوروپییەکان بکات. ئەو تۆڕە بێتەلەی مارکۆنی کە شا عەبدولعەزیز لەسەرەتای ساڵانی سیەکاندا لەنیمچەدوورگەی عەرەب دەستی بەبەکارهێنانی کرد، ئامرازێکی گرنگو تەنانەت شۆڕشگێڕانەش بوو تا چاودێریو کۆنترۆڵی رووداوەکانی شانشینەکانی خۆی پێ بکات. عەبدولعەزیز وێستگەی رادیۆی لەشارە گەورەکانو ژووری ئۆپەراسیۆنی ناوەندیدا دامەزراند کە لەوێوە دەیتوانی ئاگاداری یاخیبوونی دەوروبەری ناوچەی فەرمانڕەوایەتیەکەیو دەرکردنی فەرمانو رەوانەکردنی یەکەکانی سوپاکەی بێت. عەبولعەزیز هەوڵیدا زانا ئیسلامیە زۆر بەگومانەکانی ریاز قایل بکات ئەم ئامێرە رادیۆییانە رێگەپێدراون. لەنێو شتەکانی تردا، زانا ئیسلامیەکان بەتوندی بەرهەڵستی ئەو مۆسیقایەیان دەکرد کە ئاماژەبوو بەدوا دەنگوباسەکانی (بی بی سی). لەبەرئەوەی ئەگەری پێشبینیکردنی ئەو کاتەی مۆسیقاکە دەرئەکەوت هەبوو، عەبدولعەزیز زانایانی بەوە قایلکرد کە هەڵەکە

پەیوەنــدی بەدوگمــەکانی رادیۆکــەوە هەیــە نــەك رادیــۆو پەخشــەکانو هەوڵیشــی دەدا زانــا ئاینیەکان قایل بکات کە تێلەگرافەکە سەرچاوەی جادووگەری نیە.

بزنسمانەکانی جەددە بەزۆر ئۆتۆمبێلەکانی فۆردو شۆفرلێتیان بەشا بەخشیبوو کەئـەویش بەکاری دەهێنان تا لەبیاباندا راوی ئاسکەکێوییان پێ بکات. لەکورسی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکـەی لەتەنیشت شۆفێرە دەوارنشینەکەیەوە دادەنیشتو پێشبڕکێی دەکـردو دوای بـازە راوکـەرەکانی دەکــەوت کــاتێ بازەکــان بــەرەو زەوی دەنیشــتنەوە تــا هێرشــبکەنە ســەر ئاســکەکێوییە راکردووەکـانو دەنووکیـان لەچاویان دەدا بەرلـەوەی پیاوەکـان کـاری بـەناو سـەربڕینی ئاسـکە کێوییـەکان تـەواو بکـەن. بـەهۆی خێـرا رۆیشـتنیان بـەنێو بیابانـە سـەختەکەدا، عەبدولعـەزیز بـەزوویی ئۆتۆمبێلـەکانی پەکدەخسـتو هەنـدێجار دایـدەنان تـا ژەنـگ بکـەن. لەسـاڵی ١٩٢٧دا گەراجــە شــاهانەییەکەی نزیکــەی ٢٥٠ ئۆتــۆمبێلی جــۆری فــۆردو شــۆفرلێتی تیــابوو، ئــەو ژمارەیەش هەر رووی لەزیادبوون دەکرد.

ئەو بریکـارە بازرگانـەی ئۆتـۆمبێلی فـۆردو رادیـۆی مـارکۆنی بـۆ عەبدولعـەزیز دابینـدەکرد ناوی (هاری ئێس تی جۆن فیلبی) بوو کە تا دەهات خۆی لەکۆشکی شاهانە نـزیکتر دەکـردەوەو کەشێکی پیلانگێڕیو شانۆگەریئاسای بۆ دابینکردبـوو. فیلبـی دەرچـووی زانکـۆی کـامبریج بـوو بەپلەی نایاب لەبواری زمانە مۆدێرنەکانو پەیوەندیکرد بە (سـوپای مـەدەنی هینـدی)و دواتـر لـەعیراق کـاریکرد، بـەڵام لەسـوپای کۆڵـۆنێڵی بـەریتانی وازیهێنـاو لـەبارەی ئـەو حکومەتـەوە وردەوردە بووە کەسێکی داخ لەدڵ. ئەو هێشتا بەنائومێدییـەوە هیواخوازبـوو لەئینگلتـەرا وەك یەکەمین جوگرافیناسی عەرەبیو گەشتیاری سـەردەمی خـۆی بناسـرێت. لەسـاڵانی بیستـەکاندا وەك راوێــژکارێکی نافــەرمیو کەســێکی وەرگــەڕاو بــۆ ئیســلام خــۆی بەعەبدولعــەزیزەوە پەیوەسـتکردبوو. شـا نـاوێکی تـازەی پێـدابوو بـەناوی (عەبـدوڵا). ناسـیاوێك دەڵێـت: فیلبـی "کەسێکی ریشنو تۆکمە بوو لەپۆشاکی عەرەبیدا. کەسێکی مشتومڕکەری تونـدو بـێترس بـوو، بەریتانیەکی نەگۆڕو لەهەمان کاتـدا کەسـێکی لەعـەرەب عـەرەبتر بـوو". بـەڵام سـەرباری ئـەو هەموو خۆبەزلزانیە، فیلبی "نەسەربازو نە شاعیر بـوو. جـۆرە کەسـێك بـوو هەمیشـە خـاوەنی بیرۆکـەو تێڕوانینــی جیــاواز بــوو". کــاتێ ئامــادەی کۆشــکی شــاهانەی ریــاز نەبووایــە، فیلبــی لەخانوویەکی خۆشی شـاری جـەددەدا ئـەژیا، لەوێـدا پێشـانگای ئۆتـۆمبێلی فـۆردی دامەزرانـدو کەسانی بێزراوی کۆکردەوە.

پێدەچێت لەبەرئەوەی فیلبی ئەوەندە لەبارەی حکومەتی بەریتانیـەوە بـەگومان بـوو، بۆیـە دواجار لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمـدا بـەهۆی هانـدانی کەیسی نـازی ئەڵمانیـەوە دەسـتگیر کرابێـت. عەبدولعـەزیز لەمیانـەی مامەڵـەکردنی لەگـەڵ کەسـانی ئەمـەریکیو ئەوروپیـدا بـۆ راوێژی بێلایەن هانـای بـۆ فیلبـی دەبـردو وەك دیارییـەك کچێکی کۆیلـەی پێشـکەش بـەفیلبی کردو مۆڵەتی پێبەخشی بە نیمچەدوورگەی عەرەبدا گەشت بکات، بەو مەبەسـتەی لێکۆڵینـەوە دەربارەی رووەکی ناوچەکە بکاتو بیانکاتە دۆکیومێنتو دواتر کردنیە کتێبو وانەو رادەسـتی جوگرافیناسە ئینگلیزەکانی کرد. ئەوە فیلبی بوو کە لەسالانی سیەکاندا کۆنترۆڵی دانووسـتانە بایەخدارەکانی دەکرد کە لەبارەی هەڵکەندنو مافی بەکارهێنانی ناوچە نەوتیەکانەوە بوون.

لـەماوەی جـەنگی جیهـانی یەکەمـدا وینسـتۆن چەرچـڵ سـوپای دەریـایی بـەریتانیای لەخەڵوزەوە گۆڕی بۆ نەوت، بەو هۆیەشەوە لەسەردەمی نەوتدا پارمەتی رێبەری دا. بەریتانیا پشـتیوانی خـۆی بـۆ ئێـرانو عـیراق راگرتبـوو، بـەڵام دۆزەرەوە ئەمەریکیـەکان لەرۆژهـەڵاتی ناوەڕاست تێوەگلابوون. ژێریی کۆمپانیایەکی نەوتی ئەمەریکی بەناوی (کۆمپانیـای سـتانداردی ئەمەریکی کالیفۆرنیا) (SOCAL) لەوەدا بوو فیلبی بخاتە نێو لیستی موچەوە. کۆمپانیاکە مانگانە بڕی ١٠٠٠ دۆلاری پێدەداو بـەڵێنی بەخشیشی ١٠,٠٠٠ دۆلاری دا ئەگـەر مـافی کـارکردن لەلایەن شای سعودییەوە بەدەست بێنێ، هەروەها بڕی ٥٠,٠٠٠ دۆلاری تریش ئەگەربڕێکی باشی نـەوت دۆزرایـەوەو هـەناردەکرا. بـەهۆی کڕینـی ئۆتۆمبێـلو رادیـۆ لـەفیلبی، عەبدولعـەزیز پارەیەکی زۆری فیلبی قەرزاربوو، لەبەرئەوە گرێبەستی نەوت لەگەڵ کۆمپانیـای (SOCAL) نەك تەنها سوودی بەگیرفانی فیلبی دەگەیاند، بـەڵکو تـەوژمی سـەرمایەیەکی شاراوە بـوون کـە بەهۆیەوە شا دەیتوانی قـەرزەکانی بداتـەوە. پێدەچـوو فیلبـی سـووربێت لەسـەر بـەدوورگرتنی بـەریتانیا لەعەرەبستانی سـعودی. ئـەو گرێبەسـتەی فیلبـی پارمـەتی دەڵاڵەکـەی پێـدا، لەگـەڵ کۆمپانیـای (SOCAL) لەسـاڵی ١٩٣٣دا واژۆیکـرد، ٥٠,٠٠٠ پاوەنـدی بـەریتانی کەوەك ئـاڵتون بوو، بەڵێنی بڕێکی یەکسان ئەگەر نەوت دۆزرایەوە لەبڕێکی بازرگانیدا، لەگەڵ مـافی شـاهانەی زیـاتری بـۆ عەیدولعـەزیز دەسـتەبەر کـرد. شـا بەرژەوەندییـەکی کـەمی تایبـەتی لەنەوتـدا خستەڕوو، ئەو زیاتر خولیای دۆزینەوەکانی کانزاکان، بەتایبەتی ئاو، بوو. بەڵام بۆئـەوەی پـارە بەخێزانـە مەزنەکـەی بـدات، بەمەبەسـتی دامرکانـەوەی هۆزەکـانی نیمچـەدوورگەی عـەرەبو نەیارە سیاسیەکان، شا زۆر پێویستی بە زێڕ بوو.

عەبدولعـەزیز هەرئەوەنـدەی پـارەی چـنگ کـەوت، دەسـتیکرد بەسـەرفکردنی. وەك زۆرێ لەتازە دەوڵەمەندەکان، خۆیو کوڕەکانی بڕیاریاندا لەشوێنێکی باشـترو گـەورەتر چـێژوەرگرنو بژین. لەبەرئەوە لە ریازو تەنها لەدەرەوەی دیوارەکانی، گەشەکردنی کۆشکەکان دەستی پێکـرد. لەهـەمان کاتـدا بـەرەو رۆژهـەڵاتو بەدرێـژایی کـەناراوەکانی کەنـداوی فـارس، ئەمەریکیـەکان گەیشـتبوون تـا دەسـت بکـەن بەهەڵکەنـدنی نـەوت، عەوبدولعـەزیزو کوڕەکـانی دەسـتیانکرد بەبنیادنانی خانوو، خوێندنگە، ئۆفیسو بارخانەکان. ئەوە کاتو شوێنێکی نایاب بـوو تـا ببنـە پیاوێکی لاوی کۆششکار لەبازرگانی بیناسازیدا.

یـەکێتی دارایـی بـەناوی کۆمپانیـای نـەوتی ئەمـەریکی- عـەرەب، یـان ئـارامکۆ، پێکهـات تـا چـاودێری ئـەو مافـە نەوتیانـە بکـات کـە (SOCAL) بەدەسـتی هێنـابوو. زەویناسـە ئەمەریکیەکان، ئەندازیارە هەڵکەنەرەکان، بەڕێوەبەرانی بنیادنان لە(زەهران) کە سێ سەد میل لەرۆژهەڵاتی ریازەوە دووربوون، لەنزیك تەپۆلکە لماوییەکانەوە کە هیوا وابوو رەنگە لەژێریـدا گـەورەترین سـەرمایەی نـەوت هـەبێت، نیشـتەجێ بـوون. عەرەبـە کۆچـەریەکان کـە بـەنێو بیابانەکـەدا لەشـێوەی گرووپـی بـڵاوو بەکولەمـەرگی دەژیـان بـەهۆی ئـەو کاروانـە بازرگانیانـەو بەخێوکردنی گیاندارە ماڵیـەکان بەشـێوەیەکی زانستی، رقیـان لـەکرێکاری دەبـووەوە. هەنـدێك کاری نەوتیان دەکرد، بـەڵام لـەکامپی نیشـتەجێبوونی ئـارامکۆوە خۆیـان بـەدوورگرت. سـەدەها عەرەبی تر، شـیعە لۆکاڵیـەکان، لەلایـەن عەرەبـە کۆچـەرییەکانەوە رووبـەڕووی رەگەزپەرسـتی دەبوونەوە، کۆچکەرە بیانیە هـەژارەکانی وەك بـن لادن، بەپەرۆشـەوە موچـەی مانگانـەی کـاری ئەمەریکیەکانیان پەسەند کرد.

محەمـەد بـن لادن لەجـەددەوە بـەرەو زەهـران رۆیشـتو لـەکۆمپانیای ئـارامکۆ وەك وەسـتای خشتو بینا کاری دەستکەوتو زۆر بەباشی کـاری دەکـرد. بـەگوێرەی (تـیم بارگـەر) کـە بـاوکی ئەوکاتە بەرپرسێکی ئارامکۆ بوو، سەرپەرشتیارەکەی محەمەد وەستایەکی مـل سـووری خـەڵکی ئەمەریکا بوو پێی وابوو "ئەم پیاوە زۆرباشە". تەنها لەچەند هەفتەیەکدا، ئارامکۆ بەڵێنی بـە بن لادندا بیکات بە سەرکاری گرووپی خشت دانان. پاش چەند مانگێکی کـەم دووبـارە پلەکـەیان بەرزکردەوە تا سەرپەرشـتی چـەندین گرووپـی کـار بکـات. (بارگـەر) کـە یادەوەرییـەکانی بـاوکی تۆمار دەکردو دواتر لەعەرەبسـتانی سعودی کـاریکرد، رایگەیانـد" ئـەوەی تیـابوو کـە پێویسـت بـوو. محەمـەد چـاوێکی کوێربـوو، بـەڵام دەیزانـی چـۆن سەرپەرشـتی خـەڵکی بکـاتو کارەکـان

ئەنجام بدات. دواتر پاش ماوەیەکی زۆر، پێدەچێت ساڵێك یان ساڵو نیویێکدواتر بێت، چوو بۆلای ئارامکۆو ووتی (دەمەوێت دەست بە پرۆژەی خۆم بکەم)". کارێکی سەخت بوو ئەمەریکیەکان بۆعەرەبستانی سعودی بهێنرێن تا هەر لەخواردن دروستکردنەوە تا چاکردنی پەرژین هەموو کارێکی بچووك ئەنجام بدەن. لەبەرئەوە، ئارامکۆ پشتگیری هەر عەرەبێکی دەکرد وەك بەڵێندەرێکی سەربەخۆ پەیمانی بدایە. ئەمەریکیەکان دەیانووت"لەدەرەوە بەردەوام بن، دەست پێبکەن، هەندێ کارتان پێدەدەین. هەمووکات دەتوانن بێنەوە بۆ ئێرە". کاری بەڵێندەرایەتی ئوسامە تەواو باش بەرێوە چوو بۆئەوەی بتوانێت بچێتە ریازو رۆژ لەدوای رۆژ لەوێ نیشتەجێبێت. لەدوای چەندین دەیە باسو خواسی بن لادن بووە جێگەی گرنگیپێدانی حکومەتی ئەمەریکی کە هەواڵیداوە بەوەی لەساڵی ١٩٣٥وە لەئارامکۆ سەربەخۆی وەرگرێت.

گرێبەستە بیناسازییەکان لەریازدا پشتیان بەچاکەی شا عەبدولعەزیز بەستبوو. بۆکەسێکی وەك بن لادن کارێکی زۆر ئاسان بوو لەگەڵ فەرمانڕەواکەدا پەیوەندی دروست بکات، چونکە دەیتوانی لەدیوەخانەکانی شادا ئامادە بێت کە دانیشتنێکی رۆژانە بوو هەموو کەس دەیتوانی لەژووری تەختی پاشایەتیدا دابنیشێت چاوەڕێی هەلێك بکات تا داوای کاری لێبکات.

ئەو کاتەی لەساڵانی سیەکاندا بن لادن گەیشت، ریاز شارێکی سنوور پتەو بوو، هاوشێوەی ئەوانەی کاتێ کوڕ بوو لەوادی دەوان پێیان ئاشنا بووبوو. بەهۆی گەمارۆدانی شارەکە لەرێگەی ئەو دیوارانەی لەخشتی قوڕ دروستکرابوونو بەرزی دیوارەکەیان بیستو پێنج پێ بەرزبوو، سعودییەکان لەسەر بانە تەختەکەی بیابانەکەیان قەڵای پتەویان بنیادنا. شاری ریاز بەکۆمەڵە دارخورمایەك ئابلۆقە درابوو. خەڵکی شار دەهاتنو بەنێو دەروازەکەیدا دەڕۆیشتن تا داروتەختە کۆبکەنەوە یان لەرۆژدا ئاو کۆبکەنەوە. لەشەودا لەکاتی نوێژدا دەروازەکە دادەخرا. فیلبی رایگەیاند:"دیوارەکانی ریاز ناوبەناو جۆرە دیزاینی سادەی شێوەی دانی قرشیان بەسەرەوە بوو". بەهۆی قەڵا بەرگرییە مەترسیدارەکانو بورجی قولەکانی چاودێریکردنەوە رێگری لەبەردەوامیەکەی دەکرا. خانووە دیوار ئەستوورەکان یەك لەسەر یەك بەبەرزیەوە کەڵەکە بووبوون بەدرێژایی کۆڵانە پێچاوپێچەکان کە یارمەتیدەربوون لەدروستکردنی سێبەردا. مەیدانی بازار هەبوو، بێگومان مزگەوتێکی گەورەش لەلایەن شاوە دروستکرابوو.

بەهۆی داگیرکاری حیجازو گرێبەستە نوێیەکانی لەگەڵ کۆمپانیا نوێیە ئەمەریکیەکانی نەوتدا کرابوون، عەبدولعەزیز چیتر ترسی ئەوەی نەما نەیارەکانی بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هێرشی لەناکاو بۆسەر ریاز ئەنجام بدەن. لەبەرئەوە لەساڵی ١٩٣٤ دا بۆیەکەمجار دەستیکرد بەبینادنانی دیواری شار لەدەرەوەدا. عەبدولعەزیز بەڵێندەرێکی لۆکاڵی بەکرێگرت تا چاودێری کۆمەڵگایەکی گەورەی خێزانی بکات کە تیایدا شا دانیشتنەکانی تیا ساز بکاتو رادیۆ نوێیە مارکۆنیە بێتەلەکەی ببەستێتو لانی کەم چەند کەسایەتییەکی گەورەی خێزانەکەی تیایدا نیشتەجێ ببن. کاتێ کوڕەکانی هاوسەرگیرییان کرد، لەخانوویەکی گەورەی نوێدا، عەبدولعەزیز پلانی بنیادنانی فراوانترکرد بەمەبەستی داواکردنی خانوو بۆ کوڕەکانی. کۆشکە نوێیەکەی خۆی ناونا (ئەلمورەبەع) واتا چوارگۆشە، لەکۆتایدا کاتێ لەساڵی ١٩٣٩دا کۆشکەکە تەواوبوو بینا سەرەکیەکە خانوویەکی گەورەی دوو نهۆمی سەرسوڕهێنەر بوو لەدەوری باخچەیەکی گەورەی کراوە لەوێدا دارخورمایەکی بەرز رووەو ئاسمان بەرزبوبوەوە. ژووری دانیشتنەکان لەنهۆمی دووەم بوونو ریزێك لەئەفسەرانی هاوکارە سیاسیەکانی شا، قاوە گێڕەکان، پاسەوانە کەسییە کۆیلەکان، زانایانی ئاینی، چاودێرانی گەنجینەکان، لەتەنیشتەوە بوون. هەموو پرۆژەکە، بەگەراجەکانی ئۆتۆمبێلە کورتخایەنەکانی عەبدولعەزیزیشەوە، پێویستی بەبنیادنانی چەندین بینا بوو لەو ناوچە بێ پیتەی بەئەستەم کەرەسەی بیناسازی تیا دەست دەکەوت تا پشتیوانی خواستە رۆژانەییەکانی دانیشتوان بکات. شاو راوێژکارەکانی داوای کەرەسەو هاوکاری بینیادنانیان لەهاوڕێ نوێیە ئەمەریکیەکان دەکرد، بەڵام ئارامکۆو ئەو کۆمپانیایانەی ئارامکۆ بۆ عەرەبستانی سعودی بانگهێشتی کردبوون، کۆمپانیای بیکتێل لەسانفرانسیسکۆ، سەرقاڵی بنیادنانی ژێرخانی ئابووری نەوتە نوێیەکەیان بوونو نەیاندەویست بە پرۆژە تایبەتییەکانی کۆشکی شاوە ببەسترێنەوە.

لەم کەلێنەدا محەمەد بن لادن هەڵێکی قۆستەوە. محەمەد عەشماوی هاوڕێیەکی خێزانەکە بوو بیری کەوتەوە" محەمەد بن لادن خاوەنی خەیاڵ هەبوو، ئەو پێشبینی دەکرد بەهۆی هاوکاریکردنی ئەندامەکانی شاهانە دەتوانرێت زۆر شت بەدەست بێت، بەتایبەتی شتە زۆر گرنگەکانو دەستیکرد بەبنیادنانی خانوو بۆ هەندێ لەئەندامەکانی شاهانە". شتێکی نەزانراوە کەیو چۆن بن لادن بۆیەکەمجار چاوی کەوتووە بەعەبدولعەزیز، بەڵام بەگوێرەی حساباتی سعودیە بەزوویی زۆربەی فەرمانە شاهانەییەکان ئەویان سەرپشك کرد لەبنیادنانی

پرۆژەکانی ریازدا. گرنگترین شت یەکەم کۆشك بوو لەریازدا بنیادنرا کە بەتەواوی لەبەرد دروستکرابوو، ئەمەش بووە هۆی چەندین گرێبەستی تر لەدروستکردنی گەڕەکێك بەناوی (مورەبەع). حەزرەمیەکان، بەوێنەی هاوتا لوبنانیە پێشکەوتووترەکانیان، پێشتر چێژی ناوبانگی سستەمی بەڵێندەرایەتیان کردبوو. ئەوان بەوە ناسرابوون کەسانێکن سنوور دەبەزێنن تا کارێك بەئەنجام بگەیەنن، تەنانەت ئەگەر بەتەواوی نەزانن لەسەرەتاوە چی بکەن تا کارەکە ئەنجام بدەن. ئەو بانەی دەوری ریاز بە(نەجد) ناو دەبرێتو خەڵکە رەسەنەکانی نەجدیش لەبارەی قۆڵبڕەکانی وەك بن لادنەوە پەندێکیان هەیە. " ئەگەر دەتەوێت ئەو ببێتە نانەوا، ئەبێتە نانەوا. ئەگەر بتەوێت ببێتە رێگا دروستکەر، دەبێتە رێگا دروستکەر". بەگوێرەی فەهد ئەلناسری مێژووناس، دەسەلاتی بن لادن لەم رۆژە سەرەتاییانەدا ئەوە بوو کە "هەمیشە ئامادەبوو، ئەو خەڵکێکی زۆری دەهێنا تا کار بکەن. محەمەد بن لادن هەڵەی زۆری دەکرد، بەڵام فێربوو چۆن بەخێرایی کار بکات. ئەگەر پێویستی بە دە کەس بووایە، سەد کەسی دەهێنا".

لەماوەی هەڵایسانی گەورەی ئابوریدا ئەگەر بەئەستەمیش بێت مافی پاشا لەبەرامبەر بەکارهێنانی زەویدا زیانی پێگەیشت. هەرچەندە جەنگی جیهانی دووەم ناردنی شمەکی لەرێگەی کەشتیەوە وەستاند، لەو کاتەدا عەرەبستانی سعودیە ئامادەبوو یەکەم هەناردەی پڕبایەخی نەوت بگەیەنێت. ئەمەش رێگری لەشا نەکرد لەبنیادنانی کۆشکەکانیو هاوردەکردنی کەلوپەلە بێسوودەکان. شا وەك پێویست خاوەنی خەزێنەی ئاڵتون نەبوو هەروەها قەرزێکی زۆری بازرگانە تایبەتییەکانی لابوو. لەکاتێکدا کەشتیە جەنگیەکان لەزەریای ئەتڵەسیو شوێنی تر هێزە دەریاییەکانی بەریتانیایان تەفروتونا کرد، ئازووقەی خۆراك بۆ عەرەبستانی سعودی پێشبینی نەکراوبوو، برسێتی هەڕەشەئامێز بوو بۆ سەر بیابانە ناوخۆییەکە کە لەوێدا تەنانەت لەباشترین کاتیشدا خەڵکی لەسەر پاشماوە دەژیان.

حکومەتەکەی چەرچل مەسەلەی گرنگترو زۆر زیاتری بەپەلەی لەپێش بوو، بەتایبەتی لەسالانی سەرەتای جەنگە بێهیواکەدا، بەڵام لەندەن لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٠دا پشتیوانی خۆی بۆ عەبدولعەزیز هێشتەوە بەو مەرامەی پەشیمانی بکاتەوە لەوەی بەدوای هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەڵمانەکاندا بگەڕێت. دواجار بەریتانیا لەماوەی جەنگەکەدا نزیکەی ٣٨ ملیۆن دۆلاری دایە شا تاکو وەك دڵسۆزێك بیهێڵێتەوە. حکومەتی ئەمەریکی لەساڵی ١٩٤٣ دا لەهاوکارییەکی زیادەی ١٣

ملیۆن دۆلاریدا بەشداریکرد. کاتێ پێدەچوو لەشکستی ئەڵمانیا دڵنیابێت، نەخشە داڕێژەرانی ئەمەریکی وەك شوێنێکی شیاوو خاڵێکی گواستنەوەی پێشبڕکێ لەسەرنەکراو بۆ هاندانی خەڵك و شمەك بەرەو ئاسیا چاویان لەشانشینەکە بڕی. یاداشتی هەرە نهێنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ روزفێلت لەبەرواری ٢٢ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٤ پلانی پرسی هاوڕێیەتیکردنێکی نوێ و پەیوەستبووی لەگەڵ عەبدولعەزیزدا خستبووە روو:

(حکومەتی عەرەبستانی سعودی بەهێزو سەربەخۆ لەرۆژهەڵاتی نزیکدا، کەمتر چاوەڕوانکراوە ببێتە قوربانی شەڕەنگێزییەك کە جەنگ بەدوای خۆیدا دێنێت، وەك لەوەی حکومەتێکی لاوازو هەڵوەشاوە بێت لەبەرامبەر هەر تێپەڕاندنێکی ئابووری و سیاسیدا کەئەگەری فەوتانی هەبێت. سەرمایەی مەزنی نەوتی عەرەبستانی سعودی کە ئێستا لەدەستی ئەمەریکیەکاندایە پێویستە بپارێزرێ و گەشەی پێبدرێت. دەسەڵاتە سەربازییەکان لەعەرەبستانی سعودیدا سەبارەت بە جەنگ لەنموونەی مافی بنیادنانی فرۆکەخانە سەربازییەکان بەپەلە داخوازی دامەزراوەی دیاریکراو دەکەن).

ئەم بیرۆکەیە روزفێلتی هاندا لەکەشتی سەربازی کوینسی (USS Quincy) لەسەر رووی دەریای سوور لەشوباتی ١٩٤٥دا چاوی بەعەبدبولعەزیز بکەوێت. هەشت کەشتی و چل و دوو کەس لەدەستو پێوەندەکە لەسەر کەشتی جەنگی ئەمەریکی شوێن پاشا کەوتن. روزفێلت کەسێکی سەرنجڕاکێش و هاوسۆز بوو. ئەو لەگەڵ عەبدولعەزیزدا بەزوویی سەبارەت بەسەرسامییەکانی کورسی پەککەوتەوە پەیمانیان بەستو سەرۆکیش یەکێك لەنوێترین نموونەی وەك دیارییەك پێشکەشی شا کرد. وەك راشیل برۆنسۆن دەڵێت لەبابەتە گرنگەکانی وەك (نەوت، خوا، زەوی و زار)دا "گەیشتنە رێکەوتننامەیەکی گەرم و ئاسان".

ئەو ئەمەریکیانەی دەستیان بەگەشتکردن بۆ ریاز کرد تا لەگەڵ هاوپەیمانە نوێیەکانیان راوێژ بکەن پاشایان بەکەسێکی نایاب لەقەڵەمدا کە لەوانەیە فێڵبازو هەندێکات سەرسامکەریش بێت. بەشێوەیەکی گشتی ئەوان سەرسامی زەوییەکەی بوون، چونکە هەروەك بروسکەیەکی نهێنی وەزارەتی دەرەوە دەڵێت"رەنگە عەرەبستانی سعودی بچوێنرێت بەو کەشتیە ئاسمانیە هەڵگرانەی لەم بەر بۆ ئەو بەری هێڵە هەواییە سەرەکییەکانی جیهاندا کشاون".

خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆن بەلووعەی نەوتی شانشینەکەی کردەوە. لەساڵی ١٩٤٩ دا ڕێژەی هەناردەی نەوت رۆژانە لە ٣٠,٠٠٠ بەرمیلەوە گەیشتە ٤٧٦,٠٠٠ بەرمیل. عەبدولعەزیزی بەساڵاچوو بووە خاوەنی بڕێکی بێشوماری زێڕو زیو، خۆیو کوڕەکانیو راوێژکارەکانی زۆر بەخۆشی رایاندەبوارد. محەمەد بن لادن بۆ جەددە گەڕایەوە کە لەلایەن نزیکترین راوێژکاری ئابوری شاوە بەناوی عەبدوڵا سلێمان بانگکرابوو کە بانگهێشتی کرد تا لەکۆشکێکی شاهانەی نوێدا بەناوی (ئەلخوزام) کاربکات کە شا بڕیاریدابوو لەدووری نزیکەی سێ میل لەدەریاوە لەدەرەوەی دیوارە کۆنەکانی شاری جەددەدا دروستی بکات. ئەوەش بینایەکی دوو نهۆمی گەورە بوو بەداری درێژو ئەستوورو بەبەردی بن دەریا بنیادنرابوو کە بنمیچی ٢٠ پێ، پەنجەرەی شووشە رەنگکراو، پێ پلیکانەی دووانی بەرەو نهۆمی دووەم بۆ ژووری کۆبوونەوەکان هەبوو. عەبدولعەزیز لەشەستەکانی تەمەنیدا بوو کە زیاترو زیاتر پشتی بەعەرەبانەکەی دەبەست. لەکۆشکی (موڕەبەع) لەشاری ریاز، راوێژکارەکانی (ئاسانسێر)ێکیان بۆدانا تاکو بۆ نهۆمی دانیشتنەکە بەرزی بکاتەوە. ئەو گرفتەی ڕووبەڕووی بەڵێندەرەکانی جەددە بووەوە بریتی بوو لەوەی شا نەیدەتوانی بەشکۆمەندیەوە بەسەر ئەو پێ پلیکانانەی زەویدا سەربکەوێت کە ئەوان دیزاینیان کردبوو. محەمەد بن لادن هاوکاربوو لەچارەسەرێکی ئاقڵانەدا ئەویش لەرێگەی پێچێکی بازنەیی لەبەرد کە هەر لەدەروازەی کۆشکەکەوە هەتا نهۆمی دووەم درێژ دەبۆوە کە فراوانو وەك پێویست پتەو بوو بۆئەوەی عەبدولعەزیز بتوانێت یەکێك لەفۆردەکانی راستەوخۆ بەرەو ژووری کۆبوونەوەکەی لێبخوڕێتو لەئۆتۆمبێلەکەی دابەزێتو بچێتە شوێنەکەی خۆی.

(والان ستیگنەر) کە لەو ساڵانەدا میوان بوو، رایگەیاند جەددە وەك شارێکی پڕهەرا مایەوە کە "لوورەو زەڕینو وەڕین دەنگەدەنگو پشێوی دەنگی ئاژەڵانی تیابوو کە هەندێجار لەنیوەشەودا تەقەدەکرا وەك هەندێ لە ئینگلیزە پەستبووەکان گوللەیان دەنا بەو سەگانەی بێلانە بوون لەو ناوە دەوروخولیان دابوو"، بەڵام وەك دیبلۆماتێکی ئەمەریکی هەواڵیدا، شارەکە بە(دیاردەی گەشەکردنی بیناکاری)دا گوزەری دەکرد. (دامەزراوەکان) لانی کەم ئەگەر پێکهاتەیەکی تەواویش نەبن، بەزوویی پەرەیان سەند. بەڵێندەرەکان بەتوندی ناڕەزاییان دەربڕی سەبارەت بەنەتواناییان لەبەدەستهێنانی ئەو کەرەسە بیناسازیانەی کەزۆر پێویستن.

بن لادنو براکەی بەرەو کۆمەڵگەیەکی فرە نەۆمی بەشی باکوری شاری جەددە گواستیانەوە، لەوێدا محەمەد هەموو رۆژ چاوی بەبەڵێندەرە لاوەکیەکان دەکەوت کە لەبارەی فرۆشو قەرزەکانەوە مشتومڕیان دەکردو هێزی کاری کۆدەکردەوە. محەمەد ئەوەندە خۆشگوزەران بوو یەکەم ئۆتۆمبێلی خۆی کڕی، بەڵام وەك سەرکارێکی بەکار لەشوێنی کاردا لەگەڵ کرێکارەکانی گۆرانی دەچڕیو دوودڵ نەبوو لەوەی لەگەڵیاندا کار بکات. کێشی ئەو گرێبەستانەی ئەو بردیەوە مانای ئەوەبوو هەتابێت پێویستە خۆی بۆ بەڕێوەبردن تەرخان بکات کە داخوازی لەو دەکرد نوسەر دابمەزرێنێ لەبەرئەوەی بن لادن بەئەستەم دەیتوانی بخوێنێتەوەو نەیدەتوانی بنوسێت. حەسان ئەلعیسا لەو ماوەیەدا کاری بۆ بن لادن دەکرد، یادی کەوتەوە: "ژمارەیەکی زۆر لەتەلارسازانو ستافەکە دەهاتنو دەرۆیشتنە دەرەوەی خانووەکە. جەددە بووە شارێکی سەرقاڵ". بازرگانی بیناسازی شارەکە بەسەر چەند یەکەیتیەکەدا دابەشکرابوون هەریەکەیان لەلایەن شێخێکەوە چاودێری دەکرا کە کۆنترۆڵی کرێکارانو شاگردێتی دەکرد. بن لادن لەگەڵ هەموویاندا رێکدەکەوت. ئەلعیسا هاتەوە یادی "بۆهەموو کەس کار هەبوو. دارتاشەکان، گەچکار، ستیلکار، ئاسنگەر، بۆ هەموو پیشەیەك". لەم ماوەیەدا بڕێکی کەم چیمەنتۆ لەشاردا بوو، کەرەسەی باوی بیناسازی بریتی بوو لە شیلان، کە لە چوار یان پێنج کانەبەردی دەریاوە وەرگیرابوون. بن لادن یەکێك لەو کانە بەردانەی کڕیو بەکرێ دای بەهاوڕێیەکی بۆ بەدەستهێنانی کەرەسەی متمانەپێکراو کە بۆ شوێنی بیناکارییەکانی بەکاریدەهێنا.

محەمەد بن لادن بۆیەکەمجار وەك پێویست هەستی بەدڵنیایی دەکرد تا هاوسەرگیری بکاتو لە کۆتایی سییەکانی تەمەنیدا بوو کاتێ لەجەنگی جیهانی دووەمدا یەکەم ژنی هێنا. هاوسەرەکەی لەساڵی ١٩٤٣دا کچێکی بوو بەناوی عائیشە. بن لادن ژنی دووەمی بەناوی فاتیمە ئەحمەد موحسین بەحرەس هێنا، کە تەمەنی نزیکەی نۆزدە ساڵ دەبوو لەخێزانێکی ناسراوی شاری مەککە بوو کە لەحەزرەمەوتەوە بەرەو عەرەبستانی سعودی کۆچیانکردبوو. کاتێ فاتیمە لەساڵی ١٩٤٤ یان ١٩٤٥ (ساڵەکە نەزانراوە) کوڕێکی بوو، بن لادن کوڕەکەی ناونا سالم، بەناوی هاوڕێیەکی نزیکی لەجەددە کەناوی سالم بن مەحفوز بوو.

بن مەحفوز پیاوێك بوو سەر بەهۆزی کیندە بوو لەحەزرەمەوت. لەساڵی ١٩٠٦ لەخێزانێکی هەژار لەگوندی (خریخر) لەوادی دەوان لەبەشی باکوری دۆڵەکە لەدووری نزیکەی ٣٠ میل لەشارە رەسەنەکەی محەمەد بن لادن بەناوی (رەبات بەشان) لەدایك بووبوو. لەتەمەنی شەش

ساڵیدا بەیاوەری براکانی بۆشاری مەککە بەپێ ڕۆیشتبوو، گەشتێك کە شەش مانگی خایاندبوو. لەساڵانی سییەکاندا بەرەو جەددە بەڕێکەوتو لەکاری پڕسەرمایەی ئاڵوگۆڕی بیانیدا دەستبەکاربوو. لەکاتی گەشەی بیناکاریدا، بن مەحفوز وەك چاودێری پارەی بن لادن کاری دەکرد کە ئەویش زاراوەیەکی نابەجێیە لەو شانشینەی کە لەوکاتەدا هیچ بانکێکی فەرمی لەئارادا نەبوو لەوێ کە هەموو کارە بازرگانیەکان لەڕێگەی پارەی کاشەوە جێبەجێ دەکران، لەوێ کە پارەی کانزاو دراوی جۆراوجۆر هەبوونو پاشەکەوتکردن شێوەی زێری تایبەتی هەڵگیراوی لەخۆ دەگرت. وەك هێمایەك بۆ هاوڕێیەتیانو پەیمانی بازرگانیان، محەمەد بن لادن نەك تەنها یەکەم کوڕی بەناوی سالمەوە ناونا، بەڵکو بن مەحفوزیش یەکەم کوڕی خۆی ناونا محەمەد.

بن لادنی گەنجی ئەندامی هۆز دەستیکرد بەگەشتکردن تا لەهەمان کاتدا سەرپەرشتی کاری بیناکانی ریازو (ئەلخەرج) بکات، ئەوەش کۆمەڵگایەکی ئەزموونی ئاودێری کشتوکاڵی بوو لەلایەن عەبدولعەزیزەوە لەباشووری ریاز دامەزرێنرا. پڕۆژەکانی هەتا دەهات ئەویان لەپەیوەندی نزیکی شاوە نزیك دەکردەوە. رۆژێکیان خانوویەك کە خشتەکانی بەقوڕ دروستکرابوو لەشوێنی کاری بن لادن لە(ئەلخەرج) هەرەسی هێناو یەکێك لەکرێکارەکانی کوشت. بەگوێرەی ئەلعیسا کە بۆچەند ساڵێکی دواتریش پەیوەندی نزیکی لەگەڵ خێزانەکەدا هەبوو، قوربانیەکە بێوەژنێكو کوڕو کچێکی بەجێ هێشت. بن لادن منداڵەکەی هەڵگرتو خۆیکرد بە دیوەخانەی پاشادا لەشاری ریاز، منداڵەکەی نابووە سەرشانیو بە عەبدولعەزیزی ناساند. محەمەد ووتی: "ئەمە لێپرسراوێتی منە بۆ تۆ لەبەردەم خوای گەورەدا". عەبدولعەزیز منداڵەکەی دایەوە دەستیو ڕێنمایی کرد"بڕۆ لەشاری مەککە خانوویەکیان بۆ بکڕە. بن لادن ئامادەکارییەکانی ئەنجامداو بێوەژنەکە ماڵی گواستەوەو بەدرێژایی تەمەنی موچەی شاهانەی پێدەگەیشت.

بن لادن تەنها بەڵێندەری شا نەبوو، بەڵکو یەکێك بوو لەخاوەن قەرزەکانی. لەساڵی ١٩٤٩ دا خەملاندنی نزیکەی قەرزی خێزانە شاهانەییەکە لەبازرگانو کۆشك دروستکەران گەیشتە نزیکەی ٢٠ بۆ ٤٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی. سعودی کوڕە گەورەی عەبدولعەزیز لەو ساڵەدا بۆکۆشکە نوێیەکەی لەشاری ریاز فەرمانی چێشتخانەیەکی ئەمەریکی ٢٥٠,٠٠٠ دۆلاری دەرکرد. سلێمانی وەزیری دارایی کە بن لادن کاری بۆدەکرد، بەبودجەیەکی ٦٠٠,٠٠٠ دۆلارییەوە

بەمۆڵەتی پزیشکی بەرەو پاریس کەوتەڕێ. لەساڵی ١٩٤٩ خێزانە شاهانەییەکە مانگانە زیاتر لە٤٠,٠٠٠ پاوەنی ئیستەرلینی بەریتانی سەرفکردبوو. بالیۆزی بەریتانیا خەملاندی و "پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە زیاتر زۆرێك لەسەرمایەکەی هەڵلوشی، بەڵام بەگشتی ناتوانرێت بوترێت کەپێداویستی راستەقینەی وڵات بەبەراورد بەپێشکەوتن بەتەواوی رەچاوکرابوو". لەڕاستیدا هەندێکات بەهای پرۆژەکانی خێزانە شاهانەکە جێگەی گومان بوون و لەلایەن کەسانی نەشارەزاوە سەرپەرشتی دەکران. ئەو پرۆژانەی بەتایبەتی جێگەی مشتومڕ بوون بریتی بوون لە"کۆشکەکانی شاری ریاز و مەککەو شوێنانی تر کە لەپێناو خێزانە گەورەکەی پاشادا بنیادنرابوون".

رەنگە گەشەکردنی پاش جەنگ سوودی بەهاوڵاتیانی دەستکورتی عەرەبستانی سعودی نەگەیاندبێت، بەڵام هەلێکی بەمحەمەد بن لادن داو ئەویش قۆستیەوە.

بن لادنی گەنجی ئەندامی هۆز دەستیکرد بەگەشتکردن تا لەهەمان کاتدا سەرپەرشتی کاری بیناکانی ریاز و (ئەلخەرج) بکات، ئەوەش کۆمەڵگایەکی ئەزموونی ئاودێری کشتوکاڵی بوو لەلایەن عەبدولعەزیزەوە لەباشووری ریاز دامەزرێنرا. پرۆژەکانی هەتا دەهات ئەویان لەپەیوەندی نزیکی شاوە نزیك دەکردەوە. رۆژێکیان خانوویەك کە خشتەکانی بەقوڕ دروستکرابوو لەشوێنی کاری بن لادن لە(ئەلخەرج) هەرەسی هێناو یەکێك لەکرێکارەکانی کوشت. بەگوێرەی ئەلعیسا کە بۆچەند ساڵێکی دواتریش پەیوەندی نزیکی لەگەڵ خێزانەکەدا هەبوو، قوربانیەکە بێوەژنێك و کوڕو کچێکی بەجێ هێشت. بن لادن منداڵەکەی هەڵگرت و خۆیکرد بە دیوەخانەی پاشادا لەشاری ریاز، منداڵەکەی نابووە سەرشانی و بە عەبدولعەزیزی ناساند. محەمەد ووتی:"ئەمە لێپرسراوێتی منە بۆ تۆ لەبەردەم خوای گەورەدا". عەبدولعەزیز منداڵەکەی دایەوە دەستی و ڕێنمایی کرد"بڕۆ لەشاری مەککە خانوویەکیان بۆ بکڕە. بن لادن ئامادەکارییەکانی ئەنجامداو بێوەژنەکە ماڵی گواستەوەو بەدرێژایی تەمەنی موچەی شاهانەی پێدەگەیشت.

بن لادن تەنها بەڵێندەری شا نەبوو، بەڵکو یەکێك بوو لەخاوەن قەرزەکانی. لەساڵی ١٩٤٩ دا خەملاندنی نزیکەی قەرزی خێزانە شاهانەییەکە لەبازرگان و کۆشك دروستکەران گەیشتە نزیکەی ٢٠ بۆ ٤٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی. سعودی کوڕە گەورەی عەبدولعەزیز لەو ساڵەدا بۆکۆشکە نوێیەکەی لەشاری ریاز فەرمانی چێشتخانەیەکی ئەمەریکی ٢٥٠,٠٠٠ دۆلاری دەرکرد.

سـلێمانی وەزیـری دارایـی کـە بـن لادن کـاری بـۆدەکرد، بەبودجەیـەکی ٦٠٠,٠٠٠ دۆلارییـەوە بەمۆڵەتی پزیشکی بەرەو پاریس کەوتـەڕێ. لەسـاڵی ١٩٤٩ خێزانـە شـاهانەییەکە مانگانـە زیـاتر لــە٤٠,٠٠٠ پــاوەنی ئیســتەرلینی بــەریتانی ســەرفکردبوو. بــاڵیۆزی بــەریتانیا خەملانــدیو "پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە زیاتر زۆرێك لەسەرمایەکەی هەڵلوشـی، بـەلام بەگشـتی ناتوانرێـت بوترێـت کەپێداویسـتی راسـتەقینەی ولات بەبـەراورد بەپێشـکەوتن بەتـەواوی رەچـاوکرابوو". لەراسـتیدا هەنـدێکات بـەهای پرۆژەکـانی خێزانـە شـاهانەکە جێگـەی گومـان بـوونو لەلایـەن کەسانی نەشارەزاوە سەرپەرشتی دەکران. ئـەو پرۆژانـەی بەتایبـەتی جێگـەی مشتومڕ بـوون بریتی بوون لە"کۆشکەکانی شاری ریازو مەککەو شوێنانی تـر کـە لـەپێناو خێزانـە گەورەکـەی پاشادا بنیادنرابوون".

رەنگـە گەشـەکردنی پـاش جـەنگ سـوودی بـەهاولاتیانی دەسـتکورتی عەرەبسـتانی سـعودی نەگەیاندبێت، بەلام هەلێکی بەمحەمەد بن لادن داو ئەویش قۆستیەوە.

## ٣- هاوبەشە بێ دەنگەکان

عەبــدوڵا ســلێمان لەعەرەبســتانی سـعودی بووبــووە دەســەڵاتداری دووەم لەتــەك شــاداو دەوڵەمەندیەکەی لەخەیاڵ دەرچوو بوو، سەروەتو سامانەکەشی بەرێکەوت بوو. وەك پیـاوێکی گەنج لەشارۆچکەیەکی دڵڕفێنی دەشتی نەجدەوە بۆ بۆمبای هاتوچۆی دەکردو لـەوێ کـاری بـۆ بازرگانێکی عەرەب دەکرد. پاشتر لەبەحرەین لەکاری بازرگانیدا شکستی هێناو گەڕایـەوە وولات تا یارمەتی مـامی، کـە بازرگانێـك بـوو، بـداتو چـاودێری کاروبـاری دارایـی شـا عەبدولعـەزیزی دەکرد. کاتێك لەناکاو مامی مرد، سلێمان بووە وەزیـری دارایـی شـا، کەپۆسـتێکی شایسـتەیە بـۆ پیاوێك کە لەو رۆژانەداو پێش سامانی نەوت، کاری سەرەکی چاودێریکردنی سندوقێك بوو کـە هەرچـی پـارەو زێرِوزیوێـك شـا خـاوەنی بـوو، تیایـدا بـوو. لەکۆتایـدا سـلێمان سەرپەرشـتی خەرجیەکانی کۆشكو داهاتەکانی شاهانەی عەبدولعەزیزی دەکرد، بەڵام شێوازەکانی ژمێریـاری کەسـایەتیە بەرزەکـەی هـەرگیز نـەگۆڕی. بـەپێی فیلبـی، سـلێمان "پیـاوێکی بچوکی لاواز بـوو، بــەڵام شــتێکی وەك سروشــی پێغەمبــەرەکانی لەگیانــدا هــەبوو". دانیــاڵ ڤــان دێــر میــوڵنی، گەشــتیارو دیپلۆمــاتی هۆڵەنــدی، نوســیبووی "ئــەو مانــدووبوونی نەدەناســیو بەهرەیــەکی راستەقینەی عەرەبی پێبەخشرا بوو کەخۆگونجاندنی بوو لەگەڵ هـەموو بارودۆخـەکانی ژیـان، بــەڵام ئەوەنــدەش بــەهێز نــەبوو تــا خــۆی بــۆ دوو دوژمنــەکانی بگرێــت کەبەشــێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هاتنە سەر رێی، ئەوانیش ویسکیو پارە بوون".

لەکۆتایی ١٩٤٩دا، سلێمان بەلایەنی کەمەوە هێندەی شا بۆ هیواکانی محەمەد بـن لادن گـرنگ بوو. بەپێی راپۆرتی دواتری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، "ئەو نازناوی هاوبەشێکی بێ دەنگـی هەبوو لەکۆمپانیا بنیاتنەرەوەکـەی بـن لادنـدا". سـلێمان، بـن لادنـی راسـپارد بـۆ دروسـتکردنی کۆشکێکی ٣ ملیۆن دۆلاری لەسەر دەریای سوور کەدەیویست تیایدا بـژی. هـەروەها ئـەم وەزیـرە کـۆنترۆڵو دەسـەڵاتی چـونە نـاو داهاتـەکانی پرۆژەکـانی بنیاتنانـەوەی هـەبوو کـە لەبودجـەی سـاڵانە بەبـەهای ١٠٠ ملیـۆن دۆلار پارەیـان بـۆ تـەرخان دەکـرا. بـەدەر لـەکاری ئاوەدانکردنـەوە لەگـەڵ سـلێماندا، بـن لادن لەلایـەکی تریشـەوە پەیوەنـدی خزمایـەتی لەگـەڵ سـلێماندا هـەبوو،

ئەویش لەڕێی محەمەد بەحریسی سکرتێری سلێمانەوە بوو کەکەسێکی حەزرەمی بوو، لەڕێی ژنخوازیەوە بن لادن پەیوەندی لەگەڵ دروست کرد. بەهۆی ئەم پەیوەندییانەوە بن لادن بەسیستمێکی گرێبەستی وا راهاتبوو کەدیپلۆماتە بەریتانیو ئەمەریکیەکانی شانشینەکە بەدەستکەوتی قەدەغە (نایاسایی) ئاماژەیان بۆ دەکرد، بەڵام ئەو سعودییانەی کەقازانجیان لێدەکرد بەشێوازێکی تەواو رێك‌وپێکی بازرگانی لێیان دەڕوانی لەووڵاتێکدا، کەهەموو زەوی‌و سامانە سروشتیەکان‌و ئەو دەسەڵاتانەی مامەڵەیان پێوە دەکرد خرابونە ژێر رکیفی دەسەڵاتی خانەوادەی شاهانەوە.

لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا سلێمان دروزێکی* لوبنانی بەناوی نەجیب صەلحە وەك یاریدەدەرێك دامەزراند بوو. هەروەك لەراپۆرتێکی ئەمەریکیدا باسکراوە کەئەم دووانە "سەروەت‌و سامانێکی تایبەتی زەبەلاحیان پێکەوە ناوە، ئەویش بە بەهەدەردانی بارو شتومەکی بازرگانی‌و کەلوپەلی تری بەرنامەی قەرزپێدانی بەریتانی بۆ هاوکاری سەربازی عەرەبستانی سعودیە". ئەو دوو کەسە، کەلوپەلە قاچاغەکانیان دەفرۆشت بەدەوڵەمەندە سعودیەکان. کاتێك بەریتانیەکان سکاڵایان کرد، عەبدولعەزیز صەلحەی دەرکردو لەوکاتەدا ئەو سەروەت‌و سامانەی صەلحە بەتەنیا لەمیسر کەڵەکەی کردبوو ٢ ملیۆن پاوەنی ئیستەرلینی بوو. شا بەئاسانی نەیدەتوانی سلێمان دەرکا، سەرەڕای ئەوەی کە شا خۆی دەیزانی راوێژکارەکەی ئاسانکاری بۆ "گەندەڵی‌و دزی" دەکات، کەچی لەبەرئەوەی بۆ بەردەوام سۆراخکردنی مەسەلە داراییەکان هێندە پشتی پێ بەستبوو کە" هەرشتێکی بکردایە رێی تێنەدەچوو بەکەمترین شێوە ڤینی لێ هەڵبگرتایە". بەرپرسێکی بەریتانی باسی پەیوەندی سلێمان‌و شای وا وەسفکرد کە"تا کۆتایی تەمەنی شا دەمێنێتەوە".

سلێمان خاوەنی کارێکی بازرگانی گەشت‌وگوزار بوو کەقازانجی لەگەشتی حاجیان بۆ مەککە وەردەگرت. ئەو لەهەموو شانشینەکەدا زەوی هەبوو، دوای جەنگەکەش دەستی بەدروستکردنی هۆتێل کرد. پلانی دروستکردنی هۆتێلێکی دا لە(دەمام) لەنزیك ئەو کێڵگە نەوتانەی ئەمەریکا بەڕێوەی دەبردن‌و هیواخوازیش بوو کە (بار)ێك‌و هۆڵێکی سینەمای تێدا بێت، پلانەکانی زۆر

---

*گروپێکی ئایینی شیعە مەزهەبن‌و بەزۆری لەچەند بەشێکی لوبنان‌و سوریاو ئیسرائیل دەژین‌و لەسەدەی (١١)ەوە دامەزراون کەباوەڕیان لەقورئان‌و ئینجیل‌و تەوراتەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە dictionary.com (وەرگێڕ)

زیادەڕەوییان تێدا بوو، چونکە زانا ئیسلامیەکانی شانشینەکە سینەماو کحولیان بەیاساغ لەقەڵەم دابوو. ئەو لەگەڵ زۆرێك لەبازرگانە سعودیەکان بووبووە هاوبەش، یەکێك لەهاوبەشەکانی لەدامەزراوەیەکی جەددەدا ناوی ئیبراهیم شاکر بوو کەئۆتۆمۆبێلو سەیارەی بارهەلگری (دۆج)ی هاوردە دەکرد. بەگوێرەی هەواڵێکی ئەمەریکی سلێمان "یەکێك لەدەوڵەمەندترین هاوڵاتییە ئاسایییەکانی عەرەبستانی سعودی بووە بەسوودوەرگرتن لەگرێبەستە چەورە زۆرەکانی حکومەت". سلێمان چەندین کێڵگەی دەستکەوت کە بەکەلوپەلی دەگمەن ئاوی دەدانو لەدەستدرێژیکردنەسەر دەیپاراستن. کاتێك حکومەتی سعودی لەهەوڵی چاککردنی ئاووئاوەڕۆی (جەددە)دا بوو بەڕاکێشانی ئاوی پاك لەیەکێك لەزەوییەکانی سلێمانەوە، ناوبراو هەستا بەداخستنی پرۆژەکەی. کحول سیماکانی پیربوونی زیاتر تیادەرخست بەبێ پێداویستیە تەندروستیە مۆدێرنەکان. سلێمان چەند جارێك بۆ ماوەی چەند مانگێك لەبەرچاو وون بوو، دواتر رایدەگەیاند کە لەڕاوە ماسی بووە لەدەریای سوور. باڵیۆزخانەی ئەمەریکا دەیگوت کەوەزیر متمانەی خۆی لەدەستداوەو ئاماژەی دەدا بەوەی "بەرێژەیەکی زۆر خەریکی خواردنەوە بووە".

شا عەبدولعەزیز هەرگیز ئەوەندەی کوڕەکانیو راوێژکارەکانی گوێی بەپارە نەدەدا، بەڵام کەجاروبار لێی دەبرا پەستو بێزار دەبوو. لەکانونی یەکەمی ١٩٤٩دا شا داوای ١٠ ملیۆن ریالی لەسلێمان کرد بۆ کڕینی دیاری ئاهەنگی هەندێك لەکوڕوکچەکانی کە لەو نزیکانەدا هاوسەرگیریان دەکرد. کاتێك سلێمان پێی ووت خەزێنە هیچی تیانیە، عەبدولعەزیز لەتووڕەییدا فێی لێهات. لەجموجۆڵێکی بەناو ریفۆرمدا، وەزیری دارایی لەلایەن نەجیب صەلحە، هاوڕێ هەلپەرستە دەوڵەمەندبووەکەی سەردەمی جەنگەوە، لەقاهیرەوە بانگکرا. حکومەتی بەریتانی "بەتایبەتی گەشبین نەبوو، بەوەی کە(گەوڕەکانی ئۆجیەن)[*] ی وەزارەتی دارایی سعودیە پاکتردەبنەوە بە گەشتنی سلێمان".

---

[*] بەپێی چیرۆکە دێرینە یۆنانییەکان، شا ئۆجیەن بینایەکی زۆر پیسو پۆخڵی هەبوو کە هەزارەها رەشەووڵاخی تێدا بەخێو دەکرد. فەرمان بە هەرقل کرا تا پاکیان بکاتەوە، ئەویش بەگۆڕینی رێڕەوی رووبارێك تا بەناو گەوڕەکاندا بڕوات پاکی کردنەوە. ئەم دەستەواژەیە، (پاکردنەوەی گەوڕەکانی ئۆجیەن) هەندێجار لە وێژەدا بەکاردێت بۆ ئەنجامدانی کارێکی زۆر قورسو ناخۆش. (وەرگێڕ)

ئەمەریکیەکانیش بەشێوەیەکی بەرچاو تێبینی ئەو ئاڵوێری بازرگانیو ئەرکو کارانەی سلێمان سەرپەرشتیاریان بوو دەکرد، وەك تەگەرەیەك بۆ پلانی واشنتن بۆ مسۆگەرکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ عەرەبستانی سعودی بەپەرەپێدانی خێرای پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو ئابوری لەشانشینەکەدا دادەنا. ئەو بودجەیەی کە بۆ کۆشکەکانو خانەوادەی شاهانەو هاوپەیمانەکانی شا تەرخانکرابوو پێنج جار زیاتر بوو لەبودجەی وەزارەتە ناکاملەکەی تەندروستی.[٦] هەندێك لەکاربەدەستە ئەمەریکیەکان لەوە دەترسان کەنایەکسانی کۆمەڵایەتیو زیادەڕەوی شاهانە ببێتە هۆی لاوازبونی دانیشتوانی سعودیە لەئاست بانگەوازە خەیاڵپلاویەکەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی نێودەوڵەتیو بچنە پاڵیان.

هەرکە لەکۆتایی چلەکاندا نەوت هەڵقولا، کۆمپانیا هاوبەشەکانی بێچتڵ تاووتوێی گرێبەستێکیان بەشێوەی "نرخی بەرهەمهێنانو هەندێك قازانج" لەگەڵ حکومەتی سعودیدا کرد بۆ جێبەجێکردنی پلانێکی گەورە بۆ یارمەتیدانی گواستنەوەی سعودیە بۆ سەردەمی سەرمایەداری مۆدێرن. بلدۆزەرە هاوردەکراوەکانی بێتچڵ دیوارە کۆنەکانی شاری جەددەیان روخاندو لەکەیان تەختکرد بۆ دروستکردنی پردی قەراغ دەریاو بەندەرو فرۆکەخانەو رێگایەکی قیرتاوکراو کەسەردانی حاجیانی لەجەددەوە بۆ مەککە خێراتر دەکرد. لەگەڵ ئەوەدا شازادە سعودیەکان رەخنەیان لەسودو قازانجەکانی بێچتڵ وەك بێشومارو رێ تێنەچوو گرتو دایەنە پۆلیس. بێچتڵیش لەلای خۆیەوە بۆی دەرکەوت کە سلێمانو شاو کوڕەکانی چاوەڕێی ئەوەیان لەکۆمپانیاکە کردووە کە ٢٤ سەعات ئامادەبێت هەرکات بانگ بکرێت بۆ چاککردنەوەی سەلاجە شکاوەکانو ئێرکۆندشنەکانو تەنانەت سەیارەکانیشیان لەکۆشکە تایبەتەکانیاندا. خانەوادەی شاهانە فەرمانیاندا بەبلدۆزەرو هەزازەکانی بێچتڵ کەدەستهەڵگرن لەکاری فرۆکەخانەو رێگەکانداو بێن بۆ هەڵکەندنی باخچەیەك لەئاست دەریادا نزم، لەکۆشکی شازادە فەیسەڵی کوڕی دووەمی شادا. لەسەرو ئەوەشەوە سلێمان لەپێدانی کرێی بێچتڵ لەپارەی حکومەت دواکەوت. لەهاوینی ١٩٥٠دا سعودیەکان ٢ ملیۆن دۆلار قەرزاری کۆمپانیاکە بوون. ستیفن بێچتڵ بەوەزارەتی دەرەوەی راگەیاند کە ئەو "سەرئێشەیەی" لەئیشی سعودیەدا توشی کۆمپانیاکەی بووە "زۆر زیاتربووە لەسودەکانی".

کوڕەکانو راوێژکارەکانی عەبدولعەزیز دوبەرەکیو دوژمنکاری لەنێوانیاندا دابەشی کردبوون ئەمەش جێبەجێکردنو رێکخستنی کارەکانی بێچتیڵی مەحاڵ کردبوو. کاتێك کارەبا

لەکۆشکە زەبەلاحەکەی سعودی کورە گەورەی شا لە (ریاز) برا، شازادە سعود لەبێچتڵ زۆر پەست بوو. لەهەمان کاتدا سکاڵای ئەوەی کرد کەفەیسەڵی برای زۆر سەربەستانە پارەی تەرخانکراوی شاهانە خەرج دەکاتو هەر بۆڵەبۆڵی لێوە دەهات. سلێمان دەستی لێهەلگرتنو رایگەیاند کەناتوانێت دەست بەسەر کورەکاندا بگرێت. لەوکاتەدا عەبدولعەزیز زۆر بێ ئاگا بوو لەو شتانە. ووزە ئەفسوناویەکەی لەگەڵ تەمەنیدا هەڵچۆرابوون، لەرۆژدا، کە بەهاوسەرو پاسەوانو خزمەتکارو بەندە زۆرەکانی تەوق درابوو، خەریکی سەرخەوشکاندبوو. بەدەست تانەی سەر هەردوو چاویەوە دەینالاندو چاوێکیانی وا بێهێز بووبوو لەکوێربونەوە نزیك بوو. ئاساییانە، گواستنەوەی شا لەکۆشکێکەوە بۆ کۆشکێکی تر بووبووە داستان، بۆ نمونە کاتێك عەبدولعەزیز لەهاوینی ١٩٥١دا خۆیو دەستو پێوەندەکەی لەریازەوە گواستیانەوە بۆ تایف پێویستیان بە سێ رۆژو پەنجاوپێنج گەشتی ئاسمانی بوو، ئەمە سەرباری کات کوشتنو خەریکبوونی هەموو فرۆکەیەك لەفرۆکەکانی هێڵی ئاسمانی عەرەبستانی سعودی.

شکستهێنانی بێچتڵ لەخۆگونجاندنی لەگەڵ شێوازی بازرگانیکردنی خانەوادەی شاهانەدا، کرانەوەی بەرووی محەمەد بن لادندا هێنایەکایەوە. ئەمەریکیەکان سەرقاڵبون بەدانەوەی قەرزەکانیان بە حسابەکانی بانکەکەیان لەنیویۆرك، بەڵام بن لادن پشتی بەستبوو بەتۆرێکی زۆر گونجاوی قەرزدەری حەزرەمی کەبنکەکەیان لەجەددە بوو. ئەمەریکیەکان دەستەوسان بوون لەئاست زیادرەویەکانی سلێمانو شازادە سعودیەکان، بەڵام بن لادن پێی وابوو عەبدولعەزیزو میراتبەرەکانی موسوڵمانی دڵسۆزنو خودا فەرمانی پێداون بۆ حوکمرانیکردنی مەککەو دەوروبەری، شارەزایانەش خۆی بەگوێرایەڵو خزمەتکارێکی بەهیممەتی ئەوان دادەنا.

لەم ساتەوەختەدا بن لادن دەستی کرد بەخۆسەلماندن بۆ لیژنەکانی زانایانی ئیسلامیش کەلەلایەن عەبدولعەزیزەوە دەستنیشان کرابوون بۆ سەرپەرشتیکردنی کارە میللیەکان لەمەککەو مەدینە. زاناکان گرێبەستیان لەگەڵ بن لادن بۆ دروستکردنی مزگەوت لە حیجاز بەست، هەر دوای جەنگی جیهانی دووەم گەشەی ئابوری گوروتینی تێکەوتەوە، ئاستی گرێبەستەکانی بن لادن بۆ کاری ئایینی هەڵکشا. لەسەردەمی پێشودا کۆمپانیا لوبنانیو میسریەکان زۆربەی کاری چاککردنەوەو نوێکردنەوەی شارە پیرۆزە ئیسلامیەکانیان بردبوەوە، ئەم کۆمپانیایانە پەیوەندییان لەگەڵ رژێمی پێشوی عوسمانیەکان هەبوو، هەروەها ئەو ئەندازیارانەیان دامەزراندبوو کە لەلایەن ئەوروپیەکانەوە راهێنرابوون. بەڵام عەبدولعەزیز

ئەوگرێبەستکارەی پێ باش بوو کەبەلای خۆیەوە پەسەند بوو. وەك راسپێردراوەکانی مەککەی پێش خۆی، شا زۆر بە وورياييەوە سپۆنسەری ئەو چاکسازیانەی دەکرد کەدەیانتوانی سەرنجی گەشتکردنی حاجیان لەسەرانسەری دنیاوە رابکێشن. بەپێی رێنمایی شا، محەمەد بن لادن لەساڵی ١٩٤٩دا بۆ بەیروت رۆشت بۆ کڕینی رەشماڵ تا خوداپەرستان لەتیشکی خۆر بپارێزێت لەکاتی نوێژکردن لەمزگەوتی گەورەی مەککەدا. لەوەدەمەی ئەحمەد فەتحوڵای بازرگانی لوبنانی، کەرەشماڵەکانی دروست کردبوو رۆیشت بۆ مەککە تا دایان بنێت، وا رێکەوت شا عەبدولعەزیزیش بگاتە ئەوێ تا کەعبە بشوات، کەعبە ئەو شەش پاڵووە رەشە پیرۆزەیە کەقیبلەی نوێژی موسوڵمانەکانە، فەتحوڵا لەیادی بوو کە محەمەد بن لادن لەنێو دەستوپێوەندەکەی شادا بوو، بن لادنو عەبدولعەزیز هەمیشەو شانبەشان پێکەوە بوون. ساڵی دواتر بن لادن دەستنیشان کرا بۆ بنیاتنانی زنجیرەیەك بەربەستو عەمباری ئاو بەبڕی تێچونی ١ ملیۆن دۆلار کەئاوی پاکی دەگەیاندە مەککە لەبیرێکی تازە دۆزراوە لەدووری ٢٨ میلەوە. کۆمپانیایەکی بەلجیکی ئەندازیارێکی ئەزموندارو بۆری پلە نایابی ئەڵمانی بۆ بن لادن دابینکرد. وەستاکان لە(وادی دەوان) خەریکی دروستکردنی تۆڕێکی نێودەوڵەتی پەیوەندی بازرگانی هاوبەشە عەرەبو ئەوروپیەکان بوون.

شا بەدەرکردنی بڕیارێکی شاهانە لەدووشەممەی ٢٤ی ١٩٥٠دا بەرزبونەوەی پۆستی بن لادنی مۆرکرد، کەتیایدا محەمەد بن لادن دەستنیشان کرا بە "بەڕێوەبەری گشتی (کاروباری بنیاتنانەوەی) شا عەبدولعەزیز"، راسپێردرا تا لەژێر دەسەڵاتی سلێمان کاربکاتو ئێستا ناوبراو ئەگەر پێویستی بەیەکێك بووبێت ئەوا یەکسەر لەبەردەستیەتی.

بۆ سەرسوڕماندنی جێبەجێکارەکانی بێچتڵ، بن لادن ئامێرە قورسەکانی کۆمپانیاکەی لەڕێگای جەددەـمەککەوە گواستەوە تا بەکاریان بهێنێت بۆ"تەختکردنی شوێنە تازەکەی نیشتەجێ بوون" کە لەنزیك دەریای سوور بۆ سلێمانی دروست دەکرد. (پەیامنێری وەزارەتی دەرەوەو بێچتڵ ئەم گواستنەوەی ئامێری بنیاتنانەوەیان تۆمارکردووە لە ١٧ی کانونی دووەمی ١٩٥١دا کە وادەردەکەوێت یەکەمجار بێت ناوی خانەوادەی بن لادن لەدۆکیومێنتێکی حکومەتی ئەمەریکیدا هاتبێت).

گەشەسەندن لەبنیاتنانی کۆشکدا کەبن لادن شارەزا بوو تیایدا، لەلایەن بیری خۆشگوزەرانی ڕۆژئاواوە کاریگەری کرابووە سەر، هەروەك لەبروسکەیەکی ئەمەریکیدا لەو زستانەدا راپۆرتی لەسەر دابوو بەم شێوەیە:

"ژمارەیەکی جۆراوجۆری خانەوادەی شاهانەو پیاوماقوڵانی حکومەتو بازرگانە دەوڵەمەندەکان دەستبلاویەکی زۆریان دەنواند لەنەخشاندنی رواڵەتی کۆشکەکانیانداو هەریەکەیان هەوڵو تەقەلای پێشدانەوەی ئەوی تریان دەکرد لەقەبارەو زیادەخەرجیو نەخشەسازی ماڵەکانی داهاتویاندا. لەزۆربەی نمونەکاندا پاریسیەکان "نەخشێنەرەکانی ناوماڵ" بەکرێ دەگیران بۆ کڕینی کەلوپەلی گرانبەهاو سەرپەرشتی کردنی رێکخستنیان".

سعودیەکان بەشێوەیەکی بەرچاو دەچوونە دەرەوەی وولاتو زەنگینی جیهانی پیشەسازیان بۆ خۆیان تاقی دەکردەوەو حەزوخوازی ئەوانیان هەڵدەگرتو لەماڵەوە چێژیان دەکرد. ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵی مەککە بەناوی (البلاد السعودیە) لەهاوینی ١٩٥٢دا لەلایەن نوسەرێکی سعودیەوە گەشتنامەیەکی بلاوکردەوە بەناوی "لەگەڵ ئەمەریکیەکان لەوولاتەکەیاندا"، نوسەر ستایشی تایم سکوێر (Time Square) دەکات وەك "گرێکی گەش یان ملوانکەیەکی ئەڵماس کەجوانکاریو رازاوەیی لەهەموو جێیەکیدا بەدی دەکرێت، ریستۆرانتەکان پڕن لەهەموو جۆرە گۆشتێك کەبەوپەڕی سەلیقەوە لەناو شوشەدا دانراون." لەهەمووی سەرسوڕهێنتر پاکوخاوێنی ئاوو ئاوەڕۆ بوو:

" لە نیویۆرك بەدەگمەن ئەگەر مێرویەکت ببینیایە، مانگی پێدەچوو تامێشێك بهاتایەتە بەرچاوت. لەوێ خەڵك باسی مەتو مێروو مێشی نەدەکرد. چەندین ساڵ تێپەڕیوەو ئێستا باسی تەلەفزیۆنو بۆمبی ئەتۆمیو داهێنانی تازە بۆ چارەسەرکردنی سیل دەکەن. وولاتە شارستانییەکان، بەتایبەتی نەتەوەکانی رۆژئاوا رێز لەدەوڵەتی تر دەگرن بەپێی پاکوخاوێنیو رێکوپێکیەکانی. ئەمەریکیەکان زیاد لەوە دەڕۆنو بەپێی ژمارەی بۆریەکانی وولاتێك خاوەنیەتی رێزی لێ دەگرن. ئەمە نابێت راستیەك بێت کەخوێنەران سەرسام بکات، چونکە بۆری رۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لەپاکوخاوێنی وولاتدا لەبەرئەوەی ئاویان پێدا دەڕواتو لەئەنجامدا لەگەردو پیسیو مەتو مێروو پاکدەبێتەوە".

زۆرێك لەسعودیەکان پێویستی نەدەکرد گەشت بۆ نیویۆرك بکەن تاببینن خانەوادە شاهانەکەیان چەند بەقوڵی خۆیان بەرازاندنەوەو جوانکاریەکانی نیویۆرکەوە لەکۆشكو

تــەلارەكانی خۆیانــدا خــەریك كــردووە، لەگــەڵ ئەوەشــدا كەمتەرخــەم بــوون بەرامبــەر خۆشگوزەرانی خەڵكیو تەنانەت بۆ بنەمای ژێرخانی نەتەوەیش.

نوســەرێكی ســعودی لــە رۆژنامــەی (الــبلاد) دا گوزارشــتێكی دەگمــەنی گشــتی نــاڕەزایی دەردەبڕێــت بــەوەی كــە"هــەژارەكانمان لــەو خێزانانــەن كــە خوویــان بەسـواڵكەریەوە نــەگرتوە، بەگران دەتوانن پیاسـەبكەن بـەلام بـێ مەبەسـتانە بەشـەقامەكاندا دەسـوڕێنەوە. برسـینو دوو سێ رۆژ دەبێت تەنانەت نمەكی نانیـان نـەكردووە. ئەمـە زیـادڕەوی تێـدا نیـە، نەگبـەتی ئێمـە دروسـتبوونی خـەڵكی سـەرمایەدارە كەئەوەنـدە چاوبرسـین دەسـتیان تـێ ناچـێت هـەوڵێك یـان شتێك بۆ خەڵكی بكەن".

نــە شــاو نــەكوڕەكانیو نەســڵێمانیش لەوەنەدەچـوو توانــای كـۆنترۆڵكردنی بـاری دارایــی شانشینەكەیان هەبوبێت. لەبەر بێزاربـون لەدرەنگكـەوتنی پێـدانی كـرێو خـراپ مامەڵـەكردن لەگــەڵ كارمەنــدەكانیو ئامێرەكــانی، ســەرەنجام بێچــتڵ وازی لەگرێبەســتەكانی كــاركردنی خزمـەتگوزاری لەگـەڵ سـعودیەدا هێنـا. بەووتـەی جێبـەجێكارێكی بێچـتڵ، نـەجیب سـەڵحەی جێگـری وەزیـری دارایـی، ٤٠٠ هـەزار دۆلاری بـۆ حسـابی بـانكی خـۆی لادا وەك بەشـێك لـەكۆتا رێكەوتن.

سولێمان بەڵێندەرێكی تری ئەمـەریكی هێنایـە گـۆڕێ بـەناوی (مایكـڵ بەیكـەر جـی ئـار) لـە (پیتســبێرگ) تــاجێی بێچــتڵ بگرێتــەوە، بــەلام ئــەمانیش هــەر زوو لەبــەر بێزاربونیــان لەدواكـەوتنی كـرێو بـانگكردن بـۆ چـاككردنی كۆشـكەكان لەهـەركاتێك بنەماڵـەی شـاهانە بیویسـتایە رۆیشـتن. نوێنـەری بـەریتانیا لەجـەددە رایگەیانـد محەمـەد بـن لادن وادەردەكـەوت "گرنگی بە وەدەرنانی بەیكەر بدات، لەكاتێكدا بەڵگەی بەردەسـتی كـەم هەیـە بـۆ ئەمـە، بـەلام ئاشــكرایە كەدامەزراوەكــەی بــن لادن بەشــداربوو لەبەشــێكی زۆری كارەكــانی بنیاتنانــەوەی حكومەتدا". دواتر كۆمپانیایەكی ئەڵمانی بەناوی (گۆڤێنكۆ) هات، پروپاگەندەیەك بلاوبـووەوە گوایە پارەی دابێتە بەحریسی سكرتێری سلێمان بەبڕی ١٠٠ هەزار دۆلار تاكاری بازرگـانی بكـات لەشانشینەكەدا، بەلام گۆڤینكۆ لەبەر هەمان هۆكارەكانی پێشوو زۆر خێراتـر لەئەمەریكیـەكان وازی لەگرێبەستی كاركردنی لەكەرتی گشتیدا هێنا.

كۆمپانیا ئەوروپیو ئەمەریكیەكان پرۆژە گرنگەكانی ژێرخانی ئابووریـیـان بەتەواونـەكراوی جێهێشت كەكاری ئەندازیاری ئالۆزوقورسیان دەویست. محەمەد بن لادن بـەخێرایی ئەنـدازیارە

ئیتاڵیو لوبنانیو فەلەستینیو عیراقیو میسریەکانی خۆی دامەزراند، هەرچەندە هیچ پێشینەیەکی لەم بوارەدا نەبوو، بەلاّم سلێمانی رازیکرد کەخۆی دەتوانێت سەرپەرشتی ئەم کارە بکات. ئەو جارێکی تر هێندە ڤایلکەر بوو شا عەبدولعەزیز لەحوزەیرانی ۱۹۵۱دا فەرمانێکی تازەی شاهانەی دەرکردو تیایدا مافی کارێکی بازرگانی زۆر سودبەخش درایە بن لادن بۆ "دروستکردنی ویستگەیەکی کارەبا لەشاری جەددە".

ئێستا بەرفراوانبونێکی تری چاوەڕواننەکراو نوقلانەی دا لەکارێکی شیاوی خودداهێنەردا، کەئەفسانەی بن لادنو بەختەوەری خانەوادەکەی مسۆگەر دەکرد.

لەو سەردەمەدا جادە ڤیرتاوکراوەکان لەهەموو عەرەبستانی سعودیەدا کەمێك بوونو ئەوانەبوون کە ئارامکۆ لەدەوروبەری کێڵگە نەوتیەکانی رۆژهەلاّتو تاکە سایدێکی خراپ ڤیرتاوکراوی ئەندازیاری لەنێوان جەددەو مەککەدا بنیاتی نابوون. کەشتیەکان لەبەندەری جەددەدا، لەداگرتنی سەدان ئۆتۆمۆبیلو سەیارەی گەورەو پاس بەردەوام بوون، بەلاّم ئەم سەیارانە دەبوایە بەبیابانەکانی شانشینەکەدا بڕۆن بەدرێژایی رێگە خراپو ئاوبردووەکانو بنکی رووبارەکاندا. وادیاربوو عەبدولعەزیزو سعودی کوڕە گەورەی، کەمتر بایەخیان بەڤیرتاوکردنی رێگە سەرەکیەکان دابێتو لایان وابوو هێڵی شەمەندەفەر دووا پوختەی دەستکەوتی پیشەسازیەو زۆریان لەئەمەریکیەکان کرد تاقەرزیان پێبدات بۆ دروستکردنی تۆڕێکی هێڵی شەمەندەفەر لەشانشینەکەدا، بەلاّم ئەمەریکیەکان ملیان نەداو رایانگەیاند سەردەمی هێڵی شەمەندەفەر بەرەو داکشان دەچێتو ئەوەیان خستە مێشکی شاوە کەسەردەمی ئۆتۆمۆبیلو جادەی ڤیرتاوکراو هاتۆتە کایە.

بازرگانی حاجیانی حیجاز، بەتایبەتی دەینالاّند بەدەست نەبونی تۆڕی سەرەتایی رێگەوبان تائاسانکاری گەشتوگوزاری ئاییني بکات. مەدینە، دووەم شاری ئیسلامی، کەوتبووە دووریەکی سامناك لەجەددەوە بۆ باکوری رۆژهەلاّت. دەکرا بەپاس یان سەیارە بەرێگە هەڵبەزو دابەزە بەردو لماویەکاندا بچیتە مەدینە، بەلاّم رێگایەکی ڤیرکراوی سفت زۆر پێویست بوو. (هاری ست جۆن فیلْب)ی سەرکەشکاری ئینگلیز پاش بەندکردنی لەدوای جەنگ بەهۆی ووتاری لایەنگری نازیزمەوە، گەڕایەوە شانشینەکەو لەم کێشەی رێگەوبانەدا هەلێکی بازرگانی هاتە پێش چاو، پەیامێکی بۆ عەبدولعەزیز نوسیو تیایدا باسی لە لەکەداربونی ناووکەماڵی سعودیە لەچاوی جیهانەوە کردبوو ئەگەر دەست نەکات بەڤیرتاوکردنی رێگە سەرەکیەکان بۆ سەردانی حاجیان

بۆ شوێنە پیرۆزەکان. لەپلانێکدا، فیلبی پشتیوانی شای بەدەست هێنا بۆ قیرتاوکردنی ٣٥٠ میل ڕێگا لەجەددەوە بۆ مەدینە. خەرجکردنی پارەی بێشومار لەکۆشکەکانو دیاریەکاندا وایدەگەیاند کەدارایی شاهانە نەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت تا پارە بۆ ئەم پرۆژەیە دابین بکات، وەك باڵیۆزخانەی بەریتانیا هەڵوەستەی لەسەر کردووە "هەموو بەرپرسان بەئاشکرا نەیاندەویست کارێکی قورسو نارەحەت لەئەستۆ بگرن، ئەویش روونکردنەوە بوو بۆ شا دەربارەی زیادەخەرجی شا خۆیو خانەوادەکەیو وەزیرەکانی کەحکومەتی توشی قەرزاری قورس کردووە. کورە گەورەکانی شا لەوە گەیشتبوون کە ئەگەر بە شا بوترێت ئەوا لەو شۆکەوە توشی باری تەندروستی خراپ دەبێت".

فیلبی لەگەڵ دوو کۆمپانیای بەریتانی دروستکردنی ڕێگادا گرێبەستی کردو دانوستانی دڵنیایی دەرەوەی لەگەڵ حکومەتی بەریتانیا ئەنجامدا تاکۆمپانیاکان بەتەواوی پشت نەبەستن بەخانەوادەی شاهانە بۆ کرێکەیان.

ڕێگای جەددە-مەککە بەهۆی بەندەری (یەنبووع)ی دەریای سورەوە گەورەترین پرۆژەی کەرتی گشتی بوو کە تائەوکاتە لەشانشینەکەدا گیرابێتەبەر بەبڕی تێچووی نزیکەی ٤ ملیۆن پاوەندی بەریتانی. لەئاهەنگێکی چا خواردنەوە لەبەرخۆردا، لەلای بناغەی ڕێگەوبانەکە بەدووری ٨میل لەجەددەوە کەلەلایەن باڵیۆزخانەی بەریتانیاوەو بەئامادەبونی چەندین شازادەو وەزیرەکان سازکرابوو، بەشێوەیەکی فەرمی گرتنەئەستۆی کارەکە لە ١١ی کانونی یەکەمی ١٩٥٠دا دەستی پێکرد. لێپرسراوە بەڵێندەرە بەریتانیەکە (تۆماس وارد)بوو بۆ بازرگانی سنوردار کە لە(شیفیلد)ی بەریتانیاوە هاتبوو. (رۆبێرت دۆناڵد)ی بەڕێوەبەری ناوخۆی کۆمپانیاکە لەدەستپێکی ئاهەنگەکەدا بەدووورودرێژی باسی پلانەکانی کرد کەژمارەیەکی زۆر ئاوەڕۆو پرد لەجادەکەدا دروست دەکاتو جادەکەش بەپانی ٩مەتر تێکەڵە قایم دەکاتو روکاری جادەکەش بەپانی ٦مەتر قیرتاو دەکات. دۆناڵد ووردبین بوو، بەڵام بێئاگا لەو کارەساتەی کە چاوەڕێی دەکردو بە گەشبینیەوە سەیری بەخشتەی کاتی ئەم کارەی دەکرد.

دروستکردنی ڕێگای قیرتاوکراو لەشانشینی سعودیەدا تەنانەت لەباشترین بارودۆخیشدا سەخت بوو. لەهەندێك جێگەدا زەویەکە بەردەڵانو شاخاوی بوو، لەهەندێك شوێنی تریشدا لمو خۆڵەگر بوو. پێکهاتەی خاکەکە جیاوازو گۆڕاو بوو؛ یان بەهۆی باوە لمو قوڕ تێکەڵ

بووبوو یان تێکەڵەی زیخی گرانێتو لم بوو یان زۆنگاوێکی لیتاوی بەردگەچی قاوەیی بوو. زەویەکە بەزۆری نەرم بوو، هەردەم رەشەبا بوو، جاروبار زریانیش رێخۆشکەری لافاوی کتوپڕی وێرانکەر بوو. ئارامکۆ لەکێڵگە نەوتیەکانیدا قیری بەرهەم دەهێنا، بەلاَم ماددەکانی تر دەگمەن بوونو گەردەلولیش زیانی بەکەلوپەلی ئامێرەکان گەیاندبوو. لەبەر ئەم هەموو هۆکارانە، چەند مانگێك دوای ئاهەنگی چا خواردنەوەکە، کاری (تۆماس وارد) لەرێگای باکوری جەددەو رۆژئاوای مەدینەوە بەهێواشی دەڕۆشت. وەك هەمیشە، حکومەتی سعودی لەپێدانی کرێ وەك بەڵێنی دابوو لەکاتی خۆیدا بیدات دواکەوتو پلانی دڵنیایی بەریتانیاش ئەوەندە نەبوو تارێگربێت لەو زیانانەی کە کەڵەکە بووبوونە سەر تۆمارە ژمێریاریەکانی تۆماس وارد. لەئابی ١٩٥١دا سەرۆکی ئەندازیاری رێگەوبانی کۆمپانیاکە لەشانشینەکەدا بەهۆی پێکدادانی ئۆتۆمۆبیلەوە گیانی لەدەستدا. لەکانونی دووەمی دواتردا رۆبێرت دۆناڵدو خێزانەکەی لەتێکشکانێکی تری ئۆتۆمۆبیلدا تیاچوون. لەهاوینی ١٩٥٢دا لە "کۆتایی زنجیرەیەکی درێژی نەهامەتیدا" سەرەنجام کۆمپانیاکە وازی هێناو جێبەجێکارەکانیشی لەسلێمان نزیکبونەوە تابگەنە رێکەوتنێك کەرێگە بدات بە تۆماس وارد وولاَت جێبهێڵێو واز لەکاری رێگەکە بهێنێت.

جارێکی تر محەمەد بن لادن هەنگاوی بەرەوپێش نا لەکاتی پاشەکشەی بەڵێندەرێکی رۆژئاوادا. خانەوادەی شاهانە ئاهەنگێکی خۆشی ئۆتۆمبیلکرینی رێکخستبوو، لەنیسانی ١٩٥٢دا ٨٠٠ ئۆتۆمۆبیل وەك دیاری دابەشکران بەسەر ئەندامانو هاورێیانی خانەوادەی شاهانەو کاربەدەستانی حکومیدا. شازادەکان بەخێرایی لێیان دەخوری، بەلاَم شوێنێکی وانەبوو تابۆی بچن. لەتشرینی دووەمدا، شازادە سعود لەجەددەوە بۆ مەدینە رۆیشتو هەرکە بەخێرایی بەو رێگە نەرمە نیمچە تەواوبووە قیرەدا دەڕۆشت مەزنێتی قیری بۆ دەرکەوتو دەستبەجێ رایگەیاند تەواوکردنی قیری رێگای سەرەکی مەدینە زۆر پێویستە. بالیۆزی ئەمەریکا راپۆرتی بۆ واشنتۆن ناردو تیایدا هاتبوو، "ئەو کەسەی بەدڵخۆشیەوە سەرۆکاری رێکخستنەکانی کورتە سەفەری شازادەی دەکرد لەمەدینە، محەمەد بن لادن بوو". بن لادن سعودی رازیکرد بەوەی کەدەتوانێت ئەو ئیشە چارەسەر بکات، لەوەوپێش بەنیشاندانی ووزەو شەوقی زۆرەوە رێی کارە تازەکەی گرتبووە بەر، بەلاَم بەهەڵەدا برابوو".

بن لادن داوای ٢١ هەزار تەن ڤیری کرد لەئارامکۆ، دانوستانی لەگەڵ تۆماس وارد بۆ کڕینی کەلوپەلـەکانی دروستکردنی ڕێگـەوبان کەبـەجێیان هێشـتبوو دەسـتپێکرد. پاشـتر دەرکـەوت کەمەکینـە بەریتانیـەکان لەگـەڵ ئـەو جـۆرە قـیرەی ئـارامکۆ بەرهـەمی دەهێنێـت ناگونجێـت، لەبەرئەوە کۆمپانیاکانی نەوت ئەندازیارێکیان بۆ بـن لادن نـارد تایارمـەتی بـدات. تۆمـاس وارد خـۆی بـۆ ڕۆشـتن ئامـادەکردو بـاڵیۆزی بـەریتانیا ڕایگەیانـد،"نزیکـەی نیـو ملیـۆن پاوەنـدیان خەرجکردبوو، لەمەزاجێکی خراپـدا بـوون". بەرپرسـە ئەمەریکیـەکانیش پـاش چـەند سـاڵێك لەهەوڵی بێ وچانیان بۆ پشتگیری بێچتڵو کۆمپانیاکانی تر لەبەرامبەر هەوڵەکانی بن لادن بـۆ وەرگرتنی گرێبەستی ڕێگەی مەدینە کشانەوە. هەروەك باڵیۆزیش لەبروسکەیەکدا بـۆ واشـنتن ڕوونی کردبووەوە:

"لەبەرئەوەی ئەمە یەکەم سەرکەشی حکومەتـە لەپرۆژەیـەکی بنیاتنانـەوەی سـەرەکیدا کـە نـە ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشـتی دەکرێـت، نـە لـەژێر هاوکـاری دامەزراوەیـەکی بیانیـدا جێبـەجێ دەکرێت، لەبەرئەوە سەرکەوتنو شکستهێنانی گرنگی بەرچاوی دەبێت لـەکارەکانی داهـاتوودا. لەبەرئەوەی پرۆژەکە بەدڵو بەگیان لەلایەن وەزیری داراییو کوڕی شـاوە پاڵپشـتی لێـدەکرێت، بن لادن تەگەرە نایەتە ڕێی لە کەم تـەرخانکردنی پـارەو گرێبەسـتی دیـاریکردنی حەقدەسـتی چەسپاو، کەدەرکەوتووە هۆکاری سەرەکی شکستهێنانی زۆرێك لەکۆمپانیا بیانیەکان بووە".

بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەوپەڕی کەمئەزمونی لەبنیاتنانی ڕێگەوبانـدا، بـن لادن پـەنای بـردە بەر کۆمپانیایەکی ئیتالی کە لەوەوپێش ڕێگەو بەربەستی ئاویـان لـە(ساردینا) دروسـتکردبوو. محمد کارەکـەی پێشـکەش بەکۆمپانیاکـە کـرد بەشـێوەی گرێبەسـتکاری لەژێرچـاودێری خۆیـدا. لـەڕاپۆرتێکی ئەمەریکیـدا هـاتووە کەسـەرەڕای ئـەو داوایـە، "ئیتالیـەکان سـڵەمینەوە کاتێـك ووردەکاری تەواوی ئەو ڕێکەوتنە پەرپوتەی درابووە (تۆماس وارت) یان بۆ دەرکەوت، هەروەها لەو سەرمایە بێشومارەی بۆ ئەنجامدانی کارەکە پێویست بـوو". بـن لادن خۆشـحاڵی بەرچـاوی پێوەدیار بوو بەچوونە نێو خەزێنەی شا، لەکاتی دیاریکراویشدا توانی بـڕی ٣٢٨ هـەزار پاوەنـد بداتـە تۆمـاس وارت لەبەرامبـەر کڕینـی ئامێرەکانیـدا، بـەڵام هـەنگاوی هێواشـی سـعودیە بـۆ قەرەبوکردنەوەکانو کۆسپو تەگەرەی تر، ڕێگر بوون لەبەردەم هەوڵەکانی بۆ بەرەوپێشـبردنی ڤیرتاوکردنی شارێگەکە. بەدرێـژایی ساڵی ١٩٥٣، "بـن لادن لـەماوەی دیـاریکراودا کـاری مـەحاڵی دروستکردنی ڕێگەو بانی پێدرا بوو، بەبێ بوونی هیچ بیرکردنەوەیەك کـە کرێکـەیان لـەکوێوە

دەهات"، بەڵام توانی ڕێکیان بخات. سالم بن مەحفوزی هاوڕێ مەزنە حەزرەمیەکەی بن لادن، لەهەمان ساڵدا بانکی بازرگانی نەتەوەیی دامەزراند، لەبەرئەوە بەئاسانی توانی سەرچاوەی تری دارایی لەدەرەوەی حکومەتی سعودی بدۆزێتەوە".

محەمەد بن لادن لەدەوڵەمەندبووندا بوو، بەڵام پارە نەیتوانی شوناسی کۆمەڵایەتی ناوبراو لەعەرەبستاندا بگۆڕێت. خانەوادەی شاهانەی ئال سعودو هۆزەکانی بیابانی دەشتی نەجد لەئەندازەبەدەر لەخەمی بێگەردی هۆزەکەیانو بنەچەی خانەوادەکەیاندا بوون. خانەوادەکانی نەجد بەووریاییەوە ڕێڕەوی زنجیرەی بنەچەیان پاراست، بەجۆرێك کەسەرۆك هۆزێکی بەتوانا، ڕەنگە بڕوای پێهێنرابێت تا لەڕووی مێژوویەوە زنجیرەی خێزانی باپیرانی بدۆزێتەوەو ئەمیش بۆی دەرکەوت کەبنەچەی خێزانەکە لە (کۆیلەگەریەوە) هاتووە. بۆ خەڵکە هۆشیارەکەی نەجد، حەزرەمیەکی کۆچبەری بەهیمەتی وەك بن لادن، تەنانەت کەسێکی پڕ خواستو سەرسوڕمێنەری وەك ئەو، هاوشێوەی کلێشەیەکی لەقاڵبدراوی ڕەگەزی ئەوان بوو: هەموو کەس لە نەجد دەزانێ کەحەزرەمیەکان دەست نوقاوو چاوبرسیو کۆششکەر بوون، بەڵام نائاساییانە ڕاستگۆو متمانەدار بوون. شازادەیەکی خانەوادەی شاهانەی ئال سعود ڕەنگە ئەم پلەو پایانەی کە لەپیاوێکی وەك محەمەد بن لادندا هەبوو زۆر لای پەسەند بوبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە ڕێگەی پێ نادات یەکێك لەکچەکانی بخوازێت. لەناوجەرگەی نەجددا، کەدەسەڵاتی سیاسی عەرەبستانی سعودی تێدا چڕکرابۆوە، بن لادنیەکان هەمیشە بەبێگانەیی مانەوە، کەخۆیان خستبووە نێو حیجازی پڕ ڕەگەز جیاوازەوە. ئەو هەڵوێستەی لەخانەوادەی شاهانەی ئال سعود بەرامبەر بن لادن هەیانبوو، کەسەر بەخانەوادەی هۆزێکی هەژار بەڵام بەشکۆ بوو، هاوشێوەی ئەوە بوو کە لەسەردەمی پەنجاکاندا، کارگێڕی بانکی واسپ (WASP) لەنیو ئینگلاند گرتیەبەر دەرهەق بەکەسێکی سیسیلیایی بازرگانی سەرکەشی ڕەشپێست کەقوتابخانەی ناوەندی خوێندبوو، کوختێکی هاوینەی جوانی لەتەنیشت دەریاچەیەکدا بۆ خاوەن بانکەکە دروستکرد، بەڵام ڕەشپێستەکە نزیکبونەوەی لەکچەکان لێ قەدەغەکرا.

ئەو شێخە موسوڵمانو پادشایانەی بن لادن لەسەردەمی منالیەوە لەوادی دەوان ناسیبوونی، ئیلهامیان بەخشیبووە دەرکەوتنی خەونی ژیانی خانەوادەی بن لادن. هەموو ئەو فەرمانڕەوایانەی کە بن لادن لەژیانیدا هاتوونەتە ڕێی تەنها چوار ژنیان نەبوو، کەیاسای ئیسلام لەیەك کاتێکدا ڕێگەی داوە، بەڵکو زۆر زیاتریان هەبوو. ڕەنگە دەوڵەمەندی بۆ محەمەد

رێخۆشکەر نەبوبێت تا بچێتە نێو خانەوادەکانی نەجدەوە، بەڵام لەجەددەو مەککە دەست بەجێ کرا بەشێخ، کەنازناوێکی بەرێزەو نازناوێکە لەدەوروبەری ساڵی ١٩٥٣و لەئەنجامی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ شاو هەروەها بەجێهێنانی کارە بازرگانیەکانیدا بووە خاوەنی. محەمەد پەیوەندییەکی پەسەندی خستە بەردەم هەر خێزانێك کەکچانی شیاویان هەبوو، کە رەنگە کاری بازرگانی یان دامەزراندن سەرنجیانی راکێشابێت تا محەمەد بۆیان دابین بکات. بن لادن لەکۆتایی چلەکاندا دەستی کرد بەلاسایکردنەوەی عەبدولعەزیزی ئامۆزگاری، ئەویش بەخواستنی یەك لەدوای یەکی ژنانی گەنج کەسەرنجیان راکێشابوو یان ئەو باوکانەی بازرگانیان لەگەڵدا دەکرد کچەکانی خۆیان پێشکەش دەکرد. بەپێی ئەو تۆمارانەی لەم دواییەدا لەحاڵەتێکی دادگادا تۆمارکراوە لەلایەن خانەوادەی بن لادنەوە، لەنێوان یەکەم هاوسەرگیری لەدەوروبەری ساڵی ١٩٤٣داو دوا وەرگرتنەوەی گرێبەستی رێگای مەدینە لە تۆماس وارد لەپایزی ساڵی ١٩٥٣دا، محەمەد بن لادن بەلایەنی کەمەوە ٩ جار هاوسەرگیری کردووەو لانی کەم باوکی پانزە کورو نۆ کچ بووە. هەندێك لەو ژنانەی لەو ماوەیەدا خواستوونی بۆ چەندین ساڵ لەگەڵیدا مانەوە، ئەوانی تریش زۆر بەزوویی تەڵاقی داون. بۆ نمونە فاتمە بەحەریس وەك دایکی سالم و کورە گەورەی محەمەد، پێگەیەکی تایبەتمەندی هەبوو، هاوسەرگیریەکەشی زۆری خایاندو زیاد لەپێویست سەلماندی. بەدەر لە سالم دوو کوری تریشی هەبوو، بەکرو غالب، هەروەها سێ کچیش بەناوەکانی سوعادو زینەت و هودا. بەوێنەی فاتمە، هەندێك لەژنەکانی پێشوی بن لادن لەخێزانە کۆچبەرە حەزرەمیەکان بوون وەك بنەماڵەکەی خودی بن لادن. یەکێك لەژنەکانی پێشوی کە بەرەسەن ئێرانی بوو، سێ کوری بوو: گەورەکەیان یەسلام بوو لە١٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٠ لەمەککە لەدایکبوو، پاشان خەلیل و ئیبراهیمی بەدوادا هات، هەروەها کچێکیش بەناوی فەوزیە لەدایك بوو. ژمارەیەك لەژنەکانی محەمەد دەرەکی بوون: یەکێکیان میسری بوو، یەکێکی تریان فەلەستینی بوو، ئەوی تریان لەو دەمەدا رەنگە ئەسیوپی بوبێت. ئەو خێزانەی محەمەد بن لادن بەو گوڕوتینەوە دروستی دەکرد، دەقاودەق لەهی حیجازی دەچوو: فرەزمانی و سنوردراو بەباوەڕی ئیسلامی.

لەسەر شێوازی هەموو شێخ و شازادەیەك لەسعودیە، بن لادن ژنەکانی لەکۆمەڵگەکەی خۆی لەجەددە نیشتەجێ کرد، هەریەکەیان ماڵی خۆی هەبوو، بەڵام جیاکرابونەوە لەبینینی پیاوان جگە لەخۆی و خزم و کەسی ژنەکانی نەبێت. هەندێك جار ژنەکانی دوای ئەوەی تەڵاق دەدران،

لەکۆمەڵگەکەدا دەمانەوە. شتێکی باو بوو بۆ دەوڵەمەندە دەسەڵاتدارەکانی وەك بن لادن بۆ دڵنیاکردنی ئەو ژنانەی تەڵاقی داون، دەرامەتی تەواویان بۆ دابین بکات. لەهەندێك باردا رەنگە ئەمەی جێبەجێ کردبێت تارێگە خۆشکات بۆ ژنە تەڵاقدراوەکان تا شوو بەمێردێکی تازە بکەن کەئیشێکی بەردەوامی بێت. ئەگەر ژنێك کوڕێکی هەبێت، یاسای ئیسلام ئەوەی مسۆگەرکردوو لەکۆتاییدا کوڕەکە بەشێك لەسامانی باوکی بەمیرات ببات، لەبەرامبەریشدا کوڕەکە چاوەڕێی لێدەکرێت خۆشگوزەرانی دایکی دەستەبەر بکات. بەهەر حاڵ لەپایزی ساڵی ١٩٥٣دا، بن لادن پارەی زۆر لەوە زیاتر هەبوو کەبۆ ژیاندنی خێزانە فراوانبووەکەی پێویست بوو. بن لادن هەرگیز پارەبەفیڕۆدەر نەبوو بەتایبەتی لەرەفتارە شەخسیەکانیدا چاوبرسی نەبوو، بەڵام لەمەسەلەی ژناندا جۆرێکی تر بوو. ئەو کۆمەڵگە خێزانیانەی بنیاتی نابوون هەرچەندە دلگیر بوون، بەڵام بەهێندەی زۆرێك لەو کۆشکانەی بۆ شاهانەکانی دروستکردبوو زەنگین و رەونەقدار نەبوون. ئەو کاتی بۆ حەوانەوەو خۆشی نەبوو، بەڵکو لەسەرو هەموویەوە کارکردنی بەلاوە خۆش بووەو تەماعەکانی دوور بوون لەتێربوونەوە.

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا ماددەی جوڵێنەری سێکسی بۆ عەبدولعەزیز دابین دەکرد وەك خۆبردنە پێشەوەو مەرایی، بەڵام لەدوا ساڵەکانی تەمەنیدا نابینایی و لەپیاوەتی کەوتن شای لەو خۆشیانە بێ بەش کرد کەگەرمەی ژیانی بوو، لەبەرئەوە بەرەو کۆشکی شاهانەکەی و ژن و خزمەتکارەکانی کشایەوە. سعودی میراتگری شا ٥٥ ساڵ بوو، بەڵام هێشتا مامەڵەی ئەویش و کوڕە گەورەکانی تریشی وەك منداڵ دەکرد، بۆ نمونە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت بەپێوە لەخزمەتیدا بوەستن مەگەر خۆی پێی بگوتنایە دابنیشن. هەندێك لەکوڕە پێگەشتوەکانی عەبدولعەزیزیان هیوابڕاو کرد، بۆ نمونە (میشایری) کەتەمەنی نزیکەی ٢٠ ساڵ دەبوو خانەوادەکەی لەکەدار کرد بەخواردنەوەی زۆر و کوشتنی دیپلۆماتێکی بەریتانی بەناوی سیریل ئەوسمان کەناسیاو و خۆشەویستی شا بوو. دوای ئەوە لەکۆتایی ساڵی ١٩٥٢دا، شا بەشێوەیەکی فەرمی کحولی لەسعودیە قەدەغە کرد.

لە داب و نەریتی عەرەبە کۆچەبەرە بەدەوینەکاندا جێگرتنەوەی دەسەڵات نەبوو، بەڵام پراکتیزەیەکی باو ئەوە بوو کەدەبێت فەرمانڕەوا تازەکان لەسەر رای گشتی لەسەر بنەمای توانای بەڕێوەبردنیان هەڵبژێردرێن، نەك بەزۆردانانی نۆبەرەی دەسەڵاتداران. عەبدولعەزیز زۆر لەوەوبەر بڕیاری خۆی دابوو کەکێ جێگرەوەی بێت، سەرەڕای سەرەڕۆیی ئاشکرای سعود

بەتایبەتی لەسەرەتای پەنجاکانـدا کـە بەقورسـی خـەریکی خواردنـەوە بـوو، شـا سـعودی وەك میراتبەری سیاسـی خـۆی دەستنیشان کردبـوو. بێگومـان شـا هەسـتی بـەوە کردبـوو کەشازادەی جێنشینی پێویستی بەیارمەتی دەبێت، لەبەرئەوە هاوبەشپێکردنی نارەحـەتی لـەنێوان سـعودو فەیسەڵی دووەم کوڕی لەدایکێکی ترەوە سازاند. فەیسەڵ پیاوێکی کـرژو مـۆنو لەبنـەوەبڕ بـوو کـەزیاتر لەسعود گونجاوتر بـوو بـۆ سـەرکردایەتی. بـۆ پتـەوکردنی ئـەم رێکخسـتنەو زاڵبـون بەسـەر ئـەو بارگرژیـەی لـەنێوان هـەردوو کوڕەکەیـدا ئاشـکرا بـوو، عەبدولعـەزیز رایگەیانـد جێگرتنەوە لابەلایی دەبێت لەسعودەوە بۆ فەیسەڵ نەك لەسعودەوە بۆ کوڕە گەورەکەی سعود خۆی.

لەتشـرینی یەکـەمی سـاڵی ١٩٥٣دا، نەخۆشـی عەبدولعـەزیزی لەشارۆچـکە شـاخاوی تـایف کەپەناگەیـەکی دوور لەهـەوا تـەڕو شـێداری کـەنار دەریـای جەددەیـە، خست. لـە ٨ی تشـرینی دووەمـدا هەرکـە تەندروسـتی شـا خـراپتر بـوو، سـعود بەفڕۆکـە رۆشـت بـۆ جـەددە، لـەوێ دەسـتەیەکی سـەربازی لەنمایشیاندا سعودیان لـە گـوڵ گـرت. بـەیانی دواتـر هـەواڵی پێگەیشت کەباوکی گەیشتووەتە دواساتەکانی ژیانی، سعود بەپەلە رۆیشتە تایف، بەڵام زۆر درەنگ کەوت، چونکە لەو بەیانیەدا عەبدولعوزیز لەئامێزی فەیسەڵدا کۆچی دوایی کردبوو. لەوکاتـەی سعود گەیشـت، ژمارەیـەکی زۆر لەئەنـدامانی خێزانەکـە لـەدەوری تـەرمی شـا کۆببونـەوە. بـۆ رەواندنەوەی ئەو گومانەی باڵی بەسەر هەموویاندا کێشا بوو، فەیسەڵ مستیلەیەکی لەپەنجەی باوکە بێ گیانەکەیدا دەرهێنـاو لەسعود نزیـك بـووەوەو بەملکەچیەوە پێشکەشـی کـرد. سعود مستیلەکەی بۆ گێڕایەوەو رایگەیاند کەفەیسەڵ میراتبەرو جێنشینی باوکیەتی.

لەفڕۆکەیەکدا بـۆ ریـاز، فەیسـەڵ یـاوەری تـەرمی بـاوکی کـرد. بـەپێی دابونـەریتی وەهـابی رازاندنـەوەی قـەبرو هەڵبەسـتنی کێـڵو دانـانی شـتومەکی بـیرەوەری قەدەغەیـە، بۆیـە عەبدولعەزیز خرایە سندوقێکەوەو لەگۆڕستانێکی بیابانی بێ نیشانەو هێمادا نێژرا.

سعود لەجەددە مایەوە. هەستی کرد کەوا ژیـانی خەریکـە بەیـەکجاری دەگـۆڕدرێ، هـەروەها بینـی کەپێویسـتە ئـەو بێسـەروبەری دارایـیو نادادپـەروەری کۆمەڵایەتیـە رێکبخـات کـە لەشانشـینەکەدا بـەمیرات بـۆی مـابووەوە. چـەند رۆژێـك دوای مـەرگی بـاوکی چـاوی بـەبریکاری ئەمەریکا کەوتو داوای کرد کە "بابەتێکی نهێنیو تایبەت" تاوتوێ بکەن.

شا نوێیەکە لەئاستی نزمی بژێوی ژیانی نیشتمانەکەی داخی خوارد. بەڵێنی دا دەست بکات بە"جەنگ دژی بڵاوبونەوەی هەژاریو نەخوێندەواریو نەخۆشی، رایگەیاند سوور دەبێت لەسەر سەرکەوتن لەم جەنگەدا". بڕیاریدا قوتابخانەو نەخۆشخانەو بنکەی سەربازیو شارێگە دروست بکات. رایگەیاند کە "بێزار بووە" لەپراکتیزەکردنی نابەجێی دارایی لەشانشینەکەدا. دانی بەوەداناو رایگەیاند کەهەوڵەکان بۆ ریشەکێشکردنی گەندەڵی پێویستە لەخۆیەوە دەست پێبکات.

تەنها یەك داوای هەبوو: شانشینەکە ئیفلاس بوو بوو، ئاواتەخواز بوو کە ئەمەریکا بتوانێت ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری بەقەرز پێ بدات.

## ٤- سەربەرزی فەرمانڕەوایەکەی

لەکاتی گەیشتنی سعود بە تەختی پاشایەتی، کۆمپانیا نەوتیەکانی ئەمەریکا هەر مانگێك نزیکەی ٢٠ ملیۆن دۆلاریان بە وەزارەتی دارایی سعودیە دەداو محەمەد بن لادن ڕێژەیەکی سەدی دیاری کراوی لەو پارەیە پێدەگەیشت. جگە لە سولەیمان و خێزانی شاهانە، پێدەچوو محەمەد تاکە کەس بێت کە لەو کاتەدا مافی بەدەستهێنانی پارەی ئارامکۆی هەبوو بێت. هەر وەك وەزیری بازرگانی بەریتانی (ج.م. هیس) لەڕاپۆرتێکی نهێنیدا کە بۆ لەندەنی دەنووسێت، لەڕووی تیۆرییەوە، مووچەکەی محەمەد ئەو دڵنیاییەی پێ دەدا کە بتوانێت ئەو پرۆژانە بەڕێوەبەرێت کە پێی سپێردرا بوو، ئیتر ئەگەر کۆشك یان شارێی گەورە بێت. لەڕووی پراکتیکییەوە، هەرچەندە بارودۆخی شانشینەکە "پاشاگەردانی کارگێڕی" مانای ئەوەی دەگەیاند بن لادن سەرەڕای بوونی (پەیوەندییەکی کاریگەر) هێشتا "ناچار بوو هەموو تێچوونی ئیش‌وکارەکان لەئەستۆ بگرێت کە خەرجیەکانیان، ئەگەر بەتەواوی جێبەجێ بکرانایە، دەبووە سەرکەوتن و پێشکەوتنی سەرمایەکەی". بێجگە لەو ئیشانەی کەبەهۆی موچەی مانگانەی ئارامکۆوە لەبرەودابوون، تەواوی ئیش و کاری بن لادن توشی چەق بەستن هاتبوو. خەرجکردنی پارەی زیاد لەپێویست لەخۆشگوزەرانی و دروستکردنی کۆشکی گەورەدا وای کرد جارێکی تر خەزێنەی شاهانە تووشی "کورتهێنانێکی زۆری نەخت ببێت".

لەکۆتای ساڵی ١٩٥٣ دا بن لادن بڕیاریدا کۆمپانیاکەی ڕێکبخاتەوە بە هەمان ئەو ناوە نافەرمیەی کاتێك گەیشتبووە وادی دەوان بۆماوەی زیاتر لەدوو دەیەی پێشتر پێیدابوو. ناوەکەش (محەمەدو عەبدولا، کوڕەکانی عەوەز بن لادن) بوو. بن لادن ئەم کارەی بە زەهەد سپارد، کەئەندازیارێکی عیراقی بوو لە ئەمەریکا مەشقی پێ کرابوو، ئەویش هەوڵیدا ڕێکخراوە نارێك‌وپێکەکەی بن لادن بە چەند بەشێکی پرۆفیشناڵ — بەشێك بۆ کارگێڕی و بەڕێوەبردن، یەکێکی تر بۆ پرۆژەکانی بنیاتنان، سێهەمیشیان بۆ پیشەسازیە نوێکان، بگۆڕێت. زەهەد هیوادار بوو بتوانێت شای نوێ ڕازی بکات تا ڕێگە بە دروستکردنی کارگەی چیمەنتۆ، کارگەی کاشی، دارتاشگەیەکی ئاسن، کارگەی گۆزەکاری و کارگەیەکی درووستکردنی ئەلەمنیۆم بدات و

دەیویست چاودێری بڕیکارەکانی کەرەستە پیشەسازیە گرانبەهاکان بکات کە لە ئەورووپاو ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە دەهاتن. هەروەك خاوەن کارەکەی زەهدیش (پلانێکی بەتموح) دابوو. (هیس) بەم جۆرە کۆتای بە ڕاپۆرتەکەی هێنا.

ڕاوێژکارە ئەمەریکیەکان بەشای عەرەبستانی سعودییان ڕاگەیاند تا کاروباری دارایی ڕێك نەخات چاوەڕوانی ئەوە نەبێت هیچ کەس پارەی بەقەرز بداتێ. بەدرێژایی ساڵی ١٩٥٤ کە یەکەم ساڵی شا سعود بوو لەدەسەڵاتدا، خەرجیەکانی شاهانە ڕێژەیەکی بێشومار بوو. باڵیۆزی نائومێدبووی ئەمەریکی لە جەددە بەم شێوەیە هەواڵیدا:

(لە بەهاری ئەم ساڵدا سەردانەکانی شا لەگەڵ دەستوپێوەندە دەستبڵاوەکانیدا بۆ وڵاتانی دراوسێ زیانی بەوەزارەتی دارایی گەیاند. کاتێك راپۆرت لەبارەی ئەو پارە زۆرەی شا لەدەرەوە دەیبەخشی لە جەددە بڵاوبۆوە، مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت بەهۆی کەمی بودجەوە دواکەوت. حکومەت قەرزی بازرگانەکانی پشتگوێ خست. پرۆگرامی دروستکردنی کۆشکی گەورە دەستی پێکردو پارەیەکی زۆریشی تێ دەچوو. بەشێوەیەکی مامناوەندی بڕی پارەی خەملێنراو نزیکەی ٣٠ ملیۆن بۆ ٥٠ ملیۆن دۆلار دەبوو. خەملێنەرەکانی تریش لەو باوەڕەدابوون زیاتر بێت. لەکاتی ئەم زیاد خەرجکردنو بێ سەروبەریەدا، دەنگێکی کەم داوای لێپرسراوێتی لەبەرپرسان دەکرد، بەڵام بەشی هەرە زۆری خەڵك گیرفانی خۆیان پڕکردبوو).

بێگومان محەمەد بن لادن لەکەسە پێشەنگەکانی ئەم لیستەوە نزیك بوو. سەرەڕای چەند شکستێکی کاریگەر لەدروستکردنی کۆشکەکانی، بەڵام توانی دەست بە پلەوپایەی خۆیەوە بگرێت. بەهۆی هاندانی لەلایەن فەیسەڵی زڕ برایەوە، لە هاوینی ساڵی ١٩٥٤ دا سعود سلێمانی ناچارکرد خۆی خانەنشین بکات، بەڵام بن لادن وەك باشترین کۆشك دروستکەری شا مایەوە. ئەو لێهاتوویيەکی سەیری هەبوو سەبارەت بەوەی چۆن بتوانێت لەناوخێزانی شاهانەو بەکرێگیراوەکانیدا فێڵو پیلان بەکاربێنێتو لەشکستهێنانی ئامۆژگاریکەری سلێمان خۆی بەدوور گرتبوو.

بن لادن لە جەددە زۆر بەمکوڕیەوە سەرقاڵی دابینکردنی ووزەی کارەبا بوو. کێشەکە لەوەدابوو کاتێك شا سعود زنجیرەیەك لە ژنو دەستوپێوەندو کۆیلەکانی بۆسەردانی کۆشکەکانی سەر دەریای سوور دەهێنا، هەندێجار کارەبا دەبڕاو فێنککەرەوەکانیش لەکار دەکەوتنو ئەمەش شای زۆر پەست دەکرد. لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٤ دا بن لادن پەیوەندی لەگەڵ

(محەمەد عەلی رەزا)دا دروستکرد، کە سەرۆك خێڵی یەکێك لەکۆنترینو بەهێزترین خێزانە بازرگانەکانی جەددە بوو، بەو مەبەستەی پشکێك لەو کۆمپانیا نوێیەی بەناوی (کۆمپانیای نیشتمانی بۆ تەزووی کارەبا)بوو بکرێت کە لەلایەن (سعود)ەوە مۆڵەتنامەی پێدرابوو. کۆمپانیاکە نزیکەی ٢ ملیۆن پاوەنی ئیستەرلینیو هەندێك تۆربینی سویسری لەلایەن حکومەتەوە پێ بەخشرا، بەڵام دەستەی بەڕێوەبەرانی نەیانتوانی پلانێکی باش دابنێن. لە هاوینی ساڵی ١٩٥٤ کاتێك سعودو خێزانەکەی لە جەددە هەواریان هەڵدا، ماڵو منداڵەکەی هێندە کارەبای شارەکەیان بەکار هێنا کە خەڵکی شارەکە ناچار بوون لەشەوو ڕۆژێکدا دوانزە بۆ شانزە کاتژمێر بەبێ کارەبا بەسەر بەرن.

ئەم جارە بن لادن پەیوەندی بەکۆمپانیایەکی ئەمەریکیەوە کرد بەناوی (بێرنسو ڕۆی) کە بارەگای سەرەکیان لەخوارووی (برۆدوەی) بوو لەشاری نیویۆرك. ئەندازیارەکان بەڵێنیاندا لەڕێگەی دانانی ئامێری بەکارنەهاتووی بزوێنەری سویسری قەیرانەکە چارەسەر بکەن. ئەو ئەندزیارانەی کۆمپانیای (بێرنس و ڕۆی) کە بۆجەددە هاتبوون لەوێ بن لادنیان بەجۆرێك بینی"کە هەمیشە هەوڵی دەدا لەکۆمپانیاکەدا بەسەر هاوبەشەکانیدا سەر بکەوێت"و بە پەرۆش بوو بۆئەوەی پێش گەڕانەوەی شا لە هاوینی ١٩٥٥ پێداویستیەکانی شار ئامادەو چاك کرابنەوە بۆئەوەی شا بتوانێت جارێکی تر کار بەهەموو فێنکەرەوەکانی بکات.

محەمەد سەرکەوتنی بەدەستهێناو پێدەچوو زۆر دڵخۆش بێت، لە ٢٢ی تەموزی ١٩٥٥ دا پاشا فەرمانێکی شاهانەی دەرکردو تێیدا بن لادنی وەك وەزیرێکی حکومەتی عەرەبستانی سعودی ناساند. ئەوە پۆستێکی ئیداری نەبوو چونکە سعود بەئەستەم خاوەنی کابینەیەکی کارا بوو، بەڵام ئەم پۆستە ئاماژەیەك بوو بۆ زیادبوونی کاریگەرییەکانی بن لادن. ئەو گرێبەستانەی بن لادن کۆنترۆڵی کردبوو زۆرو هەمەجۆر بوون. لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٥ دا باڵوێزخانەی ئەڵمانیای رۆژئاوا لەراپۆرتێکدا ئاماژەی بەوەدا کەداهاتی ساڵانەی پرۆژە بازرگانیەکانی بن لادن نزیکەی ٢٠٠ ملیۆن دۆلاربوو. رەنگە ئەم راپۆرتە جۆرێك لەزیادەڕەوی تێدا بێت، بەڵام ئەگەر بەو جۆرە نەبێتو راست بێت، ئەوە مانای وایە بن لادن ئەو ساڵە مافی نزیکەی زیاتر لەنیوەی پارەی نەوتی شانشیەنەکەی لەلایەن کۆمپانیای ئارامکۆوە هەبووە. وەك ئەو میرە سعودیانەی بەمادده پشتیوانیان دەکرد، محەمەد بن لادن خاوەنی سەرمایەیەکی باش بوو، بەڵام هەمیشە خاوەنی بڕێکی زۆری پارەی نەخت نەبوو. میرەکان داواخواز بوون تەلارەکانیان زوو تەواو

بکرێت، بەڵام دواتر لەرووی داراییەوە شکستخواردوو دەبوون. لەهەندێ کاتدا دۆکیومێنتەکان بەجۆرێ وەسفی بن لادنیان دەکرد لەهەوڵی بەدەستهێنانی قەرزی چەند ملیۆن دۆلارێکدا بێت، بەڵام لەهەندێکی تردا دەیتوانی پارەیەکی زۆری حیسابە بیانیەکانی بدات. بەشی وەرگیراو لەحسابەکەی ئەو لەسەر کاغەز هەمیشە باش دەردەکەوت، بەڵام بڕی پارەی نەخت لەسامانی کۆمپانیادا کورتخایەن بوو. ئەو ٢٠٠ ملیۆن دۆلارەی سەرمایەی باڵیۆزخانەی ئەڵمانیای رۆژئاوا دەیخەملێنێ بەدڵنیاییەوە هێشتا لەهەمانکاتدا رەنگدانەوەی چالاکی بینراوی بن لادنە لەشانشینەکەدا. وێڕای پرۆژەی کۆشکە زۆرەکانیو جێبەجێکردنی ئەرکی گەورەی رێگای جەددە-مەدینە (کە لەئەنجامی دوو ئاستەنگی گەورەی وەك باروودۆخی ناهەموارو دواکەوتنی پارەوە بەهێواشی بەرێوە دەچوو) بن لادن هێڵی بۆری ئاوی بۆ شاری مەدینە بنیادناو ژێلەمۆی کارەبای لەو شارە پیرۆزەدا دانا. بارەگای نوێی بۆ وەزارەتی پەیوەندییەکانی دەرەوە بنیادناو بەشی رۆژهەڵاتی شەقامەکانی شاری دەمامی قیرتاو کردو کارگەی مەرمەڕی بەڕێوەبرد. بن لادن ئەندازیاری ئەمەریکی بەکرێ گرت تا پێوانەی پاشماوەی گەچ بکەنو ئاواتەخواز بوو کارگەیەکی یەك ملیارو نیو دۆلاری لەوێدا بنیاد بنێت. لەوکاتەدا بن لادن هێندە کاری بازرگانی لەگەڵ ولایەتە یەکگرتووەکان دەکرد کە چەند بریکارێکی ئەمەریکی هێشتەوە تا فرۆشتنەکانیو گرێبەستەکانی لەو وولاتەدا بۆ رێکبخات لەوانە: کۆمپانیای گەشەپێدانی خزمەتگوزاری نێودەوڵەتی، نیویۆرك.

بن لادنو عەبدوڵای برای ئەوکات لە(رەبات)، شاری لەدایکبوونیان لەوادی دەوان بووبوونە ئەفسانە. ئەوان نوێترینی زۆرێك لەو حەزرەمیانە بوون کە لەکەندەڵانی هەرێمەکەیان هاتبوونە دەرەوەو کەسانی پێخاوسو هەژار بوون، بەو مەرامەی سامانێك کۆبکەنەوە کە بواریان بدات بەسەربەرزیەوە بگەڕێنەوە. ئەو دوو برایە پێکەوە لەماوەی ساڵی ١٩٥٦ بەفڕۆکەیەکی تایبەتی حکومەتی عەرەبستانی سعودی فڕین تا سەردانی حەزرەمەوت بکەن، بەڵام هەتا دەهات لەبارەی ئایندەوە تێڕوانینێکی جیاوازیان هەبوو. پێدەچوو خواستی محەمەد بێسنوور بێت، بەڵام عەبدوڵا، کە لەماوەی ژیانیدا لانی کەم نۆ جار هاوسەرگیری کردبوو، سەبارەت بەوەی بەدەستیان هێنابوو وردە وردە قایل بوو. عەبدوڵا لەبیرۆکەی گەڕانەوە بۆ شاری رەباتدا نغرۆ بووبوو تا چێژ لەنیمچە خانەنشینی ببینێو لەکاری خێرخوازیدا سەرقاڵ بێت. براکان هەر زوو بڕیاریاندا هەریەکەیان رێگەی جیاواز هەڵبژێرێت.

لەساڵی ١٩٥٧ لەپاش تێپەڕبوونی بیستو شەش ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا، محەمەد پشکی عەبدولای لەکۆمپانیاکەیاندا کڕیەوە. خالید عامری کە یەکێکە لەکوڕەزاکانی عەبدولایە ووتی:"محەمەد زیاتر لەعەبدولا تموحی هەبوو. لەبەر ئەو هۆیە بوو ئەوان جیابوونەوە، محەمەد زیاتری دەویست".

لەدوای جیابوونەوەیان ماوەیەکی زۆری نەبرد عەبدولا نیشتمانی بەجێهێشتو بەرەو یەمەن کەوتەڕێو ژنەکانو منداڵەکانی لەگەڵ خۆی برد. بڕیارەکەی ئەو ڕەنگدانەوەی پلەیەك لە (نۆستالجیا)* بوو کە لەنێو بازرگانە حەزرەمیەکانی شاری جەددەدا شتێکی ناوازە نەبوو. زۆرێك لەبازرگانان لەڕێگەی هەوڵەکانیانەوە پارێزگارییان لەهاوڵاتیبونی سعودی خۆیانو چێژی سامانێکی زۆریان کردبوو، بەڵام لەشانشینەکەدا وەك کەسانی بیانی مانەوەو کوڕو کچەکانیان لەهاوسەرگیری شکۆمەندانە بێبەش بوون. هەستی ئاینیو ئەرکی خێرخوازی لای زۆرێك لەو بازرگانانە هەبوو سەبارەت بەو خزمە هەژارانەی لەکەندەلانە سەختەکانی حەزرەمەوتدا بەجێیان هێشتبوون.

سالم بن مەحفوز، دامەزرێنەری بانکی بازرگانی نەتەوەیی عەرەبستانی سعودی، لەو ماوەیەدا لەحەزرەمەوتی شوێنی لەدایکبوونی، لەگەڵ ئەوەی هەرگیز سەردانی ئەوێی نەکردبوو، خوێندنگەیەکی کردەوە بۆ ئەو بن لادنیانەی هێشتا لەوێ دەژین،، محەمەد بن لادن پاش چەند ساڵێك لەشاری ڕەباتی هەرێمەکەی باوکی پارەی بۆ پرۆژەیەکی ئاو دابینکرد. عەبدولا ڕاستەوخۆ پاش ئەوەی گەیشتە ڕەبات، یەکەم پێداویستی ئاوی خواردنەوەی بنیادناو لەگەڵ ڕێبەرە دەوارنشینەکاندا بەگردە بێپیتەکاندا ڕێی کرد تا کانیەکی گونجاوی دۆزیەوە. دواتر سەردانی یەکێك لەئەندازیارە ئیتاڵیەکانی کۆمپانیاکەی بن لادنی کرد. ئەو سەرپەرشتی پرۆژەی بۆرییەکانی دەکردو خانوویەکی حەوت نهۆمی بۆ خێزانەکەی دروستکرد کە رووکاری دەرەوەی لە گەچی مۆدێرن بوو. خانووە بەرچاوە نوێیەکەی لەلێژگاییەك بەرزبووبۆوە کە دەکەوتە نزیك ناوەڕاستی گوندی لەدایکبوونیەوە.

محەمەد عەرەبستانی سعودی پەسەند دەکرد کە ناوبانگو خۆشگوزەرانیەکی ڕێژەیی پێ دەبەخشی. گەراجەکەی جەددەی لێوانلێو بوو لەئامێری زیادەی سەرکەوتنە درەوشاوەکانی کە

* نۆستالجیا: یادکردنەوەی نیشتمان، خۆزگە خواستن بۆ ڕابردوو.(وەرگێڕ)

ئــەوانیش بریتــی بــوون لــە دە ئۆتــۆمبێلی جــۆری پاکــارد مــۆدێلی ۱۹۵۷ کــە لەولایەتــە یەکگرتووەکانەوە هەنارده کرابوون. لەسێپتەمبەری ساڵی ۱۹۵۷ دا باڵیۆزی ئەڵمانیای رۆژئاوا رایگەیاند محەمەد لەگەڵ دوو هاوکارە حەزرەمیەکەی (بن مەحفوزو شەربەتلی) بە "سێ نەخوێندەوارە مەزنەکەی عەرەبستانی سعودی" ناسرابوون. بەهۆی کارەکتەری پێداگیری‌و چالاکیەکەیەوەو ئاوێتەیەك لەفێڵبازی‌و شەرەفمەندی، محەمەد ناووناوبانگێکی باشی هەبوو. راپۆرتی هاوینی داهاتووی باڵیۆزی دووەمی ئەڵمانیای رۆژئاوا کۆمپانیاکەی بن لادنی وەك "دەوڵەمەندترین کۆمپانیای عەرەبستانی سعودی" ناوزەند کرد کەدەوترێت سەرمایەو سامانی بەبەراورد بەهەموو کۆمپانیاکانی تری نێو حکومەتەکە زیاتر بێت ئەمیش بەهۆی جۆرێك لەقۆرخکردنی فرمانەکانی حکومەتەوە، لەلایەن شا سعودەوە دەردەکرا، هاندرابوو.

کاتێ ناوبانگی زیادی کرد، ئەو مەترسیەش، کە پێدەچێت بکەوێتە داوی شەڕی دووبەرەکی‌و کێبڕکێوە کە سیاسەتی خێزانی شاهانەی عەرەبستانی سعودی پێکدەهێنا، زیادیکرد. زیاتر لەچل برای ئالسعود هەبوون کە میراتگری تەختی پاشایی بوون، هەروەها زنجیرەیەك لەدایکان‌و ژنان‌و ژنە کۆنەکانیش پێشبڕکێی بەدەستهێنانی گەنجینەیان دەکرد. ئەگەری زۆر بوو کە لەرێ لادەرێکی وەك بن لادن هەڵەیەك بکات. ئەگەر بن لادن کارێکی هەڵەی ئەنجام بدایە، هەموو گرێبەستەکانی، کۆمپانیاکەی‌و رەنگە سەربەستیەکەشی لەدەست بدایە. بەگوێرەی هاوڕێیەکی لوبنانی بن لادن، پاش ماوەیەکی کەم کە سعود بووە شا، خۆی‌و فەیسەڵی برای هەوڵیاندا لەمشتومڕێکی نێوانیاندا بن لادن تێوەگلێنن. کاردانەوەی محەمەد بەو جۆرە بوو ماوەی مانگێك خۆی بەنەخۆش نیشان بدات. هاوڕێیەکەی داوای پزیشکی کرد چارەسەری بکەن‌و لەخانووە گەورەکەیدا شاردیەوە تا دوژمنایەتی شاهانە کۆتایی پێهات. بن لادن ئەم ترسەی بۆ هاوڕێکەی روونکردەوە:"ئەوان کوڕی شا عەبدولعەزیزن، هەرچی رووبدات ئازاری یەك نادەن. بەڵام من نا، لەوانەیە سەرم تیا بچێت". دڵڕاگرتن‌و گوێڕایەڵی کە بەعەرەبییەکی جوان گوزارشتی لێ دەکرد، تاکتیکی سەرەکی سیاسەتی بن لادن بوون، مەرهەمێك بوو بەکاری دەهێنا تا دڵنەوایی خۆویستەکانی شاهانەی پێ بکات. وەك یەمەنیەك کە تا رادەیەك سەر بەچینی خوارەوەی کۆمەڵایەتی بوو، بن لادن سەبارەت بەئالسعودو ئەو سامانەی پێکەوەی نابوو جێگەی هەڕەشەیەکی سیاسی نەبوو. وێڕای ئەوەش دوپاتکردنەوەی کلێشەی بازرگانیکردنی حەزرەمی لەشاری ریازدا بەتایبەتی پەیوەندیدار نەبوو. بن لادن

هێشتا بەئاگا بوو لەوەی بەشێوەیەکی بەردەوام خێزانە شاهانەییەکە بەیاد بێنێتەوە کە دەزانێت کار بۆ خۆشی ئەوان دەکاتو تەنها جێبەجێکاری بڕیارەکانیانە. یەسلامی کوڕی هاتەوە یادی:"ئەو پێی ووتین توخنی سیاسەت نەکەوین. ئێمە کۆمپانیایەکی بنیادنانین، بازرگانین. ئەوە ئەنجام دەدەین کە پێمان دەوترێت. پەروەردەکردنی ئێمە بەو جۆرە بوو".

کاتێ بن لادن گوزارشتی لەبیروڕای سیاسی دەکرد، ئەوان لاسایی کەسانی خێزانی شاهانەیان دەکردەوە. لەماوەی ساڵی ١٩٥٦ کاتێ سعود لەگەڵ بەریتانیا سەبارەت بە (مێرگی بورامی) کەوتە مشتومر لەبارەی سنورەوە، بن لادن بۆ باڵیۆزی ئەمەریکای دەرخست کە دژی سیاسەتی ئەمەریکایە، کە ئەو وەك هاوکارییەکی ناتەواوی شا سعود لێکی دایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بن لادن زۆربەی جار سەری لەڕێزدا بوو.

رەنگە بن لادن هەستی بەوە کردبێت فەرمانڕەوایی شا سعود بێ بناغە بووبێت. فەیسەڵ هەتا دەهات وەك زۆرێك لەخێزانی شاهانە هیواخواز بوو دەسەڵاتی پێ بدرێت. کاتێ ئەم ململانێیە کۆتایی پێهات، ئەرکی گرانی بن لادن ئەوە بوو هەردوو پیاوەکە خۆشحاڵ بکات کە ئەمەش ئەرکێکی گران بوو، چونکە ئەوان دوو سەرکردەی زۆر سەخت بوون کە خاوەنی بیرۆکەی بەرچاو بوون سەبارەت بەوەی عەرەبستانی سعودی کام رێچکەیە بگرێتە بەر.

سعود حەزی بە پاشایەتی دەکردو شوێن بە شوێن گەشتی دەکردو لەسەرووی خوانە رازاوەکانەوە دادەنیشتو پارەی دەبەخشیەوەو لەگەڵ یەکێك لەژنەکانی یان کەنیزەکەکانی دەچووە نێو جێگەی نوستن. سعود میراتگری ئەو پلەوپایە بەرزەی باوکی بوو، دەیتوانی پلەوپایەی شاهانەیی بێنێتە پێش چاوی تەنانەت کاتێ زۆر قەڵەو بوو، بەڵام وەك باوکی خاوەنی زیرەکیو تێگەیشتنی سیاسەتی نێودەوڵەتی نەبوو. سعود بووە میراتگرێکی ئاشکرای عەبدولعەزیز پاش ئەوەی بەهۆی پەتای بڵاوی هەڵامەت لەساڵی ١٩١٩ کۆچی دوایی کرد، بەڵام شا بەباشی سعودی بۆ تەختی پاشایەتی ئامادەنەکرد. پەروەردەکردنی ئەو لەقورئان لەبەرکردنو هونەری بیابانی ئەسپسواریو باز هەڵدانەدا سنووردار کرابوو بۆیە سعود نەیتوانی زۆر بەرچاو بێت. سعود چاوی کزو پاژنەکانی پێی تەخت بوون. لەبەرئەوە لەڕێگەی چاویلکەیەکی ئەستوورەوە دەیڕوانیو بەهێواشی رێی دەکرد. کاتێ گەیشتە تەمەنی هەرزەکاری نەخوێندەوار بوو، هەروەها تا نەگەیشتە چلەکانی تەمەنی گەشتی رۆژئاوای نەکرد. عەبدولعەزیز وەك بریکاری سەرەکی خۆی لە ریاز سعودی دەستنیشانکرد، بەڵام لەبری

ئەوەی فێری زیرەکیو لێهاتوویەکانی باوکی بێت، سەرنجی بەلای نموونەی جێگەی نووستنی هاوسەرگیریەکەیدا چوو. دواجار لەژمارەیەکی نەزانراوی ژنەکانی، سعود بووە باوکی زیاتر لەسەد کوڕی دانپیانراو.

بەدەر لەئۆتۆمبێلو ئامێرە رادیۆکانی، بەشێوەیەکی سەرەکی بیروبۆچوونە رۆژئاواییەکانی لەبارەی پێشکەوتنەوە فەرامۆش کردبوو، بەڵام کوڕە گەورەکەی حەزی بەلەناوبردنی سەرمایە دەکردو دواتر هێدی هێدی ئالوودەی کهول بوو. لەسەرەتادا ئارامکۆو حکومەتی ئەمەریکی لەبارەی کەرەستەی رازاندنەوەو ئاسانکاریە مۆدێرنەکانەوە هانی شەیدابوونی سعودیان دەدا. ئەوان سعودیان بەگرنگ دەزانی تا لەو رێگەیەوە بەنەوتی وڵات بگەنو هەوڵیان دەدا بەو کەرەستانە سەرنجی رابکێشن کە سوودی بە هاوپەیمانی ئەمەریکی دەگەیاند.

کاتێ سعود بۆیەکەمجار لەساڵی ١٩٤٧دا وەك جێنشینی پاشا بەرەو وڵاتە یەکگرتووەکان گەشتیکرد، بە ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی هێڵی ئاسنین بەرەو نیویۆرك کەوتەرێ. سعود لەبورجی چاودێریکردنی (ئێمپایەر ستەیت بیڵدینگ) بەمیواندارەکانی ووت: "وا هەستمکرد براکانم زیادەرۆییان دەکرد سەبارەت بەوەی لەبارەی نیویۆرکەوە پێیان ووتم، بەڵام نیوەی باسەکەشیان پێ نەوتبووم. شارێکی ئاوها خەیاڵیە". پاشان لەپەنجەرەی لیمۆزینەکەیەوە پەنجەی بۆ ئۆتۆمبێلەکان رادەکێشاو پرسیاری دەکرد:"کادیلاك؟ بویك؟ کرایسلەر؟". دواتر لەئاهەنگی ئێوارەی میوانخانەی (والدۆرف ئاستۆریا)دا پیاوانی نەوت سعودیان لەسەر مێزێك دانیشاند کە بەدیمەنی ئالۆزی کاتی زستانەی گوندی (نیو ئینگلاند) رازێنرابۆوە، لێوانلێو بوو لەبەنزینخانەیەکی تەکسیکۆو شەمەندەفەرێکی بچووك بەناو لۆکە (بەفر)ەکەدا دەرۆیشت. کۆنترۆڵی شەمەندەفەرەکە لەشوێنی دانیشتنی سعود بوو، ئەویش ئێوارەی لەفوو پیاکردنی فیکەکەدا بەسەربرد کە وای لەمەکینەکە دەکرد دوکەڵ دەربکات. بەدوای شیرینیەکەدا هەشت کاری کەیفخۆشی هات، لەوانە: کچە سەماکەرە چینیەکان، جادووگەران، تەنافبازان کە پێدەچوو سعود بەتایبەتی چێژی لێ وەربگرێت. مەبەستی ئارامکۆ بریتی بوو لەبینادنانی پەیوەندییەکی درێژخایەن لەگەڵ جێنشینی پاشادا. ئەوان بەم کارە هەستان، بەڵام توانیشیان ئەندێشەی پیاوێکی ساویلکە بهێننە جۆشوخرۆش سەبارەت بەوەی چۆن شایەکی رێکوپێكو مۆدێرن بەحسابێکی زۆری بانکەوە دەشێت شکۆمەندی فەرمانڕەواییەکەی پیشان بدات.

سعود بەهاوکاری محەمەد بن لادن لەدەرەوەی دیوارەکانی شارە کۆنەکەی ریاز تەلارێکی بەبڕی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بنیادنا کە بە (ناسریە) ناسرابوو. ئەم بینا گەورەیە بووە دروشمی ڕەوشتو کردەوەی بازاڕی، کە بینایەکی گەورەی زانکۆی ڕەنگ پەمەیی‌و سەوز، یاریگاکانی تۆپی پێ‌و پەلەوەرگەکانی مانگای ئەمەریکی هاوردەی لەخۆ گرتبوو. میوانێك لەیەکێ لەخوانەکانی دەرەوەی پاشادا سەرنجیدا کاتێ سعود لەزەردەپەڕدا فرمانی دەرئەکردو کاتێ سەدەها گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگی ئەلکترۆنی روناکیان دەدا، لەڤایلبووندا دەگەشایەوە. لەو تاریکیەدا منارەکان بە (بلاجکتۆر) لەهەموو ڕەنگەکانی وەك شین، زەرد، سەوزو سور روونـاك دەکرانەوەو دیوارەکانی تەلارەکەش ڕەنگی پرتەقاڵی بوو.

کاتێ خواردنەوەی زیادیکرد، تەندروستی سعود بەرەو خراپبوون رۆیشت. ئەو دەمەی لەبارەی توانای ئەنجامدانی سێکسەوە نیگەران بوو، سعود ژمارەیەك پزیشکی ئەوروپی ساختەی لەدەوری خۆی کۆکردەوە کە حەپیان پێ دەفرۆشتو دەرزییان تێوە دەژەنی. دیبلۆماتە بەریتانی‌و ئەمەریکیەکان تامی نەبوونی ڕێسای سعودو چێژی تامە خراپەکەیان کردبوو، بەڵام هەندێ لەهاوڵاتییە هەژارەکانی لەبەخشندەییە رووکەشیەکەیدا خۆشییان بینیبوو، بەتایبەت ئەو خووەیان بەدڵبوو کاتێ شا لەئۆتۆمبێلەکەیەوە بەلای ئاپۆڕەی تەماشاکەراندا تێپەڕ دەبوو پارەی ووردەی زێڕی بۆ فڕێ دەدان. دوو لە سێی هاوڵاتیانی سعود بەکۆچەری یاخود نیمچە کۆچەری مانەوەو کەمتر لەڕێژەی یەك لە دەی منداڵانی تەمەنی قوتابخانە لەپۆلدا ئامادە دەبوون. لەشانشینەکەدا کەمتر لە ١٢ هاوڵاتی ڕەسەنی دەرچووی کۆلیج هەبوو، جگە لەسەنتەرەکانی فێربوونی ئیسلامی لەدوو شارە پیرۆزەکەدا هیچ زانکۆیەك بەدی نەدەکرا.

سعود لەئەنجامی باراندنی کۆمەك بەسەریاندا هۆزەکانی هێمن دەکردەوە، بەڵام سەلماندی کە لەبەڕێوەبردنی دەسەڵاتەکەی لەنێو خێزانە شاهانەییەکەیدا کەسێکی لێهاتوو نیە. سعود شکستی هێنا لەوەی لەنێوان زڕبراکانیدا هاوپەیمانیەك دروست بکات، کوڕە نەشیاوەکانی لەفەرماندە سەربازیەکاندا داناو ترسی خزمەکانی زیاتر کرد بەوەی لەوانەبوو سعود منداڵە زۆرەکانی خێزانەکە بەکاربێنێت تا تەختی پاشایی نەخشەکێشراو بۆ فەیسەڵ زەوت بکات.

فەرمانڕەوایی سعود هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتنی جەمال عەبدولناسر کە ئەفسەرێکی سوپا بوو لە میسر دەسەڵاتی گرتەدەستو لەجیهانی عەرەبدا بانگەوازی شۆڕش‌و یەکێتی

دەکرد کە بانگەوازێك بوو ستایشی جەماوەری پێ بەخشی. پروپاگەندەکانی ناسر بۆ سەر دەسەڵاتە کۆڵۆنیە ئەوروپیەکانی پێشوو هەروەها دەستوپێوەندە کۆنەپەرستەکانیان هێرش بوو، پێدەچوو شا سعود نموونەیەکی بەرچاو بێت. سعود خۆی لەو کودەتایە لادا کە لەلایەن ناسرەوە لەساڵی ١٩٥٥ دا روویدا. پلانگێڕیە سەرنەکەوتووەکە لەرووی سیاسیەوە لە دوورگەی عەرەبی خامۆشدا رووداوێکی سەرسامکەر بوو. تێگەیشتنی شا بەو جۆرە بوو کە پێویستە وەڵامی جەماوەری ناسر بداتەوە، بەڵام خاوەنی تیژبینیو لێهاتووی پێویست نەبوو. ئەو لەڕێی لایدابوو، لەلایەکەوە ئامێزی بۆ ناسر کردبۆوە، بەڵام دواتر لەپیلانگێڕیەکی شکستخواردوودا بەو مەرامەی بیکوژێ بەشداریکرد.

سەرۆك ئایزنهاوەرو هاوکارەکانی لە واشینتۆن نەخشەیان کێشا تا عەرەبستانی سعودی بکەنە هاوپەیمانێکی دڵسۆزی دژ بەشیوعیەت. پاش ئەوەی ناسر بەهۆی هاوکاری زارەکی سعودەوە نۆکەندی سوێسی خۆماڵیکرد، بەریتانیاو فەرەنسا بەداگیرکارییەکی ناژیرانە وەڵامیان دایەوە. دوای شکستەکەیان، ئایزنهاوەر لەجیهانی عەرەبدا بۆشاییەکی بەدیکرد کە پێدەچوو دەسەڵاتی ئەمەریکی پڕی بکاتەوە. ئەو بەتایبەتی زۆر حەزی لەبەکارهێنانی بنکەی هەوایی نزیك کێڵگە نەوتیە سعودیەکان دەکرد. لەساڵی ١٩٥٧دا دووبارە شای بانگهێشتی ئەمەریکا کردەوە. لەکاتێکدا کچە سەماکەرەکان ئەمجارە زۆر بەرچاو نەبوون، هێزی ماستاوکردنی ئەمەریکیش بەهەمان شێوە بوو. ئایزنهاوەر لەفڕۆکەخانە چاوی بەجێنشینی شای عەرەبستانی سعودی کەوتو بەژێر ئەو بەیداخەی ڕێگای پەنسلڤانیا یاوەریکرد کە لێی نووسرابوو"بەخێرهاتنی شا سعود دەکەین".

بەڵام خەرجیەکانی شا هاوسەنگی لەدەستدابوو. یەختەکەی شا لەئەوروپا دەستی بەسەردا گیرابوو بەهۆی ئەو پسوڵانەی پارەکەیان بەتەلارسازێکی ئیتاڵی نەدرابوو. ڕەنگە ئەمەریکیەکان، لەپێناوی نەوتو مافی بنکە هەواییەکان، چاوپۆشیان لەشەرمەزاریەکی لەو جۆرە کردبێت، بەڵام خزمەکانی شا هەتا دەهات هەستیاندەکرد چیتر ناتوانن چاوپۆشی لێ بکەن. بێئارامی ئەوان بەهۆی بوونی جێگرەوەیەکی ئاشکرا رووی لەزیادبوون دەکرد کە ئەویش دەستنوقاوی سعودو زڕبرا کەمدووەکەی بوو.

فەیسەڵ بەنزیکی لەهەمان بەرواردا لەگەڵ سعوددا لەساڵی ١٩٠٥دا لەدایکبووبوو، بەڵام لەدایکێکی جیاواز لەکچێکی بنەماڵەی ئەلشێخ بوو لەوەچەی عەبدولوەهاب، کە ووتاربێژێکی

ووشــکی بیابــانی ســەدەی هەژدەیــەم بــوو بــیروڕا ئاینیــەکانی کاریگــەری زۆریــان لەســەر نیمچەدوورگەی عـەرەب هـەبوو. لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا، بنەماڵـەی ئەلشـەیخ بوونـە بـەناوبانگترین خێزانـی زانـا ئاینیـەکانی نەجـد. فەیسـەڵ گەیشـتە تەمـەنێك لـەژێر چـاودێری خێزانـە کۆنەپەرسـتەکەیدا، کـە لەهەمانکاتـدا زانـای خوێنـدەوار بـوون، خرایـە بـەر خوێنـدنی یاسـاو بیروبـاوەڕە ئاینییـەکان. وەك بـراکـەی، ئـەو هـەمان پسـپۆڕی ئەسپسـواریو بازهەڵـدان فێربوو، بەڵام سەلماندی کە زیـاتر سـەرکردەیەکی سیاسـی ڤایلکـەرو پەیوەسـترە. فەیسـەڵ بـاڵا کورتو لاوازو لوتێکی دیارو چاو داتەپیو بوو وەك چاوی باز کە سەرنجی میوانانی رادەکێشا.

لـەنزیکترین کـاتی سـاڵی ١٩١٩دا بـوو کـاتێ عەبدولعـەزیز بڕیاریـدا بـەوەی فەیسـەڵ باشـترین کەسە لەپایتەختە دوورەکانی ئەوروپادا نوێنەرایەتی شا بکات. فەیسەڵ لەتەمـەنی هـەرزەکاری بـەیاوەری (فیلبـی) لەزسـتانێکی دوورودرێـژو شـێداردا بـەرەو ئینگلتـەرا گەشـتیکرد کـە وانـە سەرەتاییەکانی دیبلۆماسیەتی فەرمیو یاداشتە بـەهێزەکانی شـێری دەریـای باخچـەی ئـاژەڵانی لەندەنی لا بەجێهێشت. لەکۆنفرانسی (فێرسایل)دا نوێنەرایەتی باوکی کرد، کە لەوێدا پەیمانی کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم واژۆ کرا. لەگەڕانەوەی بۆ نیشتمانیش، عەبدولعـەزیز کـردی بەلێپرسراوی حیجاز، بەڵام پێدەچوو فەیسەڵ هەندێجار لەبارەی بەڕێوەبردنـەوە کەمتەرخـەم بێتو لەکۆشكو ژیـانی خێزانـی پاشەکشـەی کـرد، بـەڵام لـەنێو ئاسـتەنگەکانی گەشـەی نـەوتی پـاش جـەنگ، فەیسـەڵ بـۆ تەلارەکـەی خـۆی گەڕایـەوە. فەیسـەڵ وەك نوێنـەری شانشـینەکە لەنەتـەوە یـەکگرتووەکانی سـاوادا کـاریکردو بـۆ ئەمـەریکا گەشـتیکردو بەشـێوازێکی بەرچـاوو زیاتر پێگەیشتووترو بازرگان ئاسا تر وەك لەسعود دەرکەوت. لەم کاتـەدا فەیسـەڵ لـەخواردنو خواردنەوە پارێزگاری نەدەکرد، هاوڕێیەکی بەکەیف بـوو کـە ئامـادەی گاڵتەوگـەپ بـوو، لەگـەڵ ئەوەشدا هەرگیز هێندەی زڕبراکەی کەسێکی بێ رێسا نەبوو. سـاڵان تێپـەڕی کـرد، فەیسـەڵ تـا دەهات دەبـووە کەسـێکی وشـكو ئـاینی، رەفتارەکـانی بـەهۆی نەخۆشـی درێژخایـەنی ریخۆڵـەوە دامرکایەوەو دووچاری بەرچاو تاریکبوونو لەڕولاوازبوون هات.

فەیسەڵ بیروبۆچوونە بەهێزەکانی لەبارەی بیروباوەڕی ئیسلامو ئـەو کـەلتوری بیابانیانـەوە پاراست کە لەتافی لاویدا فێرکرابوو. فەیسەڵ دژە شیوعیەکی تونـد بـوو هـەروەها پشـتیوانێکی دڵسـۆزی تیۆرەکـانی پیلانگێڕانـی دژی زایۆنیزمـەکان بـوو. هـەروەك کەسـێکی بـیر کـراوە بـوو سەبارەت بەوەی چۆن عەرەبستانی سعودی پەیڕەوی دابونەریتەکانی بکات لەکاتێکدا پـەیڕەوی

پرۆگرامی پێشکەوتنی نەتەوەیی کردبوو. بەگوێرەی ووتەکانی (غازی ئەلقوصەیبی) بالیۆزی عەرەبستانی سعودی، فەیسەڵ لەسروشتەوە کەسێکی کۆنەپارێز بوو، بەمانای خۆپارێزەر،"بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کەسێکی خۆڕاگر بوو. فەیسەڵ لەو باوەڕەدا بوو دەشێت زۆرینەی کێشەکان بەسەلامەتی بۆ کات بەجێ بهێڵرێ تا چارەسەر بکرێت". سەبارەت بەو بەرپرسە ئەمەریکیانەی لەبارەی گۆڕانکاریەوە گوشاریان خستەسەر، فەیسەڵ ئەو پەندە عەرەبیانەی بەنموونە دەهێناوە کە باس لەمەترسیەکانی پەلەکردن دەکەنو پێی راگەیاندن ئەو بەپەرۆشە ولات پێشبکەوێت، بەلام پێویستە بەخاوی بڕواتە پێش".

لەگەڵ ئەوەشدا وا دەرکەوت فەرمانڕەوایی براکەی سعود پێویستی بەچاودێریەکی بەپەلە هەبێت. لەکۆتایی ساڵی ١٩٥٧دا لەکاتێکدا بەهۆی خەرجیەکی زیاد لەپێویستەوە قەیرانێکی تر هاتە ئاراوە نزیك بوو شانشینەکەی بەرەو مایەپوچیی ببات، خێزانی شاهانە پێشنیازیانکرد فەیسەڵ وەك سەرۆك وەزیران دابنرێت. سعودیش بەنابەدڵیەوە رەزامەندی نواند. جێبەجێکردنی ئاشکرای کارەکە بەو شێوەیە بوو سعود ئازاد بێت، لەسنووری رێگەپێدراودا، وەك پاشای بەناو دەسەلاتدار، بەلام فەیسەڵ سیاسەتی ئابووریو بیانی بەڕێوە دەبرد بۆئەوەی گەنجینە ببوژێنێتەوەو لەدژی بزوتنەوەکەی ناسر پارێزگاری لەسعود بکات.

سعود بۆماوەیەکی کاتی کشایەوە، بەلام چوونە سەر تەختی پاشایی براکەی بێتاقەتی کردبوو. لەدوای ساڵی ١٩٥٨ ئەم کۆبوونەوە پێشبڕکێیە لەنێوان دوو جێنشینی پاشادا کێشەی زۆر ئاڵۆزی بۆ محەمەد بن لادن دروستکرد. محەمەد قەرزاری هاوکاری سعودو ماوەیەکی چالاکی تەلار دروستکردن بوو، بەلام خووی فەیسەڵ لەبارەی لەخواترسانو کارەوە بەنزیك لەخۆیەوە هێشتەوە. وەك دەوترا بن لادن بەهاوڕێیەکی راگەیاندبوو"جزدانەکەم لەگەڵ سعودەو سەرم لەگەڵ فەیسەڵە".

محەمەد بن لادن لەنموونەی فەرمانڕەواکانیەوە هەستیکرد هاوسەرگیری هەمەجۆر نەك تەنها دەرچەی ئارەزوی پیاوێکی دەوڵەمەندە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ بنیادنانی هاوپەیمانی سیاسیو ئابووری. پرۆژەکانی بن لادن هەتا دەهات وای دەکرد لەبارەی دوورگەی عەرەبیەوە نیگەران بێت کە چەند ناسیاوێکی کەمی لەوێ هەبوو. محەمەد پێویست بوو لەوێ پشتیوانی شێخە لۆکاڵەکان بەدەست بێنێت. بن لادن بۆئەوەی ئەم کارە ئەنجام بدات هەندێجار کچانی سەرکردەی هۆزە بیابانەکان یان سەرۆکی شارەوانی دەهێنا، پارەو خانووی سەرسوڕهێنەری

بۆدابین دەکرد، خزمە نێرینەکانی دەخستە نێو پرۆژەکانیەوە ئینجا پاش نزیکەی ساڵێك کاتێ کارەکەی تەواو دەبوو بەئابووریەکی باش‌و رەنگە منداڵێکەوە نیشتەجێی دەکرد. نەجم بە فەخرەدین، کە پاسەوانی یەکێ لەکوڕانی بن لادن بوو، راگەیاند:" لەهەندێ لەو هاوسەرگیریانەدا، بن لادن لەڕووی سیاسیەوە زۆر لێزان بوو".

لیستێکی لێوانلێو لەنزیکەی بیست‌و دوو ژن کە دواجار منداڵیان لە بن لادن هەبووە نەزانراوە. سەبارەت بەو هاوسەرگیریانەی لانی کەم بەشێوەیەکی لاوەکی دیاریکراو بوون، هەندێك پێشنیاری رێکەوتنێکی دابونەریتی لەنێوان دوو خێزانی حەزرەمەوتدا دەکەن. هەندێ پێشنیاری نموونەی تاکتیکەکانی بن لادن دەکەن لەبنیادنانی هاوپەیمانەکاندا بۆ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە سوودبەخشە. هەندێکی تر پێشنیاری پاڵنەرێکی تەواوی سێکسی دەکەن.

تەلاق‌و هاوسەرگیریکردنەوە هەمەجۆرەکانی بن لادنی بەخشندە کە جێبەجێ دەکران لەهەندێ لەبەشەکانی (نەجد)دا کارێکی نائاسایی نەبوو، بەلام خونەریتی کۆمەلایەتی دورگەی عەرەب لەسالانی پەنجاکاندا لەشارەکانی وەك جەددە گۆڕانکاریان بەخۆوە دەبینی. دابونەریتی هێنانی چوار ژن لەهەمان کاتداو بەزنجیرە تەلاقدانی یەك لەدوای یەکیان بەو مەرامەی تەنانەت هاوبەشی زیاتر پەیدا بکەن هەتا دەهات وەك گەڕانەوە بۆ دواوەو لەگەڵ مێژوودا بەنەشیاو سەیر دەکرا. فرەژنی باوی بوو، مۆدێرنخوازیش لەبرەودا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا حیجاز بەئاسانی بەو بێئابڕوویەی دەوڵەمەندێکی حەزرەمی کۆچکردووی وەك بن لادن رازی بوو، بەهۆی نموونەکانی عەبدولعەزیز‌و سعودەوە.

ئایەتەکانی قورئان لەبارەی هاوسەرگیریە جۆراوجۆرەکانەوە دەشێت وەك هاندان‌و تەنانەت قەدەغەکردنی فرەژنی راڤە بکرێت. ئەم ئایەتانە تیشك دەخەنە سەر هەقخوازی. پیاوی هاوسەردار پێویستە نیازی خۆی لەبارەی تەلاقەوە رابگەیەنێت، رێگەبدات ماوەیەك تێپەڕێت، پاشان بڕیارەکەی دووپات بکاتەوە."کاتێ ژنان تەلاق دەدەن، ئەوانیش گەیشتوونەتە کاتی دیاریکراو، دواتر بەشێوەیەکی رەوا بیانهێڵنەوە یان ئازادیان بکەن". ئەو بەڵگەیەی لەبارەی هاوسەرگیریەکانی بن لادن لەبەردەستدایە پێشنیاری ئەوە دەکات کە بن لادن بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم بنەمایانەی جێبەجێ کردووە، بەلام گومانی تیانیە هەندێ لەژنەکان زیاتر

لەوانی تر چێژی چاکەو تەمەن درێژییان کردووە. هەندێکیان تەنانەت لەپاش تەڵاقدانیان پارەیەکی باشتریان وەردەگرت.

لەماوەی ساڵانی سەرەتای فەرمانڕەواییەکەی شا سعوددا، بن لادن بەرەو وڵاتانی رۆژهەڵات گەشتیکرد تا هەندێ کەرەستە بکڕێتو چەند بەڵێندەرێکی لاوەکی بدۆزێتەوە. لەماوەی ئەم گەشتانەدا پێدەچوو بن لادن لەگەڵ ژمارەیەك کچانی لاوی عەرەبدا هاوسەرگیری کردبێت. ئەو کاتەی محەممەد لەهاوینی ساڵی ١٩٥٦ دا گەیشتە شاری کەناراوی (لازقیە) پێشتر تەنها یەك ژنی سوری رەگەزی هێنابوو، بەخێزانی ئەلغەنیم ناسێنرا کە هەژاربوونو بەشێوەیەکی تایبەتی ئاینپەروەر نەبوون. چۆنێتی چاوپێکەوتنی بن لادن لەگەڵ بنەماڵەی غەنیمو بۆچی (عالیە)ی کچە چواردە ساڵەکەیان پێشکەشی کرد شتێکی نەزانراوە. بن لادن لەگەڵ خۆیدا عالیەی بردەوە بۆ عەرەبستانی سعودیو لەماوەی ساڵێکدا عالیە سکی پڕ بوو. لەماوەی ساڵی ١٣٧٧ی کۆچیدا، کە هاوکاتە لەگەڵ ماوەیەك لە تەموزی ١٩٥٧ تاکو حوزەیرانی ١٩٥٨ عالیە لەشاری ریاز کوڕێکی بوو بەناوی ئوسامە.

لەکاتی ئەم هاوسەرگیریەدا محەممەد بن لادن قۆناغێکی تایبەتی چالاکی هاوسەریتی سێکسیو باوکایەتی بەسەردەبرد. بەگوێرەی ئەو یاداشتانەی لەلایەن خێزانی بن لادنەوە بە دادگایەکی ئەمەریکی دراوە، محەممەد هاوسەردار مایەوە لەگەڵ ئەو ژنەی زیاتر لە دە ساڵ پێشووتر خواستبووی. ئەو ژنە پێشتر دایکی کوڕێك بوو، هەروەها لەهەمان ساڵی ١٣٧٧ی کۆچیدا دوو کوڕی تری بوو. بەدەر لەم ژنەو عالیە غەنیمی تەمەن چواردە ساڵ، لانی کەم دوان لەژنەکانی تری بن لادن لەماوەی هەمان ساڵی کۆچیدا کوڕیان بوو. بەگوێرەی یاداشتەکانی خێزانەکە بێت، محەممەد بن لادن لەهەمان ساڵی لەدایکبوونی ئوسامەدا بووە باوکی حەوت منداڵ کە پێنجیان کوڕو دووانیان کچ بوون. ئوسامە دواتر ووتی پێی وایە لەو مانگە کۆچیەدا لەدایك بووبێت کە دەکاتە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٥٨. ئەگەر بەو جۆرە بێت، ئەوا پێدەچێت ئوسامە یەکێك بێت لەو دوو کوڕەی لەهەمان ئەو مانگەدا لەلایەن دوو ژنی جیاوازی محەممەدەوە هاتنە دنیاوە. کوڕەکەی تریش ناوی (شەفیق) بوو کە هەواڵی بەیاداشتەکانی کۆمپانیای بەریتانی دا بەوەی لە رۆژی ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٥٨ دا لەدایك

بووە.* سەخت بوو بۆ هەر کام لەمنداڵەکانی بن لادن لەم کاتەوە بەتەواوی لەبارەی بەروار یان تەنانەت مانگی لەدایکبوونی دڵنیا بێت. ئەوە شتێك نەبوو کە سعودیەکان گرنگی پێبدەن، سیستەمێکی پاراستنی تۆماری حکومیش لەئارادا نەبوو.

خێزانەکەی عالیە خەڵکی شارێك بوون ژمارەیەکی زۆر لەهۆزی ئاینی (ئەلعەلەویە)ی لێ نیشتەجێ بوو کە دواتر ئەندامەکانی پۆلە سەربازیە باڵاکانی سوپای سوریو حکومەتیان خستبووە ژێر رکێفەوە. ئەلعەلەویەکان پەیوەست بوون بەبیروباوەڕێکی ئاڵۆزی ئیسلامی کە لەڕێگەی دابونەریتی زارەکیەوە هاتبوو. بیروباوەڕێك کە لەلایەن دابونەریتی باوی موسوڵمانانەوە بەکوفر لەقەڵەم دەدرا. ئەلغەنیمەکان دواتر نکوڵیانکرد لەوەی سەر بە (ئەلعەلەویە) بنو رایانگەیاند بەبیروباوەڕە سوننیە کۆنەکانەوە پەیوەستن، بەڵام ئەم بانگەشانە لەکاتێکدا بڵاوکراونەوە کە بۆ ئەو خێزانە دان بەکەلەپوری ئەلعەلەویەدا بنێن جێگەی مەترسی بوو، بۆیە مەسەلەکە پێدەچوو نائاشکرا بێت. لەماوەی ساڵانی پەنجاکاندا کچانی ئەلعەلەویەی سوریی خێزانە هەژارەکان هەندێجار لەدەرەوەی وڵات وەك خزمەتکار کاریان دەکردو تەنانەت وەك کەنیزەك دەفرۆشران. ئەمەش دواتر تەپڵ لێدانێکی وای لێکەوتەوە، بەوەی رەنگە دایکی ئوسامە ژنی شا بێت. پێدەچێ گونجاو بێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەك لەئارادا نیە ئەم تەپڵ لێدانە بسەلمێنێ. تەنانەت ئەگەر بن لادن لەسەرەتادا وەك جۆرە ژنێکی کاتی عالیەی دەست بکەوتایە، ئەوا بەجۆرێك لەقەڵەمی دەدا کە خاوەنی کوڕێکی شەرعیە لێیو ئەویش لەخێزانەکەی بن لادن پاش چەند دەیەی داهاتووش پێگەی خۆی دەپاراست.

ئوسامە بەدرێژایی ژیانی وەك میراتگرێکی نێری محەمەد بن لادن لەپرسە یاساییو بازرگانیەکاندا چێژی ئەو شەرعیەتبوونەی دەکردو وەك کوڕە گەنجەکانی تری بن لادن بەجۆرێك مامەڵەی لەگەڵ نەدەکرا وەك ئەوەی سەر بە لیستێکی نزمتری لەدایکبوان بێت. هێشتا ئاشکرایە عالیە غەنیم سەر بە گروپێك لەو ژنانە بوو کە تاکە کوڕێك یان کچێکیان دەبوو دواترو لەماوەیەکی رێژەیی کورتدا لەلایەن محەمەدەوە تەڵاق دەدران. هەندێ لەم ژنانە بەزوویی هاوسەرگیرییان دەکردەوەو لەبازنەی ناوخۆی خێزانەکە دەچوونە دەرەوە. ئەو

---

* لەبەرەبەیانی ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ دا کاتێ لەلایەن زیرراکەیەوە هێرش کرایە سەر پەنتاگۆن، شەفیق بن لادن لەمیوانخانەی ریتز کارلتۆن لەواشینتۆن دی سی ئامادەی کۆنفرانسی وەبەرهێنەران بوو.

ژنانەی دایکی کوڕە گەورەکانی محەمەد بوون یاخود بۆماوەیەکی زیاتر وەك هاوسەری ئەو دەمانەوە رەنگە هەستیان بەپلەوپایەیەکی بەرزتر کردبێت وەك لە عالیە، بەڵام ئەو ئیمتیازانی ژنە پلەبەرزەکان بەدەستیان هێنا، بەتایبەتی لەماوەی ساڵانی پەنجاکاندا، بەشێوەیەکی سەرەکی شانازیو هەستپێکردنی کۆمەڵایەتی بوو کە لەلایەن ئەو یاسای ئیسلامیەوە دانپیانراو نەبوو کە محەمەد بن لادن دایتاشیبوو.

ئەو مێردەی هاوبەش بوو لەنێوان ئەم ژنانەدا بەردەوام لەجموجۆڵدا بوو. لەماوەی کۆتایی ساڵانی پەنجاکاندا شکۆمەندی دایکی هەر یەکێکی بەهۆی دایکێکی نوێترەوە کاڵکردەوە. خێزانەکەی گەیشتنە قەبارەی گوندێکی بچووك. دواتر ئوسامە لەژمارەیەکی زۆر لەراپۆرتەکاندا بە حەڤدەیەمین کوڕی محەمەد، بەڵام ئەمە ئەو مانایەی دەگەیاند ئوسامە یەکەم کوڕ بوو لەنێو ئەو پێنج کوڕەی لەساڵی ١٣٧٧ی کۆچیدا لەدایکبوون. ئاشکرا نیە تا چەند دایکان بەووردی ئەم ریزبەندییەیان پاراستبوو. لەوانەیە باشتربێت بڵێین ئوسامە لەنێوان کوڕی ژمارە حەڤدە بۆ کوڕی ژمارە بیستو یەکی نێو ئەو بن لادنانەدا لەدایکبووە. بەدڵنیایەوە ئوسامە پێویست بوو بۆئەوەی ببێتە جێگەی سەرنج کێبەرکێ بکات. بەگوێرەی یاداشتەکانی خێزانەکە، لە تەموزی ساڵی ١٩٥٨ دا محەمەد بن لادن بووە باوکی چلو یەك منداڵ، بیستو یەك کوڕو لانی کەم بیست کچو هێشتا کۆتایی پێ نەهێنابوو.

کاتێ لەساڵی ١٩٥٨ دا جڵەوی حکومەتی سعودی گرتە دەست، فەیسەڵ بۆی دەرکەوت شانشینەکەی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار قەرزارە. تا رادەیەکی زۆر هیچ پارەیەکی بانکی ناوەندی بەشێوەی پارەی نەخت بەهۆی باجی حاجیانەوە نەبوو. حسابی حکومەت لەبانکی بازرگانی جەددە پارەیەکی زیاتری لێ رادەکێشرا، ژمارەیەکی بێشوماری قەرزکەرانیش پارەیەکی زۆر قەرزار بوون. لەبەرئەوەی گەنجینەی شاهانە مانگانە زۆرترین پارەی لەئارامکۆوە پێدەگەیشت، ئەگەر فەیسەڵ بیتوانیایە هەندێ لەو قەرزانەی جێگیر بکردایەو لەخەرجیەکانی شاهانەی کەمبکردایەتەوە رەنگە لەم قەیرانەدا بەئاسانی دەربچوایە. فەیسەڵ بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە داوای هاوکاری قەرز وەرگرەکانی وەك محەمەد بن لادنو گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لەرەفتاری شا سعوددا کرد.

سعود بەتەرازووی مولکی شاهانەی شانشینەکە رازی بوو. ئۆفیسە تایبەتیەکەی شاری جەددەو زۆرێك لەتەلارەکانیو دیوەخانەکانی رادەست کردەوەو تەنانەت دانی بەوەدا نا کە دەبێت گلۆپەکانی ناسریە لەکاتی رۆژدا کوژاوەبن.

فەیسەڵ سەردانی بن لادنی کردو دەستیکرد بەو دانوستانانەی کە بەدرێژایی ساڵی ١٩٥٨ بەردەوام بوو. فەیسەڵی جێنشینی شا خاوەنی پارەی نەخت نەبوو، لەبەرئەوە سەرمایەیەکی گرانبەهای پێشکەشکرد. فەیسەڵ دەیوست لەهەندێ لەو پرۆژە بازرگانیانەی کە حکومەت خاوەنی بوو، پێی وابوو پێویستە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەببرێت، خۆی رزگار بکات. بۆدانەوەی ئەو قەرزەی کاری بنیادنانەوەی شا سعود لە ناسریە، بن لادن تاپۆی میوانخانەی یەمامەی شاری ریازی پەسەندکرد. (دواتر بن لادن میوانخانەکەی بەسوپای ئەمەریکی بەکرێ دا). هەروەها پێدەچێت بن لادن لەو ماوەیەدا هاوکاری فەیسەڵی کردبێت بۆماوەیەکی کاتی پارەی لیستی موچەی حکومەت دابین بکات. ئەم هاوکاریە رووکەشەی بن لادن بووە بەشێك لەئەفسانەی خێزانەکە لەعەرەبستانی سعودی، بەزووی پلەی کوڕەکانی بەرزکردەوە، بەڵام یاداشتنامە دیبلۆماتە هاوچەرخەکان ئاماژە بەقەرزێکی وەها نادەن لەلایەن بن لادنەوە. یاداشتنامەکان پێشنیار دەکەن ئەگەر شتێکی وا روو بدات، ئەوە بەشێکە لەنەخشەی سەودای بازرگانیو رێکەوتنامەی دارایی کە لەلایەن بن لادنو جێنشینی شادا دانوستانی لەسەر کراوە. لەهەر بۆنەیەکدا بێت، فەرمانبەرانی حکومەتی سعودی بەوەرگرتنی موچەی درەنگ راهاتبوون.

بەهۆی هاندانی فەیسەڵەوە بن لادن مافی بەکارهێنانی زەوی بۆماوەی ٢٠ ساڵ گرتە ئەستۆ تاکو بتوانێ کێڵگەی شاهانەی (ئەلخەرج) کە شەست میل لەباشووری ریازەوە دوور بوو کە لەوێدا جووتیارە ئەمەریکیەکانی لیستی موچەی شا سعود مەڕوماڵاتیان بەخێو دەکردو گەنمو دانەوێڵەو سەوزەو تەنانەت شووتیشیان دەچاند بەکاربهێنێ. عەبدولعەزیز لەساڵی ١٩٤١ دا بەهاوکاری کۆمپانیا ئەمەریکیەکانی نەوت کێڵگەکەی بنیادنابوو، لەساڵی ١٩٥٨ پێویستی بەنزیکەی یەك ملیۆن دۆلار بوو تا بەڕێوە ببرێت. ئەوەش قازانجێکی کەمی خەیاڵی نیشاندا لەفرۆشتنی بەرهەم و شیرو هێلکە کە بۆخێزانە شاهانەییەکە دەگەڕایەوە، بەڵام فەیسەڵ دەیویست بن لادن تێچوونی کارپێکردنەکە لەئەستۆ بگرێت. جێنشینی پاشا لەبارەی بزوێنەرەکانەوە مەرجی پەسەندی پێشکەشکردو قایلبوو بەوەی خێزانی شاهانە بەبەردەوامی

بەرهەمەکانی بکرن. ئەزمونی کەمی بن لادن وەك جوتیارێك هێندەی ئەو ئەزموونە کەمەی بوو کە لەبارەی دروستکردنی رێگاوە هەیبوو کە پێنج ساڵ لەمەوبەرو لەپرۆژەی رێگای خێرای شاری مەدینە لەئەستۆی گرتبوو، بەڵام رەزامەندیشی نواند. بن لادن (ئەلخەرج)ی تەواو فەرامۆشکرد، لەپێناو پاشەکەوتی پارەدا کەرەستەی کەمی دابین ئەکردو بەزوویی بە فەرمانبەرە ئەمەریکیەکانی راگەیاند ئەوکاتەی گرێبەستەکە کۆتای هات بواری رۆیشتنیان دەداتێ. بن لادن شوێنی کارمەندە ئەمەریکیەکانی بەخزمەکانی هاوسەرە بێگانەکانی گرتەوە. (سام لۆگان)ی بەڕێوەبەری کێڵگەی تەکساس کە رەوانەی ماڵەوە کرابوّوە هەواڵیدا بەوەی"خزمەکانی خەزووری بریتی بوون لەگروپێکی تێکەڵە لەخەڵکی سووری‌و میسری‌و فەلەستینی کە خاوەنی ئەزمونێکی کشتوکاڵی بەرچاو نەبوون". لیستی نەتەوەکان پێشنیازی ئەوە دەکات خێزانی عالیە غەنیمی دایکی ئوسامە رەنگە لەنێو شوێنگرەوەی ئەو کارمەندانەدا بووبێت.

(لۆگان) هەستی بەوەکرد لەکێڵگەکەدا ئەو لەگەڵ ئەمەریکیەکانی تر تەنها بەهۆی قەیرانی دارایی شانشینەکەوە لەکار لابراون‌و"لەپشت ئەم کردارەوە هەڵوێستی دژ بەئەمەریکی لەئارادا نیە. بن لادن زۆر بەباشی لەگەڵ ئەمەریکیەکاندا رەفتاری دەکردو بەپێی هەموو رێکەوتنامەکان کاری دەکرد، ئەمەش لەگرێبەستە بازرگانیە سعودیەکاندا شتێکی دەگمەن بوو". بەگوێرەی دادوەریەکەی لۆگان بێت، بن لادن کێڵگەکەی لەئەستۆ گرتبوو کە دەیزانی پارەی تیا بەفیڕۆ دەدات بەو مەرجەی لەهەندێ هەوڵەکانی تردا دەستکەوتی تایبەتی پێبدرێت.

لەڕاستیدا رێکەوتنامەی (ئەلخەرج)ی بن لادن هاوکات بوو لەگەڵ چەندین گرێبەستی زۆر بەقازانجی تردا کە لەبەهاری ساڵی ١٩٥٨دا لەگەڵ فەیسەڵدا بەستبووی. بن لادن لەگەڵ دوو برای ئیتاڵیدا سەرکەشیەکی هاوبەشی پێکهێنا بەناوی رۆما، کە کاردانەوەیەکی هەڵەی بەخشی بەو جۆرەی کەوتەوەو هاوکاری داراییان لەلایەن یەکێك لەگەورەترین کۆمپانیای بنیادنانی ئیتاڵیەوە بۆدابین دەکرا. فەیسەڵ پلانێکی بازرگانی بیست ساڵیی پێشکەشکرد کە تیایدا لەبەرامبەر ئەو گازە سروشتیەی کێڵگە نەوتیەکان کە لەلایەن ئەمەریکیەکانەوە سەرپەرشتی دەکرا بن لادن کاری رێگای خێراو هەندێ ئیشی تری جێبەجێ دەکرد. لەم کاتەدا ئارامکۆ گڕی لەگازی هەموو کێڵگەکان دا لەبەرئەوەی گران بوو بگوازرێنەوەو بخرێنە بازاڕەوە. مەبەستی

گرنگی یەکێتیە داراییەکە، نەوت بوو. برایانی رۆما لەو باوەڕەدابوون کە دەتوانن گازی شانشینەکە بە ئەوروپا بفرۆشن، هێندەی پێویست پارەیان دەست بکەوێت بەشێوەیەك پارەی پرۆژە نەخشە بۆکێشراوەکانی ژێرخانی ئابووری فەیسەڵ دابین بکات، کە ئەمەش زیاتر لەهەزارو پێنج سەد کیلۆمەتری پرۆژەیەکی خێرابوو کە ریازی بەجەددەوە، جەددەشی بەبەندەری جیهانی باشوور دەگەیاند، هەروەها پرۆژەی زانکۆیەکی نوێ لەریازبوو.

پرۆژەکە سەلماندی جێگەی ناکۆکییە. دەستەی جێبەجێکەرانی ئارامکۆ پێیان وابوو گازی سروشتی هی ئەوانە، فەیسەڵ مشتومڕیکرد لەوەی شانشینەکە خاوەنێتی. برایانی رۆما لەوە ترسان مشتومڕەکە گرێبەستەکانی بن لادن سەبارەت بە ڕێگای خێرا بخاتە مەترسیەوە کە بڕی ٥ ملیۆن دۆلاریان وەك سەرمایەی پرۆژەکە تەرخان کردبوو. لەمانگی سێپتەمبەردا فەیسەڵ بن لادنو ئیتاڵیەکانی بۆ تەلاری تایف بانگهێشتکرد. بن لادنو فەیسەڵ بەدوورودرێژی بەزمانی عەرەبی دەدوان، دواتر بن لادن روویکردە رۆماییەکان تا دڵنیایان بکات جێنشینی شا دڵنیابووە لەوەی گازە سروشتیەکە هی خۆیەتی، کە"ئارامکۆ لە تەواوکردنی کارە گشتیە پێویستەکانو پێدانی کار بۆ زۆرێك لەئیشکەران ڕێگری ناکات"، ئەمەش بەپێی گرێبەستەکەی بن لادن کارێکی شیاوە.

بن لادنو فەیسەڵ پێویستیان بەیەکتر بوو. لەشانشینەکەدا خێزانی بازرگانی تر هەبوون کە لەپیشەسازی رووناکیو بنیادنانـدا ئەزمونیان پەیدا دەکرد، بەڵام ئەگەر جێنشینی شا بیویستایە بەشێوەیەکی ڤایلکەرانە دەست بەپرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوەیی بکات، ئەوا پێویستی بەکەلوپەلە زۆرەکانی بنیادنانی بن لادن دەبوو. بەهۆی بوونی لەشکرێك لەکرێکارانی نیمچە شارەزاو نەشارەزاو خووی جڵەونەکراوی ئەو لەبەڵێ کردنو ووتنی (خاوەن شکۆ)دا، دەشێت ئەو کارە ئەنجام بدرێت. لەبارەی بەشەکەی خۆیەوە بن لادن هیچ هەڵبژاردەیەکی نەبوو تەنها سازش کردن لەبارەی مەبەستی هەرەگرنگی فەیسەڵو مەرجەکانیەوە نەبێت. ئارەزووی جێنشینی شا لەبارەی خۆگرتنەوەی داراییەوە لەساڵی ١٩٥٩ دا کۆتایی بەگەشەی نیشتەجێبوونو تەلارەکانی شاری جەددە هێنا.

## ٥- بەرەو قودس

رووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بەهەمان شێوەی دارستانە کێویە کاولبووەکانی ئەوروپا پەشێوی خستە بیابانەکانی عەرەبستانی سعودیەوە. دوا ئیمپراتۆرەکانی رۆم پەرەیان بەمەسیحیەت دەدا وەك رێبازێکی گەردوونی، بەڵام فەرمانەکانیان رەزامەندیان لەسەر نەبوو بەدرێژایی رێگاکانی کاروانی ووشترەکان بەرەو رۆژهەڵات. لەکۆتایی سەدەی پێنجەمی دوای مەسیح، بیروباوەڕی ئایینی لەعەرەبستاندا لەناو زۆرینەدا گەشەی کردبوو. کۆمەڵگەی مەسیحیو یەهودی هەبوون، بەڵام زۆرێك لە(بەدەوویەکان) دارو بەردو بتیان دەپەرست. رەنگە خانەوادەیەك لەشارۆچکەیەکی ئارامدا پەنای بردبێتە بەر هەریەك لەو چەند سەد خواوەندەی بۆ پیرۆزکردنی هەوڵو کۆششەکانیان روویان تێدەکردن؛ خوداوەندەکانی مانگو خوداوەندەکانی گەشتو چیرۆکە گەرمو گوڕەکانی خوداوەندە ئاسمانیەکان لەئارادا بوون. یەك هێزی رێکخەر بازرگانیکردنی سپۆنسەرەکانی ڤیستیڤاڵە ئایینیەکان بوو، بەتایبەتی ئەوانەی چواردەوری مەککە کەدەکەوێتە نزیکەی ناوەڕاستی یەکێك لەڕێگە سەرەکیەکانی ووشترەکان بۆ بازرگانی داری مورو بوغورد. کارڕێکخەرە مەککەییەکان پێشبینی ئەوەیان کرد کەڕەنگە تاکە پێشانگایەکی ئایینی یەکگرتوو کەساڵانە رێکبخرێتو تیایدا سەرجەم خوداوەندەکان پێشوازیان لێبکرێت، زیاتر سەرنجڕاکێش بێتو داهاتی زیاتر بێت وەك لەسیستمێکی نارێکوپێکی بۆنە وەرزیەکان. ئەو نەریتە ساڵانەیەی کەبووە حەج دوای لەدایکبوونی ئیسلام، لەخوداپەرستییەکی سەرنجڕاکێشی نارێكوپێکەوە کەسەدەها جۆر خودای لەخۆی گرتبوو، دەستی پێکرد.

لەکاتی لەدایکبوونی محەمەدی پێغەمبەردا لە٥٧٠ی زایینیدا، کەعبە پێکهاتەیەکی تەختی بەردی بێ سەقف بوو، پەرستگایەك بوو بۆ هەندێك لەخوداوەندە زۆر باوەکان. بەپێی ئەلئەزرەقی مێژوونوسی مەککەیی، لەکەعبەدا "وێنەی دارو درەختو فریشتەکان" و وێنەی عیساو مریەمی دایکیو وێنەیەکی ئیبراهیم وەك پیرە پیاوێك کێشرا بوون. لەڤیستیڤاڵی ساڵانەی مەککەدا، حاجیان، کەخوداوەندی جۆراوجۆریان دەپەرست، پێکەوە وەك نەریتێك

دەسوڕانەوە بەدەوری بینا گەورەکەدا. یەکێك لەخوداکان لەدوایدا لەحیجاز ناسرا بەناوی خودای خوداوەندەکان کە لەبتێکدا خۆی نەدەبینیەوە ئەویش ناوی (ألله) بوو. تەنانەت پێش ئەوەی قورئانی بۆ دابەزێت، محەمەد بیروباوەڕی پتەوی هەبوو کە (ألله) تەنها خودای راستەقینەیەو ئەو سەدەها بتانەی لەناوخۆدا دەپەرستران درۆینە بوون.

لەنەریتی قورئانیدا هاتووە کەئیبراهیم متمانەی دروستکەری کەعبەی پێبەخشراوە. بەم پێیە لەکاتی سەردانیکردنی ئیسماعیلی کوڕی لەمەککە، خودا فەرمانی بەئیبراهیم کردووە تاپەرستگایەك دروست بکات کەتایبەت بێت بەتاك‌و تەنهایی خوداوە. هەرکە محەمەد پەیامەکەی پێگەشت ووتاری ئایینی دا بۆ گێڕانەوەی پلانەکەی ئیبراهیم. ووتارەکەی محەمەد بەگژداچونەوەی لەلایەن سەرۆك خێڵەکان‌و بەتەمەنەکانەوە لێکەوتەوە کەبەلایانەوە پێغەمبەر بازرگانێکی کارا بوو، جۆرە گێرەشێوێنێکی دژ بە سەرمایەداری بوو، کەسێك بوو کەئایدیا تایبەتیەکانی دەبوونە هۆی تێکدانی فیستیڤاڵە پڕ سودو قازانجەکانیان. بەرهەڵستکارە مەککەییەکان محەمەدیان لەشار وەدەرنا بۆ شارۆچکەیەك لەدوایدا ناوی لێنرا مەدینە کە لەوێدا پشتیوانی سیاسی بۆخۆی پەیداکرد. ئەو لەزنجیرەیەك جەنگدا سەرکەوت‌و بەسەرفرازی گەڕایەوە مەککەو چووە ناو کەعبەوەو بەپێی ئەلئەزرەقی "داوای پارچە قوماشێکی کردو لەئاودا خوساندی‌و فەرمانی دا کەهەموو وێنەکان بسڕدرێنەوە". بەم کردارەی، محەمەد جوانییەکی ئیسلامی رەگ داکوتراوی بەدیهێنا لەبنەبڕکردنی وێنە ئایینیە فرە رەنگدارەکانی لای گەنجە مەککەییەکان. لە دواساڵەکانی ژیانیدا، محەمەد بەدووروودرێژی یاساوڕێسا تازەکانی حەجی راگەیاند کەیەکێکە لەپێنج پایەکانی ئەو ئایینەی خودا بۆی رەوانە کردبوو. ئەم نەریتە تێکچمانەی ساڵانە کە لەسەرتاسەری جیهانەوە بۆی دێن، بەزوویی گومانی پێشوتری ڤیستیڤاڵی بازرگانە مەککەییەکانی بەدرۆ خستەوە.

ئیسلام لەئیسپانیاوە بۆ ئەندەنوسیا بەرفراوان بوو، زنجیرەیەکی یەك لەدوایەکی فەرمانڕەوا مەککەیان بەڕێوە برد. شازادە عوسمانی‌و میسریەکان لەدوای سەدەی سیانزەوە دەستیان بەسەر حیجازدا گرت‌و حەجیان رێکدەخست. ئەوان هەمیشە بەشێوەیەك ئەو مەراسیمەیان رێکدەخست کەدەگەڕایەوە بۆ ڤیستیڤاڵەکانی پێش ئیسلام کە لەو سەردەمەدا باندی موسیقی‌و ئاهەنگی زەنگین هەبوون‌و بەئاشکرا پێداگریان لەسەر قازانجکردن دەکردەوە کە بووبووە هۆی شکاندنی ناوبانگی بازرگانەکانی مەککە بەجۆرێك کە حاجییان روتێنرابونەوەو وەك

"سەگەکانی حیجاز" ئاماژەیان بۆ دەکردن. کاتێك یەکەمجار بزوتنەوەی وەهابی لەکۆتایی سەدەی هەژدەدا لەبیابانی نەجد سەری هەڵدا، جەنگاوەرەکانی خۆیان وەك خاوێنکەرەوە بەناوی محەمەدەوە دانا؛ لەبەرئەوەی پێشتر محەمەد ئەو کارەی کردبوو، ئەوانیش نیازی رزگارکردنی مەککەیان هەبوو لە بتپەرستان. ئەوەی ئەوان دنیایەکی بیابانی بێبەشی هەڵقرچاو بوو یەکێتیەکی چڕی خزمایەتی لەنێوانیاندا هەبوو کەبەدەگمەن کەلتورەکانی تر دزەی کردبووە ناویانەوە. ئەوان حاجیە فرە نەتەوە مەککەیەکانیان سەرسامکرد:

" دەبێت کۆمەڵێك بهێنیتە بەرچاوی خۆت کەپێکەوە گردبونەتەوە بێ جلوبەرگ جگە لەپارچە قوماشێك بەدەوری کەمەریان بۆ خوارەوەی داپۆشیوە، جگە لەوە سەرتاپا رووت بوونو برنەوێکیان لەشان کربوو، خەنجەرو شمشێریان بەلاکەلەکەوە کردبوو. بەبینینی ئەم لێشاوە پیاوە، هەموو خەڵکەکە لەبەریان هەڵدەهاتن. لەرێورۆشتنەکانیاندا ئاڵاو تەپڵو کەلوپەلو خەڵاتی سەربازییان پێ نەبوو. هەندێکیان گریانی خۆشییان دەردەبڕیو ئەوانی تریش نزایان بەدەنگێکی بەرزی تێکەڵوپێکەڵ دەکرد".

وەهابیەکان هەموو کێڵی قەبرو گومەزەکانیان لەشارەکەدا تێکشکاند؛ جگە لەکەعبە کەسەربانێکی تەختی هەبوو لەگەڵ ئەو مزگەوتانەی بەو شێوەیە نەخشەسازییان بۆ کرابوو، زاناکان ئەو نەخشەسازیە ئیسلامیە زۆرانەی هەبوون بەبێ باوەڕی لەقەڵەمیان دەدا. لەکۆتایدا سەربازە میسریەکان، وەهابیەکانیان وەدەرناو پایتەختە بێ خەسڵەتەکەیانیان لە ریاز روخاند، بەڵام لەژێر مانەوەی زۆری سەرکردایەتی عەبدولعەزیزدا میلیشیا ئیسلامیەکان لە ١٩٢٤دا گەڕانەوە بۆ مەککە. جارێکی تر گومەزەکانیان تێكو پێکداو هێرشیان کردە سەر ئەو حاجیانەی کەزۆر دەمانەوە لەمەرقەدە مێژووییە رازێنراوەکاندا کەبەلای وەهابیەکانەوە پەرستگای درۆینە بوون.

عەبدولعەزیز کەوتەخۆی بۆ باجی دەرامەتو پایەبڵندی مەککە. پەیوەست بوو بەپەیڕەوەکانی وەهابیەوە، بەڵام گرنگییەکی تایبەتی بەمشتومڕە بێ پایانەکانی زانایان دەربارەی پێکهاتەی ئەو سەربانە چەماوانەی لەو دواییانەدا دروستکرابوونو پێگەی مێژوویی پیرۆزی گەشتیاری لەشانشینە روو لەفراوانبووەکەیدا نەدەدا. لەگەڵ لایەنەکانی تری کاروباری حکومەتەکەیدا، عەبدولعەزیز یەکخستنێکی ئەنجامدا: ئەو ئیسلامیە رادیکاڵانەی کەسەربازو شەرعیەتیان بە شا دابوو هێورکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیدا هاووڵاتییە عوسمانیەکان

نەڕەنجێنێت کەلای ئەو گیرسابونەوە. بەنمونە میلیشا وەهابیەکانی شا دەیانویست مزگەوتی پێغەمبەر لە(مەدینە) خاپوور بکەن کە(محەمەد) لەماوەی تاراوگەدا ووتاری تێدا خوێندبووەوە، بەلاّم بەلای ئەوانەوە وەك شوێنێکی کوفری قوڵبڕینی گەشتیاری بوو. عەبدولعەزیز بۆی دەرکەوت کەتێکدانی مزگەوتەکە کارێکی زۆر نابەجێ دەبێت لای خەڵکیو بازرگانی حەج بەرتەسك دەکاتەوە. لەسەر ئەوە رێکەوت کەوەهابیەکان رێگەیان پێدرا گومەزی مزگەوتەکان لێبکەنەوەو واز لەبەشەکانی تری بێنن ئەگینا دەبێت هەروەك خۆی بێت تا شوێنی حەوانەوەی ئەو حەشاماتە خەڵکەی هەبێت. بەپێی قسەی گەشتیارێکی تازە، شا متمانەی لەوەهابیەکان وەرگرت "بۆ رێگەپێدانیان بەڕووخاندنی گومەزەکان، متمانەشی دا بەحاجیە دەرەکیەکان بۆ پاراستنی شوێنەکە لە تەواو خاپوورکردن". ئەمە دەبووە بنەمایەك بۆ بەڕێوەبردنی مەککەو مەدینە لەدەیەکانی دوای ئەوە. هونەری جوانکاری وەهابیش زاڵ بوو، بەلاّم رەنگە هەندێك جار نەگونجاو بووبێت لەگەڵ هەمەجۆرێتی جیهانی ئیسلام، بەتایبەتی لەدەستکەوتنی داهاتی حاجییاندا.

لەگەڵ خاوەنداریێتی حیجاز لێپرسراوێتی پاراستنو بەرەوپێشبردنی شارەکانی مەککەو مەدینە هاتە پێش. عەبدولعەزیز لەساڵی ١٩٢٨دا مزگەوتی پیرۆزی مەککەی بەفەرش داپۆشیو لەساڵی ١٩٤٤یشدا دەرگایەکی تازەی بەپلێتی ئاڵتون بۆ کڕی، بەلاّم بەپێچەوانەوە لەو چەند ساڵە کەمەی پێی دەوترا"هەڵئاوسانی گەورە"و لەجەنگی جیهانی دووەمدا دەیتوانی تەنها کەمێك کاری ئاوەدانی بکات. لەناوەڕاستی ساڵانی بوژانەوەی ئابوری دوای جەنگو لەگەڵ زیادبونی گەیشتنی ژمارەی حاجیان بۆ شانشینەکەی، شا بڕە پارەی زیاتری تەرخان کرد بۆ ئاوەدانکردنەوە. ئامانجەکانی تەنها دیکۆر نەبوون بەڵکو بەکردار دەیکردن: هەردوو مزگەوتی مەککەو مەدینە زۆر بچوك بوون تا ببنە شوێنی حەوانەوەی ئەو حاجیانەی سەردانیان دەکرد بەتایبەتی لەماوەی وەرزی حەجدا. خانووی بەسەریەکدا شێواوو بازاڕو دوکانو گەڕەکی پێچاوپێچ کەدەوری مزگەوتەکانیان دابوو کە رێگری بەردەم فراوانبونیان بوونو بەهۆی هاندانی هەردوو سعودو فەیسەڵی کوڕیەوە، عەبدولعەزیز رەزامەندی دا لەسەر دووبارە دروستکردنەوەی هەردوو شارۆچکە بچوکە کۆنەکە، یەکەمجار مەدینە پاشان مەککە.

لە٦ی سێبتێمبەری ١٩٤٩دا کاتێك عەبدولعەزیز نامەیەکی بلاّوکردەوەو پلانی ئاوەدانکردنەوەی مەدینەی تێدا راگەیاندبوو، محەمەد بن لادن خۆی وەك بەڕێوەبەری

بنیاتنەری شا دانابوو. پێگە پیرۆزەکانو مزگەوتەکانی مەککەو مەدینـە وەك وەقفـی ئیسلامی دانرابـوون کەلەلایـەن دەسـتەیەك زانـاو پیاومـاقوڵانی حیجـازەوە سەرپەرشـتی دەکـران، بـەڵام گرێبەستێکی ئاوەدانکردنەوەی لەم قەبارەیە لـەبڕیاری شـاو هانـدانی سـلێمانەوە بـوو. بـن لادن پیـاوی ئـەوان بـوو، بانگێشـت کـرا تاتـەواوی پرۆژەکـەی مەدینـە بـەڕێوەببات کەبەخشـینێکی پڕسوود بوو، کەکاری روخاندنو دروستکردنەوەی دەوری مزگەوتەکەو هـەروەها تـۆڕی کارەبـاو ئـاوی تـازەو فرۆکەخانـەی لـەخۆگرتبوو. مێژوویـەکی فـەرمی بـن لادنو نامەیـەکی دیپلۆمـاتی هاوچەرخ وانیشان دەدەن کە بەتەنها فراوانکردنی مزگەوتی پێغەمبەرو پرۆژەی نوێکردنـەوەی نـزیکەی ١٩ ملیـۆن دۆلاری تێچـووە لەسـەرەتای پەنجاکانـدا، ئەمـە جگـە لـەو بـڕە زۆرەی لـەبری قـەرەبووی خـاوەن موڵکـەکان لەبەرامبـەر دەستبەسـەرداگرتنی زەویـەکانیانو پاکردنەوەیانـدا خەرجکراوە.

پرۆژەکەی مەدینە ئاماژەیەك بـوو بـۆ دەسـتپێکی کاریگـەری دیـزانو نەخشەسـازی گـەورەی خانەوادەی بن لادن لەسەر ئەو دوو شارە پیرۆزە بۆ چەندین ساڵی داهاتوو. بەگوێرەی مێـژووی فـەرمی کۆمپانیاکـەی، محەمـەد بـن لادن "شـێوازێکی نەخشەسـازی تـازەی" لەنوێکردنەوەکـەدا هێنایـە کایـەوە لـەڕووی زۆر بـەکارهێنانی کـۆنکرێتی شیشـبەندو بـەردی مەڕمـەڕی رەشـی جوانکاریـەوە. رەنگـە گلۆپـە مسـیەکان زۆر بریقـەدار بـەڵام هەرزانبـەها بـووبن، هـەروەها کۆنکرێتەکـەش ناهـەموار بوبێـت، بـەڵام بێگومـان شـتێکی تـازە بـوونو لەپەنجاکانـدا شـایەنی پیاهەڵدان بوون. نەك تەنها بەتێڕوانینی سعودیەکان، بـەڵکو گەشـتیارێکی تـازەی لوبنـانی ئـەو نەخشەسازیەی بن لادن سەرپەرشتی کردبوو ناو لێنا "پارچە کارێکی سـەرنج راکێشو نایـابو رازاوە". کاتێـك لەسـاڵی ١٩٥٥دا دیزاینەکـەی تـەواو بـوو، نزیکـەی دوای دوو سـاڵ لەمـەرگی عەبدولعەزیز، بن لادن زیاد لە ٧٠٠ پایەی تازەی لەمزگـەوتی پێغەمبـەردا دروسـت کـرد لەگـەڵ نـزیکەی هەمان ژمارە لـە تـاقی کـۆنکرێتی. نـۆ دەروازەی بـۆ زیـادکردبوو لەگـەڵ دوو گۆڕەپـانی چەوڕێژ بۆ خواپەرستان هەروەها ٤٤ پەنجەرەش، تێکـڕا ٦٠٪ی ئـەو ناوچـەیەی فـراوان کردبـوو کەحاجیان تیایدا تێکەڵاو دەبوونو نوێژیان تیادەکرد.

لەبەرئـەوەی نەخوێنـدەواربوو، بـن لادن توانـای نـەبوو ووتـەکانی لەبەرچـاوی خـەڵك بخوێنێتەوە، لەبەرئـەوە کاتێـك لـەکۆتایی تشـرینی یەکـەمی ١٩٥٥دا لەبۆنەیەکـدا شـا سـعود، بـن لادنی بانگکرد تا ئاماژە بدات بـەکاری تـەواوبوونی پرۆژەکـە، بـن لادن داوای لەکەسـێك کـرد تـا

لەبری ئەو ووتارەکەی بۆ بخوێنێتەوە. ئەوە یەکەم تێکستی ناسراوی تایبەت بەمحەمەد بن لادن بوو کەسەمفۆنیایەکی رازاوە بوو بەخوداپەرستیو مەرایی کردن. تیایدا بەشای راگەیاند:

"خودا دەیەوێت ئێوەو باوکتان ئەم شەرەفەتان هەبێت، خودا سەریخستن تا ئەم باڵەخانە مێژووییە دروست بکەن. ناوتان لەمێژووی شکۆمەندیداو رووناکی هەتاهەتاییدا تۆماردەکرێت. ناوتان بەرووناکی هەتاهەتایە لەگەڵ ئەوانەدا دەبێت کەئەم مزگەوتەیان لەمێژووە جیاوازەکاندا لەسەردەمی پێغەمبەرەوە بنیاتناوە. پیرۆزبایتان لێدەکەم بۆ بەدەستهێنانی ئەم شەرەفە نەبڕاوەیە. سوپاسو ستایش بۆ خودای تەنهایە کەئەم ئاوەدانکردنەوەیە لەتەمەنی ئێوەدا تەواو بوو".

بن لادن هێندەش ساویلکە نەبوو تاباسی هەموو رۆڵەکانی خۆی نەکات. بەووردیو وورییاییەوە هەموو ئەو پێشکەوتنانەی ریزکردبوو کەخۆی سەرپەرشتی کردبوون لەکاتی بەرفراوانکردنی ئەم "بینا زۆر بەهێزو دڵڕفێنەدا". تیشکی خستەسەر ئەو ئیشانەی کەخانەوادەی شاهانە یارمەتیان دابوو تا لەحیجاز بەدییان بهێنێت، ئەویش بەیارمەتی دارایی کارگە تازەکان بۆ دروستکردنی فەرش. ئەو برە پارە زەبەلاحەی دەستنیشانکرد کەوەك قەرەبوو درابوونە خاوەن موڵکەکان، هەروەها ستایشی بریاری شای کرد بۆ "زیادکردنی مووچەی کارمەندانی هەردوو مزگەوتە پیرۆزەکە تا پارەیەکی وایان بۆ دابین بکات کەدڵسۆزانە ئیش بکەن...بۆیە هیچ دەرگایەکت جێ نەهێشتووە بۆ چاکسازی نەکرابێتەوە". هەرکە نزیك بووەوە لەکۆتایی روونکردنەوەکانیدا، بن لادن ئەو کارانەی باس کردەوە کەکردبوونی بۆ سەلماندنی هەردوو گۆڕانکارییە تازەو کۆنەکانی مەدینەی پێدا تێپەڕیوە:

"بەڕێزتان فەرمانتان بەئێمەدا تا فرۆکەخانەیەك دروست بکەین کە یەکێکبێ لەگەورەترین فرۆکەخانەکان. ئەم فرۆکەخانەیە لەتەواوبوندایەو فرۆکەی گەورە دەتوانێت بەکاری بهێنێت. ئێوە فەرمانتان پێدایین بۆ دروستکردنی رێگای نێوان مەدینەو جەددە کە لەتەواوبوندایە. هەروەها ناوچەیەکمان دروستکردووە بۆ ووشترەکان بۆ پشودانو خڕبونەوە، بەڕێزتان زەوییەکەتان کڕی کەدەکەوێتە رۆژهەڵاتی مزگەوتە پیرۆزەکەوەو کردتان بەگەوڕی پشووی ووشترەکان لەبەر قازانجی موسوڵمانەکان. خاوەن شکۆ، سۆزو بەزەیی خوداتان لەسەربێت".

راستییەکان دەربارەی سعود کەم ئومێدبەخش بوون. لەرێکخستنی ئاینی گشتیو لەزۆر بواری تریشدا، پادشا نوێیەکە تێدەکۆشا بۆ برەوپێدانی نواندنە هاوسەنگیە لێزانەکانی باوکی. بەپێی هەڵوەستەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا "چێژ بینینی سعود لەفیلمەکانو میوزیکو بەزمورەزمی سەرشانۆو گرنگیدانی بەپەرەپێدانی خوێندنی کچانو وەرزشو حەزەکانی تر، لەتێڕوانینی وەهابیەکانەوە لادان بوون لەڕێی راست". لەبەرامبەردا، سعود بەئاشکرا حاشای لەو رەفتارانە دەکرد کە بەپەنهانی لەئامێزی گرتبوون. لەنامەیەکی کراوەدا ئەو کەسانەی ناوزەند کرد بە (خراپەکار) کە گوێ دەگرن لە"گۆرانیو مۆسیقا لەرادیۆدا؛ ئەمە دەبێتە تێکدانی روحو رەوشتو خەڵکی دووردەخاتەوە لەخوداو نوێژ. شتێکی خراپی تر ئەوەیە کەژنان جلی گرانبەهاو سەرنجڕاکێش دەپۆشنو بەماکیاجێکی زۆرەوە دەچنە دەرەوەی ماڵەکانیانو هەندێکیان بەبێ سەرپۆش، ئەمە خراپترینی خراپەکاریەکانەو هۆکاری سەرەکی کاولکاریو تێکدانە".

شا کەوتەخۆی تاپڕوپاگەندەی بێ ئاینی لەخۆی بەدووربگرێت، ئەویش بەهەڵڕشتنی بەرچاوی بودجەی ئاوەدانکردنەوە بەسەر پێگە پیرۆزەکانی شانشینەکەدا. لەگەڵ تەواوبونی کاری مەدینەدا، سعود بن لادنی ئاراستەی دەستی بەکار لەپرۆژەیەکی گرانبەهاتری مەککەدا کرد، پرۆژەیەك کەتوانای مزگەوتە پیرۆزەکەی دەوری کەعبەی زیادکرد لەشوێنی نزیکەی ٥٠ هەزار خوداپەرستەوە بۆ ٤٠٠ هەزار. سعود بەئاشکرا ئەوەی راگەیاند کەکۆی گشتی بودجەی تێچوو بۆ پرۆژەکانی مەککەو مەدینە زیاد لە ١٣٠ ملیۆن دۆلار بووە. باڵیۆزی ئەڵمانیای خۆرئاوا بڕی راستەقینەی خەملاند بەنزیکەی ٦٠ ملیۆن دۆلار کەلەراپۆرتەکەیدا هاتبوو " ئەم بڕە پارەیە لەڕوانگەکانی رۆژئاواوە زۆر زۆرە". پرۆژەکەی مەککە بەهێواشی بەرەوپێش دەچوو بەهۆی توندکردنەوەی بودجە لەلایەن فەیسەڵەوە پاش ئەوەی بووە سەرۆك وەزیران، بەڵام بڕی بەردەوامی بۆ بن لادن تەرخان دەکرد بۆ رێگە سەرەکیەکانو کاری پیشەسازی.

لەنێوان ١٩٥٦و ناوەڕاستی شەستەکاندا، بەحەوت ساڵی یەکەم یان ئەو ساڵانەی ژیانی ئوسامە بن لادنەوە، لایەنێکی سەرەکی تازەکردنەوەی مەککە لەلایەن بن لادنەوە خاپوورکردنی بیناکان بوو. بن لادن هەندێك کاری خاپوورکردنو پاکردنەوەی لەمەدینە جێبەجێ کردبوو، لە ١٩٥١ەوە بن لادن دەستی کرد بەهێنانی تەقەمەنی بۆ رووخاندنی خانووەکانو دوکانو بازاڕەکان لەشارە کۆنەکەدا، دواتر دەستی کرد بەلابردنی خۆڵو

خاشاکەکان. پـرۆژەی پاکردنـەوەی شـاری مەککـە بەشـێوەیەکی بەرچـاو زۆر سـەرکەوتوو بـوو. دواجار حکومەتی سعودی زیـاد لـە ٣٧٥ ملیـۆن دۆلاری لەقەرەبوکردنـەوەی ئـەو خـاوەن موڵكو دوکانانەی کەزەوییەکانیان دەستی بەسەرداگیرابوون بۆ خزمەتی گشتی خەرج کرد. محەمەد بـن لادن لەم ساڵانەدا جار جار کورە گەنجەکانی دەهێنـا بـۆ شـوێنی ئیشـەکەیو ئـەوەی دەیـانبینی لەتەنیشت کەعبەی پیرۆز، زنجیرەیەك تەقاندنەوەی کۆنترۆڵکراو بـوو بـۆ روخانـدنی بیناکـانو ئەو دیمەنانەی کەزۆرێك لەکورەکانی دەهێنایە جۆشو خرۆش. نازانرێ ئوسامە چـەندێك لـەم دیمەنی رووخاندنانـەی بینیـوە، بـەڵام لەسـاڵانی دواتـردا بەشـێوەیەکی گشـتیو زۆر بـەووردیو کاریگەرانـە باسـی کـاری تازەکردنـەوەی مەککـەو پێگـە ئایینیـەکانی تـری دەکـرد کـە لەلایـەن باوکیەوە لەو سەردەمەدا ئەنجامدرابوون. ١٩٦٢، بەو پێیەی ئامارەکـان لەبەردەسـتدان، دوا سـاڵە کە محەمەد بن لادن تەقێنەرەوەی بەکارهێنابێت بۆ تەقاندنەوەی ٨٦ هەزار مـەتر سـێجا شـاخو بەرد لـەناوەوەو دەوروبـەری مەککـەدا. خـۆیو ئەنـدازیارەکانی ٧٦٨ خـانوو لەگـەڵ ٩٢٨ دوکـانو مەخزەنیان لەشارەکەدا تێکدا.

فەیســەڵ ئاینپــەروەر بــوو. بــڕوای وابــوو کــەدەتوانێت ناســر ببــەزێنێتو شــیوعیەت لەعەرەبســتاندا وەدەرنێــت ئــەویش بەبرەوپێــدانی بــەها ئیســلامیەکان. ئەمــە پایەیــەکی سیاسەتەکانی دەرەوەو ناوخۆی بوو. لەلای خۆیەوە پاڵپشتی خۆی دەربڕی بۆ کارەکانی بن لادن لەمەککە لەبەرئەوەی بـرەوی دەدا بـەباڵایی عەرەبسـتانی سعودی وەك خزمـەتکارو پارێزگـاری ئیسـلام. لـە ١٩٥٨دا کـەمێك پـاش ئـەوەی بـووە سـەرۆك وەزیـران (کـە ناونیشـانی کـارێکی پرۆفیشــناڵیە لەحکومــەتێکی ســەرتاپا ناپرۆفیشــناڵدا)، فەیســەڵ لــەپڕ پرۆژەیــەکی نۆژەنکردنـەوەی خسـتەڕوو، پرۆژەیـەك کـە لەبەرچـاوو جێـی رێـز بێـت، پرۆژەیـەك کـەجیا لەبیروباوەڕە پتەوە بەتینەکانی دژە زایۆنیزمی فەیسەڵ، بریتی بوو لەنۆژەنکردنەوەی گومـەزە بەردەکەی قودس.

حەرەمی شەریف ناوچەیەکی بەرزی گەورەیە لەسوچی باشووری رۆژهـەڵاتی قودسـی کـۆنی دیواربەندا. ئـەو ناوچـەیە بەسـێهەمین پێگـەی پـیرۆز دادەنرێت لەئیسلامدا. دوو بینـای زۆر گرنگی تێدایە کـەبریتین لەمزگـەوتی ئەقصـاو گومـەزە بەردەکە کەلـەکۆتایی سـەدەی حەوتـدا دروسـتکراون. گومـەزە ئاڵتونینەکـە ٩٨ پـێ لەزەویـەوە بـەرزە، لەنـەریتی جولەکـەدا هـاتووە

کەدیواری یەکەم پەرستگەیەو لەلایەن شا سولەیمانەوە هەزارەها ساڵ پێش هاتنی مەسیح دروستکراوە.

باسی گومەزە بەردەکە لەدابونەریتی ئیسلامدا لێڵو نادیارە لەچاو چیرۆکە مێژووییەکانی جەنگو سیاسەتو ئەو یاسایانەی لەقورئاندا هاتوون دەربارەی مەککەو مەدینە. ئایاتەکانی قورئانو لێکدانەوەکانی زانا موسوڵمانەکان ئەوە نیشاندەدەن کە محەمەدی پێغەمبەر لەکاتی شەوڕەوییەکەیدا لەمەککەوە بۆ قودس بەسواری ئەسپێکی باڵدار سەردانی ئەو بەردەڵانەی ژێر گومەزەکەی کردووە، پاشان بەرزبوەتەوە بۆ ئاسمانو دواتر گەڕاوەتەوە بۆ مەککە. پاش کۆچی دوایی محەمەد، قودس بووە مەیدانی ململانێی بەردەوام لەنێوان جولەکەکانو مەسیحیەکانو موسوڵمانەکان؛ بەتێپەڕینی چەندین سەدە، گێڕانەوەی چیرۆکی شەوڕەویو خودی گومەزەکە مەیلی لایەنگری بەهێزی موسوڵمانانی جیهانی بەلای خۆیدا راکێشا. تا قودس ببوایەتە ناوجەرگەی جەنگی ئاینی، ئەم لایەنگریو دڵسۆزیە بۆی زیادی دەکرد. لەساڵی ١٠٩٩دا خاچپەرستە ئەوروپیەکان دەستیان بەسەر گومەزەکەدا گرتو کردیان بەکەنیسە، پاشان صەلاحەدینی پاڵەوانی ئیسلام قودسی گرتەوەو پێگەکەی گێڕایەوە بۆ ئیسلام. زۆر دواتر، پلانەکانی جولەکە بۆ ناسینەوەی پەرستگە کۆنەکانی پێگەکە، هەندێکیان کەمێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ شانشینە سەرەتاییەکانی جولەکە، بەرپەرچدانەوەی توندی لەلایەن موسوڵمانەکانەوە لێکەوتەوە.

لەسەرەتای پەنجاکاندا گومەزەکە هەڵتەکی بوو. کاشیەکانی نەمابوونو تێکچووبوون، سەقفەکەی داتەپی بوو، هەروەها ناوەوەشی پێویستی بەبۆیاخی تازەو کاری دارتاشیو ئاسنگەری هەبوو. ئەو کاتە شانشینی ئەردەن حەرەمە پیرۆزەکەو شارە کۆنەکەو رۆژهەڵاتی قودسی لەژێردەستدا بوو. شا حوسێنی لاو کەهاتبووە سەر تەختی پادشایەتی پاش کوژرانی باوکی، کەمپینێکی موسوڵمانخوازی راگەیاند بۆ نۆژەنکردنەوەی گومەزەکە لە١٩٥٢دا، کەبریتی بوو لەپرۆژەیەك کەداوایەکی لەیەك کاتدا سیاسیو ئایینی لەسەر بوو لەنێو هەستی بەبرەوی دژە زایۆنیزمی لەجیهانی عەرەبدا. عەرەبستانی سعودیو میسر بەڵێنی پاڵپشتی داراییان دا، بەڵام پرۆژەکە شکستی خوارد.

چوار ساڵ دواتر، ناسر پلانی خۆی راگەیاند بۆ نۆژەنکردنەوەی گومەزەکە، بەڕەزامەندی ئەردەن پسپۆڕی نەخشەسازو ئەندازیاری نارد بۆ قودس بۆ خۆئامادەکردن بۆ بەستنی

گرێبەستەکان. وادەردەکەوێت دەستپێشخەریەکەی ناسر فەیسەڵی حەپەساندبێت، لەبەرئەوەی لەگەڵ گرتنەدەستی شایەتیدا لە ١٩٥٨دا کەوتەخۆی تاکاریگەری سعودیە مسۆگەربکات بەسەر پرۆژەکەدا. حکومەتەکەی پشتیوانی محەمەد بن لادنی کرد لەگرێبەستەکەدا. لەوکاتەی محەمەد خەریکی ئامادەکردنی داخوازی کارەکە بوو لەبەهاری ١٩٥٨دا، کەیفخۆش بوو بەگەرەنتیە داراییەکانی حکومەتی ریاز.

حەوت عەرەبی خاوەن کۆمپانیا، داخوازییان پێشکەش کرد تامانگی ئایار کەدواکات بوو؛ دووانیان لەئەردەنەوە، چواریان لەمیسرەوە، هەروەها بن لادن. بن لادن لەپاڵاوتنی سەرەتاییدا کەسێ پێشکەشکار مانەوە دەرچوو، بەڵام داخوازکارەکەی لەسەرەتادا کەمترین نرخی دانەنابوو. بن لادن ئاڵوگۆڕی نامەی کرد لەگەڵ لیژنەی بڕیاردەردا دەربارەی گۆڕینی کەرەستەکانی نۆژەنکردنەوە تابڕی پارەکەی کەمتر بکاتەوە. لە ٨ی تەمموزی ١٩٥٨دا لەنامەیەکدا بن لادن نوسیبووی "یەکەم، ئەمە پرۆژەیەکی پیرۆزی ئیسلامیەو زۆر خۆشحاڵم بۆ بەشداریکردن لەبنیاتنانەوەوەی ئەم پێگە پیرۆزەی موسوڵمانان". پەیمانی دا کاربکات "بەهەر تێچونێك بێتو هەرچی کەرەستە هەیە دابینی بکات بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم خزمەتە گەورەو شەرەفمەندە بۆ کۆمەڵگای موسوڵمانان". بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتن، بن لادن پارێزەرێکی گرت تاهاوکارێکی بەهێزی بێتو ناردی بۆ قودس بۆ دوا خولی دانوستانەکان. نرخی گرێبەستەکەی کەمتر کردەوە تادڵنیابێت کەمترین نرخ هی ئەوە. دوا داواکاری بریتی بوو لە ٢٧٦,٩٩٠,٢ دیناری ئەردەنی کەمتر لە ٢٧٨,٢٢٥,٥ دینار کە لەلایەن کۆمپانیای عەلی ئیبراهیمی میسریەوە پێشکەشکرا بوو. ئەو جیاوازیە کەمە ئەوە نیشان دەدات کەرەنگە بڕیارێك لەبەرخاتری بن لادن بەنهێنی درابێت. پاشتر بن لادن رایگەیاند بەویستی خۆی ئەو زیانەی گرێبەستەکەی پەسەندکرد وەك کارێکی خێرخوازی ئاینی بۆ خۆی، کەواتە رێی تێدەچێت لەلایەنی خۆیەوە بڕیاری دابێت ئەو شەرەفە بباتەوە. بەهەر حاڵ، لە ١٧ی تەمموزی ١٩٥٨دا لیژنەکە رایانگەیاند کە بن لادن گرێبەستەکەی بردۆتەوە.

لەنامەکەی دادوەری باڵای لیژنەکەدا هاتبوو، "پایەبەرز، شێخ محەمەد بن لادن، بەخۆشحاڵیەوە پێت رادەگەیەنم کەلیژنەی نۆژەنکردنەوەی گومەزەکەو مزگەوتی ئەقصا، کاری نۆژەنکردنەوەکەی بەخشیوەتە کۆمپانیاکەتان. هیوادارم ئەم کارە بەویستی خودا لەکاتی

خۆیدا تەواو ببێتو ئومێدەوارم خودا هاوکارمان بێت بۆ پارێزگاری ئەم گەنجینە بەنرخەی ئیسلام".

لەماوەی ٩ ساڵی داهاتوودا، محەمەد بن لادن سەرپەرشتی بنیاتنانەوەو نۆژەنکردنەوەی حەرەمە پیرۆزەکەی کرد، یەکەمجار گومەزەکەو زەویەکەی دەوروبەری پاشان مزگەوتی ئەقصاو شوێنەکانی تری موسوڵمانەکان لەشارە کۆنەکەی قودس. پێداگری لەسەر ئەوە کرد کەپرۆژەکە کارێکە خۆی بۆ تەرخانکردووە. لە ١٩٥٩داو لەپەیامێکدا بۆ دادوەری باڵا لەکاتی بەستنی گرێبەستێك بۆ کاری رووناکیو کارەبایی، بن لادن نوسیبووی "پایەبەرز، روونو ئاشکرایە زۆر گرنگی دەدەم بەپرۆژەی گومەزەکە. لەسەر خەرجی خۆم پلانەکە جێ بەجێ دەکەم. زیاد لەوەش، پسوڵەکان پێشکەش دەکەم بەبێ خزمەتو پارەی کرێکار، ئەمە بۆ دەستکەوتی ماددی نیە بەڵکو بۆ مەبەستی ئاییینیە".

دەستەی کاری قودسی بن لادن فرەنەتەوەو فرە ئایین بوون؛ پسۆڕی بەردی مەڕمەڕی ئیتاڵیو مەسیحی ئەمەریکاییو فەلەستینیو هەروەها موسوڵمانی فەلەستینیشیان تێدا بوو. کاتێك بانگی دەدا، بن لادن دەچووە لای موسوڵمانە کرێکارەکان بۆ نوێژکردن، بەڵام ئیتالیەکان هەر ئیشیان دەکرد یان پشوویان دەدا بۆ چا خواردنەوە. نادر شتایە، کەسەرپەرشتیارێکی کار بوو، باسی لەوەکرد کە "ئێمە کەمێك ئیتاڵییان لێوە فێربووین، ئەوانیش کەمێك عەرەبی فێربوون". بن لادن ئەلەمنیۆمو مەڕمەڕی لەئەوروپاوە، چەوو لمو چیمەنتۆی لەئەردەنەوە، تەختەی لەلوبنانەوەو کاشی لەتورکیاوە دەهێنا، هەمووشیان لەبەندەری عەقەبەی ئەردەنەوە باردەکران بۆ قودس. بن لادن خۆی خۆشەویست کردبوو، ئەویش لەبەرئەوەی جارنەجار لەسەرو موچەی کرێکارەکانەوە بەخشیشی دەدانێ کەبریتی بوو لە ١٠ دینار بۆ هەر کەسێك. لەوێنەیەکدا بن لادن وەستاوە لەلای ریزێك مایکرۆفۆن لەکۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا لەقودس لەکۆتایی پەنجاکاندا؛ دشداشەیەکی سپی سعودی لەبەردایەو عەینەکێکی رەشباوی لەچاودایەو جانتایەکی مۆدێرنی بەدەستەوەیە. ئەو وێنانەی لەلایەن فرۆکەوانە ئەمەریکیەکەیەوە گیراون لەنزیکەی کۆتایی پرۆژەکەدا کرێنێکی زۆر گەورە نیشان دەدات کە لەحەرەمی پیرۆزەوە بەرزبوەتەوەو لەدەوروبەریشیدا کرێکاری کڵاوبەسەری لێیە چەکوشکاری دەکەن بۆ چاککردنی پلازای رووی دەرەوە لەناو برێکی زۆر لمی سپیدا.

پاش ئەوەی یەکەم خولی کارەکان تەواو بوو، شا حوسێن بانگێشتی سازدانی ئاهەنگێکی کرد لەحەرەمی پیرۆزدا. لە ٥ی ئابی ١٩٦٤دا بن لادن بەفڕۆکە تایبەتیەکەی خۆیو بەیاوەری وەزیرێکی کابینەی سعودیەو پیاوماقوڵانی مەدینە بۆ قودس ڕۆیشت. حاکمی ئەردەن لەقودسو فەرماندە سەربازیەکەی لەفڕۆکەخانە چاویان بەبن لادن کەوت. لەڕۆژی دوایی و لەخۆرەتاوێکی گەرمدا نزیکەی ٥٠٠ کەسایەتی ناوداری عەرەب لەسەکۆی حەرەمی پیرۆزدا کۆبونەوە. قورئانخوێنێك قورئانی خوێندەوەو شا حوسێن بن لادنی بەمەدالیای شەرەف خەڵات کرد بۆ کارکردنی لەقودسدا. وەك دابونەریتێکی ووتاری گشتی عەرەبی، شا بەڵێنی بەدەستهێنانەوەی فەلەستینی کرد لەئیسرائیلو رایگەیاند "جەخت لەوەدەکەمەوە کەنۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکەو گومەزەکە گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە لەپشت کاری چاکردنەوەی رووکاری ئەو شوێنانە. پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەکە داوای گێڕانەوەی تەواوی مافەکانمانی لەخاکە زەوتکراوەکەماندا بەرەو پێش بردووە".

بن لادن داوای لەو وەزیرە سعودیە کرد کەیاوەری بوو تا ووتارەکەی بۆ بخوێنێتەوە. بەئایەتەکانی قورئان دەستی پێکردو سەرگوشتەیەکی درێژی شەوڕەوی پێغەمبەری باسکرد. زیاد لەپێویست بەشا حوسێنو خانەوادەکەیدا هەڵدا، پاشان بن لادن چووە سەر باسەکەی خۆی:

"خودا شەرەفمەندی کردم لەجێبەجێکردنی کاری بنیاتنانەوە لەهەردوو مزگەوتی گەورەی مەککەو مەدینە کە دوو جێگای پیرۆزنو خودا بەخشیویەتە حکومەتی سعودیە. پەیوەستنامەم لەگەڵ کرا بۆ جێ بەجێکردنی ئەم پڕۆژەیەو لەمەشەوە شەرەفی بەرەوپێش بردنی سێ مزگەوتی گەورەی ئیسلامم پێ بەخشرا کەحاجیان لەدوورو نزیکەوە رووی تێ دەکەن. ئەمە بەڕاستی تایبەتمەندیەکی گەورەی خودایە بەخشیویەتە من.. خودا دەیبەخشێتە ئەو کەسانەی هەڵیدەبژێرێت".

بەئامادەبوانی راگەیاند کەدوا بڕی تێچوو ٥١٦ هەزار دینار بووە کەدەکاتە نزیکەی ١,٥ ملیۆن دۆلار لەئاڵوگۆڕی دراوی ئەو کاتەدا. بن لادن هەڵوەستەیەکی کرد: "لێرەدا ئاماژە بۆ دڵسۆزیو بەشداریکردنی گەورەی حکومەتی عەرەبستانی سعودی دەکەم"، کەنزیکەی نیوەی بودجەکەی دابین کردبوو. پاشان زیاتر بەڕوونی کاری خێرخوازی خۆی لەپڕۆژەکەدا خستەڕوو:

"جەنابی خاوەن شکۆ، حەزدەکەم ئەوە بزانن کەراستگۆیانە برێکتان بەخشیوە کەکەمتر نیە لە ١٥٠ هەزار دینار کەبەویستی خۆتان لەم پرۆژەیەدا خەرج کرا بێ گرنگیدان بەزیانەکانی کەرەستەکان. خۆم بۆ ئەمکارە تەرخان کرد بێ گوێدانە زەرەرەکان، بەڵکو ئامانجی من دەستکەوتی رۆحی بوو کە بۆ من زۆر گرنگترە لەسەدان هەزار دینار".

بەئامادەبووانی راگەیاند کەهێشتا شا حوسێن ١٦٧ هەزار دیناری لەلایە، بەلاّم ئەو دەستبەرداری ئەم قەرزە دەبێت وەك كارێكی خێرخوازی زیاتر، "بەشداریکردنو بەخشینمە لەم ئەرکە گەورەیەدا". رایگەیاند کەئێستا چووەتە سەر کاری مزگەوتی ئەقصا، بەنیازیش بوو کە لەدەوروبەریدا باخێکی گەورەی ١٠ دۆنمی دروست بکات لەسەر بودجەی خۆیو داوای یارمەتی لەخودا کرد.

بن لادن لەدەوروبەری ١٩٦٣ یان ١٩٦٤دا لەرۆژهەلاّتی قودسدا خانوویەکی کڕی. خانوویەکی فراوان بوو، بەبەردی سپی دروستکرا بوو، سەقفەکەی سوور بوو، لەو جۆرانە بوو کە لەماوەی پەنجاکانو شەستەکاندا لەهەموو شاردا سەریهەڵدا. دیمەنێکی قەشەنگی قودسی لەدوورەوە هەبوو، هەروەها زەوی لینو بیناکانی لەدەوروپشتی بوون لەبەردی سپی دروستکرابوون. هێڵی ئاگربەستی ئەوکاتەی نێوان ئیسرائیلو ئەردەن کەمێك لەشەقامەکەوە دوور بوو. لەرۆژهەلاّتدا چیای سکۆپەس هەبوو کەئەرزی حەرەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، بەرەو باشووریش گەڕەکە ئیسرائیلیەکانی گیڤات هامیڤتارو رامات ئیشکۆڵی لێ بوو. فڕۆکەخانەی کۆنی قەلەندیەی قودس کەمێك دوور بوو، کە لەوێوە بن لادن راستەوخۆ بەفڕۆکە تایبەتیەکەی دەفڕی بۆ جەددەو مەککەو مەدینە.

بەپێی قسەی خاوەنی ئێستای خانووەکەو خاوەنەکەی پێشوتر، کەعەرەبێکی مەسیحی هاووڵاتی ئیسرائیلە، هەروەها ئەفسەرێکی دەریایی خانەنیشی ئیسرائیل؛ لەماوەی ئەو ساڵانەی بن لادن لەپرۆژەی قودسدا کاری دەکرد، پێدەچێت بەلایەنی کەمەوە یەك ژنی فەلەستینی خواستبێت، بەلاّم بەزۆری لەکاتی کورتە سەردانەکانیدا لەو خانووەی قودسدا دەمایەوە کەخزمەتکارەکانیو یاریدەدەرەکانی کۆمپانیاو پاسەوانێك کەچاودێری ئوتومبیلەکانی دەکرد تیایدا دەژیان.

لەشەڕی عەرەب-ئیسرائیلی ١٩٦٧دا، ئیسرائیل دەستی گرت بەسەر رۆژهەلاّتی قودس لاپاڵی ئەردەن، پاش ئەوە ئیدی بن لادن نەگەڕایەوە قودس. خانووەکە تازەکرایەوەو فراوان کرا. بۆ

ماوەیەك قونسوڵی فەلەستین لەئیسپانیا بەکرێی گرت. چەند ساڵێك دواتر خانووەکە کەوتە ژێر بەشی کارگێڕی حکومەتی ئیسرائیلەوە کەکاری رێکخستنی ئەو زەویانەی دەکرد کەبەهۆی شەڕەوە خاوەنە عەرەبەکانیان جێیان هێشتبوون. بەشێوەیەکی فەرمی خرایە سەر حکومەتی ئیسرائیلو فرۆشرا بەئەفسەرێکی دەریاییو پاشان ئەمیش فرۆشتی بەو خاوەنەی ئێستای. لەنێوەندی ئەم کاتەدا، بن لادنیەکان بەخۆشیو بەردەوامیەوە لەجەددە چەقیان بەست، بەڵام بەشێوەیەکی پراکتیکیو دەستکەوتی مادیەوە. خانەوادەکە توانی بەوپەڕی وچانەوە تەنانەت لەکاتی کێشە یاساییە چارەسەرنەکراوەکانی پەنابەرە فەلەستینیەکانی شەڕی ١٩٦٧ یشدا، شوێن مێژووی خۆی بکەوێت.

## ٦- کاردانەوە توندەکە

لەنێوان ١٩٠٠و ١٩٠٨ دا ئەندازیارە ئەڵمانیەکانو کرێکارە تورکەکان هێڵی شەمەندەفەری حیجازیان بۆ بەستنەوەی دیمەشق بە مەدینە راکێشا. زیاد لە ٨٠٠ میل گەشتی حاجیە موسوڵمانەکانی خێراتر دەکرد بۆ دوو شارە پیرۆزەکە لەگەڵ توانایەکی ناپێویستو زیاد بۆ هەڵگرتنی سەربازە روو لەکەمبووەکانی ئیمپراتۆری تورکی عوسمانی. لەگەڵ بچووکبوونەوەی جەنگی جیهانی دووەم بۆ قوڵبونەوەی کوشتار لەفەرەنسا، (تی ئی لۆرەنس)و هاوکارەکانی لەدەزگای هەواڵگری بەریتانیا دەستیان بەسەر سەرەتای جموجۆڵەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بۆ رێکخستنی هەڵمەتێکی گەریلا دژی پاسەوانە تورکەکانی سەرسنوردا گرت، کەئۆردوگایەکی یانزە هەزار سەربازی لەخۆگرتبوو لەمەدینەدا. لە مانگە سەرەتاییەکانی ١٩١٧دا، میلیشیا بەدوونیەکان بەردەوام کاری تێکوپێکدانی هێڵەکانی شەمەندەفەری حیجازیان ئەنجامدەدا. لۆرەنسی عەرەبستان بێ ئەندازە ئەم کارەی پێ خۆش بوو؛ لەنامەیەکیدا بۆ هاوکارێکی نوسیبووی "ئەم نمایشە زۆر خۆشە: شتی لەوەخۆشتر بۆ ئێمە نابێتو پەستکردنو تورەکردنی زۆریشە بۆ تورکەکان".

رێگە شەمەندەفەرە سەرەکیەکە بۆ دەیان ساڵی دواتر بێ سوود مایەوەو لەلای عەرەب بووە هێمای دەستێوەردانی سەردەمی داگیرکاری لەکاروباری حەجی ئیسلامدا. حکومەتە تازە پێکهاتووە سەربەخۆکانی ئەردەنو سوریا لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە پەیمانی چاککردنەوەیان دا. لە ریازەوە عەبدولعەزیز دیمەنێکی رۆمانتیکی هێڵەکانی شەمەندەفەری نیشاندا بەوەی کە "تاکە نێوەندە کە بەویستی خودا سودی تەواوی دەبێتو سەردەکەوێت"، ئەم بروسکەیەی بۆ سەرۆك هاری ترومان ناردبوو لە١٩٤٦دا. سعودی کوڕی عەبدولعەزیز هەستێکی بەهێزی وای لادروست بووبوو کەدواتر یارمەتی رێکخستنەوەی پاشماوەکانی هێڵی شەمەندەفەری حیجازی وەك وەقفێکی ئایینی دا.

لەکۆتایی پەنجاکاندا لیژنەی جێبەجێکاری هێڵەکە لە دیمەشق، چەند ملیۆن دۆلارێکی لەلێکۆڵینەوە ئەندازیاریەکانیدا خەرجکردو دەریانخست کەچاککردنەوەکان بڕی دەیان ملیۆن

دۆلاری تێدەچێت. کاربەدەستە ئەمەریکیو ئەوروپییەکان پشتیوانی داراییان رەتکردەوەو بەلگەیان هێنایەوە کەفرۆکەخانەو رێگە سەرەکیەکان وەبەرهێنانێکی باشتریان لێدەکەوێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەجەددە دانی بەوەدانا کەپرۆژەکە "داوایەکی زیاتری سۆزداری هەڵگرت لەگەڕەکە دیاریکراوەکانی سعودیەدا"، لەتۆمەتبارکردنی لەدەستێوەردانی مافی تایبەتی موسڵمانەکانیش دەترسا ئەگەر بێتو زۆر بەقورسی دژی بوەستایەتەوە. لەکۆتاییدا، لە ١٩٦٠داو لەناوەراستی کەمپینی فەیسەڵی جێنشینی شا بۆ برەوپێدانی پرۆژە ئیسلامیەکان وەك دژە ژەهرێك بۆ ناسر، عەرەبستانی سعودیەو ئەردەنو سوریا پلانەکەیان زیندووکردەوە بۆ چاککردنەوەی ئەو زیانانەی لۆرەنسو شۆڕشە عەرەبیەکەی دابویان.

نمونەی ئەو کارەی لەقودس ئەنجامیدا، محەمەد بن لادن وەك دەسکەلایەکی پرۆژەی ئاراستەکراوی ئایینی سیاسەتی دەرەوەی سعودیە دەرکەوت. لەگەڵ دامەزراوەیەکی یابانی بەناوی (ماروبێنی) بۆ بەستنی گرێبەستی چاککردنەوەی هێڵی شەمەندەفەرەکە هاوبەشی کرد، کەتیایدا بن لادن کاری ئەندازیاری مەدەنی وەك تەقاندنەوەی تونێلو کاری ئاوو ئاوەڕۆی ژێرەوەی لەخۆدەگرت. لەهەمانکاتدا هاوبەشە یابانیەکانی، کەلەلایەن ئەندازیارەکانی ئەڵمانیای خۆرئاواوە سەرپەرشتی دەکران، هێڵی شەمەندەفەرەکەیان رادەکێشا. ئەمەریکیەك کە لەجەددە کاری بۆ بن لادن کردبوو باسی لەوەکرد کەحکومەتی یابان هیواخواز بوو شوێن پێیەکی کاری بازرگانی لەعەرەبستاندا بکاتەوەو بەڵێنیشی دابوو بیمەی هەموو پارە تێچووەکانی بن لادن بدات. بن لادنو هاوکارەکانی بۆ دیمەشق کەوتنەڕێ. کارمەندە ئەمەریکیەکە خۆی پێوەهەڵدەکێشاو دەیوت گرێبەستەکە " زۆر بەئاسانی هی بن لادن بوو".

لەکۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٦١دا، وەفدێکی سیازدە کەسی لەلیژنەی جێبەجێکاری هێڵی شەمەندەفەری حیجاز بەفڕۆکە گەیشتنە عەرەبستانی سعودی. بەپێی راپۆرتی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا، بن لادن لە ریازو تایف میوانداری کردنو گەشتێکی پێکردن بۆ "پیشاندانی هەندێك لەو رێگەوبانو مزگەوتو پرۆژانەی تر" کەدروستی کردبوون. وەك ئەوەی هیچ کێشەیەك نەبێت. بن لادن "پەیوەندییەکی ئەوپەڕی باشی بەسەردەبرد لەگەڵ حکومەتی سعودیەو خانەوادەی شاهانەدا، کەسێك بوو کە لەزۆربەی تەندەرەکانی کەرتی گشتی کاری ئاوەدانکردنەوەدا بەگاڵتە وەرنەدەگیرا ". گرێبەستی هێڵە ئاسنینەکە چاوەڕێ دەکرا لەژێر سیستمی سعودیدا ببەخشرێت کە لەبروسکەیەکی جیادا وەك "کردنەوەی تەویلە داخراوەکە،

دوای دزرانـی ئەسـپەکە" باسـی دەکـات. کارمەنـدانی حکومـەتی سـعودیە هـەردەم ئـاڵوگۆڕی زانیاریان دەکرد دەربارەی گرێبەستێك تا "ئەو کاتەی گرێبەستەکە دەدرایە ئەو دامەزراوەیـەی کە لەلایەن کەسانی بەدەسەڵاتی نـاوەوە یارمـەتی دەدران بەرامبـەر بەخشیشـی زۆر کەدەچووە گیرفانە لەبارەکانەوە". راپۆرتێکی دواتری حکومەتی بەریتانیا جەختی کردەوە کـە: "بەڵگـەی تـەواومان لەبەردەسـتە گرێبەسـتەکانی ئـەم پرۆژەیـە بەئاشـکرا دانرابـوون کـە مەبەسـت لێـی بەتـەواوی بازرگـانی نـەبوون". لـەنێو شـتەکانی تـردا، بـەپێی راپـۆرتی بـەریتانیا، " شـا سـعود بەئاشکرا پێداگری لەوە دەکرد کە بن لادن" گرێبەستەکە دەباتەوە.

هۆکارەکان هەرچیەك بووبن، بن لادنو هاوبەشـە یابانیـەکانی گرێبەسـتەکەیان بـردەوە. لـە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦١ مامەڵەیـەکی ٢٥ ملیـۆن دۆلاریـان پـێ بەخشـراو لـەهاوینی داهـاتوودا پابەندبوونی خۆیـان واژۆ کـرد لەگـەڵ ئـەوەی هـیچ کارێـك دەسـتی پـێ نـەکردبوو. یابانیـەکان سەلماندیان کەناتوانن پارەی بۆندەکە دابـین بکـەن، ئەمـەش بـووە هـۆی پەسـت بـوونی لیژنـەی جێبـەجێکارو ناچـار روویـان کـردە کۆمپانیایـەکی بـەریتانی ئەزمونـداری هێڵـی شـەمەندەفەر بـەناوی (تۆمـاس سەمەرسـەن ئانـد سـەنس) (Thomas Summerson & Sons) تاپەیوەنـدی بکـات بـەبن لادنـەوە لەهاوبەشـیەکی تـازەدا. لـەئێوارەی ١٨ی شـوباتی ١٩٦٣دا، دوو جێبەجێکاری سەمەرسەن بۆ دانوستان گەیشتنو چوونە لای (جەی سی ئێم مەیسن)ی باڵیۆزی بـەریتانیا لەفلاتەکـەی خۆیـدا لەدیمەشـق. مەیسـن ئامـاژەی دا " وەك داکۆیکـارێکی خراپـەکار ئێوارەم بەسەر برد لەنێو ئەو گرفتانەی ناوی بردن سروشتو بیرکردنەوەی تایبەتی بێ بـاکیو باکداری بن لادندا".

دەسەڵاتدارەکانی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی سعودیە، لیژنـەی هێڵـە ئاسـنینەکەیان بێـزارو بێتاقەت کردبوو، سـەرۆکی لیژنەکـە رایگەیانـد "کـەوا ئێسـتا بـن لادن بەتـەواوی ناپەسـەندە". ئەندامـە سـوریو ئەردەنیـەکان نـاڕازی بـوون لـەوەی کەچـۆن بـن لادن پشـتیوانی خانـەوادەی شـاهانەی فۆسـتۆتەوەو پاشـانیش ئـەو کارانـەی بـۆی دەرچـووە بەباشـی جێبـەجێیان ناکـات، سەرەڕای ئەوە هێندە بەدەسەڵات بووبوو کەبەرهەڵستکاری کردنی ئەسـتەم بـوو. جێبـەجێکارە بەریتانیەکان تەواو "لەئامادەباشیدا بوون بـۆ وەلانـانی بـن لادن"، بـەڵام دەترسـان "کاریگـەری ئـەم کـارە لەکۆتاییـدا بیکاتـە دوژمنیـان لـە سـعودیەدا". لەلایـەن خۆشـیەوە، گوایـە بـن لادن

رایگەیاندبوو "کەئەگەر پشکێکی لەکارەکەدا نەبێت ئەوا سعودیە لەپشتیوانیکردنی پرۆژەکە پاشەکشە دەکات".

پاش چەند هەفتەیەکی کەم، پرۆژەی هێڵە ئاسنینەکە پەکی کەوت. بەهەمان شێوە، وادیار بوو فەیسەڵی جێنشینی شا بێ تاقەت بووبوو لە محەمەد بن لادن، بەپێی هەڵسەنگاندنێکی ئەڵمانیای خۆرئاوا: فەیسەڵ "لەژێر پیاهەڵشاخانێکی زۆر" گرێبەستەکەی لەبن لادن وەرگرتەوە. هێڵی ئاسنینی حیجاز تاکە هۆکار نەبوو بۆ پەست بوونی فەیسەڵ لەبن لادن. هەستێك دەرکەوت کەهەندێك لەو شوێنانەی شانشینەکە کە بن لادن بەڵێنی کارکردنی تێدا دابوون کاری رەشۆك‌و قەڵبی تێداکرابوو، هەردەم لەکاتی خۆشیاندا تەواو نەدەبوون. سەروەت‌و سامان‌و مافە تایبەتیەکانی بەدەر ئاشکراو بەرچاو بوون. لە ئازاری ١٩٦١دا بووبووە خاوەنی سێ فڕۆکەی بیچکرافتی پەروانەدار کەجگە لەخانەوادەی شاهانە هیچ کەس لەشانشینەکەدا نەیبوو. ئەو فڕۆکەوانە ئەمەریکیەکانی بەکرێ گرتبوو تا بەفڕۆکە لەشوێنێکی ئیشەوە بیگەیەننە ئەوی تر کە لەوێ چادرگەکانی کرێکارەکان بەسەر بیابانەکاندا بڵاو بووبوونەوە کە ئەو بەرێوەی دەبردن. ئەو بەگوڕوتینەوە کاری دەکرد، بەڵام میتۆدە لاوازەکانی بەشێوەیەکی زۆر بوونە جێی پرسیارو گومان‌و گلەیی لای راوێژکارە نێودەوڵەتیەکان کە لەتەقەلای هاندانی فەیسەڵدا بوون تا ستانداردە ئەندازیاریە نوێیەکان بهێنێتە نێو پرۆژەکانی بیناکردنی سعودیەوە.

بۆ یەکەمجار لەکاری دوورودرێژی بن لادندا، ئەو بووبووە کەسایەتیەکی بەرچاوی ناکۆکی لەسنوورە بێ دەنگکراوە قورسەکانی سیاسەتی شانشینەکەدا.

"هەموو جارێك ئەو پرۆژانەی ئاوەدانکردنەوەمان دەخوێندەوە کەوا لەووڵاتەکەماندا خرابوونە روو بۆ گرێبەست، ئۆفیسەکەی بن لادن نرخی کەمتر دادەنا، لەبەرئەوە پرۆژەکەی دەبردەوە." ئەحمەد محەمەد جەمال لەستونی لاپەڕەی پێشەوەی رۆژنامەی (ئەلنەدوە)ی مەککە، لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦١دا نوسیبووی:

"ئەمە لەکاتێکدایە کەچاودێران بەسەر خاووخلیچکی ئۆفیسەکەدا هاواردەکەن لەجێبەجێکردنی پرۆژەکان کەدوو یان سێ یان چەند ساڵێك لەمەوبەر گرتبونیە ئەستۆ. هەروەها هاواریان لێ بەرزبوەوە بۆ ئاسامان بۆ بڵاوەپێکردنی هەوڵەکانی کرێکارەکان‌و ئەندازیارەکان‌و کەلوپەلەکانی بن لادن لەپرۆژە بێشومارەکانی ئەو شارو رێگەوبانەی

لەشانشینەکەوە دوور بوون. هەروەها هاوارو گلەییان لێ هەستابوو بەرامبەر نەبوونی کوالێتی کارەکەو هەڵەکردنی ئەندازیاریو رێکوپێك نەبوون لەزۆربەی کارەکانی قیرتاوکردندا".

کێشە گەورەکە لە "پراکتیزەکردنی پێدانی هەموو پرۆژەکانی رێگەوبانی وولاتمان بوو بەیەك بەڵێندەر". لەکۆتایدا جەمال گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەکێشەکە تەنها لەکوالێتی کارەکانی بن لادندا نەبوو، بەڵکو لەکوالیتی حکومەتی سعودیەشدا بوو:

"بەرپرسە کاربەدەستەکانی وەزارەتی گەیاندن، بەزەییتان پێماندا بێتەوە. بەزەییتان بەوولاتەکەماندا بێتەوە، بەزەییتان بەپرۆژەکانماندا بێتەوە. رێگەوبانەکانمان مەدەنە دەست تاکە بەڵێندەرێك، کە بەکەمترین نرخ دەیکات، دەستی ئەو، کە پابەندبوونی بەپرۆژەکانی لەوەوپێشی توشی ئیفلیجی هاتوون. بەزەییتان پێماندا بێتەوە تاخوداش بەزەیی پێتاندا بێتەوە".

بەبێ مۆڵەتی فەرمی حکومەت، تۆمەتبارکردنی وا توندوتیژ لەرۆژنامە توند چاودێریکراوەکانی عەرەبستانی سعودیەدا وابەئاسانی دەرنەدەکەوتن. فەیسەڵو هاوپەیمانەکانی لەسەر یەك رای رێتێچوو بوون بۆ پاڵپشتی ئەم رەخنەیە، ئەویش ئەوەیە کەسعود بەشێوەیەکی کاتی فەیسەڵی لەکابینەی حکومەت دوورخستبووەوەو لەو کاتەی ئەو بابەتە بڵاوکرایەوە فەیسەڵی جێنشینی شا تێدەکۆشا بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتیو هاوپەیمانەکانی ئەویان وەك چارەسەرێك بەرز کردبووەوە بۆ گەندەڵیو ناچالاکی حکومەت. ئەحمەد جام جومی وەزیری تازەی بازرگانی کە لەخانەوادەیەکی بازرگان بوو، لەگەڵ بن لادندا لەپێشبڕکێدا بوو، کەوتەخۆی بۆ نەهێشتنی ئەو هێزە خنکێنەرەی گرێبەستکردن کە لەلایەن خودی وەزیری گەیاندنەوە دەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا شتی زیاتر لەئارادا بوو وەك لەململانێی دووبەرەکی: رەخنە گشتیەکە ناڕەزاییەکی بەرفراوانی نیشاندا لەکوالێتیو رەوتی پرۆگرامی دروستکردنی رێگەوبانی شانشینەکەدا.

شارێگەکان لەسەرەتای شەستەکاندا هێمایەکی بەهێزی مۆدێرنێتی بوون. پلانی شارێگەکانی ناو ولایەتەکانی ئەمەریکا تائەوکاتە زۆر پێشکەوتوبوون، ئۆتۆمۆبیلی کادیلاکسو ئۆتۆمۆبیلە سەربەتاڵەکان بەدرێژای شارێگەکانی وولایەتێك بۆ وولایەتێکی تر رێچکەیان بەستبوو، نمونەی مافی تاکە کەسیو خۆشگوزەرانی ئەمەریکیەکانی دەنواند. لەفیلمەکانی هۆلیوودو بەرنامە تەلەفزیۆنیەکاندا جۆن کەنەدی بەبێ شەبقەو شیك لە سیدانێکی سەربەتاڵدا دەردەکەوت

کەسەلامی بۆ خەڵکی دەکرد، ئۆتۆمۆبیلە سەربەتاڵەکە سەرنجڕاکێش بوو. ئەو بیرو تێگەشتنەی کەدەڵێت تۆڕێکی شارێگەی نەتەوەیی دەتوانێت تازەگەرێتی خێرا بکات، داوایەکی تایبەتی لەسەر بوو لەعەرەبستانی سعودیەدا. سەبارەت بەزۆری دانیشتوانی کۆچەری شانشینەکە کە لەمێژبوو بەهاتوچۆی سەربەستانە ڕاهاتبوون، ئۆتۆمبێل سەرنجی ڕاکێشابوون. دانیشتوانی شانشینەکە کەم بوون، نزیکەی ٤ ملیۆن دەبوونو بەسەر ناوچەیەکی بیابانی بەرفراواندا بلاوببونەوە. شارێگەکان نەك تەنها گرنگ بوون بەڵکو زۆر پێویست بوون.

دەستپێوەگرتنی بودجە لەلایەن فەیسەڵەوە ئابووری هێنایەوە سەرخۆ، لەگەڵ ئەوەشدا داهاتی نەوت بەردەوام لەبەرزبونەوەدا بوو. لە ١٩٦١دا حکومەت توانی قەڵەمبازێك لەبنیاتنانی شارێگەدا بدات، خۆزگە بیزانیایە چۆن ڕێگەکان بەکارامەیی دروست دەکرێن. شانشینەکە پلانێکی ڕاگەیاند بۆ بونیادنانی تۆڕێك شارێگە کەکۆی گشتییان زیاد لەدوو هەزار میل بوو، بەلام بیرۆکراتەکان گیرۆدەبوون بەدەست چۆنیەتی پێدانی گرێبەستەکان. (هارۆڵد فۆڵك)ی ئەندازیاری ڕێگەوبانی ئەمەریکی وەك ڕاوێژکاری گەورەی ئاوەدانکردنەوەی شانشینەکە دامەزرێنراو داوای لەڕاوێژکارە ئەوروپییەکان کرد سەرپەرشتی کاری وەستا ناوخۆییەکان بکەن تادڵنیابن کارەکان لەگەڵ ستاندارە نێودەوڵەتیەکان یەکدەگرێتەوە. لەبەهاری ١٩٦٢دا فەیسەڵ گەڕایەوە کابینەکەی‌و ئامانجەکانی (فۆڵك)ی پەسەندکرد، بەلام خۆی لادا لەکرێی ئەوروپییەکان. بەدەر لەوەی بە سروشت پیاوێکی ڕەزیل بوو، فەیسەڵ هەمان ئەو ترسە بەرفراوانەی لێ نیشت کە لەخانەوادەی شاهانەی سعودیەدا هەبوو لەوەی لەئەزمونی کاردا دەرکەوتبوو ڕاوێژکارەکانی ڕۆژئاوا، هەردەم بێ ویژدانانە کرێکەیان بەرزدەکەنەوە کاتێك لەشانشینەکەدا کاری بازرگانی دەکەن. "کۆسپ لەدوای کۆسپ" ناونیشانێکی نهێنی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا بوو دەربارەی کەڵەکەبوونی نوشوستییەکان. فەیسەڵ بەپەنهانی گوشاری خستبووە سەر کاربەدەستانی ئەمەریکا بۆ یارمەتی وەرگرتن. خوازیار بوو حکومەتەکەی بەشێکی ڕێکوپێکی شارێگەکان بکاتەوە کەخاوەنی ئامێری زۆری دروستکردنی ڕێگەوبان بێت، تاکو پشت نەبەستێت بەبەڵێندەرە تایبەتەکانی وەك بن لادن. مەمنونی هەموو ڕاوێژکارەکان بوو، ڕایگەیاند کە "کێشەکە ئەوە نیە بزانرێت چی پێویستە بکرێت"، کەخۆی لەوەوبەر دەیزانی "بەڵکو ئەنجامدانی خێرای کارەکەیە".

هەروەها فەیسەڵ گوشاری خستە سەر بن لادن، لەماوەی هاوینی ١٩٦٢دا، ئەو گرێبەستە پەنگخواردوەی بن لادنی هەڵوەشاندەوە بۆ هەڵکەندنی کانی گەچ لەباکووری جەددە. فەرمانی شاهانەی بڵاوکراوەی فەیسەڵ رایگەیاندبوو کەبەڵێندەرەکە "ئەرکێکی بێ دواکەوتنی" هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بن لادن "خۆی دزیەوە" لەبەرپرسیارێتیەکانی.

دیارترین نمونەی شکستی بن لادن تابخرێتە روو، کاری جێبەجێکردنی ٤٥ میلی رێگای شاخاوی بوو کەمەککەی دەبەستەوە بەشارۆچکەی تایفی هاوینەهەوارەوە کەشوێنێك بوو بۆ پشوودەرانی خانەوادەی شاهانە. رێگاکە لەزەویە تەختە لمینەکانی نزیك دەریای سوورەوە بەرزدەبوەوە، بەنێو شاخە لێژو رووتەنو قرچۆکەکاندا پێچاوپێچی دەکردو زیاد لەپێنج هەزار پێ سەردەکەوت. دەیان ساڵ بوو تاکە رێگا بۆ بڕینی ئەم دووریە بەسواری گوێ درێژو حوشتر بوو، بەم شێوەیە فەیسەڵو دەستو پێوەندە شاهانەکەی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عەبدولعەزیزدا دەگەشتنە ئەوێ. بەهەژمارێکی تازەی سعودییەك، فەیسەڵ بیری ڤیرتاوکردنی رێگەکەی داهێنا. ئەندازیارەکانی ئەڵمانیای رۆژئاوا بەکارێکی سەختو زەحمەت لەقەڵەمیان دا، دەبوو نزیکەی ٣٠ تونێل بەناو شاخەکاندا بتەقێنرانەیەتەوەو تەپۆڵکەی گەورەی خۆڵو خاشاك لابرانایەو گیروگرفتی قورسی تەخت کردنیش لەولاوە ئەنجام بدرێت. ئەڵمانیەکان کارەکەیان دەویست، بەڵام دەترسان بەرامبەر "گرێبەستە قەڵبەکان"ی بەڵێندەرێکی ناوخۆ بیدۆڕێنن کەبەشادیەوە ئاستی سەختیو بڕی تێچونەکەکانی بەکەمتر دادەنا.

خەمو دڵەڕاوکێکانیان رەوا بوو. وەك هەمیشە بن لادن سوور بوو لەسەر ئەوەی کەتوانای کردنی کارەکەی هەیەو لە ١٩٥٩دا رێکەوتنەکەی بردەوە بەبەهای زیاتر لە ١٠ ملیۆن دۆلارو پەیمانی دا کارەکە لەسەرەتای ١٩٦١دا تەواو بکات. ئەو دواکاتەی نەپێکا، سەرەڕای ئەوەش کاتێك دەستەیەکی تەلەفزیۆنی سویسری لەکۆتایی ئەو هاوینەدا دەرکەوتن بۆ وێنەگرتنی کارەکان، بۆیان دەرکەوت کەبن لادنو کرێکارەکانی لەشوێنێکی لێژی کەندەلاندا گیریان خواردووە لەدووری دوانزە میل لەرۆژئاوای تایفەوە. دەستەی سەرپەرشتیارە ئیتالیو میسریەکان دەیان نەڕاند بەسەر شۆفێری تەختکەرو بلدۆزەرە ئەمەریکیو ئەڵمانیەکاندا، بەڵام دیار بوو کەزۆریان مابوو بۆ تەواو بوون. چەندین مانگ تێپەڕی، هێشتا بن لادن نەیتوانی رێگاکە تەواو بکات. عەمباری گەورەی دینامیت تەواو بوون بۆ لێدانی تونێلو تەقاندنەوەی لێژاییەکانی

شاخەکە. ڕێگاکە کەمێك دوور بوو لەجەددەوە، بۆ کوڕە لاوەکانی محەمەد پێگەیەکی تری خۆشی تەقێنەرەوەکان بوو، ئەم جارەیان بۆ هەژاندنی شاخەکان.

دوای سێ ساڵ هێشتا بن لادن هەر خەریك بوو. ناو بەناو میوانداری سعود یان فەیسەڵی لەئێوارە خوانێکی نایابی لاڕێیەکەدا دەکرد، هەرلەوێ نەخشەکانی نیشاندەدان بۆ ستایشکردنی ئەو کارە ئەندازیاریە سەرسوڕهێنەرەی کەخەریکی ئەنجامدانی بوو، بەڵام ڕاستیەکە ئەوە بوو کە بن لادن زۆر لەدوای خشتەی کارەوە بوو، کەسیش دڵنیا نەبوو لەکوالیتی ئەو ڕێگایەی لەکۆتاییدا ڕادەستی دەکرد.

بەپێی سەرچاوەیەك، فەیسەڵو بن لادن دەربارەی پرۆژەکە مشتو مڕیان کردووە، بن لادن سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەو کارەی دەیکات حاڵەتێکی شانازی تایبەتیەو دەبێت ئەوەی دەستی پێکردووە تەواوی بکات، تەنانەت ئەگەر لەگیرفانی خۆی پارەکەی بدات. ئەمە زەنگێکی کەمی ئەفسانەگەرێتی تێدا بوو، بەڵام گومانی تێدا نیە لەم کاتەدا بارگرژی لەنێوان فەیسەڵو بن لادندا هەبوو، بن لادن بەهۆی دواکەوتنەکەیەوە دەبوایە بەرگەی ئەو زیانە گەورانەی بگرتایە. یەکەمجار لەگەڵ خانەوادەی شاهانەو سەرگەورەکانی بەوەرگرتنی ئەرکو دەسەڵاتو هاوبەشیکردنی داهات خۆی ڕێکخست بوو. (هێرمان ئیلتس) کاتێك لەشەستەکاندا وەك باڵیۆزی ئەمەریکا لەشانشینەکەدا خزمەتی دەکرد، ئەو دوو پیاوەی دەناسیو ڕایگەیاند کە فەیسەڵ کەمترین گەندەڵکاری شازادە باڵاکانی سعودیە بوو، ئەمیش ڕەنگە بەهۆی دەرکردنی کۆمەڵێك فەرمانی گەورەوە بوبێت، ئەوەی بەلایەوە کێشە نەبوو پارە بوو بەڵکو ڕاستگۆیی بن لادن بوو. فەیسەڵ بۆی دەرکەوت بن لادن هەموو کات وەك هاوتا ئەڵمانیو سویسریەکانی وردکار نیە، بەڵام ماوەیەکی زۆرە لەشانشینەکەدا کاری دەکردو "گرنگیەکەی لەوەدا بوو، ڕێگاکان لەئارادا بوون". پاشان فەیسەڵ بەهەمان شێوە هەستی بە "بڕێکی دیاریکراو شانازی نەتەوەیی کرد" بەوەی کەسەرەڕای ئەو هەموو بەرهەڵستیە تەکنیکیەی پرۆژەیەکی وەك ڕێگای تایف "دامەزراوەیەکی سعودیە ئەو کارە دەکات". فەیسەڵو بن لادن لەخواترسێکی ئیشکەر بوونو خۆیان بۆ بەرەوپێشبردنی عەرەبستانی سعودیە تەرخان کردبوو. لەگەڵ بەهێزبوونی دەسەڵاتی فەیسەڵ لەشەستەکاندا، کێشەی نێوانیان تێدەپەڕێتو هەماهەنگیان قوڵتر دەبێتەوە.

دڵسۆزی بن لادن بەرامبەر عەرەبستانی سعودیە بەتایبەتی بابەتی باسکردن بوو تابخرێت بەلایەکدا لەکۆتایی ١٩٦٢دا، ئەویش کاتێك ناسر شۆڕشێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی لەیەمەن هەڵگیرساندو پاشان بەدەیان هەزار سەربازی میسریەوە چووە ناو ئەو وولاتەوەو بەبێ بەشداری وولاتەکەی جەنگی لەگەڵ عەرەبستانی سعودیەدا هەڵگیرساند. ناسر کەوتە بلاوکردنەوەی پروپاگەندەکانی بۆ هێرشکردنە سەر ئال- سعودو دەستی کرد بەهێرشی بۆردومانی ئاسمانی سەر هەرێمی سعودیەو زیاد لە سەدان سەکۆی چەكو تەقەمەنی بەدرێژایی کەناری دەریای سوورردا دانا بۆ هاندانی شۆڕش، هەروەها لەگەڵ شازادە سعودیە لایەنگرەکانیدا پیلانی بۆ روخاندنی حکومەت لە ریاز گێڕا. دوای دەستێوەردانی ناسر لەیەمەندا، ئەو قەیرانە درێژخایەنەی هاتەگۆڕێ، مەترسیدارترین هەڕەشەی دەرەکی بوو کە تائەوکاتە رووبەڕووی شانشینی مۆدێرنی سعودیە بوبێتەوە. هەرکە ستراتیژێکی رزگاربوونی گەڵاڵە کرد، سعود جارێکی تر کۆمپانیاو ئامێرە زۆرو زەبەلاحەکانی ئاوەدانکردنەوەی بن لادنی دامەزراندەوە وەك کەلوپەلی بەرگریو سیاسەتی دەرەوەی سعودیە، هەروەك هالیبۆرتنی* شانشینەکە.

لەسەرەتادا سەرۆك جۆن کەنەدی وەك نوێخوازێك لە ناسری دەڕوانی کەڕەنگە بتوانێت میسر لەهەژاری دەربهێنێت بەبێ ملدان بۆ کۆمیۆنیزمی سۆڤیەت. کەنەدی هاوکاری ئەمەریکای بۆ رژێمەکەی ناسر دووقات کرد، تەنانەت دوای ئەوەی سەربازە میسریەکان رژانە ناو یەمەنەوەو بۆردومانی شارەکانی سعودیەیان کرد داوای لە فەیسەڵ کرد ئارامگر بێت لەبەرئەوەی ئەمەریکا هەوڵی دانوستانی رێکەوتن دەدا. ئەمە مەترسیدارو تەنانەت ستراتیژێکی نزیکبینانە بوو چونکە حکومەتی سعودیە لەژێر گوشاری ناسردا لە ووردوخاشبوندا بوو. شا سعود زیاد لەهەموو کاتێك بێ دەرەتان بوو، پەنای بردە بەر مۆسکۆ. سی ئای ئەی راپۆرتی دا کە بازرگانە سعودیەکان پارەکانیان دەگوازنەوە بۆ لوبنان بۆئەوەی خۆیان لەدزی قەیرانێك بپارێزن. گروپێك کە ناوی "شازادە ئازادەکان"یان لەخۆیان نابوو بەسەرکردایەتی تەلال ئیبن عەبدولعەزیز هەڵهاتن بۆ تاراوگە لەبەیروت، لەوێ کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیان بەست بۆ راگەیاندنی ئەوەی کەوا کۆیلەکانی ماڵەوەیان ئازاد دەکەن، شازادەکان

---

* هالیبەرتن (Halliburton): کۆمپانیایەکی جیهانی تایبەتە بەکاری ووزەو نەوت، لە ١٢٠ وڵاتی جیهاندا کاردەکاتو ئۆفیسی سەرەکی لە "هیوستن- تەکساس"ە، (وەرگێڕ). بڕوانە www.wikipedia.org

بەئەسـپایی خۆیـان وەك حکومـەتێکی پێشـکەوتووی سـعودیە لەتاراوگـەدا پایەبـەرزکرد. فەیسەڵێکی بێ هیوا بەبەرچاوی خەڵکەوە دەستیکرد بەگەڕان لەشانشینەکەدا بۆ پێشخستنی وێنای حکومەتەکەی. کۆیلەیەتی قەدەغەکردو خزمەتکارەکانی ماڵی خۆی ئازاد کـرد. محەمـەد بـن لادنـیش هـەمان کـاری کـردو مـاوەی دا بەحکومـەتی سعودیە تـا قـەرەبووی بـۆ بکاتـەوە لەبەرامبەر ئازادکردنیان. فەیسەڵ کۆبونەوەیەکی جەماوەری رێکخستو بەدرێـژایی شـەقامە سەرەکیەکاندا لەئوتومبیلێکی سەربەتاڵدا تێپەڕی. جێنشینەکەی شا سەرۆکایەتی ڤیستیڤاڵێکی گۆرانیو سەماکردنی کردو تەنانەت دەستی بە دروشمێکی کەمپینەکەدا گرت لەژێر ناوی "ئێمە براتانین".

لەسەرەتای ١٩٦٣دا راپۆرتەکان گەیشتنە فەیسەڵ کەوا فڕۆکە میسریەکان گازی ژەهراوییان بەسـەر هێـزە ئۆپۆزسیۆنەکانی یەمـەن، کەسعودیە پاڵپشـتی دەکـردن، و شارۆچکەی نیجرانـی سـعودیە لـەنزیك سـنوری یەمەنـەوە رژانـدوە. ئۆفیسـی سـەرۆك کەنـەدی هێشـتا ئامۆژگـاری ئـارامگیری دەکـرد. فەیسـەڵ بەسـەر شـاندی دانوسـتانەکانی واشـنتۆندا هەڵشـاخا. فەیسـەڵ دەربـارەی ناسـر رایگەیانـد "ئـەو خراپـەکارە، خواستەکانیشـی خـراپن"و ئاشـکرای کـرد کەخانـەوادەی شـاهانەی سـعودیە " حسـابێکی بـانکی لەبانکـەکانی سویسـراو بانکـەکانی تـردا کردۆتەوەو رێی بە ناسر داوە کەهەر برێکی بە دۆلارو ئەستەرلینی دەوێت رایبکێشێت"، بـەڵام هێشتا ناسر رازی نەبوو:

"لەوە زیاتر ئەو پیاوە چی دەوێت؟ ئاشکرایە نە نەوتو نەپارەکەمانی ناوێت وەك هەنـدێك خەڵك وادەڵێن، لەبەرئەوەی کاتێك هاوڕێم بـوو بەئاسـانی دەیتـوانی بچێتە نـاو ئـەو شـتانەوە. لەبەرئـەوە ئاشـکرایە کەدەیـەوێت سروشـتە خراپەکـەیو غـەریزە شـەڕانگێزەکەی تێـر بکـات، ئەویش تێکشکاندنی ئێمەیە. ئێوە زۆر هەڵەن کـە پێتـان وابێـت دەتـوانن بەنـەرمی یـان نیـانی رێنوێنی ناسر بکەن بۆ گەڕانەوەی بۆ سەر رێـی ژیرانـە یـان تێگەیشـتوانە. تاکە رێگا کـەوا لـە ناسر بکەن گوێتان لێبگرێت یان لەرێگەکەتان نزیك بێتەوە تەنها بەبـەکارهێنانی هێـز دەبێـت، من لەئێوە زیاتر ناسر دەناسم چونکە نزیکترین هاوڕێی بووم".

سـەرەنجام کەنـەدی هەڵوێسـتی گـۆڕی، لەهـەمان کاتـدا فەیسـەڵ رووی کـردە بـن لادن بـۆ پشتیوانیکردنی کارەکانی لەسنوری باشووری شانشینەکە. ئـەو پـایزە فەیسـەڵ گرێبەسـتەکانی ژێرخانی ئابووریو دروستکردنی رێگەوبانی لەبەشی شارێگەکان وەرگرتـەوەو راسـتەوخۆ دایـە

بن لادنو ڕایگەیاند کەوا خودی خۆیو بەیارمەتی بن لادن ئاگای لەدروستکردنی ڕێگەکان دەبێت لەناوچەکانی جەنگدا. کاتێك پشکنەرە سعودیەکان بۆ تەماشاکردنی کارەکانی بن لادن ڕۆشتن کەموکوڕیو ناتەواویان تێدا بەدیکرد، بەڵام ئەو پێی ڕاگەیاندن کەوا "ئەو بڕیار دەدات نەك بەشی ڕێگەوبان" کە چۆن لەسەر کارەکە بڕوات. ئەندازیاری بەرپرسی بەشەکە، ئیشەکەی بن لادنی لەسەر سنوری یەمەن وەك "دووبارەیەکی ئاستێکی بچوکتری شکستی ئەو ڕێگەیە هاتە پێش چاو کەڕوویدا لەدروستکردنی ئەو دوو شارێگە تازەیەی بە باکوورو باشووری ڕۆژئاوای مەدینەدا دەڕوات "بەڵام ئەندازیارەکە نەیدەتوانی هیچ بکات بەرامبەر "دەستێوەردانی شاهانە".

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەوبڕوایەدا بوو فەیسەڵ رووی کردبێتە بن لادن "بۆ مسۆگەرکردنی کاری خێرا لەسەر ئەوەی کەرەنگە بەلایەوە پرۆژەیەکی هەنووکەیی بوبێت بۆ بەرگری کردن لە عەرەبستانی سعودی". هەروەها لەبوونی پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ یەمەندا، بن لادن دەبێتە کەسێکی پشت پێ بەستراوی لۆکاڵی لەبەرزکردنەوەی ئاستی هێزی کارو سەرپەرشتی کردنی ئاوەدانکردنەوەدا. ئەوە سەرەتای زنجیرەیەك گرێبەستی تایبەتی بوون کە فەیسەڵ داوای لە بن لادن کردبوو بۆ بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری بۆ پاراستنی عەرەبستانی سعودی لەدژی تەشەنەسەندنی شەڕی گەریلاکانی یەمەن. جاروبار کرێکارەکانی بن لادن دەبوایە لەو ناوچانە کاریان بکردایە کەڕاستەوخۆ دەکەوتنە ژێر بۆردومانەوە. دواتر تیپی سوپای ئەندازیارانی ئەمەریکی لەو ناوچەیەدا هاتنە پاڵ بن لادن بۆ ڕەوانەکردنی موشەکە بەریتانیو ئەمەریکیەکانو ژێرخانی سەربازی بۆ سنووری باشوور. ئەمە ڕۆڵێك بوو کەخانەوادەی بن لادن بۆ بنەماڵەی سعود بۆ ماوەی چەند ساڵی داهاتوو بەهاوکاری وولایەتە یەکگرتووەکان دەیگێڕێت.

## ٧- پیاوێکی مۆدێرن

دوا رەفتاری ململانێی نێوان فەیسەڵ لەگەڵ سعودی زڕبرایدا هاوپێچی شانۆگەرییەکی گاڵتەجارو سامناك بوو. کحول گەدەی سعودی وێران کردبوو، توشی خوێنبەربونی یەك لەدوای یەکی هەناوی کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەتوانی واز لەخواردنەوە بهێنێت. هاوکارەکانی ئۆتۆمبێلی فۆرك لیفت* یان بەکارهێنا تا بیکەنە ناو (دی هاڤیلاند کۆمیت)ی فرۆکە شاهانەکەیەوە. شاو دەستوپێوەندەکەی بۆ گەشتێکی دەستەیەك نەخۆشخانەی ئەوروپیو ئەمەریکی بەڕێکەوتن. یەکەمجار نەشتەرگەری تانەی چاوو گەدەی لە بۆستن ئەنجامدا کە ئارامکۆ بۆ ئەم مەبەستە ٣,٥ ملیۆن دۆلاری لەسەرەتادا بۆ دانابوو، پاشان لە لۆسانی سویسرا چارەسەری زیاتری بۆ کرا، دواتر لە شاری نایسی فەرەنسا هەستایەوە سەرپێو لەدوایندا ماوەیەکی دوورودرێژ لەنەخۆشخانەیەکی ڤیەننا مایەوە. ماوە ماوە سعود تەواو وابەستەی پلاندانان دەبوو تابگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات. فەیسەڵ وا پەست بوو بوو کەنەیدەتوانی چیتر ناوی سعود بهێنێت. سعود بڕیاریدا خۆی پڕچەك بکاتو بەقاچاخ چەکی دەهێنایە کۆشکی ناسریە بۆ چەکدارکردنی کوڕەکانیو پاسەوانەکانی، بەڵام فەیسەڵ گاردی نەتەوەییو سوپای لەدژی کۆکردەوە. تەواوی خانەوادەکە لەسەر دەستی خۆیان لەگەڵ ئەوەی جەنگێکی رانەگەیەنراویان دژی میسر هەبوو، رازیبوون بەوەی کەپوکانەوەو لاوازیو پلانە ژێربەژێرەکانی سعود چیتر ناتوانرێ چاوپۆشی بکرێ.

وەك هەمیشە، خانەوادەی سعود پشتیان بە زانا ئیسلامیەکانی شانشینەکە بەست تا رەوایەتیان پێ بدەن، چونکە بۆ هەنگاونان خۆیان ئامادەکردبوو. لەتشرینی دووەمی ١٩٦٤دا دەستەی زانایان لەڕادیۆی مەککەدا فەتوایەکیان بۆ لابردنی سعودو دانانی فەیسەڵ لەجێگەکەی دەرکرد. چەند مانگێکی پێچوو تا سعود چارەنوسی خۆی دیاری کردو چووە تاراوگە، لەسەرەتادا بۆ یۆنانو دواتریش بۆ میسر، لەوێ چووە پاڵ ناسر دژی وڵاتەکەی

* فۆرك لیفت (forklift) جۆرێك ئۆتۆمبیلە کەدوو چەناڵی لەبەردەمدایەو بەکاردێ لەبواری پیشەسازیو بازرگانیدا بۆ بارکردنو داگرتنی ئەو کاڵایانەی مرۆڤ توانای بەسەریاندا ناشکێ. (وەرگێڕ)

خۆی. ئەو حسابی بانکەی سعود هەیبوو، بووە هۆی دامرکاندنەوەی بێ هیوابوونی بەزۆرلابردنی لەتەختی پاشایەتی. بەپێی ئەو سەرچاوانەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەبانکی ناوەندی سعودیە وەریگرتبوون، سەروەتو سامانی سعودی بە ۱۰۰ ملیۆن دۆلاری کاش‌و ۳۰۰ ملیۆن دۆلار کە لەکاری ئەمنیدا خرابووە ئیشەوە دەخەملێنرا.

چەند ساڵێك دواتر، هەندێك لەئەندامانی خانەوادەی بن لادن لەسەرخۆ ئەو باس‌وخواسانەیان بلاوکردەوە کە محەمەد بن لادن رۆڵی گرنگی گێڕاوە لەڕازیکردنی سعود تادەست لەتەختی پاشایەتی هەڵبگرێت، ئەمە بەئاشکرا لەحاڵەتێکی ئەفسانگەرێتی دەچێت. تورکی کوڕی فەیسەڵ رایگەیاند ئەو بڕوایەی کەگوایە بن لادن رۆڵی هەبووە لەسەر لابردنی سعود "وانیە، ئەو پیاوێکی بەڕێز بوو، بەڵام ئەو هەمیشە پیاوی ئاوەدانکردنەوە بوو. کاتێك کارێك هەبوایە بۆ ئەنجامدان، بن لادن ئەنجامی دەدا جا بەفەرمانی هەر پادشایەك بووایە". لەڕاگەیەنراوێکی ئەمەریکی ساڵی ۱۹٦۵دا هاتووە کەلابردنی سعود "سەرسوڕهێنەرانە، ژمارەیەکی کەمی بڕیاردەری لەخۆگرتبوو"، ئەمانەش "ژمارەیەك شازادەی دیاریکراوەی بنەماڵەی سعودو ژمارەیەکی کەمی زانایان بوون، هیچ لایەنێکی تر مافی ئەوەی نەبوو راوێژی پێبکرێت". هەرچی سەبارەت بەبازرگانێکی وەك بن لادنە:

"هێزی ئابووری‌و ئاستێکی دیاریکراوی دەسەڵاتی سیاسی، لەلایەن ژمارەیەکی زۆری خانەوادەی ئەو بازرگانانەی لەحیجاز چڕبونەتەوە چێژی لێوەردەگیرێت. ئەم بازرگانانە لەئێستادا بەتەمای چوونە ریزی ئاستەکانی بوونە پادشایان نیەو بۆ ئێستاش نزیکەی هاوشێوەی تەواوی بەرژەوەندی فەرمانڕەواکانیان هەیە. بۆ مسۆگەرکردنی ئەم بەرژەوەندیە هاوشێوانە، خانەوادەیەکی بازرگانی پێشڕەو، یان شوێن بۆ یەکێك لەئەندامەکانی لە ریاز خۆش دەکات تا شانبەشانی گرێبەستەکانی حکومەت بمێنێتەوە، یان تەنانەت دیاریکردنی کەسێکی نزیکە لەخۆی تا چاودێری بەرژەوەندیەکانی بکات لەڕووی هەبوونی هاوبەشە شاهانەکان‌و پێدانی بەرتیل لەکوێ پێویستی کرد".

دەسەڵاتی فەیسەڵ لەئێستادا ململانێی لەسەر نەبوو، بەڵام ئەو شانشینەی بۆی مابووەوە لەهەژاری‌و پاشەکشەکردندا پوکابووەوە. گەرچی زیاد لە دوو دەیە بەردەوام داهاتی نەوت بەرزدەبووەوە، کەچی خانەوادەی سعود شتێکی وایان بۆ بەرەوپێشبردنی زۆرینەی بابەتەکانیان نەکردبوو. رێژەی خوێندەواری ۱۰٪ زیاتر نەبوو، هەروەها زۆرینەی زۆری ئەو منداڵانەی

لەتەمەنی چونە قوتابخانەدا بوون بێ خوێندن مابوونەوە. ئەو ژمارە کەمەی قوتابخانەکان کەتیایاندا دەخوێنرا هێشتا گرنگییان بە لەبەرکردنی قورئان دەدا، هەروەها لەپۆلی سێیەمدا تێکستە ئاینیەکانی تر دەخوێنران، فەیسەڵ تەنها لەساڵی ١٩٦٢دا یەکەم ئەکادیمیای پیشەیی لەشانشینەکەدا کردەوە. نەخۆشیو پیسو پۆخڵی ئاوەڕۆ وەك خۆی مابووەوە، ئاوی پاکی خواردنەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان نەبوو، هەروەها چوار لەسەر پێنجی سعودیەکان بەدەست تەراخۆماو نەخۆشی چاوەوە دەیانناڵاند کە شا سعود خۆشی توشی بوو بوو.

بەدەوییەکانی شانشینەکە رقیان لەکاری تەکنیکیو دەستی ئۆفیس دەبووەوەو کاری سەربەستی وەك شۆفێری تەکسیو بارهەڵگریان لا پەسەند بوو، سەرەنجام شانشینەکە توشی کەمی کرێکار بوو بوو تەنانەت بووە مایەی بەرزبوونەوەی بێ کاری لەشانشینەکەدا. ( ئەمە کەلێنێك بوو کەکرێکارە کۆچبەرە فرەنەتەوەکانی کامپە بێ شومارەکانی بیابانی بن لادن یارمەتی پڕکردنەوەیان دا). فەیسەڵ کەوتەخۆی بۆ پەیڕەوکردنی چەشنێکی ئیسلامی لەو بزوتنەوە نوێخوازیانەی لەلایەن ناسرو جەواهر نەهروی هیندیەوە سەرکردایەتی دەکران، بەڵام چینی خوێندەواری فەرمانبەرو ئەفسەری سەربازیو تەکنۆکراتی نەبوو وەك ئەوەی بەریتانیا بۆ میسرو هیندستانی جێهێشتبوو. بۆ داهاتویەکی چاوەڕوانکراو، کەسانێکی دەرەکی وەك بن لادنو رەفیق حەریری بنیاتنەری لوبنان رۆڵی بەرچاویان بینی شانبەشانی کەمێك لەخێزانە نەجدیەکان کەبەرەو ئاوەدانکردنەوە بەخۆکەوتبون.

پاش ٦ ساڵ لەکۆشش، لەکۆتاییدا بن لادن رێگە سەختو دژوارەکەی نێوان مەککەو تایفی تەواوکرد. لەسەرەتای رۆژەکانی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٥دا، شا فەیسەڵ، شازادە باڵاکان، دیپلۆماتەکانو پیاومەاقوڵانی جەددە لەژێر رەشماڵەکانو شوێنێکی دلگیردا کۆبونەوە تا بەخۆشی سەرکەوتنی بن لادنەوە ئاهەنگ بگێڕن. پەیامنێرەکانی رادیۆی حکومەت چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بن لادن سازکرد، میوانێك باسی لەوەکرد  شا لە"مەراسیمێکی فەرمیو خۆشحاڵیەکی بەرچاودا" رێگاکەی کردەوە.

باری نالەباری جەنگو بەردەوامی خودی بن لادن ناوو ناوبانگی جەماوەریی بۆ گێڕایەوەو بووە کەسێکی پێویستتر لەجاران. بەوێنەی پادشا تازەکەی، کەئەمە سێهەم شایە خزمەتی کردبێت، بن لادن تەقەلای بوونە پایەیەکی ئیسلامو پیاوێکی مۆدێرنی دەکرد.

بن لادن خوازیار بوو کوڕەکانی، نەك کچەکانی، بخاتە بەر ئەو خوێندنـە فەرمیـەی هـەرگیز خۆی چێژی لێ وەرنەگرتبوو. لەگەشتە بازرگانیەکانیـدا بـۆ لوبنـانو سـوریاو میسـر، سـەردانی قوتابخانـە پێشـکەوتوەکانی ئـەم کۆمەڵگـە عەرەبیانـەی دوای داگیرکـاری دەکـرد. لەپەنجاکانـدا بـەزوویی بڕیاریـدا کەسـەروەتەکەی بـۆ خسـتنەبەرخوێندنی زۆرێـك لـەکوڕەکانی لـەدەرەوەی عەرەبستانی سـعودیە بـەکاربهێنێت. دایکـی کوڕەکـانیش لـەبڕیاردانی بـەرزی ئاسـتی خوێنـدنی کوڕەکانیانو ئەو شوێنەی کە لێی وەردەگیرێن رۆڵیان هەبوو. لەناوەڕاستی شەستەکاندا، زیاد لە ٢٠ کـوڕی گـەنجی محەمـەدو دایکیـان لەماڵەکانیانـدا لـەقاهیرەوە تـا کۆمەڵگـە دیـوار بەندەکـەی خـۆی لـەناو شـاری جـەددەدا پـەرش‌وبڵاو بووبوونـەوە. دایکـە میسـریەکەی خالیـدو عەبدولعەزیزی کوڕی محەمەد، کوڕەکانی لەقوتابخانەکانی میسر خستەبەر خوێنـدن. هەنـدێك لەکوڕەکانی تری وەك بەکر، عومەر، یەحیا لەسوریا چوونە قوتابخانە. سەرەڕای ئەوە زۆرتـرین کەسیان لە لوبنان چوونە قوتابخانە.

یەسلام یـەکێك بـوو لەڕەوەندەکـەی لوبنـانو لـەیادی بـوو کـە لەتەمـەنی ٦ سـاڵیدا سـواری فڕۆکەیەك کرا لە جەددەوە بۆ بـەیروت بـەبێ ئـەوەی بزانێـت بۆچـی لـەماڵ دووردەخرێتـەوە. لەفڕۆکەکەدا لەترسا دەیقیژاندو تاساڵێك چاوی بەدایکی نەکەوتەوە، ئـەم جیابونەوەیـەش وای لێکردبوو بەئاسانی بترسێتو بەدرێژایی تەمەنی هـەرزەکاری ترسـی لـەفڕین هـەبێت. محەمـەد کەسـێکی بـەناوی نـوور بەیـدون راسـپارد، کەنوسـینگەیەکی بچـوکی گەشـتوگوزاری لـەلوبنان بەڕێوەدەبرد، تاچاودێری کوڕەکـانی بکـات. منداڵـەکان دەچـوونە چـەند قوتابخانەیـەکی جیـاواز. زۆربـەیان لەسـەرەتادا خوێنـدنیان لەقوتابخانەیـەکی ئامـادەیی شـێوە چوارگۆشـەی بەبـەرد دروستکراو بەناوی دواناوەندی مەتنی سـەروو لەگونـدی (دروزی) ئارامـدا تـەواوکرد کـەئامانج لەمە دابڕاندنی بوو لە بەیروتی فریودەر.

نرخی خوێندنی هەر کوڕێك نزیکەی ١٥٠٠ دۆلار بوو بۆ ماوەی ٩ مانگی تەواوی خوێندنەکە لەگـەڵ کرێـی تـری خولـەکانی هـاوین، کـە بڕێکـی گرانبـەهای سـتانداردەکانی سـعودیەی ئـەو سـەردەمە بـوو. بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـە چـەند جارێـك بەفڕۆکـە بـۆ جـەددە رۆشـت بـۆ وەرگرتنی کرێکەی بـەکاش. ئـەو بەڕێوەبـەرە لـەیادی بـوو کـە محەمـەد "کەسـێکی دەویست تـا وانەی ئایینیان پێ بڵێت"، کەئەمـەش تایبەتمەندیـەکی گرنگـی قوتابخانـە لوبنانیـەکان نـەبوو، لەبەرئەوە بەڕێوەبەرەکە مامۆستایەکی ئیسلامی سوری بەتایبەت دامەزرانـد تـا وانـەی قورئـان

بڵێتەوە. هەروەها محەمەد بن لادن دەیویست خۆی بەدوور بگرێت لە "زۆر پارە پێدانیان، لەبەرئەوەی پێی وابوو خوویان خراپ دەکات". ئامۆژگاری بەرێوەبەرەکەی کرد بەپێی پێویست جلوبەرگیان بۆ بکڕێتو برێکی کەم پارەیان پێ بدات نەوەك بەرەڵایان بکات. بێگومان قوتابخانەکە کەمێك خۆشیەکانی لوبنانی بۆ دابین کردبوون وەك گەشتی پشووی هەفتە بۆ پێشبڕکێی ئۆتۆمبێل لەبەیروتو سەیرانەکانی هاوین بۆ هاوینەهەوارەکانی کەنار دەریا.

کوڕەکان، باوکیان وەك کەسێکی دوورەپەرێزو کۆڵنەدەرو تەنانەت پادشایانە دەناسی. کاتێك کوڕەکان دەگەڕانەوە ماڵەوە، محەمەد لەساڵێکدا چەند جارێك پێکەوە کۆیدەکردنەوە. لەسەر شێوازی خانەوادەی شاهانەو زۆرێك لەپیاوماقوڵانی تری سعودیە، محەمەد بەشێوەی دیوەخانی نافەرمی پێشوازی لەکوڕەکانی دەکرد کەشێوە کۆبونەوەیەکی دادگەریانەیە هەموو کەسێك پاڵ بەدیواری ژوورەکەوە دەداتو سەرینیش لەسەر فەرشەکان دانراون. محەمەد لەشوێنێکی باڵادا دادەنیشتو کوڕەکانیش بەگوێڕایەڵی دەوریان دابوو، قاوەیان بۆ گەورەکان تێدەکرد یان لەبەردەستی باوکیاندا بوون بۆ لێپرسینەوەو ڕێنمایی کردن. یەسلام گێڕایەوە "زۆربەمان لێی دەترساین، بەجۆرێك پێمان وابوو ڕەنگە سزامان بدات یان کەسێك بەند بکات".

بن لادن بەقورسی جەختی لەسەر دەست بەپارەوەگرتن، کارکردن، ئاییندارىو پشت بەخۆبەستن دەکردەوە. لەگەڵ ئەوانەدا دەیویست کوڕەکانی خۆی ئامادەبکات بۆ گرتنەدەستی کارە بازرگانیەکەی، سەرەنجام بۆی دەرکەوت پێویستیان بەراهێنانی زیاتری تەکنیکیە وەك لەوەی خۆی دەیزانی. عەبدوڵای کوڕی گێڕایەوە کەباوکم "ئێمەی بەشێوازێکی گونجاو لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵدا پەروەردە دەکردو زیاتریش سەرنجی لەسەر خوێندن بوو" زیاد لەوەی خۆی دەیزانی.

محەمەد وەنەبێ گاڵتەچی نەبوبێت یان کەللەڕەق بووبێ، کاتێك کوڕە منداڵەکەی بەناوی شەفیق نابەجێیانەو بەدەنگی بەرز داوای بەشەپارەی خۆی کرد باوکی ستایشی بیرو هۆشی کرد. کوڕەکانی دەبرد بۆ کامپەکانی بیابانەکەیو ڕێی پێدەدان ئۆتۆمبێلە گەورەو سەیرو سەمەرەکان لێبخوڕن. هەروەها دابونەریتو شکۆمەندی ئیسلامی خستبووە مێشکیانەوە. محەمەد بەبڕواوە نوێژی دەکردو چاوەڕێی ئەنجامدانی هەمان شتی لەکوڕەکانیش دەکرد. هەموو ساڵێك لەمەراسیمی حەجدا، ئەو بەشانازیەوە میوانداری ژمارەیەك میوانی بەرێزو

پایەبەرزی لەدەوارێکی خێزانی دەکرد کەهەموو پێداویستیەکی بەزیادەوە تێدا بوو. دیمەنەکە شێوازێکی سعودی بوو کەدواتر لەپێشبڕکێکانی وەرزشی ڕۆژئاوادا بەدیکرا، کەتیایدا هەڵسوڕاێنەرانی کارەکە میواندارى هاوڕێیانو کڕیارانی لەکەشخەترین شوێنی یاریگاکەدا دەکرد. کوڕەکانی محەمەد زۆرجار لەگەڵ باوکیاندا دەچوونە مەککە بۆ حەجکردن، ژمارەیەکی زۆری کوڕی ووردیلەو گەورەو قۆز لەناو ڕەشماڵی خانەخوێی خانەوادەکەدا هەڵدەسوڕان، ئامادەبونیان لەتەك محەمەددا ڕەنگدانەوەی شکۆمەندی سەرگەورەی خێزانەکە بوو.

محەمەد بەتایبەتی سەرنجی خستبووە سەر کوڕە گەورەکانی. جێگرتنەوەی دەسەڵات لەخانەوادەیەکی بازرگانی وەك بن لادنیەکاندا بەهەمان ئەو شێوەیەی لەخانەوادەی شاهانەدا هەبوو پەیڕەو دەکرا، بەو تێڕوانینە لێکدەدرایەوە کەگوایە کوڕە گەورەکان لەپێشترن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك نەرمی نواندن هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کەدەکرێت بەتواناترین کەس ببێتە لێپرسراو. لەماوەی شەستەکاندا، دووان لەکوڕەکانی محەمەد بەناوەکانی سالمو عەلی بەلای باوکیانەوە وادەردەکەوتن کەپەسەندترین کەس بن. عەلی تاکە کوڕی ژنێکی کۆنی بوو، بەوێنەی زڕبراکانی چێژی لەخۆشی خوێندنی دەرەوە وەرنەگرتبوو، وادیارە باوکی وەك تاکە کوڕ تالەنزیك خۆیەوە لەپێگەی کارەکانیدا شانبەشانی بێت دەستنیشانی کردبوو. هەرکە پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری پەیوەست بەجەنگەوە لەنزیك یەمەن لەقەبارەدا پەرەیان سەند، عەلی کرایە بەڕێوەبەری ئۆفیسی ئەو ناوچەیەی کۆمپانیاکە لەتایف کەئەمەش ڕۆڵێکی گرنگ بوو. عەلی کوڕێکی گەنجی ڕەشتاڵەی باریکەلە بوو، لەگەڵ براکانی زۆر کاتی بەسەر نەدەبرد، بەڵام ئەگەر عەلی لەلایەن باوکیەوە پۆستی درابێتێ تابێتە جۆرێك لەبەڕێوەبەری باڵای کارکردنی کامپو کرێکارە بیشومارەکانی ئاوەدانکردنەوەی کۆمپانیاکە، ئەوا جێی پرسیار نەبوو کە محەمەد کێ ڕادەهێنێت تابێتە بەڕێوەبەری گشتیو سەرۆکی کۆتایی دامەزراوەکەو میراتگری پەرەپێدانی مەرامی ڕۆڵی گرنگی سیاسیو بازارگەری لەخانەوادەی شاهانەدا، دیارە ئەوەش سالم بوو، کوڕە گەورەی محەمەدو فاتمە بەحەریس.

لەماوەی کۆتایی پەنجاکانو سەرەتای شەستەکاندا، لەلایەنە پێشکەوتووە دیاریکراوەکانی بنەماڵەی سعود، ناردنی کوڕەکان بۆ ئەمەریکاو بەریتانیا بۆ خوێندنی قۆناغی ئامادەییو زانکۆ بوو بووە باو. فەیسەڵ کوڕەکانی بۆ زانکۆکانی پرینستۆن (Princeton)و جۆرج تاون (Georgetown)و شوێنەکانی تر نارد بن لادن وای دەهاتە پێش چاو کەدواڕۆژی

عەرەبستانی سعودیە لەدەست فەیسەڵ دایە، لەبەرئەوە ئەگەر خانەوادەکەی بەخانەوادەی شاهانە بگاتەوە، ئەوا کوڕەکانی ئاسودە دەبن لەفەرمانڕەواییەکی شاهانەی ریازدا کەلەلایەن کوڕەکانی فەیسەڵ، کەبڕوانامەی زانکۆو توانای قسەکردنی ئینگلیزیان هەیە، بەڕێوەدەبرێت. بن لادن خۆی چەند وشەیەکی کەمی ئینگلیزی دەزانی، زۆر سەردانی پایتەختی وولاتە عەرەبیەکانی دەکرد، بەڵام مەگەر بەدەگمەن سەردانی ئەوروپای کردبێت. محەمەد پێی باشبوو زۆربەی کوڕەکانی لەعەرەبستانو رۆژهەڵاتی دەوروبەردا بهێڵێتەوە تانزیک دەستی راسپێردراوەکانو دایکانو خزمە بەئەمەکەکان بن، بەڵام سەبارەت بە سالم جیاکاریەکی کردو میراتگرە ئاشکراکەی رەوانەی بەریتانیا کرد تاخوێندنێکی بەریتانی رێکوپێکی بۆ دابین بکات. بەم کارەی، محەمەد بن لادن دەستپێشخەری تێکەڵاوبونی خانەوادە عەرەبیەکەی لەگەڵ رۆژئاوا کرد.

دانیشتویەکی بەتەمەنی لەندەنی بەرەسەن خەڵکی شارێکی گەورە بەناوی راسما عەبدوڵا وەك چاودێری سالم لەبەریتانیا کاری دەکردو کاروباری قوتابخانەی بۆ رێکدەخست. وادەردەکەوێت سالم لەکۆتایی پەنجاکاندا گەشتبێتە بەریتانیا لەنزیکەی تەمەنی دوانزە یان سیانزەساڵیداو لەسەرەتادا لەقوتابخانەی میلفیلد (Millfield)ی ئینگلیزی دەستەبژێری ناوچەی سەمەرسێت (Somerset) خرایە بەرخوێندن. یادگاری سەرەکی سالم لەمیلفیلد، وەك چەند ساڵێك دواتر بۆ هاوەڵێکی بازرگانی باسکردووە، مامۆستایەکی کچ بووە کەفێری سرودی ئایینی مەسیحی کردووە کە سالم وەك "گۆرانی بەکۆمەڵ" ئاماژەی بۆ دەکرد. بێ داچڵەکین، لەبەر خۆئامادەنەکردنی، زۆر لەمیلفیلد نەمایەوە. لەدەرفەتێکدا لەدەوروبەری ١٩٦٠دا، سالم گواستیەوە بۆ کۆپفۆرد گلیب کەقوتابخانەیەکی کوڕانی تایبەتی بچوکترو کەمناسراوی ئیسێکس (Essex) بوو نزیك شارۆچکەی کۆڵچستەر بۆ چەند ساڵێك لەوێ مایەوە. لەژینگەیەکدا گەورە بوو کەزۆر دووربوو لەو ناوەندی کارکردنو ئیسلامەی کەباوکی لەماڵەوە سەرۆکایەتی دەکرد.

قوتابخانەکە دەکەوتە کۆتایی رێڕەوێکی فەراغ بەبەردهەڵچنراو لەناوەڕاستی کێڵگە سەوزە لێژەکان. ئەو شوێنە ماوەیەك شوێنی فەرمانڕەوایی وەزیرێك بووەو بینا سەرەکیەکەش بینایەکی سپی قەشەنگی شێوە جۆرجیایی بوو کە بەکوختەی بچوك دەورەدرا بوو، هەندێك خانوی بچوکی ئامادەکراویش هێنرابوونە ژوورەوە تا وەك پۆل بەکاربهێنرێن. لەو ماوەیەی

سالم لەوێ بوو نزیکەی ٤٠ کوڕی لێبوو، نیوەیان لەدوور وولاتەوە هاتبونو نیوەکەی تریشیان بێ لانەی قوتابخانە باشەکانی تر بوون. هاوپۆلەکانی سالم ناسیاوێکی جێگری سەرۆکی پۆلیسی نهێنی ئێران، وەچەیەکی دامەزرێنەری لیبیریا، کوڕێکی دەوڵەمەندی خەڵکی ئەستەمبوڵو میراتگرێکی سامانێکی گەورەی بازرگانی چەکی پورتوگال بوون. رۆبەرت ئارمیتاج هاوپۆلێکی بوو کە لەئیتن(Eton) دوە گواسترابووەوە، ئەم ئەو جێگاییەی وەك "جۆرە تێکەڵەیەکی سەرسوڕهێنەری قوتابخانەیەکی ئینگلیزی بەدیکرد، لەگەڵ ئەم بێسەریو بەرەییە لەرادەبەدەرو بێمانایەدا، مەبەستم لەوەیە ئەم هەموو خەڵکە شێتانە لەوێ بوون".

کوڕەکان لەبەشە ناوخۆییە بچوكو کۆنەکانداو لەشێوەی گروپی چوار یان پێنج کەسیدا دەژیان. سالم لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لەکوڕە دەوڵەمەندەکانی وولاتە ئیسلامیەکاندا هاوبەشی ژوورێك بوو. تەباخێکی بچوکیان هەبوو کە لەبەرێوەبەرەکەیان دزی بوو، جاروبار هێلکەیان لەسەر دەکولاند. سالم سەبیلی دەکێشا، توتنی فلاین دەچمانی(Flying Dutchman) بەکاردەهێناو دواتریش دەستی بە جگەرەکێشان کرد. رۆژەکان بەراکردنی ناخۆش بەدەوری گۆڕەپانی یاریگاکەدا دەستیان پێکرد، یان باران بوو یان هەتاو، سالم هەمیشە خەریکی پشێوی خستنەوەی گاڵتەجاڕیانە بوو، گۆرەویو پێلاوی وای لەپێ کردبوو کە بۆی نەدەبوو هەر بەملاو بەولادا دەکەوت. کوڕەکان بۆ ناو پۆل چاکەتی شینو پانتۆڵو بۆینباخیان لەبەردەکرد، پاشان لەدوانیوەڕۆدا خولێکی تری وەرزشیان دەست پێدەکرد. نزیکترین هاوڕێی سالم کوڕێکی تورکی کەتە بوو بەناوی محەمەد بێرجن کەسالم ناوی نابوو "بەچکە فیل"و ناوبەناو هانی دەدا تالەبری خۆی شەڕ لەگەڵ رکابەرە کوڕەکاندا بکات. بۆ زۆربەیان ئەوە سەردەمێکی شەرمەزاری بوو، بەتایبەتی ئەوانەی وەك سالم کەلەپێشەوە دەربارەی رۆژئاوا هیچ ئەزمونێکیان نەبوو. سالم هاوڕێ ئینگلیزەکانی کەیفخۆش دەکرد کاتێك دەچووە سەر تەوالێتەکەو لەسەری هەڵدەتروشکا کە لەماڵەوە بەم شێوەیە راهاتبوو. ئەو وەرزشەوان نەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوە ناوی هەبوو، کەسێکی زۆر سەرکەشو هاروهاج بوو، بەتایبەتی خەریکی دواکەوتنی ئەو کچانەی دانیشتووی ئەو ناوچەیە بوو کە بۆ خوێندن هاتبوون. جاروبار ژوانیان لەگەڵ ئەم کچانە دەبەستو دەچوون بۆ بۆڵین (Bowling) یان بۆ سینەما لە کۆڵچستەرو دواتریش لە ویمپیس (Wimpy's) هەمبەرگریان دەخوارد.

وادیارە باوکی سالم بودجەیەکی زیاتری بەربەرەڵا کردبوو بۆ خوێندنی بەریتانیای کوڕە گەورەکەی وەك لەکوڕەکانی تری لەلوبنانو شوێنەکانی تر. دایکی سالم دەیزانی چۆن فێڵ لەهاوسەرەکەی بکات بەوەی کە سالم وەك لەهەر هاوپۆلێکی تری کۆپفۆرد گلیپ گیرفانی زۆرتری بەجلەکانیەوە دوورا بوو، تەنانەت لەهەموویان گرنگتر ئەوە بوو کە ئۆتۆمبێلی لەجۆری دی کەی دەبلییوی (DKW) مۆدێل کۆنی ئەڵمانی هەبوو. ئۆتۆمبێلەکەی نیمچەنهێنی بوو، بەوەی کە لەلایەن قوتابخانەکەوە رێگەپێنەدراو بوو، هەروەها سالم لەدەرەوەی قوتابخانەو لەکۆڵانێکدا دەیشاردەوە. خۆی و هاوڕێکانی لەشەوانی پشووی هەفتەدا بەدزیەوە دەچوونە دەرەوەو دەڕۆشتن بۆ لەندەنو لەوێ هەندێك جار بەدوای سێکسدا دەگەڕان، بەڵام بەپێی ووتەی یەکێك لە هاوپیلانگێڕەکانی، ئەوەی کەهەموو جارێك روویدەدا ئەوە بوو کەجزدانی پارەی سالم لەلایەن پاسەوانەکانی یانەکەو مەیگێڕەکانەوە سوك دەکرا.

گروپی میوزیکی زە بیتڵس (The Beatles)و رەوڵین ستەونز (Rolling Stones) دەستیان بەسەر ئینگلتەرادا گرتبوو، هاوڕێکانی سالم لە کۆپفۆرد گیپ "زە ئیکەوس" (The Echoes)یان دروستکرد تاشوێن خەونەکانی شێوە میوزیکی "رۆك ئاند رۆڵ"ی خۆیان بکەون. لەگروپەکەدا هەندێك بەهرەمەندی بلیمەت هەبوون، وەك رۆبەرت ئارمیتاژ کەدواتر بووە گیتارژەنێکی کلاسیکی لێهاتوو، هەروەها ئەندامێکی تر بەناوی پۆڵ کینەرلی وەك گۆرانیبێژو هۆنراوە نووسو دەرهێنەر سەرکەوتو هاوسەرگیری لەگەڵ ئێمیلوو هاریسی فرەبەهرەمەنددا کرد. سالم هەرگیز ئەندامێکی فەرمی هیچ باندێك نەبووە، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە توانایەی نەبووە، بەڵام لەکۆڕێکی مۆسیقای سەرپێیدا هارمۆنیکای ژەنیو عەودالی وانەکانی گیتار بوو. ئەو تاقەتی خوێندنی دوورو درێژی نەبوو، تەنها دەیویست سەمای رۆك بکات.

## ٨- بای پێچەوانە

لەماوەی ساڵانی شەستەکاندا، محەمەد بن لادن بەدەوری عەرەبستانی سعودیدا بەفڕۆکە حەوت سەرنشینە پەروانەدارەکەی جۆری توین بیچ دەفڕی، ئەمە لەکاتێکدا ڕەنگە بزنسمانەکانی تر بەئۆتۆمبێلێکی درەوشاوەی لینکن گەشتی کڕینو فرۆشتنیان ئەنجام بدایە. لەکازیوەی بەیانیەکی نموونەییدا شۆفێرێك لەکۆمەڵگەکەی جەددە، محەمەدی سەرخستو بۆ فڕۆکەخانەی شاری برد کە لە خوزامەوە زۆر دوور نەبوو، خوزام.. کۆنە تەلاری عەبدولعەزیز بوو ڕەمپایەکی سەرنجڕاکێشی ئۆتۆمبێلی هەبوو، بن لادن ماوەیەکی زۆر لەوەوپێش ئەم خوزامەی بنیاد نابوو. فڕۆکەخانەکە وەك بنکەیەك وابوو بۆ چەند دەرزەنێك فڕۆکەوانی ئەمەریکی کە بۆهێڵێ ئاسمانی عەرەبستانی سعودی بەپێی گرێبەستێك فڕینیان ئەنجام دەدا کە لەلایەن هێڵی ئاسمانی بارگواستنەوەی ترانس وۆڵدی ئەمەریکی (TWA)ەوە ڕێکخرابوون. بن لادن لەگەڵ (TWA) ڕێکەوتبوو تافڕۆکەکەی بهێڵنەوەو فڕۆکەوانی بۆ دابین بکەن. ژمارەی سەر کلکی فڕۆکە توین بیچە سەرەکیەکەی بریتی بوو لە(HZ-IBN) کە لەگەڵ کۆدی نێودەوڵەتی عەرەبستانی سعودیدا یەکیدەگرتەوە. فڕۆکەکە بۆ تاکە فڕۆکەوانێك نەخشەکێشرابوو بەبێ هیچ فڕۆکەوانێکی یاریدەدەر، بەڵام لەبەشی پێشەوەدا جێگەی سەرنشینێك هەبوو کە ئەو شوێنە بوو بن لادن حەزی دەکرد لێی دابنیشێت. لەپەنجەرەی ژووری فڕۆکەوانەکەوە سەیری دەکردو کوپێك قاوەی عەرەبی بەدەستەوە دەگرت. هەندێك جار چێژی لەترساندنی فڕۆکەوانەکانو هاوکارەکانی وەردەگرت کە لەگەڵیدا دەڕۆشتنە شوێن پێگەی کارەکانی، ئەویش لەکاتی فڕیندا سوکانی فڕۆکەکەی دەگرتو ڕایدەوەشاند.

بن لادن بەباشی لەگەڵ فڕۆکەوانە ئەمەریکیەکانیدا ڕاهاتبوو، بەڵام کارکردن بۆ بن لادن کارێکی ئەوەندە بەربڵاو نەبوو. ئەو زۆربەی کات بەیانیان لەجەددەوە بەفڕۆکە دەچووە یەکێك لەپێگەی کارەکانی لەبیابانداو هەموو ڕۆژەکەی لەوێ بەسەردەبردو چاوی بەئەندازیارەکانی دەکەوت یان بەدرێژایی شارێگەیەك کە لەدروستکردندا بوو پیاسەی دەکردو قسەی لەگەڵ دەستەو تاقمەکەی دەکرد. دەبوایە فڕۆکەوانەکەی لەکەرەڤانەیەکدا یان

خێمەیەکدا تا خۆرئاوا چاوەڕێی بکردایەو دواتر بگەڕێنەوە بۆ جەددە. ستانلی گێس کەفرۆکە "توین بیچ"ەکەی لەناوەڕاستی شەستەکاندا لێدەخوڕی لەیادی بوو کەئەو کارە "تەواو بێزارکەر بوو". هەندێك جار کەمێك خۆشیشی تێدابوو، وەك گەشتکردن بۆ قودس یان بەیروت. بن لادن جاروبار ژنێك یان دووانی لەگەڵ خۆی بۆ کامپەکانی بیابانەکە دەبرد، لەو بەیانیانەدا یاوەری ژنەکانی دەکرد کەسەرتاپا لەجلی رەش هەڵکشابوونو دەچوونە دواوەی فرۆکەکەوەو بەپانتایی کابینەکە پەردەیەکی رەشیان دادەدایەوە بۆ پاراستنی حەیاو شەرمیان.

کامپەکانی بن لادن بەرووبەری بیابانەکەدا وەك جێ نشینگەی خێڵو هۆزە کۆچبەرەکان بڵاوبووبوەوە. هەندێك کات بن لادن لەئۆفیسی کابینەیەکدا کاری دەکرد کەمۆلیدەیەکی بچوك کارەباکەی دەداو ئێرکۆندشنەرێکی تێدابوو. لەشاخە فێنکەکانی ئەسیر، هاوکارەکانی مێخیان لەزەویە لمینەکەدا داکوتابوو کەخێوەتگەی گەورەی سپییان پێ هەڵدابوو. لەسەر زەویەکەشی فەرشی رەنگاوڕەنگیان راخستبوو، پشتییان لەسەر دانابوو، سەرگەورەکە لەسەری دادەنیشتو بەشێوەی شێخێکی رێکوپێکی بیابان پێشوازی لەمیوانەکان دەکرد. لەدەرەوەی ئەم خێمانەدا، بەدەر لەوەی ناوبەناو رەوە حوشتری لێبوو، هەندێك لەدەستەی ئۆتۆمۆبیلە پیکابە سوورە فۆردەکانی بن لادنی لێ وەستابوو.

بن لادن هەندێك جار لەخێمەکەیدا کۆبونەوەی بەیانیانی دەکرد کەتیایدا کرێکارەکان یان خێڵە لۆکاڵیەکان داوای پارمەتییان لێدەکرد یان تکایان لێدەکرد ناکۆکیەکان دامرکێنێتەوە. گێس گێڕایەوە؛ "بن لادن یاسا بوو، هەندێك جار پارە یان هەرشتێك بویستایە پێی دەبەخشین تا دڵخۆشیان بکات، ئەوانیش بۆ دادوەری پەنایان دەبردە بەر ئەو". دواتر بۆ قاوەخواردنەوەو کێشانی یەکێك لەنێرگەلەکانی، کەچوار پێ بەرز بوو، زۆر بەووردی رەنگکرابوو، پاڵی لێدەدایەوە. لەهەندێك لەکامپەکانیدا کورسی سەوزی پلاستیکی لەچیمەن چنراوی لەو بابەتەی دانابوو کە لەحەوشەی ماڵەکانی دەرەوەی شارە ئەمەریکیەکاندا چەکەرەدەکات. وێنەکانی لەم سەردەمەدا گیراون نیشانی دەدەن کە بن لادن لەکامپەکانیدا لەسەر ئەم کورسیانە دانیشتووەو نێرگەلە دەکێشێو سەری بەعەگالێکی خاڵداری سووری نەریتیاو پێچراوە. کێشی زۆر زیادی کردبوو، ریشی چەناگەی یەك پارچە ماشو برنجی بوو. چاوە شووشە رەشەکەی کەمێك بێباکانە دەریاندەخست. ئەو رۆبێکی دوراوی یەکپارچەی لەبەردەکرد کە تاسەر قولەپێی هاتبووە خوارەوە. هەندێك جاریش دشداشەی نەریتیاوی سپی

سعودی لەبەردەکرد، جاری واش هەبوو جۆری دشداشەی باوتری خاڵخاڵاوی یان رەنگ کاڵی لەبەردەکرد. کاتژمێرێکی زنجیری کەشخەی لەسەر سەرقۆڵی دشداشەکەیەوە لەدەست دەکرد. گۆرەوی سپی‌و پێڵاوی چەرمی قاوەیی لەپێدەکرد. کەجگەرەی نەدەکێشا، خۆی بەتەسبیحەکەیەوە هێمن دەکردەوە.

ئەو پەرۆشی زۆر شت بوو، جارێکی تر لەساڵی ١٩٦٦و سەرەتای ١٩٦٧دا زیاتر باڵی لێ کێشایەوە. فەیسەڵ گرێبەستێکی چەوری بۆ دروستکردنی شارێگەیەك بەنزیکەی ٥٠٠ میل لە تایفەوە بۆ ریازی پایتەخت پێدابوو. لەشوێنێکدا بەناوی "کیلۆ ١٧٠"و لەبیابانی دەشتێکی کاکی بەکاکی ١٧٠ کم دوور لە تایفەوە، بن لادن کامپێکی گەورەی ئەندازیاری لەگەڵ گەنجینەیەکی ئامێرەکانی ئۆتۆمبێلی فێرتاوکردن‌و گرێدەرو بلدۆزەری جۆری کاتەرپیلەری دروستکرد. دەستەی شۆفێرەکان‌و مەکینەکارەکان‌و سەدان کرێکاری پەنابەری لێبوو کە لەخێمەکانی ئەو دەوروبەرەدا دەنوستن. محەمەد دەبوایە سەروکاری کرێکارەکانی بکردایە، وەك ئەوەی خێوەتگایەکی میلیشیای ناو شەرەکان بێت، چێشتلێنەرەکان خواردنیان ئامادە دەکردو تەنکەرەکان لەشارۆچکە دووردەستەکانەوە ئاویان دەهێنا. لەو نزیکانە فڕۆکەخانەی لێنەبوو، لەبەرئەوە فڕۆکەوانەکانی بن لادن فڕۆکە "توین بیچ" ەکەیان لەو بەشەی شارێگەکە کەفێرکرا بوو یان شوێن فرگەیەی تەختکراو کە بەبەرد نیشانەکرابوو دەنیشاندەوە.

هەروەها لەم ماوەیەدا، بن لادن ناوبەناو بەفڕۆکە سەدەها میلی بەرەو رۆژهەلاتو بۆ ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو بەدرێژایی کەنداوی فارس دەبڕی کەلەوێ شا فەیسەڵ جارێکی تر بن لادنی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی سیاسەتی دەرەوەی سعودی بەکرێ گرتبوو. ئەم جارەیان بۆ دروستکردنی شارێگەیەکی ٦٠ میلی‌و بەبڕی ٦،٧ ملیۆن دۆلار بوو لەسەر بودجەی حکومەتی سعودیە بۆ پەرەسەندنی دەسەلاتی سعودیە لەشانشینە بچوکترەکانی کەنداودا کە بەریتانیا پاشەکشەی لێدەکردن. بن لادن لەم شارێگەی کەنداوەدا لەکێشمەکێشدا بوو بەوەی کەپێگەی کارەکە زۆر دوور بوو لێیەوە تابەئاسانی ئامێرە زۆرەکانی ئاوەدانکردنەوەی بۆ ببات. بن لادن یەکەم کۆمپانیای پاشکۆی دەرەکی لەکەنار شاری دوبەی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە دروستکرد، بەلام بەخاوی کاری دەکرد، دواترو پاش بەسەرداتێپەڕبوونی چەند دوامۆڵەتێکی راگەیەنراو، تەواوی کارەکەی دایە دەست بەڵێندەرێکی لاوەکی لۆکاڵ.

تا ئەو کاتە گەورەترین کار کە بن لادنی سەرقاڵ کردبوو دەکەوتە پارێزگای ئەسیرەوە بەدرێژایی سنووری یەمەن. لەسەرەتای ١٩٦٦دا بەشێوەیەکی فەرمی گرێبەستێکی ١٢٠ ملیۆن دۆلاری پێدرا بۆ دروستکردنی شارێگەیەکی سەخت کە لەلایەن راوێژکارە ئەڵمانیەکانەوە دیزان کرابوو لە تایفەوە بەناو شاخەکاندا بۆ ئەبهای پایتەختی پارێزگای ئەسیر دەهاتە خوارەوە. یەکێك لە لوتکەکان بەلێژییەکی چاڵوچۆڵدا دەهاتە خوارێ بۆ جیزان لەسەر دەریای سوور کە بن لادنو عەبدوڵای برای بۆ یەکەمجار وەك کورانی کۆچبەر چەند دەیەیەك لەوەوبەر لەسعودیە تێیدا گیرسابونەوە. رێگایەکی تر بەرەو رۆژهەڵاتو بەناو شاخە سەختەکاندا بەرەو سنووری شارۆچکەی نەجران دەڕۆشت. پرۆژەکە چەورترین گرێبەستی راگەیانراوی کاری دوورودرێژی بن لادن بوو. بەگوێرەی سەرچاوەیەك پەیمانی دابوو کەهیچ جۆرە کارێکی تری تازەی شارێگە لەخۆنەگرێت تا ئەوەیان تەواو دەبێت. دەستەی کرێکارەکانی لەهەردوو لاوە کاریان لەسەر دەکرد. عەلی کوڕی سەرپەرشتی ئەو بەشەی دەکرد کە لەباشووری تایفەوە درێژ بوو بووەوە، لەهەمان کاتدا کۆمەڵەکانی تر کاریان لەسنووری یەمەنو ناوچە کەناردەریاییەکاندا دەکردو خەریکی لێدانی رێگەیەك بوون لەکەندەڵانە لێژەکانی دەریای سووردا، ئەویش بەئەنجامدانی شارەزایانەی تەقینەوەکانو ئەندازیارانەی لەو جۆرەی پێشوتر کە لەرێگای تایفدا بن لادنی تۆقاندبوو.

چیا بورکانیە رەشو برشەکانی ئەسیر بەتیژی لەکەناردەریاکانی دەریای سوورەوە کەنزیکەی ١٠ هەزار پێ بەئاسماندا بەرزبووبوونەوە. لێژاییو نشێوییو دەشتەکانی وەك رووکاری مانگ رووتەڵانو بێفەڕ بوون، بەڵام هەندێك لەلوتکە هەرە بەرزەکانی بەدار سنەوبەر خاڵدار بووبوون کە دۆڵی پڕ گژو گیایان لەخۆگرتبوو. خێڵە نیشتەجێکانی ئەو شوێنە رەزو باخەکانی دارخورما، کولەکە، کاڵەكو دانەوێڵەیان خەرمان کردبوو. دانیشتوانەکەی هەژارو دابڕاوو ئارەزومەندی سەرکەشیو زۆر ئایینپەروەر بوون. پێش ئەوەی پیاوچاکێکی ئایینی لۆکاڵی، کەکاریگەری شیعەی ئیسلامی لەسەر بوو، لەماوەیەکی کەمی سەرهەڵدانی سەدەی بیستدا شانشینێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، مێژووی سیاسی ئەسیر لێڵو ئاڵۆز بوو، چونکە بەدەست زنجیرەیەك لافوگەزافلێدەری عوسمانیەوە ناڵاندبووی. لەدەوروبەری سەرەتای سیەکاندا عەبدولعەزیز هێزەکانی وەهابی بەسەرکردایەتی سەعودو فەیسەڵ رەوانە کرد تا ئەو پارێزگایە داگیربکەنو بیخەنە سەر شانشینە تازەکەی.

سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەڵام نە شاو نە سەعودی میراتگری زۆر بایەخیان بەشوێنەکە نەداو وایان لاپەسەند بوو شانشینێتی نەوتەکەیان لە ریاز، مەککە، مەدینە، جەددە بەسەربەرن. دوای ئەوەی ئاسر کەوتەخۆی بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێك لە یەمەن، فەیسەڵ درکی بەپێویستیەکی هەنووکەیی بۆ مسۆگەرکردنی دڵسۆزی خێڵەکانی سنووری ئەسیر کرد لەرێی پێکەوەبەستنەوەیان بەبازاڕەکانی سعودیەوەو پەرەپێدانی پێشخستنی ناوخۆی ناوچەکەوە، هەروەها لەناوچەکەدا دەستی کرد بەهەڵمەتێکی خەرجکردنی پارە لەبواری بەرگریدا. گرێبەستی شاڕێگەکەی بن لادن لە ئەسیر لایەنێکی ئاشکرای جێبەجێکردنی کارە فرەلایەنەکان بوو، هەروەها تیایدا بن لادن یارمەتی دروستکردنی بنکەکانی هێزی ئاسمانیو ئۆردوگا سەربازیەکانو ژێرخانە سەربازییە نهێنیەکانی تری لەدەوروبەری شارۆچکەکانی ئەبهاو خەمیس مەشیت لە ئەسیرو شارۆچکەی نەجران دەدا.

محەمەد بن لادن لەم پرۆژە پۆلێنکراوانەدا شان بەشانی سوپای بەریتانیاو ئەمەریکا کاری دەکرد. لەساڵی ١٩٦٦دا، هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ هێورکردنەوەی ناسر، سیاسەتی چەکدارکردنی عەرەبستانی سعودیەی دژی هێرشەکانی میسر بۆ نێو خاکی یەمەن لێکەوتەوە. واشنتۆن رێکەوتنێکی پێکهێنانی سوپای لەگەڵ فەیسەڵدا ئیمزاکرد کەتیایدا لەشکری ئەندازیاری سوپای ئەمەریکا پەیمانی دیزاینکردنو یارمەتی دروستکردنی دامەزراوەی سەربازی بەبەهای نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلار لەنزیك سنوورەکانی شانشینەکە بە ئەسیریشەوە دا. ئەو دۆکیومێنتانەی لەگەشتە ئاسمانیە تایبەتەکانی بن لادندا لەساڵی ١٩٦٦و ١٩٦٧دا تۆمارکراون وانیشان دەدەن کەجاروبار رێی بەکارمەندی سوپای ئەمەریکا داوە لەگەڵیدا گەشت بکەن. لەهەمان ئەم کاتەدا بەریتانیا رەزامەندی نیشاندا بۆ فرۆشتنی فڕۆکە، موشەك، رادارو کەلوپەلی ئەلکترۆنی جەنگی بە عەرەبستانی سعودی. حکومەتی لەندەنیش رەزامەندی دا لەسەر دابینکردنی سیوچوار فڕۆکەی جەنگی سیخۆو بیست فڕۆکەی جۆری پرۆڤۆستو موشەکی هۆكو سەندەبێردو راداری پەیوەستداریش بۆ سعودیە. موشەکەکان بەپەنهانی لە خەمیس مەشیتو جیزانو نەجران جێگیرکران کەهاوکات لەو ناوچەیەدا بن لادن لەرێگەکانو فڕۆکەخانەکاندا کاری ئەنجام دەدا. لەڕاستیدا فەیسەڵ، بن لادنی وەك لایەنێکی ئەندازیاری شارستانی سعودیە بۆ پرۆگرامێکی شاراوە دامەزراند کە بەکەلوپەلە سەربازیە ئەمەریکیو بەریتانیەکان پاڵپشتی لێدەکرا بۆ بەرگریکردن لەشانشینەکە لەشەڕێکی گەریلادا دژی شۆڕشگێڕە چەپڕەوەکان. ئەوە

دەقاودەق ئەو جۆرە هاوپەیمانییە بوو کەدواتر خانەوادەی بن لادن لەئەفگانستاندا بەشداری تێداکرد.

پرۆگرامی بێشوماری ئاوەدانکردنەوەی فەیسەڵ لە ئەسیر، رەنگدانەوەی ئەو ئاستی شپرزەبونە بوو کە شاو هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی دەربارەی هەوڵی بێ ووچانی ناسر بۆ رووخانی ئال سەعود هەستیان پێکردبوو. فەیسەڵ چەکو پارەی بۆ هێزە شاهانە یەمەنیەکان لەدژی میسریەکان دابین کرد. ناسر بەئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستی لەناو خاکی عەرەبستانی سعودیەدا وەڵامی دایەوە. لە ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٦دا خانەیەك لەدزەکردووە یەمەنیەکان بۆمبیان لەکۆشکی شازادە فەهد لە ریازو دواتریش لەوەزارەتی ناوخۆی سعودیەدا تەقاندەوە. دوای هەشت رۆژ، سێ بۆمبی تریش تەقینەوە کەدانەیەکیان لەهۆتێلێکدا بوو سەربازە ئەمەریکیەکانی تێدا نیشتەجێبوو. مانگی دواتر دزەکردووەکان ماڵی رابەرێکی ئایینی سعودییان لە نەجران تەقاندەوە. پۆلیسی ئاسایشی فەیسەڵ دەستیان کرد بەدەستگیرکردنو گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کەتیرۆریستەکان هاووڵاتی یەمەنی بوونو لەلایەن میسریەکانەوە مەشقیان پێکرابوو. شا هەڵمەتێکی دەستپێکرد بۆ رێگرتن لەوەی کە راپۆرتێکی بەریتانی بە "دزەکردووە تیرۆریستو تێکدەرەکان" ناوی دەبات لەتێکدانی مەراسیمی ساڵانەی حەجکردن. سعودیەکان ژمارەیەك یەمەنییان ناچارکرد لەسەر تەلەفزیۆنی نیشتیمانی دان بەتاوانەکانیاندا بنێن، ئەمەش یەکێك بوو لەسەرەتاترین بەکارهێنانە سیاسیەکانی تۆڕی پەخشی سعودی کە تازە لەلایەن فەیسەڵەوە بەفەرمی کرابووەوە.

ئەو هەزارەها یەمەنیانەی لەعەرەبستانی سعودیەدا کرێکار بوون، بەهۆی ئەم هێرشە تیرۆریستانەوە بوونە لایەنێکی گومانلێکراو. زۆربەیان هەڵهاتن یان نێردرانەوە. ئەوە پێوەرێکی ئەوپەڕی هەماهەنگی بووە لەگەڵ شانشینی سعودیە کەسەرەڕای رەگی قوڵی یەمەنی، بن لادن لەلایەن فەیسەڵەوە بەتەنها وەك کەسێکی تەواو دڵسۆز لێی نەدەڕوانرا، بەڵکو هێندە متمانەپێکراو بوو کەدامەزراوەی سەربازی بۆ دروست دەکرد کەمەبەست لێی بەرگریکردن بوو لەو وولاتەی نیشتەجێیەتی دژی وولاتی راستەقینەی خۆی.

لەکۆتایی ١٩٦٦دا محەمەد بن لادن پەیوەندی بەنێوەندی فڕۆکەوە کرد، بۆ فڕین بۆ شوێنە نێودەوڵەتیەکان کە لەم کاتەدا کارەکەی وای دەخواست. بن لادن فڕۆکەیەکی دوو بزوێنەری جۆری هاوکەر سیدلی بەزیاتر لەیەك ملیۆن دۆلار کڕی، بەڵام ئەمە گەشتی دوبەی یان قودسی

بۆ کارئاسانتر دەکرد. هەروەها لەم کاتەدا بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی تازەی خانووبەرەی لەنێوان شارێگە نۆژەنکراوەکەی جەددەو مەککە دانا، لەوشوێنەدا خاوەنی چەندین دۆنم زەوی بوو کەدەکەوتە بەشێکی دەوروبەری جەددە کە لەو سەردەمەدا خوازراوترین شوێن بوو. لە کیلۆ 7، بەدووری حەوت کیلۆمەتر روەو مەککە لەدەریای سوورەوە، بن لادن نەخشەکێشی خانووبەرەیەکی لەناوچەیەکی بچوکی دەرەوەی شاردا کێشا، کە لەراستیدا تێکرا خانوی بۆ هەریەك لەژنەکانیو هەندێك لەژنەکانی پێشتریو منداڵەکانیان لەگەڵ مزگەوتێكو ئۆفیسی بازرگانی تیادا دروستکرد. هێشتا بن لادن کاری زۆرو گرانی دەکرد، بەلاَم هەندێك لەسامانەکەی بۆ ژیانو گەشتکردن لەستایلێکی باشدا خەرجدەکرد.

کرینی فرۆکە تایبەتەکە کارێکی ئالۆز بوو. بن لادن دەبوایە ئەو فرۆکەوانانە دابنێت کەمەشقو بروانامەیان لەسەر فرۆکە هاوکەرەکە لە بەریتانیا وەرگرتبوو، پاشان ئامادەییان تێدابێت کە لە جەددە کاری بۆ بکەن. هەروەها لەبەرئەوەی فرۆکە تازەکە نەیدەتوانی لەو شوێن فرگانەی بیابانەکە بنیشێتەوە کە بن لادن بەردەوام لە ئەسیر سەردانی دەکردن، پێویست بوو ژمارەی فرۆکەوانەکانی زیاد بکات تا یەکێکیان ئامادەبێت بۆ لێخورینی توین بیچەکە کە بۆ بیابان گونجاو بوو، ئەوی تریشیان فرۆکە هاوکەرەکە لێبخورێت.

لەهاوینی ١٩٦٦دا جیراڵ ئورباخ کەسەربازێکی کۆنی هێزی ئاسمانی ئەمەریکا بوو، هەروەك فرۆکەوانی B-47s ی فەرمانـدەی ستراتیجی ئاسمانی کەهێزی بۆردومانی ئەتۆمو روانینی ئەمەریکی بوو، بەشێوەیەکی کاتی چووە نێو ریزی دەستەی فرۆکەوانی بن لادنەوە. (فرۆکەوانێکی پێشووی هێزی دەریایی ئەمەریکی بەناوی تۆم هیکۆك نەخۆش کەوتبوو، لەبەرئەوە گەرایەوە بۆ ئەمەریکاو ئورباخ بۆ ماوەیەکی کاتی جێگەی گرتەوە). ئورباخ فرۆکەوانێکی ووردو شارەزا بوو کەچێژی لەگەشتپێکردنی محەمەد لەبیابانەکەدا دەبینی. بن لادن داوای لێکرد وەك یەکێك لەفرۆکەوانە هەمیشەییەکانی بمێنێتەوە. سەرپەرشتیاری TWAی ئورباخ پێی راگەیاند کەگۆرانکاریەکە دەکرێت، بەلاَم ئاست بەرزیەکەی لەدەست دەدات، لەبەرئەوەی سیاسەتی TWAی وایە کەکرێی فرۆکەوانەکانی بن لادن هێندەی ئەو فرۆکەوانانە نیە کەگەشتی بازرگانی ئەنجام دەدەن. ئورباخ گرفتەکەی بە بن لادن راگەیاند، بەلاَم بن لادن پرکردنەوەی جیاوازی موچەکەی ئەمی رەتکردەوە، کەئەمەش بووە بریارێکی چارەنوسساز.

لەحوزەیرانی ١٩٦٧دا، فڕۆکەوانێکی تازەی ئەمەریکی بەناوی جیم هارینگتۆن لە جەددە دەرکەوت، کەفڕۆکەوانێکی پێشووی فڕۆکەی جەنگی هێزی ئاسمانی ئەمەریکا بوو، پیاوێکی قژ زەردباوی چل ساڵ دەبوو. ئورباخ بڕیاریدا بن لادن جێبهێڵێت، بەڵام رازیبوو مەشق بەهارینگتۆن بکات. ئورباخ رایگەیاند "ئەوم برد بۆ ناخۆشترین فڕگەکان کە بۆیان چووبوین". هەروەها بردبووی بۆ "شوێن رووبارە وشکبوەکان" و شوێنی نیشتنەوە کاتیەکان لە ئەسیر کەجگە لە لەو ریزەبەرد بۆ نیشاندانی شوێنی نیشتنەوەکە هیچ شتێکی تری لێنەبوو.

هارینگتۆن چەند ساڵێك بوو فڕۆکەی لێنەخوڕیبوو، هەروەها بێ کەڵك بووبوو. ئورباخ بەسەرپەرشتیارەکەیانی راگەیاند:"سەبارەت بە هارینگتۆن کەمێك دوودڵم، ئەمە فڕینی رۆتینی نیە"، بەڵام سەرپەرشتیارەکە هارینگتۆنی تاقیکردەوەو رایگەیاند کەئامادەیە بۆ دەستپێکردن. لەتەمموزدا، هارینگتۆن توین بیچەکەی گرتەدەستو دەستیکرد بەهێنانو بردنی بن لادن بۆ ئەسیر. ئورباخ گەڕایەوە بۆ کاری بازرگانی سعودی.

بن لادن لەلقی لاوەکی شارێگەکە لە ئەبهاوە بۆ نەجران کاری دەکرد، رێگایەکە بەرلەوەی بۆ دەشتێکی بیابانی لەسەر سنووری یەمەن دابگەڕێت بەچەندین گردی بەرزدا هەڵدەگەڕا. کرێکارەکارەکانی نزیکەی ٤٠ میل رێگاکەیان بەرەو نەجران بڕیبوو، هەروەها پێگەی کاریان لەشارۆچکەیەکی بچوك بەناوی ئووم هەڵدابوو. کاتێك بن لادن لەجەددەوە دەهات، هارینگتۆن لێرەدا توین بیچەکەی دەنیشاندەوە.

ئەو هاوینە جیراڵد ئورباخ بەرێکەوت چاوی بە هارینگتۆن کەوتو پرسیاری گوزەرانی لێکرد. هارینگتۆن پێی ووت هەموو شتێك باشە، بەڵام بن لادن "شوێن فڕگەیەکی لەناوچەی ئووم دروستکردوە کە بەڕاستی سەختە. شوێنێکی بەرزەو بەگردێکدا سەردەکەوێتو بەڕاستی باش نیە". دەستەی کرێکارەکانی بن لادن بەبلدۆزەرو گرێدەرەکانیان بەشێکی بیابانەکەیان بەدرێژایی نزیکەی هەزار یاردە پاککردبوەوە بەشێوەیەك کەبواری بەرزبونەوەو نیشتنەوەی سەخت بوو. شوێنەکە لەسەر نوکێکی شێوە نیو قاپ بوو، لەبەرئەوە لەکاتی هەستانو نیشتنەوەدا لاربونەوەو لادان قورس بوو، دەبوایە رێك بڕۆیتو رێك بێیتەوە، هەروەها دەبوایە بەگردەکەدا بەرزبیتەوەو لەکاتی نیشتنەوەشدا بەگردەکەدا بێیتە خوارەوە. بەرزیەکەش کێشە بوو، لەبەرئەوەی کاتێك چڕی هەوا کەم دەبوو ئۆکسجینی کەمتر بۆ بزوێنەرەکانی فڕۆکەکە دەچوو، سەرەنجام توانایانی کەمدەکردەوە.

ئورباخ هارینگتۆنی ئاگادارکردەوە، "باشە، لەبەرئەوەی تۆ بەرپرسیاریت، پێی بڵێ. تۆ شوێنێك هەڵبژێرەو بڵێ فڕگەکەم لێرە دەوێت، ئەویش بەو شێوەیە بۆت دەکات. پێی بڵێ ئەمە سەلامەت نیە".

هارینگتۆن رایگەیاند "ئا، ئەتوانم وابکەم"، بەو مانایەی دەتوانێت چارەسەری نیشتنەوەکان لە ئووم بکات.

لە۳ی ئەیلولی ۱۹٦۷دا یەکێك لەشۆفێرە کۆنەکانی محەمەد بن لادن بەناوی عومەر، بەئۆتۆمۆبیل بۆ فڕگەکە رۆشت تا چاوەڕێی گەیشتنی شێخەکەی بکات، بینی کە توین بیچەکە لەڕۆژێکی ساماڵو روناکدا نزمبووەوە. هەرکە نزیکبووەوە لەشوێنی نیشتنەوەکەی کەنزیکەی ۱۵۰ پێ بەرزبوو لەزەویەوە، بایەکی توند لەهەر چوارلاوە هەڵیکرد.بەپێی دواقسەکانی جیراڵ ئوبراخ، هارینگتۆن رەنگە درکی بەوەکردبێت فڕۆکەکەی لەهێڵ دەرچووە لەشوێنی نیشتنەوە کاتیەکە، هەوڵیدا بەوپەڕی هێزەوە بەرزبێتەوەو تا لەچاڵەکە بێتە دەرەوەو بسوڕێتەوە تاهەوڵێکی تر بدات. ئورباخ کەسەرپەرشتی تیمێکی لێکۆڵینەوەی پشکنینی شوێنەکەی دەکرد، باسی لەوە کرد لەو بەیانیەدا چی روویداوە دوای ئەوەی هارینگتۆن بەتوندی دەسکی فڕۆکەکەی هێناوەتە دواوە تابەرزبێتەوە: "زەویەکە بەرزدەبووەوە، بەو خێراییەی ئەویش تا لەو بەرزاییەدا لەفڕین بەردەوام بێت دەبوایە لەخولەکێکدا توانای پیاهەڵگەڕانی چوار یان پێنج هەزار پێی هەبێت تا دەربچێت. نەیتوانی لابدات، فڕۆکەکە ئەو توانای پیاهەڵگەڕانەی نەبوو، سەرەنجام لێی کوژایەوە". لەبەر کەم چڕی هەوای شاخەکە، بزوێنەرەکانی نەیانتوانی توانای تەواو بگەیەنن، ئەمەش هەلی وەستانی زیادکرد. رەنگە هەڵکردنی بای قایمی زیاتریش گرفتەکانی خراپتر کردبێت. توین بیچەکە دای بەزەویداو کەوتە سەر لایەكو جارێك هەڵبەزییەوەو تێکشکاو سوتا.

کەوتنەکە لوتی فڕۆکەکەی تێکشکاند کە هارینگتۆنو محەمەد لێی دانیشتبوون. هێندە بەهێز کەوتبوو بەزەویدا بەشی پێشەوەی فڕۆکەکە چاڵێکی دوو تا سێ پێی لەزەویەکەدا دروستکردبوو. لەپێکدادانەکەدا هەردوو پیاوەکە مردن. لەتێکشکانەکەدا ئاگر بەرزبووەوە عومەریش دەستەوسان تەماشای دەکرد. رەنگە لەسەرەتای تێکشکانەکەدا ئەو دوو سەرنشینەی لەبەشی دواوەی فرۆکەکەدا نیشتەجێبوون نەمردبێتن، بەڵام لەناوەوە گیریان خواردبوو، چونکە دەرگاکە بەزنجیر قوفڵدرابوو، سەرەنجام ئەوانیش سوتانو مردن.

لەچرکە ساتێکدا، محەمەد بن لادن تیاچوو. تەمەنی نزیکەی ٦٠ ساڵ دەبوو. لێکۆڵەرەوەکان بەکاتژمێرە دروشاوەکەی دەستیدا ناسیانەوە.

## دەروازەی دووەم

# کچەکان‌و کوڕەکان
# ئەیلولی ١٩٦٧ تا ئایاری ١٩٨٨

## ٩- ڕاسپێردراوەکان

لە قوتابخانەیەکی لوبناندا کەمحەمەد زۆرێك لـەکوڕەکانی نـاردبوو لێـی بخـوێنن، بەڕێوەبـەر دوای ئـەوەی هەواڵەکـەی بیسـت بـانگی نـۆ لـەکوڕەکانی کـرد بـۆ ئۆفیسـەکەی‌و پێـی وتـن کـە "دەبێت کردارخوازو ژیربن، هەمومان دەمرین". ئەو لەگەڵ سیان لەکوڕە گـەورەکان، حەسـان‌و یەسلام‌و مەهروز بەفڕۆکە چوون بۆ جەددە. عـەلی زڕبرایـان کـە لەهـەموو کوڕەکـانی محەمـەد گەورەترەو لەبەریتانیا دەژیا بەئوتومبێلێك‌و شۆفێرێکەوە لەفڕۆکەخانـە چاوی پێیـان کـەوت. لەسەر سوننەتی سعودی، باوکیان بەپەلە لەگۆڕێکی بێ نیشانەو هێمادا نێـژرابوو لەبـەرێزترین پێگـەی جـەددەدا کـە خێزانەکـە هەڵیانبـژاردبوو، سـەردەمانێك حاجیـە ئیمانـدارەکان خوداپەرسـتیان لەسـەر ئـەو گـۆڕەی بـە هـی حـەوا ناسـراوە تیـادەکرد. ڕۆژانـی پرسـە هـات‌و خانـەوادەو کاسـپکاران‌و بازرگانـانی جـەددەو شـازادەکان دەورەی کوڕەکانیـان لەکۆمەڵگـەی بـن لادندا گرتبوو. مەراسیمی ئاینی مردن‌و یادکردنەوەی ئیسلامی‌و حیجازی کە شـتێکی پێویسـتە لـە عەرەبسـتانی سـەختدا ئارامبـەخش‌و دڵـی خـەڵکی دەدایـەوە. هـەموو ئێوارەیـەك لـەنێوان نوێژی مەغریب‌و عیشادا پیـاوانی بـن لادن کۆدەبونـەوە بـۆ پێشوازیکردن لـەڕیزی دورودرێـژی میوانـانی هاوسـۆز. (لەدوانیوەڕۆیانیشـدا کچـەکان‌و ژنـەکانی محەمـەد بـەجیا پێشـوازیان لەمیوانەکانیان دەکـرد). ئـەم کۆبونـەوەی شین‌و لاوانەوەیـە هـاوڕیزی خانەوادەکـەی بـێ هاوتـا نیشـان دەدا. دەنگـی قورئانخوێنـەکان لەکەشـێکی شـێداری شـەودا دەزرنگایـەوە. سـالم چـەند ڕۆژێکی پێچوو تا لەبەریتانیاوە گەیشتە جەددە. دوای قوتابخانەی خانەخوێ سالم بـاریکردبوو بۆ شوقەیەك لە پلـەیس گلوسێسـتەر لـەباکوری ماربـڵ ئـارچ‌و لەکۆلێـژێکی نـاوخۆ وەرگیرابـوو، بەڵام ئەو هاوڕێیانەی کەسەردانیان دەکرد بۆیان دەرکەوت کەئەو کەمتر خۆی تەرخانکردوە بۆ خوێندنەکـەی. شـوقەکەی هـەردەم پـڕ بـوو لەگـەنجی چاکەت چـەرم ڕەش‌و دوکـەڵی جگـەرەو جارنەجاریش لێدانی هەڕەمەکی گیتارەکەی سالم.

سـالم سـواری فڕۆکەیـەکی بازرگـانی بـوو بـەرەو جـەددە بەتیشـێرت‌و کاوبۆیەکـەوەو قـژی تاسەرشـانی هـاتبووە خـوارەوە. کاتێـك لەفڕۆکەکـە دابـەزی پەرچـەمی بڕیبـوو، هـەروەها

دشداشەیەکی سپی سعودیو عەگالێکی لەسەر کردبوو. ئەو کەمێك گەورەتر لە بیستو یەك ساڵ دەردەکەوتو لەناکاوو بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بووە میراتگری گەورەترین دامەزراوەی بنیاتنانەوە لەبەریتانیادا. ئەو کەمێکی دەربارەی کاری ئەندازیاری دەزانیو کەمێك ئاشنا بوو بە شا فەیسەڵ، تەنانەت زڕخوشكو براکانیشی نەبینیبوو، بۆیە بۆ یەکەمجار لەپرسەکەی باوکیدا کەسێك بەیەکتری ناساندن.

مەرگی لەناکاوی محەمەد ترسێکی پڕتاوی هێنایە گۆڕێ، کەترسی دارمانی ئیمپراتۆریەتی بازرگانی بن لادن بوو. خەمی سەرەتا ئەوە بوو کە کوڕە زۆرو لاوەکانی محەمەدو براکەی کە لەژیانـدابوو رەنگە ئەوە بسەلمێنێت کە دەسەلات گرتنەدەست بەشێوەیەکی رێكوپێكو یەکلەدوای یەك مەحاڵ بێت پێکبهێنرێت. رۆژێك دوای ئەوەی مەرگی محەمەد خەمباری جەددەی لێکەوتەوە، باڵیۆزی ئەمەریکی هێرمان ئێڵتس بروسکەیەکی بۆ واشنتن نارد کەئەمە دەقەکەیەتی:

"مەرگی محەمەد بن لادن کە تاکە خاوەنی گەورەترین کۆمپانیای بنیاتنانەوەیە لەعەرەبستانی سعودیدا مەراقێکی پڕتاوی لێکەوتەوە لەهەردوو حکومەتی سعودیو بازنەکانی بازرگانی ناوخۆدا. لەسایەی شەریعەتی ئیسلامیدا موڵكو ماڵ دەشێت دابەش بکرێت لەنێوان هەر چل کوڕەکەی بن لادندا کەدەبووە تێکشکاندنی رێکخراوەکە. لەگەڵ ئەوەی وەك بەڵێندەرێکی سعودی ووزەو توانای تەواوی خۆی خستبوەگەڕ بۆ سەروکارکردنی کارە سەرەکییە گشتییەکان، بن لادن وەك پەسەندترین کەسی حکومەتی سعودی دانرابوو، پادشاو وەزیری دارایيو ئەوانی تریش بەئاگا بوون لەگرنگی رێکخراوەکە بۆ باری ئابوری سعودیەو رایانگەیاند کە هەرچۆنێك بێت سورن لەسەر ئەوەی ئەم رێکخراوە دەبێت بەردەوام بێت".

ئێڵتس پێی وابوو کە هەلێك هاتۆتە پێش، ئەویش تێکەڵاوبونو یەکگرتنی دامەزراوەکەی بن لادنو کۆمپانیایەکی گەورەی بنیاتنانەوەی ئەمەریکیە:

"پێشنیارێك کە لەگفتوگۆ نهێنیەکاندا سەری هەڵدا ئەویش ئەگەرێتی گەرانی حکومەتی سعودیە بەدوای دامەزراوە بیانییە لێهاتوەکاندا تا تیمی کارگێڕی دابین بکات بۆ بەڕێوەبردنی رێکخراوەکە، ئەوەش بەکۆمپانیایەك دەکرێت کە لەڕووی داراییەوە باش بێتو بەشێوەیەکی ئاسایی توانای دامەزراندنی چوار بۆ پێنج هەزار دەستی کاری هەبێت، هەروەك چۆن بن لادن بەتەنها خۆی دامەزراوەکەی خستبووە گەڕ، تا ئەو رادەیەی کەهەموو

چەکەکانیشی ئیمزا دەکرد، کەواتە تیمێك پێویستە کەتەنها ئەزموندار نەبێت لە کاروکرداری بنیاتنانەوەدا، بەڵکو لێهاتوانە توانای گەلاڵەکردنو پیادەکردنی هەیکەلی کارگێڕی نوێی هەبێت. لەتێڕوانینی باڵیۆزخانەوە ئەمە دەبێتە هەلێکی نایاب بۆ کۆمپانیا ئەمەریکیەکان".

باڵیۆزی ئەمەریکا پێشنیاری ئەوەی کرد مۆریسۆن نودسێن کە کۆمپانیایەکی بنیاتنەری زەبەلاحی ئەمەریکیەو پێشتر لەگەڵ بن لادندا کاریان پێکەوە کردوەو گرێبەستێکیان هەبوو بۆ دروستکردنی کامپێکی سەربازی لەنزیك سنوری یەمەن، کاندیدێکی زۆر گونجاو بێت. ڕەنگە ئەمەریکیەکان لەکاتی خۆیداو بێ دواکەتن کەوتبنە خۆ، هەرچەندە ستافە تەکنیکیەکەی بن لادن لەلایەن ئیتاڵیەکانەوە دەستی بەسەرداگیرابوو ئەمەش "ڕەنگە پێشینەی ڕەخساندبێت بۆ بەڕێوەبردن لەلایەن ئیتالیەکانەوە ئەگەر نا پێشنیازو داخوازیەکانی تر لەپێشداو بێ دواکەوتن خرابوونە روو".

محەمەد بن لادن بیستو پێنج کوڕی لەدوای خۆی جێهێشتو، بچوکترینیان محەمەدی کوڕی محەمەدە کەدوای کۆچی باوکی لەدایك بوو لەخۆشیو یادی باوکیدا ئەو ناوەی لێنرا، ئەگەری بێ سەرو بەریو ململانێ لەنێوان ئەم ژمارە زۆرەی میراتگردا لەبەرچاوبوو.

عەبدوڵای تاکەبرای کەلەژیاندا مابوو، چیتر هیچ بەشێکی لەکۆمپانیاکەدا نەمابوو تەنانەت لە سعودیەش نەدەژیا لەبەرئەوەی حەوت ساڵ لەوەوپێش لەگەڵ خێزانەکەیدا گەڕابونەوە بۆ حەزرەمەوت. کێشمەکێشی میلیشیاکان لەشەڕی قوڵی ناوخۆی یەمەندا هەراسانی کردبوو، بۆیە کەمێك پاش مەرگی محەمەد، عەبدوڵا گەڕایەوە سعودیە. دواتریش حکومەتی مۆسکۆی پاڵپشتی یەمەنی باشوور دەستیان گرت بەسەرماڵەکەیداو عەبدوڵا هەرگیز نەگەڕایەوەو کۆتایی هات بەهەستی خۆزگە خواستنی گەڕانەوەی بۆ وولاتەکەی. ئێستا عەبدوڵا وەچەوپشکی وەبەرهێنانی خۆی هەیە تا سەروکاریان بکاتو هیچ داوایەکی فەرمی نەبوو تا سەرکردایەتی کۆمپانیاکە بکات کە سیو شەش ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ محەمەد دایانمەزراندبوو.

سالمو عەلی تەنها کوڕی محەمەد بوون کە باڵق ببون، گەرچی لەکاتێکدا عەلی یارمەتی راپەڕاندنی کارەکانی باوکی دەدا لەدەرەوە، بەڵام ئەوەندە لێهاتوو نەبوو تا هەموو دامەزراوەکە رێك بخاتو بەڕێوە بەرێت، سالم لەلایەن باوکیەوە بۆ سەرکردایەتی ئامادەکرابوو بەڵام راهێنانی بۆ کاری بازرگانی کەمتر بوو.

یاسای میراتی ئیسلامی کە لەئایەتەکانی قورئانەوە وەرگیراوە بەتەواوەتی دیاریکراوەو ئەم یاسایە مەرج بۆ توێژەکانی میراتگر دادەنێ و ئەو رێژەی میراتیە رێکدەخات کەهەر چینو توێژێك وەری دەگرێت. ئەم مافە بەخشراوانە بەدەسەڵاتو دەستوری خودا دادەنرێنو ناتوانرێت بەوەسیەتنامەیەك جێگەی بگیرێتەوە. یەکێك لەبنەماکانی قورئان ئەوەیە کەکوڕان دوو هێندەی کچانیان بەردەکەوێت. هەندێك لەرۆژئاواییەکان پێیان وایە ئەم سیستمە نادادپەروەرە یان سەختو نەگۆڕە، بەڵام بۆ چەندین سەدەیە پێکەوەبەستنی کۆمەڵگەو یەکڕیزی خێزانی بەهێز راگرتووە لەجیهانی ئیسلامیدا، ئەویش بەنەهێشتنی فرەفێڵ کە لەکلتورەکانی تردا خێزانەکانی کەرتوپەرت کردووە. پیاوێکی دەوڵەمەندی موسوڵمان هیچ رێگەیەکی نیە تاکوڕەکانی بێبەری بکات لەمیرات ئەگەر خۆشی نەوێن، لەبەرئەوە زیاتر مەیلی بەلای گەرموگوڕکردنی هەماهەنگی نێوان نەوەکانی دەکات، هەروەها هیچ رێگەیەکی تر نیە تاگۆڕانکاری لەبەشەکانی ساماندا بکرێت بەنوسینی وەسێتنامە لەدوا ساتەکانی ژیاندا. وەسێتنامەی نوسراو رێپێدراوە، بەڵام تەنها لەحاڵەتێکدا کە یەك لەسەر سێی سامانی کۆچکردووەکە دیاری کرابێت بۆ کاری خێر یان سودوەرگری تر. ئەم شێوەیەیان زۆر مەرجوبەندی دوورودرێژی هەیە، هەروەك نوێژو رۆژمێری ساڵانەی ئیمان، ئەم بوارەی ئیسلام دەوڵەمەندە بەیاساولێکدانەوەی کەمتر.

محەمەد بن لادن پێش مردنی بەناوی خۆیەوە وەسێتنامەیەکی نوسیبوو. عادل تورەیفی کەتوێژەری حساباتی سعودیەیە دەڵێت کە کۆپیەکی لەو وەسێتنامەیە خوێندۆتەوەو وابڵاوبوەوە کە نزیکەی یانزە بۆ دوانزە لاپەڕە دەبێتو بەشێوەیەکی سەرەکیش دانرابوو بۆ ئەو مەسەلانەی پەیوەندن بەسپاردەو متمانەی ئایینی محەمەدەوە کە پێی دەوترێت "وەقف". هەروەها ئەو رێنماییانەشی لەخۆگرتبوو کەچۆن میراتگرەکانی دەبێت بەردەوام بن لەسەر کارە خێرو خزمەتگوزاریەکانی لە مەککەو مەدینەو قودس وەك چۆن خۆی لەوتارێکدا لە قودس لەساڵی ١٩٦٤ دا رایگەیاند.

موڵكوماڵی میراتی سەرەکی محەمەد تەنها رێکخراوەکەی بوو کە کۆمپانیای خێزانەکە بوو، خۆشی تاکە خاوەنی بوو. لەسایەی شەریعەتی ئیسلامدا میراتییەکەی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەشەکانی دیاری کراوە، هەر چوار ژنەکەی لەساتەوەختی مەرگیدا یەك لەسەر هەشتی میراتەکە دەبەن (ژنەکانی پێشووی مافی میراتیان نییەو دەکرێت منداڵەکانیان چاودێرییان

بکەن). نزیکەی هەموو ئەو بەشەی مایەوە لەسەر بنەمای دوو بەش بۆ هەر بیستو پێنج کورەکەی محەمەدو یەك بەش بۆ بیستو نۆ کچەکەی دابەشکرا. هەر کورێك بە ئوسامەشەوە لەسەدا ٢,٢٧ ی بەشە میراتی کۆمپانیاکەی بەرکەوت، هەر کچێکیش زیاتر ١٪ی بەرکەوت ئەویش بەپێی ئەو دۆکیومێنتانەی کەلەم دواییەدا لە حاڵەتێکی تەلاقی ئەمەریکی دا تۆمارکراوە*. کەواتە کورەکانی محەمەد کۆتاییان هێنا بەکۆمپانیاکە ئەویش بەبوونە خاوەنی زیاتر ٥٠٪ی کۆمپانیاکەو کچەکانیش بونە خاوەنی کەمتر ٣٠٪ی و ژنە بێوەژنەکانیشی بونە خاوەنی بەشەکەی تری. هیچ بەڵگەیەك نیە کەهیچکام لەم میراتبەرانە بە کاش پارەیەکی زۆریان لابوبێت لەکاتی مردنەکەیدا، بەپێچەوانەوە زۆربەی سامانەکەی لەبانکدا دانابوو هەروەها هەندێکیشی خستبوە وەبەرهێنانی ئاسایشەوە. میراتبەرەکانی خانوو زەویو ئوتومبیلەکانیان وەرگرت کە بەشێوەیەکی گشتی بەشەماڵی هەموو لایەك بوو. سالمو عەلی هەر زوو چونە سەر لیستی موچەی کۆمپانیاکە، بەڵام مناڵەکانی تر هێشتا باڵق نەببونو ئەوە سالم بوو کە گەورەترین کورو سەرۆکی خێزانەکە بوو کە لەلایەن دەستەی متمانەپێبەخشراوی کۆمپانیاکەوە سەروکاری دەکراو هەرئەویش بریاری لەخەرجی بژێوی ژیانی خوشكو براکان دەدا.

هیچ پێوانەیەك نیە کەقەبارەی موڵكو ماڵی محەمەد لەو کاتەدا دیاری بکاتو خەملاندنیشی ئەوەندە ئاسان نەبوو تا باشو پەسەند بێت بەلای ژمێریاریە رۆژئاواییەکانەوە. مایکڵ پۆچنە خاوەن بانکێکی وەبەرهێنەری ئەمەریکیەو بووە هاوبەشی کاری بازرگانی محەمەد بن لادن لەناوەراستی حەفتاکاندا ئەوەی راگەیاند کەخانەوادەکەی محەمەد ئەوەیان پێراگەیاندووە لەکاتی مەرگی محەمەددا سامانو میراتیەکەی خۆیداوە لەنزیکی ١٥٠ ملیۆن دۆلار. جیراڵ ئیوربالك، ئەو فرۆکەوانەیە کە لەساڵانی کۆتایی ژیانی محەمەددا کاری لەگەڵ کردووە، رایگەیاند کەپێی وتراوە حکومەتی سعودی ١٠٠ ملیۆن دۆلاری محەمەدی لابووە کاتێك ناوبراو کۆچی دوایی کردووە. ئەمانە نیشاندەرێکی باوەرپێکراوان بۆ قەبارەی زەبەلاحی سامانەکەی، بەلام جیاواز لەسامانێك کەخرابێتە کاری وەبەرهێنانی ئاڵوێری پارەو گرێبەستەکان یان لەبازرگانی خانوبەرەدا خرابێتە گەر، سەروەتو سامانەکەی

* حاڵەتی تەلاقی ئەمەریکی جیاوازە لەهی وولاتانی ئیسلام چونکە ئەو موڵكوماڵانەی پیاوەکە بەناویەوەیەتی هەمووی دابەشی دوو دەکرێ گەر پیاوەکە داوای جیابونەوە بکاتو نیوەی دەدرێت بەژنەکە.(وەرگێر)

محەمەد نەدەتوانرا بەئاسانی بخەملێنرێت. ئەو خاوەنی زەویوزارێکی زۆری سعودیە بوو کە هەندێکیانی لەبری کرێی گرێبەستەکانی رابردوو وەرگرتبوو، بەڵام زانینی بەهای راستەقینەی ئەم گرێبەستانەش کارێکی قورس بوو. کۆمپانیاکەی محەمەد خاوەنی هەندێك ئامێری گرانبەهای وەك تراکتۆرو بلدۆزەریش بوو، بەڵام بەهای دامەزراوەکەی لەکاتی مردنیدا جیانەدەکرایەوە لەو گرێبەستە بێشومارانەی حکومەت کە تازە وەریگرتبوون بەتایبەتی ئەوەی رێگای نێوان جەددە بۆ یەمەنو کارە پەیوەندیدارەکان بەبەرگرییەوە. ئەگەر کۆمپانیاکە شکستی هێنا لەتەواوکردنی ئەم پرۆژانەدا لەرووی سودەوە ئەوا داراییەکەی بەرەو فەوتان دەچێت. بەشێوەیەکی فراوانتر سەرمایەو سامانی بن لادن بەتەواوەتی پشتی بەستبوو بەپشتیوانیو ئەمەکی خێزانی شاهانەی سعودیە، لەبەرئەوە ئەگەر ئەم پشتیوانییە نەمایە بەشێکی زۆری داهاتی کۆمپانیاکەشی نەدەما.

پادشای سعودیە بانگێشتی هەندێك لەکوڕە گەورەکانی بن لادنی کردو پێی وتن "لەئێستاوە من باوکی ئێوەم". عەرەبستانی سعودی لەنێوەندی جەنگێکی رانەگەیەنراودا بوو، رێکخراوەکەی محەمەد بن لادنیش بەشێکی گرنگی توانای بەرگری پادشایەتیەکە بوو. فەیسەڵ بەڵێنیدا چەند متمانەپێبەخشراوێك دەستنیشان بکات تا دامەزراوەی خێزانەکە هەڵسوڕێنن، ئەمەش گەرەنتی بەردەوامبونی کۆمپانیاکە دەدات لەگرێبەستەکانی حکومەتداو فەیسەڵیش دڵنیادەکاتەوە کەکارکردن لەسەر پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری لە ئەسیر بەردەوام دەبێت.

لەفەرمانێکی شاهانەدا لەناوەڕاستی ئەیلولدا فەیسەڵ ئەم رێکخستنە تازانەی راگەیاندو تورکی کوڕی فەیسەڵ ئەوەی هاتەوە یاد کە سەروەتو سامانەکەی بن لادن "بەزۆری کەلوپەلو ئامێر بوو، بەو پێیەش دەتوانێ کارەکە ئەنجام بدات لەبەرئەوەی هەم کەلوپەلەکان لەبەردەست بوون هەم ئەندازیارەکانیش". ئەو متمانەیەی فەیسەڵ بنیاتی نا ئەوە دڵنیا دەکاتەوە "کە کۆمپانیاکان ناتوێنەوەو مایەپوچ یان شتێکی لەو بابەتە نابن تا منداڵەکان گەورەدەبنو دەیانگرنەوە دەستی خۆیان." ماوەی ئەم بێ سەرکردەییە روونو ئاشکرا نەکرا تا چەند دەخایەنێت؛ بڕیاری گەڕاندنەوەی کۆمپانیاکە بۆ خانەوادەکە لەلایەن فەیسەڵەوە یان جێنشینەکانیەوە دەدرێت ئەویش لەکاتی خۆیدا.

حکومەتی ئەمەریکی بەردەوام بوو لەهەوڵەکانی بۆ وەرگێڕانی مردنی بن لادن بۆ هەلی بازرگانی بۆ کۆمپانیایەکی ئەمەریکی. وەزارەتی بازرگانی لە واشنتن پەیوەندی بەکۆمپانیا

سەرەکیەکانی بنیاتنانەوە کرد، جێگری سەرۆکی براونو ڕووت (Brown and Root) بۆ جەددە رۆیشت بۆ دەستپێکردنی دانوستان سەبارەت بەئەگەری بونبەیەك لەگەڵ گروپی بن لادن، بەلاّم باڵیۆزخانە بەرێی کردو راپۆرتی ئەوەی دا کە"باری یاسایی بەتەواوی جێگیر نەبووە"، بەلاّم هێشتا وەزارەتی دەرەوە لەهۆشیاریدا بوو: کە بن لادن خۆی کۆمپانیاکەی بەرێوە دەبرد: "زۆر بە کۆنترۆڵخوازانەو تاکرەوییانە کۆمپانیاکەی بردۆتە رێ، ئەو کەلێنی بەرێوەبردنەی دوای مەرگی جێماوە رەنگە واپێویست بکات کە میراتبەرەکانی دەستەی بەرێوەبردنی دەرەکی بهێنن تا کۆمپانیاکە لە مانەوە بەردەوام بێت".

مەلیك فەیسەڵ داوای ئەوەی لە ئەنوەر عەلی پاکستانی بەرێوەبەری بانکی ناوەندی پادشایەتی کرد تا راوێژی دارایی‌و بەرێوەبردنی متمانە پێبەخشراوەکانی بن لادن بکات، ئەویش لەرێگای ئەو پەیوەندییەی گەرەنتی ئەوە دەکات کۆمپانیاکە لەبەرامبەر کەمی فەندەکانی حکومەتتدا نەکەوێت. هەروەها شا، محەمەد بەحریسی بازرگانی جەددەی، دەستنیشان کرد وەك رابەری متمانەپێبەخشراوی کۆمپانیا کە بەزۆری لەپیشەسازی خۆراکدا کاری دەکرد. بەحریس ئامۆزای دایکی سالم بوو کەناوی فاتمە ئەحمەد بەحریس بوو. دیاریکردنی محەمەد بەحریس بالادەستی خێڵی بەحریسی دوپاتکردەوە لەنێوەندی خانەوادەی هۆزێکی گەورەدا کەلەلایەن فاتیمەی دایکسالارەوە رابەرایەتی دەکرا کە ژنی پایەبەرزی محەمەد بن لادن بوو، خاوەنی سێ کوڕ بوو ئەوانیش سالم‌و بکرو غالیب بوون.

وەك نێرگەلەکێشێکی لەوەوپێش‌و میوزیکژەنێکی رۆك لەسەرەتای تەمەنی بیست ساڵیدا سالم کە لە لەندەن گەڕایەوە، ئاسان نەبوو ببێتە نمونەی کەسایەتیەکی دەسەلاّتداری سعودی، بەلاّم بێ متمانەبەخۆو بێ تموح نەبوو. عەلی ئەو زڕبرای دەستنیشان کران بۆ دەستەی متمانەپێبەخشراوی بەرێوەبردنی کۆمپانیای خێزانەکەو پۆستی بەرێوەبەری کارگێڕی پێدرا. لەسەرەتادا لەگەڵ عەلیدا ململانێی دەکردو لەدەسەلاّتی دەستەکەش بێزاروپەست بوو. "ئەو زۆر شتی دەویست بەدەستی بهێنێتەوەو کۆنترۆڵی متمانەش بکات" ئەمە قسەی فرانسس هەنی وێلە کە خاوەن بانکێکی ئەمەریکیەو دوای چەند ساڵێك بووە هاوبەشی سالم.

لەئێوارانداو لەماڵەکەی خۆیدا، سالم کۆڕی بەزمی دەگێڕا بۆ عەرەبە کۆچکەرە لۆکاڵیەکان بۆ کەیف خۆشکردنی ئەوانەی سکالاّو رازو گلەیی‌و داواکاریان هەبوو، وەك چۆن باوکی لەوەوپێش ئەمەی دەکرد. هەندێك لەخاوەن سکالاّکان ناڕەزایی‌و گلەیی زەوی‌وزاریان هەبوو.

محەمەد تا توانیبێتی بەباشی پارەی سنورەکانی زەویە جۆربەجۆرەکانی خۆی دیاریکردبوو، بەڵام بڕیارەکانی هەندێکجار نەدەگونجا لەگەڵ تەماعو داواکاریو شکاتی کۆچکەرەکانی تر. سالم تەوق درابوو بەپارچە کاغەزە لێڵوپێڵەکانی عەرەبە کۆچکەرەکان کەدەیانخستە بەردەمی بەمەرامی ناساندنی مافەکانیان. هەندێك لەهاوڕێکانی کە لە لوبنانو لەندەنەوە هاتبوون بەگاڵتەو گەپو خۆشیەوە دەیانڕوانیە سالم کە ووردە ووردە ڕۆڵی دادوەری زەوی عەرەبە کۆچکەرەکانی دەگێڕاو بەجلە فەرمیە بیابانەکانیەوە بەهێمنی گوێی دەگرتو هەوڵی دەدا وەك شێخێکی ئیرادە بەهێز بڕیارەکانی بەباشترین شێوەو بەویژدانەوە بدات. یەکێك لەهاوڕێکانی ووتی ئەو خاوەن سکاڵایانەی ڕەزامەندبون بەبڕیارەکانی سالم نازناوی "دەروازەی دادپەروەری"یان لێنا. سالم، گەورە خۆی نیشاندەداو دابونەریتی یەکسانیخوازی عەرەبی لاپەسەندبوو، بەچوارمشقی لەسەر ئەرزەکە لەگەڵ براکانیدا دادەنیشت لەکاتی نانخواردنی خێزانەکەدا.

لەهەوڵدا بوو بۆ هەلگرتنی ئەو ستۆکانەی کۆمپانیاکە کەتایبەت بوون بەدروستکردنی ڕێگاوبان. سێبەری باوکی لەهەموو شتێك ئاڵابوو، پاشماوەی ئەو فڕۆکەیەی کە تیایدا مرد لەیەکێك لەیەکەکانی کۆمپانیاکە لەجەددە خرابووە ڕوو. سالم هەرگیز وەك باوکی لەکاری مەیدانی بیابانیو قسەی هەستبزوێندا کارامە نەبوو. سالم هەر لەسەرەتای کۆششەکانیدا لەمامەڵەی بازرگانیدا توشی هەڵەو نەزانی بوو. ڕێکخراوەکەی بن لادن شکستی هێنا لەبردنەوەی تەندەری کەمپێکی سەربازی لە ئەسیر کە بەهاوبەشی لەگەڵ ماریسن نودسن داواکەیان پێشکەش کردبوو. ئێستاش حکومەتی سعودیش دوودڵ بوو لەوەی کە دامەزراوەکە لەکاتی خۆیدا ئیشەکە تەواو دەکات یان نا. ئەو ڕێگایەی کۆمپانیاکە دەیویست لەئیماراتی یەکگرتووی عەرەب تەواوی بکات بەخاوی دەڕۆیشت بەڕێوە. سالم بووە خاوەنی فڕۆکە (هاوکەر)ەکەی باوکیو لەبەهاری ١٩٦٨دا پێی چوو بۆ دوبەی تا کارەکە بەسەربکاتەوە.

سالم حەزی بۆ سواربونی فڕۆکە نەدەشاردەوە، پێدەچێت فەیسەڵیش هەستی بەم هەڵەشەییەی سالم کردبێت بۆیە ڕایگەیاند کە ناتوانێت تەحەمولی لەدەستدانی بن لادنێکی تر بکات لەتێکشکانی فڕۆکەدا، لەبەرئەوە لەدەوروبەری ساڵی ١٩٦٨دا شا فەرمانی بەسالم کرد کە فڕۆکە (هاوکەر)ەکەو فڕۆکە پەروانەدارەکانی تر بفرۆشێت بەو بیانوەی کە زۆر

مەترسیداربون. خێزانەکە لەعەرەبستانی سعودیە مێخی داکوتا، بەڵام کاتێك سالم دەڕۆشتە ئەوروپا جارنەجار هەڵدەکەوت کەفڕۆکەیەك بەکرێ بگرێتو مەشقی فڕۆکەوانی بکات.

ململانێی بەدەستهێنانی دەسەڵات لەنێوان سالمو عەلی زڕبرایدا قوڵ بووەوە. عەلی باڵابەرزو بەهەست بوو، لەدەرەوە نەیخوێندبوو دواتر بووە باخەوانێکی سەرگەرمو هەروەها وێنەگر. عەلی هەستی کرد کەمافی ئەوەی هەیە دەسەڵاتی وەك متمانەپێبەخشراوی پاشا یان مۆڵەت وەرگرتنی لەسالم زیاتر بێت. ئەو وەڕسو بێزاربوو، بۆیە داوای لەمتمانەپێبەخشراوەکان کرد کەرێگەی بدەن بەشە کۆمپانیای خۆی بفرۆشێتو ڕێی خۆی بگرێتە بەر، بەڵام متمانەپێبەخشراوەکان نەیاندەتوانی بڕیاری چی بدەن لەبەرئەوە عەلی نامەیەکی بۆ پاشا فەیسەڵ نوسیو تیایدا داوای ڕەزامەندی جیابونەوەی لێکردبوو. فەیسەڵ داواکەی پەسەند کردو متمانەپێبەخشراوەکانیش ڕێکەوتنێکیان سازاند کەتیایدا بڕی یەك ملیۆن دۆلار درا بەبەشەکەی عەلی بەپێی قەبلاندنەکانی ئەم دواییەی خێزانەکە. ئەگەر ڕاست بێتو عەلی بەهای تەواوی بەشەکانی وەرگرتبێت، ئەو بڕەی وەریگرتوە ئەوە نیشان دەدات کەبەهای یەکسانو تەواوی کۆمپانیاکە لەو کاتەدا بەکەمتر لە ٥٠ ملیۆن دۆلار دانراوە. چەند ساڵێکی کەم دواتر عەلی ڕۆشت بۆ لوبنانو دواتریش بۆ پاریسو چیتر هیچ پەیوەندییەکی بەکاروباری بازرگانی خێزانەکەوە نەماو سالمو براکانی بەتوندی کەوتنە هەلگرتنی بەرپرسیارێتی خێزانەکە.

سالم، شەیخا ئەلعەتەسی مارەبڕی، کە کچی خانەوادەیەکی دەوڵەمەندو بەناوبانگی حەزرەمەوتو بەڕێوەبەری بانکێکی پەیوەندیدار بە هۆڵەنداوە بوو. ئەم هاوسەرگیریە سالی بەرزکردەوە بۆ ئاست بازرگانە نێودەوڵەتیەکان. شەیخا بالای بەقەد بالای سالم دەبوو، لەشولارێکی ڕێكو پێكو سەرنجڕاکێشی هەبوو. ئەو لەئەندۆنوسیا گەورەببوو، جگە لەزمانی عەرەبی زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو هۆڵەندیشی دەزانی. هەندێك لەهاوڕێکانی سالم دەترسان لەوەی کەسالم زۆر گەنجەو کەم ئارامە تابیێتە هاوسەرێکی پشت پێبەستراو، بەڵام شەیخا ژنێکی بەڕێزو پایە بەرزبوو، بووە هاوبەشی خواستەکانی سالم بۆ گەشتو کلتوری ئەوروپا.

سەلم هەوڵی دەدا خۆی بۆ مەلیك بسەلمێنێت بەتایبەت کەئەوە شا بوو بڕیاری لەپاشەڕۆژی دەدا. ئەوان دوانی لێك جیاوازبوون، سالم گەنجو ڕێزنەگرو فەیسەڵیش بەرەو پیریو خڵەفان دەچوو. دواتر یان لەبەرئەوەی پادشا گومانی هەبوو لەگەشەکردنو سەرکەوتنی سالم

لەکۆمپانیاکەی بن لادن، یان لەبەرئەوەی ئارامی نەمابوو تا پرۆژەکانی ئەسیر ببینێ تەواو دەبێت، فەیسەڵ لەماوەی ساڵێکی مەرگی محەمەددا بڕیاری دا کەدەبێت خانەوادەی بن لادن زۆرێك لەپشکە کەمەکانی خۆی بفرۆشێت بەهاوبەشێکی بیانی، بەتایبەتی ئەمەریکی.

ئەنوەر عەلی بەڕێوەبەری بانکی ناوەندی سعودی سەرکردایەتی ئەم دانوستانانەی دەکردو ئاشکرای کرد کە فرۆشتنەکە بەدڵو خواستی پادشا بووە. عەلی هەستی بەوەکرد کە ئەو "کەلێنە کارگێڕییەی" محەمەد دوای خۆی جێیهێشتوە بووەتە هۆی پێویستی ئەم جۆرە یەکپێگرتنەو سەرەڕای ئەوەش دەبێتە هۆی گۆڕینی شێوازی کۆمپانیاکە. بەشێوەیەکی بەرچاویش شانشینەکە رووی کردە بەڵێندەرە بیانیەکان بۆ کارە سەرەکییە خزمەتگوزارە گشتیەکان، لەلایەکی تریشەوە بۆ دڵنیابون لەکوالیتی بەرزی کەرەستەکانو زانستی ئەندازیاری. لەو روانگەیەشەوە تێکەڵبونی کۆمپانیاکە یارمەتی راکێشانی دامەزراوەکەی بن لادن دەدات بۆ نێو کۆششو تەقەلای مۆدێرنیزەکردنی شانشینەکە. ئەنوەر عەلیو متمانەپێبەخشراوەکانی کۆمپانیاکە گفتوگۆیان لەگەڵ کۆمپانیا بنیاتنەرە هۆڵەندیو ئیتاڵیو ئەڵمانییەکان دەستپێکرد، بەڵام ئامانجی سەرەکییان رێکخراوە داراییە ئەمەریکیەکەی ماریسن نودسن بوو کەبەلایەوە بن لادنەکان وەك بریکار خۆیان دەنواند لەعەرەبستانی سعودیەدا.

لەسەرەتای ١٩٧٠دا ئەنوەر عەلی پرۆژەیەکی سەرکەشی بازرگانی پێشنیازکردو تیایدا هاتبوو کەخانەوادەی بن لادن پشکی ٦٠٪ی کۆمپانیاکەو کۆمپانیا ئەمەریکیەکەش ٤٠٪ی بەربکەوێت. ماریسن نودسن بەکاش-نیوەی پارەکە بەشداری دەکاتو زیاتر لە دوو ملیۆن دۆلارو بەقەرز دەدرێتە بانکی ناوەندی سعودی. عەلی بۆ ئەمەریکا رۆیشت تاچاوی بەدەستەی کارگێڕی ماریسن نودسن بکەوێتو گرێبەستێکی خستەڕوو بۆ بنیاتنانی فرۆکەخانەیەکی نوێ لەجەددە کەدەبێتە یەکێك لەگەورەترین مامەڵەکانی بنیاتنانەوە کەدرابێتە کۆمپانیایەکی بیانی، بەڵام لایەنەکان کەوتنە دەمەبۆڵە لەچۆنیەتی دابەشکردنی لێپرسراوێتی لەو پرۆژە بازرگانییە نوێیەدا.

ماریسن نودسن پێشنیازی کۆنترۆڵکردنی زۆرینەی کۆمپانیاکەی بن لادنی کرد، بەڵام عەلی بەدەسەڵاتدارانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکای راگەیاند کە ئەم کارە"نەخشەرێژی بەهێزی خاوەندارێتی دەبێت لە فرۆشتندا" بۆ فەیسەڵو خانەوادەی شاهانە لەبەرئەوەی "دژایەتی لێکدانی کۆمپانیاکان کە کۆمپانیا بیانیەکان پشکی زۆرینەیان بەربکەوێت لەئارادابوو."

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەجەددە پەرۆشبوو بۆ بەزاندنی کۆمپانیا ئەوروپییەکانو ئامادەکاری باشی کردبوو تا ئەو بەشە بۆ ماریسن نودسن بگرێت. بیست ساڵ لەوەوپێش بێتچڵ وازی هێنابوو لەهەمان تکاو داواکاری خانەوادەی شاهانەو ڕێیخۆشکرد بۆ سەرکەوتنی محەمەد بن لادن. ئێستاش کۆمپانیایەکی زەبەلاحی تری ئەمەریکی هەڕەشەی وازهێنان دەکات لەچانسی کڕینی ئەو شوێنەی کە بن لادن وەك باشترین بەڵێندەرایەتی شاهانە دایمەزراندبوو. بەپێی ڕاپۆرتێکی ئەمەریکی سەرەڕای پێخۆشبونی فەیسەڵ لەرێکەوتنەکەدا، دەستەی کارگێڕی ماریسن نودسن هەستیان بە"نائارامیو نارەحەتی کرد لەسەر توانای کاری بازرگانی لەگەڵ ڕێکخراوە نەرێتکۆنەکەی بن لادندا".

لەسەرەتای قۆناغەکانی ئەم دانوستانانەدا، هێرمان ئێڵتسی باڵیۆزی ئەمەریکا لەجەددە ڕایگەیاند کەدەستەی کارگێڕیە ئەمەریکیەکان یەکەمجار توشی کۆسپو تەگەرەبون بە "ناکۆکیو پەرتەوازەیی ناو خێزانەکە"و ئەو سیستەمە سەرلێدەرنەکراوەی دەستەی متمانەپێبەخشراوەکان پیادەیان دەکرد. زیاد لەوەش ئێڵتس ڕایگەیاند "هەندێك لەئەندامانی خێزانی بن لادن داوای بەرتیلیان کردبوو" لە ماریسن نودسن بۆ مسۆگەرکردنی ڕێکەوتنی یەکگرتنی لەگەڵ کۆمپانیاکەی بن لادندا "ئێستاش ئەوە ماریسن نودسن نیە کەبەو جۆرە کارانە ڕاهاتبێت" بەڵام لەو هەلومەرجانەدا یارمەتی بەرەوپێشچونی بڕیارەکە دەدا.

دواجار گفتوگۆی تێکەڵکردنەکە شکستی هێناو کوڕەکانی بن لادن هیچ هاوبەشێکی بیانییان بۆ نەمایەوە تامانەوەی کۆمپانیا میراتیەکەیان بۆ مسۆگەر بکات، تەنها خۆیان بە تەنها مانەوە.

بەشێوەیەکی بەرچاو وادەردەکەوت کەسوربن لەسەر ڕۆیشتنیان لەسەر ڕێگەی جیای خۆیان. تاریق بن لادنی زڕبرای سالم، کە زۆر لێکەوە نزیك بوون، لەساڵی ١٩٧٠دا کۆمپانیایەکی بنیاتنانەوەی بۆخۆی دامەزراندو لەبڵاوکراوە بازرگانیە نێودەوڵەتیەکاندا پروپاگەندەی بۆکرد. تا ئەوەی بیسەلێنێت کە دەتوانێت سەروکاری گرێبەستی قەبەو لەکاتی خۆیدا جێبەجێی دەکات، دوای دوو ساڵ سالمو شەش براو زڕبرای کۆمپانیایەکی جیایان دامەزراند بەناوی براکانی بن لادن بۆ بەڵێندەرایەتیو پیسەسازی. ئەو پێشبینی مەراقو دڵەڕاوکێیەی کەدەستبەجێ دوای مەرگی محەمەد سەری هەڵدا هێشتا شایەنی هاتنەدی بوو، ئەویش لەبەر وورده وورده کەرتوپەرتبوونی ئیمپراتۆرە بازرگانیەکەی لەئاکامی پەلهاویشتنی تموحی کوڕە زۆرەکانی بوو.

لەسەرەتای حەفتاکاندا ئەوروپاو لوبنانو جەددە سێ پێگەی سەرەکی ژیانی خێزانی بن لادن بوون. پەنجاوچوار منداڵەکەی محەمەد لەتەمەندا جیاوازبوونو هەر لەمنداڵی تازەپێگرتوەوە تا ئەوانەی تازە پێدەگەشتنو زۆربەشیان هەرزەکاربوونو تازەش یەکتریان باش دەناسی. سالم وەك سەرگەورەی تازەی خێزانەکە خۆی دانابوو هەر ئەویش بوو کە پارەی خەرجی دابەش دەکردو بڕیارەکانی چونە ڤوتابخانەو ڕێکخستنی کۆبونەوەکانی خێزانو پشوەکانی دەدا.

لەجەددەدا سێ سەنتەری چالاکیو کاری خێزانەکە هەبوو ئەوانیش: ئۆفیسەکانی کۆمپانیا کۆنەکەی محەمەدو ئۆفیسە تازەکانی ناوشاری کۆمپانیای براکانی بن لادن بۆ بەڵێندەرایەتیو پیشەسازیو شوێنی نیشتەجێ بوون لەدەرەوەی شار لە کیلۆ ٧، لەسەر ڕێگای مەککە کە بێوەژنەکانی محەمەدو ئەندامانی تری خێزانەکە تیایدا دەژیان. سالم هاتوچۆی ئەم هەموو شوێنانەی دەکردو قسەی بۆ فەرمانبەرانو خوشكو براکانی دەکردو لەرۆژانی هەینیدا کەدەهاتە ناوشار بەڕێزەوە سەردانی دایکی دەکرد. منارەکانی مزگەوتی خێزانەکە کە محەمەد وەك کارێکی خێرخوازی ئایینی دروستی کردبوو، لەسەر کۆمەڵە خانوە سەقف فلاتەکانی خێزانەکە لەدوورەوە دیاربوو. لەو نزیکانەشدا ناوچەیەکی داخراوی سپیکارکراوی ژنەکانی تری محەمەدو هەندێك لەژنەکانی پێشووی هەبوو، ئەو ژنانەش کە کچو کوڕەکانیان لەڤوتابخانە نەبوون پێکەوە هاوبەشی ماڵەکە بوون. بێوەژنەکان بەزۆری پێکەوە پشویان دەداو لای یەکتربوون. کارمن بن لادن کە لەناوەڕاستی حەفتاکاندا هات تالەگەڵیان بژێت دەڵێت "ئەوەی سەری سوڕماندم ئەوەبوو کەهەمویان زۆر لەگەڵ یەکتردا باشبونو لەسەرەتادا پێم وابوو کە ڤینەبەرایەتی لەنێوانیاندا هەیەو قسە لەگەڵ یەکتردا ناکەن، بەلام وەك خوشك مامەڵەیان دەکرد".

دەوروبەری جەددە بەکۆگا گەورە پەرشو بڵاوەکانی کۆمپانیا کۆنەکەی باوکیانو گۆڕەپانە مەزنەکانی پڕ کەلوپەلی شۆفڵو ژمێریارو ئەندازیارە عەرەبو ئەوروپیەکان داپۆشرابوو. متمانەپێبەخشراوەکان بەشێوەیەکی سەرەکی بەهاوکاری دەستەی کارگێڕیو تەکنیککارەکانی سەردەمی محەمەد دامەزراوەکەیان بەڕێوەدەبردو کوڕەکان کارێکی ئەوتۆیان بەمە نەبوو لەو ساڵانەدا.

زۆرێـك لـەکوڕەکانی محەمـەدو هەنـدێك لەکچـەکانیش هێشـتا لەقوتابخانـەکانی دەرەوەی سعودیە دەیانخوێند. شایەنی باسە دوای کۆچی دوایی محەمەدو دوای چاودێریکردنی خوێندنی مناڵـەکان لەلایـەن فەیسـەڵەوە ژمارەیـەکی زۆری کوڕەکـان لـە قوتابخانـەی ئامـادەیی برومانـا کەدەکەوێتە شارۆچکەیەکی هاوینەهەواری مەسیحیەوە لەناوچە گرداویەکانی بـاکوری بـەیروت وەرگیران. لەو سەردەمەدا لوبنان توشی شـەڕی نـاوخۆ نـەببوو، ولاتێکـی رۆشـنبیرو پێشکەوتوو مـۆدێرنی جیهـانی عـەرەبی بـوو، هـەروەها هەمەچەشـنەی ئـایینو کاریگـەری زۆری ئـەوروپای لەسـەر بـوو. برومـا نزیکـەی ٧٠٠ خوێنـدکاری هـەبوو، هـەروەها جێگـەی بـۆ خوێنـدکارانی قوتابخانەی سەرەتاییو ئەوانەی خۆیان بۆ چونە کۆلێج ئامادەدەکرد دابین کردبـوو. بـانگخوازە مەسیحیەکانی (Quaker)کانی ئـەوروپا لەسـەرەتای ١٨٧٠کانـدا ئـەم قوتابخانـەیان دروسـتکرد. کەرەستە سەرەکیەکانی بریتی بوون لەبەردی لۆکاڵیو خشـتی سـوور کەلەوکاتـەوە هەیـە. هـەر لەسـەرەتای دروسـت بونیـەوە قوتابخانەکـە کچـی وەرگرتـوەو لەسـاڵی ١٩٠٢دا بـوە یەکـەمینو دەگمەنترین قوتابخانەی تێکەڵاوی هاوپەروەردەیی جیهانی عـەرەب. پاشـتر لەلایـەن خانـەوادەی شـاهانەی بریتانیـا پشـتیوانی لێکـراو لەسـاڵی ١٩٧٦دا شـازادەی ئێـدینبێرگ بەشـە ناوخۆییـەکی تازەی تێدا کردەوە. چەند ساڵێکی کەم دواتر تاقیگـەی زانسـتیو سـەنتەری تەندروسـتی تـازەی تێدا کرایەوە. بابەتەکانی خوێندنیش بەزۆری ئینگلیزی بوونو مناڵەکانی خێزانە شاهانەکانی ئەردەنو سعودیەو تەنانـەت مناڵـەکانی ئـەو ئەوروپیانـەی کـە لـەلوبنان ئیشیان دەکـرد لـەوێ دەیانخوێند. پرۆگرامی وەرزشی گەرموگوڕ دەخوێنراو بەتایبەتیش بالەو باسـکە کـە دوو کـوڕە بالاَ بەررزەکەی بن لادن، صالحو خەلیل گونجاوبون بۆی.

راهێنـەری یـاری بالـە مەسـیحیەکی لوبنـانی بـوو، نـاوی جـۆو ئەشـکار بـوو، تۆمارگایـەکی میوزیکی کـردوەوە لەشـەقامێکی خـواروی قوتابخانەکـەداو ووتـی مناڵـەکانی بـن لادن حـەزیان لەمۆسیقای ئەندەرگراوندو بیتڵسو شیکاگۆو جیمی هێندریکسو میـك جاگـەر بـوو، هـەروەها گوێشیان لە مۆسیقای پۆپی عەرەبی پـڕ حەسـرەتی وەك جیابونـەوەو دووریو تـاسو پەرۆشـی دەگـرت. جارنـەجاریش دەرۆیشـتنە سـینەما بـۆ بـەیروتو سـەیری فیلمـی بروسـلیو ئێلڤسـیان دەکـردو سـەیری فیلمـی عـەرەبییان نـەدەکرد. کوڕەکـان لەگـەڵ کچـە ئەوروپیەکانـدا ژوانیـان دەبەسـتو یـەکێك لـەبراکان کـەناوی خالیـد بـوو لـەو ماوەیـەی لەمیسـر دەژیـا کچێکی گـەنجی دانیمارکی خواست. صالحیش دەمێك بوو پەیوەندی هەبوو لەگەڵ کچێکی ئینگلیز لـە برومانـا،

بـەڵام دایکـە کۆنەپەرسـتە سـوریەکەی رێگـەی پێنـەدا بیخوازێـت، ئـەو تـەنها کچـی نـاوخۆی لاپەسەند بوو.

کوڕەکان حەزیان لە مۆدێلاتی تازەو کەشخەی جلوبەگو ئوتومبێلو فڕۆکە بـوو. بـەکر کـە برای تەواوی سالە ئۆزمۆبیلێکی بەبەهای لە بەیروت هەبوو. سالم هاوڕێکانی بـەکرێ گـرت تـا بچنە ئـەوروپاو سـەیارەی تـازە بهێننـەوە بـۆ لوبنـانو سعودیە. شـێرلی بـەومانی خۆشەویستی صالح لەیادیەتی کە"ئەوان پـانتۆڵی دامـێن پـان (شارسـتۆن)یـان لەبـەردەکردو زۆر سـەیر بـوون، ئـەو کارەیـان بـۆ تانەلێـدان دەکـردو هـەموویان قـژێکی لـولی درێـژیان هـەبوو. قۆپچـەی کراسەکانیان تا قایشی پانتۆڵەکە دەکردەوەو بـەیروت شـوێنیان بـوو". بۆیەکـەمجار هەنـدێکیان کەوتنە پارە خەرجکردنو دەستبلاوی. صالح دیاری گرانی بـۆ دایکـی شـێرلی دەکـڕی لـەبریتانیا کە باوکی بێتاقەت کردبوو لەبەرئەوەی ئەو نەیدەتوانی پارەی ئەو شـتە گرانانـە بـدات. شـێرلی دەیوت "صالح هـەرگیز بەتـەواوی لـە ئەتەکـەیتی ئەوروپیـەکان نەگەیشـتبوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا بەڕاستی دڵێکی باشی هەبوو، هەموو شتێکی بۆ هەموو کەسێك دەکرد".

دەسـەڵات لەخانـەوادەی بـن لادن کـزی دەنوانـد. بـەومان دەڵێـت "دەسـەڵاتی پشتاوپشـتی خێزانەکە بەڕاستی سەری نەگرتو کوڕە گـەورەکان بڕیـاری هـەموو شـتێکیان دەداو چاودێری خوشکەکانیشان دەکردو هەندێك لەکچەکان رێگەیان پێدرابوو کە لەدەرەوە بخوێننو هەنـدێکی تریـان بەپێچـەوانەوە". بۆنمونـە صـالح "زۆر شـانازی بەخوشـکەکانیەوە دەکـردو هـەمویان بەڕاستی بێوێنە بوونو هەزارەهایان لە جلوبەرگدا خەرجدەکرد".

سـالم گەشـتی خێزانـی بـۆ بـەریتانیاو سـوید رێکدەخسـتو لـەوەوپێش گەشـتی زەمینـی بێسەروبەریشـی لەگـەڵ ئـەو خوێنکـارە هاوڕێیانـەی دەرەوەی وولاتـدا بـۆ سـوید رێکخسـتبوو هەروەها ئارەزووی بـەلای سـکەندەنافیادا دەڕۆیشت. لەئـەیلولی ١٩٧١دا سـالم گەشـتێکی خێزانـی رێکخست بۆ فالون لە سوید. "سەردانی ناودارانی عەرەب" سەردێڕی رۆژنامە ناوخۆکان بوو.

لەگەشتێکی بازرگانیو حەوانەوەدا بەهاوڕێیەتی بیستودوو ئەندامی خێزانەکەی، سالم بـن لادن بەئەوروپادا سەردانی فالونی کردو سەردانی یانـەی ئۆفیلیـای کـرد لـە فـالون. بـەپێی ئـەو قسەوباسانەی بلاوە ئەم شێخە گەنجە هەواداری زۆری دیسکۆکان بوەو لەڕابردودا چەندین جـار سەردانی دیسکۆکانی فالونی کردووە.

"ئـەوان زۆر کەشـخە خۆیـان گۆڕیبـوو"بەووتـەی کریسـتینا ئەکبـەربلاد کـە هـۆتێلێکی مامناوەندی بەڕێوەدەبردو خێزانەکە تیایدا مایەوە. هەروەها ووتی "بینیمـان لەژوورەکانیانـدا جێگا زیادەکەیان بەکاردەهێنا بۆ بلاٌوکردنەوەی  جلەکانیان لەسـەری‌و کراسـی ئاوریشـمی سـپی زۆریـان پێبـوو کـە لـە سـێلۆفەین، کەپەردەیـەکی تـەنکی شـەفافە شـتی پێدەپێچـرێتەوە، پێچرابونەوە."

وێنـەگرێك بیسـتو یـەك ئەنـدامی خێزانەکـەی رازیکـرد تـا پاڵبـدەن بەسـیدانێکی ئەمەریکیـەوەو وێنەیـەك بگـرن. کوڕەکـان پـانتۆڵی دامـێن پـان‌و قایشـی بـەردراوەو کراسـی بریقەداریان لەبەرکردبوو. یانزە کچ یاخود ژنی لاو لەوێنەکەدا کە لەتەمـەنی هـەرزەکاری یـان سەرەتای بیستدا بوون دەرکەوتبون‌و هەمویان بەخۆشیەوە پێکەنیبوون‌و شۆرتیان لەبـەردابوو بەبێ تەنورە تەنها دانەیەکیان نەبێت کە سەرپۆشی بەسەرەوە بوو.

چەندین ساڵ دواتر یەکێك لەکوڕەکان کە دووەم کەسـی لای راسـتی وێنەکەیـە بەشـێوەیەکی رۆتینانەو لەمیدیاکانـدا بەئوسـامە بـن لادن ناسـراو بەدڵنیایشـەوە هاوشـێوەی ئـەو بـوو، بـەڵام ئەندامانی خێزانی بن لادن جەختیان لەوە کردەوە کە ئەوە هەڵەیەکی ناسینەوە بـوەو ئوسـامە لەگەڵ ئەو گروپەدا گەشتی سویدی نەکردوەو لەوێنەکەدا نیە. گەواهیدانی خێزانەکـە قایلکـەر بوو لەبەرئـەوەی لەچـەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە زانیاریەکـە وەرگیـراوەو یـەکێك لـەوانیش کارمن بن لادن بوو کە ناحەزی خانەوادەکە بووە.

هەرچۆنێك بێت لەسەرەتای ١٩٧٠ کاندا پەروەردەی ئوسـامە شـێوازێکی زۆر جیـاوازی هـەبوو لەزۆرینەی خوشك‌و براکـانی بۆیـە شـتێکی مـەحاڵ بـوو کـە ئوسـامە بـەپانتۆڵی دامـێن پانـەوە ببینـرێ.

## ١٠- ئوسامەی لاو

لەکاتی لەدایکبونی ئوسامەدا تەمەنی دایکی، کە ناوی عالیە غەنیم بوو، نزیکەی پانزە ساڵ دەبوو. ئەوەندەی پێنەچوو، پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە هەژدە ساڵ، محەمەد بن لادن تەڵاقی داو لەوکاتەدا کوڕەکە تاکە منداڵی عالیە بوو. بەشێوەیەکی سروشتی ئەم دووانە لەم گۆڕانکاریەدا بەتەواوی هۆگری یەکتر بوون. دواتریش وەك هەرزەکارێك، ئوسامە "لەبەرپێی دایکیدا پاڵدەکەوتو دەستی بەقاچیدا دەهێنا". ئەمە قسەی خالید بەتارفی هاوڕێو دراوسێی ئوسامەیەو دەڵێت "ئوسامە خەوی لێ نەدەکەوت ئەگەر بیزانیانە دایکی خەفەتباری شتێکە".

عالیە لەمێردێکەوە رادەستەی مێردێکی تر کرا، محەمەد رێی بۆخۆشکرد تا شوبکاتەوە بە بەڕێوەبەرێکی ئاست مامناوەند کە لەکۆمپانیاکەی خۆیدا کاری دەکرد. ئەو پیاوە ناوی محەمەد ئەلعەتەس بوو، لەخانەوادەیەکی بەڕێزی حەزرەمی نەوەکانی محەمەدی پێغەمبەر بوو. بەپێی هەژماری خالید بەتارفی کە لەم ساڵانەی دواییدا ناسیبوی، ئەلعەتەس پیاوێکی بەڕێزبوو وەك چۆن هاوسەرو باوکێکی بەئەمەكو لەکۆتایشدا لەگەڵ عالیە بوونە خاوەنی چوار منداڵو ئوسامەشیان لەخۆگرتو لەخانویەکی کۆنباوی سعودیدا دەژیان. بەڵگەکان دەربارەی سەرەتاکانی ژیانی ئوسامە باش دیار نیە، بەڵام بێگومان دەبێت دەستپێکردنی شووی دووەمی عالیە گومانو هاتونەهاتی پێوەدیار بوبێت. عالیەو ئوسامە لەو کۆمەڵگە جەنجاڵەی خانەوادەی بن لادن لەجەددە کە پڕبوو لە ژنەکانیو دەستەوتاقمو خزمەتگوزارەکانی هاتنەدەرەوەو لەگەڵ مێردە تازەکەیدا چونە ماڵێکی سادەترەوە. شوێنی ئوسامە لەم ماڵەی دەوروبەری شاردا ناوازە بوو. لەلایەکەوە، تاکە کوڕی جیاوازو، تەنها منالی بێ باوكو زڕبرایەکی لەبەرچاو بوو. سەرەڕای ئەوەش، وەك میراتبەرێکی کوڕی محەمەد، ئوسامە تاکە سەرچاوەی دەوڵەمەندی خێزانە تازەکەیو چوونە نێو مافە تایبەتمەندییەکانی خانەوادەی بن لادن بوو. ئاڵۆزی باری دەرونی ئوسامە وەك کوڕێکی گەنج کە لەلایەك دەرکرابوو، لەلاکەی تر زۆر گرنگ بوو، لەلایەك پەراوێزخراو و لەلاکەی تر بەهێز، ناتوانرێت بەئاسانی وێنابکرێت، بەڵام ڕاستی ئەم باسە بەردەست نیەو بەتەواوی دەکەوێتە بەر دنیای بیروڕای بێ بنەماوە.

عالیە لەیادیەتی کە ئوسامە "منالێکی شەرمنو زۆر رێك‌وپێك‌و دڵراگرو هەمیشە هاریکار بووە. هەوڵمدەدا تا فێری ترسی خواو رێزو خۆشەویستی خێزانو دراوسێو مامۆستاکانی بکەم". هەموو ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان دەربارەی سەرەتای منالی ئوسامە پێداگرن لەسەر شەرمنیو بێدەنگی. هەموو هاوینێك لەدواین ساڵەکانی پەنجاکانەوە تا سەرەتای حەفتاکان عالیەو ئوسامە، دواتریش بەیاوەری سێ زڕخوشك‌وبرای لەجەددەوە گەشتیان بۆ (لازقیە)ی شارۆچکەکەی عالیە لە دورگەی ناوەڕاست دەکردو لەگەڵ خانەوادەکەی دایکیدا دەمانەوە. لەوێ خزمان ئوسامەیان وەك کەسێکی هێمنو لەسەرخۆو بێدەنگ تا ڕادەی شەرمنی لەیادبوو. ئەو حەزی دەکرد بەتەنها بێت‌و تەنانەت لەگەڵ پورزاو خاڵۆزاکانیشیدا تێکەڵاو نەدەبوو، هەروەها لەوکاتانەدا کێشەی گفتوگۆکردنی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا کێشەوگرفتی نەدەنایەوەو لەناخیشدا ئەوەندە خۆی دانەخستبوو. بەپێی قسەکانیان ئەوەیان خستەڕوو کە ئوسامە بەزۆری حەزی لەمەلەکردنو ڕاوکردنو ئەسپ سواری بووە.

خانەوادەی غەنیم بەئاستەم پێڕادەگەیشتن، بەر لەهەموو شتێك رەنگە ئەمە هۆکارێك بوبێت تا عالیەی گەنج بەسەر محەمەد بن لادندا بدەن. بەشێکی خێزانەکە لەگوندێکی نزیکدا داری میوەیان چاندبوو کەلەلایەن حکومەتی سوریەوە رێیان پێدرابوو. چەند ساڵێك دواتر حسام ئەلدین ڕایگەیاند کە "ئەگەر چاکسازی کشتوکاڵی نەبوایە" کە ئەم باخەی پێداون کە تەنها بەشی خۆیان دەکات، ئەوا "هیچ شتێکیان نەدەبوو". بەبەراورد، باوەپیارەی ئوسامە لەجەددە موچەیەکی باشی هەبوو، رەنگە ئوسامەش لەماوەی هەرزەکاریدا جاروبار دیاریو خەرجی لەلایەن باوکیەوە وەرگرتبێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەئوسامە ئەوەندە دەوڵەمەند بوبێت دایکی بتوانێت خزمە سوریەکانی پارەباران بکات. هەر کەچەند ساڵێك تێپەڕیو باری دارایی خودی ئوسامە باش بوو، وادەردەکەوت کە لەو جیاوازیە ئابوریەی نێوان خۆیو خانەوادە کەمدەرامەتە سوریەکەی دایکی بێ ئاگابێت. دورگەیەکی بچوك هەبوو لەدەریاچەیەکی بچوکی نزیك لازقیە کە ئوسامە لەگەڵ خاڵۆزاو پورزاکانیدا سەردانیان دەکرد، یەکێك لەمانە بەناوی سلێمان غەنیم دەڵێ " زۆرم حەز لەو دوورگەیە بوو، ئوسامە پێی وتم "دەتوانی بیکڕی تا تیایدا بژی".

محەمەد بن لادن لەساتەوەختی هەرزەکاری ئوسامەدا کەسایەتیەکی دوور بوو لەئوسامەوە، بەلام دەوترێت کەبزوێنەرو هاندەری بووە. زۆربەی بەڵگە پشتپێبەستراوەکان سەبارەت

بەپەیوەندییەکانی ئوسامە لەگەڵ باوکیدا دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی دوای مەرگی باوکی، بەڵام ئەو زانیاریانەی لەبەردەستدان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئوسامە ئەندامێکی تەواو ناسراوی ئەو کورگەلە بووە کە محەمەد جاربەجار کۆی دەکردنەوە بۆ ڕێنوێنی ئاینیو پشکنینی کارەکانیان. ئوسامە وەك کوڕێك وا باس لەناسینی باوکی دەکات کە هۆنراوەی بۆ خوێندۆتەوەو سەردانی پێگەی کارەکەی کردوەو بەنمونەی وەك ئەو دڵخۆش بووە. جەمال خەلیفە، هاوڕێی کۆلێجی ئوسامە، دەگێڕێتەوە: "ئوسامە وەك نمونەیەك سەیری باوکی دەکرد ئەگەرچی زۆر کاتی لەگەڵ بەسەر نەبردبوو، بەڵام زۆری دەربارەی بیستبوو". ئوسامە باش تێگەشتبوو کەباوکی "لەو جۆرە کەسانە نەبووە لەپشت مێز دانیشتبێتو فەرمانی دابێت"، بەڵکو محەمەد بن لادن لەبیابانەکەدا بەدەستەکانی خۆی ئیشی کردووەو سەرکردایەتی راستەوخۆی داوەتە کارمەندە بنەچە جیاوازەکان کەبێگومان ئەمەش دەبێتە شێوازی سەرکردایەتیکردنی ئوسامە.

لەڕاستیدا هیچ بەڵگەیەکی دیاریکراو لەبەردەستدا نیە دەربارەی سەردانی ئوسامە وەك کوڕێکی گەنج بۆ هیچکام لەپێگەکانی کارکردنی محەمەدی باوکیو سەرقاڵی بەکامە لەکارەکانەوە، جگە لەئاماژەپێدانی ناڕاستەوخۆی ناوبەناوی خودی ئوسامە بۆ شارە پیرۆزەکانی سعودیەو ئاگاداری تەواوی کارەکانی باوکی لە قودس. ئوسامە تەمەنی لەنێوان ٦-١٠ ساڵاندا بووە، کاتێك محەمەد خەریکی کاری تێکدانو پاککردنەوەو خاوێنکردنەوەی مەککەی نزیك جەددە بووە. بێگومان دەبێت ئوسامە لەم کاتانەدا سەردانی ئەم شارەی لەکاتی حەجو بۆنەکانی تردا کردبێت. محەمەد لەدوای ١٩٦٥ بەتایبەتی سەرنجو هۆشی خستەسەر شاری ئەسیر کەهەموو هەفتەیەك لەگەشتی ئاسمانی بەردەوامدا بوو بۆی. کۆمپانیاکەی کامپێکی گەورەی ئیشکردنی لەباشووری تایفدا هێشتبۆوە کە چەند کاتژمێرێکی کەم بەئۆتۆمۆبیل لە جەددەوە دوورە، هەروەها کامپەکانی تریش لەدەوروبەری (ئەبها) بوون کە تەنها بەفڕۆکە دەیتوانی بیگاتێ. ئەگەر ئوسامە ئەو شوێنو پێگانەی هەرگیز نەبینیبێت کەبەناو تاوێرە ئاگرینو لوتکەی تاشەبەردەکاندا کرێکارە ئەفریقیو یەمەنیەکانی باوکی ڕێگەوبانی تازەیان تیادا داتاشیوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە گەورەییو گرنگی پرۆژەکانی باوکی لەسنوری باشوردا زانیوە. بێگومان وەك هەموو کەسێکی تری خانەوادەکەی ئوسامە لەساڵی ١٩٦٧دا لەکاتێکدا

کەتەمەنی نزیکەی نۆ ساڵ بوو ئاگادارکرا کەوا باوکی لەتێکشانی فڕۆکەدا لەئەسیر گیانی لەدەست داوە، ئەویش بەهۆی هەڵەیەکی ئاشکرای فڕۆکەوانە ئەمەریکیەکەیەوە بووە.*

ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان دەربارەی خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی ئوسامە پچڕ پچڕە. ئەوە ئاشکرایە کە وەك هەموو زڕبراکانی، باوکی قوتابخانەی ئەویشی مسۆگەر کردبوو. لێدوانە کورتەکانی دایکی پێشنیاری ئەوە دەکەن کە پێدەچێت ئوسامە ئەو شێوازە تایبەتەی فێرکردنی قورئانی خوێندبێت کەدەدرایە گەنجەکانی سعودیە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەك زڕبراکانی وادەردەکەوێت لەسەرەتادا لەو قوتابخانەیەدا بوبێت کە کاریگەری بەرنامەی خوێندنو کلتوری رۆژئاوایان لەسەربووەو بەدڵنیایشەوە هیچ بەڵگەیەك نیە کە ئەو بەدەوامی تەواو لەقوتابخانەیەکی ئایینیدا خوێندبێتی.

لەوکاتەی ئوسامە گەیشتە پۆلی هەشتەم، ئەگەر خوێندکارێکی نایابو سەرنجراکێش نەبوبێت، ئەوا کەسێکی متمانە پێکراو بوو. وادیارە کە حەزی کردبێت هەندێك خوێندنی سەرەتایی لەسوریا بخوێنێت، ئەویش پێدەچێت پەیوەندی بەکورتە سەفەرە ناوبەناوەکانی دایکیەوە هەبوبێت بۆ لازقیە. دایکی لەیادیەتی کەئوسامە "خوێندکارێکی پلە یەك نەبووە، بەڵکو بەپلەی ناوەند لەتاقیکردنەوەکانیدا دەردەچوو، بەڵام هاوپۆلەکانیو دراوسێکان خۆشیان دەویستو رێزیان لێدەگرت".

لەدەوروبەری تەمەنی ١٠ساڵیدا کەهەمان ئەو تەمەنەیە کە ژمارەیەك لەخوشكو براکانی نێردران بۆ قوتابخانەی دەرەوە لە لوبنانو سوریا، ئوسامەش وەك خوێندکارێکی (دەرەکی) لەبرومانا، دەستەبژێری قوتابخانەی کوەیکەر لەباکوری بەیروت، وەرگیرا. پێنج لەخوێندکارەکانی ئەو سەردەمەو بەڕێوەبەرەکانی ئەو قوتابخانەیە بەبەڕێوەبەری قوتابخانەی برومانای سەرەتایشەوە لەچەند چاوپێکەوتنێکی جیادا ئەوەیان راگەیاند کەئوسامە لەناوەڕاستی شەستەکاندا لەوێ وەرگیراوە، بەڵام لەماوەی کەمتر لەساڵێکدا وازی هێناوەو گەڕاوەتەوە ماڵەوە. کەس راینەگەیاند بۆچی ئەم ئەزمونە کورتەی ژیانی دوور لەماڵ شکستی

* پێنج لەو فڕۆکە رفێنەرانەی ئوسامە بەکرێی گرتبوون کە لە ١١ی سێبتێمبەردا فڕۆکەکانیان تێکشکاند خەڵکی ئەسیر بوون. لێرەدا هاوشێوەیەکی سەرنج راکێش هەیە لەنێوان ئەم دوو تێکشکانە ئاسمانیەی کەئەمەریکیەکانو ئەسیریەکان کۆدەکاتەوە کە لەماوەی دوو سێبتێمەری سیو چوار ساڵ جیاواز لەیەکدا رویاندا.(وەرگێڕ)

هێنا، بەڵام ئاشکرایە لەبەر رەفتاری خراپو نمرەی خراپ نەبووە. (رەنی باز) کە لەدەستەی کارگێڕی قوتابخانەکە بوو، گێڕایەوە، پێش هاتنی ئوسامە بۆ برومانا لەقوتابخانەیەکی بنەڕەتی لوبنان وەرگیرابوو.

(ئێمیلی سەوایا)ی سەرۆکی قوتابخانەی بنەڕەتی برومانا لەشەستەکاندا، دەڵێت، ئەوکاتەی ئوسامە گەیشتە لایان تەمەنی نزیکەی ١٠ساڵ دەبوو، هەندێك لەزڕبراکانیشی لەوێ بوون. سەوایا دەڵێت "ئوسامە بێ دەنگو لەسەرخۆو زۆر بەڕەوشتو گوێ رایەڵ بووەو زۆریش تێدەکۆشا".

رەنگە ئوسامە لەلوبنان بووبێت کاتێك باوکی مرد. سەوایا رایدەگەیەنێت کە ئەوەندەی پێنەچوو دوای کۆچی محەمەد، سالم سەردانی کردن، سەوایا پرسیاری لەکارگێڕێکی قوتابخانەکە کرد کەئایا ئێستا سالم چاودێری کوڕەکانە؟ پێی راگەیەنرا کە "ئەو نیە بەڵکو شا فەیسەڵ چاودێری فەرمیاینە". سەوایا ووتی، سالم براکانی بینی "ئەوەی سەیرە براکانی خۆی نەدەناسیو دەبوایە ئێمە پێی بناسێنین. کاتێك هاتە ژووری پێشوازییەوە ئەوان دەستیان ماچ کرد". بەڕێوەبەری قوتابخانە بنەڕەتیەکە "ئوسامەو براکانی ناساند".

ئەحمەدی زڕبرای ئوسامە باسی سەردانی بەیروتی لەگەڵ ئوسامەدا لەوکاتەی تەمەنی ١٢ ساڵ بووە کردو ووتی"ئوسامە ئێمەی دەبرد بۆ سینەماو سەیری فیلمی کاوبۆیو کاراتیمان دەکرد". پاش ئەوەی ناوی زڕا، پڕوپاگەندە وابلاوبووەوە کەئوسامە وەك هەرزەکارێك یانەی شەوانی رابواردنی بەیروتی پێخۆش بووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەك لەبەردەستدا نیە تا ئەمە بسەلێنێت. ئەم پڕوپاگەندانە رەنگە لەئاکامی بونی ئوسامە بوبێت لەلوبنان وەك نەوجەوانێك لەگەڵ شێوازی ژیانی هەندێك لەزڕبرا گەورەکانی لەسەرەتای حەفتاکاندا.

پاش وازهێنانی ئوسامە لەبرومانا، وادیارە ماوەیەك لەلازقیەی شارۆچکەکەی دایکی بوبێتو یەکسەر مەرگی باوکی بەدوایدا هاتبێت. سلێمان ئەلکاتبی مامۆستای ئینگلیزی لە لازقیە دەگێڕێتەوە کە ئوسامە "مردنی باوکی کاری تێکردو زۆر تەنها بوو". لەسێبتێمبەری دواتردا گەڕابووەوە ماڵی دایکی لەجەددە. دوای کۆچی باوکی بەگوتەی خالید بەتاریفی "دایکی هەمیشە لەلای بووەو ئوسامەش زۆر گوێڕایەڵی بووە". بەتاریفی پێی وابوو وابەستەبونی ئوسامە بەدایکیەوە، "رەنگە هۆکاری نزیك نەبونی بووبێت لەباوکیەوە".

عالیـە ئوسـامەی خسـتە قوتابخانەیـەکی نـاوخۆی دەسـتەبژێری تایبـەتی جـەددەوە بـەناوی (قوتابخانەی ئەلثغری نمونەیی) کەشانازی بەبەرنامەی خوێندنە مۆدێرنەکانیەوە دەکردو تاکە قوتابخانـەش بـوو لـە عەرەبسـتانی سعودی کـەدەیتوانی خـۆی بـەراورد بکـات بەشـوێنێکی وەك بروماٮا. ئوسامە لەساڵی ١٩٦٨داو نزیکەی دوای ساڵێك لەتێکشکانی فڕۆکەکەی باوکی چووە ئـەو قوتابخانەیـە کەپێدەچـێت لـەپۆلی پێـنج یـان شـەش بووبێـت. ئـەو لەلوتکـەی باڵقبونـدا بـوو کەتورەیی‌و هەڵچون تیایدا بزوا کەپێدەچێت بـەهۆی لەدەسـتدانی باوکیـەوە بووبێـت. ئوسـامە ماڵـە ئاسـودەو باوەپیـارە نەرمونیانەکـەی بـەدڵ بـوو، بـەڵام وەك میراتبـەرێکی محەمـەد، دوور لەزڕبراکانی، لەماڵی دووەم، ماڵی دایکیدا مایەوە. ئوسامە لـەنێوان هـەردوو هەسـتی بـایۆلۆژی‌و داراییەوە حاڵـەتێکی تایبـەت دەژیـا. شـتێکی ئاسایی‌و دروسـتە ئەگـەر وادابنرێـت ئـەو بـەدوای رێنیشاندەردا دەگەڕا. بەهەرحاڵ ئەو وێنەیـەی بـاوك کـە لـە ئـەلثغر رووبـەڕووی بـۆوە ژیـانی گۆڕی.

ئەلثغر کەوتبووە سەر چەند دەرزەنێك (ئەیکەر)*ی رووتەڵان کە بـەدرەختی یوکـالیپتۆس* دەورەدرابوو کە لقەکانی بەبایەکانی دەریای سوور تێکـاڵابوون. حـەرەمی قوتابخانەکـە لـەرێگای کۆنی مەککەوە لەنزیك ناوشاری جەددەوە بەباکوردا بڵاوببـوەوە. بینـای سـەرەکی قوتابخانەکـە دووقـاتی لاکێشـەیی بـوو کـە لەبـەردو کۆنکرێـت لەشـێوازێکی مـۆدێرنی بـێ تایبەتمەنـدی دا دروسـتکرابوو. لـەناوەوەدا، داڵانـەکان دوو راڕەوی پۆلـەکانی پێکـەوە بەسـتبوو: راڕەوێکیـان بـۆ خوێندکارە ناوەندییەکان بوو کە ئوسامە لـەوێوە دەسـتی بەخوێنـدن کـرد، ئـەوی تریشـیان بـۆ قوتابخانە ئامادەییەکە دەڕۆشتو لەنێوانیشیاندا حەوشەیەکی فراوان هەبوو. لەقاتی دووەمەوە خوێندکارەکان خۆیاندەدا بەسەر بالکۆنەکەداو هاوارو قیژەیان لەهاوپۆلـەکانی خـوارەوە دەکـرد یان تۆپەڵە کاغەزیان تێدەگرتن. زۆربەی خوێندکارانی ئەلثغر وەك ئوسامە هاتوچۆیان دەکـرد، لــەدەرەوەی شــارەوە بــۆ قوتابخانەکــەیان لــەناو شــار، بــەڵام هەنــدێکی تــر هــەبوون کــە لەقوتابخانەکـەدا دەمانـەوەو لـەقاتی دووەمـدا دەژیـان هـەروەك چـۆن هەنـدێك لەمامۆسـتا بیانیەکانی قوتابخانەکە لەوێدا دەژیان.

---

*یەك ئەیکەر یەکسانە بە ٤٠٤٧ مەتر دوجا (وەرگێڕ)

* یوکالیپتۆس: جۆرە دارێکی هەمیشە سەوزە. بەڕەسەن ئوسترالیەو بەکاردێ بۆ دەرهێنانی ڕۆنی پزیشکی لەگەڵاکانیەوە. (وەرگێڕ)

حکومەتی سعودی پشتگیری دارایی‌و دابینکردنی ستافی ئەلثغری گرتبووە ئەستۆو لەماوەی ساڵانی شەستەکان‌و سەرەتای حەفتاکاندا قوتابخانەکە ناوبانگی شوێنێکی تایبەتی هەبوو بۆ کوڕی بازرگانەکان‌و خانەوادەی شاهانە. لەناوەڕاستی شەستەکاندا محەمەد بن لادن ناوبەناو سەردانی قوتابخانەکەی کردووە لەکاتێکدا کەجێگای پارەکۆکردنەوە بووە بۆ کۆمەکی دامەزراندنی یەکەم زانکۆی جەددە کەبووە زانکۆی شا عەبدول عەزیزو دواتر ئوسامەی تیا وەرگیرا. ئەلثغر تاقیکردنەوەی قورسی وەرگرتنی خوێنکاری دانابوو، هەر سعودیەکیش دەیتوانی ئەو تاقیکردنەوەیە بکات‌و هەندێك خوێندکاری ئیشکەریش کەتوانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن لەو تاقیکردنەوانەدا، لەقوتابخانەکە وەرگیران‌و شانبەشانی کوڕە دەوڵەمەندەکان دەستیان بەخوێندن کرد.

ئەلثغر بەمانای (لانە) دێت‌و لەسەرەتای پەنجاکاندا لە تایف لەلایەن فەیسەڵەوە دامەزراوە، قوتابخانەکەش، کاتێك فەیسەڵ لەساڵی ١٩٦٤دا حەرەمێکی گەورەی لەجەددە بۆ دامەزراندو ساڵانەش لەبودجەی نیشتیمانی چەند ملیۆن ریاڵێکی بۆ تەرخان دەکرد، باشتر خۆی گرت. کەمال ئەعزەمی، خەزورە تورکەکەی فەیسەڵ پرۆژەکەی لاگرنگ بوو بۆیە بەرەو بەریتانیا رۆشت‌و چاوی بەکاربەدەستانی حکومەت کەوت‌و داوای کۆمەکی لێکردن‌و پێی راگەیاندن کەپێیوایە دەبێت قوتابخانەکە لەسەر شێوازی نەخشەی کۆلێجی ڤیکتۆریا لەخەرتومی سودان کەکاریگەری بەریتانیای لەسەر بووە دروست بکرێت. دواتر کە ئوسامە بوە خوێندکار تیایدا، قوتابخانەی نمونەیی ئەلثغر، ناوە فەرمیەکەی، نمایشێکی رەوتی تازەگەرێتی فەیسەڵ بوو بەتایبەتیش زانست‌و میتۆدی پەروەردەی خۆرئاوای لاگرنگ بوو. ئەوە تاکە قوتابخانەی جەددە بوو لەساڵی شەستەکاندا ساردکەرەوەو گەرم کەرەوەی تێدابێت، لەساڵەکانی دواتریشدا یەکەمین ژووری کۆمپیوتەری شاهانەی لەخۆگرت. خوێندکارەکان جلی خۆماڵی تەنورەو کڵاویان لەسەرنەدەکرد، بەڵکو یەکپۆشێکیان لەبەردەکرد کە لاسایکردنەوەی شێوازی قوتابخانە ئامادەییەکانی بەریتانیاو ئەمەریکا بوو کەبریتی بوو لەکراسی یەخە قۆپچەدارو بۆینباخ‌و پانتۆڵی رەساسی‌و قۆنەرەو پێڵاوی رەش‌و لەمانگەکانی زستانیشدا چاکەتی رەشباو.

هەموو ساڵێك لەقۆناغێکدا نزیکەی ٦٠ خوێندکار دەردەچوو. هەموو بەیانیەك خوێندکارەکان لەریزدا کۆدەبونەوەو لەشێوەی فەرمانی سەربازیدا بانگدەکران، مامۆستایەکیش لەسەر کورسیەك دانیشتبوو، سزای ئەو کوڕانەی دەدا کەهاروهاجیان کردبوو، بەدار دەیکێشا

بەبنی قولەپێ پەتیەکەیاندا. پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکە فێربونی زمانی ئینگلیزیو خولە پێویستەکانی بیرکاری لەخۆگرتبوو کە لەلایەن مامۆستا ئێرلەندیو بەریتانیەکانەوە دەوترانەوە. لەهەمانکاتیشداو بەهەمان شێوەی هەموو دامودەزگاکانی سعودیە، ئەلثغر پەیڕەوی نەریتی ئاینی ئیسلامی دەکردو ئاینیشی وەك وانەیەکی سەرەکی فێرکردن دانابوو. لەنوێژی نیوەڕۆیاندا خوێندکارەکان پێکەوە نوێژیان دەکرد.

کاتێك ئوسامە چووە قوتابخانەکە لەبەرئەوەی درێژ بوو هەردەم لەبەرچاو بوو، بەڵام کەسایەتیەکی کەمدوو بوو. ئەو لەلای پەنجەرەکەوە دادەنیشت لەسوچی دواوەی پۆلەکەدا کەبەسەر یاریگای قوتابخانەکەدا دەیڕوانی. (بریان فایفیلد شایلەر)ی بەریتانی لەقوتابخانەکەدا وانەی ئینگلیزی ئاست مامناوەندی دەوتەوە، "هەوڵمدەدا لایەنەکانی قسەکردنی زمانەکە بخەمەڕوو، بۆ سەرکەوتنی کارەکە خوێندکارەکە دەبێت خۆی بۆ هەڵەکردن ئامادەبکاتو خۆیان نمایش بکەن. ئوسامە تاڕادەیەك شەرمنو نەدووبوو پێدەچوو کەمێك لەهەڵەکردن ترسابێت، ئوسامە لەڕادەبەدەر رێکوپێك بوو، لەتێکڕای خوێندکارەکانی تر رێکوپێکتر بوو ئەمەش رەنگە بەهۆی شەرمنتربونی ئوسامە بوبێت لەزۆربەی خوێندکارەکانی تر". (شێیمەس ئۆبرێین) پیاوێکی ئێرلەندی بوو، لە ئەلثغر وانەی ئینگلیزی دەوتەوەو ئوسامەی وا کەوتەوەیاد کە"کوڕو خوێندکارێکی باشو هیچ گرفتێکی نەبووەو کەسێکی بێدەنگ بووە، پێم وایە ئاوی مەنگ ژێری قوڵە". ئەحمەد بەدیب مامۆستایەکی ترەو لەیادیەتی کەئوسامە لەڕووی ئەکادیمیەوە ئاستی مامناوەندی بوو کەهاوتایە لەگەڵ ئاستی دایکی ئوسامەدا.

لەدەوروبەری ١٩٧١ یان ١٩٧٢دا کاتێك ئوسامە لەپۆلی هەشت یان نۆ بووە بانگێشت کرا بۆ چونە نێو گروپێکی خوێندنی ئیسلامی لەدوای کاتی قوتابخانە. ئەم گروپە لەلایەن یەکێك لەمامۆستا سوری-یەکانی وانەی وەرزشی قوتابخانەی ئەلثغر رابەرایەتیان دەکرا کەلەقاتی دووەمی سەر حەوشەکە دەژیا. لەوسەردەمەدا لەقوتابخانە ئامادەییەکانو زانکۆکانی سعودیەدا هەبونی مامۆستا میسریو سوریەکان شتێکی باو بوو، زۆربەشیان لەگروپە ئیسلامیە سیاسیە بیروباوەڕ جیاوازەکانی وڵاتەکانیاندا تێوەگلابوون. هەندێك لەم مامۆستایانە ئەندامی ئیخوان موسلمین یاخود کاریگەری ئەویان لەسەر بوو، کەرێکخراوێکی ئیسلامیە لەساڵی ١٩٢٨دا لەمیسر لەلایەن مامۆستایەکی قوتابخانە بەناوی حەسەن ئەلبەننا دامەزراوە. لەسەرەتادا ئیخوان بزوتنەوەیەکی مەیلداری ئاینی بوو لەدژی فەرمانڕەوایی داگیرکاری بەریتانیا لەمیسر

وەستانەوە، دواتریش سەرکردەکانی لەخەبات بەردەوام بوون دژی ناسر. لەو رێبازەی ناسر دەربارەی ئیخوان گرتیەبەر نۆبەپێکردنی رێکەوتنو سەرکوتکردنی دڕندانە بوو. هەندێك لەرێکخەرانی ئیخوان بەزۆر لەوڵات دورخرانەوەو ئەوانیش دەستیان کرد بەپێکهێنانی بەشێکی نوێ لەجیهانی موسوڵماندا. ئامانجی ئەوان لابردنی سەرکردە عەرەبە عەلمانیو ناسیۆنالیستەکانو جێگرتنەوەیان بەحکومەتی ئیسلامی بوو، هەمیشە بەپەنهانی کاریان دەکرد. بەشێوەیەکی سەرەکی بزوتنەوەکە ئەندامەکانی لەخانەوادە رۆشنیرو دەستەبژێرەکانی ناو کۆمەڵگە دادەمەزراند. ئامانجەکانیان بریتی بوون لەسەپاندنی یاسای قورئان لەکۆمەڵگە موسوڵمانەکانو بەتواناکردنی زانایانی ئیسلام وەك سەرپشکی کلتوریو دەرکردەی دادپەروەری. بۆ چەندین ساڵ ئیخوان موسلمین بەئاشکراو نهێنیش لەرێی کەمپینی سیاسی ئاشتیخوازانەو هەروەها پشتگیریان بۆ توندوتیژی، کاریان دەکرد.

شا فەیسەڵ بەهەندێك گومانەوە دەیڕوانیە ئیخوان، بەدڵنیاییەوە ئەویشو ئەندامانی خانەوادەی شاهانە، ئاگاداری حەزی بەتینی ئیخوان بوون بۆ رێکخستنی سیاسیان لەسنورەکانی وولاتدا. لەگەڵ ئەوەشدا لەهەڵمەتێکیدا بۆ بەرگرتن لەناسر لەدژایەتیکردنی ئیسلام، فەیسەڵ لای وابوو مامۆستا دورخراوەکانی ئیخوان سامانێکی باشن. ئەو بەزوترین کات خوازیاری رۆشنیرکردنی دانیشتوانی سعودیە بوو، هیچ مامۆستایەکی هاوڵاتی نەبوو تاپشتی پێ ببەستێ. ئەو مامۆستایانەی کاریگەری ئیخوانیان لەسەر بوو دەستەیەکی گرنگ بوون بەتایبەتی لەنێو ئەو رۆشنبیرانەی لەسوریاو میسرەوە هاتبوون.

لەدامەزراندنی پاڵێوراو بۆ گروپی خوێندنی ئیسلامی دوای قوتابخانەدا، مامۆستا سوریەکەی وەرزش لەقوتابخانەی ئەلثغر پەنای بردە بەر ٥ یان ٦ کوڕو هەڵیفریواندن بەبەڵێنی بایەخ پێدانی زیاترو رێکخستنی یاری وەرزشی. مامۆستاکە "باڵابەرزو گەنجو لەکۆتایی تەمەنی بیست ساڵیدا بوو، زۆر لەشولارێکی رێکی هەبوو". ئەمە گوتەی هاوپۆلێکی ئوسامەیە کە ئەندامی ئەو گروپەی خوێندن بوو. هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە"مامۆستاکە ریشی هەبوو، بەڵام وەك مەلا ریشی درێژ نەبوو. ئەو لەکەسێکی ئاینی نەدەچوو، وەك وەرزشەوانێك بەرێگەدا دەڕۆشت، قنجو خودباوەڕ بوو. زۆر خۆشەویستو سەرنجراکێشو تێکەڵاو بوو. وەك پلانێك گاڵتەو شۆخی دەکرد بۆ شکاندنی بێدەنگی ئەگەرنا زۆر نهێنی پارێز بوو".

"هەنـدێکمان وەرزشـەوان بـوینو هەنـدێکی ترمـان وا نـەبوون". هاوپۆلەکـە سـەرەتای ئەنـدامێتی گروپەکـەی لـەیادبوو کـە جگـە لـەبن لادن، کوڕەکـانی ژمارەیـەك لەخانـەوادە ناودارەکـانی جەددەشـی لـەخۆگرتبوو. مامۆسـتا سـوریەکە "بەڵێنیـدا کەئەگـەر بماینایەتـەوە دەمانتوانی ببینە بەشێك لەیانە وەرزشیەکەو یاری دووگۆڵیمـان بکردایـە". مـن زۆرم حـەز لـە دووگـۆڵی بـوو، بۆیـە، لـەدوای قوتابخانـە، لەکاتـژمێر ٢ تـا ٥ لەگەڵیـدا دەماینـەوە. کەدەسـتمان پێکـرد، باسـی لـەوەکرد لەسـەرەتای دانیشـتنەکەدا هـەموو رۆژێـك ماوەیـەکی کـەم لـەژوورەوە دەمێنینەوە بۆ لەبەرکردنی چەند ئایـەتێكو دواتـریش دەتـوانین دووگـۆڵی بکـەین. بیرۆکەکـە ئەوە بوو کەئەگەر هەموو رۆژێك پێش دووگۆڵی چەند ئایـەتێکمان لەبەربکردایـە تائەوسـاتەی قوتابخانەی ئامادەیمان تـەواو دەکـرد تـەواوی قورئانمـان لەبـەرکردبوو کەئەمـەش جیاوازیـەکی تایبەتە.

هاوپۆلەکـەی لەیادیـەتی کـە"ئوسـامە خوێنـدکارێکی رێـزدار بـوو، گۆشـەگیر بـوو، بـەڵام راستگۆودەست پاك بوو. ئەگەر لەفەیەکت بهێنایە بۆ قوتابخانەو لەسەر مێزەکەت دانایـە وەك گاڵتەیـەك دەیـان دزیو دەیـانخواردو ئەمـەش شـتێکی بـاو بـوو. ئێمـە شـتە بەنرخـەکانمان لای ئوسامە دادەنا لەبەرئەوەی هەرگیز فێڵی نەدەکرد. ئـەو ژیـرو کۆششکار بـوو، غـەشو قۆپیـەی نەدەکرد، بەڵام کاغەزەکەشی نەدەشاردەوە ئەگـەر ئـەوانی تـر بیانویسـتایە لەپشـتیەوە سـەیری بکەن".

هــەروەك مامۆســتاکە بــەڵێنی دابــوو، لەســەرەتادا گروپــی خوێندنەکــە پێشــکەوتن. "دادەنیشتینو هەندێك ئایەتی قورئانمان دەخوێندەوەو گفتوگۆی ئـەوە دەکـرا کەچۆن دەبێـت لێکبدرێتـەوەو زۆر بیروبۆچـون دەخرانـە روو، پاشـان دەینـاردین بـۆ گۆڕەپانەکـە. ئـەو کلیلـی شتەباشـەکانی پێبـوو، ئـەو لۆکەرانـەی تـۆپو کەلوپەلـەکانی وەرزشـی تیاهـەڵگیرابوو، بـەڵام لەئاکامدا بەشە وەرزشیەکە رێکنەخرا. لەوەش بەدەر، دووگۆڵیەکی رێکوپێك نـەبوو. سـەرەنجام هەر دووگۆڵی دووکەسیم دەکرد کەخۆشیەکی ئەوتۆی تیانەبوو".

بەتێپەڕبونی کات گروپەکە زیـاترو زیـاتر لـەژوورەوە دەمایـەوە. هاوقوتابخانەکـەی بـن لادن رایگەیاند، دوای نزیکەی ساڵێك هەستی بەبێزاریو گیرۆدەیی کـرد، بـەڵام لەودەمـەدا گروپەکـە هەستێکی برادەرانـەیان لـەناودا دروسـت بووبـوو کـەبن لادن وەك هاوبەشـێکی پابەنـد تیایانـدا دەرکـەوتبوو. وورده وورده هـەرزەکارەکان لـە لەبـەرکردنی قورئـان وەسـتانو دەسـتیان کـرد

بەخوێندنەوەو تاوتوێ کردنی حەدیسەکان کەبریتین لەچیرۆکە لێکدراوەکانی ژیانی محەمـەدی پێغەمبەرو لەسەرچاوەی هەمەجۆرەوە وەرگیراون‌و بەشێوەیەکی ئاسایی دەکۆڵنـەوەو یارمـەتی رونکردنەوەی ئەو بیرۆکانە دەدات کە لەلایەن قورئانەوە راگەیەنراون. دانیشتنەکانی خوێندنی دوای قوتابخانــە لــەژووری مامۆســتای وەرزشــە ســوریەکە دەبەســتراو لەناوەراســتی ژورەکــەدا مـۆمێکی لەســەر مێزەکـە دادەگیرسـاندو کورەکـان بەئوسـامەوە لەســەر ئەرزەکـە دادەنیشـتن‌و گوێیان دەگرت.

هاوقوتابخانەکە لەیادی بوو، مامۆستا سوریەکە ئەو چیرۆکانەی دەگێرایەوە کە بەپێی کـات‌و شوێنەکە لێڵ‌و نادیاربوون‌و بـەروونی لەسـەردەمی پێغەمبـەردا وەك حەدیسـە کۆنـەکان رویـان نـەدابوو. مامۆسـتا سـوریەکە بـەزۆری "چـیرۆکی توندوتیـژی دەگێرایـەوە کـەوەك موگنـاتیس کاریگەر بوون" بەپێی قسەی هاوقوتابخانەکە.

هاوقوتابخانەکەی ئوسامە بەتایبەتی چیرۆکێکی لەیادیدا مابوو ئـەویش دەربـارەی "کـورێکی هاوتەمەنی ئێمە بوو کـە خـوای خـۆی دۆزیبـۆوە. کورەکـە دەیویست خـوا لـەخۆی رازی بکـات، بەڵام بـۆی دەرکـەوت کـەباوکی رێگریـەتی‌و کاتێـك دەچـوو بـۆ نوێـژ بـاوکی بەرماڵەکـەی لـەبن پێیەوە رادەکێشا، مامۆستاکە بەهێواشی چیرۆکەکەی دەگێرایـەوە، بـەڵام لـەکاتی رۆشـتن بـەرەو لوتکەی چیرۆکەکە ئاماژەی بۆ کورەکە دەکردو دەیوت "ئەم کورە ئازایە، ئەم کورە چاکخوازە". بەهـەرحاڵ باسـی لـەوەکرد باوکەکـە تفـەنگێکی هـەبوو، بیسـت خولـەکێکی پێچـوو تـا کورەکـە ئامادەبوو، هـەنگاو بەهـەنگاو گوللـەکانی کـردە تفەنگەکـەوە، بەتـەمای پلانێـك بـوو. لەکۆتایـدا کورەکە باوکی کوشت". هەرکە ئەم کارەی گێرایەوە مامۆستاکە بەدڵ ووتی " سوپاس‌و سـتایش بـۆ خـوا، ئیسـلام لـەو ماڵـەدا رزگـاری بـوو". هـەروەك هاوقوتابخانەکـە گێرایـەوە "تەماشـای کورەکانی ترم کرد، کورە پانزە ساڵەکان دەمیان کردبـۆوە. بەبەخشـندەیی خـودا لـەدڵی خۆمـدا ووتم نەخێرو هەستی دوودڵیم تیا دروست بوو. یەکسەر بیرم لەبەهانە هێنانەوە کـرد تـا چـۆن بتوانم نەیەمەوە".

رۆژی دواتر نەچووەوە، بەڵام بۆ دوای چەند ساڵێك بینی ئوسامەو ئەوانی تـر لەگروپەکـەی پێشودا، کەبەردەوام بوون لەخوێندن لەگەڵ مامۆستای وەرزشەکە، بەئاشکرایی شێوازو نـەرێتی هـەرزەکارێکی چـالاکوانی ئیسـلامیان هـەڵگرتبوو. ریشـە تـازە هاتووەکـەیان درێـژ کردبـوو، پانتۆلەکانیان کورت کردبۆوە، کراسـەکانیان ئوتـو نـەدەکردو بـەناوی لاسایکردنەوەی شـێوازی

جلوبــەرگی پێغەمبــەر روو لەهەڵکشــان بــوونو وانــەیان دەدا یــان مشــتو مرِیــان لەگــەڵ خوێندکارەکانی تری ئەلثغر دەکرد سـەبارەت بەپێویسـتی خێـرای گێرانـەوەی یاسای بێگـەردی ئیسلام لەجیهانی عەرەبی دا.

لەسەردەمی ساڵەکانی قۆناغی ئامادەیی ئوسامەدا، ئەلثغر لەمیانەی کلتورێکی سیاسی سستی عەرەبستانی سعودی بووبووە شـوێنێکی گـەرموگوڕی مشـتومڕ لـەنێوان خوێنـدکارە ناسـریەکان کەپاڵپشــتی عەرەبــە ناســیۆنالیزمەکانیان دەکــردو خوێنــدکارە ئیخوانــەکان کەدەمــەقاڵێی گێرانــەوەی ئیسـلامییان لەسیاســەتی عەرەبیــدا دەکـرد. بەووتــەی ئەحمــەد بــەدیب ئوســامە بەئاشکرایی لەم کەمپەی دوایدا بوو. لـە قوتابخانـە پەیوەنـدی بەکۆمیتـەی ئایینیـەوە کردبـوو. خالید بەتارفی لەیادی بوو "ئوسامە ئەندامێکی ناودار بـوو. ئـەو گروپـە کاریگـەری ئیخوانیـان لەسەر بوو. ئەویش کاریگـەری ئـەم فەلسـەفەیەی لەسـەر بـوو". بەهـەژماری بـەتارفی لەلایـەن جەمال خاشوگیەوە پاڵپشتی لێکرا کـە لەسالآنی هەشـتاکاندا ئوسـامەی ناسـیبوو رایگەیانـد، " ئوسـامە وەك برایـەکی موسـوڵمان دەسـتی پێکـرد". بـەو مانایـەی بەشـێوەیەکی فـەرمی لـەناو بزوتنەوەکەدا لەسەردەمی هەرزەکاریدا یان کەمتر دوای ئەوە دامەزرێنرا.

خاشـوگی کـە ماوەیـەك سـەر بـە ئیخـوان بـووە رایگەیانـد "ئیخـوان بریتیـە لەئەنـدامێتیو ئاسـاییانە تیایـدا هەڵدەبـژێردرێیت". ئەوانــەی دامــەزراون "بەچـەند قۆنـاغێکی جیـاوازدا دەڕۆن". کۆبونـەوەی هەفتانـەو رێنـوێنی ئـاینی رەنگـە دوو سـاڵ بـەردەوام بێـت پـێش ئـەوەی کەسێکی دامەزراو بانگێشت بکرێت بۆ کۆبونەوەی تایبـەتو دەڵێن "دەتـەوێت ببیتـە بەشـێکی ئیخـوان موسـلمین؟ " کەسـەکەش بـەزۆری دەڵێـت بـەڵێ، لەبەرئـەوەی هەسـت بـەوە دەکـات کەکاتیەتی ببێتە بەشێك لە بزوتنەوەکە. دامەزراندن لەئیخواندا هەردەم بەنهێنیەو پۆلـەکانی ئەنـدامێتی بەتێپـەڕینی کـات لەووڵاتێکـەوە بـۆ ووڵاتێکـی تـر گـۆڕاون. بەڵگەیـەکی ئاشـکرا لەبەردەسـتدانیە سـەبارەت بـەوەی لـە چ کـاتو رێگەیەکـەوە ئوسـامە بەشـێوەیەکی فـەرمی پەیوەندی پێوە کردون، بەڵام ئیخوان ئاساییانە تەنها کەسانی پێگەشتوو دەگەیەنێتـە ئەنـدامی تەواو، کەواتە بەزۆری وادەردەکەوێت چالاکی قوتابخانەکەی وەك جۆرە شـاگردیەك بوبێـت بـۆ زیاتر بەشداریکردنی فەرمیانە لەبزوتنەوەکەدا دوای گەیشتنە زانکۆ.

لەودەمەی گەیشتە باڵق بوون، رەگی ئیخوانـە میسـریەکانو بایەخپێـدانی چـالاکی سیاسـیان کاریگـەریان خسـتە سـەر رەوتـی ژیـانی ئوسـامە. لەقوتابخانـەی ئامادەییـدا هەرچـەندە رەنگـە

پەیڕەوەکانی ئیخوان قورس بێت بۆ جیاکردنەوەی لەپێداگری گشتی لەسەر جگەرسۆزی ئاینی کەفەیسەڵ لەسعودیەدا بەرەوی پێدا وەك خەمرەوێنێك دژی بزوتنەوەی ناسریەت. بەشێوەیەکی گشتی لەبەر سەرکوتکردنی رێکخستنی سیاسی لەشانشینەکەدا لەلایەن خانەوادەی شاهانەی سعودیەوە، زانا ئایینیەکان هەمیشە دوردەکەوتنەوە لەدەرخستنی سیاسەت، لەبری ئەوە سەرنجیان دەخستنە سەر بابەتە تیۆریەکانی نوێژو دابونەریتە ئیسلامیەکانو رەفتاری تایبەتی موسوڵمانیان لاپەسەند بوو. خالید بەتاریف رایدەگەیەنێت کە گروپی بن لادن لە ئەلثغر تارادەیەك کاریگەر بوو بەپێداگری لەسەر گەڕان بەدوای ژیانێکی راستەقینەی ئیسلامدا، بەڵام هەڵگری "چالاکوانێکی زیاترو ئەجێندایەکی سیاسی" وەرگیراو بوون لەئیخوانەوە. سەعود ئەلفەیسەڵی کوڕی شا بووە وەزیری دەرەوەی عەرەبستانی سعودی، چەند ساڵێك دواتر سکاڵای ئەوەی کرد کە ئەو میواندارێتیەی لەمامۆستا ئیسلامیەکانی میسرو سوریا کرابوو بەبانگەوازی سیاسی خراپ بەکاریان هێنابوو.

"ئێمە راستگۆیانە مامەڵەمان لەگەڵ کردن ئەوانیش فرِوفێڵیان لێکردین".

لەحوزەیرانی ۱۹۷۳دا کاتێك ئوسامە لەتەواوکردنی پۆلی دەیەمدا بوو، باڵیۆزی بەریتانیا لەسعودیە راپۆرتێکی نهێنی بەناونیشانی "گەنجانی عەرەبستانی سعودی" بۆ وەزارەتی دەرەوەو یەکێتی وولاتانی سەر بە بەریتانیا نارد. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئەوەی خستبووە ڕوو، خوێندنو پەروەردەی ئوسامە زۆر نائاسایی بووە کەرەنگە زیاتر ئایدیۆلۆژی بووبێت بەبەراورد بەهەندێك لەهاورێکانی. باڵیۆزەکە نوسیبووی:

"خانەوادەی شاهانە راستەوخۆ لەبەردەم هەرِەشەی پۆستەکانیانن لەرێی پەروەردەوە ئەگەر بیروڕای مۆدێرن وا بەئازادانە رێگەیان پێ بدرێت لەقوتابخانەکانەوە هەڵقوڵێن کە ئەوان بەرهەڵستی دابونەریتو بیروڕای کۆنیان دەکرد. لەئاکامی بەتوندڕەوی خوێندنی تایبەتمەندیەکانی ئیسلام، خانەوادە ناودارەکان دان بەوەدادەنێن کە لەبەرچی قوتابخانەکانی دەرەوەیان هەڵبژاردووە تا منداڵەکانیانی بۆ بنێرن. بۆ نمونە بۆ لوبنان ئەویش هەر لەبەر ئەوە نیە کە قوتابخانە تایبەتەکانی ناوخۆ کەموکوڕییان لەکوالیتی فێرکردن هەیە، بەڵکو لەبەر ئەو راستیەی پرۆگرامی خوێندنە کەهێندە ئاخنراوە بەخوێندنو فێربونی ئاینی، هیچ بوارێکی بۆ مناڵەکان نەهێشتبووەوە تا شارەزاییەکی ئاسایی لەبابەتەکانی تردا وەربگرن".

راپۆرتەکە باس لەوەدەکات چۆن ئەم هەرزەکارانە لەم خوێندنگە دەستەبژێرە ناوخۆییانـەدا فێرکرابـون تـا لەپێگـەی عەرەبسـتانی سـعودیو لەدنیایـەکی بـەرفراوانتردا لەشـارە پیرۆزەکـان تێبگەن:

"دەبێـت خـودا هۆکارەکـانی دەوڵەمەنـدکردنی بەسـەر زەویـە پیرۆزەکەیـدا لـەرێی نەوتـەوە، وەك بەشێکی سروشتی پلانەکەی، بەخشیبێت بـۆ بوژاندنـەوەی دنیایـەکی ئیسلامیی. نەخشـە ئیسلامیەکانی ناو پۆلە ناوخۆییەکان، سعودیە لـەناو چـەقی جیهانـدا دەردەخـەنو دوو بازنـەی هاوچـەقیش بـەدەوری مەککـەدا کێشـراون. ووڵاتـە عـەرەبو ئیسـلامیەکانی تـر بەسـەوزی کـاڵ رەنگکرابـوونو ئـەو ووڵاتانـەی کەمینـە موسـوڵمان بـوون ووردە ووردە سـەوزیەکەیان کـاڵتر دەبوەوە. زۆربەی بەشەکانی تری جیهان تەنانەت ناویشیان نەهێنرابوو".

چەند ساڵێکی کەم دواتر ئوسامە لە ئەلثغـر وەرگیرا، لەگـەڵ خێزانەکەیـدا گواسـتیانەوە بـۆ خانویـەکی تـازەی خۆشـی دەرەوەی شـار لەدەوروبـەری ئەلموشـەریفەی جـەددە کـە لەوکاتـەدا تـازەترین ناوچـەی دانیشـتوانی شـارەکە بـوو. گەرەکـەکانی قیرتـاو نـەکرابوونو پارچـە زەوی بیابانی ووشکەلاتوو خانوەکانی لێك جیادەکردەوە کە کوڕەکانی ئەو گەڕەکە تۆپێنو یاریـەکانی تریان تیادەکرد. زەوی ناوچەکە  کەمێك بەرزتر بوو هەنـدێ رۆژیـش دەریـای سـوور لـەدورەوە دەبینـرا. ئـەو خـانوەی ئوسـامەو دایکـیو چـوار مناڵەکـەی محەمـەد ئەلعەتـەس تیایـدا دەژیـان فراوان بوو، بەڵام خۆشو گرانبەها نەبوو. بریتـی بـوو لـە دوو قـاتی تـەواو کـە چـوار نوسـتنی تێدا بوو، یەکێکیان لەقاتی خوارەوە ئوسامە بۆخۆی داگیری کردبوو. هەروەك لەسعودیەدا باوە، خانوەکە بەدیوارو پەرژینی ئاسن دەورە درابـوو، باخچەیەکیشـی تێـدا بـوو، بـەڵام مەلەوانگـەی تێدا نەبوو.

ئوسامە هەواداری تیپێکی پرۆفێشـناڵی تـۆپی پێـی جـەددە بـوو، بـەناوی (ئـەلعالم)و خۆشـی لەتیپێکی کوڕاندا یاری دەکرد بەکاپتنێتی خالید بەتارفی دراوسـێی. بـەتارفی دەڵێـت "ئوسـامە درێـژ بـوو لەبەرئـەوە لەپێشـەوە دامـدەنا تـا کەللـە بـەکاربهێنێو هەنـدێ جـاریش لەبـەرگری دامدەنا". جارێکیان لەشوێنێکی تر یاریان دەکردو کوڕێك لە تیپەکەی تر لەئوسامە تـوڕە بـوو، خەریك بوو لێی بدات. بەتارفی پاڵی بەکوڕەکـەوەناو دوری خسـتەوە، بـەڵام ئوسـامە پێـی ووت "من بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەرم دەکرد". بەتارفی گێڕایـەوە کـەدوای چـەند سـاڵێك ئـەو

کوڕەو ئوسامە بەو رووداوە پێدەکەنینو بەردەوام بوو "ئوسامە دانوستکارێکی ئاشتیخواز بوو".

پاش ئەوەی لەبزوتنەوەی ئیسلامیی خوێندکارانی ئەلثغر رۆچووبوو، ئوسامە توانی ببێتە راوێژکار بۆ بابەتەکانی رەفتاری ئاینی. هێمنو سادە بوو، بەڵام لەسەر شت سوور بوو. رۆژی پێنج جار نوێژی دەکردو بانگی کوڕەکانی تری دەکرد تا پێکەوە نوێژ بکەن. سوربوو لەسەر ئەوەی دەبێت لەمەیدانی تۆپێندا شۆرتی درێژ لەپێ بکەنو مامۆستایانی ئایینی سعودیەش وایان پێ باش بوو. بەتارفی ئاماژەی بەوەدا "ئوسامە ئەو خوشكو برا زڕانەی بچوکتربوون لێی زۆر رێزیان دەگرت. لەسەر بابەتە ئایینیەکانو تێکەڵ نەبوون لەگەڵ کچانداو بێ فیزی لەئاست ژناندا زۆر توند بوو لەگەڵیاندا. کاتێك خزمەتکارێکی ژن دەهاتە ژوورەوە شەرمنانە سەری دادەنەواندو تەماشای نەدەکرد".

بەتارفی گێڕایەوە کەلەگەڵ ئوسامەدا پێکەوە تەماشای تەلەفزیۆنی دەکردو سەیری یاری دووگۆڵی سعودیو نێودەوڵەتیان دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا سەیری بەرنامەی خێزانی ئەمریکیشیان دەکرد وەك بەرنامەی (بۆنانزا). ئوسامە هەوادارێکی تایبەتی فیلمی رۆژئاواو ئاکشن بوو، بەتایبەتی ئەوانەی ئەسپەکان رۆڵی گرنگیان تیادەگێڕا. بەتارفی لەیادی بوو کە پێکەوە تەماشای زنجیرە تەلەفزیۆنی ئەمەریکی (Fury) یان دەکرد کە لەنێوان ساڵانی ١٩٥٥و١٩٦٠دا بەرهەمهێنرا بوو، پاشان بەزۆری لەژێر ناوی (ستالیۆنی جەربەزە)دا بەدنیادا گێڕدرا. نمایشەکە دەربارەی کوڕێکی بێ باوکی کێشەدار بوو بەناوی (جەوی) لەکێڵگەیەکدا لەگەڵ پیاوێکدا دەژیا کە ژنوکوڕەکەی لەرووداوێکی ئوتومبێلدا تیاچووبوون. کوڕەکە فێری ماڵیکردنی ئەسپی کێوی بوو، بەتایبەتیش لە (Fury) نزیك بوو، کە ئەسپێکی رەش بوو. بەهۆی ئەم پەیوەندییەوە برینە کۆنەکانی ژیانی جەوی ووردە ووردە سارێژ بوون. سەرچاوەکانی سەرنجراکێشانی ئوسامە لەم چیرۆکەدا شتێکی قورس نین تا وێنا بکرێن، بە هەرحاڵ هەر کە گەورەبوو عاشقی ئەسپ بوو. باوکی ئوسامە کێڵگەیەکی بۆ خێزانەکە جێهێشتبوو کە کێڵگەیەکی بیابانی گەورە بوو لەدەرەوەی جەددەو لە شوێنێك بوو محەمەد دوای مەرگی بۆ کوڕو کچەکانی جێهێشت. ئوسامە پشوی هەفتەی لەوێ بەسەر دەبرد لەگەڵ زڕبراکانی لەباوکیەوەو فێری سواربونو سەروکارکردنی ئەسپەکان بوو. دواتر بوە خاوەنی کێڵگە ئەسپی خۆی لەباشوری جەددە کە لەکۆتایدا بیست ئەسپی تیا راگرت.

چەند ساڵێك دواتر هەندێك لەئەندامانی خانەوادەی بن لادن بەئاشكرا لەهەوڵی خۆدورخستنەوەدا بوون لەئوسامە، جەختیان لەوە دەكردەوە ئەو لەماڵێكی جیادا گەورەبوەو زۆر پەیوەندی لەگەڵ خوشكو برا زڕەكانیدا نەبووە، كاتێك لەقوتابخانەی ئامادەیی بووە. بێگومان شتێكی راستە ئەو دوور لەكۆمەڵگەی سەرەكی خێزانەكەو لەگەڵ خانەوادەی باوەپیارەكەیدا ژیابوو، بەڵام وادەردەكەوێت بەلایەنی كەمەوە هاوشێوەی كوڕە تاقانەكانی تری بێ خوشكو برا راستەقینەكان، پەیوەندی لەگەڵ منداڵەكانی باوكیدا هەبوبێت. بەتارفی لەیادی بوو كە ئوسامە "لەپشوەكانی هەفتەدا سەردانی براكانی دەكرد". لەسەرو ئەوەشەوە هەندێك لەم زڕبرایانەی لەقوتابخانەی ئەلثغر پێكەوە وەرگیرابوون. فایفیلّد شایلەری مامۆستا، لەیادی بوو لەو كاتەی ئوسامە لەقوتابخانەكە دەیخوێند هەندێك لەزڕبراكانی لەچەند دەمێكی جیاوازدا لەوێ خوێندكار بوون. بەڕوونی دیارە كە خۆی دانابێت بەیەكێك لەمیراتگرانی باوكیو لەمێشكیدا تەماعی كاركردنی لەدامەزراوەی بنیاتنانەوەی خانەوادەكەیدا هەبوبێت. پورزاو خاڵۆزاكانی لەسوریاو دایكیشی پێكەوە باس لەگرنگی كۆمپانیاكە دەكەن بەلای ئوسامەوەو پورزایەكیشی بیریەتی كەئوسامە باسی تەماعی سەركردایەتی كردنی لەكۆمپانیاكەدا بۆ كردووە. هەروەك سالم لەسەرەتای حەفتاكاندا وورده وورده دەسەڵاتی چەسپاند بەسەر خێزانەكەدا، ئوسامەش هەڵاوێر نەكرا.

ئەوە سالم بوو كە رۆڵی چاودێری دەگێڕا لەخوێندنی خوشكو براكانیداو یەكەم كەسیش بوو پەیوەندی نێوان خێزانەكەیو پاكستانو ئەفگانستانی هێنایە گۆڕێ. دواترو لەساڵی ١٩٧٣دا سالم بڕیاریدا دووان لەزڕخوشكەكانی بخوێنن لەقوتابخانەیەكی پیشاوەری پایتەختی پاكستان كە دەكەوێتە سەر سنوری ئەفگانستان. لەوكاتەدا پاكستانو ئەفگانستان تاڕادەیەك كەشێكی ئاشتیو ئارامیان دەگوزەراند. سەردەستەی ئەندازیاری رێكخراوەكەی محەمەد بن لادن پیاوێكی ئوردونی بوو كەژنەكەی كچی پارێزگاری پارێزگای سنوری باكوری رۆژئاوای پاكستان بوو، كە پیشاوەر پایتەختەكەیەتی. سالم بەفرۆكەیەكی تایبەت لەگەڵ شەیخای هاوسەریو هەردوو خوشكەكەی كە لەتەمەنی خوێندكاریدا بوونو پیاوە ئوردونیەكەو هاوسەرەكەی بۆ پیشاوەر، بەڕێكەوتن. بازاڕو دوكانەكانی ناوخۆ لەكەلوپەلو خواردندا هەژار بوون، لەو سەردەمانەشدا كابوڵی پایتەختی ئەفگانستان شارۆچكەیەكی تاڕادەیەك ئاوەدان بوو بەهۆی بوونی بازاڕە گەشەسەندوەكانیەوە. سالم بڕیاریدا بەفرۆكە خوشكەكانی بباتە ئەوێ بۆ كڕینی كەلوپەلی

قوتابخانـەیان وەك مەنجـەڵو تـاوەو قـاپو شـتی لەوبابەتـە. جارێکیـان لـەکابول سـالم چـاوی بەباڵیۆزی سعودیە لەئەفگانستان کەوتو لەکاری بازرگانیـدا سـەرنگوم بـوو. سـالم خوشـکەکانی لەگەڵ فرۆکەوانە ئەمەریکیەکەدا کەلەگەڵیانـدا هـاتبوو، نـاردە بازاڕەکـانی شـارەکە. وەك دیـارە تائێسـتا ئـەوە یەکـەم گەشـتی ئەنـدامانی خێزانـی بـن لادن بـوو بـۆ پیشـاوەرو هـی تریشـی بەدواداهات.

## ١١- مەملەکەتی پیلانگێری

بیروباوەڕەکانی خوێندنی ئوسامە بن لادن لەلایەن بەو بیرە نەتەوەییەوە جۆشدرابوو کە شازادە فەیسەڵ لەساڵەکانی کۆتایی تەمەنی حوکمی خۆیدا پشتگیری لێدەکرد. ئەلثغر لەخۆڕایی ناوی قوتابخانەی (نموونەیی) لێنەنراوە، چونکە نمونەیەکی دیاری بەرنامەکەی فەیسەڵ بوو بۆ مۆدێرنەبوون دوور لەجیهانگیری. ئامانجە شۆڕشگێڕیەکانی ئیخوان موسلمین پاشایان بێتاقەتکردبوو، چونکە بەڕووی دەسەڵاتەکەی بنەماڵەی (ئال سعود)دا وەستانەوە، دواتر دیدی خودی فەیسەڵیش لەبارەی ئیسلامێکی سیاسی ئاشکراوە بووە مایەی ئەوەی ئیخوان موسلمین کاردانەوە بنوێنن بە بانگەوازکردن بۆ جیهاد لەدژی دوژمنانی باوەڕ.

دوای شەڕی ١٩٦٧ی نێوان عەرەب ـ ئیسرائیل بۆ نمونە، فەیسەڵ چەندین جار بانگەوازی جیهادی کردووە بۆ سەندنەوەی (قودس). لەووتەکانیدا ئیسرائیل بە (چەتەی قێزەون) ناودەبات کە سوورە لەسەر ناشیرینکردنی ئیسلامو تەنیا بەتێکدانی رای گشتی عەرەبەوە نەوەستاوە، ئەوان زۆر لەناخەوە هەستیانکرد چ بەنهێنیو چ بەئاشکرا، پاشا بەهەمان تین گوزارشت لەو هەستە دەکات. وەك لاوێکی سعودی لە ئەلثغر کە تا دەهات چالاکیەکانی زیاتردەبوو، ئوسامە بەو هەڵمەتەی فەیسەڵ لەدژی ئیسرائیل گۆشکرا. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە، باوکی ئوسامە لەپێش شەری ١٩٦٧، باڵیۆزی پاشا بووە لەقودس. توندڕەویی ئوسامە لەسەردەمی خوێندنی ئامادەییدا، هۆکارنەبووە بۆ ئەوەی لەدواییدا بیگەیەنێتە ئەوەی بیکات بە بەرهەڵستکاری حکومەتی سعودیە، بگرە لەهەندێ لایەنەوە، لەگەڵ سیاسەتەکانی، دەرەوەی فەیسەڵدا زیاتر تەریبو هاوڕایکرد.

فەیسەڵ پاشایەکی ناسراوو خاوەن پێگە بوو، چونکە ئەو جۆرە ئیسلام دروستکردنو مۆدێرنایەتیەی بانگەوازی بۆ دەکرد، دەگونجان لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنانەی کە لەژیانی تایبەتی خۆیدا پێی هەستا. هیچ راگەیاندنێکی ئازاد یاخود ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی بوونی نەبوو تا لێکۆڵینەوە بکاتو پەردە لەسەر ئەو رابواردنو بێدینیەی بنەماڵەی پاشایەتی هەڵداتەوە. دواتر لەڕێگای دەنگۆو، چاودێری ناڕەسمیو راپۆرتی چاپەمەنیە رۆژئاواییەکانەوە، هەندێکیان

دەرکەوتن، سعودیەکان بایی ئەوە دەیانزانی کام شازادە مەی دەخواتەوە یان قوماردەکات یان بەزۆر گرێبەستە بازرگانیەکان بۆخۆی دادەبچڕێت. هەر لەڕێگای ئەم کەناڵانەوە، زانییان کەوا فەیسەڵ کەسێکی تایبەتە. رازی نەبووبوو بچێتە ناو کۆشکێکەوە کە بە رەنگێکی زەق رووپۆشکرابوو لەشاری جەددە بۆیدروستکرابوو. حەزی لەبینای قەراغ شار بوو زیاتر لەوانەی لەسەر رێگا قەڵەباڵغەکان دروستدەکرێن. زۆر لەمێژبوو وازی لەمەیخواردنەوە هێنابوو. ئەو نەشتەرگەریانەی لەکۆئەندامی هەرسیدا بۆی ئەنجامدرابوون، وایانکردبوو تەنیا بتوانێت گۆشتی برژاوو سەوزەی کوڵاوو برنج بخوات. رۆژانە چەند سەعاتێك لەئۆفیسەکەی خۆی لەکۆشکی شاهانەدا کاری دەکرد، نوێژی دەکرد، خوانی کاری ئەنجام دەدا، بەتەنیا دەچووە خەڵوەتەوە پاشان دەگەڕایەوە بۆ ئۆفیسەکەی بۆ شەفتی دووەمی کارکردن. لەرۆژئاوابوندا سواری یەکێك لەئۆتۆمبێلە سیدانە ئەمەریکیەکانی دەبووو بەرەو پەڕی بیابان پێیلێدەنا، هەندێك جار تەنیا کوڕەکانی لەگەڵ خۆی دەبرد، لەوێدا بەتەنیا لەسەر لمەکە نوێژی دەکرد، پاشان جارێکی دیکە دەگەڕایەوە بۆ کۆشکەکەی بۆ ئەوەی شەو لەوێ کاربکات.

بەدرێژایی چەندین ساڵ فەیسەڵ باسی لەگۆڕینی عەرەبستانی سعودیە دەکرد بۆ وڵاتێکی مۆدێرن، بەڵام تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو زۆر کەم گۆڕانکاری لێکەوتەوە. وردەوردە وڵاتی سعودیە لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا پاشەکشێی بەخۆوە بینی، لەوانەش، دابینکردنی ژیانی فەرمانبەران، دەرکردنی ناسنامەو پاسپۆرت، هەروەها بڕی ئەمبارکراوو پێوانە بازرگانیەکانیش. بەرنامەی شارێگای نیشتمانی دوورودرێژی پڕ لەکێشەو گرفت، هێدی هێدی هەرێمە لەیەك دابڕاوەکانی شانشینی بەیەکەوە بەستەوە. ژمارەیەکی کەم قوتابخانەو زانکۆی نوێ کرانەوە. وەزارەتەکانی حکومەتەکەی فەیسەڵ زۆر بێ کەڵكو ناچالاك بوون، بەڵام لەئێستادا ژمارەیەکی زۆری سعودیەکانیان دامەزراندووەو بەپێچەوانەی ئەو ساڵانەی پێشووەوە لەکاتی خۆیدا موچەکانیش دابەشدەکەن.

هاوسەرگیری فەیسەڵ لەگەڵ (عیفەت بنت ئەحمەد ئەل سونەیەن)دا کە دواتر بە شاژنە (عیفەت) ناسرا، بووە باشترین نمونەی ئیلهامبەخش بۆ ئەو جارجارەی دڵی بۆ بەمۆدێرنکردن لێیدەدا. هەمووکات بەتەنیا نەدەژیا، لەساڵی ١٩٤٠ەوە (عیفەت) تەنیا ژنی بوو، بەڵام لەشەستەکاندا بووە کۆپیەکی رەسەنی ژنی پێشکەوتوو. لەستایلی سعودیدا. لەئیستەنبوڵ پەروەردەکرابوو، باوکی سعودیو دایکیشی (هەنگاری) یان (شرکەسی)بوو، کاتێکیش پێگەیشت

کەوتە ژێر کاریگەری جیهانگیری تورکەوە. نۆ منالی لەفەیسەڵ بوو. (عیفەت) مەیلی بەلای دابونەریتە وەهابیەکانەوە هەبوو، هەرگیز هاوڕێیەتی مێردەکەی نەدەکرد لەسەردانە فەرمیەکانیدا بۆ وولاتانی دیکە، یان هەرگیز بەئاشکرا لەبەردەم خەڵکی سعودیەدا دەرنەدەکەوت، بەلام ئەوەنەبێت کە بلێی هیچ هەڵمەتێکی بۆ بەرەوپێشبردنی مەسەلەی ژنان ئەنجام نەدابێت. لەسەرەتای ١٩٥٥دا قوتابخانەیەکی بۆ فێرکردنی کچە هەتیوەکان دامەزراند، پشتیوانی خۆشی بۆ خستنەبەرخویندنی کچان دەربڕی تەنانەت لەکۆنخوازترین ناوچەکانی شانشیندا.

هەروەها زۆر سەفەری دەکرد، جلی مۆدەو باوی دەکڕی لەپاریسو سانفرانسیسکۆ (تەنیا مێردەکەیو هەندێ ژنی تر دەیانبینی کاتێك ئەو جلانەی لەبەردەکرد)، هەروەها هانی چالاکیە بازراگانیەکانی (کەمال ئەدهەم)ی زڕبرای دەدا کە لەدواییدا دەوڵەمەند بوو. ئەدهەم وەك نوێنەرێکی زۆر باوەڕپێکراوی فەیسەڵ کاری دەکرد بۆ گەیاندنی ئەو پارانەی وەك دەرماڵە پێیدا دەینارد بۆ ئەو سەرۆکانەی وولاتانی عەرەب کە خۆی دەیویست. لەسەرەتای حەفتاکاندا فەیسەڵ وەك یەکەم بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری سعویە دەستنیشانی کرد.

پاشا پێویستی بەکەسێك بوو لەپشتەوە ئاگای لێبێت. (ناصر) لەدوای شکستەکەی شەڕی ١٩٦٧ەوە لەدژی ئیسرائیل لاوازبوو بەرەو فەوتان دەچوو، لەهەمان کاتدا بیری ناسیۆنالستی عەرەبی سەرتاسەریو دەرهاویشتەکەی کە بریتیبوو لەبەعسیزم، هێشتا هەڕەشەبوون بۆ سەر بنەماڵەی (ئال-سعود). لەساڵی ١٩٦٩دا حکومەتی سعودیە چەند سەد سعودییەکی دەستگیرکرد، لەناویشیاندا شەست بۆ حەفتا پلەداری سەربازی هەبوون کە فەیسەڵ گومانی ئەوەی لێیان هەبوو بەنیازی داڕشتی پلانن بۆ کوشتنیو ئەنجامدانی کودەتا بەسەر رژێمەکەیدا. ئەو هەڵمەتی دەستگیرکردنانە نارەزاییەکانی دەمکوتکرد، ئەمەش بەپێی زانیاریەکانی مەکتەبی هەواڵگیریو توێژینەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، بەلام هێشتا هۆکارە سەرەکیەکانی نارەزاییەکان هەر لەجێی خۆیان بوون. پرۆسەی بەمۆدێرنەکردن ئەنجومەنێکی چینی مامناوەندی ئەفسەران دروستدەکات لەبوارەکانی بیرۆکراتیو بازرگانیدا، زۆرێك لەو ئەنجومەنە نوێیانەی دروستکران بەشێوەیەك رێکخرابوو کە هەموو دەسەلاتەکەیان لەدەستی بنەماڵەی شاهانەی سعودیەدا کۆکرابووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەمیان بوارێکی زۆرتەسکیان بۆ ئازادی کۆمەلایەتیو بۆچوونی سیاسی هێشتبووەوە.

ناصر لەساڵی ١٩٧٠دا کۆچی دوایی کرد، (ئـەنوەر سـادات) جێگـەی گرتـەوە، ئـەو کەسـەی کـە فەیسـەڵ هاوپـەیمانیو هاورێیـەتی لەگەڵیـدا دروسـتکرد. هـەردووکیان دوو پیـاوی وریـابوون، هـەردووکیان هـەمان ئارەزوویـان هـەبوو بـۆ سـەندنەوەی تۆڵـەی ئـەو دۆڕاندنـەی لەبەرانبـەر ئیسـرائیل بۆیـان مایـەوە. فەیسـەڵ هـەر لەبنەچـەوە (دژی سـامی) بـوو. هـەر لەمناڵیـەوە لەقوتابخانەیـەکی ئیسلامیی گۆشـکرابوو کـە بـەجۆرێك جولەکـە عەرەبـەکانی وێنـاکردبوو کـە خیانەتکاربوونو خیانەتیانکردووە لەسـەردەمی ئـەو شـەڕانەی لەسـەرەتای لـەدایکبوونی ئاینـە نوێیەکـەی پێغەمبـەر موحەمـەدەوە هەڵگیرساون. وەك پاشایەك، فەیسـەڵ پڕبـەدڵ بـڕوای بـە تیۆری پیلانگێڕیو دەسەڵاتی نهێنی جولەکە هەبوو. ئەو کۆمۆنیستی بـەپیلانێکی زیرەکانـەی جولەکـە دادەنـا بـۆ باڵادەسـتبوون بەسـەر جیهانـدا. لـەکاتی دیدارەکانیـدا لەگـەڵ میوانـە بیانیەکاندا تەنانەت ئاوڕی دەدایەوە بۆ بەرپرسی پرۆتۆکۆلەکانو دەیپرسی"ئەریٚ کتێبەکـەیان پێـدراوە؟" پاشـا مەبەسـتی لـەکتێبی (پرۆتۆکـۆلی پیرانـی زایـۆن)بـوو کەوێنەیـەکی بـەدناوی پیلانگێڕی جولەکەی نیشاندەدا، پاشـاش ژمارەیـەك کـۆپی ئـەو کتێبـەی لەرەفەیـەکی تایبەتـدا دانابوو لەدەرەوەی ژووری پێشوازیەکەی، بۆ ئەوەی وەك دیاری بیبەخشێتەوە.

مێژوونوسێکی بەریتانی پوختەی ئەو ئاڵۆزیانەی باسکردووە کە بەربونەتە جەسـتەی پاشـا لەم ساڵانەدا:

ئەگەر زۆر بێنەوبەردەی لەگـەڵ بکـەی لەمشـتومڕدا کەسـێکی کەللەرەقـە...بـەڵام کاریگـەری نەخۆشیو بەساڵاچوون وایلێکردووە زوو خۆی بـدات بەدەسـتەوە، لەهـەمان کاتـدا بێتەحـەمول بێـت. لـەم سـاڵانەی دواییشـدا تـەواو هـۆگری بیرێکـی تۆقێنـەر بـوو لـەبارەی دەسـەڵاتی ئـاینو ئەخلاقیاتـەوە (بەئاسـانی لەرژێمەکەشـیدا رەنگیـدابووەوە)، بـەوەی بێبڕوایـیو کومـۆنیزمو زایۆنیزم هێزیان لەبەربڕیون. ئەو بڕیـاری خـۆی دابـوو لـەبارەی رۆژئـاواو رۆژهـەڵاتی سیاسـی، بـەڵام لەگـەڵ رۆژئـاوا بـیٚ ئومێـد بـوو بـەهۆی نـەبوونی پشـتگیریان بـەپێی پێویسـت لێـیو لەمەسەلەکانی.

ریچـارد نیکسـن Richard Nixon، لـەزۆرێك لەسـەرکردەکانی دیکـەی جیهـان باشـتربوو لەناسینی ئەو کەسانەی تۆقیونو دەمارگیریـان هەیـە بەرامبـەر (سـامیەکان). دەڵـیٚ "تەنانـەت فەیسەڵ ئەو شتەی باسکرد کە پێی دەوترێ (ترۆپکی بـیری پیلانگێـڕی) بـەوەی زایۆنیسـتەکان لەپشـت تیرۆرسـتە فەلەسـتینیەکانەوە بـوون". هێنـری کیسـینجەرHenry Kissingerی

راوێـژکاری نیکسـۆن بـۆ ئاسایشی نەتـەوەیی کـە جوولەکـەبوو، باسـی ژمارەیـەکی زۆر لـەووتارە دوورو درێژەکانی فەیسەڵ دەکات لەبارەی "پیلانگێری دوولایەنەی جولەکـەو کۆمۆنیسـتەکان"، بەوکارەشی رادەی بەرگەگرتنی بێدەنگی دیپلۆماتەکانی تاقیدەکردەوە کە سەردانیاندەکرد.

رەنگـە تیۆریـەکانی فەیسـەڵ لەنـدەنو واشـنتۆنی نائومێـد کردبـێ، بـەڵام گومـانی تیانییـە، بـەدیوێکی ناڕاسـتەوخۆدا سـەرکۆنەکردنەکانی یارمەتیـدەری دەوڵەمەنـدکردنی عەرەبسـتانی سعودیبوو لەدوای ئەو بۆچوونانەی پاشاوە. کاتێك (سـادات) لەسـەرەتای ئۆکتۆبـەری ١٩٧٣دا پێـی ووت کـە میسـرو سـوریا هێرشـێکی لـەناکاویان ئامـادەکردووە بۆسـەر ئیسـرائیل، فەیسـڵیش دەسبەجێ بەبێ دوودڵی پشتیوانی خۆی نیشاندا. ئەو شەڕەی بـەدوای ئەویشدا هـات دیسانەوە بێهیواییەکی دیکەی بۆ هێـزە عەرەبیـەکان دابەدەسـتەوە، بـووە مایـەی دروسـتبوونی ئابلۆقـەی نێونەتـەوەی نـەوت کـە لەلایـەن بەرهەمهێنـە عەرەبەکانـەوە هـەناردەی نـەوت هەلپەسـێردرا، لەنێوانیانـدا عەرەبسـتانی سعودیە گـەورەترینی ئـەو بەرهەمهێنانـە بـوو. ئـەو هەڵپەساردنی هـەناردەکردنی نەوتـە بەتایبـەتی بـۆ سـزادانی ولایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکابوو، چونکە لەڕێگەی ئاسمانیەوە یارمەتی سـەربازی گەیانـدە ئیسـرائیل. ئیدارەکـەی نیکسـن ئەوەنـدە تـوڕە بـوو بەڕادەیـەك کـار گەیشـتە ئـەوەی، چـەند پلانێکیـان ئامـادەکرد بـۆ پـەلاماردانی کێڵگـە نەوتیەکانی سعودیەو داگیرکردنیان. هەرچۆنێك بێت، فەیسەڵ، پەی بەوەبرد کە دەتـوانێ تـا چ ئاسـتێك بـڕوات، دواتـر بـایی ئەوەنـدە نـەرمی نوانـد تـا ئەمەریکیـەکان لەکەنـداودا رابگرێـتو نەهێڵێت زیاتر بێنە پێشەوە. بـۆ نمونـە، بـەوەی بـەنهێنی بـە پـارەی فرۆشـی نـەوت پشـتیوانی لەهێزە شـەڕکەرەکانی ئەمـەریکا بکـات کـە لەڤێتنامـدا لەبەرانبـەر کۆمۆنیسـتەکان دەجـەنگین. هەروەها رازیبوو کە ملیارەها دۆلار لەپارەی قازانجی فرۆشـتنی نـەوت بڕژێنێتـە کیسـەی ئـەو بۆندانەی وەزارەتی خەزێنەی ئەمەریکا خاوەنداریێتی دەکردن.

ئەو هەڵپەسـاردنەی هـەناردەی نـەوت نـەك هـەر دەسـپێکێکی سعودیە بـوو بەتـەنیا، بـەڵکو لەهـەموو روداوەکـانی دیکـەی دوای دۆزینـەوەی نـەوت لـەو وولاتـەدا زیـاتر ئـەو مەملەکەتـەی گۆڕی. بەڕوونیش دەرکەوت کە لەشەڕەکەی ساڵی ١٩٧٣دا فەیسەڵ گەورەترینی براوەکان بوو.

نرخی نەوتی خاوی سعودی لەساڵی ١٩٧٤دا شەش هێندەی جارانی تۆمارکرد. لەسـاڵی ١٩٧٣ تـا ١٩٧٤ داهاتی نەوتی سعودیە گەیشـتە ٤،٣ ملیـار دۆلار، بـەردەوام هـەموو سـاڵێك ئـەو نیشـاندەرە لەهەڵکشـاندا بـوو تـا گەیشـتە ١٠٢ بلیـۆن لەسـاڵی ١٩٨١دا. ئـەم دابـارینی پارەیـە هانـدەربوو بـۆ

کرانەوەیەکی بیناسازی مەزنو هاوردەکردنی گرانبەهاترین کەرەستەکانو زۆر بەخێراییش بەرفراوانبوو بەجۆرێك کە هەرزوو بەندەری شاری جەددەیان تەنیەوە. کەشتیەکان بەدرێژایی چەندین هەفتە چاوەڕێبوون تا نۆرەیان دەهات بۆ داگرتنی کاڵاکان یاخوت بارکردنیان. هوتێلەکان جمەیاندەهات لەفرۆشیارە پەستەکان کە لەبەر قەڵەباڵغی ژورێکیان دەستنەدەکەوت تیایدا بمێننەوە. لەجەددە رێگایەکی نوێی سەلامەت کرایەوە، رەفەی دووکانەکان پڕبوون لەبەرهەمە لەقوتونراوەکانی جێڵ ـ ئۆو کامپ بێڵ. شاژنە ئیلیزابێس بەسەردانێك گەیشتە ئەوێو دەڵێ "لەژیانمدا هەرگیز ژمارەیەکی ئەوەندە زۆر (کرێن)م نەبینیوە". کوڕەزاکەی فەیسەڵ دەڵێ "بۆ بەسەربردنی پشووی هاوین دەچیتە دەرەوەی وولاتو هەتا دەگەڕێیتەوە ئەوەندە شتەکان گۆڕاون، وون دەبیت.... ئەو شتانەی کە نزیکەی بیست ساڵیان پێچووە تادروستببوون، لەچەند مانگێکدا گۆڕان. ئەو شتانە وایانکرد خەڵکی وەك شێت دەرکەون".

ئەو گەشەسەندنە ئابوریە پێدەچوو تەنیا فەیسەڵ والێبکات بیر لەدەستگیرۆییکردن بەپارەوە بکاتەوە. بەتایەتی زۆر ناڕازیبوو لەو شێوازە کلتوریەی تازە دەوڵەمەندەکان پێیدەژیان، جارێکیان وتبووی "لەتەمەنی یەك نەوەدا ئێمە لەسواری حوشترەوە گۆڕاین بۆ لێخوڕینی کادیلاك، بەڵام ئەو شێوازەی ئێستا پێی دەژین دەترسم جارێکی تر بمانگێڕێتەوە بۆ سواری حوشتر".

(فەیسەڵ بن موساید) برازای شا فەیسەڵ بوو، خوێندکارێکی زانستی سیاسی سەرنەکەوتوو بوو کە دواتر تۆمەتبارکرا بە پیلانگێڕی بۆ فرۆشتی مادەی هۆشبەری جۆری LSD، ئەو کاتەی کە لەزانکۆی کۆلۆرادۆ دەیخوێند. لەدواییشدا کاتێك لەزانکۆی کالیفۆرنیا دەیخوێند دەریانکردو ناردیانەوە بۆ وولاتەکەی خۆی. لەساڵی ١٩٦٥دا براکەی موساید لەخۆپیشاندانێکدا لەلایەن پۆلیسی سعودیەوە کوژرا لەکاتی خۆپیشاندانێکدا کە دژی ستۆدیۆی ریازی تەلەفیزیۆنی مەملەکەتی سعودیە ئەنجامدرا. خۆپیشاندەران ترسیان لەوەهەبوو تەلەفیزیۆن ئیسلام سوك بکات. موساید کە بەردەوام سەرخۆشبوو، بڕیاریدا تۆڵەی کوشتنی براکەی بکاتەوە.

شا فەیسەڵ هەفتەی دووجار (ئەنجومەن)ی کراوەی سازدەکردو پێشوازی لەخەڵکی دەکرد. لە٢٤ی مارسی ١٩٧٥دا موساید دوای کەسایەتیەکی ناوداری بەتەمەن کەوت بۆ ناو کۆشکەکە، ئەو کەسە وەزیری نەوتی کوەیت بوو، خۆی لەپشتیەوە شاردبووەوە، کاتێك گەیشتنەجێ

دەمانچەیەکی بچوکی ٣٨ ملیمی دەرکردو سێ فیشەکی نا بە فەیسەڵەوە، فیشەکەکان بەر قورگی کەوتن. دەسبەجێ پاسەوانەکان پەلاماریانداو دایان بەزەویداو لەلایەکی ترەوە فریاگوزاری خێرا، دەسبەجێ پاشایان گەیاندە نەخۆشخانەی ناوەندی ریاز، هەوڵەکانی بوژانەوەی فەیسەڵ سەریاننەگرت، بەهەرحاڵ، تێکردنی خوێنو مەساجکردنی دڵی سوودیان نەبوو، فەیسەڵ لەدوا نیوەڕۆدا لەتەمەنی شەستونۆساڵیدا گیانی سپارد. ماتەمگێڕان تەرمەکەیان بەسەر شان گواستەوە کە بە پارچەیەکی قاوەیی پێچرابوو بۆ سەر عەرەبانەیەك، بەهۆیەوە بەناو شەقامەکانی ریازدا برا بۆ گۆڕستانی تایبەتی بنەماڵەی شاهانە. سێ مانگ دواتر بیست هەزار سعودی ئامادەبوون کاتێك جەلادێك ملی موسایدی لەگۆڕەپانێکی گشتیدا پەڕاند.

کوشتنی فەیسەڵ بنەماڵەی بن لادنی لەپشتیوانو پارێزەری مەحرومکرد، هەروەها کۆتایی بە پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی دوورو درێژی نائاسایی نێوان پاشا وبنەماڵەی بن لادن هێنا لەهەوڵی مۆدێرنەکردنی سعودیەدا. ئەگەر لەچارەی ئەو هاوپەیمانیەتیە نوسرابێت کە بەردەوامبێت، ئەوا پێویستی بە جۆرێکی نوێی لێکتێگەیشتنە لەنێوان نەوەی داهاتووی سەرکردەکاندا ـ لەبنەماڵەی بن لادندا، (سالم) تەمەنی نزیکەی سی ساڵ بوو. لەبنەماڵەی (ئال سعود)، شازادە فەهد جڵەوی حکومەتی گرتە دەست لەدوای مردنی فەیسەڵ.

فەیسەڵو محەمەد بن لادن پردێکی پەیوەندی بەهێزیان لەنێواندا هەبوو بەهۆی ئەوەی ئەو بەهایانەی بیریان لێدەکردەوە هاوڕابوون لەسەری‌و هەمان جۆر هەڵسوکەوتیان هەبوو لەکارکردندا. (سالم)و فەهدیش هەمان شت دەسەلمێنن، بەهۆی ئەوەی شێوازی گرنگیپێدانو کارەکانیان هاوشێوەبوون، بەڵام بەهەرحاڵ، ئاشکرا دیاربوو کە زۆر پەیوەست نین بەئاینەوە.

(فەهد بن عەبدولعەزیز) گەیشتبوە سەرەتای پەنجاکانی تەمەنی ئەوکاتەی فەیسەڵ تیرۆرکرا. فەهد پیاوێکی باڵابەرز، لەشێکی قەڵەوی هەبوو ساڵ لەدوای ساڵیش زیاتر دەبوو، سەکسوکەیەکی دانبوو غەبغەبەشی هەبوو. پیاوێکی متمانە بەخۆ دەردەکەوت کە بە ئیرادەیەو شیرازەی بەهێزە. چاوە نیشتووەکانی خەمبار دەردەکەوتن‌و کەمێکیش بەقوڵا چووبوون. فەهد شانبەشانی براو زڕبراکانی لەقوتابخانە نافەرمیە دواکەوتووەکانی ریازدا پەروەردەکراوە. هەر لەتەمەنێکی زۆر زووەوە بەهۆی هەڵسوکەوتیەوە لەناو بنەماڵەکەیدا دەرکەوت بەهۆی بایەخی زۆریەوە کە بە کاروباری دەوڵەتی دەدا. زۆر بەووردی چاودێری دەکرد کە چۆن باوکی بڕیار

لەبارەی مەسەلەکانەوە دەردەکات. هەروەها بەشێوەیەکی سروشتی دەرکەوت کەوا کەسێکی زیرەکە. لەبەر ئەم هۆکارانەش هەر زوو کاندیدکرا بۆئەوەی چەند وەزارەتێك بگرێتە دەست بۆئەوەی بچێتە ریزی پاشاکانەوە چاوەڕێبێت تا نۆرەی ئەمیش دێت بۆ ئەوەی ببێتە پاشا. سەرەتا وەك وەزیری پەروەردە دەستبەکاربوو، دوای ئەوە وەك وەزیری ناوخۆ کە پۆستێکی ئاسایشیی گرنگ بوو. لەشەستەکاندا دەستیکرد بە گەشتکردن بۆ دەوەی وولات. رۆژئاوا سەرسامیکردبوو، لەهەمان کاتدا کاتێك ئەو ئامرازی خۆشکەیفیو چێژەی دەبینی نەیدەتوانی زۆر خۆی لەبەرامبەریاندا راگرێت. لەناوەراستی شەستەکانەوە لەساڵێکدا چەندین مانگی لە ئەمەریکاو ئەوروپا بەسەر دەبرد، لەگەڵ دەستوپێوەندەکەیدا لەم هوتێل بۆ ئەو هوتێلی راقی دەڕۆیشتن. بەدزیەوە دەستی دایە قومارکردن، هەرکاتێك ئارەزووی لێبوایە ژنەکانی دەگۆڕی، کە زوو زوو ئەم کارەی دەکرد. لەهەموو پەنهانیەکانی بەدناوتر بریتیبوو لەژنێکی فەلەستینی مەسیحی بەناوی (خانمی عەرەبی)Miss Arabia. ئەم ناوەیان لێنابوو چونکە ئەوە ناوی ئەو بوتیکی جلوبەرگەبوو کە بەڕێوەی دەبرد.

فەهد براگەورەی گروپێك حەقبرا بوو لەناو خێزانی پاشایەتیدا کە ژمارەیان حەوت کەس بوو، دەسەڵاتێکی نائاساییان هەبوو بەهۆی ئەو تەباییەی لەئۆفیسدا دەیاننواندو گەورەیی بنەماڵەکەیانەوە، بنەمای بەتەمەنترین کەس لەپێشترە-یان پەیرەودەکرد. هەندێکجار بە (حەوتەی صودەیری) ناودەبران ئەوەش چونکە دایکیان سەر بە بنەماڵەی (صودەیری) بوو. فەهد زۆرێك لەحەقبراکانی دەستنیشانکرد یان بابلێین دانایەوە لەگەڵێك لەپۆستە گرنگەکانی ئاسایشدا. سوڵتان وەك وەزیری بەرگری، سەلمان وەك پارێزگاری ریاز کاریانکرد. کەسایەتیەکانیانو دیدە سیاسیەکانیان جیاوازبوون، بەڵام ئەو حەوتە، هەرچۆنێك بێت، گروپێکی لیبراڵی ئازاد بوون کە حەزیان لەسامانو فەخامەت بوو، تەنانەت بەپێی ستانداردەکانی ئال سعودیش هەر زەقبوو، ئەمەش بە ئاشکرا لە سوڵتانو فەهددا دەرکەوتبوو.

کاتێکیش فەهد زۆر قەڵەوبوو، مانەوەکانی لەئەوروپادا درێژەی کێشا، بەڵام ئەمجارەیان لەنەخۆشکانەکاندا بەسەریدەبرد، کە لەوێدا چارەسەریان بۆ دەکرد بۆ نەخۆشی دڵو هەندێ نەخۆشی دیکە کە بەهۆی کێشە زۆرەکەیەوە لێیدەرکەوتبوون. لەدواییشدا وایلێهاتبوو نەیدەتوانی بەسەر قادرمەدا سەرکەوێتو بۆ ماوەیەکی کورتیش نەبێت توانای رۆیشتنی نەبوو، لەوێدا تێبینی ئەوەیکرد کەوا حکومەتەکانی رۆژئاوا زۆر پەرۆشی ئەوەن کەوا باشترین

چارەسەری بۆ بکرێت. بەتایبەت، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زۆر چاوی لەسەر فەهد بوو چونکە بە کەسێکی هەڵکەوتووی دەزانی لەناو خێزانی شاهانەی سعودیەدا. پیاوێك بوو کە بە هەڵسوکەوتە نەرمو نیانەکەیو کەسایەتیە خۆگونجێنەکەی لێیرادەبینرا پەیوەندی هاوبەشی ساناتری لەگەڵ ببەسترێت بە بەراورد بەفەیسڵ.

لەساڵی ١٩٦٩دا ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ یەکەمجار بانگێشتیانکرد بۆ وولاتەکەیانو ئەوەش بووە یەکەمین سەردان لەچوارچێوەی زنجیرەیەك سەردانیدا، یەکەمیان بە دیدارێکی تایبەت لەگەڵ سەرۆك نیکسن Nixon دا دەستی پێکرد بەدوایدا سەردانی پەنتاگۆنو دوای ئەویش سەردانێکی تایبەتی بۆ (کەیپ کینەدی) Cape Kennedy ئەنجامدا، کە بارەگای ئیدارەی نیشتمانی بۆ گەردوونگەڕیو ئاسمانی ناسا (NASA)ی لێبوو. لەووتووێژە تایبەتەکاندا لەگەڵ بەرپرسە ئەمەریکیو بەریتانیەکاندا، هەرگیز فەهد نەدەسڵەمیەوە لەخۆبێبەریکردن لەبیری دژە زایۆنیزم کە فەیسەڵ هەڵیگرتبوو، ئەوەشی درکاندبوو کەوا ئەگەر هاتە سەر تەخت ئەوا دان بە بوونی ئیسرائیلدا دەنێت ئەگەر گەرەنتی بەرقەراربوونی ئاشتیەکی بەرفراوانتر بکرێت. هەستیکرد کە تەنیا ئەمەریکا دەتوانێت نەهێڵێت هیچ هێزێکی نەیاری دیکە سامانی سعودیە بدزن، بۆیە دەیویست زیاتر لەهەندێ لەبراکانی دیکەی بچێتە پێشێ بۆ ئەوەی پارێزگاری سەربازی ئەمەریکیەکان بۆخۆی مسۆگەر بکات. جیاواز لەفەیسەڵ، بەهەر حاڵ، فەهد هیچ جۆرە چالاکیەکی تایبەت یاخود خاوەن هیچ دیدێکی گشتگیر نەبوو بۆ رۆڵی خۆیو مەملەکەتەکەی لەجیهاندا. خواخوایبوو دەست لەیەخەی بەردەنو بەتەنیا لێیگەڕێن بۆ خۆی بەشادی بژیو دەیویست عەرەبستانی سعودیەش زیاتر بکەوێتە ژێر کاریگەری کلتوری ئەوروپاوە. چەند پلانێکی راگەیاند بۆ دروستکردنی (هۆڵی ئۆپێرای ریاز). دابەشبوونی دەنگ تیایدا ناوازەبوو، دەکرێ بوترێ لەدواییشدا دەبووە جوانترین هۆڵی کۆنسێرت لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا، بەلام هەرگیز نەکرایەوە بەهۆی ئەو هەموو نارەزاییەی لەسەری دروستبوو لەلایەن زانایانی ئایینیەوە. ئەو زنجیرە رووداوە بۆ فەهد نمونەیی بوو، لەهەمانکاتدا ئازاو ترسنۆکیشبوو، لەژێر فشاریشدا وەك کەسێکی چاودێریکاری لێدەهات زیاتر وەك لەسەرکردەیەك.

لەپەیماننامەی وەهابیەکان پاشگەزبووەوە. فەیسەڵ سەرزەنشتی فەهدی کردبوو لەسەر ئەو چەندین ملیۆن دۆلارەی لەساڵی ١٩٧٤دا لەباشوری فەرەنسادا لەقومارکردن لەکازینۆکاندا

دۆڕاندبووی، پێدەچێت ئـەوە دەربڕینـی تـووڕەیی فەهـد بووبێت بەرانبـەر نـەك بەتـەنیا ئـەو زڕبرایـەی کـە لـەخۆی گـەورەترە بـەڵکو بەرانبـەر (ئـەو شـتەی کـە لـەخۆی پیرۆزتربـوو) هەڵوێستێك کە فەهـدی گەیانـدە ئـەوەی بـیر لەوەبکاتـەوە کـەوا چۆن ڕێگایـەك بدۆزێتـەوە بـۆ فـەراهامکردنی مەودایـەکی فـراوانتر بـۆ هەناسـەدانو کرانـەوە بـۆ نـاو کلتـوری سـعودیە. لەدانیشـتنێکی تایبەتـدا لەگـەڵ بەرپرسـێکی ئەمـەریکی لـەهاوینی ۱۹۷۲دا، لەمیانـەی یـەکێك لەپشووە درێژەکانی لەدەرەوەی وولات، فەهد بەمشێوەیە شرۆڤەی بۆ ئیسلام کردووە:

ئیسـلام سیسـتمێکی نـەگۆڕە، بـەڵام لەهەمانکاتـدا نەرمـە، کـە تێیـدا بـەپێی ئـەوەی کـێ ڕابەرایـەتی دەکـات دەکـرێ ئامانجـەکانی داهـاتوو بێنـە دی، بـەڵام پێویسـت ناکـات کۆمەڵگـەی گەشەسەندووی ئیسلامیی تـا ئەوپـەڕی ڕادە پەیوەسـتی تونـدڕەوی بێـت. ناکرێـت بیرۆکـەکانی ڕابـەرە تەمـەن ٨٠ سـاڵەکان زۆر بـەووردی پـەیڕەو بکـرێن، بـەجۆرێك لـەجۆرەکان پێویسـتی شێوازی بیرکردنەوەی ئاشنا بکرێت بە دادوەرو وانەبێژە ئایینیەکان، چونکە ئـەوانن بـەردەوام جەخت دەکەنەوە لەسەر ناساندنی ئەو ڕیزبەندیە هەرەمیەی سعودیە بە خەڵکەکەی.

فەهد ڕاستەوخۆ دوای مردنی فەیسەڵ نەبووە پاشا. لەبری ئـەو تـاجی پاشـایەتی چـووە لای (خالـد بـن عەبدولعـەزیز، کـە دەسـاڵ لەفەهـد گـەورەتربوو لـەلقێکی جیـاوازی بنەماڵـەی پاشایەتیەوە هـاتبوو. فەیسـەڵ لەساڵی ۱۹٦٥دا خالیـدی وەك جێگـرەوەی خـۆی دەستنیشـانکرد. ئەو سـیفەتە بـێ پێچوپەنایەی لەگـەڵ ئـەوەی هـەرگیز بەگریمانـە کـاری نـەدەکرد وایـانلێکرد، ببێتـە هەڵبژاردەیـەکی سروشـتی دوای ئـەو شـۆکەی شـا (سـعود) دروسـتیکرد. خالیـد ئاسـتی خوێنەواریەکـەی بـەو ڕادەیـە نـەبوو، کەسـێکی دەمبەپێکـەنین بـوو، هـیچ بایـەخێکی بـە حکومەتو سیاسەتی دەرەوە نەدەدا. زۆرجار دەستی لەشێوازی ژیـانی ئاسـایی خـۆی هەڵدەگرت بۆ ئەوەی سەرقاڵی کشتوکاڵ یـاخود ئاژەڵـداری بێـت. یەکـەم شـازادەبوو کـە خـانوی گـەورە لـەبیابانی دەوری ڕیـازدا دروسـتبکات، خـۆی بـە بـەخێوکردنی مانگـای شـیردەرو ئـاژەڵی دیکـەوە سـەرقاڵدەکرد کـە لەوێـدا ڕایگرتبـوون. بـۆ بـرەودان بەکاتـەکانی کـە بـۆ ئاژەڵـداری تەرخانیکردبوو، هەندێك پرۆژەی ئەنجامدا''، دواتریش بەخاوەنی ئەو ڕێژەیە ناسرا کە لەسەر گرێبەستەکانی حکومەت دانرا''. لەنوسینێکی نهێنی ئەمەریکیدا لەسەر ژیـانی هـاتووە دەڵێـت: ئەوە سیفەتێکی خانەدانانە نەبووە کـە ئـەمی پێناسـرا لـەنێو شـازادە سعودیەکاندا، بـەڵام ئـەم کارەی دەریخست کەوا ئەولەویاتی خالید کامەیە کاتێك کـە دەبێتـە پاشـا. لەسـەر داوای خـۆیو

بەکۆدەنگی برا بەتەمەنەکانی ناو خێزانی پاشایەتی، خالید بەڕێوەبەردنی حکومەتی رادەستی فەهد کردو خانەنشین بوو بۆئەوەی ببێتە پاشایەکی جوتیار.

گرتنەدەستی لەپڕی دەسەڵات لەلایەن فەهدەوە لەساڵی ١٩٧٥ هاوکاتبوو لەگەڵ نائارامیەکەی (سالم بن لادن)دا. کۆمپانیا سەرەکیەکەیان هێشتا لەلایەن چەند کەسێکەوە سەرپەرشتی دەکران کە هەشت ساڵ لەوەوبەر لەلایەن شا فەیسەڵەوە دانرابوون. سەردەمی دوای بڕیاری هەڵپەساردنی هەناردەی نەوت چەندین چانسی باشی بۆ کۆمپانیاکانی بونیاتنانی سعودیە رەخساند، پاشان بنەماڵەی بن لادن دوای نەمانی سەرکردایەتیەکەیان، لەژێر هەڕەشەی ئەوەدابوون چەندین گرێبەستی مەزن لەدەست بدەن. پێویستیان بە پشتیوانی فەهد هەبوو، بۆ ئەوەی بەدەستیبهێنن، پەیوەندی خۆیان قولکردەوە لەگەڵ شازادەو هەر شەش حەقبراکەیدا. ئەمەش بووە ئەو ئەرکەی بە سالم بن لادن سپێردرا. دەبێ ئەم، فەهدو صودەیریەکان دەستەمۆ بکات هەروەك چۆن باوکی پاشای پێش ئەمی گیرۆدەی جادووی خۆیکردبوو.

## ١٢- کوڕە هەڵکەوتووەکە

سالم بن لادن هەڵسوکەوتی ساویلکانەی هەبوو، بێباك بوو، گاڵتەی منالانەی زۆربوو کە وایلێکردبوو تەنانەت لەتەمەنی سی ساڵیشدا هەڵسوکەوتو قسەی بێسەروبەری زۆر بکات. خێزانی پاشایەتی زۆر جەختیان لەسەر بوونی حەیاو شەرمو ئەدەب راگرتن دەکردەوە، بەلام وەك قەشمەرەکەی ناو دراما شانۆییەکەی شکسپیر، سالم هەموویانی دەهێنایە کەیفو سەفا بەوەی ئەتەکێتەکانیانی پێشێل دەکرد بێئەوەی هێرشێکی ئەوتۆ بکاتە سەریان. خویەکی تایبەتی هەبوو کە زۆرێك لەهاوڕێکانو فەرمانبەرەکانی دەیگێڕنەوە، لەبارەی ئەو (با)یانەی کە لێی بەردەبوونەوە، جارێکیان لەگەڵ سەلمان بن عەبدولعەزیزی پارێزگاری ریازدا بووە، سالم دەیکاتە دەنگە دەنگو دوردەکەوێتەوە، کە ئەمە شتێکی قەدەغەیە لەکلتوری بەدەوییەکاندا هەر وەك چۆن لەژووری وێنەکێشانی فەرەنسیەکانیشدا هەمان شتە. شازادە سەلمان لەسالم دەپرسێ چی روویداوە، ئەویش دەڵێ"هیچ نەبوو بایەکم لێبەربووەوە، شازادە ئەی تۆ قەت با بەرنادەیتەوە؟"

جارێك پەلاماری وەزیرێکی داوە بەجلێکی پەڕپوتەوە لەکۆبونەوەیەکی گرنگدا،وەزیرەکە بەتوڕەییەوە پێیوتووە "وامزانی تۆ پیاوی" ئەویش دەڵێ "کێ پێیوتووی من پیاوم؟ من منالم".

باوکی سالم خێزانی شاهانەی بە سازکردنی ئاهەنگی ئایینی لەمەککەو مەدینە بۆ لای خۆی کێشکردبوو، یاخود لەڕێگای سازدانی گەشت بۆسەر شوێنی کارکردنو بنیاتنانی پرۆژەکانی، بەلام سالم رێگایەکی تری گرتەبەر. زۆرێك لەنەوە گەنجەکەی خێزانی پاشایەتی کەسانێکی هاوچەرخبوون کە سەردانی دەرەوەی وولاتیانکردبوو، هەمان خولیای ئەمیان هەبوو لەئەنجامدانی سەرکێشیو تاقیکردنەوەدا لەکۆتایی شەستەکانو سەرەتای حەفتاکاندا. شازادە گرنگەکانی دیکەیوەك فەهد، کە بەتەمەنتربوون هەمان حەماسەتی سالمیان هەبوو بۆ ئەوروپاو ژنو ئۆتۆمبێلی خێراوو فڕۆکەی تایبەت. ئەرکی سالم بریتی بوو لەدروستکردنی

پەیوەندییـەکی هاورێیـەتی راسـتەقینە لەگـەڵ ئـەم برپاردروسـتکەرە شـاهانەیانەدا لەهـەمان کاتیشدا دەبوو دڵنیایانبکاتەوە کە ئەم دەزانێ پلەو پایەی خۆی لەکوێیە.

رۆژێك سالم لەبارەی فەهدەوە بەبرادەرێکی خۆی وتووە "دەتوانێ ووردم بکات یـان بەیـەك ووشە کە لەدەمی ئەو بێتەدەرەوە بمتوێنێتەوە".

هەموو زستانێك زۆرێـك لەشازادەکانی ئـال سعود ریـازو جـەددەیان بەجێدەهێشـتو بـەرەو بیابان بەرێدەکەوتن‌و لەوێ چادریان هەڵدەداو بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك لـەبیابان دەمانـەوە، لەوێ کەش‌و هەوا خۆشبوو ناوەناوە باران دایدەکرد. گوڵ‌و سەوزەگیا ئەو دەشـتەی دادەپۆشـی‌و رووەکی هەنجیری بیابان‌و گیای حوشترخۆرەش پەیـدادەبوو. ئـەو گەشـتانە هـەلێکی بـۆ شـازادە دەرەخسـاند بـۆ ئـەوەی بێتـەوە سـەر ئـەو زەویانـەو شوناسـە دەوارنشـینیەکەی خـۆی دووپـات بکاتـەوە، هـەروەها یادگـاری سـەردەمی گـەنجێتی خـۆی وەبـیر بێتـەوە. ئـەو گەشـتە بـوارێکی باشیشبوو بۆ سیاسـەت. ئـەوەی هاوشـێوەی سیاسـیەکانی ئـەوروپا دەیـانکرد کـە بەسـواری پـاس یاخود شەمەندەفەر بەرەو زێدی خۆیان دەرۆیشتن، دەوارنشینەکانیش کۆدەبوونەوە بۆ گێرانـی ئاهەنگ لەگـەڵ گەشـتیارە شـاهانەکاندا، هـەمویان ریزیاندەبەست بـۆ ئـەوەی پـارە وەك دیـاری وەربگرن یاخود یارمەتی خێرخوازی بەدەستبهێنن بۆ پرۆژەکانی گەشەپێدانی ناوچەیی.

لەدوانیوەرۆیـەکی مـانگی شـوباتدا لەناوەراسـتی سـاڵی حـەفتاکان نوسـەرو فرۆکـەوانێکی ئەڵمانی بەناوی (ۆڵف هیکمان)Wolf Hechmann بە فرۆکەیەکی بچوك لەسـەر راڕەوێکـی فرینی بچووك لەبیابانی باکوری سعودیە نیشتەوە، شوێنەکە نزیك ئەو هێڵی نەوتگوێزەرەوەیە بوو کە نەوتی خاوی سعودیە لەکەنداوی فارسەوە بـۆ ئـوردن‌و سـوریا دەگوێزێتـەوە. (هیکمـان) بەنیازبوو پێوانەیەکی نوێی نافەرمی تۆمار بکات بەوەی بـەم فرۆکەیـەی نـاوی (ئۆسـکار) بـوو، بزوێنەرێکی بچووکی هەبوو تواناکـەی تـەنیا شەسـت ئەسـپ بـوو، دەیتـوانی نزیکـەی دە هـەزار کیلۆمەتر ببرێت کە دوورییەکە لە(داخاو)ەوە بۆ ئوسترالیا. ئەو لەوێ لایدابوو بـۆ تێکردنـەوەی سوتەمەنی بەڵام "پیاوێکی لاوازی مێردمنداڵ ئاسا، بەجلی عەرەبیەوە دەرکەوت، خەنجـەرێك‌و دەمانچـەیەك لەپشـتێنەکەی کەمـەریابوو". لێـی نزیکبـووەوە، ئـەو کەسـە سـالم بـن لادن بـوو. کاتێك سالم بەو سەرکێشیەی هێکمانی زانی ئیدی نەیتوانی خۆی رابگرێت‌و هێکمانی پەلکێشی ژورێکی نێو میوانخانەکەی خۆی کرد. هێکمان دەڵێت" تـا سـەعات سـێی بەرەبـەیان ئێمـە هـەر باسی سەرکێشیەکانمان کرد لەئاسماندا".

سالم ووتی سبەی بەیانی بەنیازی سەردانی دوو شازادەیە، کە (نایف)و (ئەحمەد)ن‌و هەردووکیان حەفترای فەهدن، لەکامپی راوکردنی زستانەیانن لەبیابان، هێکمانیشی بانگێشت کرد. شازادەکان چادرەکانیان لەسەر سنوری عێراق هەڵدابوو کە ئەوکات لەلایەن صەدام حوسێنەوە حوکم دەکرا. سالم ووتی کێشەیان نابێت لەپەڕینەوە بۆ عێراق‌و گەیشتن بە بنکەی پۆلیس چونکە میوانی خێزانی شاهانەن.

سالم لەرۆژی داهاتوودا سواری جیبێکی ئەمەریکی بوو لەگەڵ چەند یاریدەدەرێك‌و شەش بازی راوکردنی چاوبەستراو، (هیکمان)یش ئۆتۆمۆبێلی دووەمی لێدەخوڕی. دواتر نوسیبوی "شێخ وەك شێت سەیارەکەی لێدەخوڕی".

هەندێ جار ئێمە بەشوێن تایەی ئۆتۆمبێلەکانی دیکەدا دەڕۆیشتین، بەلام زۆربەی کات، شێخ سالم وەك شێت بەو دەشتەدا ئۆتۆمبێلەکەی تاودەدا. ناوچەکە پڕبوو لەگیای حوشترخۆرە، کە رەگەکانیان بەقووڵی بەناو ناخی ئەو زەویە لمینەدا رۆچووبوو، بەلام لەبەرامبەر هەریەك لەمانەشدا، ئەو رەشەبایەی بەردەوام هەڵیکردبوو چەند تەپۆلکەیەك لمی بچوکی دروستکردبوو. ئەو جیبەی شێخ کە تەگەرەکانی لەسەر سپرنگی نەرم بوون وەك کەشتییەك لەناو زریاندا رێی دەکرد. هەندێك جار بەسەر تەپۆلکەکاندا دەڕۆیشتین وەك یاری خۆهەڵدان لەئاسمانەوە بەلام تەنیا نیشتنەوەکەمان تۆزێك باش نەبوو.

کاتێکیش راوەستان، ئەو عەرەبانەی لەئۆتۆمبێلەکەی هێکماندابوون تەوقەیان لەگەڵکرد، پێزانینیان بۆ دەربڕی. ووتی"پێیەکی ئاسنین لەسەر سکلێتەرەکە بوو کە بەهۆیەوە دەرکەوت باشترین شارەزایی لێخوڕینی هەیە". ئەوو سالم چوونە ناو چادرەکەی نایف‌و ئەحمەدەوە کە ئاگردانێکی تیابوو، دارێکی درکاویان تێکردبوو هەموو ناو چادرەکەی پڕکردبوو لەدووکەڵ‌و شازادە ئەحمەد کۆکی‌و بە دەنگێکی قرخنەوە ووتی "گەرمکەرەوەی مەرکەزی ئەگەر هەبێ خراپ نیە".

سالم چاوبەستی هەڵۆکانی لێکردەوەو لەگەڵ دوو شازادە بەتەمەنەکەدا کەوتە راوکردن، یەکێکیان نایف بوو کە لەسەروبەندی ئەوەدابوو ببێتە وەزیری بەرگری، ئەویتریشیان ئەحمەد بوو کە جێگری یەکەمی بوو. هیکمان دەیبینی کە چۆن سالم لەجیهانێکە بازهەڵدەدات بۆ یەکێکی دیکە: "شێخ سالم دانیشتبوو، قاچە درێژەکانی لێکنابوو بەشێوەیەکی چوارمشقی وا بۆی دانیشتبوو، دەتگووت ئەم کابرایە هەموو ژیانی بە دانیشتن لەژێر چادرو لەبیاباندا

لەبەردەم ئاگردانێکدا بەسەربەردووە، لەکاتێکدا لەڕاستیدا هەموو پلەکانی خوێندنی لەلەندەن تەواوکردبوو. ئیمپراتۆریەتێك لەبیناسازی لەبەردەستدابوو کە بەڕێوەیدەبرد، لەتوانایدابوو بیرۆکەی زیرەکانەو بگرە داهێنەرانەش پەرەپێبدات لەبارەی مەسەلە ئابووری‌و سیاسیەکانەوە".

چادرگەکەی شازادە فەهد بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی ئەودا، دووکەڵی تیانەبوو. زۆرینەی کات نزیکەی چوار تا پێنج سەعات ڕێگا بە لێخوڕین لە ریاز دوور دەکەوتنەوە لەقافڵەیەکدا کە لەپەنجا تا شەست ئۆتۆمبێلی مارسیدس پێکهاتبون‌و ترێلەی باشیشیان لەگەڵدا دەڕۆیشت، چادرگا زستانەییەکەی نەخۆشخانەیەکی گەڕۆکی لەگەڵدا دەڕۆیشت کە لەژمارەیەك پزیشکی ئەمەریکی پێکهاتبوو بە نۆرە دەوامیان دەکرد. پێدەچوو فەهد شادمانبێت بە دوورکەوتنەوە لەریازو فشاری کارکردن لەئۆفیسدا. هەندێجار بۆ ماوەی پێنج تا شەش هەفتە لەبیاباندا دەمایەوە.

ئەو سەردانەی سەرنجی لێشاوێك لەشوێنکەوتوانی رادەکێشاو دەهاتن چادرەکانی خۆیان لەو نزیکانە قوت دەکردەوەو هەوڵیاندەدا زۆرترین کات لەخزمەت جەنابیدا بەسەربەرن. هەمووکات سالم یەکێك بووە لەو دەست‌و پێوەندانەی لەلایەن فەهدەوە دەبرا، بەردەوامیش پێنج تا شەش چادری لەدووری دەکیلۆمەترەوە لەشوێنەکەی فەهدەوە هەڵدەدا. لەگەڵ خۆیدا بەڕێوەبەری کامپی دەهێنا، تەنانەت یەکێك لەفەرمانبەرە ئەوروپیەکانی‌و میکانیکێك‌و چێشتلێنەرێکیشی دەهێنا. هەموو جارێ دوو تا سێ هەفتە دەمایەوە، هەموو رۆژێك سواری ئۆتۆمۆبیلێکی بیابانیی جۆری (دون بەگی) Dune Buggy، یان هەر ئۆتۆمبێلێکی سەرکێشیکردنی دیکە بکەوتایەتە پێش چاوی، دەبوو خۆی دەگەیاندە کامپەکەی فەهد. ئێواران بەهەمان شێوەی سەدان میوانی پیاو خۆیان دەگەیاندە ئەو خوانەی فەهد ئامادەیکردبوو. ئەمەش نەریتێکبوو کە لەشێوە ژیانی دەوارنشینەکاندا هەبوو، یەکسانی لەنێوان هەمواندا فەراهەم دەکرد. خواردن لەسەر زەویەکە بڵاودەکرایەوەو دەستبەجێ دەخورا، کاتیش بۆ چێژوەرگرتن‌و قسەکردن‌و ئەوەی پێی دەڵێن هەرسکردن نەبوو. سالم بەدەوری فەهدا وەك شێت هەڵدەسوڕا. جارێکیان، گەڕایەوە دوواوە بۆ ناو کەمپەکەی خۆی بەهاوەڵی پاسەوانەکانی کە پێدەچوو لەکامپەکەی حاکمەوە پێشیکەوتبن، یەکێك لەمیوانەکانی کە لەوێبوو دەیگێڕێتەوە: سالم وتویەتی لەچادری شاهانەدابووە کاتێك فەهد گلەییکردووەو

ووتویەتی (وەڵاهی، سالم، من زۆر زۆر بێزاربووم لەم بەدوانە. دێن بۆلای منو من بەلامەوە گرنگ نیە کە پارەیان پێبدەم، بەڵام سەدانی دیکەیان دێنو دەستم ماچ دەکەنو پارەیان پێدەدەمو دەستم ماچدەکەنو پارەدەدەم. تەواو بێتاقەتی کردووم، لای خۆی من هاتووم لەم بیابانەدا پشوویەك بدەم.

سالم وتوویەتی "من دەتوانم ئەم کێشەیە چارەسەرکەم، تۆ رۆژێك بەرلەوە ئاگادارمکەرەوە، هەتا ئێوارە شت دەخۆم، هەندێك فاسۆلیای سوریش دەخۆم. تۆش بمخەرە پێشی ریزەکەوە، منیش دەستدەکەم بە بابەردانو هەموو ئەو بەدوانەش چۆڵیدەکەن".

فەهد ئەوەندە بەتوندی پێکەنیوە تەنانەت پزیشکەکانی ترسی ئەوەیان لێنیشت جەڵتەی دڵ لێیبدات. سالمیش بەپەلە ئەو ناوەی بەجێهێشت. ئەو میوانە ئاماژەیدا هەمووان بەردەوام سەریان بۆ فەهد دادەنواند، بەڵام سالم وەك هاورێیەك وابوو، خەریکی نوکتەکردن بوو فەهد ئەم شتەی زۆر بەدڵبوو "حەزی لەو شێوازەی سالم بوو. بێگومان، ئەو کابرایەکی سەرشێت بوو ئەگەر کەسێکی ئاسایی ئەو کارەی بکردایە، یەکسەر دەستیان دەبری، بەڵام لەبەرئەوەی سالم کەمێك سەرشێت بوو، لێی قبوڵدەکرا".

لەکۆتاییدا سالم رەزامەندی وەرگرت بۆ کرینی فرۆکەیەکی تایبەت. کەوتە گۆرینی فرۆکەکانی باوکی، ئەوانەی کە فرۆشرابوو پێیانو دواتر شا فەیسەڵ بریاریدابوو کە نابێ چیدی بنەماڵەی بن لادن بەفرۆکەی تایبەت هاتوچۆبکەن. یەکەم فرۆکە کە کری، بریتیبوو لەفرۆکەیەکی جۆری (میتسوبیشی‌MU-2) کە شەش نەفەری هەڵدەگردتو لەجۆری پەروانەدار بوو، دەیتوانی لەسەر فرینگەی کورتیش بنیشێتەوە، ئەمە سەرەرای فرۆکەیەکی (جێتی) نایاب. لەکۆتایی حەفتاکاندا، سالم دەستیکرد بە گەشتکردن بە فرۆکە MU-2 ەکەی بۆ بیابان بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتە شا فەهد لەکاتی گەشتو چادرهەڵداندا لەبیابان. یاریدەدەرەکانیشی بە بەکارهێنانی لایتی دەستیو تایەسوتاندن شوێنێکی نیشتنەوەی کاتییان بۆی ئامادەدەکرد. سالم نەیتوانی بەرگەی ئەو حەزەی بگرێت کە دەیویست چادرەکانی شا فەهد بهەژێنێت. جۆری گێرانەوەی چیرۆکەکەشی لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆرێت، هەندێکیان دەڵێن، پاسەوانەکانی فەهد چەکەکانیان بەرزکردوەتەوە بۆ ئەوەی تەقە لەفرۆکەکەی سالم بکەن، لەکاتێکدا هەندێکی دیکە دەڵێن، سالم بەشێوازێکی زۆر ناشیرین فرۆکەکەی لەسەر رێگایەك نیشاندووەتەوە کە نزیك ئەو جێیەبووە کە شا فەهد لێی

دەمایەوە. بەهەر جۆرێك بووبێت، جاك هینسۆن ئەو فڕۆکەوانەی کە لەو ماوەیەدا کاری بۆ سالم کردووە، ئەوە دەگێڕێتەوە کە دواتر شا فەهد بە سالمی ووتوە، "تۆ شێتی، لەم رۆژانەدا خۆت بەکوشت دەدەی".

ئەو چێژوەرگرتنەی سالم راستەقینەبووە، بەڵام لەهەمان کاتدا بەشێوەیەك دەربڕیوە کە یارمەتی بدات بۆئەوەی لەمەسەلەکانی بازرگانیدا لەگەڵ فەهدو براکانیدا خۆی یەکبخات. وەك بەڕێوەبەری فرۆشتن، سالم هەر شازادەیەکی برای حەقی پاشاو زڕبراکانی پاشای دانابوو بۆ یەکێك لەبراکانیو ئەرکی ئەوەی پێ سپاردبوو لێی نزیکبێتەوەو پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ دروستبکاتو گرێبەستی بازرگانی دەستبکەوێت. روپەرت ئارمیتاژ کە لەودەمەدا بینایەکی بازرگانی بۆ سالم بەڕێوەبردووە لەجەددە، دەڵێت: "پرسیارەکە ئەمەبوو..کێ شازادەکەی تۆیە؟".

هەروەها دەڵێت: سالم فەهدی بۆ خۆی دانابوو، بەکری برایشی بۆ عەبدوڵلا بن عەبدولعەزیز دانابوو، کە نۆرەی گرتبوو بۆ ئەوەی دوای شا فەهد بچێتە سەر تەختی پاشایەتی. ستراتیژەکەی سالم بریتیبوو لەلووشدانی ئەو گرێبەستە بازرگانیانەی بۆ پرۆژەکان دروست دەکرێن لەرێگای دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کاربەدەستە مەدەنیەکانی نێو وەزارەتە گرنگەکانی حکومەتەوە، پاشانیش بۆ مۆرکردنی رێکەوتنەکان لەگەڵ شازادەکاندا، "هەندێك لەو دەستکەوتانە زۆر گەورەبوونو تۆش هەتا کارەکەت بەباشی بەجێ بگەیاندایە هەر بە بەشێك دەمایتەوە لەو دەستکەوتانە"و جێگەی رەزامەندی ئەو خێزانە دەبوویت.

چادرهەڵدانی بیابان چانسێکی باشیش بوو بۆ وەرگرتنەوەی قەرزە کۆنە کەڵەکەبووەکان. هەموو رۆژێك سالم لەتەنیشت فەهدەوە دادەنیشت، لەسەرخۆ پێیدەوت کە چەنێك قەرزار بووە هەتا ئەو کاتەی کە ژمێریاری شاهانە بە چەکێکی پارەوە دەگەیشتەجێ. بێنت جۆهانسن کە بەدرێژایی پانزە ساڵ وەك سەرۆکی میکانیکیەکانی فڕۆکەکانی سالم کاریکردبوو، دەیگێڕێتەوە کە بەچ شێوەیەك جارێکیان سالم لەچادرەکەی فەهدەوە گەڕاوەتەوە چەکێکی پارەی بەدەستەوەبووەو رایوەشاندووەو وتوویەتی "کوڕینە، پارەکەمان وەرگرتەوە، بابڕۆین" پاشان دەستبەجێ بارگەو بنەیان لێکناوەو بۆیدەرچوون.

تا کۆتایی حەفتاکان سالم ئەوەندە گرێبەستی بازرگانی دەستکەوتبوو تا بتوانێ فرۆکەی (لییەرجێت) Learjetو جۆرەکانی دیکەی فرۆکەی بازرگانی گرانبەها بخاتە نێو

گەلەفڕۆکەکەیەوە. ئەم فرۆکانەی بەکاردەهێنا لەگەشتەکانی خۆیدا بۆ وولاتانی دیکە، بەلاّم لەهەمانکاتدا بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ خێزانی شاهانەشدا. ئەگەر شازادەیەك پەیوەندی پێوەبکردایە بۆ وەرگرتنی یەکێك لەفڕۆکە لییەرەکانی، ئەوا سالم خۆی لەحاڵەتێکدا دەبینییەوە کە چارەی نەبوو جگە لەوەی فڕۆکەیەك بە تەواوی تاقمە فڕۆکەوانیەکەیەوە رادەستی شازادەکە بکات، ئەویش بۆ ماوەی چەندین هەفتە بەدڵی خۆی لەگەشتەکانیدا بۆ بازاڕکردن لە ئەوروپادا بیسوڕێنێتەوە.

ئەم کارەش بەشێکبوو لەڕێکەوتنەکانی لەگەڵ خێزانی شاهانەدا. جۆهانسن ئاماژەدەدات بەوەی زۆرجار سالم خۆی لەو پەیوەندییە تەلەفۆنیانە دەدزیەوە کە لەهەندێ شازادەوە دەکران، کە بەشێوەیەکی بەردەوام داواکارێکی فرۆکەی چالاك بوون. "هەوڵیدەدا خۆی لەو داوایانە بدزێتەوە، بەلاّم ئەگەر بیانگرتایە لەسەرخەتو راستەوخۆ داوایان لەخۆی بکردایە ئەوا ناچاربوو بڵێت بەڵێ".

ئەم ئارەزووە، هاوشانی ئەو حسابانەی خێزانی شاهانەبوو کە هەرگیز پشتی پێنەدەبەسترا لەپێدانی پارەکان، هەروەها لەشت کڕینی ئاسایی‌و داواکانی خەرجکردنی سلفەو پارەی گرێبەستەکانی بواری پیشەسازیشدا. ئەمانەش هەمووی فشارێکی زۆری خستبووە سەر هێنان‌و بردنی پارەکانی سالم. باوکی سالم لەسەردەمی خۆیدا توانی چارەی ئەم کێشەیە بکات ئەویش بەپاڵپشتی هاوڕێیەکی حەزرەمی کە لەبواری بانکدا کاریدەکردو ناوی سالم بن مەحفوز بوو سالمیش لەسەر ناوی ئەو ناونرا. سالم بن لادنیش پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی‌و هاوبەشی هاوشێوەی لەگەڵ خالد بن مەحفوزدا دروستکرد. ئەویش هاوشێوەی سالم لەجێگای باوکی دانرا بۆ بەڕێوەبردنی سامانەکەی باوکی‌و وەك سالم رەوانەی بەریتانیا کرا بۆ خوێندن. هەر ئەویش لەناوەڕاستی حەفتاکاندا دەستیکرد بە کارکردن. تا دەهات رۆڵی دیارتردەبوو، پاشان رۆڵێکی گرنگی بینی لە (بانکی بازرگانی نیشتمانیدا) کە موڵکی خێزانەکەی بوو. خالد کەسایەتییەکی زۆر هێمنتربوو لەسالم، بەلاّم بەخێرایی بوونە هاوڕێ‌و هاوبەش لەبازرگانیدا. لەساڵەکانی حەفتادا هێشتا سەرگەرمی ئەوەبوون خۆیان بناسێنن وەك دوو بەڕێوەبەرەی گەنج.

هەریەك لەسالم‌و خالد چەند فرۆکەیەکیان پەیداکرد لەیەکەم ساڵی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتدا. فڕۆکەوانی ئەمەریکی‌و پاکستانی‌و ئەفگانی‌و میسری‌و بەرەگەزی دیکەیان دامەزراند،

هەروەها بەشی فڕۆکەوانییان دامەزراند لەفڕۆکەخانەی جەددە، یەکێك لەئەرکەکانی ئەو بەشە گواستنەوەی پارەی نەخت بوو لەنێوان بانکەکانی عەرەبستانی سعودیدا، کەووڵاتێکی دواکەوتوو بوو ژمارەیەکی کەم سیستمی ئەلیکترۆنی یاخود کۆمپیوتەریی تیابوو. پارە حوکمی دەکرد، تەنانەت سالم فڕۆکە تایبەتەکانی خۆشی بۆ گواستنەوەی جانتای پارە بەکار دەهێنا لە نێوان لقەکانی بانکی بازرگانی نیشتمانیدا. لەتۆماری گەشتی فڕۆکەوانەکاندا لەخانەی مەبەستی گەشتەکاندا زۆر بەسادەیی دەنوسرا گواستنەوەی پارە. گواستنەوەیەك کە سەرەتا لەبارەگای بانکی بازرگانی نیشتمانیەوە لە جەددە دەستیپێکرد، لەوێدا هەندێك کرێکاری یەمەنی کۆچبەری متمانەپێکراو جاری وا هەبوو گوێنیە پارەی‌وایان باردەکرد کە پێنج پێ درێژبوو، بە قەیدی قورقوشمی مۆرکرابوو، دەیانخستە ناو کاروانێك پیکابی جۆری هۆنداوە. بەبێ ئەوەی یەك پاسەوان یان چەکدارێکیان لەگەڵبێت. بارەکان دەبرانە فڕۆکەخانەو پارەکان لەفڕۆکەکانی جۆری لییەرجێت باردەکرانو دەخرانە سەرکورسی نەفەرەکان. پاشان دوو فڕۆکەوان فڕۆکەکەیان دەگەیاندە زەهران یان ریاز یان حائل یان هەندێ شاری دیکەی سعودیە، کە یەکێك لەلقەکانی بانکی بازرگانی نیشتمانی لێبوو، دواتر هەڵدەچنران لە خەزێنەکاندا. لەگەشتەکانیاندا پارەیان دەگەیاندە کامپەکانی ناو بیابانی بن لادنەکان بۆ ئەوەی لەوێدا بەسەر کرێکارە کۆچبەرەکانی سەر پرۆژەکانی بیناسازیدا دابەشیبکەن. ناوە ناوە، بەبێ ئەوەی هیچیان پێبوترێت، کرێکارە یەمەنیەکان هەندێك بلۆکی ئاڵتونیان باردەکرد، کە دواتر ڕەوانەی بەحرێن یان لەندەن یاخود سویسرا دەکران. لەگەڵ تێپەڕینی ساڵەکاندا، ئەو فڕۆکەوانە ئەمەریکیانەی لەم گەشتانەی پارەگواستنەوەدا بەشداربوون، توشی فزوڵ بوون بۆ زانینی جۆری بارەکانو چارەنوسەکەی. بەپێی قسەکانی هاوڕێیەکی بەناوی محەمەد عەشماویەوە دەگێڕێتەوە: ڕۆژێکیان لەناوەڕاستی حەفتاکاندا، سالم بڕیاریدا ببێتە پزیشك. داوای لەفەهد کرد ڕێگەی پێبدات لەقاهیرە بخوێنێت، شازادەی جێنشینیش سەیرێکی دەکاتو دەڵێ "سالم، ئاقڵبە".

بێ دوودڵی سالم داوای لەپزیشکی خانەوادەکەی لەجەددە کرد کە دکتۆرێکی بەڕەگەز ئەمەریکی بوو بەناوی تێری بێنەت ئاخۆ دەتوانێ نامەیەکی ڕەوانەکردنی بۆ بنوسێت "ئەمەش پلانێکی یەك مانگە بوو"، بەنەت دەگێڕێتەوە "وەکو کێچ وریابوو". سالم زۆر خێرا شت فێردەبوو، بەهەرحاڵ، بووە باشترین فڕۆکەوان بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە ڕاهێنانو خولێکی

فەرمی ببینێت، هەندێك جار داوای لەفڕۆکەوانێکی شارەزا دەکرد کە لەگەڵی بڕواتو هەندێك وانەی کەمی فێربکات. وادیاربوو پێیوایە دەتوانێ زانستی پزیشکیش بەهەمان شێوە فێربێت. بەهەموو شێوەیەكو لەسەر شێوازی باوکسالاریو بەتێپەڕبوونی کات زیاتر سووربوو لەسەر ئەوەی کە پێویستە یەکێك لەخێزانەکەیان ببێتە پزیشك. بەردەوامو تادەهات کاتی زیاتری لەقاهیرە بەسەردەبرد، زۆر دوور نەبوو لەجددەوە، ئەوەندە نزیك بوو کە بتوانێت لەکۆتایی هەفتەدا بە فڕۆکە بۆی بڕوات. کلتورەکەی زیاتر سەرنجڕاکێشو کراوەتربوو لەهەموو شتێکی دیکەی عەرەبستانی سعودی. لانی کەم باوکی سالم هاوسەرگیری لەگەڵ دوو ژنی میسریدا ئەنجامدابوو، ئەو منالآنەی لەئەنجامی ئەو هاوسەرگیریەشەوە دروستبووبون لەناو قاهیرە یان لەدەوروبەریدا دەژیان. محەمەد لەیەکێك لەهاوسەرەکانی سێ منالی لەدوای خۆی بەجێهێشت کە دوانیان کوڕبوون بەناوی خالیدو عەبدولعەزیزو کچێکیش بە ناوی موناوە، هەروەها کچە تاقانەیەکیشی لەوەی دووەم بەجێهێشت بەناوی رەندە.

کاتێك محەمەد بن لادن مرد، رەندە تەمەنی دوانزە بۆ سیانزەساڵان دەبوو، هاوڕێیەکی ئەمەریکی بەناوی گەیل فریدمان دەگێڕێتەوە: بۆ یەکەمجاریش لەساڵیادی مردنەکەی باوکیدا چاوی بەسالم کەوت. سالم پێیووت "خەمت نەبێ، خەمت نەبێ، من هەموو کات ئاگام لێت دەبێ". هەر لەوێدا "دەستبەجێ پەیوەندییەك دروستبوو لەنێوانیاندا". سالم بۆیدەرکەوت رەندەو دایکی کە شویکردبووەوە، لەدۆخێکی باشدا ناژین، سالم پارەی پێدانو خانویەکی سێنهۆمی لەنزیك (یانەی نیشانشکێنی سەردەمی کۆلۆنیالی) بۆکڕین. سالم لەنهۆمی خوارەوە دەمایەوە کاتێك لەوێ دەبوو، رەندەش بەتەنیا نهۆمێکی تەواوی هەبوو لەسەروو ئەمەوە، دایکیو باوەپیارەکەشی لەنهۆمی سێیەم دەژیان. لەناوەراستی حەفتاکاندا، لەناو هەموو ئەوکەسانەی کە سالمیان دەناسی دەیانزانی رەندە نزیکترین خوشکەکانی سالمە. کچێکی قەدباریکی رەنگ قاوەیی قژ ڕەشبوو کە خاوەن کەسایەتیەکی کراوەبوو. بەردەوام چاوی لێیبوو، لەتەلەفوندا قسەی لەگەڵدەکرد، دەیبرد بۆ ئەوروپا بۆ بازاڕکردن، بەبەردەوامیو بەرێکوپێکی سەردانی دەکرد لەقاهیرە. پەیوەندییەکەی نێوانیان بەجۆرێك بەهێزبوو کە زۆر لەپەیوەندییەکی ئەویندارییی رۆمانسی دەچوو. هیچ کەسێك لەکەسە نزیکەکانو دەستوپێوەندەکانی دەوری سالم بەبیریان نایەت کە بچوکترین ناکۆکیش لەنێوان سالم ئەو

زڕخوشکەیدا رویدابێت. لەگەڵ ئەوەشدا سەرسامبوون بەو جۆرە پەیوەندیو هەستو سۆزەی نێوانیان.

سالم بڕیاریدا کە پێویستە رەندەش ببێت بە پزیشك، رایگەیاند کەوا خۆشی شانبەشانی ئەو خوشکەی لەزانکۆی قاهیرە دەست بەخوێندن دەکات. سەبری غونەیم کە کارمەندێك بوو بۆ ئەو بنەماڵەیە لەقاهیرە کاریدەکرد دەڵێ: "زۆری لەرەندە کرد بۆ ئەوەی ئەو کارە بکات". سالم پارەی دا بە پرۆفیسۆرەکان بۆ ئەوەی بێنو لەماڵەوە وانەی تایبەتی پێبڵێنەوە. خۆشی هەوڵیدەدا لەم وانانەدا ئامادەبێت. بەفڕۆکە هاتووچۆیدەکرد بۆ جەددەو دەگەڕایەوە. فەرمانی بە فڕۆکەوانەکانی کرد کە یارمەتی رەندە بدەن بۆئەوەی پێداویستی خوێندنەکەی بکڕێت، جارێکیان چەند ئێسکەپەیکەرێکی لەسعودیەوە لەفڕۆکە تایبەتەکەی خۆیدا بارکردبوو بۆ ئەوەی فریای یەکێك لەوانەکانیانی بخات.

لەناو عەرەبستانی سعودیەدا هێشتا کار نەگەیشتبووە ئەوەی رێگەبدرێت بە ئاسانی کچان بچنە کۆلێژەکان چجای ئەوەی بچنە کۆلێژێکی وەك پزیشکیەوە، ئەگەر شتێکی لەوجۆرەش روویبدایە ئەوا لەرێوشوێنێکی جیاکاری رەگەزی توندوتۆڵدا بەرێوەدەچوو. سالم هانی گەلێك لەخوشکانو زڕخوشکەکانی خۆیدا کە بچنە کۆلێژ. سالم هودای خوشکی لەکۆلیژی هونەر دانا لەپاریس لەکاتێکدا رەندەی خوشکی رەوانەی کۆلیژی پزیشکی کرد لەقاهیرە. دوان لەزڕخوشکەکانی دیکەی لەپەیمانگایەکی ناوخۆیی دانا لەپاکستان، هەندێکی دیکەیان چوونە زانکۆو ئەکادیمیاکانی دیزاین لەئەمەریکا، هەندێکیان بایەخیان بەدیزاینی ناوەوە دەدا، تا شارەزایی تیا وەرگرنو بتوانن وەك پیشەیەك سودی لێوەرگرن لەو پرۆژە کۆشکە ئامادەکراوو فەرشکراوانەی کۆمپانیاکانی بنەماڵەکەیان ئەنجامیاندەدا. زۆرێك لەزڕخوشکەکانی بن لادن جلی ئەوروپییان لەبەردەکردو بەبێ لەچککردن سەفەریاندەکردو دەسوڕانەوە لەدەرەوەی عەرەبستانی سعودی. لەهەمان کاتدا، سالم زۆر سوربوو لەسەر پاراستنی ئەوەی پێیوابوو کە شەرەفی خوشکەکانیەتی. رێگەی نەدەدا هیچ یەکێك لەو فڕۆکەوانە گەنجانەی لەگەڵیبوون قسە لەگەڵ هیچ یەکێك لەخوشك یان زڕخوشکەکانیدا بکەن. تەنیا متمانە بە جێراڵد ئاورباخ دەکرا کە هاوەڵییان بکات چونکە وەك باوکیان وابوو.

سالم زۆر شاهانە نەدەژیا. ئەو کاتەی سەردانی میسری دەکرد، لەو خانووەی لەگەڵ رەندەو دایکیدا دەژیا کە خزمەتکارو چێشتلێنەری هەبوو، بەڵام کۆشك نەبوو. پانتۆڵی جێنزی شینو

تیشێرتی لەبەردەکرد، بە ئۆتۆمبێلێکی کۆنی ئیسپانی یاخود ماتۆڕێك دەسوڕایەوە. لەشەقامی (سەورەی ١٤) دا نوسینگەیەکی کردەوەو هەندێك کارمەندی میسری دامەزراند، دواتر کەوتە گەڕان بەدوای زەوی باش‌و بیرۆکەی باشدا بۆ پەرەپێدان لەقاهیرە. غونەیم دەگێڕێتەوە: "سالم خەوی بەوەوە دەبینی بەدرێژایی روباری نیل تاوەرو مۆڵی گەشتیاری دروستبکات". لەکۆتایی حەفتاکاندا لەزۆربەی وەبەرهێنەکان باشتر ناوچەو زەویەکانی قاهیرەی دەناسی، چونکە چەندین سەعات بەفڕۆکە بەسەریاندا سوڕابووەوە، ئەوەش ئارەزوویەکی بوو کە پێناچێ هەرگیز لێی بێزار بوو بێت.

سالم فڕۆکەیەکی تاك بزوێنەری پەروانەداری جۆری (سێسینا Cessina-172) ی لەئەمەریکا کڕی ئەو کاتەی کە لەوێبوو، هەرخۆشی لێیخوڕی تا گەیاندیە قاهیرە. لەفڕۆکەخانەیەکی بچوکدا لەناوچەیەکی قەراغ قاهیرە داینا کە ناوی ئیمبابابوو. ئەو فڕۆکەخانەیە بەزۆری لەلایەن فڕۆکەوانی ئارەزوومەندەوە بەکاردەهات. سێسیناکەی بەکار دەهێنا بۆ راکێشانی ئەو فڕۆکە بێ بزوێنەرەی کەوەك خلیسکێنە بەکاریدەهێناو دروستکراوی ئەڵمانیابوو، دوو کەسی دەگرت، هەروەها بەو فڕۆکەیە دەیگەیاندە بەرزی پێنج هەزار پێ‌و بگرە زیاتریش، لەوێوە دەتوانرێ بەرەڵابکرێت‌و بۆخۆی بە فڕینێکی پێچاوپێچ بگاتەوە ئیمبابا، بەسەر نیلدا بخولێتەوەو بڕوات بۆ سەر هەرەمەکان، بەسەر تەپۆلکە لمین‌و دەشتە ووشکەکاندا تێپەڕێت، سرتە لەهیچ شوێنێکەوە نەیەت تەنیا دەنگی با نەبێت کاتێك کە بەبن باڵەکانیدا تێپەڕدەبن. ئەو باسی لەرۆمانسێتی ئەم فڕینانە کردووە بەسەر هەرەمەکاندا. کاتێك پەیوەندییەکی دۆستایەتی لەگەڵ کچێك بەست، هێشتا هەر لەگەڵ شەیخەدا هاوسەربوون، بەڵام ئەمیان لێی دووربوو، زۆرجار دەیبرد بۆ قاهیرەو لەخۆرئاوابووندا بەفڕۆکە بێ بزوێنەرە خلیسکێنەکەی بەئاسماندا دەیگێڕا. لەگەڵ هەندێك فڕۆکەواندا، مەشقی لەسەر سوڕانەوەی بازنەیی‌و خولانەوەو فڕینی سەربەرەوخواری لەسەر ئیمبابا کردبوو. دواتر جوتێك فڕۆکەی چارۆکە باڵی کڕی، ئەگەر ئەو دەوروبەرە ژمارەی پێویست فڕۆکەوانی لێبوویێت، ئەوا ئێوارەگەشتێکی بۆ سەر هەرەمەکان رێکدەخست. هاوڕێکانی لەدوایەوە دەفڕین‌و ریزبەندییەکیان دروستدەکرد کە لەفڕۆکەی مناڵانە دەچوون.

واین فاگان پارێزەرێکی ئەمەریکیە جارێك لەقاهیرە سەردانی سالمی کرد، باسی ئەوە دەکات جارێکیان بانگێشتکراوە بۆ سواربوونی یەکێك لەو فڕۆکانە کاتێك سالم بزوێنەری فڕۆکەکەی

خستوەتەگەڕو رەوگەی فڕینەکەی پڕکردووە لەتەپوتۆزو فڕەفڕ تەنیا بۆ ئەوی پایپێکی توتن داگیرسێنێت، "هەموو ئەو ماوەیەش بە ئانیشکی پاڵی دەنا بە خنکێنەرەکەوە". لەئێوارەدا بەرەو بیابان رۆیشتن و بەسەر هەرەمەکاندا سوڕانەوە. پێشتر سالم بەڵێنی بە فاگان دابوو کە بە فڕۆکە خلیسکێنە بێ بزوێنەرەکە گەشتێك بکەن، بەڵام رێکنەکەوت، بۆیە لەگەڕانەوەیاندا، بزوێنەری فڕۆکەکەی کوژانەوەو خۆیدا بەدەم شەپۆلەکانەوەو ووتی سەیرەکە،واین، ئێستا ئێمە خلیسکێنە دەکەین، منیش‌ووتم ئەوە زۆر مەزنە سالم.. زۆر سوپاس، ئێستا دەتوانی بزوێنەرەکە بخەینەوە کار".

جارێك سالم بەیەکێك لەفڕۆکە باڵدرێژە خلیسکێنەکانی لەگەڵ کچە دۆستە بەریتانیەکەیدا کەناوی کارۆلاین کارەی، ئەو بەهەڵە خێرایی باو بەرزیەکەی ئاژمارکردبوو، ئەوەندەی نەمابوو فڕۆکەکەی تێکبشکەیت، کاتێك سەرەوخواربوونەوە کارۆلاین زۆر ترسابوو بەرادەیەك بەڵێنی دابوو ئەگەر بەزیندوویی رزگاریان بوو دەبێتە موسوڵمان. بەخێرایی سالم دەستیشکاندەوە بۆ لای باخێکی ناو یانەی نیشانشکێنیەکەی نزیك ماڵی رەندە. فڕۆکەکەی بەسەر دارەکاندا خشاندو بەرلەوەی بدات بەدیواری یانەکەدا وەستایەوە. ئەنوەرخان، کە فڕۆکەوانێکی پاکستانیبوو فڕۆکەوانی بۆ دەکرد، دەڵێ "کاتێك ئەوەم لەسالم بینی، ووتم ئەی خوایە، ئەگەر هەر فڕۆکەوانێکی تر بوایە فڕۆکەکەی تێکدەشکاند". ئاسایشەکانی ناو یانەکە بە پەلەگەیشتنە سەری و سالمیش دابەزی و یارمەتی کچە دۆستەکەی دا تا دابەزێت و بە گاڵتەوە ووتی "ببورن، من ئەندامێکی ئەم یانەیە نیم، بەڵام براکەم ئەندامە"، کارۆلاینیش بەڵێنەکەی خۆی بەجێهێناو بووە موسوڵمان.

رەفتارە فەرەقوشئاساکانی خۆی خستە خرمەت لێسەندنەوەی قەرزەکانی لەو کەسانەی ئارەزویاندەکرد پارەی بە قەرز لێوەرگرن، بانگێشتی دەکردن بۆئەوەی لەگەڵی سەرکەون و گەشتێکی لەگەڵ بکەن بەفڕۆکە، رۆبێرت ئارمیتاج دەگێڕێتەوە: کاتێك دەچوونە ئاسمان "دەیگوت، سەیرکە، تۆ دووسەد هەزار دۆلاری من قەرزاری. دەمەوێ هەر ئێستا چەکێکم بۆ بنوسیت"، ئەگەر  رازینەبونایە دەیگوت ئێستا دەست لەسوکانی فڕۆکەکە بەردەدەم بۆئەوەی بەکەیفی خۆی بسوڕێتەوەو سەرەوخواری دەکەمەوە، ئەگەر هەر نکۆڵیان بکردایە، دەستی بەو کارانە دەکردو ئیتر کابرا لەترسان دەیوت، باشە باش، واژوویدەکەم".

بەسەرپەرشتی سالم، بنەماڵەی بن لادن بوونە بنەماڵەی فڕۆکەوانەکان. تۆمارەکانی گەشتە ئاسمانیەکان ئاماژە دەدەن بەوەی کە نزیکەی حەوت براو زڕبرای سالم وانەی فێربوونی لێخوڕینی فڕۆکەیان وەرگرتووە لەسەر فڕۆکە تایبەتەکانی خۆی لەناوەڕاستی حەفتاکاندا. ژمارەیەك لەزڕخوشکەکانیشی راهێنانی فڕینیان بینیوە. خوودی ئوسامە لەنێو ئەم کۆمەڵەیەدانەبوو. دواتر فڕۆکەی تایبەت بەخۆی دەستکەوت، رەنگە هەندێك رینمایی نارەسمیشی وەرگرتبێت، بەڵام تەنانەت لەماوەی حەفتاکاندا بۆ یەك جاریش نەبینراوە کە فڕۆکەیەکی لێخوڕیبێت. تەمەنە منالیەکەی پێدەچێت یەکێك بووبێت لەهۆکارەکان. ئەو برایانەی وانەیان وەردەگرت لەم گەورەتربوون، لەوکاتەدا کە ئوسامە لەدواناوەندی بوو زۆر بەووردی بایەخی بە مەسەلە ئایینیەکان دەدا.

وانەکانی فڕۆکەوانی پەیوەندی خۆبەخۆی لەنێوان کوڕەکانی بن لادندا بەهێزکرد لەدەوری سالم. هەردوو حەقبراکەی غالبو بەکر بوون لەگەڵ چەند زڕبرایەکیدا کە ئەوانیش عومەر، عیسا، یەحیا، تارقو یەسلام. ئەوانە گروپێکی زۆر جیاوازبوون، هەندێکیان ئایینپەروەرو هەندێکیان جیهانگیرو کراوەبوون، هەمووشیان بەپشتبەستن بە سالم پێکەوە کۆببونەوە، تا هەمان ئەو چێژە وەرگرن کە سالم وەریدەگرتو بۆ ئەوی لێیان رازیبێت، دوای کەوتن بەرەو ئاسمان.

ئەو فڕۆکەوانە ئەمەریکیو میسریو پاکستانیانەی لەگەڵ سالم فڕۆکەوانییان کردووە، جەنگاوەری دێرین بوون لەهێزە ئاسمانیەکانی ووڵاتی خۆیاندا، راستگۆیانەش دانیان ناوە بەتواناکانی سالمدا. کاردانەوەکانی زۆر باشو کارامانە بوون. هەستێکی سروشتی بەرامبەر فڕۆکە هەبوو لەفڕیندا، مێشکێکی ئەوەندە بەهێزیشی هەبوو کە زۆر بەخێرایی دەیتوانی جیاوازی کاری یەکەکانی بۆردی کۆنترۆڵی فڕۆکە جیاوازەکانی بناسێتەوە کە ژمارەیەکی زۆری لەخۆی کۆکردبووەوە. ئەو لەبابەتە میکانیکیەکاندا کوڵ بوو، بەڵام بۆ لیستی بەدواداچوون هێجگار وانەبوو. بەردەوام فڕۆکەوانێکی کارامەی لەگەڵ خۆی دادەنا بۆ ئەوەی خەریکی ئەو ووردەکاریانەبێت. لەگەشتە ئاساییەکاندا خۆی فڕۆکەکەی هەڵدەفڕاندو دەینیشاندەوە، بەڵام بۆ ماوە دوورودرێژەکەی گەشتەکەی کە فڕینی رێك بوو، فڕۆکەکەی بۆ فڕۆکەوانەکەی دیکە بەجێیدەهێشتو خۆی دەچووە بەشی دواوە بۆ ئەوەی سەرخەوێك بشکێنێت، یاخود لەگەڵ یەکێك لەدۆستە کچەکانیدا خەریکی دەستبازی بوو. هەستی زاڵبوونی خێرایی مرۆڤ بەسەر

ئـامێری تیـا بەدیـدەکرا. دۆن سـۆوێڵ ی راهێنـەری دەڵـێ: تواناکـانی بێوێنـە بـوون، هـەرگیز هەڵەشەیی تیا بەدینەدەکرا، دوای ئـەوە، "شـێخ سالم بـەردەوام لەسـەر کـەناری مـەرگ دەژیـاو لـەدیوی دەرەوەی ئـەو کـەنارە" هـەرگیز دڵنیانـەبووی کـە قـاڵبووە لەسـەر یـەك کـار، چـونکە بـەردەوام زیـاتر کـارێکی لەهـەمان کاتـدا ئەنجامـدەدا. لەگـەڵ کچـە هاوڕێکانیـدا بەتەلـەفون قســەیدەکرد، لەڕێگــەی بێتــەلی فڕۆکەکــەوە گاڵتەوگــەپی لەگــەڵ تاوەرەکــانی کــۆنترۆڵی فرۆکەخانەکانـدا دەکـرد، لەگـەڵ ئەوەشـدا وەك ئـەنوەرخان دەیگێڕێتـەوە نمایشـێکی زۆر زۆر باشی ئەنجامدەدا" بەبەکارهێنانی کەرەستەکانی خۆی.

زۆر گوێی بە مۆڵەتی فەرمیو یاساکانی فڕۆکەوانی نەدەدا. ئەگەر فڕۆکەوانێکی ڕێگەپێدراو بەردەسـتنەبوایە بـۆ ئەنجامـدانی گەشـتێك، ئـەوا داوای لەیـەکێك لـەهاوڕێکانی یـان هاوبەشـە بازرگانەکانی دەکـرد لەکورسـی پێشـەوەداو لەسـەر مۆڵـەتی فڕینەکە واژووی خۆیـان بکـەن بـۆ ئەوەی بتوانێ گەشتەکە ئەنجام بدات. هاوڕێکـانی راهـاتبوون لەسـەرئەوەی بـێ شـڵەژان مامەڵـە بکــەن لــەم جــۆرە بارودۆخانــەدا، چــونکە ئەگــەر ســالم بــۆنی ترســی بکردایــە لەیــەکێك لەسەرنشینەکان یاخود لەفڕۆکەوانێکی داماو، ئەوا دۆخەکەی ئەوەندەی دیکە لێقورس دەکردن بەوەی بەخێرایی فڕۆکەکەی دەسوڕانەوە یان لەپڕ دەیخولانەوە، بەردەوام پێدەکەنی. لەیـەکێك لەگەشتە دوورو درێژکانیدا بۆ قاهیرە هاوبەشێکی بازرگانیی خـۆی بـەناوی رۆبـەرت فریـدمانی ئەمــەریکی کــردووە بــە فڕۆکــەوانی دووەم کــە تــەنیا یــەك کاتــژمێریش وانــەی فڕۆکــەوانی وەرنەگرتووە. فریدمان لێی پرسی ئاخۆ دەبێ چی بکات ئەگەر ئەم نەخۆشکەوت یان لـەهۆش خۆی چوو؟ ئەویش لەوەڵامدا زۆر بەڕاشکاوی ووتی"ئەوە کۆتایی هەردووکمان دەبێت".

سـەرەڕای رووداوە کوشـندەکەی (محەمـەد بـن لادن)، سـالم دوپـاتی دەکـردەوە کـە مەترسـی فڕۆکەوانی تایبەتەو دیاردەیەکی بەربڵاوی پەرەسەندووە لەژیانو باسەکانی بنەماڵەی بـن لادن دا. لەناوەڕاسـتی حـەفتاکان بـەدواوە خـووە نـا سـەقامگیرەکانیان بـەرەو چـەندین رووداوی کەوتنـەخوارەوەو پەککـەوتنو نزیکـە مردنیـان بـردن، هەریەکـە لەوانـەش بـەردەوام لـەناو بنەماڵەی بن لادن دا دەگێردرایەوەو گفتوگۆدەکرا لەبارەیانەوە. غالبی بـرای سالم فڕۆکەیـەکی جـۆری (پیپـەر)Piperی تێکشـکاند دوای ئـەوەی ویسـتی لـەپاش نیشـتنەوە بیسـوڕێنەێتەوە کەچی بەدەستیەوە سەرەوبن بوو. فڕۆکەیەکی دیکـەی جـۆری (لییـەرجێت) لەگەڕانەوەیـدا لـە مەدینە بەهۆیەکی نادیار کەوتە خوارەوە، هەردوو فڕۆکەوانەکە تیایدا مردن. سالمیش گەیشتە

کەناری تێکشکان کاتێك نەیتوانی سیستمی لابردنی بەفری سەر فڕۆکەکەی بخاتە کار کاتێك لەزستاندا بەرەو ئەوروپا گەشتێکی ئەنجامدا، ئەگەر بێتو ئەو سیستمە بەهەلەبەکاربێت فڕۆکەکە لەکار دەکەوێت. جارێکیان دوای ئەوەی فڕۆکەکەی هەڵساندو ویستی بەرزتربیکاتەوە، لەبەرزیەکی زۆر مەترسیداردا بزوێنەرەکەی کوژایەوە. بەپێی گوتەکانی بێنیت جۆهانسن سالم دوای ڕووداوەکە باسیکردووە "دەمگوت خوایە، دەتوانی هەموو فڕۆکەکانم ببەیتەوە بۆخۆت، هەموو پارەکانم لێبسێنەوە، بەڵام تەنیا یەك بزوێنەری بچکۆلەم بدەرێ"، دوعاکەشی گیرا بوو.

لەکۆتایی حەفتاکاندا، فڕۆکەی زیاتری دەکڕی لەوانەی تێکیدەشکاندن، فڕۆکەیەکی (فۆکەر-٢٧)ی پاڵنانی تۆربۆی کڕیو زۆرینەی کات بۆ سەردانیکردنی شوێنەکانی بونیاتنان بەکاریدەهێنا لەبیاباندا. یەکێکی دیکەی جۆری (لییەرجێت-D٢٥)ی کڕیو خویدایە جۆرە زۆر پێشکەوتووەکان. زۆر حەزی لە(لییەر)ەکان بوو، تەنانەت جێنزی شینیشی لەبەردەکرد کەوێنەی لییەرجێتی تیا چنرابوو. هەروەها یەکێکی جۆری (هاوکەر-١٢٥)کڕی، کەهەمان جۆری ئەو فڕۆکەیە بوو کە باوکی پێش مردنی کڕیبووی. خالد بن مەحفوزی خاوەن بانكو هاوڕێی ژمارەیەکی دیکەی فڕۆکەی کڕی بۆ بەشەکەیان لە جەددە، لەوانەش بۆینگ ٧٠٧ کە ناوەکەی لەسەر داوای تایبەت دروستکرابوو. هەر فڕۆکەیەك ژمارەیەکی تایبەتی لەسەر کلکەکەی هەبوو، تەنانەت سالم یەکەم پیتەکانی لەناوی خێزانەکانەوە وەرگرتبوو.

لەسەر هێڵی بێتەل فڕۆکەکەی هارمۆنیکای دەژەند بۆئەوەی کارمەندانی هاتوچۆی ئاسمانی فڕۆکەخانەکان دڵخۆشکات. لەگەڵ نزیکبوونەوەیدا هەر ئەوەندەی بەسبوو لەناو فڕۆکە لییەرەکەیدا بڵێت "هۆتێل زولو براڤۆ لیماوەن" ئیتر کارمەندانی کۆنترۆڵ لەقاهیرە یان بەیروت دەستبەجێ دەیانوت "ئەهلەن، شێخ سالم". لەسەروو هەموو شتێکەوە فڕۆکەکانی سەربەستییان پێدەبەخشی بۆ ئەوەی بەو جۆرە بژی کە خۆی دەیەوێت، بڕوات بۆ ئەو شوێنەی ئارەزووی دەکرد. وەك یەکێك لەهاوڕێ لوبنانیەکانی دەیگێڕێتەوە دەڵێت:"سالم بڕوای بە لییەرجێتو MU-2 کەیو جێنزو گیتارو هارمۆنیکاکەی هەبوو".

ئەوە بڕوایەکی جوانبوو بەڵام گرانبەهاشبوو. بۆئەوەی بەم شێوەیە بژیایە سالم ناچاربوو ستراتیژی بنەماڵەکەی بەجۆرێ بگونجێنێت کە بتوانێت باشترین سودو قازانج لەو گەشەسەندنە ئابوریەی دوای هەستانەوەی نرخی نەوت بکات. ئەمەریکیو ئەوروپیەکان

لەحەفتاکاندا خۆیان خزانە ناو عەرەبستانی سعودیەوە. تەلەفیزۆنو تەلەفونو ئۆتۆمبێلی جوانو فێنککەرەوەو ئامێری قاپشۆرو هەموو جۆرەکانی دیکەی شمەکی بەکاربردنیان دەفرۆشت. یاسای سعودیە جەختی کردبووەوە لەسەر ئەوەی پێویستە ئەم کالاّیانە لەڕێگای بریکاری ناوخۆییەوە بفرۆشرێن. بنەماڵە بازرگانەکانی سعودیەش کێبڕکێیاندەکرد لەسەر بەدەستهێنانی بریکارێتی باشترین مارکە خوازراوەکان. سالمیش وەك باوکی هەستێکی ناجێگیری هەبوو بەرانبەر ئەم جۆرە کارەو دەیویست زیاتر وەك بەڕێوەبەرێك کار بکات کە خۆی لەمامەڵەی راستەوخۆدا دەبینییەوە لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا بۆ دروستکردنی هاوبەشی، ئەمەو سەرەڕای وەرگرتنی بریکارنامە لەکۆمپانیا بیانیەکان. هەندێك گرێبەستی بریکارنامەی واژوو کرد، لەوانەش بەنموونەی ئەوەی لەگەڵ (فۆلگسواگن)و (پۆرش)ی دروستکەری ئۆتۆمۆبیلی ئەڵمانیدا ئەنجامیدا، بەلاّم زیاتر حەزی لەپرۆژەی هاوبەش دەکرد لەوانەش گرێبەستی بواری بیناسازی. زیاتریش دەیویست لەو بوارانەدا کار بکات کە بنەماڵەکەی ناوبانگیان پێ پەیداکردووەو شارەزاییان تیایدا هەیە. بەهەر لایەکدا بێت، بنەماڵەی بن لادن زیاد لەهەموو کاتێکی دیکەی سەردەمی محەمەد پێویستیان بە کەسێك بوو ببێتە ووتەبێژو گرێبەستەکانیان واژوو بکاتو نوێنەرایەتیان بکات لەئەوروپاو ئەمەریکادا. ئەمەش بووە رۆڵی سالم، نێوانکارێکی نموونەیی بوو، ئینگلیزیەکی باشی دەزانی، سوعبەتچی بوو، چالاك بوو، هەڵسوڕاو بوو لە لەندەن بوایە یان جەددە بۆ ئەو وەك یەك بوو.

کەسایەتیە بێچاوڕووەکەی بەکاردەهێنا بۆ دەستەمۆکردنی بەڕێوەبەرە ئەوروپیەکان لەکاتی گفتوگۆکاندا. جارێك رۆیشتووە بۆ ستۆکهۆڵم بۆ ئامادەبوون لەکۆبونەوەیەکدا لەگەڵ چەند بەرپرسێکی کۆمپانیای AVB ی سویدیدا، کە گەورەترین کۆمپانیای بواری بنیاتنانە لەسوید، داوای لە جۆهانسن کردووە کە میکانیکە سویدیەکەی بوو کە لەفرۆکەخانە چاوەڕێی بکات، جۆهانسنیش، بە ئۆتۆمبێلە شڕەکەی لەجۆری فۆلگسواگن گۆڵف لەماڵەکەی خۆیەوە بەرێدەکەوێت لەسەر کەناری دەریاوە بۆ فرۆکەخانە. لەهەمانکاتدا سالم لەقاهیرەوە بەرێکەوتووە. کاتێك جۆهانسن دەگاتە تێرمیناڵی فرۆکە تایبەتەکان، بەڕیوەبەرەکانی AVB بینی هەموویان قاتیان لەبەردابووە. بەدوای یەکداوەستاونو ریزێك ئۆتۆمبێلی لیمۆزینیان وەستاندووە، چاوەڕێی شێخ دەکەن. سالم نیشتەوە، لەفرۆکەکەی دابەزیو تەوقەی لەگەڵ سەرۆکی AVBدا کردو لەلیمۆزینەکان تێپەڕیو داوای لەبەڕێوەبەرە سویدیەکە کردو

جەختیشی کردەوە کە دەبێت سواری گۆڵفەکە بێت. بۆ ئەوی لەگەڵ بێنتی هاوڕێ پەرپوتەکەی سالدا بڕۆن بۆ ناوشار. سالم جلەتایبەتەکانی خۆی بۆ سەفەرەکانی ئەوروپاو ئەمەریکای لەبەردابوو کە جێنزێکی شینو تیشێرتێكو چاکەتێکی چەرمو سەعاتێکی لاستیکی دە دۆلاری مارکەی کاسیۆی لەدەستدابوو.

سالم زۆربەی کارەکانی دەرەوەی وولاتی لەرێگای کۆمپانیای بن لادن برازەرس-ەوە ئەنجام دەدا، ئەو کۆمپانیایەی کە خۆیو هەندێك لەبرادەرەکانی دایانمەزراند بۆ ئەوەی خۆیان بسەلمێنو لەژێر کۆنترۆڵی متمانەدارە پیرەکان دەرچن کە لەلایەن شا فەیسەڵەوە بۆ سەرپەرشتیکردنیان دانرابوو، کە هێشتا هەر دامەزراوە پەلوپۆشکاوەکەی محەمەد بن لادنی بەڕێوەدەبرد.

سالم نوسینگەیەکی بچوکی لەنزیك بازاڕی کۆنی شاری جەددە کردەوە، شوێنەکە جمەیدەهات لەپارێزەرو ژمێریار کە دووکەڵی جگەرەکانیان هەورێکی شینی دروستکردبوو لەژوورەکەدا. لەسەر ستایلی دیوانی کۆشك کورسیو قەنەفە بەدەوری ژوورەکەدا ریزکرابوو بەشێوەیەك گەیشتبووە دیوی دەرەوەی ژووری پێشوازیش. لەوێدا خاوەنکارەکان گرێبەستیان مۆردەکرد یان کوڕەگەنجەکانی بن لادن چاوەڕێی رێگەپێدانی خەرجکردنیان دەکردو دەبوایە چەندین سەعات چاوەڕێی چاوپێکەوتنێکیان بکردایە لەگەڵ سالم یاخود یەکێك لەبرا گەورەکانیان. ئەو برایانەی لەو کۆمپانیایەدا هاوبەشبوون سالم، بەکر، یەحیا، حەسەن، غالب، عومەرو رەنگە دووان یان سیانی دیکەش بووبن، کە هەموویان لەوێدا نوسینگەی تایبەتی خۆیان هەبوو. بەدەگمەن سالم ئەوەی خۆی بەکاردەهێنا، پێیخۆشبوو لەماڵەوە کار بکات، بەڵام زۆربەی براکانی دیکەی چەند سەعاتێکی دیاریکراو بەرێکوپێکی دەوامیان دەکرد، میوانێك دەهاتو باوەشێك چەکی گەشتیارانی پێبوو، لەژووری پێشوازیشدا کوڕێك رایدەگرتو پێیدەوت لەپشتەوە وەرە. ئەو شوێنە "بەردەوام کارە سەرپێییەکانی تیا ئەنجامدەدرا". ئارمیتاج کە خۆی لەوێ کاریکردووە، دەڵێ بەردەوام پاڵەپەستۆو قەڵەباڵغی بوو بۆ ئەوەی ئیمزایەکت بۆ بکەن. "بێسەرو بەرەییەکی بەردەوام بوو بۆ شتە بچوکەکان"، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتە گەورەکان بەباشی بەڕێوەدەبران، ئارمیتاج پێیوابووە ئەو هەستە گشتگیرەی لەو بارەیەوە لەسەر براکانی بن لادن لای دروستبووە بریتیبووە لەوەی ئەمانە لەم ساڵانەدا فێربوون کە چۆن کاربکەن بە سەرکەوتوویی " پێکەوە وەك خێزانێك".

کەس نەیدەپرسی کێ بەرپرسیارە، بەهەرحاڵ سالم بەشێوەیەکی باوکسالارانە دەسەلاتی کێشابوو بەسەر براو زڕبراکانیدا کە لەخۆی منالتربوون. جاك هێنسن‌ی فرۆکەوانی دەڵێ: بە ملکەچکردنەوە وەلامیان دەدایەوە، پێیان دەووت "شێخ" زۆر خزمەتیان دەکرد، زۆر ڕێزیان لێدەگرت وەك براگەورە، وەك پاشا وابوو. خزمەتکارە بەدوەکان، چاو قاوەیان بۆ دەهێنا، براو زڕبراکانی داوایان لەهاوڕێ ئەوروپیو فرۆکەوانەکانی دەکرد بۆئەوەی ئەگەر بکرایە چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ سەرۆك کارەکەیاندا بۆ ڕێکبخەن. زۆر دەترسان لەوەی بەبێ ئاگادارکردنەوە بچنە ژوورەوە بۆلای. سالم بڕیاریدەدا، هەر برایەك چەند پارەوەربگرێت بەقەرزو بچێتە چ کۆلێژێکەوە، لەسەر چ پرۆژەیەك کاربکات هەروەها چەندیش مووچەوەرگرێت. زۆر بە متمانەوە ئەم بڕیارانەی دەردەکرد بەدەنگێك کە لەدەسەلاتەوە سەرچاوەیگرتبوو، هەرگیز دوودڵیش نەبوو لەوەی زللەیەك یان نوکە شەقێك لەبرایەکی لەخۆی بچوکتر هەڵدات گەر کارێکی بکردایە کە بەدڵی نەبووبێت. ئەندازیارو ئەوانەی بە باشی کاریان دەکرد پاداشتی دەکردن. لەوانەش بەکرو غالبو یەحیاو عومەر: لەشتەکانی دیکەشدا، دەیانتوانی جێگەی سالم بگرنەوە لەو بەرپرسیاریەتیانەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێی دەسپاردن لەگرێبەستەکانی بیناسازیدا. دەیڤد گرەی یەکێکی تربوو لەفرۆکەوانەکانی دەڵێ: نەك هەر سەربەخۆییان نەبوو لەبڕیاردانەدا، تەنانەت "کەس نەیدەتوانی هیچ شتێك بەبێ ڕەزامەندی سالم ئەنجام بدات". لەتەلەفوندا یاخود لەدانیشتنی کاردا سالم بەدەنگی بەرز دەیوت "من بڕیاردەدەم کێ چەند پارە ببات، کەسیش هیچ شتێك نابات تا من بڕیارنەدەم". گرەی دەڵێ: "من چەندینو چەندین جار بیستوومە ئەو ووشانەی دووپات دەکردەوە".

کارە نوێیەکەی تا دەهات ئالۆزتردەبوو. لەپرۆفایلی کۆمپانیای بن لادن برازەرس‌دا کە لەلایەن ئۆفیسی سیاسی ئارامکۆوە ئامادەکراوە لەساڵی ١٩٧٩ هاتووە: سالم زیاتر لەدەرزەنێك کۆمپانیای هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا دروستکردووە. لەوانەش پرۆژەی هاوبەشی بنیاتنان لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکیو ئەوروپیەکانی بواری بیناسازیدا، لەوانە (لۆزینگەر)Lozinger لەسویسرا، هەروەها (کەیزەر) Kaiser لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا. هەروەك ئەو کۆمپانیایانەی کە پەنجەرەو کۆنکریتی ئامادەکراو، سیستمی ساردکەرەوە، چێشتخانە، دەرگاو کەرەستەکانی ڕازانەوەی شارییەکانیان دروستدەکرد. سالم دەیتوانی بەئارەزووی خۆی ئەو داواکاریانە ئاراستەیکراون هەڵبژێرێت لەنێو ئەو ژمارە زۆرەی

داواکاری کە لەئەنجامی سەردانەکانیدا بۆ ئەوروپاو ئەمەریکا پێدەگەیشت، تیایاندا داوایان لێدەکرد ببنە هاوبەش بەتایبەت لەدوای گەشەسەندنە ئابوریەکەی سعودیە. بیرۆکەکان لەلایەن میوانە رۆژئاواییەکانیەوە دەدران‌و بەشێوەیەکی هەرەمەکی هەڵدەبژێران‌و جیاوازی بازرگانی زۆریان هەبوو. رۆژێك دروستکردنی عەلاگەی نایلۆن بوو، جارێك رۆنی چەورکردنی پارچەکانی فرۆکەبوو، لەدواییدا، سالم لەسەر ئەو پیشەسازیە گیرسایەوە کە خۆی بەباشی سەری لێدەردەکرد. لەدەرەوە بەدوای کۆمپانیای خاوەن ناوبانگ‌و شارەزاییدا گەڕا. لەم ماوەیەدا گرێبەستی کڕینی پشکەکانی لەگەڵ کۆمپانیای جێنێراڵ ئیلیکتریك) General Electricدا مۆرکرد. ئەوەش رێگەی بۆ خۆشدەکات لەعەرەبستانی سعودیدا لەهەموو بوارەکانی کاری جێنێراڵ ئیلیکتریك‌دا رێکەوتن بکات. هەر لەتەکنەلۆژیای پزیشکیەوە بیگرە تا دەگاتە بەرهەمهێنانی ووزە. بەتایبەتیش لەگەڵ خاوەنکارە ئەمەریکیەکاندا، کە دەکرێ بڵێی نافەرمی بوون. وەبەرهێنێکی بواری بانك بەناوی فرانسیس هونەڤێڵ کە لەو ماوەیەدا هاوبەشی سالم بوو، دەڵێت "لەگەڵ خەڵکیدا بێوێنەبوو".

کۆمپانیای بن لادن بەرازەرس بەردەوامبوو لەکارکردن وەك بەڵێنـدەری لاوەکی لەگەڵ کۆمپانیاکەی باوکی سالم. لەکۆتایی حەفتاکاندا سالم بووە سەرۆکی دامەزراوەکانی خێزانە گەورەکە، بەرەبەرە سەرجەم دەسەڵاتەکانی لەمتمانەدارەکان سەندەوە ئەوانیش بەشێوەیەکی فەرمی پاشەکشەیانکرد لەدەوروبەری ساڵی ١٩٧٨ یان ١٩٧٩دا.

دامەزراوەکەی محەمەد بن لادن هێشتا گەورەترین داهاتەکانی لەپرۆژە زەبەلاحەکانی بواری بەرگری‌و بونیاتی ژێرخانەوە دەستدەکەوت. لە(ئەسیر) بەردەوامبوو لەدروستکردنی رێگاوبانەکان، لەناوچەی ئەلجەوف لەباکور، کاری لەسەر پرۆژەی بنیاتنانی سەربازگەیەك دەکرد شانبەشانی لیوای ئەندازیاری سەر بە سوپای ئەمەریکا، لەناوچەی بەرفراوانی ربع الخالی-ش، ئەو بیابانەی بەدرێژایی مەملەکەت درێژ دەبێتەوەو رووی باشوری مەملەکەتەکەیە، کۆمپانیاکە رێگاو فڕینگەی دروستکرد. ناوەناوە سالم دەچوو بۆ سەردانی هەر وەك چۆن باوکیشی لەپێشدا ئەنجامیدەدا، بەڵام توخنی کاری ئەندازیارەکان نەدەکەوت بەوەی بڕوات بەسەر رێگاکانداو بڕیاربدات لەسەر دروستکردنی تونێل یاخود تەختکردنی زەوی. لەڕاستیدا، بەئاشکرا دیاربوو خۆی لەو بەرپرسیایەتیانە دەدزیەوە. فرمانی بە دووان لەبراکانی کرد کە غالب‌و بەکر بوون، بۆ ئەوەی بڕۆن چەند کۆرسێك وەرگرن لەئەمەریکا

سەبارەت بە ئەندازەی شارستانی. پاشان هەمان داوای لەهەردوو زڕبراکەی کرد کە یەحیاو عومەر بوون. ئەو دەیزانی بن لادنەکان پێویستیان بە شارەزای بواری ئەندازەی شارستانی دەبێت لەداهاتوودا، بەڵام ئەو جۆرە زانیاریانەی بەلاوە گرنگ نەبوو خۆی فێریانبێت.

کاتی زیاترو زیاتری لەبەریتانیاو ئەوروپا بەسەردەبرد، لە١٨ی ئایاری ١٩٧٥دا شەیخەی هاوسەری سالم لە لەندەن یەکەم منالّی هێنایە دنیاوە، کچ بوو، ناویان لێنا سارا. دوای کەمتر لەدوو ساڵ منالێکی دیکەی بەهەمانشێوە لەلەندەن بوو، کوڕێکی بوو ناوی لێنا سەلمان. لەماوەی ئەم سەردانانەدا سالم چاوی بە ئیان مونرۆکەوت، کە پیاوێکی سکۆتلەندی بالابەرزی قۆزی سەرسپی بوو، لەتیمی بلاك ووِچ‌ی بەناوبانگی بەریتانیدا خزمەتی کردبوو. لەو تیمەدا خزمەتی بۆ سەرکوتکردنی ئەو یاخیبوونەی لە موا مواکان کە لە کینیا سەریهەڵدابوو لەساڵەکانی پەنجادا کردبوو، پاشان لەگەڵ باڵی فڕۆکەوانی کاریکردبوو لەهێزە ئەمنیەکانی بەریتانیا لە کینیا. دوای بەجێهێشتنی سوپا، مۆنرۆ دەستیدایە بازرگانیکردن لە لەندەن. دەنگێکی زوڵاڵی پێوەبوو، بەشێوەزمانێکیش قسەیدەکرد کە کەمێك جیاوازبوو لەگەڵ سکۆتلەندیدا، ئەندامی یانەی هێزی دەریاییو سوپا بوو. ئالایەك لەتەنیشت ئاگردانێکەوە دانراوەو هەندێك کورسی لەچەرم دروستکراوی هەبوو داینابوو لەبەردەمیدا لەپیکادێلی. مۆنرۆ پشتی پێدەبەستڕا، کەسێکی باوك ئاسا دەردەکەوت، سالم بڕیاریدا ئەم پیاوە کارەکانی بۆ رێکبخات لەدەرەوەی عەرەبستانی سعودیە. ئەو دوانە کۆمپانیایەکیان دامەزراند لە لەندەن بۆ پرۆژەکانی بواری فڕۆکەوانیو ناویان لێنا سالیان ئینتەرنەیشنەڵ، ناوەکەش یەکگرتنی ناوی هەردووکیان بوو. بەهەمان شێوە، لقێکی کۆمپانیای بن لادن برازەرس-یان کردەوە لە لەندەن، کەپاشتر گۆڕدرا بۆ بن لادن لەندەنو مونرۆ لە پارك لەین ئۆفیسێکی بچوکی کردەوە.

سالم بڕیاریدا کۆشکێکی ئینگلیزی گونجاو بکڕێت لەنزیك لەندەن، بەڵام رەنگ نییە بێزاربێت لەگەڕان بەدوای موڵکێکی باشدا، بەڵام بە مۆنرۆی ووت کە دڵنیایە هەرچی ئیان بەدڵی بێت بەدڵی ئەویش دەبێت. مۆنرۆ خانوو باخێکی دەستنیشانکرد کە لەسەرەتای بیستەکاندا دروستکرابوو، لەدێیەکدابوو بەناوی ئۆفلی چەیس کە کەمێك لەفڕۆکەخانەی لوتۆنەوە دووربوو لەباکوری لەندەن کە تایبەتبوو بە فڕۆکەی تایبەت. ئەو خانووە کەمێك لە تایبەتمەندیەکانی لادێ بەریتاینەکانی تێدابوو، ئەو روانگانەی بێگانەن دەربارەی لادێ بەریتانیەکان لایان دروستدەبێت، دیوارەکانی ئەستورو لەخشت دروستکرابوونو کەمێك تاریك

بوو. لەشەوی باراناویدا لەشوێنی پیاوکوژ دەچوو. لەدوای چەند ساڵێك، ئۆفلی چەیس دەبێتە گۆڕەپانی هەندێك لەڕوداوە دراماتیکیەکانی ژیانە ناجێگیرەکەی سالم.

## ١٣- دۆزینەوەی ئەمەریکا

خێزانـی سـۆوڵ قوتابخانەیـەکی فڕۆکـەوانی لـە فلۆریـدا لەشـاری پانامـا بـەرێوەدەبرد، ئـەو شارەی نزیکەی ٣٥ هەزار میل لە پەنهاندڵی رۆژئاوای ولایەتەکەوە دووره، ئـەو شـوێنەی رەنگـی رێتمە شیرییەکانی قولایی باشـووری وەرگرتـووە، تـاوەکو بـەلای سامبای میـامی دووردا بـڕوات. لەجەرگەی شاردا دادگایەکی لەخشت دروستکراوو بەندیخانەیـەکی لێبـوو، هـەروەها بەدرێـژایی شەقامەکانی ئـەو دەوروبـەرە کەنیسـەی باپتسـیتو دوکـانی خـواردنو هـەروەها بـازاڕی چـەکی لێبوو. کەناردەریا سپیەکان تاوەکو کەنارە لیەکانی رۆژئاوا لەکەنداوی مەکسیکۆ درێژبوبونەوە، لەو نزیکانەدا بنکەیەکی هێزی ئاسمانی لێبـوو. بـاڕە شـڕوپڕەکانو چـەند سـالۆنێکی تـاتۆکردن لەقەراغی رێگای کەنارەکەدا ریزیان بەستبوو. سـۆوڵ ئەڤیەیشـن سـەدان دۆنم زەوی لـەباکووری ناوەڕاستی شـار داگیرکردبـوو. لەدەوروبـەری حەفتاکانـدا دۆن سـۆوڵ ئامادەکـاری بـۆ وەرگرتنـی ئــەو بازرگــانی فڕۆکەوانیــە لەباوکیــەوە دەکــرد. قوتابخانەکــەیان وانــەی فڕۆکــەوانیو چاککردنەوەی فڕۆکەو بەکرێدانو فرۆشتنیان، هەروەها گرێبەسـتی بەکرێـدانی خزمـەتگوزاری فڕینــی تایبــەتی بەشــێوەیەکی نمونــەیی ئــەنجام دەدا. ســۆوڵیەکان لــەرێی هاوڕێیــانو بەشداریکردنیان لەهەڵمەتـەکانی پـارە بەخشـیندا رۆناڵد رێگـانی حـاکمی پێشووی کالفۆرنیـان کـەمێك ناسـیبوو. ئـەوان سـەرنجی خوێنـدکارە نێودەوڵەتیـەکانی ئاسـیاو ئـەوروپاو ئـەفریکای باشووریان بۆ قوتابخانەکەیان راکێشابوو، لەبەرئەوە مایـەی سەرسـوڕمان نـەبوو کاتێـك یـەکێك لەفڕۆکەوانـەکانی دۆن سـۆوڵ لـە تەکساسـەوە بـەناوی جـیم بـات بانگێشـتی سـۆوڵی کـرد بـۆ نانخواردنی ئێوارە لەگەڵ کڕیارێکی سعودی کە سەرقاڵی کڕینی فڕۆکەی جۆری لییەرجێت بـوو لە ئەمەریکا، وتیشی کەوا ئەو کەسە مەیلی بۆ وانەکانی فڕۆکەوانی بۆ خۆیو هەروەها یـەکێك لەخوشـکەکانی هەیـە. سـالم بـن لادن روونـی کـردەوە "مـن خوشـکێکی بچـوکم هەیـەو حـەزی لەفێربوونی فڕۆکەوانیە".

بەبێ خۆهەڵکێشان، دەقاودەق سالم لەکاتی نانخواردنی ئێوارەدا ئەوەی خستەڕوو کـەخاوەنی پارەیەکی زۆرەو بـەدوای هاوبەشـدا دەگـەڕێ لـە ئەمـەریکادا کـەبتوانن خزمـەتگوزاری فـراوانو جۆراوجـۆر بخەنەگـەڕ، نـەك تـەنها وانـەی فڕۆکـەوانی بـەڵکو خزمەتگوزاریـە بازرگانیـەکان،

بەتایبەتی دەستخستنی ئۆتۆمبیلو کەلوپەلی بەکاربەر بۆ خانەوادەی شاهانە لە عەرەبستانی سعودیە. لەدوایدا دۆن سۆوڵ بە جیم باتی ووت "ئەمە یان شتیکی فشەڵە یان لەوانەیە گەورەترین چانس بێت بۆ هەموو ژیان".

ئابلۆقەی نەوت ئەمەریکای کردە مۆڵێکی بازرگەریو هاوینەهەواری پشوودانی زۆرێك لەخێزانە دەوڵەمەندە سعودیەکان. ئەوروپا لەوانەیە بۆ خلیسکێنەی سەر بەفرو سواربونی یەختی دەرياییو زێر کرینو مارکە بەرزو بەناوبانگەکانی دیزاینی جلوبەرگ باش بوبێت، بەلام گەر یەکێك بیویستایە لەشوێنێکی بەرفراواندا یاری بکردایەو نوێترین بابەتی ئەلەکترۆنیو یاری دەست بکەوتایە ئەوا هیچ شوێنێك بە ئەمەریکا نەدەگەیشت. بێگومان سالم لەسەرەتادا نەیدەزانیو چەند ساڵێك تێپەڕیو هەرگیز بەوەی نەزانیبوو کەشاری پاناما شوێنێکی تازەگەریو مۆدیلات نەبوو. هەرچیەك بوبێت، بەلای سالمەوە ئەو شارە کەموکورتی رواڵەتی هەبوو. دوای نانخواردن لەگەڵ سۆوڵ، سالم بەشێوەیەکی ئاسایی رۆیشتە شارەکەوە. چەند خانوویەکی لە بێی پۆینت بەکرێ گرت، پاشان تاکە هاوینەهەوارە خۆشەکەی ناوچەکەی بەکرێ گرت کەدەکەوتە ناو نیمچە دوورگەیەك لەدرەختی سنەوبەرو قەراغی دوورگەی ئاوەکەش بە لم داپۆشرابوو. سالم نزیکەی دوای ساڵێك رەندەی لە قاهیرەوە هێناو لەخانوویەکی بای پۆینتدا جێگیری کرد. سالم بە سۆوڵی ووت دەیەوێت خوشکەکەی وانەکانی فڕۆکەوانی بخوێنێت تاوەکو بڕوانامە لەسەر فڕۆکەی سیسنا بەدەستبهێنیت، هەروەها ووتیشی خوشکەکەی چێشتلێنەرێكو بەردەستێکی کچو شۆفێرێكو ئۆتۆمبیلێکی دەوێت. سۆوڵ جاروبار ئوتومبیلێکی لینکنی بۆ دەنارد.

هەموویان لەگەڵ داواکاریەکانو بەرنامەی کاری شەوانەی سالم راهاتن. سالم پێش درەنگانێکی ئێواران بەدەگمەن دەرۆیشتە وانەکانی فڕۆکەوانی، بۆی دەرکەوت ئەوکاتەی هەموو ئێوارایەك دەیویست کاتێکی خۆش بەسەربەرێت. لەو کاتانەدا زۆربەی رێستۆرانتەکانو بازاڕەکانی شاری پاناما دادەخران. شارەکە تەنها یەك مۆڵ تیایدا کراوە بوو کەشوێنێکی سادەی ناوشار بوو لەسوچی شەقامی ٢٣ و سەر هێڵی خێرای ٢٣١ بوو کەکۆگاو بازاڕەکانی جەی سی پێنیو سیەرزو بیلاردی لێ بوو. سۆوڵ پارەی بەخاوەن بازاڕەکان دەدا بۆئەوەی داینەخەن تاچەند کاتژمێرێکی تر. هەموو دووشەممەیەك رەندە بازاڕی دەکرد. جارێکیان سۆوڵ بینی سالم ٢٢ هەزار دۆلاری لە چەکێکدا بۆ یەك بازاڕکردن لەمۆڵەکەدا دایە دەستی رەندە.

سالم لەموڵەکەدا پیانۆیەك و دوکانێکی ئامێرە موسیقیەکانی بینی و زۆر سەرنجی راکێشا. جاك پیزاو ئانیتا پیزای خێزانی کەپیانۆژەنێکی بەتوانا بوو شوێنەکەیان بەڕێوە دەبرد. جاك شەوێکیان دۆن سۆوڵی بانگکردو، بەهەناسەبڕکێ پێی ووت پیاوێکی سعودی لەدوکانەکەیدا سۆوڵی وەك سپۆنسەرێك بەکارهێنا. باسی لەوەکرد ئەو کڕیارە دەیویست بایی هەزاران دۆلار پیانۆو ئامێرە میوزیکیەکانی تر بکڕێت و دەیویست بەزووترین کات بیانگەیەنێتە ماڵێك لە بێی پۆینت. پیزا بە سۆوڵی ووت ئایا سنورێك هەیە تا بایی چەند شتی پێ بفرۆشێت. سۆوڵ ووتی "نا نەخێر"، سۆوڵ لەبیری بوو کە پێی ووت "ئەو هەرچی ویست بۆی بنێرە".

ئەوە سەرەتای هاوڕێیەتیەکی دوورودرێژو چاوەڕواننەکراوی نێوان پیزای شاری پاناماو بنەماڵەی بن لادن بوو لە جەددە. جاك پیزا ئیشی لەکۆمپیوتەریشدا دەکردو هەوڵی دەدا نوێترین مۆدیلی کۆمپیوتەر بە سالم بفرۆشێت. ئانیتا سەلماندی یاوەرێکی رێکوپێکی گۆرانیە سەرکەشەکانی سالمەو هەروەها هاوڕێیەکی بەئەمەك بوو بۆ رەندەی خوشکی.

ئەوان پێشوازی ئێوارەخوانێك و ئاهەنگێکی گۆرانی ووتنیان لە بێی پۆینت کرد کەتیایدا هەندێك جار گەشتیارەکانی خانەوادەی شاهانەی عەرەبستانی سعودی لەگەڵ فڕۆکەوانە ووردبینەکانی شاری پاناماو هۆستن تێکەڵ دەبوون. سالم مەیخۆرێکی قورس نەبوو، بەڵام چێژێکی تایبەتی لەشامپانیای دۆم پێریگنەن وەردەگرت کەسوور بوو لەسەر ئەوەی دەبێت دوای دوو خولەك لەهەڵپچڕینی بەساردی پێشکەش بکرێت، بەشێوەیەك نەزۆر کەف بکات نەبێ کەفیش بێت. بۆ ئاهەنگێك، سۆوڵ هەموو شامپانیاکانی دۆم پێریگنەنی لە پاناما کڕی هیچی لێ نەمایەوە. سۆوڵ ووتی: "سالم خۆم و فڕۆکەکەم و فڕۆکەوانەکەمی نارد بۆ کۆلومبۆس و جۆرجیا، فڕۆکەکەمان پڕ کرد لەسندوقی دۆم پێریگنەن و پاشان گەڕاینەوە". سالم سوور بوو لەسەر ئەوەی کەدەبێت سۆوڵ و جاك و ئانیتا لەگەشتەکەیدا لەگەڵیدابن و بەهەموو چواردەوری جیهاندا بگەڕێن، بەتایبەتی بۆئەوەی لەگەڵ ئانیتادا پێکەوە لەرێستۆرانتەکان و ئاهەنگەکاندا مۆسیقا بژەنن و گۆرانی بڵێن.

سالم لەم چەند ساڵەدا فێری ئەوە بووبوو کەدەتوانێت لەرێگەی پارەوە لەهەر شوێنێك بیویستایە گۆرانی بچڕیایە. جارێکیان لەئاهەنگێکی بەخشینی خەڵاتی ئەکادیمیایەك لە لۆس ئەنجلۆس بەسەدان دۆلاری بەخشییە سەرۆکی باندەکە بۆئەوەی رێگەی پێبدات گۆرانی "ماڵی هەڵهاتنی خۆر" بەحەوت زمان بڵێت. لەڤیستیڤاڵی ئۆکتۆبەردا لە ئەڵمانیا دوو هەزار مارکی

ئەڵمانی بەخشیە ئەوانەی مێزێکی بەردەم تەختی شانۆکەیان گرتبوو تا بۆی چۆڵ بکەن، هەروەها کامێرایەکی ڤیدیۆیی لەیەکێك لەئامادەبوان کڕی، پارەی زیاتری دایە سەرۆکی باندەکە بۆ ئەوەی رازی بکات تاوەکو رێگەی پێبداتو بچێتە سەر تەختەی شانۆو گۆرانی فۆلکلۆری باڤاریان بڵێت، کە تایتڵەکەی بەم جۆرە وەرگێڕدرابوو "لەچیمەنە سەوزەکەدا، کەروێشکەکان گیا دەخۆن".

لایەنێکی شاراوە لەرقلێبونەوەی هاوبەش لەسەر روداوەکان هەبوو لەهەردوولاوە، لەلایەك لەبێزاری سالم بۆ پرۆتۆکۆڵی ئاسایی‌و سووربوونی لەسەر چوونە لایەنی کرینەوە، لاکەی تریش زیادبوونی ئەو بێزاریە بوو لەنێوان رۆژئاییەکاندا لەحەفتاکاندا درووست بوو بوو بەرامبەر بەو سعودیە خۆدەرخەرانەی بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتەوە دەوڵەمەند بوو بوون. ئێستاش ئەم ناحەزیە لەنێوان سالم‌و هاورێ ئەوروپی‌و ئەمەریکیەکانیدا هەیە، ئەم بەدناوکردنە لەکاتێکدا سەرچاوەی نائاسوودەییەکان بوو، بەتەواوی‌و بەهەمیشەیی بەهۆی دڵسافی‌و گەورەیی سالمەوەو لەبەرئەوەی بەئاشکرا دەیویست خەڵکی خۆشیان بوێت، کپ دەکرا.

سالم حەزی لە باندی بیتلێس دەکرد هەروەها گۆرانی فۆلکلۆریشی بەلاوە خۆشبوو، وەك On Top of Old Smokey یان گۆرانی منداڵەی "On Top of Speghatti". هیچ شوێنێك بەلایەوە جێی بایەخ نەبوو، هەروەها هیچ ئامادەبویەکیش بەلایەوە شکۆدار نەبوو. جارێکیان لە قاهیرە روبەرت ئەرمیتاجی هاورێی ناچارکرد کە دەبێت گیتاری بۆ لێبدات لەکاتێکدا بەشێوەیەکی خراپ لەئاهەنگی شووکردنی کچەکەی ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر گۆرانی دەوت. هەرچەندە رەنگە هاورێکانی پێیان وابوبێت کەتازە توش بوون، بەڵام لەگەڵیدا راهاتن، لەبەرئەوەی لەفرۆکەوانیە سەیرەکانیدا دەرکەوت کە هەر بەرەنگاربونەوەیەك یان ترسێك زیاتر هانی دەدا کە بەردەوام بێت. هیچ کاتێك دەنگی بەرەو باشتر نەدەچوو بەڵام دوای ئەوەی ئانیتا پیزای لە پاناما بینی، کە شارەزاییەکی باشی لە پیانۆدا هەبوو، گۆرانی وتنەکانی بۆ ئاستێکی باشتر بەرزکردەوە.

ئەمەریکا بوو بەشوێنێك بۆ گۆرانی وتن و فرین‌و لەسەرووی هەموویەوە بازارکردن. سالم چەند ئوتومبیلێکی کادیلاکی بۆ خانەوادەی شاهانەی سعودیە ناردەوە، کە زرێپۆش بوون‌و دەسترێژی گولله نەیدەبرین هەروەها بەیارمەتی سۆوڵ، سالم نزیکەی دەرزەنێك ئۆتۆمبێلی لینکنی کری‌و لەرێی گواستنەوەی ئاویەوە لە نیوئۆرلینەوە هەناردەی شانشینەکەی کردەوە.

هەروەها سالم پێنج هەزار پاکەت صاصی تاباسکۆی لەرێگەی ئاسمانیەوە بۆ عەرەبستانی سعودیەی ناردەوە، ووتی کەوا حەزی لەتامەکەیەتی. عەرەب لەدژی ئیسرائیل بایکۆتی کۆکا کۆلایان کردبوو، لەبەرئەوە سالم لەبری ئەوە خواردنەوەیەکی گازی تری دۆزیەوە بەناوی میلۆ یەلۆ بەبڕی ئێجگار زۆر لەرێی کەشتیەوە بۆ وڵاتەکەی ناردەوە. هەروەها فڕۆکەیەکی پلاستیکی لەشێوەی یاری منالاندا بینیەوەو بەلایەوە شتێکی جوان بوو، لەبەرئەوە بەهەزارەهای لێ کڕی تا وەك دیاری بیباتەوە بۆ وڵاتەکەی. بۆ جوانکردن و رازاندنەوەی باخچەکانی ئەو کۆشکەی کەدامەزراوەی بنەماڵەکەی بۆ شازادە فەهدیان دروست دەکرد، سالم لەحاویەی ساردکەرەوەدا، بڕێکی ئێجگار زۆری لەسەوزاییەکانی باشووری رۆژئاوای ئەمەریکای ناردەوە: ٤٨١ داری گەورەی کاکتی ئەمەریکیو ٣٦٠ کاکتی بچوكو ٤٨٥ کاکتی تێکەڵو ١٠٠ درەختی یوکاو ٦٢٥ گوڵی ئۆرکیدسو زیاتر لە ٥٠٠٠ دارو درەختو رووەکی تری ناردەوە.

بەپێی قسەی سۆوڵ، سالم بانگهێشتی خودی فەهدی کرد بۆ پاناما. شازادە فەهد بەفڕۆکەکەی لەجۆری بۆینگ ٧٠٧ لەفڕۆکەخانەی شارەکەدا نیشتەوە، لەوکاتەدا ئەوە گەورەترین فڕۆکە بوو کە تا ئەو کاتە لەو شوێنەدا نیشتبێتەوە. سۆوڵ خانووی زیاتری بۆ پاسەوانە چەکدارەکانی شازادە فەهد لە بێی پۆینت گرت. سۆوڵ ئەو کاتەی بیردێتەوەو دەڵێت ئەوە "نەهامەتیەکی سەرنجڕاکێش بوو". دەستو پێوەندەکانی فەهد "یاری ئۆتۆمۆبیلی پێکدادانو لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیلی گۆلفیان کرد"و زۆر بەخراپی زیانیان بەنیو دەرزەنی ئۆتۆمۆبیلەکان گەیاند کەدەبوو سۆوڵ قەرەبووی گۆڕینیان بکاتەوە. رۆبێرت فریمان یەکێکی تر بوو لە هاوبەشە ئەمەریکیەکانی سالم، ئەو لەبیریەتی کەوا خەرجی ئۆتۆمۆبیلە شکاوەکان دەگەیشتە پەنجا هەزار دۆلاری ئەمەریکی. سۆوڵ ووتی پسووڵەکەی بۆ جیم بات نارد، کە هاوەڵی بزنسی سالم بوو لە هۆستن، لەبەرئەوەی ئەوە پەیوەندی بە سالمو فەهدو گەشتە تایبەتەکانی شازادەی جێنشینەوە هەبوو لە ئەمەریکادا. بات و سۆوڵ رایانگەیاند "ئەوان هەموو کاروبارەکانیان رێکخستوە".

جیم بات لە لویزیانا گەورە بوو بوو، ئەو رۆژنامەوانی خوێندبوو پاشان بووە فڕۆکەوانی جەنگی هێزی ئاسمانی، دواتر پەیوەندی کرد بە گاردی فڕۆکەوانی نەتەوەیی تەکساس وەك فڕۆکەوانی یەدەك. ئەو کاتەی کەپیاوێکی گەنج بوو لەگەڵ ساندرای خێزانیدا هەموو شتومەکەکانیان خستە ئۆتۆمبیلێکەوەو بەرەو هۆستن رۆیشتن، لەوێ بات وەك دەلالی فڕۆکە

کاری بزنسی دەکرد، لەکۆتایدا بوو بە بەڵێنـدەرێکی خانووبـەرەو بەڵێنـدەرێکی هەمەچەشـنەی نێودەوڵەتی. ئەو کەسێکی باڵابەرزو باریکەلە بوو هـەروەها بەشـێوە زارێکـی تـەواوی باشـووری رۆژئـاوا قسـەی دەکـرد، وادیـاربوو یـەکلای کردبێتـەوە وەك پیـاوێکی تەکساسـی بـژی، گـەورە بیربکاتـەوەو خـۆی لەمەترسـیەکان بـداتو بـەدوای دەوڵەمەندیـدا بگـەڕێتو بـەئازادی بـژی، هەروەها حەزی لەراوچێتیو ماسی گرتن دەکرد. سەرەتای سەرگەرمبوونی خواردنەوەی لەگـەڵ جۆرج بۆشدا بوو کەلەحەفتاکاندا بوونە هاوڕێ، ئەو کاتـەی هـەردووکیان لـەگاردی فڕۆکـەوانی نەتەوەیی لە تەکساس فڕۆکەوان بوون. ئەمە پێش ئەوەبووە کە جۆرج بۆش بچێتە خوێنـدنی بزنس، لەو کاتەی مەی خۆربوو، هەروەها بەهۆی دان پیانانی ناڕاستەوخۆی خۆیەوە، لەوانەیـە نوقمی ماددە هۆشبەرە نایاساییەکان بوبێت. بەهەر حـاڵ، بـۆش، جیم بـاتی وەك گاڵتەچـیەکی خۆشمـە یـاد دەکەوتـەوە، هەرچـەندە لەکۆتایـدا چـەند پرسـیارێکی قـورسو گـران لـەبارەی پەیوەندییەکـەیان دروسـت بـوو کـە وردە وردە بابـەتی ئـەو خۆشـیانەی بـەرەو نـەمان بـرد. لەناوەراسـتی حەفتاکانـدا لـەرێی بۆشـەوە، جـیم بـات ژمارەیـەك لەسیاسـەتمەدارە ناودارەکـانی تەکساسی ناسی، وەك باوکی بۆش، جۆرج دەبلیو بۆش، کە بوو بە بەڕێوەبـەری CIA لـە سـاڵی ١٩٧٦ دا، هـەروەها لان بینتسـێن کـەکوڕی سـیناتۆرێکی درێژخایـەنی دیمکراتـەکانی ولایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا بـوو، لۆیـد بینتسـۆنی کاندیـدی جێگـری سـەرۆکایەتیو جـەیمس بەیکەر کەپارێزەرێکی هۆستنی بوو کەدواتر بـوو بـە وەزیـری دەرەوەی ولایەتـە یـەکگرتوەکانی ئەمەریکا.

لەم کاتەدا بزنسی سـەرەکی بـات بـریتی بـوو لـە کۆمەڵەی JB& A، لەگـەڵ دەلاڵی فڕۆکـە جەنگیەکـەی. لەسـاڵی ١٩٧٥ دا هــەوڵی فرۆشـتنی فڕۆکــەی پەروانــەداری فۆکــەر ٢٧ ی دەدا کەخاوەنەکـەی کۆمپانیایـەکی تـوتن بـوو لـەباکووری کالیفۆرنیـا، فڕۆکەکـە ژوورێکـی نووسـتنی لەکابینەکەدا تێدابوو. سالم بـن لادن بـۆ فڕۆکەیـەك دەگـەڕا تـا کارئاسـانی بـۆ کۆمپانیـای رێگـا دروستکردنەکەی لەبیابانەکانی سعودیەدا بـۆ بکـات. ئـەوان رێکـەوتنێکیان کـرد، بـات یـاوەری فڕۆکەکەی کرد بۆ جەددە. هەروەك هەموو بەڵێندەریکی ئەمەریکی کەرۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتیان لەنەخشەدا دەدۆزیەوە، وادیاربوو بات سوور بوو لەسـەر ئـەوەی لەبەرزبونـەوەی نرخـی نـەوتی سـعودیدا قـازانجی دەسـت بکـەوێت. ئـەو تـەنها نەیدەویسـت چـەند حەقدەسـتێکی کـەمی لەفرۆشتنی فڕۆکەکەدا دەست بکەوێت، بەڵکو دەیویست هاوڕێیەتی قوڵتر دروست بکات لەگـەڵ

گەنجە تازەپێگەیشتووە شێخەکانی سعودیەدا، ئەویش بەهاوکاریکردنیان تا پارەکانیان لەکاری سودبەخشدا لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بخەنە ئیشەوە. رۆبێرت ئارمیتاژ لەوکاتەی بات هاتە لایان، لەئۆفیسی براکانی بن لادن کاری دەکردو باسی لەوە کرد کە بات "لەخولەکێکدا یەك میل قسەی دەکرد" لەگەڵ ئەوەشدا سالم بەلایەوە بات کەسێکی کەیفخۆشکەر بوو. چارلس شوارتس پارێزەری سالم لە هۆستن گێڕایەوە کەوا سالم "کەسانی خۆشمەچی خۆشدەویست". جیم بات کەسێکی شرشێت بووەو سالمیش حەزی بەو جۆرە کەسانە دەکرد.

بەڵێندەرو مامەڵەچیە ئەمەریکیەکان چواردەوری سالمیان دابوو، سالمیش دەیزانی دەبوایە بەئاگابێت. بە دەگمەن پارەی زۆری دەخستە بەردەستیان، تەنها لەکرینی شتی کۆنکرێتی دا نەبێت، وەك کرینی فرۆکەیەك یان خانوویەك، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بۆ ئیشکردنو کات بەسەربردن، سالم دەستیکرد بەپەیداکردنی ئۆفیسو شوێنی نیشتەجێ بوونو کەسانی بریکار لەزیاترو زیاتری شارەکانی جیهاندا. لەهەموو شوێنێکدا نوێنەرێك یان هاوبەشێکی بۆخۆی هەڵدەبژارد، کەسێك کەبتوانێت یارمەتی بداتو بەمتمانەوە گەشتیارانی شاهانەی سعودی ئاسوودە بکاتو میوانداری ئەندامانی خێزانی بن لادن بکات کاتێك بۆ خوێندن یان پشوودان گەشتیان دەکرد، هەروەها یارمەتی سالم بدات لەکاتی مامەڵەکردنی بازرگانیدا. جیم بات بوو بەبریکارو هاوبەشی سالم لە هۆستن. لەسەرێکی ترەوە جیم بات نوسینگەیەکی خزمەتگوزاری بۆ سالم لە تەکساس کردەوە. بەمجۆرە سالم لەبەرامبەردا توانی نوسینگەی خزمەتگوزاری جیهانی بۆ خانەوادەی شاهانەی سعودی فراوان بکات بەتایبەت لەبواری فرۆکەوانیدا، کە لەوکاتەدا سالم خۆی وەك پسپۆرێکی ناوخۆی دادەنا بۆ ئال سەعودو یارمەتی دەدان تابرپاری زیرەکانە بدەن چونکە پارەی زیاترو زیاتریان لەسەروەتە چاوەڕواننەکراوەکانیاندا لەکرینی فرۆکەی تایبەتدا خەرج دەکرد.

بات ماڵو سەروەتەکەی لەرێگەی کاری فرۆکەو هەروەها بەهۆی رێنمایکردنی بازرگانە سعودییەکانی وەك سالم بۆ کاری خانووبەرەو مامەڵەی تری بازرگانی پێکەوەنابوو، بات لە ٥٪ پشکی لەکارەکان وەردەگرت لەبەرامبەر ئەو ئەرکەی لەسەرشانی بوو. لەئۆفیسەکانی بینای بانکی فانین لە هۆستن کاریدەکرد، هەروەها بازرگانە نوێیەکەی سالی لە تەکساس لەو ئەدرێسەدا تۆمارکرد. ناوەندێکی دروستکرد بەناوی وەبەرهەمهێنانەکانی MBO، کەبەناوی

دامەزراوەکەی بن لادن ناونرا لە جەددە. دەسەڵاتەکانی بات لە"رێکەوتنێکی باوەرپێکراو"دا چەسپێنرا کە لەلایەن سالمەوە لە ٨ی تەمموزی ١٩٧٦ واژۆ کراو لەوەزارەتی کاروباری دەرەوەی تەکساسدا هەلگیرا. سالم "دەسەڵاتی رەهاو تەواوی دابوە بات بۆئەوەی لەبری ئەو هەموو کارێك ئەنجامبدات کە پەیوەندی بەبازرگانییەوە هەبێت، هەروەها بەکارەکانی هەستێت لەئۆفیسەکانی بن لادن لە هۆستن" کە بریتی بوو لەدەسەڵاتی تەواو بۆ پێدانی فەندەکانی کۆمپانیا یان خەرجییەکانی خێزانی بن لادن". بەپێی قسەی بیڵ وایت کە هاوەڵی بزنسی بات بوو لە دوای ساڵی ١٩٧٨، بات بەردەوام بوو لەسەر پێدانی پارە بەخانەوادەی بن لادن کەلەیەك کاتدا بڕەکەی دەگەیشتە نزیکەی ٦ یان ٧ ملیۆن دۆلار.

هەرکە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودیەکاندا پەرەی سەند، بات کارەکانی بەرەو بەکرێدانی فڕۆکەی جەنگی نێودەوڵەتی گوێزایەوە. ئەوە بازرگانییەکی ئاڵۆز بوو، چونکە لەوکاتەدا یاساکانی باج و هەناردەکردنی ئەمەریکی بۆ تەمویلکردنی فرۆشتنی فڕۆکەی جەنگی بە کرێارە دەرەکیەکان بەشێوەیەکی تایبەت شتێکی سەرنجراکیش بوو. بۆ ئاسانکاری ئەو جۆرە مامەڵانە، بات چەند کۆمپانیایەکی لەدەرەوە، لە کاریبینی بەخشراو لەباج کردەوە. هەروەها کۆمپانیای دوورگەکانی کایمانی دامەزراند بەناوی کۆمپانیای فڕۆکەو بەکرێدانی سکای وەی سنوردار. بە پێی قسەکانی بێڵ وایت و هەژمارەکانی تر خاوەنەکەی سعودی بوو.

بات چەند کۆمپانیایەکی لەدەرەوە بۆ سالم کردەوە. لە ٥ ی تەمموزی ١٩٧٧دا، لەگەڵ وەبەرهێنانەکانی بینکۆ .N.V، لەدوورگەکانی ئەنتیلی هۆڵەندی یەکیانگرت. کۆمپانیا سەرەکیەکەی بریتی بوو لەکۆمپانیاکانی SMB، وەك دیارە دەگەرێتەوە بۆ پیتەکانی سەرەتای ناوی سالم محەمەد بن لادن، ئەویش دەکەوتە دوورگەکانی ئەنتیلی هۆڵەندی. دۆکیومێنتەکانی بات لەم بوارەدا لە تەکساس هەڵگیرتبوو باسی لەوەدەکرد هۆکاری سەرەکی ئەم کۆمپانیانە بۆ ئەوە بووە کاری خانووبەرە وەربگرێت. کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی بینکۆ، بۆ نمونە، لەو کاتەدا بوو بەئامرازێك بۆ بات تا لەبری سالم لەفڕۆکەخانەی کەنداوی هۆستن، کێڵگەیەکی بچوك بکرێت لەدەرەوەی شارەکەو بات ئاواتی بوو ئەوە ببێتە فڕۆکەخانەیەکی قازانجبەخش.. ئەو ئاواتەی هەرگیز بەدی نەهات.

مامەڵەکانی بات لەگەڵ بن لادنەکاندا وادەردەکەوت بەبڕێك پارەی کەمتربوو لەچاو مامەڵەکانی لەگەڵ بازرگانەکانی تری سعودیدا، بەتایبەتی خالیدی کوڕی مەحفوزی هاوڕێی

سالم کەخاوەن بانك بوو. بۆ نمونە لەساڵی ١٩٧٧دا بات لە مانی بانك لە هۆستن پارەی خستە ئیشەوە، هاوەڵەکانی پێکهاتبوون لە بن مەحفوزو بزنسمانی دەوڵەمەندی سعودی غەیاس فیرعەون، لەگەڵ جۆن کۆناڵی حاکمی پێشووی تەکساس. سالم کاری وەبەرهێنانی لەگەڵ بن مەحفوزدا لەبانکی سعودی لە پاریس دەکرد، بەڵام وادیارە نەچوبێتە ناو مامەڵەکانی بانکی تەکساسی بن مەحفوزەوە.

کڕیارە سعودیەکانی باتو ئەو هاوڕێ سیاسیانەی لە تەکساس پەیوەندی پێیانەوە هەبوو، هەروەها کۆمپانیا دەرەکیەکانیو شێوازی ژیانە بەربەرەڵاکەیو راووڕووتی لەفڕۆکەوانی نێودەوڵەتی هەموو سەرچاوەی هەڵاوسانی پیشەکەی بوون. بات وادەردەکەوت کە لەفێڵو تەڵەکەبازیدا چێژ وەردەگرێت. ئەو هاتوچۆی پەناگەکانی باج نەدانی کاریبینی دەکرد، هەندێ جار سەدان هەزار دۆلاری بەکاش لەناو فڕۆکەکاندا هەڵدەگرتو بە ساندرای خێزانی دەوت کەوا ئەو پارەیەی بەکاش پێویستە بۆ سوتەمەنیو رووداوە لەناکاوەکان. هەندێ جار ئەو سعودیانەی لەگەڵ باتدا گەشتیان دەکرد پاسپۆرتی دیبلۆماسیان پێبوو کەئەو پاسپۆرتە رێگەی پێ دەدان جانتا دەستیەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بهێننو بەبێ پشکنین بەگومرگەکانی ئەمەریکادا بڕۆن، جارو بار، بەپێی گوتەی ئەو فڕۆکەوانەی لەگەڵ باتدا بوو، ئەو جانتایانەی کە هەڵیانگرتبوو بڕێکی زۆر لە پارەی کاشی تێدابوو.

سالم لەدەوروبەری حەفتاکاندا رابەرایەتی کۆچکردنی بنەماڵەکەی دەکرد بۆ ئەمەریکا. هەرکە خوشكو براکانی قوتابخانەی ئامادەییان تەواودەکرد لە لوبنانو میسرو جەددە، ئەو هانی زۆرێك لەبنەماڵەکەی دەدا بۆ ئەوەی لە ئەمەریکا زانکۆ بخوێنن. وەك زۆرێك لە سعودییەکان ئەوان لە فلۆریداو کالیفۆرنیا جێگیربوون، ئەو شوێنەی کەشو هەواکەی وەك وولاتی خۆیان وابوو. غالبی بچوکترین هەڤڕای سالم کۆلێژی ئەندازیاری لەزانکۆی کالیفۆرنیا لە بێرکلی خوێند. زڕبرایەکی تری سالم بەناوی عەبدولعەزیز کە لە قاهیرە بوو لەزانکۆی سان فرانسیسکۆ وەرگیراو لەساڵی ١٩٨٠دا بڕوانامەی ماستەری لەکارگێڕی بازرگانیدا بەدەستهێنا. دوو زڕبرای تری بەناوەکانی شەفیقو ساڵحو رەجای زرخوشکی بەهەمان شێوە لەزانکۆی سان فرانسیسکۆ وەرگیران. یەسلامو خالیدو ئیبراهیم سێ برای تری بوون لەدایکێکی بەڕەگەز ئێرانی لەزانکۆی باشووری کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلۆس دەیانخوێند. ئەندامانی تری خێزانەکە چوونە کۆلێژو ئەکادیمیای نەخشەسازی تر لە میامیو هۆستن. تۆماری قوتابخانەکانو

چاوپێکەوتنەکان ئەوە دەردەخەن کەوا زیاد لەچارەکێکی نەوەکانی محەمەد بن لادن کە ٥٤ منداڵ بوون لەساڵەکانی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکاندا لە ئەمەریکا خوێندویانە.

بێگومان ئوسامە یەکێك بوو لەو گرووپە گەورەیەی کە لەزانکۆکانی عەرەبستانی سعودیو وڵاتانی تری عەرەبیدا دەیخوێند. سالم لەنێوان جەددەو ئەمەریکادا زۆر هاتووچۆی دەکرد، لەشارێکەوە بەفڕۆکە جێتەکانیەوە خۆی دەگەیاندە شارێکی تر، گەشتەکانی خانەوادەکەی بۆ پشوودان ڕێکدەخستو پارەی خەرجیەکانی دابەش دەکرد. ئەو سەرکردەی خێزانەکە بوو، شوێن پێی هەر یەکێك لەوانی هەڵگرتبوو، ئەوان بۆ خوێندن بۆ هەر شوێنێك بیانویستایە بڕۆن گرنگ نەبوو. ئەو یەکێك لەیەکەمین تەلەفون دەستیە مۆدێل گەورەکانی پێبوو کەبەقەد خشتێك دەبوو، لەبەرئەوە هەرکاتێك خوشكو براکانی بیانویستایە دەیانتوانی پەیوەندی پێوەبکەن. منداڵەکانی محەمەد لەوکاتەدا بەزۆری تازە پێگەیشتوو بوونو لەتەمەنی بیست ساڵیدا بوونو دەیانتوانی سەبارەت بە قوتابخانەو کارو تەنانەت هاوسەرگیریشەوە بڕیاربدەن. هەموو دەهاتن بۆ لای سالم بۆ ئەوەی مۆڵەتی لێوەربگرنو راوێژی پێ بکەن.

یەسلامی زڕبرای لەگەڵ کارمنی هاوسەرە جوانە ئێرانیەکەی پەناگەیەکیان بۆ خێزانەکە لە لۆس ئەنجلۆس دابین کردبوو. یەسلام لەدوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی لە ئەورووپاوە رۆشتبوە ئەمەریکا. وانەی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلی پێشبڕکێی لە سوید وەرگرتبوو، پلانێکی هەبوو بۆ بەخێوکردنی تانجی لە عەرەبستانی سعودی، بۆ ماوەیەك لە هۆتێلی شاهانە لە جنێڤی سویسرا مایەوە. لەوکاتەی لەهاوینی ١٩٧٣ دا باڵەخانەیەکیان لە جنێف بەکرێ گرتبوو لەگەڵ خێزانەکەیدا، کارمنی کچی خاوەنی باڵەخانەکەی بینی. باوکی کارمن سویسریو دایکی ئێرانی بوو. ئەو زمانی فەرەنسیو فارسی دەزانیو کچێکی لەڕادەبەدەر جوان بوو، تەمەنی ٢٢ ساڵ بوو، زۆر زۆر بەرزفڕ بوو. یەسلامیش لەو کاتەدا هەر تەمەنی ٢٢ ساڵ دەبوو، جوانی کارمن هەستو سۆزی داگیرکردبوو. یەسلام گەنجێکی نەرمو نیانو کەمدوو بوو. کارمن پێی وابوو رۆژێك دێت یەسلام ئەو لێهاتوییەی دەبێت کە سەرکردەیی بازرگانە نێودەوڵەتیەکەی خێزانەکەی بکاتو بەشێوازێکی مۆدێرنیدا بەرێت. بەگووتەی ماری مارتا بارکلی کە لەرێی هاوسەرەکەیەوە بوو بووە هاورێی ئەو جووتە، هاوسەرەکەی لەکۆتایی ١٩٧٣دا سەرپەرشتی خوێندکارە نێودەوڵەتیەکانی دەکرد لەزانکۆی باشووری کالیفۆرنیا USC، "کارمن زۆر مەراقی هەبوو تا یەسلام کاری باش بکاتو چاوەڕێی بەرزیخوازی زۆری لێ دەکرد ".

لە هاوینی داهاتوودا پرۆسەی هاوسەرگیریان بەستو خانوویەکیان لە ئەمەلفی درایڤ لە پاسیفیك پالسەیدس کڕی کەگەڕەکێکی دەوڵەمەندنشین بوو لەنزیك زەریاکەدا. یەسلام وانەی فڕۆکەوانی خوێندو فڕۆکەیەکی پەروانەداری دوو بزوێنەر کڕی بۆ گەشتەکانی پشووی هەفتە بۆ سانتا بەربارا و ئەریزۆنا، خێزانەکەشی ئۆتۆمبیلی پۆنتیاك فایەربێردی لێدەخووری. بەدەر لەو خۆشەویستیە زۆرەی یەسلام بۆ کارمنی هەبوو، تانجیە دڕەکەشی بەناوی خەلیف خۆشدەویست.

سالم ناو بەناو بەفڕۆکە دەچوو بۆ لۆس ئەنجلۆسو سەردانەکانی خێزانەکەی بۆ لاس ڤێگاس ڕێکدەخست، ئەو شوێنەی کە بن لادنەکان لە کۆشکی کایسارس نیشتەجێ دەبوون. ئەو بەکەمی قوماری دەکرد هاوشێوەی ئەوەی بەکەمی دەیخواردەوە، ئەویش بۆ کات بەسەربردن بوو. جارێکیان چووە سەر مێزێکی یاری قومار لە ڤێگاس، لەکاتێکدا کە چاوەڕێی گەشتی ئاهەنگەکەی دەکرد بۆ ئەوەی خۆیان ڕێکبخەن لەڕاڕەوی هوتێلەکەدا. بەخێرایی سەفتەیەك کاغەزی قوماری کەڵەکە کرد کەبایی زیاد لەهەزار دۆلار دەبوو. دەستیکرد بەگاڵتەکردن لەگەڵ کچی کارد فرۆشەکەدا، هەرکە کاتی ڕۆیشتن هات، بەشان بادانەوە بەرەو رووی کچەکە پاڵی نا بەهەموو کارتە براوەکانیەوە. ئەو بەتاسەوە ئەوەی روونکردەوە کە کەسە ئەمەریکیو ئەوروپیە ئاساییەکان، بەتایبەت ئافرەتەکانیان رەفتاری سەیردەنوێنن کاتێك بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بڕێکی زۆر لەپارەی کاشی دەکردە دەستیانەوە، وادەردەکەوت کە چێژی زیاتر لەو جۆرە گۆڕینەوانە بینیبێت وەك لەوەی بەپارەکانی شتی گرانبەهای پێ بکرێت.

سالم هەرگیز وادەرنەدەکەوت خۆی خستبێتە گومانەوە یان پرسیار لەپێناسەی خۆی بکات وەك سعودیەك کە بەبەرفراوانی بە ئەمەریکادا دەگەڕا. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لەبرا راستەقینەکانیو زربراکانی خۆیان وادەبینیەوە کە حاڵیان جێگیرنیە بەهۆی ئەو سەرکەشیانەی سالم توشی کردبوون. کوڕە گەورەکانی محەمەد باوکیان بەنمونەیەکی بەرزدەناسی. بەشێوەیەکی سروشتی لای هەمووان ئەوە چەسپا بوو کەشانازی بکەن بەو دەستکەوتانەی خێزانەکەیان بەدەستیهێنابوو وەك موسوڵمانێتی، عەرەببوون، یەمەنی بوون، سعودی بوون. ئەم شانازیکردنە تەنها مەسەلەی ڕێزداری خێزانەکە نەبوو یان هەندێك هەستی لێڵ کەپەیوەندی بەنەتەوەو ئاینەوە هەبوو: ئەمە جیانەدەبووەوە لەڕێنماییە دوورودرێژەکانی قورئان کەکوڕەکان لەتەمەنێکی زۆر مناڵیدا وەریانگرتبوو، ئایەتە

قورئانیەکان لەبەردەکران‌و دەخوێنرانەوە هەروەها یاساکان ریزدەکران‌و رێزیان لێدەگیرا. ئەو دیمەنانەی بەخۆشی بەسەریان دەبرد، ئەو نوێژانەی لەکاتی سەردانە یەك لەوای یەکەکانیاندا بۆ مەککەو مەدینەیان بەجێیان دەهێنا بەشێکی بنەڕەتی ژیانیان بوو. باوکیان لەبانگخوازە گەرموگوڕەکان نەبوو، لەنێوەندی شتەکانی تریشدا، بەهۆی ئەو تێکەڵاویە دورودرێژەی لەگەڵ ئەمەریکیەکان‌و ئیتاڵیەکان‌و لوبنانیە مەسیحیەکاندا هەیبوو، لەبێگانە ترسێکی وەهای نیشان نەدا کەجاروبار پیاوە ئایینیەکان دەیانخستەڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا لەخوداترسی‌و دڵسافی لەناوەرۆکی پێناسیدا بوو کەهیواخواز بوو کوڕەکانی‌و کچەکانیشی هاوشێوە لەئامێزی بگرن. پشتیوانیکردنی محەمەد بۆ نەریت‌و شتە بەنرخەکانی ئیسلام‌و ئەو پێنج جار نوێژەی لەرۆژێکدا ئەنجامی دەداو میوانداریکردنی زۆرێك لەحاجیانی ماڵی خودا لەچادرە پڕکەلوپەلەکانیدا، هەروەها ئەو رۆژوانەی لەرەمەزانەدا دەیگرت، کارێکی سەخت دەبوو بۆ هەریەکە لەکوڕەکانی محەمەد کە بەخۆشیەوە هەموو ئەم شتانە رێکبخەن، ئەگەرچی سالم جاروبار وا دەردەکەوت نمونەیەك بێت بۆ ئەوەی هەموو ئەمانە پێکەوە جێبەجێ بکرێن.

لە دوانیوەڕوانی رەمەزاندا، ئەو کاتەی کە دەبوو سالم بەرۆژوو بێت‌و دوور بکەویتەوە لەجگەرەکێشان، بەلام ئەو جگەرەی بەجگەرە دادەگیرساندو داوای لەبرا بچووکەکانی دەکرد خزمەتی بکەن‌و خواردن‌و قاوەی بۆ بهێنن. ئەو کاتێك سەفەری دەکرد بۆ ئەوروپاو ئەمەریکا بەدەگمەن نوێژی دەکردو بەبێ دوودڵی گۆشتی بەرازی دەخواردو پێی وابوو زۆر بەلەزەتە. لەعەرەبستانی سعودی دەچوو بۆ مزگەوت، بەلام وادیاربوو بۆ ئەوە دەچوو تا سیخورمەی هاوڕێکانی بدات لەو کاتانەی لەرێزەکانی نوێژکردندا دەوەستان، وەك لەوەی سوژدە بەرێت‌و بەترسەوە لەخودا بپاڕێتەوە. ئەو لایەنێکی رۆحانی هەبوو کەلەکاتی گەشتەکانیدا باسی لەبێسنوری‌و شێوەی گەردوون‌و هەندێ لەو پرسیارانە دەکرد کە وادیاربوو لەسەری کەڵەکە بوو بوون لەو کاتە دورودرێژانەی لە ئاسماندا بوو. وادیار نەبوو کەئیسلام فشاربێت لەسەری یان ئەو فشاربێت بۆ سەر ئیسلام. برا زیاتر لەخواترسەکانی هانیان دەدا بۆئەوەی رێگاکەی کەمێك نزیکتر بکاتەوە لەرێگا روون‌و رەوانەکەی خودا، بەلام ئەو کلتورەی رێز دادەنێت بۆ سەرکردەی خێزان لەناو عەشیرەتێکی عەرەبی وەك بن لادنەکاندا هێندە بەهێز بوو تەنانەت خوشك‌و برا گەنجترە لەخواترسەکانی نەیاندەوێرا رووبەڕووی ئەو رەفتارە ناشیرینانەی ببنەوە. لەوانەیە ئەوەی زۆرتر گرنگ بووبێت مەسەلەی بیروبڕوایان بوبێت، وەك ئەوەی لێی

تێگەشتبنو فێرکرابوون ئەوە بوو کە دادگایی گوناهکارەکان کاری خودایە، نەك مرۆڤ، بەو مەرجەی گوناهکار بەتەواوی دەستبەرداری ئیسلام نەبوبێت. چەند ساڵێك لەوەودوا ئوسامە بن لادن ئەمەی دەوتەوە "هیچ تاوانێك لە بێ باوەڕی وا لە باوەڕدار ناکات کە لەبازنەی باوەڕەکەی بچێتە دەرەوە، تەنانەت ئەگەر گوناهێکی گەورەی وەك پیاوکوشتن یان مەی خواردنەوەش بێت، تەنانەت ئەگەر تاوانبار بمرێت بەبێ پەشیمانبوونەوەو تۆبەکردن لەگوناهەکانی، ئەو چارەنوسی لەلای خودایە کە ئایا دەیبەخشێت یان سزای دەدات".

ئەمەریکا لەحەفتاکاندا بەدەر لەباسی ستایلە زەقەکانی قژو جلوبەرگەك، بەشۆڕشی سێکسیو کلتورە نوێیەکەی تێکەڵ بوو بوو، کەلێرەدا پرسیار داوای وەڵامی لەگەنجەکانی خێزانی بن لادن دەکرد بەتایبەت ئەوانەی لە ئەمەریکا دەژیان، ئایا تۆ موسوڵمانیت؟ ئەگەر موسوڵمانیت، ئایا چۆن پراکتیزەی بیروباوەڕەکەت دەکەیت؟ زۆرێك لەخوشكو براکانی سالم دەیانزانی کەوا ناتوانن خۆیان بێئاگا بکەن لەئاستی ئەم پرسیارانەدا، وەك ئەوەی سالم خۆی لێ بێ ئاگا دەکرد، بەڵکو ئەوان هەر لەهێنانو بردنیدا بوونو بەدوای وەڵامێکی گونجاودا دەگەڕان. کارمن کەوەك ئەوروپیەکی عەلمانی دەژیا ئەمەی بەچاوی خۆی بینی کاتێك براکانی یەسلام لە سانفرانسیسکۆ یا لە جەددەوە دەهاتن بۆ سەردانیان. کارمن گێڕایەوە "هەرگیز نەتدەزانی چ برایەك زۆر روو لەئایین بوو، تەنانەت ئەگەر ئەوانت زۆر گەنجو زۆر کراوە بینیبێت، ئەو پیاوانە فێربوون بچنە دەرەوە. دەچونە سینەما. سەردانی بارەکانیان دەکرد، وا هەستدەکەی بە رۆژئاوایی کرابن. بەڵام لەناکاو شتێکی بچوك وات لێدەکەن کە تێبگەیت: نەخێر". ئەو وردە وردە تێگەیشت کە هاوسەرەکەی "بە رۆژئاوایی نەکراوە وەك ئەوەی من وامدەزانی، ئەوان هەرگیز ناتوانن ئەو بۆندە بشکێنن کەلەناخیاندا چەسپیوە".

بزنسمانێکی ئەمەریکی دێتەوە یادی کاتێك سەردانی خەلیلی برای یەسلامی کرد لە لۆس ئەنجلۆس، لەو رۆژەدا خەلیل بریاری دابوو کە هەموو قاپە عەرەقەکان لەخانووەکەی فرێ بداتە دەرەوە، وەك ئەو بزنسمانە دەگێڕێتەوە خەلیل ووتبووی "ئیتر تەواو، چیتر ئەم کارە ناکەین". لەپاشان خەلیل لەگەڵ براکانو هاورێکانی لەزانکۆ هەر دەچووە یانە تایبەتەکان لە بیڤرلی هیڵز، کە بەزۆری لەشەوانی هەینیو شەممماندا دەڕۆیشتن بۆ سەماکردنو گەڕان بە شوێن کچاندا. خەلیل پارەی دەدا بەسەرەك شاگردەکان بۆ گرتنی مێزێك، بەڵام پێی باشتر بوو کە سەرخۆش نەبێتو بەس تەماشا بکات. هەندێ لەبراکانی سەرگەرمی سەماکردن بوونو

سەرخۆش بوون، بەڵام هەندێکی تریان ریشیان درێژکردبوو زۆر جەختیان دەکرد بۆئەوەی نوێژی ئێواران بکەن. بۆ زۆرێك لەوان ئەمە گەرانێك نەبوو بۆ پێناسی کەسێتی یان ئاین بەوەی کەشوێنێکی جێگیریان هەبێت، ئەوە گەشتێکی ئەو رەوتە بەردەوامە بوو کەشیاوی گۆرانکاریە لەهەموو کاتو شوێنێکدا. یەکێك لەو نمونە زۆر سەیرانەی بەسەر برایەکی سالمدا بەناوی مەحروزدا هاتبوو ئەوە بوو لە سەرەتادا ژنێکی فەرەنسی هێنابوو، هاوبەشێکی بزنسی خێزانەکە کەسەردانی کردبوون ئاماژە بەوە دەدات کە مەحروز لەماڵەکەیدا دەفرێکی شوشەی سەرکراوەی هەبوو کەخواردنەوەی مەی تێدا بوو. رۆبێرت ئارمیتاژ مەحروزی وەك "ئالودەبویەکی خواردنەوەو ئاهەنگ" باس کرد، بەلام لەناکاو لەحەفتاکاندا "ئەو گۆرا" مەحروز جارێکی ترخۆی بۆ ئیسلام تەرخان کردو لەکۆتایدا چوار ژنی خواستو ریشی درێژکردو ماڵی گوێزایەوە بۆ مەدینەو دەستیکرد بەلەبەرکردنی ئەو پۆشاکانەی لەسەردەمی پێغەمبەردا هەبوو. ئەو کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوونی گەورەی دروست کرد کە لەناوەراستیاندا خانوویەکی بۆ خۆیو دایکی دروستکرد، هەروەها خانووشی بۆ هەریەکە لەچوار ژنەکانی بەدووری یەکسان بەشێوەی خاڵی سوچەکانی چوارگۆشە دروستکرد.

ئەم پرسیارو کێشمەکێشانە دەربارەی ئیسلامو پێناس شتێکی لەرادەبەدەر ناوازە بوو بۆ گەنجە بن لادنەکان. لەو کاتەی کۆچیانکردو رۆیشتنە قوتابخانە لە رۆژئاوا گەنجە سعودیەکان ووردبینو بەئاگابوون بەرامبەر دەستەوەستانیان لەو دوو هەڵبژاردنەدا. ئەوان وەك قوربانییەکی سەرلێشێواو خۆیان نەدەخستە ناو ئەوەی لەچواردەوری ئەمەریکا روویدەدا بەڵکو وەك نیشتەجێیەکی بەئەزموون خۆیان نیشاندەدا. پیتەر سیرۆکس لەو کاتەدا لە ریاز دەژیاو ووردە ووردە ئەوەی نوسیبوو کەئەم جۆرە مامەڵەکردنە تایبەتیە زۆرێك لە سعودیەکانی بۆ ئیسلام گەراندەوە، تەنانەت ئەوانەی بەپێی پێویست ئامادە نەبوون بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی رێكوپێك لەپاڵ یاساو رێساکاندا بژین:

لە عەرەبستانی سعودی شتێکی باو بوو کەچاو بخەنە سەر ئەورووپیو ئەمەریکیەکان بۆ فرۆشتنی ئەو شتە بەچێژانەی دژی ئایینەکەیان دەوەستایەوە، پاشان یاسای نابەجێیان بەرامبەر بەماددەی هۆشبەرو شۆفێریکردن بەسەرخۆشیو دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتان دەردەکرد. ئەوان نەیاندەتوانی شوێن ئەو رەوتە هەراسانکارە بکەون لەنێوان ئەوەی یاساغ بوو لەگەڵ ئەوەی یاسایی بوو. بەزۆری ئەوان مانیکینیان، ئایینی دووفاقی، پیادەدەکرد. ئەگەر

حاڵەتی دووڕوویی نیشانیش بدرێت لە لایەن یاسای ئیسلامەوە، کە ئەوان هەر پێشێلیان کردبوو، کارێکی ژیرانەتر بوو تا ئەوەی رۆژئاوا بکەنە چارەسەرێکی ناوەندی عەیبو عارەکانو بەسنورداری رێكو پێکیان بکەن.

ژنانی سەر بەخێزانی بن لادن لە ئەمەریکادا رووبەڕووی کاری دژەیەك دەبونەوە، کەلەوانەی براکانیان توندتر بوون. سالم پێی دەوتن زیاتر بەخوێندن ئاسۆیان فراوان بکەن، وەك فێربوونی فڕینو فڕۆکەوانی، گەرچی ئەو هێشتا بەڕاستی لەبیری حەیاو شەرمی عەرەبیدا بوو. ئەو بەکەمترین شێوە پەست نەدەبوو ئەگەر لەدەرەوەی شانشینەکەدا خوشکەکانی کابۆیان لەبەربکردایە یان قژیان بەرەڵا بکردایە، لەڕاستیدا ئەوەی پێ باشتربوو. لەکاتی ژوان بەستن یان هاوسەرگیری، سالم ستانداردێکی دووانەی شەفافی سەپاندبوو. ئەو دوای جیابونەوەی لە شەیخە لەکۆتای حەفتاکاندا ژمارەیەکی زۆر خۆشەویستی ئەوروپیو ئەمەریکی هەبوو. یەکێك لەزڕبراکانی کچێکی ئەمەریکی خواست، مەحروزیش کچێکی فەڕەنسی خواست، سێهەمیش کچێکی دانیمارکی خواست، هەمووشیان بەلێکجیابونەوە کۆتاییان هات، بەڵام ئەوکاتەی یەکێك لەزڕخوشکەکانی بەناوی سەلاح کەوتە داوی خۆشەویستی پیاوێکی بەتەمەنتری ئیتاڵی، ئەوە گڕی بەردایە ناو خێزانەکە، ئەو ئەڵقە هاوسەرگیریە وادەردەکەوت لەبازی بەسەر ئارامگری سالمدا هێنابێت، لەگەڵ ئەوەی لە کۆتایدا پیرۆزبایی لەو هاوسەرگیریە کرد کەهاوسەرگیریەکی دوورو درێژو سەرکەوتووی لێ دەرچوو.

ئەو وەك سەرگەورەیەکی دەسەڵاتداری عەرەبی سەرۆکایەتی ئەم کاروبارانەی دەکرد، بەڵام بەپەرۆش بوو بۆ راگرتنی هاوسەنگیو کۆمەڵبونیان. "بەڕاستی ئەوەش شتێکی گرانو کارێکی سەخت بوو" بەگوتەی گەیل فریمانی ئەمەریکی کە لە عەرەبستانی سعودی بووە هاوڕێی هەندێك لەخوشکەکانی سالم لەپرۆژەکانی دیزاینی کۆشکەکاندا. پیتەر بلەم، پیاوێکی ئەڵمانی بوو کەوەك خزمەتکاری تایبەتی سالم بۆ ماوەی چەند ساڵێك کاریکرد گێڕایەوە، "هەمیشە تەلەفۆنەکەی سالم زەنگی لێدەدا. سالم تەلەفۆنەکەی لەژێر چەناگەیدا دادەناو ئامۆژگاری دەکردن لەبارەی خۆشەویستیو هاوسەرگیریەوە. لەتەلەفونەکەیدا دەیوت "تۆ ژنت هەیە" یان "تۆ بەشی خۆت سەرئێشەت هەیە" یان "گوێبگرە، نیوساڵ چاوەڕێ بکەو دوای جارێکی تر قسە لەسەر ئەمە دەکەین". ئەو لەحوکمداندا دڵڕەق نەبوو، بەڵام "هەمیشە وەك دیپلۆماتێك

وابوو". بەگووتەی فریمان، سالم زیاتر کاتەکانی لەچارەسەرکردنی گرفتەکانی خێزانەکەیدا بەسەردەبرد وەك لەمامەڵەی بازرگانیدا بەسەری ببات.

سالم هەردەم پەیوەندییەکانی بەکچە ئەوروپیو ئەمەریکیەکانەوە لەخوشکەکانیو زڕخوشکەکانی دەشاردەوە، دەترسا کەئەو کارەی لێ قبوڵ نەکەن. سالم چەپڵەی لێدەدا کاتێك دەیبینی خوشکەکانی لەهێڵە خێراکانی ئەمەریکادا بەخێرایی ئۆتۆمبیلیان لێدەخوڕی یان فڕۆکەیان بەچوواردەوری کالیفۆرنیادا دەسوڕاندەوە، بەڵام نەیدەویست خوشکەکانی بەبێ سەرپەرشتی لەگەڵ پیاوە ئەوروپیو ئەمەریکیەکاندا رابن. تێڕوانینەکانی بۆ سێکسیزم ئاڵۆز نەبوون، بەڵام مەیلێکی نێرینەی شانازی سعودی تێدا بوو، ژنی رۆژئاوایی لەوانەیە بەئاسانی خۆیان بدایە بەدەستەوە بەڵام ژنی عەرەب وانەبوون. لە بەهاری ساڵی ١٩٧٨ دا کاتێك سالم لە عەرەبستانی سعودی بوو، مستەکۆڵەیەکی لەیەکێك لە فڕۆکەوانەکانی دا، کاتێك بینی بێ مۆڵەت قسەی لەگەڵ یەکێك لە خوشکەکانی دەکرد. فڕۆکەوانەکە یەکسەر وازی هێنا، هەر ئەو شەوە لە ریاز تەلەفونی بۆ سالم کردو داوای لێکرد کرێی کارەکەی پێبداتو ڤیزای چوونەدەرەوەی بۆ دابین بکات، ئەمەش شتێکی پێویستبوو بۆ کارمەندێکی ئەمەریکی کەخوازیاربوایە عەرەبستانی سعودی بەجێبهێڵێت. ئەم بەزمورەزمی شەرەفی نێرینەو رەفتارجوانی ژنە بن لادنەکان وادیاربوو لەلایەنە تاریکەکەی سالدا توند بوبێتەوە. فرانسیس هۆنیویل کەئەمەریکیەکی خاوەن بانكو لەگەڵ سالدا بوو باسی لەوە کرد کە سالم تەلەفونێکی هەڕەشەئامێزی کردو ووتی رێگەنادات ئەو فڕۆکەوانە شانشینەکە بەجێ بهێڵێت هەتاوەکو بەئاشکرا داوای لێبووردن نەکات، ئەگەر ئەمەش نەکات ئەوا سالم بەڵێنیداوە بیخاتە بەندیخانەوە.

سالم خۆی ژنی زیرەکی بەلاوە باشتربوو. خۆشەویستە یەکەمە ئەمەریکیەکەی بەناوی پاتی دیکارد لەحەفتاکاندا پزیشکێکی گەنج بوو لەهێزی سەربازی ئەمەریکیدا کاریدەکردو لەنەخۆشخانەی سان فرانسیسکۆ پراکتیکی دەکرد. سالم سەردانی ماڵی باوکی ئەو کچەی لە کالیفۆرنیا کردو بەدڵو بەگیان باسی ئەو پەیوەندییەی کرد کە لەنێوانیاندا هەیە. جاك هینسۆنی فڕۆکەوان گێڕایەوە کە "ئەو هەمیشە دەیووت من خۆمم خۆشدەوێت بەڵام وادەردەکەوت بەڕاستی خۆشی بوێت، بەڵام کچەکە رازی نەبوو شووی پێبکات". کارمەندێکی دووەمی سالم کە لەو چەند ساڵەدا کاتێکی زۆری لەگەڵ ئەم جووتەدا بەسەربردبوو ووتی، ئەو

کچە بەکورتی ووتی کەناتوانیت ببێت بەموسڵمان یان ئەو شتانە بکات کە چاوەڕواندەکرا کاتێك رۆیشتە عەرەبستانی سعودی. ئەم جووتە ناو بەناو بەچواردەوری ئەمەریکاو دەرەوەدا بۆ چەند ساڵێك گەشتیان دەکرد پێش ئەوەی کەپەیوەندییەکەیان کۆتایی پێبێت، دواتر دیکارد شووی بەپیاوێکی تر کرد.

شتێکی قورس بوو بۆ هەر ئافرەتێك بە شەیخەی ژنە کۆنەکەی سالیشەوە بۆ ئەوەی شانبەشانی پەیوەندی لەنێوان سالمو رەندەی خوشکیدا بوەستێت. گەیل فریمان ووتی "هەمیشە هەر رەندە، رەندە، رەندە، رەندە، رەندە بوو". لەوکاتەی سالم رەندەی لە پاناما جێگیر کردبوو بۆ وەرگرتنی وانەی فڕۆکەوانی، هەروەها یارمەتی رەندەی دەدا بۆ ئەوەی بچێتە خوێندنی بەشی پزیشکی لە کەنەدا، دەرۆیشتە سەردانیو شتی پێویستی بۆ دەبرد. "پێم وایە زۆرێك لەخوشکەکانی سالم ئیرەییان بە رەندە دەبرد".

بۆئەوەی مۆڵەتی فڕۆکەوانی وەربگرێت، رەندە دەبوو بەهەموو ئاسمانیووڵاتدا بەتەنها فڕۆکە لێبخورێتو بەتەنیا بەفڕۆکە سیسناکەی بەسەدان میل لە ئاسمانی فلۆریدا ببڕێتو بگەڕێتو لەفڕۆکەخانە دەستنیشانکراوەکەی نزیك پاڵم بیچ بنیشێتەوە. رۆژی گەشتە گەورەکەی لەکۆتایی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٨ دا بوو، بەڵام سالم زۆر پەشۆکاوو دوودڵ بوو. وەك سۆوڵ دەیگێڕێتەوە سالم تەلەفۆنی بۆ کرد لە فوتابخانە فرۆکەوانیەکەیو پێی ووت، "بەڕاستی من نامەوێت رەندە خۆی بەتەنها بڕوات، ئەگەر شتێك روویدا چی بکەم؟ من نامەوێت بەتەنها بێت". هیچ رێگایەکی یاسایی نەبوو تا سۆوڵ بەڵگەنامە بە رەندە بدات وەك فڕۆکەوانێك ئەگەر رێگە بەمامۆستاکەی بدات لەلێخوڕینی فڕۆکەکەدا لەگەڵیدا بێت، لەبەرئەوە رێکەوتن لەسەرئەوەی سالم پارە بدات بە مامۆستاکەی تا بە فڕۆکەیەکەوە لەپشت رەندەوە بێت نەوەك لەحاڵەتێکدا شتێك رووبدات.

دڵ خەبەردانی سالم لەڕادەبەدەر سەیر بوو: لەشوێنێکەوە لەناوەڕاستی فلۆریدادا دوکەڵ تەوژمی بردە شوێنی فڕۆکەوانەکە کە لەتێکچونی بزوێنەرەوە یان کارەباییەوە دروست بوو بوو. خۆشبەختانە رەندە فڕۆکەوانێکی متمانەداری لەپشتەوە بوو لەڕێی رادیۆوە پێکەوە قسەیان دەکرد، بەڵام دوکەڵەکە زۆر خراپ بوو کە هەردووکیان بۆیان دەرکەوت رەندە ناتوانێت خۆی بگەیەنێتە فڕۆکەخانەیەك، مامۆستاکەی پێی ووت خۆی ئامادەبکات بۆ کەوتنەخوارەوە لە کێڵگەیەکدا.

تەلەفۆنەکەی سالم لەفڕۆکەخانـەی پـاڵم بـیچ لێیـدا، کـە لـەوێ چـاوەڕوانی ڕەنـدەی دەکـرد. بەپێی قسەی گەیلو ڕۆبێرت فریمان کە لەگەڵ سالمدا بـوون، ئـەو کەسـەی تەلـەفونی کـرد بـە سالمی ووت "ڕادارەکەی ڕەندە لەکار کەوتوە، ناتوانین بیدۆزینەوە". گەیل گێڕایەوە کـە سـالم " لـەتاودا تێکچـوو، وەك شـێت بەچـواردەوری فڕۆکەخانەکـەدا ڕایـدەکردو دەسـوڕایەوەو هـاواری دەکردو دەگریـا کـەوا خوشـکەکەی مـردووە، دەیـوت "کەوتـە خـوارەوە، کەوتـە خـوارەوە". دۆن سـۆوڵ ڕۆیشـتبوو بـۆ پـاڵم بـیچ بـۆ ئـەوەی خولـەکی سـەرکەوتنی ڕەنـدە ببینێـت، هـەروەها فڕۆکەوانی لەمێژی خێزانەکە گیرالـد ئۆربـاکی فڕۆکـەوانی کۆنی هێـزی ئاسمـانی لـەوێ ئامـادە بوو. ئەوان هەوڵیان دەدا بـۆ ئـەوەی سـالم هێمن بکەنـەوە، بـەڵام ئـەو بەتووڕەییـەوە نەڕانـدی بەسەریانداو داوای لێکـردن شـتێك بکـەن. سـالم و دوو فڕۆکـەوان بەفڕۆکـە هاوکەرەکـەی سـالم چوون بۆ ئـەو شـوێنەی کـە لەوانەیـە ڕەنـدە فڕۆکەکـەی تێـدا خسـتبێتە خـوارەوە. ئـەوان لـەو نزیکانــەدا فڕۆکەخانەیــەکیان بــەدیکرد، بــەڵام ڕێگەکــەی زۆر بچـوك بــوو بــۆ نیشــتنەوەی فڕۆکەکە. سالم سووربوو لەسەر ئەوەی بەهەرجۆرێك بێت بنیشێتەوە. سۆوڵ بە ئۆربـاکی ووت وەك لەیادیەتی "با بەسەر لاشەی مردوودا بنیشێتەوە، چـونکە واهەسـتم دەکـرد ئـەوە مـەحاڵ بێت". لەکۆتایدا پەنای بردە بـەر هەسـت وزیرەکـی سـالم، تکـای لێکـرد کـەگرنگ نیـە هەرچـی بەسەر ڕەندەدا هاتبێت، هیچ سودی نابێت ئەگەر سـالم خـۆی بکوژێـت بـۆ ئـەوەی خوشـکەکەی ڕزگاربکات.

ئەوان بە سـەلامەتی لـە فڕۆکەخانەیـەکی تـردا نیشـتنەوەو لەکۆتایـدا بەتەلـەفۆن ڕەنـدەیان دۆزیەوە. ئەو دەگریا، بەڵام سەلامەت بوو. ئەو بەگژ دووکەڵەکـەدا چـوبووەوەو بەیارمـەتی ئـەو مامۆستایەی سـۆوڵەوە کێڵگەیـەکی دۆزیبوویـەوە تابتوانیـت بـە سیسـناکەوە تێیـدا بنیشـێتەوە. هەرچەنـدە زۆر بەتوندی نیشتبوەوە بـەڵام زۆر زیـان بەفڕۆکەکـە نەکـەوتبوو هـەروەها خۆشـی هیچی لێ نـەهاتبوو. ئـەوە کـارێکی پاڵەوانانـە بـوو بـۆ خوێنـدکارێکی فڕۆکـەوانی. سـۆوڵ ووتـی "ئەو زۆر جەربەزە بوو".

دوای ئەو پەرێشانیەی، سـالم لەخۆشـیدا حـاڵی لێهاتبوو. داوای لـە فریمـان کـرد ئاهـەنگێکی گەورە لە هۆتێلی بریکەرس لە پاڵم بیچ سازبکات بەبۆنەی پاڵـەوانێتیو ڕزگـاربوونی ڕەنـدەوە. ووتی "هەر کەسـێك کـە دەیناسـیت بـانگی بکـە، هـەموو هاوڕێکانـت لەپـەنجا میلـەوە بانگێشـت بکە". لە کۆتایدا زۆرێك لەمیوانان لە نیۆرکو هۆستۆنەوە هاتن. جارێکی تـر فڕۆکـەوانیو ئـەو

مەترسییانەی کە تیایدایە، بوو بەسەرچاوەیەك بۆ دراما گەورەکانی بن لادنەکان. ئەو شەوە لە بریکەرس سالم باندێکی بەکرێ گرتبوو، میوانەکانیشی سەمایان دەکرد و گۆرانیان دەوت. بۆ رۆژی دوایی هەموویان رۆیشتن بۆ دیزنی وۆڵد.

## ١٤- پەرۆشی گۆڕینی ڕێبازە ئاینییەکە

ئوسـامە بـن لادن وەك لاوێـك بەئازادانـە بـەجیهانی بەرفراوانـدا گـەڕا. لەگەشـتەکاندا پەیوەنـدی بـەخێزانی بـن لادنـەوە کـردو کەسێکی بەرچاوبوو لـەدوو کۆمپانیـا سـەرەکیەکەی براکـانی بـن لادنو دەزگـا گەورەترەکـەی محەمـەد بـن لادن دا. ئوسـامە یـاری دوو گـۆڵیو ئەسپسواریی لەگەڵ کوڕی دراوسێکانی قـەراخ شـاری جـەددە دەکـرد. هـەتا نزیکـەی سـاڵی ١٩٧٦، هەموو هاوینێك ئوسامە زیاتر گەشتی بۆ ناوچە عەلەانیەکانی سـوریا بـۆ لای کەسـوکاری دایکـی لەلێژاییەکانی دەریای سپی ناوەڕاست دەکردو لەوێ بەسەر شاخەکاندا سـەردەکەوتو بەئاشـکرا هەسـتی خۆشەویسـتی بەرامبـە کچـە ئامۆزایـەکی بچـوکتری لا دروسـت بووبـوو کـە لـەکاتی منداڵییەوە وەك کچێکی سەر رووت ناسیبووی. لەوماوەیەدا، ئوسامە نـوقم بـوو لـە گروپـەکانی خوێندنی ئیسلامی لەخوێندنگە ناوەندییەکـەی ئـەلثغری نمونـەییو خوێندنگەیـەکی تایبـەتی ئاینی تر کەتایبەت بوو بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لەمەککە، بەردەوامیش بوو لەسـەر ئـەم خوێندنـەی پـاش وەرگیرانـی لـەزانکۆی شـا عەبـدول عـەزیزی جـەددە لەسـاڵی ١٩٧٦. لـەنێوان تەمەنی شانزە ساڵیو بیستو یەك ساڵیدا، ئوسامە بڕیـاری یـەکجێگرتنی بیروبـاوەڕە ئیسـلامیە قوڵەکـەی لەگـەڵ پەرۆشـییەکەی بـۆ بـەڕێوبردنی بازرگـانیو کـاری دەرەوەو هـەروەك حـەزو ئـارەزووی بـۆ هاوڕێیـەتی ڕەگـەزیی دا. ئوسـامە لـەدوای سـاڵی ١٩٧٣ لەسـەر ڕێبـازێکی بـەهێزی خۆشەویستی ئیسلام بەڕێکەوتو هەرگیز لەڕێگەی ڕاست لاینەدا.

دایکـی ئوسـامە ووتـی، لەگـەڵ ئـەوەی سـالم تاڕادەیـەك پێکهاتـەی خولیاکـانی جیـاوازبوو لـە ئوسامە بەڵام بۆ ئوسامە "وەك باوکێك" وابوو. هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان سـالمو گروپـی زڕبـرا لاوەکـانی کـە زۆربـەی سـەردەمەکانی سـەرەتای مێردمنـداڵییان لـەجیهانی عەرەبـدا بەسەربرد نمونەیی بوو. کاتێك سـالم لەجـەددە بـوو، پانتۆڵـەکانی لابـردوو دژداشـەو جامانـەی بەسـت. پیـاوێکی زۆر جگـەرەکێش بـوو هـەرگیز بـە پێشـنوێژ نەناسـرابوو گەرچـی خـۆی بـە سعودی لەقەڵەمـدەدا. ئوسـامە تاڕادەیـەك خـۆی لـەبراو زڕبراکـانی بـەدوور دەگـرت. پێدەچـوو سالم لەگەڵ چەند زڕبرایەکی وەك تاریقو شەفیق پەیوەندییـەکی ڕاسـتەقینەی هـەبێت. سـالم

زۆربەی هاوڕێو دەستوپێوەندە نێودەوڵەتییەکانی لەدەرەوەی خێزانی بن لادن لەلوبنانیو تورکیو ئەوروپیو هاوڕێ ئەمەریکیەکانی قوتابخانە بوون یان لەفرۆکەوانو میوزیکژەنەکان بوون کە لەدەرەوە چاوی پێکەوتبوون. ئەم بیانییانە هاوڕێ یان ئەو هاوکارانەبوون کە لەرووی داراییەوە پشتیان بەسالم بەستبوو یان بەشێوەیەکی سادە پەیوەندییان بەکۆمپانیاکەیەوە کردبوو. لەگەڵ هاوکارەکاندا سالم ئازاد بوو لەرەخنەگرتنو ئاڵۆزکردن، لەگەڵ خێزانەکەشیدا هەوڵیدەدا فەرمانرەوایەکی دانا بێت.

سالم هیچ ترسێکی سەبارەت بەهاتنە ناوەوەی هاوڕێو کچە هاوڕێکانی بۆ ناو مەککەو مەدینەی پیرۆز نەبوو، ئەم کردەوانە ئوسامەی بێزارکرد کاتێك پێی زانی. هەندێك لەهاوڕێکانی سالم لەخواناسی ئوسامە ترسان، هاوڕێیەکی عەرەب کە لەبنەڕەتدا کەسێکی ئاینپەروەر نەبوو، بینینی ئوسامەی لە مەدینە گێڕایەوە: بانگدەرەکە بانگی بۆ نوێژەکانی شێوانو خەوتنان فەرموو کە سەعاتو نیوێك جیاوازییان هەیە، ئوسامە سوربوو لەسەر پێشەوایەتیکردنی میوانەکانی بۆ ناو مزگەوتی پێغەمبەر. هاوڕێکانی سالم لەناو سەیارەکەدا چاوەڕێیانکردو سالم لەمزگەتەکەدا بۆ زۆربەی کاتی ئێوارە مایەوە، هەروەك ئوسامە داوای لەدەستو پێوەندەکەی کرد "نوێژبکەن- نوێژبکەن- نوێژبکەن". هاوڕێکانی لەگروپەکە سەریان لەرزاندو زۆر سکاڵایانکردو من وتم، "سوپاس بۆ خوا کە لەگەڵ تۆ نەهاتمە ناو مزگەوتەکەوە، بەلایەنی کەمەوە لەبەر هەوایەکی خۆش بووم لەدەرەوەو جگەرەم کێشا".

کارمن بن لادن ئاماژەی بەوە کرد کە ئوسامە لەم کاتەدا "بەتەواوەتی وابەستەی" خێزانەکە بوو. هەروەها بەگوێرەی وتەکانی خالید بەتەرفی کە هاوڕێو دراوسێی ئوسامە بوو، لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٤ کاتێك هێشتا لەخوێندنگەی سەرەتایی بوو، ئوسامە پارەی تەواوی لەیاریدەدەرو هەروەها لەئەنجامی کارەکەی لەکۆمپانیاکانی خێزانەکە وەرگرت بۆ کڕینی سەیارە یەکلەدوایەکە کەشخەکانی وەك لینکن یان کرایسلەرو دواتر مارسیدسێکی سیدانی رەساسی کڕی. ئوسامە زۆر بەخێرایی سەیارەکانی لێدەخووڕی، مافی لێخوڕینی جێبی چوار ویلیو لۆری کۆمپانیاکانی خێزانەکەشی هەبوو کە بۆ شوێنکارەکەیو هەروەها بۆ بیابانەکە لێیدەخوڕین لەکۆتایی هەفتە بۆ پشوودان لەگەڵ هاوڕێو ئەسپە خۆشەویستەکانی بەسەر دەبرد. ساڵەکانی دواتر ئوسامە رایگەیاند کە ئەسپسواریی "پەسەندترین ئاوات"ی بووە، هەروەها شانازی بەخۆیەوە دەکرد لەسەر توانای ئەسپسواریی بۆ ماوەی چل میل یان زیاتر

لەیــەك ئەسپســواریدا. ئوســامە ئــارەزووی بەجلــە ســادە دەرەكیــەكانی وەك جزمــەی زەردی كاركردنو سەعاتێكی سوپای سویس دەكرد.

ناوبەناو لەژووری پێشوازی كۆمپانیای براكانی بن لادن كە پڕبوو لەدوكەڵی جگەرە ئوسامە دەردەكـەوت جارجـاریش لـەكۆمپانیای برابچـوكترەكانی بـەئارامی چـاوەڕێی ڕێگەپێـدانی یـان هەندێك چەكو دۆكیومێنت بوو بۆ ئەوەی ئیمزا بكرێن. رۆبێـرت ئارمیتـاج دەڵێـت، "ئوسـامە پێدەچوو تەنها داواكارێكی زیـاتری كـاش بێـت، ئـاوا دێتـەوە خـەیاڵم." بێنیـت جۆنسـن كـە بـۆ ماوەیەكی زۆر هاوڕێو میكانیكی سالم بوو، ئوسامەی وەك "تـەنیا برابچوكێكی تـر" كەوتۆتـە پـێش چـاو. ئوسـامە پیـاوێكی درێـژی لاوازی لاو بـوو، كاتێـك ریشـی هێشـتەوە، یەكـەم جـار بەشـێوەی چـەپكێكی تـەنك دواتـر بەشـێوەیەكی ئەسـتورو چـڕوپڕ داینـا، خۆیشـی كەسـێكی بێـدەنگو گوێرایـەڵ بـوو. زۆربـەی زڕبراكـانی ئوسامە لەسـەر هـەمان رەوشـتی ئوسامە بـوون چونكە پیشاندانی هێزە توندوتیـژە بەردەوامەكـەی سـالم بـێ ئەنـدازە بـوو. ئارمیتـاج ئامـاژەی بـەوە كـرد كـەكوڕە گـەنجترەكانی محەمـەد لـەماوەی پشـوی خوێندنگـەدا دەوری ئۆفیسـەكانی براكـانی بـن لادنیانـدەداو بەبێـدەنگی كورسـییان لـەدەوری قەراغـە دەرەكیـەكانی ئۆفیسـەكە ریزدەكرد. هەمیشە پێویستیان بەهەنـدێك شت بـوو، بـەلاَم فێـری خـۆڕاگری بـوون. پێدەچوو هەموو كارێكی ژیانیان پێویستی بەقوربانیەكی سەخت كردبێت.

لــەكاتی رەمــەزانو پشــوی هەفتــەو پشــوەكانی تــر بــن لادنــەكان خۆیــان بــەزەویوزارە هاوبەشــەكان لەجــەددەو كیلگەكانیــەوە خــەریك دەكــرد. زەویــەكانیان لــەبیابانێكی وشــك لەئەلبەحرە كە لەنێوان جەددەو مەككە بوو، ئوسامە رووبـەرێكی بچوكی بـۆ نزیكـەی بیست ئەسـپ پـەرژینكرد. لـەماوەی سـاڵانی ١٩٥٠ یـان ١٩٦٠ خانویـەكی هاوینـەی بـەرفراوان لـەتایف بنیـاتنرا كـە هەنـدێك جـار ئەنـدامانی خێزانەكـە لـەكاتی وەرزە گەرمەكانـدا دەگەڕانـەوە. بەدرێژایی دەریای سور، خانووی خێزانی كەنار دەریا هەبوو كە شتێك زیـاتر بـوون لـە كـەپری كۆنكرێتی بـوون، دەتـوانرا لـەوێ جلی مەلـەكردن لەبەربكـەن یـان كـەمێك سـێبەر بدۆزنـەوە. بـەگوێرەی سـتانداردی ئەوكاتـەی جـەددە، ئـەم شـوێنە تایبەتانـە بەپشـوو نیشـانەی سـامانو دەستڕۆیشتوویو مافی تایبەتی خێزانەكە بوون، بەلاَم وەك تاكەكەس هی هیچكامێكیان نـەبوو. پێدەچوو ئوسامە خۆشی لەگەڵ ئەوانەدا بەسەربردبێت هەرچەندە تا زیاتر لە ئاینەكـە نزیـك دەبۆوە خەفەتی زیاتر دەخوارد بەتایبەتی لەكەنار دەریادا.

ئوسامە کەسێکی وریابوو لەبەسەرهاتی گۆڕانی خۆی هەروەها لەوە وریابوو کە لەهەندێك هەلۆیستدا کەسێکی جیاوازو تایبەت بوو لەبەرئەوەی سەرلەنوێ چاوی بەدونیا هەڵهێنابووەوە. لەساڵانی دواتردا ئوسامە ساڵی ١٩٧٣ ی وەك ساڵی پەیوەندیکردنی بەگروپە ئیسلامیەکانەوە لەقەڵەمدا کاتێك کە تەمەنی پانزە ساڵ بوو. وادیاربوو ئوسامە گۆڕانی بیروباوەڕی و هاتنەناوەوەی بۆ ئیخوان موسلیمین لەوتەمەنەدا وەك گۆڕانێکی سروشتی موسوڵمانێکی تەواو لێکدایەوە یان فێری ئەو لێکدانەوەیەکرا، جارێکیان ئوسامە ووتی: "وەك ئەوەی کەئاشکرایە لەکاتی لەدایکبونەوە هەتا تەمەنی پانزە ساڵی، خەڵك نەئاگاداری خۆیان دەبن و نەئاگایان لەڕووداوە گەورەکان دەبێت....ئەگەر ئێمە بەڕاستی راستگۆبین، ئەوە دەدۆزینەوە کە لەنێوان تەمەنی پانزە ساڵی بۆ تەمەنی بیستو پێنج ساڵی ئەو کاتەیە کەخەڵك دەتوانێت جیهاد بەرپابکات".

هەستو جۆشی گۆڕانی ئوسامە لەکۆتایی خوێندنی گروپی فوتابخانەکەی نائاسایی بوو، بەڵام بەشێوەیەکی وەهانا کەئوسامەی وەك کەسێکی نامۆی دەرەکی دەرخستبێت. هیچ کەسێکی لاوی خۆ بۆ ئیسلام تەرخانکەر لەعەرەبستانی سعودیە ئەو هەستەی نەبووەو لەلایەن خێزانو هاوتەمەنەکانیەوە بەوشێوەیە نەدەبینرا، بەدڵنیاییەوە هیچ بن لادنێکی لاو کەباوکی سەرکارێکی مەککەو مەدینە یان پەیامنێرێکی فوستەنتینیە بوبێت بەو شێوەیەی ئوسامە نەبوو. هەر هەفتەیەك بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر تەلەفیزیۆن دیمەنی هەزاران حاجی جلو بەرگ سپی لەبەری پەخشدەکرد کە بەهێواشیو بەکۆمەڵ بەدەوری کەعبەی پیرۆز لەمەککە دەسوڕانەوە، وەکئەوەی تەواوی کەناڵەکە بەردەوام بۆ دیمەنی حەوزێکی ئاینی تەرخانکرابێت. لەکاتی نوێژەکاندا دەنگە بەرزەکان لەهەموو شارو شارۆچکەیەك بۆ خواپەرستی بەرزدەبونەوەو دەستبەجێ دووکانو سوپەرمارکەیتەکان دادەخرانو پۆلیسە ئاینیەکان بەدارەکانیانەوە بۆ سەپاندنی یاساکان پاسەوانی سەر شەقامەکانیان دەکرد. وێنە هەڵواسراوەکانی نوسینگەکانی جەددە، کتێبەکانی سەر رەفەکانی ژووری دانیشتن، بیناکانی سەرسوچی شەقامەکانیتر، رۆژمێری جیهانی گشتی، وتە گشتییەکان، نەریتەکانی لەدایکبوونو وەرزەکانو مردن هەموویان ئەگەر بەتەواوەتیش نەبێت ئەوا بەشێوەیەکی لەڕادەبەدەر لەسەر بنەمای دەستەواژەکانی ئیسلام بوون. لەعەرەبستانی سعودیە ئاین وەك هێزێکی موگناتیسی وابوو، رێکخستنی شتو ئەستێرە کلکدارەکانی ژیانی روندەکردەوە. قورئان دەستوری شانشینو

بنەمای هەموو یاساکانی بوو. شانشینەکە گۆڕا بوو بۆ خواپەرستترین کۆمەڵگە نەك تەنیا لەڕووی سیستەمە دەستوورییو یاساییەکانەوە بەڵکو لەڕووی پێکەوەگونجاندنی خێزانو خوێندنگەو بازنە هاوڕێیەتیەکانیشەوە لەسەر زەوی. هاتنە ژوورەوەی چاودێرو پیاوە بازرگانە ئەوروپیو ئەمەریکییەکان لەماوەی ساڵانی ١٩٧٠و هەروەها ئەو ناساندنە بەربڵاوەی تەکنەلۆجیەکانی بەکارهێنان، شوێنی ناوەندی ئیسلامی لەژیانی رۆژانە لەو ژمارە زۆرەی گفتوگۆکانی شانشینەکە نەگۆڕی. ناسر ئەلبەحری پیاوێکی یەمەنی بوو کە لەجەددە گەورەبووبوو دواتر وەك پاسەوانی ئوسامە بن لادن خزمەتیکرد، بەتایبەتی بۆ لاوەکانی وەك ئوسامە کەسەرنجیان بەلای خوێندنە ئیسلامیەکاندا راکێشراوە ئەوەی وەبیرهاتەوە:

رەوشو باری ئیسلام لەهەموو شوێنێکی عەرەبستانی سعودیە بوو، رۆحی ئیسلامەتی لەهەموو شتێکدا هەبوو: لەناو کۆڕی زانایانو کۆبوونەوە ئیسلامییەکان. هەموو کۆمەڵگەکە یەك پارچە بوو. مەحاڵ بوو ماڵێك بەبێ بۆنوبەرامی رێبازی ئیسلام بدۆزیتەوە. لەبەرئەوە ئەگەر ماڵێك پیاوێکی لاوی نەبوایە کە لەسەر رێبازی ئیسلام بڕوات ئەوا ژنێکی لاوی تێدادەبوو کە لەسەر ئەو رێبازە بێت، ئەگەر ژنێکی لاوی تێدانەبوایە ئەوە بێگومان کاسێتێك یان کتێبێکی ئیسلامیان هەبوو.

ئوسامە باوەڕی ئاینی وەك سەنگێکی پتەو پێشکەشی خێزانە بەرفراوانەکەی بن لادن کرد. هەندێك لەخێزانەکەی لە لێبوردەیی ئوسامە بەگومان بوونو ئەوانیتریش بێ پێچوپەنا وەك مەلایەکی پەیامبەخشی لاوی زۆر باشی هۆزەکەیان هەڵیاندەسەنگاند. وەك چۆن خێزانە ئەوروپییە ئەرستۆکراتەکانی سەردەمانی رابردوو پێیان باش نەبوو کە یەکێك یان دوو لەکوڕەکانیان پەیوەندی بەقەشەیەتیەوە بکەن لەکاتێکدا ئەوانیتر دەبوون بەئەفسەری سوپا یان راوێژکاری دادگا، بن لادنەکانیش بەباشیان نەدەزانی کەهەندێك لەکوڕو کچەکانیان بەدەم بانگی ئیسلامەوە بچن. ئەم هەڵبژاردەیەی ئوسامە نەیکرد بەپایەبەرزێکی تایبەتی کوڕی بن لادن بەتایبەتی لەژێر سەرکردایەتیکردنی سالمدا، چونکە بازرگانی، زانستی فڕین، ئەندازیاری، دیزاینە ناوەکیەکانو ئارەزووی سالم بۆ کەسێك لەخێزانەکە کەببێت بەپزیشك، هەموو ئەمانە پێشبڕکێیان لەگەڵ پەروەردە قورئانیەکان لەسەر لیستی شەرەفە نارەسمیەکانی خێزانەکە لەماوەی ساڵانی ١٩٧٠دا دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا بێگومان هێشتا بن لادنەکان خۆیان

بــەخێزانێکی ئیســلام لەقەڵەمــدەدا، بۆیــە تەنانــەت کاتێــك ئوســامە زویــریش دەبــوو، خەیاڵپەرستیو پێسپاردنەکانی ڕێزیان لێدەگیرا.

کارمن بن لادن ئوسامەی بەو باڵا بێئەندازە بەرزو بـڕوا پتەوەیـەوە بـە"کەسێکی لاوەکی" لەقەڵەمدا کەچاودێری چوارچێوەی خێزانەکەی دەکرد. جەمال خاشوگی، هاوڕێو لایەنگری ڕێبازەکەی ئوسامە لەوبارەیەوە دەڵێت: ئوسامە بەبەراورد لەگەڵ هەندێك لەهاوپۆلەکانی لە ئیخوان موسلمین "کەسێکی سادەترو ساویلکە بوو". هەروەك پێدەچوو ئوسامە خۆی بۆ ئەو وانە وتنەوانە تەرخانکردبێت کەپێویستبوو بۆ موسوڵمانێکی دروست لەسەر هەمان ڕێبازی جلوبەرگو خوونەریت بڕوات کە لەسەردەمی پێغەمبەردا پەیڕەوی کرابوون. ئوسامە ڕەخنەی لە خالید بەتەرفی هاوڕێی دەگرت بۆ لەبەرکردنی شۆرت لەکاتی یاری تۆپی پێ کەبەمەش ڕێسا نادیارەکانی ئاینەکەی پێشێلدەکرد. وادیاربوو ئوسامە سوربوو لەسەر دۆزینەوەی ڕێبازێکی پاکیزە، بۆ بەدەستهێنانی ئەمەش، سوربوو لەسەر ناساندنی بنەماکانی ئیسلام تەنانەت بەوانەش کە ڕۆژانە بەشێوەیەکی ئاسایی دەیبینین، وەك ئەوەی ژنبرا سوریەکەی بەناوی نەجیم ئاماژەی پێدا، "زۆر جار ئوسامە هەرچیەك فێردەبوو دەربارەی ئاین پێی دەوتین".

تێوەگلانی زووی ئوسامە لە ئیخوان موسلمین لەسەرەتاوە ئەوەی دەگەیاند کەتێگەشتنەکانی بۆئیسلام لەژێر کاریگەری ناکۆکیە سیاسییەکاندا بوو. ئیخوان موسلمین سست نەبوون بەڵکو کاریان بۆ بەدیهێنانی حکومەتێکی ڕاستڕەوی ئیسلامیی دەکرد. وانەکانیشیان لەلایەن ئەو ئەندامانەوە دەوترانەوە دەربارەی مێژووی توندوتیژی ئەم دواییەی دژە داگیرکاری ئیخوان موسلمین لە میسر، کە وەك چالاکڤان دورخرابونەوە بۆ عەرەبستانی سعودیە. زانایانو نوسەران کەوتبونە ژێر کاریگەری ئەو بیرۆکە جۆراوجۆرانەی کەئیخوان موسلمین پێشکەشیان دەکرد سەبارەت بەوەی کەچۆن پێویستە بەڕێوەبردنی ئیسلامیی ڕاستەقینە پەیڕەویبکرێت، بۆ نمونە چ کاتێك پێدەچێت توندوتیژی یان ڕێکخستنی سیاسی کراوە بەکارێکی ڕەوا دابنرێت. ئیخوان موسلمین یەکگرتوو بوون بەتایبەت فێرکردنو بانگدانەکانیان پێویست بوو ببێت بە سەنگەری هەڵمەتەکانیان. پێیان بوابوو موسوڵمانی ڕاستەقینە تەنیا پێویست نیە کەبەدوای چاکەی خۆیدا بگەڕێت بەڵکو پێویستە کەسانی تریش فێربکات. پێدەچێت ڕەفتارە سیاسیەکانی ئیخوان خێزانە شاهانەکەی سعودیەی بێزارکردبێت، بەڵام ئەم ڕەگە تازەیەی ئاین

لەگەڵ بیروڕای خوێندنگە سەلەفیەکان دەگونجا کە شانشینەکەی گرتبووەوە. وشەی "سەلەفی" بۆ هاوەڵە کۆنەکانی سەردەمی پێغەمبەر دەگەڕێتەوە کەبڕوادارە سەلەفیەکانی پێ فێردەکرێن تا ڕێبازی محەمەد عەبدول وەهاب پەیڕەو بکەن، ئەمیش سەرچاوەیەکی کاریگەری ئەم ڕێبازە بوو لەبیابانی عەرەبیو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە موسوڵمانی راستەقینە ئەوەیە لەسەر ڕێبازی پێغەمبەرو هاوەڵانی بێت. لەم خوێندنگەی باوەڕەدا مەبەستی خوێندنی قورئانو فەرموودەکان بۆ گەڕان بوو بەدوای راستیدا، واتا فاکتو یاساکان، کە لەسەدەی حەوتەمی زاینەوە لەسەردەمی شۆڕشی پێغەمبەرەوە هەن. ئەم برگانەی ژیان دەکرێت بگونجێنرێن بۆ هەر موسوڵمانێك کەخواستیەتی خودا بەختەوەر بکات لەرۆژی لێپرسینەوەدا.

لەساڵانی دواتردا پاش ئەوەی ئوسامە جەنگی لەدژی ولایەتە یەکگرتووەکان بەرپاکرد، رایگەیاند تەنانەت کە پیاوێکی لاویش بووە لەپلانەکەی ئەمەریکا لەگەڵ جولەکەو مەسیحیەکان بۆ تێکشکاندنی ئیسلام بێزاربووە. هەروەها دەڵێت: "هەموو موسوڵمانێك کاتێك لەدڵەوە خۆیان دەناسنەوە، رقیان لەئەمەریکیو مەسیحیو جولەکە دەبێتەوە، ئەمە بەشێکە لەبڕواو ئاینی ئێمە. ئەوەی کەمن بیرم بێت لەجەنگدا هەستم بەئازار کردووە، رقو کینەی زۆرم بۆ ئەمەریکیەکان هەبووە". لەڕاستیدا لەپێش ساڵی ١٩٧٩ بەڵگەیەکی وەها نیە کەئوسامە بەتایبەتی کەسێکی سیاسی بووبێت. پێدەچێت ئوسامە لەم ساڵانەی دوایدا بەشێوەیەکی سەرەکی جەختی لەسەر فێرکردنی ئەوە کردبێتەوە کەچۆن پێناسەی ژیانو ژیانی ئیسلامیی بکات، بەو شێوەیەی لەلایەن ئەو مامۆستاو زانایانەوە پوختەکرابوون کە ئوسامە لەجەددەو مەککە شوێن ڕێبازیان کەوتبوو. بێگومان ئوسامە گوێی بۆ وتە دەگرتو کتێبی دەربارەی دژی داگیرکاریو بیرۆکەی شۆڕشی سیاسی دەخوێندەوە بەتایبەتی دەربارەی کارە کاریگەرەکانی سەید قوتبی ئیسلامیی میصری لەسێدارەدراو کە برا دورخراوەکەی بەناوی محەمەد، لەزانکۆکەی ئوسامە لەجەددە وانەی دەوتەوە. جەمال خەلیفەی هاوڕێو هاوپۆلی ئوسامە دەڵێت، لەزانکۆ ئوسامە بۆ یەکەم جار لەماوەی ساڵانی ١٩٧٦یان١٩٧٧؛ کتێبی (ڕێنیشاندەر)و (لەژێر سێبەری قورئان)ی قوتبی خوێندەوە. کتێبەکان باسیان لەبۆچونە حەماسیەکان بۆ کارە بێزارکاریەکانی وەك توندوتیژی بۆ پاراستنی ئیسلام لەئیمپریالیستو بێ بڕواکان دەکرد. لەساڵانی دواتردا، زۆرجار ئوسامە بە پەسەندکردنەوە ناوی کارەکانی تەقی ئەلدین ئیبن تەیمیەی دەبرد کەبیردۆزدانەرێکی جیهادی خوێناوی بوو لەدژی گومراکان "داگیرکەرەکان"،

هـەروەها نـاوی کتێبێکـی تایبـەتی دەبـرد لەلایـەن محەمـەد قوتـب بـەناوی (ئـەو چـەمکانەی کەپێویستن راست بکرێنەوە) کەئەمـەش یارمـەتی ئوسامەیدا لـەوە تێبگـات حاکمـە کافرەکـانی وڵاتە ئیسلامیەکان "بێ تواناو ناپاك بوونو هەروەها شوێن رێبـازی پـاکی ئیسلام نەکـەوتوون، بـەڵکو ئەمانــە شــوێن حــەزو ئــارەزووی خۆیــان کــەوتون، ئەمــەش هۆکــاری دواکەوتنــەکانی بەرەوپێشچونی نەتەوەکەیە لەماوەی دەیەکانی رابردودا". کاتێك بۆ یەکـەم جـار ئوسامە گـوێی لـەم وانانـە گـرتو لـەکۆتایی سـاڵانی ١٩٧٠ تێکسـتەکانی خوێنـدەوە، هـیچ رێگەیـەکی پـراکتیکی نەبوو تا ئوسامە بانگەوازەکـەیان بـۆ کـاری سیاسـی بـەدیبهێنێت یـان ئارەزویـەکی دیـاریکراوی نەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەو مەترسییە سیاسیانەی کە ئەوان دووچاری مشتومڕیانکردبوو.

بـەگوێرەی وتـەکانی بەتـەرفی، لـەم کاتـەدا ئوسـامە دەربـارەی کێشـەی فەلەسـتین لەگـەڵ هاوڕێکانی گفتۆگۆی کرد، بەڵام بیروڕاکانی نایـاب نـەبوون. لـەدوای جـەنگی عـەرەب-ئیسـرائیلی سـاڵی ١٩٧٣ کەئەمـەریکا بەشـێوەیەکی بەرچـاو یارمـەتی ئیسـرائیلی دا، ئوسامە گـوێی لـەوتاری دڕندانــەی دژە ئەمــەریکیو دژە جولەکــە لەمزگەوتــەکانی جــەددەو خوێندنگــەو ســاڵۆنەکان دەگـرت. هـەروەها ئـەم شـێوازانە لایـەنێك بـوون لەخوێندنـە ئاینییـە رەسمیـەکانی ئوسـامە. چیرۆکی قورئانیی هاتنەناوەوەو بڵاوبونەوەی ئیسلام یەکێکە لەچیرۆکی جـەنگو مەیدانـەکان، چـیرۆکێك کـەناپاکی پێشـبینیکراوی عەرەبـە جولەکـەکان بەشـێوەیەکی پڕمانـا لێکدەداتـەوە. لەســاڵانی دواتــردا، ئوســامە دژە لایــەنگری خــۆی بــۆ دژە ســامییەکان، کــە لــە فێرکردنــە قورئانیەکانەوە سەرچاوەیان گرتبوو، لە کارە هەڵچووەکانی لەهەمبەر پشگیریکردنی ئەمـەریکا بۆ ئیسرائیلدا بینییەوە.

لەنوسینەکانی پێغەمبەرەوە بۆ ئێمە دیاری کراوە کە پێویستە لەدژی جولەکەکان بجەنگێین لەسـەر فەلەسـتین......ولایەتـە یـەکگرتوەکانی ئەمـەریکا خـۆیو خەڵکەکـەی دوبـارەو دوبـارە تێوەگلاندوە......هەروەها یارمەتیەکی گشتی هێڵی هـەوایی بەچـەكو فریـاگوزاریو سـەربازەوە لەساڵی ١٩٧٣ لەماوەی رۆژانی نیکسۆن لەئەمەریکاوە بۆ تەل ئەبیب رەوانەکرد کـەکاری کردۆتـە سـەر ئـەنجامی جەنگەکـە، لەبەرئـەوە چـۆن ئێمـە دەتـوانین نەجـەنگێین؟.....هـەر نەتەوەیـەك کەپەیوەندی بەسەنگەرەکانی جولەکەوە دەکات تەنها خۆی بەرپرسیارە لەم کردەوەیەی.

هەڵەیە گەر لێکدانەوەو قسەکانی ئوسامە لەکۆتاییەکانی تەمەنی چل ساڵیدا وەك ئەوانـەی ســێ دەیــە پێشــتر لێکبدرێنــەوە. بــەڵام هێشــتا بــەردەوامی لەبیروڕاکانیــدا هەیــە.

چەندبارەکردنەوەکانی وەك ئەوەی ساڵی ١٩٧٣ ساڵی وەرچەرخانی کەسیو بیروڕاکانی لە سەر دژە زایۆنیو دژە سامیی پێشنیاری بیری ئەو ساڵەی ژیانی ئوسامە دەکات. هێشتا،لە عەرەبستانی سعودیە لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٧٠دا، بۆ هەژدە ساڵێك باسکردنی ئەمەریکیو جولەکەکان وەك دوژمنی ئیسلام لە داناییەکی ئاسایی زیاتربوو. گەواهیدان لەسەر تێڕوانینە هاوچەرخەکانی ئوسامە جەخت لەسەر لایەنەکانی تری ئاینەکەیو بەزەییو گەڕانی بەدوای ژیانێکی باشپارێزراوو پاکیزەدا دەکاتەوە.

دواتر ژیاننامەیەك لەلایەن نوسینگەی راگەیاندنی ئوسامەوە بڵاوکرایەوە کە لەلێدوانەکانی هاوکارێکی ئوسامەوە وەرگیرابوو لەوکاتانەدا ئوسامەی ناسیبوو کەهێشتا پەیوەندی بەخێزانەکەیەوە مابوو، بەکۆششی ئەوەی لەسەرچاوەکانی کاریگەریو کەسایەتی ئوسامەدا داهێنانبکات. ئەمەش وەك تێبینیەکانی ڕاپۆرتی مامۆستایەکی قوتابخانە دەخوێندرایەوە:

ئوسامە لەلایەن باوکیەوە بەخێوکرا، بن لادن وەك کەسێکی بەرپرسیارو بەخشندە، خاوەن متمانەو خۆبەزلنەزان لەقەڵەمدرا. ئەوە ئاشکرایە کەئوسامە کەسێکی شەرمنو کەم دووە؛ هەمیشە وەك کەسێکی جدی دەرکەوتووەو هەوڵیداوە وەك هاوڕێ دەربکەوێتو ڕێگەی لەبەرزکردنەوەی دەنگی بەگشتیو پێکەنینی لەڕادەبەدەر گرتووە....ئوسامە زۆر زیرەكو باوەڕبەخۆو بەدیقەتە، بەڵام لەبڕیاردانو دەسەڵاتگرتنەدەستدا کەسێکی دوودڵ بوو کە ئەمە هەندێك جار ئازاری دەدا.... یەکێك لەناکۆکییەکانی کەسایەتی ئوسامە لەلایەکەوە دڵسۆزیو هەستەکانیەتیو لەلاکەی تریشەوە تواناو کەللەڕەقەکانیەتی. ئوسامە حەزی لەخوێندنەوە بوو زۆرجار کتێبی دەخوێندەوە، هەروەها حەزێکی نائاسایی هەبوو بۆ قاڵبوونەوە لەناو زانیاریو دۆکیومێنتو ئەرشیفەکانو رۆژنامەکاندا.

هەندێك لەوشتانەی کە قابیلی سازش نەبوون تایبەت بوو بە تێوەگلانی ژنانەوە. دڵداری لەنێوان لاوانی قەراغ شاری جەددە کارێکی قورسو مەترسیدارو کۆششویست بوو تەنانەت لەنێوان خێزانە عەلمانیەکانیشدا، بۆ لاوێکی خواناسی وەك ئوسامەش شتێکی زۆر ئەستەم بوو. ئوسامە کەسێکی زۆر سەرنج راکێش بوو بۆ کچان هەرچەندە بەپێی وتەکانی بەتەرفی، ئوسامە بڕیاریدا لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا ژن بهێنێت لەبەرئەوەی دەیویست بەشێوەیەکی شەرعی سێکس بکات. کچە خاڵۆزاکانی ئوسامە کە لەکاتی هاویندا لەسوریا چاوی پێدەکەوتن خۆیان دانەدەپۆشیو ئەوەندەی کچە لاوەکانی جەددە بڕوادار نەبوون. ئوسامە لەماوەی

نیشتەجێبونی لەسوریا نەجوای ناسی کەکچی خاڵی بوو. ڕێکخستنی هاوسەرگیری خاڵۆزاو پورزا نۆبەرەکان شتێکی ئاسایی بوو، پێدەچێت دایکی ئوسامە لەگەڵ خێزانەکەیدا هانی ئوسامەو نەجوایان دابێتو تەنانەت پێکەوەبونیان ڕێکخستبێت، هەرچەندە براکەی نەجوا پێشنیاری ئەوەیکرد کە دەستپێشخەریەکە لەلایەن ئوسامەوە بووە کەبەڕەسمی چووەتە داخوازی خاڵۆزاکەی خۆیو ئەوکات نەجوا چواردەساڵان بووە.

لەبنەڕەتدا ئوسامەو نەجوا لەگەڵ دایکی ئوسامەو زڕخێزانەکەیدا لە جەددە ژیان. نەجوا کوڕێکی بوو بەناوی عەبدوللا. پێدەچێت بنچینەی هاوسەرگیرییەکە تەنیا بۆ پتەوکردنی بیروباوەڕی ئوسامە بوبێت کەموسوڵمانی راستەقینە نابێت چاوبخاتە سەر کچانی تر جگە لەهاوسەرە شەرعیەکانو دایکی خۆی نەبێت. ئوسامە ڕێگەی بەهاوسەرەکەی نەدەدا کەکەسانی نەناسراو ببینێتو خۆیشی چاوی لەسەیرکردنی کچانی خێزانەکە لادەدا. کاتێك ئوسامە دەچوو بۆ سەردانی براکانی ئەگەر ژنێکی بێ لەچك دەرگاکەی لێبکردایەتەوە دەگەڕایەوە دواوەو چاوی دادەخست، هەروەها تەوقەی لەگەڵ هیچ ژنێك نەدەکرد.

ئوسامە لە (الثغر) لەساڵی ١٩٧٦ دەرچوو. وێنەی پۆلەکە چەند ریزێکی کوڕو مامۆستا بەبۆینباخو چاکەتی سورەوە پیشاندەدات، بەڵام ئوسامە لەوێنەکەدا نییە. وێنەگرتن یەکێك بوو لەو داهێنانانەی کەئوسامە ڕەتیدەکردەوەو پێیی وابوو وێنە، چاوە بڕوادارەکان بەرەو بتپەرستییە هەڵەکانو وێنەی مرۆڤەکان دەبات کەپێشبڕکێ لەگەڵ هاوتایی خوادا دەکەن. لەو کاتەدا میوزیکە عەلمانییەکانی ڕەتدەکردەوە لەبەرئەوەی وەك مامۆستاکەی بۆی روونکردبوەوە میوزیك بەشێك نەبووە لەژیانی پێغەمبەر، هەروەك پێشبڕکێی لەگەڵ دەنگی خوێندنی قورئانی پیرۆز دەکرد. ئوسامە جگەرە کێش نەبوو، سەرکۆنەی قوماریشی دەکرد. تاکە ئارەزووە لەبەرچاوەکانی ئوسامە سێکسو سەیارەو کارو گەڕان بوو. ئەگەر هەندێك جار پێشبینی ئەوەی بکردایە کەخۆی لەشێوەی وێنەی باوکی خوالێخۆشبویدا دەبینی، وەك هەندێك لەهاوڕێکانی پێشنیاریانکرد، ئەوا بەبیروباوەڕێکی ئێجگار زۆرەوە ئەمەی کردووە.

جیاوازییەك کە لەئوسامەدا هەبوو تێڕوانینی بوو لەفرەژنی، بۆ ئەمەش قسەی لەگەڵ جەمال خەلیفەی هاوڕێی کرد دەربارەی زنجیرە هاوسەرگیریەکانی باوکیان ئەنجامیان دابوو بەتایبەتی بەهۆی هاندەری سێکسیەوە. خەلیفە ووتی کەهەستیان بەوە کردووە ئەمە "بەهیچ شێوەیەك ڕێگای ئیسلام نەبوو". ئەوان باوەڕیان وابوو کەژمارەی ژن لەکۆمەڵگەدا لەپیاو

زیاترە، بۆیە فرەژنی خوازرابوو چونکە "کێشەیەکی کۆمەڵایەتی چارەسەر دەکرد". خەلیفە ووتی بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەپێی ئاینی ئیسلام، "پێویستە دادپەروەر بیت، پێویستە مافی یەکسان بەهەمویان بدەیتو پێویستە کات لەنێوانیاندا دابەشبکەیتو ئەوەیان پێبدەیت کەپێویستیانە". ئەوان بڕیاریاندا کەبەرپرسیارێتی خێزانەکانیان لەئەستۆبگرنو لەوانەیە کار بە یاسای چوار ژنە ڕێپێدراوەکە بکەن، بەڵام بۆ ئارەزوو لێیان جیانابنەوەو جەختیشیان لەسەر مەسەلەی یەکسانی دەکردەوە.

لەبەرئەوەی ماڵەکەی ئوسامە پڕبوو لەمناڵی بچوك (ماوەی نێوان دووگیانییەکانی نەجوا کورت بوون)، ئوسامە کاسێتی ڤیدیۆی فلیم کارتۆنەکانی دیسنی یان سیسەم ستریتی قەدەغەکرد. هەروەها زۆربەی تەلەفزیۆنەکانی قەدەغە کرد وەك چۆن وێنەگرتنو مۆسیقای قەدەغە کرد بەوەی ئاماژەبوون بۆ بێبڕوایی. ئوسامە سەیری بەرنامەکانی هەواڵی دەکرد، بەڵام مناڵەکانی وا راهێنابوو کە لەنزیك تەلەفیزیۆنەکە بوەستن کاتی هەواڵەکان بۆئەوەی بتوانن دەنگەکەی کەم بکەنەوە ئەو کاتانەی میوزیکی هەزاڵەکان پەخشەکەی دەستپێدەکرد.

پێدەچێت ئوسامە بەشێك لەبیرۆکەی باوکایەتی هەرزوو لەپەندەکانی دەربارەی پشت بەخۆ بەستنو باوەڕو رەزیلی لەباوکە خۆ پێگەیەنەرەکەیەوە فێربووبێت. ئوسامە مناڵەکانی خۆی برد بۆ خێوەتەکانی بیابان؛ فێری ئەسپ سوارییو نوستنی لەبیابان کردن؛ هەروەها فێری ئەوەی کردن کەبەلم خۆیان داپۆشن ئەگەر پێویستیان بەگەرمی بوو. بەتەرفی ووتی، "ئوسامە زۆر باسی ئەوەیدەکرد کەچۆن لەخۆشیدا دەژیاینو باسی چۆن پێویست بوو بەهێزببین". "ئوسامە دەیویست مناڵەکانی بەهێز پەروەردەببن- مناڵەکانی مەشقپێدەکرد لەسەر راوکردنو فیشەك تەقاندن". رێگەی بەمناڵەکانی نەدەدا کە بە(قصب) ئاو بخۆنەوە لەبەرئەوەی لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەردا نەبووە. لەگەشتێکی گەرمی تایبەتی خێزانەکەدا، کارمن بن لادن دوچاری شۆکهات کاتێك بینی هاوسەرە رەشپۆشەکەی ئوسامە هەوڵیدەدا بەکەوچك ئاو بداتە مناڵە ماندووەکانی؛ هەستیکرد "بن لادنەکان، هەندێکیان، لەپەرۆشی ئوسامە دەترسنو هەڕەشەلێکراون بەوەی بێدەنگ بن". ئەوانەی تر، کە ئەویان باشتر دەناسی، پێیانوابوو لەکاتێکدا ئوسامە لەگەڵ مناڵەکانیدا توندبوو دەربارەی چەمكو پێکهاتەکانی ئاینی ئیسلام، هاوکات دەیتوانی گاڵتەچیو گەرموگوڕ بێت بەتایبەتی لەگەشتەکانی خێزانەکە بۆ بیابان.

لـەجیهانی فیزیایـدا، گـازو شـلەکان خـول دەخـۆن یـان خەسـت دەبنـەوە کاتێـك پلـەی گەرمییەکان یان چڕییەکان هەڵبەزودابەز دەکەن، هەمان پێوەری کلتوری مـۆدێلی گەشـەکردنی تەمەنی ئوسامەیان نیشاندەدا. ئوسامە یەك پلـە لەمەککـەو دوو پلـە لـەلاس ڤێگـاس دووربـوو؛ لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچوو بۆخۆی ئاسودە بێت بەوجۆرە پێشبڕکێ چڕانەی وەك ئەوانـەی سـالم دەیکردن لەپێناو بەدیهێنانی خواستو خۆشییەکانیان بە شێوازێکی جودا. لەهەر روداوێکدا بـۆ پەیڕەوکردنی فێرکردنە ئیسلامیەکان ئوسامە تاکە بن لادنێکی وەچەی خۆی بـوو. مـەحزوری زڕبرای ئوسامەو دوو خوشکی، شەیخەو ڕەفا لەسـەردەمی ئوسامەدا دەسـتیان بەخواپەرسـتی کـرد؛ خوێندنگەیـەکی ئاینییـان بـۆ ئەندامـە لاوەکـانی بـن لادنـەکان لـە جـەددە دروسـتکرد. ژمارەیـەك لـەبراکانی تـری بەشـێوەیەکی فـەرمی دەسـتیان بەخوێنـدنی ئیسـلامیی لـەکۆڕە ئاینییەکان لەحیجاز کرد. لەناو هەموو شتەکانی تردا ئـاین بەشـێوەیەکی بەرچاو وەك یـەکێك لەگرنگترین شتەکانی خێزانەکە مایەوە لەبەرامبەر کاروبارەکانی خێزانەکە دەربـارەی زانایـانی ئیسلامو لیژنـەکانی پلانـە شارسـتانییەکان لەهـەردوو شـارە پیرۆزەکـە کەکاریگـەرییان هـەبوو لەسەر کۆنتراکتو گەشەسەندنی بڕیارەکانی خانووبەرە بـەو شـێوەیەی لەسـەردەمی محەمـەددا هەبوو.

ئوسامە لەفۆتۆگرافە بەناوبانگەکەی خێزانەکـەدا لەسوید دەرنەکـەوت، بـەڵام بەدڵنیاییـەوە شارەزای ئەوروپا بوو. بەگوێرەی وتەکانی بەتـەرفی، ئوسـامە لەتەمـەنی دوانـزە سـاڵیدا لەگـەڵ دایکیدا بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی بۆ چاوێکی سەردانی لەندەنی کرد، بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی مانگێك لەوێ مایەوەو هەندێك بەناو شاردا گەڕا. لەگەشـتی دووەمیـدا، لەیارییـەکی گـەورەی گەشـتی راو لەڕۆژهـەڵاتی ئـەفریقا، بـن لادن وەك لاوێـك پەیوەنـدی بەهەنـدێك لـەهاوڕێو خزمانیـەوە کـرد. هـەروەها بـەگوێرەی قسـەکانی بەتـەرفی ئوسـامە گەشـتێکی بـۆ ولایەتە یەکگرتووەکان کردووە. وەلید ئەل خەتیبی چاودێری ئوسامە لـەکۆمپانیای بنیاتنـانی خێزانەکـە ووتـی ئوسـامە "گەشـتی بـۆ ئـەوروپاو ولایەتـە یـەکگرتوەکان کـردووە". بـەگوێرەی قسـەکانی بەتـەرفی، سـەردانی ئوسـامەو هاوسـەرەکەی بـۆ ئەمـەریکا بـەهۆی چارەسـەری کێشەیەکی پزیشکی بۆ یەکێك لەکوڕەکانیان بووە.

بـەپێی وتـەکانی بەتـەرفی تـەنیا یـەك لایـەنی گەشتەکە هەستێکی بـەهێزی دروست کـرد. لەگەڕانـەوەیان بـۆ ماڵـەوە، ئوسـامەو هاوسـەرەکەی لـەهۆڵی چـاوەڕوانی فڕۆکەخانەیـەك

دانیشتبوون چاوەڕێی فڕینیان دەکرد. نەجوا عەبایەکی رەش‌و رۆبێکی لەبەربوو، سەری هەموو داپۆشی بوو کە زۆر لەحیجاب دەچوو. بەتەرفی ووتی گەشتیارەکانی تر لەفڕۆکەخانە "هەموو سەیریان دەکردن‌و وێنەیان دەگرتن". کاتێك بن لادن گەڕایەوە بۆ جەددە، گێڕایەوە کەڕووداوەکە وەك ئەوە وابوو "لەپێشانگایەکدا بین". بەگوێرەی وتەکانی بەتەرفی، بن لادن بەسەیرکردن‌و وێنە گرتنیان لەلایەن خەڵکەوە بێزار نەبوو؛ بەڵکو "گاڵتەی بەمەسەلەکە دەهات". سەلماندنی روونکردنەوەی گەشتەکەی ئوسامە نادیارە، بەشێوەیەکی گشتی بەتەرفی جێی متمانەبوو، بەڵام لەم حاڵەتەدا زانیارییە سەرەتاییەکانی سنورداربوو. ئەوە شتێکی روون بوو کە ئوسامە بۆ چارەسەری پزیشکی بۆ کوڕێکی لەکۆتایی ساڵانی ۱۹۷۰ گەشتی بۆ رۆژئاوا کردووە، بەڵام پێدەچێت لەبەریتانیا دوورتر نەڕۆیشتبێت.

هەرچیەك بەرنامەی گەشتەکەی بوبێت، هەمان باس بڵاوە کەئوسامە کەسێکی نامۆ نەبوو بەڕۆژئاوا، بەڵام لەوێ نیشتەجێ نەبووە. لەڕێگەی گەشتی خۆی‌و خێزانەکەیەوە هەندێك شت دەربارەی ئەوروپاو ئەمەریکا شارەزابوو، بەڵام پێش تەمەنی پانزە ساڵی، دیوارێکی لەدژی سەرنجراکێشیەکانیان دروستکرد. ئوسامە هەستی بەتاوان دەکرد لەبەرانبەر ولایەتە یەکگرتوەکان‌و بوونی ئەمەریکا لەناو خودی خێزانەکەی خۆیدا. دواتر وەك لەساڵانی پێشووتردا ئاماژەی بۆکردبوو، کەموکورتی هەبوو لەتێگەشتن لەپێشکەوتنی کۆمەڵگای رۆژئاواو مێژووەکەی. راستە، پاسپۆرتەکەی بەکاردەهێنا، بەڵام ماڵی جێنەدەهێشت.

ئەو پەرۆشیەی کەزۆر بەتوندی ئوسامەی بەستەوە بەزڕبراکانیەوە ئارەزووی ئوسامەبوو لە کاروباری خێزانەکە. کاتێك نەوەکەی ئوسامە لەکوڕانی محەمەد گەیشتنە کۆلێج، هەندێکیان لەدەرفەتی بنیاتنانی ژیانێکی بازرگانی دورکەوتنەوە. چەند زڕبرایەکی ئوسامە بڕیاریاندا کەهەرگیز لەژیانیاندا بۆ ماوەی تاکە رۆژێکیش کار نەکەن. ئوسامە لەنێو گروپێکی گەورەی کوڕاندابوو کەکۆششکاربوون‌و کێبەرکێیان بۆ وەرگرتنی رۆڵی کاریگەرو موچەو سەرکردایەتی دەکرد. مەیلی ئاینی ئوسامە وای لە ئوسامە کرد کە کەسێکی سادەبێت لەڕێکخستنی ئەو پیشانەی کە کارەکانی خێزانەکە لەنۆژەنکردنەوەی مەککەو مەدینەدا گرتیەوە. دەسنیشانکردنی بڕوادارترین برا لە خێزانی بن لادندا بۆ کارکردن لەسەر پڕۆژەی شوێنە پیرۆزەکان بوو بەشێوازی تەرخانکردنی رۆڵە کارگێڕییەکانی ئەم پڕۆژانە بەدرێژایی ساڵان.

وەلیـد ئـەل خـەتیب فەلەسـتینیەك بـوو کـە لەمەککـە چـاودێری ئوسـامەی دەکـرد لـەکاتی تەمەنی لاوی ئوسامەدا، گێڕایـەوە: "ئوسـامە کەسـێکی جدی بـوو بـۆ تەمـەنی خـۆی، هـەروەها لەیەکـەم رۆژەوە تێبینـی ئارەزووەکـانی ئوسـامەم بـۆ وردەکاریـەکان کـرد. کارمـان بەکەلوپـەلی قـورس دەکـرد، هـەرزوو ئـەم کـوڕە بـاڵا بـەرزە لاوازە فێـری لێخـوڕینی هـەموویان بـوو. توانـا تەکنیکیەکانی زۆر باش بوو".

دوو ڕێگای سەرەکی پەروەردەیی بۆ ئەو برایانەی ئوسامە هەبوو کـە لەکۆمپانیاکـە حـەزیان بـەکارکردن دەکـرد: ئـەوانیش ئەنـدازیاریو کـارگێڕی کـاربوون. بەشـە ئەندازیارییەکـە پێویستییەکانی ئـەکادیمی بـوو، پێویسـتی بـەتوانا هـەبوو بۆئـەوەی ئامـادەی زانکۆکـانی دەرەوە بێت، چونکە زانکۆکانی سعودیە ئەم داواکاریانەیان بەتـەنها پڕنـەدەکردەوە. لـەنێوان خوێندنـە ئاینیەکانی ئوسـامەو خێزانـە روولەگەشەسـەندنو لاوەکـەی دا، پێدەچوو لای ئوسـامە کـارێکی ئارەزوومەنـد نـەبێت لـە قـاهیرە یـان لـە رۆژئـاوا بـۆ ٤ سـاڵ یـان زیـاتر بمێنێتـەوە، هۆکارەکـان هەرچییەك بووبن، ئوسامە لـەدوای تـەواوکردنی خوێنـدن لـە ئـەلثغر، لـەزانکۆی شـا عەبـدول عەزیـز خوێندکارێکی بەشی کارگێری کاربوو لەکەمپێکی گەورەی دیوار سـپی کـە دروسـتکردنی کەمتر لەدەیەیەکی پێچوو بەدرێژایی شـەقامی مەککـە لـەنزیك کۆمەڵە سـەرەکیەکەی خێزانـی بن لادن لەکیلۆ ٧. زانکۆکە زانکۆیەکی تایبەت بوو کە لەلایەن بازرگانانی جەددەوە بنیاتنرابوو تا شوێنێك بۆ مەشـقپێکردنی کوڕەکانیـان بـۆ کـاری بازرگـانی دابینبکـەن. عەبـدوڵا سـولەیمانی وەزیـری دارایـی کـە یارمـەتی دروسـتکردنی سـامانەکەی محەمـەد بـن لادنـی دا، زەویەکـەی بەزانکۆکـە بەخشـی، کـە ئـەمیش یـەکێك بـوو لەداهێنـەرانی جـەددەدا کـە لـەڕووی داراییـەوە لەساڵەکانی ١٩٦٠ یارمەتی بنیاتنانەکەی دا.

لەچـاوپێکەوتنێکدا لەسـاڵانی دواتـردا ئوسـامە ئـەوەی راگەیانـد کەباڵانسـی خوێندنـە ئەکادیمییـەکانی لەگـەڵ پیشـەکانی لـەکۆمپانیای خێزانەکـە بەبـەراورد لەگـەڵ براکـانی بەشێوەیەکی سەرکەوتووتر کردووە. ئەمـە بەتـەنها نـەك خۆبـەزلزانی بـوو بـەڵکو هەڵەشـبوو. ئوسامە بەشێوەیەکی ئاشکرا ویستی زانکـۆ زوو بـەجێ بهێڵێـت بـۆ وەرگرتنـی کـاری چـاودێری لەمەککە، بەڵام بەهۆی پاڕانەوەکانی دایکیەوە پێدەچوو ئوسامە بڕیارەکەی گۆڕیبێـت. ئوسـامە لەچاوپێکەوتنێکدا رایگەیانـد کەخوێنـدنی زانکـۆی تـەواو کـردووە، بـەڵام بـەگوێرەی وتـەکانی خەلیفە ئوسـامە هـەرگیز پلەیـەکی خوێنـدنی بەدەسـت نـەهێناوە. لەکورتـەی کـارو پیشـەکانی

رابردووی کە لەلایەن بن لادن یان هاوکارەکەیەوە لەساڵی ١٩٩٦ ئامادەکرابوو ئاماژە بەوە کرابوو کەئوسامە"کارگێری‌و ئابوری" لەزانکۆکە تەواو کردبوو. هەرکامیان راست بێت، بەدڵنیاییەوە ئوسامە سەرکەوتنە ئەکادیمییەکانی‌و بەڕێوبردنە بازرگانییەکانی بەبەراورد بەژمارەیەك لەبرا بەتەمەنترەکانی لەئاستی پێویست کەمتربوون.

بەگوێرەی وتەکانی ئەل خەتیب، ئوسامە دوای ئەوەی زانکۆی بەجێهێشت لەمەککە کرا بەبەڕێوبەر. لەو کاتەدا کۆمپانیاکانی بن لادن لەو ناوچەیەدا بەرپرسیاربوون لەژمارەیەك پرۆژەی نۆژەنکردنەوە. کۆمپانیاکانی بن لادن پەیژەیەکی نوێیان بۆ بیری زەم زەم دروستکرد کەسەرچاوەیەکی پیرۆزی کۆنی ئاوی ماڵی پیرۆز بوو؛ هەروەها بیناکانیان رووخاند بۆ فراوانکردنی شۆستەو شەقامەکانی دەوروبەری مزگەوتەکەو دەرگاو دیوارەکانیان چاککردەوە. ئەل خەتیب ئوسامەی بەرەزیل‌و چاوبرسی لەقەڵەمدا سەبارەت بەبەخشینەوەی بەخشیشەکانی پارەی دەستی، بەڵام بەکەسێکی پاك‌وخاوێنی لەقەڵەمدا لەرووی پاراستنی خواردن‌و پێدانی بەرماوەکان بەکرێکارەکان. ئوسامە وەك باوکی شانازی بەخۆیەوە دەکرد بەهۆی ئەو توانایەوە کەهەیەتی بۆ بیرکردنەوە لەکێشە ئاڵۆزەکانی وێرانکردن یان ئەندازیاری هەرچەندە کەموکورتی لە مەشقە فەرمییەکانی ئەو بوارانەدا هەبوو، هەروەك ئەل خەتیب ئاماژەی پێکرد، "ئوسامە ئارەزووی دەکرد خۆی کێشە تەکنیکیەکان چارەسەربکات".

## ١٥- رایەڵەکراو

(فرانسیس هەنەوێڵ) لەکۆشکێکی لەبەرد دروستکراوی سەر گردێکدا گەورەبووە کە بەسەر دەریاچەیەکدا دەیڕوانی، سەر بە خێزانێکی خەڵکی ماساچوستسە کە پشتاوپشت بەخاوەندارێتی زەویەوە هێناویانە تا گەیشتونەتە ئەو سەردەمەی ئەمەریکای تیادروستبوو. باوکی (مایکل پۆشنا) راوێژکاری یاسایی (ج.پاوڵ گێتی) بووە، هەردوکیان دەرچووی زانکۆی هارڤەرد بوون لەساڵی ١٩٦٠. دواتر بەیەکەوە رۆیشتن بۆ پاریس بۆئەوی بکەونە هەودای کۆکردنەوەی سامانی خۆیان لەڕێگەی سەرچاوەی دارایی تایبەتەوە. کەوتنە دروستکردنی چەندین لیست لەژمارەی تەلەفۆنی ئەو کەسانەی لەڕێگای بنەماڵە، قوتابخانە، تیمە وەرزشیەکانو یانە کۆمەڵایەتیەکانەوە ناسیبویانو پاشان کەوتنە پەیوەندیکردن بەهەموو لایەکدا، دەگەڕان بەدوای گرێبەستدا. بەدوای جۆرێکی سەرنجڕاکێشی کاردا دەگەڕان، وەك بەفەرەنسی دەیانگوت دەبێت لیستی مەبەستت لەلابێت تا هەندێك پارە کۆبکەیتەوە لەڕێگای سەرکێشیەوە. سەرەتای حەفتاکان، کەوتنە بەگەڕخستنی بانکێکی بازرگانی بۆ بوتیك. بارەگای سەرەکی لەپاریس بوو، بەلام لە باهامەس تۆمارکرا، ناوی نرا (لانسداون ئیڵ.تی.دی)، کە بریتیبوو لەو جۆرە کارانەی لەدواییدا بەناوی سەرمایەی بازرگانیو پشکی تایبەت ناسران.

ئەو شڵەژانە هەمەلایەنەی ساڵانی ١٩٧٣و ١٩٧٤ رویاندا، لەوانە شەڕی عەرەب-ئیسرائیل، قەیرانی نێودەوڵەتی هەڵپەساردنی هەناردەی نەوت، هەڵئاوسان، سستی گەشەی ئابوری لەئەمەریکاو ئەوروپا، فشاری هێنایە سەریان بۆ ئەوەی جارێکی تر بیربکەنەوە، (Liquidity) کە بەمانای پارەی نەخت دێت لەنێو خاوەن بانکەکاندا زۆر بەخێرایی لەئەوروپا دادەچۆڕا روەو ئەو ناوچانەی دەوڵەمەندبوون لەنەوتدا لەجیهانی عەرەب. هانەوێڵو پۆشناو هاوڕێی سێیەمیان بەناوی جەین بەیلی بڕیاریاندا بارەگاکەیان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بگۆڕن. بەیروتو قاهیرە زۆرتر لەشوێنەکانی دیکە بەکەڵکی ئەوە دەهات کە بارەگایەکی نوێی تیا بکرێتەوە. شێروخەتێکیان بۆکردو قاهیرە دەرچوو. پۆشنا خۆی گەیاندە ئەویۆ لیستێك ژمارەی تەلەفۆنی پێبوو. ژنبراکەی هانەوێڵ کارمەندی بانك بوو

لە(کریدت سویز) پێشنیاری ئەوەی کرد پەیوەندی بکەن بە گەنجێکی سعودیەوە کە پێشتر ئەم چاوی پێکەوتبوو، ئەویش شێخ سالم بن لادن بوو.

هانەوێل چاوپێکەوتنێکی یەکترناسینی رێکخستو بەرەو جەددە بەرێکەوت. کورێکی بالابەرزی وەرزشکاربوو، تەمەنی لەسیەکاندابوو، وای پیشاندەدا پارە بەلایەوە زۆر گرنگ نیە. سالم لەسەر ئەمانە راهاتبوو کە بەردەوام دەیانویست بەخەیاڵی خۆیان بەشێك لەو سامانەی کەپێیان وابوو ئەم لەدەرەوەی وولات هەیەتی بۆخۆیانی دابچرن. سالم هەڵسەنگاندنی بۆ نەدەکردن لەسەر بنەمای ئەوەی کامەیان خزمەتی باشتر پێشکەشدەکەن، ئەم لەو بارەیەوە جیاوازبوو، کامەیان زیاتر بە گاڵتەو گەپەکانی شادمان دەبوون پەسەندی دەکردن. خوانێکی بۆ سازکردنو پێشنیاری کرد هەموویان برۆن بۆ بیابان بۆ بینینی ئەسپەکانی. ئۆتۆمبێلێکی نوێی (دون بەگی) کڕیبوو، شتێکی ناوازە بوو، لەلایەن فۆلگسواگنەوە دروستکرابوو کەمەکینەو تایەکانی دەیانتوانی زۆر بەئاسانی بەسەر ئەو لە نەرمەدا بنەرێنو برۆن. هانەوێڵو جان بەیلی لەگەڵ خۆی سەرخستو بۆیدەرچوو، بەخێرایی شەست کیلۆمەتر لەسەعاتێکدا کەوتە لێخوڕین بەناو بیابانی بەریندا. بەسەر تەپۆلکەکاندا هەڵدەبەزیەوە. هەر زوو یەکێك لەویلەکانی سەیارەکە لێبووەوە، سالم هەندێك بەدوی کۆکردەوەو زۆری لێکردن کە بەدوای ئەو ویلەدا بگەڕێن. ئەوانیش گەڕانو ویلەکەو هەندێك برغوو سەمونەیان لەگەڵیدا دۆزیەوە. سالم (ویل ئیسپانە)ی پێنەبوو، بەهەر حاڵ، هانەویڵ بەتەنیا ئۆتۆمبێلەکەی بەرزکردەوەو سالیش دەستی بەدویەکی گرتو خستیە سەر شوێنی بەستنی برغوەکانو لەبری ویل ئیسپانە پێی قایمکرد. هانەویل لەوێدا بیری لەوەدەکردەوە کە چەند بە ئازارە. بالییش هەوڵیدا ویلەکە بخاتەوە شوێنی خۆیو کارەکەشی سەریگرت، سالم زۆر سەرسام بوو، بەجۆرێك تا سالانێکی دواتریش هەر باسی لەو روداوە دەکرد کە چۆن هانەوێڵ وەك پاڵەوان ئەو ئۆتۆمۆبیلەی بەرزکردووەتەوە. پێدەچێت لەوساتەوەو لەو شوێنەدا بڕیاریدابێت کە کاریان لەگەڵدا بکات. دواتر سەرکەوتنەوەو بەترس‌ولەرزەوە بەرێکەوتنو سالیش دیسانو بەهەمان خێرایی پێی لێناو بۆیدەرچوو. ئاخۆ لە چ بوارێکی پیشەسازیدا کاربکەن، چۆنو بە چ پلانێك، ئەمانە ووردەکاری ئەو باسانەبوون کە رۆژی دووەم پێوەی خەریکبوون.

مایکل پۆشنا دوای چەند هەفتەیەك سەفەرێکی کرد بۆ ئەوەی هەندێك شتی پێویست رێکبخات. زۆری چەشت بەدەست ئەو چاوەڕوانییە دوورودرێژەی هەموو جارێك تووشی دەبوو،

هــەروەها ئــەو بێســەرو بەرەییــەی لەخشــتەی چــاوپێکەوتنەکاندا هــەبوو تــا دەیتــوانی چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سالم ئەنجامبدات. کۆمپانیایەکی سویسری رازیکرد بۆ ئەوەی کارگەیـەك بــۆ کــۆنکریتی ئامــادەکراوو خــانووی ســەردەمیانە لەعەرەبســتانی ســعودیە دابمــەزرێنێت. لەوەشەوە دەتوانێت یارمەتی پرۆژەکانی بیناسازی کۆمپانیای بن لادن بدات.

ســالم ووتــی"ئــەزانی، بــەدڵم نیــە"، "چــی تــرت دەســتکەوت؟".. بێدەنگییــەك بــەدوای ئــەو قسانەدا هات، پۆشـنا دەنگێکی هـەڵبڕی وەك هـەوڵێك بـۆ ئـەوەی بیرۆکەیـەکی دیکـە بخاتـەڕوو. پاشان سالم کەوتە قسەکردن.

ووتی "پێموابێ داهاتوو بریتییە لەتەلەفۆن".

پۆشـنا دەسـتبەجێ رازیبـوو، ئەگەرچـی پێشـتر هـەرگیز بـیری لـەو بابەتـە نـەکردبووەوە. هەنـدێکی دیکە قسـەیان لـەو بابەتـە کـرد. پۆشنا تەلـەفۆنی بـۆ هەنـدێك لایـەن کـرد، یـەکێك لەوانە بۆ لایەنێك بوو کە لەبواری پیشەسازی تەلەفۆندا کاردەکات. روونبووەوە کە سالم چـاوی لەشتی زۆر گەورەیە. هیچی نەدەویست تەنها ئەوەنـەبێت گرێبەسـتێکی لەبنەماڵـەی پاشـایەتی بۆ بنیاتنانی یەکەم تۆڕی تەلەفۆنی پێشکەوتوو لەمەملەکەتدا دەستکەوێت.

ســالم ووتــی"بــاوکم رێگاوبانــەکانی بنیاتنــا، منــیش تەلــەفۆن بنیــات دەنــێم". ئــەو دیــدەی لەشێوازی ژیانەیـەوە سەرچاوەیگرتبوو کـە مـۆرکێکی جیهـانی هـەبوو. سالمو هاوتەمەنـەکانی لەبنەماڵــەی بــن لادن دا داهێنــەرانی ســەردەمی فڕۆکــەی جێــت بــوون. بــێ خــۆهیلاککردن لەجەددەوە دەچوون بۆ قاهیرە، کۆرفو، پـاریسو نیویـۆركو پاشـان دەگەڕانـەوە. هەنـدێك جـار تــەنیا چــەند رۆژێکیــان پێدەچــوو. تــا زیــاتر بــەملاو ئــەولادا گەشــتیان دەکــرد، ئەوەنــدە زیــاتر ئارەزوویاندەکرد پەیوەنـدیان پێکـەوە هـەبێت. سـالم لەناوەنـدی خێزانێکی هەڵسوڕاودا دەژیـا، بــەردەوام لەجموجوڵدا بــوو. نەیــدەتوانی بەرگــەی ئــەوە بگرێــت کــە دووربێــت لــە رەنــدە، یــان دۆستە کچە ئەمەریکیو ئەوروپیەکانی، یان هـاوڕێ فڕۆکەوانـەکانی، یـان دایکـی، یـان خوشـكو براکانی، یان سەرۆکەکانی لەخێزانی شاهانە. یان ئەگـەر بەڕاسـتی پێویستبوایە، هاوبەشـەکانی لەکارکردنــدا. لەحەقتاکانــدا پێویســتییەکانی خــۆیو بنەماڵەکــەی بــە تەلــەفۆن، تــا ئاســتی گەشەســەندنی ئــەو تەکنەلۆژیایــە لەپەیوەندییــە جیهانییەکانــدا رۆیشــتبوو. خزمــەتگوزاری تەلـەفۆن بەشـێوەیەکی تایبـەت بوێرییـەکی گـەورەی دەویسـت لـەناو عەرەبسـتانی سـعودیدا کەتەنیا چەند دەهـەزار هێڵێکـی تەلـەفۆنی هـەبوو ئـەویش پشـتی پێنەدەبەسـترا. کاتێـك سـالم

لەجددە نیشتەجێبوو، لەڕێگەی تێلێکسەوە پەیوەندی دەکرد بە دۆستە کچەکانیەوە، لەئۆفیسی کۆمپانیای بن لادن برازەرسەوە پەیوەندییەکانی ئەنجامدەدا.

بیرۆکەی ئەوەی کە پێدەچێت ئابوری جیهان بەخێرایی بەیەکەوە گرێبدرێت‌و خێرابکرێت لەڕێگەی پەیوەندی دەنگیی نێودەوڵەتییەوە زۆر بەکەمی لێی تێدەگەیشتن یان باسی لێوەدەکرا لەم ناوچەیەی دابڕاوە بەهۆی شەڕی ساردەوە. روسیاو لایەنگرەکانی لەئەوروپای رۆژهەڵات بەتەواوی دابڕابوون لەپشت ئەوەی پێیدەوترا پەردەی ئاسنین. چین دابڕابوو، خەریکی خۆ هەڵساندنەوەبوو لەدوای ئەو قۆناغەی پێیدەوترا شۆڕشی کلتوری. تەنانەت لەرۆژهەڵاتیشدا پێشکەوتنەکانی بواری مانگی دەستکردو تەلەفۆن هێشتا لەسەرەتاکانیدابوو.

(ئارسەر سی.کلێرك)ی نوسەری بواری زانست لەووتارە پێشەنگەکەیدا بەناوی (پەیوەندییە کیشوەربڕەکان) پێشبینی ئەوەی کردووە کە ڕێیتێدەچێت لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە پەیوەندییەکان لەسەرانسەری جیهاندا ئەنجام بدرێت، ئەو بابەتە تەنیا سی ساڵ لەوەوبەر لەساڵی ١٩٤٥ بڵاوکرابووەوە. لەساڵی ١٩٥٧ مانگی دەستکردی سپۆتنیك هەڵدراو سەردەمی مانگە دەستکردە سەربازییەکان دەستی پێکرد، بەڵام پێشبڕکێی موشەك دروستکردن‌و گەیشتن بەبۆشایی ئاسمانی نێوان ولایەتە یەگگرتووەکانی ئەمەریکاو یەکەیتی سۆڤێت باڵیان بەسەر سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو شۆرشەدا کێشابوو. حکومەت‌و هێزە تاکجەمسەرخوازەکان کۆنترۆڵی کۆمپانیا سەرەکیەکانی تەلەفۆنیان لەئەمەریکاو ئەوروپا کردبوو. هێشتا مۆبایل پەیدا نەبووبوو، ئەو تەنیا جۆرە مۆبایلەی کە لەڕێگای مانگی دەستکردەوە پەیوەندییەکانی ئەنجام دەدا قەبارەی زۆر گەورەبوو هەروەها کارپێکردنی گران بوو. ئەو تەلەفۆنە نێودەوڵەتییە کەمانەی کە هەبوون دەبووایە بەکارهێنەرەکەی پێناسەی خۆی بکردایەو پاشان لەڕێگای زنجیرەیەك تۆڕی تایبەتەوە پەیوەندیەکەی ئەنجام بدایە. ئەم ئامێرانە هەر چەند ساڵێك پلەیەك پێشکەوتنی زیاتریان بەخۆوە دەبینی، بەڵام تەنیا کەسێکی زۆر دەوڵەمەندو جرپن (کە سالم هەردووکیانی تیادا بوو) دەیتوانی داوای بکات.

لەم ساڵانەی دواییدا ئاسان بوو بۆ سالم کە بتوانێ لەگەڵ هاوڕێ‌و خێزانەکەیدا بەئاسانی پەیوەندی بکات کاتێك کە لەئاسماندابوو یان کاتێك لەسەر زەوی بوو. سالم ئامێری پەیوەندی رادیۆیی لەرەلەر بەرزی لەناو فرۆکەکانیدا دانابوو کە نرخی هەریەکەیان سی هەزار دۆلاربوو. ئەم ئامێرانە رێوشوێنێکی باشبوون بۆ سەلامەتی لەکاتی پەڕینەوە لەزەریای ئەتڵەسی، بەڵام

لەهەمان کاتدا دەیتوانی لەگەڵ چەندین تۆڕی تەلەفۆنی جیاوازدا پەیوەندی بکات کاتێك کە لەئاسماندابوو. لەئەوروپا، لەقەمەرەی فڕۆکەکەیەوە پەیوەندی دەکرد بە کۆمپانیایەکەوە بەناوی ستۆکهۆڵم رادیۆوە. بە پارەیەکی زۆر کارپێکەرەکانی ئەمیان دەبەستەوە بە تۆڕی تەلەفۆنی سویدەوە، لەو ڕێگایەوە دەیتوانی پەیوەندی بکات بە هەموو کەسێکەوە لەئەوروپا. سالم زۆر پەیوەندی دەکرد بە ستۆکهۆڵم رادیۆوە. بەهەمان شێوە بە هیوستن‌و تەکساس. کارمەندەکان تەنیا دەیانوت دەتەوێ پەیوەندی بکەیت بە کام هاوڕێ یان خوشکتەوە، چونکە بەتەواوی ژمارەی هەموو هاوڕێ‌و خوشکەکانیان لەبەردەستدابوو. کاتێك بەسەر سان ئەنتۆنیۆ یان هیوستندا گەشتی دەکرد، سالم پەیوەندی بە هاوڕێکانیەوە دەکرد لەسەر زەوی کەلەماڵەکانی خۆیاندابوون، پێیدەوتن وەرنەدەرەوەو سەیری ئاسمان بکەن. گڵۆپی فڕۆکەکەی هەڵدەکردو دەیکوژانەوەو لەمۆبایلەکەیدا هاواریدەکرد. "دەمبینی؟، دەمبینی؟" لەگەشتەکاندا بەفڕۆکەی خلیسکێنە (بێ بزوێنەر) لەئەوروپا، پەیوەندی دەکرد بە خوشکەکەیەوە کە لەمۆنتریال دەژیاو زۆر خۆشیدەویست، دەیگوت" رەندە، من لەسەر چیاکانی ئەڵپم لەبەرزی دوانزە هەزار پێ. بڕوادەکەی؟"

بەدەم گەشتکردنەوە لەشەودا بەردەوام خەریکی قسەکردن بوو، لەکاتێکدا کارمەندانی ستۆکهۆڵم بە هێمنی گۆێیان لێدەگرت. ئەگەر بێزاربوایەو برادەرەکانی لەخەودابونایە، ئەوا پەیوەندی دەکرد بە کارمەندانی ستۆکهۆڵمەوەو بە ئامێری هارمۆنیکاکەی دەکەوتە ژەنینی ئاوازی گۆرانی.

سالم بە هاوڕێیەکی ئەڵمانی بەناوی (تۆماس دەیترش)ی ووت"تەلەفۆن قازانجی چاکی تیایە"، ئەو ئەمەی باش دەزانی چونکە خۆی‌و خێزانەکەی پارەیەکی یەکجار زۆریان لەپەیوەندییە تەلەفۆنیە نێودەوڵەتیەکاندا خەرج دەکرد. کاتێك سەیری قەرزەکانی خۆی دەکرد لەهۆتێلەکاندا دەیبینی ئەو پارەیەی هاتووەتە سەری زۆربەی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندییە تەلەفۆنیەکان نەك کرێی ژوورو پارەی ژەمەکانی خواردن. شەوانە تەلەفۆنی دەکرد تەنیا بۆ قسەکردن. دەیتریش دەڵێ "بەدەم قسەکردنەوە لەو پەیوەندییە نێودەوڵەتیاندا خەوی لێدەکەوت". کاتێکیش تەلەفۆنەکەت دادەخست، دیسان تەلەفۆنی دەکردەوەو دەیوت "ئەوە بۆ تەلەفۆنەکەت دادەخەیتەوە؟" دەیترش لەوەوە فێربوو کە تەنانەت ئەگەر لەیەك هۆتێلیشدا بمێننەوە سالم پێیخۆشبووە بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ بکەی

زیاتر لەوەی سەردانی بکەیت لەژوورەکەی خۆیدا، چونکە ئەگەر سەردانی ژوورەکەی بکەیت، دەبینی لەبەرانبەر تەلەفزیۆنەکە دانیشتووەو بەتەلەفۆن قسەدەکاتو قسە لەگەڵ تۆ ناکات. بەرۆژیش، دەخەوتو هێدفۆنەکە بەگوێیەوەبوو. شەوانیش بەردەوام تەلەفۆنی دەکرد".

سالم کۆمپانیای بن لادن تێلیکۆمیونیکەیشنی لەساڵی ١٩٧٥دا دامەزراند. خاوەنی ٥١٪ ی کۆمپانیاکە بوو. لانسداون ئێڵ تی دی خاوەنی ١٥٪و ئەوەشی کە ماوە دەگەڕایەوە بۆ خاوەن بانکەکانی هاوڕێی سالم وەك بنەماڵەی بن مەحفوز. سەرەتا بارەگای کۆمپانیاکە لەتازەترین ڤێلاکانی نیشتەجێبوونی جددەدابوو. کەشێکی پەلەپروزەیی هەبوو، کە لەدەوی سالم دەخولایەوە وەك دوکەڵی دەوری خێو.

روپەرت ئارمیتاجی هاوپۆلی سالم کە خەڵکی (کەیفۆرد گەلەب) بوو، بەخێرایی وەك بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایە دانرا، لەکاتێکدا هیچ ئەزمونێکی پێشوەخی لەبواری کاردا نەبوو. سالمو روبەرت دوای قوتابخانە لەیەکتر دابڕان تا رۆژێك لەیانەیەکی شەوانی دەرەوەی رۆمادا بەرێکەوت یەکتریان بینیەوە. ئەوکات روبەرت وەك بەڕێوەبەری بار کاریدەکردو سالمیش خەریکی ئاهەنگ گێڕان بوو لەگەڵ کوڕێکی لۆرد کارینگتۆندا، ئەو لۆردە سیاسەتمەدارێکی بەریتانی بوو کە ئەوکات وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوو. ئەو شەوە بەیەکەوە زۆر گیتاریان ژەند، دوای شەش مانگ، سالم داوای لەروبەرت کرد کە بێت بۆ جەددە بۆ ئەوی وانەی زیاتری پێبڵێت. هانەوێڵو پۆشنا دانانی رۆبەرتیان بەسەرکێشی دەزانی بۆ بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی تەلەفۆن، بەڵام پێیان وابوو کە وریایەو پشتی پێدەبەسترێت، دیاریشبوو سالم متمانەی پێدەکات. بۆیە قبوڵیان کرد.

یەکەمجار کارەکەیان بریتی بوو لەفرۆشتنی جۆرێك تەلەفۆن کە لەئەمەریکا دروستکرابوو، ئەمانە ئامێری سەرەتایی بوون، بەکارهێنەر لەتوانایدا هەبوو چەند ژمارەیەك تۆمار بکات لەئامێرەکەداو بە دەستپێدانانی یەك دوگمە ژمارەی کەسەکە وەربگرێت. ئەمانە لەئەمەریکا نرخیان تەنیا سەد دۆلار بوو بەڵام ئەمان لەمەملەکەت بەچاوتروکانێك دەیانفرۆشت بە سێ ئەوەندەی ئەو نرخە. لانسدۆن توانی وەکالەتێك بەدەستبهێنێت بۆ فرۆشتنی ئەو ئامێرانە لەعەرەبستانی سعودیەدا. ئەوەندەشی پێنەچوو هەموو شازادەکان کە کۆشکیان هەبوو، سەرجەم براو خوشکەکانو پورەکانو مامەکان خۆیان ناونووس کرد بۆئەوی یەکێکیان لەو ئامێرانە دەستکەوێت. هەر زوو پەلیان هاویشت بۆ ئامێرەکانی دیکەی تەلەفوون. بۆنمونە

هێلگۆڕی تایبەت کە ڕێگەیدەدا کۆشکێك چەندین تەلەفۆنی تیابێتو هەریەکەیان هێڵی تایبەت بەخۆیان هەبێت. گەرچی مەملەکەت هێشتا خاوەن تۆڕێکی ڕێکوپێکی تەلەفۆنی نیشتمانی نەبوو، کەچی بنەماڵەی پاشایەتی خوازیاری باشترینو نوێترینی کەرەستەکان بوون لەماڵەکانیاندا، تەنانەت گەر لەکاتی دەستنان بەو دوگمەیەدا کە پرتەپرت دەکات هێڵەکان بشپرزانایە هەر رازی بوون.

گەورەترین کێشەیەك کە ڕووبەڕووی هەنویڵ بووەوە بریتی بوو لەپارەدان. دەڵێت "خەریکی دامەزراندن بوین لەماڵی شازادەکانو هاوڕێکانی سالمدا" بەڵام ئەوە سەری دەکردن بە ناو تۆڕێك لەقەرزی لابەلادا کە لەنێوان بنەماڵەی بن لادنو بنەماڵە بازرگانەکانی دیکەو بنەماڵەی پاشایەتیدا هەبوو. بۆ نمونە هێلگۆڕێکی گرانبەهایی ٢٥٠ هێڵییان لەکۆشکێکدا دەبەست، خاوەنەکەشی هەرئەوەندەی دەووت:"من هاوڕێی سالم، سالمیش هەندێ پارەی منی لەلایە بۆ فلان کار داومەتێ، دوایی منو ئەو پارەی ئەمە لەگەڵ یەکدا تاوتوێ دەکەین". پاشان هانەویڵ داوای لەئارمیتاج دەکرد رونکردنەوەی بداتێ لەبارەی ئەم قەرزانەوە ئەویش دەیوت باشە، ئێمە ٢,٥ ملیۆنی ئەمانە قەرزارین، هەمووان دەڵێن کەوا پارەیان لای تۆیەو کەسیشیان پارەمان پێنادەن" تا سالم قەرزەکانی سەری یەکلایی نەکاتەوە.

تۆمارەکانی کۆمپانیا بێسەروبەرەییەکی بەردەوام بوو، پڕبوو لەداواکاری قەرزو سەودا لەنێوان سالمو کڕیارەکانی کە بەڕادەیەك بوو ئاستەمبوو بتوانرێت وێنەیەکی روونی ئەو دۆخە بدرێت بەدەستەوە. روبەرت دەڵێت "پێدەچێت هەندێك کێشەی پارەی نەختینە هەبووبێت لەنێوان کۆمپانیاکانی بن لادنو سالمداو لەنێوان سالمو هاوبەشە خاوەن بانکەکانیدا".

ئارمیتاج دەڵێ "سالم هەموو کاتێك دەیوت، روبەرت! ئەرێ لەکوێ سەد ملیۆن دۆلارم دەستکەوێت؟ بۆ بەیانی دەمەوێ"!

ئارمیتاج پێشتر لەگەڵ بڕەپارەی زۆر لەوە کەمتر مامەڵەی کردبوو، لەکەشێکی تەواو پەشێوو قەڵەباڵغدا بەرەو بانکی نیشتمانی بازرگانی دەرۆیشت بۆ ئەوەی شەش سەد هەزار ریاڵ هەڵبگرێتو وەك مووچە بیدات بەهەندێك بەرپرس، بەڵام شەش سەد هەزار ریاڵ زۆر قورسە. لەو جادەیەی بەردەم بانکەدەدا تا ناو هۆڵی بانکەکە "چەند یەمەنییەك پارەکەیان بۆ

دادەگرت، هەرجارەو سەد هەزار ریاڵیان دەبرد. شتێکی زۆر قەبە بوو، بەهەرحاڵ، ئەوە پارەیەکی زۆرە، لەکاتی گواستنەوەشدا هەر سەفتە بوو لێی بەردەبووەوە".

هانوێڵو بالی بیریان لەوەکردەوە پێویستە هەوڵبدەن کارێکی بازرگانی ئەوتۆ دروستبکەن کە بمێنێتەوەو بەشێوەیەکی رێکخراویش بێت بەهەمان شێوەی ئەو هەولآنەی لەپێشتردا دابوویان لەسەرکێشییەکەی بانکی بازرگانیدا. هانەوێڵ چەند پەیوەندییەکی بە کۆمپانیای جێنێراڵ ئیلیکتریکەوە کردو هەوڵیدا ئەو ئاستی پەیوەندییەی کە لەگەڵ بن لادنەکاندا کە بەشێوەیەکی رێکوپێك لەفراوانبوندا بوو قوڵتر بکاتەوە. هەروەها ویستیان سەرچاوەیەکی نوێی قازانج بدۆزنەوە بەوەی بن لادن بکەن بە بریکاری (کەتەرپلەر)ی ئەمەریکی بۆ دروستکردنی ئامێرەکانی بنیاتنان. هانەوێل تێبینی ئەوەیکرد هەموو جۆرێك ئامێری دروستکراوی کەتەرپلەری لێیە، گرێدەرو زەوی هەڵکەنو بلدۆزەرو ئەوانەی لەو بابەتەن. هەموویان لەشوێنکارەکانی پێشووی پرۆژەکانی بن لادن دا بەجێماون. دواتر سالم باسیکرد کە ئەوە ویستی باوکی بوو کە ویستویەتی رەوێکی تەواو تازە لەئامێرەکانی کەتەرپلەر دروستبکات لەپارەی ئەو پرۆژانەی کە لەدروستکردنی جادەوبانەکان یاخود هەر پرۆژەیەکی دیکەی گەورە کە جێبەجێی کردبێت. دەیتوانی تراکتۆر هاوردەبکاتو راستەوخۆ بیبات بۆ شوێنی کارەکان. بەکاریدەهێنان تا کارەکەی تەواو دەکرد، پاشان بەجێی دەهێشتن، کاتەرپلەر تیمێکی نارد بۆ ئەوەی سەرژمێری سەرجەم ئەو ئامێرانەی لەسەرانسەری مەملەکەتدا بلآوکرابوونەوە. هانەوێڵ دەگێڕێتەوە "هەندێك ئامێریان دۆزیەوە کەلەناو لمدا فڕێدرابوو کە هێشتا هەرلەکارتۆنەکەیدا مابووەوەو هەڵنەپچڕابوو". هەموویان ژماردو دواتر بە بن لادنیان ووت کە ئەوان خاوەنی زۆرترین ئامێری کەتەرپلەرن لەجیهاندا. گفتوگۆیان لەبارەی ئەوەوەکرد کە بن لادن بکەن بە بریکاری خۆیان لەعەرەبستانی سعودیە، بەلآم سالم زۆر گوێی پێنەدا. ووتی، ئەو دەیەوێت شت دروست بکات نەك بەرهەمی کەسی دیکە بفرۆشێت.

سالم چاوی بڕیبووە هەلێکی مەزن، ئەو پلانەی کە خێزانی پاشایەتی رایگەیاند بۆ دانانو راکێشانی ٤٥٠,٠٠٠ هێڵی تەلەفۆن لەمەملەکەتدا، بۆ ئەوەی بە تاکە هەنگاوێك عەرەبستانی سعودیە بگەیەنێتە سەردەمێکی مۆدێرن لەپەیوەندیدا. ئەو گرێبەستە، هەمووکات دەوترا لەتەواوبوندایە، بەلآم هەمیشە شتێکی ئەوتۆ نەدەبینرا کە ئەم راستییە بسەلمێنێت. ئەمە بۆ زۆرێك لەوەبەرهێنەرە بیانیەکان وەك دەفری ئاڵتونینی پاش پەلکەزێڕینەی سعودیە وابوو کە

بە لێشاو لەناوەراستی حەفتاکاندا خۆیان دەگەیاندە مەملەکەت. هەموو بنەماڵەیەکی بازرگانی سعودیە، دەستوپێوەندو بازرگانەکانی چەك لەجەددەو ریاز، لەنێوانیشیاندا عەدنان خاشوگی لەهەوڵدابوون خۆیان بۆ بەدەستهێنانی بەشێك لەگرێبەستەکە ئامادەبکەن بۆ ئەوەی وەك وەکیل یان هاوبەش شتێکیان بەربکەوێت. بەو کۆمپانیا نوێیەی کە تا دەهات گەشەی دەکردو دەکەوتە گەڕ، سالم بڕیاریدا خۆی بخاتە نێو ئەو گەمەیەوە. ئەمەریکیەکان زۆر گەشبین بوون لەبارەی وەرگرتنی پشکەکانیان لەقازانج، بەڵام پۆشنا بەتایبەت، تا دەهات زیاتر بۆیدەردەکەوت سالم کەسێکی هەڵەشەیەو زوو هەڵدەچێت، بەوەش گومانی پەیداکرد لەدادپەروەری کۆمپانیای بن لادن کرد لەمامەڵەکانی لەکەڵیاندا. هەستی دەکرد سالم ئەو بازرگانە هاوبەشە بانك-كارانەی "بە یەکێك لەو چەندین رۆژئاواییانە" دادەنا کەئەو خزمەتگوزاریانەیان بۆدابیندەکرد کە پێویستی بوو. هەروەها پۆشنا ووتبوی کە"ئێمە هیچ جیاوازیەکمان نەبوو لەگەڵ یەکێك لەفرۆکەوانەکانی". ئەو چاوەڕوانییە دوورودرێژانەی لەئۆفیسە پڕ لەدوکەڵەکەی دەچەشتو دواتر وای لێهاتبوو دەستەیەك کارتی کۆنکانی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ بەرێکردنی کات. ئەمەش ئەو رێگایە نەبوو کە دەرچوویەکی زانکۆی هارڤەردو خاوەن بانکێکی وەبەرهێنان پیادەیکات بۆ بزنسەکانی.

هەموویان دەیانزانی کەوا بۆی هەیە دێوەزمەی گرێبەستی تەلەفۆن ببڕێتەوە یان لەدەست بدرێت لەسەر بنەمای ئەو دەمچەورکردنانەی لەناو خێزانی شاهانەدا ئەنجام دەدرا کە هەرگیز ئەو ئەمەریکیو ئەوروپیانەی گلابوون لەگرێبەستەکەوە نەیاندەتوانی بەتەواوی لێی تێبگەن. سالم پەنهانی ئەو جۆرە گفتوگۆ نهێنیانەی بە شێوەیەکی ئاڵۆزو بەووشەی کورتو ناڕوون بۆ هاوبەشەکانی باس دەکرد. کە بە بۆچوونی پۆشنا ئەو داوای ئەوەی لەهاوبەشەکانی دەکرد لە لانسداون هەموو شتێك بەووردی باس بکەنو کار بکەن لەسەر بەهێزکردنی گرەوەکەیان.

حکومەتی عەرەبستانی سعودی کە کۆنترۆڵی کۆمپانیای تەلەفۆنی کردبوو، گرێبەستێکی تایبەتی لەگەڵ کۆمپانیای فلێپسی هۆڵەندیدا راگەیاند. وارێکەوتبوو کە محەمەد بن فەهد بریکاریان بێت لەمەملەکەتدا، ئەویش کوڕێکی شازادەی تاجی پاشایەتی بوو. بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ ئەو گرێبەستە بریتی بوولە٦،٧ ملیار کە خەملاندنی راوێژکارە ئەوروپیەکان زۆر لەتێچووی سیستەمەکە زیاتربوو. ئەو گرێبەستە تەرخانکردنی چەند ملیار دۆلارێکی تیادابوو بۆ هەندێك تێچووی گوماناوی. لەساڵی ١٩٧٦و سەرەتای ١٩٧٧ سالمو هەندێکی دیکە

لەبازنەی دەوری فەهد توانیان دیسانەوە دەست بە وتووێژەکان بکەنەوە. تۆماری گەشتەکانی سالم بە فڕۆکە تایبەتەکانی دەریدەخەن کە چەندین گەشتی ئەنجامداوە، وەزیر یان جێگری وەزیری پەیوەندییەکانو خێزانەکانیانی لەگەڵدابووە، لەم ماوەیەدا، وادیارە، بەدەوریاندا هاتووەو بەشانو باڵیاندا هەڵیداوە، لەنێو شتەکانی دیکەشدا، هاوڕێیەتییەکەی خۆی لەگەڵیان قوڵتر کردووەتەوە.

هەرگیز سالم بۆ هاوکارە ئەمەریکیەکانی باسی لەچۆنیەتی خۆگەیاندنی بە خوولی نوێی گفتوگۆکانی ئەو گرێبەستە نەکرد، یان لەکۆتاییدا ئەو گرێبەستە چۆن بڕیاری لێوەدەدرێت، بەڵام خاڵێك هەبوو کە بەڕوونی ئاماژەی پێدا، ئەویش ئەوەبوو وەك پۆشنا بیری دێت دەڵێت"ئەمە یەکێك بوو لەو گرێبەستانەی بۆ ئەو دەردەچێت". هەرچۆنێك بێت بۆ سەرکەوتن لەو کارەدا، کۆمپانیای بن لادن بۆ پەیوەندییەکان پێویستی بە کۆمپانیایەکی بیانی بوو ببێتە هاوبەشیو بەراستی ئەنجامدانی کارەکە لەئەستۆ بگریت. لانسدۆن کەوتە گفتو گۆی پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ کۆمپانیای نۆرس تێلیکۆم کە کۆمپانیایەکی سەر بە بیڵ کەنەدا بوو. سەرۆکی نۆرس کە ناوی واڵتەر لایت بوو، سەردانی جەددەی کرد. سالیش لەڕێگەی ئاهەنگێکەوە کە لەماڵەکەیدا سازیدابوو، بانگێشتی باڵیۆزی کەنەدای کرد، گیتارەکەی دەرهێناو کەوتە چڕینی گۆرانی "ئەو کیژە بۆ ئێرەدێت، لەدامێنی چیاکەوە". پاشان ئامادەبوانی ژنانو پیاوانی کرد بە دوو گروپەوە، بۆ بەدەستهێنانی کۆپیەکی دەگمەن لە"فرێر جاکوز".

شێوازەکانی سالم سەریاندەگرت ئەگەرچی ئاڵۆزو پێچاوپێچ بوون، لەکۆتاییدا بن لادن بۆ پەیوەندییەکان بووە بریکاری بیڵ کەنەدا بۆ بەشێکی گەورەی گرێبەستەکە. یەکەم بارمتەی بەبڕی ١،٥٪ ی ئەو گرێبەستەی کۆمپانیای بن لادن بۆ پەیوەندییەکان وەرگرت کە گرێبەستێکی ١،٥ ملیار دۆلاری بوو بۆ کارپێکردنو چاککردنەوەی سیستمی نوێی تەلەفۆنی سعودیە بۆ ماوەی پێنج ساڵ. بن لادنەکانیش بەهەمان شێوە عمولەیەکی هاوشێوەیان وەرگرت بۆ گرێبەستێکی بیڵ کەنەدا کە بۆماوەی پێنج ساڵ لەگەڵ مەملەکەتدا واژووی کرد. ئەوەش سەرەڕای پشکێك بە بەهای ٤٠٠ ملیۆن بۆ دروستکردنی وەزارەتو پرۆژەیەکی نیشتەجێکردن کە پێویست بوو بیڵ کەنەدا ئەنجامی بدات وەك بەشێك لەگرێبەستەکە. لەکۆتاییدا هەموان دڵیان خۆشبوون. فلیپسو ئێریکسن بەشێکیان لەگرێبەستەکە بردەوە لەوانەش فرۆشتنی

کەلوپەل، شازادەی محەمەد بن فەهدیش وەك باسدەکرێت بارمتەیەکی ٥٠٠ ملیۆنی وەرگرتووە. ئەوانەی بێبەشکرابوون بریتی بوون لەفرانسیس هانوێلو مایکل پۆشنا. ئەوان سالیان تاوانبارکرد بەوەی بێبەشیکردوون لەو پارەیەی بیڵ کەنەداو گرێبەستەکانی بنیاتنانی بەشێوەیەکی نایەکسان بەسەر بەشەکانی دیکەی بن لادن دا دابەشکردووە. دواتر سکالایان تۆمارکردو بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەدادگاکانی کەنەدادا هاتوچۆیانکرد.

تا دەهات لەگرێبەستە بازرگانیەکانی نێوان سعودیەو ئەمەریکا، چاوچنۆکیو حاڵەتی رکەبەرایەتی بۆ بەدەستهێنانی پشك مەترسیدارتر دەبوو. هەموو لایەك سازشی بۆ ئەوی تر دەکرد، تەنانەت، لەکۆتایی حەفتاکاندا، وادیاربوو کە بڕێکی بێ شومار پارە هەیە بۆئەوەی بەملاو ئەولادا بڕوات. بۆ یەختو فڕۆکەی تایبەتو کۆشکی پڕکراو لەتەکنەلۆژیای نوێو گەراجی پڕکراو لەئۆتۆمبێلی ئەوروپی بۆ پێشبڕکێ. ئەو شازادانەی هەمووکاتێك خۆیان تازەدەکردەوە، نەوەیەکی نوێو زیاتر نێودەوڵەتی دەهاتنە پێش بەدەوری فەهدەوە، تادەهات خێزانی پاشایەتیو دەستوپێوەندەکانی دەبوژانەوەو دەگەڕانەوە بۆ ژیانی پڕ لە خۆشگوزەرانیو مووچەی باش کە بیست ساڵ لەوەوبەر لەلایەن شا سعودەوە هەڵپەسێردرابوو لێیان. کەمدەستی خزمانو خواناسی بەرپرسەکانی سەردەمی فەیسەڵ روولەفەوتان بوون. لەژێر کۆنترۆڵی فەهدو هاتنەپێشی کوڕەکان لەکاری بازرگانیدا، نرخی نەوتیش لەگەڵیدا تا دەهات رووی لەبەرزی دەکرد. لەگەڵ ئەو هەموو کڕینی بنیاتنانەی لەهەموو ئاسۆیەکی سعودیەدا بەرزکرابوونەوە، زۆر گرانبوو بۆ کەسە تایبەتمەندەکانی سعودیە کە بیرکەنەوە لەو شتەی کە رەنگە ببێتە هۆی هەڕەشە بۆ سەر ئەو سەقامگیریە.

لە کۆتایی بیستەکاندا، کاتێك لەداگیرکردنی نیمچە دورگەی عەرەبی بووەوە، شا عەبدولعەزیز رووبەڕووی بڕیارێکی (فرانکشتاین) ئاسا بووەوە. میلیشیا جیهادیەکانی خۆی "ئیخوان" دانابوو بۆئەوی دوژمنەکانی لەناوببەنو حیجاز بگرێت، بەڵام دواتر نەیتوانی لەم جەنگاوەرە دڵگەرمانە بگەیەنێت کە جەنگە ئایینیەکان کۆتاییان هاتووە. ئیخوان رەخنەیان لە عەبدولعەزیز گرت کاتێك ئۆتۆمبێلو تەلەگرافی بەکارهێناو بە کوفریان لەقەڵەمدا. ئەوەندەی نەبرد زۆر بە توندی راپەڕین. پاشا بەزەیی نیشان نەدا لەهەندێك لەو شەڕانەدا، بڕوای تێکشکاندن بەبەکارهێنانی ئۆتۆمۆبیلە فۆردەکانی وەك ئەسپسوارەکان کردی بەناو ریزەکانیاندا لەهەمان کاتدا هەوڵی دەستخستنی پێکهاتنەوەی دەدا لەگەڵ دوژمنەکانیدا

لـەدەرەوی وولآت. ئۆردوگـای نیشـتەجێبوونی لـەدەوری واحەکانـدا دروسـتکرد بـۆ ئـەوەی جـەنگاوەرە پیرۆزەکـان نیشـتەجێبکات تیایانـداو هانیـان بـدات بەکشـتوکاڵەوە خۆیـان خـەریك بکەنو خوێندنی خوداناسی دوور لە توندوتیژی بخوێنن. قاسم کە پارێزگایـەکی زۆر کۆنخـوازو پـڕ لـە گردۆڵکـەی لمو واحـە بـوو، راسـتەوخۆ دەکەوتـە بـاکوری رۆژئـاوای ریـازەوە، ژمارەیـەك لادێی تیادابوو کە پڕکرابوو لەم ئیخوانە نیشتەجێکراوانە. لەدەوروبـەری ١٩٤٠دا، لەوکاتـەی کـە ئیخوانـەکان یـادی بەرهەڵسـتییەکەیان دەکـردەوە لەبەرانبـەر عەبدولعـەزیزو بنەماڵەکـەی کـە هێشتا هەر رق ئەستوربوون لەبەرانبەریان، (جوهەیمان ئەلعوتـەیبی) لەیـەکێك لـەم لادێیانـەدا لەدایك بـوو، بـە سـاجر بانگیـان دەکـرد. کاتێـك کـە گـەورەبوو، وادیـاربوو بەباشـی هۆکارەکـانی توندڕەوی ئایینی ئیخوانی فێرکرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئارەزووی دەکرد بەوەی لـەدژی خێزانـی پاشایەتی راپەڕێت.

خـۆی گەیانـدە ریـزی شـەڕکەرانی هۆزەکـان واتـا (موجاهیـدین) لەپاسـەوانی نیشـتمانی مەملەکەتـدا، ئەمـەش هێزێکـی میلیشـیا بـوو کـە وەك چـاودێر بەسـەر خزمەتـەکانی هێـزە چەکدارەکانی سعودیەوە بوون، هەروەها وەك جۆرێك لەپلانی دامەزرانـدنی نیشـتمانی بـوو بـۆ خێڵەکیە بێسەروبەرەکان. جوهەیمان بووە عەریف لـەو هێـزەدا، بـەڵام لەسـەرەتای حەفتاکانـدا شوێنەکەی خۆی بەجێهێشت بـۆ ئـەوەی پەیوەنـدی بکـات بـە زانکـۆی مەدینـەوە بـۆ خوێنـدنی زانسـتە ئایینیـەکان. ئـەو زانکۆیـە ناسـرابوو بـەوەی چـەند بەشـێکی کۆلێـژی هەیـە بەتـەواوی لەدورخراوەکان پێکهاتووەو سەر بە ئیخوان موسـلیمینە. خوێنـدکارەکانی لـەو دەرکراوانـەبوون کە لەمیسرو یەمەنو کوەیتو پاکسـتانو تەنانـەت هەنـدێك لـەو ئەمەریکیانـەی کـە هاتبوونـە سـەر ئـاینی ئیسـلام لەپۆلەکـەی جوهەیمانـدا بـوون. لـە مەدینـە بنـەماکانی رەوتـی سـەلەفی ئوسـوڵییان وەردەگـرت، بەشـێکی لەشـێوازی بـڕوای ئیخوانـەوە سەرچـاوەی گرتبـوو، کـە داوای پێویستی گەڕانەوە بۆ دۆخی ئیسلامێکی پاکژ دەکرد. ئەم شێوازەی فێرکـردن، بەیەکداچووبوو لەگـەڵ چـالاکییە سیاسـییەکانی ئیخـوان موسـلیمینو بێمتمانەییـەکانی خوێنـدکارە ئاوارەکـان لـەبارەی وڵاتـەکانی خۆیـان. بەگشـتی، ئـەم تێکەڵییـەی نێـوان بیروبـاوەڕە قوڵـە قورئانیـەکانو جیاوازییـە سیاسـیەکان، دەگەڕایـەوە بـۆ مێـژووی سـعودیەو جیهـانی دەرەوەی بـە بزوتنـەوەی ئیسلامگەری لەدەرەوە دەبەستەوە، ئەمانەش هەمووی پێدەچوو زۆر ئاسایی بن بۆ ئوسـامە بـن

لادنو کاریگەرییەکەی ئیخوان موسلیمین بەسەریەوە لەو گروپەی دوای دەوامی خوێندن تیایدا ئەندام بوو لەقوتابخانەی (الثغر)ی نزیك جەددە.

جوهەیمان نزیکی بیست ساڵ لەئوسامە گەورەتر بوو، بەڵام زۆرێك لەشوێنکەوتوانی لەمەدینە خوێندکاری گەنجتربوون. ئەوانە سمێڵیان کورت بوو، ریشیان درێژ بوو، جلەکانیشیان کورت بوو، لەسەروو قولەپێیانەوە بوو. ئەو شێوازی جلەی لەبەریاندەکرد لاساییکردنەوەی هاوەڵانی پێغەمبەر بوو. وێنەیان نەدەگرت چوونکە بە بیدعەی کافرانیان دەزانی، بەڵام دیدی ئەوان زۆر دوورتر لەوەی ئوسامەو هاوەڵەکانی لەجەددە رۆیشتبوو. جوهەیمان داوای لەئیخوانە رەسەنەکان کرد کە پەلاماری مۆدێرنایەتی بدەن، چونکە بە پلانێکیان دەزانی دژ بە بڕواداره راستەقینەکان. دوای ساڵی ١٩٧٤ خۆیو هاوڕێکانی گەیشتنە ئەو بڕوایەی کەوا خێزانی پاشایەتی شەرعیەتی نیەو گەندەڵە. لە مەدینە کشانەوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی ئاشکرا پیلانگێڕی سیاسی پێکبهێنن بۆ رووبەڕووبونەوەی ئال سعود. بازنەی نارەسمی لەگروپەکانی خوێندن ناوە ناوە پەیدا دەبوونو بیروڕاکانی خۆیان دەخستەڕوو، ناسرابوون بە وردەکاری ومشتومڕی دوورودرێژو سەرسەختانە لەبارەی خوداناسیو رێبازی راستەقینەی سیاسەتی ئاینەوە دەدوان.

ئوسامە چووە ناو یەکێك لەو بازنانە لەجەدەو مەکە. جوهەیمانو شوێنکەوتەکانی بەشێکی دیاریکراوی کەم دەرکەوتووی دابڕاوی ناو مەدینەیان کۆنترۆڵکردبوو.

دوای جیابوونەوەی لەپرۆفیسۆرەکەی لە مەدینە، جوهەیمان گەڕایەوە بۆ قاسم، پاشان رۆیشت بۆ ریاز، کە لەوێدا شوێنکەوتوانی زیادیان کردو گەیشتنە ٢٠٠ کەس. لەساڵی ١٩٧٨دا کەوتنە چاپکردنی نامیلکەی دژ بە خێزانی شاهانەو لەسەر پەڕەی رۆژنامەکان لەکوەیت بڵاویانکردەوە. ناوی یەکێك لەنامیلکەکان بریتی بوو لە"یاساکانی دڵسۆزیو ملکەچبوون: رەفتاری هەڵەی حاکمەکان". هێرشی کردەسەر خێزانی پاشایەتیو ئەو زانایانەی دەستەمۆیانکردوونو پشتیوانیان لێدەکەن وەك خزمەتکاری ناڕاستی ئیسلامو شوێنە پیرۆزەکان. هەندێك شازادە "مەیخۆر"بوون کە "ژیانێکی ئاستبەرزیان لەکۆشکە راقیەکاندا بەسەردەبرد". خێزانی پاشایەتی "زەویەکانیان بۆ خۆیان داگیرکرد"و "پارەی مەملەکەتیان بەفیڕۆدا". عمولەی گرێبەستەکانی بن لادن لەوانەش گرێبەستی دروستکردنی تۆڕی تەلەفۆنی نیشتمانی یەکێك بوو لەماکەکانی گەندەڵییەکی سیاسی مەزنتر. هەڵتۆقینی جوهەیمان

سـەرنجی وەزیـری نـاوخۆی بـەلای خۆیـدا راکێشا. جوهـەیمانو شـوێنکەوتووانی دەسـتگیرکردو لێکۆڵینەوەی لەگەڵکردن، پاشتر لەریاز ئـازادکران دوای ئـەوەی بەڵێنیانـدا کـە دەست لـەو کـارە هەڵگرن.

لەڕاستیشدا دەستیانکرد بە پلاندانان بۆ راپەڕینێکی توندوتیژ.

لـە ئـەیلولی ١٩٧٩دا سـالم چـوو بـۆ واشـینتۆن دی سـی بـۆکڕینی فڕۆکەیـەکی نـوێی جـۆری لیەرجێت. سەری لەکچە دۆستە ئەمەریکیەکەیـدا بـەناوی پـاتی دیکـارد. بەسـواری (جـاك ئانـد ئەنیتا پیزا) لەپەنەما سیتی، فلۆریداو پاشان چـوون بـۆ ئـەوروپا. لەوێشـەوە سـەردانی قـاهیرە، جەددە، دوبەیو ئەبو زەبیان کرد. لەسـەرەتای تشـرینی دووەمـدا، دوو خوشـکی سـالمیان لەگـەڵ خۆیان برد کە ئەوانیش موناو رەندا بـوونو چـوون بـۆ ئەسـینا. شـەوێکیان لەدورگـەی کریتـی یۆنـانیی بەسـەربرد، پاشـان بەفڕۆکـە گەڕانـەوە بـۆ قـاهیرە. ئـەوە بەشـێوەیەکی تایبـەت کـاتی سەرقاڵیەکی گەورە بوو لەناو فڕۆکەکەیـدا کـە لەبـەرزی سـی هـەزار پێـدا وەك مـاڵی یـاریکردن بەکاریدەهێنا.

ئابڵوقەکـەی لەمزگـەوتی گـەورەی مەکـە لەگـەڵ نوێـژی بـەیانی رۆژی ٢٠ی تشـرینی دووەم دەستی پێکرد کـە یەکـەم رۆژی سـاڵی نـوێی ١٤٠٠ کۆچـی بـوو. جوهـەیمانو هاوەڵـەکانی چـەکی بەقاچـاخ هێنراویـان لـەو تـابوتی مردوانـەوە هێنایـە دەرەوە کـە لەلایـەن بڕوادارەکانـەوە هێنرابوون بۆ پیرۆزکردنیان مزگـەوتی مەکـە. دەسـتیانگرت بەسـەر مایکرۆفۆنەکانـداو لـەوێوە رایانگەیاند کەوا محەمەدی مەهدی لەناویاندایە، ئەو کەسەی کـە پێشـبینی کـراوە لەئیسـلامدا، بەگەیشتنی ئەو نیشانەی ئاخرزەمان پەیدادەبێت. ئـەو کەسـەی کـە گوایـە محەمـەدی مەهدیـە بریتــی بوولــە (محەمــەد ئــەل قــەحتانی)ئــەویش یــەکێکی دیکــە بــوو لەشــوێنکەوتووە نەناسـراوەکانی دیکـەی جوهـەیمان کـە رۆڵـە راسـتەقینەکەی بـەهۆی خـەونی یـەکێکی دیکـە لەئەنـدامانی گروپەکەیـەوە پیرۆزکرابـوو. کاتێـك کەوتنـە تەقـەکردن لـەگۆڕەپانی سـەرەکی مزگەوتەکـەدا، شـوێنکەوتوانی جوهـەیمان رایانگەیانـد ئـەوە دەبێتـە دوایـەمین شـەڕی ئـەو شەهیدانەی هێشتا نەمردوون.

بـەخێرایی گـۆڕا بـۆ کارەسـاتێکی خوێنـاوی. هێـزە ئەمنیـەکانی سـعودیە گەیشـتنە جـێو هەوڵیانـدا پـەلامارێك بـۆ سـەر حـەرەمی شـەریف ئـەنجام بـدەن. ئـەو بلاجیکتۆرانـەی کـە لەدوایـەمین نۆژەنکردنـەوەی مزگەوتەکـەوە لەلایـەن کۆمپانیـای بـن لادنـەوە دانرابـوو بـۆ

رۆشنکردنەوەی بەرپێی ئیمانداران‌و حاجیەکان، یارمەتیدەربوو بۆ تیرئەنـدازەکانی جوهـەیمان بۆ ئەوەی بەووردی ئامانجەکانیان بپـێکن. ژمارەیـەکی زۆر تـا مـردن خوێنیـان لەبـەر رۆیشـتو لەســەر زەویــە مەرمەڕەکـە گیانیــان ســپارد. ســالم‌و یاریــدەدەرە لوبنانیــە خــاوەن ماســولکە بەهێزەکـەی کـە نـاوی (موسـتەفا فەزلـەڵا) بـوو جلـی سـەربازیان لەبـەرکردو بەپەلـە خۆیـان گەیاندە بارەگای کۆمپانیاکە بۆ هێنانی نەخشەکانی مزگەوتەکە.

سالم‌و مستەفاو براکانی تری بن لادن‌و کارمەندەکانیان لەو ئابلۆقەدانەی مەکەدا کە تـا دوو هەفتە بەردەوام بوو لەبەرەی پێشەوەدا راوێژیان دەداو شەڕیان دەکـرد. یـەحیای زڕبـرای سـالم کـە ئەنـدازیاری مـەدەنی بـوو شـارەزاییەکی بێوێنـەی هـەبوو لەنەخشـەکانی مەکـەدا، لـەنێوان ئەوانـەدابوو کـە ژیـانی خـۆی خسـتە مەترسـیەوە بـۆ یارمەتیـدانی ئـەو هێرشـە یـەك لـەدوای یەکانەی بنەماڵەی پاشایەتی ئەنجامیان دەداو تا دەهات توندوتیژتر دەبوو. یەسلام بن لادن کە یەکێکی دیکە بوو لەبەرێوەبەرە گشتیەکان، لەوکاتەدا، وەك ژنەکەی دەڵێ "هاربووبوو، لـەنیوان ماڵ‌و ئۆفیسەکەیدا وەك سەرلێشێواو فرکان فرکـانی بـوو ". هێزەکـانی سعودیە یاخیبووەکـانی جوهەیمانیان لەمنارەکاندا دایە بەر تۆپ. "هەموویان دەیـانوت خـودا روحـی محەمـەد بـن لادن شـاد بکـات، بـەڵام لەهــەمان کاتـدا، نــەفرەتیان لــە محەمــەد بــن لادن دەکـرد چـونکە، تـۆپی ١٠٦میللیمەتریش نەیـدەتوانی ئـەو منارانـە ببڕێـت. لەبـەر ئـەو هـەموو شیشـە ئاسـنەی لەوێـدا بەکاریهێنابوون". یەکێك لەکارمەندەکانی بن لادن کە خۆی لەوێ بـوو ووتـی: هێلیکۆپتـەرەکان هاتن‌و لەدەرگا کراوەکانیانەوە رەشاشیان دەرهێناو ئەوناوەیان گوللەباران کرد.

جوهــەیمان‌و شــوێنکەوتووە رزگاربووەکــانی بــەخێرایی پاشەکشــێیان کــرد بــۆ نــاو ژێرزەمینەکان، ئـەوەش وەك مانۆڕێك بـوو کـە دیـاربوو پێشـتر پلانیـان بۆدانـابوو. لـەژێر ئـەو مزگەوتەدا گەلێك پێچ‌و پـەناو تونێـل هـەبوو، هەنـدێك لەوانـە وایـەرو بـۆری تیـابوو، لـەوێوە گەیـەنرابووە نـاو مزگەوتەکـە، هەنـدێکی دیکـەیان دەگەیشـتنە ئـەو ژوورانـەی بـۆ خـەڵوەتو تەئـەمولکرن بـەکاردەهێنران. بەدرێـژایی چـەندین هەفتـە لـەوەوپێش جوهـەیمان بەدزیـەوە خەریکی شاردنەوەی خواردن‌و فیشەك بـوو لەوشـوێنەدا. لەهەنـدێ حاڵەتـدا، بـەجیا بەدزیـەوە توانیویــەتی دزەبکاتــە نــاو هەنــدێك لەئۆتۆمبێلــەکانی کۆمپانیــای بــن لادنــەوە. ئەوکاتــەی یاخیبووەکان خۆیان گەیاندە ناو ژێزەمینە پێچاوپێچەکانی ژێر مزگەوتەکە، ئیـدی ئەنـدازیارو زانیاریەکانی کۆمپانیای بن لادن بوونە شتێکی لەرادەبەدەر پێویست. ئەو کارمەندەی کە خۆی

لەویٚ بووە دەڵێت کاتێك کە فەرماندەیەکی ئوردنی خۆیکرد بەناو مزگەوتەکەدا هاواریکرد "بن لادن کوا؟ بن لادن لەکوێیە؟" ئەوانی دۆزیەوەو نەخشەکانی هەمووی بەوناوەدا بلاوکردەوەو نیشانەی $X$ی لەسەر هەموو ئەو شوێنانە دانا کە دەکەوێتە سەروو ئەو ژێرزەمینانەوە کە پێیوابوو رەنگە یاخیبووەکان لەوێبن. پاشان ئەو ئوردنیە فرمانی دا وتی "کونیان بکەن".

بن لادنەکان ئامێری کونکردنیان هێنا بۆئەوەی زەویەکە کون بکەنو دواتر هێزە ئەمنیەکان بتوانن لەو کونانەوە نارنجۆك هەڵبدەنە ناو ژێرزەمینەکانەوە. تیم بارگەر کە لەجەددە دەژیا لەوکاتەدا بەردەوام لەپەیوەندیدابووە لەگەڵ هەندێك لەوانەی لەو ئابلۆقەیەدا بەشداربوون دەڵێت" ئەو هەموو کونانەیان لەوزەویەدا دروستکردو عەریفێکیش هاتو بە سەبەتەیەك نارنجۆکەوە، چایەکی بەدەستەوەو جگەرەیەکی بەدەمەوەبوو، یەك یەك نارنجۆکی بەردەدایەوە بۆ ناو چاڵەکان. ئەو کارمەندەی بن لادن ووتی: لەم قۆناغەی هەڵمەتەکەدا ژمارەیەکی زۆر نارنجۆکیان هەڵدایە ناو چاڵەکانەوە، بەرادەیەك زۆربوو کە "ئێمە لەسەرەوە لەسەر ئەڵقەی نارنجۆکەکان پێمان دەخلیسکا".

وادیاربوو سالم خەریکبێت گڕبگرێت بۆ ئەوی بەشداریبکات، بەلام لەهەمان کاتدا نیگەرانبوو. پێویستی بەوە نەدەکرد زۆر لەسیاسەتدا دیدێکی قوڵت هەبێت بۆ ئەوەی لەوە تێبگەیت کەوا دەسەلاتی ئال سعود ناتوانن لەبەرانبەر شۆڕشێکی ئیسلامیدا خۆیان راگرن هاوشێوەی ئەوەی کە زۆردوورنەبوو لەوبەری کەنداوی فارسەوە شای ئێرانیان لەسەر تەخت لابرد. بۆیە ئەگەر خێزانی شاهانەی سعودیە رووخان ئەوا بن لادنیشیان لەگەڵدا دەبێت. براکان بەخێرایی کەوتنە گەڕو بەنهێنی کاریانکرد بۆ دروستکردنی پەناگایەکی ئارام بۆ سامانەکانیان. لە٢٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٩دا تەنیا یەك هەفتە دوای دەستپێکردنی راپەڕینەکەی مەکە، پارێزەرەکان لە پەنەما کە لەنیوەی ماوەی درێژی گۆی زەوی دووربوو، کەوتنە پێشکەشکردنی داوایەك بەدادنووسو لەدوای ئەوە کۆمپانیایەکیان بەپێی یاسای پەنەما دامەزراند بەناوی "بن لادن ئینتەرنەیشناڵ ئای. ئێن. سی". بەرێوەبەرەکانی لەدواییدا بەتواناترینو نزیکترین براکانی سالی لەخۆگرت کە ئەوانیش بەکر، عومەر، یەسلام، تارق، حەسەنو خالید بوون. سەرمایەی سەرەتایی کۆمپانیاکە بریتی بوولە ١٠ ملیۆن دۆلار. ئەو کاتەی ئەم کۆمپانیایەی تیا دامەزرا ئاماژەیە بۆئەوەی سەرانی ئەو بنەماڵەیە ترس دایگرتوون

لەباری سامانەکانیانەوەو هەوڵی شاردنەوەیان داوە. ئەگەری ئەوەی کە ڕەنگە بەو نزیکانە ڕووبەڕووی دوژمنایەتی بێتەوە لەگەڵ حکومەتی پاش شۆڕش. هیچ یەکێك لەو برایانەی لەگەڵ ئەم کۆمپانیا پەنەماییانەدا تێوەگلابوون هەرگیز باسیان لەمەبەستی ڕاستەقینەیان نەکردووە، بەڵام هەندێك لەئەندامانی بنەماڵەکە دوای ئەوەی بەوکارەیان زانی ئەوانیش هەوڵیاندا بکەونە خۆیان و شوێنێکی سەلامەت بۆ پارەکانیان دابینکەن لەترسی قەیرانەکانی داهاتووی سعودیە.

لەڕاستیدا، جوهەیمان و شوێنکەوتووانی شکستیان هێنا. ئەو هێزە تایبەتانەی سعودیەو فەرەنسا کە هێنرابوونە ئەو شوێنە، زۆرێکیان لەیاخیبووەکان لەناو مزگەوتە گەورەکەدا کوشت. جوهەیمان و شەست و دوو کەسی دیکە بەزیندوویی گیران و پاشان لەسێدارەدران. تا ئێستاش، ڕاپەڕینە خوێناویەکەیان ڕەخەی توند دەهێنێتە کایەوە لەسەر شەرعیەتی بنەماڵەی پاشایەتی. ڕۆڵی ئال سعود بەندە بە متمانە ئیسلامیەکەیانەوە، بەتایبەت وەك خزمەتکاری مەکەو مەدینە. ئەوان پەلامارەکەیان بۆسەر مەکە بەشتێکی جێگای داخ و پەشیمانی، بەڵام لەهەمان کاتدا پێویست وەسفکرد وەك ئەرکێکی خزمەتکاریی، بەڵام بەئاشکرا توشی هەژان بوون لەڕووی سیاسی و بڕواداریەوە. کاتێك پەلامارەکە کۆتایی هات، ووتەبێژی بنەماڵی شاهانە بانگەشەکانی یاخیبوەکانی زۆر زەقکردەوە لەبارەی بەدیهاتنی ئەو پێشبینیەی هاتنی مەهدی و لەبایەخ و مەتریسانی لەرووی سیاسیەوە کەمکردەوە.

ئەو ڕاپەڕینە پریشکی ئاگری بەر بن لادنیش کەوت. هەندێك پروپاگەندە باسیان لەوەدەکرد کە ڕەنگە هەندێك لەئەندامانی ئەو بنەماڵەیەش تێوەگلابن، چونکە لۆری و ئۆتۆمبێلەکانی ئەوان بووە کە دەیتوانی بە ئاسانی هاتوچۆ بکات بەناو مزگەوتی پیرۆزدا. بێگومان، پروپاگەندەکان لەوەش دوورتر ڕۆیشتن، بەوەی هەندێك لەئەندامانی بنەماڵەی بن لادن تێوەگلاون لەو پیلانگێڕیەدا. مەحروس و پێدەچێت برایەکی دیکەشیان کە ڕەنگە ئوسامە بوبێت، بۆماوەیەکی کەم دەستگیرکراون کاتێك لەماوەی قەیرانەکەدا بەدەوری مەکەدا بە ئۆتۆمۆبیل سوڕاونەتەوە.

بەپێی ووتەی کارمەندێکی بن لادن کە خۆی لەوکاتەدا بەشداربووە لەئابلۆقەکەدا، بەهەڵە گومانی پیلانگێڕی لەو برایانە کراوە چونکە ئەوان بەهەڵە ئامێری بێتەلەکانی کۆمپانیایان

بەکارهێناوە بۆ چاودێری پەیوەندییەکانی پۆلیس، هەر تەنیا حەزیان لێبووەو هیچ مەبەستێکی تریان نەبووە.

کاتێك ئەو کارمەندەی بن لادن شەوێکیان لەمەکە دوورکەوتووەتەوە، جلەکانی بەخوێنەوە بووە بەهۆی بەشداریکردنی لەو هێرشەدا کە بە نارنجۆك ئەنجامدراوە، پۆلیسێك لەسەر شارێیەك رایگرتووە. پێناسی کۆمپانیای بن لادنی پیشانداوە، پۆلیسەکەش لەوەڵامدا لولەی تفەنگەکەی روو کردە دەموچاوی، هاواریکرد "خودا تۆی بۆ من ناردووە". ئەو کارمەندە دەڵێت تەنیا بە یەك شێوە توانیویەتی لەو خاڵی پشکنینە رزگاری بێت ئەویش بە پۆلیسەکەی ووتوە با تەنیا پشت نەبەستێت بەو پروپاگەندانەی کە هەیە لەبارەی رۆڵی بنەماڵەی بن لادن‌و داوای لێکردووە پەیوەندی بکات بەسەرووی خۆیەوە بەرلەوەی تەقەی لێبکات.

چەند ساڵێك دواتر ئوسامە رەخنەی لەشازادەی تاجی ئەوسا گرت کە شا فەهد بوو، لەبەر ئەوەی ئامرازی سەرکوتکەری بەکارهێناوە لەدژی یاخیبووەکان‌و ووتی"دەیتوانی ئەم قەیرانە چارەسەر بکات بەبێ ئەوەی یەك فیشەك بتەقێت، وەك چۆن هەموو خەڵکی تێگەیشتوو لەوکاتە درکیان بەوەدەکرد"، ئوسامە ووتی "ئەوەی ئەو دۆخە پێویستی پێبوو تەنیا کەمێك کات بوو، بەتایبەت ئەوکاتەی ئەوانە لەناو حەرەمدا بوون لەدەیان کەسێك ژمارەیان تێنەدەپەری. تەنیا چەکی سووکیان پێ بوو، زۆربەشی تاپڕ بوو، چەك‌و تفاقیان کەم پێبوو، ئابلۆقەش درابوون". ووتیشی، فەهد هەرگیز گوێ لەسالم‌و هیچ یەکێکی تر لەئەندامانی خێزانەکەی ناگرێت کە تێوەگلابوون. سەرسەختانە شانبەشانیان شەڕیانکردو بلدۆزەرو ئۆتۆمبێلی زرێپۆشیان بردە ناو حەرەمەوە. ئێستاش شوێن زنجیری بلدۆزەرەکانم لەبیرە کە لەسەر زەوی حەرەم دەرچووبوو. خەڵکی ئێستاش لەیادیەتی کە منارەکان رەشبووبوونەوە دوای ئەوەی لەلایەن تانکەکانەوە تۆپباران کران".

هەڵوێستی راستەقینە بەرانبەر ئەو راپەڕینە کە لەو کاتەدا روویدەدا زۆر قورسە شرۆڤە بکرێت. ئەوکاتە ئوسامە تەمەنی ٢١ ساڵ بوو. ئەو بڕوا ئیسلامیە قوڵەی کە خۆی تیا نوقم کردبوو وای لێدەکرد هەندێك جار لەپڕ سوڕانەوەی بەسەردابێت. لەپشتی ئابلۆقەی مەکەوە، شۆڕشگێڕەکان لەئێران شای گەندەڵیان لەسەرتەخت لابرد. ئیخوان موسلیمین تادەهات بەهێزتر دەبوون‌و خەریکی داڕشتنی پلان بوو بۆ ئەنجامدانی کودەتا لەسوریا، ئەو پیلانگێڕیەی کە دواتر ئوسامە باسیدەکات‌و دەڵێت بەشداربووە تیایدا. پێدەچێت جوهەیمان‌و

هاوەڵەکانی سەریان لێشێوابێت، بەتایبەتی لەباسکردنی مەهدیەوە، یاخود رزگارکەری خودایی، بەڵام ئەو رەخنە سیاسیەی کە ئاراستەیانکرد هاندەربوو، گەرچی ئەو وەڵامدانەوە توندەی خێزانی پاشایەتی، لانی کەم، مایەی نیگەرانی بوو.

تا ئێستا، هیچ بەڵگەیەك نیە کە ئوسامە خوازیار بووبێت سەرکێشیەکی تایبەت بنوێنێت بەناوی یاخیبونەوە. هەروەها هیچ بەڵگەیەکیش لەبەردەستدا نیە کە لەوکاتەدا هاورا نەبۆبێت لەگەڵ براکانی لەسەر ئەو هاوکاریەی پێشکەش بە هێزە ئەمنیەکانی سعودیەیان کرد. تەنانەت دیارە خۆشی بەشێوەیەك هەڵسوکەوتی کردووە کە وەك کەسێکی خوداناسو دوور لەماڵی دنیا دەرکەوتووە. لەبواری بنیاتنانەدا دەرکەوتووەو پیاوێك بووە خەریکی ماڵو خێزانی خۆی بووە، پیاوێکی ئیسلامیی بووەو پرۆفایلەکەی لەدەرکەوتندا بووە لەعەرەبستانی سعودیە. دووربووە لەپیلانگێری بۆ ئەنجامدانی راپەرین، ئوسامە لەم ساڵانەدا پێدەچێت سەرگەرمی ئەوەبووبێت کە چۆن بتوانێت ئەم هەموو شتە بەدەست بهێنێت- پارە، ژنی زۆر، منداڵ، ژیانێکی پڕلەکارو سەرقاڵی، هەروەها رەزامەندی خودا. حاڵەتی ئەو وەك کوڕێکی گەنجی بن لادن لەدۆخێکی باشدا پێویستیەکی بنەڕەتی بوو.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٠ داهاتی ئوسامە دوای لێدەرکردنی باج لەساڵێکدا لە ١٥٠ هەزار دۆلار تێدەپەڕی، رەنگە دوو هێندەش زۆرتربووبێت لەهی هەندێك لەشازادە گەنجەکان. لەم ساڵانەدا، سالم کۆنترۆڵی ئەو پارانەی دەکرد کە دەدرا بەبراکانی دیکەی وەك ئوسامە، پاشان بە چەند ژمارەیەکی حیسابو لەرێگەی هاوبەشەکانیو کارمەندەکانیەوە ئەنجامی دەدا کە دەرکەوت سیستەمێکی چەوسێنەری بێ وێنەبوو. لەسەرەتای نەوەدەکاندا، کاتێك بەشەکان بەشێوەیەکی رێکوپێکتر دابەشدەکران، کەمترین پارەیەك کە هەریەك لەکوڕەکان چاوەڕێی دەکرد بریتی بوو لە ٣٠٠ هەزار دۆلار لەساڵێکدا، ئەمەش بەپێی ئەو دۆکیومێنتانەی کە لەلایەن هەندێك ژمێریارەوە پڕکرابووەوە کە لەلایەن دادگای ئەمەریکاوە دانرابوون بۆ چاودێری کارە داراییەکانی بن لادن.

وادیارە ئەو پێشبینیە ئاسانە کە بڵێیت دەساڵ لەوەوبەر ئەو داهاتانە کەمتربوون. لەهەردوو سەردەمەکەدا، بەشی هەر برایەك زیاتر دەبوو ئەگەر خاوەنی هەندێك پشك بوایە لەیەکێك لە کۆمپانیاکانی بن لادن دا یاخود لەبەرانبەر مووچەیەکدا وەك بەڕێوەبەری یەکێك لەکۆمپانیاکان کاری بکردایە، یەسلامی برای ئوسامە کە لەو گەورەتر بوو، بڕوانامەی لەبواری

کاری بازرگانیدا لەزانکۆی ساوس کارۆلاینا بەدەست هێنابوو، مووچەی ساڵانەی نزیکەی ٨٠٠،٠٠٠هەزار دۆلار بووە لەساڵی ١٩٨٦دا، ئەمەش بەپێی ئەو شایەتیە تۆمارکراوەی لەلایەن هاوسەرەکەیەوە دراوە بەناوی (کارمن)ەوە. ئوسامە یەکێك بوو لەو برایانەی کە بەشی هەبوو لەزیاتر لەیەکێك لەو کۆمپانیایانەدا، هەروەها هەندێك کاری بەڕێوەبردنیشی گرتووەتە دەست. هەروەها لە یەسلام گەنجتر بووەو بێگومان پارەشی لەو کەمتر وەرگرتووە. لەم ووردە بەڵگانەوە، ڕێی تێدەچێت کە بوترێت داهاتی ساڵانەی ئوسامە لەسەرچاوەکانی خێزانەکەیەوە گەیشتووەتە دەوروبەری ٢٠٠ هەزار دۆلار لەم ماوەیەدا. بێگومان هەوڵیداوە پارەی هەبێت بۆ ئەوەی پاشەکەوتی بکات. دوای ئەوەی زانکۆی تەواوکرد، شوقەیەکی لەناوچەی ئەلعەزیزیە کڕی لەجەددە، پاشان ژنی دووەمو سێیەمو چوارەمیشی هێنا، کە هەریەکەیانی لەشوقەیەکدا دانا کە ڕووبەی هەموویان وەك یەك بوون. ئەم ژنانە تیایاندابوو بەتەمەنتر یاخود خاوەن بڕوانامەی بەرزتر بوو لەئامۆزا هەرزەکارەکەی کە یەکەم مناڵەکانی لەمیان بوو. لانی کەم یەکێك لەو ژنانە خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا بوو لەزمانی عەرەبی یان زانستە ئایینیەکان. بەپێی ووتەکانی ئەو کەسەی کە لەم دواییانەدا پاسەوانی ئوسامەبوو، بڕوانامەی تواناکانیانو شارەزاییە ئاینیەکانیان لەگەڵ دیدی ئەودا یەکیان دەگرتەوە.

لە ئۆفیسی مەکەی بن لادن، پلەی ئوسامە بەرزکرایەوە بۆ ئەوەی ببێتە سەرپەرشتیاری وەلید ئەل خەتیب، ئەو فەلەستینیەی کە پێشتر بەڕێوەبەری بوو. یەکێك لەو پرۆژانەی کاریان تێدادەکرد بریتی بوو لەدروستکردنی جادەیەك لەنێوان مزگەوتی گەورەو یەکێك لەکۆشکەکان، کەپێویستی بەوەدەکرد هەندێك بینا لەناوچەیەکی زۆر قەڵەباڵغدا بڕوخێنرێت بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە تەقەمەنیەك بەکار بهێنرێت. ئوسامە کاریکرد لەسەر ئەو پرسیارانەی کە تایبەتبوون بەووردەکارەی پێکهاتەی ئەندازەیی بیناکانەوە بۆ ئەوەی بتوانن خاڵە لاوازەکانی بدۆزنەوەو بە ئاسانی بیڕوخێنن. خەتیب بۆی تێبینی کرد ئوسامە "زۆر بەتوانایە لەخۆگونجاندن لەگەڵ بەشە جیاوازەکانی حکومەتداو لەساناکردنی کێشەکانو دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان". بەئاسانی کاری لەگەڵ ئەندازیارە ئەمەریکیو ئەوروپیەکاندا دەکردو بە ئینگلیزی لەگەڵیان قسەیدەکرد. بێگومان کەسێکی دەستپاكو خوداناس بوو، بەڵام لەناو سعودیەدا وەك گەنجێکی دەرکەوتووی دامەزراوەی مەکە دەرکەوت.

رۆژێکیان، شۆفێرێك بە شپرزەیی خۆی کرد بە ئۆفیسەکەدا. کتێبێکی تێکدەرانەی نیشانی ئەلخەتیب دا کە دۆزیبویەوە، ئەوە ڕێبازێکی کاری ژێرزەمینی بوو کە دژایەتی بنەماڵەی پاشایەتی سعودیەی دەکرد. کەوتنە گەڕان بەوشوێنەدا کە ئەو شۆفێرە ئەو نامیلکەیەی لێدۆزیەوەو نزیکەی سەد دانەی هاوشێوەی ئەوەیان لەو شوێنەدا دۆزیەوە. ئەلخەتیب تۆقیبوو. ووتی"من دەمزانی ئەوە مانای سزای لەسێدارەدانە، منیش نەمویست تێوەبگلێم لەم مەسەلەیەدا". یەکسەر بانگی ئوسامەی کرد، کەچی بن لادن کەوتە چاوپیاخشاندن بە پەڕەکانیداو "زەردەخەنە بەناوبانگەکەی لەسەر لێوی دەرکەوت لەوکاتەی پەڕەکانی هەڵدەگێڕایەوە". ئەلخەتیب داوای لەئوسامە کردو ووتی " ئەرك نەبێ، دەتوانی تەلەفون بۆ پۆلیس بکەی؟". ئوسامە وەلامی دایەوە "نەخێر تۆ پەیوەندی بکە بە پۆلیسەوە" وەك کەسێکی نا سعودی رازینەبوو کە پەیوەندی بکات، چونکە دەیزانی بەرگەی ئەو لێکۆڵینەوەیە ناگرێت کە پۆلیس لەگەڵیدا ئەنجامی دەدەن دوای ئەوەی تەلەفۆن دەکات. لەئوسامە پاڕایەوە سەرەتا ئەو پەیوەندی بکات بە پۆلیسەوە، بەلأم ئوسامە دیسان رازینەبوو، چووە ناو ئۆتۆمبێلەکەیەوەو بۆیدەرچوو. بە نابەدڵی ئەل خەتیب خەبەریدا لەو شتەی دۆزیەوە. پۆلیس گەیشتو لەکۆتاییدا، ئەلخەتیب "لەگەڵیاندا راپێچکرا". ئەو رووداوە هەستی ئەمی گۆڕی بەرانبەر ئوسامە. بەهەرحاڵ، ووتی "چیدی خۆشم ناوێت".

پێکهاتەی سیاسی عەرەبستانی سعودیە روو لەتەنکبوون بوو. نمونەکەی ئێران نموونەیەك بوو بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت رەنگە پارەی نەوت لەیەك ترازان‌و یاخیبوون دروستبکات زیاتر لەوەی کپی بکاتەوە. بەترسەوە شا فەهدو براکانی دیکەی هەوڵیاندا ئیسلامیەکانی ناو مەملەکەت ئاشتبکەنەوەو دڵیان رازیبکەن، بودجەی زۆریان بەسەریاندا دابارانـد، داواکاری زانا ئایینیەکانیان قبوڵکرد بۆ گرتنەبەری رێ‌و شوێنی توندتر بۆ جیاکردنەوەی هەردوو رەگەز لەیەکتری‌و سانسۆر خستنە سەر میدیا. کلتورو ژیانی گشتی لەمەملەکەتدا تا دەهات مۆرکێکی کۆنخوازتری بەسەردا دەچەسپی. باڵی جیهانیخوازی ناو بنەماڵە شێوازی ژیانی خۆی لەپشت دیواری کۆشکەکانیەوە یاخود لەپایتەختەکانی ئەوروپادا تێکنەدا. بن لادنەکانیش هەر بەیەکگرتوویی مانەوە، لەدوای راپەڕینەکەی مەکەوە ماوەی نێوان باڵی جیهانخوازو باڵی ئایینی زۆر دوورکەوتەوە. لەچاو حەفتاکاندا، بەلأم رابەرایەتیەکەی سالم‌و ستراتیژەکەی بۆ دڵرازیکردنی بێلایەنانەو مووچەو دەرماڵە باشەکانی وایانکرد بنەماڵەکەی بە تەندروست

بمێنێتەوە. ناسنامەو سەروەتەکەی بن لادن لەسەر هەمان ئەستێرەی بەخت وەك خۆی مایەوە کە رێنوێنی محەمەد بن لادن بوو نیو سەدە لەوەوبەر دوای گەیشتنی بە جدە. لەسەروو هەموو ئەو شتانەی دیکەوە، ئەوان پشتیان پێدەبەستن و بە دڵسۆزانە خزمەتی خێزانی پاشایەتی سعودیەیان دەکرد.

## ١٦- پارکی شاری یاری

دوای راپەرینەکەی مەککە، سالم بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری مایەسیری بەفڕۆکە بۆ نیویۆرك رۆیشت. چەند ساڵێك بوو ئەو کارەی دواخستبوو، کاتێك نەیتوانی لەوە زیاتر دوایبخات، نەشتەرگەریەکەی وەك پی تی بارنوم* ئامادەباشی بۆ کرد. سالم نەشتەرگەرێکی ئەمەریکی بۆریەکانی دڵی لە پریسبیتێریانی نیویۆرك بەکرێ گرت، ئەمە شارەزایی نەشتەرگەری بەرچاوی هەبوو لەچاو ئەنجامدانی کارێکی بچوکی لەوشێوەیە، بەلاّم سالم رایگەیاند هەرچەندی تێبچێت پارەکەی دەدات. هەروەها ئەوەشی راگەیاند کەنەشتەرگەریەکە بەڤیدیۆ وێنەدەگرێتو وەك ئەستێرەی بەرنامەکە پاشەڵی نمایش دەکات. نەخۆشخانەکە رەتیکردەوە، بەلاّم رێگەی پێدا هاورێیەکی بەکامێرای فۆتۆگرافی پۆلارۆیدەوە بهێنێتە ژوورەوە. پاشان، سالم بەرنامەیەکی مەڵتیمیدیای دروستکرد کەتیایدا تێکەڵەیەك لەوێنەکانی پاشەڵی بەمۆسیقاوە نیشان دەدا. پاشتر لەئاهەنگەکاندا وێنەکانی نمایشدەکرد، هەروەها پیشانی خانەوادەی شاهانەی سعودیەی دا، لەناویاندا شازادە فەهەد.

لەماوەی چاکبونەوەیدا کە بەهەمان گیانی خۆنواندن درێژەی پێدا، سالم باڵی بەسەر لاوازی خێزانەکەیدا کێشابوو بۆ خۆبەدوورگرتن لەشۆڕشکردن لەعەرەبستانی سعودیەدا. بەردەوام بوو لەسەر ئامادەکردنی ژێرخانی ئابووری تابتوانێ یارمەتی خێزانەکەی پێ بدات، نەبا بەزۆر لە وولاّتیان دووربخەنەوە. لە ٢٣ی کانونی دووەمی ١٩٨٠دا، پارێزەرە پانامایيەکانی کاریان بۆ بن لادنەکان دەکرد، لەدوای بینار، کۆمپانیای دووەمیشیان دامەزراند بەناوی Saudin Inc.، جارێکی تر بەڕێوەبەرەکانیشی وەك کەڵەشێر دەیانخوێند کە برا هەرە دەسەلاّتدارەکانی دەوری سالم بوون وەك: یەسلام، بەکر، عومەر، تاریق، حەسسانو خالید. لەم دەوروبەرەدا، سالم بەیەکێك لەهاوبەشە بازرگانە ئەمەریکیەکەی بەناوی رۆبێرت فریمانی راگەیاند کەوا خەمی ئەوەیەتی کەدەبێت چی بەسەر خانەوادەکەیدا رووبدات: "رەنگە جۆرە پشێوییەك لەعەرەبستانی سعودیەدا بێتە ئاراوە". سالم لەنزیك لەندەن مولّکی خۆی هەبوو، بەلاّم

* پی تی بارنوم (١٨١٠-١٨٩١): بازرگانو سەرمایەدارو ملیۆنێرێکی ئەمەریکی یە.(وەرگێڕ)

بڕیاریدا کەدەبێت کۆمەڵگایەکی گەورەتر دروست بکات تا زۆربەی منداڵەکانی محەمەد بتوانن تێیدا بحەوێنەوە، ئەگەر پێویستی کرد شوێنێك بێت کەبتوانن لەتەك خێزانەکانیاندا بژین وەك لەجەددە بەو شێوەیە بوو.

وایت، وێڵد ئاند کۆ، بانکێکی دەستەبژێری وەبەرهێنان بوو لە بۆستن، موڵك و ماڵێکی بەناوی (ئەوکتری ڤیلج) لە ئۆرلاندۆ لە فلۆریدا پیشانی سالم دابوو؛ بریتی بوو لەپارچە زەوییەك کەدابەشکرابوو بۆ ٢٢٩ پارچە یەکەی نیشتەجێبوون، بەڵام لەوە زیاتر ئاوەدان نەکرابووەوە. بەگووتەی ئارۆن داود، کەدواتر سەرۆکاری موڵك و ماڵەکەی دەکردو پارچە زەویەکەی بە ١,٩ ملیۆن دۆلار دانا بۆ فرۆشتن کەدەکاتە نزیکەی ٨,٣٠٠ دۆلار بۆ هەر پارچەیەك، ئەو کۆمپانیایەی خاوەنی ئەوکتری بوو " گرفتی ئاڵوویری پارەی هەبوو". سالم بڕیاریدا بیکڕێت، نزیکەی ٣٨٠ هەزار دۆلاری بەکاش داناو لەسەر تەواوی نرخی کڕینی ئەوەی کەماوە بارمتەیەکی گرتە ئەستۆ. ئەوە یەکەم کاری وەبەرهێنانی زەوی و زاری ئەو بوو لە ئەمەریکادا. نزیکەی ٦٠ بەشی ئەوکتری بۆ خانەوادەی بن لادن گلدایەوە؛ هەر خوشکێك یان برایەك کەبەشداری کردبوو، دوو بەشی بەردەکەوت، یەکێکیان بۆ خانوو ئەوویتریشیان بۆ حەوشەیەکی فراوان. بۆ پێکەوەبەستنی موڵکی هەر ئەندامێکی خێزانەکە، سالم بڕیاریدا چەند بەشێکی جیابەجیا دروست بکات و هەریەکەیان بەناوی گوڵێکەوە ناوبنێت، بۆ ئەم مەبەستە کتێبێکی دەربارەی گوڵ کڕی و پەسەندترینیانی هەڵبژاردو ژمارەی لێدان. ناوی گوڵەکانی یەکەم درا بەئەو کەسانەی نزیکترین کەسن لەخۆیەوە؛ دایکە لەخواترسەکەی، غالیبی برا بچوکە راستەقینەکەی، مونای خوشکە راستەقینەکەی، شەفیقی زڕبرا سەربەخۆکەی، راجەو رەیدەی زڕخوشکی و بێگومان رەندەش. سالم ئەوەی هێنایە پێش چاو کەئەگەر لەعەرەبستانی سعودیە هەمووولایەك سەلامەت بن ئەوا بن لادنیەکان جاروبار لە ئەوکتری بۆ پشووی بەکۆمەڵ کۆدەبنەوە لەدەوری هاوینەهەواری واڵت دیزنی وۆڵد کەلێیانەوە نزیك بوو. ئەگەر بەهەر هۆکارێك عەرەبستانی سعودیە پەرتەوازە بووبوایە، ئەوا پەناگەیەکی ئامادەکراویان لەپاڵ شانشینە ئەفسوناویەکەوە دەبوو.

سالم بەرفراوانی و پارکەکانی شاری یاری ئۆرلاندۆی لاپەسەندتر بوو وەك لە پاڵم بیچ کەهەندێك لە شاهانە سعودیەکان بەدڵیان بوو. سالم ئۆتۆمۆبیلی لیمۆزین و ژنە مەساجکارەکانی بەکرێدەگرت تا لە پاڵم بیچ سەردانی شازادەکان بکەن، ئەگینا کاتەکانی لەوێ

کەمکردبووەوە. وادەردەکەوت کەخۆی لەخۆدەرخستنی کۆمەڵایەتیەوە دووربگرێت. گاڵتەی بەهەموو خۆبەزلزانەکان دەکرد. جارێکیان لەکاتی نانی ئێوارەدا بزنسمانێکی ئەمەریکی تامێکی شەرابەکەی کردو لوتبەرزانە گەڕاندیەوە. سالم بەداوای لێبوردنەوە بۆ ساتێك جێیهێشتنو چووە چێشتخانەکەو لەگەڵ شاگردەکاندا رێکەوت تا شەرابە رەتکراوەکە بکەنە بتڵێکی تازەوە. ئەمجارەیان بزنسمانەکە تامی کردو وانیشانیدا کەشەرابەکەی لاخۆشە، تا سالم پەنگەکەی ئاشکراکرد.

تا ئەو کاتەش ئەوەی دەزانی کەکرپیارە شاهانەکانی ستایلێکی شکۆمەندیان دەخواست بەبەراورد بەوەی خۆی بەشێوەیەکی گشتی حەزی بەچی دەکرد. لەساڵی ۱۹۸۰دا، هەرکە بنیاتنان لە ئەوکتری دەستی پێکرد، سالم داوای لەیەکێك لەهاوبەشەکانی کرد کەئەگەر بتوانێت کۆشکێکی رازاوەی لە ئۆرلاندۆ بۆ دروست بکات کەگونجاوبێت بۆ بەکرێدان بە شازادە سعودیەکان کە بۆ پشودان دەهاتنە ئەوێ. لەبازاڕە کراوەکەدا هیچ شتێکی لێنەبوو، بەڵام پاش هەندێك هەوڵو تەقەلا بزنسمانێکی لۆکاڵی دەوڵەمەندیان دۆزیەوە بەناوی میلەر مککارسی کە لەموڵکێکی چەندین دۆنمیدا روەوە رۆژئاوای ئۆرلاندۆ دەژیاو بەسەر جۆنس لەیکدا دەیڕوانیو دوور نەبوو لە دیزنی وێڵدەوە. خانووە سەرەکیە دڵفرێنەکەی لەناوەڕاستی بیستەکاندا لەلایەن پیاوێکەوە بەناوی پرات دروستکرابوو کەکەسێکی کیمیاگەر بوو کەگوایە ئەو ماڵو سامانەی لەو داهێنانەوە بۆ مابوەوە کە لەماددەی مەیانەو خەستکردنەوەی جێڵدا (جەلاتینیدا) بەکاریهێنابوو. پرات حەزی خۆی هەبوو: ئەو کەرەستەی خاوی کرِیو رێچکەکانی بەشێوەی تاقو ووردەکاری چرِوپرِ دروستکرد. چیمەنەکەی بەشی دواوە لەمەلەوانگەکەوە لێژدەبوەوە بەرەو شۆڕەبیەکانو باخە دارخورماکان لەتەنیشتی دەریاچەکەدا. لەچەند ساڵی داهاتوودا زەویو زارەکە وێران بوو بوو، بەڵام مککارسیو هاوسەرەکەی لەسەرەتای حەفتاکاندا کریانو نزیکەی ٦٠٠ هەزار دۆلاریان لەئاوەدانکردنەوەیەکی ووردو رێکوپێکدا خەرجکرد.

لەبەرامبەر نرخێکی بەرزدا، خاوەن ماڵەکەو هاوسەرەکەی رازیبوون لەکاتی گەیشتنی هاوڕێ شاهانەکانی سالمدا بۆ ماوەیەکی کاتی لەماڵەکە بچنە دەرەوە. سعودیەکان ناوچەکەیان بە پاسەوانە ئەمنیەکان تەوقدابوو کە لەلایەن (CIA) مەشقیان پێکرابوو، کە سالم وای بە مککارسی راگەیاندبوو. مککارسی رایگەیاند کەکۆشکەکەیان بەپەرتو بڵاوی جێهێشتبوو، دواتر بە ٢٥ هەزار دۆلار سزای دان. بەووتەی رۆبێرت فریمان، لەگەڵ ئەوەشدا "بەڕاستی شازادە

کاتێکی خۆشی لەمانەوەکەی بەسەربرد، ئەوەش هەواڵێکی خۆش بوو" بۆ سالم. دواتر، سالم بەرێگە هەوەسخوازەکەی دەستبەجێ داوای لە مککارسی کرد کەتەواوی موڵکەکەی پێ بفرۆشێت. بەگوێرەی فریمان، سالم پێی وابوو کەدەکرێت شوێنەکە "بۆ هەندێك کەیفخۆشی میوانە دەستبلاَوەکانی لەعەرەبستانی سعودیەوە دێن بەکاربهێنێت".

هەرکە لەرێکەوتن نزیکبونەوە، سالم لەنیوەشەودا تەلەفونی بۆ مککارسی کرد لە سینگافور تا مامەڵە بکەن. هەموو شتێکی ویست لەخانوەکەدا؛ چەرچەفەکان، بەرگە سەرینەکان، تەنانەت ئۆتۆمبیلە شێڤی ڤانەکەی مککارسی کە سالم دڵی پێیداچوبوو، چونکە تەلەفونی تێدا بوو. کاتێك لەسەر مەرجەکان رێکەوتن مککارسی بەبیریهێنایەوە کەتەواوی نرخەکەی لەژێر ٢,٢ ملیۆن دۆلار بوو، سالم نێردراوێکی بەچەکێکی بانکی ٢٥٠ هەزار دۆلاریەوە نارد. مامەڵەی کرین‌و فرۆشتنەکەیان لەتشرینی یەکەمی ١٩٨٠دا کۆتایی پێهێنا. ژمێریارەکانی سالم لە نیویۆرك، لە پرایس ۆتەرهاوس کۆمپانایەکی لیبریاییان دامەزراند بۆ کرین‌و هەڵگرتنەوەی موڵکەکە، وادەردەکەوێت وەك بەشێك بوبێت لەستراتیژیای خۆدزینەوە لەباجدانی نێودەوڵەتی سالم. سالم ئەم کۆمپانیا بەکرێدەرە کەم باجدەرەی ناونا دێزەرت بیەر لیمیتد. لەوکاتە بەدواوە ناوچەی ئۆرلاندۆ بەتەواوی بە دێزەرت بیەر ناسرا.

ماڵەکانی دەوروبەری جۆنز لەیك، واقیان وورمابوو کاتێك سالم‌و میوانە شاهانەکانی شوێنەکەیان گۆری بۆ پارکێکی تایبەتی شاری یاری. باڵۆنەکان لە باخچەکانەوە بەرزدەبونەوەو بەسەر ئۆرلاندۆوە کۆمەڵیان دەبەست. هەلیکۆپتەرەکان دارخورماکانیان دەلەراندەوە لەوکاتەی لەناوەوە دەنیشتنەوە، پیاوان بەقاتەوە دادەبەزین‌و جانتایان بەدەستەوە گرتبوو، بەهەروەڵە بەرەو خانووە سەرەکیەکە دەرۆشتن. بەووتەی دراوسێیەك‌و بەپێی مککارسی، سالم لەگەڵ دراوسێکانیدا هاورێیەتی خۆش‌و گەرم‌وگور بوو، هەروەها هەوڵی دەدا ئاهەنگەکانی لەژێر کۆنترۆڵدا بێت، بەلاَم عەشقبازی جارنەجاری کەپلەکان چیمەنەکەیان تەپاندبوو، "حەزیان لەکێشانی حەشیشە بوو، بەئاشکرایش دەیانکێشا".

کاتێك خوشك‌و براکانی سالم لەگەڵ منداڵەکانیاندا سەردانی دێزەرت بیەریان کرد، کەش‌و هەواکە بەشێوەیەکی بەرچاو ئارام بووەوە. سالم یەکێك لەخانووەکانی دەرەوەی گۆری بۆ گەراجی فرۆکەی دوو سەرنشینی. فرۆکەوانێکی بەناوی پات دیگان لە تەکساس بەکرێگرت تاگەشتەکانی بۆ ئەنجام بدات. رۆژێکیان دیگان چووە خانووە سەرەکیەکەوەو لەژووری میوان

سالی لەسەر قەنەفەیەك بینی کەهێشتا رۆبی حەمامکردنی لەبەردابوو، هەروەها لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری منداڵەکانی بن لادندا بوو کەهەموویان لەژێر تەمەنی دوانزە ساڵیەوە بوونو لەبەردەمیدا ریزیان بەستبوو. سالم سەفتەیەك سەد دۆلاری بەدەستەوە بوو، بەمنداڵەکانی دەووت "دەی وەرن"و یەك لەدوای یەك سەد دۆلاری پێ دەدان. دیگان بۆ ماوەیەك سەیریکردو ووتی "هێی، ئەتوانم بچمە ریزەوە".

لەوکاتەدا سالم فڕۆکەیەکی دەریایی کڕیبوو کەلە ئەمەریکا دابینابوو بۆ کات بەسەربردنی خێزانی لە فلۆریداو تەکساس بەکاریدەهێنا. لەماوەی ئەم ساڵانەدا سالمو غالب لەناو خێزانەکەدا چالاکترین فڕۆکەوان بوون؛ بەسەر جۆنز لەیکداو باخە پرتەقاڵەکانی ئەو ناوەدا لەفڕۆکە دوو سەرنشینەکاندا گیڤەیان دەکردو بەتوندی فڕۆکە دەریاییەکەیان هەڵدەستاندو دەنیشاندەوە. غالبی برا بچوك بەشێوەیەکی بەرچاو زیاتر روو لەئایین بوو وەك لە سالم، بەلام کامەرانو سەرکەش بوو، هەروەها خێزانێکی گەورەی منالی ووردی هەبوو کە دیزنی وێڵدیان زۆر پێخۆش بوو.

لێخوڕینی فڕۆکە دوو سەرنشینیەکە لەباخەکەی دواوەی دێزەرت بیەر لەکاتی بەرزبونەوەو نیشتنەوەدا پێویستی بەهەندێك لێزانی هەبوو، لەبەرئەوەی رێگای فڕۆکەکە لەنێوان درەختە پرتەقاڵەکانو هێڵەکانی کارەبادا تاڕادەیەك تەسك بوو. غالب چەند جارێك بێ ئەوەی توشی رووداو بێت بەو رێگەیەدا لێیخوڕیبوو، بەلام رۆژێکیان زۆر بەلای تەلی کارەباکاندا لایداو سەرەنجام بزوێنەرەکەی لەیەکێك لەتەلەکان گیربوو، فڕۆکەکە تەقلەی لێداو تێکشکا. غالب پشتی شکا، بەلام بەختەوەر بوو بەوەی توشی پەککەوتنی درێژخایەن یان ئیفلیجی نەبوو. تا ماوەیەك لەنەخۆشخانە بێ جوڵە مایەوە، پاشان لە دێزەرت بیەر چاکبووەوە. ئەوە بەئاستەم رزگاربونێکی تری تۆمارنامەی فڕینی بن لادنیەکان بوو، هەروەها دواهەمینیش نابێت.

سالم ئۆفیسێکی لە ئۆلۆمپیك تاوەر لەگەڕەکی پێنجەمدا، لە میدتاون مەنهاتان خستەگەڕ. رۆبێرت فریمان هاوبەشە لۆکاڵیەکەی بوو، کەپێشتر خاوەن بانکێکی وەبەرهێنان بوو کەباوکی چەند دەیەیەك لەوەوبەر هاوڕێیەتی شا فەیسەڵی کردبوو. (گەیل)ی هاوسەری فریمان لەوەوپێش شەیخای هاوسەری سالی بینیبوو کە لەکابینەی پلە یەکی گەشتێکی ئاسمانی بازرگانی لە لەندەنەوە بۆ مەککە پێکەوە دانیشتبوون. ئەو دووانە بوونە هاوڕێو تەنانەت دوای ئەوەی سالمو شەیخا لێکجیابوونەوە پەیوەندییەکەیان بەنزیکی مابووەوە. سالم داوای لە

فریمان کرد کە وەك راوێژکاری تایبەتی دارایی کاری بۆ بکات. فریمان لەجیاتی ئەوە پێشنیازی ئەوەی کرد کەپێکەوە کۆمپانیایەك لە نیویۆرك دروست بکەن بۆ وەبەرهێنان لە ئەمەریکادا. دامەزراوە دیلاوێرەکەیان بەناوی ئامارکۆوە (Amarco) تۆمارکرد بەواتای کۆمپانیای ئەمەریکی- عەرەبی. سالم و خالیدی بن مەحفوز یەکی ٤٠٪ و فریمانیش ٢٠٪ی بەرکەوت. فریمان هیواخواز بوو لەرێی لەئەستۆگرتنی پرۆژەی گەورەوە خۆیان دەوڵەمەند بکەن، بەتایبەتی لەزەوی و زاری بازرگانیدا، لەبەرئەوەی بۆی دەرکەوتبوو کە سالم رقی لەبازاڕی بۆرسەو موڵك و ماڵە مەعنەویەکانی تر بوو.

فریمان، سالمی بە دۆناڵد ترەمپ ناساند. بن لادنەکان خاوەنی پارچە زەویەکی بەکارنەهاتوو بوون لەنزیك کۆشکێکی شاهانە لە ریاز، فریمان پێی وابوو کە ئەو موڵکە "هەلێکی نایاب دەداتە دۆناڵد ترەمپ بۆ دروستکردنی یەکێك لەباڵەخانە دیارو جیاوازەکانی وەك ئەوەی ترەمپ تاوەر (Trump Tower) لەنیویۆرك. کاتێك لەئۆفیسی ترەمپ یەکتریان بینی، بەڵێندەرەکە بە سالمی راگەیاند کەوا پێی خۆشە، بەڵام داوای ٢٥ هەزار دۆلاری بەکاش کرد لەگەڵ دابینکردنی دوو تکتی پلە یەك بۆ خۆی و هاوکارەکەی تا بچنە ریاز. بەگووتەی فریمان، ترەمپ ئەوەی خستەڕوو کە بەو ناوبانگەیەوە بەپێویستی نەدەزانی کەدەبێت پارەی خۆی لە "گەڕانە پڕ مەترسیەکان لەشوێنە دوورەکاندا" خەرج بکات. سەرەڕای ئەوەش، ترەمپ لەقسەکانی بەردەوام بوو؛ ئەگەر سالم ئەو ٢٥ هەزار دۆلارە دابنێت، مانای وایە رێکەوتنەکەی بەڕاست وەرگرتووە. بەڵام سالم رەتی کردەوە. ترەمپ رایگەیاند خەڵکی خواخوایانە بازرگانی لەگەڵ بن لادنەکان بکەن، لەبەرئەوە پێویستیان بەوە نیە پارە بدەن تا یەکێك کاریان لەگەڵدا بکات. بۆ بەدبەختی فریمان، کۆبونەوەکە بێ ئەنجام کۆتایی پێهات. فریمان بەدیکرد کە سالم و ترەمپ " کەسایەتی زۆر بەهێزیان هەبوو، لەلایەن هەردوولاوە سازشکردنێکی زۆر کەم هەبوو بۆ یەکتری". ووتەبێژی ترەمپ نکۆڵیکرد کە ئەو جۆرە گفتوگۆیانە روویدابێت. لەبەرامبەردا داوایلێکرا بەسەر سەرچاوە نوسراوەکانی نوسەرەکەدا بچێتەوە، بەڵام ووتەبێژەکە وەڵامی نەدایەوە.

فریمان یەك لەدوای یەك بیری وەبەرهێنانی دەخستە بەردەم هاوبەشە سعودیەکان، بەڵام سالم بەدەگمەن بەدڵی بوون. وادیار بوو کەپەشیمان بێت بۆ کارەکەی مەنهاتن، بەزۆری بۆ بەکارهێنانی وەك مینبەرێکی بازاڕکردن. کاتێك لەنیویۆرك بوو، ئەوەی یەکەم شت دەیکرد

سەردانکردنی بازاڕی شەقامی ٤٧ بـوو، کـەکاتێکی زۆری لەسـەوداکردنی خشـڵو زێـڕو کەلوپـەلی کارەبایی دەکرد لەگەڵ هازیدم کەخاوەنی زۆربەی ناوچە ووردەفرۆشەکانی ئـەو ناوچـەیە بـوو. جانتای پڕ ملوانکەو گوارەی ئەڵماسی بـۆ دایکـەکانو خوشـکەکانی بـن لادنـەکان دەکـڕی کـە لـە عەرەبستانی سعودیە بوون. گەشتیارە عەرەبەکانی تر بەدەوری تیفانیدا کەشوفشیان دەکـردو بەلوتبەرزیەوەو بێ مامـەڵکردن پارەکـەیان دەداو عەلاگـەی بـازاڕکردنی تیفانیـان بـەدەرخراوی هەڵدەگرت، بەڵام بەگوتەی فریمان، سالم "بۆ کڕینـی ئـەو شـتانە بـەدوای رێکەوتنـدا دەگـەڕا". سالم حەزی لەسەوداگەری بوو لەگەڵ فرۆشیارەکانی هاسیدیکدا، بـەڵام دەترسـا هەڵیبخڵەتێنن، لەبەرئەوە فـەرمانی بـە فریمـان دا کەسـێکی قەبڵێنـەری بـۆ پەیـدا بکـات کـەبتوانێت پشـکنینی وورد بۆ پارچە خشڵەکان بکاتو بڵێت کەدەبێ چەندیان پێ بدات. فریمان قەبڵێنەرێکی ئیتـاڵی پەیـداکرد لەگــەڵ دابینکردنــی ئۆفیســێکی قــاتی دووی شــەقامی ٤٧، تــا بتوانێــت خشــڵە پێسپێردراوەکانی بۆ بنێرێت لەلایەن خاوەن دوکانەکانی قاتی خوارەوە. سەرەڕای ئەوەش، ئـەو هەرگیز بەتەواوەتی لەوە دڵنیا نـەبوو کـە ئایـا قەبڵێنەرەکە بەدزیـەوە لەگـەڵ زەرەنگەرەکانـدا رێککەوتوون یان نا. ئەوە کێشـەیەکی قـورس بـوو، سـالم زیـاتر دانوسـتانەکانی بـەدڵ بـوو وەك لەئاکامــەکانی. ســالم ئــەو لایەنــە دژە جولەکەییــەی لەمێشـکدا قــاڵ بووبــوو کــە جولەکــەکان زۆرزانتریــنو فێڵبــازترین ســەوداکەری جیهــانن؛ بــازاڕکردن لەدوکانــەکانی هاســیدیکدا بــەلای سالمەوە بوێریەکی پاڵەوانانە بوو.

ســالم هــەردەم دەوروخــولی بــازاڕە ئەلیکترۆنیــەکانی دەدا بــۆ تــازەترین مــۆدێلی تەســجیلو کامێراو حاسیبەو تەلـەفونی دەسـتیو تەلـەفزیۆنی بچوك، هەمووشـیانی بـەکۆ دەکـڕی. گـەیڵ فریمان لەیادی بوو کە سالم "سـەدەها شـتی لەمانـە بـۆ شـازادەکان دەکـڕی". بـەناو راڕەوەکانـدا دەگەڕاو تەماشای جامخانەی دوکانەکانی دەکردو پرسیاری دەکرد، "راستیەکەم پێ بڵێ: ئەمانـە جۆری تازەنو تائێستا کەس نەیبینیون، وایە؟". وەك فرۆشیارێك لە مادیسن سکوێر گاردن، کە تکتی وەرزی بەکاردەهێنێت بۆ راکێشانی کڕیارەکان، سالم جوڵەو لێزانینی خۆی بـۆ مـافی شـت کـڕین لـە ئەمـەریکادا خسـتەگەڕ بـۆ چـنگکەوتنی ئـەو ئـامێرە ووردەواڵانـە تـا لەعەرەبسـتانی سعودیەدا بەکاریان بهێنێت بۆ خۆشیرینکردن لەلای شازادەکان.

خالد بن مەحفوز دوو شوقەی لە ئۆڵۆمپیك تاوەر کڕی، بەڵام لەگەڵ سالمدا هـەردەم ژووری بەخزمەتگوزاریو گونجاوێتی هۆتێلەکانیان لاپەسەند بوو؛ کاتێك دەچوونە نیویـۆرك بـەزۆری

لە هۆتێلی هێڵمسلی پالاس یان پلازا دەمانــەوە. سـالم ئاهـەنگێکی گرانبـەهای یـادی لـەدایکبونی ۲۸ ساڵەی رەنـدەی لـە پـلازادا سـازکرد. لەبەرئـەوەی لەشـارەکەدا خـەڵکی زۆر نەدەناسـی، سـالم داوای لـە فریمـان کـرد هاوڕێکـانی لەدەوروبـەری لـۆنگ ئایلەنـد کۆبکاتـەوەو ژوورەکانیـان پـێ پڕبکاتەوە. سالم گۆرانی سواوی بێ تامی فۆلکلۆری‌و کریسمسی ووت. فریمان رایگەیانـد، "ئێمـە یاری دەستی ئەو بووین". گرنگی نەدانی سالم بـەپرۆژە بازرگانییـە گـەورەکان فریمانی پەسـت کردبوو، لەدوا کاریدا، وازی لەکاری وەبەرهێنانێکی گەورەی بانکدا هێنابوو.

هێشتا هەوڵی دەدا بەشێوەی هاوبەشەکەی بژی. جارێکیان لەگەشتێکدا بۆ جـەددە، لـەنیوەی شـەوداو لەناوەڕاسـتی بیابانەکـەدا، سـالم، فریمـان‌و هاوکـارێکی ئیتـاڵی لـە ئۆتومبیلـە جێبەکـە دابەزنـدو جێی هێشتن، فریمان‌و هاوکـارە ئیتالیەکـەی بـەناو لمەکـەدا بـەرەو جادەکـە ملیـان نـا، پاشـان ئوتومبیلێـك هـەڵیگرتن‌و خۆیـان گەیانـدە جـەددە. کاتێـك توانیـان بگەڕێنـەوە، سـالم حەپەسا بوو؛ وای دانابوو کە ئـەم پـەنگ پێدانـە بەشـێکی بـۆ گاڵتەوگەپـەو بەشـەکەی تریشـی وەك تاقیکردنەوەیـەکی رزگاربوونـە. فریمـان بەئارامیـەوە چـاوەڕێی تۆڵسـەندنەوەی دەکـرد. شەوێکیان لە نیویۆرك، کاتێك هەموویان لەدەرەوە بوون بۆ نانخواردنی ئێـوارە لەگـەڵ رەنـدەدا، بۆیان دەرکەوت کە سالم جزدانی پارەکـەی بیرچـووەو پـارەی پـێ نیـە. دوای ئـەوە دەسـتبەجێ، فریمـان لێیخـوڕی بـۆ هـارلم، بـەزۆر سـالی لـە ئۆتۆمبیلەکـە دابەزانـدو بـۆی دەرچـوو. رەنـدە نەدەسرەوت‌و پێی وابوو سالم هـەرگیز نـاتوانێ بگەڕێتـەوە، بـەڵام ئەوەنـدەی پێنەچـوو لەگـەڵ دوو هـاوڕێی تـازەی ئـەفریقی ئەمەریکیـدا خـۆی کـرد بەهۆتێلەکـەی رەنـدەدا. بێگومـان زۆر کامەران بوو ووتی: "بۆب، بەڕاستی هەستی قۆشمەچێتیت تێدایە".

فریمان پێویستی بەپارەبوو، سالم هـەردەم وا دەسـتی بـۆ پـارەی کـاش نوقـابوو، کـە فریمـان دەبوایە شەو لەدوای شەو تەلـەفون بـۆ جـەددە بکـات‌و داوای رەوانـەکردنی پـارە بکـات: "سـالم، دەبێت هەندێك پارەمـان لابێـت، خـەڵکی هاتوونـە بـەردەرگا بۆمـان. دەبێـت کـرێ بـدەین، چـی بکەین؟ روو لەکوێ بکەین؟" سالم هەمیشـە بڕێکـی کـەمی دەدا کـە بـۆ هێشـتنەوەی ئۆفیسـەکە پێویسـت بـوو، "بـەڵام ئـەوە هەمیشـە لـەدوا ساتدا بـوو". فریمـان ئـەوەی بەباشـی بۆدەرکـەوت کـەکۆمپانیاکانی بـن لادن لـە جـەددە کـە لـەم سـاتەدا سـالم بەتـەواوی کـۆنترۆڵی کردبـوون، تاڕادەیـەك بودجەیـەکی پتـەویان هـەبوو، بـەڵام ئـەرکێکی زۆری لەسـەر بـوو: کرێـی کارمەنـد، کەلوپەل، دانەوەی قەرز، خەرجی خێـزان، بـەجۆرێك سـالم نەیـدەتوانی بەئاسـانی بـۆ پـرۆژەی

تایبەتی خۆی بەکاری بهێنێت. دواکەوتنی کرێی کۆمپانیا بنیاتنەرەوەکانی لەلایەن خێزانی شاهانەوە زیاتر تەرایی لێبڕیبوو. سەرەڕای ئەوەو ساڵ دوای ساڵ، حەزو ئارەزووی سالم بۆ فڕۆکە تایبەتەکانو موڵكو ماڵ لەدەرەوە لەگەشەسەندندا بوو. لەسەرەتای هەشتاکاندا نرخی نەوت دابەزی، بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی بەرچاو شکستی بەستایلی سالم نەهێنا. لەبری ئەوە، بەگووتەی فریمانو هاوبەشەکانی ترو کارمەندەکان، شێوازێکی تازە دەستپێکرد. بەگوێرەی فریمان، کاتێك سالم پێویستی بەپارە بوایە "دەبوایە رووبکردایەتە خالیدی بن مەحفوز".

ئەوان هاوتەمەنو باشترین هاوڕێ بوون، هەریەکەیان نەوەی سەرمایەدارێکی بازرگانی حەزرەمی بوون، هەریەکەیان خۆیان لەگەڵ پێویستیە نێودەوڵەتیەکان بۆ برەوسەندنی نەوت سازاندبوو. هەرکە گەیشتنە تەمەنی سییەکان، لێپرسراوێتیەکانی میراتیان لەئەستۆگرت، لەگەڵ ئەوەی کەسایەتی پێچەوانەیان دەنواند. کاتێك پێکەوەو لەفڕۆکە تایبەتەکەیاندا گەشتیان دەکرد، سالم دەیکردە گاڵتەو شامپانیای دەخواردەوەو گیتاری دەژەنی، بەڵام خالد بەهێمنی دادەنیشتو چای دەخواردەوە یان نێرگەلەی عەرەبی دەکێشا. خالد خۆی بەدوور دەگرت لەئاهەنگە ووروژێنەرەکانی سالم کە بۆ شازادە سعودیە رەوشت سوکەکانی سازدەکرد. لەبەرامبەردا قۆشمەچێتیە ئابڕوبەرەکانی سالی پێخۆش بوو، بەڵام هەردەم لەسەرخۆ چاودێری دەکرد، یان زەردەخەنەیەکی کەمی ساختەچیانەی بۆ دەکرد. یەکێك لەکارمەندەکان کە چەندین کاتژمێری لەگەڵ ئەو پیاوەدا بەسەربردبوو، رایگەیاند "ئەو پیاوێکی زۆر هێمن بوو، زۆر تایبەت بوو، لەبیرکردنەوەدا زۆر قوڵ بوو. پێم وایە ئەوەی بەلاوە خۆش بوو کەدەیبینی سالم سڵ لەهیچ شتێك ناکاتەوە تا بیڵێ یان بیکاتو پێم وایە کەمێك خۆشی ژیانی لەوەوە وەردەگرت".

بەگوتەی کارمەندێکی تر، خالد "پێی خۆش بوو سالم نمایش بگێڕێت". لەنێو شتەکانی تریشدا، ئەمە مانای گونجاندن بوو لەگەڵ بیرە تایبەتەکانی خودی سالم سەبارەت بەوەی کە چۆنو کەی بیەوێت پارەکەی خۆی خەرج بکات. جارێکیان، لەگەشتێکدا بۆ کالیفۆرنیا، بن لادنو بن مەحفوز رێکەوتن کە لەتەرمیناڵی فڕگەی تایبەتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لۆس ئەنجەلوس یەکتری ببینن. لەوکاتەی خالیدو هاوکارەکانی چاوەڕێیان دەکرد، بینیان کێنی رۆجەرسی گۆرانیبێژ بەفڕۆکەیەکی تایبەتی گەیشتو لەگەڵ پاسەوانەکانیدا چوونە ئۆتۆمبیلێکی لیمۆزینی درێژەوە. لەولاوە سالم بەئۆتۆمبیلێکی هەرزانبەها کەبەکرێی گرتبوو

دەرکـەوتو دەسـتی بـۆ خالـد راوەشـاندو لەپێشـەوە سـەرکەوتو بـەرەو هێڵەخێراکـە بـۆی دەرچوون. کارمەندەکە گێڕایەوە کە "کەس نەیدەزانی ئەوان کێنو زۆر بێ باك بوون".

هەندێك لـەهاوکارە ئـەوروپیو ئەمەریکیـەکانیان پێیـان وابـوو ئـەو پەیوەندییـە بازرگـانیو هاوڕێیەتیەی لەنێوان خالیدو سالمدا هەبوو زیاد لەپێویست پێکداچوو بـوو. لەلایـەنی پـارەوە، بەئاشکرایی خالید هاوبەشە بالادەستەکە بوو، بەڵام ئەوە سالم بوو کەوا بەئاسانیو نافەرمیانـە خۆی دەگەیاندە لای فەهدو شاهانەکانی تر؛ لەبەر لێزانـیو چوسـتو چالاکی، دەسـەڵاتی سـالم لە ریاز قەبارەی حسابی بانکەکانی زیاد کرد. برادەرێکـی بازرگـانی ئـەوروپی کـە هـەردووکیانی دەناسـی لەوبڕوایـەدا بـوو کـە خالـد رقێکـی شـاراوەی بـێ دەنـگ لەناخیـدا پـەنگی خواردبـوو دەرهـەق بـە ئـەم لارسـەنگیە. سـەبارەت بـەخودی بـن مـەحفوز، هەنـدێك لەهاوبەشـەکانیو کارمەنــدەکانی بەکەســێکی نــاڕوون لەقەڵــەمیان دەدا، بەوپێیــەی پیاوێــك بــوو چــەندین هەڵسوکەوتی دژ بەیەکی هەبوو.

کـەمترین شـتی ئـاڵۆز سـەبارەت بەخالیـد سـەروەتەکەی بـوو، لەسـەرەتای هەشـتاکاندا بەتـەواوەتی ئاشـکرا بـوو. سـالم بـوو بـووە هـاوڕێی هـاری وینسـتن کەزەڕەنگـەرێکی نـاوداری نیویۆرك بـوو، لەڕێگـەی ئـەوەوە سالمو خالیـد بانگێشـتی پێشـانگای هامـەرمان بـرەزەس کـران کەزەڕەنگـەرێکی کـۆفرۆش بـوو لـە مـەنهاتن. خالیـد هەنـدێك پارچـەی نایـابو گرانبـەهای جیاکردەوە. بێرنی هامەرمان، رۆبێرت فریمانی بردە لاوەو پێـی ووت کـە ئایـا زۆر شـەرمەزاری نیە ئەگەر داوای پارە لە خالید بکات پێش ئەوەی بەو خشڵو زێڕانەوە بچێتە دەرەوە. فریمـان گێڕایەوە کـە خالیـد پێشـنیاری دوو نـاوی کـرد تاپەیوەنـدی پێوەبکـەن: بـێن لـەڤی لێپرسـراوی بـانکی بازرگـانی تەکسـاس لـە هۆسـتن، لەگـەڵ تـۆم کلۆسـنی لێپرسـراوی بـانکی ئەمـەریکا لـە فرانسیسکۆ. بەشی ژمێریاری هامەرمان پەیوەندی بە کلۆسنەوە کردو ئـەویش پێـی راگەیانـدن کەدەسەڵاتی ئەوەی هەیە بەبڕی ٥٠ ملیۆن دۆلار چەك بۆ خالیدی بـن مـەحفوز بکات. فریمـان گێڕایەوە، "ئەم کارە وروژانێکی تەواوی لەپێشانگاکەدا نایەوە".

بن مەحفوز زۆربەی کاتەکانی لەناوچەی هۆستنی ئەمەریکادا بەسـەربرد. خالیـد چـاوی بـە جـیم بـاتی فرۆکـەوان کـەوتبوو لەدەوروبـەری هـەمان ئەوکاتـەی سـالم چـاوی پێـی کـەوتبوو، لەڕێگـەی بـاتو هاوبەشـە ئەمەریکیـەکانی تـرەوە فرۆکـەی تایبـەتیو زەویو زاری کـڕی. لەدەوروبـەری هۆسـتن، کێڵگەیـەکی گـەورەو لـە ریڤـەر ئـەوکس تـەلارێکی کـڕی کـە گـەڕەکێکی

سەرمایەدارەکانی نەوتو خانزادەکانیانە کەپارەکانیان رژاندبووە خانووە تازە دروستکراوەکانی پێش جەنگو باڵیان بەسەر زەویو زارەکانی جۆرجیادا کێشابوو. موڵکەکەی بن مەحفوز لە ۳۸۰۰ناوچەی ویلۆویك دەکەوتە گۆشەیەکەوە لەنزیك ماڵە تارادەیەك سادە بەسنەوبەر داپۆشراوەکەی جیم باتەوە. خانووە سەرەکیەکەی خالید لە ڤێرسەیلس* دەچوو؛ لەبەشی دواوە مەلەوانگەیەکی تێدابوو، لەگەڵ دوورگەیەك لەناوەراستدا کە بەپردێکی پیادەرەو بۆی دەچووی. بیلْ وایتی هاوبەشی باس گێرایەوە کە بات پێی دەوت "خانووە گەورەکە". خالید زەویەکەو خانەی میوانەکانی بەرووی بن لادنەکاندا کردەوە. خوشکەکانی سالم گەیشتنە ئەویّو لەزەویە بەرفراوانەکەدا کاتێکی خۆشیان بەسەرکەوتنی دارەکاندا بەسەربرد. سالمو خالید ئاهەنگیان بۆ پیاوماقوڵانی تەکساس سازدەکرد کەهەندێك لەوەبەرهێنانەکانی بن مەحفوزیان لە ئەمەریکا بەرێوەدەبردو پەرەیان پێ دەدا. جارێکیان لەم کاتەدا، خالید تێبینی ئەوەی کرد کە پاسە گەشتیاریەکان لە ویلۆویكو لەبەردەم زەویەکەیدا دەوەستنو پرسیاری کرد، "بۆچی ئەم خەڵکە هەر بەئێرەدا دێن؟". یەکێك لەکارمەندەکانی بۆی روونکردەوە کەوا ئێستا ماڵەکەی دەکەوێتە ریڤەر ئەوکسی گەشتیارە ناودارەکانەوە. ئەویش وا دەردەکەوت تەواو بەراستی بێت، پێی ووت "جارێکی تر کەهاتن بابێنە ژوورەوە بۆ چاخواردنەوە".

بەپێی دوو کارمەندی خالید، جۆن کۆناڵی، لەماوەی کامپینی سەرۆکایەتیدا بەفرۆکەکانی بن مەحفوز گەشتی دەکرد. هەردوو نێڵسنو بەنکەر هەنتی سەرمایەدارانی نەوت لەگەڵیدا گەشتیان دەکردو هەوڵیاندەدا بن مەحفوز رابکێشنە نێو کۆششە چارەرەشەکەیانەوە بۆ تەنگ پێهەڵچنینی بازاری سیلڤەری جیهانی؛ یەکێك لەکارمەندەکان لەیادی بوو کە خالید گلەیی ئەوەی دەکرد کە لەو سەرکەشیەدا زەرەری کردووە. بەپێچەوانەی سالمەوە، خالید شوێنی مارکەیتە داراییە جیهانیەکان کەوتو ستراتیجی وەبەرهێنانی لەکانزا بەنرخەکانو دراوی بیانیو کەلوپەلە سەردەمیەکانی ئەوکاتە خستەگەر. راوێژکارەکانی لەبواری داراییدا لێزانو کارامەبوونو هەندێکیان لەبەرزترین ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی پەیوەندیان بەست. لە هۆستن، یەکێك لەپارێزەرەکانی، بەیکەر بۆتس بوو کەبەهێزترین دامەزراوە بوو، کەلەگەڵ ئەویشدا نوێنەرایەتی خانەوادەی بۆشی دەکرد.

* باخو باخاتێکی گەورەو ڤەشەنگو رازاوەی دڵفرێن. (وەرگێر)

خالیـد یـەکێك بـوو لـەو چـەند کـوڕەی بـن مـەحفوز کەبەشـداری دەکـرد لەبـەڕێوەبردنی کاروباری دارایی خانەوادەکەی لەبانکی بازرگانی نیشـتیمانیدا (NCB)، بـۆ سەرپەرشـتیکردنی حسـاباتی باوکـە بەتـەمەنەکـەی‌و سـالم‌و خۆشـی وەك لێپرسـراو بـوو. خالیـد خـۆی تێکـەڵاوی کاروباری بازرگـانی بانکـە نیشـتیمانیەکە کـرد. (NCB) خـەریك بـوو دەبـووە دامەزراوەیـەکی گەردوونی زەبەلاح. لەساڵی ۱۹۸۵دا، راپۆرتی ئەوەی دا کەخاوەنی یـەك بلیـۆن دۆلاری کـاش یـان کەلوپەلـە، هـەروەها زیـاتر لـە ٦ بلیـۆن دۆلاری نوسـتوی هەیـە. وەك گـەورەترین بانـك لـە عەرەبسـتانی سـعودیەدا، بەناچـاری لەگـەڵ خانـەوادەی شـاهانەو حکومەتـدا تێکـەوەئالان. فرۆکـەکانی (NCB) جاروبـار لیسـتی موچـەیان بـۆ کۆمەڵـەی نـەوتی ئـارامکۆ دەگواسـتەوە؛ بەپێی گووتەی دەیڤد گرێی فرۆکەوان، فرۆکەکان سندوقی سەد دۆلاری تـازە لەچاپدراویان لـە بـانکی یـەدەکی فیـدرالی لـە دالاس بـاردەکرد. هـەروەها لەسـەرەتای هەشـتاکاندا، فرۆکـەکانی بانکەکە دۆکیومێنتیان بۆ بەغدا دەگواستەوە، گرێی رایگەیاند، ئەو فرۆکەوانانەی ئەم رێگەیان دەبـڕی پێیـان وابـوو ئـەو کارانـە نیشاندانی هاوپـەیمانی تـەواوی سعودیە بـوو لەگـەڵ سـەدام حوسـێندا لەسـەرەتای قۆناغـەکانی جـەنگی عـیراق- ئێرانـدا. رۆڵەکـەیان هەرچـیەك بوبێـت، گەشـتەئاسمانیەکان پشـتگیری سیاسـەتی سعودیە بـوون بـۆ پاڵپشـتی سـەدام، کـە هـەوڵێك بـوو لەلایـەن واشـنتۆنەوە پشـتگیری لێـدەکرا؛ دواتـر فەهـد ئاشـکرایکرد ۲٥,۷ ملیـۆن دۆلاری وەك یارمەتی داوەتە عیراق‌و شانشینەکە چەکە دابینکراوەکانی ئەمەریکای گواستوەتەوە بۆ سەدام.

کاروبـارە داراییـەکانی بـانکی(NCB) ئـاڵۆز بـوون، تـەنها لەبەرئـەوەنا کەبانکەکـە دەبوایـە بڕێکی یەدەکی رانەگەیەنراو هەڵبگرێت تاپارێزگاری خۆی پێبکات لەبەرامبـەر ئـەو قەرزانـەی عەرەبستانی سعودی کەرەنگە پێی نەدرایەتەوە. بەڵکو، سودو قازانجی بانکەکـەو تەندروسـتێتی دارایی هەرگیز گوماناوی نەبوو، خالید بەتەنیا خۆی هیچ ئاستەنگی نەبوو بۆ وەرگرتنـی بـڕی گەورە بەکاش. رۆبێرت فریمان گێڕایەوە کە بن مەحفوز نـاڕەزایی دەربـڕی کـەوا هەنـدێك لـەو وەبەرهێنانانەی لەزەوی‌و زاری ئەو ناوچەیەدا کەبەبڕی ٥ ملیۆن دۆلار پێشنیازی کردبـوو، زۆر کەم بـوو تاشـایەنی بایـەخی ئـەو بێـت. بێگومـان لـە ئۆرلانـدۆو بـەجیا لـە سـالم، بـن مـەحفوز دەستیکرد بەکڕینی زەوی بەبڕێکی گەورەتر لەپرۆژەی ئەوکتری خانەوادەی سالم. لـەژێر نـاوی "پـرۆژەی دیـبرا"، دوای ئـەوەی شـاگردێك خزمـەتی دەکـرد لەوکاتـەی تـاووتوێی پێشـنیازەکەی لەرێستۆرانتێکی ئۆرلاندۆدا دەکرد. بن مەحفوزو بریکارەکانی هێمنانە پارچە زەویـەکیان کـڕی

کەناوچـەیەکی گەشەسـەندوی بازرگـانی هـەژدە ئەیکـەر بـوو، کـە بـە وێسـت مـیترۆ (West Metro) ناسـرابوو، کەسـەرەنجام بەهاکـەی گەیشـتە ژێـر یـەك بلیـۆن دۆلارەوە. خالیـد بەشـێوەیەکی رۆتینـیو بـەبوونی ١٠٠ هـەزار دۆلار لەجانتاکەیـدا گەشـتیکرد، بـەپێی ریـك پیتەرسۆنی هاوەڵی، لەکۆتایی گەشتەکەدا ئەوەی کە مـابووەوە کـەزیاتر لـە ٣٠ هـەزار دۆلار بـوو، وەك بەخشیش بەخشیەوە بەسەر کارمەندەکانی لەبارەگاکانی جەددەدا.

بەهـەمان شـێوە سـالمیش بەجانتایـەکی پـڕ لـە دەیـان هـەزار دۆلارەوە گەشـتیکرد، بـەڵام وادەردەکەوێت حساباتە گرنگو شاراوەکانی پارێزراو نەبوبن. لەدەوروبەری ئەوکاتـەی دێـزەرت بیەری لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٠دا کڕی، سالم بە میلـر مککاسـی ووتبـوو کـەخۆیو کۆمپانیاکـانی بـن لادن نزیکەی ٢٢٠ ملیۆن دۆلار قەرزاری بن مـەحفوزو بانکەکـەی بـوون. زۆربـەی ئـەو قەرزانـە رەنگـە لـەبواری قـەرزی پـرۆژەو باوەڕنامـەی دارایـی بانـك بـوبن کەبەشـێوەیەکی رۆتینانـە دەدرانەوە، بەڵام ئەگەر واشـبوبێت، ئـەوا گومـانی تێـدا نامێنێت کـە سـالم لەوکەسـانە بـوو کـە پێشوەختە نزیکتر بووە وەك لە خالید. رۆبێرت فریمان تاکە هاوبەشی سالم نەبوو کەهەنـدێك جار پارە راکێشانی لەساڵەوە پێ زەحمەت بوبێت. بەتایبەتی دوای داشکانی بەهای نەوت، سـالم جاربـەجار زۆری لـەخۆی دەکـرد تـا موچـەی دۆلاری تـەنها شـەش کـەس بـدات. بـەپێی تۆمـاس دیترچـی هـاوڕێ ئەڵمانیەکـەی کەیارمـەتی دەدا یەختەکـەی دەسـت بکـەوێت، جارێکیـان سـالم پاشـگەزبووەوە لـەکڕینی یـەختێکی ٧٥٠ هـەزار دۆلاری بـەهۆی خاڵیبونـەوەی حسـابەکانیەوە، ئەگەرچـی رەنگـە بوبوایەتـە هـۆی زیانلێکـەوتنی ٢٠٠ هـەزار دۆلار. بـەپێی تۆمارەکـانی زەویو زاری فلۆریـدا، لەسـاڵی ١٩٨٤دا، بـەبێ هـیچ هۆیـەکی زانـراو، سـالم ٢٠٠ هـەزار دۆلاری بەبارمتـە لەسەر دێزەرت بیەر راکێشا.

ئەم تەنگانە ناوبەناوانە هەمیشـە خێـرا تێپـەڕ دەبـوون. سـالم بـەنزیکی لـە خالیـد مایـەوە، بەشێکی لەبەر پـارە لـێ قـەرزکردن بـوو، هێشـتا دەیتـوانی پـارەی کاشـی دەسـتکەوێت بـۆ یـەك لەدوای یەك کڕینی لیەرجێت. بەهەرحاڵ، مەحال بوو بزانرێت کەی سالم دەسـتکاری پارەکـانی خۆی دەکاتو چ کات فەندەکانی کەسێکی تر هەڵدەسوڕێنێت. وادەردەکەوت هەنـدێك لـەو پـارە کاشـانەی سـالم بەدەسـتیەوە بـوون لـەدەرەوەی سیسـتمی بـانککردنی نێودەوڵەتیـەوە بـووبن. رۆبێـرت فریمـان لـەیادی بـوو کـەجارێکیان سالم داوای لێکـرد رێگەچـارەیەك بدۆزێتـەوە بـۆ شـاردنەوە یـان شـۆردنەوەی پـارەی بانـك، کەنزیکـەی ٥ بـۆ ١٠ ملیـۆن دۆلاری کـاش دەبـوو بـۆ

بانکەکانی رۆژئاوا. فریمان داواکەی رەتکردەوەو رایگەیاند، هەرگیز بۆی دەرنەکەوت ئەو پارەی سالم دەیویست بیشواتەوە لەکوێ هێنابووی.

ئەمانە مامەڵە داراییەکانی سالم بوون لەسەرەتای هەشتاکاندا: مامەڵە لەچەندین وولاتدا، بەلام لەگەڵ ئەمەریکادا دەرامەتی سەرسوڕهێنەرو ئالۆزو هەندێکجاریش لێڵو نادیار بوو. ئەو نیشانە تایبەتیانەش بەتەواوەتی ئاماژەیان بەجەنگێکی شاراوە دەدا لە ئەفگانستاندا کە لەوەدابوو چارەنوسی بنەماڵەی بن لادن بگۆڕێت.

## ١٧. لە خزمەتی پاشادا

بیروبۆچونە سیاسیەکانی سالم نادیاربوو، ئەمە گەر هەشیبوایە. هەرشتێك خێزانی شاهانە بیویستایە، ئەویش دەیویست. ئەگەر هاوڕێکانی کێشەیان هەبوایە، یارمەتی دەدان. کاتێك لوبنان لەسالآنی حەفتاکاندا بەهۆی شەڕی ناوخۆوە داڕما، سالم ئەو خێزانانەی کەدەیناسین، بۆ عەرەبستانی سعودی گواستەوەو لەوێش ئیش‌و کاری بۆ دۆزینەوە. پارەی کاشی دایە دەست هاوڕێیەکی کە لەماوەی شەڕی ناوخۆدا لەبەیروت دەژیاو پێی وت:"خۆت دەزانیت چی بەم پارەیە دەکەیت". هاوڕێکەی پارەکەی بۆ هاریکاریکردنی ئەو خێزانانە بەکارهێنا کەپێویستیان پێیبوو جا "سونە، شیعە، یان مەسیحی"بوبن. ئەو خێرو خێراتە زیاتر نیشانەی سوربونی سالم بوو لەسەر بەجێهێنانی ئامانجەکانی وەك لەوەی ڕێکخستنێکی سیاسی بێت. بۆ سعودیەك، ئەو بەتایبەتی دژە زایۆنیستێکی دڵ گەرم نەبوو. بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە خۆی وەك ئەندازیاری دانوستانە نزیکەکانی نێوان شانشین‌و ولایەتە یەکگرتووەکان دەبینی، بەلآم ئەگەر ئەمانە بۆچوونی خۆی بن، لەهەمانکاتیشدا بۆچونی فەهدی شەریکە شاهانەکەشی بوو. بەپەرۆشەوە ڕۆژنامەکانی نەدەخوێندەوە، بۆماوەی چەندین کاتژمێر لەسەر تەختەکەی پاڵدەکەوت، سەیری تەلەفزیۆنی دەکردو لەهەمان کاتیشدا بە تەلەفۆن قسەی دەکرد، زیاتر ئارەزووی لەتەماشاکردنی فیلمی ئەکشن بوو وەك لەبەرنامەکانی هەواڵ، بەلآم هێشتا حەزی لەدەرهاویشتنی (ئەدرناڵین)* بوو، وەك لە ساڵی ١٩٧٩ لەمەککە، ئەگەر بواری هەبوایە خۆی دەگلاند لەشەڕەوە.

روداوەکانی ئەو ساڵە، ڕاپەڕینی مزگەوتی (گراند)، شۆڕشی ئێران‌و داگیرکردنی ئەفگانستان لەلایەن سۆڤییەتەوە لەکانوونی یەکەمدا، پاڵی بەهەموو خێزانی بن لادنەوە نا کەسیاسەتی جیهانی تا مەودایەکی فراوانتر بناسن وەك لەپێشووتر. لەم بوارەدا شوێنپێی ئالسعودیان هەڵگرت. خۆپارێزی زیاتر هاندەری هەردوو خێزانەکە بوو وەك لە ئایدۆلۆژیا. لە شۆڕشەکەی (ئەلناسریە) بەدواوە، بن لادنەکان زۆربەی جار ببوونە ئامرازی نهێنی پرۆژەکانی سیاسەتی

* ڕژێنێکە لێدانی دڵ زیاد دەکات‌و دەمارەکانی خوێن دێنێتەوە یەك.(وەرگێڕ)

دەرەوەی سـعودیە، کـەئامانجی یەکـەمی پاراسـتنی یاسـاکانی خێزانـی شـاهانەبوو. دوای قەیرانەکانی ١٩٧٩، دوبارە بانگێشت کرانەوە.

ئالسعودو نوسـینگەکەی کارتـەر، داگیرکردنـی ئەفگانسـتانیان وەك پـەلامارێکی سـەرەتایی مۆسکۆ بەرەو سەرچاوە نەوتیەکانی کەنداو لێکدایەوە. ئەمەش بەهەڵە تێگەشتنێك بوو بۆ پاڵنەرەکانی سۆڤیەت، بەلام نهێنیپارێزیی کرێملین نەیهێشت کەس لەپێچەوانەکەی بگات. سـەرەڕای چـەکە کـڕدراوو پـڕۆژەی دامـەزراوە سـەربازیەکانیان لـەماوەی سـالانی شەسـتو حەفتاکاندا، سعودیەکان بۆ بەرگریکردن لەشانشینەکەیان بـۆ هـەر هێرشێکی جدی زۆر بـاش ئامادەنەکرابوون، بۆیـە تـەنها سوپای ئەمـەریکی دەیتـوانی ئەمـە بکات. فەهـد هەمیشـە لـەناو ئەنجومەنی خێزانەکەی خۆیەوە هانای بۆ واشـنتۆن بردبـوو. بەقوڵکردنـەوەی هاوپەیمانییـەتی پاراستنی شانشین لەگەڵ ئەمەریکا، وەڵامی روداوەکانی ١٩٧٩ی دایـەوە. فەهـد رێکـەوتنی نهێنـی بـۆ بنیاتنـانی بنکـەی سـەربازی زەبـەلاح لەعەرەبستـانی سعودی ئەنجامـدا، کەدەسـتی ولایەتـە یـەکگرتووەکان دەکاتـەوە لـەکاتی هـەر قەیرانێکدا کـەل‌و پـەلی پێویست فەراهـەم بکاتو دوای سەرهەڵدانی هەر قەیرانێك بەخێرایی هێزی گەورە رەوانە بکات. ئەم سیاسەتە رانەگەیـەنراوە لەواشنتۆن بە (بنیاتنانی بێ سنور، پاشەکەوتی بێ سنور) ناسراوە.

فەهد لەدەرەوە بڕیاریدا بەشێوەیەکی چالاکتر بەشداری هەڵمـەتی ئەمەریکیـەکان بکـات بـۆ وەسـتاندن‌و تێکشـکاندنی کۆمـۆنیزم لەجیهانـدا. هەڵبـژاردنی رۆناڵـد رێگـن لەسـاڵی ١٩٨٠دا، هاوکاریەکی لەو شێوەیەی بـۆ سعودیەکان ئاسـانکرد. رەوانبێـژی رۆناڵـد رێگـن بۆمـافی مـرۆڤو ئاشـتیخوازیی (کامـپ دەیڤـد) دڵـی سـعودیەکانی رەنجانـد. ئەگـەر فەهـد بەئاشـکرایی باوەشـی بەئامانجە سەرەکییەکانی رێگن بکردایە، چالاکڤانە ئیسلامییەکانی شانشـینەکەی تـوڕە دەکـرد کە کاریگەری‌و رێکخستنە نهێنیەکانیان تازە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە لەمەککەدا ئاشـکرا بووبـوو. شـای ئێـران روخـابوو، تاڕادەیـەك بـەهۆی ئـەوەوە بـوو کـە لەلایـەن خـەڵکی ئاسـایی ئێرانـەوە وەك داردەسـتی ئەمەریکیـەکان بینرابـوو. هـەموو ئەمانـە بەڵگـە هێنانـەوە بـوون بۆنهێنیـەکی گـەورەتری هاوکاریـەکانی نێـوان سـعودیە - ئەمـەریکا. لێرەشـەوە، بـن لادنـەکان پێشینەیەکی باوەڕپێکراویان تۆمارکردبوو.

هـەردوو ئەمـەریکاو سـعودیەش لەسـەرەتاوە زۆر بەوریاییـەوە پشـتگیری (موجاهیـدین)ی ئەفگانسـتانیان دەکـرد، کـە وەك یـاخیبوو بەشـێوەیەکی خۆڕسـکی دژی حکومـەتی کۆمۆنیسـتی

نــوێی کــابوڵ  شۆڕشــیان بــەرپاکرد. لێکــدەرەوەکانی ئاژانســی هــەواڵگری ناوەنــدی (CIA) بەگومانبوون لەوەی کەیاخیبووەکان بتوانن لەوە زیـاتر سوپای داگیرکاری پڕچەکی سۆڤییەت هەراسـان بکـەن. سیاسـەتی ئەمـەریکا بـۆ یاخیبووەکـان لـەماوەی هەشـتاکاندا لەسـەر بنـەمای سەرکەوتنی داهاتوو نەبوو، بەڵکو لەسەر بیرۆکەی فەراهەمکردنی چەك بـوو بـۆ(موجاهیـدین) تـا بـاجی داگیرکردنەکـە لەسـەر سـۆڤییەت قورسـتربکەن. فەهـد رازیبـوو کـەدۆلار بـەدۆلاری بودجەی هاوکاری نهێنی ئەمەریکا بۆ یاخیبووەکان بدات، کە لەسـەرەتادا ساڵانە لەدەوروبـەری (٣٠) ملیـۆن دۆلاردابـوو. بـە بۆچـونی فەهـد، جـەنگ رێگەیـەکی گونجـاو دەدات بەدەسـتەوە بـۆ راکێشـانی سـەرنجی ئـەو ئیسـلامانەی لـەدەرەوەی سـنوری شانشـین بـوون. هـەتا لەسـەردەمی ئێستاشدا پێش کەناڵی ئەلجزیرە، ئازارەکانی ئەفگانستان بەخێرایی بووبـووە کەیسێکی مرۆیـی ناسراو بۆموسوڵمانان لەسەرتاسەری جیهاندا. لـەماوەی مانگێکـدا سـەدان هـەزار ئـاوارەی نـەدار دابارینە نـاو پاکسـتان. لـەکاتی هەڵهاتنیانـدا فڕۆکـەکانی سـۆڤییەت بۆردومانیـان کـردن. فەهـد هاوکـاری خێرخـوازی بـۆ قوربانیـانی جـەنگ ئامـادەکرد. ئـەم هاوکـاریو بەخشینەشـی وەك سیاسـەتی فـەرمی سـعودیە شـکۆدارکرد. شـەڕی ئەفگانسـتان تاقمـەکانی کۆمەڵگـەی سـعودی لەدۆزێکی بێگانەدا یەکخستەوە، کە لەوانـەبوو پێشـتر لەململانێـدا بـووبنو بەتـەنها سـەرنجیان لەسەر مەسەلە ناوخۆییەکان بوبێت.

ئەمـە هـەمان کاریگەریشـی لـەناو خێزانەکـەی بـن لادنـدا هـەبوو. بـەهۆی خواسـتو هێـزی کەسـایەتیو دەسـەڵاتی بەسـەر دارایـی خێزانەکـەدا، سـالم هـەموو خێزانەکـەی بەعـەلمانیو ئیسلامییەوە کۆکردەوە، ئەم هاوسەنگیڕاگرتنە دوای راپەڕینەکەی مەککە قورسـتربوو، چونکە بزوتنەوەی ئیسلامی شانشین بودجەو شەرعییەتێکی نوێی وەرگرت، ئەم زیندوکردنەوەیـە، کـە زۆرجـار بـە (سـەوا) یـان (بەئاگاهاتنـەوە) ناودەبرێـت، هـانی بڕوادارانـی سـعودی دا کـەخۆیان بسـەلمێنن، بەوانـەی خێزانـی بـن لادنیشـەوە."ئاسـایی بـوو بـۆ هـەر خێزانێکـی سـعودی کەئەندامەکانی بەسەر ئەو لایەنانەدا دابەشبوبن"، نووسەرێکی سعودی سەرنجیدا:

"خزمێك کەگوتارو رەوانبێـژی گروپـە ئیسلامیەکانی کـرد بـەرێبازی خـۆی بـە (موتـەواوا) ناودەبرێـت. ئـەو کەسـە بەئامۆژگارییـە هەمیشـەییەکانی لـەنێوان ئەندامـەکانی خێزانەکەیـدا، گوێگـرتن لەکاسـێتی ئـاینی، نـاڕەزایی دەربـڕین بەرامبـەر کلتـوری رۆژئـاوا، مۆسـیقاو کەلوپـەلی رابـواردنو سـەپاندنی یاسـای تونـدی مـۆراڵی بەسـەر خزمـە مێینەکانیـدا دەناسـرێتەوە. ئـەو

سەردەمە دەرکەوتنی نەوەیەکی نوێی خۆدەستنیشانکەری ڕەوانبێژی ڕۆشنبیری (موتەواوا)ی بەخۆوە بینی. ئەوان پێکەوە بەئاشتی لەگەڵ ئەندامە کەمتر کۆنخوازەکانی خێزانەکەدا دەژیان....لەچوارچێوەی خێزانەکاندا، لێبوردەییو گرژی بەجوتە گەشەیان سەند".

لەکۆبونەوە خێزانییە ناوبەناوەکاندا کەسالم چاوی بەپرسە بازرگانیو داراییەکاندا دەخشاندەوەو داوای لەخوشكو براکانیەوە وەردەگرت، سالم نەك هەر دەبوایە ڕەچاوی زڕبرا ئاینپەروەرەکانی، وەك ئوسامەو مەهرۆزی بکردایە، بەڵکو خوشكو براکانی تریشی کەئیسلام بەشێکی گرنگی ژیانی گەنجیو هەرزەکاریان بوو، ئەمە سەرەڕای تێڕوانینی سیاسیان.

خێرکردن، یەکێکە لەپێنج بنەما سەرەکییەکەی بیروباوەڕی ئیسلام، بۆ گەیشتن بەو ئاواتە بێ کێشەترین ڕێگەی دەخستە بەردەست. (ڕێکخراوی محەمەد بن لادن)، وەك هەر کۆمپانیایەکی بازرگانی لەجەددە لەبواری سندوقی زەکات یان دامەزراوەی خێزاندا کاریدەکرد بۆئەوەی سەرپەرشتی زەکاتی فەرمی بکات کە لەلایەن ڕێساکانی ئیسلامەوە داواکراوە. ئەو خێرکردنە کارێکی ڕۆتینییە لەعەرەبستانی سعودی بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێکخستنی مزگەوتە ناوخۆییەکانەوە بۆ نانداان بە هەتیوە برسیە بێگانەکان کۆدەکرایەوە کە ئەمیش کۆمەڵێك ئیشوکارە کەمێك جیاوازە لەوانەی کلێساکانی ئەمەریکا. لەساڵانی یەکەمی هەشتاکاندا ڕێکخستنی خێروخێراتەکان بۆ ئاوارەکانی ئەفگانستان پێشکەش بەسالم کرا، لەبەکارهێنانی بارودۆخ لەبەرژەوەندی خۆی زۆر لێهاتووبوو، وەك کەسێکی فرە بەهرە، ئەمەش خێزانەکەی ناچارکرد کەزەکات بدەنو یارمەتی فەهدی دا لەنهێنی سیاسەتی دەرەوە، ئەمەش ئاراستەی هێزی بنەماڵەی بن لادنی لەباڵی ئاینیدا گۆڕی.

سالم پەیوەندی خۆی بەسنورەکانی ئەفگانستانەوە هەبوو. خوشکەکانی بردبوو بۆ قوتابخانە لەپیشاوەرو سەردانی کابوڵی کردبوو. دەستەی فڕۆکەوانیەکەی، کە لە جەددە دامەزرابوو، لەچەندین شارەزای هێزی ئاسمانی پاکستان پێکهاتبوو لەگەڵ فڕۆکەوانێکی ئەفگانی بەناوی (محەمەد داود)، کە لەلایەن کۆمۆنیستەکانی ئەفگانستانەوە ناچارکرابوو وڵات بەجێبهێڵێت. داتا فڕۆکەوانیەکان ئەوە پیشاندەدەن لەسەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٨٠ سالم چووە بۆ کەڕاشی. بەووتەی (موسلیم جەمال غەنووشی) هاوڕێی، ئالەو کاتانەدا بووە کە ئوسامە یەکەم گەشتی بۆ پاکستان ئەنجامداوەو لەوێش خۆی بەچالاکڤانی بچوکی مرۆیی ناساندووە.

لەژێر هێمای بینایەکدا کە لەسەری نوسراوە (قوتابخانە نموونەییەکانی ئەلثغر)، وێنەی ئەحمەد بەدیب شانبەشانی مامۆستاکانی تر لەریزی دووەمدا لەوێنەیەکی فەرمی پۆلەکەدا کە لەساڵی ١٩٧٦ گیراوە، دەبینرێت. ئەو ساڵەیە کەئوسامە بن لادن لەقوتابخانەی دواناوەندی ئەهلی نمونەیی لە جەددە دەرچووە. بەدیب پیاوێکی دەموچاوپڕی روخسار قبوڵکراوە کەرەنگدانەوەی کەسایەتییکی خوانەناسی سەرشێتی کەیفخۆش بوو، کەسێکی زۆر بەتموح بوو. ئەوانەی کەدەیانناسی دەیانگەڕاندەوە بۆ رەگوڕیشە یەمەنییەکەی. خێزانی بەدیبیش وەك بن لادنەکان لە حەزرەمەوتەوە بەرەو جەددە کۆچیانکردبوو. لەکۆتایی ساڵانی حەفتاکاندا، ئەحمەدو سەیدی برای دەستیانکرد بە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتی سعودی، سەید بۆ بڕوانامەی دکتۆرا لەزانستی سیاسی لەئەمەریکا دەیخوێند. ئەحمەد لە ئەلثغر، کەخوێندکارەکانی لەئەندامانی خێزانی شاهانە پێکهاتبوو، وانەی بایۆلۆجی دەوتەوە. ئەحمەد لەلیژنەی ئاینی قوتابخانەوە ئوسامەی ناسیبوو، ئەوی وادەبینی کە"هەرگیز توندوتیژ نیە. خۆشمدەویست، چونکە کەسێکی لێهاتوو بەرەوشت بوو".

پاشئەوەی ئوسامە ئەلثغری جێهێشت، ئەحمەد بەدیب سەرنجی (تورکی ئەلفەیسەڵ)ی راکێشابوو، فەیسەڵ گەنجترین کوڕی پاشای کۆچکردوو بوو، کەهەرچەندە تەمەنی لەسیەکاندا بوو، بەڵام بەو دواییانە لەلایەن فەهدەوە وەك جێنشینی کەمال ئەدهەمی مامی دیاریکرابوو وەك سەرۆکی هەواڵگری دەرەوەی عەرەبستانی سعودی.

فەیسەڵ، سەعید بەدیبی وەك سەرۆکی دەستەی لێکدەرەوەی دەزگاکەی دیاریکردو ئەحمەدیشی وەك سەرۆکی ستافەکەی دامەزراند لەو ئیشەی کەپرە لەگەشتی نهێنی. دوای ١٩٧٩، سەرەڕای بەرپرسیارێتیەکانی تر، بەدیب بوو بەدەڵالی فەیسەڵ بۆ گواستنەوەی پارەی حکومەت بۆ پاکستان. لەم رۆڵەدا بەزوویی خۆی وەك کەسی نزیکی ئوسامە زیندووکردەوە.

رێگای فەرمی سعودی- ئەمەریکی بۆ رەوانەکردنی پارە بۆ یاخیبووەکانی ئەفگانستان، ئاژانسی هەواڵگری سەرەکی پاکستان، خزمەتگوزاری هەواڵگری هاوبەش، یان (ISI) بوو. بەپێداگری لەسەر ئەم رێڕەوە، پاکستان دڵنیابوو کەئەم کارە بەنهێنی دەمێنێتەوە، هەروەها دەسەڵاتێکی فراوانتریشی هەبوو بەوەی کەچۆن یارمەتییەکان دابەشبکرێن. یەکێك لەرۆڵەکانی بەدیب لەم ساڵانەی سەرەتادا ئەوەبوو کەچەك لەبازاڕە نێودەوڵەتیەکان بەنهێنی بکرێتو پاشان بەکەشتی لەڕێگەی (ISI)ەوە رەوانەی پاکستانی بکات. لەسەرەتادا بەدیب ئاشکرایکرد

ئەم ڕێگا قۆرخکراوە لەلایەن پاکستانەوە ئاسودەی ناکات ویستی پەیوەندی سەربەخۆ لەنێوان شەرکەرەکانی ئەفگانستاندا بەرەوپێش ببات:"ئێمە ناتوانین سەد لەسەد پشت بەوە ببەستین کەپاکستانییەکان پێشکەشمان دەکەن"، یادیکەوتەوە. "ئەبێت ئێمە ژمارەی جەنگاوەرەکان بزانین، چەندیان لەم ڕێکخراوەن، چەندیان لەو ڕێکخراوەن، چەندێکیان وەرگرتووە". ڕێگەیەکی ئاسان بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی تاکڕەوی لەوشێوەیە بۆ هەوالگری سعودیە بەدەستبێنێت ئەوە بوو کەفەرماندە یاخیبووە گرنگەکانی ئەفگانستان بەتایبەتی بانگهێشتی شارە پیرۆزەکانی مەککەو مەدینە بکات بۆ بەجێهێنانی حەجی ساڵانە. ئەو شارە پیرۆزانە ژینگەیەکی نمونەیی بوو بۆ پەیداکردنی هاوڕێیەتیو ڕاکێشانی بریکاری نوێ لەسەر خاکی سعودیە، لەنێوان ئاهەنگو کۆبوونەوە نافەرمییەکاندا لەئێوارەکانی بیاباندا، کەپیرۆزترین مزگەوتی ئیسلام سێبەری بەسەردا کردبوو، شوێنی لەدایکبوونی ئاین بوو. میوانە ئەفگانیەکانیش بەهاوکاریی بازرگانە سعودیە بەڕێزەکان پارەباران دەکران. کێ لە ئوسامە بن لادن باشتر یارمەتی ڕێکخستنی میوانداریيەکانی دەداو بەشداری بۆنە خێرخوازییو فێستڤاڵە ئاینیە یەك لەدوایەکەکانی دەکرد؟ ئەو کوڕێکی بچوکی خێزانەکە بوو کەئەو ڕۆڵە کاریگەرەی لە شارە پیرۆزەکاندا گێڕا.

ئوسامە تازە تەمەنی لەناوەڕاستی بیستەکان نزیك دەبووەوە، سێ ژنی هێنابوو، کۆمەڵێك منداڵی بچووك کەبەدرێژی زەوی شوقەکە پەلەپروزێیان دەکرد، لەگەڵ خێزانە گەورەکەیان لەباڵەخانەیەکی خێزانی شاری جەددەدا دەژیان. لەنوسینگەی شاری مەدینە بەڕێوەبەر بوو. لە لاندکرۆزەرێکی ڕەنگ بێجی بیابانیدا گرمەگرمی دەکردو لەشوێن کارەکەیدا، شوێنپێی باوکی هەڵگرتبوو لەبلدۆزەر لێخوڕیندا. لەسەردانەکانیدا بۆ پاکستان شێخ بوو، بەهۆی ئەو پارەیەی پێی بوو لەکەسێکی کرێکار نەدەچوو. لەپشووە ئاینییەکانی مەککەدا، ئاووهەوایەکی نوێ لەرەشماڵە میوانداریيەکانی بن لادندا هەبوو. چالاکڤانێکی چاکەکار، کوڕێکی پێگەشتوو لەخێزانێکی بەڕێز بوو. لەکۆبوونەوە نهێنیەکانی چالاکڤانەکانی ئیخوان لە حیجاز، لەوانەیە پەیوەندی کردبێت بەدانیشتنەکانی پلاندانانی بزوتنەوەکەوە بۆ توندوتیژیو هەڵمەتە نهێنیەکانی سوریاو یەمەن، دواتر ئاشکرایکرد کە تێوەگلاوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم هەڵمەتانە لەدەرەوەی سنوری سیاسەتی دەرەوەی سعودیەوە دەگێڕدران، وادیاربوو کە بەوریاییو بێدەنگیەوە بەشداریکردبێت.

پەیوەندییەکانی ئوسامە بەسنورەکانی ئەفگانستانەوە لەرێگەی (ئیخوان موسلمین)ەوە بوو، کە وەك هەرزەکارێك ئوسامەیان دامەزراندبوو. لقی ئیخوان لەپاکستان پارتێکی سیاسی بوو بە ناوی (کۆمەڵەی ئیسلامیی)، کە یەکەمجار ئوسامە بەخۆیو هاوکاریەکانیەوە بۆ یاخیبووەکانی ئەفگانستان گەشتی بەرەو پاکستان کرد. سەردانی سنوورەکانی ئەفگانستانی نەکرد، بەڵکو سەردانی رۆژهەڵاتی شاری لاهووری کرد کە لەوێ سەرکردە باڵاکانی (کۆمەڵەی ئیسلامیی) جێگیر بووبوون. بەدیب یادیکەوتەوە کە"ئوسامە متمانەی بە (ISI) نەبوو، نەیدەویست کە راستەوخۆ پارەکە بە (ISI) یان موجاهیدین بدات، چونکە پێیوابوو کە کۆمەڵەی ئیسلامیی لە لاهوور دەتوانن پارەکە بخەنە دەستی موجاهیدینە راستەقینەکانەوە"، یاخود ئەوانەی کە دڵسۆزی ئامانجەکانی (ئیخوان) بوون. بن لادن دوو سەرکردەی بینی کە بەعەرەبی قسەیاندەکرد، بورهانەدین رەبانیو عەبدولرەب راحل سەییاف، گەشتەکەی نزیکەی مانگێکی خایاند.

ئەم گەشتە سەرەتاییە لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٣ شێوازی پەیوەندی ئوسامەی لەگەڵ جەنگی ئەفگانستاندا نیشاندا. رێبوارێك بوو کە لەهەڵگرتنی پارەو رێکخستنی کۆبونەوەکان زیاتر کاری دەکرد. پەیوەندییەکانی لەپاکستان لەرێگەی چەند دەزگایەکی تێکهەڵکێشەوە دروستکردبوو لە چالاکڤانە ئاینیەکانی لەدەزگای (ئیخوان)، کۆبوونەوە خێرخوازیەکانی بازرگانەکانی جەددە کەخێزانەکەی خۆشی تێیدا بەشداربوو، ئۆپەراسیۆنەکانی هەواڵگری سعودی کە لەلایەن بەدیبەوە بەرێوەدەبرا. جەمال خاشوگی یادی کەوتەوە؛ (پیلانەکە) ئەوە بوو کە لەماوەی ساڵانی سەرەتای جەنگی ئەفگانستاندا حکومەتی سعودی لەرێگەی خزمەتگوزاری هەواڵگری دەرەوە"پشتگیری بەشی سەربازی دەکات"، لەکاتێکدا چالاکڤانە ناحکومییە خێرخوازیو ئاینییەکان"هاوکاری مرۆیی و پیتاك" پێشکەش دەکەن. هەرچۆنێك بێت ئەم مەودای چالاکییانە تێکهەڵکێش کرابوون. خەلیل.أ. خەلیل کەپیاوێکی سعودیو چالاکڤانێکی ئیسلامیی خێزانی شاهانە بوو هاتەوە یادی کەئوسامە یارمەتی رێکخستنی بەخشەرەکانیدا بۆدۆزی ئەفگانستان بە"ئەندامەکانی حکومەتیشەوە". هەروەها بەدیبیش نوسینگە مرۆییەکانی سەر سنوری ئەفگانستانی بەکاردەهێنا وەك ژێرخانو سەرقاپی ئۆپەراسیۆنە هەواڵگرییەکان. بەهۆی بەدیبەوە، ئوسامە پەیوەندیی هاورێیانەی لەگەڵ شازادە تورکی ئەلفەیسەڵدا بەرەوپێش برد، کە بەهۆی سەردانە جاربەجارەکانی فەیسەڵەوە بۆ

پاکستان بینیبووی. هەروەها چەند دیدارێکیشی لەگەڵ برا راستەقینە دەسەڵاتدارەکانی فەهدیشدا، نایفو ئەحمەد ئەنجامدابوو کەسالم لەگەڵیاندا لە بیابانەکانی عیراق راوی کردبوو. نایفو ئەحمەد وەزارەتی ناوخۆی سعودیەیان بەڕێوەدەبردو چاودێری ئاسایشی ناوخۆیی شانشینیان دەکرد.

بەهۆی گەشەسەندنی پەیوەندیو بینینی شازادە گرنگەکانەوە، ئوسامە بۆ یەکەم جار دەستیکرد بەدروستکردنی بەهایەك بۆخێزانی بن لادن. هیچ شتێك هێندەی بوژانەوەو بنیاتنانی پەیوەندییە شاهانەکان بۆ بن لادنەکان گرنگ نەبوو. لەم سەردەمە نوێیەی هۆشیاربوونەوەی ئیسلامیەکاندا، رۆڵی ئوسامە وەك خێرخوازێکی ئاینیو پەیامنێرێك ئەوەبوو کە دەرگاوانیەکەی سالی بۆ فەهدو شازادە عەلمانییکانی ئەوروپاو ئەمەریکا تەواو دەکرد.

کارەکانی ئوسامە متمانەی بن لادنەکانیشی لای ئەو سەرکردە ئاینیانە نوێکردەوە کەکاریگەرییان لەسەر بەڵێنامەکانی مەککەو مەدینە هەبوو. باسم عەلیم، کە بەهۆی ژنهێنانەوە بووبووە خزمی ئوسامەو لەو ساڵانەدا ناسیبووی کە جارجار بۆ پشتیوانی ئەفگانییەکان سەردانی پاکستانی دەکرد، ئاشکرایکرد" ئوسامە کەسێکی خۆشەویست بوو لەخێزانەکەدا، هەموویان خۆشیان دەویست".

لەساڵی ١٩٨٢دا سالم ئوسامەی وەك بەڕێوەبەری چاودێری خولێکی نوێی نۆژەندکردنەوەی مزگەوتی پێغەمبەر لەمەدینە دەستنیشانکرد"رۆڵێکی بەرچاوو هەنگاوێکی تر لەبەرنامەی راهێنانو ئامادەکردن کە برا گەورەکەی پێشکەشی برایەکی بچوکی دەکات"، خاشوگی ئاماژەی پێدا. سالم هەروەها فەرمانی بەیەکێك لەهاوکارەکانی کرد کەخەزێنەیەك لەجەددە دروستبکات تا ئوسامە بتوانێت بەشێوەیەکی کاتی ئەو ئاڵتونو پارانەی تێدا هەلگرێت کەبازرگانەکانو هاوسەرە دەوڵەمەندەکانیان پێشکەشی ئەفگانستانیان دەکرد. دەوڵەمەندە سعودیەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی وەك ئەحمەد بەدیب کەوتەوە یادی کە "ئەفگانەکان فریشتە بوون..... گەلێکی پیرۆز بوون". ئەو هاوکارەی قاسەکەی دروستکرد یادی کەوتەوە "ژنەکان بڕێکی زۆر لەخشڵەکانیان پێشکەش دەکرد، ئەوەندە زۆربوون پێوانە نەدەکران". خەزێنەکەی بن لادنەکان بیست مەتر بەبیست مەتر بوو، دژە ئاگرو دژە بۆمب بوو.

ئوسامە دواتر دانیپێدانا کە ئەو ساڵانە بەهاوکاریو لایەنگری سیاسەتی نهێنی سعودیە کاری دەکرد: یەکێك لەئەرکەکانی ئەوەبوو کەدەستگیر نەکرێت. ئەو یادیکەوتەوە "بەهۆی گەیشتنمەوە بۆ ئەفگانستانو نزیکی خێزانەکەم لەسیستەمی حوکمڕانی سعودیە، نامەیەك گەیشت کەفەرمانی بەئوسامە دەکرد نەچێتە ناو ئەفگانستانو لەگەڵ ئاوارەکاندا لەپیشاوەر بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر روسەکان بیانگرتایە یان زیندانیان بکردایە، ئەوە روون دەبووەوە کەسعودیە دژی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی پشتگیری موجاهیدین دەکات.

تەماحو خۆویستیەکانی ئوسامە گەورە دەبوون، هێشتا هەر کەمدوو بوو، پیاوێکی زۆر شەرمن بوو لەگفتوگۆدا. سەبری غونەییم، بەرێوەبەری کارەکانی ئوسامە لەقاهیرە، یادیکەوتەوە کەگەیشتنی ئوسامە بۆ میسر لەو ماوەیەدا بۆ کۆبونەوەیەك لەگەڵ ئەندازیارانی بنیاتنان بوو کە لەو پرۆژەیەدا بەشداربوون کەئوسامە لەجوبەیل، کەشارێکی کەناری پیشەسازی بوو لەعەرەبستانی سعودی، سەرپەرشتی دەکرد. غونەییم ئوسامەی وەك"پیاوێکی گەنج کە وەك کچێکی شەرمن رادەوەستا، هەمیشە سەیری بەر پێکانی خۆی دەکرد"هاتە بەرچاو. هەڵسوڕاوێکی بەو شێوەیە کاریگەر نەبوو. لەکۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندازیارەکاندا کەم قسەی دەکرد. بەووتەی غونەییم، ئەو پرۆژەیەی کە ئوسامە سەرپەرشتی کرد، لەکۆتایدا زیاتر لە ١٥ ملیۆن دۆلار زەرەری هێنا.

کەسێکی شەرمن بوو، بەڵام ئێستا چەندین مامۆستای ئامۆژگاریکەری هەبوو کە بێ گومان: زڕبرا گەورەکەی، بەدیبی مامۆستای پێشوویو لەمانەش زیاتر، عەبدوڵا عەززام، پارە کۆکەرەوەو توێژەری (ئیخوان موسلمین) کە بەهۆی شەڕی ئەفگانستانەوە دەرکرابوو.

هاوشێوەی ئوسامە، عەززامیش هەر لەگەنجییەوە راکێشرابووە نێو (ئیخوان)ەوە. لە لادێیەکی نزیك (جەنین) لەکەناری رۆژئاوا لەدایك بووبوو. دوای ئەوەی لەماوەی شەڕی ١٩٦٧دا ئیسرائیل هەرێمەکەی داگیرکرد، عەززام وڵاتی بەجێهێشتبوو. لە میسرو ئوردن سیاسەتی ئیسلامیی خوێندبوو وانەی لەهەمان بابەتیشدا وتبووەوە، دواتر بیروبۆچونە روخێنەرەکانی پاڵیان پێوەنابوو لەعەرەبستانی سعودی بەئاوارەیی نیشتەجێ بێتو دواتر لەکۆلیژەکانی زانکۆی شا عەبدولعەزیز کاری دەستکەوتبوو. ئەو کاتە ئوسامە خوێندکار بووە کە ئەو وانەی وتبووەوە. عەززام بووبووە کەسێکی گەورەتر، کارێزماتیكو کەسێکی نێودەوڵەتی لەدانیشتنەکانی (ئیخوان)ی حیجازدا، کە ئوسامەش پەیوەندی پێوەکردبوون. لەبارەی

جیهادەوە کتێبێکی بەناوی (نیشانەکانی میهرەبانی) نوسیبوو، خەریکی بەرەوپێشبردنی ئەو تێزە بوو کەچی دەبێت بەناوچەیەکی کاریگەرتر دەربارەی (بەرگری لە خاکی موسوڵمانان).

وەك چەندین پرۆفیسۆری پێش خۆی، عەززام قەرزێکی زۆر کەوتبووە سەرشانی کە لەماوەی پیشە گەڕۆکەکەیدا کەڵەکە بووبوو، چونکە هەقدەسێکی کەمی وەردەگرت. عەرەبستانی سعودیو بەتایبەتی ئوسامە بن لادن دەرفەتی لەکۆڵکردنەوەی قەرزەکانیان خستە بەردەست. زیاتر لەئاماژەیەك هەیە کە جۆرێك لەهەلپەرستی هەبوو لەو شێوازەی کە عەززام مەرایی بۆ ئوسامە دەکردو وردە وردە لەسەرەتای هەشتاکاندا بووە هاوڕێ لەگەڵیدا، ئەمە لەکاتێکدا کەئوسامە تەنها بڕوانامەی دوواناوەندی هەبوو، بەڵام وەك مرۆڤدۆستێکی گەنجو وەك پشتیوانێکی پیرۆز بۆ ئیسلامێکی چاك و پشت ئەستوور. ژنەکەی عەززام هاوڕێیەتی خۆی لەگەڵ ژنەکانی ئوسامەدا گەشەپێداو لەکێڵگەکانی ئوسامە لەبیابان تێکەڵاو بوون. لەساڵی ١٩٨٤دا ئاشنایەتییەکەیان بۆ هاوبەشیکردن قووڵتر بووەوە."کۆبوونەوەی پارە بوو، ویستو گەنجێتی لەلایەن ئوسامە بن لادنەوە نوێنەرایەتی دەکران، ئاراستەو زانیاریو ئەزموون لەلایەن عەبدوڵا عەززامەوە نوێنەرایەتی دەکران". ناسر ئەلبەهری، پاسەوانی کەسی دواتری ئوسامە باسی لێوەکرد.

خەلیل.أ. خەلیل یادیکەوتەوە:"ئوسامە بن لادن کەسێکی لەسەرخۆ بوو، عەبدوڵا عەززام بەهێزی دەکرد بۆ ئەوەی ببێت بە سیمبولی باڵی سعودیە لە دۆزەکەدا، عەززام ئوسامەی وەك پردێك بۆ عەرەبستانی سعودی دەبینی".

هەرزەکارە سعودیەکانی ناو بەشەناوخۆییەکانو خوێندکارانی کۆلێژ بەئایدۆلوژی ئیسلامیی پەروەردە کران، بەڵام لەهەر مەیدانێکی جەنگ، بەجەنگی ئەفگانستانیشەوە، کەوەك دۆزێکی ڕۆمانسی وابوو بۆیان، هەروەها هەر نەریتێکی کۆتایی هەفتەو پشووەکانی تافی لاوی، بەدوور بوون. خوێندکارانی ئاینی لەرێگەی گەشتە راستەوخۆکانی (سعودیە ئێرلاینز)ەوە بۆ پیشاوەر دەرۆیشتن بۆئەوەی دە رۆژی کۆتایی مانگی پیرۆزی رەمەزان بەکاری خۆبەخشیو فیشەك تەقاندن لەگردەکان بەسەربەرن. پەیمانی بەردەوامی خوێندکاران بۆ ئەفگانیەکان لەوەی خوێندکارە ئەمەریکیەکان دەچوو کەساڵی چەند رۆژێکیان بەدروستکردنی خانووەوە بۆهەژارەکان بەسەردەبرد. لەوانەیە خۆنەپەرستی پاڵی پێوەنابن، بەڵام بەدوای نەختێك هێمنیشدا دەگەڕان. ئەلباهری یادیکەوتەوە"کاتێك سەیری چاکەتو پانتۆڵی ئەو

موجاهیدانـەمان دەکـرد کـە لەئەفگانسـتان گەڕابوونـەوەو بـە شـەقامەکانی مەککـەو مەدینـەدا پیاسـەیاندەکرد، هەسـتماندەکرد کـە لەگـەڵ نـەوەی یـاوەرە سـەرکەوتووەکانی پێغەمبـەردا دەژیـاین". لـەماوەی سـەرەتای سـاڵانی هەشـتاکاندا، سـەبارەت بەگـەنجانی سـعودی جـەنگی ئەفگانسـتان وەك مۆدەیـەك، ئایـدۆلۆژیا، دەرفـەتی کۆکردنـەوەی کۆمـەك، سـەنگی مەحـەکی بوژاندنـەوەی ئـاینی، ئـەزموونێکی ڕێکـەوتن وابـوو. هەمووشـتێك بـوو لایـان، جگـە لـەو شـەڕە دڕندەیە نەبێت کەئەفگانیەکان دەیانزانیو بەڕاستی تیایدا دەجەنگان.

دامەزراوەی ئاینی سعودی عەززامیان وەك پردێك بۆ پاکستان دەبینـی، کـە یـەکێك بـوو لـەو وڵاتانەی زۆرترین دانیشتووانی موسوڵمانی لەخۆدەگرتو لەکۆنەوە بووبـووە ئامـانجی ئەندامـە نوییێەکانی وەهابیەکان. لەکۆتایی ساڵی ١٩٨١دا، زانکۆی شا عەبدولعـەزیز عـەززامیان ڕەوانـەکرد تا لە ئیسلام ئابادی پایتەختی پاکستان چاودێری پـەیڕەوی زانکـۆی ئیسلامیی بکـات. زانکۆکـە بـەو دواییانـە بـەبڕی ٣٥ ملێـون دۆلار لەسـەر بودجـەی عەرەبسـتانی سـعودی دروسـتکرابوو. عـەززام هـەروەها ڕاوێـژی بـە (کۆمەڵـەی موسـوڵمانانی جیهـان)یـش کـرد، کـە بـاڵێکی فـەرمی خێرخـوازیی سـعودی بـوو. پیشـاوەر، کـە شـارێکی سەرسـنور بـوو وەك بنکەیـەکی سـەرەکی خزمەتی بەموجاهیدینە ئەفگانیەکان دەگەیاند، کەمتر لە دوو یـان سـێ کاتـژمێر لـە ڕێگاکـەوە دووربـوو. سـەردانەکانی عـەززام بـۆ ئیسلام ئابـاد بـووە مایـەی دروسـتکردنی بـاڵێکی عـەرەبی پەیوەندیـدار بـە (ئیخـوان موسـلمین) کـە لەڕێگەیـەوە ئوسـامە دەیتـوانی هاوکاریـەکانی ڕەوانەبکات.

سـەییاف، ئـەو فەرمانـدە ئەفگانیـە بـوو کـە قـوڵترین پەیوەنـدی بەعەرەبسـتانی سـعودیەوە هەبوو. پیاوێکی ریش سپی عەرەبیزان بـوو کـە یاسـای ئیسلامیی خوێنـدبوو، هەسـتو سـۆزی زۆرێك لەو سعودیانەی داگیرکردبوو کەلەجەنگەکەدا چـاویان پێـی کـەوتبوو. بەمەبەسـتی پـارە کۆکردنـەوە لەشانشینەکەدا، سـەییاف لـەکاتی سـەردانە ناوبەناوەکانیـدا بـەلیموزینێکی شـاهانە بەمزگەوتەکانی سعودیەدا دەگەڕا. حکومەتی سعودیش ڕێگەی پێـدابوو نوسـینگەی هەمیشـەیی بۆ پارە کۆکردنـەوە بکاتـەوەو (بـەدیب)یـش بـەناوی هـەواڵگری سـعودییەوە پشـتیوانی تـەواوی دەکرد. هەرچۆنێك بێت، فەرماندەکانی وەك سـەییاف دەبوایـە هـەتابێت زیـاتر ئـەو پارەیـەیان هەڵبسەنگاندایە کە سعودیە وەك داوێك بەکاریدەهێنا تـا سەرئێشـەی ئـەو گەنجـە خۆبەخشانە لەکۆڵبکاتەوە کە پشووەکانی ڕەمەزانیان لەوێ بەسەردەبرد. مشـتومڕێك بـوو بۆئـەوەی چـەك و

راهێنانی سوکیان پێشکەش بکرێتو ببرێن بۆ مەیدانەکانی جەنگ بۆئەوەی کاتێ گەڕانەوە نیشتمان شانازی پێوەبکەن، بەڵام سەییافو چەند فەرماندەیەکی کەمی تر بە رۆڵی راوێژکاری کەمپی جیهاد رازیبوون، کەخەرجییەکی پێویست بوو لە ئۆپەراسیۆنەکانی پارەکۆکردنەوە. لەساڵی ١٩٨٤، بەپشتگیری بەدیب، سەییاف یەکەم کەمپی مەشقو راهێنانی بۆ عەرەبە خۆبەخشەکان کردەوە، کەبە (سەدا) یان (دەنگدانەوە) ناودەبرا، ناوێکی گونجاو بوو، دەنگدانەوەی جەنگێکە راستەقینە بوو. کەمپەکە نزیکی سنوری پاکستان بوو، یەك رۆژ بەس بوو بۆ سەردانی میوانەکانی عەرەبستانی سعودیو وڵاتەی عەرەبیە دەوڵەمەندەکانی تری کەنداو. بەپێی چیرۆکی عەرەبێکی کامپەکان؛ "سەیری هەندێ نمایشی جەنگاوەرە دڵ گەرمەکانیان دەکردو بە هاریکاریە مادییەکانی میوانەکان کۆتاییاندەهات کە لەباخەڵیاندا هەڵیانگرتبوو، هەروەها لیستی ئەو شتانەیان دەنووسی کە دەبوایە بەزووترین کات بکڕدرانایە بۆ ئەوەی سەییاف بتوانێت بەسەر کابوڵ دا سەربکەوێ".

لەساڵی ١٩٨٤ ئوسامە بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی سەرەکی وەکو گەشتیارێك چووە ناو ئەفگانستان. لەوانەیە سەردانی (سەدا)ی کردبێت. هەندێك شەڕی لەدەوروبەری (جاجی) لەنزیك کەمپە نوێیە عەرەبییەکە بەچاوی خۆی بینی. لەژیانیدا یەکەمجاریبوو کە گوێی لەتەقینی کەللەی مێشكو یان لەبەر مەترسی جەنگ هەست بە خوێنو خێرابوونی لێدانی دڵی بکات. وادیاربوو ئەو ئەزموونە خرۆشاندی، بەڵام لەهەمانکاتیشدا هەستی بەتاوانباری دەکرد کەئەزموونێکی ئاوەها وایلێکرد بۆماوەیەکی درێژ خۆی لەپێناو دۆزێکدا بخاتە مەترسیەکی جەستەیی کە بە شانازییەکی ئاشکراوە لایەنگری دەکرد. ئوسامە بە رۆژنامەنوسێکی سوری راگەیاند کە"زۆر هەست بەتاوانباری دەکەم گوێ لەهاوڕێکانمو ئەوانە دەگرم کە پێمخۆش نییە بۆ ئێرە بێن، منیش لەبەر سەلامەتی خۆم لەماڵەوە دابنیشم. واهەستدەکەم ئەم دواکەوتنە بۆماوەی چوار ساڵ دەخوازێت لەژێر ناوی خودادا قوربانی خۆمی بۆ بدەم".

چەندین ساڵ ئەو قسەیەی دووبارەدەکردەوە، لەکاتی بەڕێوەبردندا، لەگەڵ ئەوەشدا، بەبەردەوامی خۆی دورەپەرێز دەگرت لەوەی رایگەیاندبوو کە پێشوازی لێ دەکات. سالم ئارەزووی دەکرد بەسەلامەتی بیپارێزێت. لێهاتوویی ئوسامە لەپارە کۆکردنەوەدا لەئاستێکی بەرزدا بوو. لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٣ عەززام بۆ پیشاوەر رۆیشت بۆئەوەی نوسینگەی

خزمەتگوزاری بۆ پشتیوانیکردنی جەنگاوەرانی ئەفگانستانو خۆبەخشە عەرەبەکان کە بۆشەڕکردن گەشتیانکردبوو، دابمەزرێنێت. خەونی ئوسامە بۆ نوسینگەکە لەگەڵ خێرو بازاڕدۆزینەوەی ئیسلامیدا تیکەڵبوو. پڕۆژەکانی بەگۆڤاری (ئەلجیهاد)یشەوە، کەیەکەم ژمارەی لەکانونی یەکەمدا چاپکرا، بەشێوەیکی سەرەکی جەختی لەسەر پارەکۆکردنەوە دەکرد. خەرجی خستنەکاری پڕۆژەکە لەلایەن ئوسامەوە هات، نەختێکی سەرەتایی بوو ساڵانە بڕەکەی لەنێوان ٢٠٠,٠٠٠ تا ٣٠٠,٠٠٠هەزار دۆلار بوو. بۆ یەکەم جار، خێزانەکەی بی لادنیش بەدەستەی ئەندازیاریو بنیاتنان پشتگیری ئەرکەکانی جەنگیانکرد، خۆبەخشێکی عەرەب کە لەساڵی ١٩٨٤دا هاتبووە پیشاوەر بیریکەوتەوە چاوی بە ئەندازیارێکی بنیاتنان کەوتبوو کە کاری بۆ رێکخراوی بن لادن دەکرد. لەماوەی حەجی ساڵی ١٤٠٥ی کۆچی، کەدەکاتە حوزەیرانی ١٩٨٥ی زایینی، عەززام بۆ چەند رۆژێك لەماڵی ئوسامە لەمەککە مایەوە. عەبدوڵا ئەناس، زاوای داهاتووی عەززام، یادیکەوتەوە "هەموو خێزانەکەی بن لادن میوانداری خەڵکیاندەکرد. خواردنو پاسیان هەبوو بۆئەوەی خەڵك ببەنەوە بۆ ماڵەوە". بەڵگەنامەیەك دەربارەی کارەکانی ئوسامە باسی ئەو بەخشینانە دەکات کە لەلایەن دامەزراوەی بنەماڵەی بن لادنەوە لەهەمان ساڵدا پێشکەشکراوە.

ئوسامە پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەنگی رادیکاڵی عەززامدا بەست، بەڵام بەتەواوی وەك کەسایەتیەکی سعودی کۆنەپەرست مایەوە، کەنوێنەرێکی بچوکی دامەزراوەکەی بوو. خۆبەخشییەکەی بەشێکی دانەبڕاوی شوناسی خێزانو ستراتیجی بازرگانیەکەی بوو.

ئەوە عەززام بوو کە بۆیەکەمجار چەمکی جیهادی گواستراوەی بەئوسامە ناساند. چەند ساڵێك دوای ئەوە ئوسامە ئاشکرایکرد،"کاتێ شێخ دەست بەکاربوو، بارودۆخی نێوان ئیسلامیەکانو شێخەکان سنوردارو ناوچەییو هەرێمی بوو، هەرلایەنەو گرنگی بەناوچەکەی خۆی دەدا، بەڵام عەززام بزوتنەوەی ئیسلامیو موسوڵمانەکانی بەرەو جیهادی فراوانتر هان دەدا. ئا لەو خاڵەدا هەردووکمان لەهەمان کەشتیدا بوین". وەکو ئاوارەیەکی فەڵەستینی، عەززام بەسۆزەوە باسی نیشتیمانی خۆی دەکرد، بەڵام هانی شوێنکەوتوەکانی خۆیدا کەکێشەی ئیسرائیل وەك بەشێك لەشەڕێکی گەورەتر تەماشابکەن کە لەلایەن بێباوەڕانەوە دژی موسوڵمانان هەڵگیرسێنرابوو، کێشەیەکی هەزارساڵە، وەك لەقورئاندا پێشبینیکراوە دەبێت تا رۆژی قیامەت بخایەنێت. وتارو کتێبەکانی عەززام دەربارەی ئازاری موسوڵمانە بێتاوانەکان

بوو. هاوڵاتیانی ئەفگانستانو فەڵەستینی وەك قوربانی دەستدرێژی دەناساندو هاواری بۆ تۆڵە دەکرد. ئەو ژنو منداڵانەی لەژێر چەکی سۆڤیەتدا لەئەفگانستانو لوبنانی دوای داگیرکاری ئیسرائیل لەساڵی١٩٨٢دا دەمردن یەك شت کۆیدەکردنەوە، ئەویش بریتی بوو لەناسنامەی موسوڵمانی بوون. ئەم هێرشە لەناکاوانە بۆسەر خاکی موسوڵمانان بووە هۆی سەرهەڵدانی (فەرزی عەین)، کە ئەرکێکی زۆرەملێبوو لەسەر موسوڵمانان تا بەرپەرچیان بدەنەوە. سەرچاوەی بۆچونەکانی عەززام نوسینەکانی تیرۆریستی جیهادی سەدەی سیازدە (ئیبن تەیمییە) بوو، کە بن لادن دواتر خۆی ئاشکرایدەکات: "بۆ بەرپەچدانەوەی دوژمنی دەستدرێژیکار کەجیهادو ئاین ناشیرین دەکات، هیچ ئەرکێك جگە لەباوەڕ، تێکۆشانی سەرسەخت لەدژیان گەورەتر نیە". عەززام بەڵگەی دەهێنایەوە کەئەفگانستان باشترین شانۆیە بۆ ئەو جیهادەو (ئومەت) یان (کۆمەڵگەی باوەڕداران) بۆ جەنگی دواتری رزگارکردنی فەلەستین بەهێز دەکات. لێرەوە لایەنە ئایدۆلۆژیا هەلپەرستیەکانی عەززام بوونە جێگەی مشتومڕ: وەك بابەتێکی کرداریی، عەززام دەیتوانی پارە کۆبکاتەوەو لە ئەفگانستان کاریگەری لەسەر روداوەکان هەبێت، لەکاتێکدا بەلایەنی کەمەوە لەوساتەدا ئەو لەفەلەستیندا کەسێکی بێ دەسەڵاتبوو نەیتوانی ببێتە ئاوارەیەکی کاریگەر.

هەڵمەتەکانی ئیسرائیل بۆسەر خاکی لوبنان لەساڵی ١٩٨٢ گڕی لەجیهانی عەرەب بەردا: شەڕێکی پەخشکراوبوو کە لێوانلێو بوو لەهەواڵو وێنەی تورەکەر. ئوسامە کاتێ سەرنجی دەدا، وانەکانی عەززام دەربارەی جیهاد تەواو کاریتێکردبوو، وەك چالاکڤانێکی خۆڕاگری ئیسلامییو ئاوارەیەکی فەڵەستینی بە ناوو ناوبانگی مامۆستاکەی سەرسامبوو. لەساڵانی داهاتوودا ئەوە دەبێتە باو کە باسی لافو گەزافی ئوسامە دەربارەی فەڵەستینیەکان بکەیت وەك تۆزێك زیاتر لەپاڵپشتیە زارەکییەکانی سعودییەك کە لاوازی شوێنکەوتووە عەرەبەکانی قۆستبووەوە. ئەو لێکدانەوەیە شانازی خودئاگایی ئوسامەی دەربارەی کارەکانی باوکی لەقودس نیشان دەدا، وێڕای ئەوەش پەیوەندی نزیکی لەگەڵ عەززامیش پشتگوێ دەخست. ئەمەش یادکردنەوەکانی فەرامۆشکرد، کەلەوانەیە لەجەختکردنەوەیاندا گومانێك هەبێت، بەڵام لەوانەیە دروستکراو نەبن. "روداوەکانی ساڵی ١٩٨٢و دواتریش، کاتێ ئەمەریکا رێگەی بەئیسرائیلدا لوبنان داگیربکات، کاریگەری راستەوخۆیان لەسەرم هەبوو". ئەو دیمەنانەبوون کەکاتی کوڕێنی لەخوێندنگادا بۆی مابونەوە، ئوسامە چەند ساڵێك دواتر نووسی:

هێشتا ئەو دیمەنە ناخۆشانەم لەیادە: خوێن، دەستو قاچی پەڕیو، ژنو منداڵی سەربڕدراو. لەهەموو شوێنێك، خانووەکان روخابوونو بینای باڵەخانەکان هەرەسیانهێنابوو، بەسەر نیشتەجێبووواندا دارمابوون. لەو ساتە هەستیارانەدا چەندین بیرۆکە لەناخمدا قوڵپی دەدا، چەندین بیرۆکە کەباسکردنیان قورس بوو، بەڵام بۆ رەتکردنەوەی نایەکسانیو پاڵنانی ستەمکاران هەستێکی بەهێزی بەرپا دەکرد. هەرکات سەیری ئەو تاوەرە روخاوانەی لوبنانم دەکرد، وام بەخەیاڵدا دەهات کەسزای ستەمکاران بەتێکشکاندنی تاوەرەکانی ئەمەریکا بدەم، بۆ ئەوەی چێژی دەرمانی خۆی بکات. لەو رۆژەوە دڵنیابوم ستەمکاریو کوشتنی بەئەنقەستی ژنانو منداڵان سیاسەتێکی بەمەبەستی ئەمەریکایە.

یادکردنەوەی ئەم دیمەنو بیرۆکانە، کەلە ناخمدا قوڵپیان دەداو باسکردنیشیان قورس بوو، هەندێك گرژیو شڵەژان لەژیانی فراوانی هزریو سیاسی ئوسامەدا نیشاندەدات. ئوسامە بەهۆی کاریگەری عەززامەوە دەستیکرد بەپێکهێنانی ئەرکی دووبارەبووەوە بەمەبەستی رێکخستنو دابینکردنی خەرجیەکان، پێکهێنانی لیژنەی بیرۆکراتی، پێداچونەوەی پلانی بڵاوکردنەوە، بنیادنانی یاساو سیستەم بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی دارایی بۆ گەنجە سعودیە خۆبەخشەکان، لەگەڵ رەوانبێژیەکی زیاتر شاعیرانەو سۆفیانەی شەهیدبوون لە پیشاوەر. بەشێك لەم کارە رەنگدانەوەی بیروباوەڕی هەزارساڵەی عەززام بوو، بەڵام بەشێکی تری بریتی بوو لەستراتیژی خستنەنێو بازاڕ کە لەلایەن مامۆستا ئاینیە پارەپەرستەکەیو قوتابیە بازرگانەکەی پێشوویەوە، کە خەرجی بۆدابین دەکرد، پەیڕەوکرابوو. هەڵسوکەوتەکانیان وای پیشاندەدا کە ئوسامەو عەززام کەمتر ئارەزوویان لەشەهیدبوون بوو، بەڵکو زیاتر ئارەزوویان پێکهێنانی بزوتنەوەیەك بوو کە لەسەر بنەمای سۆزداری بۆ شەهیدبوون هانی خەڵکی بدات. عەززام بەڵگەو یادەوەریەکانی بەکاردەهێنا بەو مەرامەی قوربانیەکانی گەنجە خۆبەخشە باش رانەهێنراوەکان پیرۆز بکات کە لەپیشاوەردا بەمیوانخانەکانی عەززامدا تێپەڕ دەبوونو لە ئەفگانستان دەمردن. عەززام رایگەیاند:"بەختیار ئەو کەسەیە کە بەپلەی شەهیدبوون خەڵات دەکرێت، خودا لەبەهەشتدا ٧٢ پاکیزەی پێدەبەخشێتو دەشتوانێت ٧٠ لەخزمەکانی هەڵبژێرێتو بۆ بەهەشت بانگهێشتیان بکات". لەو یەکەم چوار لیژنەیەی کەئوسامە لەنوسینگەی خزمەتگوزاری رێکیخست، یەکێکیان چالاکیەکانی میدیای پێشدەخستو دووەمیش پەروەردەی بەرەوپێش دەبرد. سروشتی ئوسامە بەئەستەم جێگەی سەرسوڕمان بوو.

تەمەنێکی زۆری منداڵی بەکارکردن لەنوسینگەی بن لادندا بەسەربردبوو، کەپڕبوو لەگۆڤاری رەنگاوڕەنگی بازرگانیو هونەریو لەلایەن شارەزایانی بواری ریکلامو خستنەبازاڕەوە بەڕێوەدەبرا. لەکارەکانی بۆ خێزانی شاهانەو دەسەڵاتە ئاینیەکان لە مەککەو مەدینە، ئوسامە بۆیدەرکەوت پرۆژەیەك کاتێك سەرکەوتوو دەبێت کەسپۆنسەرەکانی بەسەرکەوتوو لەقەڵەمی بدەن. بۆئەوەش ئوسامە دڵنیابێت لەوەی سپۆنسەرەکان وەك سەرکەوتوویەك تەماشایدەکەن، پێویست بوو بڵاوکردنەوەو ریکلامکردن رۆڵێك بگێڕن. لەبەرئەوە ئوسامە هەر لەپرۆژە سەرەتایەکاندا لە پیشاوەر هەندێك لەخاوەن ئەقڵە بازرگانییە مۆدێرنەکانی هێنا.

سێ مانگ دوای ئەوەی ئوسامە لەگەڵ عەززامدا نوسینگەی خزمەتگوزارییان دامەزراند، سالم، کەهێشتا لەگەڵ خێزانی شاهانەی سعودیدا لەگەشتی راوکردنەکەی بوو لەپاکستان، لەگەڵ کامێرا ڤیدیۆکەیو دەستو پێوەندێکی بێباوەڕ، میکانییەکی سویدیو شارەزایەکی ئەمەریکی بواری فڕۆکەی بچووکیشیان لەگەڵدابوو، بۆ پیشاوەر رۆیشت. پێدەچوو ئوسامە بەسروشت تێگەیشتبێ کە لەکوێدا هەستو سۆزەکانی بۆ جیهاد لەگەڵ بەرژەوەندی سالمدا بۆجەنگی ئەفگانستان یەکیانگرتبوو. ئوسامە بڕیاریدا لەبری جەنگاوەرە خۆبەخشەکان، لەنێو کامێرای براکەیدا وێنەی هەتیوەکان دابنێت. ئەوەش رێڕەوی سەرەکی بوو بۆ بەبازارکردنی خێروخێرات، کەبتوانن بەبوونی هیچ ناکۆکیەك هاوکاری بکەن کە ئەوەش بیروباوەڕی ئایەتێکی قورئانیە:"خودا ئامۆژگاریتان دەکات کە بەیەکسانی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەتیوەکاندا بکەن. ئەو ئاگادارە لەهەر چاکەیەك کەدەیکەن".

ئێستاشی لەگەڵبێت، کاتێك خۆی وەك جەنگاوەرێك یان لەوانەیە وەك شەهیدێك بەناوی جیهادەوە دەبینێت، ئوسامە بەرێزەوە خۆی لەگەڵ برا گەورە جگەرەخۆرە بێ ئایینەکەیدا مامەڵەیکرد. جەمال خاشوگی یادیکەوتەوە کەلەوانەیە (سەوا) یان (رابوونی ئاینی)، لەعەرەبستانی سعودی خێزانی ئوسامەی بەرەو یەکگرتوویی راکێشابێت، بەڵام ئوسامە زۆری لەخۆیکرد کەخوشكو برا عەلمانیەکانیشی ببەخشێت. ئەوەی کە ئوسامە زیاتر لەگوناهباری تاکەکەسی لێی دەترسا بریتی بوو لە"بزوتنەوەیەکی گەورەی عەلمانی، فوتابخانەی تێکەڵو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی". خاشوگی هەروەها یادیشیکەوتەوە"لەپەیوەندیکردن لەگەڵ موسوڵمانە ناپەیوەستەکاندا، ئیخوان جەختیشیان لەرۆڵی خۆشەویستیو گرنگیپێدانو سۆزداری دەکردەوە". ئوسامە هیچ کێشەی لەگەڵ ئەواندا نەبوو. میتۆدەکەی ئەوەبوو کە

میهرەبانو ئارامبیت". ئوسامە هاوکاریەکانی خێزانەکەی بۆ کارەکەی وەك هیچ نەدەبینی جگە لەئەرکی سەرشانیان کە:"جیهادی دارایی" یەو دواتر دەنوسێت،"بەهەمانشێوە، ئەرکی سەرشانیانبوو... بەتایبەتی ئەوانەی زیاتر سەرچاوەی داراییان هەبوو لەئەوانەی کەنەیانبوو".

بەووتەی بێنت جۆهانسن بێت، کە لەگەشتەکەدا هاوڕێیەتی کردبوو، سالم لەم ماوەیەدا بۆ دووەم جار سەردانی پیشاوەری کرد. ئوسامەیان لەڤێلایەکی قەراغ شاردا بینی،"نوسینگەیەکی عەرەبی بوو هەندێك قەنەفەی تێدابوو". جۆهانسن یادیکەوتەوە بەیەکەوە بۆماوەی کاتژمێرێك یان دووان قسەیانکرد. سالم بڕێکی زۆر پارەی کاشی لەجانتاکەیدا هەڵگرتبوو."نازانم پارەکە لەکوێوە دەهات، نازانم ئەگەر هەمووی لەسالمەوە هاتبێت، چونکە هاریکارییان لەشوێنی جیاواز لەسعودیەوە پێدەگەشت".

لەساڵی ١٩٨٥دا سالم فێربوو کەخزمەتی سیاسەتی نهێنی دەرەوەی فەهد لەئەفگانستان بکاتو لەهەمان کاتیشدا خزمەتی رابواردنی لەرادەبەدەری خۆی بکاتو جڵەوی لێ شلبکات. لەوکاتەدا، ئەم ڕێرەوی چالاکیانە هیچ بەیەکیان ناکۆکیەکی تێدانەبوو.

دوابەدوای مەرگی خالیدی برای بەهۆی لەکارکەوتنی دڵیەوە، شا فەهدی تاج بەسەر بەرزکرایەوەو بوو بەشای سعودیە. ئێستا تەختی پاشایەتی هی ئەوبوو، فەهد بەساڵی گوتبوو کەخۆزگە بەشێوەیەکی یاساییانەتر گەشتیبکردایە. شا فڕۆکەیەکی (بۆین ٧٤٧)ی دەویست، بەهەموو مۆدێلێك رازینەدەبوو، بەڵکو گەورەترین مۆدێل کەلەو کاتەدا هەبوو، بە (بۆین ٧٤٧-٣٠٠) ناسرابوو، پشتیکی بەرزی درێژی هەبوو، دەشتوانرا بکرێت بەدوو بەشی هەواییەوە.

لەتەمەنی ٦٢ ساڵیدا فەهد بوو بەشا، هەرئەوەندە تەمەنی هەبوو کەبۆ دوایینجار خۆی بەرابواردنو پارە خەرجکردنەوە خەریك بکات. تەندروستی باش نەبوو، هەندێکجار لەکاتی رۆشتندا توشی گرفت دەبوو، بەڵام زۆر هۆگری ژنە گەنجە تازەکەی بوو، جەوهەرە ئەلئیبراهیم، کەدواتر منداڵێکی بەناوی عەبدولعەزیزەوە لێی بوو، لەبەر خاتری فەهد مێردەکەی جێهێشتبوو، فەهدیش نازێکی بێسنووری پێدابوو. لەکۆشکە جۆراوجۆرەکانیدا ژورێکی نوستنی شازی بۆ کوڕەکە رازاندبووەوە، لەسەرەتای ١٩٨٥دا عەبدولعەزیزی بردبوو بۆ کۆشکی سپی بۆ بینینی رۆناڵد ریگن. براکەی جەواهیر، کەئەویش ناوی عەبدولعەزیز بوو، بوو بەکاریگەرترین راوێژکاری فەهد بۆ کاروباری دادگاکان دادەنراو لەماوەیەکی کورتدا سامانێکی زۆری کۆکردەوە. شوقەیەکی لەگەڕەکی (مەیفێر) لەلەندەن گرتو فڕۆکەی تایبەتی لەجۆری

گەڵفستریم‌و دی سی-٨ بۆخۆی کڕی. سالم پەیوەندی لەگەڵدا گرێدا، کاتێك شا بۆفڕۆکەی ٧٤٧ دەگەڕا، ژن براکەی هانای بۆ سالم بردبوو.

فەهد زانی داوای شتێکی گەورەی کردووە، بەڵام وەك بازرگانێکی زەبەلاح کەکۆمەڵێك ئەندازیار بۆکۆشکێکی نوێ هەڵبژێرێت، بەدوای چەندین پێشنیاری خەیاڵیدا دەگەڕا کەبتوانێت فڕۆکەکەی بەشێوەیەکی خەیاڵی دروستبکات. بەهەرحاڵ، ئەمە داوایەکی سەرپێی بوو کەفڕۆکەی ٧٤٧ بەتەنها بەدڵی فەهد دروستبکرێت. ئەم پرۆژەیە بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ کۆمپانیاکی گەورەی وەکو (بوین)دا نەدەگونجا، کەقازانجەکانی لەرێگەی دروستکردنی مۆدێلەکانی فڕۆکەی ستاندارەوە دەستدەکەوت، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی فەهد، کەهێڵە ئاسمانییەکانی حوکمەتەکەی چەندین فڕۆکەیان لەکۆمپانیاکە کڕیبوو، (بۆین) پێشنیارەکەی بۆ دروستکردنی جۆرێکی شازو شاهانەی ٧٤٧ی بەرەوپێشبرد. بەتەنها تەندەری نۆژەندکردنەوەی ناوخۆیی‌و سیستەمەکەی لە ١٠٠ ملیۆن دۆلار تێپەڕیکرد، سەرەڕای ئەوەش، دیزاینەکەی (بوین) فەهدی دڵخۆش نەکرد. لەراستیدا شا دلگرانبوو دەربارەی پیلانەکەی (بوین)، ئەمەش ژن براکەی دلگران کرد دواتر سالمیشی دلگران کرد.

لەگەشتەکانی تەکساسدا، سالم هەندێك لەفڕۆکە (لیر)ەکانی خۆی بردبوو بۆ سان ئەنتۆنیۆ بۆنۆژەندکردنەوەی بەشی ناوەوەیان، لەوێ چاوی بە ئەمەریکیەکی ئەفسوناوی پۆلی نوێیەمی زانستی فڕۆکەوانی بەناوی دی هاوارد کەوت، کەکۆمپانیایەکی بواری دروستکردن‌و خزمەتگوزاری فڕۆکەوانی لەفڕۆکەخانەی سان ئەنتۆنیۆ بەڕێوەدەبرد. هاوارد پیاوێکی کورتی قسەخێرای ریشسپی بەهرەمەندی بواری ئەندازیاری بوو. لەخانوویەکی گەورەی قەراغ روباردا دەژیاو ئۆتۆمۆبێلی عەنتیکەی کۆدەکردەوە، بەڵام بازرگانیەکەی بەهەورازو نشێوی زۆردا تێپەڕبووبو، هەمیشەش دوای ئامانجی گەورە کەوتبوو. سالم پێیووت کەهەوڵەکانی بۆ پرۆژەی فڕۆکەی ٧٤٧ی فەهد دەرفەتێکی ئاڵتونیە بۆئەوەی کۆمپانیاکەی بکاتە پێشرەوی مامەڵە بازرگانیە جیهانییەکانی وڵات لەبواری نۆژەندکردنەوەی فڕۆکەوانیدا.

هاوارد یادیکەوتەوە"نێوان من‌و ئەو خۆشبوو، یەکتریمان خۆشدەویشت، ئەویش ئەو شتانەی بەدڵبوو کە من دەمکردن، سوریشبوو لەسەر ئەوەی کە من بچم شا فەهد ببینم‌و لەوبارەیەوە قسەی لەگەڵ بکەم" هاوارد دوودڵبوو، سەکۆی فڕۆکەکانی لەسان فرانسیسکۆ ئەوەندە

گەورەنــەبوون کەفڕۆکەیــەکی ٧٤٧ لــەخۆبگرێت. لەبەرامبــەر ئامــادەکردنی نمایشــێکدا، ســالم ٦٠,٠٠٠هەزار دۆلاری بەهاوارد بەخشی."من چاکەیەکم بۆ سالم دەکرد".

ســالم کەســێکی دروســتی هەڵبــژاردبوو، هــاوارد سروشــتێکی ســەیری بــۆ رابــواردن هــەبوو. لەجیاتی ئەوەی بۆ دیزاینی ســەرەتایی بــۆ ســتافی ســان ئــەنتۆنیۆ بگەڕێتــەوە، رونکەرەوەیــەکی هۆلیــوودی بــەناوی (ســید میــد) دامەزرانــدا، بــەهۆی فیلمێکــەوە بــەناوی (Blade Runner) دەربارەی داهاتوو سەرنجی خەڵکی راکێشابوو، (ریدلی سکۆت) کاری دەرهێنــانی بۆکردبــوو. میــد لەگەڵ هاواردو سالمدا سەردانی ریازیان کرد بۆئەوەی بیرۆکەکەیان پێشکەشــی شــا فەهــد بکــەن. رونکەرەوەکــەی هۆلیــود بــەهێڵکاریو وێنــەکانی هــەموویانی سەرســامکرد کاتێــك کەنەخشــەکەی سەرو ژوور گرتبوو، بۆئەوەی فەهد کارەکەی بەرونتر ببینێت. دی هاوارد بەشای دەوت،"خاوەن شــکۆ، بەراســتی دەمــەوێت ئــەم فڕۆکەیــە بــۆ تــۆ دروســتبکەم". فەهــدیش دەســتی دەگوشــیو بزەگرتــیو ووتــی:"مــن تەمــەنم ٦٣ ســاڵە، هــەرگیز دەرفــەتم بــۆ رێناکــەوێت کەدانەیــەکی تــر دروستبکەم"، هاواردیش وابیریدەکردەوە کەفەهدیش هەمان هەستی هەیە.

فەهــدو ســالم بــوون بــەدوو بــرادەری نزیکــی یــەك، هەمیشــە گاڵتــەیان لەگــەڵ یــەك دەکــرد: لەدانیشــتنەکانی دیزاینــدا، لــەکاتی ژەمــی نیوەڕوانــدا، لەســەر بابــەتی جیــاواز بــەدەنگی لاســایکردنەوەو گاڵتەجاڕیــەوە مشــتومڕیاندەکرد، ســالمیش لەمبــەر بۆئەوبــەری مێزەکــە بەئارەزووی خۆی هاواری بەسەر فەهددا دەکردو بیروبۆچونەکانی سەرزەنشت دەکــرد. یــەکێك لەئەندامانی گروپەکە یادیکەوتەوە،"هەندێ خەڵك دەیــانگوت ئــاه. ناتوانیــت وا بــە شــا بڵێیــت، ناتوانیت، بــۆت لــوا، بــەڵام دواتــر نــەختێك کــەمیکردەوە". چــەندین کاتــژمێریان لەگــەڵ فەهــد بەدیزانی فڕۆکەکەوە بەسەربرد، ئــەوە لایــەنێکی ژیــانی شــاهانە بــوو کــەدیاربوو فەهــد خۆشــی لێــدەبینی. لەکۆتایــدا، پــاش چــەندین دانیشــتنی دژوار کەلەلایــەن ئیبراهیمــەوە سەرپەرشــتی دەکراو چەندین داوای چاوەڕواننەکراوی تێدابوو، هاوارد بەڵێندەرایەتیەکــەی بــردەوە، کــەبڕی کۆتایی ٩٢ ملێون دۆلاربوو.

فڕۆکەکــە ژمارەیــەك تایبەتمەنــدی هــەبوو کــە لەفڕۆکــە بازرگانیەکانیشــدا نــەدەبینرا. لەنێوانیانــدا شاشــەیەکی کــارپێکردنی تــەواو تایبەتمەنــدی تێــدابوو بــۆ نەشــتەرگەری، ئــەوەش بەسیســتــەمی مــانگێکی دەســکردی تایبەتیــەوە بەنەخۆشــخانەی (کلێڤلانــد)ەوە بەســترابوو، کەسەنتەرێکی پزیشکی ئەمەریکیە. لەحاڵەتی لەناکاودا، برینکارەکانی فەهد دەیانتوانی لەکاتی

وەستانی فڕۆکەکە لەسەر سەکۆی فڕگەیك نەشتەرگەریی بۆ بکەن وێنەکان لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە بۆ (کلێڤلاند) بگوازنەوەو نەخۆشەکەیان خامۆشبکەنو بۆ تەواوکردنی نەشتەرگەریەکە بۆسەنتەرە پزیشکیەکە بفڕن. بۆ پاراستنی فەهدیش لەدوژمنەکانی، دەستەی (رایسۆن) کەرەستەی جەنگیان لەسەر فڕۆکەکە دامەزراند، لەگەڵ سیستەمێکی بەرگری دژی موشەکی ئامانج پێك.

بەهۆی بێ خەمی فەهد لەقەیرانی پزیشکیو هەوڵی تیرۆریستی، دەیتوانی خۆشی لەگەشتەکانی وەرگرێت. پاش هەوڵێکی زۆر، هاوارد توانی (ئاسانسێر) دروستبکات کەرێگە بەفەهدی ١,٩٥سم دەدات لیمۆزینەکەی لەفڕۆکەکەوە بباتە سەر سەکۆی فڕۆکەخانەو دەست بۆ خەڵکی بەرزبکاتەوە، پاشان بەچەند هەنگاوێك بەپێ بڕواتە سەر سەکۆی فڕگەکە بەبێئەوەی ناشکۆیانە سەری بچەمێنێتەوە. لەوێوە، بەبێئەوەی کەس بیبینێت، بەرزدەکرێتەوە بۆناو فڕۆکەکە، لەوێشەوە دەتوانێت بەرزکەرەوەی دووەم بچێتە نهۆمی سەرەوەی فڕۆکەکە. دیوەخانەکەی چلچرایەکی تێدابوو کە ٥ هەزار کریستاڵی قایمی پێوەبوو. لەخواریشیەوە، لەڕوی تەختەکەی فەهدەوە، ئەم کریستالآنە لەدوو تاڤگەی دەستکردا دەدرەوشانەوە: تابلۆیەکیش لەدیوارەکەی پشتیەوە راخرابوو کەکێڵگەیەکی ئەستێرەبوو، ئەو تابلۆیەش تابلۆی دڵخوازی مید بوو. سویتی ژوری نوستنی شاهانە گەرماوێکی ئەوەندە گەورەی تێدابوو کە بەئاسانی جێگەی کەمەری شای تێدادەبووەوە، هەروەها ژورێکی دانیشتنو تەختێکی خەو کە بەئاوریشم پڕکرابوو. لەترسی ئەوەی ئەم رابواردنانە شاو دەستو پێوەندەکانی گومڕانەکات، سەقفی هەموو ژورێك قیبلەنمایەکی کارەبایی پێوەبوو، کە بەسیستەمی سەتەلایتیی پێگە-دیاریکردنی جیهانیەوە بەسترابوو، هەمیشەش روی لەمەککە بوو.

لەساڵی ١٩٨٥ کارکردن لەسەر ئەم فەنتازیایە لەفڕۆکەخانەی سان ئەنتۆنیۆ لەلوتکەی خۆیدابوو. کاتێ کرێکارەکانی هاوارد مارکەی ستانداردی دیاریکراویان رەوانەدەکرد، پارە لەخەزێنەی شاهانەوە بەڕێگەی تەلەگرافەوە دەگەیشت، هەندێکجار بەجارێك زیاد لە ١٠ ملیۆن دۆلار دەگەیشت. سالم، کەئەوەندەی فەرمانبەرە ئەمەریکانی ئاگاداربوو، بەبێ هەقدەست کاریدەکردو ناوبەناو لەسعودیەوە سەردانی هاواردی دەکرد بۆئەوەی بەڕێوەچوونی کارەکەی بەسەربکاتەوەو لەدوامۆڵەت ئاگاداریبکاتەوە. کاتێ هاوارد دەربارەی سالم دەدوا یادی کەوتەوە:"سالم زۆر ئارەزووی دەکرد کە شا دڵخۆشبکات".

## ١٨- نیگەرانییە دەروونییەکان

لەسەرەتای هەشتاکاندا، لەنێوان هەموو براکانیدا تاکە رکابەری بەهێزی سالم بۆ سەرکردایەتی، یەسلام بوو کە لەساڵی ١٩٧٦ لەزانکۆی ساوزەرن کالیفۆرنیا بڕوانامەی لەکارو بازرگانی دا بەدەست هێنابوو. یەسلام چوار تا پێنج ساڵ تەمەنی گەنجتربوو، بەڵام بەتەمەنترینی ئەو سێ برایە بوو کە لەیەکێك لەهاوسەرەکانی پێشووی محەمەد بەناوی رەباب بوو کەئافرەتێکی بەرەگەز ئێرانی بوو. لەخێزانەکەدا یەسلام لایەنگری دڵسۆزی هەبوو، هەروەها پەیوەندییەکی هاورێیانەی هەبوو لەگەڵ هەندێك لە زڕبرا تاکەکانیدا کە لەکالیفۆرنیا ناسیبویان. یەسلام بەپلانەوە لە لۆس ئەجەلۆسەوە گەڕایەوە بۆ جەددە کە وادیاربوو لەلایەن کارمنی جوانو پڕخولیای هاوسەریەوە کەکچێکی فەرەنسیزمان لەدایکێکی ئێرانیو باوکێکی سویسری بوو لێی تێکدرابوو. کارمن بێباك بوو لەووتنی ئەوەی کەپێیوایە یەسلام زیرەکترین کوڕی بن لادن بێت، هەروەها ئەو ئەزمونو مەشقو راهێنانەی کە لەکالیفۆرنیا سەرقاڵیان بووبوو یارمەتیدەربوون بۆ گەشەپێدانو دووهێندکردنی شارەزاییەکانی لەئامێری کۆمپیوتەرو ئەو بوارانەی پەیوەستن پێوەی بۆ ئاراستەکردنی کۆمپانیاکانی بن لادن بەرەو کەرتی مۆدێرنی بازرگانی نێودەوڵەتی. هەرچەندە پێشتر سالم براکانی بن لادنی دامەزراندبوو هەروەها ئەمیندارەکانی لەرێکخراوی سەرەکی بن لادن لەسەر کار دەرکردبوو، سالم شەریکایەتی بەکرو غالبی برای کە لەخۆی منداڵتربوونو یەحیاو عومەرو تاریقی زڕبرای زامن کردبوو، لەهەمووو ئەمانەش گرنگتر وای لەخۆی کردبوو کەلای فەهد دەستبەرداربوونی مەحاڵ بێتو لەگەڵ ئەوەشدا بۆنەی بەشداریکردن لەبەرفراوانکردنی سیستەمی تەلەفۆنی شانشینی بەدەست هێنابوو ئەمەش دەسکەوتێکی مەزنی کارو بازرگانی بوو. یەسلام زانی کە ژوورێکی بچوکی تایبەتی هەیە بۆ رێنمایکردن بەشێوەیەکی شارەزایانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە سودبەخش بوو، ویڕای ئەوەی کەتێدەگەیشت لەرێژەی سودو قازانجی رۆژئاواییو پەیوەندیو بۆندەکانی بازاڕ، لەمەوە سالم خۆی لەهەندێك ئەرك لائەدا، هەروەها بەشێوەیەکی باش فەرەنسیو ئینگلیزی دەزانی، خاوەنی هەریەك لەعەقڵی بازرگانیو

جیهانبینی بوو. کارمن خۆی جێگیرکرد وەك ئافرەتێکی خانەخوێ لەناوەندەکانی دیبلۆماسیو بازرگانی جەددە، هەروەها لەگەڵ یەسلامدا لەڤیلاکەی خۆیاندا بەدرێژایی رێگای مەککە گۆرەپانێکی تێنسیان دروست کرد، لەشەوانی پێنج شەممەدا کەسەرەتای پشوی هەفتەیە لەسعودیە، میوانداری ئاهەنگی تێنسیان دەکرد بۆ گەنجە سەرمایەدارە سعودیەکانو کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکانو گەورەپیاوە بیانیەکانو باڵیۆزەکان. ئەمانە رووداوی سەرگەرمکردنو بێ مەبەست بوون کە تیایدا بەشێوەیەکی ئازادو بەلێشاو خواردنەوە کهولیەکان پێشکەش دەکرانو بەکاردەهاتنو گۆشتو کەباب دەبرژێنرا، هەروەها زمانی ئینگلیزی کاریگەری پەناگەی کالیفۆرنیای باوبوو لەنێوان بزاوتی شانشینی وەهابیەکاندا.

یەسلام بەخێرایی فکری سالی داگیرکرد. وەك شوفێرێکی پێشبڕکێکاری ئۆتۆمۆبیلو فڕۆکەوانیش مەشقو راهێنانی کردبوو، هەروەها سالانێك خەریکی کۆکردنەوەی ئۆتۆمبیلی فیراریو لامبۆرکیسیو پۆرش بووە. هەروەها ئیبراهیمی براشی جۆرە خووپێوەگرتنێکی هەبووە بۆ رۆلدز رۆیسز. پاش گەڕانەوەی یەسلام بۆ جەددە، فەوزیەی زاوای، کەمێردی خوشکێکی شیری بوو، لەگەراجەکەیدا لەجەددە توشی گرفتی دەماخ بوو لەودەمەی سەری جولاندبوو لەکاتێکدا بەخێرایی ئۆتۆمبێلێکی فۆرمولا-وەنی هێنابووەوە لەدەرەوەی گەراجەکە. بەشێوەیەکی دیار لەنێوان پیاوەکانی بن لادندا، ئۆتۆمۆبیلی خێراو تیژڕەو نیشانەی پیاوەتیو مەردایەتی بوو.

لەکاروباری بازرگانیدا بەهۆی بوونی پۆلەکانی خوێندنی لەزانکۆی ساوزەرن کالیفۆرنیاو رکابەرایەتی لەگەڵ خاوەن بانکەکانی ئەمەریکادا، یەسلام لەگەڵ ئاڵۆزیەکانی ئاسایشی بازاڕدا لەزۆربەی براکانی گونجاوو ئاسودەتر بوو، خەریکی هاوردەکردنی کۆمپیوتەرو بیرکردنەوەی لەچۆنێتی بنیاتنانی خزمەتگوزاریەکی راوێژکاری مۆدێرن بوو کە لەلایەن سعودیەکانەوەو بۆ سعودیەکان بەڕێوەببرێت، تا پێشبڕکێ لەگەڵ بازرگانە ئەمەریکیو ئەوروپیەکاندا، کەجیهانێکیان پێکهێنا بۆ بەرزکردنەوەی سودو قازانجی وەبەرهێنان بەئاراستەی سەرمایەداریی نوێ، بکات.

لەگەڵ گەشەکردنی خولیاکانی لەم بوارەدا، سالم دوچاری کێشەی زیاتر بوو، کە بۆخۆی پێیوابوو رێزلێگیرانی لەلایەن ئەو برایانەی کەگەنجتر بوون لێی دەگاتە ئەوپەڕی. یەسلام بێزاربوو لەمامەڵەکردن بەشێوەیەکی لەخۆباییانە. تا ئەو کاتەش سالم بەشێوەیەکی بەرچاو

خـەڵاتی یەسـلامی دەکـرد بـۆ ئـەو ئاسـتە بـەرزەی بەشـدارییەکانی. بـەپێی بەڵگەنامـەکان لەدادگایـەکی سویسـری کـە لەلایـەن کارمنـەوە راگەیـەنراوە، لەساڵی ١٩٧٦ یەسلام بـەهای یـەك ملیۆن دۆلاری دەستکەوتووە. دوو ساڵ دواتـر ئەوەشـی راگەیانـد، کەنزیکـەی یـەك ملیـۆن‌و نیـو دۆلاری وەك موچەو قەرەبووی تر پێدراوە.

یەسلام‌و کارمن بۆ ماوەیەکی کاتی هەڵاتن بـەرەو جنـێف بـۆ ئـەو شـوێنەی کـە لەسالّی ١٩٧٥ یەکەم جار چاویان بەیەك کـەوت لەقـەراغی شاری جینسۆد، لەشـەقامی ژمارە ١، شـێمی دیـلا پێتیڤوا، خانویەکی کۆنیان کڕی‌و کەل‌وپەلیان بەبەهای زیاتر لە یەك ملیۆن فرانکی سویسـری بۆ کڕی. لەنێوان ساڵانی ١٩٧٨و ١٩٨٥دا پارەیەکی زۆری خـەرجکرد بـۆ کـارمن لـەکڕینی خشـڵدا، بایی زیاتر لەدوو ملیۆن دۆلار ئەڵماس‌و یاقوت‌و بەردی گرانبەهاو پارچەزێڕی بۆ کڕی. کـارمن دواتـر وازی لـەو خـووە هێنـاو ووتـی، "مـن دانـی پیـادەنێم کەکەسـێکی لوتبـەرزم". پـارە خەرجکردنـە رۆتینیەکـەی هەنـدێك جـار سـەرجەمی مـانگێکی دەگەیشـتە ٢٠ هـەزار فرانکـی سویسری. لەماڵەکەی جەددەیان سندوقێکی پارەیان بـەکاردەهێنا کـەزۆرجار نزیکـەی ٥٠ هـەزار دۆلاری تیادابوو.

وەك زۆربـەی براکـانی بـن لادن جگـە لەسـالم، یەسـلام بەشـێوەیەکی نـەرمونیان دەدوا و بەرێزانە هەڵسوکەوتی دەکرد. ئەو پیاوێکی باریـك‌و جەسـتەی بـێ هێـز دیـاربوو کەباریکیـەکی نارێك بوو، ئـەو جلانـەی لەبـەری دەکـردن تایبـەت‌و دیزاینـی دوامـۆدە بـوو، هەنـدێك مارکـەی دیـاری لاپەسـەند بـوو. لـە سویسـراو کالیفۆرنیـا زیـاتر لەماڵەوە دەبینـرا وەك لەعەرەبسـتانی سعودی، پاش گەڕانەوەی بۆ جەددە، چەند مانگێك تێپەڕی ئینجا هـەوڵی خستـەگەڕ بـۆ گـەڕان بـەدوای ناسـنامەیەکی گونجـاودا. کاتێـك تەمـەنی لـە سـی سـاڵ نزیـك بـووەوە، دەوڵەمەنـدو سـەرکەوتوو بـوو لەبازرگانیـدا، هـەروەها بـاوکی دوومنـاڵی کـچ بـوو، بـەڵام کێشـەی تـرس‌و دڵەڕاوکێی زۆری بۆ دروست بوو.

بۆماوەیەك سەرقاڵی شەڕی ئەم رووداوانـەوە بـوو، بـەڵام لەسـاڵی ١٩٧٩، سـاڵی پڕگۆڕانکارییـە مەزن‌و لەناکاوەکان بوو دواجار نیگەرانی هەرەسـی بـە یەسـلام هێنـا. بـەپێی ووتـەکانی کـارمن لەدۆسـیەکەی دادگایـدا، یەسـلام "خـۆی شـاردەوە لەشـوێنێکی دوور لـەماڵ‌و منـیش هـەموو شەوەکانم بەهەوڵدان بۆ پێدانی دڵنیایی بە یەسلام" بەسـەربرد. هەڵسوکەت‌و رەفتـاری بـەرەو شـێوازێکی خراپـی سـەرگەردانی پـەرەی سـەند بەشـێوەیەك "دەیویسـت بەشـەو و بـەرۆژ یـاری

تاوڵە بکات، هەروەها هەمیشە ژنەکەیی خەبەر دەکردەوەو داوای لێدەکرد بەشداری بکات لەم شێتیەدا". کارمن وەبیری هاتەوە، لەماوەی راپەڕینەکەی مەککەدا، یەسلام خێرا هاتوچۆی دەکرد "لەماڵەوە بۆ نوسینگە وەك پیاوێکی شێت" لەپاش کاریگەری توندوتیژیەکان، "یەسلام خەوی ناخۆشی دەبینی" لەهەموو شتێك دەترسا بەتایبەتی ترس لەمردن".

ململانێکانی ناو ناخی قوڵتربوونەوە، یەسلام هەستیکرد کەژنەکەی لێی تێناگات. وەك پارێزەرەکانی لەدۆسیەی دادگای سویسرادا تۆماریان کردبوو، "وا دەردەکەوت ژنەکەی چێژێکی کیناوی وەردەگرت لەخراپترکردنی بارودۆخی یەسلام لەرێگای هەڵچوونی توندوتیژی بەردەوامەوە، لەو ماوەیەدا ڤیژاندویەتیو هەڕەشەی خۆکوشتنی کردووە ئەگەر داوای شتێك بکاتو یەکسەر جێبەجێ نەکرێت... شێوازی ئاسایی خۆی وابوو، دەبوو کەویستی ئۆتۆمبیلەکەی لێخوڕێو بیکێشێ بەناوەراستی داریکدا، بیکات". کارمن نکۆڵی لەم بانگەشانە کرد، هەستی کرد زۆری بۆ کردووە. "هەرشتێك کەبتوانێ یارمەتی ئەوی پێبدات کەئاگای لەخۆی بێتو کۆنترۆڵی چارەنوسو کاری خۆی بکات". بۆ هەریەکە لەم رووداوانە، لەتوانایدا نەبوو نە لەجنۆکەکانیو نە لەژنەکەی بکۆڵێتەوە، یەسلام لەجنێڤ بەدوای یارمەتی پرۆفێشناڵدا دەگەڕا، بەڵام هیچ یارمەتیو کۆمەکێکی دەست نەکەوت. بۆماوەی شەش هەفتە گەشتی بۆ لۆس ئەنجلۆس بۆ چارەسەری پزیشکی کرد. بەپێی ووتەکانی یەسلام لەدادگا، ئەم چارەسەرە بارودۆخی تارادەیەك باشترکردووە.

لەنێوان ئەم ململانێیانەدا، بڕیاریدا خێزانەکەیان بەرەو خاوەنداریێتی پشکی کۆمپانیای نێودەوڵەتیو بۆندی بازاڕ ئاراستە بکات. هەندێ کۆمپیوتەری کڕی کەیارمەتی وەگەڕخستنی پشکی کارو بازرگانی دەدا، هەروەها لە جەددە، یەکەم نوسینگەی بریکاری عەرەبستانی سعودی کردەوەو نەخشەی بۆ داڕێژا، وەك لە یەکێك لەنامیلکەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئەو دەزگایەدا هاتبوو، "بۆ رێکخستنی بیرۆکەکە، پێویستە کەسێك لە واڵ ستریت بژی بۆ ئەوەی پارە پێکەوەبنێت".

لەسەرەتای هەشتاکاندا، یەسلام بەخێرایی وەك رابەرو پێشەنگی بنەماڵەی بن لادن لەپشکی بازرگانی جیهانیدا دەرکەوت، هەروەها سەندیکای وەبەرهێنانی خانوبەرەو بەکارهێنانی کۆمپانیا کەناردەریایەکان لە کاریبیەنو باجی ئەوروپیو ئەمەریکای ناوەراستو هەروەها بانکی نهێنی زامنی دامەزراند. پارە خێرخوازیەکانی بنەماڵەی بن لادن لەناوچوو بەهۆی

فراوان بوونی بزوتنــەوەی تونــدڕەوی نــاجۆری ئوسامەو بەهــەمان شـێوە، هەنــدێکی تــریش لــە ســەرمایەی بنەماڵەکــە لەگــەڵ کــاری دارایــیــە جیهــانیو ئــاژاوەو نیگــەرانیو هاوســەرگیریە شێواوەکەی یەسلامدا لەناوچوو.

لەدەوروبەری ساڵی هەشـتادا، یەسلام کۆمپانیایـەکی سویسـری دامەزرانـد کـەدواتر بـوو بـە کۆمپانیای وەبەرهێنانی سعودی. دامەزراوەیـەکی بازرگـانی (کایمـان ئایلەنـدس) کـەپێی دەوتـرا (فـۆلکن لیمتـد) کـە یەسـلامو خوشـكو براکـانی دەسـتیان بەسـەردا گـرتو بـوون بـەخاوەنی دامەزراوەکە. هەروەها دواتر فۆلکن بەشی لەدامەزراوەکانی تـردا هـەبوو، لیسـتی تـەواوی نـاوی پشــکدارەکانو چــالاکیەکانی ئــەم کۆمپانیــا کەناراویانــە نــەزانراو بــوون، بــەڵام هەنــدێك لـەناوەکانیان ئامـاژە بـۆ شـتی خـەیاڵی زمـانی سـکۆتلەندی دەکـەن وەك (سـێلتا فاینـانس)و دامــەزراوەی نێودەوڵــەتی (گــالوەی). هەنــدێك لــەم کۆمپانیــا کەناراویانــە پێکهێنرابــوون بــۆ بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی تاك لەپرۆژە بازرگانیەکانی خانوبەرە یان مـاڵو بارەگا نهێنیـەکانی بنەماڵەی بن لادن لەولایەتە یەکگرتوەکانو ئەوروپا، هەرچی ئەوانیتره وادیاربوو وەگـەڕخرابن بۆ هاوەردەکردنو بۆندی کرێی دامەزراوەکان بـۆ کۆمپانیاکـانی بـن لادن، هێشـتا هـیتر هـەبوون کەدامەزرابوون بۆ سەرچاوەی داراییو بونیادنانی کار لەوڵاتانی وەك سودانو هەنـدێکی تـر کـە بەتەواوی نادیارن. لەساڵی ١٩٨٣ یەسلام دامەزراوەی پاناما-کۆمپانیای وەبەرهێنانی سعودی پێـك هێنا، خۆی وەك سەرۆك کاری دەکرد، هەروەها پارێزەرێکی سویسریو بۆدیـون دونانـدیش وەك بەڕێوەبــەرێك پەیوەنــدییان پێــوەکرد. لەســاڵی داهــاتودا، دیســان لــە پانامــا لقێکــی هاوبەشــی رێکخراوەکـەی محەمــەد بــن لادنــی رێکخســت، بــەم شـێوەیە سـالم وەك سـەرۆكو یەسـلام وەك گەنجینەدارو ئەمیندار هەروەها بەکری برای سالم وەك بەڕێوەبـەرێکی تـر دەسـت بـەکاربوون. پاشماوەی وتاری ئەمانەو ئەو کۆمپانیا پەیوەندیدارانەی بن لادن لە پاناماو کایمانسو کوراکـۆو ئەنتیلیزی هۆڵەندیو لیچینسنو لوکسەمبۆرگـو سویسراو ئاسلیز چـانلو شـوێنەکانی تـر هـەر زوو لــە سەرانســەری ئۆقیــانوسو کیشــوەرەکاندا فــراوان کــران. کۆمپانیاکــان دەکرانــەوەو دادەخرانو ناویان دەگۆڕاو یەکێك یەکێکی تری دەکڕی یان هاوکات ساڵانێك دەکـەوتن، تۆمـاری هەیکەلە پوچەکانیان لەکاتی خۆیدا لەلایەن پارێزەرانو ژمێریارانەوە کە لەلەنـدەنو شـوێنانی تر جیگیربوون نوێ دەکرایەوە. یەسلام وادەردەکـەوێت کـە لەگـەڵ ئـەم کۆمپانیـا کەناراویانـەدا

تێوەگلابـوو، بەتایبــەتی ئەوانــەی کــە بــەرێوەی بــردون لــەپرۆژەکانی خانوبــەرە لــە ولایەتــە یەکگرتوەکان.

بــەپێی لێکۆلینــەوەی کۆمپانیایــەك، نزیکــەی دوانــزە کارمەنــدی لــەکۆمپانیای وەبــەرهێنانی ســعودی لەجــەددە بــەکرێ گرتــووە هــەروەها "ســەدان کۆبونــەوەی بازارکــاری ناســاندنی کۆمپانیاکـەی بـۆ خـەڵك" بەسـتووە. لـەم نمایشـانەدا، یەسـلامو هاوەڵـەکانی جـەختیان لەسـەر کاریگەرییــەکانی بــەجیهانیبونی دارایــی کردۆتــەوە. لێکۆڵینەوەکــە رایگەیانــد: "لــەو کاتــەوەی کەشانشین تۆرێکی هێڵو گواستنەوەی پێشکەوتوو دابین دەکات، کەلێنی زانیاریـەکان بـۆ بـازارە بیانیەکان زۆر بچوك دەبێتەوە، توانامان دەداتێ بۆ پێشبرکێ کردن لەبەرامبەر کریارو بریکارە بیانیەکاندا، جا بۆیە ئەوە ئەوشتەیە کەپلانمان دانـا بـۆ کردنـی کاتێك دەسـتمان کـرد بـەکاری مەیـدانی بـۆ داپۆشـینی پشـکی بازارەکـانی ئەمـەریکا بـۆ کریارەکانمـان". وەبـەرهێنانی سـعودی هەنـدێك لــەبریکارو کریارەکــانی ناردووەتــە دەرەوە بــۆ لێکۆڵینــەوە لەچــالاکیەکانی کــرینو فرۆشـتنە بیانیـەکان، هـەروەها لـە جـەددە بەشـێکی دامەزرانـد کەتـەرخان کرابـوو بـۆ پشـکی بازارەکـانی ئەمـەریکاو ژاپـۆن. لـەکۆتایی سـاڵی ١٩٨٣دا، کۆمپانیاکـە بانگەشـەی لەئەسـتۆگرتنی پشکی بەبەهای زیاتر لە ١٠ملیۆن دۆلار کرد بۆ کریارە هەمیشەییە سعودیەکان، کە ساڵانە بـڕی نزیکەی ٢٠٠ ملیون دۆلاری دابین دەکرد. پشکی بازرگـانی پارچـە کۆمپیوتەریـەکان کـە بـەدوای قـۆرخکردنی کەلێنــەکانی نرخـدا دەگـەڕا لەبازارەکانـدا کـە بلاوبـوو بوونـەوە لەسەرتاسـەری جیهانــدا، هــەروەها کــەدواتر خێرایــیو قــەبارەی وەبــەرهێنێك زیــادی دەکــرد، لــەو کاتــەدا ســەرگرمەدانی بەشـەپارەو پشـکی بازارەکـان بـوو بـوو لـەتۆکیۆو لەنـدەنو نیویـۆرك، یەسـلام سەرەنجام پەیمانیدا بەشێکی کەمی کارەکەی بهێنێتەوە بۆ عەرەبستانی سعودی.

هەروەها برەویدا بەپەیوەندییەکان لەوەبەرهێنانی بانکـەکانی وۆڵ سـتریت. لـەرێگای یـەکێك لەمانـەوە-دۆنالدسـنو لـوفکنو جێنـرێ، یەسـلام پلانـی دانـا بـۆ رێگەپێـدانی بازرگانیـەکان بـۆ کریـارە سـعودیەکان لەپشـکی بازارەکـانی ئەمــەریکا کـەکرینو فرۆشـتنی پشـکەکانی لەسـەر ئاڵوگۆری پشکی نیویۆركو سەرانسەری بازارە نەیارەکانی بۆ ئاسانکردن.

وەبەرهێنانی خاوەن بانکەکان لە دۆنالدسنو لوفکن یەسلامیان بە چارلس تیکلو بەرپرسـی راپەڕانـدنی ئەنجومـەنی دانیـالو کۆمپانیایـەکی پەرەپێـدانی خانوبـەرەی ئەمـەریکی ناسـاند. تیکـل بــەدوای هاوبەشــێکدا دەگــەڕا کــە بتوانــێ کرێــی نوســینگەو پرۆژەکــانی خانوبــەرەو

نیشتەجێبون بدات لە ولایەتە یەکگرتوەکان، یەسلام رایگەیاند کەئەوەی پێخۆشە. یەسلام کۆمپانیایەکی تری پانامایی دامەزراند کەپێی دەوترا وەبەرهێنە سعودیە هاوبەشەکان کە پشکدارەکانیان لەدۆسیەی کۆمپانیادا بە "بنەماڵەی محەمەد بن لادن" ناو دەبران. لەساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیان بە دانیالەوە کرد بۆ گەشەپێدانی پلازای شاهانە لەریچمۆندو ڤێرجینیاو کۆمەڵگایەکی تەواوی نیشتەجێبوون لەگەڵ ریستورانتێك بەفراوانی بیستو دوو ئەیکەرو هۆڵی شانۆو سەرتاشخانەو بانكو دەرمانخانەو کتێبخانەو خانەی بەساڵاچوان‌و چوار تاوەری بەرز کە ٨٩١ ئەپارتمانی تێدابوو. دوای سێ ساڵ لە وودگەیت وێست ٣٤ بینای ئەپارتمانی دوو نهۆمیان لەباکوری رۆژاوای هۆستن وەبەرهێنا، یەکێك لەنامیلکەکانی یەسلام ئەم مامەڵە بازرگانیانە بە "بیرۆکەیەکی نـاوازەی وەبەرهێنانی خانوبەرەی ئەمەریکی" ناودەبات. لەبەهاری ١٩٨٤ دا، کۆمپانیاکە چاوەڕوانی هەبوونی "توانای کڕین"ی بەبڕی ١٠٠ ملیۆن دۆلار بوو.

چارلس تیك ئەو کەسە بوو کەهەوڵی خستەگەڕ لەبیرمینگهام‌و ئالاباما، هەروەها یەسلامی بە "هەمیشە کارامە...رۆشنبیرو قسەزان" دەزانی. ئەنجومەنی دانیاڵ "هەرگیز لەگەڵیدا هیچ جۆرە مامەڵەیەکی خراپی نەبووە". بەسەریەکەوە کاریان لەنزیکەی شەش پرۆژەی خانوبەرە لەولایەتە یەکگرتوەکان کرد، لەهەر بارێکدا، کۆمپانیاکەی یەسلام، وەبەرهێنانی سعودی، تەنها وەبەرهێن بوو کەهاوشانی (دانیاڵ کۆرپۆرەیشن) بوو. ئەنجومەنێکیان دروست کرد بۆ خزمەتکردن وەك دابینکردنی گوێزەرەوە داراییەکان، هەندێ جار تیکڵ‌و یەسلامی بە بەڕێوەبەر ناودەبرد. تەنها نهێنی راستەقینە کەتیکڵ بیری هاتەوە پارەکەی خۆی بوو کە یەسلام وەبەریهێنابوو یان ئەوو ئەندامەکانی تری بنەماڵەکە یان ئەوو سعودیە وەبەرهێنەکانی تر یان پارەی لەهەندێ سەرچاوەی ترەوە پەیداکردبوو. تیکڵ رایگەیاند "ئەوە هەمیشە وەك شتێکی نهێنی پارێز بوو". لەکاتێکدا وەك بابەتێکی بازرگانی، "ئێمە دەمانتوانی گرنگی کەمتری پێبدەین". بۆ مەبەستەکانی دانیاڵ کۆرپۆرەیشن، یەسلام دەرفەتی بەکارهێنانی بڕێکی زۆری پارەی هەبوو، هەروەها هیچ هۆکارێك نەبوو بۆ تیکڵ بڕوا بکات کە ئەوە لەسەچاوە نەشیاوەکانەوە هاتووە. هەرکە ئەم گروپی وەبەرهێنانە جیهانیەی بنیادنا، یەسلام کارکردنی لەگەڵ سالیمی برای زیاتر لا قورس بوو. بەپێی وتەکانی کارمن، یەسلام "ئەوکات، بەڕاستی، سەرۆك کارمەندی دارایی"ی کۆمپانیاکانی بن لادن بوو، بەڵام

"پلەبەرزبوونەوەکەی لەلایەن سالم‌و بەکرەوە، کە زیاتر وەك دووەم فەرمانبەری سالم کاری دەکرد پێشوازی لێنەکرا". ئەم دووانە بەرهەڵستی هەندێك لەبڕیارەکانی یەسلامیان کرد بۆیە توڕەبوونەکەی قوڵتربووەوە. هەروەها بەپێی وتەی کارمن، یەسلام‌و هەندێك لەبراکانی تر "بێ هیوابوون بەهۆی کەمی پەیوەندیانەوە" لەگەڵ بنەماڵەی شاهانەی سعودی، چونکە "سالم‌و بەکر چاودێری پەیوەندییەکانیان دەکرد لەگەڵ میرەکاندا". یەسلام دوودڵ بوو لەوەی بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕووبەڕووی برا گەورەکانی ببێتەوە، هەرچەندە لەساڵەکانی دوایدا، هیچ لێدوانێکی نەدا لەبارەی ئەم ململانێیانەوە، تەنها بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ "بەرهەڵستیەکان" کردبوو، لەڕێگای وردەوردە جیابونەوەی لەکارو بازرگانیە سەرەکییەکانی بنەماڵەوە.

لەساڵی ١٩٨٥ یەسلام جەددەی بەجێهێشت‌و گواستیەوە بەرەو خانوەکەی خۆی لە کەنارشار لەجنێڤ. خۆی لەبراکانی دوور خستەوە، بەڵام بەتەواوی پەیوەندی لەگەڵیاندا نەبڕی، یەسلام‌و سالم‌و بەکر وەك بەڕێوەبەری ژمارەیەك کۆمپانیای کەناراوی مانەوە، بۆماوەی چەند ساڵێك دواتر، ئینجا ناو بەناو کارو کۆبونەوەی جەماوەرییان دەکرد. هەروەها یەسلام بەردەوام بوو لەبەڕێوەبردنی سەرمایەی بنەماڵە، بەتایبەتی خوشك‌و برا شیریەکانی خۆی‌و دواتر ئاسانکاری لە کاری بانکی‌و هەندێ وەبەرهێنان کرد بۆ زڕبراو خوشکەکانی تری، بەڵام یەسلام بەشێوەیەکی سەرەکی بەهیوا بوو لەدوورکەوتنەوەی لەو بەشە کارو بازرگانیەی کە لەلایەن سالمەوە کۆنترۆڵ کرابوون لە جەددە، بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییە سەربەخۆکانی خۆی لەگەڵ میرە سعودیەکان‌و وەبەرهێنە سەرمایەدارەکانی تر کەپێشتر کڕیاری سالم‌و بەکر نەبوون : میر ماجدو میر میشالی زڕبرای فەهد، ئەمانە دوو لەهەرە پەیوەندییە گرنگەکانی بوون لەو ماوەیەدا.

یەسلام بڕیاریدا گەشە بەجۆرە کۆمپانیایەکی وەبەرهێنان بدات کە سەرنجی سعودیەکان‌و ئەوروپیەکان‌و ئەمەریکیەکان بۆلای خۆی رابکێشێ وەك یەکێك کە دەردەکەوێت بەشێوەی ڕێك‌وپێکی (ماهۆگەم)ی بانکێکی سویسری. بەبڕی ٥ ملیۆن فرانکی سویسری، بینایەکی گەورەی بەردینی لەگۆشەیەکی جنێڤی کۆن لەشەقامی فرانچۆیز کڕی‌و نۆژەنەنی کردەوە، ئەمە وەك بارەگا وابوو بۆ کۆمپانیای وەبەرهێنانی سعودی. لەوێوە، یەسلام بریکارێتی ژمێریاری‌و پشکی بازرگانی نێودەوڵەتی بەڕێوەدەبرد. نامەیەکی سێ پەڕەیی بۆ ئیبراهیمی

برای نوسی لەسەر کاغەزی کۆمپانیای وەبەرهێنانی سعودی لە ١١ی ئازاری ١٩٨٥، دواتر خرایە ناو دۆسیەی کەیسەکەی لەدادگایەکی ئەمەریکی، کە وێنەیەکی خێرای چالاکیە بازرگانیەکانی پێشکەش دەکات. ئەوە ئاماژە بە بەدواداچونێك دەکات لەلایەن ئارسەر ئەندەرسنی جنێڤ وە دواتریش لیستی گروپی کۆمپانیاکانی ئیبراهیم بن لادن دروست بکات: چەند پارچەیەکی بچوکی زێڕو زیوو چەند سەد هەزار دۆلارێکی ئەمەریکی بە پارەی کاش کە بەشێوەیەکی ئاشکرا بۆ دابینکردنی رەهن بۆ پشکە بازرگانیەکان، هەروەها پشکەکان یان مافی کڕینو فرۆشتن لەناو هەشتاو پێنج ئەنجومەندا کە زۆربەیان ئەمەریکین. لەنێوان پشکی وەبەرهێنانەکانی ئیبراهیم کە کۆمپانیای بیرەی (ئەنهیوسەر بوش)و کارگەی (بۆڵ)ی دروستکەری ئامێرەکانی یاری پینبۆڵ. ئەمێریکەن ئێرلاینز بوون.

ئەوە کاتێکی زۆر باش بوو بۆ گەرمکردنی بازاڕی بازرگانی، هەروەك ستراتیژی کەسێك. پاش وەستانی بازاڕ لەولایەتە یەکگرتوەکان لە ساڵی ١٩٨٢. بەرزبونەوەی رێژەی پیشەسازی دۆو جۆنز بە بڕی زیاتر لە ٥٠ لەسەد لەماوەی سێ ساڵی دواتردا. بەدرێژای هاوینو پایزی ١٩٨٥، لەکاتێکدا یەسلام کۆمپانیاکەی لەجنێڤ بنیادنا، بازاڕەکان هێشتا لەبەرزبونەوەی زیاتردا بوون، هەرزوو رێژەی دۆو بوو بەدووئەوەندە لەدابەزینەکەی ١٩٨٢، دواتریش بەردەوام بوو لەبەرزبونەوە. نەخۆشیەك دەربارەی پشکی وەبەرهێنان بلاوبوەوە لەسەرانسەری ولایەتە یەکگرتوەکانو بەدەوری جیهانی بەپیشەسازی کراو دا، قەبارەی لەپشکەکانی بازرگانی رۆژانەی لەسەر ئاڵوگۆڕە سەرەکیەکان وەك رۆکەیتی ئاسمانی بوو، هەروەها زۆرێك لە وەبەرهێنانی چینی ناوەڕاست کە پێشتر خۆیان لێی لائەدا ئێستا لەپشکەکاندا نوقم بوون.

کارمن هەستی کرد کە جۆرە شێتیەك توشی یەسلام بوو بوو. لەساڵی ١٩٨٥، پارێزەرەکانی کارمن لە دۆسیەی دادگای سویسرا نوسیبوویان "یەسلام بەماوەیەکی پارە بەفیڕۆدانی زۆرو هەڵەشەدا تێپەڕیو لەسەریەك دانانی زیاتر لە ٥٠٠ جوت پێڵاوو سەدان قات جلوبەرگو زیاتر لە دەرزەنێك ئۆتۆمبیل بۆ کات بەسەربردن". لەو کاتەندا "یەسلام بەردەوام لە بارێکی خراپی تەندروستی دا بوو، وەك پەرکەمو ترسی پەلاماردانو توڕەیی". کارمن بۆی دەرکەوت "دەمارگیریو توندڕەویەکەی بەردەوام زیاد دەکات". کارمن بۆ نیگەرانیو ترسو توڕەییەکەی خۆی بەدوای چارەسەردا دەگەڕا. بەپێی دۆسیەکەی یەسلام لەدادگای سویسرا لەلایەن پارێزەرەکانیەوە، یەسلام بەوەی زانی کە کارمن پەرکەمەکەی زیادی دەکردو بەهۆی

هەڕەشـە دووبارەکـانی بـۆ خۆکوشـتن زۆر مانـدوو دەبـوو. بـاوەڕی وابـوو کـە ژنەکـەی لەگـەڵ پیاوێکی تردایە، کە کـارمن "ئـەو پیـاوەی تـر سـەردەخاتو هەڕەشـەکانی خۆکوشـتنی نمایشـەو ئەیویسـت خـۆی وانیشـاندا". لەکۆتایـدا، "چـیتر نـەیتوانی بەرگـەی کـردارو هەڵسـوکەوتەکانی ژنەکەی بگرێت"، لەخانوەکـەی جێنسـۆدیانەوە گواسـتیەوە بـۆ بیناکـەی خـۆی لـەجنێڤی کـۆن. دواتر ژنەکەی ئاشکرای کرد کەوا دووگیانە. قسەیان کـرد لەسـەر ئـەوەی ئـاخۆ پێکـەوە خێـزان فراوان بکەن یان نـا، پـاش هەنـدێ هـاتنو رۆشـتن، سـەرەنجام سـێیەم کچیان لەنیسـانی ١٩٨٧ دا لەدایك بوو.

لەناو ئەم ئاژاوەیەدا، یەسلام بڕیاریدا پشکێکی بریکـارێتی لەلەنـدەن بکڕێـت. وادیـارە ئـەوە باشترین کاتی ژیانی نەبوو بـۆ لەئەسـتۆگرتنی وەبـەرهێنانێکی ئاوهـا ئـالۆز، بـەڵام هەرچـۆنێك بێت پێشکەوتنی بەخۆوە بینـی. کۆمپانیـای روسـڵ وود چـەند ئۆفیسـێکی لەساوسـوارك هـەبوو لەسـەر رۆخـی باشـوری روبـاری سـامز. لـە سـاڵی ١٩٧٢ جـۆرج روسـڵ وودی بریکـاری بریتـانی، کۆمپانیاکـەی لەگـەڵ چـەند هاوبەشـێکدا دامەزرانـد، کـە تایبـەت بـوو بـە هەرشـتێك وەك کاروبازرگانی کڕیـارە تایبەتـەکان دەناسـرا، بـەو مانایـەی کـە پشـکی بازرگـانی بـۆ سـەرمایەدارە تاکـەکان دەخسـتەگەڕ. کۆمپانیاکـە خـاوەنی کورسـیەك بـوو وەك بریکـار-بازرگـان لـەئاڵوگۆڕو ئاسایشی بازاڕی  لەندەن دا، ئەمە مانای ئەوەیە کە دەیتوانی کـڕینو فرۆشـتن بـە پشـکەکانەوە بکـات لەسـەر حسـابی خـۆی یـان کڕیارەکـانی بـەبێ تێپـەڕبوون بـەهیچ ململانێیەکـدا، ئـەوەش بریتی بوو لەژمارەیەك ئـاڵوگۆڕ. ئەمـە رێگـای دا بـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی خێرایـیو توانـاو شـارەزایی لـەکاتی وەرگرتنـی وەبەرهێنـە سـەرمایەدارەکاندا. بـە کـۆنترۆڵکردنی کۆمپانیاکـە، یەسلام توانی بۆ یەکەم جار بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ کۆمپانیاکـەی خـۆیو بنەماڵـەی بـن لادن بهێنێتـە نـاو ئاسایشـی بـازاڕی نێودەوڵەتیـەوە. "ویسـتیان خۆیـان وەك بریکـار دامـەزرێنن لـە لەنـدەن، چـونکە لـەوڵاتی خۆیـان بریکـار بـوون"، ئۆگەسـتی سـاوتەرو دواتـریش یـەکێك لەهاوبەشـەکانی کۆمپانیاکـە ئەمـەیان درکانـد. یەسـلام ویسـتی "ئامۆژگـاری هـەموو خـەڵکی عەرەبستانی سعودی بکات کە بەپارە بەشداری وەبەرهێنانی جیهانی بکەن".

یەسلام کەسێکی هەڵگری پاسپورتی تانزانی بەناوی ئەکبەر موعاوەلا لەگەڵ خۆیدا هێنـا بـۆ سویسرا، کەپێشتر لە بانکێکی ئەمەریکی لە عەرەبستانی سعودی کـاری کردبـوو. موعـاوەلا وەك

ژمێریارو بەڕێوەبەری یەسلام خزمەتی دەکرد، هەروەها بوو بەناسراوی سەرەکی روسڵ وود لەجنێڤ وەك لێدوانەکان دەریانخست لەماوەی ١٩٨٦و سەرەتای ١٩٨٧ دا.

لەو ماوەیەدا، نرخی پشکەکان بەرزترو بەرزتر بووەوە. قەبارەی بازرگانی لەسەر ئاڵوگۆڕە سەرەکیەکان گەورەبوو. لەبەهاری ١٩٨٧ دا، مامەڵەیەکی بازرگانییان هەبوو. نرخی کڕدراوەکان ئاشکرانەبوون، بەڵام دەرکەوت کە لانی کەم چەند ملیۆن پاوەنێکی ئەستەرلینی کۆکراوەتەوە. یەسلام فۆلکن لیمتدو یەکە سەربەخۆکەی کایمان ئایسلەندی بەکارهێنا بۆ کۆنترۆلکردنی روسڵ وود. موعاوەلا بوو بە بەڕێوەبەر. یەسلام یەکێك لەپشکەکانی بازرگانی کۆمپیوتەری بەدەست هێنا بۆ پاراستنی شوێنی پێشبڕکێی هەموو ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی کە لەلایەن کڕیارەکانی بریکارێتی لەندەنو کڕیارە نوێکان لەعەرەبستانی سعودیو هەرجێگایەکی تر ئەنجام دەدران. لە کۆتایی ئابی ١٩٨٧، سیستەمی کۆمپیوتەری نەخشەسازی بۆکرا بۆ لەئەستۆگرتنی هەموو بازرگانیەك لەکۆمپانیاکەدا.

لە ١ی ئاب، کاتژمێر دووی سەرلەبەیانی، کارمن چوو بۆ بیناکەی یەسلام لەجنێڤی کۆن، لەگەڵ ئافرەتێکی تردا بینی. پارێزەرەکانی کارمن نوسیبوویان "دەرکەوتنی رووداوەکە بۆ کارمن وێرانکەر بوو"، کارمن رایگەیاند داوای جیابوونەوەی کردووە. پاشان یەسلام بۆ نوسینی بۆندی جیابونەوە رۆیشت.

لە ١٧ی ئاب، رێژەی پیشەسازی دۆو جۆنز گەیشتە بەرزترین ئاستیو دواتر دەستی بەدابەزین کرد.

کارمن کەوتە ناو بارێکی هەڵچونی شومەوە، هەفتەك دواتر، پزیشکێك لەجنێڤ، بەپێشبینی گفتوگۆکانی جیابوونەوەی لەگەڵ یەسلامدا، راپۆرتێکی پزیشکی نوسی کەئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد "نیگەرانیو خەمۆکیەکانی لەو نزیکانەدا زیادی کردبوو" هەروەها کە "هەر بڕیارو ئیمزایەك" لەلایەن کارمنەوە پێویستە "بە پووچو بەتاڵ دابنرێت". هەر زوو خرایە نەخۆشخانەو لەبارێکی زۆر دەرونی خراپ دا بوو.

وەك ساوتەر وەبیری هاتەوە، لەلەندەن، شەپۆلێکی ووزەی کارەبایی لەناکاو بەبڕی نزیکەی یەك هەزار ڤۆڵت، لەتۆڕی کارەبای شارەکەوە سەرچاوەی گرتبوو، "هەموو دیسکەکانی سوتاند" لەسیستەمی کۆمپیوتەری روسڵ وود. شەپۆلەکە هەموو تۆماری پشكو بازرگانی هەڵبژاردنی کڕیارانی کۆمپانیای تێکدا. بەپێی ساوتەر، هیچ دیسکێکی جێگرەوە نەما. پاشان چی روویدا

بەتەواوی روون نیە. ساوتەر وەبیری هاتەوە کە هەندێك لە بریکارە پشکدارەکانی کۆمپانیاکە زۆرێك لە کڕیارەکانی روسڵ وودیان توشی پلانێکی بازرگانی زیانبەخش کردبوو لەناویشیاندا بەشەکانی کارگەی دروستکەری بیرە لەکرۆیدن‌و ئینگلترا، هەروەها لەناکاو لەنێوان ئەو سەرلێشیوانەی کە بەهۆی لەکارکەوتنی کۆمپیوتەریەوە بوو، هەندێ بریکاری سەرەکی کۆمەڵەیەکیان لەو بەشانە دروست کردو ئەمە بوو بەهۆی دارمانی پێگەی روسڵ وود. هەرچییەك بووبێت، لەو پایزەدا، دارایی بریکاریەکان زۆر بەخێرایی پوکایەوە. لەتشرینی یەکەمدا ئاسایشی بازاڕی گەورەترین رۆژی پێکدادانی خۆی تێپەڕاند لەدوای هاڵاوسانە مەزنەکەی ساڵی ١٩٢٩. لەکۆتایی ساڵەکەدا، روسڵ وود سێ ملیۆن‌و نیو پاوەنی ئەستەرلینی لەدەست دابوو، یان نزیکەی شەش ملیۆن دۆلار. لەناو دۆسیەکاندا کەتایبەت بوو بە یاساناسە بەریتانیەکان، کۆمپانیاکە لێپرسراو بووە سەبارەت بەکێشەکانی لە لەکارکەوتنی کۆمپیوتەرەکان، کە بوو بووە هۆی "دارمانی کۆنترۆڵی ژمێریاری".

بەگشتی ئەوە ململانێیەکی سارد بوو لەنێوان بنەماڵەی بن لادن‌و کاریگەرییەکانی بەجیهانی بوون، کە هەرزوو بەرەو خراپتر چوو.

## ١٩- هاڕەڕەکە

لەناوەڕاستی هەشتاکاندا، بیستو چوار براکەی بن لادن کە لەکۆمپانیای سەرەکی بنەماڵە، خاوەن بەش بوونو کۆمپانیاکەش هاوشێوەی بەرەیەك بوو لەهەمان پارتی سیاسی کە بەرژەوەندیە باڵاکان پێکەوەی گرێدابن، زۆرجار کاریان لەگەڵ ئامانجە هاوبەشەکان دەکرد، بەڵام ئەندامێتی جیایان هەبوو لەباڵەکانی لیبراڵو کۆنزێرڤەتیڤدا. چەپەکان پێکهاتبوون لەسەرکردە باڵاکانی وەك سالم هەروەها یەسلامو هەندێکی تریان کە ئەوروپاو بەیروتیان لاپەسەند بوو. ئوسامەو مەهروز، باڵی حەماسو چالاکڤانی ئاینییان پێکهێنابوو. لەنێوانیاندا، هەندێکیان خەریکی ژیانی لاسایکەرەوەو چەقبەستووی عەرەبی بوون، وەك ئەو چوار برایەی کەهەموویان راهێنانیان وەك ئەندازیاری شارستانی کردبوو، ئەوانیش: بەکرو غالبو عومەرو یەحیا بوون. ئەمانە نەتوشی کۆکردنەوەی پێنج سەد جووت پێڵاو بوونو نە فیداکار بوون وەك شەڕکەرە جیهادکارەکان لەجەنگە بیانیەکاندا. موسوڵمانی هوشیار بوون، بەڵام شایەنی زیاتر بوون لە شارەزایی تەکنیکیو ئامادەیی بۆ کارکردن، ئەمانە ئیشکەری چالاك بوون لەنێوان کوڕەکانی محەمەد دا، هەروەها کاتی زیاتریان لەنوسینگەو شوێنی کارکردندا بەسەردەبرد.

لەو چوارە، بەکر حەڤبرای سالم بوو، کە تەنها ساڵێك یان دوو ساڵ دوای ئەو لە مەککە لەدایك بوو بوو، وەك جۆرە کارمەندێکی وەگەڕخەری سەرەکی دەرکەوتبوو بۆ بنەماڵەو کاروبارەکانی. نازناوی بەڕێوەبەری پرۆژەی مەیدانی هەبوو بۆ بنیادنانی دابەشکردنی ڕێکخراوی محەمەد بن لادن، هەروەك ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرانی ئەو کۆمپانیایەو ئەنجومەنەکانی هەندێ کارو چالاکی تری هاوبەش کە لەبەشە جیاکەی سالم دەرکەوتبوو لە کۆمپانیای برایانی بن لادن. سالم ئەو کەسە بوو کە "هەموو کارو بازرگانیەکانی بۆ بنەماڵەی بن لادن بەدەست هێنا"، محەمەد عەشماوی کە کارگێڕی نەوتی سعودی بوو گێڕایەوە، "بەکر بەڕێوەی دەبرد". سالم خاوەنی مۆرکێکی چالاکی بیرۆکراسێکی سروشتی بوو، جلی یەك پارچە، دشداشەی سپیباوی لاپەسەند بوو، ڕەنگە لەگەڵ پێنوسێك یان پەڕە پێچراوە

بازرگانیەکان لەگیرفانی سەر سنگی دا بێت. "هەموو ئەم شتانە کە دەیکردن لە خۆڕسکەوە بوو" فرانسیس هونیوێڵ، خاوەن بانکێکی وەبەرهێن کە لەسەر پرۆژەی تەلەفۆن کاری دەکرد، گێڕایەوە "بەکر زیاتر کەسێکی کۆنزیرڤەتیڤ و ئاشنای کارکردن بوو". مایکل پۆشنا وەك "کەسێکی زۆر زیرەك" بەکری هاتەوە یاد، بەڵام هەرگیز بەرگوێی نەکەوت کە بەکر هیچ شتێك بڵێ لەبەردەم برا گەورەکەیدا جگە لە "بەڵێ، سالم".

لەکاتێکدا کە برا گەورەکەی فێری گۆرانیەکانی بیتلس بوو بوو لەخوێندنگای تایبەتی (ئیسیکس)، بەکر لەسوریاو لوبنان خوێندبووی. فەرەنسیەکی باش قسەی دەکرد بەڵام ئینگلیزیەکەی کەمتر پێشکەوتوو بوو. سالم پاش مردنی باوکی بڕیاریدا کە دەبێت هەردوو بەکرو غالبی برای، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆ بخوێنن لەبەشی ئەندازیاریی شارستانی لەولایەتە یەکگرتوەکان، بۆئەوەی بتوانن کاری بەڕێوەبردنی بنیادنانی پرۆژەکانی بنەماڵەکە رایبکەن. یەکەم جار بەکر دواناوەندی تەواو کرد، لەو کاتەدا کە کۆتای شەستەکان بوو، سالم لەئەمەریکا ناسراوی زۆر کەمی هەبوو، بەڵام هاورێ زلە تورکەکەی خوێندنگای تایبەتی، کە ناوی محەمەد بیرگن بوو، لای هەموو ئاشناکانی سالم بە (بەچکە فیل) ناسراو بوو، رۆیشتبوو بۆ مەیامی. کەسێکی قۆزو گەنجێکی رووخۆش بوو، سەری گەورەو قژێکی رەشی هەبوو. لەو کاتەدا، ژوورێکی لەگەڵ فرۆکەوانێکی هێڵی ئاسمانی ئەمەریکیدا گرتبوو، هەندێ لەوانەکانی کۆلێژی وەرگرتبوو، هەروەها ووزەیەکی باشی بۆ گرنگیپێدانی رەگەزی بەرامبەر تەرخان کردبوو. سالم تەلەفۆنیکردو پێی ووت کە بەکر دەنێرێت بۆ ئەوەی بچێتە کۆلیژ لە مەیامی، داوای لە (بەچکە فیل) کرد کە وەك چاودێرو پاسەوانی بەکر دەست بەکاربێت.

ئەمە گەمەیەکی سروشتی نەبوو، هەر وەکو سالم، (بەچکە فیل)یش کەمتر پابەندی ئەرك و فرمانەکانی ئیسلام بوو، لەکاتێکدا بەکر هەرچەندە گەنج بوو، بەڵام زۆر ئاینپەروەر بوو، بەشێوەیەکی فەرمی لێکۆڵینەوەی لەسەر قورئان کردبوو. سەرەتا (بەچکە فیل) بەکری ناونوس کرد لەبەشی باکوری کۆمەڵگەی کۆلێژی مەیامی-دەید، کە چەند میلێك دەکەوێتە باکوری ناوەندی شار، لەشەقامی١١٩، بلۆکی سێ لە ئینتەرستەیتی ٩٥. ماتۆڕێکی بچوکی بۆ بەکر کڕی و یارمەتی دا بۆ دۆزینەوەی ئەپارتمانێك، هەروەها زۆرێك لە فریودەرە کۆمەڵایەتیەکانی مەیامی بۆ باسکرد. بەلایەوە قورس بوو بتوانێ فریوی بدات جگە لەیەك شتدا نەبێت، داوەتی کرد بۆ چێشتخانەی (شۆرتی بار-بی-کیو)، لەسەر رێگای سەرەکی دیکسی،

ژوورێكی گۆشەدار كەتیایدا میوانەكان لەسەر مێزی دار لەتەنیشت یەكەوە دانیشتبوونو پەراسووەكانو بوتڵی پلاستیكی صاص-یان دانابوو. (بەچكە فیل) بانگی شیشێكی گەورە پەراسووی برژاوی كرد، لەوكاتەدا بەكر بەترسەوە پرسیاری كرد ئاخۆ ئەوانە گۆشتی بەرازن، پاسەوانەكەی دڵنیای كردەوە كە نەخێر، ئەوانە گۆشتی مانگان. چەند مانگێك دوای ئەوە چەند جارێك دوبارە گەڕایەوە بۆ ئەو شوێنە بۆ نان خواردن. سەرەنجام ئامۆزایەكی بینی كە لەعەرەبستانی سعودیەوە هاتبوو، پێی ووت، لەراستیدا تائێستا بەدرێژای ئەو ماوەیە پەراسووی بەرازی خواردووە، كە پێشێلكردنی یاسای ئیسلامە، بەكر خۆی خواردەوە، توشی شۆك بوو، لەكارمەندێكی چێشتخانەكەی پرسی بۆ دڵنیا بوونەوە، كەزانی، هەڵیكوتایە سەر ئەپارتمانەكەی (بەچكە فیل)و رووبەڕووی بووەوە: "تۆ چ جۆرە پاسەوانێكی! ئەزانی! درۆت لەگەڵ كردم!" تەلەفۆنی بۆ سالم كردو شكایەتی لێكرد، بەڵام براكەی ئەم وەڵامەی دایەوە، "لانی كەم كارێكی كردووە كە بۆت دەركەوێ پەراسوی بەراز بەڕاستی تامی چۆنە". ئیتر (شۆرتی بار-بی-كیو)، میوانێكی هەمیشەیی لەدەست دا.

بەكر ئینگلیزیەكەی باشكردو رایهێنا لەگەڵ پۆلەكانی ئەمەریكا دا، هەروەها گواستیەوە بۆ بەشی خوێندنی ئەندازیاری لە زانكۆی مەیامی، پاشان بۆ هەندێ بینا، كە پەرتەوازە بوون، پڕ بوو لە دارخورمای كەوتوو و كۆنكریتی شكاو لە كۆرل گابلز. پەیوەندی كرد بە وانەكانی ساڵی خوێندنی ١٩٧٣ وە. لەخوێندنگاكەدا، زیاتر لەچوار هەزار خوێندكاری جولەكە هەبوو، هەروەها زیاتر لەهەزارو پێنج سەد خوێندكاری دەرەكی لەوڵاتانی تایوانو ڤەنزویلاو ئێرانو جەزائیرو شوێنانی ترەوە هاتبوون. نارەزایەكانی شەڕی ڤێتنام حەرەمی زانكۆی شێواندبوو. پارتی كۆماری بەیاننامەیەكیان بلاوكردەوە لەكۆنفرانسی مەیامی ساڵی ١٩٧٢دا، هەروەها خوێندكارانی زانكۆ پەیوەندیان بەخۆپیشاندەرانی ترەوە كردو شەڕو توندوتیژی لەبەرامبەر پۆلیس دەستی پێكرد. بەپێی رای پرۆفیسۆرێك، سێ لەسەر چواری خوێندكارانی زانكۆی مەیامی مەرجوانایان دەكێشا. "سێ شت پێویست بۆ ئاهەنگێكی مەرجوانا"، ئەمە لەچاپی ١٩٧٢ی كتێبی ساڵانەی زانكۆكەدا تێبینی كرا، "وەك، خەڵك و جێگەو مەرجوانا".

بەكر پەیوەندی بە تاقمێكەوە كرد لە بەشی خوێندنی ئەندازیاری كە بێ ئاگا دەردەكەوت لەهەموو ئەمانە. خواكین ئەڤینۆ، هاوپۆلی ئەمەریكی-كیوبی، گێڕایەوە كە "هەرگیز ئێمە قسە لەبارەی جەنگ یان رەگەزپەرستیەوە ناكەین". "تەنها شت، كە لەبارەیەوە قسە دەكەین،

دەرچوون لەزانکۆو دەستکەوتنی کارو بوون بە ئەندازیارو کۆکردنەوەی هەندێ پارەیە". جۆن هۆڵ کە هاوپۆلێکی تری بوو، رایگەیاند، زۆرێك لەخوێنـدکارانی بەشی ئەنـدازیاریی شارسـتانی نەوەی دووەمی دووره وڵاتی کوبی بوون، ئەوان سەر بە "کۆنزێرڤەتیڤی رۆشنبیری نـاو زانکۆ" بـوون. زۆربـەیان هاتوچـۆیان لـەنێوان مـاڵی باوکیـانو خوێنـدنگادا دەکـرد. بـاوکی هـۆڵ ئاگرکوژێنەوە بوو، هەروەها ئەڤینۆ لە فرۆکەخانە وەك جانتاهەڵگر بە نیودەوام کاری دەکـرد. بەکر خویەکی بێ ئارامی هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا جدیو رووخـۆشو زۆر خـەریکی خوێندنـەوە بـوو، هـەروەها حـەزی لـەژیانی بـێ بەرنامـەی خوێنـدکاری نـەبوو. زیـاتر هاورێیـەتی لەگـەڵ کوبییەکانـدا هـەبوو، هـەروەها هاوبەشـی دەکـردن لەبابـەتو وانـەکانی تاقیگـەدا کـە شـیکاری پێکهاتەی خاكو بابەتە ژمێریاریە نەگۆڕەکانو فشار لەپێکهاتەکانی بینا، لەخۆ دەگرت. لەکاتی تاقیکردنەوەدا، ئەنجامەکانی مامناوەند، بەڵام دڵخۆشکەر بوون. لەناو بیست تا سی خوێنـدکاری کۆرسـی ئەنـدازیاری شارسـتانیدا هـەر ئـەم دیـاربوو، تـەنها لەبەرئـەوەی کراسـی ئاوریشـمی لەبەردەکردو ئۆتۆمبیلی کادیلاك سێڤیەی پێبوو.

بەکر دوور لەحەرەمی زانکۆ دەژیـا لەشـوێنێکی دڵڕفێنـی کـەناری شـار کەحـەوزێکی بچـوکی مەلەکردنی تیادابوو بەتەنیشت (کیندال) یان (پاینکریست)ەوە بوو، لەلای باشوری کۆڕاڵ گـابلز. دراوسـێکانی پێکهـاتبون لەخوێندنگایـەکی سـەرەتاییو دامەزراوەیـەك بـەناوی "یـوس فـۆر کریست" واتە "گەنجان بۆ مەسیح". سەرەنجام بنەماڵە پەیوەنـدی پێوەکرد. عومـەری زڕبـرای لـە بەشـی خوێنـدنی ئەنـدازیاریی زانکـۆی مـەیامی، سـاڵی خوێنـدنی ١٩٧٤ وەرگـیرا، هـەروەها شـوقەیەکی گـرت کـە نیـو میـل لەماڵەکـەی بـەکرەوە دوور بـوو. جارێـك، بـەکر گەڕایـەوە بـۆ وڵاتەکەی بۆ ژن هێنان، پاشان ژنە نوێکەی، هەیفا نابلسی، هێنا بۆ مەیامی، کـە ئـافرەتێکی قـژ زەردی سوری بوو کە یەکەم جـار لەدیمەشـق، لـەو کاتـەدا تەمـەنی نزیکـەی شـانزە سـاڵ دەبـوو، بەکر چاوی پێکەوتبوو، بەڕەگەز لـەخێزانێکی دووره وڵاتـی فەلەسـتینی بـوو. لەکاتێکـدا بـەکر خوێنـدنی تـەواوکرد، هـەیفا دوو کـوڕی بـوو، بـەناوەکانی نـەواف و فـیراس، بـەم شـێوەیە بـن لادنەکان، پاسپۆرتی ئەمەریکیان بۆ دوو کوڕەکەیان بەدەست هێنا. بەکر رێگەی بەهاوپۆلەکانی نەدەدا لەگەڵ ژنەکەی ئاشنایەتیان هەبێتو تێکەڵاو بن. هەروەها لەکاتی وەسفی بنەماڵەکەیـدا کاریگەری لەسەر یەکێك لەهاوپۆلەکانی دانا، بەوەی کە هـیچ کەسـێك لـە عەرەبسـتانی سـعودی بێزار نییە بەوەی کە چەند خوشـکی هەیـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، گـەر دابڕدرایـە لەهەڵسوکەوتو

بیروڕافکریـــە تایبەتـــەکانی بـــەهۆی ئۆتۆمۆبیلـــە پەڕدارەکـــەی‌و منداڵـــە بچـــوکەکانی‌و ماڵـــە بۆیاخکراوی سەرسوچەکەی‌و هەروەها ئامانج‌و مەبەستە جدیەکانی، بەکر هەروەك هەندێ لـە هاوپۆلەکانی وەك گەنجێکی کۆچبەری خێزانـدارو شـوێنکەوتووی خـەونی ئەمـەریکی دەبینـرا. بەوشـێوەی کـە ناسـیبویان، دەیـانزانی کـە پـاش دەرچـوونی لـە زانکـۆ، دەگەڕێتـەوە بـۆ کـاری بنەماڵەکـەی لـە عەرەبستانی سعودی. بـەکر لـە جـەددە کـارێکی پێشکەشـی هـاوپۆلێکی کـوبی-ئەمەریکی بەناوی جۆرج رۆدریگـز کـرد، کـە موچـەی سـەرەتایی دوو ئەوەنـدەی ئـەوە بـوو کـە لەولایەتە یەکگرتوەکان چاوەڕێبوو دەستی بکەوێ، بەڵام ژنەکەی جۆرج رایگەیاند، "بـەبێ هـۆ، من لە ئەمەریکا دەمێنمەوە". بۆیـە بـەکر لێیـان جیـابووەوەو جێـی هێشـتن‌و ئـەوانیش وورده وورده هەلی نزیك بوونەوەی بەکریان لەدەسدا.

لە جەددە، بەکرو خێزانەکەی گواستیانەوە بۆ یەکێك لـەڤیلاکانی کـەناری شـار لەکۆمـەڵگای کیلۆ٧. کارمن بن لادن بوو بـەهاوڕێی هـەیفا، بـۆی دەرکـەوت کـە کەسـێکی "بـیر فـراوان‌و ژیـان دۆستە"، هـەردووکیان پێکـەوە لەتەنیشـت حـەوزی مەلەکردنەکـەی هـەیفاوە، خۆیـان دەخستە بەر هەتاو " قاقایان لێدەداو پێکەنینیان بەوە دەهات کە ئەگەر خەسویان بیان بینێ بەو جلـی مەلەکردنەوە، چۆن سـوکایەتیان پـێ دەکـات". کـارمن زانـی کـە بـەکر کەسـێکی فەرمیـە، بـەڵام مهرەبانـە، لەهەنـدێك پیـاوی سـعودی ناچـێت، لـەوەی کـە سەرزەنشـتی هـەیفای نـەکرد کاتێـك کچێکی بوو. بەکر کەسێکی ئاینی بوو، بەڵام توندڕەو نەبوو. کاتێ لە عەرەبستانی سعودی بـوو، بەشێوەیەکی رێك‌وپێك نوێژی دەکرد، بـەڵام کـە گەشـتی بـۆ فەرەنسا کـرد، بـەدوای مزگەوتـدا نەدەگەڕا یان بـەرماڵی نـەدەبرد بـۆ کۆبونـەوە بازرگانییـەکان. هاوبەشـێك کـە ماوەیـەکی درێـژ لەگەڵیدا بوو، رایگەیاند "بەکر جۆرە کەسێکە کە حەزناکات سـەرنجی کەسـانی تـر راکێشـێ بـۆ هەندێ شت کە پێویست نەبێت".

لەنوســینگە، بــەکر هەوڵیــدەدا گوێڕایــەڵی فەرمانــەکانی ســالم بێــت‌و پەیوەســت بێــت بەمامەڵەکانەوە. وورده وورده براکـانی دیکـەی تـر بـە بڕوانامـەی ئەندازیاریـەوە گەڕانـەوە بـۆ وڵاتـی شانشـین بـۆ کەمکردنـەوەی هەنـدێ لەئـەرك‌و بەرپرسـیارێتیەکانی بـەکر. غالـب بەشـی کەل‌وپـەلی بنیادنــانی بــەرێوەدەبرد، یارمــەتی بــەرێوەبردنی دەســکەوتی کەتەرپلــەری دەدا، هـەروەها سەرپەرشـتی پـرۆژە مەیدانیـەکانی دەکـرد. عومـەریش لـەلای خۆیـەوە سەرپەرشـتی پـرۆژەی بینا ئالۆزەکانی دەکرد.

یەحیا سەلماندی کەسێکی تایبەتی زەحمەت کێشە، ئەو کەسێکی جیاوازی رێکوپێک بوو، هەروەها شانازی بەخۆیەوە دەکرد بەوەی کە زۆرترین کاتی لەدەوام بەسەردەبردو دەمایەوە. کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر هەندێ لەهاوبەشە بازرگانیەکانو خاوەن بانکەکان دانا کە کۆبونەوەیان لەگەڵ کردبوو. هەمیشە کەسێکی دڵسۆز بوو قووڵ بیری دەکردەوە، کاتێك پرسیارێکی لێدەکرا، پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە چەن خولەکێك دەوەستاو پاشان وەڵامی دەدایەوە. بەدارجگەرەیەکی پلاستیکی درێژ جگەرەی دەکێشا، کەمێك چاوی هەڵئاوساو بوو، کە بەهۆی مانەوەی دوورو درێژو بەدیقەت سەرنجدانەوە دروستبوو بوو. بەکلاوێکی قوتەوە، لە پەنگوینی ناو فیلمی باتمان دەچوو.

ئەم کۆمەڵە ئەندازیارە زۆربەی رۆژەکانیان بە بایەخدان بە کارەکانیان بەسەر دەبرد وەك گەنجانی بنیادنەری کۆمپانیاکان، بەڵام هەرکە نزیك بوونەوە لەتەمەنی نێوان گەنجیو پیری، هەروەها کە بزوتنەوەی ئیسلامیی لە عەرەبستانی سعودی بڵاو بووەوە، شێوازی ژیانیان بەشێوەیەکی ئاشکرا بوو بە ئاینیانە. هاوبەشە ناموسوڵمانەکانو هاورێیان تێبینی ئەم شێوازە ئاشکرا ئاینیەیان کرد، بەڵام بینیان کە ئەم شێوازە هەرەسی هێنا لە رێگای باوی مەملەکەتی شانشین، کە زیاتر بوو بە بیرۆکەیەکی کۆنەپەرستانە. ژنەکەی یەحیا کە پێشتر خۆی دانەدەپۆشی، باڵاپۆشی کرد. هەروەها ژنەکەی غالبیش. خێرو حەج بوون بە رۆتینێکی گرنگی بنەماڵەکە. لەناوەڕاستی هەشتاکاندا، یەکێك لەهاوبەشەکانی بازرگانی بنەماڵەی بن لادن هەستی کرد کە هەندێ لەو کۆمەڵە ئەندازیارە کە زیاتر لاسایکەرەوەن، بەتایبەتی یەحیا دەستی کردووە بە هاندانی سالم بۆ دڵنیاکردنی لەوەی کە ئوسامە هەموو ئەو پشتگیریانەی وەرگرتووە کە پێویستی پێی هەبووە بەقەدەر ئەوەی کە تێوەگلاوە لە شەڕی ئەفگانستان. بەپێی بۆچونی ئەم هاوبەشە، لەکاتێکدا ئەم برایانە بەشداریشیان نەکردوە لەکرداری رەگەزپەرستی ئوسامەدا، کەچی شانازیان دەکرد بە کارە خێرخوازیەکەی ئوسامەوە لەجیاتی ئازارچێشتنی ئەفگانیەکان، هەروەها دەستخۆشیان لەکارە توندڕەوییەکانی دەکرد بۆ ناساندنی دۆزی ئیسلام. بەپێی بەرپرسێکی باڵای حکومەتی سعودی، بەکر لەیەکێك لەسەردانەکانی پێشویدا، لەگەڵ ئوسامەدا رۆیشتووە بۆ پاکستان.

هەروەها هەندێ لە براکان گرنگیان بە کاری بنیادنانو نۆژەنکردنەوە دەدا لە مەککەو مەدینە. پاش ئەوەی بوو بە پادشا، فەهد چەند هەنگاوێکی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی وەك

شاو پاسەوانی شوێنی دروست بوونی ئیسلام نا. لە ساڵی ١٩٨٥ دەستی کرد بە پرۆژەیەکی هەشت ساڵەی چەند ملیۆن دۆلاری بۆ فراوانکردنی مزگەوتی پێغەمبەر لە مەدینە، بۆئەوەی جێگەی نزیکەی نیو ملیۆنی زیاتر خواپەرست بکاتەوە. خەرجکردنی ئەو پارە زۆرە لە مەدینە، یارمەتی خۆشەویستبوونی فەهدی دا لای دەسەڵاتەدارە ئاینیەکانی سعودیە کە باوەڕیان بەو شێوازە ژیانە عەلمانیەی ئەو نەبوو، هەروەها دەرکەوتنی خۆی لەسەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا زیاتر بۆ پێشەوەی برد. ئەوەی کە شا سعودیەکان لەماوەی چوار دەیەدا کردبوویان، فەهد لە کارێکی بن لادنەکاندا خەرجی کرد بەبێ هیچ پێشبڕکێیەکی کەمکردنو زیادکردن. بەپێی بەرپرسە باڵاکەی حکومەتی سعودی، بڕیاری پادشا گونجاو بووە بۆ تەرخانکردنی فەزای ئەرکەکان لەکاری بەڵێندەرە حکومیەکاندا. فەهد بریکارو بنەماڵە بازرگانیە باوەڕپێکراوەکانی دیاری کرد، هەندێك لە سعودیەکانو هەندێکی تر وەك گەشەپێدەری رەفیق حەریری لوبنانی، کە وانەبوون، هەروەها دەسەڵاتی بەشێکی سەربەخۆی تایبەتی پێدان، وەك کڕینی چەكو چاککردنەوی رێگا یان دروستکردنی کۆشك. لەم رێگایەوە فەهد توانی سەرپەرشتی چۆنێتی دابەشکردنی بەڵێننامەو ئەرکەکان بکات، هەروەها سودیشی لەموچە زیادەکان وەرگرت. سیستەمەکە لایەنی دڵسۆزیو نهێنی پاراستنی بەهێز کرد. جارێك بن لادنەکان دروستکردنی رێگای سەرەکیان گرتبووە ئەستۆ، بەڵام دوای ساڵی ١٩٨٥ دەسکەوتە سەرەکیە چاوەڕواننەکراو بەلێشاوەکەیان لەرێگەی ئەو بەڵێنداریە تایبەتو زەبەلاحەوە بە دەستهێنا کە فەهد پێشکەشی کردن لەشارە پیرۆزەکان، یەکەمیان نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی پێغەمبەر لە مەدینە، دواتریش پرۆژەیەکی هاوشێوەی ئەو لە مەککە.

فراوانکردنی مزگەوتی پێغەمبەر کە فەهد بیری لێکردبووەوە، لەهەمانکاتدا دوودڵ بوو لە پێوەری قورساییەکەی، بینایەکی نوێ بە رووبەری هەشتاو دوو هەزار مەتر دووجا، گۆڕەپانێکی گشتی لەگەڵ رێڕۆیشتنی پیادەڕۆ بە رووبەری زیاتر لە دوو سەد هەزار مەتر دووجا، مەنارەی نوێو بەرزتر، شانزە پلیکانەی نوێ، شەش ئەسکەلەیتەر، لەگەڵ شەستو چوار دەرگاو دەروازەی نوێی لەخۆگرتبوو. لەناو بن لادنەکاندا، بەکر رۆڵی سەرەکی دەگێڕا لەدروستکردنی چۆنیەتی پلانەکانو راپەڕاندنیان، پاش ئەوەی فەهد رەزامەندی لەسەر دەدان.

قسەکەری کارەکە وەك ئەندازیارێك بەبەکر سپێردرا، وەك خاوەن کارێك، وەك یەکێك لە بن لادنەکانو سعودیەك هەروەها وەك موسوڵمانێك. پرۆژەکان بوون بە سەرچاوەیەکی زۆر

گرنگی ناسنامەی لێهاتوویی‌و شانازی بۆی. کارەکە دەرفەتێکی دەگمەن‌و مەزنی پێشکەش کرد بۆ دانانی سیمبولێکی بەرپرسیارانە لەسەر ئەو شوێنە هەرە پیرۆزانە لەباوەڕی خۆیدا. لەو ماوەیەدا، بیناسازو دیزاینەرو ئەندازیاری ئەوروپی‌و عەرەبی هەموو بەشداریان لەپرۆژەکەدا کرد، بەڵام لەسەرەتاوە بەکر رۆڵی کاریگەری بینی. درێژەی دیزاینە پێشکەشکراوەکانی گەیاندە فەهد، هەروەها وەڵامی پرسیارەکانی شای دایەوەو ئەو گالیسکە گۆڵفیەی لێخوڕی کاتێك فەهد سەردانی مەدینەی کرد بۆ گەشتێکی بەدواداچوون. دواتر بەکر دەربارەی فەهد نوسی، "زۆرجار وایلێدەکردین کە پلان‌و دیزاینەکان دووبارە بکەینەوە، بۆ باشترکردنی ئەم لایەنە بێت، یان گەشەپێدانی ئەو لایەنەی تر". "لەقۆناغە جۆراوجۆرەکاندا سەردانی هەردوو پرۆژەکەی کردووە، هەروەها باشترین‌و گونجاوترین کەرەستەی هەڵبژاردووە بێ گوێدانە تێچوی دارایی". تەنانەت شا فەرمانی دەرکرد " بۆ کردنەوەی حسابێکی بێ سنور" بۆ دابینکردنی یارمەتی دارایی کارەکە.

ئوسامە راپەڕێنەری ئەرکەکانی نوسینگەی بن لادنی مەدینە بوو لەو کاتەی کە ئەرکێکی زۆری لەئەستۆدا بوو. هێشتا لەهاتوچۆی نێوان عەرەبستانی سعودی‌و شەڕی ئەفگانستاندا بوو. تێوەگلانی قوڵتربووەوە لەپاش سەردانە کورتەکەی بۆ بەرەکانی شەڕ لەساڵی ١٩٨٤، بەڵام هێشتا خێزانەکەی نەبردبوو بۆ پاکستان. هەمووجار بۆ ماوەیەکی کاتی سێ تا چوار مانگ لە پاکستان دەمایەوە.

پرۆژەی مەدینەی فەهد بوو بەهۆی ململانێکانی نێوان بنەماڵەی بن لادن، لەوانەیە ئەوە کاریگەری هەبووبیت لەسەر مافە بەراییەکانی ئوسامە، ئەمە بەپێی بەرپرسێکی باڵای حکومەتی ئەمەریکا کە گفتوگۆی بابەتەکەی کردووە لەگەڵ بەکردا، بەڵام بەپێی ئەم بەرپرسە درێژەی بابەتەکە روون نییە، بەڵێنداریەکەی مەدینەو فشارە زۆرەکانی "جۆرێك لە دووبەرەکی لە بنەماڵەکەدا" دروستکرد، کە ئوسامەی خەمبار کرد بەهۆی رۆڵەکەیەوە. کێشەی سەرەکی بەرپرسیارێتی‌و زاڵبوون بوو. بەپێی ئەو بەرپرسەی پێشوو "ئەو لەجەوهەردا خۆی کردبوو بە کەسێکی بێزارکەر، هەمووشیان دەیانویست بڕوات". بەم شێوەیە، بەکرو سالم کەوتنە سەر لایەکی بەربەرەکانێکە، هەروەها ئوسامەو هەندێ لە زڕخوشکە ئاینیەکانی هەوڵی بەرەنگاربوونەوەیان دان. هاوبەشێکی بازرگانی پلەدوو کە لەم ماوەیەدا، زۆر لەنزیکەوە کاری لەگەڵ بنەماڵەی بن لادندا کردبوو رایگەیاند، " سالم پێی ووتم، ئەم برایەی من لە

ئەفگانسـتان خەریکـە ئەبێتـە کێشـەیەکی گـەورە بـۆ بنەماڵەکـەمان". ئوسـامە "هـەموو بنەماڵەکـەی بێـزار کـرد، بـەڵام سـالی بێـزار نـەکرد". هـەرگیز سروشـتو بـواری ئـەم بەرهەڵسـتیکردنە، نەگەیشـتە ئاسـتی تەڤینـەوەی تـەواوەتی نێـوان ئوسـامەو زڕبراکـانی، هەرچەندە زیان لێکەوتنی سالم بەهۆی ئوسامەوە بوو کە هەرزوو زیادی کرد، بـەڵام لەوانەیـە رووداوەکـە بووبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە هـەردوو، ئوسـامەو زڕبراکـانی زیـاتر سـەردانی پاکسـتان بکەن، وەك لە مەدینە، کە باشترین سەرچاوە بوو بۆ وزەو تواناکانی ئوسامە.

لەسەرەتای ١٩٨٦دا، عەبدولا عەزام لە پیشاوەرەوە بۆ ئوسامەی نوسی، هانیـدا کـە بـڕوات بـۆ ئـەوێ. پێـی راگەیانـد کـە کێشـەی کـارگێڕیو دارایـی لەنوسـینگەی خزمەتگوزاریەکانـدا کۆبووەتەوە، ئەو نوسینگەیەی  پاڵپشتی کە بۆ ماوەی زیـاتر لەساڵێك بـوو دایانمەزرانـدبوو بـۆ خۆبەخشـە عەرەبـەکان لـە ئەفگانسـتان. عـەزام داوای لـە ئوسـامە کـرد کـە رێکیبخاتـەوە، ئـەو جێگایەی کە لانی کەم بەتەواوی ئوسامەی دەویستو بەبەهابوو بەلایەوە.

دوای ئەو ساڵە، ئوسامە لەگەڵ خێزانەکەیـدا رۆیشـتن بـۆ خانویـەکی نـاو داری سـنەوبەر لـە کـەرتی حـەیاتئابادی پیشـاوەر. لـەماوەی تێپـەڕینی چـەند مانگێکـدا، بـووە پیـاوێکی گـەنجی پڕخولیا کە هەستی دەکرد پێویستی بەخۆسەپاندن هەیە. بەشێوەیەکی چالاکتر خـۆی خسـتە نـاو شـەڕەکەوە، بـۆ یەکـەم جـار، بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ بانگەشـەی بـۆ کارەکـەی کـرد، بـۆ فراوانکردنـی ناوبـانگی خـۆی لـە عەرەبسـتانی سـعودیو جیهـانی ئیسـلامیدا. ئایـا پێشـبڕکێ رانەگەیەنراوەکـەی لەگـەڵ بـەکرو سـالم دا، کـە وەك نۆژەنکـەرەوەی مەدینـە ئاهـەنگیان لـە عەرەبسـتانی سـعودی دەگێـڕا، یـەك تـاڵ لـە تـۆڕە پاڵنەرەکـەی ئوسـامە بـوو پـاش ئـەوەی خێزانەکەی گواستەوە بۆ پاکستان؟ تەنانـەت ئەگـەر ئـەوە واشـبووبێت، کەسێك بەنـەگۆڕی بـۆ بەدەسهێنانی ئامانجەکانی سەر سنوری ئەفگانستان، پێویستی بە بن لادنەکان بوو.

## ٢٠- بازاڕی چەک

لەدەوروبەری ئەو ماوەیەی لەگەڵ خێزانەکەی گواستیانەوە بۆ پیشاوەر، ئوسامە داوایەکی نوێی هەبوو لە سالم. ئەم جارەیان پارە نەبوو، بە براکەی ووت کە پێویستی بە چەکە، بەدیاریکراوی داوای موشەکی گواستراوەی دەستی-دژە فڕۆکەی کرد.

ئوسامە چووە ناو بازاڕی نێودەوڵەتی چەکەوە، چونکە بۆ یەکەمجار بڕیاری دابوو کە میلیشیایەکی جیهادکار بۆ خۆی دروست بکات. لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٦ دا، بۆی دەرکەوت بزاوتی خۆبەخشی عەرەب لەبارێکی ناهەمواردان. نوسینگەی خزمەتگوزاریەکانی عەزام، کە ئوسامە نزیکەی نیو ملیۆن دۆلاری بۆ ئەم مەبەستە بۆ دابین کردبوو، بەدەست وردە ململانێو بەسوك سەیرکردنەوە تێكوپێك دەشکا. هەرکە عەرەبی زیاتر گەیشتن، سیستەمە فەرمانڕەواییە گشتگیرەکەی کۆمیتەو ئەنجومەنە راوێژکاریەکانی عەزام کەوتنە ژێر بارێکی گرژو ناهەمووارەوە. هاوکاری بن لادن، ئەبو حاجی ئەلعیراقی ئاشکرای کرد، "زیادبونی ناڕەزاییەکان" بووە هۆی بڕیارێك بۆ "گۆڕینی ستافی کارگێری". بەشێوەیەکی دیار، لە گروپەکەدا، کەسایەتیە بەرچاوەکان یەکترییان بێزار دەکردو سەرقاڵی گفتوگۆی زۆرو بێزارکەر بوون لەبارەی پارەو زانستی ئاینی لاهوتەوە. پزیشکی میسری، ئەیمەن ئەلزەواهیری کە لەبەندیخانەکانی قاهیرە ئازاری بەهۆی تێوەگلانی لەپیلانی توندوتیژیەکاندا چەشتبوو، لەگەڵ میسریە توندڕەوە ئاوارەکانی تری دەرەوەی وڵاتدا گەیشتنە پیشاوەر. زەواهیری پەیوەندی لەگەڵ ئوسامەدا گەشەپێدا، هەروەك ئەوەی عەزام لەپێشتردا پێویستی بەپشتیوانی داراییەکەی ئوسامە بوو. ئەم بوو کە ململانێ تاڵەکانی ناوچەی پیشاوەری لەبارەی ستراتیژی جیهادەوە وروژاند. بۆی دەرکەوت کە لایەنگرە عەرەبەکان سکاڵایان زۆرە. عەزام بانگەشەی بۆ شەڕی ئەفگانستان وەك هەرێمی موعجیزەکانو قوربانیە جوانەکان کردبوو، خۆبەخشەکان بانگهێشتی ئەم رێگایە کران بەرەو بەهەشت کە دەبوو شەڕێکی ساردو دڕندانەو بەرهەڵستکارانەو نارێكوپێك بکەن.

لەنیساندا، هەنێك لە عەرەبە خۆبەخشەکان لەشەڕێکی درندانەی چوار هەفتەیی دا لە جاور بەشداریان کرد، بنکەیەکی بەهێزی بەشی دواوە لەبەرزاییەکدا جێگیرکرابوو، لە زنجیرە لوتکە لماویەکانی نزیك سنوری پاکستان، لەناوچەیەك کە کۆنترۆڵ کرابوو لەلان فەرماندەیەکی دژی ئەفگانیەوە بەناوی جەلالەدین حەقانیەوە. شەڕەکە بەشێوەیەکی خراپ پەرەی سەند. بن لادن بڕیاریدا کە پێویستە عەرەبەکان خۆیان بەهێز بکەن لەم ناوچانەدا. بن لادن دوورکەوتەوە لە نوسینگە لاوازەکەی پێشاوەرو دەستی کرد بەدامەزراندنی یەکەیەکی سەربازی بۆ عەرەبە جیهادکارەکان لە زنجیرە چیاکان بەدرێژایی نێوان سنوری ئەفگانستانو پاکستان. مەبەستەکەی بەشداریکردنی راستەوخۆی شەڕەکە بوو، بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە موشەکی دەستی خۆیان هەبوو، بۆ بەگژداچوونی کۆپتەری تیمە پەلاماردەرە سۆڤێتیەکان.

دواتر ئوسامە رایگەیاند، "هەموو کەسێك دەزانێت کە شەڕکردن دوو پێکهاتەی هەیە". "ئەویش بریتیە لە شەڕکردن خۆیو پاشان پێکهاتەی دارایی، وەك کڕینی چەك. ئەمە لەزۆربەی ئایەتەکانی قورئاندا جەختی لەسەر کراوەتەوە، وەك ئەم ئایەتە: 'خودا پاداشتی خەڵکانو باوەڕداران دەداتەوە بەگەڕانەوەیان بۆ بەهەشت' ".

سالم پەیوەندییەکی لەگەڵ هاوڕێیەکی ئەڵمانی بەناوی تۆماس دیتریچ دروست کرد. یەکەمجار لە قاهیرە چاویان بەیەك کەوتبوو، دیتریچ جارجار بۆ کات بەسەربردن فڕۆکەوانی دەکرد، بۆیە بەبۆنەی فڕینو فڕۆکەوانیەوە، پەیوەندییەکەیان دروست کردبوو. دیتریچ وەك گەنجێك لە کابول ژیابوو، باوکی یارمەتیدەرێکی دارایی بیانی رۆژئاوای ئەڵمانیا بوو. دیتریچ بوو بەیەکێك لەدەستوپێوەندە ئەوروپیەکانی سالم. لەناوەڕاستی هەشتاکاندا، لە زانکۆی شتوتگارت وەرگیرا، بەلام کاتی بۆ بەفرەخلیسکێو فڕین لەگەڵ سالمو براکانی دادەنا، بەتایبەتی لە سەیرانگاکانی (ئالپس).

لە ئۆفلی چەیس، لەخانوەکەی خۆی لەدەرەوەی لەندەن، سالم داوای لە دیتریچ کرد بێت بۆ ژوورەکەی. وەك دیتریچ ئاشکرای کرد، سالم پێی ووتبوو، "پێویستە یارمەتی براکەم بدەین، دەزانم لەرابردوودا زۆری لەم شێوەیەت کردووە".

سالم لەبارەی ئوسامەوە دوا، دیتریچ هەندێ شتی دەربارەی ئوسامە بیستبوو، بەلام زۆر نەبوو. سالم ووتی، "ئێستا ئەو زۆر ئاینپەروەرە، ئێستا ئەو لە ئەفگانستانە، روسیەکانیش لەوێن. بەردەوام خەڵك دەکوژرێن. هەروەها من دەزانم تۆ لەوێ ژیاوی، بۆیە پێویستە یارمەتی

بدەیت". ئوسامە دوو شتی گرنگی دیاری کردبوو: جۆرە موشەکێك کە بتوانێت کۆپتەرەکان بخاتە خوارەوە، هەروەها ئامێرو کەرەستەی پێویست کە یارمەتی خۆبەخشە عەرەبەکان بدات لەدروستکردنی تەقەمەنیدا بۆ هێرشی چەکی (ئەی کەی-٤٧)، بە پڕکردنی بۆمبە بەکارهاتووەکان بە فیشەکە نوێکان.

شەڕەکە بەردەوام تەشەنەی دەکرد. پاش پیاچوونەوەی بڕیارێك لەبەهاری ١٩٨٥ دا، ولایەتە یەکگرتووەکان بەنهێنی بڕیاری زیادکردنی پاڵپشتییەکانی بۆ (موجاهیدین)ی ئەفگانی دا، بۆ یەکەم جار، ولایەتە یەکگرتووەکان سەرکەوتنی بەسەر سوپای داگیرکەری سۆڤیەتی دا وەك ئامانجێك دیاری کرد. لەناکاو CIA چەندێتیو چۆنێتی ئەو چەکانەی زیاد کرد کە لەرێگەی پاکستانەوە دەنێردران. هەروەها سۆڤیەتیەکان تەکتیکی دوژمنکارانەی زیاتریان بەکارهێنا، لەوانەش رێکخستنی یەکەکانی هێزی تایبەتی کۆپتەری هەڵبژاردە، کە پێی دەوترا (سپێتسناز)، بۆ ئەفگانستان بوو. ئەم کۆمەڵە هێزە پەلاماردەرە لەناکاو دەفڕینو هەڵیاندەکوتایە سەر هێڵەکانی پشتیوانی یاخیبوانو بەدرێژایی سنوری پاکستانیان تێکدەداو وێرانیان دەکرد. بۆ تێکدانو لەکارخستنی (سپێتسناز)، ساڵی ١٩٨٦ CIA رازیبوو بەناردنی موشەکی دژە فڕۆکە بۆیە ولایەتە یەکگرتووەکان موشەکەکانی (ستینگەر)ی دروست کرد بۆ ئەفگانیەکان، موشەکەکان بەتایبەتی شکێنەری کۆپتەرەکان بوون. لەماوەی نیوەی یەکەمی ساڵەکەدا، هەر لەوکاتەی ئوسامە خێزانەکەی گواستەوە بۆ پیشاوەر،قۆناغی ناردنی سەرەتاییەکان دەستیان پێکرد. لە ئەیلول دا، فەرماندەیەکی ئەفگانی یەکەم (ستینگەر)ی تەقاند بەسەر مەیدانی شەڕی ئەفگانستان دا لە جەلال ئاباد. ئەو رۆژە، موشەکەکان هەندێك کۆپتەری سۆڤیەتیان تێکشکاند، بەخێرایی ناوبانگێکی تاڕادەیەك باشیان بەدەست هێنا بۆ کاریگەرییەکانیان چ لەنێوان موجاهیدینو چ لای سۆڤیەتیەکانیش.

هەندێك جار لەم ماوەیەدا، ئاشکرا نیە چ کاتێك، بەجیا تیمی بەڕێوەبردنی (رێگن) کە سەرپەرشتی تێوەگلانەکانی ولایەتە یەکگرتووەکانی لەشەری ئەفگانستان دا دەکرد، گفتوگۆی دەکرد لەبارەی ئەگەری دابینکردنی یارمەتی راستەخۆ بۆ خۆبەخشە عەرەبەکان کە لە پیشاوەر جێگیربوون. زۆربەی شەڕە نهێنیەکان CIA رۆژانە بەڕێوەی دەبرد، بەڵام گروپێکی کارگێڕی حکومی لە کۆشکی سپی، کە لەلان یاریدەدەری جێگری وەزیری بەرگری، میکایل پیڵسبێری بەڕێوەدەبرا، بڕیاری لەسەر سیاسەتی گونجاوتری شەڕەکە دەدا. پیڵسبێری دووجار

بە کۆپتەر بۆ بەرەکانی ئەفگانستان رۆیشت بۆ سەردانی چۆنێتی مەشق‌و راهێنانەکان، هەروەها بۆ کۆبونەوە لەگەڵ گولبەدین حیکمەتیارو عەبدول رەسوڵ سەیاف، کە دوو سەرکردەی یاخیبوو بوون‌و زۆر لە عەرەبەکانیشەوە نزیك بوون. لەم کۆبونەوانەدا، پیلسبێری پرسیاری دەربارەی گرنگی‌و کاریگەری سەربازە خۆبەخشە عەرەبەکان کرد. گەیشتە ئەو بڕوایەی کە فەرماندە ئەفگانیەکان نایانەوێت پارمەتی‌و پشتگیری رادەستی عەرەبەکان بکەن، ئەفگانیەکان ئەم باندە بچوکە یەکگرتوەی شاهین، یان "شەهیدان"یان وەك جەنگاوەرانی راست‌و لەخواترس سەیردەکرد، نەك وەك سەربازی کەم بایەخی سەربازیی. ئەفگانیەکان دەیانویست هەموو چەکەکان بۆ خۆیان بێت.

بەپێی ووتەی هاوبەشێکی بازرگانی کە بەشداری کردبوو لەم گەڕان‌و بەدواداچوونانەدا، پاش پێگەیشتنی داواکانی ئوسامە، سالم چەند جارێك هەوڵیدا بۆ پەیوەندیکردن بە پنتاگۆنەوە، تا بزانێ ئاخۆ دەتوانێ هەوڵی دابینکردنی موشەکە دەستییەکان بۆ ئوسامە رێکبخات. هاوبەشەکە ئەوەشی ووت کە سالم هەوڵیدا کەسێکی گونجاو لە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا بدۆزێتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ئەوە روون نیە کە ئایا دەستەی بەڕێوەبەرایەتی (رێگن) بڕیارێکی فەرمی داوە بۆ رەتکردنەوەی دابینکردنی چەك بۆ خۆبەخشە عەرەبەکان! تا ئێستا بەڵگەی وا دەرنەکەوتووە، بەڵام بەپێی ئەو دەرەنجامانەی کە لەلایەن پیلسبێریەوە داڕێژران، پاش گەڕان‌و بەدواداچوونەکانی لە پاکستان بەشێوەیەکی دیار کاریگەری لەسەر ئەمەریکیەکان هەبوو کە بیر لەبابەتەکە بکەنەوە. پیلسبێری رایگەیاند کە ئاگای لەهیچ بڕیارێکی ئاشکرا نیە بۆ رەتکردنەوەی پارمەتی بۆ خۆبەخشە عەرەبەکان‌و هەروەها ئاگادار دەکرێتەوە ئەگەر بڕیارێکی وا بدرێت، هێشتا ئەوان مافی بەراییان نیە.

بەپێی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ دیتریچ‌و دوو کەسی تر لەکەرتی تایبەت کە بەشداری گفتوگۆکانیان کردبوو لەگەڵ سالم دا دەربارەی دابینکردنی چەکەکان بۆ ئوسامە، سالم هەستی کرد هیچ رێگەچارەیەکی نیە جگە لەسود وەرگرتن لەبازاڕی تایبەتی چەکەکان. بەپێی ووتەی ئەو کەسانە، سالم هەندێ پشتگیری دارایی لەحکومەتی سعودی وەرگرت، بەڵام هیچ پارمەتیەکی دیاریکراوی لە ولایەتە یەکگرتوەکان وەرنەگرت. وەك دیتریچ ئاشکرای کرد: "کێشەکە ئەوە بوو کە هیچ روونکردنەوەیەك لەهیچ حکومەتێکی رۆژئاواییەوە نەبوو "بۆ دابینکردنی "موشەکی دژە فڕۆکە" بۆ خۆبەخشە عەرەبەکان.

لە کۆمپانیای(هێکلەرو کۆخ)، دیتریچ پەیوەندی لەگەڵ کارگەی چەکی ئەڵمانیدا هەبوو. دیتریچ گێڕایەوە، لەڕێگەی ئەوانەوە، هەندێ کۆبونەوەی لەنێوان سالم‌و فرۆشیارانی کۆمپانیاکە کە پسپۆڕبوون لەتەقەمەنی‌و دروستکردنی تفەنگدا ڕێکخست. هاوبەشێکی پلەدووی سالم ئەم دانوستانانەی پشتڕاستکردەوە. هاوبەشەکە ووتی سالم-م ئاگادار کردبووەوە کە خۆی تێوە نەگلێنێ، چونکە ئەوە مامەڵەکاریەکی بازرگانی گوماناوی بوو لەڕووی یاساییەوە، بەڵام بەهەرحاڵ سالم لێی چووە پێشەوە.

ئەوە بەتەواوی بۆ دیتریچ روون نەبوو کە بۆچی ئوسامە دەیویست خۆی تەقەمەنی دروستبکات. وەك زۆرێك لە (موجاهیدین)، خۆبەخشەکان زیاتر تفەنگی چینی لەسەر دیزاینی سۆڤیەتی دروستکراویان پێبوو، بازاڕەکانی پاکستان پڕبوون لەتەقەمەنی‌و فیشەکی ئەم جۆرە چەکانە. ئوسامە وادیاربوو دەیڕوانیە ئەم پرۆسەی دروستکردنەوەیەی بۆمبە بەکارهاتووەکان، وەك پرۆسەیەکی گرنگی کاریگەر لەهۆبەی پیشەسازیدا و جۆرێکیش بوو لەتەکنەلۆجیا کە هەندێك جار لەلاپەڕەی گۆڤارە سەربازیەکاندا وەك گۆڤاری (سۆڵجەر ئۆڤ فۆرچن) پڕوپاگەندەی بۆ دەکرا. دیتریچ چەکفرۆشێکی دۆزیەوە کە لەپرۆسەکە تێگەیشت هەروەها لەگەڵیشیدا بەفرۆکە رۆیشت بۆ دوبەی بۆ ئەوەی کۆبونەوە لەگەڵ سالم‌و ئوسامەدا بکات. دیتریچ رایگەیاند، "ئێمە پێکەوە دانیشتین‌و باسی ئەوەمان کرد کە، بەراستی ئەوە مانای نیە فیشەك‌و تەقەمەنی لەوێ تێبکرێن‌و دروست بکرێن". هەڵە تەکنیکییەکان زۆر گەورە بوون. فرۆشیارەکە پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئوسامە تەقەمەنی پێویست لەو کەسانە بکرێت کەهەیانە، ئەوانە لە ئەمەریکای باشور نیشتەجێن.

بەپێی ووتەی دیتریچ، بۆ گفتوگۆکردنی کڕینی موشەکەکان، ئوسامە بەفرۆکە رۆیشت بۆ لەندەن‌و کۆبوەوە لەگەڵ سالم‌و دیتریچ‌و ئاشناکانی دیتریچ لە سویتێکی هۆتێلی (دۆرچیستەر) لە پارك لەین. ووتیشی، لە ساڵی ١٩٨٦ لەماوەی شەش تا حەوت هەفتەدا، دوو یان سێ جار لەهۆتێلەکە کۆبوونەوەیان کردبوو. پێش یەکێك لەکۆبوونەوەکان، سالم‌و دیتریچ وەك خوی هەمیشەییان خەریکی ئەسپ سواری بوون. لەو کاتەی لەژوورێکی هۆتێلەکەوە بۆ ژوورێکی تر دەرۆیشتن کە ئوسامە تیایدا چاوەڕوانی ئەوانی دەکرد، سالم ئاگاداری کردەوە، "هیچ گاڵتەیەك لەگەڵ براکەمدا مەکە، ئەو زۆر ئاینییە".

سەرەنجام دیتریچ بیستی کە ناسراوەکانی یارمەتییان پێشکەش کردووە لەئاسانکاری کڕینی هەردوو موشوکی سەرشان (ئێس ئەی-٧)ی دروستکراوی روسیو فیشەكو تەقەمەنی بۆ تفەنگی (ئەی کەی-٤٧)ی چینی، چەکەکانو گوللەکانیان بەکەشتی نێردران بۆ کەراچی. یەك تەگەرەی تیادا بوو ئەوە بوو سپۆنسەرەکەی ئوسامە لەمامەڵەکەدا لەبری چەكو تەقەمەنی دەیویست بەکاش پارەکە نەدا، بەڵکو نەوتی خاویان دەدا. بەپێی دیتریچ، ئەوان پێشبینی رازیبوونی فرۆشیارەکەیان دەکرد "تەنها یەك تەنکەری دەریایی بوو، بەڵام ئەمە ئاسان نەبوو چونکە کۆمپانیایەکی وەك (هێکلەرو کۆخ)، نەوتیان ناوێت، ئەوان پارەیان دەوێت".

دیتریچ ئاگای لێ نەبوو لەکوێوە پارە یان نەوت بۆ کڕینی چەکەکان سەرچاوەی دەگرت. باشترین بەڵگەی بەردەست ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە رەنگە لانی کەم بەشێکی لە حکومەتی سعودیەوە هاتبێت. بەدڵنیاییەوە سالمو ئوسامە لەم کاتەدا کاریان لەگەڵ سیاسەتە رەسمیەکانی سعودیی دا دەکرد. هەروەها چەك کڕینەکانی ئوسامە، وەك دیتریچ باسی لێوە کردووە، بەشێوەیەکی گشتی گونجاو دەردەکەوێت. لەکۆتایی ١٩٨٥دا، حکومەتی سعودی بە مامەڵەیەکی چەککڕینی چەند ملیار دۆلاریدا لەگەڵ حکومەتی بەریتانیدا تێپەڕی، کە پێی دەوترا (ئەل یەمامە). مامەڵە بازرگانیەکە ژمارەیەك لایەنی نابەجێو نەگونجاوی هەبوو. حکومەتی سعودی رۆژانە لەنێوان چوار سەد هەزار تا پێنج سەد هەزار بەرمیل نەوتی لەبری پارە بۆ نرخی کڕینی چەکە قورسو سەرەکیەکان لەکۆمپانیا بەریتانیەکان تەرخان دەکرد. بە بەکاهێنانی نەوت لەجیاتی پارە، سعودیەکان توانیان بەبێدەنگی خۆیان دوور بگرن لەسەرانی بەرهەم هێنانی نەوت کە لەلایەن رێکخراوی ولاتانی هەناردەی نەوت (ئۆپیك)ەوە سەپێنرابوو، ئەمە بەپێی ژیاننامەیەکی بنیادنراو لەسەر چاوپێکەوتنە فراوانەکان لەگەڵ میر بەندەر بن سوڵتان، باڵیۆزی درێژخایەنی سعودی لە واشنتۆن. بەپێی ئەم راپۆرتە، شێوازێکی بەرگری دارایی رێکخرابوو بۆ مامەڵەی بازرگانی ئەل یەمامە، هەروەها پشتگیری ژمارەیەك پرۆگرامی شاراوەی دژە-کۆمۆنیستی عەرەبستانی سعودی، لەناویشیدا "چەکە کڕدراوەکان لە میسرو ولاتانی ترو ناردنیان بۆ (موجاهیدین) لە ئەفگانستان"ی لەخۆگرتبوو.

لەم ماوەیەدا بەڵگەکانی تر دەربارەی ئەگەری بەشداریکردنی حکومەتی سعودی لەدابینکردنی چەك بۆ ئوسامە دا، پچڕ پچڕو ناتەواویان هەیە. ئەحمەد بەدیب، کارمەندی هەواڵگری سعودی کە لەنزیکەوە کاری لەگەڵ ئوسامەدا دەکرد، لەدیمانەیەکدا دانی بەوەدا نا

کـە موشـەکی (ئـێس ئـەی-٧)ی کڕیبـوو، هـەروەها بـۆ شـەڕکەرە ئەفگانیـەکانی دابـین کردبـوو، هەرچەندە ناوی ئوسامەی بەدیاریکراوی نـەهێناوە کـە وەریگرتبێـت. بـەپێی دوو کەسـی ئاشـنا لەگەڵ ئەو مامەڵانەدا، هەروەك لەم ماوەیەدا سالم دانوستانی کرد بۆ کڕینی چـەك بـۆ ئوسـامە لە قاچاخچیەکانی ئەمەریکای باشـور. کەسێکی تـر کـە بەشـداری کردبـوو لـەم مامەڵانـەدا، کـە جیـاوازبوو لەوانـەی پەیوەنـدی بـە دیتریچـەوە هـەبوو، ئاشـکرای کـرد کـە هەنـدێك لـەو پـارەو خەرجییانە لەبنەماڵەی شاهانەی سعودیەوە دەهاتن.

لەماوەی سـاڵی ١٩٨٦ دا، لـە پیشـاوەر، ئوسـامە یەکـەم وتـاری بـەناوبانگی خـۆی بڵاوکـردەوەو رەخنەی لە ولایەتە یەکگرتوەکان گرت بەهۆی یارمەتیەکانیانەوە بۆ ئیسرائیل، وەك دواتـریش رایگەیانـدو وتارێکی دا کە "ئەمەریکیەکان پارە لەئێمە وەردەگرن‌و دەیدەن بە جولەکـەکان، بـۆ ئەوەی منداڵەکانمان لە فەلەستین بکوژن". ئەگەری ئەوە هەیە کە نەیاری بەڕووی ئەمـەریکادا پێی نابێتـە قۆنـاغێکی تـرەوە لەلایـەن عەبـدوڵا عەزامـەوە، ئوسـامەش زیـاتر رق ئەسـتور بـوو کاتێك سالم پێی راگەیاند کە هەوڵەکانی بۆکڕینی (سـتینگەر) لـە پنتـاگۆن رەتکراونەتـەوە. بـە بەراورد، لە هەر رووداوێکدا، لەهەمان ئەم ماوەیەدا ئوسامە سوربوو لەسەر پاراستنی بنەماڵەی شاهانەی سعودی. رۆژنامەوانێکی فەلەسـتینی کـە لـەگۆڤاری (ئـەل جیهاد) کـاری دەکـرد، باسـی لەهەڵوێسـتی مەردانـەی ئوسـامە کـرد کاتێـك لەسـاڵی ١٩٨٦ هاوەڵـەکانی ئاماژەیـان بـەوەکرد کـە گوایە مەلیك فەهد موسوڵمانێکی راستەقینە نیـە لەبـەر ئـەوەی شـاژن ئلیـزابێس مەدالیایـەکی پێشکەش کردبوو کە لە خاچێکی مەسیحی دەچوو. وەك رۆژنامەوانەکە ئاشکرای کـرد، ئوسـامە ووتبـووی، "بـۆ خـاتری خـوا، باسـی ئـەم بابەتـە مەکـەن، ئاگاتـان لەئەرکـەکانی خۆتـان بێـت". "رێگـە بەکـەس نـادەم لێـرە باسـی ئـەم بابەتـە بکـات". ئـەو لەگـەڵ دوژمنـەکانی عەرەبسـتانی سعودی لەشەڕدا بوو، نەك لەگەڵ شانشینی ئەو وڵاتە.

سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٨٦، ئوسامە کـاتێکی زیـاتری لەدەوروبـەری جـاجی بەسـەر بـرد، لـە پارێزگای خۆستی ئـەفگانی، نزیـك سەرسـنورێکی هـەرێمی پاکسـتان کـە پێـی دەوتـرا "دەنـوکی توتی". ئەمە ناوچەیەکی زۆر ستراتیژی گـرنگ بـوو لەسـنوری شـەڕی ئەفگانسـتان. ژمارەیـەکی گرنگی یەکـەکانی شـەڕکەرە ئەفگانییـە یاخییـەکان بـە بـاوەڕێکی بـەهێزی ئیسلامەوە، ئەوانـە لەلایەن حەقانی‌و سـەیاف‌و گوڵبـەدین حیکمـەتیارو یـونس خـالیس سـەرکردایەتی دەکـران کـە خرابوونە گەڕ لەم ناوچە سنوریە. ئەوانە هەوڵیان خستەکار بۆ فشارخستنەسەر شاری کابوڵ‌و

دەروبەری. بەتایبەتی سەیاف بەشێکی مەشقو راهێنانی لە نزیك جاجی بەڕێوەدەبرد. ئەوێ شوێنێکی نمایشکاری بوو کە بەکاری هێنابوو بۆ میوانداری یارمەتیدابینکەرە عەرەبەکان، بەڵام کامپەکەی دەکەوتە ناوچەیەکی شەڕی گەرمەوە.

کارمەندەکانی دەزگای هەواڵگری پاکستان کە سەرپەرشتی ئامادەکاریەکانیان دەکردو هەوڵی رێکخستنی ستراتیژی شەڕیان لەهێڵەکانی پێشەوەی دەدا، بڕیاریان دابوو سنوری دەوروبەری جاجی بەهێز بکەن بۆ پارێزگاری کردنی هێڵەکانو پاراستنی جەنگاوەرە ئەفغانیەکان لەبۆردومانی فڕۆکە سۆڤیەتیەکان، ئوسامەش بەشداری لەم ئەرکەدا کرد. ژێرخانی ئابوری بنیادنا کە خزمەتی فەرماندە ئیسلامیە ئەفگانیەکانی پێ دەکرد، هەروەها بۆخۆیشی کامپێکی نوێی لەنزیك بارەگای جاجی سەیاف دروست کرد، ناوی لێنا "بێشەی شێر". لەپایزی ساڵی ١٩٨٦دا لەوێ، لەسەرەتاوە ژمارەیەکی زۆرکەم لەخۆبەخشەکان، نزیکەی دە تا دوانزە کەس کە زۆربەیان لەتەمەنی هەرزەکاریدا بوون، پەیوەندییان بە ئوسامەوە کرد. عەبدوڵا عەزام نیگەران بوو لەبارەی سەرەڕۆییە تاکرەویەکانی ئوسامە. هێشتا ئەو لەڕووی داراییەوە پشتی بە شوێنکەوتەکانی دەبەست. عەزام نیگەران بوو لەئەگەری ئەوەی کە هێزەکانی سۆڤیەت بن لادن بگرنو بەفڕۆکە بیبەن بۆ کابول وەك پڕوپاگەندەیەکی بەنرخ. عەزام هەندێك عەرەبی لەکامپە نزیکەکەی خۆیەوە نارد بۆ پەیوەندیکردنو پاراستنی بن لادن، لەکۆتایی ساڵەکەدا، میلیشیای کامپی "بێشەی شێر" زیادی کرد بۆ نزیکەی پەنجا کەس.

ئوسامە یەکەیەکی سەربازی سەرەتایی بە ژمارەیەکی زۆر کەمی سەرباز دروست کرد، لەگەڵ پشتگیری چالاکی بنەماڵەکەی بەیارمەتیدانی بۆ کڕینی چەك. لە ١٩٨٦ دا بن لادنەکان هاوکارییان کرد لەناردنی پێداویستیو کاڵای بونیادنان بەکەشتی بۆ پشتگیریکردنی پرۆژەکانی ئوسامە لەسەر سنور. ئەندازیارەکانی کۆمپانیای بن لادن پێشتر خۆبەخشانە کاریان کردبوو لە پیشاوەر، هەروەها لەو ماوەیەی پێشوودا هەندێك شتومەکی بنیادنان گەیشتە ئەوێ. لەنێوان تشرینی یەکەمو تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ دا بڕێکی زۆر گەیشتە پاکستان. پاشان ئوسامە لە دەوروبەری جاجی چالاکی دروستکردنو بنیادنانی بەرفراوان کردو رێگاکانی باکور بەرەو چیای سەختی تۆرابۆرا، کە کارمەندەکانی دەزگای هەواڵگری پاکستانی وەك ناوچەیەك دیاریان کردبوو کە تیایدا دەتوانرا بنکەو بارەگاکان بەهێز بکرێنو بەرگریان لێ بکرێت. هیچ لەم یارمەتیانەی بن لادنەکان جگە لەتەقەمەنیو موشەکەکان کە ئەمانە بەجیا دادەنران،

جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو لەچۆنێتی ئەو کاری بنیادنانی بەرگرییەی کە بۆ حکومەتی سعودیە لەچەندین ساڵدا ئەنجامیاندابوو لەسەر سنوری یەمەن، دواتر ئوسامە بەم شێوەیە باسی لە دەرفەتی هاوردەکانی خۆی کرد:

سەرباری هێزو دەسەڵاتی سۆڤیەت، ئێمە بەباوەڕەوە راهاتبووین لەڕۆیشتنو گواستنەوە هەروەها خوای گەورە دەرفەتی داین بۆ ئەوەی شتومەکە قورسەکان بگوازینەوە لە عەرەبستانی سعودیەوە، کە هەمووی پێکەوە بە سەدان تەن دەخەملێنرا لەناویشیاندا بیلدۆزەرەکانو شۆفڵو چاڵهەڵکەنو ئەو کەلوپەلانەش کە بۆ سەنگەرو حەشارگە هەڵکەنراوەکان بوون. کاتێك ئێمە دڕندەیی رووسەکانمان بینی لەبۆمبارانکردنی شوێنو مۆڵگەکانی "موجاهیدین"دا، ژمارەیەکی باش تونێلی گەورەمان هەڵکەندو تیایدا هەندێك شوێنی کۆگامان دروست کرد هەروەها لە هەندێکی تریاندا نەخۆشخانەیەکمان دروست کردو هەندێك رێگەشمان هەڵکەندو چاکمان کردن.

ئەحمەد بەدیب ئاشکرای کرد کە ئوسامە "زۆر شارەزا" بووە لەدروستکردنی ئەم ژێرزەمینانە بەشێوەیەکی بەهێز. لەڕاستیدا بن لادن بەوردی کاری بنیادنانێکی پێشکەوتووی جێبەجێ دەکرد، لەژێر چاودێری دەزگای هەواڵگری پاکستانیو رەنگە سعودیش دا. کۆمەڵێك گەنجی خۆبەخشی سعودی لە مەدینە هەڵبژارد، ئەو شارەی کە پێشتر وەك بن لادنێکی جێبەجێکار تیایدا کاری کردبوو، کاری لەگەڵدا بکەن. ئۆفیسی بن لادن لە قاهیرە، بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی سعودی، ڤیزایان بۆ گەنجە ئیسلامیە میسریەکان دابین دەکرد کە دەیانویست ببن بەخۆبەخش لە ئەفگانستان. بەهەمان پێوەر، کۆمپانیاکانی بن لادن بەڵێنداری دروستکردنی نەخۆشخانەکانو بەشە خێرخوازیە ئیسلامیەکانی تریان لە پیشاوەر بوون. پرۆژەکانی ئەم بینایانەی پیشاوەر سەدان هەلی کاری بۆ کرێکارە عەرەبەکانی میسرو وڵاتانی تر دەستەبەر کرد، هەر بەم پێوەرە، کرێکارەکان لە کاتژمێر نۆ بۆ پێنج چیمەنتۆیان تێدەکردو هەندێکیان لەکۆتایی هەفتەکاندا دەڕۆیشتن بۆ جیهاد.

ئوسامە چیتر گەشتیارێکی شەڕەکە نەبوو، ئەو کاتە دەستی دابووە دروستکردنی مەیدانی شەڕ لەهەرێمێکی گرنگی ستراتیژیو لەهەمان کاتیشدا بەهێزکردنی سەربازی. یەکەی نارێکوپێکی خۆبەخشەکانی رەنگە گرنگیەکی کەمی هەبووبێت، بەڵام کاری بنیادنانەکەی گرنگ بوو، لانی کەم بۆ هەڵسەنگاندنی کاربەدەستەکانی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکیو

پاکستانی کە چاودێری ئەرکی هەمەلایەنی شەڕیان دەکرد. میلتن بێردن، بەرپرسی بارەگای CIAی لە پاکستان بەم شێوەیە دەربارەی ئوسامە دوا: "ئەو پارەیەکی زۆری لەچەندین شوێنی ئەفگانستان دانـاوە". بەپارەی کاش‌و بیلدۆزەرەکانی، ئەمەکداری جەنگاوەرە عەرەبەکانی بەدەستهێنا کە ئەویان وەك کەسێکی "کارامەتر" لە ئەمیر عەزام تەماشادەکرد.

ئوسامە تێبینی ئەوەی کرد "مێژوو ئەوە تۆماردەکات کە ئەمەریکا پشتگیری هەموو کەسێکی دەکرد کە شەڕی بۆ (جیهاد) دەکردو شەڕی لەدژی رووسیا دەکرد". ئەوە یەکەم جارە کە زانیویەتی بەشێوەیەکی باش دەربارەی رۆڵی ئەمەریکا لەشەڕی دژە سۆڤیەتی ئەفگاندا قسەی کردووە. زۆربەی زۆری لێدوانەکانی تری جەختیان لەسەر دووڕوویی ئەمەریکا کردوەتەوە لەماوەی ئەو ململانێ‌و سەربەخۆیی تەواوی خۆی لەلایەن CIA-ەوە. تەنانەت لەبازنەی ئیسلامیە توندڕەوەکانیشدا، هەندێك جار بانگەشەی ئەوە دەکرا گوایە لەهەشتاکاندا بن لادن جاسوس یان بەکرێ گیراوی CIA بوو بێت. جارێك لەچاوپێکەوتنێکدا بێژەرێکی ئەل‌جەزیرە راستەوخۆ ئەو پرسیارەی لێ کرد، هەروەها ئوسامە وەڵامێکی دوورو درێژو پڕ بەرگری دایەوە، وەڵامێك کە تێکەڵاو بوو لەپاساوی ئاینی‌و سیاسی بۆ نزیکایەتی لەنێوان چالاکیەکانی خۆی‌و ئەوانەی CIA-دا:

ئەوە هەوڵێك بوو بۆ شێواندنی لەلایەن ئەمەریکاوە، سوپاس بۆ خوا کە تەگەرەی خستۆتە بەردەم پلانەکەیان...بۆ بانگەشەکەیان کە پشتگیری (جیهاد)یان دەکردو ململانێیان لەگەڵ سۆڤیەتەکان دەکرد، ئەم پاڵپشتیە لەوڵاتە عەرەبیەکانەوە، بەتایبەتی وڵاتانی کەنداوەوە دەهات... ئەمەریکیەکان درۆ دەکەن کاتێك بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە یارمەتیان داوین لەهەر خاڵێکدا، هەروەها ئێمە بەرهەڵستییان دەکەین بۆ دەرخستنی تەنها یەك بەڵگەی بچوك بۆ سەلماندنی ئەوە. لەراستیدا ئەوان بەرپرسیارێتیان لەسەر ئێمە بوو... ئێمە ئەو ئەرکەی خۆمان ئەنجام دا، کە پشتگیری ئیسلام دەکات لە ئەفغانستان،.هاوکات ئەگەر ئەمە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاشدا گونجاوبێت. کاتێك موسوڵمانان دەجەنگین لەدژی بیزەنتیەکان، لەکاتی شەڕی سەختی نێوان بیزەنتیەکان‌و فارسەکاندا، هیچ کەسێك بەبیریدا نەهات کە بڵێت موسوڵمانەکان بەکرێگیراوی فارسەکانن لەدژی بیزەنتیەکان. تەنها بەرژەوەندییەکی گشتی بوو... بەیەك گەیشتنی نەخوازراوی بەرژەوەندیەکان مانای ئەوە نیە جۆرێك لەپەیوەندی یان رێکەوتنێکی ئاشکرا هەبێت.

لـەهیچ سەرچـاوەیەکەوە بەڵگەیـەك نیـە، یـان هـیچ دۆکیومێنـتو چـاوپێکەوتنێك نیـە دەریبخـات کـە ئوسـامە چـاوی بـە هـەر بەرپرسـێکی هـەواڵگری ئەمـەریکی کـەوتبێت. تاکـە ئەمـەریکی کـە ناسـیبێتیو سـڵاوی لێ کردبێـت جگـە ئەنـدامانی بنەماڵـەی بـن لادنو ئاشـنا عەرەبەکانی تر کـە هـەڵگری پاسـپۆرتی ئەمـەریکی بـوون، جـۆرج هارینتۆنـە، کـە فرۆشـیارێکی سەرەڕۆی دانیشتوی سان ئەنتۆنیۆ بوو کە لەسەرەتای ١٩٨٥دا لەگەڵ سـالم دا هـات بـۆ پیشـاوەر. جـا ئاگـادار بوبێـت لەمـە یـان نـا، کـاری بنیادنـانو دابینکردنـی پێداویسـتیە لۆجسـتییەکان بەدرێژای سنوری پاکستان، لەساڵی ١٩٨٦ـەوە، لەگـەڵ پرۆگـرامو خەرجیـەکانی CIA دا بەیـەك دەگەن. یەکەکانی بنیادنانو دابینکردنی پێداویستیەکانی ئاژانسەکە، کە کاری لەرێگەی دەزگای هەواڵگری پاکستانەوە دەکرد، چیمەنتۆو پێداویسـتییەکانی تـری دابـین دەکـرد بـۆ ئەشـکەوتو مۆڵگـەکان کـە فەرمانـدە ئەفگانیـەکانی وەك حـەقانیو حیکمـەتیار لـەم ماوەیـەدا بەدرێـژای سنورەکە بنیادیان نان. بەدڵنیاییـەوە بنیادنـەرەکان بـە کەلوپەلـەکانی بنەماڵـەی بـن لادن ئـەم پرۆژانەیان تەواو کرد، رەنگـە ئـەویش بەشێوەیەکی بـاش بەشـداری لەوانـەدا کردبێـت. وێـڕای ئەمە، پاش ساڵی ١٩٨٦، حەقانی بوو بەوەی کە بەرپرسەکانی دەزگای هـەواڵگری ئاماژەیـان وەك سـودمەندێکی "یـەك لایەنـە"ی CIA بـۆ دەکـرد، بـەو مانایـەی کـە دەیـان هـەزار دۆلار پـارەی کاشی راسـتەوخۆ لـەو کاربەدەسـتانەی CIAـەوە وەرگرتـووە کـە بـەنهێنی لـە پاکسـتان کاریـان دەکرد، بەبێ هیچ تێڕامانێك لەلایەن دەزگای هـەواڵگری پاکسـتانەوە، کـە بەشـێوەیەکی ئاسـایی زۆرینـەی پـارەو خەرجیـەکانی CIAی بـۆ ئەفگانیـەکان خسـتبووەگەڕ. حـەقانی لـەزۆرلاوە سەرچاوەی دارایی هـەبووە، بـەلام بـڕی پارەکـەی CIA تاڕادەیـەك گـەورە بـوو. حـەقانی یـەك لەدوای یـەك یارمـەتی ئوسـامەو خۆبەخشـە عەرەبـەکانی دەداو پارێزگـاری لێ دەکـردن لـەکاتی دروسـتکردنو بنیادنـانی میلیشـیاکانیاندا. (دواتـر ئوسـامە ئامـاژەی بـۆ حـەقانی وەك "گـەورە پاڵەوانێکی موجاهیـد"و "یـەکێك لـەدیارترین سـەرکردەکانی موجاهیـد دژی سـۆڤیەت" کـرد). جـار جـار حـەقانی گەشـتی بـۆ پیشـاوەر دەکـرد بـۆ ئـەوەی چـاوی بکـەوێت بەکاربەدەسـتێکی هـەواڵگری پاکسـتانیو بـەجیاش لەگـەڵ کاربەدەسـتێکی هـەواڵگری ئەمـەریکی، هـەروەها بـۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی. ئوسـامە هـیچ هۆکـارێکی بەدەسـتەوە نـەبوو کـە ئاگـای لـەو رەخسـانی هـەلی کـارکردن لەگـەڵ CIAدا هـەبێت، بـەلام خـۆیو خۆبەخشـە عەرەبەکانیشـی

سودیان لێ وەرگرت. ئەوان دوور لەپرۆسەی ئاڵوویری پارەی CIA وەستان، گەرچی بەدەگمەن بڕوا دەکرێت.

پەیوەندییەکانی ئوسامە لەگەڵ حکومەتی سعودی بەبەراورد کراوەو بەردەوام بوو. بەدیب پاراستنی ئۆفیسەکانی بۆ بەشی خزمەتگوزاری هەواڵگری سعودی لەباڵیۆزخانەی سعودی لە ئیسلام ئابادو شوێنەکانی حەوانەوەی سەر بەخێرخوازەکانی سعودی لە پیشاوەر لەئەستۆگرت. یەك لەدوای یەك ئەم بارەگا خێرخوازیانە بەشدارییان لەئۆفیسی خزمەتگوزاریەکاندا کرد. لەژمارەی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦ی گۆڤاری "ئەل-جیهاد"دا عەزام ستایشی پشتگیری حەوت کاری خێرخوازی کرد، لەوانەش مانگی سوری عەرەبستانی سعودیو کۆمەڵەی جیهانی موسوڵمانانو بنکەی مەککەی خێرخوازی فراوان بوون. بەدیب مانگی جارێك سەردانی پاکستانی دەکرد. هەروەها شازادە تورکی ئەل-فەیسەڵ، بەرپرسی دەزگای هەواڵگری سعودی هەردەم بەرێکی سەردانی ئەوێی دەکرد. خاوەنی ئەو ماڵەی کە لێی کۆبوونەوە لە ئیسلام ئاباد ناوی یوسف موتەکبانی بوو. باڵیۆزی سعودی لە پاکستان، هەمیشە ریشو سمێڵی تاشرابوو، هەروەها وێنەیەکی گولبەدین حیکمەتیاری لەسەر دیواری ژووری نوستنەکەی هەڵواسیبوو. بەپێی نێردراوێکی پێشوی ئەمەریکی کە بەشداری کردبوو لەپرۆگرامە نهێنیەکەدا، موتەکبانی پارەو خەرجیەکانی لە هەواڵگری سعودیو دەزگا خێرخوازیەکانەوە بۆ خوازیارە ئەفگانیە لایەنگرەکان، لەناویشیاندا حەقانی دەگواستەوە. بەگوێرەی ئەمەریکییەکی دیبلۆمات کە بەشداری ئەم جۆرە بەرنامانەی دەکرد، موتەکبانی میوانداری خوانو ئاهەنگەکانی نانی ئێوارەی لە ئیسلام ئاباد دەکرد کەتیایدا ئوسامە یەکێك بوو لەمیوانە هەمیشەییەکان. تورکی لەم ئێوارە خوانانەداو هەروەها لە پیشاوەریش چاوی پێی کەوت. بۆی دەرکەوت کە ئوسامەی کەسێکی "شەرمنو رووخۆشو بەرێز بوو. هەمیشە بەدەنگێکی نزم قسەی دەکردو قسەکانی روونو ئاشکرا بوون".

تورکیو بەرپرسانی تری باڵای سعودی وەك شازادە بەندەر، دواتر رایانگەیاند لەم ماوەیەدا حکومەتەکەیان پەیوەندیو تێوەگلانێکی کەمی هەبووە لەگەڵ ئوسامە دا. تورکی ئوسامەی وەك خۆبەخشێك لەبنەماڵەیەکی بەرێز دەستنیشان کرد کە ئەویش "کەسایەتیەکی جێ گرنگی بوو" نەك ئامێرێکی مەشق پێکراوی سعودی. بەپێی پێوەری تورکی، دەزگای هەواڵگری سعودی (GID) جیاواز لە CIA، هەرگیز لەپەیمانەکەی لای نەداوە بۆ ناردنی پارە بۆ

ئەفگانەکان کە تەنها لەرێگەی بەشی هەواڵگری پاکستانی ناسراوە بە ISI-ەوە بووە. دواتر تورکی نوسیبووی "هەرگیز عەبدوڵا عەزام پشتگیری نەکراوە لەلایەن منەوە یان GID-ەوە". "GID بەبۆنەی رێکەوتننامەکەیەوە توشبوو... ئەوە یارمەتی بوو بۆ "موجاهیدین" دواتر بەپێی کاریگەرییان بڵاوکرانەوە، لەلایەن ISI-ەوە پێورابوو هەروەها لەلایەن CIAو GID-ەوە هەڵسەنگێنرابوو. سەیاف بەشێوەیەکی گونجاو هاتە ناو پێنجەم یان شەشەم شوێنەوە".

راپۆرتەکەی نادیاریو لێڵی دروست دەکات، بەجیا لە عەزامیش، هەواڵگری سعودی پشتگیری دارایی راستەوخۆی بۆ بن لادن دابین دەکرد، بەتایبەتی پاش ئەوەی لە عەزام دوورکەوتەوە هەروەها دەستی کرد بە بنیادنانی ژێرخانی ئابوری بەدرێژایی سنوری پاکستان. هەندێك لە شوێنکەوتوەکانی ئوسامە خۆی رایانگەیاندووە کە یارمەتی راستەوخۆی لە هەواڵگری سعودی وەرگرتووە. ئەبو مەسعەب ئەل-سوری، ماوەیەکی دوورو درێژ هاورێو دواتریش هاوبیری گرنکی ئەل-قاعیدە، نوسیویەتی، "ئەوە درۆیەکی گەورەیە کە عەرەبە ئەفگانیەکان بەپاڵپشتی CIA دروست کرابن... راستیەکەی ئەوەیە کە ئاژانسەکانی هەواڵگری سعودی کاری هاوبەشیان هەبووە لەگەڵ بن لادن، بەشەکانی دەزگاکە یارمەتییان لە عەرەبستانی سعودیەوە دەنارد".

ئەحمەد بەدیب مامۆستای زیندەوەرزانی پێشوی ئەل-ثغر سەرۆکی ستافی تورکی، لەم ماوەیەدا ناوەرۆکی تەواوی راپۆرتی پەیوەندییەکانی ئوسامە لەگەڵ حکومەتی سعودی لەئەستۆدا بوو:

پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هەواڵگری سعودیو باڵیۆزخانەکەی ئێمە لە پاکستان دا هەبوو. سروشتی ئەم پەیوەندییە لەگەڵ هەواڵگری سعودی لەبەر ئەوە بوو باڵیۆزخانەی سعودی لە پاکستان رۆڵێکی زۆر بەهێزو چالاکانەی دەگێرا... کاتێك ئەو خەڵکانە لە مەملەکەتی شانشینەوە دەهاتن بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی، باڵیۆز خوانو ئاهەنگی نانی ئێوارەی رێك دەخستو بانگهێشتی ئەو کەسانەی دەکرد، هەروەها بەهۆی بنەماڵەی ئوسامە بن لادنو پەیوەندییە تایبەتییەکانیانەوە، ئەویش بانگهێشت دەکرا. پەیوەندیو هەماهەنگیەکی زۆر باشی هەبوو لەگەڵ باڵیۆزەکاندا کە لەوێ کاریان دەکرد. لەو کاتەدا باڵیۆزخانەکە داوای هەرشتێکی لە ئوسامە بن لادن بکردایە، بەباشی وەڵامی دەدانەوەو پاکستانیەکان بۆیان دەرکەوت کە هەرشتێکیان پێویست بێت لەوێ یارمەتیان دەدات.

پاشان بەشێوەیەکی روونو ئاشکرا ئوسامە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ بنەماڵەی شاهانەی سعودیو بەشی هەواڵگری سعودی دەست پێکرد کە تەواو هاوشێوەی ئەو پەیوەندییە گەشەکردوانەی زڕبراکانی لەگەڵ ئەو لایەنو بەشانەی تری حکومەتدا بوو: پەیوەندییەکانی ئوسامە کۆمەلایەتی بوون، بەلام رۆڵەکەی وەك بەڵێندەرێکی بنیادنان ناچاری کردبوو وا بێت، ئەوان بەرێزو ستایشەوە مامەڵەیان دەکرد، شوێنو پایەی بەرێزی ئوسامەش جەختی لەئیجابیاتی ئەو کاتە لەمیانەی دانیشتنەکانی ناو سالۆنی باڵیۆزخانەکەدا دەکردەوە. جیاواز لەزڕبراکانی، ئەو وابەستەی ژیانو پێکەوەبوونی کۆنەپەرستانەو راستڕەوانەی عەرەب نەبوو بۆ ماڵێکی سعودیانە کە خوو بەسەیرکردنی تەلەفزیۆن یان کێشانی نێرگەلەوە لەباخچەی ماڵەوەدا بگرێت. لەجیاتی ئەمانە ئوسامە لەرێگای پیشاوەرەوە بە لەئۆتۆمۆبیلەکەی لەجۆری (گراند ترەنك رۆود) بەرێگا بەرداویەکاندا بەرەو پیشاوەر سەرکەوت بەرەو کامپە وشكو بێکەڵکەکان لەناو ئەفگانستان کە تیایدا برەوی بە هزرو باوەڕی شەهیدی دەدا.

## ٢١- لەدەرەوەی کتێبەکان

لەناوەڕاستی ساڵانی هەشتادا، جیم بات کەهاوەڵی سالم بوو لە هۆستن، بەرلە سێ دەیە بەکەمدەرامەتی گەیشتبووە ئەو شارە، وەکو سەرکەشیکارێکی تەکساسی سەرکەوتوو دەستکەوتی زۆر بوو لەوانە: جووتە دەمانچەکەی کالیبەرسمسو ویسۆنو تفەنگی ویسچیستری شەشخانەی بەهێزو تفەنگی وینچستری خێراو ئۆتۆمۆبیلی جۆری BMWی ٥٢٥و هەروەها فرۆکەی جۆری راڵی مینیرڤا. لەو سەروەتوسامانەی نیشتەنیو وەبەرهێنانەی کەهەیبوون لەدەوروبەری هۆستن سوودی بینی بوو، بەبوونی خزمەتگوزاریەکانی وەك پرۆژەی دروستکردنی هۆتێلو ئەپارتمانی داخراوو گەراجی ئوتومۆبیل لەفڕۆکەخانەداو خواردنگەی دێنیز، لەگەڵ بوونی کێڵگە لە لایبێرتی کاونتی دا. لەو نوسینگە فرە نهۆمیانەوە کەلەناو بینای بانکی فانیندا بوو لەناوەندی شاردا، سەرپەرشتیاری کۆمپانیای بەکرێدانی فڕۆکەو کاروپیشەی خێزانی بن لادنو وەبەرهێنانە بەرفراوانەکەی خۆی دەکرد (بەوەشەوە کە ٥٠ هەزار دۆلاری ئەمەریکی تەرخانکردبوو لەهەڵکەندنی بیرەنەوتێکدا کەلەلایەن جۆرج دەبلیو بۆشەوە بەڕێوەدەبرا، کەپێکەوە لەپاسەوانی هێڵی ئاسمانی نیشتمانی تەکساس هاوڕێ بوون)، هەروەك کۆمپانیای کرێنامەی فڕۆکە، کەپێی دەووترا سکایوەی ئێرکرافتو دەکەوتە ناو کایمان ئایلەندزەوەو خالدی کوڕی مەحفوز سەرپەرشتی دەکرد.

باتو ساندرای هاوسەری تا ئەو کاتەش هەر لەوخانووەدا دەژیان کەراستەخۆ دەکەوتە پشت کۆشکە مەزنەکەی خالیدەوە لەناو رووباری ئۆوکس نزیك هۆستن. بەشێوەیەکی گشتی، بات بەرووکەش وادەردەکەوت پیربووبێت، بەڵام لەوە زیاتربوو، ژیانی رووخابوو.

بات هەموو جیهان لەگەڵ بریکارە عەرەبەکانو هاوڕێکانی تری لەکارگەی نەوت گەڕابوو، پێکەوە چووبون بۆ حەشارگەکانی کاریبیەنو ئەورووپاو سعودیەو چەند شوێنێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. یەکێك لەفڕۆکەکانی کۆمپانیای نەوتی بەکرێگرتبوو کە جارجارە گەشتی پێ دەکردو لەناویدا پێخەفو فەرووی گیانلەبەری هەبوو، هەرلەوێشدابوو بۆیەکەمجار ماری ئیلین لویسی بینیبوو. کە(کارمەندێکی ناوفڕۆکە)ی خێزاندار بوو، بەگوێرەی قسەکانی شێرل

جۆنسەن- تۆد، پارێزەرێك بوو کە کاری تەڵاقدانی بۆ دووان لە ژنەکانی (بات)ی یەك لەدوای یەك ئەنجامدابوو. لەدرێژەی ئەوپەیوەندییە دورودرێژو پڕئاژاوەیەی نێوانیان، بات ئۆتۆمبیلێکی جۆری کادیلاکی بۆ ماری ئیلین دابینکردبوو، پارەی دەنارد بۆ خۆیی‌و مێردەکەی هەروەها باوکایەتی منداڵەکەی بۆ دەکرد بێ ئەوەی بووبێتە هاوسەری. پاش ئەوەی ساندرای خێزانی بەپەیوەندییەکەیانی زانی، داوای لەدادگا تۆمارکرد، چەند پۆستکارتێکی بێ ناسنامە گەیشتنە ماڵەکەی لەسەر رووباری ئۆوکس: کارتەکان ساندرایان بەوە تۆمەتباردەکرد کەگوایە ئاڵاوەتە هاوسەرگیریەکی بێ وێنەوە وەك چیرۆکە ئەفسوناویەکەی نێوان J.R و سوئیلین ئەوکاتەی بینەرێکی زۆری هەبوو لەپرۆگرامەکانی تەلەفیزیۆنی دالاسدا. لەکۆتاییدا ساندرا دەربارەی منداڵەکەی بات لەگەڵ لویسدا زانیاری دەستکەوت کاتێك مێردەکەی گەڕاوەیەوە بۆماڵەوە بەکاریکۆتێکەوە کەمنداڵێکی تێداخەوتبوو لەسەر کورسی تەنیشت شۆفێری ئۆتۆمبیلەکەی دانرابوو. بەگوێرەی وتەکانی ساندرا، جیم بات تکای لێکردووە ئەم منداڵە بەخێوبکات، بەڵام ساندرا داوای جیابوونەوەی لەجیاتی ئەمە تۆمارکردو تیایدا نوسی کەگوایا بات مادده سڕکەرەکانی بەخراپی بەکارهێناوە، بەڵام بات داواکەی ڕەتکردەوە. بەپێی شایەتیەکەی بات دەرکەوت کە دواجار ماری ئیلین لویس لەوە خۆشحاڵترنابێت لەگەڵیدا؛ چونکە بات وتی"هەڕەشەی لێکردووم بەوەی سەرم دەتەقێنێتەوەو دەمکوژێت"

لەماوەی کارکردنیدا لەگەڵ خێزانی بن لادن دا پەیوەندی بات لەگەڵ لویس دا رەنگە تەنها نهێنی نەبووبێت. بەگوێرەی تۆمارە دادگایەکانی ساڵانی ١٩٩٠، لەلایەن بیل وایتی هاوەڵە تەرەبووەکەی (بات)ەوە، لەمیانەی قسەکانیدا لەگەڵ وایت لەساڵی ١٩٨٢دا بات "ئەوەی خستەڕوو کە وەك هەڵسوڕاوێکی (CIA) کاری کردووە"، بە گوێرەی گفتوگۆیەك کەلەساڵی ١٩٨٢ لەنێوانیان روویداوە، بەگوێرەی وایت کاتێك جۆرج بۆشی باوك بەڕێوەبەری بووە لەماوەی کۆتایی ساڵانی حەفتاکاندا، بات رایگەیاندووە کە بەو کارە هەڵبسێتو "بە نهێنی سیخوڕی بکات لەسەر هاوەڵە بازرگانە عەرەبە سعودیەکانی". بەپێی قسەی ئەو، بات ئەوەشی راگەیاندووە کەداوای لێکراوە ئەرکی کۆمپانیایەکی هەستیاری هێڵی ئاسمانی بگرێتە ئەستۆ، پاش ئەو رووداوە ئابڕووبەرانەی ماوەی ساڵانی حەفتاکان، گوایە ئاژانسی سیخوڕی ناوەندی (CIA) بڕیاریداوە بەتایبەتیکردنی هەندێك لەکاری هێڵە ئاسمانیە نهێنیەکانی‌و بۆئەمەش ئاژانسەکە گەڕاوە بەدوای باوەڕپێکراوێکی ئەمەریکیدا کەنهێنی پارێزبێت تا پەیمانی لەگەڵ

ببەستێتو هەندێ لەکارەکانی بەشێوەی گرێبەست بخاتە ئەستۆ. بات کەفڕۆکەوانێکی پێشووی هێڵی ئاسمانیو پەیوەندییەکی هاوڕێیانەی لەگەڵ بۆشی کوڕدا هەبوو پاڵێوراوێکی شیاویش بوو بۆئەم رۆڵە، بە پێی قسەکانی وایت، کەخۆی دەرچووی ئەکادیمیای ناڤاڵ بوو لەئەناپۆلیسو فڕۆکەوانێکی سەربازی شەڕکەری پێشووش بوو، گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە بات هەندێ لەفڕۆکە بازرگانییە بەکرێگیراوەکانی کەنار دەریای بەکارهێناوە تایارمەتی ئامادەکاری کەشتی بداتو بەهۆیەوە لەوانەیە چەكو تەقەمەنی بۆ ئوسامە بن لادن گەیاندبێتە سەر سنوری وولاتی ئەفگانستان لەماوەی کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا.

لەماوەی ساڵانی هەشتادا جیم بات زۆر بەدەگمەن باسی بازرگانیەکانیو هەوڵوتەقەلاکانی سەرپەرشتیکردنی فڕۆکەی جەنگی دەکرد. (ڕازی نەبوو کە چاوپێکەوتن بۆ ئەم کتێبە بکات). لە تۆماری دادگای ئەوکاتەدا وادیاربوو گاڵتە بەهەموو بەڵگەکانی وایت بکات دەربارەی مشتومڕە بازرگانیەکانیان، لەوە دەدوا کە گوایە هاوبەشە بازرگانیەکەی پێشووی ناڵاندوویەتی بەدەست "نەخۆشی دەروونی"و "زۆرجار دەرکەوتنی بەمیزاجێکی بێ بار". بەگوتەی بات، وایت باوەڕی وابوو ئەو کەسانەی لەدژی ئەو پیلانیان گێڕاوە سەرقاڵی"پەیوەندی نهێنی"و "خشتەی کاری نهێنی" بوون لەدژی. لەساڵی ١٩٩١دا بات بە (تایم)ی راگەیاند کەسەرگوزشتەکەی وایت دەربارەی کارە سیخوڕیە گومانلێکراوەکەی "خەیاڵ" بووەو ئەو "ئەندام نەبووە لەئاژانسی سیخوڕی ناوەندیو هەرئاژانسێکی تری سیخوڕیدا." سەبارەت بە دە ساڵی دواتر، هەرچەندە لەچاوپێکەتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەنوس کرایگ ئەنجەر، بات وادەردەکەوت دان بەوەدا بنێ کەرەنگە کەمێك ڕاستی هەبوبێت لەتێڕوانینی وایتدا. لەبارەی ئاژانسی سیخوڕی ناوەندی(CIA)شەوە، بات وتی "هەموو جۆرە ئاستێکی هاووڵاتیان بەشدارن". لەوەدەچوو ئاماژە بۆ ئەو هاوکاریە خۆبەخشە بکات کەهەندێجار پێشکەشی ئاژانسەکە دەکرا لەلایەن خاوەنکارە ئەمەریکیەکانەوە کەپەیوەندی هەستیاری بیانییان هەبوو. لەڕاستیدا، ئاژانسی سیخوڕی ناوەندی(CIA) لە هۆستن ئەو ئیستگەیەی بەڕێوەدەبرد بۆئاسانکاری چاوپێکەوتنی نافەرمی لەگەڵ ئەو ئەمەریکیانەی کە لەکارگە نەوتیە نێودەوڵەتیەکە کاریان دەکرد. ئەگەر بات پەیوەندی بەو ئاژانسەوە هەبوبێ، ئەوا ڕێی تێدەچێت هەرچی ئەوکارانەی ئەنجامیداوە زۆرجار بەڕاپۆرت ناردبێتی بۆ بن لادنو کوڕەکەی مەحفوزو سعودیەکانی تر.

وایت نائومێدبوو لەسکاڵانامەکەی دژی باتو زۆرخەمباریش بوو بەوەی پارەیەکی زۆری لەو بابەتەدا خەرج کردووە. کارێکی سەربازی شەرەفمەندانەی هەبوو بەرلە کێشەکەی لەگەڵ بات دا، بەڵام زۆرگران بوو بۆ ئەو کەدادپەروەرانە بیربکاتەوە. هیچ بەڵگەیەکی گونجاوی لەبەردەستدا نەبوو کەگوایە بات رابەرایەتی بەستنی کۆنتراکتی کردبێت بۆ ئاژانسی سیخوڕی ناوەندی. گەرچی هۆکارەکان روونو ئاشکرا نەبوون، بات لەوماوەیەدا زۆرینەی کات گەشتی بۆحەشارگەکانی کاریبیەن تاکس دەکرد، هەروەك بەگوێرەی پارێزەری جیابوونەوەکەی ساندرا گوتویەتی، بات بڕێکی زۆر پارەی کاشی لەسەر سنور پەڕاندۆتەوە. بەدڵنیاییەوە بات مەبەستی ئەوەبووە کەیارمەتی هێڵی ئاسمانی نێودەوڵەتی بدات ئەگەر ویستبێتی بۆUSA، ئەگەرنا ئەوا لەوانەیە بۆ بریکارە بازرگانە سعودیەکانی بردبێت. سالم زۆرکات فڕۆکە گەورە نهێنیەکەی خۆی بەکاردەهێنا وەك گوێزەرەوەیەکی بارهەڵگری کاتی لەوسەردەمەدا، ئەمەش رێی تێدەچێت، بۆ نموونە، سالمو بات یەکێك لەم فڕۆکانە یاخود یەکێك لەفڕۆکە گەورەکانی تر کە هەندێ لەدۆستە سعودیەکانی سالم خاوەنی بوبن بەکارهێنابێت بۆ گواستنەوەی چەكو تەقەمەنی لەباشوری ئەمەریکاوە یان باشوری ئەفریقاوە بۆ یارمەتیدانی ئوسامە لە پاکستان. ئەمە تەنها ئەگەرە، هەرچەند هیچکام لەچاوپێکەوتووان دەربارەی تێوەگلاندنەکەی سالم لەمامەڵەکردنی سوپای نهێنیدا لەبری ئوسامە لەوە تێنەگەیشتبوون کەچۆن چەكو تەقەمەنی بە کەشتی دەگوازرایەوە.

سالم بەئەسپایی‌و پێچ‌وپەنا لەو پیلانگێڕیانەی کەلەدەوروبەری هەبوون خۆی دەربازکرد، بەڵام شێوازەکەی زیاتر لەشێوازی ئۆستن پاوەرس دەچوو تا جەیمس بۆند. بەشێکی تۆمارە دادگاییەکانو وتارەکانی وایت بەڵگەیەکی تربوون بۆ ئەگەری بوونی پەیوەندی سالم بەدەستە سیاسیە کۆنسێرڤەیتڤەکانی ئەمەریکا کەلەوێدا بەشێوەیەکی نهێنی دژی چالاکیەکانی کۆمۆنیستەکان دەوەستان لەماوەی سالانی هەشتاکاندا. بۆ نموونە، بەگوێرەی تۆماری رووداوەکانی گەشتی ئاسمانی، لاری ماکدۆناڵد ئەندامی کۆنگرێسی جۆرجیاو سەرۆکی کۆمەڵگای جۆن بیرچ، لە سعودیەوە بەیەکێك لەفڕۆکە نهێنیەکانی، سالم مانگێك بەرلەمردنی ماکدۆناڵد لەسەرهێڵی ئاسمانی کۆریای ٠٠٧ گەشتیان کرد"، پاش ئەوەی فڕۆکەکە لەبۆشایی ئاسمانی سۆڤیەتدا ونبوو لە ١ ئەیلولی ساڵی ١٩٨٣ دا گوللە باران کراو کەوتە خوارەوە". پەیوەندییەکانی جیم بات لەگەڵ خێزانی بۆشو سەرکردەو ئەندامانی تری پارتی کۆماری لە

تەکساس بەردەوام بوو بۆ سەرهەڵدانی چەند پرسیارێك لەبارەی ماوەی پەیوەندییەکەی سالم بەو سیاسەتمەدارانەوە. بۆ نموونە، وایت بەڵگەی ئەوەی دەهێنایەوە کەوا بات پارەی بن لادنی بەکارهێناوە لە وەبەرهێنانی کۆمپانیاکەی بۆشس ئەربستۆ. ئەو تاوانەی کە باتو بۆش بەتووندی ئیدانەیان دەکرد. لەکەمترین ماوەدا سالم توانی لای جیم باتو خالدی کوڕی مەحفوزو حکومەتی سعودیە وەك ئەندامێکی باڵای دامەزراوەی سیاسیو نەوتی هۆستن، پاساو بۆ ڕێزی خۆی بهێنێتەوە، بەشێوەیەك خۆی لەنێوان جوانپۆشیەکەیو کەلتوری بەردەوامی مامەڵە نهێنیەکەیدا حەشاردابوو.

ڤینسۆنو ئیلکینس، یەکێك بوون لەپایەدارترین دەزگاکانی یاسایی شار کە نوێنەرایەتی سالمیان کرد، سالمیش خاوەنی فڕۆکەی تایبەتی بوو لەشارەکەدا. کاتی زۆر خۆشی بەسەردەبرد لەکۆشکەکەی سەر ڕووباری ئۆوکس لەگەڵ خێزانی شای سعودی کەبەسەردان هاتبوونە ئەوێ پێکەوە ژەمە خواردنیان دەخواردو گەمەیان دەکرد.

ئەوکاتە، هەرچەندە کێشە تایبەتییەکانو داراییەکانی بات ئەوەیان دەردەخست کەدڵی لە سالم ڕەنجابێت، بەڵام سنورێك هەبوو بۆ ئەوەی تەنانەت سالمیش بتوانێ لەشێتیەکەی تەحەمول بکات. لەساڵی ١٩٨٦دا بات تووشی ناکۆکیەکی دارایی هات لەگەڵ (وایت)دا، ئەوەبوو خستیە لێپێچینەوەی ئەوەی کە بڕوانامەیەکی پارەی خراپ بەکارهێناوە کە مولکی سکای وەی ئەیرکرافت بووە، بەوەی بڕی ٥٥٠ هەزار دۆلاری وەك قەرزی تایبەتی لە هۆستن بانك وەرگرتووە. پاش ئەوساڵە، بەپێی تۆمارە دادگاییەکەی وایت، لەبنکەی پۆلیسی هۆستنەوە پەیوەندیکرا بە وایتەوەو پێیان ڕاگەیاند کەلێکۆڵینەوە لەگەڵ باتدا کراوە لەکێشەیەکی نێودەوڵەتی ماددە سڕکەرەکانو تائەوکاتە هیچ تۆمەتێکی نەخرابووە پاڵ، هەرچەند لەو ماوەیەدا بەگوێرەی وتەکانی گایل فریمان، خێزانی بن لادن، هاوڕێو هاوەڵە بازرگانیە کاتیەکەی، هەروەها زڕخوشکە خۆشەویستەکەی سالم (ڕەندە)ش لە بات تەکینەوە، چونکە ڕەندە هەستی دەکرد بات بێ ڕێزی لەگەڵدا کردووە، بەپێی وتەکانی فریمان، ڕەندە دواتر وادەرکەوت کەکاریگەری خستبێتە سەر هەڵسوکەوتی سالم دەربارەی هاوبەشە ماوە دورودرێژەکەی هۆستنی.

ئەو سەردەمە کۆتایی هات، کێشەکانی بات خۆریان لێ هەڵهات. لەساڵی ١٩٨٦دا نرخی نەوت داشکا بەجۆرێك بەرمیلی بوو بە ٩ دۆلار. هاوکات ئابووری سعودیەو تەکساس لەبەرزونزمیدا

بوو. نرخی زەویوزار لە هۆستن بەبەردەوامی دادەبەزی. ئەو پاییزە، هەروەك ئوسامە وای دانابوو مەشق بەیەکەم سەربازگەی میلیشیا بکات لەسەر سنوری ئەفگانستان، کردەوە بێ ئابڕووەکانی (ئێران-کۆنترا) ئاشکرابوو، پشکنینە یەك لەدواییەکەکانیش هەندێ لەمێژووە نارەحەتە نەنوسراوەکەی نێوان ریگانو فەهدی خستەڕوو. ئەو مێوەی کە هەردوو جیهانی سالی پێکەوە گرێ دابوو بۆدەیەیەك، واتا هەڵقولانی پارەی نەوت، کە مایەی خۆشحاڵیو تەنانەت هاوپەیمانیەتیەکی نهێنی نێوان واشنتۆنو ریاز بوو، هەروەك مایەی گۆڕانی بنەماڵە کلتوریەکان بوو، واخەریك بوو هەڵدەوەشایەوەو تێکدەشکا.

باندە بچوکە شۆڕشگێڕکەی ئوسامە بەدەست سەختی زستانەوە لەسەرچیا بەرزەکانی دەوروبەری جاجی دەیانناڵاند. جەنگ هەمیشە لەوەرزی کرێوەدا هێوردەبووەوە. کاتێك وەرزی توانەوەی بەفرهات سەربازە سۆڤیەتیەکانیش گەیشتن. بلدۆزەرە دەنگ بەرزەکانی ئوسامە هێندەی تر ناوچەی شەڕەکەیان دەهەژاند بەجۆرێك کەسۆڤیەتیەکان نەیان دەتوانی پشتگوێی بخەن. هاوڕێو ژنبراکەی ئوسامە "جەمال خەلیفە" سەردانی "لایۆنس دێن" ی کردو بەچاوی خۆی تەڵەی مەرگی بینی. ئەمەش مەبەستەکە بوو، وەك هەندێ لەهاوڕێکانی ئوسامە پێیان وتبوو "ئێمە ژمارەیەکی بەرچاو شەهیدمان هەیە" کە بەرەزامەندی خوای گەورە بوونەتە قوربانی. خەلیفە بە ئوسامەی راگەیاند بەفیڕۆدانی ژیانی ئەم خەڵکانە سەرپێچی فەرمانەکانی ئیسلامە کە "خوای گەورە لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکات لەدوارۆژدا" ئوسامە گوێی بەم قسەیەی نەدا.

لەمانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٧دا شەڕ دەستی پێکرد، سەربازە خۆبەخشەکانی ئوسامە لەگەڵ هێزەکانی سۆڤیەتدا بۆماوەی هەفتەیەك شەڕیان کرد، لەمانگی مایسیشدا ئەو بەرەنگاریە سەرەتاییە شەڕی درێژخایەنتری بەدوای خۆیدا هێنا. شوێنە ستراتیژیەکانی بن لادن کەوتنە ژێرفشاری بەردەوامی بۆمبابارانی فڕۆکەوە، سۆڤیەتیەکان پێدەچوو بۆمبی گرداری هاوشێوەی ناپاڵمیان بەکارهێنابێت. سوپای سپیتسناز بەلەشکرو فڕۆکەوە هەڵیان کوتایە سەر سەربازگە پتەوەکانی بن لادنو عەرەبەخۆبەخشەکان، هەرچەندە سوکە مەشقێکیان پێکرابوو یاخود بێ ئەزموون بوون، بەڵام زۆربەتوندی لەنزیك سەربازگەکانیانەوە دژیان وەستانەوە. چەند ساڵێك تێپەڕیو هەرچی روویدابوو لەماوەی ئەوپێکدادانەدا بەگەڕانەوە بۆ رابردوو بەناڕوونی مایەوە بەتایبەت لەئەفسانە خۆییەکانی جیهادکارەکاندا، بەجۆرێك هەندێکجار بۆچوونەکانیان

دژبەیەك بوون. کۆنترین بابەتی بلاوکراوەی باو لەگۆڤاری ئەلجیهادی عەزامدا جەختی نەکردبۆوە لەسەر رۆڵی ئوسامە لەشەڕەکەدا، بەڵام جەختی لەسەرئەو سەربازە پاڵەوانە میسریە کردبۆوە کە هاوکاری کردبوو تەنانەت ناوی ئوسامە نەشهاتبوو. ئەوەبوو دەستبەجێ خۆی خستە بەردیدەی خوێنەرانی بەهەڵڕشتنی هەموودڵی خۆیو باسکردنی ئەزمونەکانی خۆی بۆ رۆژنامەنوسە عەرەبە لایەنگرەکانی، بەڵام گومان لەو راستیە بنەڕەتیانەدا نەبوو کەشەڕەکانی حاجی ساڵی ١٩٨٧ بەڕاستی سەخت بوون، لەگەڵ ئەو زیانە گیانیانەی لەهەردوولا کەوتەوە کەچی هیچ شتێکیان نەکرد بۆ گۆڕینی زنجیرە شەڕە گەورەکانی تر. ئوسامە ئامادەبوو هەروەها بەشانازیەوە لەژێر فشارێکی سەختدا هەستا بەجێبەجێکردنیان، شەڕەکان وادەردەکەوتن ئەمیان بەدوو کاردانەوەی سەرەکیەوە بەجێهێشتبێت؛ یەکەمیان ئەو باوەڕەی پێی وابوو کەداوای لێکراوە بۆجەنگ بەناوی خودای گەورەوە بەهەستێکی قووڵو تازەوە بکات، دووەمیشیان ئەو هاندانەی بوو کەوەك دەرفەتێکی بازاڕی نایاب، دەرکەوتبوو.

جەمال خاشوگی، رۆژنامەنوسێکی سعودی بوو، یەکەم کەس بوو چاوپێکەتنی لەگەڵ ئوسامەدا کرد لەپاش هەڵمەتەکەی جاجی، جەمال خاشوگی ئەوەی وەبیرهاتەوە "ئاشکرابوو کە چیرۆك دەگێڕێتەوە، هەوڵی ئەدا لەسەری بڕواتو بەردەوام بێت بۆئەوەی وا لەمیدیاکان بکات تا زیاتر سەرنجی عەرەبەکان رابکێشنو وا بکەن ژمارەیەکی زیاتریان بێن بۆئەفگانستان"، ئەوەشی راگەیاندو وتی "کەیفسازیەکەیم زۆر بەدڵ بوو" شێوازی قسەکانی ئوسامە لەوکاتەدا "هەر بە پرۆفیسۆری زانکۆ دەچوو، یاخود لەوەدەچوو لەسەرمێزی گەورەپیاوانی کۆمیسیۆنی سیاسی ئەم حزبو ئەو حزب دانیشتبێت". هێشتا یادەوەریە پڕلەسوێیەکانی کاڵ نەبوبوونەوە دەربارەی جاجی خوێناوی، کەچی هەنگاوی بەرەو چارەنووسی خۆی دەناو، خۆی دەدایە دەست ویستی خودا.

ئوسامە بەخاشوگی راگەیاند "ئێمە هەندێجار هەموو رۆژەکەمان لەخەندەقو ئەشکەوتەکاندا بەسەردەبرد تاهێندە گوێمان لەزرمەی ئەو تەقینەوانە نەبێت کە لەدەوروبەرمان روویان دەدا".

ئێمە پلانەکانی جەنگمان بەبەردەوامی بەهاوارکردن رادەگەیاند ئەوانیش هاوارو ڤیژەی مەرگیان کۆتایی نەدەهات. رۆژەکانمان بەنوێژوپاڕانەوە لەخودای گەورە بەسەردەبرد. سەرەڕای هێرشی زلهێزە رووسەکان، یەکێك لەئێمە دەبوایە بەبەردەوامی چوبایەتە دەرەوەی پەناگەکە

بـــۆ بینـــینی جوڵـــەی دوژمنانمـــان، هـــەرکاتێك بمانتوانیبـــا بەپشـــتیوانی خـــودای گـــەورە هەڵماندەکوتایە سەر رووسەکان، ئەوە تـەنها خـودای گـەورەبوو ئێمـەی لـە رووسـەکان پاراست. پشت بەستن بەخودا سەرچاوەیەکی سەرەکی بـوو بـۆ بـەهێزیمان، ئـەو کەنـدەڵان و تونێلانـەش کە لەسەر داوای خودا دروستمان کردوون رێخۆشکەرێك بوون بۆسەربازەکان. ئێمە بەتـەواوەتی پشتمان بەخودا بەستبوو لەهەموو حاڵەتێکدا.

لەوکاتـەدا ئوسـامە رێگەیـدابوو بەدەرهێنـەرێکی میسـری "عیصـام دیـراز" لەگەڵیـدا بێـت و چالاکی و جوڵەکانیان بکاتـە دۆکیومێنـت. دیـراز یارمەتیـداو بابەتەکـەی بـۆ بریقـەدارترکردو لەدواییدا ناوینا "ئەفسانەی ئوسامە، پیاوێکی دەوڵەمەند کە وەك پیاوێکی هەژار ژیـا، پیـاوێکی دیـاری نـاو کۆمـەڵگا کـەئامادەبوو هـەموو شـتێکی خـۆی بکاتـە قوربـانی لـەپێناوی ئاینەکەیـدا، شۆڕشـگێڕێك کـە نالـەرزێ لەرووبەڕووبوونـەوەی مـەرگ"، پاشـان دیـراز رایگەیانـد "مـن بەچـاوەکانی خـۆم ئوسـامەم بـینی لەبـەرەی جەنگـدا کـە لەناوەڕاسـتی مەیـدانی شـەڕەکەدا دەجـەنگی. دەوڵەمەنـدبوون پەیوەنـدی بـەوەوە نیـە لەچـی دەچـی، خـەڵکی بەدڵنیاییـەوە وەك کەسێکی دەوڵەمەند لە ئوسامەیان دەڕوانـی، وەك پیاوێـك کەتـەنها پـارەی هەیـەو بـەس، بـەڵام پاش شەڕەکەی جاجی، تێڕوانینی خەڵکی بـۆ ئوسـامە گـۆڕاو وەك پیـاوێکی سـەربازی سـەیریان دەکرد کەشایەنی ئەوەبوو ببێتە سەرکردە".

ئەمـە لانـی کـەم گۆشـەنیگای دەرهێنەرەکـەو پەخشکەرەکانی تـری پێشـووی بـن لادن بـوون لەسەری، لەگەڵ بەهرەی کاریزمایی ئوسامە خۆی و توانای گشتی لەدەسـتەی دادگـایی سـعودیدا کەتیایدا دەرکەوت بۆ رێگرتن لەتاوانکاری تەنانەت دژی دوژمنەکانیشی، دیارە ئەمانـە بەڵگـەی پێویست بوون بۆئەم گۆشەنیگایە.

ئوسـامە لەسـێبەری ئامۆژگاریـەکانی عبداللـە عـەزامی مامۆسـتایدا هـاتبووەدەرەوە، بـەڵام نـاکۆکی کەوتـە نێوانیانـەوە بـەهۆی پلانەکـەی ئوسـامەوە بـۆ کۆکردنـەوەی عەرەبـەکان لەسەربازگەیەکی جیاواز بەخۆیاندا، عەزام باوەڕی وابوو کەدەبێت ئەوانیش خۆیان بخەنـە نـاو ئەو سەربازگەیەوەو میلیشیاکانیان تێکەڵ بکەن بەتەنیشت ئەفگانیەکانـەوە. بۆئـەوەی بتـوانن لێپرسراوێتی جەنگ و دامەزراندنی شـەڕکەرە ئەفگانـەکان، کـە هـەموو مامۆسـتا ئایینیـەکانیان لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە کوژرابـوون بگرنەئەسـتۆ. لەدواییـدا ژنەکـەی عـەزام سکاڵای ئـەوەی دەکرد کە "بن لادن هەوڵدەدات بەسۆزەوە مامەڵە لەگەڵ شەڕکەرە عەرەبەکاندا بکات، تەنانەت

خواردنــەکانیان جیـاوازبوون لەگـەڵ خـواردنی موجاهدینــە ئەفگانیەکانــدا لــەوەی بــن لادن راهاتبوو خواردنی ئامادەکراوی تایبەت بۆ عەرەبە سعودیەکان بهێنێ".

ئـەو گرژیانــە بـارودۆخی ئوسـامەیان ئـاڵۆزکرد، بـەڵام هـەر جڵـەوی بەرنــەدا، ئـەویش‌و عــەزامیش رووی خۆیــان وەرنــەگێڕاو بەدڵسـۆزی مانــەوە. لـەکۆتایی سـاڵی ١٩٨٧دا تۆڕەکـانی بەرزکردنــەوەی جیهــانی داهــات‌و دامەزرانــدنیان لــەناو نوســینگەکانی بــروکلین‌و توکســۆن لەئەمــەریکا کــردەوە، ســەرەڕای میســرو عەرەبســتانی ســعودیەو شــوێنەکانی تــر. پاشــان لەسەرانســەری جیهانــدا بڵاوبــووەوە، بــەڵام ئوسـامە ئـەم پەلەکردنــەی بەدابەشـبونێکی لاواز دەبینی بۆیە پێی باش نەبوو.

بەدەستهێنانی پارە لای ئوسامە وەك خـۆی بەشـاراوەیی مایـەوە، یـەکێك لەیارمەتیـدەرەکانی خالید بن مەحفوزی هاوڕێی سالم بـوو. ماوەیـەك بـەر لـەمانگی مایسـی سـاڵی ١٩٨٨، بـەگوێرەی ووتەیەکی پارێزەرەکانی بن مەحفوز "هاریکاریکردنی بـن لادن بـۆ ئەفگانیـەکان لەلایـەن سـالم بـن لادنــەوە بــوو". "بەیــەکرێزی هەنــدێ لەعەرەبــە ســعودیە دەرکــەوتووەکانی تــرو بــەپێی سیاســەتە دەرەکیــەکانی حکومــەتی USA لەوکاتــەدا، شــێخ خالیــد بــن مــەحفوز بڕیاریــدا کەنزیکـەی ٢٧٠ هـەزار دۆلاری ئەمـەریکی پیتـاك بـدات. ئـەم کۆمەکـە بـۆ یارمەتیـدانی ئـەو نیشتەنیانە بـووە کـە سـەربە ئەمـەریکا بـوون‌و لەداگیرکـەری ئەفگانسـتان لەلایـەن سـۆڤیەتەوە نیشتەجێ بوون. بن مەحفوز نەیدەزانی کە ئاخۆ ئەو پارەیە بـۆ بـەرفراوانکردنی جوڵـەی ئـەو سەرنشینانە بەکاردەبرێ بۆدەوڵەتانی تر یان نا."

پارێزەرەکانی بن مەحفوز رایانگەیاند کە بن مەحفوز "بە مەبەست" کۆمەکەکـەی نـەدا تـا بـەکاربهێنرێت بـۆ کـڕینی چـەك. زیـادکردنی کۆمـەککاری ئوسـامە لـە عەرەبسـتانی سـعودیە جەختکردنەوە بوو لەسەر پێداویستی پشتگیری خێرخوازی وەك(خواردن‌و پەناگەو پێداویستی تەندروسـتی) بۆبـەرگری دانیشـتوان‌و سەرنشـینانی ئەفگانسـتان لەژێرچـاودێری خۆیانـدا بـۆ پاراستنیان لەهێرشی سۆڤیەتی. لەڕاسـتیدا پێویسـتیە داراییـەکانی دانیشـتوانی ئەفگانسـتان بـۆ ئـەو مەبەسـتانە زیـاتربوون تـا بـۆ چـەك‌و تەقەمـەنی، کەلەلایـەن حکومـەتی ئەمـەریکاوە بـێ بەرامبەر دابینکرابوون".

ئوسـامە پارەکـانی‌و میهرەبانیەکـەی بـەدەوری خۆیـدا بڵاوکـردەوە، هەنـدێك بـۆ عـەزام‌و هەنــدێك بــۆ دەســتەی رکابــەرانی میســری لەپیشــاوەر. بــەهۆی ئــەو شــێوازی واژۆیــەوە کــە

لەســەرکردایەتی بەدەویەکانــەوە وەریگرتبــوو، بــووە رابــەرێکی رانەگەیــەنراووو ئــازادبوو لەبەستنی هەر هاوپەیمانیەك لەگەڵ خۆبەخشە فرە نـەژادە عەرەبەکانـدا. هـەروەك زاواکـەی عەزام تێبینی کرد "لەو بڕوایەدام ئوسامە ئیتر بڕوای بەخۆی پەیداکردبێ".

## ٢٢- پرۆژەکە

سالم خەونی بە دیمەنێکی جوانو سادەوە دەبینی. تێڕوانینەکانی لەچوارچێوەی جەنگو گیانبەخشیدا نەبوون، بەڵکو ئەو لەژیانیدا هەر سەرقاڵی ژنان بوو. تا ساڵی ١٩٨٥ کە تەمەنی لەچل ساڵی نزیك دەبۆوە، نزیکەی پێنج کیژە دۆستی گرتبوو- یەکیان ئەمەریکی بوو، یەك ئەڵمانی، یەك فەرەنسی، یەك هۆڵەندیو ئەویتریشیان ئینگلیز بوو. پارەکانیو فڕۆکەوانەکانی بۆ راپێچکردنی ئەوان بۆ ناوەو دەرەوەی نەخشەی گەڕانەکانی بەکاردەهێنا. ئەوانیش هەروەك چۆن فڕۆکە لەباری ئاڵۆزی هاتوچۆی هەوادا کۆنترۆڵ لەدەستدەدات ئەوها بەدەوری سالمدا هەڵدەسوڕان، رووبەڕووی یەك دەبوونەوە بەڵام یەکتریان نەدەناسی. زۆرجار هەموو کیژەدۆستەکانی لەدوونهۆمی جیاوازی هۆتێلێکدا نیشتەجێ دەکردن، بەجۆرێك کەهیچیان بە شوێنی ئەویتریانی نەدەزانی. یەك دوانێکیان وایان دەزانی تەنها ئەوان خۆشەویستی سالمن، ئەوانیتر زیاتریان دەزانی.

سالم پەرەی بە پلانە چاونەترسەکەیدا بۆچارەسەرکردنی رەوشی پەیوەندییەکانی، هەروەك بێنگن جۆنسەن ئەوەی وەبیرهاتەوە کەدەستکراوە بەقەرزێکی دۆستانە لەنێوان سالمو پاشای فەهددا. سالم بۆ فەهدی باسکردووە کە توانیویەتی چوار ژنی گەنجی ئەوروپیو ئەمەریکی "لە خێزانی مامناوەند" قایل بکات تالەهەمان کاتدا شووی پێ بکەن هەروەك لەیاسای ئیسلامدا رێگەپێدراوە. فەهدیش ووتی "سالم شێت بووە، هەرگیز ناتوانێت لەم کارەیدا سەرکەوتووبێت". لەوانەیە پاشا باوەڕی وابوبێت، لەوانەشە وا تێگەشتبێت هەروەك جۆنسەن بە فەهدی ووتبوو کە "ئەگەر تۆ بە سالمت بوتایە نەیدەتوانی ئەوە بکات، بەڵام بەدڵنیاییەوە کردی".

لین پیگینی، پیانۆژەنێکی ئەمەریکی بوو لە ئۆرلەندا، کە بەخۆیو سەرکێشییەکانیەوە لەگەڵ سالمدا لە پاکستانەوە گەڕابۆوە بۆ فلۆریدا بەمەبەستی ئەوەی سالم بیبات بۆ لەندەن. ئەوەبوو بە گەشتی فرۆکە گەیشت بەڵام کەس نەچوو بۆ فرۆکەخانە تا پێشوازی لێ بکەن، بۆیە پاش چەند نارەحەتیەك تەکسی گرتو چوو بۆ هۆتێل تاوێری کارلۆت لە بیلگرافیا، پاش

ئەوەی گەیشتە هۆتێلەکە چوو بۆ کڕینی هەندێ پێداویستی، لەکاتی گەڕانەوەیدا لەبازاڕ پارچە کاغەزێکی دەستنوسی بینی کە لەسەری نوسرابوو بۆ "لین"، تیایدا نوسرابوو: "هاتبووم بۆ بینینت، هەست بە گوناه دەکەم، تەنانەت ئێستا چووم لە دوکانەکاندا بە شوێنتدا دەگەڕام،جارێکی تر پەیوەندیت پێوەدەکەمەوە" کە بینی بە پیتی"S" واژۆکرابوو.

سالم پەیوەندی پێوەکرد تا ژوانێکی لەگەڵدا ڕێکبخات، کاتێك لین گەیشتە لای دیواری ئەو خانووەی بە خشتی سوور دروستکرابوو لە ئۆفلی چەیس دوو ژنی تری بینی کە پێشتر لەوێ بوون. لین بۆیدەرکەوت کەسالم لەگەڵ ئەوانیشدا ژوانی هەیە، بەڵام نەیویست دەربارەی ئەمە بێزاری بکات، تا لەڕاستی مەسەلەکە دڵنیانەبێت. هەردووژنەکان ناویان کارۆلاین بوو، یەکیان فەرەنسی بوو ئەویتریان ئینگلیزبوو.

کارۆلاینی فەرەنسی چاوەکانی رەش بوون قژێکی رەشی لوولی هەبوو کە بەسەر روویدا شۆڕبووبۆوە، هەروەك ئاشکرابوو خۆیو دایکی لەخانویەکی نزیك کانیز دەژیان کە سالم بۆی کڕیبوون، زیاتر لە ساڵێك بوو بەبەردەوامی ژوانی لەگەڵ سالمدا هەبوو.

کارۆلاینی ئینگلیزیش کارۆلاین کاری بوو، تەمەنی نزیکەی ٢٦ ساڵ دەبوو، جەستەی لەڕولاوازو دەموچاوی رەقەڵەو روومەتەکانی بەرزبوون، قژی دەتگوت کلکە ئەسپە، بەڵام زۆر کاریگەر بوو. ئەو لەکینسینتۆنی لەندەن گەورەبوبوو لەگەڵ زڕبراکەی (ئەمبرۆس)و دایکیان (ئان کاری). ئەسڵو نەسەبی بنەماڵەکەیان دەگەڕایەوە بۆ ئینگلیزی ئەرستۆکراسی، باوکی کارۆلاین (سایمۆن هێنری کاری)بوو کە بەئەسڵ مێردی دایکی نەبوو. ئەمبرۆسیش لە ئەنجامی هاوسەرگیری نێوان ئانو دەیڤد کوینزبیریدا دروست بوبوو کە بە مارکیوس کیونزبیری ناسرابوو. سالم کارۆلاینی لە هایدپارك بینیبوو لەماوەی سەرەتای ساڵانی شەستەکاندا، کاتێك منداڵێکی بچووك بوو. لە پشوویەکی قوتابخانەدا سالم دەچێت بۆ لەندەنو لە پارکێکدا چاوی دەکەوێت بە دایەنی خێزانەکەی کاری، دایەنەکەی زۆر بەلاوە جوان دەبێت بۆیە هەوڵ دەدات خۆی خۆشەویست بکات لەلای بە یاریکردن لەگەڵ منداڵەکاندا. پاشان دانیشتنێکی لەگەڵ سازدەکات بۆچاخواردنەوە لەشوێنی نیشتەجێبوونی کاری. هەروەك لەوساڵانەی پێشوودا ئەوهەلەی لەدەست دەردەچێت، بەڵام لەماوەی نیوەی ساڵانی هەشتادا جارێکی تر ئەو هەلەی بۆ دەگەڕێتەوە، کاتێك ئەوو کارۆلاین یەکتریان ناسی بەهەمان شێوەی کیژەدۆستەکانی تری سالم دەستبەجێ ویستیان یەکتر ببینن، کارۆلاین نزیکەی پانزە ساڵان لە سالم منداڵتربوو.

لین سلاوی لەهەردوو کارۆلاینەکە کرد لە ئۆفلی چەیس، ئەوەی بۆدەرکەوت کە سالم چەند کیژە دۆستێکی شۆخو شەنگی لەخۆی کۆکردۆتەوە، بەلام بەرووکەش هێشتا هیچیان نەگەیشتبوونە رێژەی یاسایی. ئانا لە ئەڵمانیاوە جارێ نەگەیشتبوو، سالم داوای لە فرۆکەوانە هاورێکەی کرد یەکێك لە فرۆکەکانی بۆبگرێتو ئانای پێ بگەرێنێتەوە. لین برپاریدا تاکۆتایی بۆ کات بەسەربردن لەگەڵیدا بڕوات "وەك چۆن تەکسییەك دەگریت بۆ هەمووشوێنێکت دەبات".

پاشان ئانا هاتەگۆڕێ، ژنێکی سپیکەلانەی زۆرلاوازبوو، تەنانەت زۆر لەوانی تریش گەنجتربوو، سالم لە هۆلی یاری سەر سەهۆڵدا ناسیبووی لە نەمسا. کارێکی مووچەداری هەبوو لەنزیك کۆلۆنیا، بەلام زۆرجار لەگەڵ سالم گەشتی دەکرد، یەکەمجار سالم لەگەڵ خۆی بردی بۆ مەدینە، ئەو شارەی کە رێژەیەکی سنوردار خەڵکی ناموسوڵمانی تێدایە. ئانا بەرووکەش لەوەنەدەچوو خۆسەپێنەر بێت، بەلام کاتێك سالم لەگەڵ هاورێ کورەکانیدا دەبوو زۆرجار کە باسی ئانای دەکر بە "تانکی ئەڵمانی" ناوەزەندی دەکرد.

کاتێك ئاناو لین گەیشتنەوەجێ سالم لەسەر قەنەفەی ژووری دانیشتنەکەیدا لەگەڵ هەرچوار ژنەکەدا دانیشت، بەزۆرترین جۆش‌و گرنگی پێدانەوە کۆیکردبوونەوە، ئەوەی بۆباسدەکردن کەهەر لەتەمەنی لاوێتیەوە لەکەلتورێکدا گەورەبووە تیایدا لای پیاوان وا باو بووە چەند ژنێکی عەرەب بهێنن‌و هەموو پێکەوە لەیەك خێزاندا بژین.

هەروەك لین بیریکەوتەوە کەسالم ووتویەتی "بەلام ئەمە خەونی من نیە، خەونی من ئەوەیە کە چوار ژنی رۆژئاواییم هەبێتو هەمیشە خەون‌وخەیاڵی من بن، بۆیە تۆ دەخەمە ئەو چوارەوە چونکە بەتەنها خەونەکانی من دەهێنیتە دی."

پوختەی نەخشەی لەماوەی چەند مانگێکدا کێشا، ئەمەش نەدەگونجا لەگەڵ ئەوەی هەر کچەی لەوولاتێکی جیاواز هەڵبژاردبوو. لەراستیدا خەونی ئەو بنیاتنانی خێزانێکی نوێی بن لادن بوو لەشاری جەددە بەهاوشێوەی USA.

کۆی خانووەکان چوارخانووبوون، لەسەریەکێکیان ئالای ئەمەریکی هەڵدرابوو، لەسەردووەمیان ئالای ئەڵمانی، لەسەر سێیەمیان ئالای سێ رەنگی فەرەنسی‌و لەسەر چوارەمیشیان ئالای بەریتانی هەبوو، هەریەکەیان لەدیوی دەرەوە پارکی ئوتومبیلیان هەبوو، خانووی هەریەکەیان لەسەر مۆدێلی وولاتەکەی خۆیان دروستکرابوو - میرسیدس بۆ ئانا،

ڕۆڵس ڕۆیس بۆ کارۆلاینی ئینگلیزی وەهەروەها. هەریەکەیان ماڵێکی خۆووڵاتیان هەبوو، سالمیش پێشتر موڵکوماڵێکی تێروتەسەلی هەبوو لە ئەمەریکاو ئینگلاندو فەرەنسا.

هەروەك سالم باسی لێوەدەکرد، گوایە لین بەخۆی پێکەنیوەو پێیوابووە "من هەڵخەڵەتێنراوم، من کادیلاكو کۆرڤیتم ناوێت" سالم بەردەوام بوو لەسەرقسەکردن هەوڵیدا بیان فرۆشێت. بۆی دەرکەوت کە ڕەنگە هەستیان بەپیلانەکە کردبێت بە پێشبینیکردنی ژیان لە سعودیە، هەربۆیە خۆی لە بابەتەکە پەڕاندەوە بەهۆی مەرجی دەربازبوونەوە (مەرجێکە لەرێکەوتنێکدا کە لایەنێکیان دەتوانێت کۆتایی بەپابەندبوونەکە بهێنێت لەحاڵەتێکی دیاریکراودا). ڕایگەیاند ئەگەر منداڵی ببێت لەهەرکام لەو چوار هاوسەرگیریە ئەو منداڵانە پاشایەتیان بۆدەمینێتەوەو لەوێ لەسەر دابو نەریتی سعودی گەورە دەبن، بەلام ئەگەر هیچ منداڵێکی نەبوو یاخود ئەگەر دوای ساڵێك ژنەکان هیچیان دڵخۆش نەبوون ئەوا ١٠٠ هەزار دۆلاریان دەداتێ و دەیان گەڕێنێتەوە بۆ ماڵی خۆیان. سالم ئومێدەواربوو هەموو پێکەوە بەدڵخۆشی بژین بۆهەتاهەتایە.

هەروەك لین ئەوەی بیرکەوتەوە کە سالم وتبووی" من تەنها لەو ماڵ بۆ ئەو ماڵ دەچمو هەموو دەبین بە هاوڕێ".

لین خۆی لەخەیاڵێکدا بینیەوە "ئمممم، ئەمە هەواڵێکی زۆر ناخۆش نیە"، بەلام دواتر بەبێدەنگی سەرزەنشتی خۆی کرد، نیگەرانی ئەوەبوو ئەگەر دوای ساڵێك بڕواتەوە هیچ پیاوێکی ئەمەریکی نایەوێت، هەروەها بەهەرڕووداوێك بێت لەوانەیە "من ڕۆحی خۆم لەدەست بدەم" بەلام لەدواییدا وابیری دەکردەوەو دەیوت "بەجەهەنەم". کیژێکی گەنج و دڵپاك بوو، زۆر گرنگی دەدا بەسالم، سالمیش زۆر شیاوی ئەو بوو.

گفتوگۆکەیان بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو، بە شێوەیەکی شارستانی دەدوان. کارۆلاینی فەرەنسیش لەوەدەچوو ئەو بیرۆکەیەی ئاشکراکردبێت کە بەبیری (لین)دا هاتبوو. کارۆلاینی ئینگلیزیش هەروەك سالم پێی دەووت "کاری" کیژێکی هێمنو لەسەرخۆ بوو بەلام زۆر ناڕوون بوو. ئانا هەرچەندە بەڕووکەش خەمباردیاربوو بەلام چاوبازبوو، لەوەدەچوو زۆرتر هەستی جولابێت لەوکاتەوەی بۆی دەرکەوتبوو کە سالم جگە لەو کەسی تری ناوێت. ئەوەی کە زۆرتر هەڵگەڕایەوە لین بوو چونکە پێی وابوو ناتوانێت بچێت بۆسەرکار دوای ئەم هەموو شتانە.لەکۆتاییدا ئاناش پاشەکشەی کرد.

پاش ئەوەی سالم لە کۆبوونەوەکەی بۆوە پەیوەندیکرد بەهاوڕێکەیەوە لە ئەمەریکا، وتی "من تووشی کێشەبووم".

ئەمە زیادەڕەوی بوو. لین ئەو شەوە لەوێ مایەوەو یاری چۆپینی دەکرد. کارۆلاینی فەرەنسیش گەڕایەوە ماڵ بەڵام کاری مایەوە، چەندڕۆژێکی پێ نەچوو لین لەگەڵ کاریو سالم گەشتیانکرد بۆ قاهیرە لەکاتی پشوودا، لەوێشەوە چوون بۆ سعودیە پاشان چوون بۆ دوورگەی گریك ئەو شوێنەی دوو منداڵەکەی سالمیان لێ بینیبوو کە لە هاوسەرگیری پێشووی بوون، ئینجا بە سواری یەخت بەڕێکەوتن. بەدرێژایی ئەو گەشتە دەریاییە لین هەوڵی ئەدا بگاتە ئەو ئەنجامەی کە سالم "کاری پەسەند کردووە... پەیوەندییەکەیان قوڵبۆتەوە".

چەند مانگێك دوای ئەوە لین بە فڕۆکە گەڕایەوە ماڵەوە، سالم داوای لێکرد بچن بۆ جەددە. لەوێش چەند کاتێکی خۆشیان پێکەوە بەسەربرد، پاشان سالم وتی ئەوان هەردووکیان بیریان لەچی کردۆتەوە "نازانم ئەگەر ئەمە چوون بۆ سەرکاربێت".

لین وتی "باشە" "ساڵێکی خۆشم بەسەربرد"،سالمیش پێی وت "ئێمە هەمیشە هاوڕێ دەبین" "من هەمیشە پەیوەندیت پێوەدەکەمو بەدڵنیاییەوە ئامادەم ئەگەر پێویستت بەهەرشتێك بوو".

لین زۆر شەیدای ئەو بەخشندەیەی بوو، بەڵام نەیویست سوودی لێوەرگرێت. ئەو کەسانەی کە لەگەڵ سالم کاریان دەکرد هانی (لین)یان دەدا تا داوای خانووەکەی فلۆریدا لەسالم بکات، دوای ئەم شتانە کارۆلاینی فەرەنسی خانویەکی دەستکەوت بەڵام نەیویست.

هەریەکەیان چوون بەلایەکدا، کارۆلاین کاریو لین بەجۆرێك چاویان کرایەوە بوون بە دوایین کیژەدۆستی جێگیر.

هەندێ لەخوشكو براکانی سالم هەروەك خۆی دەگەڕان بۆ شێوازێکی هاوسەرگیری کە لەڕەوش و ئاکاری سەردەمیانە پێکهاتبێت، بەڵام زۆر پابەندبوون بە دابونەریتی کۆمەڵگاوە. بیروباوەڕونەریتی کچەکانی موحەمەد بن لادن تاڕادەیەك لە هی زۆربەی کوڕەکانی جیاوازبوو، ئەوان تەنها تێڕوانینێکی پەنهانیان هەبوو. لە جەددە شیکاو ڕەفا هەردووکیان عەبای ڕەشیان پۆشی بوو، لەگەڵ دەستکردنیان بەکاری لێکۆڵینەوەی ئیسلامیی زۆر بەچالاکیو بەدڵ، هەروەها دەستهەڵگرتنیان لەمافی ئاهەنگێڕانی یادی لەدایك بوون بۆ منداڵەکانیان بەو بڕوایەی

کەوا ئـەو جـۆرە ئاهەنگانـە حـەرامو قەدەغـەکراون لەلایـەن بـاوەڕدارانی ئـاینی لـەدایك بـوونی مەسیحەوە پیادەدەکرێت، بەوجۆرە بوو بە حەرام.

گروپێکی تر لە کچەکانی- هودا و رەنـدە و مونـا تـا ئەوکاتـەش هـەر بـەردەوام بـوون لەسـەر گەشـتەکانیان بـە ئـەوروپادا بـۆ شـت کـڕینو پەڕینـەوە لـەزەریای ئەتلەسـی بـۆ خلیسـکانی سەربەفری بەهاران لە ئەسپین لەگەڵ سالمدا. ئەگـەر بیانویسـتایە ژووانێـك رێکبخـەن ئـەوا بـە نهێنی دەیانکردو ئامادەیی ئەوەیان تیابوو کە بەرگەی ئـەو مەترسـیە گەورەیـە بگـرن ئەگـەرنا نەیان دەتوانی چاوەڕێی سالم بکەن بۆ ڕێکخستن و نزاکردنی هاوسەرگیریەکی یاسایی (دێرینی) بەگوێڕایەڵی ڕێزدارانی عەرەب. وەك کوڕەکانی موحەمەد کاتێك تەمەنیان گەیشتە سـی سـاڵان زۆر لەو ژنانە ئایینیان بەجێهێشت و بەرەو ئەوروپا چوون.

رەندە کەمتر ماندووبو بە شوێنکەوتنی رەوشی ژیانێکی سەربەخۆ، سالم زڕخوشکەکانی ریزا و صالحەی لە قوتابخانە ئەمەریکیەکان لەبەشی ئەندازیاری نەخشەکێشاندا ناونوس کـرد، پـاش تـەواوبوونی راهێنانەکـەیان، سـالم ووتـی دەتـوانن لـە پـرۆژەکـانی پاڵاسـدا بـۆ بنەماڵـەی شـای سعودیە کاربکەن. هیچ یەکێك لەو ژنانە تەنانەت باڵاپەروازترینیشیان ناتوانن وا سـەربەخۆبن وەك براکانیـان بـە ئاسـانی کاربکـەن لـە کۆمـەڵگای سـعودیەدا. هەرچـەندە زۆر لـە کچـەکانی موحەمەد لەژێر یاسا تونـدڕەوەکانی سعودیەدا دووچـاری تـەڵاق بووبـوون کـە مـافی ئـەوەی لـێ زەوت کردبوون منداڵەکانیان لەگەڵیاندا بژین.

ناجیە کە دایکی چوار منداڵ بوو لە جەددە پاش ئەوەی مێردەکەی تەڵاقیدا منداڵەکانی لـێ زەوتکرابوو، کارمن بن لادن ئەوەی وەبیرهاتـەوە کـە یەکـەمجار پرسـیاری لـە ناجیـە کـردوە کـە بۆچی وەڵامی پێ نەبووە ناجیەش تەماشایەکی کردوە وەك ئەوەی بڕوانێتە "کەرەلادێییـەك". ناجیە دەستبەجێ کۆچیکرد بۆ لۆس ئەنجلسو لەوێ چەند وانەیـەکی فـڕینی خوێنـد کـە بـوو بە فڕۆکەوانێکی سەرکەوتوو دواتر لەلایەن چەند هاوڕێیەکی ئەمەریکیەوە تێبینی کرابـوو کـە زۆر خێرابووە لەلێخوڕیندا لەسەر شەقامەکانو شاڕێکاندا.

رەنـدە لەسـەر داب و نەریتـە نایاسـاییەکانی کیـژەکانی موحەمـەد مایـەوە کـە تائەوکاتـە هــەردووکیان ببونــە پزیشــكو فڕۆکــەوانی رێگەپێــدراون هــەروەك بــە خۆشــحاڵیەوە لەهاوینەهـەواری خلیسـکێنەی سـەربەفری نەمسـاوی "زیـل و سـی" دا لـە کـایرۆ و جـەددە.

پەیوەندییــە بــێ پەرواکــەیانو ژیانــە دەرکەوتووەکــەیان ســالی پــەنهانی زۆر خۆشــحالکرد، هەرچەندە سەرزەنشتێکی دژواری زۆری کێشا بەهۆی پارێزگاریکردن لەباڵی خێزانەکەی.

نزیك بۆوە لە سی ساڵان، هەرچەندە پەیوەندییە تایبەتیەکەیان بەرەوەکۆتایی دەچوو، سالم بڕیاریـدا کـە ڕەنــدە بـدات بەشـوو، لـە مەیتــەرێکی میسـری مـارەی بکـات کـە دواتــر وەك بەڕێوەبــەرکاربکات لـە کۆمپانیاکـانی بـن لادن لـە جـەددە. ئـەوەبوو سـالم هـۆڵێکی ئاهـەنگی بەکرێگرت لەهۆتێلێکی خێزانیی لە قاهیرەو پارەی بۆ هاوڕێکانی ڕەندەشـدا تـا لـە ئەمـەریکاوە گەشـت بکـەن و بـێن بـۆ میسـر بـۆ بەشـداریکردن لەئاهەنگەکـەدا، تەنانــەت ئـەو پزیشـکە ئەمەریکیانەشـی بانگهێشـت کردبـوو کـە سەرپەرشـتی نەشـتەرگەریەکەی ئـەویان کردبـوو لـە ئەمـەریکا، بـەر لـە ڕووداوەکـە دەسـتە بـراو خوشـکەکان کـاوبۆی شـینیان لەبـەرکردبوو پاشـان بەیەکگەیشـتن لەگـەڵ هـاوڕێ ئەمەریکیـەکانی ڕەنـدەدا بـە سـواری ئەسـپە ڕەسـەنەکەی بـرا ناوەنجیەکەی خالید لەدەرەوەی میسر.

کاتێـك ڕۆژی ئاهەنگەکـە هـات، مێـزو کورسـیەکان پـەردەپۆش کـرانو بـە قـەیتانی سـپی ڕازێنرانــەوە، بـوكو زاوا بـە شمشـاڵ لێـدان هـاتنو لەسـەر دوو کورسـی بـەرزی سـپی دانیشـتن. ژمارەیەك لەخوشکە مامناوەنجیەکانی ڕەندە خزمەتیان دەکرد هەروەك ئـەوان لایـەنی زاوابـن. هەنـدێك پەچـەیان پۆشـی بـوو، هەندێکیشـیان کراسـی شـیفۆنی تـەنکیان لەبـەربوو ملوانکـەی ئاڵتونیان لەملدابوو. پیاوەکان جلی تایبەت بە ئاهەنگیان لەبەردابوو. ئوسامە لـەوێ نـەبوو لـە شیرینترین چرکەدا سالم بووکەکەی دایە دەست، چەند کاتژمێرێك دوای ئـەوە لەسـەر سـەکۆکە گۆرانی ووتوو بەرزی کردەوە، پەلاماریدا وەك هەمیشە.

لەنێوان خوشکە ناوەنجیەکانی سالمدا، صالحە کە شاگردی ئەندازەی نەخشەسازی بوو تێسـتی دیکۆری سنوری خێزانەکەیانی پچڕاند.

پـاول پیکسـیریلۆ کەئەنـدازیارێکی نەخشەسـازیو هونەرمەنـدێکی ئیتـاڵی بـوو، تەمـەنی نزیکەی پەنجا ساڵ دەبوو. لەڕێگـەی ڕۆبـەرت فریمـانی هاوبەشـە نیۆرکیەکـەی سـالمەوە چـاوی کەوت بە بن لادن. لەو ماوەیەدا صالحە کەتەمەنی بیست سـاڵ لـەو منـداڵتر بـوو خوێندنەکـەی لەقوتابخانەی نەخشەسازی لە هۆسـتۆن تـەواوکرد، بـن لادن سـەرقاڵی جـێ بـەجێکردنی چـەند پـرۆژەیەکی پاڵاس بوو لە سعودیە، پیکسیریلۆ لەهەندێك لەو پرۆژانـەدا کـاری دەکـرد سـەرەڕای کارکردنی لەسەر ئەوخانووەی کە هی شەیخەی ژنی پێشووی سالم بوو. چەند کارێك بۆ شـوێنی

نیشتەنی پاشای فەهد، پێویستی بە چەند گەڕانێکی فراوان بۆ پشکنینو بەسەرکردنەوەی باشی جۆری پێ خەف و پەنجەرە لە سکالەماندری لە نیۆرك. کرینی کەلو پەلی ناوماڵی دەستکرد لە ڤالێنسیای ئیسپانیا، چلچرای دەستکرد لە ڤەنیسیای ئیتاڵیا. سالم ڕێگەی بە خوشکەکانی نەدا تەنانەت ئەو خوشکانەشی کە نەخشەسازێکی لێهاتووبوون بۆ ئەوەی سەفەربکەن بۆدەرەوەی وولات بەبێ ئەوەی ئافرەتێکی گەورەیان لەگەڵدابێت یاخود چەند سەرسپیەكو هاوبەشە بازرگانە پیاوە باوەڕپێکراوەکانیان لەگەڵدابێت، شەوێکیان لە پاریس کاتێك صالحەو بەرپرسەکەی سەرقاڵی جێبەجێکردنی کارەکانیان دەبن، بۆب فریمان زۆر زوو دەچێت دەخەوێتو ئاگای لە پاولو صالحە نابێت کە چۆن لەیەك نزیك بوونەتەوە، هەروەك گایلی کەژنی بۆب بوو ئەوەی وەبیرهاتەوە کە ئەوشەوە کاتێك بۆب خەوتووە ئەمان بەدرێژایی شەو قسەیان کردووەو کەوتوونەتە خۆشەویستیەوە".

لە مانگەکانی دواتردا، پاولو صالحە بەبەردەوامی چاویان بەیەك دەکەوت. بەبەردەوامی سالم ئاگای لێیان بوو، سالم هەمیشە سەرزەنشتی پاولی دەکرد ئاگاداری دەکردەوەو پێی دەگوت "یەکتری دەبینینەوە، ئەمە شتێکی مەترسیدارە". گەیل فریمان وەبیری هاتەوە کە نەڕاندوویەتیو هەندێ لە براکانی خەریك بووە صالحە بکوژن چونکە پێیان وابوو بە کەوتنە خۆشەویستیەوە لەگەڵ پیاوێکی ئەوروپیدا ئابڕووی خێزانەکەیانی بردووە.

سالم زۆر پەست بوو بەشێوەیەك گری لێ دەبۆوە، بەلام دواتر هێوربۆوەو بەهێمنی هاوسەرگیری ڕێکخست بۆ ئەو دوو خۆشەویستە، ئەوەبوو چوون بۆ شارۆچکەیەکی بچووك لەسەر کەناری دەریای سپی، بەلام ساڵێکی خایاند تاوەکو پاوڵ بەتەواوی پێشوازی لێکرا لەلایەن خێزانەکەی صالحەوە، بەگوێرەی ووتەکانی خێزانی فریمان کە وا هەستیان دەکرد پاول بەئاشکرا خۆی دووردەگرت لە ئاهەنگەکەی ڕەندەدا. هەردوو خۆشەویست بەیەك گەیشتن، بەکرو براکانی تریشیان یەك لەدوای یەك بە هاوسەرگیریەکەیان رازی بوون.

سامان، نوێخوازی، لەگەڵ عەلمانیەتی سالم دا بن لادنیان بەرەو هەڵدێرێکی دووری کەلتوری برد، بەلام هەر لە دڵیاندا مایەوەو تیرەوخێڵی عەرەبیان پاراست، لەپاڵ هەموو ئەو شتانەشدا بە بازرگانیەکانیانەوە سەربەرزبوون، سامانو دەوڵەمەندیەکەیان بەندبوو بە یارمەتی بنەماڵەی شای سعودیەوە، هەروەها پێویستیان بە پلەیەکی سیاسی بوو کە بۆهەتاهەتایە وەك

خەونیان پێوە دەبینی تیایدا بژین هەروەك هەندێ لە بنەماڵە گەورەکانی سعودیە وادیاربوون کە پێیان وابێت دەاتوانن ئەوە بکەن.

لەڕاستیدا، ئەو کردەوانەی کە زۆر لە بن لادنیەکان پێدەچوو بۆی ڕابکەن یان بۆی بجەنگن وەك شووکردنەکەی صالحە بە پاول کە ترسنۆك دەرکەوتن یان مەیدانێکی یەك سەر لەپەنا غاردانی ئەسپی ئەوروپی هەندێ لە شازادە داوێن پیسەکانی سعودیە کە هەندێجار ئاسانکارییان بۆ سالم و هاوڕێکانی دەکرد لەڕۆڵی سالمدا وەك بەردەستی شا.

بەپێی وتەکانی چەند هاوڕێ‌وکارمەندێکی ئەوروپی وەك ئاگاداربوون، سالم شانازی بەخۆیەوە دەکرد بەوەی کە هەرگیز لەگەڵ هیچ سۆزانیەکدا نەخەوتووە، ئەمەش پێویستی بەوەبوو ئۆقرەبگرێت، چونکە چەند میوانداریەکی ئاهەنگی لەگەڵ ژمارەیەك میوانی سعودیدا ڕێکخستبوو بە ئامادەبوونی چەند ژنێکی پیشەوەر لە ئینگلاندو شوێنەکانی تر. ئەو ژنانەی کە ژمارەیان بێشوماربوو زۆرجار هەمووپێکەوە بە پاس دەهاتن هەروەك خانەخوێکان، ئەوانەی لەدەورو بەری سالم بوون فرمانیان پێکرابوو کە بروەبدەن بە کەیفخۆشی ڕەفتارەکانیان لەنیوان ژنەکاندا ("پارەت ئەدەمێ تا پێبکەنی"). بەلام بەشێك لەقەرەبووکردنەوەی جەوهەروجوانیەکەیان، بوونی هۆکارێکی گچکەی کچەکان بوو بۆ خۆشحاڵبوون ئەویش ئەوەبوو کە میوانەکان ناتەواوبوون، مەستوسەرخۆش بوون، دلگیرنەبوون. تۆماس دیتریچ یەکێك لە رووداوەکانی وەبیرهاتەوە بۆ سەردانکردنی سعودیەکان لە ئۆفلی چەیس کاتێك وەستابوو بەدزیەوە گوێی هەڵخستبوو لە هەندێ گەنجی سۆزانی ئەڵمانی کە نەیان دەزانی ئەم لێیان تێدەگات کاتێك پێکەوە قسەیان دەکرد "بۆڵەبۆڵیان بوو هەروەکو لەدۆزەخدابن" باسی میوانەکانیان دەکرد، ئەوەشی وەبیرهاتەوە کە وتویانە "تەماشای ئەم کوڕە بکە، هیوادارم من هەڵنەبژێرێت." مەبەستم لەوەیە، ئەوان ڕێك ئەوەیان دەووت کە تۆ بیرت لێدەکردەوە".

بۆ زۆر لەسعودیەکان، بەدڕەوشتی رۆژئاوایی چەسپا بەسەر یاسای رەوشتی رقبوونەوە لەهەموو ژنانی عەرەبی، بۆ زۆر لەعەرەبو ئەوروپیەکانیش، بەدڕەوشتی عەرەبی چەسپا بەسەر یاسای رەوشتی رەگەزپەرستی رۆژئاواییدا. پیتەر تیرۆکس ئەمەریکیەك بوو کە لە ریاز دەژیا لەو ماوەیەدا نوسیویەتی"ئەو ترسەی کە ئەمەریکا بەسەریدا زاڵ بووە بە باڵەخانەکانو شارێکانو گەورەترین سیستەمی تەلەفۆنو سەرمایەدارە کاڵەکانی کەمی کردەوە وەك وولاتی

سعودیە بەشێوەیەکی سەرەکی داوای هەموو ئەوشتانە دەکات بە پەلەو بێ دواکەوتن". "سعودیەکان یەکتریان بینیوە وەك کاربەدەستە سەربەخۆکانمان" تێکەڵبوونی بێ دینی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا ئەشکەنجەیەکی سەخت بوو لەسەروو ئەو هەموو کەلتورە سێکسیە گشتیەوە، لەوەدەچوو، ئەوە تەنها دەرمانێك بێت بۆ دڵتێکەڵهاتنیان".

لەم ناوەرۆکەدا، ئەمە ئاسانە بەدڵنیاییەوە زۆر رەوابوو بۆسەرمایەدارە سعودیەکان کە سێکس بکرن لەکاتێکدا سەردانی رۆژئاوایان دەکردو لەوێ ژیانی هاوسەرگیریان پێکەوەدەناو پێدەچوو خێزانێکی دووکەلتوری دروستبکەن، کاتی زیادە کاربکەن، دەستپاك بن، تەنانەت وەریشی بگرن وەك ئەوەی هەندێجار پەیدایان دەکرد، بۆ نمونە، لەنێوان پاکستانیەکانو ئێرانیەکانو میسریەکانو کۆچکردووە فەلەستینیەکان بۆ رۆئاوا. خولیای رەگەزنامە لەنێوان هەندێ لە سعودیەکاندا بەتایبەتی ئەوانەی لە هەرێمی نجد ـ دان، پێش پاراستنی خۆیانو سەرمایەکانیان بوو.خەونو خەیاڵەکانی سالم لە نەتەوە یەکگرتووەکان (یاخود بەلایەنی کەمەوە ئەنجومەنی ئاسایش) لە هاوسەرگیریەکی دووکەلتوریدا زۆر نایاب بوو، یاخود تەنانەت وادەردەکەوت کە لەسەرەتاوە توندبێتو و پابەندبێت بەیاسای بنەماڵەی سعودیەوە.

ئەگەر بابەتەکە سێکس بووبێت یان کەوش، ئەوە تاڕادەیەك شیاونیە بۆ شازادەی سعودیو بازرگانی کۆچکەر بۆ رۆژئاوا بەبێ ئاگایی لەم کاتژمێر بۆ ئەو کاتژمێر بە بوونی پارە لە تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ئەمەریکیەکانو ئەوروپیەکاندا. سالم ئەمەی لەگەڵ ئەو هاوڕێ رۆژئاواییە راستەقینانەی کەلەدەوروبەری بوون رێکخست کە بەتێپەڕبوونی کات متمانەی ئەویان بەدەست هێنابوو، ئەوەبوو پارەیەکی باشی بۆ تەرخان کردن لەگەڵ سەرجەم کرێی خەرجی پشووەکان بۆدڵنیابوون لەدڵسۆزییان، بەڵام زۆر بە کاشی ئەو پارەیەی پێ نەدان بۆئەوەی نەك ئەوان بڕۆنو ئەم بەجێ بهێڵن. هەندێ لەوانەی کە زۆر خۆیان لەسالم نزیك کردبۆوە وەك بازرگانە سویدیەکە "بینگ جۆهانسۆن"و فڕۆکەوانە ئەمەریکیەکە "جیراڵد ئورباك" کە ئەم دووانە ئارەزوویەکی ئێجگار زۆریان نەبوو بۆ سەروەتو سامانو بەپێی توانا شتیان دەکری بۆیە بۆماوەیەکی زۆر لەگەڵ سالمدا مانەوە، هەرچی ئەوانی تربوون لە پەراوێزدابوون وەك جیم بات کە وادەردەکەوت زۆر سەرگەرم بێت بۆ پارە پەیداکردن، هەموو زۆر بەخێرایی لەو بازنە ناوەکیەی خۆیان لێ چوونەوە. لەوەدەچوو ئەمە تەنها دەربارەی هەموو ئەو ئەمەریکیانەی کە وەکالەتیان بۆسالم کردبۆوە لەمامەڵەی بازرگانیدا. کتوپڕ ئەم

بیرۆکانەی بۆهات، وێنەیەکی بەرزی درەوشاوە لە شاشەی سینەما هی پزیشکێکی پسپۆری بواری دەروونی لەقاوشی سان ئەنتۆنیۆ،

گەرئەم پێشنیارە دیاریکراوەی سالم تێهەڵچوایەتە هەواو هەوەسەکانی، رەنگە بیگوتبا بەڵێ، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ ئاستی بازرگانی بنەماڵەکەشیدا نەگونجایە. سالم بە دۆن سۆێلی پەروازە فێرکەرەکەی ووت، بۆ نموونە ئەو بەشداری بەکرێگرتنی خانویەکی کردووە بۆ رابواردن لە لەندەن لەگەڵ وەرزشکاری بۆکسێن " موحەمەد عەلی". ئەگەر بیرۆکەکە سالی بێزارکردبێت(هەروەك چیرۆکەکەی فیلمی کاوبۆی)، ئەوا بەدەستی خۆی بلاوی دەکردەوە.

جۆنسن ئەوەی وەبیرهاتەوە کە بەسالی وتووە "ئەو کەسانە مەزن نین" کاتێك باسی مامەڵەچیەکانی دەکرد کە دەخولانەوە بەدەوریدا.

سالم وەلامیدایەوەو وتی "دەزانم، بینگت"،"من زۆر زیاترم لەوان دزیوە وەك ئەوەی ئەوان لەمنیان دزی بێت".

هەروەك فرۆکەوان جاك هینسۆن ئەوەی وەبیرهاتەوە کە جارێکیان لەگەڵ سالم گەشتێکیان کردبوو کە چلو یەك هەزار پێ بەرزبوونەتەوە لە لیەرجێتی سەروو باکوری ئەفریقاوە، سالم زۆر نیگەرانی ئەوەبووە کە ئایا کیژە دۆستەکانی تەنها لەبەرئەوەی پارەی هەیە گرنگی پێ دەدەن ! سالم تاوێك وەستاوەو پاشان ئەو پرسیارە سەرلێشێواوەی لابرد لە مێشکیدا:"مادام بەختەوەرم".

کاتێك گەیشتە ناوەراستی تەمەنیەوە نەیتوانی بەرگەی تەنیایی بگرێت. گەیشتە چل سالی لە ۱۹۸۵-۱۹۸٦ نە ساڵو نەبەرواری لەدایك بوونی خۆی نەدەزانی، زۆرجار رۆژی ڤالانتاینی وەك هێمای سۆزداری بەکاردەهێنا. ئەم پێویستیەی ئەو بۆبوونی هاوەڵێکی دڵسۆز تادەهات پتر گەشەی دەکرد، بۆ نمونە کاتێك لەگەرماودا خۆی دەشووشت، دەرگاکەی دانەدەخستو دەیویست هاورێکانی لە نزیکیەوە دانیشنو قسەی لەگەڵدا بکەن. ئەگەر هیچ کەس بەدەوریەوە نەبووایە، بانگی کارمەندی پرسگەکەی دەکردو پارەی دەدا بەخزمەتکارەکان یان بەردەستەکان تابێن بۆ ژوورەکەیو لەدەرەوەی گەرماوەکەدا دانیشنو جێی نەهێڵن تا ئەم لەکارەکانی دەبۆوە.

شێوازی خەوتنی نائاسایی بوو، کاتێك دەچوو بۆماڵی مەحەمەد عەشماوی هاورێی لە ریاز، نەیدەوێرا بەتەنها بخەوێت، دەگەرا بۆجێگاکەی مەحەمەدو دەچووە تەنیشتیەوە دەخەوت،

ئەمە مەبەستی سێکسی لەپشتەوە نەبوو بەڵکو تەنها پێویستی بەهاوەڵێك بوو. عەشماوی ئەوەی بیرکەوتەوە کە جارێکیان کیژە دۆستەکەی هاتووە بۆلای، سالمیش ئەوشەوە خۆی خزاندۆتە ژوورەکەیەوەو گوتویەتی "من لەگەڵ تۆدا دەخەوم".

"ئەویش وتویەتی، شەرم بتگرێ من کیژە دۆستم لەگەڵدایە". سالمیش لەوەڵامدا گوتویەتی "جا با ئەو لەلایەکتەوە بخەوێو منیش لەلاکەی ترتەوە دەخەوم، تۆش لە ناوەڕاستماندابە".

"نەخێر سالم"

"باتاقی بکەینەوە، لەوانەیە باش بێت".

"بڕۆ ژوورەکەی خۆت".

عەشماوی وتی، لەکۆتاییدا رۆیشت، بەڵام سالم ئەوشەوە بە پچڕپچڕیو بەچاوی کراوەیی خەوتبوو. رۆژانو ئێوارانی دورودرێژی بەراکشاوی لەناوجێگادا بەسەردەبرد، بەڵام زۆرجار بەیناوبەین خەوی لێدەکەوت ئەویش تەنها بۆماوەی پانزە بۆ سی خولەکی دەخایەند. هەموو ژووره نوستنەکانی وەك نوسینگەو ژووری دانیشتنو شوێنی یاری بەکاردەهێنا. بەشێوەیەکی رۆتینی چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ هەڵسوڕاوی کۆمپانیا بیانیەکاندا ئەنجام دەدا هەروەك: بەردەئەستێ (بەردێکە کە زۆر بەرهەڵستی گەرما دەکات) لەجێگادا راکشابوو، لەناوەڕاستی وتووێژەکەیدا سەری دەخستە ژێر جێگاکەیەوەو وەنەوز دەیبردەوە ئینجا هەروەك یەکێك رایوەشینێت لەپڕ خەبەری دەبۆوە.

ئەم نەریتی پشوودانەی زەنگێکی ئاگادارکردنەوەی دا بە تەندروستی، گیانی داهێزرابوو، لاقەکانی بەهۆی دابڕانی لە وەرزشەوە پوکابوونەوە، چاوەکانی بیناییان کزببو هەروەها بەرچاوی تاریك دەبوو هەندێکات وەك راکوون تەماشای دەکرد (جۆرە ئاژەڵێکە کە فەروەکەی رەساسیەکی مەیلەو قاوەییە لەباکوری ئەمەریکا دەژی). زۆر بەدەگمەن بە پیادە دەڕۆیشتن هەمیشە بە ئۆتۆمۆبیل لەماڵەوە بۆ تێرمینالی فڕۆکەخانەکە دەڕۆیشت ئینجا بەسەر رێگا تارماك کراوەکەدا دەڕۆیشت بەرەو لای فڕۆکەکەی پاشان لە فڕۆکەکەیەوە بۆ تێرمیناڵەکەی ترو بەم شێوەیە هەتا دەگەیشتە جێگای نوستنەکەی تری. بێنگن نیگەرانی ئەوەبوو کە لاقەکانی سالم زوو پەکیان بکەوێتو لەجێدا بیخات، هەوڵیدا ئەو فەرمانە جێبەجێ بکات کە چیتر ئۆتۆمبیل لەنێوان تێرمیناڵەکانو فڕۆکەکانی فڕۆکەخانەدا کارنەکات، هەروەها ووتیشی:

ئەگەر لانی کەم سالم بە هەموو ڕێگا تارماك کراوەکاندا بەپێی خۆی ڕێبکات پێدەچێت هێزو توانا بۆلاقەکانی بگەڕێتەوە.

بێ خەوی هێندەی تر میزاجی سالمی ئاڵۆزکرد بەجۆرێك کە گڕی لێدەبۆوە.بەڵام هەمیشە توڕەیی‌و هەڵچوونەکانی زوو بەسەردەچوون‌و هێمن دەبۆوە لەدواییدا هەستی بە گوناه دەکردو تەریق دەبۆوە، بەڵام کاتێك کارێکی گرانی بەسەردادەکەوت شێتی‌و توڕەیەکەی بۆدەهاتەوە. بەبێدەنگی ڕۆیشتەوە بۆ کابینەی یەکێك لە فڕۆکەکانی‌و زرمەی لە براکانی هەڵسان ئینجا گەڕایەوەو بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەك دانیشت. پێدەچوو بەسەر فڕۆکەوان‌و هاوڕێکانی دەوروپشتیشیدا هاواری کردبێ‌و پێیاندا هەڵشاخابێت، هەرچەندە لەگەڵ ئەواندا زۆر بەدەگمەن ئاسایی بوو. بە گوێرەی هاوڕێکانی، سالم لە دوو سێ بۆنەدا ڕێگەی بەخۆی داوە لەرادەبەدەر بخواتەوەو کۆنترۆڵی خۆی لەدەست بدات. بەدرێژایی ئەو شەوە سامناك‌و لەیادنەکراوەی دوبەی لەماوەی کۆتایی ساڵانی هەشتادا، سالم سەکۆی ئۆکسترای هۆتێل شیراتۆنی ڕووخاندو تەپڵ‌و دەهۆڵەکەشی لەپێش چاوی سەرۆکی ئەندامانی تیپەکەدا شکاند، بەشێوەیەك کەدیمەنێکی ناشرینی دروستکرد لەناو ساڵۆنی هۆتێلەکەدا، لەکۆتاییدا موحەمەد "بەچکە فیل" بێرگنی هاوڕێی لەفوتابخانەی خانەخۆ (بەشی نوستن‌و نانخواردنی فوتابخانە) پەیوەندی کرد بە پزیشکەوە تابێت‌و دەرمانی هێمنکەرەوەی پێبدات. بۆ بەیانیەکەی سالم دەیگووت هیچم بیرنایەت.

سالم زۆربێباکانە بیری لەمردنی خۆی دەکردەوە، لەماوەی درێژەی پێشنیارەکەیدا بۆخواستنی هەر چوار کیژەدۆستەکانی ئەوەبوو لە کانیز لەگەڵ واین فاگانی پارێزەرە تەکساسیەکەی‌و بەچکە فیلدا دانیشت. سالم داڵغەی ئەوەی لێدابوو کە کاردانەوەی چۆن دەبێت ئەگەر نەخۆشی شێرپەنجە یاخود هەرنەخۆشیەکی تری درێژخایەنی لێ دەرکەوێت.

هەروەك فاگان وەبیری هاتەوە کە سالم پرسیویەتی "تۆ دەزانیت من چی دەکەم؟، من دەگەم بە MU-2، هەروەها دەچمەدەرەوەو بەرزترین هەوری ئاسمان دەبینم، پاشان سەردەکەوم بەسەریداو دەچمە سەر لوتکەی هەورەکان ئینجا دەرگای ماشێنەکەم پێوەدەدەم‌و هیچ چارەسەرێکی کیمیاویم ناوێت".

ژوورەکە بێدەنگ بوو، سالم چاوی بڕیبووە بەچکە فیل‌و گوتی " تۆ نزیکترین هاوڕێی منی، بۆیە لەگەڵ خۆمت دەبەم‌و بەتەنها ناڕۆم!".

## ٢٣- کەیتی هۆوک، بێستانی خەونەکان

لە ساڵانی پاش خزمەتگوزاریەکەی لە مەیامی وەك پاسەوانی چاودێری بەکر، بەچکە فیل ڕێگای خۆی گرتەبەرو ئاسودە بوو لەرێی ئافرەتێکی کۆمەڵایەتیەوە لە دالاس و ژیانی شەوانەی مۆیت لە جنێڤ. چووە ناو بازرگانی خشڵ و زێڕەوەو چاوی بە سین کۆنێری ئەکتەر کەوت. هەروەها کۆگایەکی بەهاوبەشی لەگەڵ ئەو ئەکتەرەدا لە لەندەن کردەوە، پێیان دەووت بۆند ستریت جولەری. محەمەد بەشێوەیەکی بەهێزتر لە سالم شوێن ئافرەت دەکەوت، بەهۆی شانە پانەکانی و چاوە ڕەشە خەمبارەکانییەوە، زۆرجار سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا. لەگەڵ سالم پەیمانێکیان بەست کە ئەگەر یەکێکیان جێگیربوون و ژیانی هاوسەرییان پێکهێنا، ئەوا ئەوی تریان بەهەمان شێوە ئەوە بکات، بەڵام هەرگیز ڕێکەوتنەکە بەکارنەهێنرا. لەقۆناغێکدا، محەمەد هەستی بەدابڕان دەکرد لەزمانە ڕەسەنە تورکییەکەی بۆ نوسینی کتێبێك دەربارەی هونەری خۆشەویستی ئافرەتان. لەجیاتی ئەوە، پاش هەندێك دڵشکان و کەوتنی دارایی، گواستیەوە بۆ عەرەبستانی سعودی. زۆرجار کارەکەی پاشکۆیەکی ئۆفیسەکانی چاودێری سالم بوو. هەمەجۆرییەکی سەرنجڕاکێشی هەبوو، محەمەد میوانداری هاوڕێکانی کرد لەگەڵ گێڕانەوەی چیرۆکە بێ ماناکان دەربارەی هەڵەو کەموکوڕی بازرگانە کەنداوییە سەرمایەدارەکان کە لەمیانەی گەشتەکانیاندا بە ئەوروپاو ئەمەریکادا چاودێریکردبوون.

لەکۆتایی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ دا، کاتێك سالم تەلەفۆنی کرد، محەمەد لە مەیامی بوو کە خوانی ئێوارەی لەگەڵ بنەماڵەی مارگاریتای ڤانزوێلی دۆستیدا دەخوارد. دواتر محەمەد باسی گفتوگۆکەی بۆ هاوڕێکانی کرد، کە بەم شێوەیە بووە:

سالم ئاشکرایکرد، "ئەم شەممەیە، کاری دەخوازم".

"مەبروك. سەرەنجام ژیانی هاوسەری پێکدەهێنی، هەڵیخەڵەتاندی".

"بەڵێ، مارگاریتاش تۆی هەڵخەڵەتاند".

"نەخێر، کەس من هەڵناخەڵەتێنێ".

"من پێت دەڵێم، ئـەو تـۆی هەڵخەڵەتانـدوە، چـونکە تـۆ خـەریکی ژیـانی هاوسـەری لەگـەڵ پێکدەهێنی".

"دەی، سالم".

"نا، نا، بەچکە فیل، تۆ بەڵێنتدا بە مـن. تـۆ خـەریکی کردنـی ئـەوەی کـە مـن پێـت دەڵێم. ئەگەر ناتەوێ مارگاریتا بخوازی، لێرە دوو کچی میسریم لایـە، وەرەو سـەیرێکیان بکـە، خـراپ نین، یەکێکیان بخوازە".

محەمــەد تەلەفۆنەکــەی داخسـت. ووتــی، "مارگاریتــا، ئــەم شــەممەیە، ژیــانی هاوســەری پێکدەهێنین".

رۆژی دواتر بەفڕۆکە بۆ لەندەن رۆیشتن، سالم ئۆتۆمۆبێلێکی نارد بـۆ ئـەوەی لەفڕۆکەخانـە بیانهێنێ. کاتێك محەمەد بەپەلە تەنیا خوشکەکەی بۆ ئاهەنگی ئەڵقـە گۆڕینەوەکـە بانگهێشت کرد، ئەم پرسیارەی لێ کرد، "ئەگەر سالم بڵێ خۆت بکوژە، تۆ خۆت دەکوژی؟"

هاوڕێیـانو بنەماڵـەی بـن لادن لەچـەند کیشـوەرێکەوە لـە لەنـدەن یەکیاندەگرتـەوە. سـالم پێشوازی لەمیوانەکان بۆ هۆتێلی گرۆسڤینەر لە پارك لەین کرد، هەروەها گالیسکەی هاتوچۆی ئۆفلی چەیسی بۆ دابینکردن. ٤ی تەموزی سـاڵی ١٩٨٧ی هەڵبـژارد، بـەخت یـاوەری بـوو، ئاسمـان روونو خـۆر بـەجوانی لـەنیوەڕۆدا دەدرەوشـایەوە. کـەشو هـەوای خانووەکـە لەگـەڵ شـێوازی خــانووی لادێــی ســاڵانی ســییەکانو خۆشــیو شــادی برایــانی ریــنگڵین تێکــەڵاوبوو. ریزێــك ئۆتۆمـۆبیلی ئەنتیکـە دەسـتیان بەرۆیشـتن کـرد، ئاهـەنگی ئەڵقـە گۆڕینەوەکـە بـەردەوام بـوو. لەگۆڕەپانێکدا لەپشت بینایەکی بەرزەوە باڵۆنی پڕ هەوای گەرمو رەنگاوڕەنگ بـەهێڵی سـەوزو سـورو زەردو ئەرخـەوانی هەڵـدرابوو، سـەبەتەی باڵۆنــەکان توانـای سەرخسـتنی٢٥٠ میوانیـان هـەبوو. لـەو نزیکانـەدا کۆپتـەرێك لەسـەر چـیمەنەکە نیشـتبووەوە، هـەروەها ئامـادەبوو بـۆ هەستان. گاڵتەچیو مـار نمایشکەرو ئەکرۆباتـەکان لـەنێوان خێمـە سـپییە هەڵـدراوەکانی سـەر چیمەنەکەدا یاریو رایان دەکرد.

سالم دزداشەیەکی سعودی بۆ بۆنە کلتوورییە کورتخایەنەکان دەپۆشی، بـەڵام زیـاتر بـۆ ئـەو پــاش نیوەڕۆیــە، لەگــەڵ بەچــکە فیــل قــاتی رەشــی بازرگــانو بۆینبــاخی مــارۆنی ســادەیان لەبەرکردبوو. کاری بەدلەی سپی درێژی بوکێنیو تارای باوی لەشێوەی گوڵی بەیبون پۆشیبوو.

خوانی ئێوارە لەژێر خێمەی سپیدا بەڕێوەچوو، سالم‌و کاری لەگەڵ بەچکە فیل‌و مارگاریتاو دوو منداڵەکەی سالم، ساراو سەلمان دا دانیشتبوون.

شێیخەی هاوسەری پێشوی سالم لەگەڵ مێردی دووەمی ئامادەی ئاهەنگەکە بوون، ئەم مێردەی دیپلۆماتێکی نەمسایی بوو کە لە جەددە چاوی پێی کەوتبوو، هاوشانێك کە هەڵوێستی بیری سەربەخۆو مۆدێرنی دیاری هەبوو. هەروەها رەندە لەگەڵ مێردە تازەکەی لەوێ بوون. هەموان لەوێ بوون، نزیکەی بیست لەخوشك‌و براکانی هاتبوون، گروپێکی لەخۆوە کە تەواو ئاسودەبوون لە ئینگلتەرا بەجل‌و بەرگی بازرگانیەوە بسوڕێنەوە، لەبارودۆخێکدا بەبێ رەگەزپەرستی‌و لەگەڵ بوونی کەسانێکی زۆری ئەوروپی‌و ئەمەریکی. ژمارەی ئامادەبووان لەبۆنەیەکی گرنگی وادا، کە ئاهەنگی ئەڵقە گۆڕینەوەی سەرکردەی بنەماڵەکە لەگەڵ ئافرەتێکی ئینگلیزدا بوو، پێوانەی ژمارەی کۆمەڵێکی رۆژئاوایی بن لادنەکان لەنزیکەی نیوەی پەنجاو چوار منداڵەکەی محەممەد تیادا بوو.

سالم ووتەیەکی دڵسۆزانەی لەبارەی هاوڕێیەتی لەگەڵ بەچکە فیل پێشکەشکرد، هەروەها چۆن بەڵێنیان دابوو بۆ وەرگرتنی ئەم رەوگەیە بۆناو ژیانی هاوسەری. ئەو شەوە، هەرکە میوزیك کۆتایی هات، هەردوو کەپڵە نیشانکراوەکە لەئۆتۆمۆبیلەکان سەرکەوتن‌و بەچەند خولەکێکی کەم بەرەو فرۆکەخانەی لوتن رۆیشتن، کە لەوێ لەیەکێك لەفرۆکەکانی سالم سەرکەوتن بەرەو بریستڵ فڕین بۆ پێکەوە بەسەربردنی ژوانی شەوی مانگی هەنگوینی لەهۆتێلێکی ئەو نزیکانە بوو، هەروەها دواتر بەرەو باشوری فەرەنساو ئەڵمانیا بەردەوام بوون.

هاوڕێکانی تێگەیشتن کە بەڕاستی سالم هەرگیز بەتەواوی گەورە نابێت، بەڵام چەندساڵێکی زۆر لەفڕینی سەخت لەسەر پێشڕەوی، سەرەنجام وادیاربوو هەوڵی پشودان‌و جێگرکردنی خۆی دەدات. لەنێوان هەموو شتەکانی تردا، خولیای منداڵی زیاتر بوو. سێ مانگ پاش ئاهەنگی ئەڵقە گۆڕینەوەکە، کاری دووگیان بوو.

زستانی دواتر سالم لەبیابانی سعودیدا لەگەڵ فەهد کەمپیان دروستکرد. ناوەڕاستی هەشتاکان ماوەیەکی سەخت‌و نالەبار بوو بۆ کاری بنیادنانی بن لادنەکان لە عەرەبستانی سعودی چونکە دابەزینی نرخی نەوت بوو بە ئاستەنگ لەبەردەم خشتەی پارەی پێویست‌و دەسپێکی پڕۆژە نوێکەدا. پرۆژەکانی نۆژەنکردنەوە لە مەدینە هەندێك پارسەنگی دەستەبەرکرد، بەڵام بەپێی بێنیت جۆهانسن، کاتی مانەوە لەبیابان لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٨دا

پێشکەوتنێکی گەورەی تایبەتی بەدەستهێنا کاتێك شا ژمارەیەك لەپرۆژە بەرهەمهێنەکانی جێبەجێ کرد، لەناویاندا نۆژەنکردنەوە زەبەلاحەکان لە مەککە، کە بۆ بەردەوامبوون لەسەر کارەکەی مەدینە بوو. کەسێکی تری نزیك لە سالم رایگەیان کە ئاسودە بووە بەبۆنەی ئەم گرێبەستانەوە، بەم هاورێیەی راسپارد بۆ کردنەوەی حسابێکی نوێی سویسری بۆ دڵنیابوون لەوەی کە سالمو بنەماڵەکەی برێکی زیاتری پارەی جێی متمانەیان هەبێت لەوەی کە بۆ کردنی ئەو کارە لەرابردوودا پێشتر بەڕێوەی بردبوو.

لەهەمان کاتدا، هەرچەندە دوو کەس کە لەنزیکەوە لەگەڵ سالم کاریان کردبوو، بەجیا رایانگەیاند کە بێزار بوو لەهەمان زستاندا بە مامەڵەیەکی بازرگانی نێودەوڵەتی گەورە، لەناویدا ئاڵوگۆڕی مامەڵەی نەوت فرۆشتن لەبازاڕەکانی ئاڵوگۆڕی کەلوپەلدا، کە بەشێوەیەکی زۆر خراپ رۆیشتبوو، کە بووە هۆی زیانێکی زۆر بۆ سالم. یەکێك لەم کەسانە گێڕایەوە کە مامەڵەکە دەسکەوتی تیادابووە بۆ بازرگانەکانی هێڵی ئاسمانی حکومەتی سعودی لە بۆین کۆرپۆرەیشنەوە، ئەوانی تر پێیان وابوو کە لەوانەیە مامەڵەکە پەیوەندی بەناردنی چەکەوە لە چینو رۆژهەڵاتی ئەوروپاوە بۆ ئەفگانستان بووبێت. لەهەر بارێکدا، بەهەردوو ئەگەرەکە، سالم هەستی کرد کە لەمامەڵەکەدا لەلایەن هاوبەشەکانیەوە فێڵی لێکراوە، هەروەها زۆر تووڕەو نیگەران بوو دەربارەی ئەوەی کە روویدابوو.

لەناوەڕاستی مانگی نیساندا، سالم لەیۆنان لەگەڵ کاریو دوو منداڵەکەیدا پشووی بەسەردەبرد. پاش هەفتەیەك، لەگەڵ تارقو شەفیقی زڕبرایدا بەفڕۆکە بۆ ئەمەریکا رۆیشتن. سالم فڕۆکەیەکی هۆکەرەر سیدیلی کڕیبوو، هەمان مۆدێل کە باوکی لەکاتی مردنیدا دوو دەیە پێشتر هەیبوو. لەنێوان پرۆژەکانی تردا، سالم چاودێری نوێکردنەوەی مۆدێلی ناوەوەی لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەمەریکییەوە دەکرد. لەمانگی ئایاردا بەسەر ئوقیانوسی ئەتڵەسیدا بەخێرایی هاتوچۆی دەکرد. کۆتایی ئەو مانگە، تەلەفۆنی بۆ لین پێگینی دۆستی لە ئۆرلاندۆ کرد، نزیکەی ساڵێك بوو قسەی لەگەڵ نەکردبوو.

وەك لین ئەوەی گێڕایەوە، پێی ووت، "بەنیازم بێم بۆ ئۆرلاندۆو پێم خۆشە چاوم پێت بکەوێو بتبەم بۆ خوانی ئێوارە، هەروەها خێزانەکەت بانگهێشت کراوە".

لین تەلەفۆنی بۆ هەندێك لەخوشکەکانی کرد، کە هەموویان لەو نزیکانە دەژیان، هەروەها چەند شەوێك دواتر لەچێشتخانەیەکی بچوکی ئیتالی چاویان بە سالم کەوتبوو. لین دەربارەی

هاوسەرگیریەکەی‌و دووگیانی کاری هەواڵی زانی، بەدرێژایی ئەو کاتە چیتر نەیتوانی گەشت بکات. سالم‌و دۆستەکانی هەموویان رۆیشتن بۆ تەکساس بۆ ئامادەبوون لەئاهەنگی ئەڵقە گۆڕینەوەی ئەنتۆنی ئۆیرباکی تەنیا کوڕی جیراڵد.

سالم گیتارەکەی بۆ چێشتخانە ئیتالیەکە هێنا. دەستی کرد بەمیوزیك ژەندن‌و بەشێوەیەکی توندوتیژ گۆرانی دەووت. هێشتا پەرێشانی ستانداردە ئەمەریکییە زۆر باوەکان بوو. "تۆ تیشکی هەتاوی منی" یەکێك لەگۆرانییە پەسەندەکانی بوو، ئەو شەوە لەگەڵیدا تێکەڵاو بوو.

وەك لین پێگینی گێڕایەوە، سالم وادیاربوو کە "تەنها کاتی خۆشی بەسەردەبات".

رۆژی شەممە، ٢٨ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨، سالم پەیوەندی بە ٢٥٠ میوانەوە لەئاهەنگی ئەڵقەگۆڕینەوەی ئۆیرباك کرد، کە لەیانەی فەرمانبەران، لەبنکەی هێزی ئاسمانی لاکلاند، لەدەرەوەی سان ئەنتۆنیۆ بەڕێوەچوو. خوشکانی کۆون، سێ ئافرەتی قژ زەرد بوون، گۆرانی ستانداردەکانی باندی گەورەیان دەووت، رۆڵیان بۆ خۆشی‌و شادی دەگێڕا، بەڵام کاتێك وچانیان وەرگرت، سالم‌و دۆن کیسلەری هاوڕێی فرۆکەوانی، ئامێرەکانیان هەڵگرت‌و دەستیان بەنواندن کرد. لەکاتی پێشوازیدا، سالم لەبەردەم ئاپۆڕای خەڵکەکەدا وەستاو رۆڵێکی کۆمیدی رۆتینی باوی ئەو کاتەی ئاهەنگەکانی ئەڵقەگۆڕینەوەی بن لادنەکان بۆ میوانەکان گێڕا. سالم ئاشکرایکرد کە هۆنراوەیەکی یادگاری بۆ بۆنەکە نوسیوە. دواتر بەستەیەك کاغەزی پاککەرەوەی توالێتی لەگیرفانی دەرهێنا، روونی کردەوە کە لەحەمامدا، "باشترین کاری خۆم دەکەم".

بەیانی یەك شەممەی داهاتوو، سالم تەلەفۆنی کرد بۆ جاك هینسنی هاوڕێی لەناوەندی مارکەیتی هۆتێلەکەی بەدرێژایی ئینتەرستەیتی ٤١٠.

هینسن گێڕایەوە، کە پێی ووتوە، "باڵندە ئەفسوناویەکان دەفڕن"، بەئاماژە بۆ تیمی نمایشی فڕینی هێزی ئاسمانی.

سالم ووتی، "باڵندە ئەفسوناویەکانم بینیوە".

هاینسن رایگەیاند بۆ گۆڕەپانەکە دەڕوات کە هەندێك ئەڵترالایتی تیادا داناوەو کەمێك خواردنی بەیانی دەخوات‌و لەوانەیە هەندێك فڕۆکەوانیش بکات.

سالم پرسیاری کرد، "بۆ نانی بەیانی چییان هەیە؟"

هینسن ووتی، "گۆشتی بەرازو هێلکە، گۆشتی نوێو هێلکەو تەماتەی نوێیان هەیە". بەگاڵتەوە ووتیشی، "تۆ لەو گۆشتە بەرازە ناخۆی".

سالم شوێنەکەی دەزانی، پێشتر چەند جارێك فڕیبوو بۆ ئەوێ. بەپێی هینسن، رایگەیاند، "دەمانەوێ بێینە دەرەوە". وەك لەکاتی نانی بەیانیدا، سالم بەگاڵتەوە ووتی، "بەهەموان دەڵێی بەمنیشەوە، ئەوە گۆشتی گایە... بەهەرحاڵ ئەزانم بۆ دۆزەخ ئەڕۆم".

گۆڕەپانی خەونەکانی کەیتی هۆك نزیکەی بیست میل لەباکوری سان ئەنتۆنیۆوە بوو، لەسەر کەناری سکێرتز، شارۆچکەیەکی جیانەکراوەی چەند هەزار کەسی کە وورده وورده کەوتە ناو کەنارە دوورەکانی شاری سان ئەنتۆنیۆ. کۆکەرەوەیەکی پێشوی هێزی مارێنزی ئەمەریکی بەناوی ئیرڵ مەیفیلد گۆڕەپانێکی فڕینی نزیکەی حەوت ساڵ پێشتر دروستکردبوو. خاوەنی چێشتخانەیەکی بچوك لەنزیك سان ئەنتۆنیۆ بوو، وەك حەزێك فڕۆکەی ئەڵترالایتی بەکاردەهێنا، هەروەها بڕیاری ئەوەی دا کە پێویستی بە هەندێك زەوی هەیە کە بەشێوەیەکی رێكوپێك بۆ فڕین ببێت. پارچە زەوییەکی پەنجاو حەوت ئەیکەری لە رێگای ناکۆگدۆچسی کۆن کڕی. خۆی لەگەڵ بیلدۆزەرێك دارەکانی لێ پاککردەوەو هەندێك ساباتی فڕۆکە وەستانی لەکانزای سوك تیادا دروستکرد. ئەلامۆئارۆو ئەڵترالایتس یەکێك لەدروستکەرەکانی بوو، فرۆشگا بچوکە خۆماڵییەکە کە فرۆشیارەکەی، جۆرج هارینگتن بوو، هاوڕێیەتی ساڵی بەدرێژایی هەموو رێگاکەی پیشاوەری پاکستان، لەسەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٥دا، کردبوو. ئەلامۆئارۆو ئامێری پەیوەندی فڕۆکەی لەگۆڕەپانەکەدا دانا. شوێنێکی ئارامو ئاسودە بوو. لەئاووهەوایەکی کراوەدا، مێیفیلد راڕەوێکی بچوکی قیری بۆ فڕۆکە دروستکردبوو، نزیکەی بیست پێ فراوان بوو. لەو نزیکانەدا شوێنێکی نان خواردنو حەوانەوەی بچوکی لەگەڵ چەند مێزو کورسیەکی گەشتیاری دامەزراندبوو. گۆڕەپانەکە بەزەوییەکی دەوەندار بوو، گژوگیای درێژو داری دڕکاوی بابردووی تیادابوو. بەرەو باشور، لەپشت ریزێك جەنگەڵو دارەوە، تاوەرەکانی هێڵی ووزەی کارەبا وەك داهۆڵی گەورە دروستکرابوون کە بەرێگایەکی راستو رێك لەرۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا دەپەڕیەوە، ئەم تاوەرانە زیاتر لە سەد پێ بەرەو ئاسمان بەرز بوو.

سالم نزیکی کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆی ئەو یەك شەممەیە لەگەڵ لانی کەم چوار یان پێنج کەس لەتیمی گەشتیاریەکەی گەیشتن. ئیان مونرۆ، هابەشە بازرگانە بەریتانییە خانەدانەکەی، کە یەکێك لەوانە بوو. تارقی زڕبرایشی لەگەڵدا بوو. ژەمێکی باشیان لەبەیانیدا

خـوارد. هینسـن سـالی بـۆ ماڵەکـەی خـۆی گەیانـد بـۆ ئـەوەی بتـوانێ خـۆی بشـوات. بـەناو گەراجەکەی هینسن دا گەڕاو مۆتۆڕسکیلێکی یامـەهای ١٥٠٠ سـی سـی بینـی. پاڕایـەوە لـەدواوە سواری بکات. هینسن سەرکەوتو دەستی بەرۆیشتن کردو سالمیش لەدواوەی سواربوو.

وەك هینسن گێڕایەوە، سالم ووتی، "نەخێر، ئەمەویێت لەپێشەوە بم".

"تۆ من ئەکوژی!... وائەزانی من شێتم؟"

"مـن مۆتۆڕسـکیلی خـۆمم بـەکارهێناوە، جـۆری هـارلێی هـەبوو، ئـەزانم چـۆن سـواری مۆتۆرسکیل ببم... من خۆم دەرناخەم یان هەرشتێکی تر بکەم".

بەڵێنەکەی خۆی پاراست، لانـی کـەم تـا ئـەو کاتـەی هینسـن لـە کـەیتی هـۆك دابـەزی، دوای ئـەوەی کـە سـالم بەراکێشـان بـەدەوری گالیسکەیەکدا لـەدەرەوەی گۆڕەپانەکـە گیڤـەی دەهـات. لەکۆتایـدا مۆتۆڕسـکیلەکەی بەزەویـدا خسـت، گالیسـکەیەکی کـۆنی بەتایـەی لاسـتیکی گـەورەوە دۆزیــەوە، بــەخێرایی دەســتی بــەلێخوڕینی کــرد. لــەو کاتــەدا، یــەکێك لەفڕۆکەوانــەکانی ئـەلامۆئارۆو بـەمۆدێلێکی تـاك-سەرنشـینی نوێـوە بەئاسمانـدا گیڤـەی دەهـات، پێـی دەووتـرا سپرینت، کە چەند کاتژمێرێکی کەم توانای فڕینی هەبوو.

سپرینت هات بۆ ئەوەی بنیشێتەوەو سالم بڕیاریـدا پـێچ بکاتـەوە. بـارانێکی کـەم بـاریبوو، رۆژێکی پرشنگدارو رووناك بوو، هەروەها مەودای بینین باش بوو. خێرایی بـا نزیکـەی بیست بۆ بیستو پێنج میل لەکاتژمێرێکدا بوو، خێرا بەڵام زۆر توند نـەبوو. سالم گیرفـانی لـەپارەی وردەو کلیلو جگەرە بەتاڵ کردەوەو سەرکەوت.

کابۆیەکی شینو کراسێکی قۆڵ-کورتی خـەت خـەتی شـینو سـپی لەبـەردابوو. چـاویلکەکەی بەزنجیرێك لەملیدا بوو، بەڵام هیچ کلاوێکی پاراسـتنی لەسـەردا نـەبوو. چـاوی سـالم بـەخراپی فرمێسکی دەڕشت بەهۆی بایەکـەوە، بـەپێی ووتـەی تۆمـاس دیتریـچ، هەنـدێك جـار بەرێکـەوت بەر دارەکان دەکەوت چونکە فرمێسکەکان بینایی لێڵ دەکرد. چاویلکەکەی بۆ پاراسـتنی چـاوی بەکارهێنا، بەڵام بەقەدەر کلاوێکی پارێزەر بەسود نەبوو. کەسێك پرسیاری لـە سـالم کـرد ئایـا کلاوی دەوێت، بەڵام سالم ووتی نەخێر، لەو کاتەدا، کلاوەکان پێویست نەبوون.

بەسەر راڕەوەکەدا رۆیشتو نزیکەی پەنجا پێ بـەرزبووەوە. پاشـان هاوسـەنگە نـەماو بـەرەو هێڵی کارەباکە گەڕایەوە. رێڕەوی فڕینی سـتاندارد لـە کـەیتی هـۆك، بەتایبـەتی بـۆ فڕۆکەوانـە نوێکان یان بێ ئەزمونەکان، بەئاراستەی پێچەوانە دەڕۆیشت کە پێچکردنەوەیەکی بەئاراسـتەی

رۆژئاوا بوو، لەکۆتایدا، گەڕایەوە بۆ نیشتنەوە. ئەو کارە بۆ فرۆکەوانێکی بەئەزمون نائاسایی نەبوو کە بەرەو باشوری رۆژئاوا پێچ بکاتەوە، هەرچەندە بەپێی ووتەی هینسن، سالم پێشتر ئەمەی کردبوو، بەڵام گۆڕینی رێڕەوەکە پێویستی بەکەمێك وریایی زیاتر هەبوو چونکە پێویستە بەخێرایی بۆ بەرزییەکی پێویست بەرز بوویتایەوە.

هاوڕێکانی سالم لەشوینی نان خواردنەکەوەو لەمێزە سەفەریەکانەوە تەماشایان دەکرد. کەسێك چووبووە سەربانی فرۆشگاکە، کە لەوێوە بەکامێرایەکی ڤیدیۆی دەستی وێنەی فڕینەکەی سالی دەگرت. مەکینەی ئەڵترالایتەکە بەردەوام گرمەی دەهات. هیچ نیشانەیەکی ئاستەنگی میکانیکیو هیچ جوڵەیەکی باڵەکانو هیچ دەنگێکی گۆڕانی کارەباو هیچ لەهێڵ لادان یان هەوڵی بەرزبوونەوەیەك بەدینەکرا. سالم بەشێوەیەکی راستەوخۆو هاوسەنگ بەئاراستەی هێڵەکانی ووزەی کارەبا فڕی.

هیچ دەنگێك، هیچ تەقەتەقێك، هیچ کەوتن یان پریشکی کارەبایی نەبوو. فڕۆکە تێکچوەکە بەرەو پێشەوە رۆیشتو بەجوڵەیەکی هێواش لوتی دای بەزەویداو پاشان لەسەر زەوییەکە سەرەونخون بوو.

لەنێوان هاواریو بانگردنو دەنگە دەنگدا، کەسێك پەیوەندی بە ٩١١ —ەوە کرد. چەند خولەکێکی کەم پێش کاتژمێر ٣:٠٠ ی پاش نیوەڕۆ بوو، کە ئیرڵ مێیفیڵد سوار گالیسکەیەکی گۆڵف بووو بەخێرایی بەرەو هێڵی دارەکە رۆیشت. هینسنو ئەوانیتریش بەدوایدا رایانکرد.

کاتێك سالمیان دۆزیەوە، بەکورسییەکەیەوە بەسترابوو، بەرەو زەوییەکە کەوتبوو. چاوەکانی کرابووەوە. خوێن لەگوێکانی دەهات. مەکینەکە لەدواوە بەر سەری کەوتبوو. دیاربوو هەردوو قاچی شکابوو.

رایانکێشایە دەرەوە، سەریان بەرزکردەوە. لەسەر زەویەکە دایاننـاو هەوڵیانـدا فریاگوزاری سەرەتایی بۆ بکەن لەکاتێکدا کە چاوەڕوانی ئەمبولانسیان لەبەشی ناوچەی سکێرتزەوە بۆ خزمەتگوزاری فریاکەوتن دەکرد. لەماوەی نزیکەی پانزە خولەکدا گەیشت. دوو فەرمانبەری فریاکەوتن ئۆکسجینیان بۆ هەڵبەستو لەپێشکەشکردنی فریاگوزاری سەرەتایی بەردەوامبوون. سالمیان خستە ناو کابینەی ئەمبولانسەکەو بردیان، لایتەکانی کرابوونەوەو لورەلورەکەی لەسەربوو. یەکێك لەفەرمانبەرەکان تێبینی دەنوسی: "ناتوانرێت رێڕەوێکی هەوای باش بدۆزرێتەوە... هیچ گۆڕانێك لەسەر مۆنیتەرەکە نییە". تێبینینوسەکە ئامێرەکانی سەر

راپـۆرت نیشـاندەری ئەمبولانسـەکە، کـە بـارودۆخی نەخۆشـەکەی دەردەخسـت، پشـکنی: "گرژبوون... بێ کاردانەوە... ناهەموار".

نزیکترین سەنتەری برین لەسەنتەری پزیشکی سەربازی بـروك لـە فۆرت سام هۆستن بـوو، بارەگاکانی فەرمانـدەیی هێـزی پێنجـەمی ولایەتـە یـەکگرتوەکان بـوو. رێگاکـە کـەمتر لـەپانزە خولەك بوو.

لەوێـدابوو، کـە پـاش نزیکـەی کاتـژمێرێك، پزیشـکە سـەربازییە ئەمەریکییـەکان بەفـەرمی مردنی سالم بن لادنیان راگەیاند.

## دەروازەی سێیەم

# خێزانە جیهانییەکە
# حوزەیرانی ١٩٨٨ تا ئەیلولی ٢٠٠١

## ٢٤- نوسەر-دەرهێنەر-بەرهەمهێن

هەواڵەکە لەشەودا گەیشتە عەرەبستانی سعودی. پاشا پەیوەندی کرد بە بەکرەوە بۆ ئەوەی بەفەرمی سەرخۆشی خۆی پێڕابگەیەنێت، هەنێك لە هاوڕێیانو خزمانی سالم پێشبینی مردنەکەیان کردبوو کە رەنگە بە فرۆکە لەناوبچێت، بەڵام وەك محەمەد عەشماوی دەڵێت، ژمارەیەکی زۆر کەمیان پێشبینی ئەوەیان کردبووە کە لە (فرۆکەیەکی میکی ماوس)دا بمرێت. کەسێکی دیکە کە نزیکە لە بنەماڵەی بن لادنەوەو بە شێوازێکی زۆر وورد لەم رووداوانە دەڕوانێت، گریمانەی ئەوە دادەنێت کە ئەم بنەماڵەیە نەخۆشییەکیان لەگەڵدابێت. عەبدوڵاش کە یەکێك بوو لە گەنجترین زڕبراکانی سالم، ئەم رووداوەی بە (تراژیدیایەکی بنەماڵەکەی) وەسف کرد. هەروەها شپرزەییەك لەناو بنەماڵەکەدا بڵاو بووەوە سەبارەت بە چۆنیەتی روودانی ئەو رووداوە. ئاخۆ رێی تێدەچێت کە خۆی کوشتبێت؟ ئاخۆ تووشی دڵەکوتێ یاخود جەڵدەی دڵ بووە لەوکاتەی لە ئاسماندا بووە؟ تۆبڵێی کەسێك دەرمانخواردی کردبێت یان کوشتبێتی؟ تیۆرەکانی پیلانگێڕی لە سعودیە شتێکی باو بوو، لەکاتێکدا بەئاشکرا قسەکردن لەوبارەیەوە قەدەغە بوو هەروەها پێدەچێت مێژووش خۆی دووبارە کردبێتەوەو دیسانەوە باسی پیلانگێڕی کرا. مردنەکەی سالم بریتی بوو لە رووداوی دووەم لەو جۆرە لەناو بنەماڵەی بن لادن دا کە لە ماوەی بیست ساڵدا روویدا، بەتایبەت هەردووکیان مردن بوون بە رووداوی کەوتنە خوارەوەی فرۆکە کە ئەمەریکیەکان پەیوەندیان پێوەی هەبووە.

پاش ئەنجامدانی چەندین پەیوەندی تەلەفونی لەنێوان تێکساسو جەددەو ریازو باڵیۆزخانەی سعودیە لە واشنتۆن، خالد بن مەحفوز بە فرۆکەتایبەتەکەی خۆی کە لەجۆری ٧٠٧بوو بەرەو سان ئەنتۆنیۆ بەڕێکەوت بۆ هێنانەوەی تەرمی هاوڕێکەی. بەشی پشکنینی پزیشکی ناوچەی بێکسار تەرمەکەی سالمی لای خۆی هێشتبووەوە دوای هەڵگرتنەوەی لە شوێنی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەکە. لەو جۆرە رووداوانەدا ئەو دەزگایە ئەنجامدانی توێکاریی بە پێویست زانیوە بۆ تەرمەکان. تاریقو هەندێك لە ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکە لەرێگای هاوڕێکانیانەوە لە سان ئەنتۆنیۆ داوایان کردووە کە تا دەکرێت نەهێڵن شوێنەواری توێکاریەکە

لەسەر جەستەی بمێنێتەوە. هەرکاتێك تەرمەکەی سالم گەیشتەوە عەرەبستانی سعودیە، ئەوا لەسەر شێوازی ئیسلامی تەرمەکەی دەشۆرێت. بە ئامادەیی برایانی بن لادنو هەندێك لە هاوڕێ پیاوەکان. جێراڵد ئۆرباخو جاك هینسۆن پەیوەندیان کرد بە بەرپرسێکەوە کە دەیانناسی لە سان ئەنتۆنیۆو ئەویش رازیبوو کە تەرمەکەی سالم لە بەشی توێکاری پزیشکی ببەنو ئامادەی بکەن بۆ گەشتەکەی بۆ گەڕانەوە بۆ ناو وولات. ئەندامانی بنەماڵەی بن لادن پەیوەندیان کرد بە خزمانو هاوڕێیانی سالمەوە بۆ ئەوەی پێیان بڵێن ئەگەر خوازیارن ئامادەی مەراسیمی ناشتنەکەیبن، دەتوانن هەموویان لە جنێڤ کۆببنەوە، چونکە فڕۆکەکەی خالد بن مەحفوز لەوێ دەنیشێتەوە. کاتێك فڕۆکە ٧٠٧ەکە گەیشتە سەر ئاسمانی تێرمیناڵی فڕۆکە تایبەتەکانی فڕۆکەخانەکە، یەسلام لەوێ چاوەڕێ بوو، شەفیقیشی لەگەڵدابوو کە زڕبرایەکی تریان بوو، زۆربەی ژیانی لە ئەوروپادا بەسەربردبوو. هەروەها بەچکە فیلو ژمارەیەکی دیکەی هاوڕێو خزمانی لەوێ بوون.

یەسلام بەجۆرێك ترس چووبووە دڵیەوە کە لە پەلو پۆی خستبوو. ترسێکی گەورە دایگرت لەبارەی ئاخۆ چی روودەدات ئەگەر لەگەڵ تەرمەکەی سالمدا بچێتە ناو ئەو فڕۆکەیەوە، بەجۆرێك ترس دایگرتبوو کە نەیتوانی سەرکەوێت بەسەر پلیکانەی فڕۆکەکەدا. کەسوکارەکەی هەوڵیاندا دڵی بدەنەوە، بەڵام ئەو زەندەقی چووبوو. کاتێك فڕۆکەکە لەکۆتاییدا هەڵفڕی، یەسلام لە دواوە مایەوە

عەلی، کە لەلایەن سالمەوە شاربەدەر کراو رکابەری بوو بۆ رابەرایەتی بنەماڵەکەیانو بەلای باوکیانەوە پەسەندکراوبوو، بەسواری فڕۆکە تایبەتەکەی، خۆی گەیاندە عەرەبستانی سعودیە بۆ بەشداریکردن لەو مەراسیمەدا. لە جددەوە کۆمەڵێك لە خزمانو هاوڕێیان خۆیان گەیاندە مەدینە بۆ ئەوەی چاوەڕێی گەیشتنی تەرمەکەی سالم بن. ناشتنی مردوو لە مەدینەدا، ئەو شوێنەی کە پێغەمبەر موحەمەدیشی تیادا نێژراوە، پێویستی بە رەزامەندی شاهانە بوو، دەست بەجێ نوسینگەی تایبەتی فەهدیش رەزامەندی نیشاندا لەو بارەیەوە. ئەو کۆمەڵە کەسەی لە تێرمیناڵی VIP فڕۆکەخانەی مەدینە چاوەڕوان بوون پەیوەندیان کرد بە تاوەری رێکخستنو چاودێری گەشتە ئاسمانیەکانەوە بۆ ئەوەی کاتی گەیشتنی ٧٠٧کەیان پێ بڵێت. بەهەمان شێوەی ئەو کاتانەی کە سالم بە فڕۆکە تایبەتەکانی لە گەشتەکانی دەگەڕایەوە، هەموویان چوونە دەرەوە بۆ ئەوەی چاویان لە نیشتنەوەی فڕۆکەکە بێت. هەموو جارێك سالم

چەندین سەعات هاوڕێکانی لە چاوەڕوانیدا دەهێشتەوە، کاتێکیش کە لە ئاسۆدا دەردەکەوت، پێی رادەبواردن، بەجۆرێك تایەی فڕۆکەکەی بەر زەوی دەکەوتو دیسانەوە بەرز دەبووەوە، دیسانەوە پێچی دەکردەوەو لەجاری دووەمدا دەنیشتەوە. لەو شەوەدا هاوڕێکانی بەچاوی خۆیان بینیان کە تایەی فڕۆکەکەی بن مەحفوز زۆر بە خراپی بەر زەویەکە کەوتو پاشان بەناچاری فڕۆکەوانەکە دیسان بەرزبووەوەو پێچی کردەوەو لەجاری دووەمدا توانی بنیشێتەوە. فڕۆکەوانەکە لەدواییدا ووتبووی ئەگەر هەڵەیەکی کەمیش لەلایەن ئەمەوە رووی بدایە ئەوا دەبووە شتێکی راستەقینە، بەلام دەڵێ خەتای ئەمی تیا نەبووە، بەلام کەسانی دەوروبەری سالم هەموویان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە رۆحی سالم بایی ئەوە زیندوو بووە بۆ ئەوەی بەکردار بۆ دواجار بەزمێکیان پێ بگێڕێت.

تەرمەکەیان خستە ناو ئەمبولانسێکی جۆری GMCەوە. مەحروسی حەقەبرای لەنێو ئەوانەدابوو کە لەگەڵ تەرمەکەدا سەرکەوتن. بەدەنگی بەرز هاواری کرد. یەکێك لە برادەرەکانی سالم دەگێڕێتەوە کە لەلایەن برایانی بن لادنەوە بەرزکراوەتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت لە تەنیشت دارەمەیتەکەوە دانیشێت. یەکێك لە براکانی پێی ووتوە "هەتا لەژیاندابووە، بەجێت نەهێشتووە ئێستاش بەجێی مەهێڵە".

تەرمەکەیان لە ماڵەکۆنەی محەمەد بن لادندا شت. وەك ئاماژەیەکی رێزلێنان، یەکێك لە براکان کلیلی کردنەوەی دارەمەیتەکەی سالی دایە دەست خالد بن مەحفوز، بۆ ئەوەی بتوانێت دەست بە پرۆسەی شتنەکە بکات. دواتر تەرمەکەیان لە پەڕۆیەکی سەوز پێچا، رەنگی سەوز، رەنگی جلی ئەو کەسانەیە کە لەبەهەشتدان. تەنیا دەنگێك کە دەهات، دەنگی گریانو دوعابوو.

لە گۆڕستانەکەدا، لەو تاریکیەدا، ئامادەبوان بە دیزداشەی سپیو عەگالەوە کۆمەڵیان بەستبوو پاڵەپەستۆیان دەکرد. ئەو کاتەی براکانیو هاوڕێکانی شانیان دابووە ژێر دارەمەیتەکەی سالمو بەرەو ناو گۆڕەکەیان دەبرد، لەناکاو پیاوێك بە هاوارکردن هاتو تەرمی کچێکی زۆر گەنجی کفنکراوی پێبوو. نەزانرا ئەو کچە کێیە، یاخود چۆن مردووە، بەلام لەچارەی نوسرابوو کە لە لای پێوە لە ناو گۆڕەکەی سالمدا بنێژرێت بۆ ئەوەی هاوەڵی بکات، رۆحی ئەو کچە پاكو بێتاوان بوو، بۆیە لەکاروانەکەیدا بۆ دونیای نەمری دەیپارێزێتو شادمانی دەکات.

ئوسامەش یەکێك بوو لەو برایانەی کە ئامادەی مەراسیمی ناشتنەکەبوو. روون نیە ئاخۆ کەی گەیشتووەتە ئەوێ. ئەو بەردەوام لەنێوان سعودیەو ئەفگانستاندا هاتوچۆی کردووە، پێدەچێت لە کاتی مردنەکەی سالمدا لە ناو مەملەکەتدا بووبێت. لە پشووی جەژنی رەمەزاندا، بنەماڵەی بن لادن راهاتبوون پێکەوە هەموویان لە عەرەبستانی سعودیە کۆببنەوە. ئەو کاتەی ئەو رووداوەش روویدا، هێندە نەبوو ئەو پشووە کۆتایی هاتبوو. ئەگەر لەکاتی ناشتنەکەیدا لەوێبووبێت، بەدڵنیاییەوە چووەتە پاڵ مەحروس و نوێژی مردووانیان ئەنجامداوە لەسەر شێوازە سەلەفیەکەی وەهابی. بەدڵنیاییەوە لە پرسەکەدا ئامادەبوو کە سێ رۆژی خایاند. ئوسامە هەستی دەکرد کە لە سالمەوە نزیکترە وەك لە هەر برایەکی تری. بەپێی قسەکانی دایکی ئوسامە، سەرەڕای ئەوەی لە رووی شێوازی ژیانیانەوە زۆر جیاوازبوون، بەڵام ئوسامە سالمی وەك "باوك" تەماشا دەکرد. دایکی دواتر ووتی "مردنی سالم کۆستێکی گەورە بوو بۆ ئوسامە".

لە ساڵانی دواتردا، ئەو کاتەی بەدوورو درێژی باسی ئەو تاوانانەی دەکرد کە گوایە ئەمەریکا بەرانبەر ئیسلام ئەنجامی داوە، ئوسامە، هەرگیز باسی مردنی سالمی نەکردووە لەسەر خاکی ئەمەریکا، هەروەها هەرگیز باسی ئەو رووداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەیەی نەکرد کە بەهۆی فڕۆکەوانێکی ئەمەریکیەوە روویداو بووە هۆی مردنی باوکی. ئاخۆ ئەویش بیری لە ئەگەری پیلانگێڕی کردووەتەوە؟ لەناو عەرەبدا، ئەوە شتێکی باوە، ئەگەر ئەم بەو شێوەیە بیری نەکردبێتەوە، ئەوا شتێکی زۆر تایبەتە. لەڕاستیدا بەڵگەی راستەقینە بۆ کاردانەوەی تایبەتی ئوسامە بەرانبەر مردنی سالم لەبەردەستدا نیە. غالبی زڕبرای ئوسامە، کە لانی کەم یەك جار سەردانی کردووە لە سەر سنوری ئەفگانستان، ئەگەری بوونی هەوڵێکی نهێنی و دەستێکی نادیار لەپشتی مردنەکەی سالمەوە بەدوور نازانێت. دواتر و لە هەمان ئەو هاوینەدا، غالب خۆی گەیاندە تێکساس بۆ پشکنینی (کەیتی هۆوك، بێستانی خەونەکان). توانی کۆپیەك لە راپۆرتی فەرمانگەی پشکنینی پزیشکی ناوچەی باکساری دەستکەوێت لەسەر توێکاریی لاشەی براکەی، بەپێی ووتەکانی هاوبەشێکی بازرگانی بنەماڵەکە، ئەو راپۆرتە دەریخستووە کە هیچ نەخۆشی و گرفتێکی دڵی نەبووە لەکاتی رووداوەکەدا، هەروەها، هیچ پاشماوەی بێهۆشکەر و کحول و مادەیەکی ژەهراوی دیکە لە خوێنیدا بەدی نەکراوە. بەپێی ووتەی ئەو هاوبەشە، کاتێك غالب ئەم شتانەی بۆ دەرکەوتووە، شادمان بووە، دەریشکەوتووە کە

خوازیاربووە بەو دەرەنجامە رازیبێت کە بەشێوەیەکی فەرمی پێی گەیشتوون، تیایدا هاتووە "هۆکاری مردن: رووداو" جەمال خاشوگی کە بەدرێژایی ئەم ماوەیە بەشێوەیەکی رێکوپێک قسەی لەگەڵ ئوسامەدا کردووە، هەروەها لەهەمان کاتدا وەك ئەو لەژێر کاریگەری ئیخوان موسلمیندا بووە لەو ماوەیەدا، ووتویەتی، لەگەڵ ئەوەی مردنی لەپڕی سالم "رووداوێکی گەورەبووە لەژیانی ئوسامەدا"، بەڵام هەرگیز باسی لێوەنەکردووە. هیچ بەڵگەیەکیش نییە کە لەگەڵ خەڵکی یان لەگەڵ هیچ رۆژنامەوانێکیشدا باسی کردبێت.

لە جەددەش دوای ئەوەی بیست ساڵ لەوەوبەر هەمان کارەساتیان بەسەرهاتو باوکیان مرد، کاتێك کوڕەکانی بن لادن لە ماڵەکەی باوکیان کۆبوونەوە، لە ماوەی نێوان نوێژی مەغریبو عیشادا بەمەبەستی دانانی پرسە، هەزاران کەس بەمەبەستی سەرخۆشی رووبانکردە ئەو ماڵەی کە محەمەد بن لادن بۆ دایکی سالمی دروستکربوو لە ناوچەی (کیلۆ ٧) لەسەر جادەی مەکە، لەنزیك بارەگای سەرەکی گەورەترین کۆمپانیای بیناسازی بنەماڵەکە.

هەرچۆنێك بێت، ئەو پێشوازیکردنە مەبەستێکی دیکەی هەبوو. زۆرێك لەوانەی کە لەساڵەوە نزیك بوون رۆیشتن بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی بەیعەت بدەنو پشتیوانی خۆیان بدەن بە بەکر وەك سەرۆکی نوێی بنەماڵەی بن لادن. ئەم رێوڕەسمە هاوشێوەی مەراسیمی ئەو بەیعەتە بوو کە لە نێو هۆڵەکەی (ئال سعود)دا بەڕێوەچوو لەدوای مردنی پاشا، بەجۆرێك پاشای نوێ لە پرسەکەدا دادەنیشێتو میوانەکانیش بەڕیز دێنو رێزو ئەمەکداری خۆیان دەردەبڕن بەماچکردنی (شانی، دەستی یاخود روومەتی). ئەوە بەکر بوو نەك هیچ برایەکی دیکەی کە ئەو هەموو ئاماژەی ملکەچبوونەی پێنیشان دەدرا، ئەمەش بڕیارێك بوو کە بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە لەناو بنەماڵەی بن لادندا کەڵەکە بووبوو. سالم بەردەوام بەکری وەك سەرۆکی هەڵسوڕێنەری کارەکان دادەنا، ئەو رۆڵە سەرەکییەی بەکر لە نۆژەنکردنەوەی مەکەو مەدینەدا گێڕای خستیە لوتکەی دووان لە گرنگترین گرێبەستە پڕ سوودو هەستیارەکان لەڕووی سیاسیەوە بەلای بنەماڵەکەیەوە. ئەو بەتەنیا لە بەتەمەنترین براکانی بن لادن نەبوو لەدوای سالم، بەڵکو شارەزاترینیشیان بوو بەهۆی ئەو بڕوانامەیەی کە لەبواری ئەندازیاری شارستانیدا هەیبوو. هەروەها بەهۆی بایەخی ئەو بڕوانامەیەی لەبواری ئەندازیاری شارستانیدا، بووە باشترین پاڵێوراوەکان. لەسەرووی هەموو ئەو شتانەشەوە، حەقبرای سالم بوو. پارێزەری پلەو پایەکەشی بوو، هەروەها بەتەمەنترین کوڕی بەتەمەنترین و بەڕێزترین بێوەژنەکانی محەمەد

بن لادنیشبوو. هەموو ئەمانە وایانکرد ببێتە هەڵبژاردەیەکی سروشتیو بێ گرفت بۆ ئەم پۆستە. هیچ بەڵگەیەك نیە سەبارەت بە بوونی هیچ مشتومڕێك لەنێو بنەماڵەکەیدا سەبارەت بە دانانی بەکر، بەڵکو شتەکە زیاتر لەوەدەچوو کە کەم تا زۆر مسۆگەری کردبێت. (کاری) کە ژنێکی دیکەی سالم بوو، ئەوکاتە دووگیان بوو، لە مانگی کۆتایی دووگیانیەکەیدا بوو، لەگەڵ سەدان ژنی سعودی دیکەداو لە بینایەکی دیکەدا، هاوشێوەی پرسەی پیاوان، پرسەی ژنانی دانابوو، ئەو چەند رۆژە بە ئاستەم دەیتوانی بەڕێدا بڕوات، دواتر لە ١٥ی حوزەیراندا، واتا کەمتر لە سێ هەفتە دوای مردنی سالم، لە شاری جەددە منداڵی بوو، کچ بوو، ناویان نا (سەما). بەر لە پێنج ساڵ (کاری) بووە موسوڵمان، ئەو گفتەی خۆی بەجێهێنا کاتێك لەگەڵ سالمدا سواری فڕۆکە بێ بزوێنەرەکەی بوو، لەوکاتەی کە (کاری) وایزانیبوو فڕۆکەکە تێکدەشکێت، ئەو گفتەی بەسالم دا. بەتێپەڕبوونی کات، ئەو بڕیارەی بووە مایەی ئەوەی بنەماڵەی گەورەی بن لادن باوەشی بۆ بکەنەوە. باوەڕە نوێیەکەی زۆر بەڕاستی وەرگرت. دوای هاتنە دنیای کچەکەی، کاری بڕیایدا لەبری پاشەکشەکردن، رازیبێت بەو دۆخە نوێیە چاوەڕوان نەکراوەی وەك بێوەژنێك لە نێو بنەماڵەی بن لادن دا، هەروەها رازیبوو بە پەیڕەوکردنی ئەو نەریتە عەرەبیو ئیسلامیانەی کە ئەم پۆستە لەخۆی دەگرێت.

سالم لەپشت گەلێك لەو رێزو ستایشانەوە بوو کە لە ئوسامە دەنرا بەدرێژایی شەڕی ئەفگانستان. کارە مرۆڤدۆستانەکانی ئوسامەی بە جیهان ناسی، بەو سامانەی لە پیشاوەر هەیبوو، بە کەرەستەی بیناسازی یارمەتی دا، چەکی بۆ پەیدا دەکرد، پەیوەندییەکانی ئوسامەی لەگەڵ بنەماڵەی پاشایەتیدا پتەودەکرد کە دەسەڵاتو متمانەی ئوسامەی وەك کەسێکی خێرخوازو کۆکەرەوەی پارەی یارمەتی فراوانکرد. بەمردنی لەناکاوی سالم، ئوسامە سپۆنسەرێکی گرنگی لەدەستدا. لەهەمان کاتدا، هەستی ئەنجامدانی کار بە مەبەستی دیاریکراوی لەدەست دەدا. ئەو هۆکارەی وایکرد بچێتە ناو شەڕی ئەفگانستانەوە، روو لەنەمان بوو. یەکێتی سۆڤیەت لە نیسانی ١٩٨٨دا بەڵێننامەی جنێڤی واژۆکرد، بەوپێیە بەڵێنیدا کە لەسەرەتای ساڵی دواتردا سەرجەم هێزەکانی لەو وڵاتە بکشێنێتەوە. جەنگو جیهادیش هەر بەردەوام دەبێت، لەوکاتەوەی مۆسکۆ حکومەتێکی کۆمۆنستی لە ئەفگانستاندا لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێت، لەلایەن موجاهیدینەکانەوە بە حکومەتێکی کافر لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام داواکاری بەشداریکردن لە ریزی هێزە داگیرکەرەکانی دوژمندا شان بەشانی روسە قژ زەردەکان

لەسەر ئەفگانیەکان هەڵگیرا، لەو ساتەشەوە شەڕی ئەفگانستان لە یاخیبوونێکی رەواوە گۆڕا بۆ دۆخێکی پڕ لەبارگرژی شەڕی ناوخۆ. ئەم پەرەسەندنانەی بارودۆخ رەنگدانەوەی لەناو کامپی عەرەبە خۆبەخشەکاندا هەبوو: لەماوەی مانگەکانی سەرەتای ساڵی ١٩٨٨دا جیاوازیو ناتەبایی لەنێوان عەرەبەکاندا پەرەی سەند.

کەسایەتی ئوسامەو هەڵسوکەوتەکانی وەك کەسی هەڵسوڕێنەری بارودۆخەکە ئەویان گەیاندە لوتکەی ئەم دووبەرەکیە. ئەو رێبازەکەی باوکی گرتەبەر، هەڵوێستو کارەکانی بەیەکەوە گونجاند بۆ ئەوەی رەزامەندی کەسە وەفادارەکانی دەوروبەری بەدەست بهێنێت. تەنانەت لەو کاتەی کە لەدووبەرەکیدابوون لەگەڵ یەکتردا، راستەوخۆ، وەك رابەرێك لەگەرمەی ناکۆکیدا، لایەنە ناکۆکەکانی بۆ لای خۆی رادەکێشا. کاتێك ئوسامە لەپرسەکەی سالەوە گەڕایەوە بۆ بەرەکانی جەنگ لە ئەفگانستان، جێگۆڕکێی کردو چەند ماڵو نوسینگەو کامپێکی گۆڕی. ژنەکانو منالەکانی لە پیشاور دەژیان. دیمانەکانی لەگەڵ شوێنکەوتوانو هاوسەنگەرەکانیدا هەر لەوێ ئەنجام دەدا، ناوە ناوە سەردانی عەبدوڵا عەزامی دەکرد لە دامەزراوە خێرخوازیو ئیرشادیەکانی کە تا ئەو کاتە بە پشتیوانیە داراییو مەعنەویەکانی ئوسامە بەڕێوە دەچوون. سەرەڕای ئەوەی سەبارەت بە تەکتیکەکانی جەنگ جیاوازی لەنێوانیاندا سەری هەڵدا. ئوسامە دەمەبۆڵەی لەگەڵ عەزام هەبوو بەلاّم هەرگیز نەگەیشتە ئاستی زویربوون. لە کۆتایی هەشتاکاندا پێکەوە کامپێکیان لەنزیك سنوری ئەفگانستان دروستکرد بۆ مەشقپێکردنو لەخۆگرتنی شەرکەرە عەرەبەکان. رکابەرەکانی عەزام کە پێکهاتبوون لە ئەندامە رادیکاڵە دوورخراوەکانی سوپاو پۆلیسی میسری، لەلایەن ئەیمەن ئەل زەواهیریەوە رابەرایەتی دەکران، کۆنترۆڵی کامپەکانی دیکەی ئوسامەیان کردبوو. سەد هەزار دۆلاری بەخشیە ئەم گروپە میسریە.

پارەکانی خۆی بەهەموو لایەکدا پەرتو بلاّودەکردەوە. ئەمەش تەکتیکێکی غەریزەیی بوو بۆ راگرتنی هاوسەنگی، کە لەنمونەکانی باوکیەوە وەریگرتبوو لە رابەرایەتیکردندا لەسەر شێوازی فەرمانرەوایەتی عەرەبی، بەلاّم ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو فەلسەفە جیهادیەی ئوسامەبوو کە هەر لەمناڵیەوە هۆگری بوو کەجیهاد بوو، ئەمیش ئەو بڕوایەیە کە نەك بەتایبەت خۆی هەڵیگرتبوو، بەڵکو داواکاری خەڵکیشی لەسەربوو هەموان پێشوازیان لێدەکرد. فەرزی جیهاد کارێك بوو کە بەندبوو بە ویژدانی هەموانەوە، نەك کارێك بووبێت کە

دەرەنجامی دەسپێشخەری گروپێك بێت. ئوسامە خۆی بە ئیلهامبەخشی جیهاد دەبینی نەك وەك رابەرێکی ئاینی یاخود بەرێوەبەرێك.

لەم کاتی ناکۆکیەدا، بۆ نمونە، یەکێك لەو مەسەلانەی ئوسامەو عەزام لەسەری ناکۆکبوون، ئەوەبوو ئاخۆ پێویستە چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەدا بکەن کە دەیانەوێت بێنە ریزەکانیانەوە پاشان هەڵیانبژێرن یان نا. جەمال خاشوگی وەك کەسێکی شوێنکەوتووی ئیخوان موسلیمین، کە لەم ماوەیەدا بەردەوام لەناوو دەرەوەی پیشاوەردا هاتوچۆی دەکرد دەڵێ "عەبدوڵا عەزام دەیویست گوڵبژێریان بکاتو دەیوت ئێمە هەموو کەسێك وەرناگرین". عەزام دەگەڕا بەدوای هەواداره لێهاتووەکانداو دەیویست گروپیان لێدروست بکاتو لەسەر بنەماکانی بڕوای ئیخوان موسلیمین پەروەردەیان بکات. پێی وابوو ئەم رێبازەی کە خۆبەخشی جێمتمانەو بیرمەند بەرهەم دەهێنێت. بەپێچەوانەشەوە، "ئوسامە بڕوای بەکرانەوەبوو بەڕووی هەمواندا، دەیووت، هەرکەسێك دێتە ژێر ئالای جیهادەوە، پێشوازی لێدەکرێت." ئەم ناتەباییە بووە سەرەتایەکی فەرمی بۆ جیابوونەوەی لە ئیخوان موسلیمین کە خاڵی هاتنەناوەوەی ئەم بوو بۆ ناو ئیسلامێکی بەئاگا لە رووی سیاسیەوە وەك گەنجێك لە قوتابخانەی نموونەیی ئەلثغر لە جددە پێی ئاشنابوو. وەك ئوسامە دواتر ئاماژەی پێدابوو، گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کەوا کۆمەڵگای راسەقینەی ئیمانداران، لە "چەندین شوێنی جیاوازەوە سەرچاوەدەگرێت، مەودایەکی فراوان لە یەکرێزی ئیسلام دەخاتە روو، کە هەرگیز جیاوازی ناکات لەنێوان رەگەزو رەنگی پێستدا، هەروەها هەموو سنورو بەربەستەکان دەبڕێت". لێرەشدا، دیسان وەك کەسێکی سەربەخۆ دەردەکەوێتەوە، بەڵام وەك کوڕی باوکی خۆی: کامپەکانی کە بەدرێژایی سنورەکانی ئەفگانستان پڕبوون لە خەڵکی جیاواز لەڕووی رەگەزەوە، کوت ومت لەو کامپانە دەچوون لە بیابانـدا کە پڕبوون لە خەڵکی رەشپێستو کرێکاری ئەفریقی بواری بنیاتنان کە لەسەردەمی هەرزەکاریدا بینیبووی.

دیدە گشتگیرەگەی قەرەبوی ئەوەی کردەوە کە لە هەڵوێستەکانیدا نەیتوانیوە وەك زانایەك دەرکەوێت. بەردەوام شانازی بەخۆوە دەکردو کەللەرەقیش بوو. کاتێکیش بە شادمانی خۆی کۆکردەوە، پێدەچێت هەستی بە ئازاری مەزنایەتی عەزام کردبێت، بێوەژنەکەی عەزام باس لە هەستی خێزانەکەی دەکات بە بالادەستی، دواتر ئاماژەی داوە بەوەی "ئوسامە کەسێکی زۆر

رۆشنبیر نیە. بڕوانامەی بەرزی هەیە..بەڵێ، ئەوە راستە کە وانەی بە عولەماو شێخەکان ووتوەتەوە، بەڵام بەئاسانی قەناعەتی پێدەکرێت".

ئەم رەفتارەی زۆر کەمتربوو لەئاستی کردەوە سەرکردایەتیەکانی عەزامدا. لەڕێگای بەکارهێنانی هەستی ناسکەوە، ئوسامە خۆی ئامادەکرد بۆ وەڵامدانەوە، لەڕێگای ووتاردان لەبارەی جیاوازیو یەکسانیەوە. هەروەها لەڕێگەی بڕیاردانی بە دابەشکردنی یارمەتییە داراییەکانی بەچواردەوری خۆیدا بۆ ئەوەی نەیارەکانی عەزامیش لەنێو میسریەکاندا بگرێتەوە. ئەم میسریانە تازە لە ئیخوان موسلیمین جیابووبوونەوە، چونکە بە دوورەپەرێزیان دەزانین. بە رەخنەگرتن لە عەزامو فەلسەفەکەی، خوێندنی تەکفیریان توندتر کرد. بەوەی پێویستە ئەو حاکمانەی موسوڵمانان، کە لە ئاین لایانداوە، پەیوەندییان لەگەڵ ببڕدرێت یاخود تەنانەت لەناویش ببرێن.

مردنی سالم هاوکات بوو لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەی لە جیهانەکەی ئوسامەدا لە بەرەکانی شەڕدا لە ئەفگانستان روویاندا، ئەو دۆخە بۆشاییەکی گەورەی لەدەسەڵاتی عەزامیشدا دروستکرد. ئەو هاوینە لە پیشاوەر، میسریەکان بەتایبەت، بەهەلیان زانی بۆ ئەوەی خۆیان وادەرخەن کە ئەمان بانگەوازخوازن بۆ ئوسامە. ئوسامە "حەزی لە بایەخدانەکانی راگەیاندن بوو"، حەسەن ئەل سورەیحی کە یەکێك بووە لە شوێنکەوتووەکانی لەو ماوەیەدا، دەگێڕێتەوەو دەڵێ "سامانەکانی بن لادن بەلای هیچ کەسێکەوە شتێکی نهێنی نەبوو، منیش پێم وایە میسریەکان ویستوویانە ئەم گۆشەیە بۆخۆیان بەکار بهێنن". بەپێی قسەکانی ئەل سورەیحی، ئەوان ئوسامەیان ناساندووە بەچەند رۆژنامەنووسێك لە پیشاوەر. فەرماندەیەکی سەربازی میسری لە یەکێك لە کامپەکانی ئوسامەدا بەناوی ئەبو عوبەیدە ئەل بانجشری‌ەوە کە لەگەڵیدا لە (حاجی) پێکەوە خەباتیان کردووە، شرۆڤەی بیرکردنەوەی میسریەکانی کردووەو ووتویەتی "ئوسامە پارەیەکی زۆری لە کڕینی چەكو پێداویستی بۆ موجاهیدینە گەنجەکان هەروەها لە مەشقپێکردنو خەرجی رێگاو بلیتی سەفەرەکەیاندا خەرجکردووە. ئێستا جیهاد کۆتاییهاتووە، نابێت ئەمە لەدەست خۆمان بدەین. پێویستە وەبەرهێنان بکەینو هەوڵبدەین سوود لەم گەنجانە وەربگرینو لەژێر ئەم چەترەدا هەڵیانسوڕێنین".

ئەو کۆبوونەوەیەی لەدایکبوونی ئەلقاعیدەی لێکەوتەوە لە پیشاوەر ئەنجام درا لە مانگی ئابی ١٩٨٨دا، کە دەکاتە سێ مانگ دوای مردنی سالم. هەندێك باس هەیە لەو بێ متمانەییە

دەدوێن کە لەو هاوینەدا ئوسامە هەستی پێکردووە: ئوسامە ویستوویەتی لە عەزام جیابێتـەوە، بەڵام نەیویستووە راستەوخۆ خۆی ئاشکرابکاتو شان بداتە بەر رۆڵی رابەڕایەتی.



وێنەی سەرەوە: محەمەد بن لادن لە کامپی بنیاتنان لە بیاباندا لە ناوەڕاستی شەستەکاندا.





وێنــەی لای چــەپ: ئوفیســەکانی بــن لادنو کارەکــانی لەلایــەن ئەنــدازیارو کرێکارەکــانی چەندین وولاتی جیاوازەوە بەڕێوەدەبرا.

وێنەی لای راست: قەڵای باپیرانی بن لادن لە یەمەن.



وێنەی سەرەوە: ماڵەکەی محەمەد بن لادن لە رۆژهەڵاتی قودس، لە ناوەڕاستی شەستەکاندا کڕیویەتی‌و لەدوای شەڕی ١٩٦٧ لەلایەن ئیسرائیلەوە دەستی بەسەرداگیراوە.




وێنەی سەرەوە: ژمارەیەك لە ئەندامانی خێزانی بن لادن لە پشوویەکدا لە ساڵی ١٩٧١ لە سوید. بەپێی ژمارەیەك سەرچاوەی نزیك لە بنەماڵەکە، ئوسامە لەو گەشتەدا بەشداری نەکردووەو وێنەشی نەگیراوە.



وێنەی سەرەوە: سالم بن لادن، کوڕەگەورەی محەمەد بن لادن. لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی بەریتانیدا لەگەڵ (محەمەد بێرگن)ی هاوڕێی منداڵییدا کە ناسرابوو بە بەچکە فیل.




وێنەی سەرەوە: ساڵح بن لادنو (شێرلی کۆتان)ی دۆستە کچەکەی ئەوسای لە قوتابخانەی (کواکەر)ی تایبەت بە خلیسکێنەی سەر بەفر لە لوبنان لە ساڵەکانی حەفتادا.



وێنەی سەرەوە: سالم‌و یەکەم کچی بە ناوی (سارا)وە، ساڵی ١٩٧٠.



ساڵح بن لادن‌و ژمارەیەك لە زڕخوشکەکانی لە پشویەکدا لە گۆڕەپانێکی پێشبڕکێی (گۆ کارت)ی ئۆتۆمبێلدا لە بەریتانیا لە ساڵەکانی حەفتادا.



وێنەی سەرەوە: سالم‌و بەچکەفیل لەسەر کەشتییەك.



لەوێنەی سەرەوەدا سالم لە ناوچەی (سنۆوماس) خلیسکێنەی سەر بەفر ئەنجام دەدات لە ناوەڕاستی ساڵەکانی هەشتادا.

وێنەی خوارەوە: ئوسامە بن لادن لەوێنەیەکی بێ بەرواردا لە ئەفگانستان، بەرلەوەی خەمی تاراوگە ریشی سپی بکات.






وێنەی سەرەوە: لە لای چەپەوە/ سارا بن لادنی کچی سالم بن لادن، کارۆلاین کاری ژنی دووەمی سالم بن لادن، سالم بن لادنو سەلمانی کوڕی، خوشکی محەمەد بێرگن، محەمەد، مارگریتای خێزانی محەمەد.



وێنەی سەرەوە: ئاهەنگی مانگی هەنگوینی، لەلای راستەوە جێراڵد ئۆرباخی فڕۆکەوانی دێرین وەستاوە.



وێنەی سەرەوە: لەلای چەپەوە: یەحیا بن لادن، سالم، بەکر بن لادن، برایەکی دیکەش کە نەناسراوە، لە کۆتایی ساڵەکانی هەشتادا.



ئەیمەن زەواهیری، محەمەدی کوڕی ئوسامە بن لادن پێکەوە دەرکەوتوون لە ئاهەنگی ژنهێنانی محەمەد دا لە ئەفگانستان لە سەرەتای ٢٠٠١دا.



سالم خالد بن لادن، ئەندامێکی نەوەی سێیەمی بنەماڵەی بن لادن، لە پێشبڕکێیەکی ئەسپ سواریدا، لە میسر ساڵی ٢٠٠٥.



وێنەی سەرەوە: یەسلام بن لادن، کە لە جنێڤ نیشتەجێ بوو، بووە هاوڵاتیەکی سویسری، بوتیکێکی کردەوەو هێڵێکی کارکردنی کردەوە لەبواری بازرگانی بۆنو دانانی دیزاین بۆ کاڵاکان.

ئەو تاقیکردنەوانەی ئەنجام دەدران لەبواری هونەری جەنگو شەڕکردندا کە ئوسامە بایەخێکی زۆری پێدابوون پێکهاتبوون لە "ماوەیەك بۆ خوێندن، تواناسازی، تاقیکردنەوەی ئەو برایانەی کە دەهاتن". باشترین دەستکەوتیش کە دواتر ئوسامە ئاماژەی پێدا بریتی بوو لەبازار پەیداکردن بۆ جیهاد، کە بەم شێوەیە باسی کردبوو "ئێمە سوودی زۆر گەورەمان لەخەڵکی عەرەبستانی سعودیە وەرگرت. توانیمان دەسەڵاتی سیاسی بۆ موجاهیدین بەدەست بهێنین. بڕێکی زۆریش کۆمەكو بەخششمان کۆکردەوە".

لە چاوپێکەوتنێکی دیکەدا، کە لەماڵەکەی ئوسامەدا بەڕێوەچوو، کەسێك کە وەك چاودێر لەوێدا بوو تێبینی ئەوەی کرد کە ئوسامە دەگەشێتەوە بەو "گلەییانەی" کە لەسەر ڕێکخراوەکەی عەزام دەکران، ئەو ڕێکخراوەی کە ئوسامە زۆر هاوکاری کرد لەڕووی داراییەوەو لەکاتی دروستکردنیشیدا، بەتایبەتی لەڕووی بەهەڵە ئیدارەدانو مامەڵەی خراپیانەوە. لێرە بەدواشەوە جەخت کرنەوەو بایەخی خۆی لەسەر مەشقپێکردنی میلیشیایەکی عەرەبی جیاخواز دەبێت، میلیشیایەك لەو جۆرەی کە عەزام بەتەواوی لەدژی بوو. ئەو گروپە لەسێ سەد کەسێك پێکهاتبوون، وەك بانجشیری باسی دەکات، دەڵێ ئوسامە ویستی ئەو چەکانەی بە

یارمەتیدانی سالم دەستی کەوتن بەکار بهێنێت بەر لەوەی بەهەدەر بچن. ئەو شوێنەی ئەم مەشقانەی تیا ئەنجامدرا ناوی لێنرا ئەلقاعیدە ئەلعەسکەریە، واتا بنکەی سەربازی بوو. لەبنەرەتدا ئەلقاعیدە دەبێتە "گروپێکی ئیسلامی ڕێکخراو" لەڕووی قەبارەو پەیڕەویشەوە" گەشەدەکات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەبێتە ئامرازێکی گواستنەوە بۆ ئەو گروپانەی خاوەن پەیکەری ڕێکخراوەیی نین و بەشدارن لەجیهاددا. ئامانجی بریتی دەبێت لەبەرزڕاگرتنی ناوی خودا، بۆ ئەوەی ئایینەکەی سەربخات. ئەوانەی وەردەگیران سوێندێکیان دەخوارد کە تیایدا بەهیچ شێوەیەك ئاماژەیان بەناوی ئوسامە نەدەدا. دەیانووت:

سوێند بە خوداو پەیمانی پێدەدەم، کە گوێڕایەڵی ئەوانە بم لەخۆم بالاترن، ئەو کەسانەی ئەم کارە ئەنجام دەدەن، بەهەموو تواناو بە چوستی و لەخۆشی و ناخۆشیداو لەپێناو پایەبەرزی ئەودا لەسەرمان، بۆ ئەوەی ناوی خودا لەسەروو هەمووانەوەبێت و ئایینەکەی سەربکەوێت.

ئەم پەنهانیە لەگەڵ لەدایکبوونی ئەلقاعیدەوە پەیدابوو. ئەوەی هەستی پێدەکرا لەوبارەیەوە بریتی بوو لەوەی ئەمە ڕێکخراوێکە، بەڵام سنوورەکانی لەبزاوتێکی بەرفراوانتردا تواوەتەوە، بۆ چەندین ساڵ دەمێنێتەوە، چونکە ئەوە یەکێك بوو لەبنەماکانی دیدی خودی ئوسامە. لەبیری خۆیدا، ئەلقاعیدە تەنیا ئامرازێکی هەنووکەیی بوو بۆ ئەوەی ئوممەت ڕێکبخات و پەیوەندی نێوانیان بەهێزبکات واتا کۆمەڵگای بڕوادارانی موسوڵمان ڕێکبخات. ئوسامەش زۆر هەوڵیدا لەگەڵ ئەم بۆچوون و ئیلهامەدا بەڕاستی بمێنێتەوە، بەڵام بیرۆکراسیەت و دەستەگەری و کەم تەماحی وایان لێکرد ئەو نموونە بەرزەیان لەلای کاڵ کردەوە. گەرچی هەرگیز دەسبەرداری شێوازە بنەڕەتیەکەی خۆی نەبوو. دوای چەندین ساڵ ئوسامە لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێت "دۆخەکە وەك ئەوە نییە کە ڕۆژئاوا وێنای کێشاوە. بوونی ڕێکخراوێك و لەژێر ناوێکی تایبەتی وەك ئەلقاعیدەدا، ئەو ناوە زۆر کۆنە، دەتوانم بڵێم من هەر ئاگام لێی نەبووە. برامان ئەبو ئوبەیدە ئەل بانجشیری بنکەیەکی دروستکرد بۆ ڕاهێنانی ئەو گەنجانە بۆ شەڕکردن لەبەرانبەر ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی. بۆیە ئەم شوێنە پێی دەوترا "بنکەکە" وەك ئاماژەیەك بۆ بنکەی ڕاهێنان، ناوەکەش لەمەوە گەشەیکرد، ئێمە لەئوممەت جیانەبووینەتەوە. ئێمە بەشێکی ئیلهامبەخشی ئەم ئوممەتەین".

ئـەو لەسـەر میراتێکـی دەوڵەمەنـدی هانـدراو بـە دەسـەڵاتی سـعودیو ئیخـوان موسـلیمین گۆشـکرابوو، بـەڵام ئـەو ئـەم بـیرو بۆچـوونانەی دروسـتکرد بـە پاڵپشـتی ئـەو وانانـەی لەبنەماڵەکەیـەوە وەریگرتبـوو. دوای چـەند سـاڵێك دواتـر، ئوسـامە سـێ هاوکـاری مـەزنی ئەلقاعیـدە دەکـات، هەمووشـی لـەو شـارەزاییەیەوە سەرچـاوەی گرتبـوو کـە وەك ئەنـدامێکی بنەماڵەی بن لادن دەستی کـەوتبوو. بایەخـدانی بـە هەمـەڕەنگیو گشـتگیری، دڵخۆشـبوونی بـە پـارەو ئیـدارەدان، هـەروەها پەلکێشـبوونی بـۆ لای ئـەو تەکنەلۆژیایانـەی لـەبواری پەیوەنـدیو پێکەوەبەسـتنەوەی جیهانـدا هـەبوون. لەراسـتیدا، ئـەم هێـزەی ئوسـامە کـە لەبنەماڵەکەیـەوە سەرچاوەی گرتووە زۆر زیاتر خزمەتی ئەلقاعیدە دەکات لـەخودی ئـەو ئایـدۆلۆژیا ئیسلامیەی ئەلقاعیدە هەڵیگرتووە کە لـەنێو گروپـە ئیسلامیەکاندا شـتێکی بـاو بـوو. بەهەڵێـەیی، توانـاو زیرەکـی سروشـتی محەمـەد بـن لادنیـان گەیانـدە دەوڵەمەنـدی، لەسالیشـدا بەهـەمان شـێوە دەرکـەوت. ئـەم سـیفەتانە ژیـانێکی جیهانگیریانـەو داهێنـەری تـاكو سـەرکەوتنی داراییـدان دروستکرد. ئەمانە هەمووی بەشێوازێکی تـرو بەوێنەی تیشکێك کە لەدوای تێپەڕبوونی بە نـاو ئـاوێزەی رادیکـاڵیزمی ئیسـلامیدا لەلایـەن ئوسامەشـەوە دووبـارە کرایـەوە، دوای ماوەیـەکیش بەئاشکرا ئەو شێوە گۆڕانەی تیـا دەرکـەوت. لەنیسـانی ١٩٨٩دا غـالب بـن لادن سـەفەری کـرد بـۆ ئەمەریکا بـەهاوەڵی یـەکێك لەفڕۆکەوانـە پاکسـتانیەکان بـۆ ئـەوەی دوایـەمین بـڕە پـارەی ئـەو فڕۆکە تایبەتە بدات لەجۆری (هاوکەر سیدەلەی) کـە سـالم ماوەیـەك بـەر لـەمردنی کڕیبـووی. فڕۆکەیەکی جوانی بریقەداری دوو بزوێنەر بوو کە لەتوانایدا هەبوو دە کەسو بگرە زیاتریش هـەڵبگرێت. غالـب بـایی ئـەوە شـارەزایی لـەبواری فڕینـدا هـەبوو کـە بتوانێـت فڕۆکەکـە هەڵسەنگێنێت. هەروەها وەك حەقبرایەکی بەکریش ئەو مافەی پێدرا. غالب پێگەیشتبوو وەك بەڕێوەبەرێکی زیرەکی بیر تیژ، کە هەرگیز دەبەنگی بەخۆوە نەدەبینیو دەیتـوانی جەربەزانـە کار بکات. بەپێی ووتەی یەکێك لەهاوکارەکانی کە زۆر لەنزیکەوە کاری لەگەڵدا کردووە دەڵێت، خاوەنی دوو کوڕەو خێزانەکەشی سەرداپۆشراوە.

لە ٢٢ی نیسان غالب گەشتێکی بۆ سان دییگۆ ئەنجامدا، لەوێدا یـەکێك لەبرابچوکەکانی لـەو شوێنە زانکۆی دەخوێند. لەوێوە چوو بۆ هۆنۆلولو، پاشان گـوامو لـە٢٤ی مـانگ گەیشـتە هـۆنگ کـۆنگ. جێرالـد ئۆربـاخی فڕۆکـەوانیش لـەو گەشـتەدا لەگـەڵ فڕۆکـەوانێکی دیکـەو بینیـت جۆهانسنی میکانیکدا بەشدارییان لەو گەشتەدا کرد. خۆیان گەیاندە کوالالامپورو لەوێشەوە بۆ

بۆمبای. لەئێوارەی ٢٧ی نیسانی ١٩٨٩دا خۆیان گەیاندە پیشاوەر. پاش ئەوەی لەهۆتێلێکی ئەو شارە لایاندا، غالبو یەکێك لەفرۆکەوانە پاکستانیەکان بە سواری ئۆتۆمبێل خۆیان گەیاندە سەر سنوری ئەفگانستان. بەپێی ووتەی دوو کەس کە خۆیان لەو گەشتەدا بەشداربوون، بەڵام لەهوتێلەکەی پیشاوەر دوور نەکەوتنەوە دەڵێن غالب نزیکەی پەنجا هەزار دۆلاری پێبووە. بەپێی ووتەی یەکێك لەو دوو کەسە کە ئۆرباخە دەڵێت: ئەو پارەیە بۆ ئوسامە بووە، چونکە پێویستی بە "هەندێك پارە" هەبووە. کەسی دووەم واتا جۆهانسن، دەڵێت کە ئەو فرۆکەوانە پاکستانیە وتویەتی کە هەوڵیانداوە ئەو پارەیە وەك دیاری رەمەزان دابەش بکەن بەسەر خەڵکی هەژاری ئەو ناوچەیەدا کە لەئۆردوگاکاندا دەژیان. بەپێی ووتەکانی جۆهانسن، ئەم پرۆسە خێرخوازیە گۆڕاوە بۆ شتێکی مەترسیدار. "خەریکبووە لەوێ بکوژرێن"و بەسەر هەندێك دیواردا خۆیان هەڵداوە تا دەرباز بن، چونکە ئەو خەڵکە جانتا پڕ لەپارەکەی غالبیان بینیوەو ویستویانە پەلاماری بدەنو لێی بڕفێنن لەبری ئەوەی چاوەڕێبنو لەڕیزدا بوەستن تا ئەو خێرەیان پێدەگات. یەکێك لەپارێزەرەکانی بنەماڵەکە دەڵێت ئەو پارەیەی کە غالب لەگەڵ خۆی بردویەتی، دابەشکراوە بەسەر خەڵکی هەژاردا لەو کامپەدا"و نەدراوە بە ئوسامە. ئەو پارێزەرە جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی هەرگیز غالب یارمەتی دارایی یاخود جۆرەکانی دیکەی پشتیوانی پێشکەش بە تیرۆریست ئوسامە نەکردووە".

لەکاتی ئەم سەردانەدا، ئوسامە بە یەکێك لەسەختترین قۆناغەکانی سەرکێشییەکەیدا لەئەفگانستان تێپەڕ بووە. لەمانگی نیساندا، لەژێر ڕێنوێنی هەواڵگری پاکستانیدا هێزێکی گەورەی یاخیبووە ئەفگانیەکان هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر شاری جەلال ئابادی ناوچەی رۆژهەڵات. کە بە ئۆتۆمۆبیل چوار سەعات لەپیشاوەرەوە دوورە. لەسەر ڕێگەی خەیبەر، ئەو شوێنە لەلایەن سەربازەکانی ئەفگانستانی کۆمۆنیستیەوە بەرگری لێدەکرا کە ترسابوون لەوەی ئەگەر شوێنەکانیان بدەن بەدەستەوە دەستبەجێ دەکوژرێن، هەر بۆیە جەربەزانە شەڕیاندەکرد. ئەوان لەلایەن هەندێك ئەفسەری سۆڤیەتییەوە پاڵپشتیان لێدەکرا کە ژمارەیەك موشەکی سکۆتیان لەبەردەستدابوو. ئوسامەش لەم هەڵمەتی ئابلۆقەدانەدا بەشداریکرد بەخۆیو هێزێکەوە کە ژمارەیان هێندەی یەکەیەکی سەربازی دەبوو، ئەندامەکانی بریتیبوون لەو خۆبەخشە عەرەبانەی لەزستانی رابردوودا لەکامپەکانی ئەل قاعیدەدا مەشقیان کردبوو. جارێکی دیکە گەرەنتی ئەوەیدا کە شوێنکەوتووەکانی زۆر بەباشی ئامادەباش کراوون لەڕووی

کەرەستەوە. لەو شتانەی تریش کەئەنجامیدا، دووربینی شەوی دابین کرد بۆ شەڕی جەلال ئاباد، بەڵام خۆیو میلیشیاکانی زۆر بە خراپی شکستیان هێنا. تەکتیکو شێوازی شەڕکردنی گەریلاو چۆنیەتی دانانی بۆسە کە لەکامپەکاندا لەسەری راهێنرابوون، سوودیان نەبوو بۆ پەلاماردانی مۆڵگای قایمکراوو ئامانجە جێگیرەکان. زەوی لەقازانجی بەرگریکاراندابوو. تا ئەوکاتەی هەڵمەتەکە لەمانگی حوزەیراندا کۆتاییهات، نزیکەی سەد گەنجی عەرەب-ئەفگان لەژێر سەرکردایەتی ئوسامەدا کوژران.

ئەو ژمارە زۆرەی قوربانی لەو دۆڕاندنە حاشا هەڵنەگرەدا تەنیا ئەو دەستەگەریو ناکۆکیەی لەدەوری ئوسامەدا هەبوون زیادکرد. لەمانگی حوزەیران-تەموزدا، گروپێکی ئەفگانی بە سەرکردایەتی گوڵبەدین حیکمەتیار کە پەسەندکراوی ئوسامە بوو، سەرکردەکانی گروپە نەیارەکەی خۆیانیان قەتلۆعام کرد کە ئەحمەد شا مەسعود سەرپەرشتی دەکرد، بەڵام ئەمیان عەزام بەدڵی بوو. ئەم دوو هێزە گەورەیە خۆیان خزانە ناو شەڕێکی ناوخۆی خوێناویەوە، وەك جەمال خاشوگی دەڵێت "لە پشت هێڵەکانی بەرەی پێشەوە، پیشاور بووە شوێنێکی تەواو ترسناك، بووە جێگەی ئەو عەرەبانەی کە حەزیان بە چارەی یەکتر نەدەکرد، بارگرژی تەکفیرییەکان، جیاخوازەکانو....گروپە توندڕەوەکان".

لە تشرینی دووەمی ١٩٨٩دا عەبدوڵا عەزام بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە گیانی لەدەستدا. ئەو تاوانە تێپەڕی بەبێ دەستنیشانکردنی تاوانبارەکان. نەیارە میسریەکانی عەزامو حیکمەتیارو بن لادن هەندێکی دیکەش پەنجەیان بۆ درێژکرا وەك گومانلێکراوی ئەو تاوانە. دواتر ئوسامە هەموو جۆرە تێوەگلانێکی لەو تاوانەدا رەتکردەوە. ووتی "ئێمە لەو دۆخەدا، هەردوکمان لەهەمان کەشتیدابووین، ئێوەش هەمووتان بەئاگان لەو هەموو پیلانگێڕیە زۆرەی بۆ لەناوبردنی هەموومان ئەنجامدرا". هەوەها باسی ئەوەی کردووە کە بەعەزامی ووتوە لەپیشاور بمێنێتەوەو دەڵێت ئەم لەکۆتاییدا پێشبینی ئەوەی کردووە کە "ئیسرائیل بە هاوپەیمانی لەگەڵ هەندێك بەکرێگیراوی عەرەبدا" ئەو پەلامارەیان ئەنجامداوە. قورسە بڕیار بدرێت لەسەر راستی ئەم لێدوانی بێتاوانیەی ئوسامە بن لادن، بەڵام رێی تێدەچێت کە راست بێت، چونکە هیچ پێویستی بەوە نەبوو کە عەزام بکوژێت، تائێستاش هیچ بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر نیە لەسەر بەشداریکردنی لەهیچ هەوڵێکی تیرۆرکردندا. چەند هەفتەیەك بەر لەمردنی عەزام، ئوسامە گەڕایەوە بۆ ناو خێزانەکەی. لەپرۆسەیەکی

شوێنگرتنەوەی خێرادا، دووان لەگرنگترین راوێـژکارەکانی لەژیانیـدا لەدەسـتدا. سپۆنسـەرەکەی لـەناو هـەوالگری سـعودیدا کـە ئەحمـەد بـەدیب بـوو، کـە پێشـتر مامۆسـتای بـوو لەسـەردەمی خوێنـدنی ئامادەییـدا، بەپەلـە داوای لێکـرد پاکسـتان بـەجێبهێڵێت. بـەدیب دەیویسـت بزانێـت ژمارەی ئەو کرێگرتەو هاوپەیمانانەی ئـەم پشـتیوانی لێکـردووون لەپیشـاوەر چـەندبوون، دوای ئەوەی سۆڤیەت پاشەکشەیکرد، ئەمیش دەستی کرد بە پێدانی ئامۆژگاری بـە ئوسامە لـەبواری کاری بازرگانیدا. هەروەها ئەو پەرەسەندنانەی لەبواری داراییدا لەناو گروپی کۆمپانیاکـانی بـن لادنـدا رویانـدا پێدەچـێت هۆکـاربوبن لـەخێراترکردنی بەجێهێشـتنی بـۆ ئـەو وولاتـە. بـەکر خەریکی پیاچوونەوەو رێکخستنەوەو دابەشکردنی میراتیەکان بـوو لەکۆمپانیایـەکی سـەرەکیدا بۆ ئەوەی دابەشیبکات بەسەر هەموو نەوەکانی بن لادندا ئەوانـەی هاوتەمـەنی ئوسـامە بـوون. ئـەو رووداوەش ئوسـامە نـاڵ دەکـاتو ناچـاری دەکـات بێتـەوە بـۆ وولاتـی سـعودیە. لەدیـدێکی فراوانترەوە، کاتێك بوو بۆ دۆزینەوەی رێچکەی خۆی.

کاتێك پیشاوەری بەجێهێشت، ئوسامە بێزارییەکی زۆر دایگرتبوو، تەنانەت ترسیشـی هـەبوو لـەو دووبەرەکیـەی لـەبارەی جـەنگی ئەفگانسـتانەوە هـەیبوو. هـیچ پلانێکـی ئاشـکرای نـەبوو لـەبارەی قۆنـاغی داهـاتووی ژیانیـەوە. هەنـدێك پـارەو کەرەسـتەی تەکنـەلۆژی لـەپاش خـۆی بەجێهێشـت بۆئـەوەی بـەردەوامی بـەکاری شـوێنکەوتوانی ئەلقاعیـدە بـدات. لەکەمپەکانـدا لەنزیك قەندەهار، زۆر بەخێرایی هەندێك کۆمپیوتەری جۆری (ئەپڵ)یان دانا.

ئەو قۆناغەی ئەلقاعیدە لـەم ماوەیـەدا پێیـدا تێپـەڕی، پێکهاتەکـەی زیـاتر خـۆی لـەتۆڕێکی کۆکردنـەوەی یارمەتیـدا دەبینـی وەك لـەوەی میلیشـیا بێـت. ئەمـە لایـەنێکی سـەرکردایەتی ئوسامە بوو کە لەدواتردا زۆر بەئاسانی هەموو سنورەکانی تێپەڕاند. هەروەها ئەوە شتێك بـوو کە دەیتوانی لەجەددە زیاتر بە حازری بەدەستی بهێنێت وەك لەپیشاوەر.

بەڵگەی تایبەت لەبارەی سەرچاوەی ئەو یارمەتییانەی بە ئوسامە دەگەیشتن لەساڵی ١٩٨٩دا زۆر کەمـە، بـەڵام بـڕوا وایـە کـە بنەماڵـەی بـن لادنو هەنـدێك دەوڵەمەنـدی دیکـەی سـعودیە لەنێوان زۆرترین ئەو کەسانەدابووبن کە هاوکارییان کردووە. وەك ئەوەی عەزام بـەر لـەمردنی لەکۆنفرانسێکدا لەساڵی ١٩٨٩ خستیەڕوو، ووتـی "سـعودیە تـەنیا وولاتێکـە کـە بـە حکومـەتو خەڵکەکەیـەوە پشـتیوانی لـەجیهادکارەکانی ئـەفگان کـردووە...بازرگانـە سـعودیەکان دێـنو رێکخراوی خێرخوازی دروست دەکەنو بڕێکی زۆر پـارە دەبەخشن، خـدا پاداشـتیان بداتـەوە".

هەندێك بەڵگەنامە لەرێکخراوێکی خێرخوازی ئیسلامیدا لە بۆسنە دەستی بەسەرداگیرا، لەدووتوێیاندا باسیان لە(زنجیرەی زێرین)ی بەخشەرەکانی سەردەمی ئەم دەکرد، لیستێکی تیابوو کە ناوی دەیان بازرگانو خاوەن بانکی تیابوو لەنێوانیشیاندا "بن لادن برازەرس". لێکۆڵەرو پشکنەرە ئەمەریکیەکان پشتراستیان کردەوە کە ئەو بەڵگانە راستەقینەنو دەکرێت پشتیان پێ ببەسترێت، هەروەها شایەتی شایەتحاڵەکانیشی لەسەرە. بەهەرحاڵ، ریچارد کەیسی کە دادوەرێکی فیدراڵی ئەمەریکیە وای بۆ دەچێت کەوا ئەو زنجیرە ئاڵتونیە "تەنیا لیستێك ناو بووە لەنوسینگەی رێکخراوێکی خێرخوازیدا دۆزراوەتەوە. دادگا ناتوانێت لێدوان بدات کە گوایە ئەو بەڵگەنامەیە بریتیە لەلیستی ناوی ئەو کەسانەی لەسەرەتادا پشتیوانییان لەئەلقاعیدە کردووە". دواتر لەگەواهییەکی فەرمی بەکر بن لادندا لەبەردەم کەیسیدا، بەشێوەیەکی تایبەت نکوڵی لەوە نەکردووە کە بەشداربووە لەهاوبەشیکردنی رێکخراوی خێرخوازی یاخود ئەو مەسەلانەی ئوسامە لەم قۆناغەدا تێوەیگلاوە. بەڵام دواتر ووتی "بەهیچ شێوەیەك یارمەتی هیچ رێکخراوێکم نەداوە یان هاوکاریم نەکردووە ئەگەر زانیبێتم هاوبەشی ئەلقاعیدە یاخود تیرۆرزم بووبێت بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان".

بەکر ووتیشی ئەو بەهیچ شێوەیەك تا ماوەیەك دوای ساڵی ۱۹۹۱ "ئاگای لەهیچ جۆرە تێوەگلانێکی ئوسامە نەبووە لەهیچ شێوازێکی تیرۆرستیدا". ئەم جۆرە پێداگریو جەختکردنەوەیە بێگومان، پەردە لەسەر ئەو پەنهانیە لادەدات کە لەبەرەی ئەفگانەدا هەبوو ساڵی ۱۹۸۹، لەبارەی ووشەگەلێکی وەك (ئەلقاعیدە)و (تێرۆرزم)، لەهەر بۆنەیەکدا، ئوسامە وەك ئەندامێکی بنەماڵەی بن لادن گەڕابێتەوە بۆ سعودیە لەدۆخێکی باشدابووە. جەمال خاشوگی چەند جارێك ئوسامەی بینیووە لەگەڵ بەکردا دوای مردنی سالم. لەیەکێك لەبۆنەکاندا، لەگەڵ ئوسامەدا لەڤێلاکەی بن لادندا ماوەتەوە لە ریاز. ئێوارەیەك بەکر سەردانی کردوون، خاشوگی دەڵێت" بەشێوەیەکی ئاسایی باسمان لەشەڕی ئەفگانستان کرد، وادیاربوو بەکر تیامابوو، زۆر نەیدەویست بچێتە ووردەکاریەوە، وەك برا گەورەو برا بچووك زۆر رێزی یەکتریان دەگرت.

ئوسامە بەردەوام بایەخی دەدا بە پرۆژەکانی میدیا، ئەوانەی وایانکرد خۆیو شوێنکەوتووەکانی لەلای بینەری عەرەب شیرین دەکرد. ئەو خۆی بە نوسەرو دەرهێنەرو بەرهەمهێنی جیهاد دەهاتە پێش چاو. بەردەوام پارەی دەدا بە فیلمسازێکی میسری بەناوی

(عیصام دیراز) کە شوێنی کەوتبوو بۆ ناو بەرەکانی جەنگی جەلال ئاباد. وەکو شەڕ، جەلالئاباد کارەسات بوو، بەڵام وەك پڕوپاگەندا، وەك دەرفەتی رزگاربوونو سەرفرازی وێنای بۆ کێشرا. لەکاتی شەڕەکەدا، ئوسامە نەك بەتەنیا خۆی وەك جەنگاوەرێکی ئیسلام، بەڵکو خۆی وەك ئەکتەرێکیش دەرخست لەفیلمدا لەبارەی جەنگاوەرە ئیسلامەکانەوە. لەعەرەبستانی سعودیەش، وەك بەرهەمهێنێك هەندێك لەگرتەی کارەکانی ئەو دەرهێنەرەی نمایش دەکرد بۆ ئەو هاوڕێیانەی کە رەنگە بتوانن یارمەتی بدەن لەهەڵسەنگاندنی چۆنیەتی بەرەوپێشچوونی فیلمەکە. خاشوگی بانگێشت کرد بۆ ناو هۆڵێکی نمایشی گەورە لەیەکێك لەباڵەخانەکانی بن لادن لەدەرەوەی ریاز. کۆبوونەوەیەکی بۆ فەرمانبەرەکان رێکخست بۆئەوەی تەماشای فیلمێك بکەن کە لەسەر شێوازی ١٦ملیم بەرهەم هاتووە. بینەرەکان تەنیا پێکهاتبوون لە ئوسامەو خاشووگیو یەك دوو کەسی تر. خاشووگی دەگێڕێتەوە "داوای لێکردم رەخنەکانی خۆمی پێ بڵێم سەبارەت بە فیلمەکە وەك هاوڕێیەکی رۆژنامەوانی خۆی. ئوسامە پیشاوەری بەجێهێشت، بەڵام هێشتا هەر ئەستێرەی حیکایەتخوانەکان بوو. گەڕانەوەشی بۆ مەملەکەت تەنیای نەکرد. وەك خاشووگی دەڵێت "دەیتوانی بە ئارەزووی خۆی هەموو شتێك بکات کە کۆمپانیاکە خاوەنی بوو".

## ٢٥- پارەی مۆڵدراو

بەکر بن لادن تەمەنی گەیشتبووە چل ساڵو بووە خاوەنکارێکی شارەزای لـە ئـیش نـەترس. بەنزیکیی، بالآی هێنـدەی بـالآی سـالم بـەرزبوو. لـە زۆر شتیشدا لـەو دەچـوو، بەتایبـەت چـاوە قاوەییەکانی، هەروەها دەموچاوە سافە هەرزەکارئاساکەی. ئـاوازی دەنـگو شـێوازی قسـەکردنی بەتایبەتی لە تەلەفۆندا، لەگەڵ ئـەوەی سـالمدا لەیـەك جیـا نەدەکرایـەوە. ئەگـەر ئـەو دەنگـەی بەکر پێی بکرایە رۆحی سالم بهێنێتەوە بۆ ژیان ئـەوا هـەرگیز نەیـدەتوانی هـەمان ئەنـدازەی سالم قۆز بێت. بەکر تەنکە ریشێکی دادەنـا، کـە هەنـدێك دیمـەنی رەسمیـاتی پێدەبەخشی، کـە هەنـدێکجار وای نیشـان دەدا کەسـێکی شـەرەفمەندو زیرەکـە، خـۆی بـە بەرپرسـیار دەزانێـتو بەرێزە، بەڵام بۆی هەبوو توندیش بێت.

سەردەمی خوێندنی لـە مـەیامی هانـدەری بـوو بـەڵام دروسـتکەری نـەبوو. ئـەو زۆرتـر وەك پیاوێکی تەواو عەرەبی دەرەکەوت جیاواز لـە سـالم کـە هـەرگیز وانـەبوو. بـەکر لـە دیوەخانـدا پێشوازی لە پێنج کوڕەکەی دەکرد، لە ماڵەکەی خۆی لە جددە، دەچەمینەوە بۆ ئـەوەی دەسـتی یاخود ناوچاوانی ماچ بکەن.

لە کاتی قسەکردنیدا بـۆ کوڕەکـانی نـاوە نـاوە ئایـەتێکی لـە قورئـانی پـیرۆز دەهێنایـەوە بـە نمونە یاخود باسی لە سەرگوزشتەیەکی ژیانی پێغەمبـەر دەکـرد. بـەکر لەسـەردەمی خوێنـدنی ئاییندا زۆربـەی قورئـانی لەبـەرکردبوو. کـاتێکیش لـە سعودیە بـوو زۆر بەتونـدی وابەسـتەی کاتەکانی نوێژکردن بوو. بەپێی قسەی هاورێکانی، ئەو مەیی نەدەخواردەوە، دوای ماوەیـەکیش وازی لـە جگـەرە هێنـا. لـە کـاتی حەجیشـدا مامۆسـتای تایبـەتی دەگـرت بـۆ ئـەوەی شـارەزایی خێزانەکـەی زیـاد بکـات وانـەی ئایینیـان پـێ بڵێتـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، بەدرێـژایی مـەودای ئـایینیو کلتـوری بنەماڵـەی بـن لادن، هـەروەها لـەبارەی ئـەو پەیوەسـتیە ئایینیـەی کـە عەرەبستانی سعودیە پـێ ناسـراوە، بـەکر بـە کەسـێکی ناوەنـدگیر ناسـراوە زیـاتر لـەوەی بـە موحافیزکار. لە کاتی خوێندنیدا لەبوارەی ئەندازەی شارستانیدا، هەروەها لەو کاتەشدا پـەرەی سەند بۆ پرۆژەکانی بنیاتنان لە مەکەو مەدینـە هاتـە سـەر ئـەوەی شـێوازی ژیـانی خـۆی وەك

شێوەی باوکی لێبکات. تەنانەت کوری ئەو شۆفێرەی لەلای خۆی دامەزراند لەسعودیە وەك شۆفێر کە لە فڕۆکەخانەیەکی بیاباندا رۆژی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەی چاوەڕێی محەمەد بن لادنی کردبوو. بەکر کوڕەکانی دوای خۆی خستبوو هەر وەك چۆن باوکی کردی. بە جەختکردنەوە لەسەر پشتبەخۆبەستن و دێسیپلین. نەیدەهێشت بە فڕۆکەی تایبەت سەفەر بکەن، بەڵکو جەختی دەکردەوە لەسەر ئەوەی لەڕێگەی گەشتە ئاسامانیەکانەوە سەفەر بکەن و ئاگایان لە پاسپۆرت و بلیتی فڕۆکەو جانتاکانی خۆیان بێت، هەر وەك محەمەد بن لا دن، بەکریش لەناو کەشێکی تێکەڵاو لە سیاسەت و کاری بازرگانیدابوو. زۆر لەنزیکەوە لەگەڵ مەسیحیەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کاری کرد لەوانەش بنەماڵەی سارکیسان. لەگەڵ ئەوان کۆمپانیایەکی هاوبەشی دروستکرد بۆ بنیاتنانی پرۆژەیەکی گەورە لە سعودیە. هەروەها پشتی بە فوئاد رێحانی بەستبوو کە هاولاتیەکی ئەمەریکی بەڕەگەز ئوردنی بوو. پرۆتستانتێکی نێو کلێساکانی ئوردن بوو، کە بووە راوێژکارێکی گرنکی بن لادن دوای ئەوەی بەکر بووە بەرپرسی بنەماڵەکە.

بەکر وەك دڵسۆزێکی کارەکەی مایەوە، لەسەردانەکانیدا بۆ قاهیرە، لەهۆتێلی ماریۆت سویتێکی شاهانەی دەگرت و بەردەوام کاری دەکرد. لەسەر قەنەفەیەك و بۆ چەند کاتژمێرێکی کەم سەرخەوێکی دەشکاند. بەپێی قسەکانی صەبری غونەیم کە کارمەندێکی میسری بوو لەلای ئەو کاری دەکرد دەڵێت "هەموو ژیانی هەر مەینەتی بوو، خواردنی زۆری نەدەخوارد چونکە دەترسا لەوەی قەڵەو بێت و تووشی کێشەی تەندروستی بێت، بەردەوام کاری دەکردو وەك پێویست خواردنی نەدەخواردو نەدەخەوت..بڕوام پێ بکە، قوربانی دا بەخۆشیەکانی خۆی لەپێناو کارەکەیدا". زۆری پێنەچوو بەکر لە هەیفای خێزانی جیا بووەوە، تەنانەت کاتێك کە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە هەر خەریکی کارکردن بوو لە ژووری پێشوازی دەنوست. غونەیم لۆمەی کرد لەسەر ئەو رەفتارەی چونکە هۆکاری جیابوونەوەکەیان بوو. ژن پێویستی بەوەیە مێردەکەی بەردەوام گاڵتەو گەپی لەگەڵ بکات، لەگەڵی بچێتە دەرەوەو ژەمێك خواردنی لەگەڵ بخوات. بەلام دوای مردنی سالم بەکر لە دۆخێکی زۆر خراپدابوو".

دوای نەمانی سالم، بەکر کەوتە ژێر بەرپرسیارێتیەکی زۆری سەرکردایەتی کارەکانی بنەماڵەوە کەهەرگیز پێی رانەهاتبوو، بەلام لەهەمانکاتدا خواستەکانی خۆی ئازاد کرد. پەرەی سەند لەبواری کارو کۆبونەوەکاندا، بەدڵنیاییەوە دیدێکی جیهانگیریانەشی هەبوو. کاتێك

جڵەوی کاری بنەماڵەی لە ساڵی ١٩٨٨ و١٩٨٩دا گرتە دەست، ویستی گەشەو هەمەجۆری بدات بە کاری بازرگانی لە وولاتانی تردا و لە بواری پیشەسازی نوێدا کار باکات. بەشێکی نوێی دامەزراند لە بواری راماڵینو داتاشینی زەویو پێداویستی پزیشکیدا. هەروەها پلانی دانا بۆ گەڕان بەدوای هەلی نوێدا بۆ کارکردن لە باشووری رۆژهەلاتی ئاسیاو ئەورووپادا. خوێندنی سالم وای لێکرد کە ببێتە هۆگری هەموو شتێکی ئینگلیزی، هەروەها رۆحە ئازادە نەسرەوتەکەشی گەیاندیانە ئەمەریکا. بەکر زیاتر لەژێر کاریگەری فەرەنسادابوو. خۆێندنی بەکر لەو شوێنانەی کە پێشتر کۆلۆنیالی فەرەنسی بوون لەوانەش دیمەشقو لوبنان، هەروەها ژنەکەی یەکەمیشی کە بەرەچەڵەك سوری بوو، یارمەتیدەری بوو بۆ ئەوەی بەرەو فەرەنسا پەلکێش بێت، کە لەوێدا باڵەخانەیەکی گەورەی لە ناوچەی (کوەی دی ئۆرسەی) کڕی. ئەویش وەك زڕبراکانی دیکەی حەزی لە هۆتێلە راقیەکان بوو. هەروەها، لە کۆتاییدا دەستی لە شوقەکەی هەڵگرت بۆ ریتز. بەکر هەندێك فەرەنسی دەزانی، بەلام زۆربەی کارەکانی بە زمانی ئینگلیزی یاخود عەرەبی بەڕێدەکرد، هەروەها بەردەوام چەند سکرتێرێکی تایبەتی هەبوو کە لە هەموو زمانەکاندا یارمەتییان دەدا. ئەو لە کاری ئاساییدا زۆر بە ئاسانی دەیتوانی بەخێرایی بەهەردوو زمانەکە قسە بکاتو ئاڵوگۆڕیان پێ بکات. لەمەیەیاندا ئەم نمونەی گەلێك لەو گەنجە سعودیانە بوو کە لەدوای ئەو روداوی هەناردەی نەوتی سعودیدا دەرکەوتنو زۆر بەخێرایی خۆیان گونجاند.

لەهەندێك رووەوە، ئەو خۆی ئامادەنەکردبوو بۆ ئەوەی ئەو رۆڵی فەرماندەییە بگێڕێت کە ئێستا پێی سپێراوە. وەك ئەندازیارو پیاوی هەڵسوڕێنەر، وەك کەسی دڵسۆزی ژمارە دووی سالم، بەکر لەوەوە راهاتبوو کە بە جدی کار بکاتو تەرکیز بکاتە سەر ئەنجامەکان، بەلام سیفەتێك هەبوو کە لە ئەودا بوونی نەبوو ئەویش خۆسەلماندن لە کاتی سەرهەڵدانی کێشەو گرفتەکاندا کە ئەندامانی خێزانەکەی بەردەوام پێشکەشیان دەکرد. لەهەموان زیاتر، بەکر بەدەست بەراوردکردنەوە لەگەڵ سالم، دەیناڵاند. وەك خوێندکارێك دەردەکەوت کە زۆر کۆششی دەکرد، خوازیاربوو کە لاسایی ئەو شتانە بکاتەوە کە براگەورەکەی وەك کاریزماو خاوەن ناوبانگ دەرخستبوو، بەلام هەموو جارێك بۆی نەدەلوا. هەندێك لە هاوڕێکانی سالم پێیان وابوو بەکر بەهۆی ئەم شکستانەوە ئەرکێکی لەسەر شانی خۆی داناوە. دیاربوو کە بەڕاستی پێزانینی هەیە بۆ سالم، بەهەموو شێوەیەکیش هەوڵی دۆزینەوەی خۆی دەدا وەك

سەرۆکێك بۆ هەموو ئەو شتانەی لەدوای سالم بەجێمان. بەکر هەوڵیدا هاوشێوەی سالم بژی. بۆ نموونە، رازی نەبوو دەست لەو ئارەزووەی بنەماڵەکەی هەلگرێت کە هەیانبوو بۆ فڕین، سەرەڕای ئەو تێچووە زۆرەی بواری فڕۆکەوانی دەیسەپاند. بەکر لەسەرەتادا فڕۆکەوانێکی بێ ئەزموون بوو. یەکێك لە مامۆستا میسریەکانی بەناوی یەحیا ئەل ئاغاتی دەڵێت "لەسەرەتادا رقی لە فڕۆکەوانی بوو چونکە رەنگە لەبەر ئەوە بوبێت باوکی بە هۆی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەوە گیانی لەدەستدابێت. رۆژێك لە قاهیرە ویستم بەو فڕۆکەیەی جۆری کاسینا١٧٢ بفڕم کە لە سالم کڕیبوو، بەکر هات بۆ فڕۆکەخانەو ووتی "باشە" من دەمەوێ بفڕم. منیش سەرسام بووم، ووتم شێخ بەکر دەتەوێ بفڕی! ئەویش ووتی، بەڵێ".

کاتێك سالم بانگی ئاغاتی کرد بۆ ئەوەی راپۆرتی خۆی لەبارەی تواناکانی بەکرەوە پێ بڵێت پێی ووت "تۆ درۆ دەکەی" چونکە پێی وانەبوو ئاغاتی راست بکات، بەڵام ئاغاتی درۆی نەکرد، چونکە وورده وورده بەکر وانەکانو رێنماییەکانی جێبەجێ کردو بەسەر ترسەکانیدا زاڵ بوو.

لە کۆتاییدا لە فڕۆکەوانی فرۆکەی جێت دا شارەزایی زۆری پەیداکرد. لەلایەن فڕۆکەوانە تایبەتیەکانیشیەوە بە فڕۆکەوانێکی تەواو هەوادارو بەجۆش و رکابەر لەقەڵەم درا. بەو شێوشێتیەی سالم فڕۆکەی لێنەدەخوڕی. فڕۆکەوانێکی نمایشکار نەبوو، بەڵکو هەندێك جار نمایشی تایبەتی دەکرد بۆ بەشی کۆنترۆڵی فڕۆکەخانەکان. بە فڕۆکەی لییەر جێت و گەڵفستریم نمایشی دەکردو لە بەرزییەکی کەمدا دەفڕی و لەپڕ بەخێراییەکی زۆر بەرزدەبووەوە. بەهەمان شێوەی سالم بەو پەرۆشی و تام و چێژەوە باسی لەفڕۆکەی تایبەت و فڕۆکەوانی دەکرد. هەوڵی بەدەستهێنانی مۆدێلی نوێ و باسکردن لەتواناکانیان بۆ بەکر بوو بەو خولیایەی کە هەواداران بەرانبەر یاریزانە ناودارەکانی بەیسبۆڵ و تۆپی پێ هەیانە. هەندێك لەهاورێکانی سالم وای بۆدەچوون کە فڕۆکەوانی وەك نێوەندکارێك بوو بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ رۆحی براکەیدا. ویستی بە فڕۆکە سەردانی هەموو ئەو شوێنانە بکات کە سالم لێی بووە. بەڵام بەهەمان رادە سەرکێشی نەدەکرد.

وەك سەرکردەی نوێی بنەماڵەکە خۆی ناساند، بەکر بڕیاریدا هەندێك مەسەلەی تایبەت بە میراتی بنەماڵە یەکلایی بکاتەوە. لەهەمان کاتیشدا کاری هاوبەشی بازرگانی نوێی دامەزراند بۆ داهاتوو. بەڵگەنامەکانی دادگا باس لەم سەردەمە دەکەن، لەگەڵ ئەوەی زۆر دوورن لە شەفافیەتەوە، بەڵام هەندێك لەو زانیاریانە دەخەنەڕوو کە سەبارەت بە قەبارەی کۆمپانیای

سـەرەكی بـن لادن‌و شـێوازی دابەشـكردنی سـامانەكەی بەسـەر ئەوانـەی لەهاوتەمـەنی بـەكر دابوون لەدوای مردنـی سالم. ئوسامە لـە سـاڵی ١٩٨٩دا گەڕایـەوە بـۆ عەرەبستانی سعودیە، كـە هاوكـات بـوو لەگـەڵ ڕێكخستنەوەی بنەماڵەكـە. لەبـەر ئـەوەی لەلایـەن بـەكرەوە سەرپەرشـتی كراوە، رەنگە ئەمە هۆكارێك بێت كە وای لێكرد بگەڕێتەوە بۆ ناو وولات.

لـەنێو ئـەو هـەموو ئەفسانانەی بـەدەوری ئەلقاعیـدەدا دەسـوڕانەوە هـیچ شـتێك هێنـدەی سامانەكەی ئوسامە بـن لادن گـەورەو جێگـای تێڕامـان نـەبوو. شـوێنكەوتەكانی (هـەروەها بـەم دواییانـــەش، هەنـــدێك لـــە راوێـــژكارەكانی) هـــەموو لایـــەنێكی ســـەركردایەتی ئوســـامەیان بەشـێوەیەكی رۆمانسـی دەگێڕایـەوە، بـەڵام لەهـەمان كاتـدا زۆر زیادەڕەویشـیان دەكـرد لـە باسكردنی سامانەكەیدا. ئـەو شـێوازی پیاهەڵدان‌و شیعرئاسایەی كـە پڕوپاگەنـدای ئیسلامیی پەیڕەوی دەكرد بۆ ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی دەسكەوت‌و سـەركەوتنەكانیەوە لـە گۆڕەپـانی شـەڕدا لـە ئەفگانسـتان، هـەر زوو پـەلی كێشـا بـۆ مەسـەلەی حیسـابە بانكیـەكانی، تـا رادەیـەك، ئـەو زیادەڕەویانەی دەكرا بە هۆكارێك دادەنرا بـۆ زۆربـوونی رادەی ئـەو یارمەتیانـەی ئوسـامە كـۆی دەكـردەوە. تواناكـانی لەراكێشـانی یارمـەتی لـەدەرەوەو پشـتیوانی حكومـەت، وایـانكرد ئـەم دەوڵەمەندتر دەركەوێت لەوەی كە هەبوو لەچاو هاوسـەنگەرەكانیدا لـە پاكستان، بـەڵام هێشـتا زانینی راستی قەبارەی سامانەكەی كارێكی گرنگ بوو، چونكە بەهۆی راپۆرتی هەڵەوە لـەبارەی سامانی بن لادن، راوێژكارەكانی، بەتایبەت ئەوانـەی لـە ئەمـەریكا بـوون، بـە بـەردەوام بەهەڵـە لێی تێدەگیشتن.

هیچ یەكێك لە كوڕ و كچەكانی محەممەد بن لادن ناتوانێت بەئاسانی بزانێ ئاخۆ سـامانەكەی چەندە. كۆمپانیاكانی ئـەو بنەماڵەیـە بـەهیچ شـێوەیەك لـە بـازاڕی پشكە داراییەكانـدا كاریـان نەدەكرد، ئەو تۆڕە تێكەڵ‌و بەیكداچووە نا روونەی بواری دارایی لەگەڵ بنەماڵەی ئـال سعوددا وایكردووە هەموو جۆرە هەوڵێك بۆ هەڵسەنگاندنی دارایی كارێكی ئـاڵۆز بێـت. لەناوەنـدی ئـەو ئیمپراتۆریەتەدا دامەزراوەی محەممەد بن لادن وەستابوو. ئەو كۆمپانیا بنەڕەتیەی بنیاتنان كـە لە ساڵی ١٩٣١دا دامەزرا. هەر یەكێك لە كوڕەكانی محەممەد بن لاد، عـەلی نـەبێت، كـە هـەر دوای مردنی باوكی لەگەڵ سالم نێوانیان تێكچوو بەشەكەی خۆی فرۆشت. خـاوەنی ٢,٢٧٪ی كۆمپانیـا سەرەكیەكە بوون، هەریەك لەكچەكانیش نیوەی ئەو رادەیەیان هەبوو. یان نزیكەی ١,١٤٪. دوای ئەوەی بەكر بووە ئیمپراتـۆر یـاخود سـەركردەی بـن لادنـەكان، هـەموو سـاڵێك بـە پـارەی كـاش

بەشی هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی لە قازانج دابەش دەکرد بەسەریاندا. ئەویش بەپێی لانی کەم ئەوەی گوایە قازانجی ساڵانەی کۆمپانیایە. ئەم بەشانە جیاوازبوون لەو مووچانەی کە هەندێك لەبراکان هەیانبوو. هەروەها جیاوازبوو لە قازانجی ئەو کارانەی دیکە ئەگەر هەبووایە. بۆنمونە کۆمپانیای بن لادن برازەرس. هەندیك لە کوڕەکانی بن لادن بە پارەی تایبەتی خۆیان وەبەرهێنانیان لە بواری پشکە داراییە جیهانیەکاندا کردبوو بەتایبەت دوای ئەوەی یەسلام کاری دەلاڵی سعودی سویسری تایبەت بەخۆی دامەزراند. بۆ نمونە ئیبراهیمی حەقبرای یەسلام، جارێك لە دادگا ئامادەبوو بەمەبەستی روونکردنەوەی مەسەلەی دارایی خۆی. لە ساڵی ١٩٨٣دا بۆ کڕینی کۆشکێك لە لۆس ئەنجلس پێویستی بە ١ ملیۆن دۆلار هەبووە. دەڵێت "ئەو پشکانەم فرۆشتووە کە لە باوکمەوە بۆم بەجێ ماوە". پارەکەی تریشی قەرز کردبوو کە بڕی ٦٠٠,٠٠٠هەزار دۆلار بوو. وادیاربووە پارەی کاشی بۆ بەجێماوە لە خانووەکەی محەممەدەوە کە بەشێوەی پشك بەری کەوتووەو پاشان هاوشێوەی یەسلام پشکە داراییەکانی کڕیوە. شایەتیەکەی لەم خاڵەدا زۆر روون نیە بەڵام قەبارە شێوازی هاتوچۆی پارەکە دەخاتەڕوو.

باشترین وێناکردنێك بۆ دارایی ئەو بنەماڵەیەو چۆنیەتی دابەشکردنی بەشەکان ئەوەی لیندا پێرگامێنت سویفتە کە باوەرپێکراوێکی بواری ژمێریایی دادوەری بوو، کە لە سەرەتای ساڵەکانی نەوەتدا چاودێری دارایی بنەماڵەی بن لادنی کردوە وەك بەشێك لەجێبەجێکردنی کارەکانی جیابوونەوە(تەلاق)ی ئەمەریکی کە ئیبراهیمی دەگرتەوە. لە ساڵی ١٩٨٩دا سویفت راپۆرتێکی داوە بە یەکێك لە دادگاکان. تیایدا هاتووە ئیبراهیم دوو بڕە پارەی پێگەیشتووە وەك بەشی خۆی لە دامەزراوەی محەممەد بن لادن. کە بەهەردووکیان زیاتر لە ٣٢٥٠٠٠هەزار دۆلار بووە. سویفت نوسیویەتی پێدەچێت کە هەمان بڕ پارە بەدەست سەرجەم ئەندامە کوڕەکانی ئەو بنەماڵەیە گەیشتبێت بە ئوسامەشەوە. بەهەر حاڵ ئەو لێکۆڵینەوەیە دەریدەخات کەوا ئەو سیستەمەی کاری پێکراوە زۆر لاستیکی بووەو نا فەرمی بووە. "هەر سودمەندێك بەشێکی پێدەگات وەك قازانج، کە بەزۆری لە قازانجی کارە بازرگانیەکانەوەیە، ئەمەش بەشێوەی ساڵانە یاخود نیمچە ساڵانە. کاری بنەماڵە بەتەنیا بە لێشاو پارە نابەخشێتەوە بەڵکو وەك ئیدارەپێدەرێکی پارە کار دەکات". هەموو کوڕو کچەکان بەشەکانی

خۆیان وەك قەرز وەردەگرن، هەروەها دەڵێت، پاشان کۆمپانیا پارەی دەبەخشیەوە بەپێی ئەوەی لەلایەن سەرۆکەوە بڕیاری لەسەر دەدرا.

لە ساڵی ١٩٨٩دا ئیبراهیم دەڵێت بەکر بڕی ١٥ ملیۆن دۆلاری وەك بەشە قازانج بەخشیوەتەوە بەسەر ئەندامانی بنەماڵەکەیدا. ئەوەش لە ناوی ئەو ناودارانەدا ئاماژەی پێدراوە کە لەساڵی ١٩٩٠دەرکراوەو تیایدا باس لە هەزار باشترین کۆمپانیاکانی سعودیە کراوە. دامەزراوەیەکی کاری بازرگانی بەهاوبەشی لەگەڵ حکومەتی عەرەبستانی سعودیەدا، ریپۆرتاژێکی بڵاوکردووەتەوەو تیایدا هاتووە دامەزراوەی محەمەد بن لادن بیستو حەوتەمین گەورە کۆمپانیای ناو شانشینی عەرەبستانی سعودیەو داهاتەکەشی دەگاتە نزیکەی ٣٤٠ ملیۆن دۆلار. هەروەها رادەی قازانجی خەمڵێنراویش دەگاتە ٥٪ بۆ ١٠٪ کە ئاستێکی نموونەییە بۆ کۆمپانیایەکی زەبەلاحی بواری بنیاتنان. داهاتی ساڵانەی کۆمپانیاکە لە ساڵی ١٩٨٩دا ٢٠ تا ٣٠ ملیۆن دۆلار دەبێت کە ئەوە رادەیەکی سەرسوڕهێنەرە، بەڵام بۆ مەزنترین بوارەکانی کارکردنی بازرگانی شتێکی ئەوتۆ نیە.

هەروەها لەساڵی ١٩٨٩دا بەکر چاوی خشانەوە بەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی سامانەکانی محەمەد بن لادن دا ئەو موڵکانەی لەدەرەوەی وڵات هەیبوون، بەپێی ئەوەی دواتر ئەو بنەماڵەیە بە لێکۆڵەرە ئەمەریکیەکانیان ووت. مناڵەکانی محەمەدو ئەو چوار ژنەی هەیبوو کاتێك مرد، بەتەنیا پشکیان لە کۆمپانیاکەیدا بەرنەکەوت، بەڵکو لەزەویەکانو خانووەکانو شتومەکە تایبەتیەکانیشیدا بەشیان بەرکەوت. لەسەرەتادا ئەو متمانەپێکراوانەی لەلایەن شا فەیسڵەوە دانرابوون سەرقفڵانەو کرێی خۆیان دەدا بەڵام موڵکەکانیان وەك خۆی دەهێشتەوە. دوای ئەوەی لە کۆتاییدا سالم کۆنترۆڵی حیسابەکانو پارەکانی کۆمپانیای گرتە دەست، بەپێی قسەی یەکێك لەهاوبەشی کارەکانی دەڵێت سالم دەستی کردووە بە ووتوێژ لەگەڵ براکانیدا سەبارەت بەچۆنیەتی دابەشکردنی ئەو موڵکانەی کە هەیە. کە ئاسان نەبوو بتوانن لەنێوان خۆیاندا دابەشیبکەن. لەبەرئەوەی ئەو هەموو زەویو موڵکەی لە خۆ گرتبوو، بەم شێوەیە سالم بەرەنگاری یەکێك لە سەرەکیترین بنەماکانی دابەشکردنی میرات بووەوە کە بەپێی ئاینی ئیسلام دانراوە. بەو پێیەی کە هەموو برایەك بەشێکی هاوتای ئەوانەی تری بەردەکەوێتو خوشکەکانیش نیوەی ئەوەندەی براکانیان بەردەکەوێت بێگومان دوای لاخستنی هەندێك پارە بۆ خێرو ژنەکانی محەمەد بن لادن. لەنێو ئەو شتانەی دیکەدا سالم هەستی دەکرد ئەو

برایانەی لەنێو کۆمپانیاکەدا کار دەکەن شیاوی زیاترن لەوانەی هیچ کارێك ناکەن، بەڵام یاسای ئیسلامیی بۆ میراتی بەهیچ شێوەیەك ئەم جیاکاریانەی باس نەکردووە، سالمیش تووشی بارێکی گران دەبووەوە ئەگەر یەکێك لە براکانی سکاڵایەکی فەرمی لە دژی تۆماربکردایە لە دادگای سعودیە.

بەکر دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێك بەسەر مردنی سالمدا ئەو کێشەیەی یەکلایی کردەوە، بەوەی پرۆسەیەکی سەرەکی دابەشکردنی میراتی ئەنجامدا بەپێی یاسای ئیسلام. دواتر ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە بە دەزگای لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمەریکیان راگەیاندووە کە هەریەکەیان سەرپشك بووە لەوەی پارەی کاش وەربگرێت یاخود دیسانەوە وەبەرهێنان بکاتەوە بەو بڕە پارەیەی وەك بەشی بەری کەوتووە. وەك دەرکەوتووە ئوسامە ویستوویەتی هەردوو لایەنەکە بگرێت. بەپێی ووتەکانی نوێنەرێکی بنەماڵەکە کە بە FBI ووتووە، ئوسامە نزیکەی ٨ ملیۆن دۆلار پارەی کاشی بردووەو بە بەشەکەی دیکەی سامانەکە بووەتەوە بە هاوبەش لەدوای رێکخستنەوەی کاری بازرگانی بنەماڵەکە لەلایەن بەکرەوە. یەکێك لەمانە بریتی بوو لە کۆمپانیای محەمەد بن لادن، کە جێگرەوەی کۆمپانیا بنەڕەتیەکەی بنەماڵە بوو. یەکێکی دیکە بریتی بوو لە دامەزراوەیەکی نوێ بەناوی گروپی بن لادنی سعودی(SBG). لەلایەن بەکرەوە سەرۆکایەتی دەکرا. لەساڵی ١٩٨٩دا دامەزراوەو لەلایەن بەکرەوە لە شایەتیەکی نوسراودا ئاماژەی بۆکراوە. پاش رێکخستنەوەی شێوازی پارەکێشانەوە، ئوسامە نزیکەی ٢٪ی هەبوو لەهەریەکێك لەو کۆمپانیایانەدا. بەپێی هەڵسەنگاندنێك کە چەند ساڵێك دوای ئەوە ئەنجام دراوە، پشکەکانیشی بەسەر یەکەوە نزیکەی ١٠ ملیۆن دۆلار بوون.

بەپێی وتەکانی صبری غونەیم کە بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی بن لادن بوو لە میسر، بەکر بە ناوی ئوسامەوە لەم ماوەیەدا کاری زۆری کردووە. "رێزی لە دایکی هەموو زڕبراکانی گرتووە و وەك دایکی خۆی تەماشای کردوون". غونەیم باسیکرد، "هەموو کات هەستی کردووە دایکی ئوسامە کەسێکی بێدەسەڵاتو لاوازە هەر بۆیە وەك شێوازێکی رێزلێنان ویستوویەتی یەکێك لەپرۆژە مەزنەکانی بدات بە ئوسامە. ئەمە ئەو شێوازەبوو کە لەگەڵ هەموو دایکەکاندا پەیڕەوی کرد. پرۆژەی دەدا بەکوڕەکانیان. بەکر هەستی دەکرد بەوەی هەموو براکانی ئاستێکی باشی خوێنەواریان بڕیوە بەڵام ئوسامە خوێندنێکی ئەوتۆی تەواو نەکردووە. ئوسامەش بەردەوام هەستی کردووە کە دایکی لەگەڵ دایکەکانی دیکە نەبووە،

چونکە ئاستی کۆمەڵایەتی دایکی لە چینێکی نزمتردا بووە... ئوسامە بەردەوام هەستی بەتێکشکان کردووەو هەستی کردووە هەرگیز بەشی خۆی وەرنەگرتووە. براکانی لەدەرەوە خوێندنیان تەواوکردووە، بەڵام ئەم نا. خۆی گۆشەگیر دەکرد، بەڵام بەکر زۆر زیرەکانە هەوڵی دەدا ئەم برایەی لەخۆبگرێت".

بڕی پشکی خەمڵێنراو بۆ ئوسامە و هەریەکە لەبراکانی تری بریتی بوو لە ١٨ملیۆن دۆلار، هەندێکی بەپارەی کاش و هەندێکی دیکەی لەشێوەی پشکی تازەکراوەدا، بەپێی ئارەزووی هەریەکە لەبراکان کە خۆی لە چەند حیسابێکی بانکی گونجاودا دەبینیەوە کەبۆیان مابووەوە. بۆ نموونە یەسلام دواتر بە یەکێك لە کەناڵە سویسریەکانی ووت کەوا "بەشی هەریەك لە براکان نەگەیشتووەتە ٢٠ ملیۆن دۆلار". هەروەها ئەو داهاتانەی لە باجەکانی سەر داهاتی یەسلامەوە وەدەست هاتوون لە سویسرا لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٩ و ١٩٩٣دا ئەوە دەردەخەن کەوا پێدەچێت هاوشێوەی ئوسامە پارەی کاشی راکێشابێت، بەڵام دواترو لەپڕ سامانەکەی لەساڵی ١٩٨٩دا بە بڕی ٨ملیۆن فرانکی سویسری زیادی کردووە. لەچاوپێکەوتنێکدا کە یەکێك لەهاوبەشەکانی کوڕەکانی بن لادن کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرابکات، رایگەیاند کەوا سامانی هەریەك لەو برایانە نزیکەی ٢٦ ملیۆن بووە لە ساڵی ١٩٨٩دا، ئەمەش زیاتر بووە لە هەموو ئەو خەمڵاندنانەی دیکە، بەڵام لەهەمان رادەدا بەگشتی. کۆمیتەی لێکۆڵەرەوەکانی ٩/١١ بەڵگەنامەیەکیان ئاشکراکرد کە بۆ بەشی سامانەکان بەرزکراوەتەوە لەلایەن ئەندامانی بنەماڵەکەو پارێزەرەکانیەوە، تیایدا هاتووە کەوا ئوسامە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٠ و ١٩٩٣ یاخود ١٩٩٤دا بڕی ٢٤ ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە. ئەو پارانە بەشەقازانج و مووچەی ساڵانەشی لەخۆگرتووە بەو ٨ ملیۆنەشی لە ساڵی ١٩٨٩دا بەریکەوتووە، بەڵام پێدەچێت ئەو پشکە داراییانەی نەگرتبێتەوە. (ئەو راپۆرتە ئەوەی ئاشکرا نەکردووە کە ئاخۆ ئەو مووچانەی گرتووەتەوە کە پێی دراوە کاتێك کارێك یان پرۆژەیەکی تایبەتی گرتووەتە دەست لە کۆمپانیای بنەماڵەکەدا وەك بەڕێوەبەرێکی گەنج). ئەو راپۆرتەی کۆمیتەی ٩/١١ دەریخستووە کە ئوسامە ساڵانە بڕی ١ ملیۆن دۆلاری بەرکەوتووە، بەڵام پێدەچێت ئەمە زۆر وورد نەبێت. داهاتی ساڵانەی رەنگە لەنیوەی ئەو بڕە کەمتر بووبێت، بە مووچەی کارکردن و پلە بەرزکردنەوەو پاداشتەوە هەروەها ئەو تەنیا جارەی کە میراتیەکەی تیا بەشکرا لەساڵی ١٩٨٩. سەرەڕای جیاوازی لە ووردەکاریەکاندا، ئەم هەموو گریمانە خاوەن سەرچاوە باشانە لەبارەی

میراتیەکەی بن لادنەوە کۆکن لەسەر چەند خاڵێك. ئەمانە چەند شتێك دەخەنەڕوو: ئوسامە دەوڵەمەند بوو، بەڵام جێگەی سەرسوڕمان نییە، چونکە لەدوای مردنی سالم راستەوخۆ پارەیەکی زۆری وەرگرتو یەکسەر ئەل قاعیدەش لەدایك بوو. بەڵام لەدوای ئەوەی بەکر جڵەوی کارەکانی گرتە دەست سالم هێشتا هەر برابەشێکی گیرفان پڕبوو لە گرنگترین کارەکانی بن لادن دا.

لەدوای رێکخستنەوە کۆمپانیای محەمەد بن لادن شەست خاوەن پشکی هەبوو، کە بریتی بوون لە هەموو کوڕەکانی محەمەد، بێجگە لە سالی کۆچکردوو عەلی شاربەدەرکراو. سەرجەمی ئەو بیستو نۆ کچەی محەمەدو بێوەژنەکانی، هەروەها سێ منالەکەی سالم. (گروپی نوێی سعودی بن لادن) دروستکرابوو بۆ ئەوەی ببێتە هۆکارێکی بەرهەمهێنانی پارە لەژێر سەرپەرشتی بەکردا، تەنیا بیست پشکداری هەبوو. هەمووشیان کوڕەکای محەمەد بوون. ئەو بەشانەی کۆمپانیای SGB بەیەکسانی دابەش نەکرابوون. وەك بەڕێوەبەر کەمتر لە ٢٥٪ی پشکەکانی هەبوو. تەنها چوار لەو کوڕانەی کە زیندوو بوون هاوبەش نەبوون لەو کۆمپانیایەدا ئەوانیش عەلی، یەسلام، ئیبراهیم و شەفیق.

لەهەمان ئەو کاتەی کە بەکر هەوڵیدا موڵکەکانو کارەکانی باوکی رێکبخاتەوە، ویستی موڵکەکانی سالمیش رێك بخاتەوە. سالم وەسێتی نەنوسیبوو، بەڵام ئەمە لەخودی خۆیدا کێشەیەکی گەورە نەبوو، بەڵام بەهەرحاڵ، بەهۆی ئەوەی بەپێی یاسای ئیسلام شوناسی ئەو کەسانەی لەدوای ئەمەوە بەجێماون دیار بوون، کە بریتی بوون لە دایکی و (کاری) خێزانی و سێ منالەکەی، گەرچی سالم سامانێکی پەرش و بڵاوکراوەی زۆری لەدوای خۆی بەجێهێشت کە بە هەموو جیهاندا بڵاوکرابووەوە.

لە ٤ی حوزێرانی ١٩٨٤دا، چووە دادگایەکی ئیسلامیی لە جەددە بۆ ئەوەی ببێتە سەرپەرشتیاری شەرعی موڵکەکانی سالم. نزیکەی دوو مانگ دواتر دادوەرێکی سعودی لەسەر ئەو پۆستە رەزامەندی پیشاندا. دوای ئەو شایەتیە نوسراوەی بەکر دادوەر بۆی دەرکەوت کەوا سالم "وەسێتێکی زارەکی کردووە بەوەی بەکری برای وەك بەخێوکەرو سەرپەرشتیاری کوڕەبچووکەکانی دانراوە. هەروەها ئەو جۆرە لێدوانەی هێشتووەتەوە تا مردنی". دادگا کۆمەڵێك رێنمایی بۆ بەکر دەرکرد، وەك ئەوەی دەبێت"کەسێکی لەخواترس بێت چ بەنهێنی یان بەئاشکرا".

بەپێی یاسای ئیسلام هیچ یەکێك لەبراکانو زڕ براکانی سالم نابنە میراتگری سالم لە موڵکە تایبەتەکانیدا. ئەمەش پرسیارێکی فێڵاوی لەخۆگرتبوو بۆ ئەندامانی بنەماڵەکە، چونکە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان موڵکە تایبەتەکانی سالم و ئەو کارە بازرگانیانەی بنەماڵەکەی کە ئەم سەرپەرشتی دەکردن هەرگیز دیار نەبوو. فڕۆکە تایبەتەکانی سالم موڵکی کۆمپانیاکان بوونو بەکریش هێشتینیەوە بۆ ئەوەی کاری کۆمپانیاکانی پێ راپەڕێنێت. موڵکەکانی سالم لە فلۆریدا ئۆفلی چەیس، وا ناسرابوون کە موڵکی تایبەتن. بەهەر حاڵ، بەکر داینان بۆ فرۆشتن. لەفلۆریوو تێکساس و ئەڵمانیا چەند پارێزەرێکی بەکرێ گرت بۆئەوەی دوای ئەو داوایانە بکەون سەبارەت بەو مەسەلە داراییە هەڵپەسێردراوانەی کە رەنگە بە قازانجی کوڕەکانی سالم کۆتاییان بێت.

لەمیانەی ئەم لێکۆڵینەوانەدا بەپێی وتەکانی تۆماس دێتریش، غالب بن لادن کە بۆ بەکر کاری کردووە، دیترشی تاوانبار کردووە بەوەی بەخراپی یەکێك لە حیسابە بانکیەکانی بەکارهێناوە کە لە ئەڵمانیا هێشتوویەتیەوە بۆئەوەی خەرجی سەرکێشیە لەبننەهاتووەکانی سالی پێبدات لە ئەوروپادا. دێتریش دەڵێت کە ئەو پارانەی هاتوونەتە سەر ئەو حسابە بەشێوەیەکی یاسایی بووەو لە هەرکاتێکدا پارەی لێ خەرجکرابێت بەشێوەیەکی راستەوخۆو نا شیاو ئەوا بە فرمانی سالم بووە. هەروەها دەڵێت جارێك سالم لەناو فڕۆکەیەکی بێ بزوێنەردا فڕۆکەکەی داوە بەو، بەڵام ئەو کارە بەشێوەیەکی نوسراو نەبووەتە رێکەوتننامە لەنێوانیاندا. بەپێی ئەو ووتانەی دواتر لەلایەن پارێزەرێکەوە پشتڕاست کراوەتەوە، دیتریش ئەو فڕۆکەیەی فرۆشتووەو پاشان پارەکەی گێڕاوەتەوە بۆ بنەماڵەی بن لادنەکان. ئەو زنجیرە رووداوە وایکرد هەندێك کینە بەرانبەر بەکر لەدڵ بگرێت. بەجیا، بەکریش رازیبوو بەوەی رێکەوتن ئەنجام بدات بەوەی ١ ملیۆن دۆلار بدات بە هاوبەشە ئەمەریکیەکانی لەپێناو کۆتاییهێنان بەو ناکۆکیەی لەسەر گرێبەستەکانی تۆڕی تەلەفونی سعودیە هەبوو، ئەوانەی بۆ سالم دەرچوون. بەهەمان شێوە بەکر لە تێکساس چەند پارێزەرێکی بەکرێ گرت بۆ چاودێریکردنی ئەو سەنتەری بازارکردنەی کە سالم لەگەڵ پارێزەرەکەیدا ئەنجامی دابوو، بەڵام هیچ کاریکیان ئەنجام نەدا لەو مەسەلەیەدا.

یەکێك لەو رۆژانەی کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکاندا گەورەترین پارەی تیا گەڕایەوە لەسەر حیسابی دی هاوارد بوو، ئەو کەسەی بە پێشەنگی بواری فڕۆکەوانی دادەنرێتو لەرێگەی

گرێبەستێکەوە کە لەرێی سالەوە دەستی کەوت فڕۆرکەکەی شا فەیسەڵی نوژەن کردەوە کە جۆری لاڤش ٧٤٧بوو. لە گرێبەستێکی جیاوازدا لە پرۆژەی فرۆکەکە، کەمتر لە یەك ملیۆن پاوەنی بەریتانی خستبووە وەبەرهێنانەوە هەروەها گەرەنتی یەك ملیۆنی دیکەشی دابوو بۆ پەرەپێدانی هەندێك تەکنەلۆجیای داهێنراو لە بزوێنەری هەندێك فڕۆکەی تایبەتدا بۆ ئەوەی مەودای فڕینی زیاتر بکات، ئیان مۆرەو کە لەم پرۆژەیەدا بەشداربووە، پێی وایە کە هاوارد سودێکی باشی لەسایەی ئەم تەکنەلۆژیایەوە دەستکەوتووە بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی ئەوتۆ بدات بەو هاوبەشەی کە پرۆژەکە بەپارەی ئەم هەڵسوڕاوە. هاوارد نکوڵی لێکردو بەکریش پارێزەری گرت لە فلۆریدا بۆئەوەی دوای ئەو مەسەلەیە بکەون. دواجار چارلس شوارترزیان دەستکەوت کە شەریکەبەشێکی گەورەی کۆمپانیای ڤێنسن ئاندئیلکنز بوو بۆ ئەوەی لەدادگا سکاڵا لە بەرانبەر هاواردو کۆمپانیاکەی بەرزکاتەوە. کێشەکە هێنرایە دادگاو لەبەردەم دەستەی سوێندخۆراندا لەناوچەی بێسکار لە تێکساس. داوای پیاچوونەوەیان کرد لەمەڕ ئەو گومانەی دادگای تێکساس بەرانبەر ملیۆنێرە سعودیەکان هەیەتی، پارێزەرەکەی دی هاوارد هیچ هەلێکی لەدەست خۆی نەدا بۆ قسەکردن لەدادگادا لەبارەی سامانەکەی سالم یاخود ناوهێنانی وەك"شێخ" شزارتز هەموو ئەو شتانەی رەتکردەوە لەبارەی شێخەوە دەوترا و هەوڵی دا سالم بەرز بنرخێنێت بەوەی هاورێی رۆناڵد ریگان بووەو هەروەها باسی لە سەرکەوتنەکانی دەکرد لە بواری کاری بازرگانی نێودەوڵەتیدا. لە کۆتاییدا، دوای شەش هەفتە لە دادگاییو وەرگرتنی شایەتیەکانی مۆنرۆو دی هاوارد، مۆنرۆ بەدەنگێك کە لە متمانە بەخۆبوونەوە سەرچاوەی گرتبوو شایەتیەکانی خۆی دا، بە شێوەزارە بەریتانیەکەی، (ئەوی تریان بە هەڵەشەیی شەڕی خۆی کرد لەسەر شێوازی دەمەبۆڵەی ناوچەی تێکساس). لەکۆتاییدا بەرەی بن لادن بردیەوە. دەستەی سوێندخۆران بڕی ٦ ملیۆن دۆلاری گێڕایەوە وەك موڵکی تایبەت بە سالم، بەڵام دواتر رێکەوتنێك کرا بە نیوەی ئەو بڕە پارەیە.

بۆئەوەی بەکر بتوانێت سکاڵا لە بەرانبەر هاوار تۆمار بکات، بەکر ناچار بوو هەندێك دۆکیومێنت پڕبکاتەوە لە سیستمی دادگای تێکساس، لەیەکێکیاندا، ئاماژەی بە رادەی درێژبوونەوەی دادگایی دا لە جەددە، بەهۆی گوێگرتنەوە لە بەڵگەنامەیەك بەناونیشانی "دۆخی دارایی میراتی سالم بن لادن لە ١٠ی شوباتی ١٩٩٠دا). کە تەنیا دۆکیومێنتێکی دارایی بووە لە دادگا پڕکراوەتەوە لە عەرەبستانی سعودیەدا لەبواری داراییدا) لەبارەی سالم و

موڵکەکانیـــەوە بـــەپێی ووتـــەکانی بـــەکر، ئـــەم دۆکیومێنتـــە نـــەکراوە بـــۆ ئـــەوەی ببێتـــە بەڵگەنامەیەك بۆ بڵاوکردنەوە لە دادگای تێکساسدا. ناوەرۆکەکەی ئاشکرا نیە، بەڵام یەکێك لـە پارێزەرەکان دەڵێت کە گوایە خوێندویەتیەوە، تیایدا هاتووە کە سامانی سالم بەتەنیا بە چەند سەد ملیۆن دۆلارێك مەزەندە دەکرێت. بێگومان لە یەك ملیار دۆلاریش کـەمتر بـووە. تەنانـەت ئەو بۆچوونەش هەر زۆرە، بـە ئاوڕدانـەوە لـەو هەڵپـەو کۆششـانەی سـالم لـەماوەی ئـەو چـەند ساڵەی دواییدا، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو بۆچوونە پێدەچێت نرخی موڵکەکانیشی لـە سـعودیەو میسرو ئیماراتی عەرەبیو شوێنانی تریش بە پارەی کاش حیساب کردبێت.

مەسـەلەی سـامانە تایبەتیەکـەی سـالم بـەهۆی قـەرزە گەورەکانیـەوە ئەوەنـدەی تـر ئـاڵۆز کرابوو، بڕێکی زۆر پارەی لە بانکی بازرگانی نیشتمانی قەرز کردبوو، بەڵام هـەموو کاتێـك ئـاوا بەو ئاشکراییە دیار نەبوو، لانی کەم بۆ هاوبەشە بیانیەکانی لەدەرەوە. ئـیتر دیـار نـەبوو ئـاخۆ ئەو پارەیە بۆ کارە تایبەتەکانی خۆی یان بۆ راپەڕاندنی کـاری کۆمپانیـا ئـەنجامی دەدا. بـەپێی ووتەی دوو کەس کە هەرووکیان لە سالم NCB ەوە نزیك یبوون، NCB ئەو بانکـەبوو پـاش مردنـی سـالم لیسـتێك قـەرزی دایـە بـەکر کـە لای سـالم بـووە ئـەویش هـەوڵی داوە بگاتـە رێکەوتنێك، ئەو بڕەی لەسەری رێککەوتون تـا ئێسـتا دیـار نیـە، بـەڵام بـەپێی قسـەی ئـەو دوو کەسە پێدەچێت بڕێکی زۆر بوبێت. غونەیم دەڵێـت" ئـەو زۆر بەکـەمی باسـی لێـدەکرد، بـەڵام بینیم کە تەواو بێزار بوو. ناچاربوو لەگەڵ کێشەکانی میراتی بەشکردندا سەرقاڵ بێت. هەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەڕ بۆئەوەی هەموو قەرزەکان بداتەوە".

رێکەوتنـــەکانی نەهێشـــتنی بابەتـــە داراییـــە هەڵپەســـێردراوەکانو هەوڵـــە بەرنامـــە بۆدارێژراوەکانی بۆ داواکردنەوەی موڵکەکانی سالم لە ئەوروپاو ئەمەریکا، رێبازی نـوێی رەوتـی جوڵەی بنەماڵەکەی خستەڕوو کـە زیـاتر لـە کـاری بازرگانیـەوە نزیـك بـوو، باشـتر رێکخرابـوو، زیاتر عەرەبیانە بوو لەکێشە و قەیرانەوە بەدوور بوو. پێدەچوو هەلێکی پێشوازی لێکراوبێـت بۆ سەردەمی دوای حوکمی سالم کە خۆسـەپێنو بـێ سـەرو بـەرەیی بـوو، بـەڵام لـە چارەی بـن لادنـەکان نەنوسـرابوو بـۆ ماوەیـەکی زۆر بەخۆشـی بـژین. دوای تێپـەڕبوونی ماوەیـەکی کـەم کاتێك ناکۆکیەکان قوڵتر بوونەوە، بەکر تووشی هەنـدێك رووبەڕووبوونـەوە بـوو کـە خسـتیانە دۆخێکەوە ناچاربێت بڕیارگەلێك بدات کە تا ئەوپـەڕی سـنوور گـرنگو ئـاڵۆز بـوو. ئـاخۆ ئـەو لەئاست ئەو رووبەڕوو بونەوەیە بوو؟ بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو دڵسۆزەیو خۆبەخشـیەی کـە

دەیکرد ئەو سڵکرنەوەیەی کە بەردەوام لەگەڵیدابوو هەموو کاتێك ئەو پرسیارەی لە مێشکیدا لەخۆی دەکرد: ئەگەر سالم بوایە چی دەکرد؟

## ٢٦- ئەمەریکا لەجوڵەدایە

شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ ی ئێران، بەهەزاران خانەدانی فارسی دەربەدەری وڵاتانی دەرەوە کرد. زۆربەیان لە لۆس ئەنجلۆس کۆبوونەوەو لەوێ چوستو چالاکیەکانیان خستە بواری بازرگانیەوە. ئەوەی یەکەمو دووەمی لوبنانیو ئەرمەنیەکان کەسانی بازرگانی چالاکیان لێ پەیدا بوو، لەناویاندا بیناسازو خاوەن ریستۆرانتو فرۆشیارو بەڵێندەرو کۆشکەری بێ هاوتایان لێ هەڵکەوتبوو. هەندێك شوقەو باڵەخانە لەرۆژئاوای لۆس ئەنجلۆس هاوشێوەی بازاڕی گەچو کاشی ئیسپانی بوون، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە ژمارەی سعودیەکان زۆر بووبوونو گیرفانیان دوای قەیرانی دووەمی نەوت هەڵئاوساوبوو. بازرگانە گەنجەکانی ئەوەی نوێ لە جەددەو ریازو زەهرانەوە بەئۆتۆمۆبیلی پۆرشو مارسیدسەوە بەناو بیڤرلی هیلْز تێدەپەڕینو چاویلکە هەتاویەکانیان زۆر سەردەمیانە بوو، قۆڵۆنیای سەرو ریش تاشینیان تیژو زاخاوی مێشك بوون، هێندە لەبەرچاو بوون وەك ئەوەی هەردەم لەدەریای سەرمایەداریدا مەلەیان کردبێت. ژمێریارەکان کەسەیریان دەکردن پارەیان دەبینی، پارێزەرەکان پارەی پارێزەریان تیایاندا دەبینی، پارەگۆڕەرەوەکان حەقدەستی دەلاڵییان دەبینی، هەروەها زەرەنگەرەکان ئالْتونیان دەبینی. ژمارەیەکی زۆر لەبازرگانانی سعودی خۆیان لە ئەمەریکا گرتبووەوە، بەڵام زۆریان بەدەست دڵڕەقیو فێڵو تەڵەکەبازیەوە دەیانناڵاند. ئەوان تازە هاتبوونو شەرمن بوون بەڵام متمانەشیان کەم بوو هەروەها لەناو چەند گۆشەیەکدا دامابوون، سەرەڕای ئەوەش تۆڕی کۆمەڵایەتی بەهێزی ناوخۆیشیان نەبوو بۆ ئەوەی بیانپارێزیت وەك ئەوەی ئەرمەنیەکانو لوبنانیەکان چێژیان لێ دەبینی. سروشتو دابونەریتی ژیانیان هەمیشە بەباشی خزمەتی نەدەکردن. عەرەبە دەستەبژێرەکان رێزیان لەشەرەفو کەرامەتو سەنگینو سەلاریو کەمدوویی دەگرت. ئەمەریکیەکان بە هاواربوونو پاڵ پاڵێنیان دەکردو لەسەر پارە شەڕیاندەکرد. عەرەبەکان لەناوخۆیاندا ناکۆکیەکانیان بەبێدەنگی دادەمرکاندەوە، بەڵام ئەمەریکیەکان لە دادگای کراوەدا سکاڵایان تۆمار دەکرد.

سالم لەم سنوورەدا گەشەی کردبوو، بەڵام مردنەکەی شادەماری سەرەکی پەیوەندییەکانی ئەمەریکای لەگەڵ بنەماڵەی بن لادندا پچڕاند. بەدڵنیاییەوە بەکر حەزی دەکرد لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی ئەمەریکادا هاوبەشکاری هەبێت، بەڵام زۆر بە کەمی گەشتی بۆ وولایەتەکان دەکرد. لە ساڵی ١٩٨٩دا چالاکترین بازرگانی لەخاکی ئەمەریکادا خەلیل بن لادن بوو کەهەموو ساڵێك بۆ چەند مانگیك لە لۆس ئەنجلۆس دەژیاو بەتایبەتی لە هاویندا کاتێك گەرمای جەددە کەس خۆی بۆ نەدەگرت. ئەو برا بچوكو راستەقینەی یەسلامو هەروەها زربرای بەکرو ئوسامە بوو. بەخواستێکی گەورەی بازرگانیەوە هاتبووە ئەمەریکا، بەڵام وردە وردە لوس ئەنجلۆسو پارێزەرەکانی هەڕەشەی داماڵینی پارەو هێمنی ژیانیان لێکرد.

خەلیل بن لادن لەحەفتاکاندا لە زانکۆی باشووری کالیفۆرنیا بەشی بازرگانی خوێندبوو، بەڵام هەرگیز بۆی تەواو نەکرا. کەسێکی باریکەڵەو زۆر رێكوپێك بوو، تامەزرۆی زانینی دابونەریتی کۆمەڵایەتی ئەمەریکیەکان بوو، بەڵام نەریتی خۆی پاراستبوو. لەجل لەبەرکردندا کەشخە بوو بەڵام کەشو فشی نەبوو، قاتی خۆڵەمیشی "گرێگ چامپانی" لەبەردەکرد کە لە بیڤرلی هیڵز بەدەست دروستکرابوو، هەروەها پێڵاوی بالی لەپێ دەکرد. بۆ ماوەیەك رۆڵز رۆیسی سەربەتاڵی لێدەخوڕی، بەڵام دوای ئەوەی لە ئەمەریکا جێگیر بوو، خێزانەکەی بە فۆردی مینیڤانی سەوزی کاڵی کوشن قوماش هاتوچۆ پێدەکرد. بەپێی قسەی هاوەڵەکانی رۆژانە بەرێکوپێکی پێنج نوێژی دەکرد، پاش ئەوەی ئەزموونێکی کەمی لەگەڵ خواردنەوەدا هەبوو وازی لەخواردنەوەی مەی هێنابوو. لەیاری کارتی فەرەنسیدا رەحمی بە کەس نەدەکرد "لەیاری کارتدا دایکی خۆشم ناناسم" بەڵام بەپێچەوانەوە لە کاتی تردا زۆر بەرێزو بەئابڕوو بوو. کاتێك خێزانی داهاتووی لەیانەی شەوانەی بیڤرلی هیڵز بینی، هەندێك لەناسیاوەکانی پێیان وابوو رەنگە ئەوە یەکەم ئافرەت بوبێت کەوا لەدڵەوە ژوانی لەگەڵ بەستبێت.

ئەو کچە، کەسێکی نایابی بەرازیلی بوو کەناوی ئیزابێل بایما بوو، لەووڵاتی خۆیدا بەهەژاری گەورە بوو بوو پاشان کۆچی کردبوو بۆ ئەمەریکاو لە بیڤرلی هیڵز جێگیر بوو بوو. ئەو کاتەی خەلیلی بینیو دڵی داگیرکرد مناڵێکی هەبوو لە شووی پێشوویدا. بە پێی ئەو کەسانەی خەلیلیان دەناسی دەیانوت بەتەواوی شێتی ئەو کچە بوو بوو، هەروەها سەروەتو سامانی بەسەریدا باراند کەهەرگیز بەخۆیەوە نەیبنیبوو. هەندێ لەناسیاوەکانیان ئیزابێلیان وەك کەسێکی بەهێزو جەربەزە باسدەکردو هەندێکی تر وەك کەسێکی سەرسەختو زۆرویست

باسیان لێوەدەکرد. خەلیل و ئیزابێل هاوسەرگیریان لە یانەی ریڤیرا کەنتری لە بێل ئێر بەست. خێزانێکیان درووستکردو ماڵەکەیان لێوان لێو کرد لەمناڵی سعودی-بەرازیلی-ئەمەریکی، خانوویەکیان لە برێنتهوودی هاوچەرخ، لەسەر جۆنسبۆرۆ درایف کڕیو ٦٠٠ هەزار دۆلاری دا بەهەقی نۆژەنکردنەوەی لەستایلێکی رازاوەو قەشەنگدا.

لە زانکۆی باشووری کالیفۆرنیا (USC) خەلیل زەرەنگەرێکی بیڤیرلی هێلزی بینی بەناوی میشیل کازانجین کەپارچەی زۆر گرانبەهای بەبنەماڵەی بن لادن دەفرۆشت. کازانجین کڕیاری هەمیشەیی ئەلکسەندەر کاپیلۆ بوو، کە تازەدەرچوویەکی بەشی بازرگانی(USC) بوو کەخوازیار بوو بانکێکی وەبەرهێنانی بوتیك دروستبکاتو بیگەیەنێتە هەموو جیهان. کاپیلۆ کەسێکی قۆزو قژ رەشو لەخۆڕازی خەڵکی بەیکەرسفیلدی کالیفۆرنیا بوو، کە لەدوایدا بوو بە کۆکەرەوەیەکی کۆڵنەدەری پەیکەرسازیو هونەری رێنسانسی ئیتالی. کاپیلۆ لەرێی بەشی قوتابیانی دەرەکی زانکۆی (USC) خەلیلی ناسی. کاپیلۆ لە ئۆفیسە بێ کەموکوڕیەکانی باڵەخانە رازاوە هەورییەکانی سێنچری سیتی کاری دەکرد. لەسەرەتادا لەکاری بازرگانی وەبەرهێنانی خانووبەرەدا یارمەتی خەلیلی دەدا.

ئامانجی بازرگانی خەلیل تەم و مژاویی و نادیاربوو. "ئەگەر من نەزانم چی لەدەوروبەر روودەدات دەبێت بڵێم نا" ئەوەی روونکردەوە کاتێك بەڵێندەرە ئەمەریکیەکانی یەك لەدوای یەك رەتدەکردەوە. بەشێوەیەکی سەرەکی وادەردەکەوت پەرژین بەچواردەوری گرەوەکانیدا بکات لەبەرامبەر گێروگرفتی سیاسیی عەرەبستانی سعودیەدا، هەوڵی دەدا بڕێکی باش موڵكو کاری خانووبەرەی ئەمەریکی دابمەزرێنێتو چالاکی بازرگانی هەبێت بۆ ئەوەی ساڵانە ٢٠٠ تا ٣٠٠ هەزار دۆلار پاشەکەوت بکات لەدەرەوەی شانشینەکە. هەمەکارەی دەکردو بەبەردەوامی بیرۆکەی تازەی دادەهێنا. هەروەك زۆرینەی ئەندامانی بنەماڵەکەی، سەرنجی بۆ لای وەبەرهێنانی بەرجەستەدا دەڕۆشت وەك خانووبەرەو بەکرێدانی فڕۆکە، هەروەها مەیلی بۆ ئەنجامدانی هەندێك کاری سەرەرۆیی نائاسایی هەبوو.

لەماوەیەکی کەمدا، خەلیل کۆمپانیایەکی بەناوی یەکێتی کابیلتان لە ولاتی دیلاویر تۆمارکردو بەپێی دۆکیومێنتەکانی کۆمپانیا، ئەلیکس کاپیلۆ بۆ ماوەیەك وەك سەرۆکی کۆمپانیاکە خزمەتیکرد. کابیلتان بینایەکی یەك قاتی لەخشتی سوور دروستکراوی لە کارلتۆنی تەکساس لە دەرەوەی دالاس کڕی، کە نزیکەی ٥ میل لە باکووری رێگای خێرای

لاینــدۆن جۆنســنەوە دوور بــوو. لــەنزیك گارلانــد لــە ٣٧٣٧ دایڤیــدینت درایــڤ، کۆمپانیاکــە کۆگایــەکی گــەورەی کــڕیو بەکارگەیــەکی پیشەســازی بەکرێیــدا. بازرگانیــەکانی تــری زۆر سەیربوون. لەڕێی دامەزراوەی کاپیلۆوە، خەلیل بەشێکی بەقـەرز بـۆ گۆرانیبێـژی میللی کینـی رۆجەرس کڕی، ئەویش کڕینی ئەسپێکی عەرەبی بوو کە ناوی نوجاد بوو، نرخەکەی نزیکەی بـە ١٠ ملیـۆن بـۆ ٢٠ ملیـۆن دۆلار دەخـەملێنرا. ئـەو بەخێوکـەرەی کەئەسـپەکەی فرۆشـتبوو کێڵگەیەکی لەباکووری کالیفۆرنیا هەبوو رازی بوو بەوەی بەشێکی بەقەرز بدات بـە رۆجـەرس. لـە دوایـدا بـەهۆی ئـەوەی دەیویسـت بەشـێوەیەکی خێـرا پارەکـانی زیادبکـات، بەخێوکەرەکـە پێشنیاری فرۆشتنی قەرزەکەی بۆ کۆمپانیای کاپیلۆی کرد بەداشکاندنێکی بەرچاوەوە. کـاپیلۆ دڵنیابوو لەوەی ئەسپەکە بیمەیەکی باشی ژیانی هەیە، هەروەها خەلیلیش رازی بـوو بەشـداری لـەم ئـاڵووێرە بازرگانیـەدا بکـات، تـەنها ترسـی لـە بـەهای بیمـەی کینـی رۆجـەر هـەبوو کـە لـەگومانێکی دروسـت دەچـوو. بـن لادن لـەماوەی کـەمتر لەسـاڵێکدا قـازانجی زیـاتر لـە ٣٠٪ ی لەقەرزی گۆرانی بێژەکەدا کرد.

لەماوەی یـەکێك لەکورتـە سـەردانە ساڵانەکانی بـۆ عەرەبسـتانی سـعودیەدا، بیرۆکەیـەك بـە بـیری خلیـل و ئیزابیلـدا هـات، ئـەویش ئـەوە بـوو کەشانشـینەکە کۆگایـەکی رێکـوپێکی یـاری منداڵانی تێدا نەبوو لەوجۆرەی کەخۆیانو منداڵەکانیانی لەسەر راهاتبوو لە لـۆس ئـەنجلۆس، بـۆ نمونـە کۆگـای یـاری منداڵانـەی Toys “R” Us. هەربۆیـە بڕیاریانـدا گـەورەترین کۆگـای فرۆشـتنی یـاری منـاڵان لـە عەرەبسـتانی سعودی بکەنـەوە، ئەمـەش بوێریـەکی باشـی دەویسـت چونکە لە شانشینەکەدا زۆریك لەزانایان بووکەڵەی منداڵانەیان وەك بت دادەنا. خـەلیل هـەوڵو تەقەلای خستەگەڕ بۆ بەدەستهێنانی مـافی فرۆشـتنی یاریـەکان لـە Toys “R” Us خۆیـەوە لەڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا، بـەڵام نرخـەکان زۆر بـەرز بـوون. ( کۆمپانیاکـان کـەمافی فرۆشـتنی مارکەیەکی بەناوبانگ دەردەکەن، رەنگە سووریش بـن لەسـەر ئـەوەی ئـەو خاوەنـەی کـەمافی بریکاریەکــە دەگرێتــە ئەســتۆ بــەکردار رۆڵــی تێروتەســەل بگێڕێــت لەبازرگانیەکــەدا تــا لەسەرکەوتنی کارەکە دڵنیابن. بە پێی ئەندامێکی بنەماڵەکە، بن لادنەکان دەگـەڕان بـۆ ئـەوەی مـافی فرۆشـتنی ماکدۆناڵد لـە رۆژهـەڵاتی ناوەراسـتدا بەدەسـت بهێـنن، بـەڵام لەلایـەن بارەگـا سەرەکیەکانی ماکدۆناڵدەوە بۆیـان دەرکـەوت کـەدەبێت خاوەنـەکانیان بـۆ ماوەیـەکی زۆر خـولی سـورکردنەوەی پەتاتـەو هەمبـەرگر ببیـنن، لەبنەماڵەکـەدا ئەمـە بـووە نوکتـە کـەدەبێت کـام

لەبراکان بنێردرێن بۆ قوتابخانەی فێربونی سورکردنەوە لە ئەمەریکادا، بەڵام لەکۆتاییدا بڕیاریاندا وازی لێبێنن. لەکۆتایدا خەلیل بڕیاریدا دەست بکات بەبازرگانی تایبەت بەخۆی، بەناوی (Toyland) تۆیلاند لە جەددە. بۆ عەمبارکردنی کۆگاکان، خەلیل لە لۆس ئەنجلۆس بازرگانێکی ئەمەریکی شارەزای لەیاری منداڵاندا بەکرێ گرت بەناوی مارك لەڤ و کۆمپانیایەکی نوێیان بەناوی دامەزراوەی بن (Bin) دروستکرد بۆ سەرۆکاریکردنی کڕینو گواستنەوەی بارەکان بەکەشتی لەنێوان ئەمەریکاو جەددەدا.

لەگەڵ گەشەسەندنی ئەم هەوڵو کۆششانەدا، خەلیل وورده وورده توشی رێوشوێنی یاسای ئەمەریکی دەبوەوە. وا دیاربوو بەباجی مولکومالٰ قەڵس بوبێت، هەروەها بۆ چەند ساڵێك قەرزی سەر ژمارەیەك لەخانووبەرەکانی دواکەوتبوو، ئەمەش وای لە پارێزەرانی حکومەتی وولایەتەکانی کالیفۆرنیاو دالاسو تەکساس کرد کە فایلی داوای مەدەنی لەدژی تۆماربکەن. هەروەها پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی ماڵەکەی لە بریتهوود بووە هۆی دروست بوونی داوای یاسایی مەدەنی لەنێوان خەلیلو بەڵێندەرە ئێرانیەکەی کە کاری خانووەکەی گرتبووە دەست لە لۆس ئەنجلۆس. ئەم مشتومڕە پێچەوانەی تەواوی نەوەیەکی ئەو خێزانە بەناوبانگانە بەڵێندەرەی خەلیلەوە بوو.[١] بەڵام گرفتە گەورەکەی لەپاش رووداوی مردنی سالم دەستی پێکرد، ئەوکاتەی خەلیل کارەکەی بۆ بازرگانیەکی نامۆ گوێزایەوە کەبریتی بوو لەبەکرێدانی بەندیخانەی تایبەتی ئەمەریکی، ئەویش لەژێر چاودێری کۆمپانیایەکی نوێدا کەخۆی دایمەزراند بەناوی کۆمپانیای ئەمەریکا ئین مەوشن (America in Motion Corporation).

ئەمەریکا ئین مەوشن لەگەڵ (BIN) لە ئۆفیسی شوقەیەکدا هاوبەشی کرد لە ١٥٢٦٠ ڤینتورا بلڤارد، کە بینایەکی گرانێت و شووشە بوو، زیاتر لە بیست ڤات بوو لە شێرمان ئەوکس لە کالیفۆرنیا، لە سان فیرناندۆ ڤالی، لە سەرەوەی گردە پڕ دارودرەختە کورتەکانی هۆلیوودەوە. کاتێك لە لۆس ئەنجلوس بوو، خەلیل جارو بار لەئۆفیسی ئەوکس شێرمان کاری دەکرد، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی کارە ئیداریەکانی رۆژانەی سپاردبووە بەڕێوەبەرو فەرمانبەرە ئەمەریکیەکان. لە کۆتایی هەشتاکاندا، ئەلیکس کاپیلۆ لە بەرچاو وون بوو بوو، لەبری ئەو فرانکلین فریساورا جێی گرتەوە کە دەڵالی خانووبەرە بوو هەروەها ئاوەڵزاوای خەلیل خۆی بوو، فریساورا خوشکە بەرازیلیەکەی ئیزابیل بایمای خواستبوو کە ناوی رێجینا

بوو، ئەوانیش لەیانەیەکی شەوانەی لۆس ئەنجلۆس یەکتریان بینیبوو. فریساورا دەزگایەکی کەیفخۆشی بۆ دامەزراوەکەی بن لادن کڕی. فریساورا لە باشوری کالیفۆرنیا گەورە بوو بوو، باوکی ئەکتەرێکی کۆمیدی بوو، هەروەها دایکیشی وەك کچێکی تازە پێگەیشتوو دوای ئەوەی لە رینگلین برۆس‌و سێرکی بارنوومو بایلی رۆڵی بینی بوو، وەك کەیفخۆشکەرێك ژیانی گوزەراندبوو. فریساورا لەگەڵ کوڕەکانی (Mo Austin)مۆ ئۆستین، سەرۆکی پێشووی تۆمارگەی برایانی وارنەر (Warner Brothers Records) رۆیشتبووە فوتابخانە. بن لادنەکان بەهۆی ژنخوازی لەڕێی ئیش‌و کارەوە لەدامەزراوە جۆربەجۆرەکاندا کە بەزیاد لەنیو سەدە دادەنرا، جۆریك خزمایەتیان لەگەڵ ئەمەریکیەکان دروستکردبوو، هەروەها فریساورا هەمان نەریتی گرتەبەر کە وەك راویژکارێك‌و بەڕێوەبەرێك لەبواری خانووبەرەو پرۆژە بازرگانیەکانی تریش کاری بۆ خەلیل دەکرد.

کۆمپانیای ئەمەریکا ئین مەوشن لەسەرەتادا پەنای بردەبەر بەکرێدانی فڕۆکە، بەڵام ئەمە دەرەنجامی باشی نەبوو. یەکێك لە کڕیارە پێشووەکانیان بەناوی ستیڤان مەکیم کەسەرۆکی کۆمپانیایەکی بچوك بوو لە باکووری کالیفۆرنیا بەناوی فڕۆکەی نیودەوڵەتی ماگنوم، یەکێك لەوەبەرهێنەرەکانی کلینت ئیستوود بوو، ئەو ئەکتەرەی کەناوبانگی دەرکرد بەهۆی بەهێزی ماگنومەکەی‌و فیلمەکانیەوە بوو. فڕۆکەی نێودەوڵەتی ماگنوم بارەگاکەی نزیك بوو لەماڵی ئیستوود لە کارمیل، کەخەریکی ئامادەکردن‌و رێکخستنی کەرەستەو شوێنی نیشتنەوەی هەلیکۆپتەرەکان بوو. بەپێی دۆکیومێنتەکانی دادگا، لەبەر چەند هۆکاریکی ئاڵۆز، مەکیم، خەلیلی رازیکرد بۆ کڕینی فڕۆکەیەکی جەنگی ئیسپانی دوو بزوێنەری بەرهەمی ١٩٥٨و بەکرێدانەوەی بە ماگنوم. داریوس کەیتۆنی جێگرەکەی مەکیم لەکۆمپانیاکەدا، لەدوایدا رایگەیاندبوو ماگنوم "کۆمپانیایەکی بچوك بوو، بارەگاکەی لە مۆنتیری بوو، هەروەها بازرگانی لەدەرەوەی وولاتدا نەدەکرد. هیچ یەکێك لە فەرمانبەرەکانی ماگنوم گەشتی گرنگیان ئەنجام نەدابوو. دواهەمین شت کە پێویست بوو بریتی بوو لەکڕینی فڕۆکەیەك کەبایی ٢٢٥ هەزار دۆلار بوو".

بەهەرحاڵ، دوا بەدوای کڕینەکە، ماگنوم لەدانەوەی قەرزەکانی وەستا. کۆمپانیای ئەمەریکا ئین مەوشن سکاڵای تۆمارکرد. پارێزەرەکانی خەلیل بن لادن تەنها داوایان لەسەر مەکیم نەبوو بەڵکو کلینت ئیستودیش داوای لەسەر تۆمارکرا. لەکۆتایدا داواکە رەتکرایەوە بەبێ بڕیاردان

لەدژی بەڕێوەبەرەکەی یان هیچ پارە دانەوەیەك. کۆمپانیای ئەمەریکا ئین مۆشن دەستی لەفڕۆکە کۆنەکە هەڵگرت کە بۆ هەوادارانی فڕین گونجاو بوو.

جگە لە ئاوەڵزاواکەی، خەلیل پشتی بە ئامۆژگاری موسارات عەلی خانیش بەستبوو، کەجۆرە کەسێکی ئاڵۆز بوو، سمێڵێکی سەردەمی کۆڵۆنیالی هەبوو. لەیەکێك لە دۆکیومێنتەکانی دادگادا وەك "ژمێریارێکی ڕێگەپێدراو لە پاکستان" ناوی هێنرابوو، کە لەدوایدا وەك فەرمانبەرێك بۆ بنەماڵەی بن لادن لە جەددە نیشتەجێ بوو. کاتێك یەکەمجار خەلیل کۆگای تۆیلاندی لە عەرەبستانی سعودی کردەوە، علی خان لەوێ کاری لەگەڵیدا کرد. پاشان ڕۆیشت بۆ لۆس ئەنجلۆس بۆ ئەوەی لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیای ئەمەریکا ئین مەوشن یارمەتی بدات. خەلیل مانگانەیەکی زیاتر لە پێنج هەزار دۆلاری پێ دەدا. عەلی خان بەچواردەوریدا دەگەڕا بۆ مامەڵەی بازرگانی کەجێگای سەرەنجی خەلیل بێت. لەماوەی هاوینی ساڵی ١٩٨٨ داو لەهەمان ئەو مانگانەی ئوسامە بن لادن بە نهێنیەوە خەریکی دروستکردنی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بوو لە پاکستانی وولاتی راستەقینەی عەلی خان، عەلی خان وەبەرهێنانێکی دەگمەنی بۆ خەلیل ڕێکخستبوو، کەبریتی بوو لەدروستکردنی بەندیخانەی ماساچوستس.

ئەو مامەڵەیە لەدەوری کۆمپانیایەکدا دەخولایەوە بەناوی ریسەن لیزینگ، کە بارەگاکەی لەدەوروبەری ڤێرجینیای واشنتۆن دی سی بوو. کۆمپانیاکە لەساڵی ١٩٨٦ دا دامەزرا بوو کەتایبەتمەند بوو بەدروستکردنی کابینەی ئامادەکراو بۆ کەرتەکانی حکومەت وەك قوتابخانەو نەخۆشخانەو کاری بازرگانی. پرۆژەکانیشی لەئۆفیسە بچوکەکانی پاسەوانانی ئاسایشەوە گۆڕا بۆ کۆگا گەورەکان. بۆ دوورکەوتنەوە لە خۆبەستنەوەی زۆری بەپارە نەختیەکانیەوە، کۆمپانیاکە دەگەڕا بەشوێن وەبەرهێنەری تایبەتدا بەمەبەستی بەشداری پێکردنیان لەگرێبەستی بەکرێدانەکانیدا. ئەمەریکا ئین مەوشن وەك دۆکیومینتەکانی دادگا باسی دەکەن ئەوەی کڕیبووی "نیوەی بەشی دیاریکراوی بەندیخانەکە بوو کە بە کۆمۆنوێڵسی ماساچوستس بەکرێدرابوو" لە هامپدەنو ناوچەکانی هامشیەر.

نرخەکەی کەمێك لە سەرووی ٥٠٠ هەزار دۆلارەوە بوو. خەلیل ئەم پارەیەی بەرزکردەوە بۆ ٧٧٠ هەزار دۆلار بەقەرزکردن لە بانکیو ئیندۆزیوز. پاشان ریسەن لەئالۆویرێکی بازرگانیدا جیاوازیەکەی بەبڕی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار دۆلار بۆ خەلیل گەڕاندەوە کە بن لادنەکان وەك

"گەڕاندنـەوەی پـارەی زیـادە" ئاماژەیـان بـۆ دەکـرد، بـەڵام عـەلی خـان پێـی دەوت "گێڕانـەوەی پارەی دزراو" هەرچـەندە زۆر روون نـەبوو مەبەسـتی لـە بـەکارهێنانی ئـەو دەسـتەواژەیە چـی بوو. خەلیل وا دیاربوو پارەی کاشی زیاتری بەکاری دەهێنا بۆ دانەوەی قەرزە بـەش بەشـەکانی بانکیو ئینـدۆزیوز. ئەرکـەکانی سەرشـانی خـەلیل لـە لـۆس ئـەنجلوس دەسـتی بەکەڵەکـە بـوون کردبوو، بۆ نمونـە تێکـڕای قـەرزی بـانکیو ئینـدۆزیوز ٣ ملیـۆن دۆلاری تێپەڕانـدبوو، ئەمـەش بەپێی نوسینەکانی ئەم دواییەی عەلی خان کە لەساڵی ١٩٨٩دا بـۆ خـەلیلی نوسـیبوو. سـەرەنجام خەلیل نەیتوانی لـەوادەی خۆیـدا هەنـدێك لـەو قەرزانـە بداتـەوە، لەبەرئـەوە کەوتـەخۆی بـۆ فرۆشتنی هەندێك لەو موڵکانەی کە لە لۆس ئەنجلۆس لەبواری وەبەرهێناندا بوون بۆ دانەوەی قەرزەکانی.

لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٨٩ دا کۆمپانیای ئەمەریکا ئین مەوشن لەگـەڵ ریسـەندا دانوسـتانی دەسـتپێکردەوە سـەبارەت بەمامەڵـەی بەکرێـدانی بەندیخانـە. بـەپێی تۆمارەکـانی دادگـا، لەبەرئەوەی پشکێکی گواستنەوە داراییـەکان بـەهۆی ئـەم پـارە بۆدابینکردنـەوە خرایـەوە گـەڕ، یەکێك لە پارێزەرەکانی خەلیل لە بـیڤیرلی هیڵـز بـەناوی رۆن گۆڵـدی متمانـەی پێـدرا تـا بـڕی ٢٢٧٥٠٠ دۆلار وەربگرێـت. لەپاشـاندا گۆڵـدی رازی بـوو بـەوەی کـە ١٣٠ هـەزار دۆلار لـەو پارەیـە بـدات بـە موسـورات عـەلی خـان، لەبەرئـەوەی خـەلیل قـەرزاری ئـەو بـووە وەك بەشـێك لـەو رێکەوتننامە بازرگانیە زارەکیانەی لەنێوانیاندا هەبووە. تێکەڵو پێکەڵیەکە ئاڵۆزتر بوو لەبـەر ئەو راستیەی کـە خـەلیل هـەوڵی دەدا چـاودێری ئـاڵوویری بازرگـانی بەندیخانەکـە بـە فـاکسو تەلەفۆن لە جەددەوە رێکبخات، کە بۆ زستان و بەهار گەڕابووەوە سعودیە.

لـەرێی نوسـراوی هـەردوو کۆمپانیـای (BIN) و ئەمـەریکا ئـین مەوشـن، عـەلی خـان چـەند جارێك نامەی بۆ خەلیل لە جەددە نووسی، تیایـدا مێـژووی گواسـتنەوەی هاوپێچـە داراییـەکان کەلەسەری کەڵەکە بوو بوون باسکردبوو، هەروەها پسووڵەی ١٣٠ هەزار دۆلار، کە ئـەو پارەیـەی وەك "قەرز" وەسف کردبوو کە دانرابوو بـۆ کۆمپانیـای (BIN) لەسـەر "گـەرەنتی کەسـایەتی خـۆی". خـەلیل چـەند پرسـیارێکی گومانـاوی بـۆ فـاکس کـردەوە. "تکایـە درێـژەی ئەمانـەی خوارەوەم بۆ بنێرە لەسـەر ئـەو قـەرزەی ووتـراوە"، نووسـیبووی "مەبەسـت لـەو قـەرزە چـیە، بۆچـی ئێمـە ئـەو قـەرزەمان کـردووە، راسـتی بـەکارهێنانی ئـەم قـەرزە بـۆ چـیە... کـەی ئـەو قەرزەمان وەرگرتوە، خاوەن قەرز کێیە... ئەگەر رێکەوتننامەیـەکی قـەرز هەیـە... وێنەیـەکیم

بۆ فاکس بکە". عەلی خان هەوڵیدا بۆئەوەی رازی بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. لە سەرەتای مانگی حوزەیراندا، خەلیل لە جەددەوە نامەیەکی بۆ نووسی: "ئەو فاکسانەی بۆ ئێمەت ناردووە هێشتا تەماویەو روون نیەو لە زۆریك لەناوەرۆکەکاندا لەگەڵت نیم. تکایە درێژەی تەواوی زانیاریەکان بنێرە بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە ١٣٠ هەزار دۆلارە قەرزەکەوە هەیە کە دەڵێیت لەسەر بیمەی کەسایەتی خۆت بووە".

خەلیل رۆیشت بۆ لۆس ئەنجلۆس و قسەی لەگەڵ پارێزەرەکانو جێبەجێکارەکان کرد کەلەو بابەتەوە گلابوونو گەیشتنە ئەوەی "ئەو ١٣٠ هەزار دۆلارە گزییەك بووە لە لایەن عەلی خانەوە" ئەمەش لەو بەیاننامە نوسراوەدا باسیکردبوو کە لەدوایدا لە دادگا تۆماریکردبوو. عەلی چیتر نەدەهات بۆ سەر کار. لە ٢٢ ئەیلولی ساڵی ١٩٨٩ دا خەلیل بن لادن رۆیشت بۆ بنکەی پۆلیسی ڤان نویس لە سان فرانسیسکۆ ڤالیو چووە لای ئەفسەرێكو داوای لێکرد فایلێکی سکاڵای تاوانی بۆ بکاتەوە. بەم رەفتارەی هەنگاوێکی تری نا بۆ ناو زۆنگاوی سیستمی یاسایی ئەمەریکی. لەسەرەتادا خەلیل زۆر دڵنیا نەبوو لەوەی " ئایا ئەوە دەبێت بچێتە فایلی تاوان یان تەنها داوای مەدەنیەوە" ئەوە حاڵەتێك بوو کە خەلیل دەبوو تەنها سکاڵا لەسەر عەلی خان تۆماربکات تا پارەکەی دەستبکەوێتەوە، وەك لەوەی بڕواتە بنکەی پۆلیس. ئەوە چووبوە مێشکیەوە کە ئەو قوربانی دەستی تاوانێك بووە لە ژێر یاسای ئەمەریکیدا. خەلیل لەیادیبوو کە پۆلیس "سەرەوخواری زۆری پێ دەکرم، تا لەکۆتایدا یەکێك لە پۆلیسەکان پێی ووتم "باشە ئەم فۆرمە پڕبکەرەوە".

لەلێکۆڵینەوەیەکدا پارێزەری ناوچەی ڤان نویس، عەلی خانی تاوانبارکرد بەتۆمەتەکانی دزینی پارەی پێسپێردراو، پۆلیس فەرمانی دەستگیرکردنی دەرکرد. داواکارە گشتیەکان لەدانیشتنێکی دادگادا گفتوگۆی ئەوەیان دەکرد کە ئەو پاکستانیە "لەوانەیە یەکێك بێت لە دزە نێودەوڵەتیەکانو لە پاریس کەسێکی داواکراوە بۆ دزینی پارەی بانك ".

بەهەمان شێوە خەلیل سکاڵای لەدادگای مەدەنیشدا تۆمارکرد. عەلی خان چەند پارێزەریکی گرت کە لەتەمموزی ساڵی ١٩٩٠ دا بانگی خەلیلیان کرد بۆ ژوورێکی کۆنفرانس بەستن لەباڵەخانە بەهەورداچووەکانی ناوشاری لۆس ئەنجلۆس بۆ پێنج رۆژی سەختو گرانی گەواهی دان. پارێزەرەکانی عەلی خان بن لادنیان هەڵپروکاند بەپرسیارکردن دەربارەی مێژووی ئەمەریکا ئین مۆشن، هەروەها قەرزە دواکەوتووەکانی لە بانکی ئیندۆسیوزو بانکەکانی تر، ئەو

بڕیـارەی بەتۆمــەتی تـاوان لـە بنکـەی پـۆلیس دژی عـەلی تۆمـاری کردبـوو، ئـەوان تەنانــەت پرسیاریان لـە خـەلیل کـرد کەدەیـەوێت تۆڵەبکاتـەوە لەفەرمانبـەرە پێشووەکەی، لەبەرئـەوەی هەردووکیان حەزیان لە ئافرەتێك دەکرد لە ئۆفیسی شـێرمان ئـەوکس، (خـەلیل بـە "نـەخێر" وەڵامی دایـەوە). یـەکێك لـە پارێزەرەکـان کـە لەلێپێچینەوەکەدا بەشـداری کردبـوو، لەدوایـداو لەبەیاننامەیــەکی نووســراودا باســی راســتەقینەی ئــەو دیمەنـــە دەردەخــات کــە لــە ژووری کۆنفرانسی باڵەخانە بەهەور چووەکەدا وەك پرۆسەی لێپرسینەوە بەڕێوەچوو:

لەسەر هەندی خاڵ، بن لادن دەیوت کەوا من هەمان پرسیارم چەند جارێك دوبـارەو دوبـارە کردۆتەوەو وادەردەکەوت پەست بوبێت. من لە دوایدا پرسـیارێکم کـردو، هـەروەها لـەو کاتـەی کە بەباشی بیری لەوەڵامەکەی دەکردەوە، مستەر بن لادن هەستا لەسەر کورسیەکەیو لـەژووری گەواهیدانەکـەدا لەشـوێنێکی نزیـكو لەپشـتی منـەوە پیاسـەی دەکـردو پاشـان گەڕایـەوە بـۆ شوێنەکەی خۆی کە فینکێلی پارێزەری لێـی دانیشـتبوو. مسـتەر گریموەیـد کـۆمێنتێکی لەسـەر تۆمارەکە کرد بەوشێوەیەی کەدەبێت تۆمارکراوەکە ئەوە نیشان بدات کە شایەتیەکە لەسـەرخۆ دەڕوات.... لەوکاتەدا ئالۆشی لێکەوتەوە.... مستەر بن لادن (لە نزیـك ١:٤٠ ی نیـوەڕۆدا) کەوتـە گریانو هەنسکدان، دەسـتی بەسـەریەوە نـابوو لەگـەڵ فینکـڵ، گریموەیـد لەتۆمارەکـەدا ئـەوەی خستوەتەڕوو کەوا ئەو وای لە داواکارەکەی فینکڵ کرد بگریەت...

خەلیل گێڕایەوە "ئەو فرمێسکەی لەچاومدا بوو راسـتی بـوو" پـارێزەرە بەرهەڵسـتکارەکانم لەبەرامبەر منو پارێزەرەکەمدا بێ رێز بوون ؛ "کۆمێنتی ناشـیرینیان" دەکـردو پرسـیاری پـڕ "پلارو توانجیان"دەکرد:

پرسیارە دووبارەبووەکانو هەراسانکردنەکە سەرەنجام گرتیـانم... فشارەکە پەیوەنـدییان بـە "بەرتیلـەوە" یـان هەڵسـوکەوتمەوە نـەبوو، بـەڵکو زیـاتر بـەردەوامبونی لێشـاوی پرسـیارەکان بوو..... کە خۆهەڵقورتاندنە بۆ ناو ژیانی تایبەتیمەوە. ئەوە بەس بـوو بۆئـەوەی وا لـەپیاوێك بکـەن بـیری دادگـای شـەریعەتی ئیسـلامیی بکاتـەوە، خـەلیل هێشـتا سـنوورەکانی توڕەبـوونو هەڵچونی خۆی نەزانیبوو.

نزیکەی شەش هەفتە دوای دادگەریە سەختەکەی خـەلیل، دوو ئەفسـەر لـە کـەرتی پۆلیسـی لۆس ئەنجلوس بە یاوەری ژنێکی بەرازیلی بەناوی ئیلیزابیس بۆرجس لـە بـەردەرگای ماڵەکـەی بن لادن دا لە برنیتوود دەرکەوتن. فەرمانبەرەکان داوایان کرد قسە بکەن لەگەڵ مارتـا سـیلڤاو

ئۆریا داسیلڤا، ئەو دوو ژنە بەرازیلییەی وەك کارەکەرو دایەن کاریان بۆ خێزانی خەلیل بن لادن دەکرد. کاتێك دوو ژنەکە دەرکەوتن پۆلیس پرسیاری لێکردن دەربارەی بارودۆخیان لە شوێنی کارەکانیان؛ بۆرجس قسەکانی لە نێوان پرتوگاڵیو ئینگلیزیدا بۆ وەردەگێڕان. وەك بۆرجس لە دوایدا ئاماژەی پێدەکات، مەبەستی پرسیارکردنی پۆلیسەکان بریتی بوو لەوەی ئەو دوو کارەکەرە "نەیاندەتوانی ماڵی بن لادن بەجێ بهێڵنو ڕێگریان لێکرابوو لەڕۆشتن بەهۆی هەڕەشەکردن و داواکردنی دانەوەی پارە" بە خاوەن کارەکانیان.

لەدوایدا بۆرجس لەدۆکیومێنتەکانی دادگادا مەبەستی سەردانەکەی روونکردبوەوە. ئەو لەمانگی حوزەیراندا تەلەفۆنی بۆ کرابوو وە پێی ووترابوو کە مارتا سیلڤا "بەزۆر کاری پێدەکریت" بۆ بن لادنەکان "بۆ چەند کاتژمێرێکی زۆرو بەبێ رۆژی پشوو یان هیچ پشوودانێك، هەروەها پارەی پێ نەدەدرا بۆ ئەو کارانەی ئەنجامی دەدان" بۆرجس رازی بوو تا پەیوەندی بەکونسوڵی بەرازیلیەوە بکات لە لۆس ئەنجلۆس، بەڵام کاتێك پەیوەندی پێوەکردن بۆی دەرکەوت "هیچ ناکەن". (لە جەددە خەلیل دیاریکرابوو بۆ کونسوڵی فەخری لە بەرازیل، ئەوە پۆستێك بوو دانرابوو تا یارمەتی ئاسانکاری بازرگانی نێوان وولاتی سەرەکی خێزانەی (بەرازیل) لەگەڵ عەرەبستانی سعودیدا بدات. کونسولخانەکە بە بۆرجسی راگەیاندبوو ئەگەر هەستی کرد گرفتێکی گەورە هەیە، پەیوەندی بکات بە پۆلیسی لۆس ئەنجلۆس، بۆرجس کارەکەی ئەنجامدا. دەستی بەکارەکانی کرد، لەبەیاننامەیەکی دادگادا نوسیبووی، بەهۆی ئەوەی لەو بڕوایەدا بوو کە بن لادنەکان "مافی دەستووریەکانی خزمەتکارەکانیان پێشێل کردبوو، بەوەی لەو کارانەدا هێشتبویاننەوە کەپێچەوانەی خواستی خزمەتکارەکان بوون". بۆرجس بانگەشەی ئەوەی کرد کەخزمەتکارەکان پێیان وتووە کە:

"ئەوان هەردووکیان پێویست بوو لەسەریان رۆژانە ١٨ کاتژمێر کار بکەن بەبێ پشوو پێدانیان بۆ نان خواردنی بەیانیو نیوەرۆو ئێوارە. ئەوان هەرگیز رۆژی پشوویان پێ نەدرابوو، حەوت رۆژ لە هەفتەیەکدا کاریان دەکرد. ئەوان هەرگیز بەراستەوخۆ پارەیان لەبەرامبەر کارەکانیان وەرنەگرتووە نە بە چەكو نە بە کاش. رەفتاری ئیزابێل بن لادن بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵیاندا زۆر ناشیرین و بێ رێز بووە. جوڵانەوەیانو رۆیشتنیان بۆ دەرەوە لەکۆمەڵگە خێزانیەکەی جەددە یان لۆس ئەنجلوس زۆر کەمو سنووردار بوو. بن لادنەکان لێدوانێکیان بەگوێی خاتوو سیلڤا دابوو کەوا فەرمانبەرە کۆنەکان هەوڵیان دەدا

هەڵبێنو لەکارەکانیان رابکەن، بەڵام دەگیرانو دەبوایە باجەکەشی بەدەر لەپارە بەشێوازی تریش بدایە.

دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ دوو ژنە بەرازیلیەکەدا، بەڵام پۆلیسی لۆس ئەنجلوس هیچ رێو شوێنێکی نەگرتەبەر. هەردوو فەرمانبەرەکە بۆ رۆژی دوایی ماڵی بن لادنیان بەجێهێشت. بەپێی بن لادنەکان، بۆرجس رازیبوو بۆ ئەوەی دەستبەجێ گەشتی ئاسمانیان بۆ رێکبخاتو بەرەو بەرازیل بگەرێنەوە لەبری ئەوەی لە لۆس ئەنجلۆس بمێننەوە.

بن لادنەکان رایانگەیاند دەرهەق بەو پروپاگەندانەی دژی ئەوان دەوترێت زۆر پەست بوون، بۆیە یەکسەر داوای یاساییان دژی بۆرجس تۆمارکردو تاوانباریان کرد بەوەی کەهاوکاری خزمەتکارەکانی کردووە تا لەو رێکەوتننامە کارکردنەی لەنێوانیاندا هەبووە هەڵبێنو هەروەها تۆمەتباریان کرد بە بوختانکردن بەئامادەیی دوو ئەفسەری پۆلیس، لە سکاڵا نامەکەیاندا ئەوەیان روون کردبوویەوە بەهۆی ئەوەی کە خەلیل و ئیزابێل:

"لەرادەبەدەر گەشت دەکەن، هەروەها بە هۆی ئەوەی مستەر بن لادن پابەندبونی قورسی بازرگانی هەیە، لەبەرئەوە پێویستە کە کارمەندی ناوماڵیان هەبێت تا لەگەڵ خۆیان گەشتیان پێ بکەن بۆ ئەوەی چاودێری پێنج منالەکەیان بکەن. خاتوو سیلڤا و خاتوو داسیلڤا رازی بوون بەوەی لەگەڵیان برۆن بۆ عەرەبستانی سعودی بۆئەوەی ئاگاداری پێنج منالەکەی بن لادن بنو کاری سووکی ناوماڵیان بۆ بکەنو هەروەها ناوبەناویش چێشت لێبنێن لەماڵە جۆراو جۆرەکانو پشووە ناوخۆییەکاندا، بە مەرجی ئەوەی ئەگەر خاتوو سیلڤا و خاتوو داسیلڤا حەز بەکۆتایی هێنانی کارەکانیان بکەن دەتوانن دەستبەجێ بۆ بەرازیل بگەرێنەوە. بەپشت ئەستووری ئەم بەڵێنانە، بن لادنەکان ڤیزای بەنرخی عەرەبستانی سعودیان بەدەست هێنا".

لەژێر یاسای کۆچبەرانی ئەمەریکیدا سکاڵاکە بەردەوام بوو، بن لادنەکان بەرپرسیار بوون لە شوێنکەوتنی خزمەتکارەکانیان "لەهەموو کاتێکدا". ئێستا کەوا ژنەکان لەبەرچاو نەماون، بنەماڵەکانیان رەنگە توشی گرفت بێت چونکە لەوانەیە چیتر نەتوانن لەداهاتوودا ڤیزای ئەمەریکی بۆ یارمەتی کاروباری ماڵەوەیان بەدەست بهێنن". ئەوان "نارەحەتی بەسۆیان" لەو روداوانە لەگەڵ پۆلیسدا چەشتبوو، نووسیبویانو رازی بوون بەوەی کەرێگە دەدەن خزمەتکارەکان برۆنو بگەرێنەوە بۆ وولاتی خۆیان بەتەنها "بۆ ئەوەی ئەو شەرمەزاریە

لەسەر خۆیان لابەرن ( کە لەوانەیە بە شێوەیەکی خراپ کاریگەری لەسەر منداڵەکانی بن لادن هەبوایە ئەگەر بەردەوام بوایە".

بۆرجس وەڵامی دانەوە بەوەی "هەر لێدوانێك کە لەلایەن ئەوەوە بۆ کەرتی پۆلیسی لۆس ئەنجلۆس درابێت، ئەوە بۆ ئەوە بووە کەمافە دەستووریەکان بپارێزرێت" بۆ ئەو دوو ژنەو لەبەرئەوەی ئەوان بەشێوەیەکی یاسایی ئەو پێشینەیان پێ دراوە.

لەکۆتایدا بۆرجس گەڕایەوە بۆ بەرازیلو بەپێی ئەو فایلانەی لە دادگا هەبوون، سکاڵا و داوا یاساییە دژ بەیەکەکان هەرگیز چارەسەر نەکران. لەکۆتایدا بن لادنەکان بەوشێوەیە کۆتاییان پێهێنا کەوا ئەوان تێر بوون لە لۆس ئەنجلۆس. خەلیل رازی بوو لەموڵکەکانی سالمەوە کۆمپانیای لایبێریان بکرێت تا ببێتە خاوەنی دێزەرت بیەرو موڵکە ئاوەدانکراوە ئیسپانیەکەی نزیك ئۆرلاندۆ. بەپێی قسەی ئەو کەسەی شارەزای ئاڵووێرەکە بوو، خەلیل کەمتر لەیەك ملیۆن دۆلاری دا. بن لادنەکان خانووەکەی برینتهودیان فرۆشت. لەوەودوا بنەماڵەی بن لادن مانگەکانی هاوینیان لە فلۆریدا بەسەر دەبرد.

ئەمەریکا جاروبار سەرسام کەر و بێزارکەر بوو، جاروباری تریش خۆهەڵقوڵتێنەر و رووشکێنەر بوو، بەڵام ئێستا بۆ خێزانە لێکدراوەکەی خەلیل (سعودی –بەرازیلی- ئەمەریکی) شوێنێکی بێ ئامانە. ئەوان بن لادنی بوون، بەڵام منداڵەکانیان زیاتر و زیاتر کاریگەر بوون بە ئەمەریکا، لەبەر ئەوە راگرتنی ئەو هاوسەنگییە رۆژ بە رۆژ قورستر دەبوو.

لەماوەی هاوینی ساڵی ١٩٩٠، وەرزی لەسەرکار لابردنو کارەکەرە لەخۆبایبووەکانو لێدانی دەرگا لەلایەن پۆلیسەوە لە لۆس ئەنجلۆسو حکومەتە هاوپەیمانەکانی عەرەبستانی سعودیو ئەمەریکا، بەقەیران هەژان بەچەند شتێکی هاوشێوە لەسەر ئاستی هاوتەریبێکی رێکی سیاسەتی دەرەوە، کەئەوانیش نەوتو زانستی ئابووریو جەنگ بوون. لێرەدا، پایەداریو دەوڵەمەندی بنەماڵەی بن لادنیش تێوە دەگلێتو دەکەوێتە مەترسیەوە.

## ٢٧- حسابە بانکییە سویسرییەکان

لەشەوی ٦ی ئابی ساڵی ١٩٩٠، دیك چینی وەزیری بەرگری سەرۆکایەتی شاندێکی ئەمەریکی بۆ کۆشکی کەنار دەریایی شا فەهدی لە جەددە کرد. فەهد بەندەری دەریای سوری لە ریاز پێ باشتربوو، لەنێوان هۆکارەکانی تردا، یەکێك لەئەستێرەناسەکان کە شا فەهد زۆر بڕوای پێی هەبوو، پێشبینی ئەوەی کردبوو کە لەوانەیە شا فەهد لە پایتەختدا بریندار بکرێت. لەم ئێوارە تایبەتەدا، سوودی زیاتری جەددە لەوەدا بوو کە پادشا لەشوێنێك بێت تاوەکو بەپێی توانا لەمەترسی دووربێتو شوێنێك بێت کە بتوانێت بەپەلە لە عەرەبستانی سعودی هەڵبێت. چوار رۆژ پێشتر، سوپای سەددام حوسەین کوێتی داگیرکردبوو، سوپا بچوکەکەی دەوڵەت هەرەسی هێنابوو، بنەماڵەی شاهانەش بەرەو دەرەوەی وڵات هەڵاتبوون. لەو کاتەدا یەکەکانی سوپای عیراقی خۆیان یەکدەخستەوە بۆ هێرشێکی چاوەڕوانکراو لەکێڵگەکانی نەوتی رۆژهەڵاتی عەرەبستانی سعودی، کە گەورەترینیان کەوتبونە خوارووی سنوری کوێتەوە، کە لە بەری جەددەوە بەرامبەر شانشین بوو.

جەنەڕاڵ نورمان شوارزکۆف، فەرماندەی سەربازی باڵای ئەمەریکی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو پۆڵ وۆڵفۆیتز لەوەزارەتی بەرگری، هاوڕێیەتی دیك چینی-یان بۆ ناو هۆڵی پێشوازی شا کرد. فەهد لەلای سەرەوەی ژوورەکەدا دانیشتبوو. لەتەنیشتیەوە عەبدوڵای زڕبرای، شازادەی جێنشینی ئەو کاتە، دانیشتبوو کەپیاوێکی سەربەخۆ بوو شانازی بەو پەیوەندییە گەرمەی لەگەڵ خێڵە بیابانیەکانی باکوری عەرەبستانی سعودییەوە هەیبوو، دەکرد. هەندێك لەشازادەکانی ترو جەنراڵێکی سعودی لەلایەکی ژوورەکەوە ریزێکیان دروستکردبوو. شازادە بەندەر بن سوڵتان، باڵیۆزی سعودیە لە ولایەتە یەکگرتوەکان، لەنزیك پادشاوە چاوەڕوانبوو بۆ وەرگێڕانی ئینگلیزی-عەرەبی. کاتێك وتووێژ دەستیپێکرد، شوارزکۆف لەسەر ئەژنۆ دانیشت بۆ سەیرکردنەوەی وێنەکانی سەتەلایت کە رێکخستنەکانی هێزەکانی عیراقی لەنزیك سنوری عەرەبستانی سعودی پیشان دەدا، جەنەراڵەکە روونی کردەوە کەوا هەندێ لەیەکەکانی سەددام حوسەین بە قوڵایی ٢٥ کیلۆمەتر لەناو سنوری دەسەڵاتی شانشیندا پاسەوانی دەکەن.

لـەماوەی شـەڕی ئێـرانو عیراقـی سـاڵانی هەشـتادا، حکومەتەکـەی فەهـد پاڵپشـتی زۆری سەددامی کردبوو، بەبڕێك زیاتر لـە ٢٦ ملیـار دۆلار بـووە، بـەپێی ووتـەی فەهد، ئـەم کـارە بـە هۆی هاندانی ولایەتە یەکگرتوەکانەوە کە هەوڵی لەناوبردنی شۆڕشی ئێرانـی دەدا. لـەو کاتـەدا هـەموو ئـەو پـارە کاشـە بەرگریـەکی بـەهێزو فراوانـی دابینکردبـوو. ئـەو پارانـە بەیەکسـانی لەلایەن بنەماڵەی شاهانەی سعودیەوە لـەکڕینی فڕۆکـەی جـەنگیو سیسـتمی چـەکی بـەریتانی لەمامەڵەی ئەلیەمامـەدا خـەرجکران (کـە سـاڵانە سـەدان ملیـۆن دۆلاری بـۆ حسـابەکانی بـانکی واشـنتۆنی شـازادە بەنـدەر نـاردووە)و بـێ بەرامبـەر بـوو، عەرەبسـتانی سـعودی کـەموکوڕی لەژمارەی سەربازدا هەبوو (سوپایەکی ٧٠ هەزاری، بە بەراورد لەگەڵ ژمـارەی هێزەکـانی عـیراق کـە نزیکـەی ٢ ملیـۆن بـوون) هـەروەها کـەموکوڕی لەشـارەزاییو گـوێ نـەدان بەشکسـت لـە داگیرکاری عـیراق هـەبوو. پـەلاماردانی کوێـت لەلایـەن سـەددامەوە بەئاشـکرا ئـال سـعودی وەك فـەرمانڕەواکانی ولاتێـك ئاشـکراکردبوو کـەوا کـەموکوڕییان لەخـەڵکانی راهێنـراوو توانـای پیشەسـازیو هێـزی سـەربازیدا بـۆ پاراسـتنی گەنجینـەی پێکهاتـەی هایدرۆکاربۆنـەکان هـەبوو. چـینی رایگەیانـد ولایەتـە یـەکگرتوەکان دەیتـوانی کارەکـە جێبـەجێ بکـات، بـەلام پێویسـتبوو سوپاکەی بەخێراییو بەژمارەیەکی زۆرەوە بەسـەر بـەرەکانی جەنگدا بلاوبکاتـەوە. بـەڵێنی دا کە هێزەکانی ئەمەریکا بەزووترین کـات پـاش کۆتاییهـاتنی قەیرانەکـە عەرەبسـتانی سـعودییان بەجێدەهێڵێت، یـان هـەر کاتێـك فەهد فـەرمانی جێهشـتنی پێکـردن. فەهـد لەلایـەن خۆیـەوە، رایگەیانـد کـە ئەگـەر ئەمەریکییـەکان بێنـە نـاو شانشـینەوە، ئـەوا ژمارەیـەکی زۆری سـەربازو ئەنجامـدانی ئۆپەراسـیۆنێکی جدی دەوێـت. رێککەوتنـە ئەمنییەکـە کـە بـۆ مانەوەیـەکی درێـژ تەنها لەژێر پێوەری پەیوەندییەکانی ولایەتە یەکگرتوەکانو ئال سعوددا مابووەوە، بەپێی توانـا بـەنهێنیو وورياييـەوە بەرێوەدەچـوو بـۆ ئـەوەی ئـال سـعود لەبەرچـاوی خـەڵکی دژە بێگانـەی خۆیانـدا شـەرمەزار نـەکات، کـە لـەو کاتـەدا بـۆ هـەمووان ئاشـکرا کرابـوو بـۆ ئـەوەی تێبگـەن. ئەمـەریکا گەرەنتیـدەری سـەربەخۆی عەرەبسـتانی سـعودی بـوو، بـەبێ ئـەو گەرەنتیـە نیمچـە دورگەی عەرەب لاواز دەبوو بۆ هەر داگیرکەر یان نەزانێك بۆ ئەوەی داگیریکات، وەك ئەوەی بۆ ماوەی چەند سەدەیەك پێش جەنگی دووەمی جیهانی بوو بـوو بەکێشـە لەکاتێکدا عەرەبسـتان هیچ دەسکەوتێکی مەزنی بەدەست نەهێنا وێڕای ئەوەش بۆ ماوەیەك داگیرکرا.

فەهد بە عەرەبی قسەی لەگەڵ عەبدوڵادا کرد. بەندەر لە وەرگێڕان وەستا، بەڵام چاس فریمان، باڵیۆزی ولایەتە یەکگرتووەکان لە عەرەبستانی سعودی عەرەبی دەزانیو لەگەڵیاندا دەستی بەگفتوگۆ کرد.

عەبدوڵا پرسی، "هەست ناکەی پێویستە هەندی راوێژکردن هەبێت؟" بەئاماژە بۆ زانا ئاینییەکانو سەرۆك خێڵەکان کە بەدڵنیاییەوە بەگەیشتنی ئەو سەدان هەزار سەربازە مەسیحیو جوولەکەیە بۆ بەرگریکردن لەشانشین بێزاردەبوون.

وەك فریمان گێڕایەوە، فەهد ووتی، "کات نەماوە، ئەگەر دوابخەین، ئێمەش وەك کوێت کۆتایمان پێدێت، چیتر کوێت بوونی نییە".

عەبدوڵا ووتی، "بەڵێ، کوێت بوونی هەیە، کوێت بوونی هەیە".

فەهد ووتی "بەڵی، هەرێمەکەی لەژووری میوانخانەکانی قاهیرەو پاریسو لەندەن پێکدێت".

عەبدوڵا ووتی "لەمەبەستەکەت تێدەگەم".

فەهد رووی لەزڕبراکەی وەرگێڕاو رووی کردە چینی. بەسادەیی ووتی، "باشە".

فڕۆکە جەنگییە ئەمەریکییەکانو فڕۆکە گوێزەرەوە سەربازییەکان لەماوەی بیستو چوار کاتژمێردا وەك بروسکە بەسەر فڕۆکەخانەی زەهراندا دابارین، بەڵام دواتر لەمانگی ئابدا، فەرماندە ئەمەریکییەکان دانیان پیادانا کە هاتنەناوەوەکەیان جۆرێك لەتەفرەدان بووە، ئەگەر سەددام بە هەموو هێزەکانیەوە لە کوێتەوە بڕژایەتە باشورەوە، بەدڵنیاییەوە لانی کەم بەشێوەیەکی کاتی دەیتوانی هەندێك لەکێڵگە نەوتیەکانی عەرەبستانی سعودیە داگیربکاتو بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك چارەنوسی شانشین نادیار دەبوو.

فەهد بەشێوەیەکی ناکارامە هەوڵیدا راویژ لەگەڵ زانایانی ئیسلامییو سەرەك هۆزەکان بکات، هەرچەندە ئەوە روونە کە بڕیارەکەی پشتی بە واشنتۆن بەستووە بۆ دەربازبوونێکی یەکلایکەرەوە. لە ١٤ی ئابدا، موفتی گەورەی نابینای شانشین، شێخ بن باز فەتوایەکی بڵاوکردەوەو بەفەرمی رەزامەندی گەیشتنی هێزە ناموسوڵمانەکان وەك پێویستو رێگەپێدراو لەژێر یاسای ئیسلامدا دەربڕی. ئەوە بەڵگەنامەیەك بوو چیتر وەك راگەیاندنەکانی ساڵانی پێشوو سەبارەت بەشوێنی زەوی لەچەقی کۆمەڵەی خۆردا جێی قایلبوون نەبوو. تەنانەت ئەو سعودییانەی کە پشتگیری بڕیارەکەی فەهدیان دەکرد، دەیانزانی، وەك دواتر ئوسامە بن لادن

رایگەیانـدبوو، کـە بنەماڵـەی شـاهانە دەسـتیان بەسـەر سـەرکردە ئاینییـە موچـەپێدراوەکاندا گرتووە "بۆ ئەوەی شەرعیەتی خۆیانی پێ بەرزبکەنەوە" لەکاتی قەیرانـدا. بەیاننامەکـەی بـن باز بەشێوەیەکی تایبـەت ئابڕووبـەر بـوو، شـتێکی کـەم نـەبوو، "چونکە سـوکایەتی بـەزیرەکی بیری موسڵمانان دەکرد".

بەدڵنیاییەوە ئوسامە لەریزی ئەوانەدا بوو کە زۆر تورە بوون، بەڵام ئەو گاڵتەپێکردنەکەی ئەم دواییەی بە فەهدو بن باز کە سوکایەتیان بەئاڵۆزی کردارەکانو بیرکردنـەوەی ئـەو کاتـەی دەکرد. ئەو بـن لادنێـك بـوو هێشـتا بـۆ حکومـەتی سعودیە کەسێکی زۆر ئاژاوەچـی بـوو. ئـەو هاوینە هیچ بەرهەڵستییەکی ئاشکرای دروست نەکرد. زیاتر بـەخێرای لەگـەڵ ئەنـدامانی تـری بنەماڵەکەیدا گواستیانەوە بۆ ئەوەی سامانەکەیان لە ئەگەری ئـەوەی کـە لەوانەیـە رژێمـی ئـال سعود توشی هەرەس بکات، بپارێزن. هەروەك ئەمەریکییەکان ساڵانێك لـەدژی قـەیرانێکی لـەم جۆرە کەناریان گرتبوو، بۆیە بن لادنەکانیش هـەمان کاریـانکرد. ئـەوە کاتێـك بـوو بـۆ کـرداری یەکلایکـەرەوە، بـۆ ئـەوانو ئوسـامەش کـە بەشـداری تـەواوی لـەپرۆگرامی بیمـەی پاراسـتنی بنـەماڵەکەدا کرد.

عومەرو حەیدەر بن لادن چوونە جنێف بۆ گفتوگۆ لەگـەڵ یەسلامدا سـەبارەت بـەوەی کـە چۆن پارەی زیـاتری بنەماڵـە هـەناردەی ئاسایشی سیستـەمی بـانکی سویسرا بکـەن. پێشـتر بـن لادنەکان بۆ دامەزراوەیەکی بنەماڵەکە حسابیان لەبانکێکی سویسـرا کردبـووەوە، مەبەسـت لـەم دامەزراوەیە، کـە لەلایـەن محەمـەد بـن لادنـەوە دامـەزرا، تـا ئێسـتا بـەناڵدیاری ماوەتـەوە، بـەڵام لەوانەیە حسابە سویسرییەکانی بنەماڵەکە ئامێرێکی بـەهێزی دراو بـووبن بـۆ چاودێری خێـر یان گۆڕینی خاوەندارێتی میرات. بەیارمەتی یەسلام، ئەوکات براکان بڕیـاری داخسـتنو کۆتـایی پێهێنانی ئەو دامەزراوەیەو کردنەوەی حسابێکی ماسـتەریان لـەبانکێکی نوێـدا دا، کـە ئـەویش سویس بانك کۆرپۆرەیشن بوو. لە ١٧ی ئابدا، عومەرو حەیدەرو یەسلام واژوی بەڵگەنامـەکانیان لەئۆفیسـەکانی بانـك لـە جنـێف بـۆ کردنـەوەی حسـابێکی لاوەکـی بەشـێوەیەکی کـرداری بـۆ هەریەکـە لەمنداڵـەکانی محەمـەد بـن لادن کـرد. وەك دواتـر عومـەر رایگەیانـدبوو: "حسـابە لاوەکییـەکان بـۆ سـودو قـازانجی هەریەکـە لـەزیاتر لەپـەنجا میراتگرەکـەی محەمـەد بـن لادن کرابووەوە، لەناویشیاندا یەك حسابی لاوەکی بۆ ئوسامە، ئـەم حسابە لاوەکییانـە پارەیـان تیـادا

دانرابوو... لەگەڵ پشکێکی میراتی رەوای هەر میراتگرێك". حسابەکان کرانەوە، عومەر دانی بەوەدا نا کە، "وەك کاردانەوەی داگیرکردنی کوێت لەلایەن سەددام حسێنەوە بووە".

لەبری ئوسامە، عومەرو حەیدەر واژوی "بەیاننامەیەکیان لەسەر کردنەوەی حسابێکی بانکی یان حسابێکی بانکیی ئەمنی" کرد وەك ئەوەی لەیاسای سویسریدا داواکرابوو. هەردووکیان بەفەرمی رایانگەیاند کە "خاوەنی سوودمەندی حسابی ئەو سامانەی کە لەبانکەکەدا دانرابوو، بەرێز ئوسامە محەمەد بن لادن" بوو. کەسێك بەدەستنوس ناوی ئوسامەی لەبۆشاییەکی گونجاودا نوسی. لەلاپەرەی دووەمدا بۆ دراوی بیانی بەکارهاتوو لەحسابەکەی ئوسامەدا "دۆلاری ئەمەریکی"یان هەڵبژارد.

فۆرمی دووەم، لەهەمان رۆژدا واژووکرا، کە "دەسەڵاتی تەواوی بریکارێتی" لەحسابەکەدا بۆ یەسلام دابینکردبوو، لێرەدا بەدەستنوس نووسرابوو سوودمەند بریتیە لە "شێخ ئوسامە محەمەد بن لادن". فۆرمی حسابی بانکەکە هەڵبژاردنێکی لەنێوان جۆرێك لەدەسەڵات بۆ ئوسامەو یەسلام کە پێویستبوو بۆ پێکەوە واژووکردنی هەموو بەلگەنامەکان پێشکەش بکەن، یان یەکێکیان کە تیایدا یان ئوسامە یان یەسلام سەرپشك بکرێن "کە چەند جارێك بەو کارە هەستن تەنها بەئیمزای خۆیان". دووەمیان ئەو هۆکارە بوو کە هەڵیانبژارد، یەسلام دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی پارەی حسابی بانکەکەی بەئیمزای خۆی، بەبێ رەزامەندی ئوسامە، پێدرا. ئەوە نیشانەیەکی متمانەو بوونی پەیوەندی توندوتۆڵ بوو کە لەبنەماڵەکەدا بەردەوامبوو، تەنانەت لەمیانەی گرژیەکاندا کە هەندێك جار بەهۆی کشانەوەی یەسلامەوە بۆ جنیف دروستدەبوو.

لە ٢٠ی ئاب، حسابی بانکیی ئوسامە بەدانانی ٤٥٠ هەزار دۆلار کرایەوە، کە بەشێکی کەمی میراتیەکەی بوو، بەڵام پەرژینێکی ئارام بوو لەدژی کارەساتی لەناکاو لەشانشیندا. ئەو برە پارەیە دەستبەجێ دەستی بەزیادبوون بەبری ٢٥٠٠ دۆلار بۆ هەر مانگێك کرد، بری قازانجی مانگانە لەگەڵ رێژەکانی بازاردا گۆڕاو بوو.

لەوتارە ئاینیەکانی ئەم دواییەیدا، ئوسامە پێدانی سوودی بانکیی لەگەڵ سوودا بەهەمان شت دانا، هەروەها بەراشکاوانە رەخنەی وەك پێشێلکاری گەورەی یاساکانی ئیسلام لێگرتن. جارێکیان لەسەر ئەوە دوا، کە سوو "لەلایەن هەموو ئاینەکانەوە قەدەغەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە ئابوریو وەبەرهێنانەکانتان لە ولایەتە یەکگرتوەکان، لەسەر سوو بنیاد دەنێن. لەئەنجامی ئەمە، بەهەموو شێوازو ئاکارە جیاوازەکان، جوولەکەکان کۆنترۆڵی ئابوری ئێوەیان

کردووە". هەرچەندە ئەو هاوینە لەنێو نەهامەتیەکانی بنەماڵەکەیدا، ئوسامە هیچ ویستێکی بەدەسهێنانی سووی لەحسابی سویس بانك کۆرپۆرەیشن نیشان نەدا، بەڵام هەر زوو قازانجێکی زیاتری لەو موچەی ساڵانەی ئەمەریکیەکان بەدەستیان دەهێنا، کێشایەوە، ئەوەش شێوازێکی توانای ئوسامە بوو بۆ دووڕوویی، هەروەها وەك دەوترێ کە بەتەواوی ئاڵودەی پارەبوو.

هەندێك راپۆرتی باوەڕپێکراو هەیە کە ئوسامە پێشبینی داگیرکردنی کوەیتی لەلایەن سەددامەوە کردبێت پێش ئەوەی کە روویدا. هاوڕێی سەردەمی خوێندنی ئامادەیی ئوسامە، خالید بەتارفی گێڕایەوە کە لەسەرەتای نەوەدەکاندا گوێی لە ئوسامە گرتووە لەپێکەوە خوانێکی نافەرمی نیوەڕۆدا لەماڵی بازرگانێکی سەرمایەدار لە مەککە قسەی کردووە، لەو کاتەی کە هەواڵی میدیا عەرەبییەکان پڕبوو لەچیرۆك دەربارەی کۆکردنەوەی هێزەکانی سوپای سەددام حوسەین لەسەر سنوورەکانی کوێتو بانگەشەی ئامادەییو داوای جەنگی هەرێمی کوێتی کرد. ئوسامە داوایکرد کە سعودیەکان دەست بەراهێنانی خۆیان بۆ شەڕی سەددام بکەن، وەك ئەوەی کە خۆیو شوێنکەوتووەکانی لە ئەفگانستان کردبوویان. ئوسامە چیرۆکێکی ئاشکرای باسکرد، دڵنیاییەکەش لەوەدابوو کە وەك بەتارفی دایڕشتەوە:

تۆ کەسێکی شارەزای، تۆ ئەندازیاری، تۆ پزیشکی، هەوەرها پێویستە (مناڵەکانت) بۆ قوتابخانەیەکی باش بنێریت، بەڵام ئەوە دراوسێیەتیەکی دڵڕەقانەیە، هەروەها مناڵی تر هەن کە زۆر بازاڕیو توندڕەون. پاشان دراوسێکەت دێت بۆ لاتو دەڵێت، "هەندێ پارەم بەقەرز پێ بدە یان مناڵەکانم بۆ مناڵەکانت دەنێرم". دەزانیت ئەو هەرگیز پارەکەت بۆ ناهێنێتەوە. سنوورێك هەیە بۆ ئەوەی کە دەتوانێت چی پێ بدەیت. بۆیە کاتی ئەوەیە کە مناڵەکانت رابهێنیت، چونکە سەرەنجام تۆ لەسەر پێی خۆت دەوەستی. سەددام خاوەنی هەموو ئەم مناڵە توندوتیژانەیە. سەربازەکانی هەزارو بێکارنو دەستەمۆو توندڕەون. من دەڵێم، با سوود لەراهێنانەکانمان لە ئەفگانستان وەربگرین. ئێستا ئێمە توندوتۆڵین، بەڵام پێویستە ئامادەبین. ئێستا پێویستە بۆ کامپەکان بڕۆینو خۆمان توونددتۆڵ بکەین. ئەگینا شا فەهد ئامادە نابێت.

بەدڵنیاییەوە ئەمە هەستی ئوسامە خۆی بوو لە ١٩٩٠: سەرۆکێکی گەریلای ئیسلامیی نێودەوڵەتی کە لەخزمەتی پادشاکەیدا کاری دەکرد، وەك کەسێکی زۆر دڵسۆز بۆ ئال سعود کە تەنانەت هەوڵی دەدا لەبری ئەوان بیر لەداهاتوو بکاتەوە، عیراقو ئەفگانستان تەنها ئەو سنوورانە نەبوون کە ئوسامە بیری لێ دەکردنەوە کە ئەم رۆڵەی تیادا بینین.

تەنانــەت پــێش گەڕانــەوەی بــۆ عەرەبســتانی ســعودی لــەکۆتای ســاڵی ١٩٨٩ دا، پــارەی بــۆ پشتگیریکردنی یاخیبووە ئیسلامیەکان بۆ شەڕکردن لەپێناو لاوازکردنی حکومەتی کۆمۆنیستی خوارووی یەمەن دابینکردبوو، ئەو نیوەیەی یەمەنی دابەشکراو کـە کۆنتڕۆڵی زەوی باوباپیری بنەماڵەی بن لادنیشی لە حەزرەمەوت کردبوو. هاوکێشەی سیاسـیو ئـاینی لـە یەمـەن کاتێكو کە جەنگی سارد کۆتایی هات، زۆر ئـاڵۆز بـوو. عـەلی عەبـدلا سـالح، وەك فەرماندەیـەکی سـوپاو گەورەپیاوی هۆزی سەنحان کـە لەکودەتایەکدا دەسـەڵاتی گرتبووەدەست، سـەرۆکایەتی بـاکوری یەمـەنی دەکـرد، بـە شـێوەیەکی سـەرەتایی هەنـدێ کۆمـەکی لـە عەرەبستانی سعودی وەرگـرت چونکە ئەو کۆمۆنیست نەبوو. هەرچەندە پەیوەندی لەگەڵ ئـال سعوددا گونجـاو نـەبوو، بـەڵام بەشـداری رکابەرایـەتی عەرەبستانی سـعودی لـەدژی رژیمـی باشـوری یەمـەنی پشتئەسـتور بـە سۆڤێت کرد. لەماوەی ساڵی ١٩٨٩ دا، هەرکە رژیمی کۆمۆنیستی جیهانی بـەردەوامی لەدەست دا، لەلایـەن دیموکراتخـوازە یاخیبووەکانـەوە لـە چـینەوە تـا ئـەوروپا توشـی بەرنگاربوونـەوە بـوو، حکومەتی باشوری یەمەن لاواز دیاربوو. لە ئەفگانسـتانەوە، کـە خـۆی لەژمارەیـەك خۆبەخشـی یەمـەنی بـۆ ئـەو شـەڕە نزیـك کردبـووەوە، ئوسامە هـەلێکی بـۆ فراوانکردنـی دەسـتکەوتەکانی لــەجیهاددا بەرچــاو کــەوت. حکومــەتی چــەپخوازی باشــوری یەمــەن ژمارەیــەك لەبنەماڵــە هەڵبـژاردەکانی پێشـوی لـەخاكو مافـەکانیان، بەتایبـەتی لـەپارێزگای ئەبیـەن بـێ بـەری کـرد، هــەروەها لــەماوەی هەشــتاکاندا، هەنــدێ ئەنــدامی لاوی ئــەم بنەماڵانــە وەك ئایدۆلۆژیایــەکی بەرهەڵستی بەئاراسـتەی ئیسلامیی تونـدڕەوی جیهـانی گۆڕابـوون. یـەکێك لـە سـەرکردەکانی ئەبیەن، تاریق حەسـەن ئـەلفادی، گرووپێکـی بـەناوی ئـەلجیهادەوە دامەزرانـد. دواتـر ئـەلفادی رایگەیاند کە ئـەوە گرووپەکـەی لـە باشـوری یەمـەن "یارمـەتی دەرەوەی هـەبووە... لـە رێگـەی بەزەیی خوای مەزنەوە هەروەها بەرێزمان شیخ ئوسامە بن لادن، خوا بیپارێزیت... ئەو پـارەی هــەموو شــتێکی دابــین کــردووە". بەهــەمان شــێوە بــن لادن یارمــەتی گروپــە ئیســلامییە یەمەنیەکانی تری دەدا.

هەروەك چۆن راستی شـەڕی دژە سـۆڤێت لـە ئەفگانسـتان بـوونی هـەبوو، ئـاواش تونـدڕەوی ئیسـلامیی لــە باشــوری یەمــەنی هــەردوو بەرژەوەندیــە سیاســیەکانی حکومــەتی ســعودیەو ئایدۆلۆژیا پەرشوبڵاوەکانی بن لادنو هاوپەیمانەکانی بەرەو پێشەوە بـرد. بەڕاسـتی لەوانەیـە ئوسامە پرۆژەی جیهادەکەی لەباشووری یەمـەن بەهانـدان یـان پشـتگیری راسـتەوخۆی لەلایـەن

هەواڵگری سعودیەوە دەست پێ کردبێت، بەهەمان ئەو شێوەی کە لە ئەفگانستان کاریکردبوو. ریچاڵد کلارك، کە دواتر پرۆگرامەکانی دژە تیرۆری لەکۆشکی سپی کلینتۆندا بەڕێوەدەبرد، نووسیویەتی کە شازادە تورکی ئەلفەیسەڵ "بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داوای لە ئوسامە بۆ رێکخستنی بەرهەڵستییەك لەسەر بنەمای ئاینی توندڕەو لەدژی ستایلی رژێمی کۆمۆنیستی" لەباشوری یەمەن کرد. لەدەوروبەری ساڵی ١٩٨٩ دا، داوایەکی لەو شێوەیە لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی سعودیەدا، هەروەها لەگەڵ بەکارهێنانی ماوە درێژی بنەماڵەی بن لادن لەپرۆژەکانی گۆڕینی بنیادی پاراستن لەناوایاندا یەمەن بەتەواوی کۆك بووە. تورکی باسی بابەتەکەی بەشێوەیەکی جیاواز لە کلارك کردووە، هەرچەندە رایگەیاندووە کە "ئوسامە بەپرۆپۆزەڵێکەوە بۆ بینینیم هات" بۆ هاندانی یاخیبووان لەباشوری یەمەن، هەروەها "لەو کاتەدا من ئامۆژگاریم کرد کە ئەوە بیرۆکەیەکی نەگونجاوە".

راستی هەر چییەك بێت، لەماوەی ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠ دا هاوکێشەی جوگرافیای سیاسی بەشێوەیەك گۆڕا کە ریازی بەرەو راگەیاندنی یارمەتیو پشتگیری بۆ یاخیبووە توندڕەوەکان لەباشوری یەمەن برد. روخانی دیواری بەرلین بووە هۆی یەکگرتنەوەی ئاشتیانەی یەمەنو کۆتایی هاتنی هەرێمی یەمەنی باشور. لە ٢٢ی ئایاری ساڵی ١٩٩٠، عەلی عەبدوڵا ساڵح بوو بە سەرۆکی یەمەنی یەکگرتوو، وەك بەشێك لەدانوستانەکە، هەوڵی قایلکردنو ئارامکردنەوەی گرووپە ئیسلامیەکانی دا کە پێشتر دەستیان بەجیهاد کردبوو. هەرچەندە ئوسامەو توندڕەوەکانی تر، هیچ ئەنجامێکی چاکخوازییان لەم مامەڵەیەدا، یان لەحکومەتێکی نەتەوەیی کە هاوکاری کۆمۆنیستەکانی پێشووی دەکرد، نەبینی، بۆیە لەوتاردانو رێکخستن بەردەوامبوون. بەپێی ئەحمەد بەدیب، کە سەرۆکی ستافەکەی تورکی بوو، لەکۆتایدا ساڵح بۆ سکالاکردن پەیوەندی بە شا فەهدەوە کرد. کاردانەوەی حکومەتی سعودی فشارخستنە سەر ئوسامە بوو بۆ خۆئارامکردنەوە، هەروەها بەشێوەیەکی یەك لایەنە لەماوەی کۆتایی بەهارو سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٩٠ دا، حکومەت هێرشی کردە سەر کێڵگەیەکی بنەماڵەی بن لادن کە ئوسامە بۆ پشتگیریکردنی پرۆژەکەی لە یەمەن بەکاریدەهێنا. دوابەدوای ئەوە، ئوسامە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نامەیەکی توڕەی نارەزایی بۆ شازادە عەبدوڵای جێنشین نوسی.

ئەم تێکچوونەی لایەنگیری ئوسامە لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی سعودیەدا هاوکات بوو لەگەڵ زیادبوونی هەڵچوونو بێزاری ئوسامەدا لەماوەی پایزی ساڵی ١٩٩٠دا، لەمیانەی پلانەکەی فەهددا بۆ دامەزراندنی هێزەکانی سوپای ئەمەریکی لەشەڕێکدا بۆ راماڵینی هێزەکانی سەددام حوسەین لە کوێت. بەشێوەیەکی بەرچاو ئوسامە هەڵوێستێکی بێ شەرمانەی لەگەڵ کاربەدەستە سعودییەکاندا نواند کە لەگەڵیاندا کۆبوەوە. پاسەوانە تایبەتەکانی خۆی بەکاردەهێنا. نوسراوێکی شەست لاپەڕەیی لەبارەی بیرۆکەی خۆی نوسی بۆ دامەزراندنو رێنمایی کردنی گروپی موجاهیدینی راهێنراوی ئەفگانی لەسەر هێرشێك بۆ دەرکردنی سەددام لە کوێتو رزگارکردنی شا فەهد لەپیلانگێڕی هێزەکانی سوپای داگیرکاری ئەمەریکی. رایگەیاند ئەوە شتێکی ترسناك دەبێت بۆ عەرەبستانی سعودی کە رێگە بە هێزەکانی سوپای مەسیحی بدات شەڕەکانی بۆ بکەن. هەوڵیدا دانیشتنێك لەگەڵ شا فەهد ئەنجامبدات، بەڵام چاوپێکەوتنەکە دابەزێنرا بۆ ئاستی لێپرسراوانی تری سعودی، لەناویاندا شازادەیەکی پایە بەرز لەوەزارەتی بەرگری، ئەم کەسە هەرگیز بەروونی دیارینەکراوە، بەڵام وا دەردەکەوت کە یان شازادە عەبدولڕەحمان بن عەبدولعزیزی برای شا فەهد، یان خالید بن سوڵتان، کوڕە باڵادەستەکەی وەزیری بەرگری بووبێت. هەروەك ئوسامە لەگەڵ ئەحمەد بن عەبدولعەزیز، پلە دوو لەوەزارەتی ناوخۆو ناسراوی لەمێژینەی سالم، کۆبوەوە. دواتر ئوسامە روونی کردەوە کە چی روویدا:

مـن راستەوخۆ ئامۆژگاریـەکانم ئاراستەی بریکاری وەزیـری بـەرگری کـرد، لـەبارەی تاوانـە گەورەکانـەوە پـێم راگەیانـد کـە پێویسـتە وڵاتەکـە وازی لێبێنێـت، هـەروەها لـە مەترسـی بـەردەوامبوون لەگەڵیانـدا، پـێم راگەیانـد، بـەڵام بـێ هـودە بـوو. پاشـان چـاوم بـە بریکـاری بەڕێوەبـەر لـە وەزارەتـی کاروبـاری ئاسـایش کـەوت، کـە بەتونـدی سەرزەنشـتی کـردم لەسـەر ئامۆژگارییـەکانم بـۆ بریکاری وەزیـری بـەرگریو دەسـتی کـرد بەڕەخنـە لێگـرتنم بەتایبـەتی دەربارەی هەمان ئەو تاوانانـەی کـە بـۆ وەزیـر باسمکردبوون. پاشـان وتـی: "ئەمـە شـتێکی زۆر دیارە، ئێمە نامانەوێت کەس هیچمان لەبارەی ئەوەوە پێ بڵێت".

پێشنیارەکانی لەبارەی شەڕی داهاتووی کوێت حکومەتی سعودی بێزارکرد، بەڵام بێ بایەخ بـوون. ئەمـە وادیـارە، لـەبری بـوونی ئامۆژگـاریو پەیوەندییـە بەردەوامـەکانی لەگـەڵ جیهادکارەکاندا لە یەمەن کە سەرەنجام وای لەوەزارەتی ناوخۆ کرد لەماوەی زستانی ١٩٩٠-١٩٩١دا

دەست بەسەر پاسپۆرتەکەیدا بگرێت. هەرکە شازادە تورکی، وتووێژی لەبارەی گفتوگۆکانی لەگەڵ ئوسامە سەبارەت بەجیهاد لە یەمەن راگەیاند: "ئەم کەسە شەرمنو بێزارو کەمدووە گۆڕابوو".

ئوسامە دووبارە رایگەیاند، پێی وابووە، کە لەبەرژەوەندی راستەقینەی بنەماڵەی شاهانەی سعودیە کاردەکات، نەك لەدژیان. هەرچەندە زڕبرا گەورەکانی، بەتایبەت عومەرو بەکر، ئەمەکداری ئەم راسپاردە دریژخایەنەی بنەماڵەیان پاش داگیرکردنی کوێت لەلایەن سەددامەوە بەشێوەیەکی تەواو جیاواز لێکدایەوە.

لەم ماوەیەدا، بەکر چاس فریمانی باڵیۆزی ئەمەریکا لە عەرەبستانی سعودی ناسی، جارجار فریمان زانیاری تایبەتی لەبازرگانە بەناوبانگەکان لە جەددە وەردەگرت. لەپایزی ساڵی ١٩٩٠دا، بەهۆی تێکەڵبوون بەم پەیوەندییانە، بەکرو عومەر سەرۆکایەتی گروپی بن لادنی سعودییان، کەتیایدا ئوسامە پشکدار بوو، کرد بۆ واژووکردنی گرێبەستەکان لەگەڵ سوپای ولایەتە یەکگرتووەکان بۆ بنیادنانی چەند بەشێك کە پشتگیری بوونی سوپای ئەمەریکیو شەڕی داهاتوو لەگەڵ عیراق بکات. لەنێوان ٣٠ ئەیلولو ٧ تشرینی دووەمدا، گروپی بن لادنی سعودی جێگایەکی نیشتنەوەی کۆپتەریان لەبنکەی هەوایی شا عەبدولعەزیز دروستکرد "بەپاڵپشتی سوپای ئەمەریکا لەئۆپەراسیۆنی گەردەلولی بیاباندا، بەپێی بەڵگەنامەیەکی دەسکەوتوو" کە دواتر لەلایەن جەنەڕاڵ گەورە ویلیەم پەگۆنیس لەفەرماندەیی پاڵپشتی ناوەندیی سوپای ئەمەریکییەوە بڵاوکرایەوە. پەگۆنیس بەڕێوەبەرێکی ئیداری بن لادنی ناسییەوە بۆ "بەشداری تایبەتی خۆی بۆ دابەشکردنی سەرباز لەبەرەکاندا بە شێوەیەکی زۆر سەرکەوتووی لۆجیستیانە بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتنێکی ئازایانە لەمێژووی سەربازیدا.... ئێمە شانازی بەراپەڕاندنی سەرکەوتوانەی کارەکانتانەوەو ئازارەکان بەهۆی قوربانیەکانتانەوە دەکەین. ئێمە سڵاوی سەربازیتان لێ دەکەینو سوپاستان دەکەین". کۆمپانیای تێلیکۆمینیکەشنی بن لادن سیستەمەکانی بۆ فەرماندەیی ناوەندی ولایەتە یەکگرتووەکانو بۆ لیوای گەورەی ٣٥ی ئەمەریکی بەست، بەڕێوبەرەکانی ئەم کۆمپانیایە بڕوانامەی رێزلێنانیان پێبەخشرا کە لەلایەن جەنراڵ نۆرمان شوارزکۆفەوە واژووکرابوو. شوارزکۆف جەختی لە "پشتگیرییەکی زۆرباش"ی کۆششو دەسکەوتی شەڕی ئەمەریکا دەکردەوە، ئەوەی کە پێشتر دەستەبەریان کردبوو. وەك عومەر لەدواییدا باسی کرد، کە ئەو لەنزیکەوە چاودێری کارەکەی دەکرد، بن

لادنەکانیش پرۆژەیەکیان بۆ چاککردنەوەی ڕێگایەکی بیابانی ١٢ کیلۆمەترییان لەئەستۆگرت "بۆ ئەوەی هێزەکانی سوپای ئەمەریکی بتوانن بەئاسانیو سەلامەتی لەهەرێمەکانی باکوری عەرەبستانی سعودیەوە بجوڵێن". بەدڵنیاییەوە ئوسامە لەبارەی ئەم پرۆژانەی بنیادنانەوە ئاگاداربوو، کە لێیانەوە وەك پشکدارێك سودمەندبوو، بەدرێژایی ئەم ماوەیە ئەو لەشانشین بوو، هەرچەندە بەئاشکراش هاتوچۆی یەمەنی دەکرد.

لەگەڵ کەڵەکەبوونی سودەکەی لەحسابی بانکی سویسرای، هیچ بەڵگەیەك نییە کە ئازاری ویژدانی کاری تێکردبێت بەهۆی سودەکانییەوە کە لەرێگەی کاری بنەماڵەکەوە بۆ ئەمەریکیەکان لەکاتی شەڕەکەدا، لەهەمان ئەو کاتەی کە وتاری لەمزگەوتی بن لادن نزیك کیلۆ ٧ دەداو ڕەخنەی لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکی دەگرت. بەسەر یاخیبووەکاندا هەڵیدەدا، بەڵام هێشتا نەیتوانی بەتەواوی ئەرکەکە لەئەستۆی بگرێت. وەك هەڵگەڕاوەیەك ڕەفتاری دەکرد بەڵام خۆی لەمەترسیە زۆر ترسناکەکان لادەدا. بۆچونەکانی کەمێك جیاوازو گۆڕاوو لەگەڵ ناکۆکیەکان دەست لەملان بوون.

گەیشتنی سەربازە ئەمەریکییەان بۆ شانشین لەکۆتای ساڵی ١٩٩٠ دا، لەکاتێکدا بوو کە شۆرشی دیمۆکراتییەکان لەهەموو جیهاندا دەستی پێ کردبوو، لەسەردەمی ناسرەوە مشتومڕی زۆر بەهێزو کراوە دەربارەی ئازادی سیاسیو شوناسنامە لە عەرەبستانی سعودیە وروژێنراوە. لیبراڵە شانشینەکان، بەتایبەتی ژنان، ئەم بەهارە دەرکەوتووەی ریازیان داگیرکرد. لەمانگی تشرینی دووەمدا، چلو حەوت ئافرەت سەرنجی هەموو جیهانیان راکیشا، هەروەها سعودیەکی زۆریان تووشی شۆککرد، بەرێکخستنی خۆپیشاندانێك کە تیایدا لە ریاز سەرکەوتنە ناو ئۆتۆمۆبیلەکانو لێخوڕ ینیان بەناو شاردا بەپێشێلکردنی ئاشکرای قەدەغەکردنی شانشین لەسەر شۆفێرانی ئافرەت ئەنجام دەدا. لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١ دا، چلو سێ کەس کە پێکهاتبوون لەمامۆستایانی زانکۆو رۆژنامەنووسانو لێپرسراوانی پێشوی حکومەتو بازرگانانی لیبراڵ سکاڵانامەیەکیان بۆ شا فەهد واژۆیان کرد کە تیایدا داوای (دە) بواری چاکسازی سیاسییان کردبوو. ئەوە لیستێکی ناتەواوی پەیوەندیدار بوو هەروەها کەموکوڕی لەداواکارییەکان بۆ سیستەمی دیموکراسی هەبوو، بەڵام لەدەستەواژە سعودییەکاندا، ئەوە کارێکی ئازایانە بوو: سکاڵانامەکە هەوڵی بەدیهێنانی چەند ئەنجومەنێکی نوێ بۆ فراوانکردنی

بەشداری سیاسیو چاکسازی لە سیاسەتی ئاینیداو "بەشداری زیاتری ژنان لە ژیانی ئاسایی، لەچوارچێوەی شەریعەتدا" دەدا.

ئەم راپەرینە لیبراڵە سەردەمیانەیە جەختی لەسەر مەترسیە بنکە قووڵەکانی ئیسلامییە سعودییەکان دەکردەوە کە هاوپەیمانێتی بنەماڵەی شاهانە لەگەڵ ئەمەریکادا، هەروەها بەتایبەت بڕیاری بانگهێشتکردنی هێزەکانی سوپای ئەمەریکی بۆ شانشین، ببێتە پاڵنەریکی دروستکراو لەلایەن ئال سعودەوە بەئاراستەی کۆمەڵگایەکی عەلمانی تردا. بەفراوانی وانەو ووتارە ئاینییەکان بەشێوەی کاسێتی تۆمارکراوی دەنگی لەژێرزەمینو شوێنە نهێنیەکاندا بەدرێژایی ئەو پایزو زستانە ئەم ئاگادارییە حەماسیانانەیان دەخستەڕوو. دوو مامۆستای موحافیزکاری زانکۆ، سەفەر ئەلهەوالیو سەلمان ئەلعەواد، بە تایبەت ووتاری ئاگرییان بڵاوکردەوەو باسییان لەوە دەکرد کە گوایە دوژمنی راستەقینەی شانشین عیراق نەبووە، بەڵکو رۆژئاوا بووە. عەواد ئەلقارنی دەنگێکی تری کاریگەر بوو، نوسەری کتێبێکی ساڵی ١٩٨٧ لەژێر ناونیشانی "هاوچەرخی لەسەر پێوەری ئیسلام" کە سووربوو لەسەر ئەوەی گوایە بنەماڵەی شاهانەو هاوپەیمانە عەلمانیەکانی شێوازەکانی تری شوناسی نەتەوەییان پەرەپێدەدا کە رۆڵی قورئانی کەمدەکردەوە. ئەم هەڵچوونە کۆنزێرڤەتیڤانە پاش ناڕەزایی دەربڕینی شۆفێریکردنی ئافرەتان بەهێزتربوو،ناملیکەو بڵاوکراوە ئیسلامییەکان ناوی ئافرەتە شۆفێرەکانی لەگەڵ ناوی هاوسەرەکانیان ئاشکراکرد، هەروەها ئەو ئافرەتانەیان بە "بەرەڵڵا کۆمۆنیستەکان" ناو برد.

ئیسلامیەکان واژۆیان بۆ سکاڵاکەی خۆیان بۆ شا فەهد کۆکردەوەو داوای چاکسازی سیاسییان دەکرد. لەگەڵ ویستی لیبراڵەکاندا بۆ بەشداریکردنی زیاتر هاودەنگبوون، بەڵام ئەجیندایەکیان بۆ ئاراستەکردنی چاکسازییەکان بەرەو پشتگیریی راڤەیەکی ووردتری یاساکانی ئیسلام دانا.

عەبدولعەزیز ئەلجاسم، قازییەکی کۆنزێرڤەتیڤی دادگاکانی شەریعەو سەرکردەیەکی شۆفێری ناڕەزایی ئیسلامیی بوو، کە دواتر کەوتە بەندیخانەوە، لەسەرەتای ساڵی ١٩٩١ دا لە جەددە بەدوای ئوسامە بن لادندا دەگەڕا بۆ ئەوەی رازیبکات واژۆی خۆی بۆ دۆزەکە زیادبکات. وەك کوڕی کۆچبەرێکی حەزرەمی بەبێ هیچ پەروەردەیەکی فەرمی لەئیسلامدا، ئوسامە لەجیهانی سعودی زانستی ئیسلامیی جیاخوازدا کەسایەتیەکی گرنگ نەبوو، بەڵام ناوبانگی

ئازایەتی وەك سەرکردەیەکی موجاهیدین لە ئەفگانستان‌و ئەندامێتی لەبنەماڵەیەکی بازرگانی ناسراودا کردی بەگەشتیارێکی سەرنجڕاکیشی دیار. ئەلجاسم گێڕایەوە، "ئوسامە پۆزشی هێنایەوەو رەتیکردەوە واژووبکات. رایگەیاند کە زۆر سەرقاڵە بە ئەفگانستان‌و یەمەنەوە. پشتگیری بیرۆکەکەی دەکرد (لەرەشنووی سکاڵانامەکەدا)، بەڵام بەنیازی هیچ ململانێیەك لەگەڵ حکومەتی سعودیدا نەبوو هەروەها نەیویست کۆمەکی چالاکیەکانی لەدەستبدات. نەیدەویست شەڕێکی تر هەڵگیرسێنێت. بڕوای نەبوو کە بتوانرێت ئەم ئامانجانە بەرێگەیەکی ئاشتی بەدەست بهێنرێت". هەندێ لەئیسلامیەکان لە عەرەبستانی سعودی، پاساویان بۆ بێ دەنگییان لەبەرگری لەگەندەڵی حکومڕانی لەلایەن بنەماڵەی شاهانەوە دەهێنایەوە، کە ماوەیەکی درێژ باسیان لەویستی خۆیان بۆ خۆلادان لە فیتنە، یان دابەشبوونی ناوەکیی نەخوازراو بەپێی قورئان لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامدا کردبوو، ئەو زستانە ئوسامە پشتی بەهەمان لۆجیك دەبەست.

جەمال خاشوگی کە لەوێ ئامادەبوو گێڕایەوە، شەوێکیان، ئوسامە بەشداری لەکۆبوونەوەی ئێوارەخوانێك لە جەددە کرد کە تیایدا میوانە کوێتیە ئاوارەکان باسیان لەسەفەرەکانیان دەکردو داوای یارمەتیان دەکرد. خاشوگی ئەوەشی گێڕایەوە، کاتێك سەرەی ئوسامە هات بۆ قسەکردن، باسی لەترسێك کرد کە گوایە ئەمەریکا پلانێکی نهێنی بۆ ئامادەبوونی خۆی لە عەرەبستانی سعودی بەکارهێناوە بۆ "بەعەلمانیکردنی عەرەبستانی سعودی، هەروەها بۆ دروستکردنی گۆڕانکارییەکی سەرسوڕهێنەر لەرژێمەکەی یان ئەو رێگایەی کە حوکمیدەکرد بەسەپاندنی سەرۆك‌و چەند وەزیرێك کە عەلمانی بن". ئوسامە بە تایبەت ناوی غازی ئەلغوسەیبی، باڵیۆزی بۆینباخ‌و قات لەبەری سعودی لە بەریتانیای گەورە، وەك کاندیدێك بۆ ئەم سەرکردایەتیە سەپێنراوە هێنا. ئوسامە پێشبینی کرد، کە ئەلغوسەیبی چاکسازی لە بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەدا بۆ بڵاوکردنەوەی بیری عەلمانیەت دەکرد، "هانی ئافرەتانی بۆ لابردنی حیجاب دەدا، هەروەها لەرێگای هونەرو کرانەوەی کۆمەڵگەوە گەندەڵی بڵاودەکاتەوە". بە پێی خاشوگی، ئوسامە کۆتایی بەتێبینییەکانی بەئاگادارییەك هێنا:

ئاگاداربە، وریابە، پێویستە ئێمە یەکگرتووبین‌و لەدەوری سەرکردایەتی سعودی کۆببینەوە بۆ ئەوەی بەرامبەر بەم هەڵمەتە عەلمانیە نەخشە بۆ کێشراوە لاواز نەبین، گومانی تێدا نیە بەپشتیوانی ئەمەریکا بەرهەمدێت، پێشتر چەند کەس‌و لایەنێکی بۆ تەرخانکراوە، کە پێنجەم

ستونە لە عەرەبستانی سعودی. کەسانێکی زۆری سعودی هەن کە بۆ خزمەتکردنی پرۆژە نامۆکەی ئەمەریکا ئامادەن، کە سعودیەکان لەئاینەکەیان دوور دەخەنەوە.

لە دیمەنێکدا، بۆچونەکانی ئوسامە وەك ئەوەی لەتەمەنی چواردە ساڵییەوە هەیبووە بەنەگۆڕی مایەوە: کە موسڵمانان دەژین، پێویستە خوازیاری کۆمەڵگەیەکی پاکی دامەزراو لەسەر بنەماو پرنسیپەکانی ئیسلام بن. ئەو بەشێوەیەکی قوڵی ناجێگیری مایەوە، دەربارەی ئەوەی کە چۆن شوێن ئەم بیرۆکە نمونەییە لەناو عەرەبستانی سعودی بکەوێت. بوونی هێزەکانی سوپای ئەمەریکیو ئەگەری پیلانەکانی عەلمانی نیگەرانی دەکرد، بەڵام دڵسۆزیو متمانەی بۆ ئال سعودو بنەماڵەکەی دەستی بەستبوو. لەوڵاتانی داگیرکراو بەبیری کۆمۆنیستی، وەك سوریاو باشوری یەمەنو ئەفگانستان، دەتوانرا بەجیهادی توندوتیژ بەزۆر قایل بکرێن چونکە تەنها ئەوە بەرێگەچارە دادەنرا. لە عەرەبستانی سعودیە، بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دیاربوو. لەناو هەموو ئەوانەی تردا، ئوسامە بۆ قبوڵکردنی داخوازیە سەرەکییەکەی ئال سعود بەردەوامبوو کە ئەوان پاسەوانی راستو شەرعی شوێنی لەدایکبوونی ئیسلام بوون، ئەو داخوازیەی کە سامانەکەی بن لادن لێیەوە سەرچاوەی گرتبوو.

بەزاندنو هەرەس پێهێنانی خێرای هێزەکانی عیراق لە کوێت لەلایەن هێزەکانی سوپای هاوپەیمانان بەسەرکردایەتی ئەمەریکا کاریگەریی لەسەر شا فەهدو بنەماڵەی شاهانە لەگەڵ شانازیو خۆشحاڵیو متمانە دروستکرد. فەهد تۆڵەی بەپەلەی لەدژی هەموو ئەو لایەنو حکومەتە عەرەبیانە راگەیاند کە پشتیوانی سەددام حوسەینیان کردبوو، بەتایبەت ئەردەنو دەسەڵاتی فەلەستینیو یەمەن. بە دەیان هەزار کرێکاری فەلەستینیو یەمەنی لەشانشین دەرکران. لەسەر ئاستی ناوخۆی، لەنێوەندی ئاسودەیی هەستی گشتی کە بەهۆی کۆتایی هاتنی شەڕەکەوە دروستبوو، فەهد بیروڕای پەرشوبڵاو بوو، پێی وابوو کە لەوانەیە هەندێ چاکسازی سیاسیی میانڕەوانە مەسەلەکانی ئارام بکاتەوە، بەڵام خۆیو براکانیشی دەیانوویست دڵنیا بن کە هەڵچوونی کاتی شەڕ نابێتە هۆی بەرپاکردنی شۆڕشی دوای شەڕ. پاش تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەك بەسەر خۆبەدەستەوەدانی عیراقدا، سکاڵاکاران لەچەپو راستەوە لەکارەکانیان دەرکران، هەروەها هەندێکیان بەندکران. بۆ هەموو ئەوانەی کە گومانیان هەبوو یان رەخنەیان لە عەرەبستانی سعودی لەکاتی قەیراندا گرتبوو، بنەماڵەی شاهانە پەیامێکی بێ هەڵەی پێشکەش کرد: ئێمە بەتۆڵەوە دەگەڕێینەوە.

لە ١ی ئایاری ساڵی ١٩٩١، ئوسامە بن لادن شانشینی جێ هێشت، بەبۆچوونی خۆی، کەمتر لەدوو مانگ پاش کۆتایهاتنی شەڕ بوو. بارودۆخەکان لەبارەی ڕۆیشتنییەوە تاڕادەیەك بەنادیاری ماوەتەوە. بەپێی ووتەی بەکر بن لادن، زۆری لێ نەکراوە بڕوات. لەڕێگەی یەکێك لەزڕبراکانییەوە، ئاشکرایە کە بەکر نەبووە، ئوسامە لەوەزیری ناوخۆ پاڕایەوە کە پێویستی بەڤیزایەکی تاك-دەرچوونە بۆ پاکستان بۆ یەکلایکردنەوەی وەبەرهێنانەکانی هەیبوو. بەڵگە هەرە گرنگەکان ئەوە دەگەیەنن کە ئوسامە بەتەواوی لەپلانەکانی دڵنیا نەبوو کە دەویست لەگەڵ شوێنکەوتوەکانی ئەلقاعیدەدا کە لە ئەفگانستان جێی هێشتبوون، جێبەجێیبکات، بەڵام لەگەڕانەوەی بۆ شەڕی ناوخۆی ئەفگانستان دوودڵ بوو. لەکاتی شەڕەکەدا لە جەددە، بن لادن شوێنکەوتوانی لە ئەفگانستانەوە بۆ سۆدان بۆ بەکرێگرتنی چەند کێڵگەو میوانخانەیەك ناردبوو. بەپێی هاوکارێکی سۆدانی، پاشان بەبەکارهێنانی بەخشیش لەپارێزەرێکی میسرییەوە، کێڵگەیەکی لەباکوری خەرتووم بەبڕی ٢٥٠ هەزار دۆلار کڕی. لەهەمان کاتدا، بەپێی خەلیل ع. خەلیل، کە شوێن پێی ئیسلامیەکانی بۆ حکومەتی سعودی هەڵگرت، ئوسامە "ماوەیەکی بەهەوڵدان بۆ دۆزینەوەی خێڵێك لە یەمەن بەسەربرد کە توانی کچێکیان لێ بخوازێتو ئەمەکداری خێڵەکە بەدەست بهێنێت. بۆ ماوەی نزیکەی هەژدە مانگ بۆ دامەزراندنی خۆی لەسەر ئەمە کاریکرد، یەکەم جار لەرووی کۆمەڵایەتیەوە، دواتریش هێنانی شەڕکەرەکان بۆ باشووری یەمەن... تێڕامانێك هەبوو کە گوایە ئوسامە چەكو وەبەرهێنانو کاری بازرگانیشی لە ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو هەبووە. ئەو چوارچێوەیەی کە بۆی دەگەڕا یەمەن بوو بەپلەی یەکەم، بۆ سوپا جیهادییەکەی، هەروەها ئیمارات وەك بنکەیەك بۆ چالاکییە میدیاییو ئابوریەکانی بوو".

هاندانەکانی ئوسامە بۆ دابینکردنی سەرچاوە لەپلانە لۆجیستییە تایبەتەکانی ئاسانترن. ئەو بێزارییەی لەلایەن لێپرسراوانی سعودیەوە لەسەر ڕێکخستنەکانی یەمەن ڕووبەڕووی بووەوە، هەروەها ئەو شەرمەزابوونەی کە بە هۆی ڕەتکردنەوەی ئەوان بۆ ئامۆژگارییەکەی کاتی شەڕ هەستی پێکرد، وایانکرد بسوتێت بۆ ئارەزوومەندی ئازادبوون لە سەرکوتکردنی لەلایەن شانشینەوە، بۆ دروستکردنەوەی سەربەخۆیو ناوبانگ کە لەماوەی ساڵانی دوایدا لە ئەفگانستان چێژی لێ وەرگرتبوو، سەرباری نەبوونی مافی بەردەوام بۆ تەقەکردن. ئوسامە وەك ئەوەی کە ڕێگەی خۆی بەهۆی تەسکی کلتووری سیاسی سعودییەوە زۆر ماندوو بوو

هاوشـێوەی زۆرێـك لەئەندامـە عەلمانیـەکانی بنەماڵەکـەی کـە بەشـێوەیەکی کـاتی بـۆ لـۆس ئـەنجلۆس یـان ئۆرلانـدۆ یـان پـارس بـۆ بەسـەربردنی هەناسـەیەکی پـاك رۆیشـتبوون. دواتـر لەماوەی بەهاری ١٩٩١، ئوسامە بەم شیوەیە باسی لەرێڕەوی خۆی بۆ مەنفا کرد:

رژیمی سعودیە ژیانێکی بەسەر خەڵکدا سەپاند کە ناگونجێت بـۆ بـاوەڕدارێکی ئـازاد. ئـەوان دەیانویست خەڵك بخوات و بخواتەوەو سرودی سوپاسگوزاری بۆ خوا بڵێت، بـەڵام ئەگـەر خـەڵك بیانویستایە داخوازی چاکە بکەن و قەدەغـەی خراپـە بکـەن، نەیانـدەتوانی. سـەرەڕای ئـەوەش ئەم رژێمە لەکارەکانیان دەریاندەکات هەروەها گەر خەڵك بەو شێوە بەردەوامبن، ئـەوا راپێچی زیندانەکان دەکرێن. من رەتم کردەوە ئەم ژیانە ملکەچانە بژیم، کـە لەگـەڵ پیـاوێکی ئاسـاییدا ناگونجیت، چ جای ئەوەی لەگەڵ باوەڕدارێکدا بگونجێت. بۆیە چاوەڕوانی ئەو هەلەم دەکرد کـە خوا بۆم بکات عەرەبستانی سعودیە جێبهێڵم.

بەکرو زڕبراکانی چۆن دەڕواننە ئەو رۆیشتنەی ئوسامە؟ بەڵگـەکان لاوازن، وێـڕای ئـەوەش ئاشـکرای دەکـات کـە کاتێـك ئوسـامە شانشـینی بەجێهیشـت، بنەماڵەکـەی هـیچ هـەوڵێکی بـۆ دوورخسـتنەوەی لـەمافی بـەکارهێنانی پـارەو سـامانەکەی یـان لەبەشـداریکردنی وەبەرهێنانـە نوێکـانی بنەمالـەی نـەدا. بـۆ نمونـە، لەتـەموزی سـاڵی ١٩٩١، یـەڤیس بـرودەرلین، پـارێزەری سویسری ئۆفیسەکانی جنێڤ، کۆمپانیایەکی کەیمان ئایسلاندزیان بەناوی ئەندازیاریی کـامبریج پێکهێنـا "بـۆ کـاری وەبـەرهێنان، بەتایبـەتی لەبەرهەمـەکانی سـامانی کۆمپانیـا کـە لەلایـەن دامـەزراوە داراییـە گەورەکانـەوە، لـە ناویانـدا دیـوتچ بانـك، پێشکەشـکرا". بـەپێی بـرودەرلین، کامبریـج بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن گروپـی بـن لادنـی سـعودییەوە خاوەنـدارێتی دەکـرا، هەروەها بەکر بن لادن دەسەڵاتی واژۆکردنی لەکۆمپانیاکەدا هەبوو. پاشـان ئەوەشـی راگەیانـد، کـە گروپـی بـن لادنـی سـعودیە دوورگـەکانی کـەیمانی وەك شـوێنی رێکخـراوی خـۆی "لەسـەر بنـەمای ئامۆژگارییـەکانی پارێزەرەکـانی، هەڵبـژارد. بەرێوەبـەرە سویسـرییەکانی بەدەگمـەن راسپاردەکانی ئێمەیان لەگروپی بـن لادنـی سـعودییەوە وەردەگـرت". لەسـەرەتای ئـەو ماوەیـەدا پاش دامەزراندنی ئەندازیاری کامبریج، بـرودەرلین و بەرێوەبـەرە سویسـرییەکانی تـر هـەرگیز پەیوەنـدیان لەگـەڵ ئوسـامە نـەبوو، بـەڵام وێـڕای ئـەوەش، بـرودەرلین ئامـاژەی داوە بـەوەی ئاگـاداربووە کـە ئوسـامە "بەشـێك لـەگروپی بـن لادنـی سـعودیە" و بەشـداربوویەکی وەبەرهێنانەکانی سامانی کۆمپانیاکە بووە.

پاشان بەکر رایگەیاند کە هەرگیز لەگەڵ هیچ کەسێکی سەربە حکومەتی سعودیە بۆ یارمەتیدانی ئوسامە بۆ جێهێشتنی عەرەبستانی سعودی دەستی تێکەڵ نەکردووە، "لەکاتی هیچ تێوەگلانێك لەلایەن ئوسامەوە لەچالاکیە تیرۆریستییەکانی لەو شێوەیە ئاگادار نەبووم". ئاماژە بەوە دەکات، کەئەوە رەتکردنەوەو پابەندبوونەکەی بڕیاری ئوسامە خۆی بووە. ئەو متمانە فراوانەی سەپاندنی خۆی لەوانەیە بەشێکی پشتی بەناساندنی "چالاکییە تیرۆریستییەکان" بەستبێت. سێ ساڵ پێشتر ئەلقاعیدە دامەزرێنرابوو. خۆبەخشەکانی هێشتا بەشداری شەڕی ناوخۆی ئەفگانستانیان دەکرد، ئەوانی تریان لە یەمەن شەڕیان دەکرد یان هەڵاتبوون لەدەست دەزگاکانی ئاسایشی میسر. بەشێك یان هەموو ئەم توندوتیژییانە تیرۆریزمی دروستکرد بەو پێیەی کە بەر مەودای چاوی چاودێران کەوت. ئەوەش نادیارە کە بەکر تاچەند دەربارەی ئەم میلیشیایانە یان تێوەگلانی ئوسامە لەگەڵیاندا ئاگاداربووە.

بن لادنەکان لەدابینکردنی ئاسانکاریی گواستنەوەی شتومەك بۆ ئوسامە بەردەوامبوون. لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩١، بڕی ٤٨٢,٠٣٤,٣٧ دۆلاری لە پارە دانراوەکەی، لەگەڵ سودی زیادکردوو بە نرخێکی داشکاوی گواستنەوە، لەحسابە لاوەکیەکەی ئوسامە لە سویس بانك کۆرپۆرەیشن لە جنیف بەهۆی گرتنی حەیدەری زڕبراییەوە، بۆ دەرەوە گوازرایەوە. گواستنەوەکە لەکاتێکدا روویدا کە خاوەنی حسابە بانکییەکانی تر لەنێوان کوڕو کچەکانی محەمەد بن لادندا کۆنترۆڵی تەواوی حسابە سویسرییەکانی خۆیانیان بەدەستەوە بوو، ئەمە لەکاتێکدا کە قەیرانی شەڕ کۆتایی پێهاتبوو. ئوسامە بەئاشکرا بڕیاری رێکخستنەوەی کاری بانکی خۆی لەناو جیهانی ئیسلامیدا دا. ئەو پارە بانکییەی کە گەیشتە دەستی حەیدەری زڕبرای نادیارە کە چی بەسەرهات، بەلام هیچ نیشانەیەك نەبوو سەبارەت بەوەی کە لە ئوسامە شاردرابێتەوە. گواستنەوەکە ئاماژە بۆ دوایین بەکارهێنانی زانراوی ئوسامە لەسیستەمی بانکی رۆژئاوایی دەکات. بەهەڵوێستێکی کەللەڕەقانە، بەلام بەبێ پلانێکی یەکگرتوو، چووە ناو ژیانێکی نوێی ئاوارەیی خۆبەخشانەوە. بارودۆخەکانی لەهی عەوەزی باپیری ئاڵۆزتر بوو، کە نزیکەی یەك سەدە پێشتر لەدەست قەرز هەڵهاتبوو کە سەرەنجام سەروەتو سامانی بنەماڵەکەی لێ دروستبوو بوو، بەلام غەریزەی ئوسامە هەمان شت بوو: هەستیکرد، جگە لەدووبارە دەستپێکردنەوە، هیچ رێگەچارەیەکی تری نەبوو.

## ٢٨- ڕۆلز-ڕۆیسێک لەبەر باراندا

ئیبراهیمو کرستین بن لادن بەڕەسمی لە٢٢ی نۆڤەمبەری ١٩٩١دا لەیەکتری جیابوونەوە، ئەمەش دوای نزیکەی پێنج ساڵێك لەهاوسەرگیری. کچێکی دووساڵانیان هەبوو بەناوی (صەبا)وە، کرستین لەگەڵ ئەو کچەیدا باریکرد بۆ لۆس ئەنجلسو لەخانویەکی دوو نهۆمیدا دەژیا. پارێزەرێکی بەکرێگرت بۆ ئەنجامدانی کاروباری جیابوونەوەو لەدادگای باڵای شاری لۆس ئەنجلۆس هەندێك فۆڕمی داواکارییان پڕکردەوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی فەرمانی دەستبەسەرداگرتن لەدژی ئیبراهیم. کرستین ترس دایگرتبوو، نوسیبووی "ڕەنگە مێردەکەم لێم توڕەبێت" لەسەر ئەو بڕیارەی کە ئەم داویەتی بۆ جیابوونەوە. هەروەها دەڵێت"ڕەنگە تۆڵەم لێبکاتەوە بەوەی کچەکەم لەگەڵ خۆی بباتەوە بۆ عەرەبستانی سعودیە".

ئەوکات کرستین سیو یەك ساڵ بوو پێنج ساڵ لەمێردەکەی گەنجتر بوو. باسی "بارە داراییە شپرزەکەی"بۆ دادگا کرد. جۆرێك بوو لەنائومێدی، بەهەرحاڵ، ئەوە شتێکی نامۆ نەبوو لەبەشی ڕۆژئاوای لۆس ئەنجلسدا. ئاماژەیدا بەوەی "بەدرێژایی چەندین ساڵی هاوسەریمان، ئیبراهیم مانگانە نزیکەی ١٥هەزار دۆلای وەك خەرجی پێدەدام". لەدوای ئەوە لەکانونی یەکەمو شوباتی ١٩٩٢دا، دوای جیابوونەوەیان مانگانە تەنیا ٥٠٠٠هەزار دۆلاری پێداوە. کە "بەشی هیچی نەدەکرد" لەو پارەیەی ئیبراهیم بەولاوە هیچ داهاتێکی دیکەی نەبوو. کرستین بە دادگای ووت، بەهۆی ئەو چروکیە لەناکاوەی مێردەکەیەوە: "شێوازی ژیانمان گۆڕاوەو دۆخی ژیانمان خراپتر بووە بەبەراورد بەوکاتەی لەسەردەمی هاوسەریماندا هەمانبوو".

منو ئیبراهیمو کچەکەمان لەکۆشکەکەی خۆمان دەژیاین لەناوچەی (بیل ئەیر) لە(٦٣٤ستۆن کانیەن ڕۆد). ئەمە خانویەکی گەورەبوو ڕووبەرەکەی نزیکەی ٧٠٠٠ پێ دوجا دەبوو، لەسەر زەویەك دروستکرابوو کە ڕووبەرەکەی سێ (ئەیکەر) بوو. گەراجەکەی شوێنی ٧ ئۆتۆمۆبێلی تیا دەبووەوە، لەئێستادا نرخی ئەو خانووە دەگاتە ٨ تا ١٠ ملیۆن دۆلار. ئێمە باخەوانمان هەبوو کە بەردەوام لەوێبوون، خزمەتکارو شۆفێرمان هەبوو هەروەها پاسەوانی

تایبەتیشمان هەبوو. ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمۆبێلمان هەبوو، دووانیان لەجۆری رۆلز-رۆیس بوون. ئیبراهیم ناوەناوە من و کچەکەمی دەبرد بۆ گەشتکردن. لەگەشتە ئاسمانیەکاندا کورسی پلە یەکمان دەگرت یاخود بەیەکێك لەفڕۆکە تایبەتەکانی خێزانەکەمان گەشتەکانمان ئەنجام دەدا. هەرکاتێك گەشتمان بکردایە بۆ ئەوروپا مانگێك لەوێ دەماینەوە، یان لەسویسرا خلیسکێنەمان دەکرد، یان کورتە گەشتمان بۆ هاوایی ئەنجام دەدا، ئەم شێوازی ژیانە یارمەتیدەرمبوو بۆ ئەوەی سەردانی نیویۆرك بکەم بۆ بازاڕکردن، بینینی ئۆپێراو شانۆ. لەگەشتێکی بازاڕکردندا ئیبراهیم چاکەتێکی خوری بۆ کریم نرخەکەی ١٦٠٠٠هەزار دۆلار بوو.

کرستین ئەو پارانەی ژمارد کە لەخوێندنو خۆپێشخستندا خەرجیکردوون، بۆ نمونە ٣٢٥٠ دۆلاری لەنەشتەرگەریەکی جوانکاریدا خەرجکردووە، هەروەها هەندێ پارەی تر بۆ جوانکاریو بایەخدان بە نینۆكو پێیەکان، بۆیەکردنی قژو موولابردنو قژبڕین. لەخولی رستندا بەشداریکردووە، وانەی تایبەتی وەرگرتووە لەسەر ئەسپسواری ئینگلیزیی، نیگارکێشان، رەنگەئاویەکان، پەیکەرتاشیو زمانی عەرەبی. "ئەمەیان شتێکی سەیرنەبوو" کە ٣٥٠٠هەزار دۆلار بدات بە یەك کراس. "ئیبراهیم خوری، خشڵ، سەعاتێکی ٣٠٠٠٠دۆلاریو مستیلەیەکی ئەڵماسی بۆ کڕی لەهاوسەرگیریەکەیاندا کە ٩٠٠٠٠هەزار دۆلاری پێدابوو". کرستین پیانۆیەکی جۆری (ستینوەیSteinway) بۆ خانوەکەیان کڕی لەبیڵ ئەیر، هەروەها "لەباشترین چێشتخانەکاندا نانیان دەخوارد" بەوێنەی (سپاگۆ)و (مۆرتۆنز).

مەسەلەکە بەتەنیا هەر لەدەوری ئەم نەدەسوڕایەوە، کرستین دەڵێ مانگانە ٣٠٠٠هەزار دۆلاری لەکڕینی جلوبەرگ بۆ صەبای کچیدا خەرجکردووە. مانگانە چەند سەد دۆلارێکی داوە بە دیاری بۆ صەبا بۆئەوەی لەجەژنی لەدایکبونی هاوڕێ مناڵەکانیدا لەئاهەنگەکاندا پێشکەشیان بکات.

کرستین ئاماژەیدا، بن لادنەکان هەرگیز خۆیان نادزنەوە کاتێك کار دێتە سەر ئاهەنگگێڕان بۆ منالەکانیان. لەجەددە، سێپتەمبەری رابردوو، کرستین ٧٠٠٠هەزار دۆلاری لەئاهەنگێکدا بۆ صەبای کچی خەرجکرد کە" مەیمونێکی بۆ هێنابو، پێنج ئەسپی بەکرێگرتبوو، بالونێك کە بە هەوای گەرم بەرزدەبێتەوە، گۆرانیبێژی ئاهەنگی تایبەت، فۆتۆگرافەرێك، خواردن پێشکەشکردن، ڕازانەوەو دیاری بۆ میوانەکان".

کرستین نەیدەویست بەجۆرێك باسەکە بگێڕێتەوە کە گوایە تەنیا هەر ئەو ئەم شێوازی ژیانەی بەتەنیا دروستکردووە، بەڵکو دەیویست بڵێ، ئیبراهیمیش بەهەمان شێوە خۆشگوزەران بووە. بۆ نمونە:

لە پشووی هەفتەدا بەفڕۆکە ئێمەی بردووە بۆ سویسرا تەنیا بۆ بینینی نمایشێکی ئۆتۆمبێل: ژمارەیەك ئۆتۆمبێلی هەبووە، دوو رۆڵز-رۆیس، هۆندایەك، لێکسزێك، مارسیدسێکی جۆری SEL500 جیپێکی لامبورگینی. ئیبراهیم، ناوە ناوە مارسیدسێکی بەکرێدەرت رۆژی بە ۳۵۰دۆلار تەنیا لەبەرئەوەی ناچارنەبێت لەرۆژانی باراندا رۆلز-رۆیسسەکەی لێبخورێت.

هۆگریەکەی بە ئۆتۆمبێلەکانیەوە وایکرد کرستین لەجۆرێك بێزاریدا بژی. بەتایبەت کاتێك دووگیان بوو بە صەباوە، ئیبراهیم پەیمانیپێدابوو کە "رۆڵز-رۆیسسێکی بۆ بکرێت، بەلام تەنیا جیبپ چیروکیەکی کەم مواصەفاتی پێگەیشت". چاوەڕێی باشتربوو لێی. سەرەڕای هەمووشتێك، ئەو سەرقاڵی کاری بنیاتنان بوو لەعەرەبستانی سعودیە لەناو هەردوو مزگەوتە پیرۆزەکەدا، فڕۆکەخانەکان، شارێگاکان، بنکە سەربازیەکان، کۆشکە شاهانەییەکانو پرۆژە گەورەکانی دیکەی پەرەپێدان.

بنەماڵەی بن لادن خاوەنی سەرمایەیەکن کە بە ۲ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێتو نزیکەی ۱۷۰۰۰هەزار کەس لەبەردەستیاندا کاردەکەنو خاوەن بینای بنەڕەتی راستەقینەن. ئەم دامەزراوەی بنەماڵەیە رەوە فڕۆکەیەکیان هەیە کە ۸ بۆ ۹ فڕۆکە دەبن بە ستافی تەواوی فڕۆکەوانیو خزمەتکردنەوە. لەمدواییانەدا ئەو خێزانە فڕۆکەیەکی G4یان کڕیوە بە ۲۵ملیۆن دۆلار لەگەڵ فڕۆکەیەکی تری نوێی جۆری لییەرجێتدا.

ئەو باسەی کرستین سەرەداوێکی دەرخست لەبارەی ئەوەی بە چ جۆرێك دەکرێت بێ کێشە لەگەڵ ئیبراهیم دەست لەیەخەی یەکتر بەردەن لەکاتێکدا ئەوان لەسەروبەندی جیابونەوەدان. لەو بەڵگانەی پێشوودا لەدادگا دانی بەوەدا ناوە کە بڕی ۱۵۰۰۰هەزار دۆلار لەمانگێکدا وەك خەرجی "بەشی دەکات".

بەگوێرەی قسەی (جاك کایاجانیان) کە یەکێکە لەپارێزەرەکانی کرستین، ئەو دوانە لەبیڤرلی هیڵز لەناوەڕاستی هەشتاکاندا یەکتریان بینیوە، ئیبراهیم لەکۆمپانیاکەی (دودی فاید)بووە کە دواتر لەروداوێکی ئۆتۆمۆبێلدا لەگەڵ شازادە (دایانا)ی وێڵزدا گیانی لەدەستدا. (فاید کوڕی سەرمایەداری گەورەی میسری محەمەد فایدبوو کە کۆنترۆڵی بازاڕەکانی هارودس

لەلەنـدەنو هۆتێـل ریـدزك لـەپاریس کردبـوو، کـە ژمارەیـەك لەئەنـدامانی بنەماڵـەی بـن لادن بـەردەوام لـەوێ دەمانـەوە). ئـەوکات بـە کرسـتین هارتنیـان ناسـیبوو، کچـی سـەرمایەدارێکی ئەرمەنی مەسـیح بـوو لەناوچـەی ئـۆرەنج کـاونتی لـەکالیفۆرنیا دەژیـا، لەتەمـەنی بیسـتوپێـنج ساڵیدا بوو، کرستین پشتی بـە بـاوکی دەبەسـتو پـارەی لێوەردەگرت، هـەرگیز ئەوەنـدە پـارەی لەکارێکدا دەستنەکەوتبوو کە بایی ئەوەبێت باجی لێبسەنرێت. کچێکی باڵابـەرزی بـەژن رێکـی گەنم رەنگـی جـوان بـوو. یـەکێکی دیکـە لـەپارێزەرەکانی کرسـتین بـەناوی (مایکـڵ باڵـەبان)ەوە دەڵێت "کچێکی سەرنجراکێشی، پرشنگداری جـوان بـوو". یـەکێك لەشـوێنە خۆشـەکانی شـەوان بەلایەوە بریتی بوو لەیانەی شەوانی (دەنـیم)و بـارِی (دایمۆنـدس) لەسـانتا مۆنیکـا، کـە تیایـدا کـونێکی تیـابوو ئـاوی لێدەهاتـەدەرەوە وەك شـوێنی ئـاودانی مانگـای گاوانـەکان کـە تـۆپێکی پرشنگدار لەناوەڕاستیدا هەڵواسراوە لەسـەر سـەکۆی سـەماکردن، هـەروەها کەللەسـەری ئاسـکی ئەمەریکی گەورەو ئاسکی دیکە بەدیوارەکانەوە هەڵواسراوە.

ئەوکاتـەی باڵـەبان کرسـتینی ناسـی تێبـینی کـرد نـاوی چـەند نـاودارێکی دەهێنـا کـە گوایـە هاوڕێی بوون. ئەوکات باڵـەبان پێیوابـووە "ژنێکـی تـەواو بێمێشکە" وەك دواتـر باسـی دەکـات، رۆژێك دوای ئەوە لەئۆفیسەکەی خۆی چاوی بە موەکیلەکەی کـەوتووە. یـەکێك لـەهاوکارەکانی باڵـەبان پـارێزەری (مـك کـارتنی) بـووە لەدۆسـیەیەکی پەیوەسـت بـە مـافی خاوەندارێتیـدا، بەرێکەوت مك کارتنی لـەژووری پێشوازیەکەدا دانیشـتبوو، هـەر کـە کرسـتین پێـی خسـتە نـاو ڕاڕەوەکەو مك کارتنی بینیو بەدەنگێکی بەرز هاواریکرد"ئەرێ چۆنی کرستین؟" وەك باڵەبان دواتر ووتی "تۆ شتی لەو جۆرەت چۆن لەبیردەچێت. ئەو ژنە دەیزانی کە خەریکی چیە".

ئیبراهیم لەهەمان کۆمەڵە نەبوو. ئـەو بچوکترینی حـەقبراکانی یەسلامو خالیـد بـوو. دوای ئەوان کەوت بۆ لۆس ئەنجلۆسو لەوێ پەیوەندی بە زانکۆی کالیفۆرنیای باشـور Southern) (Californiaکرد بۆ ماوەی ساڵێك، بەڵام وەك براگەورەکانی بایەخی بە کارو بزنس نەدەدا. وادیـاربوو پێیخۆشـبێت بەتـەنیا ئـەو پارەیـە خـەرج بکـات کـە پێیـدەدرێت. یـەکێك لـەهاوڕێ ئەمەریکیەکانی کە ناوە ناوە هاوەڵیدەکرد بۆ یانەی شەوان لەلۆس ئەنجلۆس، باسـی ئێوارەیـەك دەکات لەیەکێك لەچێشتخانەکانی بیڤەرلی هیلز کاتێك ژمارەیەك لەبرایانی بـن لادن هـاتون بـۆ ئەوێو کۆبونەتەوە بۆ خوانی ئێوارە. ئەو کاتەبوو کـە ئیـبراهیم کـەوتبووە داوی خۆشەویسـتی کرستینـەوە. ئەو ئەمەریکیە دەڵێت: بن لادنـەکان نـەریتێکی سـەیریان هـەبوو، کاتێـك پسوڵەی

خواردنەکەیان دەهێنا، فیکەیەکیان بۆ شوێنی پارەدانەکە دەکرد، هەریەکە لەو برایەی تر زیاتر سور بوو لەسەرئەوەی رۆڵی خانەخوێو سەرۆك ببینێتو ئەو پارەی خواردنەکە بدات. ئیبراهیم تەنیا برایەك بوو کە وادیاربوو گوێ بەم جۆرە خۆنواندنە نەدات. جارێك وتویەتی"رۆژێك دێت باوکم باجی ئەمە بدات". ئەم ئەمەریکیە دەڵێت، ئیبراهیم هەرگیز نەیویستووە ببێتە بەڕێوەبەری کارەکانی خێزانەکەی. هەرگیز ناتوانن دەستکەوتی مەزنتر لەوەی باوکیان بەدەستبهێنن. ئەوان بەشی خۆیان بەزیادەوە پارەیان هەیە ئیتر بۆچی بەو جۆرە هەڵپەدەکەن؟

ئیبراهیم کەسێکی رووڵەخوابوو. کرستین خۆی بە مەسیحی دادەنا، بەبێ ئەوەی خۆی بەپەیڕەوی هیچ مەزهەبێك بزانێ، بەڵام کاتێك لەگەڵ ئیبراهیم باسی هاوسەرگیریانکرد، رازیبوو ببێتە موسوڵمان. هیچ رێگەیەکی ترنیە بۆ ئەوەی بەئاسودەیی وەك ئەندامێکی ناو بنەماڵەی بن لادن بژی. کاتێك وادەی هاوسەرگیریان نزیکبووەوە، ئەو جووتە کەوتنە گفتوگۆ سەبارەت بەدروستکردنی گرێبەستێکی رێکەوتنی پێش هاوسەرگیری لەبارەی ئەوشتە نەگۆڕانەی کە ئەمیان لەعەرەبستانی سعودیە لەسەری پەروەردە بووەو ئەوشتانەی ئەویش کە لەباشوری کالیفۆرنیا لەسەری پەروەردە بووە.

(رۆبەرت شاهین)ی پارێزەر لەلۆس ئەنجلۆس رەشنوسی رێکەوتننامەیەکی ئامادەکرد بەناونیشانی" رێکەوتننامەی پێش هاوسەرگیری بۆ هاوسەرگیری بەپێی یاسای ئیسلام". دۆکیومێنتێکی نائاسایی بوو، ئەوەش هەوڵێك بوو بۆئەوەی گەرەنتی بۆ ئیبراهیم دەستەبەربێت کە پارێزراوە لەلایەن یاسای سعودیەوە بۆ خاوەنداریێتی مافی هەڵگرتنەوەی منداڵو بابەتەکانی سەبارەت بە میرات، لەبەرامبەرئەمەشدا بەڵێن بە کرستین دەدات کە زاوا دەست لەو مافەی هەڵگرێت کە بەپێی یاسای ئیسلام بۆی هەیە زیاتر لەژنێك بهێنێت. پاشان ئەو رێکەوتننامەیە لەدادگا پڕکرایەوە.

لێرەوە بەزمەکە دەستیپێکرد:

بەرلەوەی بوكو زاوا بکەونە گەڕان لەم شوێن بۆ ئەو شوێنو بەهەموو جیهاندا بگەڕێن، هەردوولایان رازیبوون لەسەر ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١. بڕوادان بە ئیسلام. پێویستە لەسەر هەردوولا کەوا فەرزەکانی ئاینی ئیسلام بەجێبگەیەنن لەکاتی هاوسەرگیریداو ئەو منالآنەی لەئەنجامی ئەو هاوسەرگیریەوە پەیدادەبن پێویستە وەك موسوڵمان پەروەردە بکرێن.
٢. کۆنترۆڵەکانی یاساکانی ئیسلام. پێویستە سەرجەم بۆنەکانی پەیوەست بە هاوسەرگیری بەپێی یاسای ئیسلام ئەنجامبدرێت، بێجگە لەو خالآنەی لێرەدا گۆڕانکاریان بەسەردا هێنراوە.
٣. تەنیا یەك هاوسەر. زاوا دەست لەو مافەی خۆی هەڵدەگرێت کە بۆی هەیە زیاتر لەهاوسەرێکی یاسایی هەبێت.
٤. مارەیی: زاوا بڕی ( ) دۆلار وەك مارەیی دەدات بە بوکێو وەك موڵکی تایبەت بەخۆی هەژماردەکرێت، لەکاتی جیابوونەوەدا، پێویستە لەسەر زاوا بڕی ( ) دۆلاری دیکە بدات*.

ئەو رێکەوتننامەیە داوای لە کرستین کرد دەست لەو مافانەی هەلگرێت کە بەپێی یاسای مافی خاوەندارێتیە مەدەنیەکانی کالیفۆڕنیا دەستی دەکەوێت، ئیبراهیم پەیمانیدا "بەپێی یاسای ئیسلام" هەموو ئەو مندلآنەی لەئەنجامی ئەم هاوسەرگیریەوە دروستدەبن بەخێوبکات، حوکمێکی لەپێشینە بوو بۆ "تەختکردنی زەمینەی لێك جیابوونەوە" تیایدا هاتبوو، کە بەپێی ئەمە ئیبراهیم بۆی هەیە هەنگاوی یەکەم ئەنجامبدا بۆ جیابوونەوە لەهەمان کاتدا زەمینەی جیابوونەوەی لای کرستین هیوابەخشتر کردبوو، بەوپێیە، "زاوا رەزامەند دەبێت بەوەی دەست بکات بە ئەنجامدانی یەکەم هەنگاوی جیابوونەوە لەسەر داوای بوکێ، ئەگەر ناکۆکیەك کەوتە نێوانیانەوە کە چارەسەرکردنی مەحاڵ بێت. لەکاتی جیابوونەوەدا، پێویستە ئیبراهیم منالەکان بەخێوبکات دوای ئەوەی تەمەنی شیرەخۆرەیی تێدەپەڕێنن. هەروەك چۆن لەیاسای ئیسلامدا ئاماژەی پێکراوە.

دواتر کرستین وتبووی کە ئەمو ئیبراهیم "هەرگیز نەیانتوانیوە کۆکبن" لەسەر سەرجەم ئەو خالآنەی لەرێکەوتننامەی پێش هاوسەرگیریدا نوسرابوون. بەهەرجۆرێك بێت

---

* بە مەبەست نوسەری کتێبەکە ئەو دوو کەوانەیەی بە بەتاڵی جێ هێشتووە دیارە نەیتوانیوە زانیاری دروستیان لەسەر وەربگرێت، یاخود هۆکاری تری لە پشتەوە بووە ... (وەرگێڕ)

بڕیاریاندابوو هاوسەرگیری ئەنجامبدەن. "واپێویستبوو دوای هاوسەرگیری واژۆی بکەین، بەڵام هەر رازینەبووین لەسەری" دواتر وتی "بۆیە هەرگیز واژۆمان نەکرد".

ئاهەنگی هاوسەرگیریەکەیان لەهۆتێلێکی بیڤەرلی هێلز بەرێوەچوو. پرۆسەی مارەکردنەکەیان بەپێی یاسای ئیسلام ئەو دوانەی کرد بە ژن ومێرد. (رۆبەرت فریدمان) کە یەکێك بوو لەئامادەبووان دەگێڕێتەوە: ئەندامەکانی بنەماڵەی بن لادن دابارینە سەر هۆتێلەکەو سویتەکانی (ستوکۆ بنگالۆز)یان بۆ خۆیان گرت "دواتر شەرابو شەمپانیا بەلێشاو لەو ئێوارەیەدا هەڵدرا"، شەفیقو هودای زڕخوشكو برایان لەنێو ئامادەبواندابوون. ئەوکات هێشتا سالم لەژیاندامابوو، هاوسەرگیریەکە لەکانونی دووەمی ١٩٨٧دا ئەنجامدرا سالمیش بە گۆرانیو هەڵسوکەوتە سەیرەکانو نمایشە مۆنۆلۆگەکانی باڵی کێشابوو بەسەر ئێوارەخوانی بەخێرهاتنەکەدا. فریدمان دواتر دەڵێ "بوکێکی زۆر جوان بوو" کراسەکەی بەسەر پەنجە شوشەییەکانیدا لولکرابوو تا دەگەیشتە ئانیشکی. "پرچە لولە شۆڕە درێژەکەی میوانەکانی سەرسامکردبوو...پێدەچێت کرێکارەکانی رازاندنەوە تا نیوەشەو کاریانکردبێت بۆ ئامادەکردنی ئەو هێڵە درەوشاوانەی بەهەموو هۆتێلەکەدا بڵاویانکردبووەوەو گڵۆپیان پێوەکردبوو. ئەو شوێنە لەئەفلانەبوو".

دوای بەسەربردنی مانگی هەنگوینی ئەو دووانە لەکۆشکەکەی ستۆن کانیۆن نیشتەجێبوون کە بەرامبەر یانەی (ریڤێرا کەنتری کڵەب)بوو. صەبا لەکانونی دووەمی ١٩٨٩دا هاتە دنیاوە. وەك پێشتر پلانیان بۆ دانابوو کاتەکانی خۆیان لەنێوان بیڵ ئەیرو جەددە دا دابەشکردبوو. کرستین بۆیدەرکەوت ناتوانێ لەدووری دایکی بژی کە لەکالیفۆرنیا دەژیا، ئیبراهیم دواتر ووتی بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ بنەماڵەی بن لادنیشدا کات بەسەر ببات لەکیلۆ ٧، گفتی داوەتێ کە خانویەکی بۆ بکرێت لەسەر دەریای سور. بۆ ئەوەی دڵخۆشی بکاتو ئەو ماوەیەی نێوان هەردوولا دابەش بکات، خانوەکەی بۆ کڕی بە ٣ ملیۆن دۆلار.

بەهەرحاڵ هاوسەرگیریەکەیان زۆری نەبرد کێشەی تێکەوت، دەمەبۆڵەکانیان روو لەزیادبوون بوو، لەکۆتاییدا، لەکۆتایی ساڵی ١٩٩١دا کرستین بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ بیڵ ئەیرو صەبای کچیشی لەگەڵ خۆی ببات. ئیبراهیم چەند پارێزەرێکی بۆخۆی گرت کاتێك ئەو داوای جیابوونەوەی کرد. بەپێی ئەوەی کە خالیدی برای زانیبووی لەساڵی ١٩٩٠دا، ئیبراهیم

خەریکبوو بۆیدەردەکەوت کە ئەگەر پارێزەرە ئەمەریکیەکان یەك تەکانی بچوکیش بە مەسەلەکە بدەن ئەوا مێشکی پیاویشی لەگەڵ دەشڵەقێنن.

"دەزانی سەرمایەکەت چەندە؟"

"نەخێر"

"هیچ بۆچونێکت هەیە بۆ خەملاندنی سەرمایەکەت؟"

"نەخێر"

ئیبراهیم لەهۆڵێکی کۆبونەوەکاندا لەلۆس ئەنجلۆس ئامادەبوو لەساڵی ١٩٩٢دا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەبارەت بە سەرمایەکەی کە لەلایەن پارێزەرەکانی کیریستینەوە لێیدەکران. لەوەوە دەرکەوت ئەو جوتە بەرەو دانیشتنی جیابوونەوەی یەکجارەکی هەنگاو دەنێن لەدادگای لۆس ئەنجلۆس. لەنێو مەسەلەکانی دیکەدا، پارەێزەرەکانی هەردوولا مشتومڕیانبوو لەسەر ئەوەی ئاخۆ داهاتی ئیبراهیم چەندە، ئاخۆ دەبێ سەرمایەکەی چەندبێت، ئایە کرستین‌و صەبا دەتوانن چەند وەك نەفەقەو مووچەی بەخێوکردن بۆ خۆیان دابڕن. پارێزەرەکانی کرستین بۆیاندەرکەوت ئیبراهیم بەئاسانی نایەتە ژێربار لەمەسەی پارەدا. وتبووی ئەوە تەنیا شتێکە کە هەرگیز لێی تێنەگەیشتووەو هیچ ووردەکارییەکی نەزانیوە لەبارەیەوە.

"هیچ هەوڵێکت داوە بۆ ئەوەی بزانی چەند پارەت هەیە؟"

"قسەم لەگەڵ براکانمدا کردووە، ئەوانەی کۆمپانیاکە بەڕێوەدەبەن. کەسیان نازانن".

"قسەت لەگەڵ کام لەبراکانت کرد؟"

"قسەم لەگەڵ یەحیا کرد...ی.ە.ح.ی.ا"

"یەحیا لەکوێ دەژی؟"

"عەرەبستانی سعودی".

"چیت لێپرسی؟"

"هەریەکەو چەندی هەیە. سامانی هەریەکەمان چەندە".

"ئەی وەڵامی چی بوو؟"

"قورسە بوترێ. نازانێت".

"پێت ووت کە تۆ پێویستە ئەو زانیاریەت لابێ بۆئەوەی بیدەیتە دادگا لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا؟"

"نەخێر. من ئەو قسەیەم بە خالیدی برام ووت، ئەو پرسیاری لێکردووە".

"ئەی چی رویدا؟"

"ووتبووی نازانێت، کەسیان نازانن"

".....بەرێز بن لادن، بەدەر لەوەی ئێستا ئاماژەت پێکرد، چ هەوڵێکت داوە بۆ ئەوەی بزانیت سامانەکەت چەندە؟"

"هەر ئەوەنە تەلەفون هەڵدەگرم، قسە لەگەڵ براکەم دەکەم، ئەوەندەی بزانم، سەیرکە، من نازانم کارەکە چۆن دەکرێت، من کاریان لەگەڵ ناکەم، نازانم چەنیان هەیە، چیم بۆ دەنێرن، پێم وایە ئەوەیە- ئەوەیە کە ناردویانە، نازانم..."

"بەپێی داهاتی ساڵانە دەزانی چەندت هەیە؟"

"لەهەڵکشانو داکشاندایە، پشتدەبەستێت بەو کارەی دەستماندەکەوێت، وەك مووچە نیە، بۆیە نازانم".

مەبەستت چیە، پشت بەو کارە دەبەستێت کە دەستان دەکەوێت؟"

"بۆ نمونە ئەگەر کۆمپانیاکە ئەمساڵ لەحکومەت ئیش بگرێت، جادەوبانی زۆرترمان ببێت، ئەگەر ئیشی باشتر بکەین قازانجمان بەرزدەبێتەوە. ئەگەر کاری باش نەکەین یان ئیشی باشمان نەبێت، پارەمان نابێت".

"داهاتی تۆ لەساڵی ١٩٩١دا چەند بوو؟"

"نازانم".

"ئەی لە١٩٩٢دا داهاتت چەندبوو؟"

"لە چی؟"

"داهاتی تۆ لەساڵی ١٩٩١دا چەند بوو؟"

"نازانم"

مایکڵ باڵەبانو پارێزەرەکانی دیکەی کرستین هەندێك ئاستەنگیان هەبوو لەبڕواکردن بەوەی ئیبراهیم بەهیچ شێوەیەك کاری نەکردووە، وەك ئەوەی خۆی ووتی، لەڕاستیشدا، لەهەموو ژیانیدا یەك رۆژیش کاری نەکردووە. بەپێی یاسای جیابوونەی هاوسەرگیری

کالیفۆڕنیا، لەقازانجی ئیبراهیمدابوو بۆئـەوەی لـەکاتی بەڕێوەچـوونی دادگاییەکانـدا بمێنێتـەوە لەسەر ئەوەی لەکاتی هاوسەرگیریەکەیاندا هیچ مووچـەیەکی وەرنـەگرتووە. ئەگـەر داهاتەکـەی لەو سەرمایانەوە بەدەستی گەیشتبێت بەر لەناسینی کرستین هەیبوون، زۆر قورستر دەبێت بـۆ ئەوەی کرستین بتوانێت پارەیەکی زۆرتری دەستکەوێت.

باڵەبان لەیەکێك لەدانیشتنەکاندا لێی پرسی"ئاگات لێیە کە هیچ کـام لـە براکانـت هەنـدێك جار کارنەکەن؟"

ئیبراهیم پرسی"کاتی دیاریکراو، ئەوان بەهیچ جۆرێك کار ناکەن، مەبەستت ئەوەیە؟"

"کتومت"

"بەڵێ"

"کامیان؟"

"خۆم"

"باشە، ژمارەیانم پێبڵێ، دواتر دێینە سەر ناوەکانیان".

"مـن، عەبـدوڵا، محەمـەد، شـەفیق...عەبـدوڵا عـەزیز...و هەنـدێکی تریـان کـە پەیوەنـدیم لەگەڵیان نیە. نازانم ئاخۆ کاردەکەن یان نا".

باڵـەبان لـەبارەی کڕینــی ئــەم کۆشــکەی بیــڵ ئــەیرەوە پرســیاری لێکــرد کــە لەســەرەتای هەشتاکاندا کڕیبـووی، بەرلـەوەی چاوی بەکرسـتین بکـەوێت. نرخـی ئـەو خـانووە زیـاتر لـە٢ ملیۆن دۆلار بوو.

"چەند پارەی کاشت دا؟"

"بـیرم نیـە، بـەڵام دەوروبـەری یـەك ملیـۆن بـە کـاش....لـەوە زیـاتر نـەبوو. ڕەنگـە نزیکـەی ملیۆنێكو شەش سەد".

"هەزار؟"

"بەڵێ، دۆلار".

"باشە، کەواتە، یەك ملیۆنو شەش سەد هەزار دۆلار؟"

"بەڵێ"

"ئەو پارەیەت لەکوێوە هێنا؟"

"لەعەرەبستانی سعودیەوە، لەلای براکەم، یەسلام".

"بەقەرز پێیدای؟"

"نەخێر هەندێك لەپشکەکانمی فرۆشت".

"...ئەی خانوەکە بەناوی کێوەکرا؟"

"براکەم، کرا بەناوی براکەمەوە".

"کامیان؟"

"یەسلام".

"بۆ؟"

لەبەرئەوەی پێیانووتم ئەگەر بیکەم بەناوی خۆمەوە لێرە دەبێ پارەی باجی داهات بدەم ئەگەر شتێکم بەناوەوە بێت".

"کێ ئەوەی پێوتی؟"

"هەندێك لەبرادەرەکانم."

بەوشێوەیە بەردەوام بوو، پارێزەرەکان پرسیاریاندەکردو ئیبراهیمیش وەڵامی دەدایەوە بەدەنگێکی کپی خەمۆکەوە. دوابەدوای ئەو دانیشتنانە، تادەهات نزیك دەبووەوە، ئەو جوتە کەوتنە پڕکردنەوەی بەڵگەنامەکانو هەریەکەو لەلای خۆیەوە ئاماژەی دەدا بە هۆکارەکانی هەرەسهێنانی ئەو پەویوەندیەو باسی لەباشترین شت دەکرد بۆ ڤازانجی کچەکەی.

کرستین نوسیویەتی، هەستیکردووە کە گیریخواردووە کاتێك لەگەڵ صەبای کچیدا سەردانی عەرەبستانی سعودیەی کردووە. ئیبراهیم وون دەبوو "دەچووە سەر کەنار دەریا، یاخود لەماڵی یەکێك لەبراکانی دەمایەوە...یان ئەگەر بهاتایەتەوە بۆماڵەوە، بەخێرایی نانی دەخواردو دەنوست یاخود بەپەلە نانی دەخواردو دیسانەوە دەچووە دەرەوە. لەکاتی مانەوەیدا لەجەددە لەساڵی ١٩٩١، ویستویەتی بگەڕێتەوە بۆ کالیفۆرنیا، بەڵام دەڵێ "ئیبراهیم نەیهێشتووە منو صەبا بگەڕێینەوە بۆ ئەمەریکا".

ئیبراهیم پاسپۆرتەکەی بردووەو پێی وتووە "کەوا لە ئۆفیسی کۆمپانیای بن لادن داینـاوە". پێویستی بەواژۆی ڕەزامەندی ئیبراهیم بووە بۆ ئەوەی ڤیزای دەرچوون وەرگرێت، بەڵام بۆی نەکردووە، نوسیویەتی کەوا ئیبراهیم پێی ووتوە "ئەگەر دەتەوێ بگەڕێیتەوە، بگەڕێرەوە، بەڵام صەبا لێرە دەمێنێتەوە" ئەو کاتە ترساوەو بەدادگای ووتوە، ئەگەر بەپێی ڕێکەوتننامەی (وصایە) پاش جیابوونەوەبێت ڕێگە بە ئیبراهیم دەدرێت صەبا بباتەوە بۆ عەرەبستانی

سعودیە، لەم حاڵەتەدا رەنگە هەرگیز جارێکی دیکە نەیبینێتەوە. دەڵێ چەندین جار لەکاتی دەمەبۆڵەو شەڕەکانیدا ئیبراهیم پێی ووتوە "صەبا دەبرێتەوە بۆ عەرەبستانی سعودیە، ئیتر گرنگ نیە چی روودەدات، گرنگ نیە دادگا چ بڕیارێك دەردەکات." هەندێکی دیکە لەئەندامەکانی بنەماڵەی بن لادن پێیان ووتوە ئەگەر ئیبراهیم صەبا بباتەوە بۆ عەرەبستانی سعودیە"هەرگیز نایهێنێتەوە بۆلام".

لەوەڵامدا ئیبراهیم نوسیبوی "من بە ئاشکرا نیەتەکانی کرستین دەبینم بەوەی دەیەوێت سزای من بدات بەوەی نەیەڵێت صەبا بچێت بۆ عەرەبستانی سعودیە"، ئەو "هەرگیز رێگەی لێنەگرتووە لەبەجێهێشتنی مەملەکەت" دەڵێ "یارمەتیمداوە سەفەربکات...جارێکیان مشتومڕێکمان لەنێواندا دروستبوو، ویستی بڕوات، منیش پێموت ئارەزووت لەهەرچیەکە بیکە، چاك دەزانێت کە تۆ هەرکاتێك ویستت دەتوانی بڕۆیت. یاسای ((ژن بۆی نیە سەفەر بکات بەبێ رەزامەنی مێرد)) لەعەرەبستانی سعودیە هەیە. تەنیا جارێکیش کە پاسپۆرتم لێی وەرگرتووە بۆ ئەوە بووە بچم فیزای دەرچوونی بۆ وەرگرم".

هەستیکردووە کرستین بەدەستی ئەنقەست دەیەوێت بێبەری بکات لەکچەکەی. بۆ نمونە، دەڵێ لەم دواییانەدا لەناو ئۆتۆمبێلدابوون لەگەڵ صەبادا پێکەوە پێکەنیون، پرسیاری لێکردوە ئاخۆ دڵشاد بووە، ئەویش بە بەڵێ وەڵامی داوەتەوە، پاشان کچەکەی ووتویەتی بابە تۆ خۆشحاڵی؟"

ئەویش وەڵامیداوەتەوە"بەڵێ"

"بەڵام دایە ووتی تۆ دڵت خۆش نیە"

یەکێك لەو خاڵانەی پشتڕاستکرانەوە لەلایەن پارێزەرەکانی ئیبراهیمەوە باسیان لەوە کردووە کرستین باسی لەرێکەوتنێك کردووە سەبارەت بە چۆنیەتی بەخێوکردنی صەبا. لێیان پرسی "کەواتە راستە، دواجار، کەوا تۆو بەڕێز بن لادن رازیبوون بەوەی لەسەر بڕوای ئیسلامیی پەروەردەبکرێت؟.

"بەڵێ"

"هەروەها ئەو منالە دەخرێتەبەر خوێندنو ئەگەر بگونجێت فێری خوێندنەوەو نوسینی عەرەبی دەکرێت؟

"بەڵێ"

ئیـبراهیم بـە دادگـای ووت كـە ویسـتویەتی كچـەكەی وەك سـعودییەك، وەك ئەنـدامێكی بنەماڵـەی بـن لادن پـەروەردە بكـات. لـەقازانجی صـەبادابووە كـە كێیـەو ببێتـە ئەنـدامێكی راستەقینەی بنەماڵەی بن لادنو ئەو بنەماڵە فراوانە بناسێت كە لەداهاتوودا دەتوانێت پشتیان پێببەستێت:

باشـتر وایـە كـە ئـەم شـتانە بزانێـتو لـەم كلتـورەدا پـەروەردەبێت، چـونكە بـڕوام وایـە پەروەردە بوون "لەسەر شێوازی دیكەی ژیان" واتلێدەكات قبوڵیـان بكـەیت، قورسـتردەبێت بـۆ ئـەو كچـە ئەگـەر هـەرگیز پێشـتر لـەو شـێوازەدا نـەژیابێتو لـەدوای ئـەوەی گـەورەدەبێت تێكەڵاویان ببێت. هۆكارێكی دیكەی ئەوەی دەمەوێت بگەڕێتەوە بـۆ سعودیە ئەوەیـە پێویسـتە بەشـەكەی دیكـەی خێزانەكـەی بناسـێت، بۆئـەوەی هەسـت بەخۆشەویسـتی ئـەوان بكـات بەرانبەری. بۆ ئـەوەی فێـری زمانەكـەیان بێـتو بەوپـەڕی سـەرفرازیەوە تەلـەفون هـەڵگرێتو داوای شتێكیان لێبكات كاتێك پێویستیبوو یاخود كێشەیەكی هەبوو.

دڵنیابوو لەوەی كرستین كچەكەیان وەك فشارێك بەكاردەهێنێت بۆئەوەی بیگوشێتو پـارەی لێبكێشـێتەوە. دەڵـێ "ئـەو كاتـەی زانـی كـە دادگـا نـاتوانێ ئـەوەی ئـەو دەیـەوێت بـۆی دەسـتەبەربكات لـەمن" دەیویسـت، مانگانـە 21,648 دۆلار وەك خـەرجی بـۆ خـۆیو 6,188دۆلار بـەخێوكردنی منـاڵی لێوەربگرێـت، بـەڵام ئـەم ئامـادەبوو تـەنیا 3,250دۆلار بـۆ بەخێوكردنی مناڵ، هەرچی خەرجیە بۆ كرستین، پارێزەرەكانی ئاماژەیان داوە بـەوەی "كـەمتر لەپێنج ساڵ لەژیانی هاوسەریدا لەگەڵ ئیبراهیمدا ماوەتەوە لەو ماوەیەشدا بەدڵی خۆی سـودی لەدەستودڵباشی بنەماڵەكەی ئیبراهم وەرگرتووە. بەدڵنیاییەوە خـۆ ئـەو ژیـانی لـەم شـێوەیەی نەبردوەتەوە وەك خەڵات ". پێویستە بـڕواتو كارێـك بۆخـۆی بدۆزێتـەوە، "ماوەیـەكی دوورو درێژە هاریكاری دەكرێت".

وادەی دادگاییەكـەیان حـوزەیرانی ١٩٩٣ بـوو، كـاتێكیش نزیـك بـوەوە، دواجـار ئـەو جوتـە كەوتنە دانوستان. لە٦ی حوزێرانی ١٩٩٣ "دوایەمین دادگـایی جیابوونـەوەیان بـەرێكرد" ئـەوەی پێیان وابوو بووە كۆتایی بەدەستهێنانی ئەوەی هەوڵیان بۆی دەدا.

ئیبراهیم رازیبوو مانگانە ٥٠٠٠هەزار دۆلار بـۆ بـەخێوكردنی منـاڵ بـداتو یـەكجاریش بـڕی هـەزار٣٢٥٠٠٠ دۆلار بـدات بەكرسـتینو ئـەویش دەسـت لەیەخـەی بكاتـەوە، بـەبێ ئـەوەی هـیچ پارەیەكی دیكە بدات بۆ بەخێوكردن یاخود خەرجی. رێـی پێـدەدرێت رۆلـزر رۆیسـە رەساسـیە

تاریکـە مۆدێـل ١٩٧٧کـەیو رۆڵـز رۆیـس کـۆرنیش مۆدێـل ١٩٨٣، هامـەر ١٩٩٢و لێکسـز١٩٩١و هۆنداسیڤیك ١٩٨٤و لامبرگینی جیپ ١٩٨٧و مێرسیدس بێنز ٥٠٠ SELو مێرسیدس جێپەکەی هـەموو موڵکـەکانی لـەلۆس ئـەنجلۆسو جـددە، حیسـابەبانکیەکانی، قازانجـەکانی لـەگروپی کۆمپانیاکانی محەمەد بن لادن دا بۆی بمێنێتەوە. ئیبراهیم رازیبوو کە لەساڵێکدا شەش مـانگ لەئەمەریکا بەسەر ببات بۆئەوەی هاوبەشی بـەخێوکردنی صەبا بێت لـەو ماوەیـەدا. کرستین رازیبوو کچەکەیان بخاتـە بـەر خوێنـدن لەقوتابخانەیـەکی ئیسلامیی بـۆ ئـەوەی دڵنیـایی ئـەوە بدات کچەکەیان وانەی عەرەبی وەردەگرێت، تا دەگاتە تەمەنی حـەوت ساڵی ئـەوکات ئیـبراهیم دەتوانێ بیبـات بـۆ سعودیە بـۆ ئـەوەی بـۆ مـاوەی مانگێـك لـەوێ بمێنێتـەوەو لـەدوای ئـەوەش دەکرێت بۆ جارەکانی داهاتوو ماوەکە درێژتر بکرێتەوە.

دیـاربوو کـە ئـەو سازشـەی بـە نرخێکی گـران لەلایـەن هـەردوولاوە پێکهێنـرا، لەڕاستیشدا، تەڵاقنامەکەی نێوان ئیبراهیمو کرستین بن لادن وەك خۆی مایەوە تا کۆتایی ئـەو دەیەیـە ـــــ تا ئەوکاتـەی روداوەکـانی ١١ی سـێپتەمبەر رویانـداو ئـەو کۆمـەڵگا دوو کلتوریـەی لـێکترازان کـە پێشتر لەسەری بنیات نرابوو.

## ٢٩- ئاوەدانکردنەوەی تاراوگە

لەساڵی ١٩٠٥دا ئیمپریالی بەریتانی نەخشەی ئەندازەیی و تانوپۆی ڕێگای (پۆرت سۆدان)یان داڕشتبوو. میناکەی کەوتبووە پشتی کەنارە مەرجانیە ڕێگرەکان کە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی کەناری ڕۆژئاوای دەریای سوور، لەبەرامبەر جەددە. لەدیدی بەریتانیەکاندا بۆ سەدەی ئاییندە، پێیان وابوو ئەو شارە گەشەدەکات لەسەر ئەو هێڵی شەمەندەفەرەی روباری نیل دەبەستێت بە ئەوروپاوە، لەڕێگای کەنداوی سوێسەوە، بەڵام تا کۆتایی سەدەی بیست هەرچاوەڕێی ئەوەبوو گەشەی پێبدرێت. جەنەڕال عومەر بەشیر کە تا ئێستاش هەر ماوە، سەرکردەی پاش سەردەمی کۆلۆنیالی بوو، جەنگاوەرێکی دێرینی سەردەمی جەنگە دڕندانەکانی دژ بە مەسیحیەکانی باشوور بوو، بە کودەتایەك سەرۆك وەزیرانێکی هەڵبژێراوی لەساڵی ١٩٨٩دا لەسەرکار لادا. کاتێك دەسەڵاتی گرتەدەست، بەشیر هاوپەیمانی لەگەڵ هاوپەیمانێکی ئیسلامیدا دروستکرد، کەسێکی دەرچووی زانکۆی سۆربۆنی بەخۆ نازی سۆدانی خاوەن تیۆری تایبەت بوو لەئاین و سیاسەتدا بەناوی (حەسەن ئەلتورابی)ەوە. وەك شێوازی باوی سەرکردەکانی کودەتا، لەهەمان ئەو ساڵەی بەشیر هاتە سەرتەخت، بەڵێنیان دا وولاتەکەیان پێشبخەن لەڕێگەی وەبەرهێنان لەبوارەکانی ژێرخانی ئابوریدا بۆ خزمەتی "خەڵك"، کۆمپانیایەکی براگەورەکانی بن لادن کە بارەگاکەی نزیك دەریابوو، گرێبەستێکی بردەوە بۆ دروستکردنی فڕۆکەخانەیەکی نوێ لەپۆرت سۆدان، لەگەڵ ئەوەی ئەو شوێنە سادەترین ناوچە بوو، بەڵام بەلێشاو نەوتی لێوە ڕەوانەی بازاڕەکان دەکرا. حکومەتی سعودیە کە بەدوای فراوانکردنی دەسەڵاتەوەبوو لەنێو دراوسێکانی ناوچەی دەریای سوردا شانیدایە بەر بەشێکی زۆری تێچووەکانی کە ٣٥ملیۆن دۆلاربوو.

ئەو پرۆژەیە ئاراستەی بەشی بیناسازی مەدەنی و فڕۆکەخانەی (بن لادن گروپ)ی سعودی کرا. عومەر بن لادن دەرچووی زانکۆی میامی، کرا بە بەرپرس. تا ساڵی ١٩٩٢ بنیاتنان بەباشی بەڕێوەدەچوو.

عومەر بن لادن تاکە ئەندامێکی بنەماڵەی بن لادن نەبوو کە بۆ مەبەستێك سەردانی پۆرت سۆدان بکات، بەڵکو لەوکاتەی کە براکانی گرێبەستی فرۆکەخانەکەیان بۆدەرچووبوو، ئوسامەش ١٨٠,٠٠٠هەزار دۆلاری تەرخانکردبوو بۆ یاریدەدەرێکی خۆی کە سۆدانی بوو بەناوی (جەمال ئەل فەزل) بۆ ئەوەی کانە خوێیەك بکرێت لەنزیك پۆرت سۆدان، ئەوەش یەکێك بوو لەژمارەیەك وەبەرهێنان لەزەوی‌و کاری بازرگانیدا کە ئوسامە بڕیاریدا لەسۆداندا ئەنجامیان بدات. دوای ئەوەی لەشەڕی ئەفگانستان دەرچوو ناوە ناوە سەردانی سۆدانی دەکرد. شوێنێکی سەختی زیندووی بێوەی هەروەها زۆر ئیلهامبەخش بوو بۆ ئەوەی شێخێکی سعودی والێبکات هەستبکات زۆرگرنگە هەروەها شوێنێکە کە بۆ ئەوەی سەرمایەکانی ئەو شێخە بەدراوی گران باشترین مەودا ببڕێت. کاتێك لەناو وولاتەکەی خۆیدا فشاری هاتەسەر بۆیدەرکەوت سۆدان بۆ ئەم باشترە لەپاکستان یان یەمەن وەك تاراوگەیەك کە بەویستی خۆی هەڵیبژاردووە. حکومەتی ئەو وولاتە کە ئیسلامیەکان تیایدا بالادەستن‌و کۆمەڵگایەکی هەژار کە بەئاسانی جڵەودەکرێن، دەبنە دوو هۆکاری یارمەتیدەر بۆ ئەوەی خواستەکانی بۆ پابەندبوونی بە شەڕی گەریلای نێودەوڵەتیەوە بمێنێتەوە، هەروەها خواستەکانیشی بۆ ناساندنی خۆی وەك سەرۆکی کارە بازرگانیەکانی، بەشێوازێك کە نزیکە لەوەی براکانی دیکەی کە لەهەندەران دەژین لەوانە یەسلام لە سویسراو خالید لە میسر.

دوای ئەوەی عەرەبستانی سعودیەی بەجێهێشت پشکە داراییەکانی خۆی لەدوان لەگەورەترین کۆمپانیاکانی بنەماڵەکەیدا کێشایەوە، وادیارە ئوسامە سەرکردایەتیەکەی بەکری برای بۆ بن لادنەکان بە شەرمەزاریی زانیوە. لەسەر هەندێك سیاسەتی دەرەوەی رۆژگار بۆ نمونە کێشەی نێوان ئیسرائیل‌و فەلەستین، نەهامەتیەکانی موسوڵمانان لەبۆسنەو چیچان، دیدی ئوسامە وەك خۆی مایەوە کە دووربوو لەو بۆچونە نەگۆڕە کۆنەی دامەزراوەی سعودیە هەیبوو کە براگەورەکەی زۆر دەردەسەری چەشت هەتا دروستیکردو بووە بەرپرسی. بۆچونە تەکتیکیەکانی ئوسامە لەمەڕ ئەو ناکۆکیانەوە تادەهات سەربەخۆتر دەبوون، بەهەرحاڵ، لەساڵی ١٩٩٢دا شەڕی بۆسنە هاوکێشەی نوێی لەنێوان ئوسامەو بەکردا دروستکرد. لەسەرەتای ساڵدا توندوتیژی دەوروبەری سەرایێڤۆی کاولکرد، کەناڵە ئاسمانیەکانیش وێنەی زۆر تاسێنەریان بۆ موسوڵمانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگواستەوە. لەمانگی تەموزدا بەکر لەئێوارەخوانێکی کۆکردنەوەی یارمەتیدا لەهۆڵی (لەیالی) لەجەددە ئامادەبوو. شوێنێك بوو بۆ

گێڕانــی ئاهــەنگی هاوســەرگیریو کۆمەڵایــەتی لــەنزیك دەریــای ســوور. لیســتی نــاوی بانگێشــتکراوەکان نــاوی شــازادە (ســعود ئــەل فەیســەڵ)ی وەزیــری دەرەوەی لــەخۆگرتبوو. رۆژنامەیەکی هاوچەرخی سعودی نوسیبووی کەوا بەخشەرەکان لەو شەوەدا بە بەکریشەوە نزیکەی ٥ ملیۆن دۆلاریان بۆ بۆسنە کۆکردۆتەوە. لەڕێگای رێکخراوە خێرخوازیە ئیسلامیە نیودەوڵەتیکانەوە ئەو یارمەتیانە رەوانەکران. ئەو بەهارە ئوسامەش بەهۆی هەمان ئەو وێنانەی لەتەلەفزیۆنەوە پەخشدەکران رای گۆڕا، وەڵامدانەوەکەی لەسۆدانەوە بەشێوەیەکی جیاوازبوو، تیمێکی لەجەنگاوەرە دێرینەکانی ئەفگانی رەوانە کرد بۆ ئەوەی بەشداربن لەشەڕی دژ بە پەلاماردەرە کرواتییە کاسۆلیکەکان، دواتر ئوسامە نوسیبوی "دیاری خێرخوازی شتێکی لاوازە... بۆسنە پێویستی بە پیاوو چەکە".

وادیاربوو زۆر سەرسامی ئەو ئارەزووە مارشاڵیانەی خۆی بوو، بەبەراورد بەو کارەی سیاسەتی دەرەوەی براکانی کە لەچوارچێوەی رێگەپێدانەکانی رژێمدابوونو نەرمتربوو. کارمەندێکی بن لادن باسی چاوپێکەوتنێکی خۆیدەکات لەگەڵ ئوسامەدا لەشوێنی کارکردن لەفرۆکەخانەی پۆرت سۆدان دا، لەوێدا ئەو کارمەندە سەرپەرشتی کامپی کارەکانی بن لادنی دەکرد. وادیاربووە ئوسامە بێئومێد بووە لێی، وەك ئەو کارمەندە دەگێڕێتەوە وتویەتی "من لێرە جەنگێك بەرێوەدەبەم" ئوسامە وتویەتی "تۆش خەریکی فرۆکەخانە دروست دەکەیت".

شتێکی ئاسایی بوو بۆ ئوسامە کە سەردانی فرۆکەخانەکە بکات چونکە دواجار برابەش بوو لەگروپی بن لادن دا کە گرێبەستەکەی جێبەجێ دەکرد، بەڵام ئاخۆ بەشداربوبێت لەو پرۆژە چەند ملیۆن دۆلار بایيە بۆ ماوەیەکی درێژتر، یان تەنیا قازانجی لێکردبێت، تا ئێستا دیارنیە. لەماوەی نێوان کۆتایی ساڵی ١٩٩١و ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٢دا ئوسامە بڕیاریداوە بەیەکجاری خۆیو هەر چوار ژنەکەیو مناڵەکانی بەرەو خەرتومی پایتەختی سۆدان بچن، کە نزیکەی حەوت سەد میل لەباشوری رۆژئاوای پۆرت سۆدانەوە دوورە. ژمارەیەك کاری نوێی لەشارەکەدا دەستپێکرد، لەژێر ناوگەلێکی وەك (لادن ئینتەرنەیشنال کۆمپانی)و (ئەل هیجرە کۆنسترەکشن) ئەم ناوەیان لەکۆچی مەزنی پێغەمبەر محەمەدەوە وەرگرتبوو بۆ تاراوگە کە لەمەکەوە بۆ مەدینە ئەنجامیدا. هەنگاوێکی بوێرانەی پشت بەخۆبەستن بوو، بەڵام ئەو ئاماژەیەی دا بە ئوسامە کە ئەم کەسێکی راستو حەق بەدەستەو ستەمی لەبەرانبەردا کراوە، ئەو وێنایەی بۆخۆی دروستیکردبوو بەشێکی لەشارەزاییەکانی مامۆستاکانی پێشوویەوە

سەرچاوەیان گرتبوو، مامۆستایەکی سەردەمی خوێندنی ئامادەیی لەوانەی جمناستیکدا کە دوورخرابوەوە، پێشتر دەرسی دادابوو، هەروەها رێکخەرێکی فەلەستینی گەڕۆکی وەك عەبدوڵڵا عەزامیش. ئەوکاتەی ئوسامە لەسەر پێیەکانی خۆی هەستایەوە، پێدەچێت هەندێك کەرەستەی بیناسازی هاوردەکردبێت کە پێشتر لەپاکستان ئەمباری کردبوو. بەپێی ووتەکانی ئەل فەزل سەرەتا پرۆژەکانی لە سۆدان بریتی بوون لەدروستکردنی هەندێك رێگا، بەتایبەت رێگایەکی هەشتاوسێ میلی لەباشوری رۆژئاوای وولاتدا، لەنزیك سنوری ئەسیوپیا.

ژمارەیەك سەرچاوە کە بێگومان ئەل فەزلی تیانەبوو ئاماژەیان بە بەشداری ئوسامە کردووە لەپرۆژەکانی فڕۆکەخانەی پۆرت سۆداندا. ریچارد کلارکی بەرپرسی دەزگای دژەتیرۆری سەردەمی ئیدارەکەی کلینتۆن باسی لەدروستکردنی (فڕۆکەخانەیەکی نوێ) کردووە لەناو پرۆژە سەرەتاییەکانی بن لادن لە سۆدان، وەك کلارك ئاماژەیپێداوە کە وەك پرۆژەی هاوبەش ئەنجام دراوە لەگەڵ ئەل تورابیدا کە سەرکردەیەکی ئیسلامیی بووە. (حەسەن ئەل تورابی بەخێرایی بووە جێگرەوەی رۆشنبیرە بەتەمەنەکان بۆئەوەی دەرسی ئوسامە دابدات لەپێناو ئەوەی خۆی سودی لێوەرگرێت، لەکەسایەتیەکەی دەدا لەهەمان کاتدا خۆی دەگەیاندە گیرفانی). لەوەڵامی پرسیارێکدا ژنەکەی ئەلتورابی دەڵێت (ئوسامە فڕۆکەخانەی پۆرت سۆدانی دروستکرد). بەهەرحاڵ، عومەر بن لادن سوێندی خواردوەو بەشێوەی نوسراویش نوسیویەتی‌و واژۆیکردووەو دەڵێت (ئەوەندەی من بزانم، ئوسامە لەپرۆسەی بونیاتنانی فڕۆکەخانەی پۆرت سۆداندا هیچ رۆڵێکی نەبووە). هەروەها عومەر نکوڵی لەوەشکردووە کە بەهیچ شێوەیەك دامەزراوەی بنەماڵەی بن لادن کاری بنیاتنانی هاوبەشی لەگەڵ ئوسامە یان (لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەکدا کە لەژێر رکێفی ئوسامەدا بێت ئەنجامدابێت) لەوکاتەی ئوسامە لەنەوەتەکاندا لەسۆدان بووە.

کاری بنیاتنانی فڕۆکەخانەی پۆرت سۆدان لەحوزێرانی ١٩٩٢دا تەواوکرا. لەو مانگەدا، شازادە (محەمەد بن عەبدوڵا ئەلصەقر) لەبەشی پشتیوانی گەشەپێدان سەرۆکایەتی شاندێکی دەکرد، لەناویاندا پەیامنێری چەند رۆژنامەیەکی تیابوو، بۆ ئامادەبوون لەئاهەنگی کردنەوەی فڕۆکەخانەکەدا. عومەر بن لادن جامانەیەکی سوورو عەگاڵێکی لەسەرنابوو، دەموچاوێکی خڕو تەنکە ریشێکی هەبوو، هاتە سەر سەکۆی ووتارخوێندنەوەو دەستیکرد بە خستنەڕووی ئامارەکان سەبارەت بە قەبارەی فڕۆکەخانە نوێیەکەو دامەزراوەکانی. عومەر ووتی (ئەم

فرۆکەخانەیە بە ویستی خوداو بەپێی مەرجە جیهانیەکان دروستکراوە. خۆشحاڵین بە بەشداریکردنمان لەم ئاهەنگەدا بۆ کاراکردنی ئەم دامەزراوە کلتوریە مەزنەو لەخوای مەزن داواکارین ئەم پرۆژەیەو هەموو ئەوانەشی بەشداربوون تێیدا بپارێزێت).

دوای تێپەڕینی دە ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا ووتارێك بلاوکرایەوە لەرۆژنامەیەکدا بەناوی (قودس ئەل عەرەبی)ەوە کە بنکەکەی لەلەندەنە تیایدا هاتبوو کەوا ئوسامە لەو ئاهەنگەدا "میوانی شەرەف" بووەو لەریزی پێشەوەشدا دانیشتووە، بەلاّم عومەر بن لادن لەشایەتیە نوسراوەکەیدا نکۆڵی لەمە کردووە کە دەڵێت (ئەوەندەی من بزانم ئوسامە لەنێو ئامادەبووانـدا نەبووە). بەکریش هەندێك لێدوانی تازەتری بلاّوکردەوە لەرۆژنامە سعودیەکاندا کە هیچ ئاماژەیەکی بە بوونی ئوسامە نەدابوو. وتبووی (من نە ئوسامەم بینیوەو نە چاوپێکەوتنمان کردووە لەو گەشتەدا، بگرە لەهیچ گەشتێکی دیکەشدا بۆ سۆدان ئەوە روونەداوە).

بەپێی قسەی یەکێك لەپارێزەرەکانی بنەماڵەکە، بەکر بن لادن لەخەرتوم چاوی بە ئوسامە کەوتووە لەساڵی ١٩٩٢دا هەروەها لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی بنەماڵەکەیدا سەردانی ئەوێی کردووە بۆ ئەوەی (داوا لە ئوسامە بکات بگەرێتەوە بۆ وولاّتەکەی و لەگەڵ حکومەتی سعودیەشدا ئاشتبێتەوە، هەروەها دەست هەلگرێت لەرێبازی بەرهەڵستیکردن و تەرەبوون لەوولاّت و بنەماڵە کە وادیاربوو خۆی بۆ ئامادەکردووە). ئەمەش بەپێی ووتەی بەکر دوا دیداری بووە لەگەڵ ئوسامەدا. ئەندامانی تری بنەماڵەکەی و چەندین نێردراوی دیکەش سەردانی دەکەن لەسۆدان بۆ ئەوەی داوای لێبکەن بگەرێتەوە بۆ وولاّتەکەی. بەپێی ئەوەی ئوسامە خۆی ئاماژەی پێداوە، نۆ جار نوێنەر هاتووە بۆلای و دوایەمینیشیان لەساڵی ١٩٩٤دا بووە. بۆ نمونە، تاریقی زربرای ئوسامە چەند جارێك سەردانی خەرتومی کردووە لەکۆتایی ١٩٩٢و سەرەتای ١٩٩٣دا مەبەست لەسەردانەکانیشی وەك خۆی باسی لێدەکات بریتی بووە لە(هەوڵدان بۆ ئەوەی وا لە ئوسامە بکات دەست لەرەخنەگرتن هەلگرێت لەحکومەتی سعودیەو بگەرێتەوە بۆ عەرەبستانی سعودیە). سەردانێکی کورت بوو. ئوسامە ووتبوی کەوا لەسۆدان ئاسودەیەو نایەوێت بگەرێتەوە بۆ عەرەبستانی سعودیە، بەتایبەت کە هەموو بیرێکی دابوو بە بنیاتنانی کارەکانی لەسۆدان. تاریق پێی وابووە کە کارەکانی ئوسامە یاساییو بێ پێچو پەنابوون. وەك چۆن دواتر بە دادگایەکی ئەمەریکی ووتوە "بەهیچ شێوەیەك نە بیستوویەتیو نەبینیویەتی ئوسامە لەکاری تیرۆرستی یاخود لەهەر کارێکی توندوتیژی

دیکەوە گلابێت، تەنانەت ئاماژەی بە هیچ جۆرە رقو کینەیەك نەکردووە بەرانبەر ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا".

ئەحمەد بەدیب دەڵێت ئەم زنجیرە سەردانە کاتێك دەستیپێکرد کە" ئاشکرابوو بەجۆرێك لەجۆرەکان کەوا ئەم دەستی هەیە لەم شتانەدا، لەوانە پەلامارە تیرۆرستیەکانی میسرو لیبیا" هەروەها شازادە تورکی دەڵێت "پاشا بڕیاریدا ئوسامە بن لادن بانگبکرێتەوە بۆ ناو مەملەکەت. داوایلێکرا بگەڕێتەوە بۆ ناو ووڵات بۆ ئەوەی هەندێك بابەت تاوتوێ بکرێت کە پێویستی بە گفتوگۆ هەیە، هەروەها هەندێك شتی دیکە کە زیان بە مەملەکەت دەگەیەنێت، بەڵام ئەو رەتی کردەوە. هەندێك پەیامی بۆ نێردرا، بنەماڵەکەش پەیوەندیان پێوەکرد، بەڵام بەردەوام بوو لەسەر رەتکردنەوەی گەڕانەوە".

بەپێی ووتەکانی ئەو دووکەسەی لەگەڵ بەکر وتووێژیانکردووە شا فەهد فەرمانی بە بەکر کرد بۆئەوەی چاوی بە ئوسامە بکەوێتو هەوڵبدات رازیبکات بۆئەوەی بگەڕێتەوە ناو ووڵاتو بیکات بە راوێژکار. بەکر بۆیدەرکەوت ئوسامە کەللەرەقەو قسە ناچێت بەگوێیدا. ئوسامە وتویەتی ئەو لەلای خۆیەوە لۆمەی هیچ خزمێکی ناکات لەسەر ئەو پاڕانەوانەی لەمیانکردووە، ئەو خزمەکانی بە قوربانی دەستی هەوڵەکانی شا فەهد داناوە، هەروەها بڕوای وابووە کە پشتبەستنی بنەماڵەکەی بەو گرێبەستانەی بنیاتنان وای لێکردوونو لەئاست ئەو کردارانەی بەزۆر پێیاندەکرێت لەلایەن حکومەتی سعودیەوە بەچۆکدابێن. ئوسامە ووتی "من داوای لێبوردن لەبنەماڵەکەم دەکەم، چونکە دەزانم بەزۆر هێنراون بۆئەوەی قسەم لەگەڵدابکەن. ئەم رژێمە دەیەوێت کێشە بخاتە نێوان منو بنەماڵەکەمەوە بۆئەوەی شتێکی بەدەستەوەبێت لەدژی ئەوان بەکاریبێنێت".

هەندێك کەس لەناوەوەو دەرەوەی بنەماڵەی بن لادن پرسیاری ئەوەیان لادروستبوو ئاخو بەڕاستی بەکر کەسی گونجاوبووە بۆ ئەوەی بخرێتە بەرامبەر ئوسامە؟. بەکر زۆر لەوەکەمتربوو کە وەك سەرکردەیەك دەرکەوێت. کەسێك کە بەباشی بەکری دەناسی دەڵێت ئەو لەو منالە دەچێت کە دوایەمین هەنگاوی یاریەکە ئەنجام دەدات لەیاری بەکۆمەڵدا. کاتێك کێشەکانی ئوسامەی ئەو خێزانە کەڵەکەبوون لەکۆتایی ١٩٩٢و سەرەتای ١٩٩٣دا، تەنانەت ئەو کەسانەی زۆر رێزو پێزانینیان بۆ بەکر هەبوو باسیان لەوەدەکرد ئاخۆ ئەگەر سالم بمایە چەند بە جیاوازتر مامەڵەی لەگەڵ دۆخەکەدا دەکرد. سالم کەسێکی بەهێز بوو، وەك

گەردەلوول بەتوانابوو، کەس نەیدەتوانی بیوەستێنێت. ئەگەر ئەو بەسەری زیندوو بمایەو ئەو ئەرکەی پێبسپێرایە بۆ خەرتوم، رەنگە ئوسامەی لەگوێنیدا بهێنایەتەوە بۆ ناو مەملەکەت، بیخستایەتە ناو کابینەی یەکێك لەفڕۆکە تایبەتەکانیو لەگەڵ کۆمەڵە جانتایەکی خۆیدا بیهێنایەتەوە، بەڵام سالم نەماوە، وادیاربوو ئوسامەش ئەو بۆشاییەی قۆستوەتەوە. هەروەها پێدەچێت تێبینی ئەوەیکردبێت لەوداوایانەی بنەماڵەکەیەوە کە "لەسۆداندا کەس دەستی پێناگات"، کاتێك لەناو خەرتومدا دەگەڕا، بۆ هەرکوێ دەچوو، پاسەوانو یاریدەدەرو جەنگاوەری خۆبەخش بەدەوریەوەبوون. ناسنامەو کاری شوێنکەوتووانی جیاوازبوون، بەڵام هەموویان پشتیان بەپارەکەیو سەرکردایەتیەکەی دەبەست. بەردەوام لەنێوان ئۆفیسە خۆشەکانی لەشەقامی شا لیۆپاردو ئۆفیسێکی نێو ماڵێکدا لەریازسیتی، لەپێشبڕکێی ئەسپ سواریدا ئامادە دەبوو، تەویلەی تایبەتی هەبوو بۆ ئەسپەکانیو لەکێڵگەکانیدا بەخێویدەکردن. مەزنترین کارەکانی بریتی بوو لەپرۆژەی کشتوکاڵی کە زەویەکەی لەلایەن حکومەتی سودانەوە بۆیدابینکرابوو. تیایدا کرێکارە سۆدانیەکان کە بۆ ئەم کاریان دەکرد تۆوو زەیتیان لەگوڵەبەڕۆژەی کێڵگەکان دەچنیەوە. گوڵەگەورەکانی نمایش دەکرد وەك باخەوانێکی بەسۆز باسیدەکردن. پارەی بەلێشاوی دەخستە نێو پرۆژەی نوێو جێ پرسیار لەسۆداندا، بەڵام لەکۆتایی ١٩٩٢و سەرەتای ١٩٩٣دا سەرەڕای ئەوە ئەوەندی پارە هەبوو کە بەئاسانی بەملاو ئەولادا خەرجی دەکردو بەشی ئەوەی دەکرد کە ٤٨٠٠٠٠هەزار دۆلار خەرج بکات لەکڕینو نۆژەنکردنەوەی فڕۆکەیەکی بەکارهاتوو، لەئەمەریکاوە بیهێنێت، بەشی ئەوەشیدەکرد کە مووچەی ئەو چەند سەد جیهادکارە عەرەبە بدات کە لەپاکستانەوە خۆیان گەیاندبووە ئەوێ، بەهەمان شێوە بۆ کرێی ئەو سۆدانیانەی لەکێڵگەی گوڵەبەڕۆژەدا کاریان دەکرد. پێدەچێت لەم ماوەیەدا ئوسامە هەستیکردبێت دەتوانێت لەسۆدان هەموو شتێکی هەبێت- ژن، منداڵ، کار، باخداری، بەخێوکردنی ئەسپ، کاتی دەست بەتاڵی، خوداپەرەستیو جیهاد لەهەموو ئەمانەش جیاوازتر ناوبانگی شێخێکی خاوەن پایەو ڕێزی لەپشتەوەبێت. وادیارنەبوو کەوا هێشتا تێگەیشتبێت لەوەی دامەزراوەی بنەماڵەکەی کە بەشێوەیەکی تایبەت لەپشتیوانیکردن لەتوندوتیژی دژی حکومەتەکان دۆستە یاخود پشتی بە ئال سعود بەستووە، رەنگە ئەوە بسەلێنێت کە ئاستەمە پێکبێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی بنەماڵەکەی لەجەددە. پێدەچێت بێئاگابووبێت لەو درزانەی لەدەوریدا دەم دەکەنەوە. کاتێك جەمال خاشوگی سەردانی

ئوسـامەی کردبـوو بەدرێـژی باسـی ئـەوەی بۆکردبـوو ئارەزووەکـات کـەرتێکی وەبـەرهێنان دروستبکات کە وابکات چەندین کارو بازرگانی دیاری سعودی بۆ سۆدان کێش بکات، بـۆ ئـەوەی ئەم وولاّتە بەهێزبکات کە مەیلی بەلای ئیسلامەوە هەیە.

خاشوگی لێیپرسی"ئوسامە، تۆ تێناگەی لەوەی خەڵکی دەترسن لەوەی ببنە هاوبەشت؟" ئوسامە وەڵامـی نەدایـەوە تـەنیا بزەیـەکی بـۆکرد، خاشـوگی ووتیشـی"وەك ئـەوەی دڵخۆشـبێت بەوەی کەسێکی زۆر گرنگە".

لە٢٦ی شوباتی ١٩٩٣دا ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لەگەراجێکی سـەنتەری بازرگانی جیهانیـدا تەقێنرایــەوەو لەئەنجامــدا ٦ کــەس گیانیــان لەدەســتداو زیــاتر لەهــەزار کەســی دیکــەش برینـداربوون. هـەر زوو پشکنەران کەسێکیان بـەناوی (رەمـزی یوسـف) دەستنیشـان کـرد وەك کەسی پشت ئەو روداوە. کەسێکی پاکستانی بوو لە کوەیت گـەورەبوو بـوو، لـە(وێلـز) خوێنـدنی تـەواوکردبوو، هـەروەها لەکامپـەکانی ئەفگانسـتان مەشـقی بینیبـوو، لەوەشـیاندا ئوسـامە وەك کەسی بەرپرسی یوسف نـە ئـەو کاتـەو نـەدواتریش دەستنیشـان نـەکرا. دواتـر لەراگەیانـدنی میدیای جیهانی جیهادی نێونەتەوەییدا کە دوابەدوای یەکەم پەلاماری سەر سەنتەری بازرگانی جیهانیدا هات، هەنـدێك رۆژنامـەوانو شـرۆڤەکار تێبینـی بـوونی ئوسـامەیان کـرد لـە سـۆدانو باســیان لەیارمەتییــە داراییــەکانی کــرد کــە بــۆ جــەنگاوەرە خۆبەخشــە فــرە رەگــەزەکان رەوانــەیکردووە. ئــەم زەفکردنەوەیــە، بــۆ یەکــەمجار ئوســامەی لەکێشــەیەکی نــاوخۆیی پەردەپۆشکراوەوە گۆڕی بۆ شەرمەزارییەکی سەرانسەری.

دوای کەمتر لەسێ مـانگ لەتەقینـەوەکانی نیویـۆرك و لـە٣ی ئایـاری ١٩٩٣دا لـەریاز (محەمـەد ئـەل مەصـری) کـە پرۆفیسـۆرێکی بـواری فیزیـابوو، (سـەعد ئـەل فەقیـە) کـە پزیشـك بـوو، دروستکردنی کۆمیتەی داکۆکیکردنیان لەمافە رەواکانیان راگەیاند کە بریتی بوو لـەرێکخراوێك ئامانجەکـەی هەوڵـدان بـوو بـۆ دروسـتکردنی چاکسـازی لەسیسـتمی سیاسـی سـعودیەدا. ئـەل مەصریو ئەل فەقیـە هـەردوکیان ئیسلامیی بـوون. ئیخوان موسـلیمین بەشـێوەیەکی تایبـەت کـاری لـە ئـەل فەقیـە کردبـوو کـە لەبنەماڵەیـەکی ناسـراوی سـعودیەوە هـاتبوو، ژمارەیـەکیان پزیشکی تایبەتی بنەماڵەی پاشایەتی بوون. لـەلای خۆیـەوە ئـەل مەصـری توانایـەکی بێوێنـەی هەبوو وەك ووتەبێژی راگەیاندنو رێکخـەر لەکاتێکدا ئـامێری سـەتەلایتی بێمۆڵـەتو ئـامێری فاکس لەماڵەکانی سعودیەدا بـەخێرایی بڵاودەبـووەوە. هـەردووکیان لـەبواری چـالاکی سیاسـیو

بڵاوکردنــەوەی ووتــاری نهێنیــدا لــەدوای جــەنگی کەنــداوەوە تێوەگلابــوون. دوای دوو ســاڵ ڕێکخستن ئەلفەقیھ دواجار ووتی "وادیارە هەموو شتێك لـەجێی خۆیـەتی، ووتاربێـژی خـاوەن کاریزمـاو هـەزاران شـوێنکەوتووی خوێنگـەرمو میللـەتێکی ئـاین پـەروەر. ئـەوەی نیـە لێـرەدا بریتیـە لـەرێکخراوێکی کاریگـەر بـۆ ئاراسـتەکردنی ئـەم توانایـەو بۆئـەوەی ڕووبەڕووبونـەوەی راسـتەقینە لەگـەڵ ئـەم رژێمـەدا ئەنجامبـدات". ئـەوان بەباشـی ئامادەکارییـان بـۆ کـاراکردنی کۆمیتـەکانیان ئەنجامـدا. ئـەل مەصـری لەگـەڵ چـەند دیپلۆمـاتێکی سـەر بـە باڵیۆزخانـەی ئەمەریکی کۆبووەوەو داوای پشتیوانی لێکـردن. کـەناڵی بـی بـی سـیو دەنگـی ئەمـەریکا یەکـەم دەرکەوتنی ئەو ڕێکخراوەیان بڵاوکردەوە.

شا فەهد بەتوندی وەڵامی دایەوە. پێدەچێت واهەستی کردبێت کـە ڕێگەیـداوە ئـەم شـەپۆلی نارەزاییە بۆماوەیەکی دوورو درێژ زیاد لەپێویست درێژەی کێشابێت. لە١٢ی ئایاردا ئەنجومـەنی بـاڵای عولـەمای شانشـین کـە لەشـارەزایانی ئـایینی پێکهـاتووە، ئـەو بزاوتـە چاکسـازیخوازەیان سەرکۆنەکرد، بـە ئاشـکراو بەفـەرمی رایانگەیانـد کـە ئەوانـە یاسـای ئیسلامیان پێشـێلکردووە. پـۆلیس ئـەل مەصـریو ئـەل فەقیـهو هەنـدێکی دیکـەی دەسـتگیرکرد کـە ناسـرابوون بـە ئاژاوەگێڕان. بەدوای ئەویشدا هەڵمەتێکی گەورەتر بۆسەر نەیارە ئیسلامیەکان بەرپاکرا. ئێستا ئوسامە بوو بـە ئامـانج، تـا ئێسـتا بـەڕوونی نـەزانراوە بۆچـی. کـەس ئـەوەی نەسـەلماندووە کـە واژۆی لەسەر هیچ بەڵگەیەکی گرنگ کردبێت لەبارەی گروپە نەیارەکەی سەر بە فەقیهەوە کـە دیارترین هەڕەشەی بۆ رژێمـی سعودیە دروسـتکرد. ڕێـی تێدەچێت ئوسامە چـەند کاسـێتێکی دەنگیی تۆمارکراو یـاخود چـەند ووتـارێکی نهێنـی بڵاوکردبێتـەوە کـە دواتـر لەلایـەن وەزیـری نـاوخۆی سعودیەوە دەسـتگیرکرابنو تێیانـدا لـەم ماوەیـەدا سـەرکۆنەی ئـال سعودی کردبێـتو خالد ئەل فەواز، کە دواتر وەك ووتەبێژی ئوسامە لەلەندەن کـاریکردووە بەشـانازییەوە دەڵێـت "ئێمە بەشـێوەیەکی نهێنـی لـەوێ بـووین". زۆر ڕێـی تێدەچێت کـەوا حکومـەتی سعودیە زۆر بەئاســانی بڕیاریــدابێت کەیســی ئوســامەش بخاتــە نێــو بەرنامــە فراوانەکــەی خۆیــەوە بــۆ راوەدوونـان، ئاماژەیـداوە بـەوەی ئێسـتا ئـەو لەسـۆدانەوە پرۆفـایلێکی جیهـانی بەدەسـتهێناوەو هەوڵـەکانی پێشـووی حکومــەت بــۆ گێڕانــەوەی بەبــەکارهێنانی بــەکرو کەناڵــەکانی دیکــەی بنەماڵەکەی شکستیان خواردووە.

لە١٦ی حوزەیرانی ١٩٩٣دا، لەجەددە، بەکر دەستیدایە هەوڵدان لەنێو بنەماڵەی بن لادن دا بۆ دەرکردنی برابەشیەکەی ئوسامە لە کۆمپانیای محەمەد بن لادنو گروپی بن لادنی سعودیدا. دواتر لەشایەتیەکی نوسراودا بەکر باسی ئەوەی کردووە کەوا ئەو دەسپێشخەریە لەلایەن بنەماڵەکەیەوە ئەنجامدراوە، بەڵام پێدەچێت کە فشاری حکومەتی سعودیە هۆکارێکی بنەڕەتی بووبێت. بەکر هەڵوێستەی کرد وەك دەڵێ "لەبەرئەوەی رەخنە بەردەوامەکانی ئوسامە لەحکومەتی سعودیە زیانی هەبوو بۆ سەر ناوبانگی کۆمپانیاکانمان لەناو مەملەکەتو شوێنەکانی دیکەدا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها لەبەر ئەوەی ئوسامە رازینەبوو مل بدات بۆ داواکاریەکەی حکومەتی سعودیە بەوەی بگەڕێتەوە بۆ ناو شانشین".

بەم شێوەیە دەستی پێکرد "بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان" دەقی بڕیارێك کە "دەرکردنی یەکێك لەبرابەشەکان رادەگەیەنێت". ئەو بەڵگەنامەیە ئەوە دەخاتەڕوو کەوا بنەماڵە لەگەڵ ئوسامە دانیشتوون بەرلەوەی ئەو بڕیارەبدەن. بۆ نموونە، ئوسامە پارێزەرێکی گرتووە لەجەددە بەناوی (محەمەد سالم ئەل یافع)ەوە بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی بکات. هەروەها، ئوسامە سەرجەمی ئەو بەشانەی دەیکەوێت بەخشیویەتی بە غالب بن لادن. کە حەقبرای بەکرو سالەو لەوان بچوکترە. ئەوە غالب بوو کە سەردانی پیشاوەری کردبوو لە پاکستان لە رەمەزانی ١٩٨٩دا لەوکاتەی ئوسامە لەشەڕی (جەلال ئاباد)دا سەرگەرمی شەڕبوو. بەڵگە هەیە کە غالب قازانجی دامەزراوە داراییە ئیسلامیەکانی هەڵگرتووە لەکاتێکدا کە رازیبووە بەوەرگرتنی پارەی بەشەکەی ئوسامە. لەکۆتایی ١٩٩٣دا غالب بڕی یەك ملیۆن دۆلاری رەوانەی حیسابێکی بانکیی نوێ کردووە لەبانکی ئەل تەقوا، لە(بەهامەس) ئەم بانکە لەساڵی ١٩٨٨دا بەپشتیوانی ئیخوان موسلیمینەکانی میسر دامەزراوە. بەپێی هەڵسەنگاندنێك کە وەزارەتی خەزێنەی ئەمەریکی بڵاویکردووەتەوە، ئەل تەقوا پشتیوانی دارایی پێشکەش بە حەماس لە فەلەستینو هەندێك گروپی رادیکاڵی دیکەی سەر بە ئیخوان لە جەزائیرو تونس کردووە. ئاخۆ بەکر بن لادن تا چ رادەیەك لەبانکی ئەل تەقواوە تێوەگلاوە ئەوە تا ئێستا نەزانراوە، بەڵام بەکر مافی واژۆکردنی هەبووە لەڕاکێشانی پارە لەحسیابەکەی غالب، کە لانی کەم تا کۆتایی نەوەتەکان بە کراوەیی ماوەتەوە. بەپێی بەڵگەنامە بانکیەکان کە دواتر غالب پڕیکردووەتەوە لەدادگاداو تیایدا داوای کێشانەوەی وەبەرهێنانەکانی کردووە لەبانکی تەقواو

سکاڵایەکی لەدژی ئەو بانکە تۆمارکردووە. لەڕێگای پارێزەرەکانی بنەماڵەوە، غالب ئاماژەیداوە بەوەی هەرگیز پارەمەتی دارایی بۆ تیرۆرزم دابین نەکردووە.

بڕیاری دەرکردنی یەکێك لەبرابەشەکان کە لەحوزێرانی ١٩٩٣دا ڕاگەیەنرا پرۆسەیەکی لێکەوتەوە کە تا کۆتایی ساڵی خایاند، لەئەنجامدا سەروەتەکەی ئوسامەی گەلاڵەکرد. بەپێی ووتەی یەکێك لەپارێزەرەکانی بنەماڵە، مەبەست لەم کارە بۆ "بێبەشکردنی ئوسامە بووە لەسودوەرگرتن لەهەر قازانجێك کە لەسایەی کۆمپانیاکانی بنەماڵەوە دەستیان دەکەوێت". بەکرو هەندێك ئەندامی دیکەی بنەماڵەکە "بەتوندی بەرهەڵستی ئەوەیاندەکرد کە بەهەموو شێوەیەك، بە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پشتگیری دارایی لەلایەن کۆمپانیاکانی بنەماڵەی بن لادنەوە بۆ ئوسامە دابین بکرێت". تاریق بن لادن کە بەڕێوەبەری دامەزراوەی بیناسازی بن لادن بووە هەستیکردووە کەوا "رەخنە زارەکییەکانی ئوسامە لە حکومەتی سعودیە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر ناوبانگی کۆمپانیاکانیان لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا". لەم ماوەیەشدا راوێژی زۆر لەنێوان بنەماڵەو وەزیری بازرگانی سعودیەدا هەبووە. ئەو هەنگاوە بەشێوەیەکی دیار هەلی ئەوەی رەخساند بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتری شاندەکانی بنەماڵەکە سەردانی خەرتوم بکەنو داوا لە ئوسامە بکەن چاو بە هەڵوێستەکانیدا بخشێنێتەوە. تەنانەت دایکیشی لەنێو ئەوانەدابوون کە سەردانیانکردبوو. لانی کەم برایەکی لەخۆی گەنجتری چاوی پێکەوتبوو، بەپێی ووتەکانی جەمال خاشوگی کە لەکاتی ئەو سەردانە تایبەتەدا ئامادەبوو. دەڵێت "گفتوگۆی نێوان برا بۆ برا بووە، بۆیە ئەو بەهیچ شێوەیەك بەشداری نەکردووە". لەهەموو سەردانەکان بالآتر ئەوەی عەبدولا بن عەوەز بن لادن بووە، کە مامی ئوسامەبووە، کە ئەوکاتە تەمەنی نزیکەی هەشتا ساڵ بووە. رەنگە بەکر سەرۆکی ئەو بنەماڵەیە بێت بۆ سەرجەم کارەکانی جێبەجێکردنو دارایی، بەلام عەبدولا بەتەمەنترین پیاوەکانی بنەماڵەکە بوو، وەك رابەرێکی روحیو مەعنەوی بنەماڵەکە مابووەوە.

## ٣٠- خەرجیو سەرمایەی گەورە کۆمپانیاکان

لەماوەی کارێکی درێژخایەندا وەك دیپلۆماتێکی ئەمەریکی، فلیپ گریفن وەك شارەزایەك لەجیهانی عەرەبدا، ئەزمونێکی باشی لەناوچەی کەنداوی فارسدا بەدەست هێنا، چونکە لە کوێتو ئەبو زەبیو دووجار لە زەهران، شاری سەرەکی ناوچەی بەرهەم هێنانی نەوتی عەرەبستانی سعودیە، کاریکردبوو. پیاوێکی چاوی شینی قژ ماشوبرنجی لەسەرخۆ بوو، ئەو ساڵانەی کە لەسیاسەتدا بەسەری بردن، وێنەیەکی کەمدوی عەرەبیانەی لەسەر بەجێ هێشت لەگەڵ رەفتاری بێ کەموکورِیو شێوازێکی هوشیارو لەسەرخۆو پەیوەندیدارو دارِێژراوی قسەکردن. لەساڵی ١٩٨٩ گریفن وەك قونسوڵی گشتی گەیشتە جەددە، بەرزترین کاربەدەستی وەزارەتی دەرەوە لە حیجاز هەروەها پردێکی پەیوەندی بۆ باڵیۆزخانەی ولایەتە یەکگرتوەکان لەشاری ریاز بوو.

لەدەورانی سەرەتای کاری دیپلۆماتیدا، گریفن چاوی بە هێنری سارکیسیان لەکۆمپانیای بنەماڵەی سارکیسیان کەوتبوو کە ئەمانیش مەسیحییە ئەمەریکیەکان بوون کە بۆ لوبنان کۆچیان کردبوو خۆیان لەبواری پیشەسازیو کارەبایی ئیرکۆندیشندا دامەزراندبوو، پاشان بوون بە هاوبەشی گرنگو سەرەکی بن لادنەکان لە عەرەبستانی سعودیە. سارکیسیان، گریفنی بە بەکر بن لادن ناساند، پەیوەندییەك کە بوو بەهۆی گفتۆگۆی ژیرانەی کاتیی لەنێوان بەکرو گریفنو چاس فریمان کە دواتر بوو بە باڵیۆزی ولایەتە یەکگرتوەکان لە عەرەبستانی سعودیە. دوو سیاسەتمەدارە ئەمەریکیەکە بەکریان وەك دەنگێکی رازی لەبارەی رووداوەکانی کۆشکی شا فەهدەوە هەروەها بۆچونە تایبەتەکانی شا لەسەر کێشەو بابەتەکانی رۆژ بەکارهێنا. بۆیان دەرکەوت کە بەکر زۆر وریاو بەئاگایە لەکاتی گفتوگۆکاندا کە لەئۆفیسەکەی جەددەی بەکر دەیانکرد، چونکە بەکر دوور بوو لەپرِپاگەندەو قسە بڵاوکردنەوە، هەروەها کەسێکی پارێزەرو چاودێری شا بوو، بەڵام جارجار شتی گرنگو بەسود یان تێبینی دەدرکاند.

لەماوەی هاوینی ١٩٩٢دا، پۆستەکەی گریفن نزیك بوو لەکۆتایی ، هەروەها ئەوەی ئاشکرا کرد کە بەنیازە خۆی خانەنشین بکاتو واز لەکاری سیاسەت بهێنێت، ئەو کاتە تەمەنی

نزیکەی شەست ساڵ بوو. لەرێگای سارکیسیانەوە، بەکر داوای کرد ئەو ببینێ. باسی ئوسامەی نەکرد، هەرچەندە لەو کاتەدا، کێشەو گیروگرفت دەستی بەتەشەنە کردبوو. بەکر باسی ئەوەی نەکرد سەرباری ئەوەی بن لادنەکان سالآنێك سودیان لەچەندین پەیوەندی بازرگانی لە ولایەتە یەکگرتوەکان وەرگرتبوو، ئەوان نە کەسێك نە برایەك نە نوێنەرێکیان هەبوو بۆ چاودێری کردنی وەبەرهێنانە پەرش و بلاوەکانیان لە ولایەتە یەکگرتوەکان، یاخود بۆ پەرەپێدانی وەبەرهێنانی نوێ. پاش ئەم یەکتر بینینە لەرێگای سارکیسیانەوە، بەکر پرسیاری ئەوەی کرد ئایا گریفن کردنەوەی ئۆفیسێکی بۆ گروپی بن لادنی سعودیە لە واشنتۆن پێباشە، ئۆفیسێك کە بەشێکی لەلایەن وەبەرهێنانی هاوبەشی سارکیسیان لەگەڵ بن لادنەکان و بەشێکیشی لەلایەن گروپی بن لادنی سعودیە خۆیەوە پشتگیری بکرایە! بەدواداچونەکانی بەکر بەدیاریکراوی دەربارەی رێگەپێدان یان پێشنیاری پرۆژەی ئۆفیسەکە نەبوو، بەڵکو لە بەدواداچونی گفتوگۆکاندا، سارکیسیان باسی ئەوەی کردبوو کە گرێبەستی پیاچونەوەو چاککردنەوە بەهاوبەشی وەك کارەبای گشتی و دۆزینەوەی گەشەپێدانی کارو بازرگانی نوێ لە ولایەتە یەکگرتوەکان، پێویستییان بەکەسێك دەبوو لەپایتەخت کە بیتوانیایە دەرفەتێکیان بۆ گەیشتن بە حکومەتی ئەمەریکی پێ بدات ئەگەر پێویست بووایە.

لەوەڵامدا گریفن ووتی، "بەدەم ئاسانە، بەڵام کردەوە شەرتە". "با بیرێکی لێ بکەمەوە".

گریفن گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی لە دەوروبەری واشنتۆن، بەڵام هێشتا پەیوەندی مابوو لەکاتێکدا بەپرۆسەی خانەنشینی فەرمیدا لەوەزارەتی دەرەوە تێدەپەڕی. لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٣دا، بن لادنەکان ئاشکرایان کرد کە دەیانویست لەگەڵ پلانەکەدا بڕۆنە پێشەوە، هەروەها گریفن بڕیاری دا بگەڕێتەوە. بن لادنەکان قایل بوون رێگا بەکردنەوەی ئۆفیسێك لەنزیك ماڵەکەی خۆی لە ماریلاند پێ بدەن بۆ ئەوەی توشی گرفتی بێزاری و ماندبوونی هاتوچۆی رۆژانە نەبێت بۆ ناوەندی شاری واشنتۆن. بینایەکی ئۆفیسی دۆزیەوە کە بۆ هەندێك کاری خزمەتگوزاری وەك ژووری وەڵامدانەوەی تەلەفۆن و بەشی کۆنفرانس بۆ هەموو کۆمپانیا بچوکەکان شیاو بوو. لە ١٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٣، لەهەمان ئەو هەفتەیەی کە براکانی بن لادن هێشتا لەسەرو بەندی داوا یاساییەکەیاندا بوون بۆ دەربازبوون لە ئوسامەو پشکەکانی، گریفن، وەك "بریکاری ناوخۆی"، لە ماریلاند کۆمپانیایەکی پێکەوەنا وەك کۆمەڵە بینایەکی دوورەدەستی ئەمەریکی گروپی بن لادنی سعودیە. سەرەتا کۆمپانیاکە پێی دەوترا (کرۆموێل

کۆرپۆرەیشن)، بەڵام دواتر بەشێوەیەکی فەرمی بوو بە دامەزراوەی گروپی بن لادنی سعودیە (ئەمەریکی). گریفن گواستیەوە بۆ ئۆفیسێك لەشەقامی ٥١ مۆنرۆی، لەناوەندی رۆکڤیل، ماریلاند، نزیك رۆکڤیل پایك. شەقامێکی تەسکی شەش مەتری نارێكوپێکبوو بەتەنیشتیدا مۆڵی باریكو کۆگا ئەلیکترۆنیە بەکاربەرەکانو ریزێك چێشتخانەی رەنگاورەنگ دروستکرابوون. هەرچەندە لەو بیناو کۆشکە کاشیو مەرمەرکراوانەی ناو شوێنە شاهانە رەنگ کاڵەکانی واشنتۆن نەبوو کە رەنگە بەکر سەرەتا بەبیریدا هاتبێت، بەڵام لانی کەم ئەوە هەنگاوێك بوو، لەلایەن سیاسەتمەدارێکی بەئەزمونی ئەمەریکیەوە بەگەرخرابوو لەوڵاتێکدا کە بۆ گێرانی رۆڵێکی زۆر ئاڵۆز لەژیانی بنەماڵەکە هاتبوو.

بەکر ئۆفیسەکەی گریفنی بۆ حەسەنی زربرای تەرخانکرد، کە بۆ چاودێریکردنی گەشەپێدانی بازرگانی نێودەوڵەتی لەژێر دەستوری بەرێوەبەرایەتیە نوێکەی بەکر دا، دیاریکرابوو. ئەمە تەواو ئاشکرا دیاربوو، بەڵام کارە ناوەکیەکانی کۆمپانیاکانی بن لادن وەك بیرۆکەیەکی تایبەتی مایەوە. جارێك، کاتێك بەرپرسێکی نا-سعودی سکاڵای لای هێنری سارکیسیان کرد کە ئەو سەری سورمابوو لەوەی کە بەراستی گروپی بن لادنی سعودیە چییان لێ دەویست، کە بیکات، سارکیسیان گاڵتەی پێ کردو ووتی، "تۆ هەرگیز فێرنابیت"، مەبەستی ئەوە بوو ئەو نادیاریو تەمومژاویەی شێوازە نەگۆرەکانی نەریتی کۆمەڵایەتی بوون. لەژێر بەرپرسیارێتی بەکردا، بەبەراورد بە سالم، شێوازێکی نوێی هێڵکاریە پێشکەوتووە رێکخراوەکان بوو، تا ئەوکاتەش زۆرێك لەبریارە هەرە گرنگەکان کە بەکر دەریدەکرد لەناو ژوورەکانی ئەنجومەنەوە نەبوو، بەڵکو لەو کاتانەدا کە لەدانیشتنی پاش نیوەروانی ئەنجومەنی جەددەوە بوو، بەشێوازی شێخێکی عەرەب، یان لەو کاتانەی کە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لەفرۆکە تایبەتەکەی خۆیدا بوو. ئەو نەریتە هاوبەشە کۆمەڵایەتیە کە ئەو چاودێری دەکرد بەبۆنەی سەرۆك کارەوە مایەوە، بەشێوەی نەریتی شاراوەو دابەشبوو لەهەمان کاتدا سەرلێشێوان بوو بەتایبەتی بۆ بیانیەکان کە وەك بەرپرس یان هاوبەش بەشداربوون لەگەڵیان.

لەناوەراستی نەوەدەکاندا، بەکر ژمارەك بەڵێننامەی بەرهەمهێنانی بە هاوبەشی لەگەڵ کارەبای گشتی بۆ پەرەپێدانی وێستگەکانی ووزەی کارەبا لە عەرەبستانی سعودیە ئیمزا کرد. هەروەها میوانداری ئاهەنگێکی لەشانشین بۆ بەرێوەبەری ناسراوی کارەبای گشتی، جاك وێڵچ سازکرد، بەڵام هیچ لەم کارە پەیوەندیدارەی ئەمەریکا چارەسەر یان هەماهەنگی لەگەڵ

ئۆفیسـی ئەمـەریکا نـەکرد. هـەروەها لـەو کاتـەی گـریفن دەسـتبەکار بـوو لەفرۆشـگاکە، شتومەکەکانی بنەماڵە لەژمارەیەك هاوبەشیی بازرگانی خانوبەرەدا لە ولایەتـە یـەکگرتوەکان خرانەگـەڕ، ئەوانـە لەلایـەن (دانیـاڵ کۆرپۆرەیشـن)ی ئالـەباماوە گەشـەیان پێـدرا، کـە پـارەی پرۆژەکەی لەلایەن یەسلام بن لادنەوە سەرچاوەی گرتبوو. ئـەو شـتانە لەلایـەن خـەلیلی بـرای یەسلامەوە کڕدرابوون، لەرێگای ئەمەریکاوە دەگوازرانـەوە، هـەروەها هەنـدێکی تـری پرۆژەکـان لەلایەن سەرکیسیان لەئۆفیسێکی نیوجەرسی-ەوە چاودێری دەکرا. ئـەم گەشـەکردنانەی دوایـی بازرگانییە داراییەکانی لەناوچەی دالاس لـەخۆدەگرت، هەنـدێك لـەو هاوبەشـیانە بـەئاماژە بـۆ هێمـای شـوێنەکانو رووداوەکـانی مـاوەی جـەنگی شۆڕشـی ئەمـەریکی ناویـان لێ نـرا، وەك (کۆنکۆرد) یان (بەنکەر هیڵ). هیچ لەم پرۆژانـە راسـتەوخۆ بـۆ ئۆفیسـی نـوێی ئەمـەریکی کـە لەلایـەن گریفنـەوە کرایـەوە، دیارینـەکرا. ئەگـەر ئـەوە بەوشـێوەیە بووبێـت، گـریفن لەهاوبەشـەکانی بازرگـانی خانوبـەرەی بنەماڵەکـە لاوەکـی دەبـوو، ئەوانـەی کـە وەك بەرێوەبـەرەکانی گروپـی بـن لادنـی سـعودیە (ئەمـەریکی) لـەتۆمارەکانی دەسـتەی سـەرەکی ناونوسـکرابوون تۆمـاری کـوارکن سارکیسـیان بـوو لـە کەنـەدا، کەیارمـەتی چـاودێریکردنی هەندێك وەبەرهێنانی بنەماڵەکەی لە ئەمەریکای باکور دەکرد، هـەروەها رۆبـەرت ماکبرایـد لـە سپایسوودی، تەکساس، کە لەکارێکی هاوشێوە کاری دەکرد.

بازرگـانیو تـۆڕی راوێـژکاری بـن لادنـەکان لـە ولایەتـە یـەکگرتووەکان، کۆمەڵـە بینایـەکی دوورەدەسـتی بازرگـانی تریشـی لـەخۆدەگرت، کەسـێك بـەناوی فوئـاد ریحـانی، کـە ئـەمیش بازرگانێك بوو، بەرێوەی دەبردو شتومەكو بابـەتی روونـاك کـەرەوەی بـۆ هـەردوو مزگـەوتی پیرۆز لە مەککەو مەدینە دابیندەکرد. ریحانی کەسێکی مەسیحی چالاکی بازنـەکانی کەنیسـەی پرۆتسـتانتی بەرەگـەز ئـەردەنی بـوو. لـەو کاتـەی گروپـی بـن لادنـی سـعودیە (ئەمـەریکی) لـەدەرەوەی واشـنتۆن کرایـەوە، ریحـانی بـوو بـوو بـە راوێـژکاری بـەرێزو بـالا بـۆ بـن لادنـەکان، لەکۆتایـدا لـەباکوری کالیفۆرنیـا مـاڵێکی کـڕی، دواتـر نازنـاوی بەرێوەبـەری بەدواداچـوونو گەشەپێدانی گروپی بن لادنی سعودیەی درایە. هەروەها لەئەنجومەنی گروپێکی راوێـژکاری لـە واشنتۆن کاریدەکرد، ئەنجومەنی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کـە لەرێگەیـەوە بـن لادنـەکان بڕیارەکانیـان دەدا. بەرپرسـی دواتـری ئەنجومەنەکـە چـاس فریمـان، بـاڵیۆزی پێشـوی ولایەتـە یەکگرتوەکان لەشاری ریاز، بوو.

ئەم بەشداریو پەیوەندیانە ڕێگایەکی پێشکەشی بن لادنەکان کرد کە خۆیان لە ئوسامە جیابکەنەوە، بۆ قوڵبونەوەو دروستکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ نوخبە ئەمەریکیو بەریتانییەکان بەشێوەیەکی وورد، بەڵام بێ هەڵە، وەك خاڵێکی بنچینەیی جێگرەوە بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی بنەماڵەکە بەڕووی ڕۆژئاوادا. ئوسامە بەردەوام گێروگرفتی دروستدەکرد، بەکریش بەردەوام بەدوای ڕێگای چارەسەردا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی بەخشینو وەبەرهێنانە دارایییەکاندا دەگەڕا.

هەموو کۆمپانیاکانی بن لادن، چ لەناو عەرەبستانی سعودیە یان دەرەوە، وەك یەکەی سەربەخۆو تایبەت کاریاندەکرد، بۆیە بنەماڵەکە بەشێوەیەکی یاسایی پێویستی بە ڕاگەیاندنی تۆڕی گروپە جیهانیەکان بۆ ڕێکخەرانی پشکی بازاڕ یان وەبەرهێنە گشتییەکان یان تەنانەت بۆ بەرپرسە کارگێڕییەکانی خۆیشیان نەبوو. هەندێك لەوەبەرهێنانەکانی بنەماڵەکە سروشتێکی نامۆو هەرەمەکییان هەبوو. ئەگەری ئەوە هەبوو یەکێك لەبراکان بڕوات بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاو چاوی بەپیاوێکی شارەزای ناوخۆی بکەوێتو کاری وەبەرهێنان لەئاژانسێکی گەشتیاری بکاتو دواتر پشتگوێی بخات، تا ئەو کاتەی بوونی کۆمپانیاکە لەبیردەکرا. کومپانیاکانی بنەماڵە جلی کورتو نافەرمییان لە (کەڤێنت گاردن)ی لەندەنو بازاڕی مۆڵەکان لە قاهیرەو بەیروت وەك (ژێرکراسی کورتو شۆرتو پانتۆڵی جینسو هاوشێوەکانی) دەفرۆشت، پرۆگرامی تەلەفزیۆنیو بازرگانییان لەتاقیگەی وێنەگری جەددە بەرهەم دەهێنا، لە لەندەن کتێبی منالانیان بڵاودەکردەوە، هەروەها لە دوبەی مۆڵەتیان بە بابەتی داهێنانی هزرو فکری وەك لەبەرگگرتنەوەو مارکەی بازرگانی دەدا. هێڵی نێوان ئارەزووی ئەندامانو بازرگانیە سەرەکییەکانی بنەماڵە هەمیشە بەئاسانی جیانەدەکرانەوە. کۆمپانیا کەناراویەکان دەکرانەوەو دەکەوتنو دواتر ساڵانێك وەك مەرەکەبی سەر کتێبەکان دەمانەوەو تەنها ئەوەندەیان دەستدەکەوت بەشی کرێی پارێزەرو ژمێریارەکان کە تۆمارەکانیان دووبارە نوێ دەکردەوە بکات، ئەگەرنا هیچی تریان نەدەکرد. بەپێی ووتەی کەسێکی ئاشنا لەبواری خوێندندا، لەسەرەتای نەوەدەکاندا، زۆر بەشو کۆمپانیای بچوك لەسەرتاسەری جیهاندا بڵاوبوونەوە کە لەو کاتانەدا بوو گریفن ئۆفیسی (ڕۆکڤیل)ی کردەوە، بەرپرسانی کارگێڕی لەبارەگاکانەوە پارێزگارییان لەکۆمپانیایەکی ئەمەریکی دەکرد کە تەنها بۆ کاری وەبەرهێنانی گروپی کۆمپانیاکانی بنەماڵە بوو.

لەم ماوەیەدا، گرنگترین پێگەی وەبەرهێنانە نێودەوڵەتیەکانی بنەماڵە واشنتۆن نەبوو بەڵکو لەندەن بوو. هەرکە بەکر دەسەڵاتی بنەماڵەکەی توندوتۆڵ کردەوە، فایل بوو بە رێکەوتنێك لەگەڵ یەسلام بۆ گۆڕینی (کۆمپانیای روسڵ وود)، کە کۆمپانیایەکی بریکاریی- بازرگانی بۆرسەی لەندەن بوو کە لەساڵی ١٩٨٧ توشی دارمانێکی کۆمپیوتەری و گرفتەکانی تری پاش یەکەمین سەوداکردن بوو بوو، لەبریکارێتیەکەوە کە پشتی بە کریارەکانی دەرەوە دەبەست گۆڕدرا بۆ کۆمپانیایەکی بەرێوەبەرایەتی کۆمەڵێکی وەبەرهێنانی بەهێزتر کە بتوانێ وەبەرهێنانەکانی بنەماڵەی بن لادن لەبازاڕەکانی جیهاندا رێکبخات. چۆنێتی رێکخستنی ئەم گۆڕینە بەتەواوی روون نیە، بۆ نمونە، (کایمەن ئایلەندز)ی کۆمپانیای سەرەکی (روسڵ وود) وەك (فۆلکن لیمیتد) مایەوە، وەك یەکەیەکی سەربەخۆ کە یەسلامو خوشكو براکانی خاوەنی بوون، بەڵام کۆمپانیاکە دەستی بەسەر قەرزەکانو ژمارەیەك لەکۆمپانیا کەناراویەکانی پەنەمادا گرتبو، لەوانە(ڤێرجن ئایلەندز)ی بەریتانیو (ئەنتیلیز)ی هۆڵەندی بوو. بەپێی تۆمارەکانی کۆمپانیا کە لە لەندەن رێکخرابوون، گۆڕانکاریەکان لەبەرێوەبردندا چەند ساڵێك بەردەوام بوو. لەم دواییانەدا لە ١٩٩١، هێشتا ژمێریارە بەریتانیەکانی (روسڵ وود) لەململانێدا بوون بۆ ئەوەی مانایەك بەتۆمارەکانی ماوەی دارمانەکەی بازاڕی ساڵی ١٩٨٧ بدەن. ژمێریارەکان رایانگەیاند "ئێمە ناتوانین راو سەرنجێك دروستکەین"، لەوەی

١- کە ئایا بەیاننامە داراییەکان تێڕوانینێکی راستو دروستی کاروباری کۆمپانیاکە دەدەن بەدەستەوە!

٢- کە ئایا بەیاننامە داراییەکان بەشێوەیەکی رێكوپێكو هەمەلایەن بەپێی تۆمارە یاساییەکان ئامادەکراون!

سەرەنجام هێزەکانی ئاسایشی بەریتانیو (فیوچەرس ئۆسۆرتی) داوایان لە بن لادنەکان کرد کە نزیکەی چوار ملیۆن پاوەنی بەریتانی بخەنە ناو بریکارێتی دارایی وەبەرهێنانەکە، بۆ داپۆشینو قەرەبوکردنەوەی زەرەرو زیانەکانی پێشوو.

ئەکبەر موالای بەرەگەز تانزانی، ئۆفیسی لەندەنی بەرێوەدەبرد. لەماڵێکی گەورە لەسەر شێوازی تیودۆر لەکەنارشاری ۆوکین، لەباشوری شارەوە دەژیا، هەروەها رۆژانە لەدەرەوەی شارەوە هاتوچۆی ئۆفیسەکەی لەناوەندی ناوچەی مەیفێر، لەنزیك باڵیۆزخانەی عەرەبستانی

سعودیە دەکرد. هەندێك لەهاوەڵانی، موالایان بەکەسێکی نهێنی پارێزو راستگۆ دەزانی، تەنانەت بەپێوەری کۆمپانیایەك کە گرنگی بەڕاو سەرنجەکانی دەدا. مێژوویەکی دوورو درێژی لەگەڵ بنەماڵەکەدا هەبوو، هەروەها لەبارەی دارایی بنەماڵەکەوە لەهەموو کەس زیاتری دەزانی. موالا هەندێك جار وەلامی پرسیاری رۆتینی بازرگانی هاوشێوەی لەرێگەی بەرپرسی کارگێڕی بەدواداچونەوە دەدایەوە بەووتنی ئەو راستیەی، "تۆ پێویستت نیە کە بزانی". ئەو خۆی وادەرنەدەخست کە نەخشەدارێژو بنیادنەری ستراتیژی وەبەرهێنانەکانی بنەماڵەکەیە، هەرچەندە ئەو زیاتر وەك بەڕێوەبەرێکی کارگێڕی بەتوانا پشتی پێ دەبەسترا. هەرکە ئۆفیسی لەندەن پاش قەیرانەکانی کۆتایی نەوەدەکان جێگیربوو، جۆن پیلی، بەرپرسی دارایی بەئەزمونی بەریتانی، پەیوەندی بە موالاوە کرد.

دوو پیاو بە شەفیقی زڕبرایان راگەیاند کە بەفەرمانی بەکر وەك لێپرسراوی پرسە داراییە نێودەوڵەتیەکان دانراوە وەك ئەرکێکی دیاریکراو بۆ تەواوکردنی رۆڵی حەسەن لەچاودێریکردنی گەشەپێدانی بازرگانی نێودەوڵەتی دا. شەفیق کاتێکی زۆری لە ئەوروپا بەسەربردو تا ئەو کاتەش بەتەنها لەژووری هۆتێلەکاندا دەژیا، بەنمونە لە نۆگا هیلتن لە جنێڤ. خوێندنە چاودێریکراوەکەی لە خوێندنگەی کویکەر لە لوبنانو پەروەردە کەلتوریەکەی لە کۆلێژەکانی ئەمەریکا رێی بۆ خۆشکردبوو، لەتەمەنی چلساڵیدا، شێوازی ژیانی رۆژئاوایی هەبێت بەتایبەتی لەکۆبونەوە بازرگانیەکانو بەڕێوەبردنی ژیانی چالاکی شەوانە، شێوازیك کە تەواو پێچەوانەی ژیانی ئوسامەی زڕبرای بوو، بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە هەردووکیان کوڕی محەمەد بوون کە لەهەمان مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٥٨ دا لەدایك بوو بوون. شەفیق کەسێك بوو هەڵسوکەوتو رەفتاری نەشازی دەکرد، هەندێك جار قژی درێژ دەکردەوەو دەیبەست، هەروەها بەپێی ووتەی میوانێك، ژوورەکانی هۆتێلەکەی وەك ژووری هەرزەکار نارێكوپێك بوون. لەساڵی ١٩٨١دا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەکاروبازرگانیدا لەزانکۆی سانفرانسیسکۆ بەدەست هێنابوو، هەروەها یەکێك بوو لەو چەند برایەی بن لادن کە خاوەنی تەکنیکی نافەرمی داراییو وەبەرهێنانی خۆی بوو. هەندێك جاریش جیهانێکی نادیاری کڕینو فرۆشتن، هەڵبژاردنەکانو فەرمانەکان، داواکاریو کاتی وەرگرتنی قازانجی هەبوو. بەپێی هاوبەشێکی بازرگانی لەو کاتەدا بەکر سەرۆکایەتی دەستەیەکی پێکهاتوو لەپێنج برای بن لادنی دەکرد، شەفیقیش بوو بە بەڕێوەبەری سەرەکی دەستەکە.

ســاڵانێك بــن لادنــەکان وەبــەرهێنانیان لەســەر شــوێنو ســنورە نادیارەکــانی ولایەتــە یــەکگرتوەکان کردبــوو، وەك کۆمەڵــە مــۆڵی نارێــك یــان ئــەپارتمانی ئــاڵۆز یــان بنکــەی گشــتی بازرگــانی کــە بەشــێوەیەکی فــراوان دروســتکراون. لەناوەڕاســتی نەوەدەکانــدا، بــۆ یەکــەم جــار، بنەماڵەکە دەستی بە دروستکردنی وەبەرهێنانی دارایی هەمەجۆرو ئاڵۆز کـرد، بەتایبـەتی لـەو کۆمپانیایانەی کە پەیوەندیان بە نوخبە سیاسیەکانەوە لە واشنتۆنو لەندەنەوە هەبوو.

(کارلیل گروپ) لەئۆفیسە نایابـەکانی لـە ١٠٠١ی شـەقامی پێنسـیلڤانیاوە، کەدەکەوتـە نێـوان کۆشـکی سـپیو بارەگـای کۆنگریسـی ولایەتـە یـەکگرتوەکان، دەسـتی بـەکارکرد. ئـەو پشـکە کۆمپانیایـەکی تایبـەت بـوو، مەبەسـت لەمـە ئەوەیـە کـە هاوبەشـەکانی لەرێگـەی وەبەرهێنـە دامەزراوو سەرمایەدارەکانەوە پارەیان بەرزکردەوەو ئەو خەرجیو دەسـتمایانەیان کـۆکردەوەو دواتریش بـۆ کـڕینو فرۆشـتنی پشکەکان لـەکۆمپانیا تایبەتـەکانو سـامانەکانی تـردا بـەکاریان هێنـا. هاوبەشـەکان بڕێکـی زۆر پـارەو سـەرمایەیان پێکـەوەنا، بەچاودێریکردنی بـەڕێوەبردنی سەرمایەکان بۆ وەبەرهێنەکانیانو بەگونجاندنی مامەڵە سودبەخشەکان. کەسـی دەسـەڵاتدار لـە (کارلیل) پارێزەرێکی گەنجی ماندوونەناس بەناوی دەیڤد روبینستین بوو، کە لەتەمـەنێکی زۆر گەنجـەوە لـەوێ وەك راوێـژکاری سیاسـەتەکانی دەرەوەی سـەرۆك جیمـی کارتـەر کـاریکردبوو، لەگـەڵ سـتیفن نـۆریس، کـە پسـپۆڕێکی یەکخـەر بـوو، لەسـاڵی ١٩٨٧، رۆبنسـتن (کارلیـل)ی دامەزرانـدو ناوەکـەیان لـە هـۆتێلی رازاوەی کارلیـل لـە نیویـۆرك وەرگرتبـوو. لەسـاڵی ١٩٩٣، سەرمایەی کۆمەڵەی وەبەرهێنانی کۆمپانیاکە بۆ نزیکەی دوو ملیار گەشەی کردبوو.

روبنستین داوای لە فرانك کارلوکسی، وەزیری بـەرگری لـە یەکـەم ئیـدارەی بـوش دا کـرد تـا ببێتـە جێگـری سـەرۆکی کۆمپانیاکـەو پەیوەندییـەکانی ئـەم کەسـە لـەنێوان بەڵێنـدەرەکانی پینتاگۆندا (کارلیل)ی کێشایە ناو بواری بەرگریەوە. سەرکەوتنی کارلۆکسی سەرنجی رۆبنستین لەبەرژەوەندیــە گــرنگو دیارەکــانی راکێشــا، سیاســەتمەدارەکان وەك هاوبــەش پەیوەنــدییان بەکۆمپانیاکــەوە کــرد، ناوبــانگو گرنگییــان ســەرنجی وەبەرهێنــەکانی راکێشــا هــەروەها پەیوەندییەکانی ناوەوە بوونـە هـۆی مامەڵـە سودبەخشـەکان. پـاش سـەرکەوتنی بیـل کلینتـۆن بەسەر بۆش دا لە سالی ١٩٩٢دا، روبیسـتنو نـۆریس سـەردانی کۆشـکی سـپی‌یـان بـۆ کۆبوونـەوە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی پێشوو جەیمس بەیکەر کرد. لەگەڵ گەڕانـەوەی دیموکراتـەکان بۆسـەر دەسەڵات، بەیکەر بۆ پێکـەوەنانی پـارەو سـەرمایە ئامـادە بـوو. بڕیـاری دا وەك راوێـژکارێك بـۆ

کۆمپانیایەکی تازەدامەزراوی ووزە لە هۆستن بەناوی (ئینرۆڵ کۆرپۆرەیشن) دەست بەکاربێت، هەروەها رازیبوو لە کۆمپانیای (کارلیل) ببێت بەهاوبەش.

بەیکەر ئارەزووی ناوبانگێکی باشی دەکرد لەناو نوخبەی عەرەب لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لەناوچەی کەنداوی فارسدا، ئەمەش بەزۆری لەبەر ئەو رۆڵەی کە لەشەڕی کەنداودا نواندبووی. لەگەڵ هاوبەشە دامەزرێنەرەکانی تردا لەکۆمپانیای (کارلیل)، گەشتیکرد بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەرزکردنەوەی خەرجییەکانی وەبەرهێنان لەگەڵ وەبەرهێنە سەرمایەدارە عەرەبەکان. رۆڵی هەرەگرنگی ئەو هەروەها دامەزرێنەرە ناودارەکانی تری وەك سەرۆك جۆرج بوشی کوڕو سەرۆك وەزیرانی پێشوی بەریتانیا جۆن مەیجەر کە سامانی گەورەی لەئێوارەخوانو سیمینارە تایبەتەکاندا بۆ عەرەبەکان بۆ سەرنجڕاکێشانیان لەبارەی ئەو تۆمارەی لەبواری سوودو گەشە ناوازەکەی کارلیل بۆ خۆی بەدەستهێنابوو. لەنێوان ساڵانی ١٩٩٤و ١٩٩٦دا تەکتیکەکە کاری خۆی کرد، کۆمپانیاکە بڕی ١,٣ ملیار دۆلاری بۆ خەرجی وەبەرهێنانێك زیادکرد کە پێی دەوترا (کارلیل پارتنەرس II) بەمانای هاوبەشەکانی کارلیل لقی دووەم بوو. وەبەرهێنەکان لەناویشیاندا جۆرج سۆرۆس، بازرگانی هەرە سەرمایەدار ١٠٠ ملیۆن دۆلاری تیادا بەکارهێنا، هەروەها دامەزراوەی فەندەکانی خانەنشینی، لەوانە، سیستەمی خانەنشینی کارمەندانی گشتی کالیفۆرنیا، کە ٨٠ ملیۆن دۆلاری تیادا بەکارهێنا.

لەساڵی ١٩٩٥دا لەرێگای ئۆفیسی لەندەنەوە، بنەماڵەی بن لادن هەواڵیان لەبارەی لوتکەی کارەکانی (کارلیل)ەوە پێگەیشت. بنەماڵەکە رازیبوو بەبەکارهێنانی لانی کەم ٢ ملیۆن دۆلار. چارڵس سکوارتز، پارێزەری هۆستن کە نوێنەرایەتی کارەکانی بنەماڵەی بن لادنی لە تەکساس دەکرد، رایگەیاند، جیم بەیکەر "زۆر باش ئەوانی دەناسی" هەروەها "ئەمیش سیاسەتمەداری پەسەند"ی بنەماڵەکە بووە. شەفیق بن لادن، لەلایەن بەکرەوە دیاریکرا تا بەشدار بێت لە کۆنفرانسەکانی کارلیلدا بەچەشنی یاریدەدەری راوکردنی وەزیری دەرەوەی پێشو یان وەك ئەوەی لە ئێوارەخوانێکی ناوازەدا لەگەڵی بێت تا لەنزیکەوە ئاگای لەوەبەرهێنانی بنەماڵەکە بێت. ئەمە ئەرکێك بوو کە سەرەنجام لەپێناویدا گواستیەوە بۆ واشنتۆن دی سیو لەهەمان رۆژدا زڕبراکەی پەلاماری شارەکەی دا.

هەروەها شەفیق سەرپەرشتی وەبەرهێنانی بنەماڵەکەی لەرۆژنامەوانی یەکگرتوی نێودەوڵەتی UPI دەکرد، ئاژانسی رۆژنامەوانی ئەمەریکی بەناوبانگ، کە کۆمەڵەیەکی

وەبەرهێنــە ســعودیەکان، لەناویشــیاندا بــن لادنــەکانو بنەماڵــەی عــەلیڕەزا، لەســالی ١٩٩٢دا لــە فرۆشتنو هەڕاجێکی مایەپوچبون بەنرخی ٤ ملیۆن دۆلاریان کڕیبوو. لەسـەرەتای نەوەدەکانـدا بڵاوبوونەوەی سینی سەتەلایت لەسـەربانی ماڵـە سعودیەکاندا، هـەروەها دامەزرانـدنی میـدیای عەرەبی خۆشەویست لای خەڵك وەك ئەل-جەزیرە کە دژایەتی حکومەتی سعودیی دەکـرد، بـوو بەهۆی هاندانی حکومەتی سعودیە بۆ هاندانی دامەزراندنی جێگرەوە بـەجۆرێك خاوەنـدارێتی ئـەم جێگرەوانـە سـعودیی بـن بەنمونـە ئـەل-عەرەبیـەو میـدیای (میـدلْ ئێسـت برۆدکاسـتین). وادەردەکەوت UPI کە هەواڵەکانی پشـتگیری (میـدلْ ئێسـت برۆدکاسـتین) دەکـات، هەرچـەندە ئەوە بەتەواوی بۆ هەندێك لە بەرپرسـانی UPI روون نـەبوو ئایـا بنەماڵەیـەکی وەك بـن لادن ئەم وەبەرهێنانە دەستپێشخەری رێکەوتنو بەخشـینی خۆیانـە یـان وەك هاوبەشـێکی شـاراوەی حکومەتی سعودیە ئەنجامی دەدەن. ئەحمەد بەدیب، بەرپرسی پێشوی سـتافی شـازادە تـورکیو سەرۆکی دەزگای هەوالگری سعودیە بوو پێشـترو دوای ئـەوەی خانەنشـین بـوو، بـوو بەسـەرۆکی ئەنجومەنەکـەو کۆمپانیـا نێودەوڵەتیـەکانی لــە پـاریسو لوبنــان وەگەڕخسـت. ئارنــاود دی بۆرشـگرەیف، کـە بۆماوەیـەك وەك ئامادەکـاری UPI کـاری دەکـرد، لەگەڵیـدا کەوتـە ململانـێ لەسەر کێشە داراییە بەردەوامەکانی کۆمپانیاکە. جارێك دی بۆرشگرەیف گێڕایەوە، کـە بـەدیب پەیامێکی تورەی بۆ ناردووە:"من گـوێ بـە رەخنەکـەت لـەکارە بازرگانییەکـەدا نـادەم. وادەکـەم بزانی ٥٠٠ ملیۆن دۆلارم بەدرێژایی سیو یەك ساڵی خزمەتی حکومی بەدەست هێناوە".

لەچارەکێکی کۆبونەوەکانی ئەنجومەندا، شەفیق بەبێ دەنگـی دادەنیشـت. وا دەردەکـەوت بـۆ بۆرشـگرەیف "بــە روونــی پیاوێـك بـوو کـە هـەرگیز هیچـی نـەکردبوو بـۆ شـێواندنی ژیـانی". سعودیەکان لەسەر ئەنجومەنەکە بەربەرەکانێی یەکتریبان دەکردو هـەوڵی مایـەپوچ نـەبوونیان دەدا، سەرەنجام بـە پشـکەکانی بازرگـانی کـە لەلایـەن کلێسـای کۆریـای باشـوری (ریڤێرنـد سـەن میونگ مون)ە ئاراستە دەکراو رێکدەخرا، کۆمپانیاکەیان فرۆشت.

لەوکاتـەدا کـە ئوسـامە دەسـتی بـە بڵاوکردنـەوەی یەکـەم فاکسـەکانی پـەلاماردانی بۆسـەر پشتبەستنی شا فەهد بە ئەمەریکا کرد، ژمارەیەك لـە زڕخوشـكو براکـانی بـەردەوام بـوون لـە بەسـەربردنی کـاتی پشـوو لـە ولایەتـە یـەکگرتووەکان. خـەلیل بـن لادن لەگـەڵ هاوسـەرەکەی ئیزابێـلو منداڵـەکانیان لـە دێـزەرت بێـری دەرەوەی ئۆرلانـدۆ، پشـووی هاوینیـان بەسـەر بـرد. ئەوان گەڕانـەوە بـۆ ئـەو خـانووە کـەلانی کـەم وەك سـەرەتایەك چـەند گۆڕانکارییـەکیان تیـادا

ئەنجامدا بەجۆرێك خۆشترپانکرد لەو سەردەمەی سالم رۆژە پرکەیفەکانی تیا بەسەردەبرد. ئێواران خەلیل لە تەنیشت حەوزی مەلەکردنەکەوە دادەنیشتو بەسەر دار چنارو دەریاچەکەدا دەیروانیو مژی لە نێرگیلەیەکی ئالۆزی عەرەبی دەدا. دراوسێکانی بۆ ئاهەنگی ٤ی تەمموز بانگهێشت دەکرد، جارجاریش حەزی لە یارییە ئاگرینەکان بۆ گێرانی ئاهەنگی سەربەخۆیی ئەمەریکا هەبوو. کۆمەڵێك منداڵی شێوە زار-ئەمەریکی گێرەشێوێن کە لە خەلیلو ئیزابێل بوون، هەروەها برازاو خوشکەزا کچو کوڕەکان کە لە سعودیەوە بۆ سەردان هاتبوون یان لە خوێندنگا بوون لە ولایەتە یەکگرتوەکان جارجار بەم شێوەیە یەکیان دەگرت. رەجیای زڕخوشکی خەلیلیش بەسەردان دەهات، ئەمیان ماوەیەکی باش لەلۆس ئەنجلۆس ژیابوو، فڕۆکەوان بوو هەروەها شۆفێرێکی تیژڕەوی تایبەتیش بوو، ئەوەندە خێرا کە هەندێك لە ئەندامانی گروپەکەی خەلیل بۆ خۆشیو گاڵتە دەیان ووت دەترسن لەگەڵ رەجیا سەرکەون ئەگەر ئەو شۆفیر بێت.

ئەندامێکی خێزانەکە کە زۆر سەرقاڵی ژیان بوو لە ئەمەریکا ئەویش عەبدوڵا بن لادن بوو، دووەم گەنجترین کوڕی محەمەدبوو، هەندێك لە هاوڕێکانی بەگاڵتەوە باسی ئەویان دەکرد کە ئەو خوێندکارە بۆ ژیان، هەروەها هەندێك یاسای راستودروست لەم هەلسەنگاندنەدا هەبوو. ئەو پێشتر لە سان دیاگۆ لە کۆلێژ بوو، دواتر لە عەرەبستانی سعودیە یاسای خوێند، هەندێك کۆرسیشی لە بازرگانی بواری دارایی دا وەرگرت، دواتریش داوای پێشکەشی کۆلێژی یاسای هارڤارد کرد، نەك بۆ ناونوسین لە پرۆگرامی ووردو پشوکورت کە پارێزەرەکان ماندودەکات لە وەرگرتنی بڕوانامەی ئەمەریکی لە خوێندنی ئەکادیمی یاسا دا  یان تیۆرە یاساییەکاندا. ئەمە شوێنێکی پێشبڕکێ بوو لەکۆلێژی یاسای هارڤارد کە سەرنجی ژمارەیەك لە خوێندکارە نێودەوڵەتیەکانی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا. پرۆفیسۆرەکانی رایانگەیاند، سەرەنجام عەبدولا بن لادن بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەیاسای هارڤارد مایەوە، پێوانەیەکی تەواو نەبوو بۆ کۆلێژەکە، بەلام زۆریش دوور نەبوو لە پێوانەیەك. مانەوەی بەردەوام نەبوو هەرچەندە ئۆفیسێکی بچوك لە کامبریج، ماسەچوستیس، کە لەسەر توێژینەوەی خوێندنەکەیو پرۆژەی بازرگانی جۆراوجۆرەکانی بنەماڵە کاری دەکرد.  (لەسەرەتای نەوەدەکاندا، دوو لە زڕخوشکەکانی ماوەیەکیان لە بۆستن بەسەربرد، هەروەها زڕبرا گەنجترەکەی، محەمەد، کە دایکی پێوەی دووگیان بوو  کاتێك محەمەد بن لادن لەساڵی ١٩٦٧دا کۆچی دوایی کرد، ئەویش لەو شارەدا

دەژیا). لەنێوان هاوەڵەکانی تردا، وەبەرهێنانی هاوبەشی حکومەتی بە درێژایی بەندەری بۆستن کرد. لە نێوان ئەم خوشكوبراو خوشکەزاو برازایانەدا، عەبدوڵا بەکەمی وەك چاودێری ئامانجەکانی بن لادنەکان لە نیو ئینگلاند رەفتاری دەکرد. بەدرێژایی ئەم ساڵانە ئەپارتمانێکی لەنزیك شەقامی بۆستن گرتبوو، کە بەتەنها تیایدا دەژیا. لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا، گەیشتە تەمەنی نزیك سی ساڵی. پیاوێکی نەبەرز نەکورتو باریکەڵەو لوتو روخساری لە باوکی دەچوو. وەك ژمارەیەك لە زربراکانی، ئەویش جۆرێك لەشەرمنی بۆماوەیی بەسەریدا زاڵبوو، بەڵام دەیتوانی لە بارودۆخێکی شکۆمەندی شاهانەدا خۆی بنوێنێ، هەروەها دەیتوانی هاوڕێیەکی قسەزانو خۆشگوفتار بێت. ئۆتۆمۆبیلی جۆری رەینجرۆڤەری پێبوو، هەروەها چێشتخانەیەکی ئیتاڵی بەناوی پاپا رازی کە نزیکی شوقەکەی بوو، لاپەسەندبوو.

بووبە هاوڕێی خوێندکارانی تر کە لەوڵاتە عەرەبیو ئیسلامەکانەوە هاتبوون لە هارڤارد هەروەها جارجاریش بۆ خوانی ئێوارە بانگهێشتی دەکردن، سەرنجی هەندێکیانی ڕاکێشا بەبەکارهێنانی قاپێکی زۆر لە چێشت لێناندا، کە بە هیوایەتێکی سەیریان دەزانی بۆ پیاوێکی سعودیە، بەتایبەتی کەسێکی سەرمایەدار. لەو ئێوارانەدا هیچ کارەکەرو خزمەتکارێکی دەرنەدەکەوتن، هەروەها قاپو دەوری لەسەر شێوازی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕ لە سەوزە بوون. ئەوەندە بەشەرمو بەڕێز بوو کە بەمەبەستێکی پاكو سروشتیی گاڵتەی دەکرد. یەك لە هەرە ئازارە سەختەکانی لاما ئەبو ئۆدە بوو، کە ئافرەتێکی گەنجی ئەردەنی لەگەڵ شێوازێکی چالاکتر لەهی عەبدوڵا بوو. لاما بێ شەرمانە حەزی لێ دەکردو بە دڵی بوو، بەڵام ئەوەی راگەیاند"من لەبارەی ئەوەی کە کۆنەپەرەستە گاڵتەی لەگەڵ دەکەمو وای لێدەکەم پێبکەنێو شەرم بیگرێ، هەوڵم دەدا تورەی کەم". نوخبە ئەردەنیە هاونیشتیمانیەکانی شانازیان بەخۆیانەوە بەهۆی پەیوەندی ئالۆزی عەلمانیەوە دەکرد، هەروەها خۆشی لەباسکردنی ئەوە وەردەگرت،"کە وڵاتەکەی چەند کۆنەپەرەستە، چۆن سعودیەکان بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی کۆنەپەرەست دەردەکەون. من دەمووت، لەپشت هەموو سعودیەکی ڕاستگۆوە خوپێوەگرتنێکی ویسکی هەیە. تەنها بۆ ئەوەی بیخەمە پێکەنین. بەتایبەتی حەزی لەپەیوەندیو باسو خواست بوو لەگەڵ عەبدوڵادا بەهۆی کەشخەییو دەوڵەمەندیەکەیەوە، بەڵام ئەو هەرگیز لە ژواندا دەرنەکەوت. لەڕاستیدا عەبدوڵا خۆی لەو هاوڕێیانە لادەدا کە هەوڵیان دەدا لەگەڵ

ئافرەتاندا توشی کەنو بەیەکیان بگەیەنن بە باسکردنی وەك کەسێك کە ئارەزووی لـە شـێوازی ژوانی رۆژئاوایی نەبووە.

لاما رایگەیاند،" عەبدوڵا، ئەگەر تۆ کەسێکی هاورەگەزبازی، ئـەتوانی پـێم بڵێـی". عەبـدوڵا زیاتر پێکەنی، دواتر گەڕایەوە سەر رەفتارە شەرمنەکەی خۆی.

لەناوەڕاسـتی نەوەدەکانـدا، زۆرێـك لەخوێنـدکارە عەرەبـە هاوەڵـەکانی لـە هارڤـارد زیـاتر لەهاوەڵـە ئەمەریکییـەکانی، لەچالاکییە جیاوازەکـانیو بەتایبـەتی بەرەنگاربوونـەوە دیارەکـەی لەگـەڵ حکومـەتی سـعودیە، بـەئاگابوون. ئەگـەر لامـا لەمـەزاجێکی بێـزاری تایبەتـدا بوایـە، لەبەردەم عەبدوڵاو خوێندکارەکانی تردا دەستی بەپیاهەڵدانی ئوسامە دەکـرد. لامـا بەفـەرمی رایگەیانـد، "لانـی کـەم کەسـێکی زۆر تـورە لـەو بنەماڵیـەدا هەیـە. ئێـوە تـەنها دەتانـەوێ پـارە کۆبکەنەوە، هیچ نەبێت کەسێك هەیە کە ووتویەتی نا!"

وەك لاما گێرایەوە، عەبدوڵا بەکورتی وەڵامی دایەوەو ووتی "دەمت داخە".

راوێـژکارە ئەکادیمییەکـەی کـە نـاوی فرانـك ڤۆگـڵ بـوو، بەدواداچـوونی بـۆ توێژینـەوەی خوێندنەکەی لە عەرەبستانی سعودیەو سەردانی دادگاکانی ئەو وڵاتـەو هـەروەها شـیکردنەوەی رێگـای یاسـاییو مەزهەبـە ئاینییـەکانی وڵاتەکـەی کردبـوو. ڤۆگـڵ سـودێکی ئـەکادیمی باشـی لەسیسـتەمی سـعودیە وەرگـرت، هـەروەها بـۆی دەرکـەوت کـە عەبـدوڵا ئـەو پرسـیارانەی پێخۆشبووە کە پەیوەندی بەتوێژینەوەکەیەوە هەبووە. لـەمانگی ئایـاری ساڵی ١٩٩٢دا، عەبـدوڵا نامـەی ماسـتەرەکەی ١٠١ لاپـەڕەو بەسەرپەرشـتی ڤۆگـڵ لـەژێر ناونیشـانی "کارەکـانی بـانکی رۆژئاواییو یاسای شەریعە لە عەرەبستانی سعودیە" بـوو. توێژینەوەکەی گـەڕان بـوو بـەدوای ململانێـی نێـوان سـودو زیـادە چوونەسـەری پـارەی سیسـتەمی دارایـی رۆژئـاواییو حـەرامو قەدەغـەکردنی کـە لەلایـەن زۆربـەی یاسـاو دەسـتورەکانی ئیسـلامەوە بڕیـاری لەسـەردراوە، هـەروەها چـۆن ئـەم مەزهەبانـە لەرێگـەی مێـژووو دەقـە ئاینییەکانـەوە پـەرەیان پێـدراوە. هـەوڵێکی باشـی بـۆ دۆزینـەوەی چارەسـەرەکان دەدا، شـێوازێك کـە رێگـە بەهـەردوو مـۆدێلی سیستەمی بانكو یاسای ئیسلامیی بۆ پەرەسەندنی لە عەرەبستانی سعودیە بدات. نوسـیبووی "زۆرباش دەبوو کە کاتێك کۆمەڵگەیەك وەك یەك گوێڕایەڵییەکی تەواوی دەسـتوری شـەریعەو سیسـتەمێکی دامـەزراوی ئـابوری ئیسـلامیی بکردایـە، کـە قەدەغـەکردنی سـودو زیـادە شـیاو دەبوو".

بۆ تـەواوکردنو بەدواداچـوونی بڕوانامـەی دکتۆراکـەی، عەبـدوڵا سـەرقاڵی درێژەپێـدانێکی تێروتەسەل لەسەر هەمان ئـەم بابەتانـە بـوو، لەکۆتایـدا تێزەکـەی گەیشـتە ٣٢٧ لاپـەڕە، لـەژێر ناونیشـانێکی زۆر سـادەو ئاشـکرای "گفتۆگـۆی ئـامرازە داراییـەکان لـەبازاڕە داراییـە هاوچەرخەکاندا: لێکدانەوەیەکی یاسایی ئیسلام". عەبدوڵا تێدەکۆشا لەگەڵ ئـەوەی کـە چۆن هۆکـارە گرنگـەکانی بـازاڕە جیهانییـەکان، وەك بۆنـدەکانی دڵنیـاییو قـازانجی پشـكو بەشداریکردنی بەڵێنـەکان کـە ڕەنگـە لەسیستەمێکی دارایـی ئیسـلامیی دا دانرابێـت. تێزێکـی ڕوونو ئاشکراو پڕ تێبینی بوو، ئەگەرچی زۆرجار تێگەیشتنی ئەسـتەم بـوو، کاتێـك سـەرەنجام تـەواوبوو، لانـی کـەم دوو ئامـاژەی گرنگـی لەمێـژووی درێـژی بنەماڵـەی بـن لادن دا دەرخست، عەبدوڵا بوو بە یەکەم دکتۆری ئەکادیمی بنەماڵەکە (شانبەشانی ڕاندای زڕخوشکی، کـە یەکـەم پزیشـکی بنەماڵەکـە)و هـەڵگری یەکـەم بڕوانامـەی بـن لادنـەکان لـە زانکـۆی هارڤـارد بـوو. بەشـێوەیەکی ڕۆشـنبیرانە، عەبـدوڵا بـۆ ئاشـتکردنەوەی دوو جیهانەکـە تێدەکۆشـا، جیهـانی عەرەبیو ڕۆژئاوایی، کە تیایدا بن لادنەکان دەژیانو کاریان دەکرد. ڤـۆگڵ ڕێـزی لـە "جدیـەتی ئەکادیمی" تێزی دکتۆراکەی دەگرت، "کە بەڕاستی خۆی توشی توێژینەوەیـەکی گـران کردبـوو، زۆر گـران یـان دەقـی شـاراوەو نادیـار بـوو". بـەبڕوای ڤـۆگڵ، گـۆڕینی بابەتەکـە بـۆ شـتێك کـە ئاماژەی بۆ بن لادنەکان یـان عەبـدوڵا، "بـۆ سعودیەك، کـە کـار لەسـەر بابـەتێکی پەیوەندیـدار بەیاسای ئیسلامەوە بکات، باس لەوە ناکات کە ئایا لەگەڵ ئاین نیگـەران بێـت یـان نـا". بـاوەڕی وابوو، لەشانشین، بەئاسانی ڕێگایەکی دەست نەدەکەوت بۆ نزیکبوونەوە لەزانستی ئابوری.

هـەڵی بەرزبوونـەوەی خـەرجیو دارایـی بـەئامادەبوونی بـن لادنـی لاو کـە لـە هارڤـارد نوێنەرایـەتی دەکـرا کـە لەگـەڵ مامۆسـتایانی خوێنـدنگای یاسـاییدا توشـی هـیچ نیگەرانیـەك نەبوو. لەدەوروبەری ساڵی ١٩٩٣ دا، هەمان ساڵ کە فلیپ گریفن ئۆفیسـی بـن لادنـی لـەدەرەوەی واشنتۆن کردەوە، بن لادنەکان لەگـەڵ ڕاگـری بەشـی یاسـای هارڤـارد دا کەوتنـە گفتوگـۆ. ڤۆگـڵ ئاشـکرای کـرد کـە، "ئـەوان لـەزۆر شـوێن حـەزیان لەخوێنـدنو لێکۆڵینـەوەی ئیسـلام بـوو". گفتوگۆکان "بەشێوەیەکی نائاسایی جۆرێك هۆکاری لاوەکی" بـوون. عەبـدوڵا هارڤـاردی دەست نیشان کرد کە بەکر پێـی باشـبوو یـەك ملیـۆن دۆلار بەزانکۆکـە ببەخشـێت بـۆ پشـتگیریکردنی لێکۆڵینەوەی شێوازو دیزاینی ئیسلام، یـەکێك لەبەرژەوەندییـە تایبەتـەکانی بـەکر، زیـادکردنی یەك ملیۆن دۆلاری تر بوو بۆ پشتگیریکردنی مافو ڕێپێدانی خوێندن بـۆ ئـەو خوێندکارانـەی

لەوڵاتە عەرەبییەکانەوە دەهاتن کە ئارەزووی ئەوە دەکەن شوێنپێی عەبدوڵا هەڵگرن‌و لەیاسای هارڤارد درێژە بەخوێندن بدەن. ڤۆگڵ‌و راگری بەشی یاسا بۆ عەرەبستانی سعودیە گەشتیان کرد، لەلایەن بەکرەوە لەبارەگای گروپی بن لادنی سعودیە پێشوازیان لێکرا، کە لەوێ سەرسامبوون بە نمایشی شێوازەکانی کاری بنەماڵەکە لەسەر مزگەوتە پیرۆزەکان لەمەککەو مەدینە. ڤۆگڵ بۆ بنەماڵەکەی روونکردەوە، "یەکێك لەمەبەستەکانی پرۆگرامەکەمان بریتییە لەبنیادنانی پەیوەندی لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا". بێگومان هیچ گفتوگۆیەك لەبارەی ئوسامەوە نەکرا، ئەو لەدەرەوەی جیهانی عەرەبیدا کەمتر دەناسرا.

لەهەمان ئەم ماوەیەدا، بەتەمەنترین کوڕی سالم بن لادن، سەلمان وەك خوێندکارێك لەزانکۆی تەفتز لەدەرەوەی بۆستن، وەرگیرا. عەبدوڵا هەوڵیدا چاودێری بکات، لەهەمان کاتدا، سەلمان بۆ بەڕێوەبردنی پارەکەی‌و هاوڕێیەتییەکانی تێدەکۆشا. یەکێك لەمامۆستایانی وانەکانی بازرگانی، ئەندرو هێس هەستیکرد سەلمان توشی گرێی دەرونی بەهۆی مەرگی لەناکاوی سالمەوە لەساڵی ١٩٨٨ لەتەکساس، بووە. سەلمان لەپاش مەرگی باوکی هەندێك رێگای گرتەبەر، گیتاری دەژەند، هەروەها بەئینگلیزیەکی شێوەزاری بەریتانی رەوان قسەی دەکرد، بەڵام بەرزبوونەوەو دابەزینی زۆری بەخۆوە بینی لەزانکۆی تەفتز. پەیوەندییەکی تایبەت بەخۆی لەگەڵ هێس دروستکرد، کە ساڵانیکی زۆر لە عەرەبستانی سعودیە لە پیشەسازی نەوتدا، کاری باڵای پرۆفیسۆرێتی خۆی بەرێکردبوو. دواتر سەلمان، هێسی بە عەبدوڵای مامی لەهارڤارد، ناساند.

چەند جارێك، لەچێشتخانەیەکی پەسەندی تری عەبدوڵا لەکامبریدج کە پێی دەوترا هێڵماند، کە دەکەوتە هەرێمێك لەباشوری ئەفگانستان‌و لەلایەن بنەماڵەی کارزیاسی ئاوارەی ئەفگانیەوە بەڕێوەدەبرا، چاویان بەیەك کەوت.

لەکاتی ئێوارە خوانەکاندا لە هێڵماند، هێس بۆ عەبدڵای روونکردەوە کە گرفتی بەدەستهێنانی پارەی هەیە بۆ پشتگیریکردنی هەندێك لەپرۆگرامە ئەکادیمیەکانی. عەبدوڵا پێی راگەیاند، کە بن لادنەکان بەزۆری ئارەزومەند بوون لەپشتگیریکردنی خوێندن‌و لێکۆڵینەوەی ئیسلام. هێس رایگەیاند ئەگەر خەرجی‌و دارایی تەواوی هەبوو، دەیتوانی وانەبێژو وتاربێژەکانی جیهانی ئیسلام بهێنێت، بۆ ووتنەوەی بابەتە ئابوری‌و سیاسیەکان کە لەگەڵ بەرنامەی خوێندنی زانکۆی تەفتز دەگونجێت. عەبدوڵا رایگەیاند کە بزانێ ئەتوانێ چی بۆ بکات. دواتر، چەکێکی ٣٥٠ هەزار دۆلاری بۆ زانکۆی تەفتز رەوانەکرد.

## ٣١- مێژێکی درەوشاوە بەڵام بەد

لە ١٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٥دا، ئۆتۆمۆبیلێکی بۆمبڕێژکراو بەبڕی زیاتر لە ١٠٠ کیلۆگرام ماددەی تەقینەوە لەشاری ریاز تەقیەوە. ئەوە خراپترین پەلاماری تیرۆریستی لەشانشین لەرۆژگارە لەبیرکراوەکانی شەڕی یەمەنەوە لەماوەی شەستەکاندا بوو. ئەم جارەیان ئامانجەکان سعودیەکان نەبوون، بەڵکو لەم پەلامارەدا حەوت کەس بوونە قوربانی کە پێنجیان ئەمەریکی بوون، هەروەها سی‌و چوار کەسی دیکە بریندار بوون. هەرزوو پەلاماردەرەکان کوژران‌و لەناوبران، ئەمانە جیهادکاری ئەفگانی پێشوو بوون، یەکێکیان لەدانپیانانێکی تەلەفزیۆنیدا رایگەیاند کە لەلایەن نوسراوەکانی ئوسامە بن لادنەوە هاندراون. لەگۆشەنیگای بنەماڵەی بن لادنەوە، دیاریکردن‌و هەڵسەنگاندنی ئەگەری لاوازترکردنی بارەکە قورس بوو، کە دانپیانانی تیرۆریستەکان بووە، یان لەلایەن لێکۆڵەرە سعودیەکانەوە بۆ بەئاشکرا تێوەگلاندنی ئوسامە هاندرابن، بۆ ئەوەی لەکەداری بکەن. لەبیرۆکەیەکی ناڕاستەوخۆوە، بن لادنەکان ئەنجامی پەلامارەکەیان لێکدابووەوە. ئەو بینایەی کە کرابوو بەئامانج بەشی مەشق‌و راهێنانی ئەمەریکی بوو بۆ پاسەوانی نیشتیمانی سعودیە. یەکێك لەبەڵێندەرە سەرەکیەکانی بەشەکە، پسپۆرێکی بواری مەشقی سەربازی، ڤینڵ کۆرپۆرەیشن بوو، کۆمپانیایەکی کەمدەرکەوتوو بوو لەلایەن ئەندامێکی ئەنجومەنی پێشوو بەپەیوەندی لەگەڵ ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی CIA-وە باسی لێوەکرابوو. هەندێك سپۆنسەری بەڵێندەرانی ڤینڵ لەناو برینداردەکاندا بوون. لەو کاتەدا، گروپی کارلیل خاوەنی کۆمپانیاکە بوو، هەرچەندە لەرێگەی هەمان خەرجی‌و داراییەوە نەبوو کە بن لادنەکان وەبەرهێنانیان تیادا کردبوو. خاڵێکی گرنگتر هەمان ئەو کێشەیە بوو کە لەو کاتدا بنەماڵەکە بەفەرمی لەگەڵ خۆیدا لەشەڕدا بوو، ئەگەرچی ئەو شەڕە سەرەتایی بوو لەزۆر لایەنەوە رانەگەیەنرابوو.

بەکر هیچی ئاشکرا نەکرد، دوور لەووتارە رۆژنامەوانیەکانەوە پێشتر ئەوەی راگەیاندبوو، بەڵام بەنهێنی هەوڵیدا بۆ ئەمەریکیەکان‌و ئەوروپیەکانی روون بکاتەوە کە زانیویەتی‌و ترسێکی زۆریشی لەزیادبوونی بیرۆکەی توندوتیژی‌و توندڕەوی ئوسامە هەیە. لەدەوروبەری

سـەری سـاڵی ۱۹۹۵ دا، تـەنها چـەند هەفتەیـەکی کـەم پـاش پەلامارەکـەی شـاری ریـاز، بـەکر ژمارەیەك لەهاورێ کۆنە ئەمەریکیو بەریتانیەکانی سالی لەسەر خەرجی خۆی بەفڕۆکە بۆ جەددە برد. بۆ بەشداری لە ئاهەنگی گەورەترین کچی سالم، سارا، کەژیانی هاوسەری لەگەڵ پیـاوێکی لاو لەبنەماڵەیـەکی نـاوداری بازرگـانی جـەددە پێکهێنـابوو، کەسـێك کـە خـاوەنی وەبـەرهێنانی بازرگـانی ئۆتۆمۆبیـل بـوو. بـەکر میوانـداری خـوانی نوێکردنـەوەی پەیوەنـدی هەنـدێك لەفڕۆکـەوانو میوزیکژەنـەکان کـە سـالیان لـەرۆژە شـکۆمەندو خۆشـەکاندا ناسـیبوو، کرد.

ناکۆکیـەکان لـەناو خێزانەکـەدا کۆدەکرایـەوە، تەنانـەت لەماڵەکـەی جـەددەش کـە هەمیشـە مایەی شۆك بـوو. خانوبەرەکەی بـەکر لەسـەر دەریـای سـوری چـەند میلێـك لەباشـوری پـرۆژە گـەورەکانی خانوبـەرەی بنەماڵەکـەوە لەهاوینەهـەواری کـەنار دەریـای سـالیە لۆتـەس بـوو. گەشەپێدانەکە بەناوی سەحیحە بن لادنی زڕبرای بەکر کە بەشێوەیەکی فـراوان بـە ئـەوروپاو ولایەتە یەکگرتوەکاندا گەشتی کردبـوو، ئـەنجام دەدرا. هاوینەهەوارەکە وەك یانەیـەکی کـەنار دەریای تایبەت لەگەڵ دوو سەد خانوی راخراوو ئەپارتمانی یەك ژووری کرایەوە، کە لـەباکوری کەناری ئۆبهوری جەددەوە بوو. پاسەوانەکانی ئاسایش بەوریاییـەوە نـاوی ئەنـدامانی سعودیەو میـوانی بیانیـان دەپشـکنی پـێش ئـەوەی ڕێگـەیان پێبـدەن بچـنە ئـەودیو دیـواری هاوینەهەوارەکەوە. جارێکیان لەژوورەوە، هۆکار بـۆ ئـەو ڕێوشـوێنە تونـدەی ئاسـایش ئاشـکرا بوو، ژنان بەژێرکراسـی کورتـەوەو پیـاوان بەشـۆرتی مەلەکردنـەوە پێکـەوە بـوون، سعودیەکان بەجلی زۆر کورتەوە لەگەڵ بیانیەکان لە هەردوو ڕەگەز تێکەڵاو بـوون، لوبنانیـە مەسـیحیەکان لـەناو حـەوزی مەلەکردنەکـەدا یارییـان بـەئاو دەکـرد لەگـەڵ بـوونی خـاچو سـیمبۆلی مەسـیح لەملیانـدا. وەك ئـەوەی سـعودیەکی بچـوك بێـتو بـن لادنـەکان بنیادیـان نابێـت لەسوچـێکی دەوڵەمەندی باکوری کەنار شاری جەددەدا، بۆ سودو قازانج کردن.

دوور لـە یانـە کەناراویەکـە، لـە پێشـوازی ئاهـەنگی ئەلقـە گۆڕینـەوەی سـارا دا، بـەکر زیـاتر بەسروشـتێکی خاکییـەوە دەردەکـەوت. ڕەگـەزەکان بـەپێی پێویسـت جیـاکراوە بـوون، هـەروەها زیاتر شەربەتی میوە دەخورایەوەو باو بوو. بـەکر بانگهێشـتی هەنـدێك لـە میوانـە بیانیـەکانی خۆی کرد، بە بەلەمو ماتۆڕی دەریایی سوڕانەوە بـەناو دەریـایی سـوردا، لەشـوێنێك لەنگـەریان دەگرتو میوانداری خوانی نیوەڕۆی لەکەنار کەشتی مەلەوانیدا دەکرد. کەسایەتییەکان چـەند

رۆژێکیـان لەئاهـەنگ گێڕانـدا بەسـەربرد. ئـەنیتا پیتـزای پیـانۆژەنو جیراڵـد ئۆیەرباچـی فڕۆکـەوانی ئەمـەریکی کـە کـابتنی فڕۆکـەکانی محەمـەدو سـالمیش بـوو، ئـەوکات لەتەمـەنی حەفتاکاندا بـوو، فایـل بـوون هەنـدێك لـەژمارە پەسـەندەکانی فڕۆکەکانی سالم تاقیبکەنـەوە. ئۆیەر باچ " بەسەر لوتکەی ڕابردووە تەماویەکاندا" بەیادی جاران کەوتە فڕین.

کرانەوەی بێدەنگی شەڕی ئوسامە بەڕووی عەرەبستانی سعودیدا هاوکات بوو لەگەڵ کۆتـایی هـاتنی فـەرمانڕەوایی شـافەهد دا، لانـی کـەم کۆتـایی توانـای چـالاکی حکومڕانی بـوو. لـە ٢٩ی تشرینی دووەمـی سـاڵی ١٩٩٥ دا، فەهـد توشـی جەڵتەیـەکی کوشـندە بـوو. ڕەنگـە تەقینەوەکـەی شاری ڕیـاز پەسـتانی خـوێنی بەرزکردبێتـەوە، یـان لەوانەیـە تـەنها پەیوەنـدی بـە تەمـەن یـان بۆماوەیی یان قەڵەوییە بێ چارەسەرەکەیەوە بووبێت. نزیـك بـوو بمرێـت، بـەڵام پزیشـکەکانی، بەسود وەرگرتن لە چاودێریکردنو یارمـەتی دانـی، کاریـان بـۆ ڕزگـارکردنی کـرد. بـەم کـردارە دەستیان کرد بەشێوازی درامایەکی ئیلیزابێت لە ڕکابەرایەتیو پیشاندانی دەسەڵاتی بنەماڵەیی لە بنەماڵەی شاهانەی سعودی.

داوەکە زیاتر نهێنی بوو وەك لەوەی ئاشکرا بێت، گریمـان بـوو وەك لـەوەی تێبـینی کرابێـت، بـەڵام کورتـەی بابەتەکـە تـەواو ئاشـکرا بـوو. بەدرێـژایی ئـەو ماوەیـەی فەهـد بەشـێوەیەکی تەکنیکی بە زیندووی مایەوەو هەر پادشا بوو، تەنها ئەوەندە لە توانایـدا هـەبوو، بـەبێ دەنگـی لەسەر کورسیە جوڵاوەکەیەوە سـەری دەجوڵانـدەوە. ئەلسعود هـیچ مـافێکی بـەرایی نـەبوو بـۆ لابردنـی پادشـایەکی نـەخۆش، هـەروەها پـاش هـەموو ئەمانـە، شـازادە تـوانی لەجێگـەی ئـەو دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵام ئەم بڕیارە زیاتری لە پلەبەندییە دەستوریەکان هەڵدەگرت. بـە درێـژایی ئـەو ماوەیـەی فەهـد لەسـەر تـەختی پاشایەتی مایـەوە، سـوڵتانی بـرای لـە وەزارەتـی بەرگریو نەیافو ئەحمەد لـە وەزارەتـی نـاوخۆ، سـەلمان، پارێزگـاری ریـاز کـە لەوانـەبوو بـەبێ کێشـەو ململانـێ لـە وەزارەتـە بەرهەمهێنـە پاشـایەتیەکانیان بمێننـەوەو ئـازاد بـن لـە چاودێریکردنی بۆندەکانی خۆیانو سەرۆکایەتیکردنی ئامێرەکانی چاودێرییان. زیـاتر لـەوەش، کوڕی خۆشەویستی فەهد، عەبدولعەزیز کە بـەردەوام بـوو لـە پێکهێنـانی سـەرمایە بـۆ خـۆیو ئەوانـەش کـە لـە دەوریـدا بـوون. (لـە سـاڵی ١٩٩٣ کۆمپانیاکـان لەلایـەن بنەماڵـەی ئیبراهیمـەوە کۆنتـرۆڵ کران، خاڵەکانی عەبدولعەزیز خاوەنی پـرۆژەی خانووبـەرە لـە ولایەتـە یـەکگرتووەکان بە بەهای زیاتر لە ١,٢ ملیار دۆلار لەسەر ئاستی جیهان بـوون، لەناویشـیاندا هۆتێلـەکانی ریتـز-

کارڵتن لە نیویۆرك‌و واشنتن‌و هۆستن‌و ئەسپین، ناوچەی سەوزاییی‌و باخێك بە رووبەری ۹۳ کیلۆمەتر دووجا لە کۆلۆرادۆ، کۆمەڵگەیی مادینا دێڵ رەی لە لۆس ئەنجلۆس، هەروەها کۆمەڵگایەکی نەخشەکێشراو لە نزیك سنی ۆڵد بوو. ئەگەر فەهد بمردایە، شازادە عەبدوڵا دەسەڵاتی پاشایەتی دەگرتە دەست‌و دەبوو بەپادشا، عەبدوڵای دەستبڵاو، کۆنەپەرەست، گۆشەگیر، کەللەڕەق، پشت پێ نەبەستراو، وەك گروپی فەهد پێیان خۆشبوو چاویان پێ بکەوێ. "بەدڵێکی پاك" وایچ فولەر، کە وەك باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتوەکان عەرەبستانی سعودی کاریدەکرد ئەمەی ئاشکراکرد، براکانی فەهد "پێیان باش نیە کە عەبدوڵا ببێت بە پادشای داهاتویان".

وەك سیاسەتمەدارێکی بەریتانی چەند دەیەیەك پێشتر باسی لێوەکردبوو، عەبدوڵا وەك کەسێکی، "ترسناك‌و سەرەڕۆ، بەڵام کۆمەڵایەتی" مایەوە. کەمێك ڕۆشنبیری فەرمی هەبوو، بەڵام پەیوەندی بەردەوامی بە درێژایی چەند دەیەیەك لەگەڵ خێڵەکاندا لە گاردی نیشتمانی لەگەڵ شێوازێکی ڕەمەکیدا ڕایهێنابوو، یان لانی کەم، هەڵبژاردنەکانی سەربازە نێرەکان لەخێڵە سەرەکیەکانەوە بوو. لە کاتی نەخۆشیەکەی فەهد دا، عەبدوڵا وا دیاربوو تێگەیشتبوو، بەوپێیەی کە کوڕی فەهد بوو، بەڵام براکانی‌و ژنبراکانی وەك ئەو ئاگایان لێنەبوو، کە شانشین هەروا بە ئاسانی ناتوانێ بەردەوام بێت‌و ناشکرێت پشتگوێ خستنی زیادەڕەویەکانی بنەماڵەی شاهانە، کە ڕەگوڕیشەیەکی درێژی هەبوو، بەردەوامبێت. لەماوەی نەوەدەکاندا نرخی نەوت بەردەوام لە دابەزین دا بوو، کە سەرەنجام ئەوپەری نزمی ئاستەکانی تۆمارکرد، ئەگەر هەڵاوسان لەبەرچاو بگیرایە. داهاتی تاکە کەسی لە عەرەبستانی سعودی، کە زۆر بەرز بووەوە لەسەرەتای گەشەی نەوتدا، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پوکایەوە، چونکە ژمارەی هاووڵاتیانی سعودی بەرێژەیەکی ترسناك زیادیکرد. هێشتا سعودیەکان بە هەزاری مانەوە لە ئامادەکردنی شوێنی کارکردەی سەردەمیانەو مۆدێرن، هەروەها زانکۆکانی بە بەرنامەی خوێندنی ئاینی کۆنترۆڵکرا بوون.

لەتەمەنی حەفتاکانیدا، لە کۆشکە گەورەکان‌و سەر کێڵگە بیابانەکانی خۆی دەژیا، عەبدوڵا پشکۆی چاکسازی نەبوو، بەڵام بە کەمترین ئاست، دەیویست زۆرترین بڕ بۆ خۆی ببات‌و دەوڵەمەند بوونی شازادە باڵاکان بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئەمەوە. پاش نەخۆشیەکەی فەهد بڕیاری هەڵوەشانەوەی هەندێك لە بۆندە هەرە خراپەکانی دا، وەك مامەڵەی ئەل یەمامە بە

چاودێری شازادە سوڵتان، بەڵام بۆی دەرکەوت کاری دژایەتی گەندەڵیەکەی فولەر، هەندێك جار گروپی فەهد خۆی لە فەرمانی فەرمی کاری بۆند بە دوور دەگرت بە چارەسەرکردنی گرفتی بازرگانی لەرێگەی عەبدولعەزیزی لاوی دورەپەرێزەوە، ئەو هێشتا پەسەندترین کوڕی پادشا بوو. پاشان عەبدولا رووبەڕووی ئەندامانی بنەماڵەکەی بووەوە کە خواستی بەدەستهێنانی پێشهاتە بازرگانییەکانیان هەبوو. هەندێك لەکورەکانی خۆی هاتنە ناو کاری بازرگانییەوە، هەروەها یەکێك لەو کوڕانە هاوڕێی خوێندنگای عەبدولعەزیز بوو. عەبدولا ویستوخواستی لەمەڕ پێداویستیەکانی عەرەبستانی سعودی هەبوو، بەڵام بەشداری دەسەڵاتی کرد، هەرچەندە لایەنگری نزیکی کەم هەبوو، هەروەها باوەڕی بەگواستنەوەی دەسەڵات نەبوو. هەر زوو چاکسازی سیاسیو ئابوری لەشانشین بوو بە بابەتێکی سادەو ئاسایی، کە دواتر پرۆژەیەکی زۆر باشی پەرەسەندنو بەرەوپێشچوون بوو، پرۆژەیەك کە تیایدا خێرایی ژیان بەشێوەیەکی بەرچاوی هەستپێکراو دەبینرا، هیچ شتێکی وا نەبوو کە ئوسامەو هاوپەیمانەکانی لە لەندەن بەئاشکرا هیوایان بووبێت عەبدولا بکاتە پاڵەوان.

لەساڵی ١٩٩٦، هەرکە ئوسامە بەئاراستەی توندوتیژی رۆیشت، بنەماڵەکەی بۆ پەیوەندییەکی بەهێزو توندوتۆڵ بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان بەرەو ئەمەریکا هەنگاویاننا تا هەموو هێلکەکانیان لە یەك سەبەتەدا نەبێت. لەلایەکی ترەوە، ئەلسعود رێگەی بە نگرۆبوونی هاوپەیمانێتیەکەیان لەگەڵ واشنتن دا. چیتر هاوبەشی لە بەرهەڵستی کۆمیونیزم، عەرەبستانی سعودی لەگەڵ ئەمەریکا کۆنەدەکردەوە. سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیای بەهێزی ئیسلامیو توندوتیژی جیهادی، کە هەندێکی لەلایەن خێرخوازی دارایی سعودیەوە پشتگیری دەکرا، پشکێکی نوێی پێشکەشکرد. هەروەها هۆکاری تایبەتی زیاتری هەبوو. نەمانی لەناکاوی توانای فەهد یەکێك بوو لەوانە، بەشێوەیەکی بەرچاو، فەهد باشترین پادشای دۆست بووە بۆ ئەمەریکا لەمێژووی عەرەبستانی سعودیدا. لە باڵیۆزخانەی سعودی لە واشنتن، بەندەر بن سوڵتان باڵیۆزی ماوە درێژ سەرنەکەوتبوو لە دروستکردنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ کلینتۆن دا، هەردووکیان خاوەنی کەسایەتی هاوشێوە بوونو یەکتریان بێزاردەکرد. بەندەر بەبێ مەبەست دەستی بەکاری ناپەیوەستی سیاسیو باڵیۆزخانەکەی کرد، کە پڕبوو لەبیروباوەڕی بیرۆکراتی سعودی لەوەزارەتەکانی ئاینیو پەروەردە کە زۆر بەئینگلیزی قسەی نەدەکرد، هەروەها بوو بەئاستەنگ لەبەردەم پەیوەندی رۆژانەی هەردوو وڵاتدا. لەماوەیەکی کورتی

سەرسوڕهێنەردا، ئـەو پەیوەندییـە متمانـەدارو، بێمنـەت لـە مەترسـیو پشت ئەسـتورەی کـە لەنێوان واشنتنو ریازدا لەماوەی شەڕی ساردو شەڕی کەنداودا هەبوو، کۆتـایی پێهات. لـەخۆوە شـێوازێکی ئـاڵۆزو نـەخوازراو سـەری هەڵـدا کـە تیایـدا سـەرکردە باڵاکـانی هـەردوو وڵات زۆر بەکـەمی پێکـەوە دەدوان، لەکاتێکـدا بەرپرسـانی ئاسـتی ناوەنـدیو ئاسـتی کابینـەی حکومـەت بەرامبەر بەیـەکتر لەسـەروبەندی بـێ ئومێـدی دانوسـتانو هەماهەنگیـدا، هەسـتیان بـەتوڕەیی دەکرد.

لەسـەرەتای سـاڵی ١٩٩٦ دا، زەنگـی ئاگادارکردنـەوە لەلایـەن پشـتیوانی ئوسـامە بـۆ پـەلامارە توندوتیژیـەکان دژی ئەمـەریکاو ئامانجـە عەرەبییـەکان لێـدرا، CIA یەکەیـەکی نـوێی بـۆ شـوێنکەوتنی ئوسـامە دروسـتکرد. مایکـڵ سـکیوەر سـەرۆکی بەشـەکە وەك یـەکێك لەئەرکـە بەراییەکانی، داوایەکی پێشکەشی حکومەتی سعودی بۆ زانیـاری دروسـتو بنچینەیی دەربـارەی ئوسـامە بـن لادن کـرد، تۆمـارە پزیشـکییەکانو بڕوانامـەی لـەدایك بـوون، ئەگـەر هـەبێت، کۆپییەکانی هاووڵاتی بـوون، پاسـپۆرت کـە حکومـەت داوایـدەکردو پێشـتر لێـی وەرگیرابـووەوە. سکیوەر لەوەڵامدا تـەنها وشـەیەکی نەبیست. یەکسـەر گەیشـتە ئـەو دەرئەنجامـەی کـە بـەهۆی کێشـەی ئوسـامەو میلیشـیا ئیسـلامییەکانەوە، پێویسـتە وەك "نـەیار"ی ئەمـەریکا سـەیری حکومـەتی سـعودی بکرێـت. هـەمان زاراوە بـوو کـە لـە CIA دا بـەکارهاتبوو بـۆ وەسـفکردنی هـەواڵگری کـوبیو ئێرانـی. دواتـر سـکیوەر رایگەیانـد، "ئـەوان رەتیانکردۆتـەوە هەرشـتێك بـۆ یامەتیدانمان بکەن، تەنانەت ئەگەر لەدەستەبەرکردنی زانیارییەکی کەمیشدا بێـت". سـکیوەرو کاربەدەستەکانی تری CIA هەستیانکرد کە رەنگە ئوسامە دڵسۆزانو پشـتیوانانی خـۆی لـەناو هەواڵگری سعودیو دەزگای ئاسایشدا چاندبێت، هاوکـات دەزگاخزمەتگوزارییـەکانی سـعودیەش، بەگوێرەی شیکردنەوەی سکیوەر، ویستویانە لەهەرە کارە سـەرەتاییەکانی توندوتیژیـدا، خۆیـان بپارێزن لەپشکنینەکانی ئەمەریکا لـەو هەماهەنگییـە تایبەتانـەی عەرەبسـتانی سـعودی لەگـەڵ ئوسامەدا لە رابردوو دا لەکاتی شەڕی دژە سۆڤێەتی ئەفگانستان هەیانبووە.

سـکیوەر ئـەو ئەنجامـەی ئاشـکرا کـرد، "بـن لادن شـتی زۆر دەزانـی لـەبارەی ئەوانـەی کـە سـعودیەکان لێکۆڵینـەوەیان لـەبارەوە کـردووە لەمیانـەی شـەڕی ئەفگانسـتاندا، کـە چـۆن میکانیزمەکانی گواستنەوەی پارە کاردەکات. ئـەوان بنەماڵـەی شاهانەیان دەپاراسـت، لـە مـاوەی شـەڕی ئەفگانسـتاندا ئـەوان پەیکـەرەکانیان لـە گەنجینەکـەدا دەپاراسـت". هـەروەها سـکیوەر

باوەڕی وابوو، وەك کاری رووبەڕووبوونەوەی تیرۆری کلینتۆن بـە یارمـەتی ریچارد کـلارك، کـە حکومەتی سعودی دەسەڵاتی بە هەندێك لە سەرەڕۆییەکانی ئوسامە لە باشوری یەمـەن دا بـوو، کـە ئەوانـە ئۆپراسـیۆنی تەڵەکەبازانـەی جیهـادی نـەبوون و دواتـر لەلایـەن شـازادە تورکـەوە وەسـفکرا بـوو. بـەپێی لێکدانـەوەی سـکیوەر، ئـەم مێـژووە، پێویسـت بـوو لـە ئەمەریکیـەکان بشاردرێتەوە.

سکیوەر نەیویست بەشداری زانیاریە ووردو هەستیارەکانی CIA لەگەڵ سعودیەکاندا بکات، لە ترسی ئەوەی نەك هەواڵەکە بە ئوسامە بگات. لـەلای خۆشیانەوە، هەنـدێك لـە سعودیەکان هەمان هەسـتیان لـە بـارەی CIA-وە هـەبوو. کاتێـك هـەواڵێکیان پێدەگەیشت کـە بەلایانـەوە هەواڵێکی هەستیار بوو، زۆر جار دەیانبینی لە رۆژنامە ئەمەریکیەکاندا بڵاودەکرانەوە یـان لـە CNN دەیانبیست.

شازادە نەیاف، وەزیری ناوخۆ، لەوانەیە گەورەترین کۆسپ بووبێت بۆ متمانەو هەماهـەنگی کـردن پـاش نەخۆشـی جەڵتەکـەی فەهـد. نـەیاف بەتایبـەتی دژایـەتی CIAی دەکـرد. لەحەفتاکانـدا، CIA مێزێکـی نـوێی وەك دیـاری بـۆ ئۆفیسـەکەی پێشکەش کـرد. پـاش ئـەوە، نەیاف ئامێرێکی گوێگرتنی لەمێزەکەدا دۆزیەوە. نەیاف بیرەوەریەکی دوورو درێژی هەبوو.

## ٣٢- هونەرو جوانییەکانی پەرستن

لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا هاوولاتیانی عەرەبستانی سعودی ڕێژەیەکی زۆر کەمی موسوڵمانانی جیهانیان، بەرێژەی ٢ لەسەد کەمتریش، پێکدەهێنا. هەرچەند کاریگەری ڕۆڵی شانشین لەسەر بیری ئیسلامیی، سەراپاگیر بوو. بەسامانی نەوتو دەسکەوتەکانی، مزگەوتەکان لەولاتە هەژارەکاندا دروستدەکران، موچە بۆ مەلاو ووتارخوێنەکانی قوتابخانەی وەهابیەکان بۆ چاودێریکردنی ئەو مزگەوتانەو نامیلکەو کتێبەکان بۆ پێگەیاندنی گەنجەکان دابیندەکرا، بەلام ژمارەی موسوڵمانان بەهۆی ئەم گۆڕانە فراوانە ئاینییەوە، هەر بەکەمی مایەوە. گرنگتر لەوەش باوەڕداری ئەزمونی ژیانی ئیسلام حەجی سالانە بوو. کاتێك شا عەبدولعەزیز بۆی دەرکەوت کە عەرەبستانی سعودی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، لەوانەیە وا زانرابێت وەرزێکی حەجی قەڵەبالغی بەخۆوە بینیبێت کە پەنجا هەزار حاجی سەردانی شانشینیان کردووە، بەلام لەسەردەمی فڕۆکەی تیژڕەوو گەشەی نەوتو باشبوونی باری ژیانی چینی ناوەندی موسوڵمانانی نیشتەجێی ئاسیاو شوێنانی تر بووە مایەی ئەوەی کە لەکۆتایی نەوەدەکاندا، ژمارەیەکی بەرچاوی سالانە نزیکەی ٢ ملیۆن حاجی سەردانی ماڵی پیرۆز بکات. هەموو حاجیەکان لەهەمان کاتی ساڵدا دەگەیشتن‌و هەموویان بۆ هەمان شوێن، مەککەو مەدینە، کەمێك زووتر یان درەنگتر، دەڕۆیشتن. لەبارێکی ئاگایی ڕۆحیدا، بە ئارەزوویەکی زۆر یان نزیك فەنا بوون، دەگەیشتنە ئەوێ. بە باوەڕێکی بەهێزەوە ئەم گەشتە ڕۆحانیەیان دەکرد، ملیۆنان موسوڵمان دەگەیشتنە عەرەبستانی سعودی مۆدێرن‌و هەڵیان دەسەنگاند. ئەمە پرۆسەیەکی تاڕادەیەك باوەڕپێکراوی وەك ئەو پرۆسەیەی کە سعودیەکان دەگەیشتنە ئەمەریکا لەڕێگەی پشوەکانی دیزنی وۆڵدو ڕۆژئاوای لۆس ئەنجلۆسەوە بوو کە ئەمیش لە ڕاستی‌و بەهێزیدا کەمتر نەبوو، لەهەردوو بارەکەشدا، بەهۆی بوونی ناتەواویەوە ڕوویاندەدا.

حاجییە ڕۆشنبیرو هۆشیارەکان لەولاتە هەژارە موسوڵمانەکانەوە، وەك میسر یان هندستان هەندێ جار لەبەر دوو هۆکار لە عەرەبستانی سعودی بێزار دەبوون: ڕازاوەییە ناپێویستیەکەی‌و بەفیڕۆدانی سامان، لەگەڵ دەمارگیریە ئاینیە کۆنەپەرستیەکەی. بۆ یەکەم

جار روبەڕوبونەوە لەگەڵ چاوچنۆکی دیزاینەرو هاوچەرخی بەرجەستەی پـڕ فشاری شانشین کە هەمووی لەژێر فشاری مەزهەبـە ئاینیـەکان دا دروسـتکرابوو، زۆر بێزارکـەر بـوو. لەوانەیـە حاجییەك ئارەزووی نزیکبوونـەوەی لـەخاوێنی نـاوەوەی عەرەبستانی سعودی کردبێـت، بـەڵام دەبێت چی بکات کاتێك دەبینێت بەپوچێتی پیسکراوە.

عەبدوڵا حەمودی ئەنترۆپۆلۆجیستی مـەغریبی، کـە لـەکۆتایی نەوەدەکانـدا بـۆ حـەجکردن گەیشتبووە ئەوێ، گێڕایەوە، "لەپەنجەرەکەوە، کـە یەکـەم سـەرنجی مەدینـەم دا، پاسـەکان ریـز ریـز بەشـێوەی ئاسـۆیی وەسـتابوون". لەرێگەیـدا بـۆ ناوەنـدی شـار، چـاوی بـە "نۆژەنکردنـەوە سەرسـوڕهێنەرەکان"ی شـا فەهـد بـۆ مزگـەوتی پێغەمبـەر، کـە لەلایـەن بـن لادنەکانـەوە جێبەجێکرابوو، کەوت. گـورزەی روونـاکیو کـانزای درەوشـاوە سەرسـامی کـرد: "گەورەییەکـەی لەگـەڵ مـەنارەکان لەشـێوەی چلچـرا زەبەلاحـەکان کـە ئاسمانیـان روونـاککردبووەوە، وەك بـۆ سـاتێك مەلـەکردن لـەئاسمان دەردەکـەوت"، بـەڵام کاتێـك حـەمودی بـەناو شـەقامەکانی ئـەو دەوروبـــەرەدا گـــەڕا، کـــە هەنـــدێکی لەلایـــەن پرۆژەکـــانی نۆژەنکردنـــەوەی ســـعودییەوە دروستکرابوونەوە، جگە لـە"پەنجـەرەی دوکانـەکانو نمایشـی کەلوپـەلی بەکاربـەرەکان" هیچـی سەبارەت بە مێژووی ئاینی یان بیناسازیی دەوڵەمەندی مەدینە بەدی نەکرد، کەلوپەلەکانیش بریتی بوون لە:

فەرش، کڵاو، چەرچەف، نەعل، ڤایش، کاتژمێر، رادیۆ، سێتی چا، کـراس، دژداشـە، بـەتانی، پێڵاو، تەلەفزیۆن، ڤیـدیۆ کاسێت، کۆمپیوتـەر، ژمێـرەر، بـۆن، بوخـوورد،.... مەسعەد، ئـامێری فێنککەرەوە، ریستورانت، کافتریا، دوکانی ئایس کریم، هەموو ئەمانەش بـە شـێوازی ئەمـەریکی لەسـەر بنـەمای خـۆت خزمـەتی خـۆت بکـە بـوون، قـاپو دەوری سـەفەری، چـەقۆو چـەتاڵی پلاستیك، مەنیوی نرخەکان لەسەر بۆردی رێبەر پیشاندرابوو.... بەکورتی "مۆدێرنە" هـەموو شتێکی وێران کردبوو.

لـەناو مزگەوتەکـەدا، بەشـێوەیەکی قەڵـەباڵغو پاڵپـاڵێن سـەیرێکی خێـرای مـەزاری محەمـەد پێغەمبەر دەکرا، کە لەژوورێکی سادەو ساکاردا بوو، حەمودی باسـی ئەوەشـی کـرد کـە پۆلیسـی ئاینی سعودی لەهەموو جێگایەك بوونیان هەبووەو بەدارەوە چاودێری مەدینەیان دەکرد، بۆیە دەیـانتوانی لـەو خواپەرسـتانە بـدەن کـە بۆماوەیـەکی زۆر لەمەزارەکـەدا دەمانـەوە یـان لەرادەبەدەر هەڵدەچوونو لەوێدا سۆزیان دەجولا، ئەمانە نیشانەی شـەریکپەیداکردن، یـان بـت

پەرستی بوونو حەرامیش بوون. لەشوێنانی تری شاردا، ئەم پۆلیسانە چاودێری گۆڕستانەکانو مەیدانە شەڕە مێژووییەکانو مەزارە شیعییەکانیان دەکرد بۆ ڕێگرتن لەنوێژە قەدەغەکراوەکان یان نمایشەکانی تری پەرۆشیو حاڵ لێهاتن لەلایەن نامۆو غەریبەکانەوە. بۆ ماوەی چەند سەدەیەکە، لەژێر حوکمی فەرمانڕەواییە بنەماڵەییەکانی پێشوودا، بۆ گەیشتن بەپلەی باڵا لە دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا، مەدینە بەدەست هەمەچەشنی باوەڕو کرداری جیهانیی ئیسلامەوە لە عەرەبستانی سعودی دەیناڵاند، حەمودی گەیشتە ئەو دەرەنجامەی، کە باوەڕو ئاینی سەرەکی بەوردبینیی ڕێگای ڕاست پیشاندەر بڵاوکراوەتەوە:

ئەوان قورئانو فەرمودەکانی پێغەمبەریان هێناوەتە خوارەوە بۆ ئاستی کتێبێکی ڕێبەرو ناردوویانە بۆ میلیشیاکان بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان... لەراستیدا ئەمە فۆرمێکی دیکتاتۆریەتی نوێ بوو، کە لەسیستەمی سۆڤێتی لەناوچوو نزیکتر بوو تاوەکو لەدەستوری مەدینە یان لەنافەرمییانەی بەدەویانەی عەرەب. پلانێکی بێ بەزییانە کە لەلایەن تەکنۆکراتەکانەوە بەئامێرە پێشکەوتووەکانی پەیوەندیکردنو سیخوڕی بەرێوەدەبرا، تەکنیك بۆ تۆقاندنی رۆژانە، هەروەها هێزێکی پڕوپاگەندە کە بتوانێ نەریتەکانو فشارە کۆمەڵایەتیەکان بۆ بەرژەوەندی خۆی بگێڕێتەوە. لە مەدینە، وەك هەر شوێنێکی تر، بیرۆکەی تایبەتی پیرۆزی شارەکە خۆی خزمەتی کردین، تەنها شێوازی خۆی نەك هی ئەوانی تر.

بەتەواوی، شێوازی کێ؟ چوارچێوەی کاری ئاینی بۆ دامەزراوەی ئاینی سعودی نیمچە سەربەخۆ دەگەڕێتەوە، کە لەلایەن بنەماڵەی شاهانەوە کۆمەکی دارایی دەکرا. زانایانی ئیسلام لە سعودیە بەشێکی زۆری ڕێسای ئاینی ڕێکخستنی حەجیان کۆنترۆڵ کردووە. (بۆ نمونە، لەتەنیشت دروشمەکانی خۆیاندا، لەوانەیە زانایانی توندڕەوی مەزهەبی سونی عەرەبستانی سعودی کۆبونەوەی شیعەکانیان هەموو پێکەوە قەدەغەکردبێت، بەڵام بنەماڵەی شاهانە، خۆیان لادەدا لەروبەڕووبوونەوەی جیهانی، کە دەیتوانی سازشێك بکات، لەوەی کە ئەگەر شیعەکان بەژمارەی رێ پێدراوو سەپێنراو قایل بوون، دەتوانن بەشداربن). شا فەهد ژینگەی فیزیکی حەجی دیاری دەکرد. بیناسازی دوو شارە پیرۆزە نۆژەنکراوەکە بەشێوەیەکی گەورەترو باشترو گەشاوەتر بەتاوەرە هاوبەشەکانو مۆڵەکان دەوردرابوو، هەروەها لەژێر کامێراکانی چاودێریدا بوو، رەنگدانەوەی هەمان کەسایەتی فەهد کە لەسەرەتای هەشتاکاندا بۆ گێڕانەوەی بوین ٧٤٧ی خۆی هێنابوو. حەمودی پێی وابوو، لەنێو ئەوانی تردا، بیرۆکەکانی

سەبارەت بەپلانـدانانی شـار بـۆ دەربڕینـی "خواسـتێکی بەمەبەسـت بـۆ سـڕینەوەی رابـردوو" بووە. ئەمە تارادەیەك ملکەچیەکی تر بوو بۆ دامەزراوە ئاینییەکەی، کە دەیویست ئاگاداری هـەموو خوێنـدنگاکانی بیناسـازیو هونـەری ئیسـلامیی بێـت لـەنێوان مردنـی پێغەمبـەرو گەیشتنی ئـەوان لـە حیجاز لەساڵانی بیستدا وەك شـتێکی ناشـەرعی. هـەروەها بێلایەنییـەکی گشـتی لـەناو بنەماڵـەی شـاهانەی سـعودیدا سـەبارەت بـە شـوێنەوارزانیو پاراسـتنی بنـەما مێژوویـیـەکان هـەبوو. ووردی دیزاینەکـە کـە لـەماوەی پرۆژەکـانی مەککـەو مەدینـەی کۆتـایی هەشـتاکان تـا ناوەڕاسـتی نـەوەدەکان گەشـەی سـەند، ئەوانـەی کـە دیزنـیو مـۆڵی ئەمـەریکانو زنجیرە هـۆتێلی ریتـز کـارڵتنی وەبیردەهێنایـەوە، کـە فەهـد دەسـتی دایـە بـەڵام بـن لادنـەکان بەتایبەتی بەکر جێبەجێی کرد، کـە لـە ریـاز چاودێری حسابەکەی فەهدی دەکـردو سـودێکی تایبــەتی لــەکاری شــارە پیرۆزەکــە وەرگــرت. لــەنێوان هانــدەرەکانی تــردا، لەســاڵی ١٩٩٥دا، نۆژەنکردنـەوەی ئـەم پرۆژانـە بـوو بـە گـەورەترین تاکـە سەرچاوەی دەرامـەت بـۆ کۆمپانیـای محەمەد بن لادن: لـەم ماوەیـەدا کـۆی تێچووی فەهـد لـە مەککەو مەدینـە بـە ٢٥ مليـار دۆلار خەملێنراوە. لەوانەیە ئـەوە گـەورەکردنێك بێـت بـۆ راکێشـانی سـەرنجی کۆمـەڵگای ئیسلامیی، بەڵام هەموو کاری گرێبەستەکان لەسـەر سەرچاوەیەکی بـێ بنـەماوە لەلایـەن بـن لادنەکانـەوە کاری بۆ دەکرا کە بەملیارەها دۆلاریان دەستکەوت.

پێش جەڵتەکەی، کاتێك شا فەهد سەردانی بینای شوێنەوارەکانی لە مەککەو مەدینـە کـرد، بەکر بەگالیسکەیەکی گۆڵفی سپی شای گواستەوە، شێوەیەکی گواستنەوەیان نمایشکرد کە تـەنها شێوازێکی وەرگیراوی فلۆریدای بـوو. لـەماوەی سـەرەتای حەفتاکانـدا لـەزانکۆی مـەیامی، بـەکر بیناسازیی بنچینەیی لەو زانکۆ پڕ لەکۆشكو تەلارە کۆنکریتییە سپییەدا خوێندبوو، لەوڵاتێك کـە کـەناری رێکـی رووگەیـەکی گەشـتیاری قەشـەنگ بـۆ گەشـتیارێکی زۆری نیودەوڵـەتی دروستکرابوو ئەوەش سەنتەری ئیپکۆتی دیزنی بوو، جێگایەك بوو وەك مەککەی نـۆژەنکراوە، کـە بانگەشـەی وەك نمونەیـەك لەهەمەچەشـنی جیهـانی بـۆ خـۆی دەکـرد، لێشـاوی روونـاکیو نیۆنی تیادا هەڵکرابوو. ئەوە ئەمەریکا بوو، بەتایبەتی فلۆریـدای شـێدار، کـە فشـاری خسـتبووە سەر نوخبەکانی سعودیە بۆ پەیوەندی هاوبەش لەنێوان پێشکەوتنی نەتەوەییو بڵاوبوونەوەی ئێرکۆندیشندا، فەرمانێك کە فەهدو بن لادنـەکان رەزامەنـدییان لەسـەر خەرجییـەکی بەرچـاو بۆ مەککەو مەدینە دەربڕی.

لەساڵی ١٩٨٥دا، پرۆژەکانی نۆژەنکردنەوە دەستیان پێکردو لەدوو قۆناغی یەك لەدوای یەکدا، یەکەم جار مەدینە دواتر مەککە، بەردەوامبوون. لە مەدینە پێداویستییەکان زۆرترین بوون. بۆ هەموو ئەو دژواریانەی زانا وەهابییەکان بۆ رێگرتن لەرێزگرتن لەمزگەوتی پێغەمبەرو شوێنەوارە مێژووییە ناوخۆییەکانی تر دروستیان کرد، بەوەی کە ناتوانرێت موسوڵمانان رازی بکرێت بۆ ئەوەی دەستبەرداری گەشت بۆ شاری دورەدەستی هەڵبەستراوی پێغەمبەر ببن. رێورەسمە رۆحیەکانی حەج بەتەواوی لە مەککە چەقیان بەستبوو، بەڵام زۆرینەی حاجییەکان کاتو پارەیان بۆ گەشتکردن بۆ عەرەبستانی سعودی لەیەکەم شوێن دادەنا، هەستیان بەناچاری دەکرد کە وەك گەشتێکی لاوەکی مەدینەشی تێدابوو. گرفتەکە ئەوە بوو کە ناوچەی خواپەرستی لەمزگەوتی پێغەمبەر نزیکەی یەك لەسەر دەی قەبارەی یەکێك لەمزگەوتە گەورەکانی شاری مەککە بوو، هەروەها کاتێك لەهەشتاکاندا ژمارەی حاجییەکان زیادیکرد، فشارەکان لە مەدینە بێ چارەسەر دەردەکەوتن. فەهد پلانێکی فراوانکردنی گرتە ئەستۆ کە بارودۆخی مەدینە گونجاو بکات، ئەگەرچی تا ئەوکاتە شکۆیی پێکەوە ژیانی مەککە رانەگەیەنرابوو. پێویستی کاری رێکخستنی شاریانە بۆ فراوانکردنی شوێنی مزگەوتەکە کە لەساڵی ١٩٨٨دا تەواوکرا، لەوکاتەدا، بە کۆچی دوایی سالم، بەکر بەرپرسیارێتی تەواوی کەوتە ئەستۆ، نۆژەنکردنەوەی میحرابیش خۆی دەستی پێکرد.

لەپێناو گەورەییو مۆدێرنەدا، سەرباری فەرامۆشکردنی پاشماوە دێرینە ئەندازیاریەکانی مەدینە هەیبوو، کاری بن لادنەکان لەم شارە هەندێك نۆژەنکردنەوەی جوانو سەرسوڕهێنەری بەرهەم هێنا، دەستەیەکی یەك لەدوای یەکی گومەزی سەرگیراو بەشێوازی چەتر. رازاندنەوەو رووناککردنەوەو بەرزکردنەوەی مەنارەکانی مزگەوتە هاوچەرخەکە، لەئاسمانی روونی بیاباندا، بەرامبەر بەوێنە نادیارەکانی گردە وشکەکان، رەنگدانەوەی بینراوو پرشنگداری دروست دەکرد، بەتایبەتی لەشەودا، دەیتوانی تەنانەت کەسێکی گومانێوی وەك حەمودی برفێنێ. ئەمانە کۆمەڵە دەسکەوتێك بوون کە تیایدا بن لادنەکان پلەیەکی پڕ شانازیان وەرگرت، راستیەکەی ئەوە بوو کە زۆرینەی کارە سەرجڕاکێشو گرنگەکەیان شاردرایەوە. بن لادنەکان لەبیناسازیدا پێشکەوتوو نەبوون، بەڵام لەژێرخانی ئابوریدا پێشکەوتوو بوون.

مزگەوتی پێغەمبەر، بەدرێژایی هەموو سەدەکانی وەك هێمایەك لەبیاباندا، هەرگیز سودی لەئێرکۆندیشن نەبینیبوو، بەڵام لەماوەی هەشتاکاندا، بن لادنەکان هاوبەشییەکیان لەگەڵ

ئینتەرنەشـناڵ کۆرپۆرەیشـنی یـۆرك، لـە پێنسـیلڤانیا دامەزرانـد کەدروسـتکەری ئـەوەی کـە بـــە"فێنککـــەرەوە زۆر گـــەورەکان" ناســـرابوون ئەمـــەش سیســـتەمەکانی پیشەســـازی بـــۆ فێنککردنـــەوەی بینـــا هـــەرە گـــەورەکانی دروســـتکردبوو. فێنککـــەرەوەکانی یـــۆرك سیســـتەمی فێنککەرەوەی بۆ بینای کۆنگرێسی ئەمـەریکاو پـەنتاگۆنو دوو تاوەرەکـەی سـەنتەری بازرگـانی جیهانی لە نیویۆركو کرێملین دابـین دەکـرد. سیسـتەمەکان بەدابەزانـدنی پلـە گـەرمی ئـاو بـۆ نزیکەی چل پلەو پاشان هەڵدانی بۆ بینای مەبەست کاری دەکرد، ئەمە تەنها ڕێگـای پـراکتیکی بـۆ دابەشـکردنی هـەوای فێنـك لەرێگـەی ئـەو بۆشـاییە گەورانـەوە بـوو. ئـەو ئـامێرە گـەورەو ئاڵۆزانـــە ســـەرەتا ئاوەکـــەیان فێنـــك دەکـــردەوەو پاشـــان لـــەکاتی گەڕانەوەیـــدا لەبیناکـــەوە گەرمییەکەییان دەکردە دەرەوە بۆ ناو هەوا. یـۆرك ئـەم ئـامێرە فێنککەرەوانـەی لەکارگەیەکـدا بەڕوبەری ١,٥ ملیۆن پێ چوارگۆشە لە گرانتلیی پێنسـیلڤانیا دروسـت دەکـرد. فێنککـەرەوەکانی مەدینـە لەلایـەن بـن لادنەکانـەوە داواکـران کـە ژمارەیـەك نـاڕەزایی نائاسـایی بـەخۆوە بینـی. پلەکانی گەرمای بیابانو قەبارەی فراوانی پرۆژەکە وای کرد کە پێویست بێت یۆرك ژمارەیـەك مەکینەی زۆر بەهێز دروست بکات، کە دواتر ناوی لێنان تیتان. لەبەرئەوەی تەنها موسـوڵمانان لەناوەنـدی شـاری مەدینـەدا ڕێگەپێـدراو بـوون، هەنـدێ کێشـەو ئاسـتەنگ هـەبوون سـەبارەت بەوەی کە چۆن دەتوانرێت فێنککەرەوەکان چاکبکرێنەوە ئەگەر جارێك پێویسیان بەچاودێری ئەندازیارو وەستای ناموسوڵمان هەبێت. بۆ چارەسـەری ئـەم کێشـەیە، بـن لادنـەکان بڕیاریانـدا کارگەیـــەکی فێنککـــەرەوەی ســـەرەکی لـــەدەرەوەی ئـــەو ناوچـــەیەی کـــە تـــەنها موســـوڵمانان ڕێ پێـدرابوون، دابمـەزرێنن، لـەدووری زیـاتر لەچـوار میـل لەمزگـەوتی پێغەمبـەرەوە، تـونێلێکی فراوانیـان هەڵکەنـد، ئەوەنـدە گـەورە کـە ئۆتۆمـۆبیلی چـوارویلی بـەهێزو بارهـەڵگر لـەنێوان کارگـــەی فێنککەرەوەکـــەو مزگەوتەکـــەدا پێـــدا بـــڕوات، کـــە لێیـــەوە شـــتومەكو پارچـــەی فێنککـەرەوەکانو بابـەتی ئاسـانکارییەکانی تـر دەگوازرایـەوە. هەرکـە لەسـاڵی ١٩٩٣دا، کارگەکـە تەواو بوو، کە بۆ بەشـی مارکـەیتین لـەبارەگای یـۆرك، هەنـدێ ریکلامـی نـوێی بـۆ شـانازیکردن دابین کرد لەبارەی ئەوەی کە: پـرۆژەی ئێرکۆندیشـن لـە مەدینـە بـوو بـە گـەورەترین پـرۆژەی گەرمکردنەوەو فێنککردنەوەی جۆری خۆی لەمێژووی جیهاندا.

ئەنوەر حەسەن، وەك بەڕێوەبەرێکی یـۆرك کـە لـەوێ کـاری دەکـرد، بەرەگـەز سـودانی بـوو. لەگەشتەکانیدا بۆ جەددەو مەدینە، بن لادنـەکان بـۆ ئاهـەنگی پێشـوازییەکان، یـان لـەخوانێکی

بەربانگکردنەوە لەکاتی رەمەزاندا بانگهێشتیان کرد. "هەستێکی مەزنی شانازی"یان لەبارەی کارەکانیان لەشارە پیرۆزەکان پیشاندا. حەسەن بەشداری بیرۆکەکەیانی لەبارەی پێویستی هاوچەرخکردنی حەجەوە کرد. هەستی کرد ئەوە بەهەڵەداچوون بووە بۆ ئەوەی رابردوو بەشێوەی سەرسوڕهێنەر پیشان بدات. ئەو چیرۆکانەی وەبیرهاتەوە کە وەك منالێك لەیەکێك لەمامە گەورەکانی لە سودان بیستبوونی، گێڕابوویەوە کە چۆن لەرۆژانی پێش عەبدولعەزیزو دروستبوونی عەرەبستانی سعودیدا، ئەگەر سەد حاجی سودانی رەگەز ئەفریقی بچوونایە بۆ حەج، لەوانەبوو تەنها شەست یان حەفتایان بگەڕانایەتەوە، ئەوانی تریان قوربانی رێگرەکان یان نەخۆشی یان لەوانە خراپتر بوون. تەنانەت لەشەستەکانیشدا، کاتێك یەکێکی تر لەمامەکانی حەسەن بڕیاریدا حەج بکات، "کە گەڕایەوە، لەئاستی نزمو خراپی ناخاوێنی تۆقیبوو، چونکە خەڵك لەسەر شەقام مەڕ سەدەبڕن". لەسەرەتای نەوەدەکاندا، حەسەن توانی بەپەیژەیەك لەناو قەڵەباڵغیەکەدا لەنزیك مەزاری پێغەمبەرەوە راوەستێ، هەرکە لەنوێژەکەدا سەری بەر زەوییەکە کەوت، لەپشتی ملییەوە هەستی بە بەرکەوتنی هەوای فێنك کرد. باوەڕی وابوو، "ئەوە گۆڕینێکی ئەفسانەییە. پێویستە سوپاسگوزار بن کە ئەوان ئەوەیان بۆ ئاسودەیی کردووە. ئەوە شتێکی زۆر گرنگە کە ئەوان کردوویانە".

سامی ئەنگاوی قژە تەنکە خۆڵەمێشییەکەی لەپشتی سەرییەوە هاوشێوەی کلکە ئەسپ دەبەست، هەروەها رۆبی حیجازی لۆچداری دەپۆشی، بەڵام یەکپۆشی سپی سادەی جلو بەرگی نەتەوەیی سعودی نەدەپۆشی، وەك کەسێکی جیاخوازی سعودی دەردەکەوت. پشتگیری لەتەسەوف کە رێبازێکی ئیسلامە دەکرد کە جەختی لەهەمەجۆریو ئەزمونی رۆحی تاك دەکردەوە. لەبنەماڵەیەکی دێرینی موتەووافەکان، "رێنماییەکانی حەج"، لە مەککە لەدایك بووبوو کە ئەمیش پیشەیەکی دێرینبوو روو لەکزی بوو لە ماوەی گەشتە ئاسمانییەکانی حەجو خۆماڵیکردنی سعودیە (لەنەوەدەکاندا، وەزارەتێکی فیدراڵی زۆربەی سیماو سرووتەکانی حەجی بەڕێوەدەبرد). لەزانکۆی تەکساس، ئەنگاوی ئەندازیاریی بیناسازیو شارستانی خوێند، نامەی ماستەرەکەی دەربارەی نۆژەنکردنەوەیەکی گونجاوی مەککە نوسی کە جەختی لەپاراستنی مێژوویو ناوچەی پیادەڕۆو پاراستنی ژینگەیی دەکردەوە.

لەساڵی ١٩٧٥دا گەڕایەوە بۆ عەرەبستانی سعودی بۆ دامەزراندنو سەرپەرشتیکردنی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی حەج لە زانکۆی شا عەبدولعەزیز لە جەددە. ئامانجەکەی، لەلایەن

حکومەتی سعودییەوە پەسەندکرا، کە "بۆ پاراستنی ژینگەی سروشتی وەك لەلایەن خوای گەورەو ژینگەی ئیسلامیی دوو شارە پیرۆزەکەوە دروستکرابوو". ئەمە بنەمایەکی ناڕاست بوو کە سەرزەمینی سعودی بەم شێوە لێکبدرێتەوە، جا ئەگەر ئەنگاوی بەرگری لەپاراستنی مێژووی بکردایە، دووچاری بەرهەڵستی دامودەزگای ئاینیی بۆ ئەو مۆنیومێنتە هەلانە دەبووەوە. تا ئەو کاتەش، پێی وابوو کە دەتوانێت ڕێگایەك بۆ بەرەوپێشچوون دەدۆزێتەوە. ئەنگاوی‌و ستافەکەی رووپێوییەکانیان لە جاکارتاو کەراچی‌و قاهیرەو شوێنی تریش جێبەجێ کرد، هەروەها هەوڵیاندا ئەزمون‌و ئارەزوەکانی حاجییە موسوڵمانەکان لەهەموو تەسەوفەکانیان بەبەڵگەنامە بکەن. ئەم توێژینەوەیەی لەگەڵ پلانەکانی بۆ مەککەو مەدینە پێکەوە کۆکردەوە. لەبیرۆکەکەیدا، کاریگەربوو بەپلانی شاریانەی ژینگەی زیندووی ئەوروپی، کە ئۆتۆمۆبیلەکان‌و پاسەکان لەناوەندەکانی هەردوو شارەکە دووربخرێنەوە، ئۆتۆمۆبیلە بارهەڵگرەکان لەگەراجدا بوەستێنرێن، هەروەها حاجییەکان بەپێ دەڕژانە شوێنەکانی خواپەرستی، نوێژ، نەك تەنها لەمزگەوتەکان بەڵکو لەپارکەکان‌و بازاڕە کۆن‌و نۆژەنکراوەکانیشدا بکەن.

بەدڵنیاییەوە ئەمە وێنەی داهاتووی مەککەو مەدینە نەبوو کە لەمێشکی شا فەهد یان بن لادنەکان هەبوو وەك ئەوەی کە بڕیاری نۆژەنکردنەوە زۆر گەورەکانیان دابوو. ئەنگاوی کەسێکی توندڕەو نەبوو، هەوڵیدا لەناو سیستەمی سعودیدا کاربکات، هەروەها وەك بیناسازێك ژیانێکی بەرهەمهێنی بەدەست هێنا، کە بەس بوو بۆ دیزاینکردن‌و بنیادنانی ماڵێکی گەورەی شێوازی حیجازی لەشوێنێکی دەوڵەمەندی نزیك جەددە. بەڵام زۆربەی ژیانی پرۆفێشناڵی خۆی بۆ ئەو ئەرکە تەرخانکردبوو کە پێویست نەبوو مەککەو مەدینە ملکەچی هەمان ململانێی بێ ڕۆح بن کە شارەکانی تری عەرەبستانی سعودیی نوقم کردبوو. هەوڵیدا ئاماژە بکات بە کڕینی شەمەندەفەرە خێرا ڕۆژئاواییەکان کە بتوانن ژمارەیەکی زۆر لەحاجییەکان لەنێوان مەککەو مەدینەدا بەخێرایی بگوازنەوە. فیلمێکی سەبارەت بەخراپبوونی کێشەکانی ترافیك لەشارە پیرۆزەکاندا بەرهەم هێنا.

ئەنگاوی بەوردی جەختی لەوە دەکردەوە کە گومانی لەمەبەستە باشەکانی شا فەهد نەبووە، بەڵام بەرهەڵستی گریمانە بنچینەییەکانی ئەو پرۆژانەی بن لادن بەڕێوەیدەبرن، دەکرد. دواتریش ڕایگەیاند، "ئێمە بیانییەکان دەکەینە دەرەوە، بەڵام ڕێگە بەهەموو شتێك

دەدەیــن دەتــوانن بــیری لێ بکەنــەوە، وەك مۆڵــەکانو کینتــەکی فرایــد چــیکنو ماکدۆناڵــدو نیشانەکانی نیۆن. ئەو کۆمپانیایانەی کە پلان دادەنێنو بینادەکەنو زەوی دەکڕن، تـەنها یـەك کۆمپانیاتان هەیـە (بـن لادنـەکان). هیچـم نییـە لـەدژی ئـەوان بێـت. بـەڵام ئەمـە بیرۆکەیـەکی هەڵەیــە. ئــەوە ململانێیــەکی سەرنجڕاکێشــی بەرژەوەندییــە. وەڵامەکــەی بیلــدۆزەرەکانو دایناميتــە. دایڕمێنــە، بنیــادی بنــێ، مەڕمــەڕی بــۆ دابنــێو بەوشــتانە بیڕازێنــەوە کــە ئیسلامیانەن... ئەگەر دەتانەوێ شوێنی خەڵکی زیاتر بۆ نوێژکردن دابین بکەن، ئـەوە شـتێکە. بەڵام ئەگەر دەتانەوێ شوێنی سەیارەی زیـاتر دابـین بکـەن، ئـەوە شـتێکی تـرە. ئێمـە کۆتایمـان بەباڵەخانەو بیناکان هێناوە".

لەسـاڵی ١٩٨٩دا، بــەهۆی رای جیــاوازی خۆیــەوە، ئــەنگاوی کــەوتبووە ژێــر فشــارێکی زۆری حکومەتی سعودییەوە کە دواتر دەسـتی لـەکاری سـەنتەری حەجەکـەی کێشـایەوە. لـەو کاتـەدا، نۆژەنکردنـەوەی مەدینـە ئامـانجێکی نادیـار بـوو، مزگەوتـە نوێکـەو بناغـە بەهێزەکـەی لـەژێر دروستکردندا بوون، هەروەها یۆرك ئینتەرناشـناڵ سیسـتەمی خـۆی بـۆ فێنککـەرەوە گـەورەکان هەبوو. هەرچەندە لە مەککە پلانەکانی نۆژەنکردنەوە هێشتا بەتـەواوی جێبـەجێ نـەکرابوون، ئـەنگاوی هـەلێکی بـۆ جێبـەجێ کردنـی لانـی کـەم هەنـدێ پاراسـتنی شـوێنەواری مێـژوویو مۆنیومێنتـە دێرینـەکان بـەدیکرد. ئـەنگاویو رۆشـنبیرە حیجازیـەکانی دەوری لـە جـەددە کـە پەیوەنـدیان بەناڕەزاییـە ئارامەکەیـەوە کـرد کـە هەسـتی بەپەیوەندییـەك لەرێگـەی مێـژوویی بنەماڵەکانیانەوە بۆ بیناسازیی مەککەی پێش سعودیە دەکرد. کۆمەڵەکەی ئەنگاوی لە جـەددە، پارێزەرانو بیناسازانو نوسەرانو بەڕێوەبەرانی بازرگـانی بـوون، نەوەیـەکی نـوێی رۆشـنبیرانی سعودی هاوبیری جیهانییان پێکهێنابوو، کە لەرێگەی گەشـتو خوێندنـەوە لەلایـەن بزوتنـەوەی پاراستنی وڵاتانی ترەوە لەجیهانی عەرەبیو ئەوروپاش کاریـان تێکرابـوو. بۆیـان دەرکـەوت کـە لە عەرەبسـتانی سـعودی ژێردەسـتەی وەهـابی، بـەرگریکردنی پاراسـتنی مێـژووی هەڵوێسـتێکی ئـاینیو سیاسـی ترسـناك بـوو، بـەڵام لەلایـەن رێزلێنـانی جیهـانی مەسـەلەکەوە هەستیشـیان بەپاراستن کرد. بۆیە  کشانەوەکەیان بەس نەبوو بۆ کۆتایی پێهاتن لەزیندان، بەڵام بـەس بـوو، بۆ بێزارکردنی بن لادنەکان.

لە نەوەدەکاندا، شێوازی کاری نۆژەنکردنەوەی بنەماڵەکـە لـە مەککە جیـاوازتر بـوو لـەکاری نۆژەنکردنــەوەی مزگــەوتی پێغەمبــەر لــە مەدینــە. لــە مەدینــە پێویســتبوو یــەك بینــای تــاك

فراوانو نوێ بکرایەتەوە. لە مەککە مافـە بەراییـەکان بـۆ کـارکردنی لەمزگـەوتی گـەورە خـۆی کەمتر بوون تاوەکو شوێنەوارەکانی دەوروبەر کە لەکاتی ئەرکـەکانی حەجـدا سـەردان دەکـرێن. بۆنمونە، هەر ساڵێك حاجییەکان لەخێمەدا لەدەشتی عەرەفـە کـە نـۆ میـل لـە شـاری مەککـەوە دوورە، کۆدەبوونــەوە، ئــەو ڕۆژە بــەرۆژی وەســتان ناســراوە، هــەموویان پێکــەوە بەشــێوەیەکی ترسناك لەبیابانەکەدا دەوەستنو لەخوا دەپاڕێنەوە. کۆبوونەوەی ئەو حەشامەتە کە بەدواییدا شەیتان ڕەجمکردنێکی ڕەمزی بەکۆمەڵ دێت، بەهاویشتنی بـەردەکان لەسـتونە دیاریکراوەکـان لەدووری چەند مێلێك لە عەرەفـەوە ئـەنجام دەدرێـت. هـەروەها ئـەوە چاوەڕوانکراوە کـە هـەر حاجییەك مەڕێك یان ئاژەڵێکی تر، وەك پێشکەشکردن بـە خـودا، بکڕێـتو بیکـات بـەقوربانی. چاودێرییە تەندروسـتیو لۆجسـتی پێشـکەش بەشـوێنی کـامپێکی بیابـانی کـراوەی دوو ملیـۆن کەسی دەکرێت، کە بەدوایدا گروپی بەرد هاویشتنو ئاژەڵ سـەربڕین، کـە بەراسـتی دەتوانرێـت وێنابکرێت. حەج لەدوای حەج، لێقەومانێك، ئاگرکەوتنەوە، پرد ڕوخان، یان ڕووداوی ناخۆشی تر هەڕەشەی لەژیانی سەدان حاجی دەکرد. تەنانەت لەبوونی کارەساتی لەو جۆرانـەدا، گـەرمی حـەجێکی هاوینـە لـەکاتی عەرەفاتـدا بـۆ زۆرێـك لەحاجییـە بەتەمەنـەکان زۆر قـورس دەبـوو. حاجی ئەمەریکی مارك کۆدیڵ گێڕایەوە، کە ترافیك جام ڕوویدابوو: "گەورەترین ترافیك جام کـە تـا ئێسـتا بینیومـە". چـەند کاتـژمێری بـۆ بڕینـی چـەند میلێکـی کـەم لـەنزیك عـەرەفات، تەنانەت پاش تەوابوونی ئەرکەکانی ڕۆژەکەش، دەخایاند، "دەنـگو بـۆنی ئۆتۆمۆبیلـە گازەکـان کە بەتاڵبوون لەشەودا لەگەڵ دەنگی هاڕەی کارگەکانو ڕێنماییەکانی پۆلیسی هاتوچۆی سعودی لەڕێگەی فیکەکانەوەو زرنگانەوەی زیاتر لەدوو ملیۆن ڕۆحدا هاوکات بوون.

لەگەڵ بن لادنـەکان وەك بەردەسـتەی خـۆی، شـا فەهـد هەوڵیـدا ئـەم خراپبـوونی لـەناکاوی ترافیکە چارەسەر بکات. هەرچەندە بیرۆکەکەی هاوشێوەی بیرۆکە پێشکەوتووەکانی گواستنەوە بـوو کـە لـە ولایەتـە یـەکگرتوەکان بـاو بـوو وەك: ڕێگـای زیـاترو شـوێنی وەسـانی ئۆتۆمـۆبیلی زیاترو تونێلی زیاترو پردی زیـاتر هـەبوون. لەناوەڕاسـتی نەوەدەکانـدا، کۆمپانیاکـەی محەمـەد بـن لادن جێگـای وەسـتانی ئۆتۆمـۆبیلی زۆری لـە عەرەفـەو شـوێنانی تـر، سـەرجەمی ڕووبـەری هــەزاران مــەتر دووجــای دروســت کــرد. لەســەروی دەشــتی عەرەفاتــەوە، بــۆ فێنککردنــەوەی باوەڕداران بەدرێژایی ڕۆژی وەستان (عەرەفات)، سیستـەمێکی ئـاو هەڵـدانی بـەرز کـە ئاوەکـەی بەتوندی لەجێتی باریکەوە بەسەر سەری حاجییەکاندا دەپرژانـد. ڕێگـای پەیوەندیـداری نـوێو

فڕینی فڕۆکەی بەکۆمەڵیان ڕێکخست، لەسەر ڕێگای پیادەڕۆکان بەلوعەو فوارەی ئاوو ١٤٢٠٠ تواڵێتی گشتیان دامەزراند. قەسابخانەیەکی سەردەمیانەیان دامەزراند کە جێگای ٥٠٠ هەزار مەڕو بزنی لەخۆدەگرت، لەگەڵ جێگایەکی تر کە توانای لەخۆگرتنی ١٠ هەزار حوشترو گای هەبوو، ئەم ئاسانکارییانە پشتگیری سیستەمێکی دڵنیایی حکومی نوێی بۆ ڕێوڕەسمی سەربڕینەکە دەکرد، بەهۆی ئەمەوە حاجییەکان دەیانتوانی پسوڵەیەك بکڕن کە بریکارێکی سعودییان رادەسپار قوربانییەکەی بەشێوەیەکی تەندروست بۆ جێبەجێ دەکردن. هەموو ئەمانە لەرێگەی سیستمە ئاسایشە نوێکانەوە لەناو مەککەو دەوروبەری پاڵپشتی دەکرا، بۆ ئەوەی دڵنیا بن کە هەرگیز راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٧٩ لەمزگەوتی گەورە دووبارە نەبێتەوە، بەزۆری کامێراکانی چاودێریو بەپەیوەندی لەگەڵ ناوەندەکانی فەرمانو سیستەمەکانی زەنگی ئاگادارکردنەوەو پاڵپشتی پەیوەندییەکان دامەزرێنران. هەروەها لێرەشدا، بن لادنەکان بەرپرسیار بوون.

سامی ئەنگاوی راوێژی لەگەڵ پارێزگاری مەککەی سەبارەت بەدەست لەکارکێشانەوەی لەسەنتەری حەج کرد. هەوڵیدا شوێنەواری کەلەپوریی شارەکە بپارێزێ. دەیزانی، کاتێك هەبووە کە بۆ بنەماڵەی شاهانەی سعودی پێشینە بووە، کاتێك حاجییەکان لە مەککە کاتی خۆیان لەسەردانی ئەو چەند سەد شوێنەوارە ئەفسانەییو مێژوویییە بەسەردەبرد، وەك سەردانکارانی قودسو ناوچەکانی دەوروبەری زۆر بوون کە هێشتا هەر بەردەوامە. شوێنەوارێکی نیمچە ئەفسانەیی کە ماوەیەکی درێژ لەنەریتی مەککە گفتوگۆی لەبارەوە کرابوو کە ماڵی رەسەنی محەمەد پێغەمبەر بوو، کە لەماوەی ئەو رۆژاندا وەك بازرگانێك تیایدا ژیابوو، کە بۆ وەرگرتنی سروشی خوایی پێشینەو بەرایی بوو. لەدەوروبەری ساڵی نەوەددا، کاتێك بن لادنەکان دەستیان بەجێبەجێ کردنی کاری نۆژەنکردنەوە لە مەککەو مەدینەوە کرد، ئەنگاوی لەپارێزگایکارێکی خۆماڵییەوە پێی گەیشت کە شوێنەوارێك دۆزرابووەوە کە لەوانەیە خانوی پێغەمبەر بووبێت. وا دەردەکەوت کە لەشوێنە راستییەکەدا بووبێت. دیوارێکی دێرین پێکهاتەکە بەهۆی کاری سەرەتای بیلدۆزەرەوە لەکاتی گەشەپێدانی مەککەدا دەرکەوتبوو.

ئەنگاوی ئاشکرایکرد، "لەلایەن یەکێك لە بەتەمەنەکانی شارەکەوە پێم راگەیەنراوە کە لەوانەیە ئەو شوێنە لەناوبرابێت. بۆیە من دەستوبردمکردو هەوڵمدا هەموو پەیوەندیو

دەسـەڵاتێك کـە هەمـە، بـەکاری بهێـنم". پرۆفیسـۆرێك لەکۆلێـژی لێکۆڵینـەوەکانی ئـەفریقیو رۆژهـەڵاتی لـە لەنـدەن بـۆ راگەیانـدنی کـاری شـوێنەواری بـەرایی لەشـوێنەکەدا دۆزیـەوە. بەووریاییەوە دەستی بەهەڵکەنـدنو تۆمـارکردنی ئـەو شـتانە کـرد کـە دۆزیـەوە. لێکۆڵینـەوەی مێژوویی بـۆ گـەڕانی بەڵگەنامـەکانی لەئەسـتۆگرت کـە دەیتـوانی دۆزینەوەکـە بچەسـپێنێ یـان رەدبکاتەوە.

کاتێـك کـاری دەکـرد، پرسـیارەکە ئـەوە بـوو ئایـا ئـەوە گونجـاوە کـە هـەردوو بیرۆکەکـەی ئەنگاویو ئەوەی فەهدو بن لادنـەکان جێگـەیان بکرێتـەوە. ئـەنگاویو هاوپەیمانـەکانی دانیـان پیادانا کە نۆژەنکردنەوەکان ئەزمونی سەردانکردنی حاجییـەکانی ئاسانکردبوو. مامۆسـتایەکی جەددە بەلایەنگری ئـەنگاوی رایگەیانـد، لـەو کاتـەدا مەککـەو مەدینـە دەیتـوانی "زیـاتر جێگـا دەستەبەر بکات، هەروەها دەیتوانی بەئاسودەیی جێگای زیاتریان بۆ دابـین بکـات". بـەڵام ئـەوە لەخەرجی شتەکانی تر تەواو بوو.

لایەنگرەکـەی ئـەنگاوی رایگەیانـد، "ئەمـە ئـەو شـوێنەیە کـە بـن لادنـەکان بـەکاریان هێنـا. لەمزگەوتی پیرۆزی مەککە، کـە سـتونەکان لەگـەڵ نوسـینە نەخشـکراوە هـەڵکۆڵراوەکان هـەزار ساڵ تەمەنی بوو. هەروەها ئەوان ووتیان، ئایا ستونێکی مەرمەڕ بۆ ئێرە جوانتر نـەدەبوو؟ بـن لادنەکانیش ووتیـان، بەدڵنیاییـەوە ئێمـە دەتـوانین سـتونێکی مەرمـەڕی رازاوە بـەئێوە بـدەین. هەروەها ئەو شتەی کە هۆکاری هەرەسی مۆزەخانەیەك بـوو، نـەیان پاراسـت، ئەمەشـیان بـەبێ هیچ کۆنترۆڵو سەرپەرشـتییەك کـرد... ئێمـە هـەموو ئـەم لامپـە زەردبـاوە سافانەمان هەیـە، بەڵام بەکەلەپور ئەژمار ناکرێن".

ئـەنگاوی پەیوەنـدی بـە بـن لادنـەکان، لەناویانـدا بـەکرەوە کـرد. ئایـا نـاتوانن رێگایـەك بـۆ کـارکردن لـەم ناوچـە تایبەتـەی خانوەکـەی پێغەمبـەر لـەکاتی پرۆژەکـانی نۆژەنکردنـەوەدا بدۆزنەوە؟ یان ئایا دەتوانن لانی کەم وردە وردە هەنگاوەکان دەست پێ بکەن، تـاوەکو ئـەنگاوی بتوانێ هەندێ لەهەڵکەندنو بەبەڵگەکردنەکەی تەواو بکات؟ پێی ووترا، نەخێر، یـان ئـەنگاوی لەچاڵەکە بڕواتە دەرەوە یان بیلدۆزەر بەسەر خۆیدا دەهێنرێ. "ئێمە فەرمانمان پێیە".

لەو کاتـەوە ئـەنگاوی لەدەسـتدانی هەنـدێ لەهاوسـەنگییەکەی دەسـتی پـێ کـرد. گێڕایـەوەو ووتی، "مناڵەکانم لەشوێنەکە هێنایە دەرەوە"، هەروەها بەرەنگاری بن لادنەکان لەخستنەکاری

مەکینەی بیلدۆزەرەکانیان بووەوە. "بۆ ماوەی دوو هەفتە مانەوە. بەراستی خەریك بوو شێت ئەبووم، رام نەگۆڕا".

وردە وردە هەردوو کەمپەکە بەئاراستەی سازشێکی هاوبەش دەستیان تێکەڵ کرد. ئەمە جیهاد نەبوو، پاش هەمووی، ئەوە ململانێی باوەڕو ئایدۆلۆژیای نێوان دوو کەمپی سەرمایەدارو خاوەن ئمتیازی نوخبەی سعودی بوو، ململانێیەك کە تیایدا سەرکردەکانی هەردوولا یادەوەریەکانی ناکۆکیی توند بەڵام بێ کاردانەوە لەحەرەمەکانی دەرەوەی وڵاتی زانکۆی ئەمەریکی سەردەمی ڤێتنام تۆماردەکرد. لەکۆتایدا، ئەنگاوی رێگەی پێدرا هەندێ کات لەدروستکردنی تۆمارێکی تەواوی هەڵکەندنی شوێنەوارەکە بەسەرببات، بەڵام دواتر فەرمانی پێکرا بۆ ماوەی سێ مانگ لەشوێنەکە دوور کەوێتەوە. بن لادنەکان شوێنەکەیان داگیرکردو کاری بیلدۆزەرەکانیان دەست پێکرد.

سەرەنجام بن لادنەکان یەکەیەکی توالێتی نوێیان لەسەر لوتکەی شوێنەکە کە ئەنگاوی پێی وابوو ماڵی پێغەمبەربووە، دامەزراند. لەو کاتانەدا، دەرکەوت کە بوون بە بن لادن شتێکی سەختو دژوارە.

لەساڵی ١٩٩٦دا بەکر کتێبێکی بۆ ئاهەنگ گێڕانی کاری بنەماڵەکە لە مەککەو مەدینە لەماوەی هەشت ساڵی پێشوودا بڵاوکردەوە. لەژێر ناوی چیرۆکی فراوانکردنە مەزنەکە، هەروەها بۆ بن لادنەکانو بنەماڵەی شاهانە وەك کتێبێکی سەر مێزی قاوە سەیردەکرا. بەکر کتێبەکەی پێشکەش بە شا فەهد کرد. بەتۆنێکی رازاوەو پیاهەڵدانی عەرەبی شاهانە، مێژووی هاوپەیمانی نێوان بن لادنەکانو ئال سعودی، لەکاتی محەمەد بن لادنەوە تا ئێستا کورت کردبووەوە:

ئەوە باوکە بەڕێزە پشتیوانەکەی ئێوە بوو، دامەزرێنەری ئەم خێزانە مەزنە کە لەسەر بنەما جوانەکانی خۆشەویستیو خانەدانیو پاکی بنیادنراوە، بەباوکی ئێمەی بەخشی، کە بەدرێژایی ژیانی هەستی بەشانازییەکی گەورە دەکرد... باوکی ئێمە بەرێگای هەموو نەمرییەکاندا رۆیشت، باوکی ئێوەش بەشوێن هەنگاوەکانی باوکە مەزنەکەی ئەواندا رۆیشت. ئێمە لاو بووینو لەناو دەستە شکۆمەندو لێهاتووەکاندا گەورەبووین. تۆ، گەورەم، ناسنامەیەکی گەورەی شانازیت بەئێمە بەخشی، بۆ ئەوەی کە ئێمە رێزی جێبەجێکردنی دوو پرۆژە گرنگەکەی مزگەوتی پیرۆزی مەککەو مزگەوتی پێغەمبەر لە مەدینەمان پێ بەخشرا...

پاسەوانەکانی هەردوو مزگەوتی پیرۆز بەم دیاریە قایلبوون، کە هەستێکی خۆشەویستیو پاڕانەوەو ئەمەکداریو هاوکاریی قوڵیان پێشکەشکرد.

لەو کاتەدا، ئوسامە بن لادن لەتاراوگە بەئاسودەیی دەیگوزەراند کەچی بەکر بەو شێوەیە نەبوو: چیتر هەستی بەپێویستیی بەرژەوەندی پیاهەڵدانی بنەماڵەی شاهانە نەکرد، هەروەها ئازادبوو لەسانسۆرەکانی حکومەت، دەیتوانی حەزی لەهەرچی بێت بینوسێ. لە ١٦ی نیسانی ساڵی ١٩٩٦دا، لەهەمان ئەو کاتەی کە بەکر کتێبی خۆبەرزکردنەوەکەی بڵاوکردەوە، ئوسامەش فاکسێکی تەفینەوەی لە لەندەنەوە، لەژێر ناونیشانی "رژێمی سعودیو تراجیدیا دووبارەکانی حاجییەکان"دا نارد. ئەمە لەکاتی وەرزی حەجدا بوو، هەروەها تایبەتمەندی ووتارەکەی بوو، ئوسامە بوو بەکێشمەکێشی سەردێڕی نوێی هەواڵەکان، سوتانی چادرگەلێکی بەکۆمەڵو کوژرانو بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر لەحاجییانی لێکەوتبووەوە.

ئامانجی ئازاردانی بنەماڵەی شاهانە بوو. هەرگیز ئاماژەی بۆ راستییە زانراوە بڵاوەکە نەکرد کە بنەماڵەکەی خۆی لەدیزاینو راپەڕاندنی نۆژەنکردنەوەکان لە مەککە بەرپرسیار بوو کە بۆ پاراستنی حاجییەکان بەشێوەیەکی ئارامترو ئاسودەتر دادەنران. زیاتر لەهەر ووتارێکی تاك کە زانراوە ئوسامە نوسیویەتی، ئەمەیان پێدەچێ بۆ گەیاندنی دەقێکی لاوەکی بێزارو توڕەو ناڕازی کە ئاراستەی بن لادنەکان، بەتایبەتی برا گەورە بەرپرسەکانی نۆژەنکردنەوەی مەککەو مەدینە کرد. لەوکاتەوە کە لەکۆمپانیای بنەماڵەکە، بەفەرمانی فەهد دەریانکردبوو، لەوانەیە توڕەیی ئوسامە جێی سەرسوڕمان نەبووبێت، هەروەها دەووترا کە هێشتا راستەوخۆ نەیتوانیوە رای خۆی لەسەر بنەماڵەکەی دەربڕێ. هەموو رەخنەکانی ناو ووتارەکە نەدرایە پاڵ براکانی، بۆ نمونە لەبارەی ئەوەوە دوابوو کە بودجەی حکومەتی سعودی بۆ مەککەو مەدینە کەم بووەو پێویستە بنەماڵەی شاهانە پارەی زیاتر لەنۆژەنکردنەوەکاندا خەرج بکات، لێدوانێك بوو، ئەگەر لەلایەن ئوسامەوە نەبووایە، لەوانەبوو براکانی سوپاسیان بکردایە. هەرچەندە وادەردەکەوت لایەنەکانی تری رەخنەکەی بۆ دەبڕینی خولیای ئوسامە نەك تەنها بۆ لێسەندنەوەی دەسەڵات لەحکومەتی سعودی، بەڵکو بۆ وەرگرتنی لێپرسراوێتی بنەماڵەی بن لادنیش، کە لەوانەیە بەهاوبەشی لەگەڵ رژێمێکی نوێو باشتری ریاز بووبێت:

ئەوە زۆر ئاسایی بووەتەوە بۆ حاجییەکان لەماڵی خودا بۆ راهاتن لەگەڵ تراژیدیاو کارەساتەکان کە هەموو ساڵێك دەبنە هۆی لێکەوتنەوەی سەدان قوربانیو بریندار... ئەگەر

ئێمە وەرزەکان بۆ ئەم کارەساتانە تاقیکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمانە دەگرنەوە: سنورداریو تەسکی بەشەکان کە دەبێتە هۆی بەریەککەوتنو دروستبوونی قەڵەبالغی... کەمتەرخەمی لەکاروباری ئاسایشدا، وەلامی لاواز بۆ کارەساتەکان، یان فەرامۆشکردنی حاجییەکان بە وەرنەگرتنی ئاگادارییە ئەمنییە پێویستەکان.

گەڕایەوە بۆ ئەو پرسیارەی کە کێ بەرپرسیارێتی ئەم شێوازی فەرامۆشکردنە ناپێویستە لەئەستۆ دەگرێت. لێپرسراوییەکە خرایە ئەستۆی بنەماڵەی شاهانە. هەروەها لەهەمان کاتدا، مەبەستی ئەوە بوو بەکرو براکانی تری لەسەرۆکایەتی کۆمپانیاکە کە بەقورسی توشی هەڵە بوو بوون، ڕووبەڕووی ڕەخنە بکاتەوە:

کاری ئامادەکردنو پاراستنو چاککردنەوەو ئامادەکردنی کەلوپەلی پێویستی بەشەکان بەشێوەیەکی تەواوو لەئاستی گونجاودا بۆ پێداویستیی حاجییەکان بەلێپرسراوێتی فەرمانڕەواکانی ئەم وڵاتە دادەنرا، کە سەرچاوەیەکی زۆرو بودجەی زەبەلاحی هەیە کە کاری پێ بکات. ئاسانکارییەکان کە بنیادیانناوە هەروەها خزمەتگوزارییەکان کە دابینیان کردووە بەو شێوەیە گەرەنتیو دڵنیاییان بۆ دابین ناکات. پێشتر ئەزمونەکانو ڕووداوەکان سەلماندوویانە کە ئەم ئاسانکاریو خزمەتگوزارییانە لەئاستی خواستو داواکارییەکاندا نییە.

ئەگەر تەنها من لێپرسراو بوومایە، ئایا لەکەیەوە لەسەر ئەم بیروباوەڕە، لەپشت نمایشە نەرێکەیەوە بەردەوامدەبوو؟ لەمناڵییەوە، کاتێك بۆڵەبۆڵی لەبارەی خولیاکانییەوە لەناو بنەماڵەکەدا لەکاتی پشوی هاوینەدا لەگەڵ ئامۆزاکانی لە سوریا دەکرد؟ لەکاتی گەڕانەوەی لە ئەفگانستان، کاتێك شکستی هێنا لەژیانی بەڕێوەبەری پەیوەندی لاوێتی، وەك کەسێکی لاوەکی لەئاست برا گەورەکانی، ئەوەندە بێ ئومێد دەریخستبوو؟ ئایا سەرکردایەتی بنەماڵە ئەگەرێکە کە زۆر بەکەمی بیری لێ کردبێتەوە، هەستێك کە تەنها ڕەنگدانەوەی لەسەر سەرهەڵدانی ڕای خۆی وەك بەڕێوەبەرێکی کارو بازرگانیو سەرکردەیەکی جیهاد هەبوو؟ یان ئایا قوڵترو بەردەوام بوو؟ کەس نەیتوانی بەمتمانەوە ڕایگەیەنێ، چونکە هەرگیز ئوسامە بەئاشکرا ڕاینەگەیاند. وادیارە ئوسامە خۆیی نەناسیبوو.

## ٣٣- یەک تەلەفۆن، یەک جیهان

لەساڵی ١٩٩٦دا، بەڕێوەبەرێکی کۆمپانیای تەلەفۆنی ئیریدیوم رایگەیاند، "ئەگەر باوەڕتان بە خودا هەیە، ئیریدیوم وەك خودایەو خۆی لەرێگەی ئێمەوە پیشاندەدات"

لەکۆتایی ئەو سەدەیەدا، هەموو پێشکەوتنەکان لەتەکنەلۆجیاو کلتوردا لەژێر ناونیشانی تەمومژی جیهانگیریدا گەشەیسەند، هیچ لەوانە وادەرنەکەوت نیگای ئاڵودەی زیاتر یان غروری زیاتر بهێنێت وەك ئاشنایەتی تەلەفۆن هێنای. زیاتر لەسەد ساڵ دوای داهێنانی، هێشتا تەلەفۆن مایەی توانای شاراوەو ئاسانی گواستنەوەو ئاسانی پەیوەندی زیاتر، خێرایی زیاتر، هەروەها تازەگەری زیاتر درەوشایەوە. لەناو هەموو ئەو شتانەدا، چیتر تەلەفۆن لەسەر زەوی و بەدیوارەکانەوە هەڵنەدەواسرا، بۆ هەلگرتن ئاسان و گوێ بەسنوری ولاتان نادات. ئەم ئاسانییە لەگواستنەوەدا وێنەدانەوەو وروژێنەری سەردەمێکی کۆمەلایەتی و بازرگانی جیهانی بوو کە بەشێوەیەکی پێچەوانە بۆ هەردوو بواری خێرایی زیاترو کۆمەلایەتی گەورەتر مژدە بەخشبوو.

لەساڵی ١٩٩٠دا، بەتایبەتی لە ئەمەریکا، کێبڕکێکردن لەلێکدانەوەو پلانە بازرگانییەکاندا هەبوو، باسی لەوە دەکرد کە چۆن لەوانەیە ئاسان هەلگرتنی تەلەفۆن بەرێگای کرداری و گونجاو دروست بکرێت. هەندێ کەس هەبوون پێیان وابوو تاوەرە لێکبەستراوە جیهانییەکانی هێڵی تەلەفۆن، کە لەسەر رووی زەوی بەرزدەکرایەوە، لەوانەبوو باشترین رێگەچارە پێشکەش بکات. دواتریش ئیریدوم بوو بەناوی ماددەیەکی دەگمەنی گەردیلەداری ژمارەی ٧٧، کە ژمارەی خولگەی مانگە دەسکردەکانی خواری زەوی بوو. دامەزرێنەرانی کۆمپانیاکە پێیان وابوو پێویستە بۆ دابینکردنی پەیوەندییە تەلەفۆنییە جیهانییەکان هەڵیدەنە بۆشایی ئاسمان، تا خاوەنی ئیریدیوم بتوانێ تەلەفۆنەکەی لەهەرشوێنێکی سەر هەسارەکە، لەهەر کاتێکدا، بۆ لێدانی هەر ژمارە تەلەفۆنێك، بەکاربهێنێ.

لەساڵی ١٩٤٥دا دەرکەوتنی ئارسەر کلارك وەك نوسەری چیرۆکی خەیاڵی زانستی، دواتریش وەك کارمەندی ئەلیکترۆنی لەهێزی ئاسمانی شاهانەی بەریتانی، وتارێکی کورتی بەناوی

"کێبڕکێکانی جیهانی باڵا" لەگۆڤارێکی سەربە نەوجەوانان بەناوی گۆڤاری جیهانی وایەرلێس بڵاوکردەوە. کلارك بیری لەکۆمەڵێك مانگی دەسکرد، کە مرۆڤی تیادا بێتو وێنەی تەلەفزیۆنی بۆ زەوی پەخش بکەن، کردەوە. پلانەکەی خۆی یەکەم پلانی سەرەتایی پەیوەندییە جیهانییە یەکخراوەکان بوو کە بەئامێرو مەکینە خولگەییەکان کاراکرا. هەڵدانی مانگی دەسکردی سپوتنیکی سۆڤێتی لەساڵی ١٩٥٧دا، پێشبڕکێی داهاتوی بۆشایی ئاسمان لەنێوان ولایەتە یەکگرتوەکانو یەکێتی سۆڤیەت، هەروەها گەشەی جیهانیی پیشەسازی تەلەفزیۆن زۆرێك لەبیرۆکەکەی کلارکی جێبەجێ کرد، بەڵام پیشەسازی مانگی دەسکردی بازرگانی، کە شەڕی سارد باڵی بەسەردا کێشا، بەشێوەیەکی گشتی وەك بەشێك لەحکومەتو بەرگری مایەوە، هەروەها ئابوری بازاڕە سەرەتاییەکەی تەلەفزیۆنی لاپەسەندبوو، نەك تەلەفۆن.

لەنێوان کۆمپانیا بەئەزمونەکانی تەلەفۆنە هەڵگیراوەکاندا، مۆتۆرۆلا کۆرپۆرەیشن هەبوو، کە ژمارەیەك ئامێری مۆبایلی دروست کرد لەرێگەیانەوە دەیتوانی پەیوەندی بەسیستەمی تەلەفۆنە نۆرماڵەکانەوە بکات. ئەم ئامێرانە خرانە بازاڕەوە بۆ ئەوەی لەسەر کەشتییەکان لەدەریادا، یان لەبازرگانییەکاندا بۆ شوێنکارە دوورەدەستەکانی وەك ئەوانەی بەدرێژایی بۆرییە دوورە دەستەکانی نەوت کە بەبیابانە چۆڵەکانی عەرەبستانی سعودییان تێدەپەڕین، بەکاربهێنرێن.

بەهۆی خۆشەویستییەکەی بۆ مەکینەو ئامێری بچوكو ژیانی گەشتیاریی، سالم بن لادن تەلەفۆنی نێودەوڵەتی ماوەیەکی زۆر پێش زۆرینەی بەکاربەرە ئەمەریکییەکان کە پێشبینی ئەگەرەکانیان دەکرد، بەبنەماڵەکەی ناساندبوو. مۆتۆرۆلاو ئامێرە رادیۆییەکانی تریشی لەکاتی فڕینو گەشتی سەر زەوییدا بەکاردەهێنا، نەك تەنها بۆ گەشتی بازرگانیی کیشوەرەکەیو گەشتەکانی کات بەسەربردن بەڵکو بۆ چادرگەو راوکردنیش لەبیابانەکانی سعودیەدا. خۆی وەك بریکارێکی مۆتۆرۆلا دەبینی کاتێك لەماوەی حەفتاکانو هەشتاکاندا کۆمپانیای تەلەفۆنی خۆی بنیادنا. بۆشاییە گەورەکانو ژێرخانە ئابورییە لاوازو زێدەڕەوی پارەی کاشی شانشین، هەموو ئەمانە عەرەبستانی سعودییان وەك شوێنکارێکی سروشتی بۆ تەلەفۆنە گوازراوەکان کە دەیتوانی لەشوێنە دوورەکانەوە کاربکات، نیشان دەدا.

لەدەوروبەری ساڵی ١٩٨٧دا، لەکاتی ئەزمونە بەرهەمهاتووەکان لەبیابانی ئەریزۆنادا، ئەندازیارەکانی مۆتۆرۆلا بیریان لەبیرۆکەیەك دەکردەوە کە دواتر بوو بە ئیریدیوم. ئەو تۆڕەی

مانگە دەسکردەکان کە لەزۆربەی ئەوانی تر لەخولگەیەکی نزمتری ئاستی رووی دەریا دەخولایەوەو دەیتوانی ئەو ئەرکە وەربگرێ کە بەشێوەیەکی ئاسایی لەدەزگای تەلەفۆندا رۆڵی بنکە زەمینیو سیستەمەکانی هاتنو رۆیشتنی دەگێرا. لەساڵی ۱۹۹۱دا مۆتۆرۆلا گەشەی بەدەسپێکی پلانێکی بازرگانی دا، پلانێك کە سەرەنجام بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، زیاتر لەپێنج ملیار دۆلاری تێچوو. لەکۆتایدا گروپەکە ئیریدیومی وەك کارێکی جیا گۆڕی، بەڵام مۆتۆرۆلا مانگە دەسکردەکانی دیزاینکردو بنیادینان لەژێر گرێبەستێکی نرخ جێگیردا بەبڕی نزیکەی سێ ملیارو نیو دۆلار بەکارهێنا. ئەوە پرۆژەیەکی گەورە بوو کە زیانو نادڵنیایی زۆری لەگەڵدا بوو.

بەڕێوەبەرانی مۆتۆرۆلا لەکۆمپانیا تەلەفۆنیە سەرەکیەکان لە ئەوروپاو ئاسیا، بەگەڕان بەدوای وەبەرهێنەکاندا، لێیان نزیك بوونەوە. تۆماس توتڵ کە دواتر وەك راوێژکاری گشتی ئیریدیوم کاریدەکرد، گێڕایەوە، کاتێك کۆنفرانسێکی سەرەتاییان لە سویسرا بەست، دامەزرێنەرانی ئیریدیوم بەتوانای بیرۆکەکەیان قایلبوون، ئەفسانەکە ئەوە بوو کە یەك ملیۆن دۆلار یان زیاتریان بە بەشداربووەکان ببەخشن تەنها بۆ ئەوەی لەپلانە بازرگانییەکەیان ئاگاداربن، ئەمەش نرخێك بوو کە زۆرێك لەکۆمپانیاکانی دوورخستەوە. توتڵ رایگەیاند، سەرەنجام بەهۆی سودو بایەخی ئەو سەرەڕۆییەوە کە ئەوەندە بەهێز نەبوو وەك لەسەرەتادا هیوای بۆ دەخوازرا، پێویستبوو مۆتۆرۆلا "پلەیەك یان دوان بێتەخوارەوە" و هاوبەشییەکان لەگەڵ کۆمپانیا لاوەکییە تەلەفۆنییەکاندا پێکبهێنێ. بیرۆکەکەی ئیریدیوم بریتی بوو لە دەستبەکاربوونی ژمارەیەك وەبەرهێنی "سەرەکی" کە لەسەرانسەری جیهاندا بڵاوببنەوەو کە هەریەکەیان بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاری جیهانی خۆی لەهەرێمێکی تایبەت، وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئەستۆ بگرن. لەبەرئەوەی مۆتۆرۆلا هاوبەشییەکی بازرگانی بەرایی لەگەڵ بن لادنەکان هەبووە، بۆ ئیریدیوم، ئەوان ئامانجێکی سروشتی بوون.

بەکر پێی خۆشبوو، ئەوەبوو کۆمپانیای کەناردەریایی وەبەرهێنانەکانی ترینفۆردی (S.A.) دامەزراند، کە دواتر لەفایلە یاساییە ئەمەریکییەکاندا وەك پەیوەستییەکی گروپی بن لادنی سعودی وەسفکرا. پاشان ترینفۆرد بەشێکی لەپشکی سەرەکی ئیریدیوم بۆ زۆرێك لەجیهانی عەرەبو ئاسیای ناوەڕاست لەگەڵ مافی دامەزراندنی دوو لەشەشی بەڕێوەبەرەکانی، کڕی. بەپێی دووەم بەڕێوەبەری پێشووی ئیریدیوم کە لەناو کارەکەدا بوو، لەساڵی ۱۹۹۳دا ئەم

کۆمپانیایە، ناونرا کۆمپانیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئیریدیومو ٤٠ ملیۆن دۆلار پارەی کاشی بۆ پێکەوەنانی گروپە سەرەکییەکە تەرخانکرد. ساڵی دواتر، ئیریدیومی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕی ٤٠ ملیۆن دۆلاری تری خەواند. بەپێی بەڕێوەبەری پێشووی ئیریدیوم، بن لادنەکان پڕوپاگەندەی سەرەتایی خۆیانیان بەدروستکردنی سەندیکای هەندێ لەوەبەرهێنانەکەیان بۆ پشتیوانە سعودیەکانی تر، لەناویشیاندا ئەندامانی بنەماڵەی شاهانە کەمکردەوە. لەسەر ئاستی جیهان، ئیریدیوم نزیکەی ٣,٣٦ ملیار دۆلاری لەهاوبەشەکانی نمونەی وەك بن لادنەکان قازانج کرد.

بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرو گەشبینانەو بەپارەی کاشەوە، کۆمپانیاکە بارەگاکانی خۆی لە واشنتن دی سی، لەشەقامی یەکی ١٥٧٥ ی باکوری خۆراوا کردەوە. بەکر بن لادن وەبەرهێنانەکەی بۆ حەسەنی زڕبرای، وەك بەشێك لەگروپە نێودەوڵەتییەکەی حەسەن دیاریکرد. (پێشتر ئەو پەیوەندی بەئۆفیسی ئەمەریکای گروپی کۆمپانیاکانی بن لادنی سعودییەوە لە ماریلاند هەبوو، هەروەها بەهۆی کارەوە بەرێکیو بەردەوام گەشتی بۆ تەکساس دەکرد، کە لەوێ یارمەتی چاودێریکردنی نوێکردنەوەی فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی سعودیەی لەبەشێکی ولایەتە یەکگرتوەکان دەکرد). کۆمپانیای ئیریدیومی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئۆفیسێکی بچوکی لە جۆرجتاونی نزیکی واشنتن کردەوە. دوو یان سێ عەرەبی لاو لەگەڵ بوونی زانیاری پێشینەی لەبواری ئابوری لەوێ کاریان دەکرد، هەرکە مانگە دەسکردەکان دروستکرانو هەڵدرانە بۆشایی، هەروەها پلانەکانی بازاڕی بەکاربەر گەشەی سەند، پەیوەندیی بەردەوامیان لەگەڵ بارەگاکانی ئیریدیوم پەیدا کرد. حەسەن پەیوەندی بەئەنجومەنی بەڕێوەبەرەکانی ئیریدیومەوە کردو چوو بۆ ولایەتە یەکگرتوەکان بۆ بەشداری کۆبونە وەرزیەکانی بۆردی کۆمپانیاکە.

حەسەن پیاوێکی ریشو سمێڵ تاشراوی ئێسك سوك لەتەمەنی کۆتایی سییەکان یان سەرەتای چلەکاندا بوو کە وادیاربوو حەزی لەشەونخوونی بوو. بانگهێشتی هەندێ لەبەڕێوبەرانی ئیریدیومی بۆ جگەرەکێشانی یەك لەدوای یەكو دانیشتن تا درەنگانی شەو خۆشکراو بە جۆنی والکەر، دەکرد. هەندێ لەم بەڕێوەبەرانە ماوەیەکی زۆر لە عەرەبستانی سعودی کاریان کردبوو، هەروەها لەگەڵ روبەڕوبوونەوەی فرە کەسایەتییەکان لەنێوان هاوتا سعودییەکانیان، مەیخۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەرۆژئاواو مەینەخۆرە توندڕەوەکان لەنیشتیمان،

راهاتبوون. حەسەن جیاواز بوو؛ وا دیاربوو دەیویست بەهەمان رێگا بەشداریبکات جا ئەگەر لە جەددە یان لە واشنتن یان لە بەیروت بێت. یەکێك لەبەرێوەبەرەکانی پێشوو گێڕایەوە، لەپاش ساڵی ١٩٩٦ -ەوە، جار بەجار مەسەلەکەی ئوسامەی زڕبرای حەسەن پاش چەند کاتژمێر لەدانیشتنەکانیان سەری هەڵدەدایەوە. حەسەن بەڕاستی تووڕە دەبوو، وەك بەشداربوویەك گێڕایەوە، حەسەن ووتی "ئوسامە دوورخراوەتەوە". ئەوە هەموو شتێك بوو کە پێویستبوو حەسەن لەسەر مەسەلەکە بیڵێت. زیاتر قسەی سەبارەت بە ئیسلام یان سەرچاوەکانی سکاڵا لەجیهانی ئیسلامدا نەدەکرد. بۆ سعودییەك شتێکی نائاسایی بوو کە بەکراوەیی بیروباوەڕە ئاینییەکانی خۆی لەگەڵ بیانییەك روون بکاتەوە. دەرکەوت، لەهەر بۆنەیەکدا، حەسەن زیاتر ئارەزووی ئۆتۆمۆبیلە مۆدێل کۆنەکانو میوزیکی راك ئەند رۆڵی دەکرد.

حەسەن بن لادن لەکافتریای هارد رۆکی (میدڵ ئیست)ی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشکدارێکی سەرەکی بوو، هەروەها بۆ زۆرینەی وڵاتانی جیهانی عەرەبیو یۆنانو قوبرسو تورکیا، مافی کارو بازرگانی فەرمی لەکافتریای هارد رۆك هەبوو. زیاتر لەتەلەفۆنەکانی مانگی دەسکرد یان پرۆژە بازرگانییەکانی خانوبەرە، ریستورانتە میوزیکییەکانی هارد رۆك زیاتر لەگەڵ کەسایەتی ئەودا گونجاو بوو. زۆربەی ژیانی لاوێتی لە بەیروت بەسەربردبوو، دەیتوانی بەزمانێکی سەرجادەی ناوخۆی لوبنانی قسەبکات. هەروەها وادیاربوو لەهەموو مەکینەکانی پینبۆڵی ئەو شارەی دەزانی. لە لوبنان چاوی بە لەیلای یەکەم هاوسەری کەوتبوو پێکەوە لەژووری هۆتێلەکان دەژیان، هەروەها حەسەن ئۆتۆمۆبیلەکانی جۆری فیراریو کادیلاكو کریسلەر نیویۆرکەرو رۆڵزرۆیسو میرسیدس بێنزی کۆدەکردەوە. وەك پیاوێکی لاو چووە ناو کارو بازرگانی هاوردەو هەناردەکارییەوە، بەڵام خۆی زیاتر حەزی لەیاری تۆپی پێو میوزیكو گازینۆکانو ژیانی شەوانە دەکرد. هاندەرێکی باشی تیپی تۆپی پێی ئەلئتیحادی جەددە بوو، (رکابەری ئەو تیپەی کە ئوسامە وەك هەرزەکارێك پشتگیری کردبوو)، هەروەها هەوادارێکی سەرسەختی ئوم کەلسومی گۆرانیبێژی میسری بوو کە لەکۆتاییەکانی هەفتەدا بەفڕۆکە دەچوو بۆ قاهیرە تەنها بۆ ئەوەی لەکۆنسێرتەکانیدا ئامادەبێت. لەماوەی حەفتاکاندا، کاتێك شەڕی ناوخۆ لە لوبنان دەستی پێکرد، حەسەن بنکەکەی بۆ جەددە گواستەوە، بەڵام لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا، هەرکە شارەکە دەستی بەبوژانەوە کردەوە، یەکسەر بۆ بەیروت گەڕایەوە. ئەوە ماوەیەکی درێژ بوو بۆ بەیروتیەکان بۆ گەڕانەوە بۆ باری ئاسایی

هاونیشیتمانی، بۆیە تەنانەت بۆنەیەکی وەك کردنەوەی بریکارییەکی کافتریای هارد رۆکی خۆماڵی تایبەت گەورە دەردەکەوت.

یارییە ئاگرییەکان، نەك بۆمبەکان، بەشێوەیەکی پرشنگدار بەسەر بەیروت دا، بەدرێژایی دەریای ناوەڕاست، لەشەوی ئاهەنگەکەدا لەکانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٦، دەتەقینەوە. جیپسی کینگس، گروپێکی پۆپ-فلامینگۆی فەرەنسی، لەسەر سەکۆی سەرەکی ریستورانتەکە وەك ناونیشان نوسرابوو. حەسەن بەشێکی دانیشتنی تایبەتی بۆ ئەندامانی بنەماڵەی بن لادن تەرخاندەکرد، کە نزیکەی زیاتر لەبیست کەس بۆ بۆنەکە، لەناویاندا ژمارەیەك لەزڕبراکانی حەسەن، وەك شەفیق و تارق ئامادەبوون. ئەوە لەو جۆرە شەوانە بوو کە جارجار سالم تیایدا دەژیا، ئاسان بوو وێنا بکرێت ستەیجەکەی گرتبێت و گۆرانی نەشاز لەگەڵ ریتمی جیپسی کینگس بڵێت.

پۆستەلری میوزیکژەنی جۆراوجۆر دیوارەکانی ریستورانتەکەی داپۆشیبوو: کراسێکی سوری بەمورو چنراو لەلایەن مایکڵ جاکسنەوە پۆشرابوو، کراسێکی ئاوریشمی نەخشێنراو بۆ ئەلڤس پرێسلی دروستکرابوو، کراسێکی کرپی چینی لەلایەن جۆن لینني بیتلسەوە پۆشرابوو، فێندەر ستراتۆکاستەرێکی ١٩٥٨ لەلایەن ئەندامانی کارسەوە بەکارهاتبوو، ستراتۆکاستەرێکی تر لەلایەن ئێریك کلاپتۆنەوە واژۆرکرابوو، رووی یاریکردنی مەکینەیەکی پینبۆڵی جۆری رۆڵین ستەونز لەلایەن ئەندامانی گروپەکەوە واژۆکرابوو. لەهەمووی سەرنجراکێشتر پارچە کاغەزێکی خەتدار بوو کە جۆن لینن بەپێنوسی رەش پەیڤەکانی گۆرانی "ئیماجین"ی خۆی لەسەر نوسیبوو.

لە شەوێکی کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ دا، لەکاتێکدا کورێکی محەمەد بن لادن لەمەنفا دەژی و بەدوای یوتۆپیای شۆرشی ئیسلامیدا دەگەرێت، هاوکات هەندێ لەکورەکانی تری سەرقاڵی ئەوەن ریستورانت و بارێك لەپایتەختێکی عەرەبیدا بکەنەوە و بازاری خۆیان بە لیریکی رۆکی یوتۆپی گەرم دەکەن. لەوانەیە لەپێشبرکێی ناوەرۆکی خەونەکانیان سەرنجراکێشتر بەشداری فۆناغەکە بووبێت: جیهانێك کە جیهادو میوزیکی باوی ئەویندار رۆژئاوایی بۆ لاوو جەماوەری جیهانی هاوبیر هاتبێتەگۆ.

پلانی کارو بازرگانی ئیریدیوم پشتی بەکەش وهەوایەکی کراوەی جیهانی وایەرلێسی داهاتوو دەبەست. وەبەرهێنە سەرەکیەکانی کۆمپانیاکە لەناویشیاندا کۆمپانیاکانی تەلەفۆن هەبوون کە

پێشتر خاوەنی نزیکەی ١٤ ملیۆن کڕیاری وایەرلێس بوو، تا بتوانێ تەلەفۆنە نۆێکانیان پێ بخرێتە بازاڕەوە. لەبەڵگە یاساییەکانیدا، ئیریدیوم ئەوەی هەڵسەنگاند کە "بازاڕی پیشەیی گەشتیاری"ی جیهان بەمەبەستی ئەوەی کە ئەو پێگەیشتوانەی کاریان بەوایەرلێس هەیە کە لانی کەم ساڵی چوار جار ناوچەی خزمەتگوزاری تەلەفۆنە ناوخۆییەکەیان بەجێ دەهێشت، کە تا ساڵی ٢٠٠٢ ژمارەیان گەیشتبووە نزیکەی ٤٢ ملیۆن کەس. تەنانەت ئەگەر زۆر وردیش نەبێت، ئەم پێشبینییە پێشنیاری دەست بەکاربوونی ٥٠٠ هەزار بەشداربوو یان زیاتری دەکرد کە ئیریدیوم پێویستی بوو بۆشکاندنی ژمارەی پێوانەیی، ئەمەش زۆر قورس نەبوو، وێڕای ئەوەش بەرەنگارییەکان روون بوون پێش هەموو شت نرخ بوو: نرخی هەریەکە لەئامێرە مۆبایلە سەرەتاییەکانی ئیریدیوم نزیکەی سێ هەزار دۆلار بوو، هەروەها نرخی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان بەرێژەیەك بەرزبوو کە بۆ هەر خولەکێك حەوت دۆلار بوو. لەم سەردەمی مۆبایلی سەرەتاییەدا کاتێك بەشداربووەکان نەیانزانی چ جۆرە نرخێك بۆ خزمەتگوزاری مۆبایلی گیرفان پێشبینی بکەن، کە ئەو ژمارانە زۆر گران دەهاتنە بەرچاو.

هەندێك جار سەرانسەری واقعیەتی پلانەکانی ئیریدیوم تەواو گومانـاوی دەردەکەوت، هەرچەندە، وەك بڵێی بۆ جەختکردن لەنیشانەی نوێگەرییەکەی، کۆمپانیاکە گەڕایەوە بۆ چین بۆ ئەوەی مانگە دەستکردەکانی بۆ ناو بۆشایی ئاسمان هەڵبدات. لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٧دا، رۆکەیتەکانی لۆنگ مارچ، کە بەناوی رووداوەکانی لەدایکبوونی کۆمۆنیزمی چینییەوە ناونرابوون، کە هەر چەند مانگێکی کەم جارێك بۆ ئاسمان دەهاوێژران، دەزگا گەورەکانی ئیریدیومی بۆ شوێنی دیاریکراو بەرزکردەوە. ئال گۆری جێگری سەرۆکی ئایندەی ئەمەریکا بانگهێشتی بەڕێوەبەرەکانی ئیریدیومی بۆ رۆوز گاردنی کۆشکی سپی بۆ ئاهەنگ گێڕان بۆ بیرۆکەکەیان کرد. گۆر ئاهەنگێکی بۆ کوڕەزا گەورەی وەبەرهێنی سەدەی نۆزدەیەمی تەلەفۆن، ئەلیکساندەر گراهام بێڵ رێکخست. گۆر کاتێك پەیوەندییەکەی وەرگرت، ووتی، سیستەمەکانی مانگی دەسکردی وەك ئیریدیوم "تەواوکاری ئەو رووە تەلەفۆنییەی رووی زەوییە کە ئەلیکساندەر گراهام بێڵ پێش زیاتر لەسەدەیەك دەستی پێکرد. باپیرە گەورەتان زۆر جێی شانازییە".

ئیریدیوم سەرمایە بەنکییەکەی بەخێراییەکی سەرنجڕاکێش لەناوچوو بەهۆی ئەوەی کە پێشبڕکێی بەئاراستەی خزمەتگوزاریی هەڵدانی مانگی دەسکرد دەکرد. بەرەنگارییە مەزنەکانی

بـۆ بەدەسـتهێنانی ڕێگەپێدانـە کاتییـەکانی حکومـەت بـۆ فرۆشـتن و خسـتنەگەڕی هێڵـە تەلەفۆنییەکان لەناو سنوری زیاتر لە ١٥٠ وڵاتی جیاواز بوو. کۆمپانیاکە واشنتنی بۆ بارەگاکەی هەڵبژاردبوو، کە بەشێکی بۆ ئاسانکردنی ئەم مۆڵەت وەرگرتنە لەڕێگەی باڵیۆزخانـەکانی نـاو پایتەختـەوە بـوو، هـەروەها بەگـەڕان بـەدوای پاڵپشـتی دیپلۆمـاتی لەحکومـەتی وڵاتـە یەکگرتوەکان بوو، بەڵام کۆتا بەرپرسیارێتی بۆ بەدەست هێنـانی مۆڵەتـەکان بەسـەر هەریەکـە لـەخاوەن کۆمپانیـا سـەرەکییەکاندا دابەشـبوو. پێویسـتبوو ئیریـدیومی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت زامنـی ڕێگەپێـدانی زیـاتر لەبیسـت حکومـەت لـەجیهانی عـەرەب و ئاسـیای ناوەڕاسـت بکـات، زۆرینـەی ئـەم حکومەتانـە بەگەندەڵییـەوە تێوەگلابـوون، یـان خـاوەنی سیسـتەمی بیرۆکراسـی چەوت بوون، یان بەکەمی ئـەرکیان جێبـەجێ دەکـرد. پارێزەرەکـان لـەبارەگاکانی ئیریـدیوم دوا بڕیاریانـدەدا سـەبارەت بـەوەی کـەی "ڕێگەپێـدان" لـەوڵاتێکی تایبەتـەوە بەڕاسـتی بەدەسـت دەهێنرێـت. فۆرمـەکانی ڕێگەپێـدانی پەسـەندکراو زۆر جیـاوازو هەمـەجۆر بـوون، هەنـدێك حکومەت بەسادەیی ڕاگەیاندنێکی وەزارییان دەردەکرد، لەکاتێکدا هەندێکی تریان ڕێکـەوتنێکی شەرعی نەریتییان زیاتر تاوتوێدەکرد. بەڕێوەبەرێکی ئیریدیوم ئاشکرای کـرد، "مـن مۆڵـەتێکم لـە مـەنگۆلیا لەسـەر پارچـە کلینێکسـیەك بەدەسـت هێنـا". تـوتڵی ڕاوێـژکاری گشـتی وەبـیری هاتـەوە، "لەهەنـدێ بـاردا وڵاتەکـە دەیپرسـی، تـەنها پێمـان بڵـێن چ کـارێ دەکـەن. پێویسـتتان بەرەزامەندی نییە".

دەرکەوت هەڵمەتەکە بەتایبەتی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێواشـی دەڕۆیشـت. حەسـەن بـن لادن و بەڕێوەبـەرە سـەرەکییەکانی تـر کەوتبوونـە ژێـر فشـاری بـەهێزی زامنکردنـی مۆڵـەت و ڕێگەپێدانەکان لەناوچەکانی کارەکە. بـەپێی بەڵگـە یاساییەکان، سـەرەتای تـەموزی سـاڵی ١٩٩٧، نزیکەی ساڵێك پێش ئەوەی کە وادانرابوو خزمەتگوزارییەکە دەست بەچالاکی بکـات، ئیریـدیوم زامنی مۆڵەتێکی مەرجداری بۆ کارکردن تەنها لەیـەك وڵات لەناوچـەی ئیریـدیومی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست کردبوو. ئەو وڵاتەش ئەفگانستان بوو.

سـێ بەڕێوەبـەری پێشـووی ئیریـدیوم لەئـەرکی مۆڵـەت وەرگرتنەکـەدا دەسـتیان هـەبوو، لەناویاندا توتڵ، کە ئاشکرای کرد گوایە وەبیریـان نایەتـەوە کـە چـۆن ڕێگەپێـدانی ئەفگانسـتان زامنکـراوە، کـەی وەرگـیراوە، چ فـۆرمێکی وەرگرتـووە، یـان چ دەسـەڵاتێکی ئـەفگانی گـەرەنتی کـردووە. سـەرەتای تـەموزی سـاڵی ١٩٩٧، تاڵیبـان کـە میلیشـیایەکی ئیسـلامیی تونـدڕەو بـوو

کۆنترۆڵی حکومەتی وڵاتەکەی کرد. لەهەمان کاتدا، ململانێیەك لەباڵیۆزخانەی وڵاتەکە لە واشنتن دەستی پێکرد، کە دەگونجا ڕێگەپێدانی سەرەتایی لەوێ دەستەبەر بکرایە. بەپێی پارێزەرێکی بن لادن، هەرگیز ئیریدیوم مۆڵەتی کۆتایی یان تاکە بەکاربەرێکی ئەفگانی لە ئەفگانستان بەدەست نەهێنا.

پێشتر تاڵیبان ناوبانگی بۆ پەروەردەی سەرکوتکردنی ئافرەتانو ڕێسا ئیسلامییە سەیرەکانیان زڕابوو. لە هاوینی ساڵی ١٩٩٧دا، ڕووبەڕوی ڕەخنە بوونەوە بەهۆی ووتارە توندڕەوەکانیانو پاڵپشتیکردنی توندوتیژییەوە، کە لەمیوانێکی بیانییەوە سەرچاوەی گرتبوو، مەلا عومەر، سەرکردەی یەك چاوی تاڵیبان بڕیاری داڵدەدانو لەئامێزگرتنی ئوسامە بن لادنی دابوو. هیچ بەڵگەیەك نییە کە ئوسامە هەر ڕۆڵێکی لەدرێژەی مۆڵەتە سەرەتاییەکەی ئەفگانستاندا گێڕابێت. دواتر تیمۆسی ج. فین، پارێزەری بن لادنەکان، نوسیبووی کە بنەماڵەکە پێیان وایە مۆڵەتە سەرەتاییەکە لەلایەن ئیریدیومەوە بەدەست هاتبوو پێش ئەوەی بن لادنەکان بێنە ناو بابەتەکەوە. فین نوسی، "لەهیچ بارێکدا، حەسەن هیچ تێوەگلانێکی لەگەڵ ئەمەدا نەبوو هەروەها هیچ نازانێ کە ئەمە چۆن ڕوویداوە. لەڕاستیدا، حەسەن پێی وانییە هیچ کاتێك بەرژەوەندییەکی گرنگی لەگەڵ ئەفگانستاندا، کە وەك بازاڕێکی گرنگ بۆ ئەم خزمەتگوزارییە نرخ بەرزە تەماشا نەدەکرا بووبێت. پێویست ناکات بوترێت هەرگیز ئەو پەیوەندی بە ئوسامەوە سەبارەت بە هیچ لایەنێکی ئەم بابەتەوە نەکردووە".

ئەگەری ئەوە هەیە کە ئوسامە لانی کەم لەوەبەرهێنانی بنەماڵەکەی لەگەڵ ئیریدیومدا ئاگادار بووبێت. دەیتوانی بەڵگەیەکیان پێشکەش بکات بۆ پاڵپشتیکردنی سەرەڕۆیی وەبەرهێنانەکانیانو زانیاری لەبارەی پاوەرەکانی سیستەمێکی تەلەفۆنی مانگی دەستکردی جیهانییەوە وەرگرت.

"دایکان زۆرترین ئازار دەچێژن"، دایکی ئوسامە ئاماژەی بۆ ئەمە کرد، بەڵام لەبەر ئەوە نەبوو کوڕەکەی ناتوانێ تەلەفۆن لەدەرەوەی وڵاتەوە بۆ ماڵ بکات. "ئەو ڕاهاتبوو بەردەوام تەلەفۆن بکات"، تەنانەت لە ئەفگانستانیشەوە. "دەربارەی خۆیو قسەی دایكو فەرزەنی تەندروستی بنەماڵەکەی پێی ووتم".

ئەمەکداری ئوسامە بۆ دایکی بوو بە بەرەنگارییەکی تەکنیکی مەزنتر پاش جێهێشتنی سودان لەمایسی ساڵی ١٩٩٦دا، تۆڕێکی تەلەفۆنی لاواز بەڵام کارای لە ئەفگانستان هەبوو، کە

تیایدا پەیوەندییەکان بەزۆری پشت پێ نەبەستراو بوون. ئاماژەی بەدووره ولاتی خۆی وەك دووبارەبوونەوەیەکی کۆچی سەدەی حەوتەمی محەمەد پێغەمبەر دەکرد، لەهەمان کاتدا، بوو بە بەشداربوویەکی نمونەیی بۆ کۆمپانیایەکی سەدەی بیستو یەکەمی وەك ئیریدیوم.

بەویستی خۆی نەڕۆیشت بۆ ئەفگانستان. حکومەتی سودان بەدوای بەشێك لەشەرعیەتی نێودەوڵەتیدا دەگەڕا، ولایەتە یەکگرتوەکان روونی کردەوە کە تاوەکو ئوسامە بن لادن بەئاشکرا لە خەرتوم بژیو کاربکات، ئەو شتە بەدەست نایەت. حەسەن ئەل-تورابی راوێژکاری پێشووی ئوسامە، پێی ووت پێویستە ئەو بڕوات، دواتریش خیانەتەکەی لەگەڵ کەسانی تر لەحکومەتی سودانی ئاڵۆزو تێکەڵاوکرد، لەسەرنەکەوتنی دانەوەی قەرزەکان بە ئوسامە هەروەها بەوەرگرتنی کاروبازرگانییەکانی بەنرخێکی زۆر کەم. ناسر ئەلباهری پاسەوانی تایبەتی ئوسامە گێڕایەوە، ئوسامە "بەنرخێکی زۆر کەم هەمووی پێ فرۆشتن چونکە هیچ رێگەچارەیەکی تری نەبوو".

لەژێر فشاری داراییدا، جگە لەژنێکیو کوڕە گەورەکەی، کە پێشتر گەڕابوونەوە بۆ عەرەبستانی سعودی، ئوسامە لەگەڵ خێزانەکەی تری بەفڕۆکەیەکی نەفەرهەلگر رۆیشتن بۆ جەلالئابادی ئەفگانستان. لەدوای خۆی ژیانێکی شێخانەی شارنشینی ئاسودەی ئۆفیسەکانی ئێرکۆندیشنو مەزراکانی ئەسپو بازرگانیو کۆبونەوە جیهادییەکانی بەجێهێشت. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو شوێنە سروشتییە بێ کارەباو توندوتیژەی رۆژهەلاتی ئەفگانستان، هەوڵیدا چاکەیەکی پێویست بکات، زۆر جار وانەی بۆ منداڵەکانی لەبارەی سودەکانی دروستکردنی کەسایەتی شێوازی ژیانێکی سەختەوە، وەك ئەوەی کە پێغەمبەرو هاوەڵەکانی چەشتبوویان، باسدەکرد. بەڵام ئەوە ئاشکرا بوو، هەر لەهەفتەکانی سەرەتاوە پاش گەیشتنی بە ئەفگانستان، لەبارودۆخە نالەبارەکانی بێزاربوو هەروەها هەستی بەئاستێکی گۆشاری دەرونی دەکرد. توڕەبوو لەبەهێزبوونەوەی ئەوانەی کە فشاریان لەگەڕانەوەی بۆ ئەفگانستان خستبووە سەری. بەتایبەتی جەختێکی زۆری لەتوڕەیی بەرامبەر بە حکومەتی ولایەتە یەکگرتوەکان دەکردەوە.

لەووتارە سیاسیەکانیدا، لەکاتێکدا لە خەرتوم بوو، ئوسامە ئاراستەی هاندانو رەخنەکانی لە ریاز بوو. بێ ئومێدیو سەرنەکەوتنەکانی بنەماڵەی شاهانە بەهۆی بیرورا وێژەییە زاڵەکەی ئەوەوە بوون، بەڵام هەرگیز شەڕی لەدژی حکومەتی سعودیە رانەگەیاند. هەرچەندە لەکۆتایدا

بەتەواوی فایل بووە بەدەرکردنی لە سودان، بەڵام ئال سعود تەنها وەك داردەستی واشنتن زۆر بەباشی تێگەیەنراوە. هەرچیەك بووبێت، یەکسەر پاش ئەوەی گەیشتە ئەفگانستان، ئوسامە بڵاوکراوەیەکی شەڕی لەدژی ولایەتە یەکگرتوەکان دارشت، یەکەم بەیننامە کە بڵاوی کردەوە، بەفەرمیو راشکاوانە جەختی لەهەڵمەتێکی توندوتیژی لەدژی رۆژئاوا دەکردەوە.

سەرنجڕاکێشترین دارِشتنەکان کۆپلەی شیعری بوون، بەتایبەتی دارِشتنێکی ژیاننامەئاسا بوو کە تورەییو یاخیبوونی لەناو خۆیدا بنیاد دەنا. لەم دێڕانەدا، ئوسامە ئەو وشەو وێنانەی هەڵبژاردبوو کە پەیوەندییان بەدەمارگیریو لەدەسدانی کۆنترۆڵەوە هەبوو. سەرچاوەو پەیوەستی ئاشکرای بۆ ئەو ئەندامانەی بنەماڵە دروستدەکرد کە لێ دوورکەوتبوونەوەو رەتیاندەکردەوە، هەروەها بۆ ئەوانە بەناوی ئیسلامەوە رووبەڕوویان بوەوە. باسی لەهەستە گڕاوییەکانی خۆی سەبارەت بە "لەدەسدان"ی مزگەوتی قودس لە ئورشەلیم کرد، کە هەگیز چاوی پێ نەکەوتبوو، وەك تا ئێستا زانراوە، بەڵام لەتێبینییە گشتییەکانی تردا بەستبوویەوە بەباوکییەوە. لەوانەیە ئەم دارشتنە وەك بابەتێکی سیاسی بەباشی بخوێنرێتەوە، بەڵام خوێندنەوەیەکی تەواوی ئاماژەیەکی باوکانەی بێ مەبەست جێگەی تێبینییە، بەتایبەتی لەو دێڕەوە کە یەکسەر ئاماژەی بۆ مردنو بۆ دایکیو ژیرییەکەی بەدوایدا دێت. تێکڕا وەسفی خۆ کردنەکەی ئوسامە بەهۆنراوە ئاماژەی بۆ پیاوێکی تێکەڵ لەگەڵ کۆتاییو توندیە نوێکانی ئەزمونی کەسی دەکرد، بەڵام هاوکات لەوانەیە ئەم هەستانە ئازار بەخشبن، بەڵام باوەڕێك دەپارێزن کە سەرەنجام توانی بەتوندوتیژی دروستو راسگۆیانە پاکژبکرێتەوە:

**من ئامادەم خۆمو سامانم بکەم بەقوربانی بۆ ئەو سوارچاکانەی کە هەرگیز بێ هیوایان نەکردووم.**

**ئەو سوارچاکانەی کە هەرگیز لەمردن ناترسن، تەنانەت ئەگەر ئاشی شەڕیش بسورێ.**

**لەگەرمەی شەڕەکەدا باکیان نییە، گوێ بەشێتی دوژمن نادەن،**

**بەهۆی "بێ مێشکی" ئازایەتییانەوە...**

**من هەموو رەخنەگرەکانم رەتکردەوە، کە رێگا هەڵەکەیان هەڵبژارد،**

**من ئەوانەم رەتدەکردەوە کە چێژ لەئاگردانی ناو یانەکان وەردەگرن،**

**من ئەوانەم رەتدەکردەوە کە، سەربارى دۆڕانیان، هەست دەکەن براوەن،**

**من ڕێز لەوانە دەگرم کە بەردەوامبوون، لەبارەی ئاستەنگەکانەوە پرسیار**
**ناکەن یان بێزار نابن، هەرگیز واز لەئامانجەکانیان ناهێنن، سەرباری هەموو**
**گرفتەکانی سەر ڕێگاکە،**
**کە خوێنیان سوتەمەنییە بۆ مەشخەڵەکان لەتاریکی سەرلێشێواندا،**
**من هێشتا هەست بەئازاری لەدەسدانی قودس دەکەم لەناو ئەندامەکانی**
**هەناومدا،**
**ئەو لەدەسدانە وەک بڵێسەی ئاگرێک وایە لەناو هەناومدا،...**
**مردن ڕاستیی و دوا چارەنوسە، هەروەها ژیانیش کۆتایی دێت. ئەگەر من**
**لەگەڵ تۆ نەجەنگم، کەواتە دەبێت دایکم شێت بێت!...**
**ناتوانرێت دیوارەکانی چەوسانەوەو شەرمەزاری وێران بکرێت بەبارانی گوللە**
**نەبێت.**
**پیاوە ئازادەکە سەرکردایەتی ڕادەستی بێ باوەڕانو گوناهباران ناکات.**
**بەبێ خوێن ڕشتن، ناتوانرێ هیچ ئابڕووچوونو شەرمەزارییەک**
**لەنێوچەوان بسڕدرێتەوە...**

لەوانەیە هەندێك لەنیگەرانییەکانی ئوسامە بەهۆی ئەو بارودۆخە نائارامـەوە بووبێـت کـە لەو هاوینی ساڵی ١٩٩٦دا، کاتێك کە لەگەڵ خێزانەکەیدا گەیشتنە نزیك جـەلالئاباد دروسـتبوو. پاشان ڕۆژهەڵاتی ئەفگانستان لەناو توندوتیژییەکی بەردەوامدا بـوو، هـەروەها هەرکـە تاڵیبـان دەسەڵاتی گرتە دەست، هاوکارە ئەفگانییە کۆنەکانی ئوسـامە توشـی ئاشـوبو نیگـەرانی بـوون. لەگەڵ ناوبانگی سامانو پاراستنی سیاسی، کەسێکی خۆشـبەخت بـوو کـە لـەماوەی هەفتـەکانی سەرەتادا نەبووە قوربانییەکی تری ڕێگای شەڕی ناوخۆی ئەفگانستان.

لـەکۆتایی سـاڵەکەدا، بەشـێوەیەکی سەرسـوڕهێنەر بـارودۆخی ئوسـامە پێشـکەوتنی باشـی بەخۆوە بینـی. بـن لادن تـوانی مـەلا عومـەر بناسـێتو پەیوەنـدی تونـدوتۆڵی لەگەڵدا بونیـاد بنێـت. مەلاعومـەر میوانـداری ئوسـامەی بـۆ شـاری قەنـدەهاری هـەژار بـەڵام ئـارامی باشـوری ئەفگانستان کرد. ئوسامە لەگەڵ زۆرینەی ئەندامانی خێزانە گەورەکەیدا گواستیەوە بـۆ ئـەوێ کە لـەو کاتـەدا یـانزە کوڕو سێ ژنو کۆمـەڵێك کچی بچوکی هـەبوو کـە هـیچ لـەهاوکارەکانی نەیانتوانیوە بیانژمێرن.

تەنانەت دوای ئارامبوونەوەی جیهانیش، ئەو هەر لە ولایەتە یەکگرتووەکان نیگەران بوو. بەپێی ئەل-باهری کە دواتر وەك پاسەوانی تایبەتی خۆی پەیوەندی پێوەکرد، ئوسامە کتێبی گشتیو هەمەڕەنگی نامۆی لەبارەی ئەمەریکاوە کۆدەکردەوەو دەخوێندەوە. کۆی تۆماری گفتوگۆکانی هێنری کیسینجەری وەزیری دەرەوەی پێشوی ولایەتە یکگرتووەکان سەبارەت بە داگیرکردنی کێڵگە نەوتییەکانی سعودیە لە ساڵی ١٩٧٣دا لەشەڕی عەرەب-ئیسرایلدا، کتێبێك لەلایەن فەرماندەیەکی سەربازی ئەمەریکییەوە لەبارەی بەکارهێنانی بڕیاروەرگرتنی خێرای هێزەکانەوە، هەروەها کتێبێکی خاوەن نەناسراو کە وەسفی پلانێکی دانراوی لەلایەن فرانکلین رۆسفێڵدی سەرۆکی پێشوی ولایەتە یەکگرتووەکانەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان دەکرد. لەم ماوەیەدا تێبینییە گشتییەکانی ئوسامە روونیان کردەوە کە وەك زۆرێك لە سعودیەکان، ئەویش تەماشەی نوسراوە دێرینە دژەسامییەکانی وەك رەشنووسەکانی پیرانی زایۆنی دەکرد، دەقێکی دروستکراو دەربارەی پیلانە جیهانییە دانراوەکانی جولەکە کە یەکێك لەسەرچاوە "مێژووییە" پەسەندەکانی ئەدۆڵف هیتلەریش بووە. لەکتێبخانە لاوازەکەی ئوسامەدا، ئەم جۆرە کورتە وتارە ئاینیو سیاسیانە لەگەڵ دەقە قورئانییەکانو وتارەکانی زانایانی ئیسلامیی توندڕەو لە عەرەبستانی سعودیو پارچەو کورتەی راپۆرتە میدیاییە رۆژئاواییەکان لێرەو لەوێ دانرابوون. دانیشتن بەشێوەی قاچ خستنە سەر یەك لەسەر فەرشە خورییەکان، خواردنی ژەمەکانی نانو ماست، کاتێك کارەبا دەبڕاو دەهاتەوە، هێڵی نێوان مێژوو و خەیاڵی بەئاسانی دیارینەدەکرا، تەنانەت ئەگەر ئوسامە بایەخی بەدیاریکردنی ئەو هێڵەش دابێت.

وەك ئەل-باهری دەگێڕێتەوە، ئوسامەو هاوەڵەکانی پرسییان: "ئەمەریکا چییە؟". ئەگەر ئەوان لەجیهاد لەدژی روسەکان لە ئەفگانستانو چیچان، هەروەها لەدژی سربەکان لە بۆسنە سەرکەوتوو بووبن، ئەوا "ئەمەریکا شتێکی نوێ نابێت". راپۆرتی زارەکییان لەجەنگاوەرەکان کە لەبەشداری شەڕ لەدژی هێزەکانی سوپای ئەمەریکا لە سۆماڵ گەڕابوونەوە، بیستبوو. دەربارەی دانپێدانانەکانی خۆکوژە پشتێن بۆمبەکان کە پەلاماری ئامانجە ئەمەریکییەکانیان لە عەرەبستانی سعودی دابوو. گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی، کە وتە یەکگرتووەکان "بووەتە ئامانجێك بۆ هەمووانو هەمەلایەنیش بوو".

ئەو هاوکێشە سەربازی-سیاسییە فراوانە کە ئەوان بیریان لێ دەکردەوە، راستییەکی تاڵ بوو، بەتایبەتی لەبۆچوونە بنچینەییەکەی جولەکە وەك سەرچاوەیەکی پیلانی نەگریسی جیهانی:

جولەکەکانو مەسیحیەکان، یان "زایۆنییەکان"و "خاچپەرستەکان"، کە هەوڵی لەناوبردنی ئیسلامو داگیرکردنی خاکەکەیان دەدەن، ئەم شەڕە لەقورئاندا باسکراوەو پێشبینیش کراوە، کە بانگی شوێنکەوتوانی (ألله) بۆ بەرگریکردن لەناوەکەی دەکاتو بۆ پەلەکردن لەسەرکەوتنی کۆتایی ئیسلامو هاتنی رۆژی قیامەت. خاوەندارێتی نەوت بابەتێکی هاوچەرخی ئەم گەمەیە بوو چونکە خوا کۆگای نەوتی زۆری لە عەرەبستانی سعودی داناوە بۆ ئەوەی ئەوانە بەهێز بکات کە لەشوێنی لەدایك بوونی ئیسلام دەژین، بەهۆی ترسان لەمەوە، جولەکەکانو خاچپەرستەکان، بەسود وەرگرتن لەلاوازیو بێ باوەڕی فەرمانڕەوا عەرەبەکان، پیلانیان بۆ بردنی ئەو نەوتە بۆ خۆیان داناوە. لەبەر رۆشنایی ئەمەدا، قۆرخکاریەکانی ئەمەریکا لە عەرەبستانی سعودی خراپترین تاوانەکانی لەلایەن بێ باوەڕەکانەوە لەماوەی زیاتر لەهەزار ساڵی ململانێدا دەردەخست، ئوسامە لەبلاوکراوەی ئابی ساڵی ١٩٩٦ دا، کە خۆیشی لەناو قوربانییەکاندا ئەژمارکردبوو، نوسی:

دواترینو مەزنترینی ئەم دوژمنایەتییانە لەلایەن موسوڵمانەکانەوە لەدوای کۆچی پێغەمبەرەوە بەهۆی داگیرکردنی خاکی دوو شوێنە پیرۆزەکەوەیە هەستی پێکرا. بەفەرمانی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، ژمارەیەکی زۆر لەزانایان لەخاکی دوو شوێنە پیرۆزەکە دەسگیرکران... خۆمو گروپەکەم هەندێ لەم نادادپەروەرییەمان چەشتووە. لە پاکستانو سودانو ئەفگانستان شوێنمان کەوتوون...

کاتێك لەماڵەوە لەگەڵ خێزانەکەی، دوور لەئۆفیسەکانی فاکس-نوسین، ئوسامە لەزۆر لایەنەوە وەك کەسێکی دژەخۆشی، رەفتار سەیر، باوکێکی تەمەن ناوەند مایەوە کە لە سودان بەم شێوەیە بوو: سەرزەنشتکارێکی توڕە بوو سەبارەت بە فەرزەکانی نوێژو پشت بەخۆبەستن، بەڵام بەخشندەو میهرەبانو گاڵتەجارپش بوو، بەتایبەتی لەکاتی رۆیشتنە دەرەوە بۆ بیابان. رێگەی بەمنداڵەکانی نەدەدا سەهۆڵ بخەنە ناو ئاوەوە، هەروەها بەردەوام بایکۆتی شتومەکە ئەمەریکییەکانی دەکرد، بەڵام زۆرجار یاریکردنی بالەو پشودانو ئەسپ سواریو پێشبڕکێی بەلەمو سەیرانە خێزانییەکانی رێکدەخست. پاسەوانە تایبەتە چەکدارەکان بەبەردەوامی لەنێوان خۆیو ژنەکانیدا ژمارەیان زۆر بوون، لەو کاتەدا هیچ هەڵەیەك لەبارەی گرنگی ئوسامەوە نەبوو، بەتایبەتی لەهەستی دژ بەهەژاریو دوورخستنەوەی حوکمی تاڵیبان لە ئەفگانستان. سەربارى ئەو راستییە، شتێك بەساردیو نەرمیو شاراوەیی سەبارەت بە ئوسامە

مایەوە. تەوقەکردنێکی سستی هەبوو، پیتەر جوڤێناڵی رۆژنامەوانی ئینگلیز ئاشکرای کرد، سلاو لێکردنی "وەك جۆرێك لەتەوقەکردن لەگەڵ ماسی" وابوو. یەکێك لەژنەکانی پێشوی گێڕایەوە کە پاش گەڕانەوەی بۆ ئەفگانستان، بۆ ماوەیەکی زۆر "حەزی نەدەکرد هیچ کەسێك قسەی لەگەڵ بکات، هەروەها راهاتبوو بۆ ماوەیەکی درێژ دابنیشێتو بیر بکاتەوەو زۆر درەنگیش دەخەوت".

وەك زۆرێك لەزربراکانی، ئوسامەش پێی خۆشبوو لەلایەن خێزانەکەیو هاوەڵەکانییەوە دەوربدرێت، حەزیدەکرد لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازێتەوە، هەروەها پەرۆشی پەیوەندیکردن بەجیهانێکی فراوانترەوە بوو. لەپشتبەستن بەئۆفیسەکەی لەندەنی بەردەوامبوو. لە قەندەهار فەووازی هاوڕێی پەیوەندی لەگەڵیدا مایەوە بەهۆی بوونی دوکانێکی بچوکی تەلەفۆنو فاکسی جیهانی لەباکوری لەندەن بەناوی گرەیپڤاینەوە، کە تیایدا دەیتوانی نامەو پەیامە نوسراوەکان لەگەڵ سەرۆکەکەی بگۆڕێتەوە. ئامێرەکانی فاکس خەریکبوون دەبوونە تەکنەلۆجیایەکی بەسەرچوو و بەکارنەهاتوو.

ئوسامە بەرزبوونەوەی کاریگەری تۆڕەکانی تەلەفزیۆنی مانگی دەسکردی بۆ دەرکەوت. وەك میکانیزمێکی گرنگ بۆ ئالووێرکردنو سەرمایەگوزاری سەیری دەکردن. لەدەستدانی میراتی تایبەتی خۆیو دابەشکردنی بەسەر ئەندامانی تری بنەماڵەکەیدا، هەروەها سامانو دەسکەوتە بازرگانییەکانی لە سودان مانای ئەوە بوو، لەگەڕانەوەیدا بۆ ئەفگانستان، پێویستی بەپرۆفایلێکی میدیای بەهێز هەبوو وەك سەرەتایەك بۆ راکێشانی بەخشەرو خۆبەخشەکان. لەماوەی شەڕی سۆڤیەتی ئەفگانستاندا، ئەمە ستراتیژی سەرەکی خۆی بوو بوو، لەرێگای تۆڕەکانی تەلەفزیۆنی جیهانییەوە، بەقسەکردن بۆ خەڵکی سەرانسەری جیهان کە پێشتر رێگەپێدراو بوو، دەیتوانی فراوانو نوێی بکاتەوە. تالیبانی لەتەکنەلۆجیا-ترس بەشێوەیەکی گشتی سەیری میدیایان وەك ئامێرێکی شەیتانی دەکرد، بەلام ئەوە نەك تەنها بۆ بیرۆکەی چالاکی جیهادی ئوسامە گرنگ بوو بەڵکو بۆ شتێکی تریش گرنگ بوو کە حەزی دەکرد بەکاریبهێنێ: لەماوەی رۆژە درێژەکانیدا لەمەنفا، بووە بەکەسێکی خوگرتوو بەهەواڵە جیهانییەکانەوە.

لەماوەی ساڵانی ١٩٩٧و ١٩٩٨، زنجیرەیەك چاوپێکەوتنی لەناو ئەفگانستاندا پێشکەشکرد، چاوپێکەوتنێکی گرنگی پێشکەش بەکەناڵی (CNN) کرد، ساڵێك دواتر بۆ کەناڵی (ABC)،

هـەروەها خـۆی بـۆ هەنـدێك پـەیامنێری رۆژنامـەی عـەرەبیزمان تـەرخانکرد کـە بایـەخی بەکارەکەیان دەدا. هەر زوو دەسەڵاتی ئـەل-جـەزیرەی، وەك کـەناڵێکی ئاسمـانی عـەرەبی-زمـانی سەربەخۆ بەرچاوکەوت، هەروەها لەکۆتای ساڵی ١٩٩٨ دا، بۆ چاوپێکەوتنێکی کاریگـەر دانیشت کـە رێگـەی پێـدرا بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆو وردتـر لەپێشـوو بـۆ جـەماوەری سـعودیەو عەرەبەکانی تر قسەبکات. وەك نمایشێکی بینراو، ئەو کتێبانەی کە لەپشتییەوە دەرکەوتبوون، ئەو تفەنگەی کە لەتەنیشتیەوە بەدیوارەکەوە هەڵواسیبوون، ئـەو دەسـرێژانەی کـە وەك یاریـە ئاگرییـەکان لـەکاتی گەیشـتنیدا بـۆ چـاوپێکەوتنێك دەکـران بەئاسمانـدا، دووچـاری شـەرمی دەکردو نیگەران دەبوو پێیان.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٨ دا، پاش ماوەیەك لەدابڕان، بن لادن لەگەڵ کۆمەڵی ئـەلجیهادی میسـر کـە لەلایـەن ئەیمـەن ئەلزەواهیرییـەوە سـەرکردایەتی دەکـرا، یـەکیان گرتـەوە. هاوپەیمانێتییـە نوێیەکـەیان، کـە بەرەیـەکی ئیسلامیی نێودەوڵـەتی بـۆ جیهاد دژی خاچپەرستو جولەکـەکان بـوو، لەکۆنگرەیـەکی رۆژنامەوانیـدا کـە کامێرامـانی تەلەفزیۆنـەکانو رۆژنامـەوانان ئامـادەی بوون، راگەیاند. بن لادنو ئەلزەواهیری لەسەر مێزێك کە بەئالآیەك داپۆشرابوو دانیشـتن، وەك دوو بەرێوەبـەری ئـالۆوێری گومـانلێکراو لەکۆمپانیایـەکی بچـوکی دەرمانسـازی ئیسلامیی، بـۆ راگەیانـدنی دەسـپێکی هێڵێکـی بەرهـەمی نـوێ دەردەکـەوتن. لـەماوەی ئـەم دواییـەدا لـە ئەفگانستان ئەو گرتە ڤیدیۆییانە دەرکەوتن کە ئوسامە خۆی بەرهەمی دەهێنان.

رەحیمـوڵا یوسـفزایی رۆژنامـەوانی پاکسـتانی کـە لـەوێ ئامـادەبوو، پرسـیاری لـە ئوسـامە سەبارەت بەبڕیاری بنەماڵەکەی لەبێ بەریکردنی، کرد.

بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە، "خوێن لەئاو بەهێزترە".

یوسـفزای پرسـیاری کـرد، "ئایـا تـۆ هێشـتا ملیـاردێری؟". ئوسامە حـەزی لەوشـەکاری بـوو، لەگەڵ میدیا ئاسودە دەبوو. ووتی، "دڵم دەوڵەمەندو میهرەبانە".

ئامێرەکانی فاکس دەیانتوانی وتارەکانی بڵاوبکەنەوە، کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی دەیتـوانی ئامـادەبوونو وتارەکـانی بگوازێتـەوە، بـەلآم ئوسـامە بـۆ چـالاکییە تایبەتـەکانی پێویسـتی بەتەلەفۆنێك هەبوو.

لە ١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٦دا، هەرکـە حەشارگە نوێیەکەی لەگـەڵ تالیبـان زامنکـرد، ئوسامە لـەرێگای ئۆفیسـەکەیەوە لـە لەنـدەن، تەلـەفۆنێکی سـورەییای مینـی-م ئنمارسـات، کـە

قەبارەکەی نزیکەی ئەوەندەی کۆمپیوتەرێکی لاپتۆپ بوو، کڕی. نرخەکەی نزیکەی پانزە هەزار دۆلار بوو. هەروەها ئۆفیسەکەی چەند هەزار خولەکێکی پریپەیدی بۆ کڕی. ئنمارسات وەك هاوپەیمانی حکومەتێك دەستی پێکردبوو، بەلآم بەم دواییانە زیاتر تایبەتو خۆماڵی کرا. مینی-م –ەکانی ئیریدیومیان لەبازاڕدا دابەزاندبوو، بەلآم بەشێوەیەکی جیاواز لەئیریدیوم، ئنمارسات ئامانجی بەشداربووی گشتی نەبوو. ئامێرە تەلەفۆنیەکانی بەشێوەیەکی سەرەتایی بۆ کارە بازرگانییەکان لەگەڵ شوێنە دوورەکانی کار داوادەکران. لەوانەیە ئەلقاعیدە لەبازاڕەکانیدا کۆمپانیایەکی باوەڕپێکراو نەبووبێت، بەلآم شوێنی جوگرافیایی بارەگاکانی لەشوێنە دوورە دەستەکانی ئەفگانستان، ئۆفیسە هەرێمییەکانی لە ئەفریقاو جیهانی عەرەبدا، لەگەڵ گونجاوی مینی-م دا دەگونجا.

تۆمارەکانی تەلەفۆنکردن لەمۆبایلەکەی ئوسامەوە ئەوە دەردەخات کە ئەو کەسێك بووە قسەی زۆر کردوە. ئەو ژمارانەی خۆیو هاوکارانی لەنێوان کۆتایی ساڵی ١٩٩٦و پایزی ساڵی ١٩٩٨دا پەیوەندییان پێوە کردبوون وێنای ئوسامەی پێکەوە لەگەڵ بلآوکەرەوە دوورە دەستەکانو هاوکارانی دارایی‌و سەرکردەی گروپە تیرۆریستیەکان گرێدەدا، دواتر لەناکاو بەبیری دەکەوتەوە کە پێویستە سلآوێك لەدایکی بکات. زۆرینەی پەیوەندییەکان بۆ بەریتانیا کرابوونو کە ٢٦٠ جار، بۆ ٢٧ ژمارەی جیاواز بوون لەو ولآتە. خۆی یان هاوکارەکانی زیاتر لە ٢٠٠ پەیوەندییان بۆ یەمەن، ١٣١ پەیوەندی بۆ سودان، ١٠٦ بۆ ئێران، ٦٧ بۆ ئازەربایجان، ٥٩ بۆ پاکستان، ٥٧ بۆ عەرەبستانی سعودی، ١٣ بۆ سەرنشینانی کەشتییەك لەزەریای هندی، هەروەها ٦ پەیوەندییان بۆ ولایەتە یەکگرتوەکان کردبوو.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٧ەوە، حکومەتی ئەمەریکا گوێی لێ گرتبوون. ئەفسەرێکی (CIA) لە ئەوروپا لەمانگی کانونی دووەم یان شوبات دەریخست کە سیستەمەکانی گوێگرتن لەلایەن ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەییەوە بەڕێوەدەبرێن (ئاژانسی هەواڵگری سەرەکی ئەمەریکا بۆ راگرتنی پەیوەندییەکان) ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییانەی ئنمارساتی هەڵدەگرت کە لە ئەفگانستانەوە دەکران. بەپێی پشکنینەکان، وادەرکەوت مۆبایلەکە هی ئوسامە بن لادن بووبێت، کە لەو کاتەدا بەئامانجێکی دیاریکراوی فەرمیی دەزگای هەواڵگری (CIA) دادەنرا. ئەفسەرێکی بەشی راپۆرتەکان لەدەزگای (CIA) بۆ دیاریکردنی شوێنی بن لادن لەکەنار شاری ڤێرجینیاوە هێڵکارییە گرێدراوەکانی بەپیشاندانی ژمارە تەلەفۆنەکان کە بن لادن پەیوەندی

پێوەکردبوون، هەروەها لەهەندێك باردا، ئەو ژمارە تەلەفۆنانەی کە پەیوەندیان بە ئەوەوە کردبوو، کێشا. بەڵام بەپێی مایکڵ شیوەر، کە دواتر یەکەی شوێندۆزینەوەی بن لادنی بەڕێوەدەبرد، (CIA) نەیتوانی ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی (NSA) بۆ ڕێگەپێدانی تۆمارە ڕێکەکانی پەیوەندییە راگیراوەکان فایل بکات. شیوەر توانی پێویستی راگرتنەکانی خۆی بۆ هەرێمەکە ڕێکبخات، بەڵام وەك شیوەر ئاشکرای کرد، ئەم سیستەمە دەیتوانی تەنها وتەی یەکێك لەو دوو کەسە لەگفتوگۆکانی بن لادندا وەربگرێت و تۆماربکات، ئەو لایەی پەیوەندییەکە کە لە ئەفگانستانەوە دەکرا. وێڕای ئەم سنوردارییە، بەدرێژایی ١٩٩٧و سەرەتای ١٩٩٨، پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی بن لادن کە لەرێگەی مانگی دەسکردەوە بوون، یەکەم نەخشەی جیهانی دروستی پشتپێبەستراوی مۆڵگەو شوێنی ئەلقاعیدەی بۆ (CIA) ئاشکرا کرد.

وادیاربوو بن لادن لەکاتی گفتوگۆکانیدا وشەو جفرەی نهێنی بەکاردەهێنا، بەڵام شیکردنەوەکان نەیاندەتوانی ماناکانیان بدۆزنەوە. لەکۆتاییدا، وەك تا ئێستا زانراوە (هەرگیز تۆمارە بەشەکییەکانی پەیوەندییەکان نەشاراونەتەوە)، دەزگای هەواڵگری زانیاری لەمۆبایلەکەی ئوسامە کۆکردەوە بەڵام ئەوەندە نەبوو ژیانی ئەوانەی کە لەیەکەم پەلاماری تیرۆریستیدا لەسەر دەستی ئەو کۆتای بە ژیانیان هات بپارێزێ.

بۆ ماوەی ساڵانێك، بەگەڕانەوە بۆ ئەو کاتەی لە سودان بوو، بن لادن سەرقاڵی ڕێکخستنی پلانێك بۆ تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکا لەرۆژهەڵاتی ئەفریقا بوو. لە ٧ی ئابی ساڵی ١٩٩٨دا، پاش زنجیرەی کۆتایی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان لەگەڵ بارەگای سەرەکی ئەفریقا، دوو لەپەیوەندییە ئەفریقییە نهێنییەکانی ئەلقاعیدە وەرگیرا. بارهەڵگرە بۆمبڕێژکراوەکان هەوڵی خۆ گەیاندنیان بەباڵیۆزخانەکانی ئەمەریکا لە نایرۆبی لە کینیاو دارلسەلام لە تانزانیا دەدا. خۆیان لەنزیك بیناکان تەقاندەوە، زیاتر لە ٢٢٥ کەسیان کوشت و هەزارانی تریشیان بریندارکرد.

ئوسامە مۆبایلە سورەیاکەی خۆی بۆ پەڕینەوە لەزەریای هندی و پێکانی ئامانجە ئەمەریکییەکان بۆ کۆنترۆڵی دوور بەکارهێنابوو. ئەوە نوێگەرییەك بوو لەتیرۆریزمی جیهانیدا کە وەك بن لادنێك لەغەریزەو ئەزموونەکانی خۆییەوە وەریگرتبوو: زڕبراکانی وەبەرهێنانیان لەتەلەفۆنی مانگی دەسکرددا لە واشنتن دەکرد، ئوسامەش هەمان تەکنەلۆجیای

بـۆ پـەلاماردانی باڵیۆزەکـانی واشـنتن لـەدەرەوە بـەکاردەهێنا. ئـەوەش دواجـار نـەبوو کـە تەکنەلۆجیا جولاوە جیهانییـەکانی ئاشنا بـە بنەماڵەکـەی وەك هۆکـارێکی داهێنـانی تـەکتیکی پشکنەر بەکاربهێنرێت.

لـەو مـانگی ئابـەدا، بـەناوی ریکخراوێکـی نەناسـراوی پێشـووەوە، بـن لادن بانگەشـەیەکی بەپرسـیارێتی بەفاکسـدا، لەرێگـەی ئۆفیسـی فاکسـی گرەیپڤـاینی بـاکوری لەندەنـەوە نـاردو بلاوکـردەوە، تیایـدا نوسـی: "بەپـەنای خـوای گـەورە، کـاتی ئـەوە هـاتووە چارەنوسـی رەشـی ئەمـەریکا وەك ئـەو چارەنوسـەی بەسـەر یـەکێتی سـۆڤیەتدا هـات، ببیـنین. بـێ ئومێـدیو شکستەکان یەك لەدوای یەك لەهەموو شوێنێك دوچاری ئەمـەریکا دەبێـت، گروپـە ئیسلامییە نوێیەکانیش یەك لەدوای یەك یەکدەگرنـەوە...

چەند هەفتەیەك پاش پەلامارەکەی ئەفریقا، سەرۆك بیلێ کلینتۆن هەندێ موشەکی کروزی هاویشتە ئوسامە. بەپێی بەڵگەی مۆبایلە چاودێریکراوەکەی ئوسامە، بەیارمـەتی دانپیانانـەکان لەلایەن ئەنجامدەرە زینـدانیکراوەکانی ئەلقاعیـدەوە، هـیچ گومانێـك لەبەرپرسـیارێتی ئوسـامە نەبوو سەبارەت بە تەقیتەوەکان. دەزگـای هـەواڵگری راهـاتبوو بیکـەن بـەئامانج بـۆ سـەلماندنی هەڵەکـەی، هەرچـەندە موشـەکەکان لەدۆزینـەوەی سـەرنەکەوتن، بـەڵام ئوسـامە هەسـتیکرد ئەگـەری ئـەوە هەیـە مۆبایلـە سـورەیاکەی وەك هۆکارێـك بـۆ دۆزینـەوەی شـوێنەکەی بەکارهێنرابێت، دایخستو هەرگیز جارێکی تر بەکارینەهێنایەوە.

کاردانەوەی پەلامارە موشەکییەکە دەسبەجێ پرۆفایلی جیهانی ئوسامەی بـەرزکردەوە. وەك کەسێکی گرنگی بەئاگای سەربازی بەهێزترین سەرکردەی سیاسـی لەسـەر ئـەم هەسارەیە دانـی پیـادانرا. لـەو مـانگی ئابـەدا، کـۆنگرە رۆژنامەوانییـە تەلەفزیۆنییـەکان لـە واشـنتن لەلایـەن بەرپرسانی ئیـدارەی کلینتـۆنو جەنەراڵە بەرپرسـیارەکان لەهاویشتنی موشـەك بەسـتران، کـە تیایدا ناوی بن لادنیان بەو جەماوەرە زۆرە کە هەرگیز هیچیان لەبارەیەوە نەبیستبوو، ناساند. موسوڵمانان لە پاکستان بۆ ستایشی سەرکردایەتی ئوسـامە کۆبونـەوەی جـەماوەریان سـازدەکرد، هەروەها روخسارە ریشنەکەی لەسەر تیشێرتو پۆستەرەکان دەردەکەوت.

کاتی دەسپێکی دەرکەوتنی جیهانیی ئوسامە، ئیریدیوم تەنها چـەند هەفتەیـەك بـوو دەسـتی بەخزمەتگوزاریە تەلەفۆنییەکەی کردبوو. توتلی راوێژکاری گشـتی، بـەئاماژە بـۆ بـن لادنـەکان، ئاشکرای کرد، "ئەوە لەناکاو لەهەمووماندا روویدا کە یەکێك لـەم کەسانە لەئەنجومەنەکەمانـدا

لەگەڵمان بووە". بەڕێوەبەرانی ئیریدیوم بەپەلە هەوڵی توێژینەوەیان لەبارەی بنەماڵەی بن لادنەوە دا. زانیاریان دەربارەی ئوسامەو حەسەن بە "ڕێگایەکی شکۆمەندو لێزانانە" بەدەستهێنا. دڵنیای کردنەوە کە ئوسامە دوورخراوەتەوە. بەڕێوەبەرانی ئیریدیوم بڕیاریاندا هیچ لێدوانێکی فەرمی نەدەن، نەیانویست هەڵوێستی خۆیان لەساتەوەختێکی وادا ئاشکرابکەن، بەهۆی ئەو پێنج ملیار دۆلارە بارمتەیەوە لەوەبەرهێنانەکاندا بوو. کاتێك راپۆرت نووسەکان پەیوەندیان کرد، ووتەبێژێکی ئافرەت رایگەیاند کە ئوسامە لەبنەماڵەکەی‌و کارەکانی دوورخراوەتەوە.

بەڕێوەبەرانی ئیریدیوم دەسبەجێ دووچاری گرفتی تر هاتن‌و تووشی نیگەرانی بوون. کاتێك تەلەفۆنەکانی کۆمپانیاکە کەوتنە بازارەوە. دەرکەوت کە داهاتوی ئیریدیوم دروستنەکرابوو بۆ گۆڕینی جیهان بەڵکو بۆ ئەوەی وەك یەکێك لە مایەپوچییە سەرسوڕهێنەرەکان لەمێژووی کارو بازرگانی ئەم دواییەدا تۆماربکرێت.

کۆمپانیاکە کێشەی نرخیان بەهەڵە هەڵسەنگاندبوو. لەخستنە بازاڕی خزمەتگوزارییەکەی زۆر هێواش بوو، زیاتر لەدە ساڵ لەنێوان بیرۆکەو دەسبەکاربووندا تێپەڕیبوو کە خزمەتگوزاری هێڵی تەلەفۆنیی‌و تۆڕی ئەنتەرنێتی بۆ پێش خستنی بیرۆکە سەرەتاییەکەی دەستی پێکرد. ئیریدیوم توانی تەنها نزیکەی پەنجاو پێنج هەزار کەس لەکڕینی ئامێری مۆبایلەکان‌و بەشداریکردنی خزمەتگوزارییەکەی قایل بکات، کە نزیکەی یەك لەسەر دەی ژمارەی پێویست بوو. سەرەنجام مۆتۆرۆلا بەسەریەکەوە زیاتر لە دوو ملیارو نیو دۆلاری لەدەستدا. لەساڵی ١٩٩٩دا، ئیریدیوم توشی مایەپووچی بوو. وەبەرهێنە سەرەکییەکانی، لەناویشیاندا بن لادنەکان، هەموو سەرمایەکانیان لەدەستدا.

مانگە دەسکردەکانی کۆمپانیاکە لەبارێکی ترسناکی کەوتنەخوارەوە لەئاسمان‌و سوتان لەناو بەرگە هەواییەکانی زەویدا بوون. بۆ ڕێگرتن لەمە، پەنتاگۆن گرێبەستێکی بۆ پێدانی بڕی سێ ملیۆن دۆلار مانگانە بۆ خزمەتگوزاری تەلەفۆنی ئیریدیوم، بۆ یارمەتیدانی بەردەوامی کارکردنی سیستەمەکە، واژۆکرد. ووتەبێژێکی پەنتاگۆن روونی کردەوە کە تۆڕێکی تەلەفۆنی جیهانی هەندێك سودی سەربازی نایابی پێشکەشکردووە. ووتەبێژەکە رایگەیاند، "ئیریدیوم خزمەتگوزاری بۆ هەندێك ناوچەی جیهان کە زۆر خزمەتکراوە، دابین دەکات". هەروەها

ئەوەشـی ڕاگەیانـد، بـۆ هێـزە چـەکدارە ئەمەریکییـەکان، شـوێن‌و ئاسایشـی تۆڕەکـە "هەنـدێك کاریگەری کرداری هەیە".

بۆیان ئاشکرا بوو، بەڵام بـەخێرایی نـا، کـە ئوسـامە بـن لادن خـۆی وەك دوژمنێکـی فـەرمی ولایەتـە یـەکگرتووەکان ئاشـکراکردووە. حکومـەتی ئەمـەریکا زانیاریـەکی زۆر کـەمی دەربـارەی خۆی‌و بنەماڵەکەی دەزانی، بەڵام هەنـدێك لـەو زانیارییـە ئاسـت بەرزانـەی کـە هـەیبوو، هەڵە بوون. دەرکەوت لێکۆڵینەوە لە بن لادنەکان، تەنانەت بۆ (CIA)یش کارێکی ترسناك‌و ئاڵۆزە.

## ٣٤- پارێزەرەکان و پارەو چەکەکان

دانیاڵ کۆڵمان بریکارێکی نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی (FBI) بوو، لەئازاری ١٩٩٦دا بۆ بەجێهێنانی کارێك گەیشتە یەکەی (CIA) بن لادن. سی ئای ئەی‌و ئێف بی ئای کەوتنەخۆ بۆ پەرەپێدانی هەماهەنگیەکانیان. لەبەر ئەزموونی پێشووی لەلێکۆڵینەوە هەواڵگریەکاندا، کۆڵمان کرابووە هەواڵگرێکی ئاسایی. ئەو پیاوێکی زلەی قسەلەڕوو بوو کەزۆربەی ژیانی لە نیویۆرك‌و نیوجێرسی بەسەربردبوو. ئەو کاتە یەکەی بن لادن دەکەوتە ئۆفیسێکی بینایەکەی قەراغ شار لە باکووری ڤێرجینیا. هەرکە کۆڵمان تێیدا جێگیر بوو، خۆی هەڵکێشا لەخوێندنەوەی ئەوەی کەبزانێت مەبەست چیە لە "فایلی ٢٠١" لە سی ئای ئەی دا کەجۆرێکە لەمێژووی کەیسەکان. فایلی ٢٠١ی بن لادن خۆی دەدا لە ٣٦ بەرگ، هەرچەندە هەندێکیان دووبارەبونەوەی تێدا بوو. سەرنجڕاکێشانە، کۆڵمان تێبینی ئەوەی کرد کەتاکە تۆمارێکی نوسراوی تێدانییە لەبەشداریکردنی ئوسامە بن لادن لەجەنگی ئەفگانی دژی سۆڤیەتی ساڵی هەشتاکان، ئەو ململانێیەی کە CIA رۆڵی بەرچاوی تێدا گێڕا بوو.

ئەفسەرەکانی CIA لەبنکە هەواڵگریەکەیان لە خەرتوم زانیاریان دەربارەی ئوسامە کۆکردبوەوە، فایلەکانیان بەزۆری لەنێوان ساڵانی ١٩٩٣ بۆ ١٩٩٥ کەڵەکە کردبوو کەزانیاری تێروتەسەلیان دەربارەی حسابە بانکیەکانی بن لادن لە سودان‌و دوبەی‌و کارە بازرگانیەکانی سعودیەو کێڵگەکان‌و لیستی ئامێرەکانی تێدا بوو. لەدەستپێکی هاوینی ١٩٩٦ ەوە دوو سیخوڕ کەکاریان بۆ بن لادن کردبوو هەروەها خۆبەخشانە یارمەتی ئەمەریکایان دەدا، زانیاری بەرچاویان زیاد کرد. یەکێك لەوانە جەمال ئەلفەزل بوو کە باسی دروستبوون‌و مێژووی قاعیدەی کردبوو ئەمەش یەکەمجار بوو کەسێك لەحکومەتی ئەمەریکادا ئەو ناوەی بیستبێت.

ئەو بڕە پارەیەی CIA لەحسابە بانکەکانی ئوسامەدا دۆزیبویەوە زۆر نەبوو، بەڵام هیچ نەبێ بەهۆیەوە زانییان لەکوێ هەندێك لەپارەکانی دانابوو. وادادەنرا بڕی گەورەتری لەحساباتەکانی تردا شاردبێتەوە کەڕێی تێدەچوو لە ئەوروپا بێت‌و تا ئەو کاتە بەنهێنی مابوونەوە. شیکارەکانی CIA ئەوەیان دانابوو کە ئوسامە خۆی زۆر دەوڵەمەندە لەئەنجامی

ئەو میراتییەی بۆی مابوەوە. لەگەڵ ئەوەشدا تا ساڵی ١٩٩٦ هیچ کەس لەحکومەتی ئەمەریکادا هەوڵی ئەوەی نەدابوو بەقوڵی لێکۆڵینەوەو پرسیاری بنەڕەتی دەربارەی دەوڵەمەندیەکەی ئوسامە بکات، بۆ نمونە: چەند پارەی کاشی لەباوکیەوە بۆ مابوەوە؟ چەند داهاتی لەکارە بازرگانیەکانی بن لادنەوە پێگەیشتبوو؟ ئایا بەڕاستی بنەماڵەکەی بێ بەرییان کردبوو؟ ئەگەر تا ئەو کاتە لە عەرەبستانی سعودیەوە هاوکاری پێ دەگەیشت، لەکوێوە بۆی دەهات؟ چەند پارەی کاشی دانابوو؟

ئەنتۆنی لەیك راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی سەرۆك کلینتۆن، لەماوەی یەکەم وەرزی سەرۆکایەتی کلینتۆندا داوای دروستکردنی یەکەیەکی تایبەتی بۆ شوێنکەوتنی بن لادن کردبوو لە CIAدا. لەیك خەمی هەڕەشەی دابینکردنی پارەی تیرۆریستە نێودەوڵەتییەکانی لەلایەن بن لادنەوە دەخوارد. لەسەرەتادا بەیەکەکە دەوترا CTC-TFL کە بەمانای سەنتەری بەگژداچونەوەی تیرۆریستو ئەڵقە داراییەکانی تیرۆریست دەهات. لەو کاتەی دانیاڵ کۆڵمان گەیشت، سەرۆکی ئەو سەنتەرە مایکڵ سکیوەر بوو کە شیکارێکی هەواڵگری CIA و کەسێکی کەللە رەقو شەڕانگێز بوو، کە لەهەشتاکاندا شوێن نهێنیەکانی جەنگی ئەفگان کەوتبوو.

سکیوەر گومانی هەبوو سەبارەت بەبەهای لێکۆڵینەوەی دارایی تیرۆریستی وەك لەئەنجامدانی لایەنەکانی تری لێکۆڵینەوە یان کاری پەنهانی، وورده وورده گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە شوێن پارەکەوتن زۆر شت دەربارەی نیازو پلانی ئوسامە دەرناخات بۆ هێرشە بەزەبرەکانی. لەگەڵ ئەوەشدا لەنیوەی دووەمی ساڵی ١٩٩٦دا، سکیوەرو کۆڵمان بڕیاریاندا لێکۆڵینەوە بکەن کە ئایا چەند ئەندامی بنەماڵەی بن لادن لە ئەمەریکادایەو چی دەکەنو چۆن لە ئوسامە دەڕوانن. لەڕێی چاوپێکەوتنی فەرمیەوە، پێیان وابوو کەڕەنگە شتێکی بەکەڵك دەربارەی پاڵنەرو سامانی ئوسامە بزانن. لەچەندین باردا CIA لەلایەن یاساوە لێی قەدەغە بوو تا لەناوخۆی ئەمەریکادا هەواڵگری کۆبکاتەوە چونکە ئەوە کاری FBI بوو، لەبەرئەوە کۆڵمان ئەرکەکەی گرتە ئەستۆ بۆ خڕکردنەوەی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ بن لادنەکاندا.

کۆڵمانو بریکارێکی تری ئۆفیسی FBI ی واشنتۆن بۆ سەردانی فیلیپ گریفن کە دیبلۆماتێکی پێشووی وەزارەتی دەرەوە بوو لەوکاتەدا ئۆفیسی بن لادنی لەدەرەوەی ماریلاند

بەڕێوەدەبرد، ڕۆیشتن. کۆڵمان هەستیکرد کەدانیشتنەکە زۆر سودی نەبوو: "وانەیەکمان وەرگرت لەوەی کە بنەماڵەی بن لادن چەند چاك‌و بەڕێز بوون". بۆ جاری دووەم کۆڵمان گەڕایەوە بۆ ڕۆکڤیڵ‌و داوای لە گریفن کرد کە ئەگەر بکرێت چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەکر بن لادندا بۆ ڕێکبخات لەبەرئەوەی لەوکاتەدا سەرۆکی خێزانەکە بوو هەروەها زۆریشی دەزانی دەربارەی رابردوو توانا داراییەکانی ئوسامە. گریفن پێی رایگەیاند کەوا بەکر بەدەگمەن سەردانی ئەمەریکا دەکات، پێشنیاری ئەوەی کرد باشتر وایە FBI سەرنج بخاتە سەر براکانی تری وەك حەسان‌و شەفیق لەبەرئەوەی رۆڵی باڵایان هەیە لەکۆمپانیاکەداو زۆربەی کاتیان لەڕۆژئاوا بەسەر دەبرد.

کاتێك بەکر زانی FBI دەیەوێت زانیاری لەسەر خێزانەکە دەست بکەوێت بەپەلە کەوتە خۆی‌و لە جەددە چەند کۆبونەوەیەکی کرد بەوەی کەچۆن وەڵام بدەنەوە، لەئەنجامدا بەکر بە گریفنی ووت کەوا نابێت رۆڵی نوێنەرایەتی خێزانەکە بگێڕێت لەگەڵ FBI دا. بەکر پەیوەندی بە جەیمس بەیکەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کردو داوای ئامۆژگاری لەدەزگای یاسایی بەیکەر کرد بەناوی بەیکەر بۆتس(Baker Botts)، کوڕەکەی جیم بەیکەر کە پارێزەرێکی پلە بەرز بوو، ئۆفیسی دەزگاکەی لە واشنتۆن بەڕێوە دەبرد. هەروەها بەکر دەزگای یاسایی وۆڵ ستریتی Wall Street Firm ی سەربە سولیڤان ئاند کرۆموێل Sullivan & Cromwell ی بەکرێ گرت کەهەندێك لەموشتەریەکانی بریتی بوون لە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت‌و بانکی وەبەرهێنانی گۆڵدمان ساکس Goldman Sachs.

لە ١٧ی نیسانی ١٩٩٧دا، دانیاڵ کۆڵمان گەیشتە ئۆفیسەکانی واشنتۆنی سولیڤان ئاند کرۆموێڵ بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ شەفیق‌و حەسان بن لادن‌و لەژوورێکی کۆنفرانسدا کۆبونەوە. ئەوکاتەی کۆڵمان خەریکی پرسیارکردن بوو، بریکارێکی تر خەریکی نوسینی تێبینی بوو. پاش ئەنجامدانی چاوپێکەوتن بۆ FBI بەدرێژایی چەند ساڵێك، کۆڵمان هاتبووە سەر ئەو بڕوایەی کە بەباشترین ڕێگە لەحاڵەتێکی وەك ئەمەدا ئەوەیە کە تابکرێت نافەرمییانە بێت، بۆ نمونە کەسێك نەبێت کەقسەکانی چاوپێکەوتنەکە بنوسێتەوە، هەروەها کاغەزی یاسایی بەدەستیەوە نەگرێت لەگەڵ کۆمەڵە پرسیارێکی نوسراودا. دەیزانی کە بن لادنەکان هەست بە مەراق‌و پەشۆکی‌و لەحاڵەتی بەرگری دادەبن، ئەمیش دەیویست هەست بەئارامی بکەن. وا لای پەسەند بوو کە "گفتگۆیەکی ڕێك‌و پێك" ڕێکبخات، گفتوگۆیەك کە بۆی دەربکەوێت کە "ئەو پیاوە

حەز بەباسکردنی چی دەکات"و پاشان وورده وورده هەوڵبدات متمانەی دوولایەنە دروست بکات.

پارێزەری بن لادنە براکان، ریچارد جەی ئورۆسکای بوو کەدەرچووی قوتابخانەی یالّ ی یاسایی بوو، هەروەها پلەبەرزێکی سولیڤان ئاند کرۆموێل بوو کە لەدادگەریدا پسپۆڕ بوو. لەگەڵ ئورۆسکایدا دوو پارێزەری تری سولیڤان ئامادە بوون. چاوپێکەوتنەکە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاندو لانی کەم دەرزەنێك بابەتی وروژاند، وەك : شێوەو پێشینەی بنەماڵەی بن لادن، پەیوەندی ئوسامە لەگەڵ خوشكو برا زڕەکانیدا، ژمارەی ئەو بن لادنانەی لە ئەمەریکا بوون، هەروەها بابەتەکانی میراتی. بەبێ هەڵشاخان بەڕووی یەکتریدا کەش‌وهەواکە لەژێر رکێفدا بوو. شەفیقو حەسان وەڵامی پرسیارەکانیان دەدایەوە بەبێ پیاهەڵشاخانو زۆربلێیی. دەربارەی بابەتی سامانی ئوسامە، بەبریکارەکانی FBI یان راگەیاند کەوا پارەو موچەو میراتیەکانی ئوسامە خۆی دەدا لەملیۆنەها دۆلار بەلام نەدەگەیشتە سەدەها ملیۆن. سەرەڕای ئەوە، ئاشکرا نیە کە ئایا براکان چەند وورد بوون دەربارەی ژمارەکان لەماوەی ئەم چاوپێکەوتنە سەرەتاییەدا.

کۆڵمان درکی بەوەکرد کە ئورۆسکای وا سەرپەرشتی چاوپێکەوتنەکەی کرد وەك ئەوەی بەردەستەکانی گومانلێکراوی تاوان بن، کەوا نەبوون. کۆڵمان هەوڵیدا ئەوە روون بکاتەوە کەمەبەست لەمە بەڕووی یەکداهەڵشاخان نەبوو، بەلام هەستی کرد کە ئورۆسکای پێی دەبڕێتو ناهێڵێت ئەو کەشە دروست بکات کە دەیزانی بۆ ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە لەبارە.

دوای چاوپێکەوتنەکەی واشنتۆن، عەبدوڵا بن لادنی زڕبرای ئوسامە وەك خوێندکارێکی دەرچووی کاروباری یاسایی لە زانکۆی هارڤارد وەرگیرا، تەلەفونێکی لەبریکارێکی تری FBI یەوە بۆکرا کەدەیویست چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکات. هەروەها ئەو بن لادنانەی تریش کە بە ئەمەریکادا پەرش‌و بلاو بوبونەوە، لەبریکارەکانی ئۆفیسە ناوخۆییەکانی FBI یەوە داوای چاوپێکەوتنیان لێ دەکرا. ئەم شێوازی لێك نزیکبونەوەیە لەبەرژەوەندی کۆڵمان نەبوو. ئۆفیسە جۆراوجۆرەکانی FBI پێشبڕکێیان دەکرد بۆ چاوپێکەوتنی ئەو بن لادنانەی لە ئەمەریکادا نیشتەجێ بوون بەمەبەستی زانیاری وەرگرتن لەسەر ئوسامە.

ئورۆسکای تەلەفونی بۆ کۆڵمان کرد بۆ ئامادەکردنی راپۆرت لەسەر تازەترین چاوپێکەوتن، هەروەها چاوپێکەوتنەکەیان لەگەڵ عەبدوڵا بن لادن رێکخست لەئۆفیسی بۆستن ی سولیڤان

ئاند کرۆموێل. دوو بریکار چوونە لای کۆڵمان. ئورۆسکای دیسانەوە لەوێ بوو، کۆڵمان هەستی دەکرد کارەکە "زۆر بێ تام بوو". لەخاڵێکدا ئورۆسکای کۆڵمانی تۆمەتبارکرد بەشێواندنی ئەوەی شەفیقو حەسان لەچاوپێکەوتنەکەی واشنتۆندا رایانگەیاند. ئەوەی کۆڵمان دەبوایە بیکردایە ئەوە بوو کە خۆی بەدوور بگرێت لەخۆهەڵدانە سەر مێزی کۆنفرانسەکەو پێ بڕینی ئورۆسکای. کۆڵمان گێڕایەوە کە "ئەو برادەرانەی وەك ئەون پێیان وایە دەتوانن بەهەمان شێوەی دادگا قسە لەگەڵ خەڵك بکەن، بەڵام لەگەڵ مندا ناتوانن، ئەو تەنها لوتبەرزێکی خوێڕییە". کۆڵمان باش دەیزانی کەچیتر زڕبراکان پەیوەندیان بە ئوسامەوە نەمابوو. "تەنها هەوڵی ئەوەم دەدا کەبزانم کێ هەیە لە بنەماڵەکەیدا، تەنها پێویستم بەکەسێك بوو کەپێم بڵێت کێ کێیەو هەر ئەوەندە"، بەڵام بۆی دەرکەوت ئەوە مەحاڵە هەوڵی تێپەڕاندنی ئەو دۆخە بدات بەهۆی رێگری پارێزەرەکانیانەوە.

بەپێی سکیوەر، دوای ئەم چاوپێکەوتنە سەرەتاییانە، پارێزەرەکانی بن لادنەکان پەیوەندییان بە کەسە ئاستباڵاکانی FBI ەوە کردو پێیان ووتن "ئێوە ناتوانن بەو شێوەیە گوفتار لەگەڵ بن لادنەکاندا بکەن". سکیوەر رایگەیاند هۆکارێك بۆ ئەوە، ئەوە بوو هەندێك لەئەندامانی بنەماڵەی بن لادن لەلایەن حکومەتی سعودیەوە پاسپۆرتی دیبلۆماتییان بۆ دەرهێنرا بوو، بەو مانایەی کە بەهیچ جۆرێك ناکرێت ببنە بابەتێکی یاسای ئەمەریکیو لەژێر بنەمای حەسانەی دیپلۆماتیدا چێژیان لە ئیمتیازاتە دوولایەنەکان دەبینی کەلە هەردوولاوە ئەو دیبلۆماتکارانەی دەپاراست کاری متمانەپێکراویان ئەنجام دەدا. ژمارەی ئەو بن لادنانەی پاسپۆرتی دیپلۆماتیان بۆ دەرهێنرا بوو نەدەزانرا چەند بوون، کۆڵمان رایگەیاند ژمارەیەکی کەمیان ئەو پاسپۆرتەیان هەبوو، ئەوانی تر هەڵگری پاسپۆرتی ئاسایی بوون. بەهەرحاڵ، وەك سکیوەر لەیادیەتی ئەو پەیامەی کە لە لویس فری بەڕێوەبەری FBI ەوە پێیگەیشت روونو ئاشکرا بوو، تیایدا هاتبوو: چیتر لەو قسە بێ فەرمانەم ناوێت. سکیوەر بەدەمەبۆڵەوە وەڵامی دایەوە:"باشە، گوێ بگرە، ئەم برادەرانە پەیوەندییان پێوەی هەیە، ئەوە بنەماڵەیەکی گەورەیە، ئەوە پارەیەکی زۆرەو گومانمان هەیە کەوا هەندێك لەم پیاوانە یارمەتی ئوسامە دەدەن". لەبەرامبەردا پێی راگەیەنرا "نا، پێویستمان بەم جۆرە کێشەیە نیە".

پەستیو توڕەیی سکیوەر بەردەوام لەکەڵەکەبووندا بوو. ئەو ئوسامەی وەك دوژمنێکی مەترسیداری ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی دەبینی بەتایبەتی میسر، هەروەها هەستیکرد کەسەرپەرشتیارەکانی لە CIAو کۆشکی سپی مەبەستیان نەبوو مەترسی بگرنە بەر بۆ تێکدانی مەرامە توندوتیژە روو لەزیادبوەکانی بن لادن. سەرپەرشتیارەکانی لەلایەن خۆیانەوە سکیوەریان وەك شیکەرەوەیەكو ئەنجامدانی کاری گرانو پەیوەست بەکارەکەیەوە دەبینی، بەلاّم بەلایانەوە کەسێك بوو کەشارەزاییو کاملبونی نەبوو بۆ راپەڕاندنی ئۆپراسیۆنی مەترسیداری مەیدانیو هەروەها کەسایەتیەکی ئەوەندە شەڕئامێزی هەبوو کەزیانی لەکارەکانی خودی خۆی دابوو بەزویرکردنی زۆرێك لەو کەسانەی کاری بۆ کردبوون.

سکیوەر پێشنیازی ژمارەیەك کاری هەوالگریو پلانی نهێنی کرد بەمەبەستی پێکانی پارەو کارە بازرگانیەکانی ئوسامە، بەلاّم هەموویان رەتکرانەوە یان لەباربران. لە کارێکدا، یەکەکەی سکیوەر کەوتنەخۆ بۆ بەکرێگرتنی بریکارێك لە سویسرا کەبتوانێت کۆدی تایبەتی پێویست بەدەست بهێنێت تابەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی دزە بکاتە ناو بانکەکانی جنێڤو زیورخەوە تابگەڕێت بەشوێن حساباتە دانراوەکانی ئوسامەدا. هەردوو کەرتی ئەورووپای CIAو وەزارەتی دارایی ئەو کارەیان رەتکردەوە، وەزارەتی دارایی لەسەر ئەو بنەمایە رەتیکردەوە کەئۆپراسیۆنێکی سەرکەوتوی لەو بابەتە دەبێتە هۆی کەمبونەوەی متمانە لەسیستەمی بانککردنی جیهاندا. هەروەها سکیوەر پێشنیاری کارێکی کرد بۆ دزینی رێژەیەکی کەمی ئەو پارەزانراوەی کە لەحسابەکانی سودانو دوبەیدا بوون، بەلاّم ئەمجارەش وەزارەتی دارایی رەتیکردەوە. بەگوێرەی سکیوەر ئەوان ووتیان "بەلێ، ئەوە پارەیەکی رەشە، ئەوە خراپە کە بن لادن پارەی هەبێت، بەلاّم ئەگەر ئەورووپیەکان بزانن کەوا ئێمە ئەو توانایەمان هەیە ئەوا بەدڵیان نابێت، هەروەها پاشەکشە لەسیستەمی ئابووریدا دێتە ئاراوە".

پاشان سکیوەر هەوڵیدا ئەو بانکە ئیسلامیانە بکاتە ئامانج کە گوایە بن لادن کاری بازرگانی تێدا کردبێت، بەلاّم بۆی دەرکەوت ئەم بانکانە جاروبار لەڕێی نیویۆرکەوە پارەیان بۆ رەوانە دەکرێت، هەروەها وەزارەتی دارایش مشتو مڕی ئەوەی کرد کەناکرێت بکرێنە ئامانج. لەکۆتاییدا، دوای ئەوەی ئوسامە رۆشتبووە ئەفگانستان، سکیوەر رایگەیاند کە یەکەکەی پێشنیازی ئەوەیان بۆ کردبوو:"باشە، با بەرێگە کۆنەکە ئەنجامی بدەین: با ئەو زۆلانە بسوتێنین". سکیوەر پێشنیازی ئەوەی کرد کە بەپەنهانی یەکێك لەو بانکە سودانیانە بسوتێنن

کەهێشتا پارەی ئوسامەی تێدا بوو. CIA نەیتوانی گەرەنتی بکات کە ئایا هیچ هاوڵاتییەکی ئەمەریکی پارەی لەو بانکەدا هەڵگرتبوو یان نا، لەبەرئەوە ئەو پلانەش شکستی هێنا. سکیوەر پێشنیازێکی بەجیا کرد بۆ سوتاندنی یان تێکدانی هەموو ئەو ئامێرانەی لەکێڵگە گەورەکەی ئوسامەدا بوون لەنزیك سنووری ئەسیوپیا، بەپێی ووتەی خۆی، ئەوەش رەتکرایەوە. لەکۆتایداو دوای زیاتر لە چوار ساڵ لە"هەوڵی بێ ئەنجامو لە هەمان کاتدا مەترسیدار"، سکیوەر هیچ شتێکی نەبوو تا بیخاتە روو. هێشتا ئوسامە خاوەن پارە بوو، هێشتا CIA دڵنیا نەبوو لەوەی چەندی هەیە".

تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ئەفریقا ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئوسامە زۆر لەکەسێکی رادیکاڵی دەوڵەمەند زیاترە کە ووتارو هۆنراوەی هەڕەشەئامێزی دەنووسیو جاروباریش بەخشیشی دارایی بۆ هاوپەیمانە جیهادکارە توندە میسریو ئاسیاییەکانی ناوەڕاست دابین دەکرد. لەو کاتەدا رێکخراوێکی دروستکردبوو کە لەژێر سەرکردایەتی راوستەوخۆی خۆیدا بوو جەنگیشی راگەیاندبوو دژی ئەمەریکاو توانای جێبەجێکردنی هێرشی ووردی هەبوو بۆ ئەوسەری ئۆقیانوسەکان. تێگەیشتنی ئوسامە لە ئەمەریکا پچڕ پچڕو شێواو بوو، تێگەیشتنی ئەمەریکاش سەبارەت بە ئەو بەهەمان شێوە بوو. لەو کەشە ناوازەیەی دوای تەقاندنەوەکانی ئەفریقا هاتە کایەوە، ئەمەریکا هەوڵەکانی نوێکردەوە بۆ کۆکردنەوەی هەواڵگری دەربارەی ژیانو داراییو پەیوەندی ئوسامە لەگەڵ بنەماڵەی بن لادندا.

لەهاوینی ١٩٩٨دا باڵیۆزی ئەمەریکا لەعەرەبستانی سعودی ویچ فۆوڵەر جەی ئاڕ بوو کە سیناتۆرێکی دیموکراتی پێشووی خەڵکی جۆرجیا بوو. ئەو لەنزیکەوە کاری لەگەڵ جۆن برێنای بەرپرسی کەرتیCIA ی عەرەبستانی سعودیە دەکرد کە ئەفسەرێکی کۆن بوو لاجانەکانی ماشو برنجی بوونو هەڵسوکەوتی دیپلۆماسیانە بوو. لەو سەردەمەی هێرشەکانی ئەفریقادا، بن لادن بۆ چەند ساڵێك بوو لێدوانەکانی لەناوەوەو دەرەوەدا لەژێر چاودێری باڵیۆزخانەی ریازدا بوو. هەندێك لەوانە راپۆرتی رۆتینی بوون کەبریتی بوون لەوەرگێڕانی چاوپێکەوتنەکانی ئوسامە لەکەناڵە عەرەبیەکاندا یان لەڕاگەیاندنە عەرەبیەکاندا. جاروبار فۆوڵەر یان برێنا گفتوگۆی مەسەلەی بن لادنیان لەگەڵ شازادە باڵاکانی خانەوادەی شاهانەدا دەکرد، بەڵام ئەمانە هەردەم گفتوگۆی گشتی بوون کەتیایدا سعودیەکان جەختیان لەسەر

تەواوپچڕانی پەیوەندیو حاشالێکردنی ئەو پیاوەی خۆیان دەکردەوە کەمافی هاووڵاتی بونیشی لێ سەندرابووەوە.

دوای شەش هەفتە لەهێرشەکانی ئەفریقا، فۆوڵەرو بێرنا داوای چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ بەکردا کرد لە عەرەبستانی سعودیە، ئەویش رازی بوو. بەکر بەبێ هیچ پارێزەرێك بۆ چاوپێکەوتنەکە رۆشت. وادیار بوو پەرۆش بێت تا حکومەتی ئەمەریکا دڵنیابکاتەوە کە ئوسامە هیچ لایەنگریەکی لە خێزانەکەیدا نیە. بەکر رایگەیاند کە بن لادنەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە ئوسامەوە نیەو چەندساڵێك لەوەوبەر بێ بەری کراوەو ئەوانیش هەست بەشەرمەزاریو داخو پەژارە دەکەن بۆ توندوتیژیەکانی ئەو دواییەی.

ئەمەریکیەکان بە بەکریان ووت کەوا ئێستا ئوسامە بەشێوەیەکی فەرمی لەژێر یاسای ئەمەریکادا بەتاوان تۆمەتبارکراوە. لەبەرامبەریشدا ئەمەریکا هەوڵی دەستگیرکردنی دەدات لە ئەفگانستان. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش، روونیان کردەوە کەوا داوای یارمەتی لە بنەماڵەی بن لادن دەکەن. لەنێو شتەکانی تریشدا پێویستیان بەزانینی پێشینەی دارایی ئوسامەو سەروەتو سامانەکەی بوو کە لەوکاتەدا هەیبوو.

فۆوڵەر بەڕاستەوخۆی ووتی "سەرۆك کلینتۆن رایسپاردوم داوای یارمەتی لەئێوە بکەم".

بەکر رایگەیاند کەهاوکاریان دەکاتو بەئەمەریکیەکانی ووت کەبچنە لای یەحیای زڕبرای، کەئەوکات بەرپرسی بەڕێوەبردنی کارە بازرگانییە سەرەکیەکانی بن لادن بوو. سەبارەت بە کاروباری دارایی بەکر روونیکردەوە کە ئۆفیسی بنەماڵەکەیان لە لەندەن زۆربەی ئەو تۆمارە گرنگانەی لایە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە حساباتو وەبەرهێنانە نێودەوڵەتیەکانەوە هەبوو. پێی ووتن شەفیق بن لادن چاودێری ئۆفیسەکە دەکاتو دەتوانێت وەڵامی هەر پرسیارێك بداتەوە کە حکومەتی ئەمەریکی هەیبێت.

تێڕوانینی بەکر بۆ ئوسامە کە لەماوەی ئەم چاوپێکەوتنەو گفتوگۆ ناوبەناوەکانی لەگەڵ کاربەدەستە ئەمەریکیەکاندا خستبویە روو ئەوەبوو کەزڕبراکەی شتێکی چاوەڕواننەکراوو بێ باکانەی ئەنجامداوە. بەکر رایگەیاند کە توندوتیژیەکەی ئوسامە لەچەند لایەنێکەوە سەری سوڕماندووە، لەبەرئەوەی ئوسامە وەك پیاوێکی گەنج هەمیشە وەك کەسێکی بیرتیژو پەرتوکخوێن دەرکەوتوەو بێگومان زۆر شەرمنیش بوو. لەڕاستیدا ئوسامە وەك پیاوێکی گەنج

هەرگیز بیروباوەڕی بەهێزی سیاسی دەرنەبڕی بوو، تەنانەت ئەوکاتەی لە ئەفگانستان کەسێکی چالاکیش بوو.

ئەو بەرپرسە ئەمەریکیانەی لە عەرەبستانی سعودی بوونو جاروبار سەردانی بن لادنەکانیان دەکرد، دەیانبینی بڕا پلەبەرزەکانی دەوروبەری بەکر تاڕادەیەك لەڕووی کلتوریەوە نەریتپارێز بوون. بۆ نمونە ئاهەنگەکانیان لەخانووی تایبەتی لە جەددە دەگێڕاو بن لادنەکان بەپێچەوانەی هەندێك لەخێزانە بازرگانە سعودیەکان، خواردنەوەی کحولیان پێشکەش میوانە رۆژئاواییەکان نەدەکردو بەتوندی وابەستەی نوێژەکانیان بوون لەکاتی خۆیدا. لەگەڵ ئەوەشداو لەتێڕوانینی بەکرەوە کە بۆ بەرپرسە ئەمەریکیەکانی خستبووەڕوو ئەوەبوو کە هێڵێکی رۆشن هەیە لەنێوان پەیڕەوکردنی نەریتی ئایینی خێزانەکەیو ئەو رادیکاڵە توندەی ئێستا لەلایەن ئوسامەوە پەیڕەو دەکرێت. ئەوەی بەلێڵی مابوەوە ئەوەبوو کە بۆچی ئوسامە لەو هێڵە پەڕیبووەوە. سەبارەت بەمە، لەناو بنەماڵەی بن لادندا هەندێك تیۆر هەبوون: هەندێکیان باسیان لەکاریگەری بەشداریکردنی ئوسامە لەتوندوتیژیەکانی جەنگی ئەفگانستان دەکرد، یان کاریگەری رادیکاڵە میسریەکان کە بۆ چەندین ساڵ بوو هەر خۆیان لە ئوسامە دەبردە پێشەوە، بەڵام رەنگە وانەبێت یان لێکدانەوەیەکی دەقاودەق نەبێت.

ئەوەی دیار نیە ئەوەیە کە لەڕاستیدا دەبێت بن لادنەکان تاچەند هاوکارییان بەخشیبێتە FBIو CIA لەو مانگانەی دوایو لەو چاوپێکەوتنە سەرەتاییانەی لەگەڵ فۆوڵەرو برێنان لەکۆتایی هاوینی ١٩٩٨دا ئەنجامیاندا. بەرپرسێکی باڵای پێشووی ئەمەریکا کەلەو کارەدا بوو باسی لەگەواهیدانی جۆراوجۆری ئەندامەکانی بن لادنەکان دەکرد لە لەندەنو جنێڤ بۆ FBIو CIA یان هەردووکیان. ئەگەر وابێ، هیچ کام لەم زانیاریانە هەرگیز نەگەیشتنە ئۆفیسی دژەتیرۆری کۆشکی سپی، هەروەها لەلێکۆڵینەوە گشتیەکانیشدا باسی لێوەنەکرا وەك ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەلایەن کۆمسیۆنی١١ی سێپتێمبەرەوە ئەنجامدرا. هەژمارەکانی بەرپرسانی پێشوو پێشنیازی ئەوە دەکەن کەڕەنگە هەماهەنگیە تایبەتەکانی بن لادنەکان سنوردار بووبێت. ئەم بەرپرسانە رایانگەیاند لەوکاتەی بەکر دەیویست هاوکار بێت لەهەمان کاتدا لەهەوڵی پاراستنی سەروەتو سامانو وەبەرهێنانەکانی بنەماڵەکەیدا بوو. دوای تەقینەوەکانی ئەفریقا، بەکرو پارێزەرە بەریتانیو ئەمەریکیەکانی مەراقی ئەوەیان بوو کەڕەنگە لەسیناریۆیەکدا لەلایەن ئەمەریکاوە بنەماڵەی بن لادن بەفەرمی تۆمەتبار بکرێن

بەیارمەتیدانی ئوسامە. هەروەها رەنگە بەگەمارۆی ئـابووری‌و دەست بەسـەرداگرتنی موڵك‌و ماڵ‌و دەست هەڵگرتن لەمافەکانیان هەڕەشەیان لێبکرایە، یان لەلایـەن قوربانیـانی هێرشـەکانی ئوسـامەوە داوای یاسـاییان لەسـەر تۆماربکرایـە. لـەکۆتایی سـاڵی ١٩٩٨ەوە بـۆ ١٩٩٩ بنەماڵەکـەو پارێزەرەکانیـان لەهـەمان کاتـدا بەهۆشـیاریەوە مامەڵـەیان لەگـەڵ بەرپرسـانی حکومـەتی ئەمەریکی دەکرد. لەباڵیۆزخانەی ئەمـەریکادا ئامـانجی سـەرەکی فۆوڵەر بریتـی بـوو لـەزانینی حساباتی بانکی ئوسامەو دۆزینەوەی کە ئایا هێشتا هیچ پارەیەك لە سعودیەوە یان شـوێنەکانی ترەوە بۆی دەنێردرێت، لەم تەقەلایەدا فۆوڵەر هەستی کرد کەهەماهـەنگی بـەهێزی لـە شـازادە باڵاکانی حکومەتی سعودیەوە پێ دەگات.

برێنان گێڕایەوە کە بن لادنەکان‌و پارێزەرەکانیان لەلایـەن خۆیانـەوە ترسـیان لێ نیشـتبوو، تەنانـەت ئەگـەر بەپـەنهانی‌و لەسـەر بنـەمای متمانـە یارمـەتی لێکۆڵـەرەوە ئەمەریکیـەکانیان دابێت "ئەوان هەر خۆیان نیشاندەدەن، هـەروەها لەبـەر رقـی ئەمەریکیـەکان لـەناوی بـن لادن، ئەو خەڵکانەی لەحکومـەتی ئەمـەریکادا بـوون رەنگـە سـوود لـەو هاوکارییانـەیان وەربگـرن بـۆ بلۆك کردنـی موڵکوماڵـەکانیان". بەلەبەرچاوگرتنی ئـەم مەترسـیانە، هـەروەك برێنـان ووتـی، "بۆ خۆت ئەزیەت دەدەیت؟".

لە یەکەکـەی CIAی بـن لادنـدا، مایکـڵ سـکیوەر زۆر لـەم هۆشـیاریە گەیشـتبوو، هـەروەها قـایلبوونی ئەمــەریکا بــەو کــارە وەك شــێوازێکی دەمکــوتکردن بــوو. ســکیوەر درکــی بــە "نابەدڵییەکی روون کرد تەنانەت بۆ ئاراستەکردنی ئەو پرسیارانەی" کەڕەنگە ببونایەتە هۆی نائاسودەکردنی بـن لادنـەکان یـان حکومـەتی سعودی. لەسـەرێکەوە سکیوەر بـڕوای وابـوو ئـەم بێدەنگیە رەنگدانەوەی خۆڕێکخستنی شارەزایانەی بەکر بوو لەبەرامبەر فۆوڵەرو برێنان‌و ئەو کەسانەی تر لەباڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ریاز. دواتر سکیوەر ووتی "بەکر زۆر لێـزان بـوو. زوو زوو دەچـووە لای جـەنابی بـاڵیۆز یـان لـە ٤ی حوزەیرانـداو لـە رۆژە پشـووەکانی ئەمــەریکادا دەڕۆیشتە کونسوڵی گشتی لـە جـەددەو دەیـوت "ئێـوە چـەند پیـاوێکی مـەزنن، ئێمـەش حـەز دەکەین لە ئەمەریکا بین، حەز دەکەین لەوێ وەبەرهێنان ئەنجام بدەین‌و ئێمە خۆمان لەکەسە ناپەسـەندەکە جیاکردۆتـەوە". ئـەوە کـارێکی زۆر زۆر باشـی پەیوەندییـە گشـتییەکانی بـەکرو براکانی بوو.

لەوەڵامێکدا بۆ رەخنەکانی سکیوەر، دواتر برێنان رایگەیاند کەوا "هەرگیز لەلای ئێمەوە دوودڵی نەبووە بۆ پرسیارکردن لە سعودیەکان". فۆوڵەری باڵیۆزیش ووتی "لەو ساتەوەختەی بەکر بن لادن داواکەمی پەسەند کرد بۆ نیشاندانی هەماهەنگی بنەماڵەکەیان، رێگەیان بەوەزارەتی دارایی‌و FBIی دا تا بچنە ناو حساباتەکانیانەوەو تۆماری خانەوادەکەیان، هەروەها گرێبەستەکەیان لەگەڵ سوپای ئەمەریکا لەبنکەی عەرەبستانی سعودیە دوایی پێنەهێنرا. لەوەش زیاتر، هەرگیز گلەییەکم لەحکومەتەکەمانەوە نەبیست دەربارەی هەماهەنگی نەکردنیان".

وەك دواتر سکیوەر رایگەیاند، لەنێو ئەو شتانەی بینینی ئەوەی زۆر مەراقی بوو، ئەو راپۆرتە بەردەوامانەی ئۆفیسی قاهیرەی بن لادن بوو کە لەلایەن خەلیلی زڕبرای ئوسامەوە بەرێوە دەبرا، ئەویش دابینکردنی کارو ڤیزا بوو بۆ ئەو میسریە ئیسلامیانەی دەیانویست بڕۆن بۆ ئەفگانستان. کاربەدەستەکانی تری CIA ترسەکانی سکیوەریان بە رێ تێچوو بەڵام بێ بەڵگە دانا. مەراقی گەورەی هاوبەشییان لەبنەماڵەی بن لادندا، جەمال خەلیفەی ژن برای ئوسامەو فەرماندەی پێشووی جەنگی ئەفگانسان بوو کەلەلایەن دادگای ئەردەنەوە بە تۆمەتی پاڵپشتیکردنی چالاکییە تیرۆریستیەکان دادگایی کرابوو بەڵام بێ تاوان دەرچوو بوو. لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا خەلیفای زڕخوشکی ئوسامە لەرێی شەیخای هاوسەری ئوسامەوە ئۆفیسی گەشتکردنی کۆمپانیای محەمەد بن لادنی بەکارهێنا بۆ وەرگرتنی ڤیزای ئەمەریکاو یارمەتیدانی خێزانەکانی تر بۆ گەشتکردن. مەراقێکی تر، هەبوونی پەیوەندی تەلەفۆنی بەردەوامی نێوان ئوسامە بوو لەگەڵ دایکی‌و زڕبراکانی لە جەددە. ئەفسەرەکانی CIA هەوڵیاندا زانیاری لە کەسە پەرتەوازەبووەکانی خودی ئوسامە وەربگرن، وەك ژنەکەی‌و کوڕەکانی کەگەڕابونەوە بۆ عەرەبستانی سعودیە، هەروەها کوڕێکی تری کەگوایە لە شاری کەراجی دەژیا، هەروەها ئەندامانی تری خێزانەکەی کەدەوترا هاتوچۆی نێوان شانشینەکەو پاکستانیان دەکرد. بەشێوەیەکی نافەرمی CIA زۆری لە سعودیەکان کرد تادەربارەی ئەم بابەتانە هەواڵیان بدەنێ بەڵام تەنها کەمێکیان دەستکەوت.

چەندین سەرچاوەی پەشێوی دوولایەنە لەپەیوەندی نێوان هەردوو حکومەتەکەدا روویداو جیاکردنەوەی سەرچاوە پەشۆکاویەکە لەوی تر قورس بوو، بەڵام ئەوانەی لەکۆمەڵگەی هەوالگری ئەمەریکیدا بۆ گرفتە دەستنیشانکراوەکانی ئوسامە بن لادن‌و پارەکانی

لەبەردەستیایەتی ئـەرکیان پـێ سـپێردرابوو، حاڵـەتی یـەك لایەنـەی پارمـەتی دارایـی پێشووی لەندەن هۆکارێکی سەرەکی تووڕەبونیان بوو.

ئـەلغازی مـەدانی ئەلتـەیب، لـەو سـاڵانەی ئوسـامە لـە سـودان بـوو شـوێنی کـارە بازرگـانیو پارەکانی ئەلقاعیدە کەوتبوو. بەهۆی شەکەتیو وورە ڕوخـاوی تاراوگـەی لەندەنـەوە، ئەلتـەیب لەناچـاریدا رووی کردبـووە دەسـەڵاتدارانی سـعودیە. وادیـاربوو زانیـاری ئێجگـار زۆری لابێـت دەربارەی حساباتی خودی ئوسامەو لەوەش گرنگتر داخڵبونی بـەکارە خێرخوازیـە ئایینیـەکانو پارەکۆکردنـەوەی تاکـەکان بـوو. زنجیرەیـەك لەبەرپرسـە بـاڵا ئەمەریکیـەکانی CIAو بریکـارە ئەمەریکیەکانی تر داوایان لە عەبدوڵای شازادەی تـەختی پاشـایەتیو شـازادە نـایفو بەرپرسـە سعودیەکانی تر کرد تا هەلێکیان بۆ بڕەخسێنن بۆ ئەوەی بەڕاستەوخۆی چاویان بـە ئەلتـەیب بکەوێتو بەووردی پرسیاری لێ بکەن، بەڵام سعودیەکان یەکسەر ڕەتیانکردەوە.

سەرۆکی دەزگـای CIAو بـاڵیۆزی ئەمـەریکا بەهـەمان شـێوە زۆریـان لەحکومـەتی سـعودی کـرد تـا گەشـتە ئاسمانیـەکانی نێـوان شانشـینەکەو ئەفگانسـتان کـە لەلایـەن ئـەفگان ئێرینـاوە ئەنجام دەدراو تالیبـان کـۆنترۆڵی کردبـوو کـەم بکاتـەوە. لـەکۆتایی نەوەدەکانـدا دەرکـەوت ئـەم کاری هێنانو بردنی چەكو خزمەتی هاتوچۆی ئاسمانی ئەلقاعیدەو پـارەو خۆبەخشـەکانی بـۆ ئوسامە دەکرد. لەم گرفتەدا سەرەنجام قازانجی ئەوان بوو ئەگەر ئەو هەماهەنگیە دوابخرایە.

جیاکردنــەوەی پەیوەنــدی نێـوان خێرخـوازە سـعودیەکانو تـۆڕە ئیسـلامیە رادیکاڵـەکانو ئەنـدامانی بنەماڵـەی بـن لادن بـەلای لێکۆڵـەرەوە ئەمەریکیەکانـەوە قـورس بـوو. بـۆ نمونـە لەدەوروبەری سـاڵی ١٩٩٦دا، سـکیوەرو کۆڵمـان سـەرنجیان چـوو بـەلای  گروپێکـی ئـایینی تـازەدا بەناوی "کۆمەڵەی جیهانی گەنجانی موسوڵمان" کە لقێکی لەگەڕەکە تازەکانی فۆڵس چێرچ لـە ڤێرجینیا کردبووەوە کەتەنها چەند میلێك لەیەکـەی نهێنـی CIAی شـوێنکەوتنی بـن لادنـەوە دوور بوو. سەرۆکی ئەو لقەی ئەمەریکا بەناوی عەبدوڵا عـەواز بـن لادن نـاوی چوبووە لیسـتی دۆکیومێنتــە گشــتیە یاسـاییەکانەوە. ماوەیــەکی پێچـوو تــا لێکۆڵــەرەوەکان بۆیــان دەرکــەوت عەبدوڵا چۆن دەچێتە ریزبەندی درەختی بنەماڵەی بـن لادنـەوە، ئـەویش لەبەرئـەوەی چـەند عەبدوڵایەکی تر لە بنەماڵەکەدا بوو وەك ئەوەی هارڤـەردو سـەرگەورەی بـەڕێزی بنەماڵەکـەو برای محەمەد بن لادن. لەکۆتاییدا لێکۆڵەرەوە ئەمەریکیەکان بۆیان دەرکەوت ئەو عەبدوڵایـەی لقـی کۆمەڵـە جیهانیەکـەی بـەڕێوەدەبرد کـوڕی یەکێکـە لەخوشـكو بـرا زڕەکـانی ئوسـامەو

پێدەچوو یەکێك بێت لەکوڕی زڕ خوشکەکانی. کەواتە ئوسامە یەکێك بوو لە خاڵە زۆرەکانی عەبدوڵا.

بارەگا سەرەکیەکانی کۆمەڵەی جیهانی گەنجانی ئیسلام لە ریاز بوو، وەك گەورەترین گروپی گەنجانی موسوڵمانی جیهان بانگەشەی بۆ خۆی دەکردو خۆی تەرخانکردبوو بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو بەهاو تێکستە پیرۆزەکانی ئیسلام کە زیاتر لەپەنجا ئۆفیسی هەرێمیو لۆکاڵی لە پێنج کیشوەردا هەبوو. لەساڵی ١٩٩٢دا عەبدوڵا بن لادن لقێکی ئەمەریکی دامەزراند. ئەو کۆمەکی دارایی دەبەخشیە ئەو موسوڵمانە ئەمەریکیە کەمدەرامەتانەی خوازیاری بەجێهێنانی فەریزەی حەج بوون. کامپێکی هاوینەی یەك هەفتەیی بەرێوەبرد بۆ گەنجە موسوڵمانەکانی تەکساسو نیویۆرکو فلۆریداو کالیفۆرنیاو ئۆهایۆو واشنتۆنو سەردانی قوتابخانەکانو زانکۆکانو گرتوخانەکانی دەکرد. بەهەژماری رۆژنامەنوسێك لەسەر ووتەکانی عەبدوڵا، مەبەستی سەرەکی ئەو، بەگژداچونەوەی "ناشیرینکردنی بەئەنقەستی ئیسلام" بوو بەهۆی "زانیاری نارەواو هەواڵی میدیاکانەوە" کەمەبەستیان بوو "خەڵك رقی لەئیسلام بێتو وێنایەکی تیرۆریزمی بدەنە پاڵ ئیسلام بەگواستنەوەی چەند رووداوێکی دیاریکراوی وەك تەقینەوەکەی سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیویۆرك لەساڵی ١٩٩٣دا*". عەبدوڵا بن لادن بەتایبەتی شانازی بەپرۆژە خێرخوازیەکەیەوە دەکرد بۆ هاوکاریکردنی ئەو ئەمەریکیانەی هاتبونە سەر ئاینی ئیسلام تا لەبەها ئیسلامیەکانو مانەوەیان لەسەر رێگای رۆحانی ئیسلام. رایگەیاند کەوا تاقمی وەرگێڕانی بۆ ئەوانەی هاتبونە سەر ئاینی ئیسلام دروستکردبوو کەبریتی بوون لە: تاقمێکی سلڤەر، تاقمێکی ئاڵتونی یان تاقمێکی ئەڵماس. هەموو تاقمەکان کۆپیەکی قورئانی وەرگێڕدراوو کتێبێکی سەید عەبدوڵا ئەلمەودودی تێدا بوو کەڕادیکاڵێکی ئیسلامیی سەرەتای سەدەی بیستەمو یەکێك بوو لەدامەزرێنەرە رۆشنبیرەکانی ئیخوان موسلیمین.

ئەو بابەتانەی لەلایەن کۆمەڵەی جیهانی گەنجانی موسوڵمان بڵاودەکرانەوە بەڕوونی هانی جیهادیان نەدەدا وەك لەشێوازی ووتارە بڵاوکراوەکانی ئوسامەدا هەبوو، بەڵام بێگومان بەڕوونی لایەنی دژە جولەکەیان تێدا بوو کەکاریگەری زۆری بڵاوکراوەکانی رێکخراوی ئیخوان موسلیمینیان لەسەر بوو. لەکتێبێکی عەرەبیدا بەناونیشانی "ئینسایکلۆپیدیایەکی دەستی تاقمە ئایینیو ئایینە هاوچەرخەکان"کە کۆکراوەی بیرو فکری چەند نوسەرێك بوو، کەچەند

هۆکارێکیان بۆ موسوڵمانان ریزکردبوو تارِقیان لە جولەکە بێت بەبەکارهێنانی زمانێك کە وەك قەلاچۆکردنی جولەکەکان بوو لەلایەن نازیەکانەوە:

جولەکەکان دوژمنی ئیمانو خوداو فریشتەکانن؛ جولەکەکان دوژمنانی مرۆڤایەتین، ئەوان لەم دنیایەدا هانی بێ رەوشتی دەدەن، جولەکەکان تەڵەکەبازن، شتێك دەڵێن بەلام دەقاودەق مەبەستیان پێچەوانەکەیەتی، کێ لەپشت ئەو قەیرانە بایۆلۆژیەوەیە کەوەك مێشکشتنەوەی لێهات؟جولەکە.. کێ لەپشت لێکترازانی ژیانی خێزانو بەهاکانە؟ جولەکە...هەر تراژیدیایەك کەتوشی موسوڵمانەکان دەبێت بەهۆی جولەکەکانەوەیە.

بەدەر لەلێکۆڵینەوەکانی بۆ زانینی بوونی بن لادنەکان لە ئەمەریکا، دانیاڵ کۆڵمانی FBI لەگەڵ دوو بریکاری تر لەئۆفیسی واشنتۆن سەردانی عەبدوڵای لەئۆفیسەکەی باکوری ڤێرجینیادا کرد. ئەو پیاوە گەنجە بەلایانەوە خۆشرەوت بوو، واش دەردەکەوت وەك ئەوەی "کەسێك بێت هەڵسوکەوت لەگەڵیدا خۆش بێت". کەمێك دوای ئەوەی کۆڵمان گەیشت، عەبدوڵا پاسپۆرتە دیپلۆماتیە سعودیەکەی پیشانی کۆڵمان دا. کۆمەڵە جیهانیەکەی وەك رێکخراوێکی ناحکومی باسکرد، دوای ئەوەی  تۆمارەکانی وەزارەتی دەرەوەی بینی، کۆڵمان ئەوەی پشت راستکردەوە کە باڵیۆزخانەی سعودیە پاسپۆرتی دیبلۆماسی بۆ نوێنەرەکانی دەرکردبوو. عەبدوڵا وەك پاشکۆی باڵیۆزخانەی سعودیە ناوی هێنرا بوو، بەشێوەیەکی فەرمیش وەك دیبلۆماتی سعودیە لە ئەمەریکا دەسەڵاتی پێدرابوو. کۆڵمان بۆی دەرکەوت کەوا ئەم حەسانە یاساییە ناکرێ دەستکاری بکرێ، لەبەرئەوە وازی لە عەبدوڵا هێنا.

سەرەرای  وەرگێرانی خەڵکی بۆ ئایینەکەی، دواتر ئەوە روون بوەوە کە عەبدوڵا بن لادن ٥٠٠ هەزار دۆلاری لەبازرگانی ئۆتومبێلی بارهەڵگر لە ئەمەریکادا خستبووە ئیشەوە کە لەلایەن هاوڵاتییەکی میسری بەناوی سولەیمان بحەیریەوە کۆنترۆڵکرابوو کەژمارەیەك دامەزراوەی وەبەرهێنانی بەپابەندی بنەماکانی ئیسلامەوە خستبووەگەر. لەم وەبەرهێنانانەدا، دوو خوشکی زری ئوسامە پەیوەندییان بە عەبدوڵاوە کردبوو. ئەم ژنانە لەنێو ئەو کۆمەڵە خوشكو برا بروادارەی ئوسامەدا بوون کەوەبەرهێنانیان لەبانکە ئیسلامیەکانو ئەو دامەزراوانەدا کردبوو کە بەجیهاندا بلاوبوبونەوە. بەپێی تۆمارەکانی دادگاو راپۆرتی میدیاکان وەبەرهێنانیان لەپەناگەی بانکە نهێنیەکانیشدا کردبوو.

یەکێك لەم قەوارانە بانکی ئەلتەقوا بوو، بەپێی شایەتنامەیەك کەدواتر لەدادگایەکی ئەمەریکیدا لەلایەن لێکۆڵەرەوەیەکی ئەمەریکیەوە تۆمارکرابوو "ئەو بانکە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ وەك راوێژکاری دارایی ئەلقاعیدە کاری کردبوو". سەرۆکی بانکەکەو هاوکارێکی خەریکی کارەکانی ئەلتەقوا بوون‌و خزمەتگوزاری ناڕاستەوخۆی وەبەرهێنانیان" بۆ ئەلقاعیدە دابین دەکرد کە بریتی بوون لە "وەبەرهێنانی فەندەکانی بن لادن‌و حەواڵەکردنی کاش هەرکاتێك داوابکرایە". بەهەمان شێوەی کۆمەڵەی جیهانی گەنجانی موسوڵمان، ئەلتەقواش پەیوەندی مێژوویی لەگەڵ ئیخوان موسلیمیندا هەبوو. یەکەکانی وەبەرهێنان‌و بانککردنی ئەلتەقوا ئۆفیسیان لە سویسراو لیکتنستێین‌و ئیتالیاو بەهاماسدا هەبوو. لەساڵی ١٩٩٩دا، بەپێی ژمارەیەك راپۆرتی بڵاوکراوە دەزگای FBI ناوی لیستێکی ٧٠٠ وەبەرهێنەری لە ئەلتەقوادا دەستکەوت کە لەنێویاندا دوو زڕخوشکی ئوسامەی بەناوی ئیمان‌و هودا تێدا بوو. هودا لەوەپێش یەکێك بوو لە دەستوپێوەندە خۆشمەچییە ئەوروپیەکەی سالم بن لادن، بەڵام دوای مەرگی سالم زیاتر رووی لەخواترسی کردبوو. یەکێکی تر لەوەبەرهێنەرەکانی تری ئەلتەقوا، غالب بن لادنی برای هەقی بەکر بوو کە لەساڵی ١٩٨٩دا سەردانی ئوسامەی لە پیشاوەر کردبوو، هەروەها هەڵبژێردرابوو تا پشکەکانی ئوسامە لەکۆمپانیاکانی خێزانەکەدا بکڕێتەوە کاتێك لەساڵی ١٩٩٤دا زۆری لێکرا بیانفرۆشێت. ئەو یەك ملیۆن دۆلارەی لەسەرەتادا غالب لە حساباتی وەبەرهێنانی ئەلتەقوادا لە بەهاماس دایناوبوو، لەساڵی ١٩٩٧دا خۆیدا لە دوو ملیۆن دۆلارو نیو، لەو دەمەی ئەو بانکە توشی زەرەر هات کاری کردە سەر حساباتی غالب کەوای لێکرد داوای گەڕاندنەوەی پارەکەی بکات. کاتێك بانکەکە نەیتوانی رازی بکات، غالب لەساڵی ١٩٩٩دا سکاڵای تۆمارکرد، بەگوێرەی پارێزەرەکانی گروپی بن لادنی سعودی "دەیویست بانکەکە لەئیش بخات". دواتر حکومەتی ئەمەریکی بانکی ئەلتەقوای وەك قەوارەیەکی تیرۆریستی لەقەڵەمدا. پاشان پارێزەرێکی بن لادن نووسی "هەر پێشنیازێك کەدەدرایە پاڵ خانەوادەی بن لادن یان کارە بازرگانییەکانیان یان پشتیوانی چالاکییە تیرۆریستیەکانی ئوسامە ئەوا بەتەواویی لەگەڵ راستیەکاندا نەدەگونجا".

قەوارەیەکی دەرەوەی وڵات کە لەلایەن گروپی بن لادنی سعودی کۆنترۆڵ کرابوو، لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٧دا بڕی ٣ ملیۆن دۆلاری لە سەرچاوەکانی ئەڵماسی جیهانی کە کۆمپانیایەکی کان هەڵکەن بوو خستە ئیشەوە، بارەگای کۆمپانیاکە لە کالیفۆرنیا بوو، لە ئەفەریقای باشوور

خـاوەنی کـانی ئـەڵماس بـوو. لـەرێی بەڕێوەبـەرێکی بـن لادنـەوە، بەڕێوەبـەرەکانی کۆمپانیـای ئەڵماسی جیهانی چـاویان بـە یاسین ئـەلقادی کـەوت کـە بازرگـانێکی سعودی بـوو لـە جـەددە دەوڵەمەنـدێکی هاوچـەرخی کوڕەکـانی بـن لادن بـوو. لەسـاڵی ١٩٩٨دا ئـەلقادی هاوپشـکی لـە کۆمپانیا کانگەرەکە کردو بوو بەیەکێك لەگەورەترین پشکدارەکارەکانی ئەو کۆمپانیایە. دواتـر ئەلقادی لەلایەن وەزارەتی دارایی ئەمەریکاوە بە پارەپێدەری تیرۆریستەکان لەقەڵەم درا، بـەڵام ئەلقادی رەتیکردەوەو ئەو کارەی بە نادروستو ناڕەوا دانا. بلێسـت ریلیـف Blessed Relief کە دەزگایەکی خێرخوازی بوو، ئەلقادی هاودامەزرێنـەری بـوو، لـەنێوان سـاڵی ١٩٩٢ بـۆ ١٩٩٧ لـە بۆسـناو سـودانو پاکستانو وولاتـانی تـردا کـاری دەکـرد. ئـەم دەزگایـە لـەڕاپۆرتێکی وەزارەتـی داراییـدا وەك "بـەرە"ی ئوسـامە بـن لادن نـاوی هـاتبوو، بەرەیـەك کـە لەلایـەن دەوڵەمەنـدە سعودیەکانەوە بەکارهێنرابوو بۆ ناردنی پارە بۆ ئوسامە. ئەلقادی نکۆڵی لەم تۆمەتانەش کـرد. رایگەیانـد کـەوا لـە هەشـتاکانداو لەکۆبونـەوە ئاینیەکانـدا لەعەرەبستانی سـعودیە چـاوی بـە ئوسامە کەوتبوو، ئەو کۆبونەوانەش نافەرمیو جێی بایەخ نـەبوون، هـەروەها بەتونـدی نکـوڵی لەدابینکردنی هەر پشتیوانییەك کرد بۆ ئەلقاعیدەو تیرۆریستەکانی تر لەهەر کاتێکدا بوبێت.

ئـــەم پەیوەندییـــە داراییانـــەی دەرەوەی وولات پێکـــەوە گرێـــدرابوون، لەکاتێکـــدا ئەمـــە نەسەلمێنراوە کەوا هەندێك لەئەندامانی خانەوادەی بن لادن رەنگە رێگەیەکیان دۆزیبێتەوە کە بەبێدەنگی فەندی ئوسامەیان کردبێت دوای ئەوەی کە بەزۆر پشکەکانی نـاو خانەوادەکـەی پـێ فرۆشـرا، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەش بـەش بەلگـەیان دابێـت بەدەسـتەوە، بەشـێوەیەك کـە لـەو لێکۆڵینەوانە زیاترو فورستر بوبێت کە تـا ئەوکاتـە حکومـەتی ئەمـەریکی تـوانیبێتی ئـەنجامی بدات، بەلایەنی کەمەوە لەتێڕوانینی مایکڵ سکیوەری شیکاری CIA باشـتر بوبێت. لەکۆتایی نەوەدەکانـدا سـکیوەر گەیشـتبووە دەرەنجـام، لەبەرئـەوەی نوسـیبوی "هـەموو هۆیـەك هـەبوو تابڕوابکەیت کـەوا ئەنـدامانی بنەماڵە بەرفراوانەکـەی بـن لادن ئـەوەیان مسـۆگەر کـردووە کـە ئوسامە بەشی خۆی لەقازانجی خێزانەکەدا وەرگرتوە ".

پەیوەندی نێـوان ئوسـامەو زڕخوشـکەکانی بەتـەواوی بابـەتێکی لێـڵو نادیـار بـوو. بـاڵیۆزی ئەمەریکا یان سەرۆکی کەرتی CIA لە ریاز دەیانتوانی چاویان بـەبرا گـەورەکانی وەك بـەکرو یەحیا بکەوێت، رەنگە بەسنورداری هەماهـەنگییان کـردبن، بـەڵام بـەهۆی جیاکردنـەوەی ژنـان لەسیسـتمی فـەرمانڕەوایی عەرەبسـتانی سـعودیەو ئـەو سـنورداریە گشـتگیرانەی خرابونـە سـەر

لێکۆڵـەرەوە ئەمەریکیـەکان لەشانشـینەکەدا، لێکۆڵینـەوەی تێروتەسـەل لەسـامانو هەڵوێسـتو وەبـەرهێنانو گەشـتکردنی زڕخوشـکەکانی ئوسـامە کـارێکی مـەحاڵ بـوو. ئـەو چـاودێریانەی لەلایـەن ئەنـدامانی خانەوادەکـەوە دەکـرا، بـۆ نمونــە کـارمن بـن لادن ئــەوە دەخاتــەڕوو کەوادەردەکـەوت ئوسـامە پەیوەنـدی باشـتری لەگـەڵ هەنـدێك لەزڕخوشـکەکانی هـەبوبێت وەك لـەزۆرێك لـە زڕبراکـانی. دۆمینیـك سیمپسـن کـەوەك ئەفسـەرێکی هـەواڵگری بـەریتانی بـۆ گرفتــەکانی عەرەبسـتانی سـعودیە لەناوەڕاسـتو کۆتـایی نەوەدەکانــدا کـاری دەکـرد باسـی "لەزۆرێك لەو قسانە کرد کە لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەی بن لادن ئـەنجامی دابـوو، کەهێشتا پێـی وابـوو پەیوەنـدیان لەگەڵیـدا مـاوە" ئـەو گریمانەیـەی ورووژانـد کـە بەهـەر ڕێگایـەك بێـت پارەی بۆ ڕەوانـە دەکـەن". سیمپسـن گێڕایـەوە کـە لەوکاتـەدا بایـەخی بریکارەکـانی هـەواڵگری بەتایبـەتی لەسـەر دووان لەخوشـکەکان بـوو. لەلایـەن خۆشـیەوە، سیمپسـن هـیچ بەڵگەیـەکی ڤایلکـەری نـەدەبینی کـە هـیچ لەئەنـدامانی خانـەوادەی بـن لادن بـەم دوو خوشکەشـیەوە "بەدزیەوە یـان بەنهێنیـەوە فەنـدی ئوسامەیان کردبێـت یـان ڕێگـەیان بـەخۆیان دابێـت" وەك کەناڵێك بەکارهێنرابن بۆ ئەوانی تـر، بـەڵام ڕەنگـە هەنـدێك لەئەنـدامانی خێزانەکـە جاروبـار پەیوەندییان هەبوبێت ئەویش بۆ هۆکاری تایبەتی خۆیان. جارێکی تر هەندێك لە خوشـکەکان ناویان هێنراوە کە ئەو پەیوەندییەیان هەبووە.

شیکاریەکانی سیمپسن ئەوە بوو کە ئوسـامە "هـەردەم لەگـەڵ خوشکەکانیدا باشـتر دەگونجا وەك لـەبراکانی"، ئەمـەش تاڕادەیـەك لەبـەر نـزمـی ئاسـتی خێزانـی دایکـی ئوسـامە بـوو لـەناو خانەوادەکـەدا. "هەنــدێك لــەبراکان گاڵتــەیان پێــی دەهــات، خوشـکەکانیش خــەمیان بــوو ئافـەرینیان لـە ئوسـامەی بچوکی فـەقیر دەکـرد. ژنـان هـەردەم حـەز بـەبوونی جـۆرە دایکێکـی پیاوان دەکـەن، پـێم وایـە لەبـەر ئەوەیـە کـە لەلایەکـەوە بـەو شـێوەیە وەڵامیـان دایـەوە، بـەڵام دڵنیـام لــەوەی پاڵپشـتییەکی چەسـپیوو نــەبوو بــۆ ئوسـامە". لێکۆڵـەرەوە ئەمەریکیــەکانی کۆمسـیۆنی ١١ی سـێبتێمبەر کـەدواتر پێداچـونەوەیان بـۆ بەڵگـەکانی بەردەسـتی هـەواڵگری ئەمەریکا کـرد گەیشـتنە دەرەنجامێکی تاڕادەیـەك هۆشـیارتر: ئـەوەیان خسـتبووە ڕوو کـەدوای تەقینەوەکـەی باڵیۆزخانـەی ئەفـەریقا، بنەماڵـەی بـن لادن "بەشـێوەیەکی گشـتی پشـتیان لـە ئوسـامە کـرد"، بـەڵام ئـەم لێکۆڵەرەوانـەش هـیچ بەڵگەیـەکی لۆمـەکردنی بنەماڵەکـەیان بـۆ پاڵپشتی دارایی ئوسامە نەخستبووە ڕوو.

کۆمەڵەی هەواڵگری ئەمەریکی هیچی وەهای دەربارەی بنەماڵەی بن لادن نەدەزانیو باش نەیدەزانی کەگرفتەکە لەکوێدایە، تەنانەت دوای ساڵی ١٩٩٨ هەڵسەنگاندنی CIA بۆ ئوسامەو تواناکانی دەربارەی قورسایيو مێژووی سەروەتو سامانی بن لادنەکان لەسەر بنەمایەکی هەڵە دانرابوو.

لە ١٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٨دا، CIA راپۆرتێکی هەواڵگری لەحکومەتی ئەمەریکیدا بڵاوکردەوە کەوا ئوسامە ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری لەدوای مەرگی باوکی وەك میراتی بۆ مابووەوە. راپۆرتەکە دانی بەوەدا نابوو کەئەم خەمڵاندنە لەبەڵگەیەکی بەردەستەوە وەرنەگیرابوو بەڵکو لەو پڕوپاگەندانەوە سەرچاوەی گرتبوو کە لەکۆمەڵگەی بازرگانی سعودیەدا بڵاوبوبووەوە. FBI لە چاوپێکەوتنەکەی شەفیقو حەسانەوە بۆی دەرکەوتبوو داهاتو میراتی ئوسامە زۆر لەوە کەمتر بووە، بەڵام لەراپۆرتە هەواڵگریەکانی CIAدا ئەو ٣٠٠ ملیۆنەی بە "خەمڵاندنێکی بەجێ" پشتڕاستکردەوە، لەبەرئەوەی لەناوەڕاستی نەوەدەکانداو لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی چالاکیە بازرگانیەکانی ئوسامە لە سودانو ئەو بڕەی کە وەك میراتی لە باوکیەوە بۆی مابووەوە ئەو راستیەیان دەردەخست. شیکارەکان پێیان وابوو چونکە ئوسامە سامانێکی تایبەتی گەورەی لەبەردەستدا بوو لەبەرئەوە تونی ئەوەندە بەخێرایی ئەلقاعیدە دروست بکات. دوابەدوای هێرشەکانی ئەفەریقا، بریکارە هەواڵگریەکانی تری ئەمەریکا هەمان هەڵسەنگاندنیان گەیاندە بڕیاردەرەکانی ئیدارەکەی کلینتۆن. بەبێ توانج، لەتشرینی یەکەمی ١٩٩٨داو لەراپۆرتێکی هەواڵگری وەزارەتی بەرگریدا ئەوە خرابووە روو کە ئوسامە خاوەنی ١٥٠ ملیۆن دۆلارە لەگەڵ ٣٥ ملیۆن دۆلار کە لە سودان خرابووە ئیشەوە.

ریچارد کلارکی فەرماندەی دژەتیرۆری ئیدارەکەی کلینتۆن لە کۆشکی سپی، ناڕەزایی تەواوی خۆی سەبارەت بەو راپۆرتە هەواڵگریانەی دەربارەی سامانی ئوسامە دەربڕی. لەپایزی ١٩٩٨دا، کارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی لەسەر ئەلقاعیدە رێکخستەوە. بانگێشتی هاوکارێکی گەنجی بەناوی ویلیام وێکسلەر کرد کە بابەتەکانی پارەگەڕی یاساغو تاوانی پلان بۆداڕێژراوی خوێند بوو، بەڵام لەسەر قاعیدە لێکۆڵینەوەی نەکردبوو. کلارك، وێکسلەری راسپارد تا گروپێکی کاری هاوبریکاری تازە دروست بکات کەتەنها کاربکات لەسەر مەسەلەی پارەکانی ئەلقاعیدە. کلارك رایگەیاند پسپۆڕەکانی تیرۆریزمی حکومەت ئەو مەسەلەیەیان پشت گوێ

خستبوو، ئێستاش بەگرفتەکانی تری وەك هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئوسامە لە ئەفگانستان‌و خانە توندڕەوەکانی تر لەجیهاندا دەستیان گیراوە.

کلارك‌و وێکسلەر هێزی کارە تازەکەیان لە گروپە بچوکە داراییەکانی UBL "بانکی یەکگرتووی سنوردار" دەستنیشان کرد کەراپۆرتی دەدایە گروپێکی دژەتیرۆری گەورەتر کە کلارك لێپرسراوی بوو. ئەوان ریتچارد نیوکەمب‌یان دامەزراند کەئۆفیسێکی لەوەزارەتی دارایی بەڕێوەدەبردو لێپرسراو بوو لەدۆزینەوەو هەڵپەساردنی پارەی تیرۆریستەکان‌و ئەو گروپانەی قاچاخچێتی ماددەی هۆشبەریان دەکرد. هەروەها لێکۆڵەرەوەیەکیان لەیەکەکەی سکیوەری بن لادن هێنا، لێکۆڵیارێکی تر لەیەکەیەکی تری CIA کە شارەزا بوو لەدارایی بازاڕی رەشی جیهانی کەپێی دەوترا "گروپی یاساغی ئاڵووێرە بازرگانیەکان" هەروەها نوێنەرێك لە بریکاری هەواڵگری بەرگری‌و کەسانێك لە FBIو وەزارەتی دەرەوەو بریکاری ئاسایشی نیشتیمانی.

وێکسلەر چووە نێو فایلە هەواڵگریەکانی لەبەردەستدا بوون، بەتایبەتی ئەوانەی راپۆرتیان لەسەر میراتی ئوسامە دابوو، دەستی کرد بەپرسیارکردن. وەك کەسێکی تازە کارپێسپێردراو، هاوکارێکی گەنجی کۆشکی سپی توانی لەو پرسیارە بنەڕەتیانە تەنانەت ساویلکانە دەربازی ببێت، وەك زانیاری ئەو ٣٠٠ ملیۆن دۆلارە لەڕاستیدا لەکوێوە هاتبوو، چ هەوڵێك گیرابووە بەر تاپشتڕاستی بکاتەوە، بەبەڵگەی پشت پێ بەستراوی بنەماڵەی بن لادن یان حکومەتی سعوی. ئەو وەڵامانەی لە CIA یەوە پێی گەیشتبوو کاڵ‌و کرچ بوون. بەهەمان شێوە وادیاربوو FBI تەنها کەمێك زانیاری لەبەردەست هەبوبێت، ئەگەر هەشی بوبێت ئەوە نوێنەرەکانی نەیاندەتوانی یان خواستیان نەبوو بیدەنە دەست کۆشکی سپی.

کلارك گێڕایەوە کە ویکسلەر پێی وتوە "ئەمە بێ مانایە". "FBI پێی وایە کەدەبێت ئەمە بۆ ئەوان جێبهێڵین، بەڵام ناتوانن هیچ شتێکم پێ بڵێن کە لەڕۆژنامەکاندا نەیانخوێنمەوە. CIA داتایەکی پێداوین کە بەتاڵە لەهەموو ئەو بابەتانەی کەهاتوەتە رێیان‌و ئێمە پێویستمانەو پێیان وایە ئەوە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە. هیچ جۆرە خەمڵاندنێکی فەرمی لەبەردەست نیە، هیچ تێگەیشتنێکی تەواوی ئەو وێنەیە نیە کە ئەو پارەیە لەکوێوە دێت. ئەو تێگەیشتنە گشتیەی کە بۆم دەرکەوتوە ئەوەیە ئەمە هەمووی کات بەفیڕۆدانە لەبەرئەوەی

هەردەڵێن کاری تەقینەوە پارەی زۆر تێ ناچێت‌و ئەوەی ئوسامە پێویستیەتی لەباوکیەوە بۆی ماوەتەوە".

ئەوە ریتچارد نیوکەمبی بەڕێوەبەری ئۆفیسی دارایی دەستبەسەرداگرتنی موڵك‌و ماڵە دەرەکیەکان بوو کە لەوەوپێش گەمارۆی ئابووری بەسەر ئەو وولاتانەدا دابوو کەپشتیوانی تیرۆریزم‌و گروپە تاوانکارە ئالۆزەکانیان دەکرد، وەك دەستەی قاچاخچێتی کۆکاینی شاری کالی لە کۆلۆمبیا کە لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی گروپیدا پرسیارێکی ریشەیی کرد: "ئەو تیۆرە لەم مەسەلەیەدا چیە کەوا ئێمە کاری لەسەر دەکەین؟" ئەوە کەسێکی دەوڵەمەندی وەك ئوسامەیە کەپارەکانی خۆی خەرج دەکات؟ ئەگەر وابێ تێوەگلانەکە ئەوە بوو کەدەبێت بەدوای خەزێنە گەورەکەی ئوسامەدا بگەڕێن‌و بیبەن. لەگەڵ ئەوەی هێشتا خەریکی پشکنینی راپۆرتەکانی حکومەت بوون، بەلام ئەوەی بینییان بەلگەی سەروەتێکی یەکگرتوو نەبوو، بەڵکو ئاماژەپێدانی تەواو بوو بۆ پەیوەندییەکانی ئوسامە لەگەڵ تۆڕە خێرخوازە ئیسلامیەکان‌و بەخشەرەکان‌و حیزبە تازە ئاینیەکاندا، کەتۆڕێکی ئالۆزی نێودەوڵەتی پارەکۆکردنەوەی سیاسی‌و ئایینی بوو. هەروەها بەرپەرچی ئەو راستیەیان دەدایەوە کەوا هیچی وا نازانن دەربارەی وەبەرهێنانی زەوی‌و زاری ئوسامە لە سوداندا. لەوکاتەدا حکومەتی ئەمەریکی بەو راستیەی نەزانیبوو کەوا ئوسامە لەو کاتەی وولاتی جێهێشت لەهەندێك لەسەروەت‌و سامانەکەی دامالرابوو. لەسەرو هەموویەوە شیکارەکانی گروپی وێکسلەر درکیان بەوە کرد پێویستییان بەهەماهەنگی زیاتری حکومەتی سعودیەیە.

کێشەیەك کە لەکاتی داواکردنی یارمەتی لە سعودیە لەسەر پرسی بابەتەکانی دارایی تیرۆریست دەهاتە پێش ئەوە بوو کەئەو پرسیارانە هەمیشە دەکرایە ئەجێندایەکی گەورەتری نێوان هەردوو حکومەتەکەوە کەدەبوایە هەوڵی پێشینەیی بابەتەکانی تریش بدەن، وەك دادگاییکردنی تیرۆریزم‌و سیاسەتی هەرێمی‌و ناکۆکی فەلەستینیەکان‌و نەوت. گروپەکەی وێکسلەر بڕیاریاندا ئەرکێکی تایبەتی بخەنە بەردەم شانشینەکە کەتەنها تەرخانکرابێت بۆ گەڕان‌و لێکۆڵینەوە لەقاعیدەو پارەی تیرۆریستەکان. ئال گۆری جێگری سەرۆك رازیبوو پەیوەندی بکات بەشازادە عەبدوڵای هاوتای لەژێر پرۆتۆکۆڵی دیبلۆماتیدا، تاداوای هەماهەنگی لێ بکات.

عەبــدوڵا رازیبــوو تــا کۆبونەوەیــەکیان لەگــەڵ پۆلیســی دژەتــیرۆری ســعودیو بەرپرســی بانکەکانــدا بــۆ رێکبخــات. نیوکــەمب لەســەرەتای ســاڵی ١٩٩٩دا بــە ســەرۆکایەتی وەفــدێك کــە پێکهاتەی چەند بریکارییەك بوو کرد بەرەو ریـازو بـەهێڵێکی ئاسمـانی بازرگـانی گەشـتەکەیان ئەنجامدا. لەو گروپە ئەمەریکیەدا بەدەر لە وێکسلەرو نیوکەمب، نوێنەرانی وەزارەتـی دەرەوەو CIAو وەزارەتـی دارایشـیان هـاورێ بـوو. لەگـەڵ هاوتـا سـعودیەکانیاندا لـەوەزارەتی نـاوخۆ، لەژوورێکی کۆنفرانسی نمونەیی رازاوەی پڕ فێنککـەرەوەدا چـاویان بەیـەك کـەوت. سـعودیەکان ئەفســەری باڵایــان لەئاسایشــی نــاوخۆوەو توێــژەرەوەو کەســی پســۆڕیان لەدەســەڵاتی ســکەی عەرەبستانی سعودیەوەو بانکی ناوەندی شانشینەکەوە هێنابوو.

ئەمەریکیەکان لیستێکی هەمەجۆری ئەجێندایان کردەوە. هەندێك لەبابەتـەکانیان پێشـنیاز بوون بۆ رێساو یاسای تازەی بانککردنی پارە کەتوانای عەرەبستانی سعودیەی بـەهێز دەکـرد بـۆ دۆزینەوەو بەرپێگرتنی ئاڵوویێرە بازرگانیە یاساغەکان. ماددەکـانی تـری ئەجێنداکـە دەربـارەی کـەمپینی نێودەوڵـەتی بـوون بـۆ پەراوێزخسـتنی تاڵیبـان، بەتایبـەتی لـەڕێی داخسـتنی گەشـتە ئاسمانیەکانی ئاریانای ئەفگانی. لەکۆتاییدا بابـەتێکی هەسـتیاری ئوسـامە بـن لادنو پارەکـانیو پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکەیدا باسکرا.

نیوکەمب داوایەکی فەرمی دەرکرد بۆ چاوپێکەوتن لەگـەڵ ئەنـدامانی خانـەوادەی بـن لادن. نوێنەرەکانی وەزارەتی ناوخۆی سعودی وادیاربوو داچڵەکی بن. ئەو نوێنـەرە سـعودیانە هاوتـای لێکۆڵەرەوە پلە باڵاکانی FBI بوون، بەڵام ئەو چاوپێکەوتنە شـتێك نـەبوو کـە بتـوانن بـەڵێن بدەن لەسەری، لەبەرئەوەی لەسەرو دەسەڵاتی ئەوانەوە بـوو. بەرپرسـە سـعودیەکان جـەختیان لەوە کردەوە کە بن لادنەکان بنەماڵەیەکی بەرێزو ملکەچی یاسان. بنەماڵەی بن لادن بەهەمان شێوەی حکومەتی سعودیە خۆیان لە ئوسامە بێبەری کردبوو. بۆچی ئەمەریکیەکان دەیانەوێت چاوی پێیان بکەوێت؟

بەدڵنیاییەوە سعودیەکان دەیانزانی کە ئۆفیسی نیوکەمب لە وەزارەتی داراییدا بەرپرسـە لـە بــەڕێوەبردنو ســەرۆکاریکردنی گــەمارۆکانی ئەمــەریکا لەســەر حکومەتــە دەرەکیــەکانو ئــەو گروپانەی لەکاری تیرۆریستی یان تاوانەکانی ترەوە گلاون. ئەمـە رەنگـە هەنـدێك لـە سروشـتی بــەرگری لــەخۆکردنیانی روونکردبێتــەوە. ئەمــە ئــەو ســیناریۆیەیە کــە بــن لادنــەکانو پارێزەرەکانیــان لێــی دەترســان: هەماهــەنگی کــردن لەگــەڵ لێکۆڵــەرەوە ئەمەریکیــەکان

بەشێوەیەکی خۆبەخشانە رەنگە ببێتە هۆی هێرشێکی یاسایی بۆ سەر سەروەتو سامانی بن لادنەکان.

سعودیەکان بە نیوکەمبو هاوکارەکانیان راگەیاند کەدەبێت داواکەیان لەگەڵ ویچ فۆوڵەری باڵیۆزی ئەمەریکا لە سعودیە یەکبخات. ئەو کارەیان ئەنجامدا، بەلام ئەندامانی وەفدەکە هەستیان بەوە کرد کە فۆوڵەر خۆشحاڵ نەبوو بەو دەست تێوەردانەوی ئەوان لەناوچەیەك کەخۆی سەرۆکاری دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا فۆوڵەر زۆری لە سعودیەکانو بن لادنەکان کرد تا هاوکاری وەزارەتی دارایی بکەن.

نیوکەمبو هاوکارەکانی بە هاوتا سعودیەکانیان راگەیاند کەوا زانیاری تەواویان دەوێت سەبارەت بەڤەبارەو خاوەندارێتی میراتی ئوسامە. لەکۆبونەوەکەدا، سعودیەکان ئەو برەی ساڵی ١٩٩٤ یان خستەڕوو کەبەزۆر بەشی ئوسامەیان لەکۆمپانیاکانی بنەماڵەکەدا پێ فرۆشتبوو، وە نزیکەی ٩,٩ ملیۆن دۆلار کە لەحساباتی بانکەکانی سعودیەدا بلۆك کرابوو. هەندێك لەنوێنەرە ئەمەریکیەکان واقیان ورما کە ئەم برە چەند کەمە لەچاو ئەو برەی راپۆرتە هەواڵگریە ئەمەریکیەکان پێشبینیان بۆ کردبوون. بەهەر حاڵ، لایەنە سعودیەکان جەختیان لەوەکردەوە کەپارەکە لەدەرەوەی سیستمی بانکی سعودیە بوو، هەروەها ئوسامەش نەیدەتوانی دەستی لێ بدات.

ئایا دۆکیومێنت هەبوو تا باس لەمانەوە بکات؟ سعودیەکان بە نەخێر وەلامیان دایەوە. ئەمەریکیەکان پرسییان، ئەی چۆن دڵنیان کەوا بەرێكو پێکی کرابێت؟ سعودیەکان وەلامیان دایەوە، بێگومان دڵنیاین چونکە لەبنەماڵەی بن لادنەوە وەرمانگرتووە.

ئەمەریکیەکان باسیان لەو مەراقەیان کرد کەوا ئوسامە بەبەردەوامی تەلەفون بۆ دایکی دەکات لە جەددە. ئایا ئەمە مانای بەردەوامبونی پەیوەندی ئوسامەیە لەگەڵ خێزانەکەی؟ یەکێك لەبەرپرسە سعودیەکان وەلامی دایەوە "هەرگیز ناتوانیت داوا لەدایکێکی عەرەب بکەیت قسە لەگەڵ کوڕەکەیدا نەکات".

یەکێك لە ئەمەریکیەکان کە لەژوورەکەدا گوێی گرتبوو بیری دەکردەوە: باشە، کەواتە بەڕاستی لێك جیانەبونەتەوە، وانیە؟ هەروەها ئێمە سووربوین لەسەرئەوەی کەدایکێك دەبێت قسە لەگەڵ کوڕەکەی نەکات ئەگەر کوڕەکە هەڵهاتوبێتو بەرەشەکوژی تۆمەتباربێت.

چەواشــەییەکە لــە کۆشــکی ســپیو CIA هــەتا بــەهاری ســاڵی ٢٠٠٠ دەربــارەی راســتیە سەرەکیەکانی سەروەتو میراتی ئوسامە دوایی نـەهات. لـەئازاری ئـەو سـاڵەدا ئۆفیسـی ریتچارد نیوکەمب تەلـەفونی بـۆ ریتچارد ئۆروسـکی هاوبـەش لـە سـولیڤان ئانـد کرۆمویڵ کـردو داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەندامانی خانەوادەی بن لادن کرد بۆ گفتوگۆکردنی مەسەلە داراییـەکان. ئۆروسکیو عەبـدوڵا بـن لادنو شـەفیق بـن لادن بەفڕۆکـە رۆشـتن بـۆ واشـنتۆن تـا لـەوەزارەتی دارایی چاویان بە نیوکەمب بکەوێت.

نیوکـەمب ئـەوەی رونکـردەوە کـە خـۆیو هاوکارەکـانی لەهـەوڵی ئـەوەدان ئـەو راپۆرتانـە هەڵبسـەنگێنن کـەوا ئوسـامە ٣٠٠ ملیـۆن دۆلاری بـە میراتـی بـۆ مـابووەوە. وەزارەتـی دارایـی لـە کۆشـکی سـپی خوازیـار بـوو کـەبزانێت ئەمـە راسـتە، ئەگـەر وانیـە دەبێـت ئوسـامە چـەندی وەرگرتبێـتو کـەی وەری گرتبێـت. دەیانویسـت لەسروشـتی داهاتەکـەی رابـردوویو ئەوکاتـەی بگەن.

دوو بـن لادنەکـە وەڵامـی پرسـیارەکانی نیوکـەمبیان دایـەوە. دوای چـەند هەفتەیـەکی کـەم، سولیڤان ئاند کرۆمویڵ نامەیـەکی فـەرمی، کـە لـەگروپی سعودی بـن لادنـەوە پێـی گەیشـتبوو، رەوانەی وەزارەتی دارایـی کـرد تـا بەنوسـین پشتڕاسـتی بکاتـەوە کـەوا عەبـدوڵاو شـەفیق باسـی چیان بـۆ کردبـون. دوای ئـەوەی سـاڵو نیوێـك بەسـەر تەقینـەوەکانی باڵیۆزخانـەی ئەمـەریکا تێپەڕ بوو بوو، ئـەم دۆکیومێنتـە حساباتی ووردی میراتـیو داهـاتی ئوسـامەی لـە بنەماڵەکـەدا لەخۆگرتبوو. نامەکە وای نیشاندابوو کـەوا بەدرێـژایی ژیـانی ئوسـامە تێکـڕا ٢٧ ملیـۆن دۆلاری وەرگرتبـوو، بـەڵام هـەمووی بـەجارێك نـا. لەسـەرەتای حەفتاکانـەوە تـا سـەرەتای نـەوەدەکان ئوسامە بەبەردەوامی پشکی خۆی لەقازانجی کۆمپانیاکەو موچەکانی پێ گەیشتبوو. ئەم داهاتـە تێکڕا بۆ هەر ساڵێك زیاد لە یەك ملیۆن دۆلاری دەکرد.

تەنانــەت دوای ئــەم ئاوەڵاکردنــە فەرمیانــە، شــیکارەکانی حکومــەتی ئەمــەریکا گومانیــان لەچەند پرسیارێك هەبوو. بۆ نمونە دانیاڵ کۆڵمان لە FBI لـەکاتی چاوپێکەوتنەکانی لەگـەڵ زڕبراکانی ئوسامەدا پێی وترابوو،دوای ئەوەی سالم گیانی لەدەستداو لەوکاتەی بـەکر خـەریکی رێکخستنی کاروباری داراییو بازرگـانی خانەوادەکـە بـوو، ٨ ملیـۆن دۆلار بەسـەر خانەوادەکـەدا دابەش کـرا. منداڵـەکانی محەمـەد بـن لادن هەڵبـژاردنێکیان لەبـەردەم بـوو ئـەویش وەرگرتنـی میراتیەکـەیان بـوو بـەکاش یـان دووبـارە خسـتنە بـواری وەبەرهێنانـەوە. دەبێـت ئوسـامە چـی

کردبێت؟ وەڵامەکەی روون نەبوو، بەپێی حساباتی خانەوادەی بن لادن، ئوسامە بڕێکی ئێجگار زۆری بەکاش راکێشا، لەگەڵ ئەوەشدا وەك هاوپشکێکی بەهێز لەهەردوو دامەزراوە سەرەکیەکەی خانەوادەکەدا مایەوە. ژمارەیەك گرفتی چونیەك هەبوون کە سەرلێشێوێنەر بوون؛ رەنگە زۆر وورد بوبن، بەڵام هەستێکی بەردەوام لەنێو هەندێك لەلێکۆڵەرەوە ئەمەریکیەکاندا هەبوو کەهەرگیز نەیاندەتوانی وێنەکە بەڕوونو ئاسودەیی ببینن.

دواجار ئەفسانەی ئەو میراتیە ٣٠٠ ملیۆن دۆلارەی ئوسامە پوچ کرابووەوە، ئەو بڕە وا نەبوو. ئەو حسابێکی باشی بانکی هەبوو، بەڵام هەرگیز لەڕیزی زۆر دەوڵەمەندەکان نەبوو، لەم بارەداو دوای چەند ساڵێك لەتاراوگە ئاشکرابوو لەمیراتیەکەی فەندی کارە تیرۆریستەکانی نەدەکرد.

ئەوەی هەندێك لەبەرپرسەکانی ئۆفیسی دژەتیرۆریزمی لە کۆشکی سپی پەست کرد ئەوە بوو کە وادەردەکەوت CIA هەرگیز درکی بەوە نەکردبێت کە لەبەرزترین ئاستی حکومیدا بۆ ماوەیەکی زۆر زانیاری چەواشەکاری دەربارەی پرسێکی وەها گرنگ بڵاوکردبووەوە. لەبری دانان بەهەڵەکاندا، CIA باسی لەوەدەکرد کەتەواوی بابەتەکە نهێنییەکی تێکەڵو پێکەڵو سەرلێشێوێنەرە، بەپێی راپۆرتێکی هەواڵگری لەنیسانی ٢٠٠١ دا: "لەئێستادا ئەو راپۆرتەمان نیە کەبڕیاربدات چەند لەسەروەتە تایبەتیەکەی بن لادن، ئوسامە بەکاری هێناوە یان بەردەوامە لەدابینکردنی پارە بۆ رێکخراوەکەی. ئێمە ناتوانین بەمتمانەوە بەهای سەروەتو سامانەکەیو نرخی تەواویان بزانین، هەروەها ئەو ئاستی پشتیوانیە داراییە نازانین کە لەخێزانەکەیو بەخشەرە هاوسۆزەکانیەوە وەری دەگرێت".

راپۆرتەکەی FBI ئەگەر هەش بوبێت لەو باشتر نەبوو. چەند ساڵێك دواتر لێکۆڵەرەوەکانی کۆمسیۆنی ١١ی سێبتێمبەری دوو لایەنەکە،دوو هەواڵگریەکە، پشکنینان بۆ هەموو فایلە پۆلێنکراوەکانی سەر مەسەلەی سەروەتی بن لادنو پاڵپشتی دارایی تیرۆریست لە FBIو CIA ئەنجامدا کە وەك یەك بوون. راپۆرتی CIA لەسەر پارەی بن لادن بەلایانەوە جوان نوسرابوو، بەرێكو پێکی پرنت کرابوو، شارەزایانەش لەنوسینگەی ئاسایشی نیشتیمانی دابەش کرابوو، بەڵام لەسەرچاوەی لاوازو خراپ ووردبینی کراوەوە وەرگیرابوو کەدەرکەوت هەڵە بوون. لەبەرامبەردا فایلە کرچو کاڵەکانی FBI داتای ووردو دیاریکراویان تێدا بوو، بەڵام فایلەکان بێ باکانە بەسەر ئۆفیسەکاندا دابەشکرابوو، رەشۆکیانە شیکرابونەوە.

نوسینگەکە ئەو توانـاو رۆشـنبیریەی نـەبوو تـا ئـەم زانیاریانـە پێکـەوە ببەسـتێتو لەنوسـیندا یـەکیان بخـاتو دابەشـیان بکـات تـاکو یارمـەتی بڕیاردەرەکـان بـدات. هـەروەها FBI هـەرگیز پۆلیسی چاودێری بـۆ بـن لادنـەکان لـە ئەمـەریکادا دانـەنابوو یـان بەشـێوەیەکی سیسـتەماتیکی چـاودێری کـارە بازرگانیـەکانیانو داراییـەکانیانی نـەکردبوو. لەنەوەدەکانـدا هـەر هاوڵاتیـەکی ئەمـەریکی یـان بیـانی دەیتـوانی بچـێتە دادگـای بـاڵای لـۆس ئەنجـەلوسو سەربەسـتانە داوای دۆسیەی ئەرشـیفکراوی تەڵاقنامـەی خانـەوادەی بـن لادنـی بکردایـەوەو بەتێروتەسـەلی داهـاتی سـاڵانەو قـازانجو قـەرزو کاروبـارە بازرگانیـەکانی تـری بخوێندایەتـەوەو زانیاریـەکی دەسـت بکەوتایــە کــە ئــەو راپۆرتــەی CIA دەربــارەی ٣٠٠ ملیــۆن دۆلارە میراتیەکــەی ئوســامەی بەدرۆدەخستەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم زانیاریانە کەخـەڵکی دەیتـوانی بچێتە ناویانـەوە، رەنگـە هەرگیز لێکۆڵینەوەیان دەربارە نەکرابێت. بەدڵنیایشـەوە هـەرگیز لـەو ڕاپۆرتـە هەواڵگریانـەدا کە درابووە بڕیاردەرەکانی ئیدارەکەی کلینتۆن، کەدەیانویست لەو هەڕەشەیە بگەن بن لادن لـە ژیانو بەرژەوەندی ئەمەریکیەکانی دەکرد، روون نەکرابوەوە.

دواتــر لێکۆڵــەرەوە ئەمەریکیــەکان گەیشــتنە ئــەو دەرەنجامــەی کــە شکســتهێنان هێنــا لەهـەڵماڵینی راسـتیەکان دەربـارەی داراییـەکانی ئوسـامە "بەربەسـتی بـۆ توانـای حکومـەتی ئەمـەریکا دروسـتکرد بـۆ گرتنەبـەری رێوشـوێنی کـاری پـەنهانی یـان پەکخسـتنی ئـابووری" لەهەوڵو تەقەلاکانیاندا بۆ رێپێگرتنی بن لادن پێش ئـەوەی جارێکی تـر گـورز بوەشـێنێتەوە. بڕی تێچونی هێرشە تیرۆریستیەکان کەم بوون، رەنگـە هێرشـەکانی ئەفـەریقا ١٠ هـەزار دۆلاری تێچـوبێت. بـۆ پیلانــی هێرشــە بەرهەڵسـتکارەکانی ١١ی سـێبتێمبەریش چـەند سـەد هـەزار دۆلارێکی تێچوبێت، بەڵام گوشارە داراییەکانی سـەر بـن لادن کـە بـۆ ١١ی سێبتێمبەر پلانـی بـۆ دانابوو زۆر لەو ژمارە پێشنیازکراوانە زیاتر بوون.

بۆ برەوپێدانی چاکەکانی لەگەڵ تاڵیبان، ئوسامە دەبوایە ساڵانە ٢٠ ملیۆن دۆلار پەیدا بکات بۆ کامپـەکانی مەشـقکردنو چـەكو تەقەمـەنیو مووچـە، هـەروەها بڕێـك پـارە کەخانـەوادەی خۆبەخشـەکان رازی بکـات. کردەوەکـانی دەرەوەی ئەفگانسـتان زیـاد لـە ١٠ ملیـۆن دۆلاریـان تـێ دەچـوو، ئەمــەش بــەگوێرەی ئەرشــیفی دۆکیومێنــتو بەڵگەنامــەکانی ئەلقاعیــدە کەدەســت لێکۆڵــەرەوە ئەمەریکیــەکان کــەوتبوو. هەنــدێك لــەم بودجانــە لەگــەڵ پــرۆژە بازرگــانیو بنیاتنانەوەکانی کە ئوسامەی تێدا بەشدار بـوو تێکـەڵکێش بـوو بـوون بـۆ خۆشحاڵکردنی مـەلا

عومەر، کەبریتی بوون لە کۆشکێکی تازە بۆ سەرکردەی تاڵیبان لەدەرەوەی قەندەهار لەساڵی ۱۹۹۹دا، مزگەوتێکی تازە لەشارەکەدا، دواتریش مارکەیتێکی تازەی بازاڕکردن لەناوشاردا. فەندەکان لەپرۆژەی خێرخوازیو ئەو کەسانەوە دەهات کە لەکەسە دەوڵەمەندەکانی کەنداوی فارس پارەیان کۆدەکردەوە، هەندێك لەم بەخشەرانە رەنگە بیانزانیایە پارەکەیان بۆ کوێ دەچێت. لەساڵی ۲۰۰۰دا ئوسامە دەزگایەکی ناسودمەندی نێودەوڵەتی ئیسلامخوازەکانی بەڕێوەدەبرد کەشێوازی پارەکۆکردنەوەکەیو خەرجکردنەکەی لەزۆربەی دەزگا خێرخوازیە جیهانیەکان دەچوو، شێوازی کۆکردنەوەکەی بەتایبەتی لەڕێی ئینتەرنێتەوە زۆر تازە بوو. خۆی گەڕاندەوە بۆ ئەو پۆستەی کە لەسەرەتای هەشتاکاندا حەزی پێی هەبوو، ئەوکاتەی یەکەمجار گەیشتە ئەفگانستانو لایەنگری خێرخوازی ئیسلامیی هەبوو. هەروەها فێربوو کەچۆن ساڵ لەدوای ساڵ بواری راگەیاندنو رۆژمێری ئایینیو بلیمەتی خۆی بەکاربهێنێت بۆ پەیداکردنی ملیۆنەها دۆلار. ئنجا دواتر کاتێك ئوسامە پێویستی بەپارە دەبوو، دەیزانی چۆن پەیدای بکات.

## ٣٥- دوورگەی بن لادن

لەکۆتایی نەوەدەکاندا، لەناو نەریتو کلتوری بن لادنەکاندا بەرپێزەوە ئاماژەکردن بۆ هەریەکە لەکوڕەکانی محەمەد بن لادن، بەنازناوی "شێخ" باو بوو. بەکارهێنانی ئەم نازناوە هاوشێوەی "جەنراڵ" یان "کۆلۆنێل" وەك پێشگرێکی رۆتین لەناو سوپای ئەمەریکیدا بوو. رۆژێك، کاتێك بەکر بن لادن ئەنجامێکی بەندو بابەتەکانی بەڕێوەبردنی وەرگرت، رێنیشاندەرەکەی بەردەوام ئاماژەی بۆ زربرا گەنجترەکانی بەم شێوەیە دەکرد، "شێخ شەفیق لە لەندەنەوە بۆ پرسیارێك پەیوەندی کرد"، یان "شێخ حەسەن سبەینێ لە لوبنانەوە بە فڕۆکە دەڕوات". کەسێك کە لەوێ ئامادەبوو گێڕایەوە کە بەکر کەمێك وەستا پاشان بەپێکەنینەوە ووتی: "لەم بنەماڵەیەدا تەنها یەك شێخ هەیە".

لەوانەیە ئوسامە ئەوەی پێ خۆشبووبێت بەڵام، بەکر مەبەستێکی هەبوو. لەو کاتەی ناوی بن لادن ناوبانگی خراپی دەرکردبوو، یان ئاهەنگی بۆ دەگێڕدرا، ئەمەش پشتی بەخەڵکەکە دەبەست، بەکر خۆی لەزۆرێك لەو گرژیو دژوارییەی کە گواستنەوە چاوەڕواننەکراوەکەی بۆ سەرکردایەتی بنەماڵە پاش مردنی سالم بەدوای خۆیدا هێنابوو، رزگارکرد. بەکر هێشتا بەرکارێکی زۆر بەتوانا بوو، هەروەها هەمیشە لەپێستی خۆیدا ئاسودە دەرنەدەکەوت، بەڵام ئێستا کە تەمەنی لەسەرەتای پەنجا ساڵیدا بوو، وەك سەرۆکی ئیمپراتۆریەتێکی کارو بازرگانی هەمەجۆر، نەدەتوانرا گومان لەسەرکەوتنی بکرێت. گروپی بن لادنی سعودیو کۆمپانیاکەی محەمەد بن لادن کاریان بۆ هەزاران کەس دابین دەکرد. شوینکاری جوگرافیای خۆیانیان فراوان کردبوو: گرێبەستە نێودەوڵەتییەکانی بنیادنانیان لەکۆتایی ئەو دەیەیەدا فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی قاهیرەو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی کوالالامپورو هۆتێلی گەورەی حەیات لەکارە گرنگەکانیان بوون. بووبوونە بەو کارەکتەرە گرنگانەی کە لەبوارە نوێیەکانی وەك پیشەسازی پزیشکی کاریاندەکرد، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٩٠دا، گروپی پزیشکی یەکگرتوو لەلایەن گروپی بن لادنی سعودییەوە دامەزرێنرا، گروپە پزیشکییەکە گەشەی کرد بۆ کۆمپانیایەکی جیهانی کە خاوەنی ١٢٠ ملیۆن دۆلار داهاتی ساڵانەو زیاتر لەدوو هەزار کارمەندو ئۆفیسەکانی لە لەندەنو

ئوسترالیاو رۆژهەلاتی ناوەراست بوون. بەکرو برا نزیکەکانی، بەتایبەتی یەحیا ئەم گەشەکردنەیان سەرباری زنجیرەیەك رووداوی بازرگانیو سیاسی زیانبەخش، لەپاش مردنی سالم بەدەست هێنابوو وەك: نەمانی پەیوەندی ئوسامەو هاتنەخوارەوەی نرخی نەوتو جەڵتەکەی شا فەهدو هەوڵەکانی شازادە عەبدوڵای جێنشین بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردنی سیستەمی گرێبەستەکانی شانشین. لەوانەیە هەریەکە لەم بەرەنگارییانە ئەوانی دواخستبێت، بەڵام بەکر بەزیرەکی بەکاریهێنان. هەروەها بەشێکی بەهۆی ستراتیژی هەمەچەشنیو مۆدێرنی کارو بازرگانییەوە بوو، سەربەخۆیی سەرمایەو دارایی مەزنتر کە لەهەریەکە لە سالم یان باوکی خوازیاری بوون، بەدەست هێنا.

دوو جار جیابوونەوەی هاوسەری ئەنجامدا، بەڵام منالەکانی لەژێر دەسەلاتی خۆیدا مانەوە. پاسەوانو مامۆستای تایبەتی بۆ گرتن، هەروەها ئەگەر کورەکان زیاتر حەزیان لەدواترین یارییەکانی پلەیستەیشنی سۆنی کردبێت وەك لەحەزی باوکی بۆ ئایەتو فەرمودە ئیسلامییەکان، ئەوا بۆشایی دروستبووی نێوانیان بەمەودایەکی ئاسایی دەردەکەوت. بەکر، نەوافی کورە گەورەی بەهرەمەندی کە هەڵگری پاسپۆرتی ئەمەریکی بوو، نارد بۆ خوێندن بۆ ولایەتە یەکگرتوەکان، هەروەها بەنەریتێکی عەرەبیانە، ئەم کورەی بۆ رۆڵێکی سەرکردانە لەنەوەی داهاتودا ئامادە دەکرد.

کاتێك بەکر لەماڵەکەی جەددەی بوو، لەکۆشکەکەی نزیك دەریای سور، سەرگەرمی جیهانی خۆی بوو، کە حەسارێك لەگەڵ ماڵێکی سەرەکی، میوانخانەیەك، چەند بینایەك کە وەك ئۆفیس بۆ ستافی بەرێوەبەرەکانو ئەنجومەنەکەی کاریان دەکردو تیایدا پێشوازی لەبەرێوەبەرو میوانەکان لەپاش نیوەرۆو ئێوارانەدا دەکرد. ئامادەی ئاهەنگی پێشوازیو خوانەکان دەبوو کە لەلایەن ئال سعودەوە میوانداری دەکرا، بەڵام زۆرجار ئەم ئێوارە ئاهەنگانە زیاتر بۆ ئامادەبوونی کریارەکانی شاهانە پێویستبوون وەك لەبایەخدان بەخۆشیو سەرگەرمی. بەکر زۆر حەزی لەفرۆکە بوو، بۆیە کۆمەڵێك فرۆکەی تایبەتی کۆکردەوە، لەکاتی گەشتکردندا، لەگەڵ بیرۆکەی سەرگەرمی فرۆکەوانی تایبەتدا سەرقاڵ بوو، کە لقێکی کلتوری هۆڵە تایبەتەکانو ئۆتۆمبێلی لیمۆزینو دەستکێشی سپی خزمەت بوو کە لەژینگەی وێستگەی فرۆکەوانی بازرگانی دوریدەخستەوە. بەلەم دروستکەرێکی سویدی-میسری بۆ دروستکردنی یەختێکی ئەلەمنیۆمی ١٩٠ پێیی لەگەڵ شوێنی نیشتنەوەی کۆپتەر لەسەر روەکەی راسپارد،

بەڵام پرۆژەکە بەهێواشی بۆ پێشەوە دەچوو، بۆیە لەهەمان کاتدا، بەکر بەیەکێك لەیەختە بچوکەکان، لەدەریای سوردا لەنێوان جەددەو هاوینەهەواری شەرمی شێخ لە میسر هاتوچۆی دەکرد. لەدەرەوەی عەرەبستانی سعودی، شێوازێکی ژیانی چالاك بەڵام سنورداری هەبوو. بیرۆکەی شەوێکی لەدەرەوە بۆ تەماشاکردنی فڕۆکەکان لەنمایشی ئاسمانی دوبەی یان بینینی ئایس کاپادیس لە پاریس هەبوو. دەیتوانی بەخشندە بێت، بەتایبەتی بۆ کارە خێرخوازی یان پەروەردەییەکان کە بۆ ئەمە، پەیوەندییەکی تایبەتی یان خێزانی هەبوو، بەڵام بەگشتی کاری ژیرانەی لاپەسەندبوو، هەموو ئەمانە پاش راگەیاندنی شەڕی ئوسامە بوو لەدژی ولایەتە یەکگرتوەکان.

ئەوە بەڵگەیەك بوو بۆ مۆرك و میزاجی بەکر کە بەدەگمەن کارمەندەکانی بەدڵتەنگی جێیان دەهێشت. هەمیشە سەرۆك خاوەنکارێکی ژیرو بەڕێزو راست بوو. ئەستەم بوو بەڕێوەبەرێك یان هاوبەشێکی بازرگانی بدۆزیتەوە کە هەستێکی خراپی هەبووبێت سەبارەت بەوەی کە لەلایەن هەرکام لە بن لادنەکانەوە بەکارهێنرابن، هەرچەندە هەندێك ناڕەزایی هەر هەبوون. ئەو موچانەی لەلایەن کۆمپانیاکانی بن لادنەوە دەدرا، دەستبڵاوانە نەبوون، بەڵام لەریزی ستانداردە نێودەوڵەتییەکاندا بوون، هەروەها هەندێ جار پارمەتییەکانی نیشتەجێ کردنو رقی سعودییەکان لەباج لەبەرچاو دەگیرا، ژمێریارێك یان ئەندزیارێکی بن لادن دەیتوانی بەباشی کاربکات. هەرکە کۆمپانیاکانی بن لادن مۆدێرنکرانەوە، دەستیان کرد بەپلانەکانی فرەنەتەوە نمونەییەکان، یان لانی کەم هی ئەوانەی کە لەجیهانی عەرەبدا نمونەیی بوون: کارمەندان دابەشکران بۆ گروپی جۆراوجۆر، لەسەر بنچینەی پلەو رەنگی باجەکەکانیان، کە سور یان زەرد یان شین بوو. پشوەکان رێك‌وپێك و لەکاتی خۆیان و مۆڵەتی ماڵ و تەنانەت سیاسەتی خزمەتێکی فەرمی بۆ کارمەندە دوورە وڵاتەکان لەگروپی بن لادنی سعودی هەبوو، بەم جۆرە: بۆ هەر ساڵێکی خزمەت نیو موچەی مانگێك بۆ ئەوانەی کە کەمتر لەپێنج ساڵ دەمانەوە، هەروەها لەپاش پێنج ساڵ بۆ هەر ساڵێکی خزمەت موچەی مانگێك دەدرا.

ئەوانەی کە ماوەیەکی درێژ دەمانەوەو برەویان بەپەیوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان بۆ بنەماڵەکە دەدا، دەیانتوانی پێشبینی خەڵاتە جیاجیاکان بکەن. پاکستانییەك لەستافی خێزانەکەی بەکر لە جەددە کە بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵیدا بوو، دەنگۆی ئەوە هەبوو کە

گوایە سامانێکی لانی کەم چەند ملیۆن دۆلاری هەبووبێت. شۆفێرەکەی بەکر لە لەندەن، کەسێکی پۆڵەندی بوو کە نازناوی "مارتین"ی هەبوو، منداڵەکانی لەسەر ئەو پارەو سەیارانەی کە لەلایەن بن لادنەکانەوە پێی درابوو بەدرێژایی ئەو ساڵانە دەخستە خوێندنگا باشەکانەوە. لەتەمەنی ناوەندیدا، بەکر بوو بەکەسێکی دەمارگرژ، بۆیە سەرەنجام مارتین راهێنەرێکی شێلانی تایبەتی پۆڵەندی بۆ دۆزییەوە کە لەگەشتەکانیدا هاورێیەتی دەکردو راهێنانی پێ دەکردو ماسولکەکانی خاودەکردەوە. لەوانەیە دیارترین رەوشی چارەنوسێکی بەرێکەوتی هاندانو گەشەی بەکر بۆ نور بایۆن، بریکاری گەشتیاری لوبنانی گەرابێتەوە کە لەسەرەتای شەستەکاندا وەك پاسەوانێکی نافەرمی بۆ هەندێك لەکورەکانی بن لادن خزمەتی کردبوو. پاش ئەوەی شەری ناوخۆ لە لوبنان دەستی پێ کرد، بایۆن بۆ جەددە بانگهێشت کرا. مافی بازرگانی خشڵی رازانەوەی بولگاری لە عەرەبستانی سعودی بەدەست هێنا، سەرنجراکێشی خاوەنداریێتی بازرگانییەکی وا لەشانشین دەتوانرێ پێشبینی بکرێ، بۆیە بایۆن بوو بەسەرمایەدارێکی دیار. سەرەنجام ئافرەتێکی لاوی خواست کە تەمەنی نزیکەی نیوەی تەمەنی خۆی بوو هەروەها لەپشوەکاندا لەگەڵ بنەماڵەی بن لادندا بەجلو بەرگێکەوە گەشتی دەکرد کە وادیاربوو نرخی دوو بۆ سێ ملیۆن دۆلار خشڵی بولگاری بووبێت.

جگە لە ئوسامە، سەرچاوەی سەرەتایی نیگەرانی لەجیهانی بەکردا پەیوەندییەکەی بوو لەگەڵ ئال سعودا. هەموو ئەو متمانەو شانازییەی بەدەستی هێنابوو لەساڵێکدا، لەمردنی سالمەوە دەیتوانی ئەو ماوە کەمە کاڵ بکاتەوە کە شازادەیەك لەژوورێکدا دەکەوتە سەر پێ. لەپێگەو ئاستی ئەنجومەنەکەی خۆیدا، شێخێك بوو لەناو شێخەکاندا، بەلام لەدادگا شاهانەکانی ریازدا، تەنها وەك یەمەنییەکی ئاسایی بوو، لەبەردەم ئارەزووەکانی ئال سعودی بەئاگا لەمێژووی بنەماڵەکەیان لاواز بوو، هەرگیز نەیدەتوانی تێکەڵی پلەکانیان بێت یان پێشبینی تەواو رەزامەندییان بکات. بەکر بەخێرایی‌و بەشێوەیەکی جیاواز دەرگای تەنانەت بۆ منالێکی بنەماڵەی شاهانە دەکردەوە. هەمیشە نیگەران دەردەکەوت لەبارەی ویستی بالادەستێکی ئال سعود چونکە بازرگانییەکەی پشتی بەشازادە عەبدولای جێنشین‌و شازادە سەلمانی پارێزگاری ریازو عەبدولعەزیز بن فەهدی کوری شای کەمئەندام دەبەست. عەبدولعەزیز کۆشکێکی بەدرێژای دەریای سور لە جەددە بۆ خۆی دروستکردبوو کە بەراستی بەکری دەوروژاند. بن لادنەکان بەووردی چاویان بەدوای کورەکەی پاشاوە بوو.

بەکر بەووردی هەواڵەکانی وەردەگرت، هەروەها هەندێك ئارەزووی سیاسیی هاوچەرخی هەبوو: بۆ نمونە، لەزۆرینەی عەرەبەکان زیاتر مەسەلە ژینگەییەکانی وەك تەندروستی دەریای سوری بەلاوە گرنگ بوو. لەگەڵ هاورێو هاوەڵەکانیدا لەبارەی کێشەی فەلەستینەوە دەدوا، هەروەها هەندێك جار کۆڕو کۆبوونەوەکانی پڕبوو لەباسی دەسەڵاتی نادیاری جولەکەکان لەحکومەتو میدیای ئەمەریکیدا. بەڵام ئەوانەی کە ئەم باسەیان دەکرد بە خەڵکی ئاسایی‌و زۆربلێ دادەنران.

بەبەسەرچونی سەدەی پێشوو سەرەتای سەدەی نوێ، بەکر بوو بەجۆرێك لە بابیی حیجاز، کە بەرزکەرەوەو نوێنەرێکی گەشبینی رێگای باوی عەرەبستانی سعودی بوو. پرسیارەکە ئەوە بوو کە چۆن ئەم رێگا باوە درێژخایەنە کەوتە جیهانێکەوە کە کۆمۆنیزمی لەدەستدابوو بەڵام ئوسامەی بەدەستهێنابوو. لەناو جەرگەی ئەو بارە دژوارەی عەرەبستانی سعودیدا، لەناویاندا ناسنامەی نەتەوەیی‌و سیاسەتی دەرەوەو مەسەلەی بەرگری، کە بەهاوبەشی لەگەڵ ئەمەریکادا بوو، بەرەو دروستبوونی سەرەتای شەڕی سارد دەڕۆیشت بۆیە بەدەگمەنیش پرسیاری لەبارەوە دەکرا. لەکاتی راگەیاندنەکانی شەڕی ئوسامە، پێشتر نوخبە سعودییەکان بەنیگەرانییەوە بۆ ئاراستەو سەرکردایەتییەکی نوێ دەگەڕان، ئاراستەیەك کە جێگەی هاوبەشی ئەمەریکای تیادا بێتەوە، ئەم مەسەلەیە کە بەگرنگی مایەوە نەك تەنها بۆ بەرگریکردنی نەوتی شانشین لەدڕندەو داگیرکەران، بەڵکو بۆ بەرزکردنەوەی شانازی سعودی‌و رێکخستنی مانۆڕی سەربازی‌و دەسەڵاتی بنەماڵەی شاهانە.

لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٠دا، شازادە خالید ئەلفەیسەڵ، پارێزگاری پارێزگای ئەسیر، نزیك سنوری یەمەن، هۆنراوەیەکی لەرۆژنامەی ئەلمەدینە لە جەددە بڵاوکردەوە. خالید، کوڕی پاشای پێشوو، نیگارکێش‌و هەڵۆباز و نوسەریش بوو، وەك یەکێك لەپارێزگارە کاریگەرو پێشکەتووەکانی ئال سعود تەماشادەکرا. گەشتی دەکرد، شازادە چارڵسی بەریتانیای لەناو هاورێ تایبەتەکانیدا ئەژماردەکرد، هەروەها بەرەنگدانەوەی مۆدێرنی‌و باڵی هزری نێودەوڵەتیی بیروباوەڕی شاهانەی سعودی دادەنرا. هەڵوێستی سەبارەت بەهەڵمەتی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤی ئەمەریکی‌و ئەوروپی پۆزەتیف نەبوو. خالید ناونیشانی هۆنراوەکەی "مافی مرۆڤ" بوو:

ئەگەر بەوە قایل بن یان قایل نەبن،

ئێمە تەنها مافانەکانی ئیسلاممان هەیە.
تەنانەت ئەگەر ئەوان دانیشی پیادا نەنێن،
دەزانین ئامانجیان بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی شەیتانە لە نێوانمادا
بۆچی دەبێت ئێمە بەدرۆکانیان ڤایل بین و
لەبەر خاتری ئەوان واز لەدابو نەریتەکانمان بێنین؟

دوو مانگ پاش ئەوەی کە ئەم دێڕانەی بڵاوکردەوە، خالید لەگەڵ شازادە چارڵس لەسەرەتای ریزێکی پێشوازیدا لەهۆڵی سپی، لەندەن، بارەگای حکومەتی بەریتانی وەستابوو. بۆنەکە بریتیبوو لەدەسپێکی فەرمی "تابلۆو وێنەکان"، پێشانگایەکی هونەریی هاوبەش لەبیستو شەش تابلۆی نەوت لەلایەن خالیدەوەو سیو پێنج تابلۆی ئاوڕەنگ لەلایەن چارڵسەوە بوو. کاری شازادە خالید وێنەی تیشکی خۆری بەئاراستەی پێچەوانەی چیا وشکەکانو چەمی پڕئاوو سەوز کێشابوو، دیمەنەکانی چارڵس وێنەی بالمۆڕاڵو سکۆتلەنداو هەندێك دیمەنی ئەسیر بوون، کە لەکاتی سەردانە تایبەتەکانی بۆ شانشین وێنەی کێشابوون.

بەکر بن لادن لەکاتی کردنەوەی پێشانگاکەدا گەیشت، لەریزی پێشوازیدا چاوەڕوانی دەکرد، خۆی لە دوو شازادەکە نزیککردەوە، خالید، بەکری بە چارڵس ناساند.

"ئەمە بەڕێز بن لادنە".

چارڵس برۆکانی تێکقرنجاندو پرسی "بن لادنە؟".

خالید بەپەلە روونی کردەوە، "نا، نا، براکەیەتی".

شازادەی ویڵز رووی کردە بەکرو تەوقەی لەگەڵ کرد. پرسیاری کرد "لەم رۆژانەدا بارودۆخی براکەت لەچیدایە؟".

وەڵامەکەی بەکر تۆمار نەکراوە. بەئاشکراش هیچ بێزارییەکی پێوە دیارنەبوو، بەخێرایی لەگەڵ چارڵس ناسراوییەکی گەرمی دروستکرد. تەنانەت بەکر لیستی کارتی شاهانەی کریسمسی بەدەست هێنا، هەموو مانگی دوانزەیەك، سڵاوی وەرزیی گەرمی پێ دەگەیشت، کە هاوپێچ وێنەیەکی شازادە لاوەکانی وەك هاریو ویلیامی لەگەڵدا بوو.

شازادە چارڵس بەجدی رۆڵی خۆی وەك نێردراوی نافەرمی بۆ عەرەبستانی سعودی وەرگرت. پەرەی بەبەرژەوەندییەکی قوڵو تایبەت لەجیهانی ئیسلامیدا دابوو. شتێك لەبارەی بوونی گومانی تیۆری بەکاربەری رۆژئاواییو کلتوری میدیاییەوە هەبوو کە وەك ترسێك لە

نەریتگەرایی چارڵس خۆی دەردەکەوت. داوای فەراهەمکردنی بەریتانیایەکی فرەئاینی زیاتر چەسپیووی دەکرد، خوازیاریش بوو، ئەگەر ئەو بوایە بەپاشا، نازناوی بەرگریکاری باوەڕەکانی پێ ببەخشرایە. لەساڵی ١٩٩٣دا، بەهۆی بوونی بەپارێزەرێکی فەرمی ئەدەبو هونەر لەسەنتەری ئۆکسفۆرد بۆ لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکان، چارڵس ئەم لادانە دیارانەی دروستکردبوو. هەرکە ئەم مافە بەراییەی راگەیاند، وتارێکی پێشبینیکراوی لەسەر بنچینەی راستو دروستی دا کە "لەوانەیە خراپ لێك تێنەگەیشتن لەنێوان ئیسلامو رۆژئاوادا... پەرەبسێنێ". وەك چاوەڕوان دەکرا، جەختی لەسەر رێزو گونجاویی بارودۆخی بۆ نەریتە ئیسلامییە ئاشتیخوازەکان دەکردەوە. گرنگتر لەوەش ناسنامە تایبەتییەکەی بوو کە لە سەرچاوەکانی سکاڵای موسوڵمانان لەسەردەمی جیهانگیریدا سەرچاوەی گرتبوو.

لەوانەیە هەندێك لەئێمە پێی وابێت پلانە ماددییەکانی گۆمەڵگای رۆژئاوایی کە بۆ جیهانی ئیسلامیمان ناردووە، وەك تەلەفزیۆنو خواردنی خێراو ئامێرە بچوکەکانی ژیانی رۆژانەمان کاریگەرییەکی باشو مۆدێرنانەیان هەبێت بەڵام ئەگەر ئێمە "مۆدێرنە" لەوڵاتانی تر کە زیاتر هاوشێوەی ئێمەن رەتکەینەوە، دەکەوینە ناو پلانی دژواری زۆر خراپەوە. راستییەکە ئەوەیە فۆرمەکانی ماتریالیزمی ئێمە دەکرێت بۆ موسوڵمانە لەخواترسەکان ناشیرین بێت، هەروەها من تەنها مەبەستم توندڕەوەکانیان نییە... شارستانیەتی رۆژئاوایی بەفراوانی بەدەسهاتوو قۆرخ بووە لەبەرەنگاربوونەوەی بەرپرسیاێتییە ژینگەییەکانی ئێمەدا. ئەم چەمکە گرنگەی یەکتاییو دڵنیایی کەسێتیی کرداری مەزهەبیو رۆحی جیهان لەبارەی ئێمەوە بەدڵنیاییەوە شتێکی گرنگە کە دەتوانین لەئیسلامەوە فێربببینەوە.

لەشوباتی ساڵی ٢٠٠١دا، چارڵسو خالید "تابلۆو وێنەکان"یان بۆ سەنتەری ئەلفەیسەڵییە لە ریاز هێنا، کە مۆڵێکی دوکانداری جامخانەو تاوەری ئۆفیسو باڵەخانەی هۆتێل کە لەلایەن گروپی بن لادنی سعودییەوە بنیادنرابوو. لەئاهەنگە خوانێکدا، چارڵس لەتەنیشتی شازادە عەبدوڵای جێنشینەوە دانیشتبوو، بەکر بن لادنیش لەمێزێکی نزیکدا دانیشتبوو. رۆژنامەوانی سعودی بەشێوەیەکی بەئەزمونانە کارەکانی سەر نمایشەکەی بەرز نرخاندو رێزێکی زۆری لەمیوانە ناسراوە شاهانەکانی شانشین گرت، بێ گومان هیچ ترسێك لەگرتنی رەخنەی هونەری سەربەخۆ لەرۆژنامەکاندا نەبوو کە لەوانەیە یەکێك لەو نیگارکێشە شاهانانەی بێزارکردبێت.

هەروەها لەو شەوەدا لە ئەلفەیسەلییە، سێر مارك مودیستوارت ئامادە بوو، کە سەرۆکی دەستەی بەرێوەبەرەکانی گروپی کۆمپانیاکانی دەچ/شێڵی شاهانە بوو، کۆمپانیایەکی گەورەی نەوتی نێودەوڵەتی، سپۆنسەری پێشانگای ریاز، بەدرێژایی سیستەمەکانی (BAE)، بەڵێندەری بەرگریی بەریتانی بوو. لەوانەیە بەشداریکردنە داراییەکانیان بۆ ئاهەنگی نمایشەکە کاردانەوەی پەیوەندی "کرداری مەزهەبیو رۆحی" نێوان ئیسلامو رۆژئاوا بووبێت کە پێشتر چارلس جەختی لێ کردبووەوە، بەلام جیاواز لە خالیدی هاورێی، چارلس تاکە شازادەی کاربەدەستو بالیۆزێکی نافەرمی لەخزمەتی حکومەتەکەی شاژندا بوو، کە کارە هەلبژدراوەکەی گرنگیدان بوو بەپەیوەندی ماددی زیاتری خاوەن ئۆتۆمۆبیلو کرێکاری کارگە بەریتانییەکان.

کارتەکانی کریسمەسی شازادە چارلس سەرچاوەیەکی تری دلنەوایی پێشکەش بە بەکر کرد لەکاتێکدا خولیا توندرەوانەکانی ئوسامە زیاتر دەردەکەوتن. بەکرو براکانی چالاکانە بەدوای پەیوەندی دۆستانەی تری لەو جۆرە لە ولایەتە یەکگرتوەکانو ئەوروپادا پاش تەقینەوەی بالیۆزخانەکان لە ئەفریقا، دەگەران. فلیپ گریفن، لەئۆفیسەکەی خۆییەوە لە ماریلاند، تەلەفۆنی بۆ دۆستی دێرینی لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کرد، بەلام پەیوەندییەکانی لەئاستێکی نزمتر لەوەی کە بن لادنەکان پێی راهاتبوون، خستەگەر. گروپی کارلیل، کە پێشتر بن لادنەکان وەبەرهێنانەکانیان تیادا کردبوو، رێگاچارەیەکی گرنگتریان پێشکەشکرد: جۆرج بوشی کور، سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، گەشتی کرد بۆ عەرەبستانی سعودی لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٨دا، سێ مانگ پاش پەلامارەکانی ئەفریقا، دووبارە لەساڵی ٢٠٠٠دا گەشتێکی تری بۆ قسەکردن لەبارەی رووداوەکانی کارلیل کە نەخشەی بۆ بەدەستهێنانی پارە لەوەبەرهێنەرە سعودییەکان کێشابوو، ئەنجامدا. چاوی بە بن لادنەکان کەوتو سوپاسنامەی میهرەبانیی بۆ میواندارییەکەیان نوسی.

سەرۆکی پێشوو جیمی کارتەر، بۆ هەوڵی بەدەستهێنانی پارە بۆ سەنتەری کارتەر، کە پەرەی بەمافی مرۆڤو قەلاچۆکردنی نەخۆشی لەسەرانسەری جیهاندا دەدا، لەگەڵ گروپێك لە دە برای بن لادندا لەکاتی هەڵمەتی کۆکردنەوەی دارایی لە عەرەبستانی سعودی لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا کۆبووەوە. بن لادنەکان کارتەریان دڵنیاکردەوە کە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئوسامەدا نییە، سەرۆکی پێشوو، یەك لەدوای یەك، بۆ پشتگیریکردنی هەوڵەکانی

لەرووبەڕوبوونــەوەی هــەژاریو نەهامــەتی لــەجیهانی سـێیەم هانیـدان. لەوانەیـە بـن لادنــەکان هەستیانکردبێت کە لەکۆتایی دوو خولی ئیدارەی کلینتۆندا، لەگەڵ ئاڵ گۆر، جێگـری سـەرۆك‌و دەرکەوتنی وەك سەرۆکێکی داهاتووی باوەڕپێکراو، بۆ فراوانکردنی پەیوەندییـە سیاسـیەکانیان لەپاش کۆمارییـەکان بەسـود بووبێـت، هـەروەك لـە تـۆڕە ناوەندییـەکانی تەکساس کـە لەلایـەن کارلیلــەوە پێشکەشــدەکرا. ســەرباری ئــەوە، لەئــەیلولی ســاڵی ٢٠٠٠دا، لــەئێوارەی هەڵبژاردنــە سەرۆکایەتییەکەی ئەمەریکادا، بەکر بەفڕۆکە گەشـتی بـۆ نیویـۆرك کـرد، دواترلەگـەڵ کارتـەر نانی بەیانی خوارد. ئەوە کارێکی زۆر دەگمەن بوو سەبارەت بە بەکر، کە یەکێك لەو تەنها دوو گەشتەی بوو بۆ ولایەتە یـەکگرتوەکان کـە لـەو کاتـەوەی زانکـۆی مـەیامی جێهێشـتبوو لەسـاڵی ١٩٧٣ەوە. بــەکر یــەك ملیــۆن دۆلاری وەك دیــاری خێرخــوازی، کــە لــەماوەی چــەند ســاڵێکدا جێبـەجێکرا، بەسـەنتەری کارتـەر بەخشـی. بەخشـینی سـەرەتای ٢٠٠ هـەزار دۆلار بـوو. پـارە کۆکراوەکـان پاڵپشـتی هەڵمەتەکـەی کارتـەری بـۆ کـۆنتڕۆڵکردن‌و ڕێگـرتن لەنەخۆشـی کـوێری رووبار دەکرد.

لەناو ولایەتە یەکگرتوەکان خۆیدا، پاش ساڵی ١٩٩٨، ئەو شتەی بن لادنەکان هەوڵیان بۆ دەدا زۆربەی خۆلادان بوو لەئاگادارکردنەوە، بەڵام ئەمە هەمیشە بەئاسانی نەدەسەلمێنرا. نـەوەکانی بــن لادن لەخوێنــدنگا ســەرەتایی‌و کۆلێــژ‌و زانکۆکــانی ولایەتــە یــەکگرتوەکان لەناویشــیاندا منداڵەکانی خەلیل بن لادن، بەردەوامبوون. هەرچەندە ماوەیەکی درێژ بوو لـەو کاتـەوەی وازی لـە "ئەمـەریکا ئـین مەوشـن" هێنـابوو، هێشـتا خـەلیل سـەردانی بیابـانی بیـەر، خانوبەرەکـەی لەدەرەوەی ئۆرلانـدۆی دەکرد. زۆرجار دایکە بەرازیلیەکەی ژنەکەی‌و خوشکی ژنەکـەی، ڕێجینـا فریساوراو چوار کچەکەی لەوێ دەمانەوە. لەماوەی ناوەڕاستی نەوەدەکانـدا، ڕێجینـا لـە جـەددە ژیـابوو، بــەڵام بەپرۆســەی جیابوونــەوەی لــەمێردە ئەمەریکییەکــەی، فــرانکلین فریســاورادا تێپەڕیبوو، هەروەها گەڕابووەوە بۆ ئۆرلاندۆ. ئافرەتێکی زۆر کێشەدروسـتکەر بـوو، رەفتاریشـی بەزۆری بەجۆرێك ترسناك بوو سەرنجی پۆلیسـی بـەلای خۆیـدا رادەکێشا لەکاتێکدا بنەماڵـەی بن لادن پێویستیان بەچاودێری لەو جۆرە نەبوو.

لە ١١ی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٩٩دا، میکیلـی سمـیس، پۆلیسـێکی نـاخۆی فلۆریـدا بـوو، گەیشـتە ماڵەکەی ڕێجینا فریساورا، کـە کاریگـەری گفتووگۆیـەکی توندوتیـژی تیـادا دەرکـەوت. ڤانیسـیا، کچە تەمەن پانزە ساڵەکەی ڕێجینا، بەئافرەتە پۆلیسەکەی ووت کـە دایکـی بـەبۆکس لێـی داوە،

چوارچێوەیەکی وێنەی پیاکێشاوە، سێ جاریش سکەیت-بۆردێکی تێ گرتووە، هەروەها بەقژ رایکێشاوە. بەپێی راپۆرتی سمیس، ڤانیسیا ووتی کە "بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە دەتوانێ بیریبێتەوە، بەشێوەی جەستەیی‌و دەرونی لەلایەن دایکییەوە بەخراپی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە". لەگێڕانەوەی "کاری توندوتیژی بێشومار" لەچەند ساڵی پێشودا، دوو کچی تری لەگەڵ ڤانیسیا بەشدارییان کرد.

ئەو رووبەڕبوونەوە پۆلیسییە لەدەرەوەی ئۆرلاندۆ لەبنەماڵەی فراوانی بن لادن بەرەو ناو جیهانی ناتەندروستی دادگای بنەماڵەی ئەمەریکی، لەگەڵ کێشمەکێشی زیندانی کردن، راپۆرتی کرێکارە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها وەرگرتنی بەڵگە دادوەرییەکان پەلی هاویشت. لەتەموزی ساڵی ١٩٩٩دا، راپۆرتێك تۆمارکرا لەلایەن کارمەندێکی ئاسایی هەرێمیەوە یەکێك لەقسەکانی کچەکانی فریساورای گێڕایەوە کە ریجینا مادده هۆشبەرەکان لەناویشیاندا کۆکاینی بەکارهێنابوو، هەروەها "کاتێك لە عەرەبستانی سعودی دەژیان، بۆ ماوەی چەند رۆژێك دایکەکە دیارنەما، جارێکیش باوکەکە دایکەکەی لەماڵێکی تلیاك کێشاندا دۆزیەوە". ئەمە تەنها سەرەتای زنجیرەیەك راپۆرتی بێزارکەر بوو کە لە ئۆرەنج کاونتی، فلۆریدا، لەدادگای پاش ساڵی ١٩٩٩ تۆمارکرا، کە باسی لەرەفتاری خراپ‌و نابەجێ لەلایەن ژنخوشکێکی خەلیل بن لادنەوە بەرامبەر بەمنداڵەکانی خۆی دەیکرد. جارجار خەلیل لەدانیشتنەکانی دادگای ئۆرلاندۆ دەردەکەوت کە هەوڵی بەدەست هێنانی باشترین بەرژەوەندی بۆ مناڵەکانی ریجینا دەدا. ئازارێکی خەمناك‌و درێژخایەن بوو، بەپێی راپۆرتەکان کە لەو دادگا تۆمارکران، هەندێك جار ریجینا لەشەودا ونەدەبوو منداڵەکانی بەتەنها جێدەهێشت. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی خێزانی کە لەلایەن بەشی منداڵان‌و خێزانەکانەوە تۆمارکرابوو، وادەردەکەوت کە زۆرینەی توندوتیژییەکەی پەیوەندی بەخراپ بەکارهێنانی کێشانی کۆکاینەوە بووە، کە تا بەهاری ساڵی ٢٠٠١ بەردەوامبوو.

مادده هۆشبەرەکان وەك چۆن لە ئۆرلاندۆ ژیانیان تێکدەشکان ئاواش لە جەددە ئەوەیان دەکرد، هەروەها ئەوە زۆر جێی سەرسوڕمان بوو کە بنەماڵەیەکی گەورەی وەك بن لادن بەوشێوەیە کاری تێ کرابێت. کات‌و شوێنی ئەم کەیسە تایبەتییە دژوار بوو، بەڵام بن لادنەکان خۆشبەخت بوون: ئەوە ئاشکرا نەبوو.

لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠١دا، گەورەترین گۆڕنکاری لەبنەماڵەی بن لادندا روویدا زیادکردنی نەوەیەکی فراوانی سێیەم بوو. منداڵە گەورەکانی بیستو چوار کوڕو کچەکەی محەمەد گەیشتنە تەمەنی بیست ساڵی، هەروەها دەستەیەك لەهەرزەکار بەدوایانەدا دەهاتن. ئەو ژمارە زۆرانە سەرنجراکێش بوون؛ زیاتر لەسەد نەوەی راستەوخۆی محەمەد، لەگەڵ نەوەی لقێکی هاوبەش لەو هەموو منداڵە زۆرەی عەبدولا بن لادنی برای، هەروەها دەیانی تر کە لەرێگەی هاوسەرگیرییەوە بەبنەماڵەکەوە پەیوەستبوون. منداڵەکانی محەمەد هێشتا، بەتایبەتی لەهاویندا، هەوڵی پێکەوە کۆبوونەوەی خۆیانیان وەك یەك بنەماڵە دەدا. هەموو ساڵێك ژمارەیەکیان لەهاوینەهەواری مۆدێرنی کەناردەریا لە میسر کە بە مارینا ناودەبرا، یەکێك بوو لەو کۆمەڵە دوورگەیەی کە بەدرێژایی زەوییە کەناراوییە بەخورما داپۆشراوەکانی دەریای ناوەڕاست دروستبوو بوون، کۆدەبوونەوە. بن لادنەکان دەستیان لەبەرەو پێشچوونی هاوینەهەوارەکەدا هەبوو، هەروەها وەك دوورگەیەکی خۆیان بانگەشەیان بۆ کردبوو، دوورگەی بن لادن، وەك لەناوخۆدا بەو شێوەیە ناویان دەهێنا، بنەماڵەکە ئەڵقەیەك لەماڵی بۆنەیی بەردیان لەتەنیشت یەکەوە دروستکردبوو. ئەوە شێوازێکی میسری لادێی بنەماڵەی ئۆکتری لە فلۆریدا بوو کە جارێك لەجارەکان سالم خەونی پێوە بینیبوو. لەدوورگەکەیان بەناوی مارینا، بن لادنەکان بەهەموو جیاوازییەکیانەوە لەسەر کەناری دەریاکە بڵاودەبوونەوە، ئافرەتی تەواو داپۆشراو، هەروەها ئافرەتی کەم داپۆشراویان تیادا بوو، پیاوانی ریشدارو نوێژکەر، هەروەها ئەوانی تریان هێدفۆن لەگوێو سەمایان بۆ میوزیکی هاوچەرخ دەکرد.

ئافرەتەکانی بن لادن هەر وەکو پیاوەکانیان سەرسوڕهێنەر بوون لەهەمەچەشنیو جیاوازیدا، جیاوازییەکە ئەوە بوو کە ئەوان زیاتر شاراوە بوون. لەنێوان کچەکانی محەمەددا، راندە وەك کەسایەتییەکی کەپت بوو لەگەڵ هاوڕێ ئەمەریکیو ئەوروپییەکانی بنەماڵەکەدا دەردەکەوت کە خانەنشین بووبوو لەکارە پزیشکییەکەیو خێزانی لە جەددە پێکەوەنابوو. بەکر هەندێ جار لەو ژیانە چەقبەستوە دەیهێنایە دەرەوەو ئاسودەش بوو بە ولایەتە یەکگرتوەکان ئەویش بەبانگهێشت کردنی وەك میوانێك لەخوانی ئێوارەدا کاتێك کە بەکر میوانداری سەردانکەرە پلە بەرزە ئەمەریکییەکانی، وەك قونسوڵی گشتی ئەمەریکای لە جەددە دەکرد. هاوینێك، راندەو مێردەکەی سوربوون لەسەر ئەوەی کە کوڕە هەرزەکارەکەیان کارێکی هاوینە لەپیتزا هوتێك لە جەددە وەربگرێت، بۆ ئەوەی شتێك دەربارەی ژیانی ئاسایی بزانێت.

لەدەستەی بەرۆژئاوایی بووەکانی بنەماڵەکە، لەگەڵیشیاندا سالحە هەبوو، هاوسەری دیزاینەرێکی ئیتالی بوو، کە لە ریڤێرا دەژیا. ناجیە کە زۆربەی کاتەکانی لە لۆس ئەنجلۆس بەسەردەبرد کە لەوێ وانەکانی فڕۆکەوانی لەفڕۆکەخانەی سانتا مۆنیکا وەرگرتبوو. ئەو جۆرە ئافرەتە چەقبەستوە عەرەبانە لەئەندامێتی بنەماڵەیەکدا، هەندیك جاریش کەناردەریای هاوینەدا، لەگەڵ ئەو خوشکانەی کە زیاتر نەریتی بوونو داپۆشراو بوون بەعەبای رەش، بەشداریان دەکرد، کە لەوانەیە هیچ کەم یان زیاد سەرسوڕهێنەر نەبووبێت لەو راستییەی کە ئوسامەو شەفیق بن لادن لەهەمان مانگدا لەدایك بوونو ئێستاش ئەو جۆرە جیهانە جیاوازانەیان دروستکردووە. لەراستیدا، جگە لە ئوسامە، لەساڵی ۲۰۰۱دا، لەوانەیە بن لادنەکان لەو هەزاران خێزانە هەمەڕەنگە موسوڵمانەی تر لەسەردەمێکی پێکەوە ژیانی کلتوریدا، زیاتر جێی تێڕامان نەبووبن.

وەك چۆن حەزرەمییەکان، لەرێگایەکی درێژی گەشتیارە جیهانییە بەمتمانەکانەوە هاتبوون. ئاواش منداڵەکانی محەمەد، میراتی پرشنگێکی بەهرەمەندی داهێنەریان بۆ مابووەوە. وەك سعودییەکانیش فێری پێکەوەدانانی دژیەکەکان بوون. ئەم چۆنێتیانە وەسفو ستایشی دەکردن، بەڵام بەداخەوە ئەوان وەسفو ستایشی ئوسامەشیان دەکرد.

"چالاکی فڕۆکەکان"، وەك دواتر لەنێوان هەندێك کەسی دەوروبەری ئوسامەدا پێ دەووترا کە دەسەڵاتیان پێدرابوو دەربارەی بزانن، واپێدەچێ وەك رووداوێکی میدیایی سەیرکرابێت.

ناتوانرێ بەتەواوی لەبنچینەکانی تێبگەی، تەنها بابەتی گێڕدراوەی بەردەستی تەواو بریتییە لەو چیرۆکەی کە لەلایەن خالید شێخ محەمەدەوە گێڕدراوەتەوە. کەسێکی پاکستانی بوو لە کوێت گەورە بووبوو، لەباکوری کالیفۆرنیا خوێندبووی، هەروەها لەبەرەی ئەفگانستان لەکاتی شەڕی دژە-سۆڤیەتی ساڵی هەشتاکاندا کرا بەکەسێکی توندڕەو. لەو ساڵانەدا بەشێوەیەکی تایبەت لە ئوسامەوە نزیك نەبوو، بەڵام ئەو مامی رەمزی یوسف بوو، کە سەرکردایەتی یەکەم هێرشی سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی کردبوو. بەوتەی خالید شێخ محەمەد، بۆ یەکەم جار ئەو بوو لەگەڵ یوسف بیری لەبەکارهێنانی رفاندنی فڕۆکەکان وەك چەك کردبووەوە لەکاتێکدا لەماوەی سەرەتای نەوەدەکاندا لەتاراوگە لە فلیپین بوون. دواتر برازاکەی لە پاکستان لەلایەن تیمێکەوە لەئەفسەرەکانی (FBI)و (CIA)ەوە دەسگیرکرا.

پاشان لەچەند دیمانەیەکدا، محەمەد چاوی بە ئوسامە کەوت بۆ ئەوەی تاوتوێی بیرۆکەیەك کە وەڵامێکی سەرسوڕهێنەری پێشکەش دەکرد، بکات.

گفتوگـۆ سـەرەتاییەکە وەك کۆبوونەوەیـەکی نمایشـی بـۆ فیلمێکـی وروژێنـەری هۆلیـوود کراوەبوو. محەمەد پێشنیاری رفانـدنی دە فڕۆکـەی لـە ولایەتـە یـەکگرتوەکان کـرد. فڕۆکەوانـە خۆکوژەکان نۆیان دەفڕین بـەرەو ئامانجـە دیاریکراوەکـانی سـەر کـەناری رۆژهـەڵاتو رۆژئـاوای پەنتاگۆن، کۆشـکی سـپی، بارەگـای ئەنجومـەنی پـیران، سـەنتەری بازرگـانی جیهـانی، بارەگاکـانی (CIA)، بارەگاکانی (FBI)، بنکـەکانی ووزەی ئـەتۆمی، هـەروەها باڵەخانـەکان لەولایەتـەکانی کالیفۆرنیـاو واشـنتۆن. فڕۆکـەی دەیـەمیش، بەسەرنشـینی خالیـد شـێخ محەمـەد خـۆی، لەفڕۆکەخانەیەکی ئەمـەریکی دەینیشـاندەوە. پاشـان هـەموو سەرنشـینە پیاوەکـانی دەکوشـتو زەنگـی ئاگادارکردنـەوەی لێـدەداو ووتـارێکی رەخنەگرانـەی سـەبارەت بەسیاسـەتی دەرەوەی ئەمەریکی دەدا. دواتر پشکنەرە ئەمەریکییـەکان لـەم بارەیـەوە نوسـیان، نمایشـەکە "دیمـەنێکی شانۆیی خاپورکەر" بوو، بەڵام ئەوە پلانێك بوو کە تیایدا خالید شێخ محەمـەد، نـەك ئوسـامە بن لادن، دەبوو بە "ئەستێرە خۆدەرخەرەکە، گەورە تیرۆریستەکە".

بن لادن بەووردی گوێی لە محەمەد گرت، بەڵام زۆر بەپـەرۆش نـەبوو. وەك دواتـر محەمـەد باسـیکرد، لەوانەیـە لەبـەر ئـەوە بووبێـت، کـە ئوسـامە یەکـەم رەشنوسـی پلانەکـەی کـەمێك تەمومـژاوی‌و بەشـێوەیەکی ناتـەواوی کـرداری‌و نـەبوونی پاسـاو بـۆ هـەڵکردنی گلـۆپی سـەوز، بینیبێـت. بەدڵنیاییـەوە ئـەوە کاردانەوەیـەکی ژیرانـەو گونجـاو لەگـەڵ مێـژووی ئوسـامە لەئاگاداری‌و گرنگیدانی پلاندانی چالاکییە توندوتیژەکان بوو. لەوانەیە ئوسامەش بیرۆکەیەکی جیاوازی لەهەڵبژاردنی رۆڵی ئەستێرەکە پێ باشتر بووبێت.

لـەکۆتایی ١٩٩٨ یـان سـەرەتای ١٩٩٩ بـوو، ئوسـامە داوای لـە محەمـەد کـرد بگەڕێتـەوە بـۆ کۆبوونەوەو لەکۆمەڵگای ئەلمەتەری دەرەوەی قەندەهار چاویان بەیەك کەوت. ئەو کات تاوتوێی شـێوازێکی رێـك‌وپێکی پلانەکـەیان کـرد، پلانێـك لەگـەڵ بودجەیـەکی گونجاوترو هەڵبـژاردنی رێ‌و شـوێنی باشـتر، پلانێـك کـە هـیچ کۆنگرەیـەکی رۆژنامـەوانی کـە لەلایـەن خالیـد شـێخ محەمـەدەوە بـەڕێوەببرێت، لـەخۆی نـەدەگرت. ئوسـامە رایگەیانـد کـە پـارەی پێویسـت دابـین دەکات.

لەئاهەنگی ئەڵقە گۆڕینەوەی محەمەد، دووەم کوڕە گەورەی ئوسامەدا، کە لەکانونی دووەمی ۲۰۰۱دا روویدا، زیاتر لەپێنج سەد میوانی ریشدار بەشێوەی چوارمشقی لەسەر زەوییەکی کراوە لەدەرەوەی قەندەهار دانیشتبوون، وەك ئەوەی بۆ نوێژکردن ریزبووبن. روویان کردبووە زاواو باوکی زاوا، کە بەشێوەی قاچ لەسەر قاچ لەبەردەمیاندا لەسەر فەرش دانیشتبوون. بوکەکە کچێکی تەمەن چواردە ساڵ، کچی محەمەد لەتیف، پۆلیسێکی پێشووی میسری بوو، کە نزیکترین راوێژکاری سەربازی ئوسامە بوو، کچەکە دیار نەبوو، لەراستیدا، ئەمە تەنها تایبەت بوو بەپیاوان. زاوا تەمەنی نزیکەی نۆزدە ساڵ دەردەکەوت. سمێڵێکی کەمی پێنەگەیوی هەبوو. دزداشەی سپیو چەفیەیەکی سعودی سپی پۆشیبوو. محەمەد ئوسامە بن لادن لێکچوویەکی سەرسوڕهێنەری باوکی بوو، خاوەنی بۆماوەیی سیمای لاوازو لوتێکی ناڕێك بوو. لەرووداوە میدیاییەکانی پێشوودا لەگەڵ ئوسامەدا دەردەکەوت، تفەنگێکی پێ بوو، دڵسۆزانە لەبارەی ئەرکی جیهادەوە قسەی دەکرد، سەرباری ئەوەی زۆر گەنجو لاواز دیاربوو کە وەك شتێك لەفیلم کارتۆنێکی سەرەڕۆیی بەیانیانی شەممە، کاریگەرییەکەی کەمێك گاڵتەئامێز بوو. لەم کاتەدا، لەبۆنەی هاوسەرگیرییەکەیدا، کاتێك محەمەد تەماشای کامێرا ڤیدیۆییە دەستییەکانی دەکرد، زەردەخەنەکەی پەشۆکاوو کەم متمانە دەردەکەوت. زەردەخەنەکانی باوکیشی بەهامان شێوە بوو، کە لەتەنیشت محەمەدەوە دانیشتبوو، سەرباری دەرکەوتنی لەو ڤیدیۆیانەی کە ساڵانێکی زۆر خۆی بەرهەمی دەهێنان، هێشتا ئوسامە توشی شلەژان دەبوو کاتێك کامێراکان روویان تێ دەکرد.

پاش ئەوەی عەبدوڵای کوڕی ئوسامە بڕیاری دابوو واز لەباوکی بهێنێت بۆ ئەوەی ژیانێکی سادەی هەرزەکاری سعودی لە جەددە دەست پێ بکات، محەمەد رۆڵی گەورەترین کوڕی بەوەفای لەتاراوگە وەرگرتبوو، بۆیە ئاهەنگەکەی بۆنەیەکی زۆر گرنگ بوو. ئوسامە منالی هەرزەکاری تری لەرەگەزی ئەفگانی هەبوو، سەرکردەی ئەلقاعیدە لەزۆربەی زربراکانی زیاتر بەشداری لەفراوانکردنی قەبارەی نەوەی سێیەمی بنەماڵەکەدا کردبوو. تەنها ژمارەی کوڕەکانی نزیکەی دەرزەنێك بوو. دوای محەمەد، گەورەترینیان سەعید بوو کە بۆ سەکردایەتی گرنگی پێ دەدرا. سێ کوڕی لاوتریان، خالیدو حەمزەو لادن هەرزوو لەشەڕی ڤیدیۆ پروپاگەندەییەکاندا دەرکەوتن، لەوێنەکاندا وەك سەربازە منداڵە ئەفریقیو سریلانکاییەکان وابوون.

ئوسامە وەك هەلێك سەیری ئاهەنگەکەی محەمەدی بۆ دروستکردنی پۆستکاردێکی ڤیدیۆیی دەکرد بۆ ئەو خزمانەی کە نەیاندەتوانی ئامادەبن، هەروەها لەهەمان کاتدا، وەك هەلێك بۆ بەشداریکردن لەپڕوپاگەندەیەکی نوێ بۆ بینەرانی تەلەفزیۆنی عەرەبی بوو. هاوکارەکانی تەلەفۆنیان بۆ ئەحمەد زەیدان، بەڕێوەبەری نوسینگەی کەناڵی ئەلجەزیرە لە پاکستان کرد، هەروەها بۆ قەندەهار بانگهێشتیان کرد. کاتێك گەیشت، بەڵێنی کۆپییەکی ڤیدیۆی ئاهەنگەکەیان پێدا، تاوەکو بتوانێ لەرێگەی مانگی دەسکردەوە بۆ کەناڵەکەیانی رێك بخات. تیمەکەی ئوسامە وێنەی رێوڕەسمەکەیان بەکامێرای خۆیان گرتبوو، کە بەنهێنی لەژێر رۆبەکانیاندا شاردبوویانەوە بۆ ئەوەی هەستی میوانە تاڵیبانە لەفۆتۆگراف‌ترسەکان بریندار نەکەن.

ئوسامە لەهەستو تاقەتێکی فراواندا بوو. سێ مانگ پێشتر، خۆکوژە پشتێن بۆمبەکانی ئەلقاعیدە لە یەمەن بەبەلەم هەڵیان کوتایە سەر کەشتی (USS) کۆوڵ، کە شکێنەرێکی موشەکی ئەمەریکی بوو، کاتێك دوو لەپەلاماردەرەکان خۆیانیان تەقاندەوە، حەڤدە سەربازیان کوشتو زیاتر لەسی سەربازی تریان بریندار کرد.

وەك زەیدان گێڕایەوە، لەپاش ئەوە ئوسامە پێی ووتووە، "من یەك شتت پێ دەڵێم. ئێمە کۆڵمان تەواو کردو دەمانویست ولایەتە یەکگرتووەکان کاردانەوەی هەبێت. هەروەها ئەگەر وەڵامی بدایەتەوە، ئەوا ئەفگانستانیان داگیردەکردو ئەوەش ئەو شتەیە کە ئێمە دەمانەوێ... دواتر جەنگی پیرۆز لەدژی ئەمەریکییەکان، رێك وەکو سۆڤیەتیەکان دەست پێ دەکەین".

تەنها بەقسەکردنی ئۆفیس نیگەران نەدەبوو. دایکی ئوسامە لە جەددەوە هاتبوو، دوان لەزڕبرا لاوەکانی لەدایکیەوە لەگەڵ خۆی هێنابوو، ئەوانەی کە بەشداریان لەماڵە کەنار شارییەکەیدا لەپاش دووبارە شوکردنەوەی دایکی کردبوو. (دەزگای هەواڵگری سعودی، کە لەبڕیاری گەشتەکەی بۆ ئەفگانستان ئاگادارکرابووەوە، هێشتا پێی وابوو کە ناتوانێت دەست وەرداتە ئارەزووی دایکێك بۆ بینینی کوڕەکەی، تەنانەت پاش پەلامارە توندەکەی کۆوڵیش). زەیدان گێڕایەوە، ئوسامە پێی ناخۆش بوو کە پێگەی ئەو لەنێوان زۆربەی داواکراوەکانی (FBI)دا دایکی ناچارکردووە لەرێگای ناڕاستەوخۆو بازرگانییەوە بفرێ. وەك زەیدان وەبیری هاتەوە، ئوسامە رایگەیاند، "ئەگەر گەمارۆ لەسەر تاڵیبان نەبێت، من دەتوانم فرۆکەیەکی

تایبەت بهێنم بۆ بردنەوەی دایکم لێرەوە بۆ عەرەبستانی سعودی". سەرزەنشتی خۆی کردو ووتی: "من بەرامبەر بەدایکم میهرەبان نیم".

مەراسیمی ئەڵقەگۆڕینەوەکە زۆری نەخایاند، بەخەملاندنی زەیدان، لەوانەیە یەك کاتژمێر بووبێت، کە بەدوایدا ئاهەنگێکی نان خواردنو ماوەیەکی میوە خواردن هات. ئوسامە بڕیاریدا ووتارێك لەسەر شەرەفی کوڕەکەی پێشکەش بکات، بەڵام خوێندنەوەی هۆنراوەیەکی هەڵبژارد کە دەربارەی چالاکییەکەی (USS) کۆوڵ نوسیبووی. لەبەردەم خەڵکەکەدا وەستاو بەدەنگی بەرز دەستی بەخوێندنەوە کرد:

شکێنەرێك: تەنانەت دلێرەکانیش لەگەورەییەکەی دەترسن.

لەناو بەندەرو دەریای کراوەدا ترسێکی تۆقێنەر دروست دەکات

کە سواری شەپۆلەکان دەبێت...

هەرچەند نمایشەکەی بەشێوەیەکی باش نەڕۆیشتو هەڵەشی کرد، بەڵام ئامادەبوان هاواریان کرد "الله اکبر" بۆ پیاهەڵدانی. بەردەوام بوو، بەڵام دواتر زەیدانی بانگکردە لایەك.

دانی پیادا نا، "پێم وانییە پەیامەکەم باش بووبێت". زەیدان گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئوسامە "زۆر زۆر بایەخ بە پەیوەندییە گشتییەکانو چۆنێتی دەرکەوتنی لەتەلەفزیۆن دەدات".

ئوسامە بڕیاریدا بۆ جاری دووەم تاقیبکاتەوە. بۆ دەرەوە گەڕایەوە، کامێراکان سوڕانەوە، دووبارە هۆنراوەکەی بەدەنگی بەرز خوێندەوە:

... بەهۆی غورورو لوتبەرزیو هێزی هەڵەوە کەنارگیرکرا.

بەهێواشی بەرەو چارەنوسی خۆی دەڕوات...

گەڕایەوە بۆ ناوەوەو تەماشای ڤیدیۆکەی کرد، بەنمایشەکانیدا چووەوە. کۆتایی پێ هێنا، "نا، نا، یەکەمیان باشتر بوو".

دەروازەی چوارەم

# وەچەکان

# سێپتەمبەری ٢٠٠١ بۆ سێپتەمبەری ٢٠٠٧

## ٣٦. ناوەکە

لــە ١٣ی ســێپتەمبەری ٢٠٠١ دا، جایســۆن بــاڵۆم، ئەفســەری پێشــووی پــۆلیس، ئیشــی بــۆ کۆمپانیایــەکی ئاسایشــی تایبــەت دەکــرد، پەیوەندییــەکی تەلــەفۆنی لەئــەیرۆرکس ئینــك، کــە کۆمپانیایــەکی نیوجێرســی بــواری فڕۆکــەوانی بــوو، کــاری ســەرەکییان ڕێکخســتنی گەشــت بــوو، بۆهات. کۆمپانیاکە گەشتێکی تایبەتی ریکخستبوو بۆ گواستنەوەی ئەندامانی خێزانەکەی بـن لادن بــۆ دەرەوەی ولایەتــە یــەکگرتوەکان. نوێنــەری کۆمپانیاکــە ئــەوەی راگەیانــد کــە بەلەبەرچـاوگرتنی رووداوەکـانی چـلو هەشـت سـەعاتی رابـردوو بڕیارمانـدا کـە کەسـێك بـۆ پاسـەوانی دەسـتەی فڕۆکـەوانیو سەرنیشـینەکانیو هـەروەها رێگـەگرتن لـە هـەر رووداوێکـی نـەخوازراو بـەکرێبگرین، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش پەیوەنـدییان کـرد بـە بـاڵوم. بـاڵوم مۆڵـەتی هەڵگرتنی چەکی نـەبوو لـە دەرەوەی ئەمـەریکا؛ تـەنها شـت کـە پێوسـتبوو پشـتی پێببەسـتێت، زیرەکی خۆیو ئەومەشقانەبوو کە لەیاری کاراتی دا وەریگرتبوون.

باڵوم پرسیاری ئەو شتانەی کرد کە خێزانی بن لادن هەڵیدەگرن لەگەڵ خۆیـان، پرسـی ئایـا ئەوان هیچ پارچە چـەکیك یـان پارەیـان پێـدەبێت؟ هـەروەها پرسـیاری ئەوەشـی کـرد کـە ئایـا ئــەوان لەلایــەن دەزگــای لێکۆڵینــەوەی فیــدراڵی(FBI)یــەوە پــێش بەرێکــەوتنیان دەپشــکنرێن؟ نوێنەری کۆمپانیا باڵومی دڵنیا کردەوە لەوەی کە ئەو پرسانە هەموویان چارەسەرکراون. بـاڵوم رازیبــوو بــۆ گرتنــە ئەســتۆی ئەرکەکــە. پاشــان ئــەوەیان پێڕاگەیانــد کــە دەبێــت ســەعات ٧ی سەرلەبەیانی ١٩ی سێپتەمبەر لەگەراجی تایبەتی فڕۆکەخانـەی لـۆس ئەنجەلۆسـی نێودەوڵـەتی ئامادەبێت.

کاتێــك ئــەو رۆژەهــات کــە بــۆی دیــاری کرابــوو، بــاڵوم چــاکەتو پــانتۆڵێکی لەبــەرکردو بۆینباخیشـی بەسـتو بـەرەو فڕۆکەخانـە بەرێکـەوت. کاتێـك گەیشـتە گەراجەکـە ژمارەیـەك لەکارمەنـدانی دەزگـای لێکۆڵینـەوەی فیـدراڵی(FBI) چاویان بـە بـاڵوم کـەوت، پـاش پشـکنینی خۆیو جانتاکەی، رێنوێنیان کرد بۆ ناو فڕۆکەیەکی بـۆینگی٧٢٧. فڕۆکەکـە سـەربە کۆمپانیـای رایانی نێودەوڵەتی بوو کە بنکەکـەی لەناوەڕاسـتی رۆژئاوایـە. پێشـووتر ئـەم فڕۆکەیـە لەلایـەن

هەریەکە لە تیمی بەیسبۆڵی "بۆڵتیمۆر ئۆریۆلۆس" هەروەها لەم دوایانەدا لەلایەن تیمی بەیسبۆڵی "شیکاگۆ بوولس" وە بەکارهاتبوو بۆ گەشتە وەرزشیەکانیان. کابینەی فڕۆکەکە تەواو گەورەبوو ئەگەر بۆ مەبەستی بازرگانی بەکاربهاتایە جێگەی ١٨٠ سەرنشینی تێدا دەبویەوە، بەڵام بۆ تیمە وەرزشییەکان بەشێویەکی زۆر قەشەنگو جوان ڕێکخرابوو، نزیکەی ٣٠کورسیی شینی چەرمی زۆر ئاسودەنشینی تێدا بوو، هەروەها باڕێکیشی تیدابوو کە سەرنشینەکان دەیانتوانی بەپێوە بوەستنو پێکەوە قسەبکەن.

هەرکە باڵوم چووە ناو فڕۆکەکە، تەنها دوو کەسی لەناو فڕۆکەکەدا بینی کە هەردووکیان ئافرەتبوون. یەکێکیان وەکو کارمەندی دەزگای لێکۆڵینەوەی فیدراڵی(FBI)ی خۆی ناساندو ئەوەی تریان، کە تەمەنی لەناوەڕاستی چلەکاندابوو، جلێکی زۆر قەشەنگو جوانی لەسەر شێوازی ژنەبازرگانێکی پرۆفیشناڵی ئەمەریکی لەبەرکردبوو، ئەو ژنە ناجیە بن لادن بوو.

پاشان کارمەندانی دەزگای لێکۆڵینەوەی فیدراڵی(FBI) هەموویان ڕۆشتنەدەرەوەو دەرگاکانی فڕۆکەکە داخران. پاش ئەوە باڵوم لەتەنیشت ناجیە دانیشت بۆئەوەی گفتوگۆی لەگەڵ بکات. ئەوەندەی باڵوم لەبیری بێ ناجیە تورەو بێزار دیاربوو تەنها تەوقەی کرد. ناجیە چیرۆکی پشکنینی خۆی بۆ باڵوم باسکرد کە چۆن کچە کارمەندێکی دەزگای لێکۆڵینەوەی فیدراڵی(FBI) پشکنینی بۆکردبوو پێش ئەوەی بێتە ناو فڕوکەکەوە، باڵوم پێی وت کە ئەویش بەهەمان هەنگاودا تێپەڕیوە. هەردووکیان پێکەنینیان بەوە هات کە کارمەندانی FBI بۆیانی ئەنجامدابوون.

ناجیە باسی لەوە بۆ باڵوم کردبوو ساڵانێکە لەدارستانێکی تەنیشت دارستانەکانی ڕۆژئاوا لە لۆس ئەنجەلۆس ژیاوە، ئەوەشی پێوت کە زۆرحەزی لە باشوری کالیفۆرنیایە، ئەسپسواریو یاری پۆلۆی لەو ناوچەیەکردووەو هەروەها وانەی فڕۆکەوانی خوێندووە، ڕاشیگەیاند نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ عەرەبستانی سعودی. هەروەك دوابوو دەربارەی ئەوەی ئەو ڕوداوە روداوێکی ناخۆشبوو کاریگەرییەکی خراپیشی بۆ سەرناوی خێزانەکەی دەبێت.

دواتر باسی ئەوەی بۆ کردبوو کە چەند ڕۆژێك پاش هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری بۆ سەر نیویۆرك و واشنتۆن، چووە بۆ کۆگایەکی گەورە لە لۆس ئەنجەلۆس بۆ کڕینی هەندێ جلو بەرگ، کاشێری کۆگاکە کە سەیری کارتی پارەپێدانەکەی کردوە، بێڕێزی پێکردووەو قسەی ناشیرینی پێوتووە. ناجیە پاش ئەوە دەستی کردووە بە ترس لەژیانی خۆی. باسی

لـەوەکردبوو کـە لـە ١٧ی سـێپتەمبەر کارمەنـدانی دەزگـای هـەواڵگری (FBI) سـەردانی ماڵەکـەیانکردووە، ئـەوەی پێراگەیانـدبوون کـە ئـەو زۆر زۆر تورەیـە لـەبارەی هێرشـە خۆکوژیەکەوە چونکە " توندوتیژی ریگەی ئیسلام نیە".

ناجیـە بـە "بـالۆم"ی وتبـوو کـە ئـەو بۆمـاوەی ٣٠ سـاڵە قسـەی لەگـەڵ ئوسـامە بـن لادن نەکردووەو ناتوانێ باوەڕبکات کە ئەندامێکی خێزانەکەی ئەم کارەی ئەنجام دابێت.

بالۆم پێیوت کە لەوانەیە دەرکەوێت کە کەسێکی تـر لەئەنجامـدانی ئـەم کـارە بەرپرسـبێت. بالۆم باسی ئەوەی بۆ کردبـوو کـە پـاش هێرشـە تیرۆرسـتیەکانی شـاری ئۆهۆمـا لەسـاڵی ١٩٩٥دا، گومانـدەکرا کـە لەلایـەن موسـڵمانە توندڕەوەکانـەوە ئەنجامـدرابێت، پاشـان دەرکـەوتووە کـە هێرشەکە لەلایەن دەستەیەك تیرۆرستی ناوخۆییەوە ئەنجامدرابوو.

ناجیە وەڵامی دایەوەو وتی "نەخێر ئەوە ئیشی ئوسامەیە".

کاتیـك فرۆکەکـە خێراییەکـەی زیـاد دەکـرد بۆئـەوەی بەرزبێتـەوە ناجیـە قورئـانیکی هەڵگرتبوو، پاشان بەرزیکردەوەو کردیەوەو دەستیکرد بەخوێندنەوەی.

لـە شـوێنێك لەسـەر ئـەریزۆنا، بـالۆم رۆشـتە شـوێنی دەسـتەی فڕۆکـەوانی فڕۆکەکـە بـۆ قسـەکردن لەگـەڵ فڕۆکەوانەکـە کـە پیاوێـك بـوو تەمـەنی لـەنێوان ٤٥ - ٥٠ سـاڵاندابوو، یاریدەرەکەی ئافرەتێك بوو. کاپتنی فڕۆکەکە پرسیاری ئەوەی لە بالۆم کرد، کـە کێیـە؟ کـاربۆ کێ دەکات؟ ئەی بۆچی لەناو فڕۆکەکەدایە؟

بالۆم ئەوەی پێوت کە پێشتر پۆلیس بووە، بەڵام ئێستا وەکو پاسەوان کاردەکات بۆ پاراسـتنی دەستەی فڕۆکەکە.

فڕۆکەوانەکـە پرسـیاری کـرد؛ پاسـەوانم بۆچـییە؟! ووتـی کـە ئێمـە راسـپێراوین تـەنها بۆهـەڵگرتنی هەنـدێك خوێنـدکاری زانکـۆ لـە فلۆریـداو هەنـدێك خوێنـدکاری تـری زانکـۆی لـە واشـنتۆن، پاشـان بیـان گوازینـەوە بـۆ "بۆسـتن". پرسـیاری کـرد، ئایـا تـۆ بلـیتی سەرنشـینی فڕۆکەت پێیە؟

بالۆم هەڵوەستەیەکی کرد. دانەیەکی پێیـە، بـەڵام پڕکراوەتـەوە لـە نـاوی خێزانـی بـن لادن. هەستی بەوەکردبوو کە درۆکردن لەگەڵ دەستەی فڕۆکەوانی بیرۆکەیەکی بـاش نیـە، بەتایبـەت کە فڕۆکەکە لەهەوادا بێت، لەبەر ئەوە بالۆم پارچە کاغەزێکی دایە دەستی.

کاتێـك پیـاوانی دەسـتەی فڕۆکـەوانی بلیتەکـەیان بـینی "سـپی هەڵگـەران" چـۆن سـپی هەڵگـەڕانێك "بەتـەوای وەکـو خێـو". کاپتنەکـە زۆڕ تورەبـوو بلیتەکـەی دا بـە دەسـتی یاریدەدەرەکـەو هـەموویان سـەیریانکرد. پـاش ئـەوەی بلیتەکـەیان بـینی هـەموویان سـەرو جگەرەیـەکیان داگیرسـاند، بـاڵومیش مـالیبۆرۆێکی دەرهێنـاو لەگـەڵ ئەوانـدا دەسـتی کـرد بەکێشانی.

فڕۆکەوانەکەو یاریدەدەرەکەی پەیوەنـدییان بـە کۆمپانیاکەیانـەوە کـردو دەسـتیان کـرد بـە سکاڵاو گلەیکردن. دەستەی فڕۆکەوانی فڕۆکەکە بە باڵۆمیان ووت  هیچ بێزارییەك نیـە، بـەڵام کە کەمێك دەترسـن لەبەرئەوەیـە کـە ئـاخۆ ئـەو بەتـەنها توانـای کۆنتڕۆڵکردنی بارودۆخەکـەی هەیە لەوکاتەی کە ئەندامانی تری خێزانی بن لادن دێنـە نـاو فڕۆکەکـەوە. لێیـان پرسـی؛ ئایـا هیچ  شتێك روونادات؟

باڵوم  پێیوتن کە تەنها یەك ئافرەتی چل ساڵان لەناو فڕۆکەکـە دایـە. هـیچ شـتێك نیـە کـە لێـی بترسـنو پێیـانی راگەیانـد کـە ئێسـتا یـەکێکی تـر هەڵدەگرین کـە نـاوی لەلیسـتەکەدایە. دەسـتەی فڕۆکـەوانی زۆر زۆر تورەبـوون، بـاڵوم  ئەمـەی دەگێرایـەوەو لـەو کاتـەدا خزمـەتگوزارەکان بـەناو کابینـەی فڕۆکەکـەدا هاتوچـۆیان دەکـرد. لەکۆتایـدا لـە ئۆرلانـدۆ نیشتنەوە. بەپێی کاتی کەنارەکانی رۆژهەڵات پاش نیوەرۆ  بوو، دەستەی فڕۆکەوانی رێککەوتن لەسـەر بڕیـاری خۆیـانو رایانگەیانـد لەبـەر سـەلامەتی خۆیـانو لەبەرئـەوەی فێڵیـان لێکـراوە، ئەگەر هەریەکەیان بڕی دە هەزار دۆلاری تریان بۆ زیاد نەکرێت لە ئۆرلاندۆ زیاتر ناڕۆن.

بـاڵوم لەتەلەفزیۆنـەوە ئـەوە فێربووبـوو کـە ئـەو فڕۆکانـەی ١١ی سـێپتەمبەر چـۆن بـەکارهێنرابوون، بیرۆکـەی ئـەو راپۆرتـەی کـە ئـەو بینیبـووی رێـك بـۆ ئـەو باردۆخـەی ئـەو دەگونجا بۆ ئـەوەی فڕۆکەوانـەکان ناچاربکات لەگەشـتەکەیان بـەردەوام بـن. بیرۆکەکـەی بـاڵوم بیرۆکەیەکی باش بوو. لـەو کاتـەدا بـاڵۆم خـەمی ئـەوەی بـوو کەیـەکێك تەقـەیان لێنـەکات یـان هەوڵی تەقەلێکردنیان بدات لەکاتێکدا کەبەرزدەبنەوەو دەچنە ئاسمان.

بـاڵوم گەڕایـەوە نـاو فڕۆکەکـە بـۆ ئـەوەی سـەیر بکـات سەرنشـینان بوونەتـە چـەند. پلانـی فڕینەکەیان نادیاربوو بەهۆی داواکاریەکانی دەسـتەی فڕۆکەوانیـەوە، لەوکاتـەدا سـێ ئەفسـەری FBI ی لە تەرمیناڵەکەدا بەنزینیان دەکردە فڕۆکەکەوە.

باڵوم بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ بەڕێوبەرێکی ریان ئیەر(کۆمپانیای فڕۆکەوانیەکە)دا کرد، پێیڕاگەیاند کە هەر چەند زیاتر لێرە بمێننەوە، ئەوەندە زیاتر مەترسی ئەوەیان دەبێت کەببنە ئامانج،

باڵوم کەسێکی باڵابەرزی بەدیکرد، کە نزیکەی "٦ پێ و چوار ئینج" درێژبوو، پیاوێکی قۆزبوو سمێڵێکی تەنکی هەبوو، بەتەواوەتی لە ئوسامە بن لادن دەچوو، پیاوەکە چاویلکەیەکی گرانبەهاو چاکەت و پانتۆڵێکی "بیجانی" پێنج هەزار دۆلاری لەبەردابوو.

ئەو خۆی بە خەلیل بن لادن ناساندو داوای لێبوردنی لە باڵوم کردوو وتی؛ کە نەدەبوو لێرەدا بووایە.

ناجیە هاتەدەرەوەو پرسیاری ئەوەی لە خەلیل کرد کە بۆچی گەشتەکەیان دواخراوە.

باڵوم ئەوەی پێڕاگەیاندن کە دەستەی فڕۆکەکە ئاگادارنەبوون لەناسنامەکانیان. هەروەها، پێیانی ووت کە ئەوان زۆر دەترسن کە لەگەڵ ئێوەدا بفڕن ئەمە هۆیەکیان، هۆکەی تری دواکەوتنەکەیان ئەوەیە کە داوای پارەی زیاتر دەکەن.

خەلیل وتی؛ هەرچەندێکیان دەوێت بیاندەرێ، باڵێرە بچینە دەرەوە.

لە ئێوارەی ١٣ی سیپتەمبەر، لەهەمان رۆژدا جەیسن باڵوم یەکەم کەسبوو کە پەیوەندی پێوەکرا دەربارەی گەشتە ئاسمانیەکەی بن لادن، شازادە بەندەر بن سوڵتان، باڵیۆزی سعودی لەواشنتۆن، چاوی کەوت بە سەرۆك جۆرج دەبلیو بۆش لە کۆشکی سپی. لە باڵکۆنی ترومان دا بەیەکەوە جگەرەیان دەکێشا. ژمارەی کوژراوەکانی ١١ی سێپتەمبەر تا ئەوکاتەش نەزانرابوو، کە بێگومان بەسەدان کەس دەبوون. وێنە تەلەفزیۆنیەکانی هێرشەکانو دەرئەنجامەکانی، کرێکارە لاوازەکان بەسەر لاشەکانی توین تاوەرس، کە تەپوتۆز دەمو چاویانی داپۆشیبوو بۆردەکان پڕکرابوون لە وێنەی ونبووەکان. رووداوەکان چییان دەگەیاند بۆ هاوپەیمانی ئەمەریکاو سعودیە، شتێکی قورس بوو هەروەك زووبوو بۆ پێشبینی کردن، بەلام بواری سەرلەنوێ بیرکردنەوەو پیاچوونەوە هەبوو لەهەردوولاوە.

بەندەر دوپاتی کردەوە کە بۆش تورە نەبووە لەو پلانەی کە لە باڵیۆزی ئەمەریکا ئیشی لەسەرکردوە بۆ گواستنەوەی خێزانەکەی بن لادنو ژمارەیەك لەئەندامانی خێزانی شاهانەی سعودیو هەموو ئەوانەی تر کە لێرە بلاوەیان پێکراوە.. شایانی باسە پێش رودای ١١ی سێپتەمبەر، گروپێك لەخێزانی شاهانەی سعودی هاتبوون بۆ ولایەتە یەکگرتووەکانی

ئەمەریکا بۆ کڕینی ئەسپ لەکەنتاکیو گروپێکی تریشیان بۆ پشوو هاتبوون بۆ کالیفۆرنیاو لاس ڤێگاس. بەپێی وتەکانی بەندەر راستەوخۆ تەلەفۆنیکردووە بۆ FBI بۆ ئەوەی روخسەتیان لێوەربگرێتو رێگە بە کۆمپانیای فڕۆکەوانیەکە بدەن بۆ گواستنەوەی ئەوان تا دڵنیابێت لەسەلامەتی هاوڵاتیە سعودیەکان لەئەگەری هێرشی تۆڵەسەندنەوە. ئەو کەسانە لەناو ئەمەریکادا سوڕاونەتەوەو ئێمە خەمی ئەوەمانە کە کەسێکی سەرگەرمو توندڕەو لەم کاتەدا ئازاریان بدات، دواتر بەندەر ئەوەی ووت کە راستەوخۆ پەیوەندی کردبوو بە بەرێوبەری FBI، لویس کلارك، کە پەیوەندییەکی زۆر باشی هەبوو لەگەڵیدا. پاش کۆتایهێنان بەگفتوگۆکەی لەگەڵ نوسینگەی فیدراڵی، بەندەر پەیوەندی بە "ریچارد کلارك" ی سەرۆکی دەستەی دژەتیرۆر لە کۆشکی سپی کرد، کە ئەمیش بە بەندەری وتبوو ئەگەر FBIی کێشەی نەبێت ئەوا ئەمیش هیچ کێشەیەکی نییە.

٤-٣ رۆژ دوای ١١ی سێپتەمبەر، بەندەر تەلەفۆنی بۆ فرێد دوتۆن کردبوو، کە پارێزەرێك بوو لە واشنتۆن بۆماوەی چەندین ساڵ وەکو راوێژکاری سیاسیو یاسایی بۆ خێزانی شاهانە خزمەتی کردبوو، بەندەر ئەوەی پێراگەیاندبوو کە ژمارەیەك لەزڕبراکانی ئوسامە بن لادن لە ئەمەریکانو پێویستیان بە راوێژکاری یاسایی هەیە. دوتۆن دوودڵ بوو، بەڵام رازی بوو کە ببێت بە راوێژکاریان. دوتۆن پیاوێکی سەرسپی بەرێزبوو لەلای واشنتۆنو لەحەفتاکانی تەمەنی دابوو. هەروەها پیاوێك بوو کە کەسایەتیو ناوبانگی خۆیی پاراستبوو زۆر بەوریاییو ووردیەوە قسەی دەکرد. دوتۆن بەرەو هۆتێلی فۆر سیزنس بەڕێکەوت کە لەکەناری جۆرج تاون بوو. لەهۆتێلەکە خۆی بە عەبدوڵا بن لادنو شەفیق بن لادن ناساند، کە هەردووکیان دەرچووی کولێژی یاسابوون لەزانکۆی هارڤارد. دوو براکە چاکەتو پانتۆڵی بزنسیان لەبەردابوو. پاشان بۆ قسەکردن هەموویان پێکەوە چوونە ژووری میوان.

لەو کاتەی کە فڕۆکەی ٧٧ ی ئەمێریکان ئیەرلاین خۆی بە پەنتاگۆندا کێشا لەبەرامبەر روباری پەنتاگۆن، شەفیق بن لادن ئامادەی کۆنفرانسی گروپی وەبەرهێنەرانی کارڵ بوو لە ئوتێل ریتز-کارلتۆن لەواشنتۆن، عەبدولا بن لادنی برای لەشاری کامبریجی ولایەتی ماسەچوێستس سەرقاڵی کڕینی قاوە بووە لە ستارباکس، ئەوکاتەی هەواڵی هێرشەکە لەتەلەفزیۆنەوە پەخشکرا. پاشان بۆ واشنتۆن بەڕێکەوت بۆ لای زڕبراکەی بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە پاراستنی خێزانەکەیاندا.

دۆتـۆن ئـەوەی گێڕایـەوە کـە براکـان راوێـژیان پێکـردووە لەسـەر ئـەوەی چـیبکەنو چـۆن چارەسـەری ئـەو بارودۆخـە دژوارو نـەخوازراوە بکـەن کـە زۆر قیـزەونو شـەرمەزارکەربوو بـۆ زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی خێزانی بن لادن. ئەوان وتیان کە بۆماوەیـەکی زۆر دوورودرێـژە پەیوەنـدیان لەگـەڵ ئوسـامە نـەماوەو نـەیانبینیوە، بۆماوەیـەکی زۆریشـە قسـەیان لەگـەڵ نەکردووە. وتیان کە ئەو "ئەندامێکی خراپ بوو".

براکان داوایان لە دوتۆن نەکرد کە وەکو پـارێزەر کاریـان بۆبکـات، بـەڵام داوایـان لێکـرد کـە پێشنیاری هەندێ پارێزەریان بـۆ بکـات کـە بتـوانن ئـیش بـۆ بنەماڵـەی بـن لادن بکـەن. ئـەوان کەسێکی یاساییان دەویست کە ئامۆژگاری گشتییان بـداتێ، هـەروەها بتوانێـت هاوکاریـان بکـات لەو کێشانەی کە لەوانەیە لەدوای هێرشـە خۆکوژیەکانـەوە رووبـەڕووی خێزانەکـەیان ببێتـەوە لەولایەتـە یـەکگرتوەکانی ئەمـەریکادا. سـکاڵای مـەدەنی لەلایـەن قوربانییـەکان یـەکێك بـوو لەئەگـەرە ئاشـکراکان. بەرپرسـانی ئەمـەریکی بەدڵنیاییـەوە لێکۆڵینـەوەکانیان نـوێ دەکەنـەوە لـەدارایی خێزانەکـەو کێشـە پەیوەندیـدارەکان. دوتـۆن دەیزانـی کـە خێزانـی بـن لادن پێشـتر ئیشـیان لەگـەڵ سـولیڤانو کۆرمویـڵ کـردووە، بـەڵام براکـان باسـی ئـەوەیان نـەکرد کـە ئـاخۆ پەیوەندییان بە سولیڤان کردووە کە بارەگاکەی نیویۆرکی لەنزیك سـەنتەری بازرگانیـەوە بـوو، یان چی بەسەر ئەو لێکۆڵینەوانەدا هاتووە لەبارێکدا ئەگەر ئەو کۆمپانیایە ئەنجامی دابێت.

دوتۆن هەوڵی دا ئاوێکی سارد بکات بەسەر بارودۆخەکەدا، پێـی ووتـن کـە پێـی وانیـە لـەم ئانووساتەدا کەس هەبێت نوێنەرایەتی یاسایی خێزانی بن لادن بکاتو یارمەتییان بدات. ئێستا زۆر زووە بـۆ پێشـبینیکردنو هەسـتەکانیش، بـەڵام دۆتـۆن رازی بـوو لێکۆڵینـەوە لەکێشـەکە بکات.

پـاش تێپـەڕبوونی یـەك دوو رۆژ، دوتـۆن پەیوەنـدی بەژمارەیـەك پـارێزەری بـەناوبانگی واشـنتۆنەوە کـرد بـۆ ئـەوەی قسـەیان لەگەڵدا بکـات. نەیدەویسـت داوا لـەو کەسـانە بکـات کـە نەیدەناسـین. لـە گفتوگۆکانـەوە ئـەوەی بـۆ دەرکـەوت کـە کـاتێکی گونجـاو نیـەو لـەم کاتـەدا ناتوانرێت هیچ شتێك بکرێت.

پەیوەندی بە بن لادنەکانەوە کردوو ئەوەی پێ راگەیاندن کە چاوپێکەوتنیش سـودی نیـە. پێشـنیاری ئـەوەی کـرد کـە بـۆ ماوەیـەك بێـدەنگ بـن تـا هەنـدێ گۆڕانکـاری لەرووداوەکانـدا روودەدەن. هـەروەها دوتـۆن ئامۆژگـاری ئـەوەی کـردن کـە ئـیش لەگـەڵ هـەموو پارێزەرێکـدا

نەکەن، چونکە لەوانەیە هەموو پارێزەرێك نەتوانێت یارمەتیان بدات. دوتۆن هەستی کرد کە هیچ کام لەهەوڵەکان سەرکەوتوو نابن.

شەفیق و عەبدولا پاش چەند رۆژێکی کەم لە ١١ی سێپتەمبەر لەواشنتۆن چاویان بە چاس فریمان کەوتبوو، چاس باڵیۆزی پێشوی ئەمەریکا بوو لەسعودیە، پەیوەندییەکی ئاسایی و دووراو دووری لەگەڵ بەکردا هەبوو. پاش جێهێشتنی کارەکەی پێشووی، فریمان بووبووە سەرۆکی ئەنجومەنی سیاسەتی خۆرهەلاتی ناوەراست لەواشنتۆن، لەچەند ساڵی رابردوودا خێزانی بن لادن هاوکاری داراییان کردبوو. هەروەها راوێژی کاروباری بازرگانی کردبوو لەسعودیەو چەند شوێنێکی تر لەدەرەوەی ئەمەریکا. هەردووکیان ئەوەیان بە فریمان راگەیاند کە زنجیرەیەك هەرەشەی زۆر مەترسیداریان لەسەرەو ئەوەشیان بۆ دەرکەوتووە کە FBI زۆر بەپەرۆشەو میهرەبانە لەگەڵیان و لەکاتی وەلامدانەوەی پرسیارەکانی نوسینگە لەبارەی مێژووی خێزانەکەیان و باردۆخی ئوسامە هەوڵیانداوە زۆر یارمەتییان بدەن، لەهەمان کاتدا پێیان وایە کە لەناو ئەمەریکادا لەژێر پارێزگاری FBI دان.

ئەوان لەگەل فریماندا باسی کێشەی پەیوەندییە گشتییەکانی خێزانەکەیان کرد. پاش ئەوەی کە ئوسامە شەڕی راگەیاند لەگەڵ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، خێزانەکەی بن لادن پەیامنێری پێشوی "واڵ ستریت جۆرناڵ"، تیمۆسی میتزیان وەکو پارێزەری خێزانەکەیان دەستنیشانکرد. میتز سەنتەری پەیوەندییە گشتییەکانی خۆی لەنیویۆرك دەست پێکرد، بەلام میتز کاری لەسەر میدیای ئەمەریکی دەکردو لەدەستکەوتنی زانیاریدا پشتی بە پرسیارکردن لە پەیامنێران دەبەستو دەربارەی بن لادن لە بلاوکراوە ئەمەریکیەکان بابەتەکانی وەردەگرت. فریمان ئامۆژگاری شەفیق و عەبدولای کرد کە کەسێك دیاریبکەن، کە ئەزموون و شارەزایی لەقەیرانی پەیوەندییەکاندا هەبێت، ئەرکەکەی پێبسپێرن. چونکە ئەو لەو بڕوایەدابوو کە سەنتەرە راوێژکارییە یاساییەکان، راوێژکاری نموونەییان نیە بۆ باردۆخێکی لەوجۆرە، ئەوبوارەی کە ئەوان تێییدا شارەزان شتێکی جیاوازترە. براکانی بن لادن ئەوەیان راگەیاند کە گرنگی بەبیرۆکەکەی فریمان دەدەن. لەو رۆژانەی مانگی سێپتەمبەر وەك زۆربەی هەرە زۆری خەڵك ئەوانیش وا دەردەکەوتن کە لەباردۆخێکی زۆر پەشۆکاودابن.

کاتێك کە یەکەم فڕۆکە خۆی کێشا بە سەنتەری بازرگانی جیهانی، یەسلام بن لادن لەگەڵ هاوڕێیەکیدا لەجنێف لەڕێگەدابوو بۆ فڕۆکەخانە. تەلەفۆنەکەی زەنگی لێداو هاورێی دووەمی کە ئەمەریکی بوو، وەبەرهێنەرێکی بانك بوو لە نیویۆرك، هەواڵەکەی پێڕاگەیاند. لەسەرەتادا یەسلام پێی وابوو کە ئەوە تەنها ڕووداوێکەو لەوانەیە فڕۆکەیەك کۆنترۆڵی لەدەست دابێت. چەند خولەکێك دواتر هاوڕێکەی تەلەفۆنی بۆکردەوەو هەواڵی هێرشی دووەمی پێڕاگەیاند. یەسلام وتی پاش ئەوە هەستی کردووە کەئەوە بەڕێکەوت نەبووەو تا ئەو کاتەش ئەوەی بەبیردا نەهاتبووە کە زڕبراکەی لەو ڕووداوەوە گلابێت. دواتر ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەو کارە زۆر بەکارامەییو لێهاتوییەوە ئەنجامدراوەو گومانیلێدەکرێت ئیشی ئوسامە بێت. تەنانەت ئەگەر بۆ خولەکێکیش بووبێت هەرگیز بیری لەوە نەکردبووەوە کە ئوسامە بە تەنها لەپشت ڕووداوەکەوە بێت.

یەسلام بۆ هۆتێلێك بەڕێکەوت کە دایکیو ئیبراهیمی برای لەوێبوون، ئەوان بەسەردانێك هاتبوونو لەوێمابوونەوە. ئەوان سەیری هەواڵەکەیان دەکرد کاتێك گوێبیستی ئەوەبوون کەگومان دەکریت ئوسامە لەپشت هێرشەکانەوە بێت. دایکی بەهۆی دڵەڕاوکێوە نەخۆش کەوتو تەلەفۆنیان بۆ دکتۆر کرد.

بۆ بەیانی دواتر پۆلیسی فیدڕالی سویسرا تەلەفۆنی کرد. داوایان لەیەسلام کرد کە سەردانی ئەو وڵاتە بکات بەمەبەستی چاوپێکەوتن، چونکە پێشتر یەسلام داواکاریەکی بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی سویسری پێشکەش کردبوو، پێشتر لێکۆڵەرەوانی سویسری چاوپێکەوتنیان لەبارەی مێژووی خێزانەکەیانو هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئوسامەدا کردبوو. ئێستا پەیوەندییان پێوەکردەوە بۆ هەمان پرسیار، بەڵام ئەم جارەیان زۆر بەقووڵی. دانیشتنەکە پاش چەند کاتژمێرێك کۆتایی پێهات بەگوێرەی وتەکانی یەسلام. لەهەمان ڕۆژدا، یەسلام بڕیاری دا کە بە شێوەیەکی فەرمی وتەیەك بڵاو بکاتەوە لە ڤیەننا.

یەسلام ڕایگەیاند: "من توشی شۆك بووم بەو هێرشە تاوانکارییە تیرۆرستیەی کەدوێنی خەڵکی بێ تاوانی تێدا کوژرا، دەمەوێت لەناخی دڵمەوە هەستی پەژارەی خۆم دەربڕم. ژیان زۆر بەرزە، ناڕازیخۆم دەردەبڕم دژی هەرکوشتنێكو دژی هەموو ئەو هێرشانەم کە دژی ئازادیو بەها مرۆییەکانن. هەستو سۆزم لەگەڵ قوربانیەکاندایە، لەگەڵ خێزانەکانیانو خەڵکی ئەمەریکادایە".

ئەوە یەکەم بڵاوکراوەو فراوانترین دەربڕینی هاوخەمیو هاوسۆزی بنەماڵەکەی بن لادن بوو لەبارەی ١١ی سێپتەمبەرەوە. هەروەها لەچوارچێوی دەقە گشتییەکەدا بەرپرسیاریێتی لەهێرشەکان ناساندبوو "بەدرێژایی ژیان..... هەموو هێرشەکان دژی ئازادیو بەها مرۆییەکانن"— هیچ ئاماژەیەکیشی بە ئوسامە نەکردبوو.

لە پشوی هەفتەی یەکەمی دوای رووداوەکان یەسلام بەرەو شاری کان لەفەرەنسا بەڕێکەوت بۆ ئەوەی چاوی بە بەکرو برایەکی تری بن لادن بکەوێت. لەو چاوپێکەوتنەدا ئەوان باسی ئەگەری گەڕانەوەی هەموو ئەندامانی خێزانەکەیان بۆ سعودیە کرد.

وادەردەکەوت کە کاردانەوەکانی بەکر بۆ هێرشەکان خۆپاریزی بووبن. هەروەها بەدرێژای هەفتەکە هیچ بابەتیکی بڵاونەکردەوە بەناوی خێزانی بن لادنەوەو هیچ لێدوانیکی بۆ میدیاکان نەدا، بەڵام ئۆفیسەکەی بەکر بابەتێکی بەناوی خێزانی بن لادنەوە لەژێر ناوی "مامە عەبدوڵایدا" بڵاوکردەوە، عەبدوڵا هاوتەمەنی موحەمەدی برای بوو، بابەتەکە بە توندی رەخنەی گرتبوو هەروەها ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕیبوو دەربارەی ئەو روداوە خەمناکە کە بووە هۆی کوشتنی ژنو منداڵو پیاوی بێتاوان، لە بابەتەکەدا نوسرابوو کە هەموو ئەمانە پێچەوانەی ئاینی ئیسلامە.

پێشتر بەکر راشکاوتربوو. سەبری غونەییم، راویژکاری پێشوی پەیوەندییەکانی خێزانەکە لە میسر، ئەوەی دوبارەکردەوە کە بەکر پێیوتبوو، " ئەوە کردەوەیەکی تاوانکاری بووە. ئەگەر ئەمەریکیەکان هەوڵی تۆڵەکردنەوە بدەن ئەوا مافی خۆیانە، چونکە ئەوە بەهای ئەو خەڵکەیە کە مردوون". ئەوە زمانێکی نامۆ نەبووە بۆ بەکر کە بەکاریهێنا لەبارەی ئەلقاعیدەوە، لەکاتێکدا کە جەماوەرێك نەبوو گوێی لێبگرێت. جارێکیان پاش هێرشێکی ئەلقاعیدە، بەکر تەلەفۆنی بۆ هاوڕێیەکی بەریتانی خۆی کردبوو بۆ شەرمەزارکردنی عەرەبە دەست بەخوێناوی‌و تیرۆرزمە کاولکەرەکان. هەرگیز ئەم زمانە بەهێزەی لە بەردەم رای گشتی دا بەکار نەهێنابوو.

لەگەڵ ئەوەی کە وتەکەی بەکر لەکاتی خویدا نەبوو، دواکەوتبوو، ئەوەی راگەیاند کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی سعودیەوە دەسەڵاتی پێدراوە. لە رۆژانی یەکەمو هەفتەکانی پاش ١١ی سێپتەمبەر، شازادە سعودیەکانو وتەبێژەکان رەخنەی توندییان لە توندوتیژییەکانی ئەو رۆژەگرت، هەروەها هاوخەمی خۆیان دەربڕی بۆ قوربانییەکان، رایانگەیاند کە هێرشەکان

پێچـەوانەی بیر وبـاوەڕی ئیسـلامن، بـەڵام وتـەکانی شـازادەو وتەبێـژەکانی سـعودیە هـیچ ئاماژەیەکی دیاریکراوو تایبەتی بە ئوسامە بن لادنو ئەلقاعیدەو هاوڵاتیانی سعودیو هـەروەها رفێنـەرانی فڕۆکـەکانی ١١ی سـێپتەمبەر نـەدابوو. لەڕاسـتیدا تـاکو کۆتـایی کـانونی یەکـەمی ٢٠٠٢ش، شازادە نایف، وەزیری ناوخۆیی سعودیە کە مێژوویـەکی دوورودرێـژی لەگـەڵ ئوسامە بن لادنو بنەماڵەی بن لادن هەبوو، بەهەموو شێوەیەك رەتی دەکـردەوە دان بـەوەدا بنێـت کـە ئەوانەی فڕۆکەکەیان رفاند سعودی بنو هەروەها ئەوەشی رایگەیاند کـە ئـەوە پلانیکی نهێنی زایۆنیزمە بۆ سـوککردنی موسـڵمانان. لێدوانـەکانی نـایف زۆرێـك لەخـەڵکی ئەمـەریکای توشـی شۆك کـرد. بەدڵنیاییـەوە راوبۆچـونەکانی ئـەو لـەبارەی ١١ی سـێپتەمبەرو زایـۆنیزمو جولەکە، لەشانشینی عەرەبستانی سعودیدا زۆر باوبون. بێگومـان پێشـتر خـەڵکی ئەمـەریکا زۆر بەکـەمی بۆچـوونی لـەم شـێوەیان بیسـتبوو، بـەڵام لەسـاتەوەختی شـۆکی نەتـەوەییو پەژارەیانـدا، وەکـو بـۆنی گـازێکی ژەهـراوی کـە لـە تـەرمێکی کـۆنی نـاو ئەشـکەوت بێـت، وتـەکانی نـایف لـەناو سیاسـیەکانی ئەمـەریکاو میدیاکانـدا بڵاوبونـەوە. بەدڵنیاییـەوە هەنـدێك سعودی هـەبوون کـە ئاهـەنگیان بەبۆنـەی هێرشـەکانی ١١ی سـێپتەمبەرەوە گێـڕا. سـەعید فـەقێ، رەخنـەگرێکی دوورخراوەبوو، ئەوەی راگەیاند کەخەڵکی لەناو سعودیەدا بەکورتەنامە پیرۆزباییـان لەیـەکتری دەکرد یان لەو نامانەدا نوسـرابوو نـزاو پاڕانـەوە بـۆ بـن لادن بکـەن. هـەروەها بـەو بۆنەیـەوە مـەڕو وشـتر سـەربڕدران. راسـتیەکانی فـەقی جێگـای پرسـیارو تێڕامـان بـوو، چـونکە ئـەو لەشانشـینی عەرەبسـتانی سـعودیە نـەبوو، بـەڵام ئەوانـەی لـەوێ بـوون بەلایـەنی کەمـەوە دان بـەوەدا دەنـێن کـە ئـەو ئاهەنگێڕانانـە کاردانەوەیـەکی سـەرەتایی جـەماوەر بـوو. ئـەم خۆشـیە تێکەڵی ترسی هـەر تۆڵەسـەندنەوەیەك کـە گومـانی لێـدەکرا ئەنجامبـدرێت دژی عەرەبـەکانو موسـڵمانان بـوو، هـەروەها تێکـەڵ بـەو گومانانـەش بووبـوو کـە چـۆن گروپێکـی نـاجێگیری پەرشوبڵاو کە لەئەفگانستانن توانیویانە ئەمکارە ئەنجامبدەن. ئەگەرێکی بەهێزی ئەوتۆش لـە ئارادابوو کە زایۆنیزم لەهێرشەکان تێوەگلابن. لەلایەن زۆرێـك لەعەرەبەکانـەوە لەناوجەرگـەی کاردانەوەکاندا هەست بە بێزاریو جۆرێـك لـە نـەخوازراوەیی دەکـرا بەرامبـەر بـە ئیسـرائیلو ولایەتـە یـەکگرتوەکان، ئەگەرچـی زۆربـەی زۆری ئـەو عەرەبانـە هـیچ پەیوەندییـەکی کـاراو تۆکمەیان نەبوو لەگەڵ ئەو دوو وڵاتەدا.

حکومەتو راگەیاندنە عەرەبیەکان بەتەواوەتی گرنگیو پەرەیان بەڕووداوەکان نەدا، چونکە ئەو رووداوانە دەبوونە هۆی پێچەوانەکردنەوەی تورەیی خەڵکانی سەرنەکەوتوی ناوچەکەو بەلایەنی کەمەوە بەشێوەیەکی کاتی رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر دەبوونەهۆی بەهێزکردنی ئەو راو بۆچوونانەی کەهەبوون بەرامبەر رووداوەکان.

باسم ئەلیم کە پاریزەرێکە لە جددەو بەهۆی ژنو ژنخوازی لەگەڵ خێزانی بن لادن تێکەڵاوبووە، هەڵویستێکی کورتی سعودیەی دەربڕیو وتی،"ئەگەرچی من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئوسامە دەیکات، بەڵام بەنیاز نیم بۆ دایكو باوكو كچە دڵشکاوە ئەمەریکیەکان بگریم.... لەوانەیە ئەوەی ئەو کارەیکردووە هەڵە بێت، بەڵام ئەوە دادوەرەری خودایە، رێگەی یارمەتیدانی خودایە بۆ ئێمە. هەندێ جار ئێمە تاوانی کوشتنی تاوانبارێکی ترمان هەیە، ئەوە رێگەی هەبوونی دادوەری خودایە". پاش هێرشەکانی سەر نیویۆركو واشنتۆن، باسم وتی ئامادەی زۆر بۆنەی کۆمەڵایەتی بووم لەجددە لەگەڵ خەڵکی زۆر لەئاستو چینی جیاوازدا، ئەگەرچی ئەو خەڵکانە زۆر لیبڕال یان زۆر ئاینی بووبن، بەڵام دەتوانی ئەم هاوبەشییە بەدی بکەیت، ئوسامە سومعەی ئێمەی شکاند، بەڵام ئێوە ئەوە دەزانین کە ئەمەریکا شایەنی ئەوەبوو".

سەرلەبەیانی ١١ی سێپتەمبەر خەلیل بن لادان لەگەشت بوو لەبیابانی بێر لەدەرەوەی ئۆرلاندۆ، لەگەڵ ئەندامانی تری خێزانەکەیدا لە تەلەفزیۆنەوە هێرشەکانیان بینی. لە ١٢ی سیپتەمبەردا کارمەندێکی FBI تەلەفۆنی بۆ خەلیل کردو ئەوەی پێڕاگەیاند کە لەنوسینگەی فیدراڵی ناوچەکەوە راپۆرتێکی بەدەست گەشتووە کە تێیدا ئاماژە بەوەکراوە چالاکیەکی زۆر لەماڵەکەیدا بەدی کراوە. خەلیل ئەوەی رەتکردوە کەهیچ شتێکی ناوازە لەماڵەکەیدا رویدابێت. وتی کە خەمی سەرەکی ئەو سەلامەتی خێزانەکەیەتیو پرسیاری ئەوەی لە کارمەندەکە کرد کە ئایا ئەو ئاگاداری هیچ مەترسییەکە دژی ئەوان؟ کارمەندەکە پێی ووت کە پەیوەندی بە بەرێوبەری بەشی ئۆرەنج کاونتی بکاتو پێی بڵێ، ئایا خۆییو خێزانەکەی هیچ مەترسی یەکیان لەسەرە یان نا ".

خەلیل سێ رۆژ دواتر تەلەفۆنی بۆ کارمەندەکەی FBI کردەوەو پرسیاری ئەوەی لێکرد ئایا گونجاوە بۆ خۆیو خێزانەکەی کە بەفڕۆکەیەکی بازرگانی بفرن بۆ واشنتۆن بۆ ئەوەی پەیوەندی بەو فڕۆکەیەوە بکەن کە باڵیۆزخانەی سعودیە ئامادەیکردوە بۆ گواستنەوەیان بۆ

وڵات. پاشان کارمەندەکەی FBI چوو بۆ بیابانی بێر بۆ تاوتوێکردنو قسەکردن لەسەر مەسەلەکە، لەکۆتایدا، گەشتەکە لەڕێگەی ئورلاندۆوە رێکخرا. لە١٩ی سێپتەمبەر، ئەو فڕۆکەیەی کە باڵۆمو ناجییەی هەڵگرتبوو لەلۆس ئەنجەلۆسەوە بۆ ئۆرلاندۆ بەڕێکەوتو کارمەندانی FBIچاودێری خەلیلو خێزانەکەیان دەکرد بۆ فڕۆکەخانەی ئۆرلاندۆی نێودەوڵەتی. گروپی گەشتەکە پێکهاتبوون لە ژنەکەی خەلیل، ئیزابێلو سوڵتانی کوڕیان. کارمەندانی دەزگای هەواڵگری لەگەڵ سەرنشینەکاندا چاوپێکەوتنیان ئەنجامداو جانتاکانیان پشکنین.

خەلیل دەیویست لەشوێنی وەستانی فڕۆکەکان لەناو فڕۆکەخانەکەدا بچێتە دەرەوە. لەوێ چاوی کەوت بە جەیسن باڵۆمو تێگەشت لە مانگرتنەکەی دەستەی فڕۆکەوانی فڕۆکەکە.

لەو ماوەیەی لەوێ چاوەڕێ بوون، خەلیل ئاماژەی بەوەکرد کە خۆیو خێزانەکەی چەند هەڕەشەیەکیان لەبیابانی بێر ئاراستەکراوە. سەیارەکان بەهێواشی بەدەوریماڵیاندا سوڕاونەتەوەو سەیری ئەوانیان کردووە.

باڵۆم باتری مۆبایلەکەی خستەوە جێی خۆی بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ بۆب بێرنسترینددا بکات کە لێپرسراوی گەشتەکەی رایان ئیەرلاین بوو، پێی راگەیاند کە ئەوان هەوڵی چارەسەرکردنی داواکاری دەستەی فڕۆکەوانیەکەیان داوە بۆ پارەی زیادە. باڵۆمو بێرنستین لەتەلەفۆنەکەدا گاڵتەیان بەوە دەهات وەك دوو جولەکە هەوڵدەدەن خێزانی بن لادن لەوڵات وەدەرنێن. لەکۆتایدا کێشەی پارەکەیان چارەسەرکرد ئەویش بەپێدانی پارەی داواکراو بەدەستەی فڕۆکەوانی فڕۆکەکە.

فڕۆکەوانەکەو یاریدەدەرەکەی گەڕانەوە ناو فڕۆکەکەو بن لادنەکان بەرەو فڕۆکەخانەی واشنتۆنی نێودەوڵەتی بەڕێکەوتن. لەتێرمینالی فڕۆکەخانەیەکی تایبەتی چاویان بە شەفیقو ئەکبەر مەووالاکەوت کە بەڕێوەبەری دارایی شەفیق بوو لە لەندەنو هاوەڵی شەفیقی دەکرد بۆ ئەمەریکا بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ١١ی سێپتەمبەری کارلیل گروپ.

هەروەها سەرنشینێکی فڕۆکەکەی واشنتۆن عومەر عەواز بن لادن بوو. جارێکیان ئاڵوگۆڕی ئەدرێسیان کردبوو لەگەڵ عەبدوڵا بن لادن کە نوسینگەی جیهانی گەنجانی موسڵمانی ناوچەکەی بەڕێوە دەبرد. پێشتر نوسینگەکە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرابوو، لەکارو چالاکی وەستێنرابوو بەبیانوی کێشەی پارێزگاری دیبلۆماسیەوە. لە ناو هەموو سەرنشینەکانی

گەشـتەکەی بنەماڵـەی بـن لادن، عومـەر تـەنها کـەس بـوو کـە پەیوەنـدی بـە ریکخسـتنی ئیسـلامیەکانەوە هـەبوو. تـا ئـەو کاتـەش، عومـەر لەوانەیـە یـەکێك بووبێـت لـەو چـەند سەرنشینەی گەشتەکە کە لێکۆڵینەوەی لەلایەن FBI یەوە لەگەڵ نەکرابوو.

بەوشێوەیە ژمارەی سەرنشینەکانی بن لادنەکان زیادی کرد لە فڕۆکەی ۷۲۷داو لەکابینـەی فڕۆکەکـەدا کەیفخۆشـی یەکگرتنـەوەی بـن لادنـەکان زیـادی کـرد. هەنـدێك لـە ئەنـدامانی خێزانەکـە بـۆ ماوەیـەکی دورو درێـژ بـوو یـەکتریان نـەبینی بـوو لەبـەر ئـەوە زۆر بـەجۆش‌و خرۆشـەوە سـڵاویان لەیـەکتری کـردو لەگـەڵ تورەبـونێکی شـاراوەدا ئـەوانی تریـان دەگریـان. بەشێکیان لەبارەکەدا وەستابوون‌و چایان دەخواردەوە. زۆربـەی هـەرەزۆریان لـەبارێکی راڕایـی‌و دوودڵی جگەرەیان دەکێشا، ژووری سەرنشینەکان پڕبوو لەدوکەڵی شین.

لەکاتێکـدا کـە فڕۆکەکـە دوایـەمین بۆشـایی ئاسمـانی فڕۆکـەوانی ئەمـەریکای بەجێهێشـت، هەستێکی ئەوتۆ هـەبوو کـە بـن لادنـەکان ئەمـەریکا بـەجێبهێڵن لایـەنی کـەم بۆماوەیـەکی زۆر دورودرێژ. خەلیل‌و ناجیە قسەیان لەگەڵ بـاڵۆم کـرد لـەبارەی ئـەوەی کـە ئەگـەر جارێکی تـر گەڕانەوە بۆ ئەمەریکا پێویستە چۆن ناوی خۆیان بگۆڕن.

لـە بۆسـتن ژمارەیـەك لەخوێنـدکاری زانکـۆ سـواری فڕۆکەکـە بـوون، کـە نـەوەی سـێیەمی خێزانی بـن لادن بـوون. یـەکێکیان نـەواقی کوڕە گـەورەی بـەکر بـوو. سـەلمانی کوڕی سـالم، کـە خوێندکاری زانکۆی تەفتس بوو، یەکێکی تربـوو لـەوان. هـەموویان بەیەکـەوە نزیکـەی دوانـزە کەسێك بوون کە لە بۆستن سواری فڕۆکەکە بوون‌و زۆربەیان رەنگـو دەنگیشیان لە ئەمـەریکی دەچـوو. یـەکێك لـە خوێنـدکارە کوڕەکـان باسـی لـەوە کـرد کـە تـازە چـووەتە قۆنـاغی دووەم لەزانکۆو ناسنامەیەکی ساختەی دروستکردبوو بۆ ئەوەی بتوانێـت لەگـەڵ هاوڕێکانیـدا بچـێتە دەرەوە بۆ باڕو کڵەپەکان، بە باڵۆم ی ووت کە ئەوە لە سعودیە ئیتر ناخوات.

لەفڕۆکەخانەی لۆگانی نێودەوڵەتی لـە بۆسـتن FBI دوایـن پشـکنینیان بـۆ فڕۆکەکـە کـردو جانتاکانیـان پشـکنی‌و قسـەیان لەگـەڵ سەرنشـینەکان کـرد. فڕۆکەوانەکـەو یاریدەدەرەکـەی لەفڕۆکەکە دابەزین‌و دەستەیەکی نوێ سەرکەوت، هەروەها بـاڵۆمیش پێویسـت بـوو لـە بۆسـتن فڕۆکەکە جێبهێڵێت، بەڵام خەلیل‌و ناجیە داوایان لێکرد لەگەڵیاندا بمێنێتـەوە تـاکوو پـاریس‌و ئەویش رازی بوو. پاشان ئەمـەریکایان جێهێشـت. لەبەرئـەوەی فڕۆکـەی ۷۲۷ فڕۆکەیـەکی مـاوە

سنورداربوو، پێویستبوو لە نۆڤا سکۆشا لە(کەنەدا)و دوبارە لەئایسلاند پێش ئەوەی بگەنە فەرەنسا سوتەمەنی تێبکەنەوە، بەڵام لایەنی کەم ئەمەریکایان جێهێشت بوو.

گەنجەکان گفتوگۆیان لەگەڵ باڵۆم و ریك پاسیستا، کە ئەویش وەکوو باڵوم یاریزانی کاراتی بوو هەروەها لەگەڵ دوو ئەفسەری ئاسایشی تر کە لەبۆستن سەرکەوتبوون، دەکردو جگەرەیان دەکێشا، لەبارەی ئەرکی پۆلیسەوە گەنجەکان پرسیاریان لە دووان لەوانەکرد کەلەگەڵیاندا بوون. خوێندکارەکان ئەوەیان پێراگەیاندن کە ئەوان زۆر دلگرانبوون بەوەی ژمارەیەکی زۆر لەپیاوانی پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە مردون لەنیویۆرك کاتێك هەوڵی رزگارکردنی ئەوانی تریان داوە. باڵۆم وتی ئەوەم بۆ گەنجەکان باسکردووە کە ئەوە ئیشەکەی ئێمەیە، ئەوە وەکو ناتەواوی دەروونی وایە کە ئێمە هەمانە، لەبری ئەوەی لێی راکەین دوای دەکەوین".

هەروەها لە بۆستن، سەنا بن لادنی زڕخوشکی ئوسامە سواری فڕۆکەکە بوو، سەنا زۆربەی کاتی لەنیو ئینگلاند بەسەر بردبوو. لە پێشانگای کەلتوری مندالآندا کاری کردبوو، تەمەنی نزیکەی ٤٠ ساڵێك دەبوو. باڵۆم تێبینی ئەوەی کرد کە ژنە بەتەمەنەکان جل و بەرگیان زیاتر شێوازی کۆن بوو، زۆربەیان سەرپۆشیان پۆشی بوو. کاتێك لە پاریس نزیك بووینەوە زۆر نائاسایی بوو هەموو ژنەکان بە گەنج و پیرەوە، شێوازی خۆرئاوایی بوون یان نا، هەموویان خۆیان ئامادەکرد بۆ ئەوەی بەتەواوی لەعەبایەکی رەش خۆیان بپێچنەوە. باڵۆم تێگەیشت لەوەی ئەوان دەگوازرێنەوە بۆ فڕۆکەیەکی حکومەتی سعودی. کاتێك هەنگاویان نا بۆ ناو فڕۆکە سعودیەکە، ئەوان ویستیان بەشێوەیەکی زۆر کاریگەرانە بچنەوە سعودیە. کاتێك لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسی پەرینەوە هەندێك لەژنەکان زۆر چاوەڕێیانکرد، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گونجاو بگوازرێنەوە.

یەکێك لەبن لادنەکان لەدواوە وەستا بوو، کە ئەویش عەبدوڵای تەمەن ٣٥ساڵ بوو، خوێندکاری کولێژی یاسای زانکۆی هارڤاردبوو، عەبدوڵا ماوەیەکی زۆر لەبۆستن ژیابوو، زۆربەی تەمەنی لاوێتی لە ئەمەریکا بەسەربردبوو. هەندێك سیفەتی خۆڕاگری و لێبوردەیی کۆمەڵگەی ئەمەریکی هەلگرتبوو. پاش هێرشەکان قسەی بۆ برازاو خوشکەزا گەنجەکانی دەکرد، ئەوانەی لەزانکۆ دەرهێنرابوون لەبۆستن. وتی، "باوەڕم پێبکەن ئەگەر هەر کۆمەڵگایەك لە دۆسیەکەی ئێوە تێبگات، ئەوا چاکەو خراپە لەیەك جیادەکاتەوە". پاشان بە پەیامنێرێکی وت،"من لێرەم، یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەم تاوانبار کراوەو من تائێستاش

وەکو مـرۆڤ هەڵسوکەتم لەگـەڵ دەکرێـت". لـە هەفتـەکانی دوای گەشـتەکە، عەبـدوڵا گەشـتی لەنێوان بۆستنو نیویـۆرکو واشـنتۆن، هـەروەها لەندەنـدا کردبـوو، بـەدوای پەیوەنـدی گشتی ستراتیجیدا دەگەڕا بۆ ئەوەی لە ئەوروپاو ئەمەریکا هەندێك لە پلەو پایەیان بپارێزیت.

عەبدوڵا پەیوەندی بە ستیڤن گۆڵدستینەوە کرد، کە شارەزایەکی پەیوەندییە ستراتیژیەکان بوو لە نیویۆرکو کابرایەکی جولەکە بوو. لەنیویۆرك ستی لەکافتریایەك یەکیان بینی. پێشـتر بن لادنەکان هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ کۆمپانیاکەیدا نـەبوو. عەبـدوڵا بەگۆلدسـتینی وتبـوو ئەوان بەدوای رێگەیەکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی ئەو راستیە بڵاوبکەنەوەو بۆڕای گشتی رابگەیەنن کەئەوان دەستبەرداری ئوسامە بوون".

عەبدوڵا وتی نازانێت زڕبراکەی لەکوێ خۆی شاردۆتەوە. گۆڵدستین پرسیاری ئـەوەی لێکـرد کە ئاخۆ هەمیشە ئوسامە پیاوێکی شێت بووە! عەبدوڵا ئەوەی پێراگەیاند کە ئوسامە هـەرگیز ئەمەریکای خۆش نەویستوەو لەناوەڕاستی نەوەتەکانەوە دەسـتی بەڕقلێبوونـەوە لـە ئەمـەریکا کردوەو هەرئەوەش وای لێکردووە کۆنترۆڵ لەدەست بدات.

عەبـدوڵا وتـی کـە رەچـاوی ئـەوەی کـردووە کـە گۆڵدسـتین جولەکەیـە، هـەروەها پرسـیاری ئـەوەی لـە گۆڵدسـتین کردبـوو، کـە ئایـا هـیچ پـارێزەرێکی جولەکـە دەناسـێت؟ گۆڵدسـتین زۆر تورەبوو بوو هەوڵی دابوو کە ئارامی خـۆی بپارێزێـت. عەبـدوڵا هەسـتی کـرد کـە ئامـاژەکردنی بۆناوی جولەکە لەوانەیە بەهێرشکردنە سەر جولەکە تێگەشـتبێت. لەگـەڵ ئەوەشـدا قسـەکانی عەبدوڵا سادەبوون، بە ئاگاییەوە هەوڵیدەدا کە هاوڕێیەتیەك دروستبکات لەنێوان بنەماڵەی بن لادنو جیاوازیو بـەهاکانی خـەڵکی ئەمـەریکادا. لەوانەیـە هەسـتێکی شـاراوەی هـەبووبێت کـە جولەکەکان هەموو کاتێك ئامادەبوون کاربکەن بەنرخێکی گونجاو، یـان ئـەوان دەتـوانن هێـزە شـاراوەکەیان بـەکاربهێنن بـۆ یارمەتیـدانی خێزانەکـەی لـە ئەمـەریکادا. لەهـەر بارێکـدا بـێ گۆڵدستین داواکەی ئەوی رەتکردەوە.

لەماوەی دوو مانگی یەکەمی پاش هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر، ئوسامە بن لادن لەگـەڵ ئـەو کەسانەدا کەسـەردانی کردبـوون لەئەفگانسـتان دوو وتـارو گفتوگۆیـەکی ئەنجامـدابوو، هـەردوو گفتوگۆکە تۆمارکرابوونو یەکسەر لەتەلەفزیۆنەوە بڵاوکرانەوە.

وتارەکان باسی ئەوەی کردبوو کە ئەویش پاش هێرشەکان وەك دوژمنـەکانی لـە ئەمـەریکا چـەندین کاتـژمێری لەتەماشـاکردنی تەلەفزیۆنـدا بەسـەربردووە. راپـۆرت دوای راپـۆرت،

کۆمێنتــاری دوای کۆمێنتــاری ســەیرکردوە. وا دیــاربوو کــە ئوســامە زۆر تورەبووبێــت بــە هەڵوێستو ئەو زمانەی سەرۆك بۆش بەکاری هێنابوو. هەروەها لـەبارەی تاوانبارکردنەکەیـەوە هەستی بەبـەرگری دەکـرد، کـە زۆرجـار ئـەوە لـە میـدیاکانی عـەرەبو ئەمەریکیەکانـدا دوپـات دەکرایـەوە، کـە تاوانـەکانی ئەلقاعیـدە هەرچیەك بێـت، ئـەوا ئوسامە بەرپرسـە لـە کوشـتنی خەڵکێکی زۆری بێتاوان.

لــە ٢٠ی ئۆکتۆبــەری ٢٠٠١دا، ئوســامە لەگــەڵ تەیســیر عــەلۆنی، پــەیامنێری ئەلجــەزیرە، کەهاوڵاتییەکی ئیسپانی بەرەگەز سوری بوو، دانیشت لەبەشی یەکـەمی وتووویژەکـەدا، ئوسامە لەبەرگێکی ناسراودا دەرکەوتو باسی لەوەکرد کە ئەمەریکا لاوازە؛ سیستەمی ئـابوریو سیاسـی بەهۆی جیهادەوە بەو شێوەیەی کە بەسەر یەکێتی سۆڤیەتدا هات دەروخێنێت. بەپشتبەسـتن بە راپۆرتە هەواڵەکان ئەو لێکدانەوانەی باسی کرد کە بۆرسەی نیویۆرك پاش هێرشـەکانی ١١ی سێپتەمبەر لەدەستی داوە. وادەردەکەوت کە تازە سـەیری تەلەفزیۆنەکـەی یـان کۆمپیتەرەکـەی کردبێتو بەتورەیەوە ئەم لێکدانەوانەی نوسیبێت:

بەگوێرەی تۆماری خۆیان، بۆرسەی نیویۆرك لەسەدا شـازدەی پشکەکەکانی لەدەسـت چـووە. ئەوان وتیان کە ئەم ژمارەیە تۆمارکراوە... تێکرای ئەو برەپارەیەی کـە بازرگـانی پێوەدەکرێـت لەبازارِ چوار ترلیۆن دۆلارە. ئەگەر ئێمە لەسەدا شازدە کەرەتی چوار ترلیـۆن دۆلار بکـەین... ئـەوا دەگاتــە ٦٤٠بلیــۆن دۆلار زەرەر لەبۆرســەکان، لەگــەڵ میهرەبــانی خــودا، ئــەوبرە پارەیــە یەکسانە بە بودجەی ٦٤٠ ساڵی سودان.... داهاتی نەتەوەیی ئەمەریکا ٢٠بلیۆن دۆلارە.... ئەگـەر ئەوە کۆکەیتەوە لەگەڵ ٦٤٠ بلیۆن، ئەوا دەکاتە نزیکەی ٨٠٠ بلیۆن دۆلار.

پاشان گفتوکۆکە گۆڕا بۆ بابەتیکی سەرنجراکێش.

عەلۆنی پرسیاری لێکرد "ئەی چی دەڵێت لەبارەی کوشتنی هاوڵاتیانی بێگوناه؟".

ئوسامە وەڵامی دایەوەو وتی "ئەوە شتێکی زۆر نامۆیە بـۆ ئەمەریکیـەکانو رۆشـنبیرانی تـر کە قسە لەبارەی کوشتنی خەڵکی بێتاوانی مەدەنیەوە بکەن". مەبەستم ئەوەیە کێ دەڵێت کـە هاوڵاتیـانی مــەدەنی ئێمــەو منداڵــەکانمان بێتــاوان نــینو رشــتنی خوێنیــان رێگــە پێــدراوە. هــەرکاتێك کــە ئێمــە مەدەنیــەکانی ئــەوان ئــەکوژین هــەموو دنیــا هاوارمــان لێــدەکات لــە خۆرهەڵاتـەوە بـۆ خۆرئـاواو ئەمـەریکا دەسـت دەکـات بـە گوشارخستنەسـەر هاوپەیمانـەکانی... هەســتێکی سروشــتی بــەهێز لــە مرۆڤــدا هەیــە بــۆ راکێشــان بەئاراســتەی بــەهێزی لەگــەڵ

هەستپێکردنی، لەبەر ئەوە کاتێك ئەوان قسە لەبارەی ئێمەوە دەکەن، ئەوان دەزانن ئێمە وەڵامیان نادەینەوە.

کەواتە تۆ دەڵێیت کە تۆڵە بە تۆڵەیە؟ ئەوان هاوڵاتی بێگوناهی ئێمە دەکوژن، لەبەر ئەوە ئێمەش هی ئەوان دەکوژین.

"بەڵێ، لەبەر ئەوە ئێمەش هاوڵاتی بێتاوانی ئەوان دەکوژین، لەڕوانگەی ئاینیو لۆژیکەوە ئەوە رەوایە، بەڵام هەندێك کەس کە لەبارەی ئەوەوە قسەدەکەن ئەوان لەڕوانگەی ئاینەوە تاوتوێی مەسەلەکە دەکەن... ئەوان دەڵێن کوشتنی خەڵکی بێتاوان هەڵەیەو رەوانیە، هەروەها ئەوە دەسەلمێنن کە پێغەمبەر کوشتنی ژنو منداڵی قەدەغەکردووەو ئەوەش شتێکی راستە".

عەلۆنی قسەکەی پێبڕیو وتی، "ئەوە رێك ئەوەیە کەمن باسم کرد، ئەوە رێك ئەوەیە کە من پرسیارم لەبارەیەوە کرد".

"...بەڵام قەدەغەکردنی کوشتنی ئەو منداڵو بێتاوانانە جێگیرو نەگۆڕاوەو هەروەها هەندێك نوسراو لەبەردەستدا هەیە کە پشتگیری ئەوە دەکات".

ئوسامە دەستی بە پاساو هێنانەوەیەکی جیاواز کرد کە وادەردەکەوێت پێچەوانەی بەڵگەو راستیەکانی خۆی بێت ئەو بەوتنی ئەو قسانە بەرگری لەخۆی دەکات بەوەی کە گوایە لەڕاستیدا ئەو نەیویستووە خەڵك بکوژێت، پێوست بوو ئەو کەسانە پۆلێن بکرانایە وەك بێتاوان. ئەو وتی، "ئیمە نەمان ویستووە منداڵ بکوژین، بەڵام ئێمە مەبەستمان ئەوە بووە هێرش بکەینە سەر گەورەترین سەنتەری سەربازی لەجیهاندا، پەنتاگۆن، کە زیاتر لە ٦٤٠٠٠هەزار فەرمانبەر لەخۆدەگرێت، بنکەیەکی سەربازی ئەوتۆ کە گرنگییەکی گەورەی سیخوڕیو سەربازی هەیە".

"ئەی چی لەبارەی سەنتەری بازرگانی جیهانیەوە دەڵێن؟"

"دەربارەی سەنتەری بازرگانیو ئەو کەسانەی لەوێبوونو هێرشیانکراوەتە سەرو مردون لەناو سەنتەرەکەدا، ئەوا بەشێك بوون لە هێزی دارایی. ئەوە خوێندنگەی منداڵان نەبوو! هەروەها نشینگەیەکیش نەبوو.

بەگشتی زۆربەی ئەو خەڵکانەی لەتاوەرەکان بوون پیاوبوون، سەربە گەورەترین هێزی دارایی بوون لەجیهاندا... ئەوکەسانە پێوستبوو لەبەردەم خودادا بوەستنو دوبارە بیربکەنەو و دووبارە حساباتی خۆیان بکەنەوە".

هەرچەندە ئوسامە یەکسەر گەڕایەوە سەر بەڵگەی یەکەمی خۆی: ئەگەرچی ئەوان بێگوناھ بوون، بەڵام هێرشەکەی ئەو لەسەر بنەمای سزادان بوو: "ئێمە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئەوان دەکەین کەئەوان مامەڵەیان لەگەڵ ئێمەدا پێ کردووە. ئەوانە ئافرەتو خەڵکی بێتاوانی ئێمە دەکوژن، ئێمەش ئافرەتو خەڵکی بێتاوانی ئەوان دەکوژین، تا ئەوکاتەی ئەوان دەست لەوکارە هەڵدەگرن". ئەوانە خۆدزینەوەی پیاوێکە کە بەئاشکرا چاوەڕوانی ئەوەنیە لەسەر ئەو کێشەیە رەخنەی لێبگیرێت یان پرسیاری لێبکرێت.

کەمێك دواتر، ئوسامە بیرۆکە لاوازەکەی"جۆرج بۆش"ی هەڵسەنگاند لەبەکارهێنانی وشەی کروسەید (هێرشی خاچ پەرستەکان بۆ گرتنەوەی قودس) بۆ لێکدانەوەی وەڵامەکانی ئەمەریکا دەربارەی رووداوەکەی ١١ی سێپتەمبەر: "بۆش لە ووتەکانی خۆیدا(جەنگی کرۆسەید)ی راگەیاندووە، ئەوەی شتێکی نامۆیە لەو بارەیەوە ئەوەیە کە بۆش رێك ئەو وشەیەی لەدەمی ئێمەوە وەرگرتووە.... خەڵکی سازش بۆ ئەوە دێننەوەو دەڵێن ئەوە مەبەستی بۆش نەبوو کە بڵێت (جەنگی کرۆسەید)، لەکاتێکدا خۆی وتی کە مەبەستم ئەوە بووە! وەکوو بۆش وتی ئەمڕۆ دنیا دابەش بووە بەسەر دوو بەشدا: یان ئەوەتا لەگەڵ ئێمەیت یان ئەوەتا لەگەڵ تیرۆرزمیت. یا ئەوەتا لەگەڵ خاچ پەرستەکانی یان لەگەڵ ئیسلامدایت. ئەمڕۆ بونی وێنەی بۆش لەپێشەوەی هێڵەکەدایە، هاواردەکاتو خاچە گەورەکەی هەڵگرتووە".

بەدی نەکردنی خۆئاڵۆزکردنی ئوسامەو هەروەها نەبوونی زمانی کۆنو پاساوی قورئانی یان ئاماژەدان بە نەخشە کۆنەکان شتێکی جوانو راستوڕەوان بوو لەتەواوی گفتوگۆکاندا، بەکارهێنەرێکی میدیای زۆر شارەزاو هاوچەرخ بوو، کاتێك کە لە مشتومڕەکاندا یان لە پرۆگرامە تەلەفزیۆنیەکاندا دەردەکەوت، لەهێنانەوەو خستنەرووی بەڵگەکاندا شیکرەوەیەکی سیاسی نەشارەزابوو بۆ بەرگریکردن لەو توندو تیژیەیەی کە ئەو سپۆنسەری دەکرد.

هەروەها کاتێك بیروڕاگۆڕینەوەو گفتوگۆکەی لەگەڵ عەلۆنی بەردەوام بوو، ئوسامە بەناجێگری‌و بە زمانێکی ئاینی پەتی قسەی دەکرد - لەگەڵ گۆڕانێکی لەناکاودا، ئەو دەنگەی دۆزیەوە کە خەونەکانی تێیدا بەدیدەکردو لەگەڵ ئەوەشدا بەزمانێکی قورسی قورئانی قسەی دەکرد، بەشێوەیەك بیروباوەڕەکانی دەردەبڕین وەك ئەوەی بڵێی کە بەفەرمانی خودا خۆی‌و شوێنکەوتووانی لەشەڕەکەوە گلاون، هەروەها بەردەوام دەبێت تاکو رۆژی دوایی. جەنگێك کە

ئامراز نییە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسیەکان، بەڵکو زیاتر دەربڕینێکە لەویستو ئارەزوی خودا بەشێوەیەك کە هیچ ئاشتییەك نادات بە دوژمنەکانی ئاینە راستەقینەکەی.

عەلۆنی لێی پرسی: "راوبۆچونی تۆ چیە دەربارەی ئەوەی کەدەگوترێت"بەیەکدادانی شارستانیەکان" زۆر بەکارهێنانو دوبارەکردنەوەی وشەی خاچو خاچپەرست لە قسەو لێکدانەوەکانی تۆدا ئەوە دەردەخات کە تۆ پاڵپشتی ئەوە دەکەی کە دەوترێت "بەیەکدادانی شارستانیەکان".

ئوسامە وەڵامی دایەوەو وتی "من دەڵێم هیچ گومانێك نیە لەسەر ئەوە". ئەم بەیەکدادانەی شارستانیەکان بابەتێکی زۆر رونەو هەروەها لەقورئانیشدا سەلمێنراوە... جولەکەو ئەمەریکا لەگەڵ ئەو ئەفسانانەدا دێنو دەیگوازنەوە بۆ موسڵمانان، بەداخەوە ئەوانیش لەرێگەی فەرمانڕەوا ناوچەییەکانو هەروەها زۆربەی خەڵك کە نزیکە لێیانەوە دوایان دەکەون، لەرێگەی بەکارهێنانی "ئاشتی جیهانی" وەکو بەهانەیەك، دواتریش گرنگ نییە ئەو ئەفسانەیە هەرچییەك بێت!"

"ئاشتی؟"

"ئەو ئاشتییەی کە بەسەر موسڵماناندا دەی سەپێنن بۆ ئەوەیە ئامادەیان بکەن بۆ سەربڕین... هەرکەسێك بڵێت کە ئاشتی هەمیشەیی هەیە لەنێوان ئێمەو جولەکەدا، ئەوا بێباوەڕدەبێت بەوەی کە بە محەمەد (د.خ) دا نێراوە. شەڕ لەنێوان ئێمەو دژمنانی ئیسلامدایەو ئەم جەنگەش بەردەوام دەبێت تا کۆتایی".

چەند هەفتەیەك دوای چاوپێکەوتنەکەی ئوسامە، زانایەکی ئاینی سعودی، عەلی ئەلغاندی لەسەردانێکیدا گەیشتە ئەفگانستان. لەنزیك قەندەهار چاوی بە ئوسامە بن لادن کەوت. ناوەرۆکی گفتوگۆ نارەسمیەکەیان چەند باسێکی تێکەڵی لەخۆگرتبوو؛ بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی کە ئەلغاندی کردی تەنها ماستاوکردن بوو بۆ ئوسامە: "ئێمە نامەنەوێت کاتی زۆر لەتۆ بگرین... هەموو کەس بەوەدا هەڵدەدات کە تۆ کردت، ئەو کردەوە مەزنەی کەتۆ کردت...سەدان کەس پێشتر بەگومان بوون لەتۆ، تەنها کەمێکیان دوات دەکەوتن تا ئەو رو داوە مەزنە رویدا. ئێستا سەدان کەس دێن بۆ لات بۆ ئەوەی پەیوەندیت پێوە بکەن".

ئوسامە باسی لە ئۆپەراسیۆنی تەیارەکان کرد کە چۆن پێشبینیو بۆچونی ئەویان تێپەڕاندووە هەروەك ئاماژەشی بە باکگراوندی خۆی لە بواری ئەندازیاری مەدەنیو

دارماندنیشیدا کرد: "ئێمە وامان دانابوو کە ئەو قاتانەی کە فڕۆکەکەیان بەردەکەوێت سێ بۆ چوار قات دەبێت. من لەهەموویان گەشبینتربووم... بەهۆی ئەزمونی ژیانی خۆمەوە لەو بوارەدا. بیرم لەوە کردبووەوە لەو شوێنەی کە فڕۆکەکەی بەردەکەوێت ئاگری فڕۆکەکەکان پێکهاتەی ئاسنی بیناکە دەتوێنێتەوەو دەبێتە هۆی روخاندنی ئەو ناوچەیەی کە فڕۆکەکەی بەردەکەوێتو قاتەکانی سەروی خۆیشی. ئەوە هەمووشتێك بوو کە ئێمە ئاواتمان بۆ خواست. ئوسامە زۆر خوش حاڵ بوو، هەروەها سەری سوڕما کاتێك هەردوو بیناکە بەتەواوەی دارمان. ئەلغاندی زۆر بەمەبەستو گوێڕایەڵییەوە ووتی "بەخودا ئەوە کارێکی مەزن بوو".

ناووباوبانگی لەناکاوی ئوسامە پێگەی بنەماڵەکەی لەناو خەڵکی ئاسایی سعودیەدا دووئەوەندەی تر ئاڵۆزکرد: ئایا ئەوان شەرمەزاریو رێسواییان بەسەرشانشینەکە هێناوە، یان ئایا ئەوان قارەمانێکی عەرەبی نوێیان پێگەیاندووە؟ ئەوە پێویستی بە پسپۆڕێکی پڕۆفێشناڵ لەپەیوەندییە گشتیەکاندا نەدەکرد بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخە قورسو دژوارە لێکبداتەوە بەوەی کە بن لادنەکان بەدوای پەیوەندییەکی ستراتیژیو یاساییدا دەگەڕان. بن لادنەکان بۆ رازیکردنی بیسەرە ئەمەریکیەکان پیوست بوو بەدوای لێخۆشبووندا بگەڕێنو ئوسامە تاوانبار بکەن، بەڵام بۆ رازیکردنی جیهانی عەرەب، کە هەموو بەرژەوەندییە ئابوریەکانیانی لێیە، رەفتارێکی لەو شێوەیە وەکو شکست سەیر دەکرێت.

لەگەڵ کەسایەتییە شەرمنەکەیو هەروەها بۆ ئەو پلەو پایەیەی کە لەخێزانەکەیدا هەیبوو چاوەڕوانیکردنی شتێکی لەو شێوەیە بۆ عەبدوڵا ناڕاستەقینە نەبوو بۆ ئەوەی خۆی ئەو پرسانە لەبۆستن بەڕێوەبەرێت.

لە ئێوارەیەکی ئەو پایزەدا بۆ نانی ئێوارە لەرێستورانتی هێلمەند، عەبدوڵا میوانی ئەبدێرۆ هێنس بوو، رێستۆرانتەکە لەلایەن بنەماڵەی کارەزای (حەمید کارزای)ەوە بەڕێوە دەبرا، کە کوڕە گەنجە دەرکراوەکەی خێزانەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ دەسەلات لەوڵاتی خۆی بۆئەوەی کاریگەرییەکانی ئوسامە نەهێڵێت. هێس، پڕۆفیسۆر بوو لەزانکۆی تەفتسو لەساڵانی نەوەتەکاندا پڕۆگرامە ئەکادیمیەکەی لەلایەن بن لادنەکانەوە پشتگیری دەکرا. لەهەموو ئەو ساڵانەی تەمەنیدا لەسعودیە بەسەری بردبوو، هێس گەشتبوو بەو دەرئەنجامەی کە لەحاڵەتی تراژیدیادا کارێکی دیاریکراو هەیە کە عەرەبەکان رەچاوی دەکەن، عەبدوڵا هەوڵدەدات

ئەوحاڵەتە بەکاربێنێت، کە هێس وەك ئەرکێکی چارەنوسساز دەیبینی: کەسێك ئـەتوانێت چـی بکات؟

هـێس باسـی ئـەوەی کـرد، کـە ئـەو وەکـو تراژیدیایـەکی زۆر گـەورە سـەیری کـردووە بـۆ خێزانەکە. عەبدوڵا باسی لەو ئازارانە کرد بۆ ئەوەی هێس دڵنیابکاتـەوە لـەوەی کـە بنەماڵـەی بن لادن زۆر دژی ئـەوەن کـە ئوسـامە کردویـەتیو هـیچ بەرژەوەندیـەکیان نـەبووە لەپشـتگیری کردنی هیچ شتێك کە ئەو دەیکات... ئـەو لـەو کۆمپانیـا هاوبەشـە هـیچ پارەیـەك وەرناگرێـت. عەبدوڵا زیاتر لەجارێك باسی لەم خاڵەی دوایی کرد.

پـاش چـونی بـۆ لەنـدەن لـە مـانگی کـانوونی یەکەمـدا، عەبـدوڵا رازی بـوو لەگـەڵ چـارلۆت ئیدواردی رۆژنامەنوسی بەریتانی کەکاری بۆ رۆژنامەی تەلەگراف دەکرد، چاوپێکەوتن ئـەنجام بـدات. بـەکر بەدوودڵییـەوە هەنـدێ بـواری بـە عەبـدوڵادا بـۆ ئـەوەی لەرێگـەی پەیوەنـدیو چاوپێکەوتنی لەناکاوی لەگەڵ راگەیاندنەکاندا خێزانەکەیان پـاك بکاتـەوە. ئیـدواردس هەسـتی کـرد کـە عەبـدوڵا کەسـایەتیەکی خۆشەویسـتە-باڵابـەرزێك، کەجلوبـەرگێکی تـەواو بیـانی لەبـەردابوو لەگـەڵ کـۆتێکی رەشـی گرانبـەها، زۆر دڵگـران بـوو دەربـارەی ئـەو نەخۆشـی حەساسیەتەی کەدوچاری هاتبوو، بەخەم ساردیەوە بـەناو شـەقامەکانی مـایفێر، بـەبێ گوێـدان بـە دوکانـدارەکانی کریسـمس، پیاسـەی دەکـرد. عەبـدوڵا زۆر بەکـەمی قسـەی لەگـەڵ ئوسـامە دەکرد، عەبدوڵا بە "مستەر ئو" ئاماژەی بە زڕبراکەی دەکرد.

عەبدوڵا باسی ژیانە نوێیەکەی خۆی لە ئەمـەریکاو بـەریتانیا بـۆ ئیـدواردس کـرد. تاچـەند بۆیکراوە ئەو پارەی کاشی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی خۆی لادات لەسەیرکردنی ئەو کاشێرانەی کە سەیری کریدت کارتەکەی دەکەن. لەماڵەکەی خۆی لە بۆستن وازی لەچوونەدەرەوەو لێخوڕینی فڕۆکە تایبەتەکەی خۆی هێنابوو. وتـی، "فـڕین وەك هـیچ شـتێك نییـە، کاتێـك کـە مـن لـەناو فڕۆکـەدام لـەئاسمان هەسـت بـە ئـازادی دەکـەم"، هـیچ کـام لەچـیرۆکی خێزانەکـەیو رووداوە تراژیدیاکەی فڕۆکەکان لە پلەوپایەی ئەویان کەم نەکردۆتەوە. ئێستا ئەو لەوە تێگەشـتووە کـە لێخوڕینی فڕۆکەکە بۆ ئەو لە ئەمەریکا شەرمەزارییە.

عەبــدوڵا لەیــەکێك لەچـاوپێکەوتنەکانیدا لەگـەڵ ئیــدواردس لــەهۆتێلی فــۆڕ ســیزنس لەنایتسـبریدج دانیشـتبوو. عەبـدوڵا پـارەی ئـاوی ئیڤیـانی دا (رەمـەزانبوو، ئـەو لـەو رۆژدا بەرۆژوو بوو). بەو پێیەی ئەوان خۆیان ئامادەکردبوو بۆ ئەوەی بۆ نانی ئێـوارە بچنە دەرەوە،

عەبدوڵا داوای لە شاگردەکە کرد کە مێزیکیان لە نۆوبوو، کە یەکێك بوو لە ریستۆرانتە بەناوبانگەکانی لەندەن، بۆ بگرێت.

شاگردەکە وتی، "ببوورە ناکرێت تەنها بەناوی خۆتانەوە بێت".

بۆساتێك ئێدواردس بیریکردەوە، عەبدوڵا زەردەخەنەیەکی کرد.

## ٣٧- پەیوەندییە گشتییەکان

ڕیچارد نیوکامب، ئەو پارێزەرەی کەنوسینگەی چاودێری سەرمایەی بیانی لە وەزارەتی دارایی بەڕێوەدەبرد، لەکانونی یەکەمی ٢٠٠١دا رابەرایەتی شاندێکی کرد بۆ عەرەبستانی سعودیە بۆ قسەکردن لەگەڵ بازرگانانی شانشین دەربارەی کێشەی دارایی تیرۆرستان. مەبەستی نوێنەرایەتیکردنەکە بۆ وروژاندنی بیروبۆچونی سەرمایەدارانی سعودیە بوو دەربارەی بەخشینی خێرەکانیانو مامەڵە داراییەکانی تر لەجیهانی ئیسلامیدا (هەرچەندە ئەندامانی نوێنەرایەتیەکە زۆر قسە لەڕوو نەبون لەماوەی کۆبونەوەکاندا). نیوکامبو هاوکارەکانی تر لەوەزارەتی دەرەوەو ئاژانسەکانی تر هیوایان خواست جیبەجێکردنی ئەمکارە سەرکەوتوبێت بەدەستنیشانکردنی سزاکان بۆ جەماوەرو لایەنگرانی بازرگانانی سعودی لەکەسەکانو کۆمپانیاکان کە بەپێی یاسای ئەمەریکی ڕووبەڕووی دەبونەوە، ئەگەر پارەیان ڕادەستی خەڵکانی ناشایستە بکردایە. بەڕێوبەرێتی ئیدارەی جورج بوش دروستکردنی کێشە بۆ سەرچاوەی دارایی تیرۆرستانی بەیەکەم کاری گرنگ دوای ١١ی سێپتەمبەر دەستنیشانکردبوو، هاوکات سندوقی گەنجینەش پیشتر چەند دەستە کەسانێكو بنکەکانی خێرخوازیو چەند بازرگانێکی بە پشتگیریکەری تیرۆریزم ناوبرد کەئەمەش مانای وابو کە موڵكو سامانەکانیان لە ولایەتە یەکگرتووەکان بلۆك دەکران. نیوکامبو هاوکارانی خشتەی کۆبونەوەکانیان لەگەڵ ژووری بازرگانی جەددەو بازرگانانی تر لە ریازو جەددە دانا. هەروەها تیمی گەنجینە داوای کۆبونەوەیەکی تایبەتییان لەگەڵ خێزانی بن لادن کرد. سەریان سوڕما لەوەی کەزانیان بەکر بن لادن کۆبونەوەیان لەگەڵ دەکات.

کۆبونەوەکە لەنوسینگە گونجاوەکانی گروپی بن لادنی سعودی بەڕێوەچوو. شەفیقو عەبدوڵا پێش ١١ی سێپتەمبەر کە لە نوسینگەکە چاویان بە نیوکامب کەوتبو بۆ بەکورتی خستنەڕووی مێژووی میراتیەکانی بن لادن پەیوەندییان بە بەکرەوە کردبوو لە نوسینگەکەی خۆی. ئەمجارەیان لەجیاتی ئەو ڤاتانەی کەبۆ چاودێری دارایی لە واشنتن لەبەریان کردبوو، هەردوو براکە بە جبەی کەلتوری سعودیەو عەگاڵەوە دەرکەوتن. هیچ کەسێك لەنوسینگەی

وەزارەتی دارایی پێشتر بـەكریان نـەبینیبوو، لەبەرئـەوە هـەردوكیان بـە شـكۆمەندی بـەكر بـە بەراورد لەگەڵ ئوسامە سەرسام بون.

بەكر بەبۆنەی هێرشەكانی ١١ی سێپتەمبەرەوە داوای لێبوردنی لەئەمەریكیەكان كـرد. بـەكر ڕایگەیاند كەچیتر ئوسـامە بـە بەشـێك لـەخێزانی بـن لادن دانانرێـتو چـەند سـاڵێكە دابـڕاوە. بەكر ئەوەشی زیـادكرد كـەهیچ زانیارییـەكی نـەبوو لەسـەر ئـەوەی كـە ئوسـامە لـە كویێ خـۆی حەشاردابوو ئامادەیی هاوكاریی كۆمپانیاو خێزانەكەشی ڕاگەیاند.

نیوكامـبو هاوكارەكـانی لەمیانـەی روونكردنـەوەی یاسـاكانی ئەمـەریكا دژ بـەو كەسـانەی پشتگیریی دارایی تیرۆرسـتان دەكـەن پیاسـەیان دەكـردو هەوڵیانـدا بـە ڕێگەیـەكی دیبلۆماسـیو تۆنێكی بێ هەڕەشە گفتوگۆ بكەن. لەگەڵ بەكر زۆر نەچونە قـولایی بابەتـەكانی میراتگیریـیو خێزانیی بن لادن. نوسینگەی نیوكامب بڕوای وابوو ئەو نامەیەی كە لەلایـەن سـۆلیڤانو كـرۆم وێڵ لەساڵی ٢٠٠٠دا نێردرا بۆ وەزارەتی دارایی بە شێوەیەكی تەواو دەستنیشـانی ئـەم پرسـانەی نەكردبوو.

براكانی بن لادن زۆر سادەبوون: شەفیق پێشنیاری بۆ یـەكێك لەئەندامـەكانی شـاندەكە كـرد ئەگـەر بـواری بـوو دەتـوانن پێكـەوە بچـن بـۆ ڕاوەماسـی لـەدەریای سـور. بەشـێوەیەكی جـدیتر، یەكێك لەبراكانی باسی لەوەكرد كە كارتە ئیكسپرێسە ئەمەریكیەكەی بلۆك كرابوو لەدوای ١١ی سێپتەمبەرەوە-ئەمەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە كەناوی خێزانەكە(ناوی باپیرەیان) لەسـەر كارتەكـە بووە. ئەوەشی ڕاگەیاند كەدەیویست بگەڕێتەوە بۆ ئەمەریكا بەڵام بەبێ بەگەڕخستنەوەی ئـەو كارتـە نـەیتوانیوە بگەڕێتـەوە. یـەكێك لەبەرپرسـانی ئەمـەریكا بەگاڵتەجاڕییەكـەوە ڕایگەیانـد كەئەمە ڕێكلامێكی زۆرباشە بۆ كۆمپانیای كارتی قەرز.

لەگەڕانەوەدا بۆ ئەمەریكا: لەهەفتەكانی یەكەمی ساڵی ٢٠٠٢دا بەرپرسـانی وەزارەتـی داراییـ گفتوگـۆی مەسـەلەی كـارتی قـەرزیان لەكۆشـكی سـپی كـرد كەچـەند گروپێكـی كـاری بریكـاری هاوبـەش لەسـەر بنـەمای هەفتانـەو دوو هەفتـە جارێـك كۆبونـەوە بـۆ چاوپیاخشـاندنەوەی چالاكیەكانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرزم. لەوكاتەدا تاڵیبان شكستی هێنابوو كارەكانی ناوەنـدی هەواڵگری دژی ئەلقاعیدە لەچـەند وڵاتێكـدا دەناسـێنران؛ هـەروەها ئامادەكارییـەكان وردەوردە بۆ داگیركردنی عیراق دەستی پێكردبوو. لەم ماوەی بـێ سـەرۆكایەتیەدا، ئیـدارەی جـورج بـوش بـە شـێوەیەكی گـرنگ چـاوی خسـتبوە سـەر مەسـەلەكانی سەرچـاوەی داراییـ تیرۆرسـتان،

گروپەکانی تری دەزگا پەیوەندیدارەکان لەسەر تیرۆریزم چاویان بەزۆربەی ناوەرۆکی فایلی کێشەکاندا خشاندەوە. دوای ئەنجامدانی ئەوکارە بۆ عەرەبستانی سعودیە، پرسیارێکی هەستیار دروستبوو: ئایا ئیدارەی جۆرج بوش ئامادەبوو بەلایەنی کەمەوە بەشێوەیەکی کاتی ئەستۆپاکی بداتە حسابی بانکیو کارتە قەرزەکانی خێزانی بن لادن، تا ئەندامانی خێزانەکە لە نیشتەجێبوەکانی عەرەبستانی سعودیەو ئەوروپا بتوانن زیاتر بە ئازادانە گەشت بکەن؟

لێکۆڵەرەوانی حکومەتی ولایەتە یەکگرتوەکان زانیاری زۆریان دەربارەی خێزانی بن لادن لەچەند مانگێکدا لە ماوەی ١١ی سێپتەمبەردا بەتایبەتی مێژووی بازرگانیەکەیان لەئەمەریکا دەستکەوت. دەستەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی زۆربەی ئەم کارانەی لەدوای هێرشەکانی سەر نیویۆرکو واشنتۆن ئەنجامدا. دێنیس لۆرمیل کەبریکارێك بوو باکگراوەندێکی باشی لەلێکۆڵینەوەی تاوانە داراییەکاندا هەبوو لەبەرواری ١٣ی سێپتەمبەرەوە دەستنیشانکرا بۆ سەرپەرشتیکردنی تیمێك لەبارەگا سەرەکییەکانی FBI کە بۆ جەختکردنەوە لەسەر لایەنە داراییەکانی پیلانی ١١ی سێپتەمبەرو بەشێوەیەکی گشتی تر لەسەر شوێنەواری پارەی ئەلقاعیدە تەرخانکرابوو. ٥٦ لە نوسنگە ناوچەییەکانیFBI کە لە دەوروبەری ولایەتە یەکگرتوەکان بلاوببونەوە لێکۆڵینەوەیان دەربارەی خێزانی بن لادن ئەنجامدا، هەندێکیان لەگەڵ گروپی لۆرمیكو ئەوانیتر زیاتر لەسەر بنەمای تایبەتی بۆنمونە لەئێوارەی بەرواری ١١ی سێپتەمبەر، بریکارانی ئۆفیسی بۆستن گەشتنە باڵەخانە ناوخۆییەکەی کەعەبدوڵلا محمدی زڕبرای خاوەنی بوون: بریکارانی FBI دەستیانکرد بەوەی کەچی ببێت بە بنەمای هەفتەی کارە گرنگەکانی پۆلیس لەناوچەی بۆستن. چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دراوسێکان دەستپێکردو هەروەها نادی شەوانەو مەیخانەکانیان پشکنی کە وا ڕاگەینرابوو گەنجەکانی بنەماڵەی بن لادن ناوبەناو لەوێ دەردەکەوتن. هەروەك بریکارەکان بۆ دەستکەوتنی بەڵگەی پارەی خێزانەکەیان لێکۆڵینەوەی چڕیان دەکرد. چەندین پشکنینی تر، کە هیچکامیان بۆ رای گشتی ئاشکرانەکران، لەنیویۆرکو واشنتۆنو لۆس ئەنجلۆسو فلۆریداو تەکساسو شوێنەکانیتر دەستیپێکرد. لەماوەی وەرزی پایزدا بریکارانی FBI برێکی زۆر فایلو ڕاپۆرتی چاوپێکەوتنیان دەربارەی خێزانەکە کۆکردەوە، هەرچەندە نوسینگەکە لەململانێدابوو بۆ کۆکردنەوەی هەموو زانیارییەکانو بەیەکەوە لکاندنیان بە جۆرێك کە بڕیاردەرانی دەرەوەی FBI بتوانن بەکاریان بهێنن.

بریکارانی FBIو لێکۆڵەرەوان لەبەشی ئاسایشی تازە دروستبووی وەزارەتی ناوخۆ کاتێکی زۆریان لەگەڵ هەندێك لەهاوکارە بازرگانە ئەمەریکییە گرنگەکانی بن لادن لەدوای ۱۱ی سێپتەمبەر بەسەربرد، بۆ قسەکردن لەسەر هەریەکە لە بچوکترین مامەڵەی بازرگانی کەماوەیەکی زۆر لەوەپێش کردبویان، لەنێویشیاندا سالمو خەلیلو یەسلام و براکانیتر کەلەئەمەریکا چالاك بوون. بریکارەکانی تر تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەوە کرد کەچۆنو لەکوێ پارە بە لێشاو بۆ ئەم مامەڵانە دێت. هەروەها لێکۆڵەرەوان تۆماری گەشتەکانیان لە کابتنی تەیارەکانی خێزانی بن لادن وەرگرتو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ هەندێك فرۆکەوانی تردا کرد دەربارەی مێژووی گەشتکردنی خێزانی بن لادن لەپێش ساڵانی حەفتاکاندا. بۆ نمونە FBI دەربارەی گەشتەکان بۆ پیشاوەرو پاکستان زانیارییان وەرگرت لەلایەن جیراڵد ئویربراج و غالیب بن لادن لەسەرەتای ساڵی ۱۹۸۹ەوە.

ئەم لێکۆڵینەوانە بۆ زیادکردنی زانیارییە هەواڵگرییەکان بوو، هیچ دەستەی بڕیاردەرێکی گەورە بۆ ڕەچاوکردنی تۆمەتی تاوانەکان کۆنەبونەوە. هەندێك لەکارەکان بەناچاریی بۆ ناوچەی دەستەڵاتی FBI و ئاژانسی هەواڵگری. چارلیس تیکلێ کە وەبەرهێنانی بازرگانی مولکداری بەڕێوەبرد بۆ یەسلام بن لادن لە ڕیچمۆندو ڤەرجینیاو شوێنەکانی تر، خۆی پەیوەندی بە ئاژانسی هەواڵگری کرد لەدوای هێرشەکان. خۆبەخشانە بەفەرمانبەری تەلەفونەکەی وت "مامەڵەی بازرگانیمان لەگەڵ خێزانی بن لادن هەبووە"؛ دواتر کەمێك پرسیاریان کردو پەیوەندییان کردەوەو پێیان راگەیاند "نەخێر هەمو شتێك باشە."

هەموو ئەم لێکۆڵینەوانەی سەر خاکی ئەمەریکا هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر ئاڵۆزی توندوتیژی تیرۆرستی لەلایەن خێزانی بن لادنەوە نەدا بەدەستەوە. داڵی واتسۆن بەرپرسی یەکەمی دژە تیرۆری FBI لەپایزی ۲۰۰۱دا ئەوەی یەکلایی کردەوە کەخێزانی بن لادن "نەیانتوانی یارمەتیمان بدەنو هەرەشەیەك نەبون." دێنیس لۆرمێلو تیمەکەی تایبەت بە دارایی-تیرۆرستی بەهەمان بڕیار گەشتن، هەرچەندە هەستیان بەوەکرد کە کەمێك چالاکی بواری خێزانی هەبوو کەیەکلایی کردنەوەی گرانبوو.

لەبەرئەوەی لۆرمیلێ کەسێکی نوێبو بۆ بابەتەکە؛ ماوەیەکی ویست بۆ روونکردنەوەو گەیشتن بەراستی ئەو راپۆرتە چەواشەکارییانەی کە لە دەزگای هەواڵگری وڵاتە یەکگرتوەکان CIA بۆی مابوییەوە. کە بە شێوەیەکی گوماناوی باسی لە سامانە زۆرەکانی ئوسامە دەکرد.

لۆرمیلۆ تیمەکەی باوەڕیان وابو کە بەئاسانی ڕازی نابن بە نرخی ڕاپۆرتەکەی خێزانی بن لادن لە ڕێگەی سۆلیڤانو کرۆم وێڵەوە، دەربارەی برو ڕێکخستنەکانی میراتی ئوسامەو پارە دابەشکراوەکان پێدەچێت راست بن. هەروەها FBI هیچ هۆکارێکی تایبەتی نەبوو بۆ گومان خستنەسەر ئەو ڕاپۆرتە، بەلام نامەیەك لەپارێزەری خێزانێکەوە وەك بەلگەیەکی یەکلایی کەرەوە حسابکرا کە بەئەندازەی سامانی ئوسامە گرنگبوو. ئەی دۆکیومێنتە ئەسڵییەکان لەکوێ بوون؟ ئەو بەلگەیە لەکوێبوو کەدەتوانرا لەژووری دادگادا بەرزبکرێتەوە؟

ئەو ناوچەیەی تر کەوا دەردەکەوت پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتربێت، سویسراو کەنارەکانی دەریاو وەبەرهێنانەکان بوون کەلە لایەن یەسلام بن لادنو هاوکارەکانی خێزانەکەیو هاریکارەکانی ترەوە لەسویسرا چاودێری دەکران. دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر، لێکۆڵەرە فەرەنسیو سویسرییەکان لێکۆڵینەوەکانی خۆیان لەبارەی حسابی بانکییەکانی بن لادنو ئامێرەکانی وەبەرهێنان لەسویسراو شوێنەکانیتر دەستیپێکرد. لەبەرواری ٢٧ی مارسی ٢٠٠٢دا، پۆلیسی سویسری هەڵیکوتایە سەر ٩ ئۆفیسو کۆمپانیا کەپەیوەندییان بە یەسلام بن لادنەوە هەبوو، لەنێویاندا کۆمپانیا سەرەکییەکەی خۆی، کۆمپانیای وەبەرهێنانی سعودیە لە جنێف. هەموو فایل و تۆمارەکانیان ڕاپێچکرد بەلام لەکۆتایدا هیچ داوایەکیان لەدژی یەسلام تۆمارنەکرد.

سەرەڕای درێژەکێشانی ئەم بابەتانە، لێکۆڵەرەوانی ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆریزم لە FBI لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٢دا هەستیان بەوە کرد کەهیچ هۆکارێك نەبوو بۆ مشتومڕکردنی بەردەوامی بلۆککردنو گەڕان بەدوای حسابە بانکیەکانی خێزانی بن لادن لە ولایەتە یەکگرتوەکان. دوا بڕیار، بەپێی ووتەکانی کەسێك کەلە گفتوگۆکان بەشداربوو، بەوریاییەوە لەلایەن گروپەکانی نوێنەرایەتیکردنەوە کە ئەوانیش لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نشتیمانییەوە سەرپەرشتی دەکران، چاوی پیاخشێنرایەوەو لەئاستێکی زۆر بەرزیشدا قبوڵکرا. هەرچەندە بڕیارێکی وەهاو هەر ڕۆڵێك بەدڵنیاییەوە بۆ بڕیارێکی لەم جۆرە پێویستی بە ڕازیبونی تایبەتی سەرۆك بوش دەکرد، لەڕاستیدا دەوری بۆش لەوبارەیەوە نەزانراوە. ئەوەی کەڕوونو ئاشکرا دیارە ئەو بڕیارە تایبەتییە بوو کە لەکۆشکی سپی درا لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٢دا؛ لەگەڵ ڕێگەگرتن لەدەرکەوتنی بەڵگەنامەی نوێ، حکومەتی ولایەتە یەکگرتوەکان بەهیچ شێوەیەك سزای خێزانی بن لادن نادات بەهۆی مێژووەکەیەوە لەگەڵ ئوسامە.

فەرمانبەرێکی شیکاریی FBI لەسێپتەمبەری ۲۰۱۱دا هەڵسەنگاندنی بەڵگەکەی دەستەی لێکۆڵەرەوەی لەئیمەیلێکی کورتو پوختدا ڕوونکردەوە : "خێزانی بن لادن ملیۆنەها ئەمسەرو ئەوسەریان هەبووە٪ ۹۹,۹۹۹۹۹ یان لەجۆری خراپ نین."

پشکنینە وردەکانی FBI لەسەر بن لادنەکان بەلایەنی کەمەوە قازانجێکی هەبوو، بە بیروڕای خێزانەکە، ئەویش ئەوەبوو کە نزیکەی هەموو لێکۆڵینەوەکە بەنهێنی بەئەنجام گەیەنرا. لەهەموی ناخۆشتر ڕەتکردنەوە گشتیەکەی خێزانەکەبوو لەلایەن زانکۆی ئەمەریکیو دامەزراوەکانی ترەوە کەداوایان لەدژیان تۆمارکردبوو لەڕابردوودا. لەو دۆخە سۆزدارییەی کەزۆربەی شوێنەکانی گرتەوە لەپایزی ساڵی ۲۰۰۱دا، هەندێك لەم دامەزراوانە هەستیان بەوەکرد کەهیچ چارەیەکی تریان نەبوو جگە لەوەستاندنو کۆتاییپێهێنانی مامەڵەکانیان لەگەڵ بن لادنەکان. هیچ کامیان بەئاشکرا رایان نەگەیاند کە پێدەچێت خێزانەکە تا ئێستاش هاوکاری ئوسامە بکەن، بەڵام ئەوە ئەگەرێك بوو کەدەتوانرا بە ئاشکرا لەبڕیارەکانیانەوە بۆ بڕینی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو خێزانە لێکبدرێتەوە.

زانکۆی هارڤەرد کەدوو ملیۆن دۆلاری لەهاوکارییەکانی بەکر بن لادن وەرگرت؛ چەندەها پەیوەندی لەلایەن خەڵکەوە پێوەدەکرا "کەخەڵکی عاتفی بوون". پێری بیرمان لە پرۆگرامی لێکۆڵینەوە یاساییە ئیسلامیەکان لەو زانکۆیە ئەوەی کەوتەوەیاد "کە دەیانگوت ئەوە پارەی تاوانی کوشتن بوو پێویستە بیدەین بە قوربانییەکان." دەسبەجێ هارڤەرد هاوڕێیەتی لەگەڵ بن لادنەکان ڕاگرت.

هەروەها زانکۆی میامی، ئەو زانکۆیەی کەبەکر لێی خوێندبوو، پاشەکشەی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەکر کرد. پێش ۱۱ی سێپتەمبەر، سندوقی هاریکاری دارایی زانکۆکان کەچاوەڕێی بەدەستهێنانی پارەبوون لەقوتابیە پێشووە خانەدانەکان پەیوەندیان بەبن لادنەکانەوە کردبوو. بەکر ئەوەی خستبوەڕوو کەلەوەبو بتوانێت پارە دابین بکات بۆ پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوە لەتەندروستی جۆری شیلانە لە دەریای سور کە لەژێر هەڕەشەی پیسبوونو زیخ و ڕاوکردنی زۆردابوون. پرۆفیسۆرێکی زانکۆی میامی، جۆن ماکمانوس، کە پسپۆڕبوو لە بەڕێوبردنی شیلانەی دەریا، ڤیزەیەکی سعودیەی بەدەستهێناو پلانی ئەوەی دانا کە ڕوو لە شانشینی سعودی بکات تاکو لەگەڵ بەکرو ئەوانیتر لەبەرواری ۲٤ی سێپتەمبەری ۲۰۰۱دا کۆببێتەوە. گەشتەکە هەڵوەشێندرایەوەو پرۆژەکەش وازیلێهێنرا. ماکمانوس ئەوەی

وەبیرهێنایەوە کەبڕیارەکە دوولایەنە بوو: "خێزانەکە بەدوایا نەرۆشتن‌و هەروەها ئێمەش نەمانکرد". بەگوێرەی قسەکانی کەسێك کەقسەی لەگەڵ بەکر کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەکر بڕوای وابو کەزانکۆکە بەهۆی ١١ی سێپتەمبەرەوە پشتگوێی خستبوو لەئەنجامدا هەستی بە نارەحەتی کردووە.

کادبەری سکویپس کە کارگەیەکی دروستکەری چوکولێتی بەریتانی بوو، ئەوەی ئاشکراکرد کە لە راگرتنی پەیوەندی هاوکارییەکانن لەگەڵ بن لادن. هەروەها ئەو کۆمپانیایانەی کە لەڕێگەی کۆمپانیاکەی بن لادنەوە ئامێری پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانیان دەفرۆشت بەهەمانشێوە هەمان هەڵوێستیان راگەیاند. ژمارەیەکی کەم لەهاوکارە نزیك‌و بەناوبانگەکانی خێزانەکە هەڵوێستیان هەبوو. جەنەراڵێکی وتەبێژی کۆمپانیای ژەنەراڵ ئیلیکتریك، ووتی ئەوە گومانی تێدانییە کە گروپی کۆمپانیاکانی بن لادن لەسعودیە "بەتەواوەتی لەئوسامە بن لادن جیادەکرێتەوە". باڵوێزی پێشوی ولایەتە یەکگرتوەکان، کاس فریمان، کە لە ئێستادا گەشە بە پرۆژە بازرگانیەکان لەشانشین دەدا؛ ڕایگەیاند کە "بن لادن" وەك ناوێکی "ڕێزلێگیراو دەمێنێتەوە"، بە شێوەیەکی دیاریکراو ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو کۆمپانیا ئەمەریکیانەی "پەیوەندییەکی زۆرو بەسوودیان هەبوو لەگەڵ ئەو خێزانەدا ئێستا لەسەر شاردنەوەی پەیوەندییە گشتیەکان بەڕێوەدەچن."

تەنانەت دوای ئەوەی کارتی گەشتە خێرا ئەمەریکیەکانیان چاککرایەوە، بن لادنەکان سڵیان لەسەفەرکردن بۆ ولایەتە یەکگرتوەکان دەکردەوە. هیچ کەسێك لە برا بەساڵاچوەکانی دەوری بەکر بن لادنیش نەیاندەویست سەفەربکەن. بارودۆخەکە زۆر ناجێگیرو مەترسیداربوو. سەڵیحەی زڕ خوشکی بەکر ناوبەناو لەگەڵ هاوسەرە ئیتالیەکەی دەگەڕایەوە بۆ ولاتە یەکگرتوەکان، بەلام هەندێك جار لە فرۆکەخانەکانی ولایەتە یەکگرتوەکان بۆماوەی دوو سەعات یان زیار دوادەخرا، کە سەڵیحە زۆر بەوە ئیزعاج دەبوو. سەڵیحە بە گەیلَ فریمانی ڕاگەیاند، "نازانم ئەگەر بتوانین بەمجۆرە بیبەینەسەر، چونکە ناتوانین بەمشێوەیە سەفەربکەین".

ئەوروپا ئاسانتردیاربوو بۆ گەشتکردن لەڕێگەی دەریاوە بەتایبەتی لەوکاتەوە کە بن لادنەکان لەڕێگە پارێزراوە تایبەتەکانی فڕینەوە دەرۆشتن، لەبەرئەوە پێویست نەبو کە لەزەنگی وریاکەرەوەی گەشتیارە هاوپیشەکان لەسەر فڕۆکەی گەشتیاری بازرگانی بترسن، بەلام

هێشتا هەر کێشەیان هەبوو. پۆلیس لەسکۆتلەند-یارد سواری فڕۆکە خێرا تایبەتیەکەی بەکر بوون لەفڕۆکەخانەی لوتۆن هەندێك پرسیاریان لێکرد پێش ئەوەی سەفەربکات. پیاوێك لەسەر شەقامێك لەدەرەوەی هۆتێلی ئینتەر کۆنتینێنتەڵ لە لەندەن لە مانگی هەشتی ٢٠٠٢ بۆکسێکی لە دەموچاوی حەسەن بن لادن دا. لەئەڵمانیا یان ئوستریا بەرپرسی یەکەمی پۆلیسی ناوخۆ گەمارۆی ئەو هۆتێلەی دا کەبەکر تێیدا دەمایەوە بەشێوەیەکی ڕوون بەوبڕوایەی کە لەکتێبە مێژووییەکاندا ناوی خۆی تۆمار بکات بەوەی هەلاّتوترین داواکراوی جیهانی دەستگیرکردووە.

یاسر بن لادن زڕ برایەکی بچوکتری بەکربوو کە لەجەددە دەژیاو یاری سکواشی دەکرد لەگەڵ گروپێکی هاوڕیانی کە بە ئینگلیزی قسەیان دەکرد لەشارەکەدا. هەروەها لەیانەیەکی ماتۆرسایکلی ناوخۆی هەرلی دەیڤدسەن بوو. هەموو هاوینێك یاسرو هاوڕێ سعودیەکانی بەسواری ماتۆرسایکلەکانیان دەسوڕانەوەو هاواریان دەکرد لەسەر ڕێگەی پەڕینەوەی گەشتی وڵاتێك. پاش ١١ی سێپتەمبەر بە ئەوروپادا ماتۆرسایکلیان لێدەخوڕی. ماتۆرسوارە سعودیەکانیتر بە بەردەوامی گاڵتەیان لەگەڵ یاسر دەکرد بەوەی کەپاسپۆرتەکەی هیچ شتێکی بۆنەدەکردن تەنها ئەوە نەبێت کەهەرکاتێك لەسنورێك دەپەڕینەوە کێشەی بۆ دروستدەکردن. ماتۆڕسوارەکان ڕاستیان دەکرد: کاتێك یاسر دۆکیومێنتەکانی گەشتەکەی پیشانی ئۆفیسی کۆچبەرانی بەریتانی دا لەدەرگای چونەژوورەوەی ئەو تونێلەی لەفەرنساوە بەژێر دەربەندی ئینگلیزیدا دەڕوات، ئەفسەرە بەریتانیەکە یاسری خستەلاوەو صندوقەکەی کردەوەو دەستە ماتۆرسکیلەکانی تری نارده دواوە کەپێشتر پشکنینیان بۆ ئەنجامدرابوو. چەند سەعاتێکی خایاند تاکو ناوەکانیان بەهەموو زانیارییە هەواڵگرییەکانی تایبەت بە تیرۆرستیدا تێپەڕکران.

ئەندامانی یانەی هەرلی بڕیاریاندا بە ماتۆرسکیل بەسوریاو لوبناندا بڕۆن لەگەشتی دواتردا کەکردیان. کاتێك گەیشتنە وێستگەی سنوری سعودیە-سوریا، دووبارە ئەندامەکان دەستیانکردەوە بە گاڵتەکردن لەگەڵ یاسرو سکالاّیان دەربارەی ئەو کێشەیە دەکرد کەئێستا لەلایەن بەرپرسانی سنوری سوریاوە ئازاری پێوە دەچێژن.

پاسەوانێکی سوریا بە پاسپۆرتەکانیاندا ڕۆشتەوەو پاشان هاتەدەرەوەو ماتۆرسوارەکانی بانگکردو پرسی "شێخ لەکوێیە؟ شێخ لەکوێیە؟ "

ئەوان یاسریان دۆزییەوە بەڵام ویستی پۆلیسەکە بەشێوەیەکی جیاواز شکایەوە وەك لەوەی لەگەڵی گەورەبوبوون: کاتێك یاسر بن لادن لەسەر ماتۆرسایکلەکەی هاواریکرد، پاسەوانە سورییەکان وەستانو سڵاویان لێکرد. بەلای پاسەوانەکانەوە، ئوسامە هەمو بن لادنەکانی کردبو بە پاڵەوان.

"کاتێك ٢٠\٢٠ دەگەڕێتەوە، ناوی خێزانێك جێگەی شانازی دەبێت هەتا ١١ی سێپتەمبەر بەڵام ئەی چی دەبێت کە ئەگەر ئێستا نازناوی خێزانەکەت بن لادن بووایە؟"

باڕبەڕە والتەرس لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٢دا گەشتیکرد بۆ عەرەبستانی سعودی بۆ بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتێکی بەهێز بۆ تەلەفیزیۆنی ئەی بی سی، بەرنامەی گۆڤاری تۆڕی هەواڵی ئێواران بەناوی ٢٠\٢٠. لەئەنجامدانی گەشتەکەدا والتەرسو خاوەن بەرهەمەکان بەووردی کاریان لەگەڵ بەندەر بن سوڵتان کرد کەباڵیۆزی سعودیە بوو لەواشنتۆنو پاشان عادل ئەل جوبەیر، دواتر لەگەڵ ڕاوێژکارێکی میدیاییو سیاسی لەدیوەخانی تاجی شاهانەی عەبدوڵا. والتەرس بەهەردووکیانی ڕاگەیاند کەدەیویست چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامێکی خێزانی بن لادن بۆ ڕاپۆرتەکەی بکات. پەخشکارەکەی والتەرس دەرفەتێك پێشکەش بە خێزانەکەدەکات بۆ بەمرۆیکردنی هەستی خۆیان لەپێش بینەرێکی زۆری ئەمەریکیو هەروەها دووپاتکردنەوەی خۆدورخستنەوەیان لەئوسامە. لەبەرامبەردا پێدەچێت ئەمە هەندێك لەبرینەکانی پەیوەندی نێوان ولایەتە یەکگرتوەکانو سعودیە سارێژبکات، کەبەشێوەیەکی بەردەوام بەهۆی تێروانینی دوژمنکارانەی هەردوولا بۆ خەڵکی هەردوو وڵات قوڵتربووەتەوە. ئەو بەرپرسە سعودییانەی کە والتەرس قسەی لەگەڵ کردن باوەڕیان بەوەکرد کەپێدەچێت بەرنامەکە سودبەخش بێت. بەتایبەتی عادل ئەل جوبەیر هاوکاریەکانی تاجی میر عەبدوڵای لیست کرد، هەروەها لە هەوڵێکدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەکر بن لادنو دوو ئەندامی تری خێزانی بن لادن کرد بۆ ڕازیکردنیان تاکو هاوکاری بکەن. بەڵام میر عەبدوڵا ئەوەی ڕوون کردبوەوە کە نایەوێت فەرمانی ئەوە دەربکات بن لادنەکان لەسەر تەلەفیزیۆنی ئەمەریکی دەربکەون: بەڵام ئەوە هەڵبژاردنی خۆیان بوو. بەکر ڕەزامەندی نیشاندا سەرەڕای داواکاریە دووبارەکانی ئەل جوبەیرو بەرپرسانی تری سعودیە.

بن لادنەکان ئێستا بونەتە کاڵا لە بازاری میدیادا. بەگوێرەی وتەکانی خالید ئەل مەینە کەسەرنوسەری هەواڵی عەرەبی لەجەددەو هەروەها گوێگرێکی زۆری میدیای دەرەکی بوو.

خالید ئەل مەینەی ووتی میدیای هەواڵی ئەمەریکی (کەناوی میدیاکەی ئاشکرانەکرد) لەپەیوەندییەکی تەلەفونیدا پێی ڕاگەیاندووە ئەگەر ئەندامێکی بن لادن بهێنێتە بەردەم شاشەی کامێرا ئەوە پەنجا هەزار دۆلار پارەی پێشکەش دەکات. وەك ستراتیجێکی میدیا خالید ئەل مەینەی ڕازیبو لەسەر ئەوەی کەلەوانەیە بن لادنەکان پارمەتی عەرەبستانی سعودیەیان بدایە ئەگەر ئەندامێکی باوەڕبەخۆبووی خێزانەکە کە بەئینگلیزی قسەدەکات لەسەر تەلەفیزیۆن دەربکەوتایەو داوای لێبوردنی بکردایەو هەوڵیانبدایە خۆیان پیشانی جەماوەرانی ئەمەریکی بدەن. بەڵام نەیاریی‌و ڕەفتارە نەشیاوەکانی میدیای ئەمەریکی خالید ئەل مەینەو سعودیەکانی تری تووڕەکرد. شانازی‌و تووڕەبوون‌و ترس دوای ١١ی سێپتەمبەر بەسەر ئەمەریکاو عەرەبستانی سعودیەدا باڵیکێشا. بن لادنەکان بە لەدەستچونێکی زۆرەوە، هەروەها لە بڕیارە ڕوونەکەی بەکرو بڕێکی کەم بەدەستهاتوو لە میدیاکانی ڕاگەیاندن هەموو سەربەرزیی‌و ناوبانگی خۆیان شاردەوە.

پارێزەری سەرەکی بەکر لەلەندەن مارك بریدج کە وەك پارێزەری ڕاوێژکاریی شاژنیش خزمەتی دەکرد، پاڵپشتی ئەم غەریزانەی کرد. ئامۆژگاری ئەوەبوو کە هیچ هۆکارێك نەبوو بۆ بن لادنەکان کە بەشێوەیەکی ئاشکرا قسەبکەن یان شتە ناپێویستەکان بدرکێنن.

پێدەچێت بریدج نەیتوانیبێت پێشبینی ئەو هێزەی سروشتی باڕبەڕە واڵتەرس بکات. هەرچەندە باڕبەڕە واڵتەرس لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٢دا گەشتی بۆ عەرەبستانی سعودیە کردو هەروەها ژمارەیەك چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەندامانی خێزانی شاهانەو خێزانەکانی تری رفێنەرانی فڕۆکەکەکانی ١١ی سێپتەمبەر لەعەسیر بەئەنجام گەیاند، بەڵام بەبەردەوام گرفتی بۆ دروست دەکرا. واڵتەرس عەوداڵی چاوپێکەوتنێك بوو لەگەڵ تاجی میر عەبدوڵا کە بە دەسەڵاتترین پیاوبوو لەشانشینەکەدا بەڵام ئەمە بەرجەستە نەکرا. بەبێ بن لادن لەبەردەم کامێرە، باڕبەڕە بە یاریدەدەرانی سعودیەی ڕاگەیاند کەگەشتەکەی بێ سود دەبێت‌و بە دڵنیاییەوە ئەوەی کە چاوەڕواندەکرێت ئەوەیە کەزۆر تووڕە دەبێت. لەئەنجامی هەستکردن بە لەدەستدانی پەیوەندییە گشتیەکان، باندەرو ئەل جوبەیر فێڵێکی بەهێزیان بۆ یارمەتیدانی واڵتەرس دۆزیەوە. کاتێك کارەکەیان سەرگرت، پێویستبوو باندەر بڕێکی زۆر پارە بە بن لادنەکان بدات بۆ ئەو کارەی کە لەتەلارەکەی لەجەددە تەواویان کردبوو. بن لادنەکان بۆ وەرگرتنی ئەو بڕە پارەیە ململانێیان دەکرد. باندەر پێشنیاری بانگێشتکردنی عەبدوڵا بن

لادنی بۆ ماڵەکەی کرد کەزانکۆی هارڤەردی تەواوکردبوو بۆ کۆبونەوە لەگەڵ ژمێریارەکان بۆ دیاریکردنی دوا لیستی خەرجی تەلارەکە. باربەڕە والتەرس دەگاتە جیّو عەبدوڵا هیچ ڕێگەیەکی تری نامێنێت تەنها ئەوە نەبێت کە چاوپێکەوتنەکە قبوڵبکات.

بۆسە دانانەکە وەك خۆی سەریگرت. والتەرس لەسەر کۆبونەوەی بازرگانی دەڕۆشت. کاتێك باندەر چاودێری دەکرد، عەبدوڵا بە خۆشحاڵییەوە ڕازیبو کە دابنیشێتو وەڵامی چەند پرسیارێك بداتەوە. والتەرس لەپەخشەکەیدا بینەرانی بێزار نەکرد بەوەی کەچۆن چاوپێکەوتنەکە دروستبوو بەڵام والتەرس لەسەرەتادا لەناساندنی چاوپێکەوتنەکە لەسەر پەخش تێبینی ئەوەیکرد "کاتێك کە بەیەکەوە دانیشتین، عەبدوڵا زۆر ڕاڕابوو، بەڵام کێ دەتوانێت سەرزەنشتی بکات؟"

والتەرس بە تۆنە تایبەتییەکەی پرسیاری لە عەبدوڵا کرد "ئەمە چەند بەلای خێزانەکەتەوە قورس بووە؟"

"بەکاتێکی سەختدا تێپەڕمانکردو زۆر گرانبوو، بەڵام هەستمان بەوە کرد کەئێمە قوربانیەکین کێشەنیە کە چیمان لێبەسەرهات، هەرگیز هەستمان نەکردووە تراژیدیای ئێمە ئەوەندەی تراژیدیای خێزانەکانو قوربانیانی نیوۆرك خراپ بووبێت. تراژیدیای ئێمە بە بەراورد لەگەڵ تراژیدیاکانی ئەوان بەراورد ناکرێت، ئێمە هەست بە ئازاری ئەوان دەکەین."

" ئێوە هیچ بیرۆکەیەکتان هەیە لەوەی کەچی وای لە ئوسامە بن لادن کردبێت ببێت بەو پیاوەی کەهەیە؟"

"خۆزگە بمتوانیایە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە."

## ٣٨- جۆری بەرهەمە بازرگانییەکان

جاك کەیاجەنیان یاسای خێزانی پراکتیزە دەکرد لە کۆستە میسا، کالیفۆرنیا، باشوری لۆس ئەنجلۆس. پیاوێکی کۆمەڵایەتی بوو هەندێك لە کاتی پشووەکانی خۆی لە مەیدانی پێشبڕکێی دێل مار بەسەردەبرد، کەلەوێ یاری بەئەسپی ڕەسەن کردو چاوی لەسەر پێشبڕکێکەرە براوەکان بوو. هەروەها ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵگەی ئەرمەنی ئەمەریکی بوو لەئۆرەنج کاونتی کۆنزێرڤەتیڤدا. هەروەها جاك خۆی بەئەمەریکیەکی بەجۆشی نیشتمان پەروەر دایە قەڵەم. لەبەرئەوە کاتێك یەکێك لەهاوڕێ ئەرمەنیەکانی لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەهاوینی ساڵی ٢٠٠٢دا بە جاکی ڕاگەیاند کەکچەکەی، کریستین، کێشەی مافی سەرپەرشتی کردنی منداڵەکەی لەگەڵ هاوسەرە پێشووەکەی  هەبو کەئەندامێك بو لەخێزانی بن لادن، کەیاجەنیان بەپەرۆشیەوە ڕووبەڕووی کێشەکە بوویەوە.

پاش جیابونەوەیان لەساڵی ١٩٩٣دا، ئیبراهیم بن لادنو کریستین هەرتونیەن بۆماوەی هەشت ساڵ بەبێ کۆسپێکی بەرچاو دڵی یەکتریان ڕاگرتبوو. هەروەها هاوکاری یەکتریان بۆ بەخێوکردنی تاکە کچەکەیان، سیبە، دەکرد. سیبە لەگەڵ دایکی دەژیاو لە خوێندنگەیەك لە باشوری کالیفۆرنیا دەیخوێند. هەروەها پشوی هاوینانو ڕەمەزانی لەگەڵ ئیبراهیم لە جەددە یان  لەکۆشکە کانیۆن ستۆنەکەی خۆی لەبیر ئەیر بەسەردەبرد. دەرکەوتنی ئوسامە بن لادن لەماوەی کۆتایی ساڵانی ١٩٩٣ هەندێك کێشەو تەنگەژەی لەناو خێزانەکەدا دروستکرد. لەبەرئەوە ئیبراهیم دەستیکرد بەبیرکردنەوە لەوەی کەلەوانەیە لە ئەمەریکا پارێزراو نەبێت. لەوتەیەکدا ئیبراهیم ڕایگەیاند "لەهاوینی ساڵی ٢٠٠١دا لەلۆس ئەنجلۆس هەستم بە نائاسودەیی کرد لەئەنجامی ئەو لێدوانانەی کەتەنانەت پێش ١١ی سێپتەمبەر لەبارەی منەوە دەدران".

کاتێك کەبن لادنەکان بۆ جەددە کۆچیانکرد، ئیبراهیم سیبەی لەگەڵ خۆی برد، کاتێك هێرشەکان روویاندا ئەوان لەجنێڤ پشویان بەسەردەبرد. بەگوێرەی وتەکانی کەیاجەنیان، سیبە دیمەنێکی تارادەیەك ترسناکی بینی لەجەددە. ئەو بەئەندامی خێزانەکەیانی ڕاگەیاند

کەهەندێك لە گەنجەکان لە بنکەکەی بن لادن بەشێوەیەکی بەرفراوان ئاهەنگی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەریان گێڕا. لەو پایزەدا، ئیبراهیم کچەکەی لەخوێندنگەی نێودەوڵەتی بەریتانی خستەبەر خوێندن. کریستین هەرتونیەن، کە ئێستا هونەرمەندێکی کۆششکەرە لەکۆمەڵگایەکی پەرژینکراو لەڕۆژئاوای لۆس ئەنجلۆس دەژیا، لەسەرەتادا نارەزایی دەرنەبڕی بەڵام بەرهەڵستی ئەو بیرۆکەیەی کرد کە سیبە بۆ ماوەیەکی نادیار لەعەرەبستانی سعودیە بمێنێتەوە. کریستین لەڕووی داراییەوە بارودۆخی باش نەبوو، پارەیەکی کەمی لە بانکدا هەبوو پشتی بەقەرزکردن لە دایكو باوکی دەبەست. کریستین بە فڕۆکە لەگەڵ سیبە ڕۆیشت بۆ جەددە بۆ سەردانی بنکەکەی بن لادن.

لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٢دا کچەکەی کریستین توشی هەندێك کێشەی تەندروستی بوو، ئەمانە مەترسی بۆ سەر ژیانی نەبوو، بەڵام پێویستی بە چاودێری پسپۆڕێك دەکرد. دکتۆرەکانی عەرەبستانی سعودیە سیبەیان نارد بۆ لای پسپۆڕەکانی باشوری کالیفۆرنیا، لەبەرئەوە کریستین سیبەی بردەوە بۆ لۆس ئەنجلۆس. هەرچەندە ئیبراهیم ویستی کچەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیو هاوسەرە تازەکەی بەیەکەوە لە عەرەبستانی سعودیە بژین، هەروەها مشتومڕی ئەوەیدەکرد کە سیبە دەیتوانی لەشانشینەکەدا چارەسەری پێویست وەربگرێتو پێی باشتربوو کە ئامادەی خوێندنگەیەکی عەرەبستانی سعودی بێتو هەرلەوێ لەنێوان بن لادنەکاندا بژی، بەڵام سەرەنجام دایكو باوکی سیبە نەیانتوانی بگەنە ئەوەی کە پێویستە سیبە لەکوێ بژی، هەروەك لەبڕیاری جیابونەوەکەیاندا هاتبوو. کریستین باوەڕی وابوو کەخەریکە مافی سەرپەرشتیکردنی تاکە کچەکەی لەدەستبدات بۆ سیستمێکی سعودی کەتەنها کەمێك لەمافە یاساییەکانی خۆی تێدا بەرجەستەکرد. کریستین لەسەرەتادا هەوڵیدا کە خۆی ئامادەی دانیشتنەکانی دادگابێت، بەڵام لەنزیك مانگی ئەیلولی ٢٠٠٢دا، خێزانەکەی بانگی جاك کەیاجەنیان بۆ مەسەلەکە کرد.

کەیاجەنیان بەوریاییەوە چاوی بە فایلە کۆنەکانی جیابونەوەکە خشاندەوەو بەخێرایی ڕۆشت بۆ دادگای باڵای لۆس ئەنجلۆس، کە لەوێ نوسراوە بنەڕەتیەکە هەڵگیرابوو، دەرئەنجام توانی فەرمانێکی دادگا بباتەوە کە لایەنی کەم ڕۆشتنی سیبەی بۆ جەددە دوادەخست. ئیبراهیم دامەزراوەیەکی یاسایی سانتا مۆنیکای بەکرێگرت کەپسپۆڕییان لەبواری جیابونەوەی ژنومێرددا هەبوو. هاوکارەکەی کە سەرپەرشتی ئەو مەسەلەیەی دەکرد ژنێك بوو لەگەڵ دوو

هاوکاری خۆی. ئەم پارێزەرانە کەیاجەنیانیان خستە ژێر باری پێشنیارو لاپەڕەوە. ڕاپۆرتی نوێ نزیکەی هەموو کاتژمێرێك دەگەیشت. کەیاجەنیانیان بڕیاریدا زیاتر پێداگیری لەسەر مەسەلەی تەندروستی بکاتەوە، مشتومڕی ئەوەی دەکرد سیبە تەنیا لەولایەتە یەکگرتووەکان دەتوانێت ئەو چاودێرییە پێویستە وەربگرێت.

ئیبراهیم ئەوەی ڕەتکردەوە کە بۆ گوێگرتنێك سەفەربکات بۆ ئەمەریکا بەهۆی ١١ی سێپتەمبەرەوە. ئیبراهیم ترسی هەبوو ئەیوت: "لەسەلامەتی خۆم دەترسم بەهۆی کاردانەوەی توندوتیژ لەدژی خەڵکی بەڕەگەز عەرەبەکان لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا....ترسەکە ڕاستو ڕەوایە، نازناوەکەمان ناوبانگی خراپی هەیە. دەزانم کەنازناوەکەمان کاردانەوەیەکی خراپ لەلایەن زۆر کەسەوە دروست دەکات". حاکم، ڕۆی پاوڵ، ڕازیبو کەڕێگە بەئیبراهیم بدات لەڕێگە گواستنەوەی ڤیدیۆیەکی ڕاستەوخۆ لە ستۆدیۆیەك لە دوبەی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، کەداواکەی خۆی پێشکەشبکات. لەبەرئەوە پێویست نەبوو سەفەر بکات بۆ لۆس ئەنجلۆس.

لەبەرواری ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢دا، کەیاجەنیانو پارێزەرەکانی ئیبراهیم گەیشتنە هۆڵی دادگایەکی تایبەتی پارێزراو کە بە "بانکەکە" ناسرابوو، هەندێ جار مەسەلەی پرۆفایلە بەرزەکانی وەك کەسە بەناوبانگەکانی هۆلیوودی تێدا کۆدەکرایەوە، ئیبراهیم لەسەر شاشەی ڤیدیۆیەکەوە دەرکەوت.

حاکم پاوڵ شکاتنامەکەی ئیبراهیمی ڕاگرت، بەبیانوی پاراستنی ژیانی سیبە لەتوندوتیژی چاوەڕوانکراو لەلایەن ئەو کەسانەی کە لەدەرەوەی پۆلیس هێز بەکاردەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا تۆمارکراوەکانی دادگا ئەوە ڕووندەکەنەوە کە لەگوێگرتنە دادگاییەکەدا چی ڕوویدا: لەکۆتایی ڕۆژەکەدا، کەیاجەنیانیان پرسێکی بەبایەخی سەرپەرشتیکردنەکەی بردەوە. حاکم پاوڵ بڕیاری ئەوەیدا کە سیبە پێویستە لە باشوری کالیفۆرنیا بخوێنێتو چارەسەری پزیشکی لەولایەتە یەکگرتووەکان وەربگرێت. دادگا فەرمانی بە ئیبراهیم بن لادن کرد کە٤ ملیۆن دۆلار وەك بارمتە دابنێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کەدوای پشوی هاوینو پشووە ئاینییەکان سیبە بگەڕێنێتەوە بۆلای دایکی. بۆماوەی نزیکەی دەساڵێك ڕێکخستنەکانی سەرپەرشتیکردنی سیبە لەگەڵ خێزانی بن لادن لەعەرەبستانی سعودیە لەسەر متمانەی هاوبەش بنیاتنرابوو. ئەو سەردەمە بۆ هەردوولا تێپەڕی.

ئیبراهیم‌و کریستین گیروگرفتی خۆیانیان هەبوو بەڵام کێشەکانیان بەشاراوەیی بەبەراورد بەجیابوونەوە ئەفسانەییەکەی یەسلام‌و کارمن بن لادن مایەوە. دادگایکردنەکەیان لەدادگاکانی سویسرا لەماوەی سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠دا دەستپێکرد، بەڵام وەك هەوڵی زۆربەی بن لادنەکان، بەخێرایی سنورە نێودەوڵەتیەکانی تێپەڕاند. کارمن لەلۆس ئەنجلۆس شکاتی لەیەسلام کردو لەهەوڵی ئەوەدابوو(بەسەرنەکەوتویی) بیسەلمێنێت کەخانوی بیل ئەیری ئیبراهیم پێویستە بەیەکێك لەسەرمایە خێزانیەکانی دابنرێت، چونکە بەناوی یەسلامەوە کڕدرابوو.

هەروەها بەڵگەی ئەوەی هێنایەوە کەهاوسەرەکەی بەشێوەیەکی نادروست خشڵەکانی کارمنی فرۆشتبوو کەلەسەرەتادا لەبێڤێرلی هیڵس کڕدرابوو کە هی خۆی بوون. پێشنیارو داواکان، سکاڵاکان، لەگەڵ بڵاوکراوە سوێند لەسەر خوراوەکان لە دوو کیشوەر کۆکرانەوە بەڵام ساڵ تێپەڕی بەبێ چارەسەرکردن. گورزەکەی ١١ی سێپتەمبەر وەك هاندەرێك وابوو لەسەر هەردوولا. پاش هێرشە تیرۆرستیەکان، کارمن ئەوەی هەڵبژارد کەزۆربەی سعودیەکان بەهەڵبژاردنی ئەتۆمی دایدەنێن: کارمن کتێبێکی نوسی.

کتێبی "لەناوخۆی شانشینەکە" بوو بەباشترین فرۆشراوی نێودەوڵەتی. شێوازی نوسینەکەی زۆر گونجاو بوو بەئاڕاستەی بن لادنەکان‌و تەنانەت بەئاڕاستەی یەسلامیش، بەڵام کارمن ئەوەی راگەیاند کەخێزانەکە بەردەوامبوون لەپشگیریکردنی ئوسامە بۆ ماوەیەکی زۆر پاش بڵاوبونەوەی نەمانی پەیوەندییان لەگەڵ ئەو. هەروەها کارمن ئەم بۆچونەی خۆی لە تەلەفیزیۆن‌و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەکان لەماوەی کاری کتێبەکەدا لەئەوروپاو ئەمەریکا دووبارە دەکردەوە. هەروەها کارمن قسە لەڕووبوو دەربارەی حاڵی ژنانی چینی (دووەم) لە کۆمەڵگای سعودیدا. ڕەخنەی لە یاسای خێزانی سیستمی ئیسلامی گرت کەدەسەڵاتی زیاتر بەپیاو دەدات لەمەسەلەکانی سەرپەرشتیکردن‌و ململانێی جیابونەوەدا. لەکتێبەکەی کارمن، بەتایبەتی باسەکانی لەبارەی ژنانی سعودی خاوەن مافی تایبەتی، بەڵام خنکاندنی ژیانیان زۆر بەهێزبوو (نمونەکان لەساڵانی کارمن وەك ژن‌و دایکێك لەبنکەکەی بن لادن لەجەددە لەماوەی ساڵانی حەفتاکان‌و سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا وەرگیراوە).

سەرکەوتنی کتێبەکە، کرژییەکانی نێوان هاوسەرە پێشووەکەی، یەسلام، لەجنێڤ‌و برا گەورەکانی بن لادن لەدەوری بەکر لەجەددە خراپترکرد. پێدەچێت کارمن یەکەمین سکاڵاکەری ژنانی جیهان نەبێت، بەڵکو بەکرو براکانی دەوروبەری دەیانویست سەرزەنشتی

یەسلام بکەن کەبریاریدا مەسەلەکە بخاتە بەردەمی ڕای گشتی. پێدەچێت پارە هاندەرێك بوبێت لەبڕیاردانی کارمن بۆ نوسینی کتێبەکە: بۆچی یەسلام نەیتوانی بگاتە ئەنجامێك لەگەڵ کارمن کە قایلی بکات؟ بۆچی ڕێگەیدا کە جیابونەوەکە بۆماوەیەکی زۆر درێژە بکێشێت؟ چۆن یەسلام ڕێگەی بەخۆیدا کە لە کچەکانی خۆی جیاببێتەوە؟ چ جۆرە باوکێك ڕێگە بەمە دەدات؟ چەندەها جیابونەوە لەنێوان بن لادنەکان ڕوویدابوو، بەلاّم هیچکامیان لەکاتی نارەحەتی یان ئابڕوبردنی ئەم پرۆفایلە گشتیەدا نەبوون.

یەسلام‌و کارمن هەردووکیان بازرگان بوون، لەدوای ١١ی سێپتەمبەر، نەك تەنها پێداگیری داخوازی جیابونەوەکەیان دەکرد، بەڵکو بۆ دەستبەسەراگرتنی جۆری بەرهەمەکانی بن لادنیش پێشبڕکێیان کرد. کارمن لەماوەی کاری کتێبەکەیدا بوو بە بەناوبانگترین بن لادن لەجیهاندا لەدوای ئوسامە. وادیاربوو یەسلامیش دەیویست بەو ئاستە بگات.

کارمن لای خۆیەوە هاوپەیمانێکی لە پێشبڕکێکەدا، گەورەترین کچی، وەفا، هەبوو کە بۆ سەرنجە گشتییەکەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵیدابوو. لەکاتی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر، وەفا زانکۆی کۆلۆمبیای تەواوکردبوو، لەژوورێکی بەرز لەوێست ڤیلجی نیۆرك سیتی دەژیا کەمانگانە ٦٠٠٠ هەزار دۆلاری بەکرێکەی دەدا. لەسەرەتای تەمەنی بیستەکانیدا وەفا کچێکی جوانی سەرنج ڕاکێش بوو کە ئاواتی ئەوەبوو پیشەی ببێت بە گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ. وەفا بۆ پەرەپێدانی یەکەم تۆماری چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەربەرە والتەرس ئەنجامدا. پێدەچوو وەفا لە هەوڵی بازاڕکردندنێکی هاوشێوەی یاری جۆ دو لەجولاّنێکی زۆرانبازیدا کە زۆرانبازێك گوڕێکی بەرامبەرەکەی وەك چەکێك لەدژی بەکاربهێنێت. لەو حاڵەتەی وەفادا، خوازیار بوو بەدناوییەکەی ئوسامە بۆ پیشەی مۆسیقا پۆپەکەی خۆی وەربگێڕێت. وەفا بەوێنە سەرنجڕاکێشەکانیەوە دەنازی کە لەڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی پیاوانی ئەمەریکی گرتبووی بەناوی گۆ. هەروەها نازناوی خۆی گۆڕی بۆ دەوفۆر کەناوی پێشوی دایکی بوو پێش شوکردنی، بەلاّم وەفا لەپلەکەی خۆی کە بن لادنە شەرمی نەکرد کەئەمەش سەرنجی میدیاکانی بۆلای خۆی ڕاکێشا. هێشتا ئەیوت "هەست دەکەم هەمووکەسێك دادگایم دەکات‌و ڕەفزم دەکات. تکایە، ڕۆحی ئەمەریکیەکان لەکوێیە؟ قبوڵم بکەن. دەمەوێت لەباوەش بگیرێم چونکە بەهای من وەك بەهای ئێوە وایە". وەفا بەعەرەبی قسەی نەدەکردو پاسپۆرتێکی سعودیشی نەبوو.

پێدەچێت هەستە تەنیاییەکەی ڕاستەقینە بوبێت، بەڵام ئاماژەی تۆنێکی تونـد لەسکالآکانیدا هەبوو. ژنێکی یاخیبووی بێتاوان بەبێ کەلتور. فرۆشتنی CD سەلماندیان کە گونجاوبوون.

یەسلام لەیەك لایەنەوە لە بازاڕدا لەپێش خێزانە جیابوەوەکەی‌و کچەکەی بـوو، لـە مـانگی شوباتی ۲۰۰۱دا یەسلام داواکاری بۆ هێمایەکی بازرگانی "بن لادنـەکان" بـەپێی یاسای سویسری لەیـەکێك لـە کۆمپانیاکانی بـن لادن، کەلوپـەلی وەرزشـی فـالکۆن، پێشکەشـکرد. یەسـلام پلانـی بۆگەشەسـەندنی هێمـای بەرهەمـەکانی بـن لادن دانـا بـۆ سەرنوسـراوی بەرهەمـەکانی جـل‌و بەرگ‌و شوشەوات‌و پێدەچێت خشڵ‌و پاسکیلیش، هەروەك جانتای شان‌و جانتـای گەشـت. پـاش هێرشەکانی ۱۱ی سـێپتەمبەر، پـارێزەرە سویسـریەکەی یەسـلام، جـورج برانـد، پلانەکـەیانی بـۆ چـونە پێشـەوە لـە هێلـی بازرگـانی جل‌وبـەرگی بـن لادن بەتایبـەتی لـەجیهانی عەرەبـدا دڵنیـا کـردەوە. برانـد رایگەیانـد، "ناوەکـە یەکێکـە لەبـەناوبانگترین ناوەکـان لەجیهانـدا". هـەروەها کاتێك پرسیاری ئەوەی لێکرا کە ئایا ئامـادەی فرۆشـتنی پانتۆڵـەکانن لەولایەتـە یـەکگرتوەکان. براند دەستەواژەیەکی نـاڕێکی لەگـەڵ ئـەویتردا بـەکارهێناو ڕایگەنـد، "نـاتوانین بـازێکی خێـرا بەسەر ئۆقیانوسەکەدا بدەین".

پێدەچێت پانتۆڵی مارکەی بن لادن بانگی لاوە عەرەبە یاخیبووەکـان بکـات، بـەڵام یەسـلام‌و هاوکارەکانی حسابیان بۆ کاردانەوەکان لەسویسراو ولایەتـە یـەکگرتوەکان نـەدەکرد. پـەیمانگای فیـدراڵی بـۆ کاروبـاری ڕۆشـنبیری بڕیـاری لەکارخسـتنی دەزگـای بازرگـانی بـن لادنـی راگەیانـد لەبەرئەوەی "ستاندردە ئەخلاقیە قبوڵکراوەکانی" پێشێلکرد. پاشان یەسلام ڕایگەیاند بەهەڵـە لە پلانـەکانی گەیشتوون. پاشان دانی بـەوەدانـاو ڕایگەیانـد کەفرۆشـتنی  جـل‌و بـەرگی مارکـەی بن لادن "بێ گرنگی دەبێت". دواتریش رایگەیاند "من تەنها بن لادنێـك نـیم، مـن یەسـلام بـن لادنم‌و ناسنامەی خۆمم هەیە". ئێستا ئوسامە بۆ یەسلام تەنیا "ناوێکە لەڕۆژنامەیەکدا".

یەسلام دووکانێکی مۆدێرنی کەلوپەلی ئافرەتانی لەشەقامێکی پیادە لە جنێڤی کـۆن کـردەوە کـەجانتای دەسـتی جـوان‌و لەچـکی ئاوریشـم‌و بـۆن‌و سـەعاتی دەسـتکرد کـە ڕووەکـەی بەنەخشـەیەکی شانشـینی عەرەبستانی سعودیە نەخشـێنرابوو دەفرۆشـت، نرخـی سـەعاتەکان لەسەروی بیست هـەزار دۆلاربـوو. یەسـلام جـۆرێکی نـوێی هێمـای بازرگـانی دامەزرانـد بـەناوی "یەسلام". هەروەها چەندین کاتژمێر خەریکی تێکـەڵکردنی ئـەو بۆنانـە بـوو کەلەناوەکەیـەوە نزیك بوو. یەسلام یاسەمینی لەگەڵ بۆنی میوەدا لەبۆنێکدا تاقیکردەوە ناوی لێنا "سۆز".

نوسەری بەریتانی ماریانی مەکدۆناڵد لەجنێڤ سەردانی یەسلامی کردو بە "پیاوێکی شەرمنو بێدەنگ وەسفی کرد، کەچاکەتێکی هێرمیسی لەبەردابوو لەگەڵ پانتۆڵێکی دیۆر کە قاچە لاوازەکانی داپۆشیبوو". یەسلام نوسەرەکەی بەکەسێکی هەستیار لەقەڵەمداو بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە باسی لەو کۆسپانە کرد کە هەرلەتەمەنی منداڵییەوە بێزاری کردبوون.

یەسلام دەستەکانی توندکردو بەمەکدۆناڵدی ڕاگەیاند: ئایا ئوسامە ژیانی ئەمی تێکدابوو؟ "هەرچیەك کەپێویستبوو روویبدایە، روویدا، هیچ شتێك نیە کەبتوانم بیکەم، ئەگەر تۆ بڵێیت، سەیر بکە چیم لێبەسەرهاتووە، ئەوکات تەنها توشی خەمۆکی دەبم. ئەگەر بتوانم هەندێك شت بکەم کە حەزم لێیەتی وەك بۆنو سەعاتو شتی تر، ئەوا ئەوە دەگەیەنێت کەهەندێك شت دەکەم سودیان بۆخۆم هەیە".

یەسلام هەستی بەوەکرد کەجۆری بەرهەمە بازرگانیەکەی دەیتوانی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو پێشبڕکێ بۆ بازاڕی هاوبەش لەگەڵ هێرمیسو چەناڵ لەخانووە مۆدێرنەکانی پاریسی بکات. ئەمە ئاواتێکی خۆزگە بۆخوازراو بوو، پاشان دانی بەوەدا ناو ووتی: "بەڵام من جۆرێکی باشتر پێشکەش دەکەمو ئاواتەخوازیشم کەئەمە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت".

## ٣٩- ئینجا چییە ؟

بیوەژنــە ئینگلیزەکــەی ســالم، کــارۆلاین، خۆشــحاڵی خــۆی دەربــڕی بــەوەی کــە پــاش مردنــی مێردەکەشی وەکو بەشیك لە خێزانی بن لادن ماوەتەوە. مارەکردنەوەی براژن پاش مردنی بـرا سشتێکی نامۆ نەبوو لە وڵاتی عەرەبی. کاتێك سەما، کچی کارۆلاین لە سالم ٨سـاڵان بـوو، بـەکر چـوو بـۆ لای زڕبراکـەی، خالیـد، لـە میسـر بـۆ قسـەکردن لـە بـارەی مارەکردنـەوەی کـارۆلاین. بەگوێرەی یاریدەدەرەکەی خالید، سەبری غەنیم، بـەکر بەخالیـدی وتبـوو کـە کـارۆلاین ئێسـتا هەرگەنجەو دەیەوێت لە میسر بژی. ئەگەر بێگانەیەك مارەی بکاتـەوە، ئـەوە ئێمـە سـەما مـان لەدەسـت دەچـێت. پێوسـتە یـەکێك لـە ئەنـدامانی خێزانەکـەمان مـارەی بکاتـەوەو لەگەڵیـدا بەخشندەبێت. ئێمە دەزانین کە تۆ لە ئەوەوە نزیکیت، چونکە تۆ لە سالمەوە نزیك بوویتو تـۆ لەگەڵ سەما باش دەبیت. لەگەڵ کێلگەی ئەسپەکانیو حەزو ئارەزووەکانی بۆ ئەسپی رەسەنو هونــەرو شــیعر ئەپارتمانەکــەی لــە قــاهیرەی رۆشــبیریدا، خالیــد لەهــەموو ئەنــدامانی تــری خێزانەکەی لە جددە گونجاوتربوو بۆ کارۆلاین. خالید رازیبوو بە مارەکردنی کارۆلاین.

لــە ١٨ی تشــرینی دووەمــی، ٢٠٠٥ دا، "کــارۆلاین کــاریی" لەگــەڵ مێــردە تازەکەیــدا، خالیــد، لەکیلگەی ئەل- زەهرا لە بیابانی نزیك قاهیرە بۆ نمایشی ساڵانەی ئەسپی عـەرەبی نێودەوڵـەتی چوو. کارۆلاین جوتێك گوارەی مرواری سپی لەگوێ کردبوو، بلوسێکی سـپیو پـانتۆڵێکی زەردی مەیلەو قاوەیی لەپێکردبوو، بلوزێکی خوریشی لە دەوری کەمەری گریدابوو. چاوەکانی شـینو چەناگەیەکی پتەوی هەبوو، ئەو دایکی سەمابوو. سەما هـەرزەکارێکی گـورج وگـۆڵ بـوو حـەزی لە دیبلۆماسیەت بوو؛ هەندی لە ئەندامانی خیزانەکە بەوە باسی سەمایان دەکرد کە میراتگـری تایبەتمەندییـەکانی کەسـایەتی باوکییـەتی. ئـەویش هـاتبوو بـۆ پێشـبڕکێکە. خالیـد بـن لادن ژمارەیەك لە ئەسپە عەرەبیەکانی بردە گۆڕەپانەکە.

سالم، کوڕەکەی خالید لە ژنی پێشووی بەهەمان شـێوە ئامـادەبوو، نـاوبراو لەخویندگەیـەکی ڤێرجینیا خوێندنی تـەواوکردبوو، لـەو کاتـەدا لەیـەکێك لـە کۆمپانیاکـانی خێزانەکەیـدا کـاری

دەکرد، هەروەك ئەسپی عەرەبی تایبەت بە خۆی بەخێو دەکردو ڕاهێنانی دەکرد بۆ ئەوەی بچێتە ناو ئولۆمپیاتێکەوەو بەشداری بکات لە پێشبڕکێکانی نیشانشکێنی وەك سعودیەك.

سالم، پرادەیەکی ملکیسەڵیی ڕەش‌و پانتۆڵێکی جینزی تەسکی"جۆرجیۆ ئەرمەنی"، جوتێك پوتی ڕەشی لەپێ کردبوو لەگەڵ چاویلکەیەکی دژەخۆردا. سکرین سەیڤەری مۆبایلە نۆکیا ڕەنگ زیوەکەی لۆگۆیەکی ئەرمەنی بوو.

گۆرانی "باربی گێڵی" بە مۆبایلەی لێدەداو لەسەر سەکۆکە دانێشت سەیری جوڵەی ئەسپەکانی ناو مەیدانەکەی دەکرد. بە قەڵنە توتنی سەوزی تازەی دەکێشا، کە ئەو خووەی لە کەنداوەوە هەڵگرتبوو.

بیری لەو پرسیارە دەکردەوە "ئایا ئوسامە ژیانی نێوان بن لادنەکانی گۆڕیوە؟ ئێمە چی دەتوانین بکەین؟

سالم وەڵامی دایەوە "ئەو یەکێکە لە ئێمە، ناوی ئێمەی هەڵگرتووە. ئێمە دەتوانین تەحەمولی ئەوە بکەین.... ئەو کاری کردۆتە سەر هەموومان. بەڵام ئێمە خێزانێکی گەورەین دەتوانین ئەوە هەرس بکەین". گرفتەکە وەك شنەبایەك تێپەڕی..

باوکی لە ناو هاندەران‌و ڕاهێنەرە بەشداربووەکانی پێشبڕکێکەدا لەخوارەوە هاتووچۆی دەکرد. لە پەنجاکانی تەمەنیدا خالید باش مابۆوە. کابۆیەك‌و کراسێکی شینی لەبەردابوو، پێڵاوێکی ڕاکردنی ڕەنگ خەردەلی لەپێبوو لەگەڵ بۆینباخێکی ڕەنگ سورو زەردو شینی لەملکردبوو. قژی زۆر کورت کردبۆوەو هەڵێدابۆوە بۆ دواوە.

سالم ووتی، " باوکم ئەسپ وەك نیگار دەبینێت، خۆیشی وێنە دەکێشێت، وێنەی ئەسپەکان دەکێشێت."

خالید ڕەزامەندی نیشاندا بۆ ئەوەی چەند خولەکێك قسە بکات، ئەویش تەنها بۆ قسەکردن لەبارەی ئەسپەکانەوە.

بن لادنەکان لە نزیك مەیدانی پێشبڕکێکە خێمەیەکیان هەڵدابوو لەدەوری مێزێك لەژێر خێمەکەدا کۆببونەوە، خالید لەسەر کورسییەك دانیشت، دڵخۆشبوو بەڵام بێدەنگیی هەڵبژارد.

وەکو زۆربەی براکانی بۆ ماوەیەك فڕۆکەوانی کردبوو، بەڵام وازی لەم ئارەزووەی هێنا پاش ئەوەی ڕۆژێك لە ئاسمانی ئەلقەصر توشی گرفتی بڕانی بەنزین بوو.

خالید حەزی لە راوکردنو نیشانشکێنی دەکرد کە زۆرجار لە قاهیرە دەکرا. لەساڵی ١٩٨٢ەوە کێڵگەیەکی بەخێوکردنی ئەسپی هەبوو، کە ئێستا نزیکەی ٥٠ ئەسپی عەرەبی تێدا بەخێودەکات. خێزانی ئەم ئاژەڵانە بەدەوی بوون کە لە سەدەی رابردوو لەلایەن عوسمانیەکانەوە لە سوماڵ و ئەسیوبیاوە هێنرابوونە میسر لەو ساتەوەختەی کە ناوچەکە لەژێر داگیرکاری عوسمانیەکاندا بوو.

ئەسپەکان پێشبێرکێیان نەدەکرد، بەڵام بۆ زاوزێو نمایشکارییان پێدەکردن. پێشبڕکێی نمایشی ئەسپەکان بریتی بوو لە سوڕاندنەوەی ئەسپەکان بەناو ئامادەبواندا.

خالید ئەسپەکانو ماینەکانی هەڵبژاردبوو بۆ زاوزێ لە کێڵگەکەی خۆی بەناوی خانی رەباب لە میسر. لەوێ خالید کاکتۆزو خورماو داری مانگۆی چاند بوو. تەویلەکەی لەسەر شێوازی کۆنی عەرەبیو بەربەری بنیادنابوو. لە بینا سەرەکیەکەدا خالید وێنەیەکی باوکی، محەمەد بن لادن، دوو لە شاکانی سعویە، فەهدو فەیسەڵی هەڵواسی بوو. خالید وتی کە ئارەزوەکانی بۆ بەخێوکردنی ئەسپی عەرەبی بۆ چارەکە سەدەیەك لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

خالید وتی کە ئێمە هەڵبژاردن بۆ ئەسپەکان دەکەین بۆ ئەوەی بزانین کامەیان باشترینە لە تەویلەدا. خالید زۆر حەزی نەکرد پرسیاری لەبارەی ئەسپەکانەوە لێبکەیت، تەنانەت ئەگەر دکتۆریش پرسیاری لەبارەیانەوە کردبا ئەوا پێی ناخۆش دەبوو. لەبارەی فرۆکەوانیەوە خالید باسی کرد کە "ئەفراح" یان "جۆی" پەسەنترین فرۆکەوان بوون بەلایەوە.

لەو نامیلکەیەدا کە خالید چاپی کردبوو دەیبەخشیەوە بەسەر میوانەکانیدا، زۆر بەکراوەیی تر باسی لە ئارەزوەکانی کردبوو. نوسیبووی؛" هەوڵ دەدەم سەمفۆنیایەك لەگەڵ ئەسپەکاندا دروست بکەم. ئەسپ وەکو پارچەیەکی هونەری وایە کە تۆ رەگەزەکانی لەسەرچاوەی جۆراوجۆرەوە بۆ پارچە هونەریەکە دێنیت کە پێویستە هارمۆنی بن لەگەڵ یەکدا."

هەروەها نوسیبووی مێژووی وڵاتی عەرەبی بەناو ئەو ئاژەڵانەدا گوازراوەتەوە. پێویستە هەمومان جوڵەی ئەسپێکی عەرەبی وەك فەخر و وویقار ببینین. ئەسپ پێویسی بەوەیە کە بحیلێنێو کلکی سەرەوخوار بجوڵێنێ بەسەر زەمینەکەداو شنەبا قەتیس بکات، پاشان تۆش ئەوەی پێویستە دەیبینی!!

لە پێشبڕكێكەدا، ئەسپەكانی خالید نمایشێكی جوانیان پێشكەش كرد بەپلەی یەكەم لە یەكەم رۆژداو دووەمو سێیەم لە رۆژی دووەمدا. ژمارەیەك ئافرەتی تەمەن مام ناوەندی بەریتانی هاتن بۆ خێمەكەی خالید بۆ ئەوەی پیرۆزبای لێبكەن، یەكێكیان هەردوو روومەتی خالیدی ماچ كردو خالیدیش ئەوی ماچكردەوە. پاشان خالید سەیری دەوروبەری خۆی كردوو وتی؛ كەواتە دەتوانم وەكو ئەوروپیەك ماچ بكەم.

میسر بوو بە شوێنی گەڕانەوەو هەروەها پەناگە بۆ بنەماڵەی بن لادن پاش ١١ی سێپتەمبەر. خالید كێڵگەو مۆڵكی تری لە ناو قاهیرەو دەوروبەری هەبوو. هەروەها لەشارەكانی تر ماڵو خانووی زۆرو زۆرخوشكەكانی بەكری لێبوو. لە شەرم ئەلشێخو دەریای سور دورگەیەكی بن لادنەكانو هاوینەهەوارێكی بەكری لێبوو. وەكو بەیروت، میسر پشویەكی پێبەخشیبوونو دوری خستبوونەوە لە هەوا شێیاویە ناخۆشەكەی جددەو ناڕەحەتیەكانی پەڕینەوە لەسنورەكانو ناڕەحەتیەكانی بەكارهێنانی كریدت كارت لە ئەمەریكاو ئەوروپا. میسر وڵاتێكی زیندوو چالاك بوو، وڵاتیك بوو كە مزگەوتو كافێكانی جێگای حەسانەوەی خێزانەكەبوو.

میسر هەروەها جەنجاڵی كاری پێبەخشین. پاش ٢٠٠٢ بن لادنەكان نزیكەی هەزار فەرمانبەریان لە میسر هەبوو وە ژمارەیەك قۆنتەراتی فرگەكانی لە قاهیرەو شەرم ئەلشیخ بۆ دەرچووبوو. قۆنتەراتەكان لەلایەن بانكی جیهانەوە پشتگیری دەكران كە پاڵپشتێكی بەرچاوی لەسامانەكانی خێزانەكە دەكرد. توندوتیژی ئوسامە گۆڕانێكی كرد: حكومەتی میسر هەستی كرد كەبوونی ناوی بن لادن لە ریكلامەكانی دوو لە گرنگترین فرۆكەخانە نێودەوڵەتیەكان، لەوانەیە ببێتە هۆی مایەی دڵەڕاوكێو ترس بۆ گەشتیارانی بیانی، لەبەر ئەوە كومپانیا ناوچەییەكە ناوەكەی گۆڕی بە ئەل- مەواسیم.

لەكۆتای ٢٠٠٥دا ئەوە روون بۆوە كە بن لادنەكان نەك دەتوانن لەئوسامە نەجاتیان بێت بەڵكو دەتوانن گەشەسەندنێك بكەن كە پێشتر بەخۆوە نەیاندیبوو. خانەوادی شاهانەی سعودیە جەختیان لەسەر شكۆمەندی ئەوان كردەوەو وەكو گرنگترین بەڵێندەری بنیادنان لە مەكەو مەدینە وەسفیان كردن. شا فەهد لە هاوینی ٢٠٠٥ دا مرد، بەڵام بەكر پەیوەندییەكی بەهێزی لەگەڵ جێنشینەكەی، شا عەبدوڵا هەبوو. بۆ ئەو مەبەستە بنەماڵەی بن لادن لە ریاز كۆبونەوە بۆ ئەوەی سوێندی وەفاداری بۆ شای نوێ بخۆن. سەرەڕای قۆناغێكی نەبوونی

دڵنیایی بۆ بنەماڵەی بن لادن، پاشای نوێ، شا عەبدوڵا، پەیمانی چانسێکی تازەی پێدان. بن لادنەکان لە بێپشتی سیاسی گورزیان بەرکەوتبوو لە سعودیە. وەکو خێزانێکی گەورە، ئال-سعود ئیشی لەسەر ئەوە دەکرد کە پشتگیرییان بکات. هەروەك شا عەبدوڵا نامەیەکی ئاراستەی جیهانی ئیسلامیی کرد کە ئەوان وەکو خێزانی شاهانەی سعودیە لەوانەیە لە ئوسامە خۆش نەبن، بەڵام هەوڵی تۆڵە سەندەوەش لە ئوسامەو خێزانەکەی نادەن، وەکو هەندێجار ڕوویداوە لەو خێزانانەی کە بیرو ڕای جیاوازیان هەبووە لە وولاتانی عەرەبی دا، هەمیشە ئال-سعود پێویستی بە پسپۆڕی بن لادنەکانە.

کاتێك جەنگی عیراق ڕووی لەخراپی کرد، نرخی نەوت ٧٠ دۆلاری تێپەڕاند بۆ هەر بەرمیلێكو بیناسازیش بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لە سعودیەو دوبەی. تەلارو باڵەخانەو مۆڵو مزگەوتو فرۆکەخانەکان یەك بەدوای یەکدا ڕادەگەیەنران تەنانەت کۆمپانیا کەم ئەزموونو لاوازەکانی بیناسازی لەم کەشو هەوایەدا گەشەیان سەند. ئەمە لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو دەچوو لە خستنەگەڕی کاشدا. بەشێوەیەکی گشتی بن لادنەکان پێگەیەکی باشیان گرت بۆ قازانجکردن.

لە هەنگاونان بۆ مۆدیرنێزەکردنو بە نێودەوڵەتی کردنی کۆمپانیاکانی خێزانەکە لەژێر سایەی بەکرو یەحیا سەرکەوتنێکی باشیان بەخۆیانەوە بینی. برا ئەندازیارەکان لەوانەیە وەکو سالم سەرکەوتوو نەبن، بەڵام پاش ساڵانیکی زۆر لە ئیشکردنی سەخت، سەروەتو سامانی بن لادنەکانیان زۆر بەهێز و پتەوکردبوو، وایان کردبوو کە ئەم سەروەتو سامانە بە سەلامەتی بۆ چەند نەوەیەکی دوایی خۆیان بگوازنەوە. سالم وتەیەکی شا فەیسەڵی باسکرد وتی؛" باوکم بە حوشتر هاتووچۆی کردووە، من بە فرۆکەی جێت. هەروەها کوڕەکانیشم بە فرۆکەی جێت گەشت دەکەن، بەڵام نەوەکانی من دووبارە حوشتر بەکار دێنەوە." بەکر و یەحیا ئەو پێشبینیەیان بە مەحاڵ نەدەزانی، بەڵام بەدڵنیایەوە ئەگەری روودانیان کەم کردبووە، لەگەڵ بوونی پێداگرییەکی بەرچاوی هێزە جیۆپولۆتیکیەکان کە وایان کردبوو نرخی نەوت روو لە بەرزبوونەوەی بەردەوام بکات.

یەحیا بن لادن لە کۆتایی ٢٠٠٥ دا وتی پێشبینی دەکات کە ژمارەی کارمەندان لە کۆمپانیاو کارگەکانی بن لادن دا لە ٣٥ هەزارەوە بەرزبێتەوە بۆ ٧٥ هەزار کارمەند لە دەیەی داهاتوودا کە بەردەوام سامانی نەوت دەڕژێتە ناوچەی کەنداوەوە. هیوای فرەیی خواست لە کۆمپانیاکانی

خێزانەکەیان چونکە پێدەچێت لە داهاتوودا مقاولاتەکانیان لەبواری بنیاتنان و بیناسازیدا تەنها چارەکێکی داهاتیان بەگەڕبخات.

یەحیا پەندێکی عەرەبی باسکرد وتی؛ "ئەوەی یەکەم پارە کۆ دەکاتەوە، ئەوەی دووەم هەوڵدەدات بیپارێزێت، ئەوەی سێیەم بەفێڕۆی دەدات". باوەڕی وابوو کە خێزانی بن لادن دەتوانێت خۆ لەو چارەنووسە لابدات. منداڵەکانی خۆیی‌و ئەوانەی بەکرو هی براکانی ترشی باشترین پەروەردەیان وەرگرتووە لە باشترین زانکۆکانی خۆرئاواو هەندێکیان خۆیان بۆ کاری بزنس تەرخانکردووە. زڕبرا گەنجەکانی بۆ نمونە محەمەد، هیشتا ٥٠ساڵی تەواو نەکردووە، بەڵام بەرپرسێکی بە تواناو سەردەمییە.

ئەم کوڕە گەنجانەی بنەماڵەکەیان چیتر دوو هەفتە بەدیار ئەنجومەنی ریازەوە ناوەستن بۆ ئەوەی قۆنتەراتیك ئیمزابکەن، وەکو بەکرو سالم چەند ساڵیك ئەوەیان کرد. مۆدێرنیزەکردنی کۆمپانیاکان زۆر گرنگ‌و پێویستبوو، هەروەها هیواخوازی ئەوە بوو شتێکی وەها لە بڕیاردانی سیاسی سعودیەشدا رووبدات. هیچ چانسیك بۆ رودانی ئەو گۆڕانکاریانە نەبوو، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە هەروا هاتووە، چەند زیاتر پارەی نەوت رژابێتە ناو سعودیەوە، ئەوەندە چانسی ڕوودانی گۆڕانکاری کەمتربووە، بەندەر بن سوڵتان لەبەرخۆیەوە بەروونی گریمانەکانی ئال سعودی وەسفکرد بەوەی:

"ئەو ڕیگەیەی کەمن وەڵامی گەندەڵی پێدەدەمەوە ئەوەیە: لە سی ساڵی رابردوودا ئێمە بەرنامەیەکی چاکسازیمان دەستپێکرد بەبەهای ٤٠٠ بلیۆن دۆلار. ئێستا سەیری هەموو بەشەکانی وڵات بکە. بزانە ئەوسا لەکوێ‌و ئێستا لە کوێیە؟من زۆر دڵنیام کە سەیری هەموو ئەوانەت کرد دەبینی ئەمە بەلانی کەم تۆ بڵێ بە ٣٥٠ بلیۆن دۆلار ئەنجامدەدرێت. ئەگەر تۆ پێم بڵێیت کە بنیادنانی ئەم وڵاتە ٣٥٠ بلیۆن دۆلاری تێچووە لە ٤٠٠بلیۆن دۆلار بەو واتایەی ئێمە ٥٠ بلیۆن دۆلارمان لێ بەهەدەر داوە یان گەندەڵیمان تێداکردووە، ئەوا پێت دەڵیم بەڵێ بەڵام هەمووکاتێك رەچاوی ئەوە دەکەم کە زۆر وڵاتی خاوەن نەوت لەجیهانی سێ هەیەو ئێستاش ٣٠ ساڵ لەدواوەن. لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە، هێی...تۆ کێیت ئەوە بەمن بڵێیت. ئەوەی دەمەوێت پێت بڵێم ئەوەیە: ئینجا چییە؟"

لەکۆتایشدا، بەگوێرەی تێبینییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، حکومەتی بەریتانیا لێکۆڵینەوەیەکی تاوانکاری دەربارەی فرۆشتنی چەك‌و کەرەسەی سەربازی بە عەرەبستانی

سعودیە لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠و ١٩٩٠دا لـە دادگـا کێشـایەوە. بـەگوێرەی رۆژنامەیـەکی بـەریتانی بەشـێکی دارایـی ئـەم مامەڵـە بازرگانیانـە بـە چـەك و کەرەسـە سـەربازیەکانەوە لەلایـەن سعودییکانەوە دابیندەکرا، سەدان ملیۆن دۆلاریش دەرژانە ئـەو حسابیە بانکانـەوە کـە بەنـدەر بن سوڵتان کۆنـترۆڵی کردبوون.

ئینجا چییە؟ جیاواز لە بەندەر، بـن لادنـەکان جورئـەتی ئـەوەیان نـەکرد کـە ئـەو پرسـیارە بکەن بەدەنگی بەرز، چەند کـات تێپـەڕیا لـە پـاش ١١ی سـێپتەمبەرەوە ئەوەنـدە کـەمتر هێـرش دەخرایە سەر ئایندەی خێزانەکە.

سکاڵایەك لـەدادگای ئەمـەریکا لـەژێرناوی پـەلامارە تیرۆرسـتیەکانی ١١ی سـێپتەمبەری ٢٠٠١ لەلایەن کەسوکاری قوربانیەکانی تۆمارکراو تیایدا نـاوی گروپـی کۆمپانیاکـانی بـن لادنو چـوار لەکوڕەکانی بن لادن، بـەکرو عومـەرو تـاریقو یەسـلام وەك بـەرگریکار تۆرمـارکرا. یـەکێك لـە سکاڵاکان بەکر بـەوە تاوانبارده‌کـات کـە لـەژێر سـایەیەی ئـەودا، گروپـی کۆمپانیاکـانی بـن لادن هاوکاریو کەلوپەلی پێویستیان بۆ ئەلقاعیدە دابینکردووە. بن لادنەکان "جۆنس دەی"یـان بـۆ بەرگری کردن لەخیزانەکەیان دەمەزرانـدبوو کـە کۆمپانیایـەکی گـەورەی یاسـایی بـوو ئۆفیسـی واشنتۆنیان بینایەکی بۆیەکراوبوو لەبەرامبەر بینای کۆنگرێس. بەگوێرەی قسەکانی بـەکر کـە بـە حکومـەتی سـعودیەی راگەیانـدووە، بـەهای ئـەم داوا یاسـاییانە بـەخێرایی ١٠ملیـۆن دۆلاری تێپەڕاند، بەڵام ئـەم پارانـە بەباشـی خـەرجکران. لەسـەرەتای ٢٠٠٥دا، دادگـای ریتچارد کەیسـی نیویۆرك لە ولایەتە یەکگرتووەکان سەرجەم ئەم تۆمەتبارانەی خێزانی بـن لادنـی ئـازاد کـردو لێکۆڵینـەوەی زیاتریشـی ئەنجامـدا دەربـارەی ئـەوەی ئـاخۆ گروپـی بـن لادن لـە سعودیە هـیچ چالاکیەکی ئـەوتۆی کـردووە کـە ببێتـە هانـدەر لـە سـەپاندنی ئـەو قـەرەبووەی دەبـوو بیدەنـە خێزانی قوربانییان! بەڵام لانی کەم چەندین ساڵ پێویسـتە تـا بگەنـە ئـەو راسـتییەی مێـژووی کۆمپانیاکە پەیوەندی بە ئوسامەوە هەیە، ئەمـە ئەگـەر لـە راسـتیدا ئـەم پەیوەندییـە بونیشـی هەبێت!

نـرخی موڵکی "دیزێـرت بیـەر" لـە سـاڵی ٢٠٠٤دا بـۆ ٤ ملیـۆن دۆلار بـەرزبۆوە، دوای ٢٠ سـاڵ لـەکڕینی لەلایـەن سـالمەوە کـە ئـەوکات دەسـتی بـە نیشـتنەوەی کۆپتـەرەکانی کـرد لەسـەر چیمەنەکەی. لەبەرئـەوەی ئـەم موڵکـە بـەناوی کۆمپانیایـەکی وڵاتـی لیبریـا بـوو لـە فلۆریـدا، کڕیـاران نـەیان دەتـوانی ڕاسـتەوخۆ موڵکەکـە بکـڕن، بـەگوێرەی قسـەکانی چـەند کەسـێکی

ئارەزوومەند، پێوست بوو پشکەکانی لە کۆمپانیای وڵاتی لیبریا بکڕن، پاشان بۆ خاوەندارییەتی ئەم موڵکە بۆ دەسەڵاتدارییەتی موڵکداری فلۆریدا بسەلمێنن. کڕیارەکان ئاگادارکرانەوە کە پێویستە بەپارەی کاش لە ئەوروپاو ئاسیاوە موڵکەکە لە خێزانی بن لادن بکڕن تا بە تەواوی کۆنترۆڵی کڕین بکەن لەبەرئەوەی بن لادنەکان نەیاندەویست پێبخەنە خاکی ئەمەریکا بۆ داخستنی مامەڵەکان. ئەو کڕیارانەی بەم مامەڵەیە رازیبوون بڕیاریاندا موڵکەکە دابەش بکەن بەمەبەستی دروستکردنی خانووی قەراخ شار. ئەمە کۆتاییەکی سەلێشێواوی بوو بۆ ئەو موڵکانەی خاوەن مێژوویەکی دیار بوون کاتێك لە مافی خاوەندارێتی جێڵ-ئۆ وە لەسەرەتای سەدەی بیستدا دەستیان پێکردو بەکاردانەوەی یانزەی سێپتەمبەر کۆتاییان هات

هەرکە فشار لەسەر خێزانەکە رووی لە کەمی کرد، بەکر بوژایەوە. بەکر، ژنی سێیەمی کە گەنجترین ژنی بوو لەدواساڵی تەمەنی هەرزەکاریدا بوو لە ساڵی ٢٠٠٤دا ناسیبووی، مارەکرد. بەکر ئێستا زیاتر کاتی پشووی لە خشەتەی بەرنامەکانی ڕۆژانەی دانابوو: گەشتێکی پشووئاسای بۆ دورگە تایبەتەکانی مالدیف کردو سەردانی هاوینەهەوارێکی کرد لەبالی، هەروەها، لەگەڵ دەوڵەمەندو بزنسمانە سعودیە خاوەن بەلەمەکان لە بەیروت کۆبۆوە، ئامادەی نمایشێکی فڕۆکە بوو لە دووبەیو پاشان بۆ چەند سەعاتێك گفتووگۆی دەربارەی فڕۆکەی تایبەتی جۆری جێت کرد. کوڕەکەی بەکر هاوشێوەی خێزانەکە ئارەزوومەندی ئامێرو مەکینە تیژڕەوەکان بوو: عەبدول عەزیز بن بەکر، لە کۆتاییەکانی ٢٠٠٦دا خەڵاتی نیشتیمانی ئیماراتی بۆ پاسکیلسواری بەدەستهێنا.

پێدەچوو بەکریش لەژێرکاریگەری متمانبەخۆبوونی عەرەبستانی سعودیەدابووبێت ئەوکاتە. سەدام حسێن، مۆتەکەی شانشین، لەسێدارەدرابوو ئوسامە خۆی شاردبۆوە، هێرشەکانی ئەلقاعیدە بۆ سەر سعودیە ڕووی لەکەمی کردبوو، نرخی نەوت لە ئاسمان بوو، سیاسەتی سعودیەو پلانە سەرکەوتووەکانی جێگربوون، هەروەها، ئەمەریکا بەدڵنیاییەوە سعودیە دەپارێزێت لە ئەگەری هەر هەڕەشەیەکی ئێران لە ئایندەدا. ئیتر چی هەبوو کە ببێتە مایەی ترس؟

لە مەکە، کە دڵی ئیسلامو سەرچاوەی سامانی بن لادنە، دەزگای یۆکی نێودەوڵەتی-پنسلڤانیا، لە ٢٠٠٥دا گەورەترین یەکەی پیشەسازی فێنککەرەوەو ئاوساردکەری لەسەر چیای "جەبەل ئەل-قەلە" دامەزراند. ئەوە گەورەترین پڕۆژەی پیشەسازی فێنککەرەوە بوو لەلایەن

کۆپانیای یۆکەوە، پاش پرۆژەکەی مزگەوتی پێغەمبەر لە مەدینە کە بە هاوبەشی لەگەڵ بن لادنەکان بە ئەنجامیان گەیاند. ئەم پرۆژەیەیان بۆ فێنککردنەوەی شوێنێکی پیرۆز نەبوو، بەڵکو بریتی بوو لە دانانی سیستمی ساردکردنەوە بۆ باڵەخانەیەکی حەوت تاوەریو هۆتێلێك کەبەسەر مزگەوتی گەورەی مەکەدا دەیڕوانی. بەگوێرەی گوتەکانی بەرپرسێکی یۆك، ئەگەر پرۆژەی ئەم باڵەخانەیە تەواو ببێت، ئەوا پێش مزگەوتی پێغەمبەر دەکەوێتەوە لەوەی گەورەترین سیستمی فێنککەرەوە دەبێت لە جیهاندا.

لەدوای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، هەموو بزنسمانەکانی کەنداو کە خاوەن سەرمایەیەك بوو بۆ خەرجکردن، خوازیاربوو شوقەیەك کەبەسەر مەکەدا بڕوانێت لەو باڵەخانەیە بکڕێ. بن لادنەکان هەستیانکرد کە کاتەکە ئەوە دەخوازێت کە یەکێك لە باڵەخانەکانی سەر چیای جەبەل ئەل-قەلە بفرۆشن، لە ٢٠٠٥دا نرخی خانووبەرەی شاری پیرۆز بەڕادەیەك بەرزبۆوە کە گرانتر بوو لەهی خۆشترین شوێنەکانی دەرکەناری باشوری مەیامی. بۆیە بن لادنەکان خۆیان ئەزیەت نەدا بە دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەم باڵەخانەیە بەڵکو راستەخۆ بە وەبەرهێنەرە کوەیتیەکانیان فرۆشت، بەڵام کاتێك هەستیانکرد کە نرخی یەکەکانی ئەم باڵەخانەیە زۆر بەرزبۆتەوە بەگوێرەی قسەکانی ئەنوەر حەسەن لە یۆکی نێودەوڵەتی، زۆر تورەبوون، لەبەر ئەوە بەرپرسانی خێزانەکە بڕیاریاندا کە لە داهاتوودا یەکە بەیەکەی شوقەکانی باڵەخانەکان خۆیان بیفرۆشتن بۆ ئەوەی بەهای قازانجەکانیان بەرزبکەنەوە.

لەگەڵ خێزانی فەقێ کە ئەمانیش گروپێکی بازرگانی سعودی بوون کە لە ئاوارەیی دەژیان، بن لادنەکان پلانیان دانا بۆ بنیادنانی باڵەخانەیەکی گەورە تر لەسەر چیای عومەر کە بەسەر مەکەکەدا دەڕوانێت. ئەم پرۆژەیە پێویستی بە داڕماندنی لوتکەی شاخە گرکانیەکان بوو باڵەخانەکەی لەسەر بینا بکرێت. پرۆژەکە چوار تاوەری لەخۆدەگرتو هەریەکەیان نزیکەی ٣٠ قات بەرزبوو، پرۆژەکە بەگشتی١٠٠ ئەسکەلەیتەرو ٦٤٠٠ شوقەی تێدابوو. هەروەها، هۆتێلێکی ٥ ئەستێرەو مۆڵیکیشی تێدابوو. گەراجێکیشی هەبوو کە جێگەی دوو هەزار سەیارەی تێدا دەبۆوە.

هاوکات هاوبەشبوون لە پرۆژەیەکی تر کە ئەویش شاری ئابووری شا عەبدوڵا بوو، کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا، ئەوکاتەی کە نرخی بەرمیلێك نەوت ٥٠ دۆلاری تێپەڕاند، ڕاگەیەنرا. شای تازە بڕیارەکەی لەسەر زەوییەك راگەیاند کە هیچ گەشەیەکی پێوە دیار نەبوو، دەکەوتە باکوری

شاری جددە بەدرێژای دەریای سورو بڕیاربوو دیزاینەکەی شان بدات لەشانی دوبەی. عەبدوڵا ئاماژەیدا بەوەی پڕۆژەکە ٢٧ بلیۆن دۆلاری تێدەچێت. هەروەها، پلانی بۆ بەندەری میلێنیوم دانابوو بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی گەورەترین بەندەرە بازرگانییەکانی جیهانو دەبێتە بالآترین پێگبەستی هەواییو شەمەندەفەریی بە تەواوی شانشینەکەوە. هەروەك ناوچەیەکی پیشەسازی جیهانی بۆ پترۆکیمیاییو بەرهەمە ئۆرگانەکەکانی ترو هاوینەهەوارێکی کەنار دەریایی بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران، یەکەمین یانەی یاری گۆلفی ١٨ کونەتۆپیو هەروەها دورگەیەکی دارایی کە دوو تاوەری ٦٠ نهۆمی یان زیاترو هەرێمێکی پەروەردەیی کە چەند زانکۆیەکی سەردەمی تێدا دەبێت، لەگەڵ چەند باڵەخانەیەکی نیشتەنیدا. یەکێك لە بەرپرسەکانی پرۆژەکانی بن لادن ئاماژەی دا بەوەی، "ئەم پرۆژەیە ئابووری ناوخۆی وڵات پێش دەخات یان تێکی دەرمێنێت". بۆ کۆمپانیاکانی بن لادن بەتەنها ئیشکردن لە پرۆژەی بونیادنانەکەدا، کارێکی زەبەلاح دەبێت.

"بەرەو پێشەوە" سەردێڕی ئەو ریکلامە بوو کە گروپی سعویەی کۆمپانیای بن لادن لەکۆتایی ٢٠٠٥دا لە لاپەڕەی ریکلامی رۆژنامەی واشنتن پۆست وەك هاندەرێکی خودیی بلاّویکردەوە. تیایدا هاتبوو "بیناسازی لەوانەیە دڵی ئەوەبێت کە ئێمە دەیکەین، بەلاّم سودو قازانجەکانمان بوارەکانی میدیاگەری جیهانیو بریکارێتیو پرۆژە پیشەسازیەکانو پرۆژەکانی گەیاندنیش دەگرێتەوە. ئەوانە هەموو ئەو ئامانجانەن کە ئێمە دڵنیا دەکاتەوە لەوەی عەرەبستانی سعودیە بە مۆدێرنیو وەك سەنتەرێکی هەرێمی کاریگەر لە سەدەی ٢١دا بمێنێتەوە".

وا پێدەچێت، هیچ لایەنێك نەبێت لە دووەم شەپۆلی مۆدێرنەتەی سعودیە کە بن لادنەکان قازانجێکی باشیان تێدا نەکردبێت. تەنانەت کەشە ئاسایشە ناسەقامگیرەکان هەلیان بە بن لادنەکان دەبەخشی. لە ئایاری ٢٠٠٥دا شانەکانی ئەلقاعیدە زنجیرەیەك هێرشی ناسەرکەوتوویان کردە سەر هەریەك لە وەزارەتی ناوخۆ، کۆمپانیا ئەمەریکاییەکانی تایبەت بە نەوتو کۆنسوڵخانەی ئەمەریکا لە جددە. کاتێك کوڕە ئاوارەکەی ئوسامە بن لادن، سەعد، لە ئێران تاوانبارکرا بە هەبوونی رۆڵ لە ڕیکخستنی هێرشەکان، هێزە ئەمنیەکانی سعودیە، بەهاوکاری ئامێرە تەکنۆلۆجیەکانی چاودێری کە لە ئەمیرکا وەریانگرتبوو، توانیان سەرکووتی سۆزدارانی ئەلقاعیدە بکەن. سەدان کەس لە ئیسلامیەکان کۆکرانەوەو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا

کرا، بەڵام هەرزوو باردۆخەکە ئارام بۆوە. لە نیسانی ٢٠٠٦دا حکومەتی سعودیە پلانیکی خێرای ئاشکرا کرد کە بریتیبوو لە بنیادنانی خێرای ٩ زیندان لە ماوەی دوازدە مانگدا لە شانشینەکە. قونتەراتەکە درا بە گروپی سعودیەی کۆمپانیای بن لادنو بەبەهای ١,٦ بلێۆن دۆلار بوو.

## ٤٠- لەتاراوگە

ئۆفیسەکانی فەیم ئەدڤەرتایسین دەکەونە نهۆمی دووەمی مۆڵێکی باریك لەشەقامی فەلەستین، لەناوەندی شاری جەددە. هەروەها سەنتەری بازاڕکردن پێکهاتوە لەشوێنی هەریەکە لە ستاربەکسێك، جاڤا لۆونجێك، ڤێرتیگۆ میوزیك کەفێیەك، هەروەها بەدی ماستەرێك و لەگەڵ یانەیەکی تەندروستیو شێلان. لەناو ئەپارتمانی فەیم ئەدڤەرتایسین، بارودۆخەکە پێویستی بەدەست بەکاربوونی کۆمپانیایەکی سیلیکۆن ڤالییە. یانەیەکی شەربەت خواردنەوە کە تیایدا کورسی بەرزو درێژو لەسەر دیوارەکەی فۆتۆگرافی رەش و سپی ئۆتۆمۆبیلە بەکێبڵ هەڵواسراوەکانی سەر شەقامێکی سان فرانسیسکۆ هەیە. تابلۆ کارتێکەرەکانی دیمەنی کافتریا ئەوروپییەکان ژوورەکانی تر سەرنجڕاکێشتر دەکات. کەلوپەلەکانی بریتین لەکرۆمی زەرد، چەرمی رەش، داری گێلاس، هەروەها کۆمپیوتەرەکانی کات بەسەربردن لەئامێرە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکانن.

ئەمە جیهانی عەبدوڵای کوڕە گەورەکەی ئوسامە بن لادنە، کە وەك دەروازەیەك لەپێناو خولیا سەرکەشەکانیدا پاش گەڕانەوەی بۆ عەرەبستانی سعودی دەستی بەکاری فەیم کرد، ئەمەش دوای جیابوونەوەی لەباوکی لەوڵاتی سودان بوو. لەکۆتایی ٢٠٠٥ دا، فەیم دەیویست پەیوەندی لەگەڵ گروپی بن لادنی سعودیدا دروست بکات، هەروەها نزیکەی پانزە کارمەندی هەبوو. جیاواز لەزۆرێك لەکۆمپانیا سعودییەکان، ئەم کۆمپانیایە جیاوازی رەگەزی نێرو مێی لەئۆفیسەکانیدا نەدەسەپاند. وێب سایتێکی سەردەمیانەی بەناونیشانی، (www.fame-adv.com) دروستکرد. کڕیارەکانی لەگروپە گەورە بازرگانەکانی جەددە وەك جوفالێس و کۆمپانیا رۆژئاواییەکانی وەك فیلیپس، کە دروستکەری ئەلیکترۆنی بوو، پێکهاتبوون.

خاوەنەکەی، کە لەم کاتەدا، تەمەنی نزیکەی بیست و پێنج ساڵ بوو، زۆرجار کلاوێکی بەیزبۆڵ و کاوبۆی شینی لەبەردابوو. لەبەهاری ساڵی ٢٠٠٢ دا، دەرکەوتنی بەم جۆرە جل وبەرگەوە لەنزیك قونسولخانەی ئەمەریکا لەئاهەنگگێڕانی ٤ی تەموزی سەربەخۆیی ئەمەریکادا ( ئەوەبوو کەمێك زووتر لەبەرواری خۆی گێڕدرا چونکە لەتەموزدا کەش و هەوای

جــەددە زۆر ناهــەموارە)، ســەری لەدپلۆماتــەکان تێکــدابوو. عەبــدوڵا لــە ئــەوروپا پشــوی بەسـەردەبرد، هـەروەها کاتێـك لـە جـەددە بـوو، ببـووە بـن لادنێکـی خۆشـگوزەر کـە خـاوەنی یانەیەکی کەنار دەریای سور بوو.

بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی خزمەتـەکانی فـەیم، عەبـدوڵا نامیلکەکانی بازرگـەری لەشێوەی کارتی رەنگاورەنگی بچوك دروستدەکرد، کە بەکرپارە هەمیشەییەکان دەدرا. کارتێك ناونیشـانی "کـارگێڕی ناسـنامەی هاوبەشـەکان"ی لەسـەر بـوو، کـە بـەم شـێوەیە لێکـدرابووەوە، "لـە فـەیم ئەدڤەرتایزین، پێمان وایە کە گەشەسەندنی ناسنامەیەکی هاوبەشی سەرکەوتوو بۆ هەر پـرۆژە یان کارێکی بازرگانی پێویسـتییەکی سـەرەکییە. داهێنـانی ناسـنامە هاوبەشـەکانی ئێمـە لەسـەر بنچـینەی توێژینــەوەی فـراوان بنیـاد دەنرێـت... لەگـەڵ ڕێگاکـانی نوێگـەری کـە هەمیشـە سەردەکەوێت". لەسەر پشتی کارتەکە دروشمێکی یەك وشـەیی "بـەهێز" نوسـرابوو. نامیلکـەی دووەم ناونیشــانی "کــارگێڕی ڕووداو". ئــەوەش شــانازی دەکــرد کــە "ڕووداوەکــانی فــەیم ئەدڤەرتایزین ڕۆمانـە، کـە بـەووردی پلانـی بـۆ دادەنـاو ئەرکـەکانی بەچالاکانە رادەپەڕانـد". دروشمەکـەی سـەر پشـتەوەی: "جیـاواز" بـوو. بـەپێی فۆتۆگرافـە پۆسـتکراوەکان لەسـەر وێـب سـایتەکەی فـەیم، ئەگـەر عەبـدوڵا لـەو ڕێگایـەی کـە شـێوازی بـاوکی دووبـارە کردبـووە ئاگـادار بوایــە، هاوتەریبــەکانی ئەوەنــدە دوور ڕانەدەکێشـا: نمایشــەکانی بــاڵۆنی ڕەنگـاوڕەنگ، زیـاتر لەتەقینەوەی ئۆتۆمۆبیلە بۆمبییە هاوکاتەکان، بیرۆکەیەکی سەرەکی ڕووداوەکانی فەیم بوون.

کاتێك دوورخستنەوەی ئوسامە لەپاش ١١ی سـێپتەمبەر درێـژەی کێشـا، بنەماڵـە گەورەکـەی، بەرهەمی لانی کـەم پێـنج هاوسـەرگیری زیـاتر لـە دوو دەیـەدا، بڵاوبوونـەوە، کـە زۆربـەیان بـۆ نـەوەی ئوسـامە خـۆی لـەپاش مردنـی محەمـەد بـن لادن ڕوویـدابوو. لەسـەرەتای سـاڵی ٢٠٠٢دا، ئوسـامە لانـی کـەم بـاوکی بیسـتو سـێ منـداڵ بـوو. لـەماوەی پـێش ١١ی سـێپتەمبەر، جگـە لـە عەبدوڵاو هەندێکی کەمی تریان، زۆرینەی زۆریان لەگەڵ خۆی لە ئەفگانستان دەژیـان. هەرکـە ئــەو پــەلامارە نزیکبــووەوە، هەرچــەندە ئوسـامە وادیـاربوو بڕیـاری دابێـت کـە بــەردەوامی بــەقۆناغی داهــاتووی دوورخســتنەوەی بــەبێ یــاوەری زۆرینــەی ژنــەکانی ئــەو کاتــەی دەدا. لەهاوینی ساڵی ٢٠٠١، هەنـدێك لـەکوڕە گـەورەکانی ئوسـامە لانـی کـەم بـۆ یـەکێك لەژنـەکانیو منداڵەکانی ئەو ژنە بۆ وەرگرتنی پەناگەو بنکە لەگەڵ پیـاوە خێڵەکییـەکان لـەنزیك سـنوری ئەفگانستان-پاکستان کەوتنـە هەوڵدان، کـە دواتـر گەڕاندیانـەوە بـۆ حکومـەتی پاکسـتان، پـاش

چەند مانگێك، ئەم ژنە لەگەڵ هەندێك لەمنداڵەکانی بەئاشکرا بۆ عەرەبستانی سعودی زێدی خۆی گەڕایەوە. پێشتر دووان لەژنەکانی پێشوی ئوسامە بۆ شانشین گەڕابوونەوە. لەکانونی یەکەمی ۲۰۰۱دا، ژنە تازە زۆر لاوە یەمەنییەکەیشی بۆ نیشتمان گەڕابووەوە.

کوڕەکانی ئوسامە خۆیانیان بەسەر دوو بەرەدا دابەشکرد، ئەوانەی کە بۆ شەڕکردن لەگەڵیدا مانەوە، هەروەها ئەوانەی کە بۆ عەرەبستانی سعودی گەڕابوونەوە، کە لەوێ دەیانتوانی سود لەهەندێك لەبەرژەوەندییەکانی ئەندامێتی بنەماڵەی بن لادن وەربگرن. سەعیدو حەمزەو سەیفو محەمەدو خالیدو لادین لەناو ئەو کوڕانەدا بوون کە لەگەڵ ئوسامە مانەوە یان خۆیانیان بۆ پێشهاتەکانی تاراوگەیی جیا (هەروەها نادیار) لە ئێران تەرخانکرد. ئەوانەی کە بۆ عەرەبستانی سعودی گەڕانەوە، لەگەڵ عەبدولادا، عەلیو عومەر بوون، کە دووەمیان، لەساڵی ۲۰۰۰دا، لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا، بڕیاری دابوو ئەفگانستان جێبهێڵێت.

کاتێك عومەر گەیشتە جەددە، بۆی دەرکەوت کە لەهاوشانەکانی لەناو بنەماڵەی بن لادندا دواکەوتووە. "ئوسامە منداڵەکانی نەخستە بەر خوێندن" لەخوێندنگا تەقلیدییەکان، جەمال خەلیفە، ژنبرای ئوسامە باسی لەوە کردووە، کە بۆ ناسینی عومەر لەپاش گەڕانەوەی هاتبوو. لە ئەفگانستان، ئوسامە سوربوو لەسەر ئەوەی کە ئەوان تەنها "قورئان لەبەرکەن... بۆیە عومەر بەراستی هەستی بەپەشیمانی دەکرد. جیاوازی خۆیو ئەوانی تری لەخێزانەکەدا بەچاوی خۆی بینی". وێڕای ئەوەی کە خۆی وەك بازرگانی سکراب لە جەددە دامەزراند. ئافرەتێکی سعودی خواستو برەوی بەلەشجوانی ماسولکەکانی دەداو کابۆی شینی لەبەردەکرد هەروەها ریشی بەشێوەیەکی سەکسوکەی دوا مۆدە چاکدەکرد.

لەپایزی ساڵی ۲۰۰٦دا، لەکاتی ئەسپ سواریدا لەنزیك هەرەمەکانی میسر، ئەو کاتە عومەر لەتەمەنی نزیکەی بیستو پێنج ساڵیدا بوو، چاوی بە جین فیلیکس براونی پیری تەمەن پەنجاو یەك ساڵی خەڵکی چیشێری ئینگلتەرا کەوت، کە بەپێی رۆژنامەیەکی بەریتانی، لەشجوانییە تەندروستییە پیرانەکەی بەبڕی هەشت هەزار پاوەن کە لەو ساڵانەدا لەنەشتەرگەری پلاستیکی خەرجیکردبوو، قەرزاربوو. عومەرو جەین کەوتنە داوی خۆشەویستی یەکترەوە، بەپێی وتەی ئافرەتەکە، بەخێرای هاوسەرگیریان ئەنجامدا. پێشتر جەین پێنج جار هاوسەرگیری ئەنجامدابوو هەروەها موسوڵمان بوو بوو، پێویستبوو خۆشەویستییەکەیان بەسەر هەندێك کۆسپدا کە بەهۆی زڕاوی ناوبانگی باوکییەوە سەری

هەڵدابوو، زاڵبێت. فیلیکس براونی رایگەیاند، "عومەر تێبینی لەسەر هەموو کەسێك هەیە. بەردەوام تەماشای ئەو کەسانە دەکات کە هەست دەکات لەوانەیە شوێنی کەوتبن. بەبێ هۆکار، لەکامێراکان دەترسێت... بەڵام کاتێك پێکەوەین، ژیانی خۆی لەبیردەکات". راشیگەیاند، "عومەر باوکی لەبەر ئەوە بەجێهێشتبوو کە هەستی نەدەکرد شەڕکردن یان بوونی لەسوپا کارێکی راست بێت، بەڵام هێشتا بیری باوکی دەکات". کاتێك هەواڵی هاوسەرگیریەکەی سەردێڕی رۆژنامەکانی بەریتانیای داگیرکرد، عومەر وتارێکی بۆ رۆژنامەیەکی سعودی بۆ بەرگریکردن لەهاوسەرگیرییەکەی دا. روونی کردەوە کە یەکەم هاوسەری فایل کردوە بۆ فراوانکردنی خێزانەکەیان، "فرەژنی بەجیهانی عەرەبو کۆمەڵگای ئیسلامی نامۆ نییە"، هەروەها روونیشی کردەوە کاتێك محەمەد پێغەمبەر خەدیجەی هاوسەری خواست "تەمەنی خۆی بیست ساڵ بوو بەڵام خەدیجە چل ساڵ بوو". وادەردەکەوت هەندێك بەدحاڵیبوون سەبارەت بەم مەسەلەیە لەنێوان دوو ژنەکەیدا هەبێت، کە دەستبەجی فیلیکس براون جیابوونەوەکەیانی ئاشکرا کرد. دواتر رایگەیاند کە لەگەڵ عومەر لەژیانی خۆیان ترساون.

لە ١٤ی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١دا، ئوسامە بن لادن دوا وەسیەتو ویستی خۆی نوسیو واژۆیکرد. لەو ماوەیەدا، لە تۆرابۆرا، لەلایەن هیزەکانی ئەمەریکاوە خرابووە ژێر بارێکی قورسی بۆمبارانی هەواییەوە، لەوکاتەشدا خۆی بۆ مردن ئامادەکردبوو. لەگەڵ پاڕانەوەی ئاینی وەسییەتەکەی کردەوەو دواتر نوسی، "اللە ستایشی ئێمەی دەکرد کە کاتێك مردن لەهەریەکە لەئێمە نزیك دەبووەوە کە میراتییەك بۆ دایكو باوكو خزمە نزیکەکانو بۆ هەموو موسوڵمانان وەك یەك دروست دەکەین... خودای گەورە ئاگادارە کە خۆشەویستی جیهادو مردن لەپێناوی ئەو خودایەی کە ژیانمی بەدەستە هەروەها ئایەتەکانی شمشێر بەهەموو خانەکانی دڵمدا بڵاوبوەتەوە، هەروەها دژایەتیکردنی هەموو بێ باوەڕان پێکەوە وەك چۆن ئەوان هەموویان پێکەوە دژایەتی تۆ دەکەن. چەند جار من بۆ خوێندنەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزە لەخەو هەستاوم!".

ئاوازی دەنگی، رەنگدانەوەی رووداوە سیاسیو سەربازییەکان بوو کە رێکخراوەکەی بەدرێژایی پایزی ٢٠٠١ چەشتبووی، کە بەتەواوی غەمگین بوو:

ئەگەر هەموو موسوڵمانێك پرسیار لەخۆی بکات کە بۆچی نەتەوەکەمان گەیشتووەتە ئەم باری شەرمەزاریو دۆڕاندنە، پاشان وەڵامی ئاشکرا ئەوەیە چونکە شێتانە بەدوای

ئاسودەییەکانی ژیانـدا دەگـەڕێنو کتێبەکـەی اللـەی فرێداوەتـە پشـتی خـۆی، هەرچـەندە ئـەوە تــەنها شــتێکەو چارەســەری هەیــە... جولەکــەو مەســیحییەکان پــێش ئــەوەی بەســوپاکانیان داگیرمان بکەن بەشتە مادديەکانیان لەخشتەیان بردووین، لەکاتێکدا ئێمە وەکو ژن وەسـتاوینو هـیچ ناکـەین چـونکە خۆشەویسـتی مـردن لـەپێناوی اللـەدا دڵـەکانی بەجێهێشـتووە... هۆکـاری سـەرەکی میحنـەتی نەتەوەکـەمان ترسـە لـەمردن لـەپێناوی اللـەدا... ئـەمڕۆ، ئـەم نەتەوەیـە لەیارمەتیدانی ئێمە سەرکەوتوو نەبووە.

ئوسامە بۆ هاوسەرەکانی نوسی، " لەپاش خودای گەورە... ئێـوە باشـترین پاڵپشـتو باشـترین یارمەتیدەر بوون هەر لەیەکەم رۆژەوە کە دەتانزانی رێگاکە پڕە لەدڕكو مین... ئێوە بەگشـتی لەگـەڵ مـن دەسـتبەرداری خۆشـییەکان بـوون، پـاش منـیش زیـاتر دەسـتبەرداری دەبـن. بـیر لـەدووبارە هاوسـەرگیری مەکەنـەوەو پێویسـتە تـەنها چاودێری منداڵـەکانمان بکـەنو قوربـانی بدەنو بۆیان بپارێنەوە".

بۆ منداڵەکانی نوسی، "بمبورن چونکە لەو کاتەوەی کـە وەڵامـی بـانگی جیهـادم دایـەوە، مـن تەنها کاتێکی کەمی خۆمم بەئێوە بەخشیوە. شانم داوەتە بـەر نیگـەرانیی موسـوڵمانانو تـاڵیو خیانەتو ناپاکیو نیگەرانی ناڕەحەتییەکانیان. ئەگەر ئەوە ناپاکی نەبوایـە، بارودۆخەکـە بـەم شێوەیە نەدەبوو کە ئێستا هەیە هەروەها دەرەنجامەکان بەم شێوەی ئێستا نەدەبوو".

بەروونو ئاشکرایی ئامۆژگاری منداڵەکانی کرد بـۆ ئـەوەی کـار لەگـەڵ ئەلقاعیـدەدا نەکـەن. چیرۆکی سەرکردەی موسوڵمان، عومەر بن خەتابی گێڕایـەوە، کـە رێگـەی بەکوڕەکـەی نـەدا کـە ببێت بەخەلیفە، کە بەکوڕەکەی ووت، "ئەگەر باش بێت، دواتر ئێمـە پشـکی خۆمانمـان هەیـە، ئەگەر خراپیش بێت، ئیتر با بەس بێت..."

لەماوەی ئەو ساڵانەی لە سودان بوو، کاتێك خێزانەکەی وردە وردە وازیان لێ هێنـا، هەنـدێك جار نوسینەکانی ئوسامە زەنگی تـوڕەییو بـێ ئومێـدی لێـدەدا، بـەڵام هـەرگیز پێشـتر خـاوەنی بەڵگەنامەیەك نەبوو لەگواستنەوەی ئەو نائومێدیو بێزارییە یارمەتیدەر بێت بـۆی. پێدەچـێ وای دانابێـت کـە سـەربازی ئەمـەریکی بـەخێرایی لەلایـەن خـەڵکی ئەفگانسـتانەوە رووبـەڕووی راپەڕینی جەماوەری ببنەوە، وەك چۆن پاش داگیرکردنەکەی لەساڵی ١٩٧٩ بـۆ سـوپای سـۆڤیەت روویـدابوو، لایـەنگرەکانی لـە تاڵیبـان هەرەسـیان هێنـابوو چـونکە ولایەتـە یـەکگرتوەکانو هاوپەیمانەکانی لەهەموو شارو شارۆچکە سـەرەکییەکانی ئەفگانسـتان رایانماڵیبوون، هـەروەها

ژمارەیەك لەهاونیشتمانە باوەڕپێکراوەکانی لەناو ئەل-قاعیدەدا کوژرابوونو گیرابوون. ئەگەر ئوسامە خۆی وەك سەرکردەی سەرکەوتووی گروپێکی سەربازی گەریلایی پیشان بدایە، لەوکاتەدا ڕووبەڕووی ئەو بارودۆخە شەرمەزارکەرەی ڕاکردن دەبووەوە، هەروەها ئەو ئەگەرە جدییەی کە لەوانەیە بکوژرایە یان بگیرایە.

زستان تێپەڕی، بەڵام هیچ لەم ترسانە بەرجەستە نەبوون. تا حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٢، ئوسامە بەسەلامەتی مایەوە، هەروەها تۆڕێکی پاراستنی تایبەتی تەواو جێگیری دامەزراندبوو بۆ ئەوەی ڕێگەی پێبدات بەوریاییەوە بۆ بڵاوکردنەوەی جیهادو بەهەرمهێنانی ڤیدیۆ بگەڕێتەوە. کاری سەرەتایی ئەو بەهارە هێشتا پلەیەکی نائاسایی خەمباری دەردەبڕی، وێب سایتێکی جیهادی ئاڵوگۆڕی شیعری لەگەڵ حەمزەی کوڕی بڵاوکردەوە، بۆ وروژاندنی بارودۆخو هۆکارەکانی دورە وڵاتییە هاوبەشەکەیان:

حەمزە نوسی، "ئاخ باوکە! ڕاکردن لەکوێیەو کەی دەبینە خاوەنی ماڵێك؟ ئاخ باوکە! گۆڕەپانەکانی ترسناکی لەهەموو شوێنێك دەبینمو سەرنجی دەدەم. چۆن ماڵەکەمان بەبێ هیچ ئاسەوارێك دیارنەماوە؟... بۆچی وەك باران بۆمبیان بەسەرماندا باراند، بەزەییان بۆ منداڵێکیش نەبوو؟... باوکە، هەندێك شتم پێ بڵێ دەربارەی ئەوەی کە دەیبینم".

ئوسامە وەڵامی دایەوە، "ئاخ کوڕم! ئەوە بەسە بڵێم کە زۆر خەمبارم. ئەتوانم چی بڵێم لەکاتێکدا لەجیهانی تەمبەڵیو بێزاریدا دەژین... ببورە کوڕەکەم، بەڵام من تەنها ڕێگایەکی تەسك لەپێشەوە دەبینم. دەیەیەك بەئاوارەییو کۆچکردن تێپەڕیوە، هەروەها لێرە لەتراجیدیای خۆماندین. ئەمنییەتو ئاسایش نەماوە، تەنها ترسناکی بوونی هەیە. ئەوە جیهانی تاوانەکانە کە تیایدا منداڵان وەك ئاژەڵ سەردەبڕدرێن. بە ماوەی چەنێ پیاوانی ڕاستەقینە لەکۆمەڵو یارمەتییەکی کەمدا بوونیان دەبێت؟".

ماوەیەکی درێژ نییە، کە ئەوە ڕوویداوە. هەرکە چەند مانگێك تێپەڕی، هێشتا ئازاد بوو، ئازایەتیو متمانەی ئوسامە گەڕایەوە. بارودۆخە تایبەتەکانی ژیانی وەك هەڵهاتوویەك، وەك لەم نوسینەدا، نەناسراوی، بەڵام تۆمار کراوەی وتارە بڵاوکراوەو تۆمارکراوەکان لەتاراوگە لەم ماوەیەدا، هەموو پێکەوە لەدەرزەنێك زیاترن، چارەنوسی گشتی ئەزمونی ئوسامە ڕوون دەکاتەوە: ماوەی سەرەتای ئاهەنگێڕانەکەی هەر پاش پەلامارەکانی نیویۆركو واشنتن، کە بەدوایدا نائومێدییەکی کوتوپڕ هات، پاشان دەرکەوتنێکی لەسەرخۆو هەستی بەئاگاهێنانەوەی

بەمەبەست، بۆ بەدەست هێنانی دەسکەوتێك بۆ خولیاو خۆهەڵکێشانی رابردووی بوو. وتارەکانی ئوسامە روونیشی کردەوە کە لەساڵی ۲۰۰۳ دا، لانی کەم سودی لەدەروازەیەکی باشی کەناڵی ئاسمانیو ئینتەرنێت وەرگرتووە.

پلاندانان بۆ داگیرکردنی عیراق، زیاتر لەهەر رووداوێکی تر، سەرنجی ئوسامەی بۆ لای خۆی راکێشا، حوکمدان بەوەی کە چی بڵێتو چی بنوسێت، شەڕەکە وەك جۆرێك لەکیمیای سیاسیو رۆحی گەیشتە لوتکە، کاتێك کە پێویستییەکی زۆری پێی هەبوو. خواستی ململانێ لەسەرەتای ساڵی ۲۰۰۳ەوە بووە مایەی تەقینەوەی نوسینو وتاری پڕبەهاو خولیا بەجۆرێك ئەو نوسیانانە بوونە مایەی گەشەی فکری فێرخوازان لەماوەی گەشەسەندنی سودانیدا. پاش ماوەیەك لەبێدەنگیو دڵتەنگی، لەناکاو دەرکەوت کە ئوسامە زیاتر دەزانێت لەوەی کە دەیویست بیڵێت.

لەتشرینی یەکەمی ساڵی ۲۰۰۳دا، نوسی "من خۆشحاڵم بەو راستییەی کە ئەمەریکا لەزۆنگاوەکانی دیجلەو فوراتدا دووچاری کێشە بووەتەوە. بوش پێی وابوو عیراقو نەوتەکەی نێچیرێکی ئاسان دەبێت، دەی ئێستا با بفەرموێ، لەسایەی رەحمی خودای گەورەوە، لەدژوارییە شومەکاندا چەقیوە. ئەمڕۆ ئەمەیە ئەمەریکا، بەبەرزترین دەنگی دەقیڕێنێ وەك ئەوەی لەبەردەم هەموو جیهاندا ووردوخاش بووبێت".

ئوسامە شەڕی عیراقی وەك "هەلێکی بەنرخی سەرەکیو دەگمەن لەهەموو هەستێکی وشەدا بۆ گواستنەوەی بەهێزی ئومەتەکەو ئازادکردنی" دەبینی. خۆبەخشە لاوەکانی بۆ "گرتنی مەیدانەکانی جەنگ لەعیراق بۆ بڕینی سەری بێ باوەڕیی جیهانی" هاندەدا. کەسانێکی زۆر بەتایبەتی لە عەرەبستانی سعودییەوە وەڵامیان دەدایەوە.

ئوسامە بەئاشکرا لە سەددام حسین نیگەران بوو، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمە نەیدەتوانی پاساو بۆ داگیرکاری ئەمەریکا بهێنێتەوە، بۆیە رایگەیاند: "ئەوە راستە کە سەددام دزەو لەدین لایداوە، بەڵام چارەسەر لەگواستنەوەی حکومەتی عیراق لەدزێکی ناوخۆییەوە بۆ دزێکی بیانی نادۆزرێتەوە". کاتێك ولایەتە یەکگرتووەکان پارەیەکی زۆری وەك دیاری بۆ گرتن یان کوشتنی راگەیاند، ئوسامە لەکاردانەوەی ئەوەدا دیاری تایبەتی خۆی کە پارچەی زێڕ بوون، بۆ کوشتنی پۆڵ بریمەر، سەرۆکی دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتی لە عیراقو کوشتنی ئەمەریکییەکانی تر راگەیاند.

وادیـاربوو بەتایبـەتیو بەبایەخـەوە لەشـێوازو تـەکنیکی گـۆڕینی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی دەروانـی کـە لەلایـەن بـوشو کابینەکەیـەوە باسـی لێـوە دەکـرا. دارشـتنەکەیان سـەبارەت بـەجیهانێکی عـەرەبی "نـوێ"، سـەپاندنی بەدەسـتورێکی عـەلمانیو دیموکراسـی لـە عـیراق، بۆچوونەکەی ئوسامەی دوپاتدەکردەوە کە بەململانێیەکی مێژوویەوە سەرقاڵ بـوو. لـەئایاری ساڵی ٢٠٠٤ نوسی، داگیرکردنی عیراق "ئەوە پیشاندەدات کە ململانێکە ململانێیەکی ئیدۆلۆژیو ئاینییـە، هـەروەها پێکدادانەکـە پێکـدادانی شارسـتانییەکانە. ئـەوان بـۆ لـەناوبردنی ناسـنامەی ئیسلام لەتەواوی جیهانی ئیسلامدا زۆر بەپەرۆشن".

گاڵتەی بەدوژمنە ڕۆژئاواییەکانی دەهات بەهۆی ئـەوەی کـە بەهەڵە لێـی تێدەگەیشتن وەك دەمـارگیرێکی پـێش-مۆدێرنـەو گۆشـەگیرێکی ریشدار لەئەشـکەوتێکی دوورەدەسـت، دەیـانبینی، لەجیاتی ئەوەی وەك مامۆستایەکی گۆڕانکاریو تەکنەلۆجیای جیهانی ببینن. لەراستیدا، پاش ٢٠٠١، هانـدان بەلەئەسـتۆگرتنی بـن لادنـەکان لەتەکنـەلۆجیای دیجیتـاڵ و قاعیـدە، کـە ئێسـتا ڕێکخراوە، هەروەها جۆرێکی تایبەتی کرین، کـە بـەخێرایی خـۆی لەگـەڵ زەرەرو زیـانی تۆڵـەی فیزیکـی لـە ئەفگانسـتان گونجانـد بەدروسـتکردنی بـەکارهێنانی زیـاتری ئەنتـەرنێت بـۆ مەشقکردنو پەیوەندی تاکتیکیو ئامۆژگاریکردن بـوو. بەرپرسـە ئەمەریکییـەکان پێشـنیاریان کرد کە لەوانەیە هەندێك لەڤیدیۆکان کـە ئوسـامە خـۆی بەرهـەمی هێنـابوون کـۆدی نهێنییـان تیـادا بووبێـت بـۆ پـەلامارە تیرۆریسـتییە بۆمبییـەکان لەلایـەن خانـە تیرۆریسـتییەکانەوە، بـن لادنیش کاردانەوەی بۆ ئەم شەرمەزاریو ترسانە هەبوو بەوەی رایگەیاند کە "ئەمەریکییـەکان بانگەشەیەکی پێکەنیناویان کردووە. دەیانووت پەیامی شاراوە هەیە کە لـەوتارەکانی بـن لادنـدا پلانی بۆ تیرۆریستەکان داناوە. ئەوە وەك ئەوە وایە کـە ئێمـە لـەکاتی پەیامبـەری کۆترەکانـدا، بـەبێ بـوونی تەلـەفۆن، بـەبێ گەشـتیار، بـەبێ ئینتـەرنێت، بـەبێ پۆسـتە، بـەبێ فـاکس، بـەبێ ئیمەیڵ بژین. ئەمە تەنها شتێکی پێکەنیناوییە، کە وشەکان ڕۆشنبیری خەڵك کەم بکاتەوە".

یەکێك لەدیارترین وتارەکانی، لەکاتی ئامادەکارییەکان بۆ داگیرکردنی عیراق دەستی پێکـرد، بڵاوی کردەوە، لیستێکی سکاڵای پۆلێنکراو لەژێر چەند خاڵو بڕگەیەکدا خستەڕوو، کـە باسـی لەتـــەواوی دژایەتییەکـــەی بـــۆ ولایەتـــە یـــەکگرتووەکانو سیاســـەتەکانی دەرەوەیـــیو بـــەها نەتەوەییەکانی دەکرد. وتارەکە باسی لەوە دەکرد کە ئوسامە لەماوەی کاتە دوورو درێژەکانیـدا لەتاراوگـە بـەردەوام بـەدوای گۆڤـارە هەواڵییـە ئەمەریکییەکانـدا گـەڕاوەو بەشـیکردنەوەی

نمونـەیی خوێندنـەوەی هاندانـەکانی بـێ ئومێـد بـووە. "هەنـدێك لەنوسـەرە ئەمەریکییـەکان وتارەکانیان لەژێر ناونیشانی 'ئێمە لەسەر چ بنەمایەك شەڕدەکەین؟ بڵاوکردوەتـەوە... لێـرەدا ئێمە روونکردنەوەی راستیەکەمان دەویست". دوو پرسیاری سەرەکی خستەڕوو: "بۆچی ئێمـە شەڕو دژایەتی ئێوە دەکەین؟" هەروەها "بـۆچ شـتێك ئێمـە بـانگی ئێـوە دەکـەینو چ شـتێکمان لەئێوە دەوێت؟".

بـۆ وەڵامـی یەکـەم پرسـیار، نوسـی "زۆر ئاسـانە: ١) چـونکە ئێـوە پـەلامارتان دایـنو بەردەوامیشن لەپەلاماردانمان". نـاوی ئـەو شـێوێنانەی خستەڕوو کـە تیایـدا ئـەم پەلامارانـەی تیارووداوە ئەوانیش: فەلەستین، سۆماڵ، چیچان، کشمیرو لوبنـان بـوون. "ئێـوە بـەهۆی فشاری نێودەوڵـەتیو هەڕەشـەی سـەربازییەوە سـامانو نەوتەکـەمان بـەنرخێکی زۆر کـەم دەدزن. لەڕاسـتیدا ئـەم دزییـە گـەورەترین دزییـە کـە لەلایـەن مرۆڤایەتییـەوە لەمێـژووی جیهانـدا بینرابێت".

بـۆ وەڵامـی پرسـیاری دووەمـیش، ئامانجـە سـەرەکییەکانی شـەڕەکەی بـوو، "یەکـەم شـت کـە ئێوەمـان بـۆ بـانگ کـردوە ئیسـلامە". پێویسـتە ئەمەریکییـەکان ئـاینی خۆیـان بگـۆڕن بـۆ "باشترینی هەموو ئاینەکانی پێشوو" بۆ ئەوەی خۆیان لەباری گەورەی خراپەکاری رزگاربکەن:

ئێمە بانگی ئێوەمان کـردووە بـۆ ئـەوەی بـبن بەخـەڵکێکی بەڕەوشـت، بـاوەڕدار، بەشـەرەفو پـاك، بـۆ رەتکردنـەوەی کـردارە نائەخلاقییـەکانی لەشفرۆشـی، هاوڕەگـەزبازی، بێهۆشـکەرەکان، قومارکردن، سوو... ئێوە نەتەوەیەکن کە رێگە بەکاری بێ ئەخلاقی دەدەن، هەروەها ئێـوە ئـەم کارانە بەپایەی ئازادی تاکە کـەس دادەنـێن... کـێ دەتـوانێ کـارە بـێ ئەخلاقانـەکانی کلینتـۆنی سـەرۆکتان لـەبیربکات کـە لەئۆفیسـی سـەرەکی ئۆڤـاڵ ئەنجامیـدان؟ پـاش ئـەوە هـیچ لێکۆڵینەوەیەکتان لەگەڵدا نەکرد، جگە لەوەی کە "هەڵەی کردبوو" پاش ئەوەی هەموو شـتێك بـەبێ هـیچ سـزایەك تێپـەڕی... ئێـوە نەتەوەیـەکن ئـافرەت وەك بەرهـەمی بەکاربـەرەکان یـان ئامێرەکـانی ریکلامکـردن بـەکاردێنن، کڕیارەکـان بانگدەکـەن بـۆ کڕینیـان... پاشـان بانگەشـەی ئەوە دەکەن کە گوایە پشتگیری ئازادی ژنان دەکەن.

کاتێکی زیاتری بەتاڵ کە ئوسامە وەك هەڵاتوویـەك بەسـەری دەبـرد، ئـەو کاتانـە بـوون کـە سەیری کـەناڵی ئاسمـانی دەکـرد یـان بـۆ هەواڵـەکانی جیهـانی دەرەوە بـەدوای وێـب سـایتەکاندا دەگـەڕا، زیـاتر لـەوەش وادەردەکـەوت لـەناخی خۆیـدا زۆر بـیری لێبکاتـەوە، بەشـێوازێکی

تایبەتمەند، هێڵە هەمەچەشنەکانی سکاڵای دژەئەمەریکی، کە ئایا ئەوان لەئەسڵی چەپڕەوی ئەورووپی یان راستڕەوی مەسیحی یان جوڵانەوەی دژەشارستانییەتەوە هاتبوون. گرنگی بەکاریگەری رەوانبێژی لەسەر یەکێتی ئارگیومێنت دەدا. لەوانەیە دێڕە شیعرەکانی کارێکی پوچو کۆن بووبن، بەلام جارجار رستەیەکی لەبیرنەکراوی دەوروژاند. بۆ وەسفکردنی بەرگرییە خۆڕاگرەکەی بەناوی ئیسلامەوە، نوسی: "مەلەوانەکان لەدەریا لەباران ناترسن". هەرچەندە بەسەلیقە نەبوو، بەلام لانی کەم پاك بوو: "ئەو ئازادیو دیموکراسییەی کە ئێوە بانگەشەی بۆ دەکەن بۆ خۆتانە، تەنها بۆ سپی پێستەکانە، بەلام بۆ خەڵکانی تری جیهان، حکومەتو سیاسەتە دڕندانەو رووخێنەرەکان، کە ئێوە پێی دەڵێن هاوڕێیانی ئەمەریکا، بەسەریاندا دەسەپێنن".

زۆرجار ئەم رەخنە نیمچە علمانیانەی ئاراستەی ولایەتە یەکگرتوەکان لەگەڵ باوەڕی ئیمپراتۆریەتی هەزار ساڵەی مەسیحیو باوەڕی دژەسامی دەکرد کە ماوەیەکی درێژ لەناخی دڵیدا بوو. لەسەراپای وتارو تۆمارەکانیدا، وەك زۆرێك لەعەرەبەکان، ئوسامەش لەدەسەلاتو دڵڕەقیی زایۆنیستو پیلانی جولەکەکان بەگومان بوو.

دانی پیادانا کە، "ئەمەریکا بەوەرگرتنی پارەی من دەستی پێنەکرد هەروەها بەتایبەتی ئازاری منی نەدا، بەلام بانگەشەی لەبارەی منەوە دەکرد، ئەوەش بوو بەهۆی وروژاندنمان لەدژی جولەکەو ئەمەریکییەکان... حکومەت کەسانی ئەمەریکیو رۆژئاواییەکان بەگشتی دەخستە ژیانێکی ناهەموارو دۆزەخێکی بێ بنەوە لەبەر ئەو راستیەی کە پەیوەندی زۆر بەهێزی لەگەڵیاندا هەیەو کەوتووەتە ژێر کاریگەری لۆبی زایۆنیستییەوە". جولەکەکانی بەزاراوە نامرۆڤییەکان وەسفدەکرد، "گەمژەکانی سەردەم"، ئەوانەی کە کاتێك روبەڕوی لاوە فەلەستینییە بڕوادارەکان دەبنەوە، "وەك کەرە کێوییە ترساوەکانیان لێهاتووە کە لەچنگی شێر بەردەبن".

سنوری زۆرێك لەولاتەکانی وەك هێڵی کێشراوی ناڕاست لەلایەن داگیرکەرە بێ باوەڕەکانەوە رەتدەکردەوە، بەلام هێشتا پارێزگاری لەشوناسێکی بەسۆزی لەگەڵ ولاتی لاوێتی خۆیدا دەکرد، چیتر وەك "سعودییەك" نا، وشەیەك کە بنەماڵەی ئال سعودی بێزراو شانازیان پێوە دەکرد، بەلام زیاتر وەك "حیجازییەك" رۆڵەیەکی خاکی مەککەو مەدینە بوو. لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٤دا نوسی، "من زۆر بیری ولاتەکەم دەکەم، ماوەیەکی درێژە لێی دابڕاوم، بەلام ئەمە ئاسانە

بەرگەی بگری چونکە لەبەر خاتری خودایە. خۆشەویستی حیجاز لەقوڵایی دڵمدایە، بەڵام یاساکانی گورگن".

لەم کاتەدا بەفەرمی دڵسۆزی پێشوی خۆی بۆ شازادە عەبدوڵا رەتدەکردەوە، کە دواتر دەبوو بەپاشا، سەرباری ئەوەی کە باسی ئەوەی کردبوو کە عەبدوڵا لەهەندێك لایەنەوە قوربانییەکی فشاری ئەمەریکا بووە. زۆرێك پێیان وابوو، ئوسامە نوسیویەتی، "کە کاتێك شازادە عەبدوڵا... بەرێوەبردنی وڵاتەکەی دەگرێتەدەست، وڵاتەکە لەتەنگەژەکانی یاخیبوونی ئاینی، کارگێری، دارایی‌و گەندەڵی میدیایی رزگار دەکات... هەروەها وڵات لەخزمەتکارێتی ئەمەریکا رزگار دەکات، بەڵام هەرچەندە خەڵك چاوەڕوانی شتی باشییان لێدەکرد، کەچی شەیتانی بۆ هێنان".

هەرکە چەند مانگێك تێپەڕبوو ئەویش هێشتا هەر بەهەڵهاتویی مایەوە، لەو کاتەشدا ئەل-قاعیدە سەرقاڵی بەهێزکردنی خۆی بوو هەروەها پشتگیری پەلامارە دیارەکانی لەندەن‌و شوێنەکانی تری دەکرد، ئوسامە شانازییەکی زۆری بەوەوە دەکرد کە لەساڵی ۲۰۰۱ەوە بەدەستی هێنابوو. سەیری خۆی بەژەنراڵی سوپایەکی ئیسلامیی یان فەرمانڕەوای خۆهەڵسوڕێنی خەلیفەی داهاتوو نەدەکرد بەڵکو خۆی بەپاسەوانێکی بەرگری سیاسی ئیسلامی فراوانتر دەزانی، کە تیایدا باندە کارپێکەرە توندڕەوەکەی خۆی لەرۆڵێکی روکەش زیاتریان نەدەگێڕا. لەو کاتەدا گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە، هێرشەکانی ۱۱ی سێپتەمبەر خزمەتێك بووە بۆ "پیشاندانی ئەو دوژمنایەتییە زۆرەی کە خاچپەرستەکان بەرامبەر بەئێمە هەستی پێ دەکەن" هەروەها گورگی ئەمەریکی بەناشیرینییە راستییەکەی پیشاندا".

بۆ داهاتوو، مژدەی ستراتژێکی گەریلایی درێژخایەن‌و خۆڕاگری لە عیراق‌و ئەفگانستان‌و شوێنەکانی تر راگەیاند، کە بە"هێرشە یەکلایکەرەوە" یەك لەدوای یەکەکان، یان تیرۆریزم، لەسەر هەرێمی رۆژئاوا دیاریدەکرێ: "هاوسەنگی تیرۆر رێکخراوە". ئوسامە دەیویست "گرنگی زانیاری وەرگرتنی هێزەکانی دوژمن بەئاراستەی شەڕێکی نزیکی قورسی درێژخایەن دیاری بکات، بەدروستکردنی باشترین شوێنی بەرگری شاراوە... هەروەها ئێمە جەخت لەگرنگی کردارەکانی شەهیدبوون دەکەینەوە کە سوپاس بۆ خودای مەزن، ئەمەریکاو ئیسرایلی توشی ئازارێکی نەبڕاوە کردوە". ئارەزویەکی دیاری چەکە ناوەکی‌و کۆمەڵکوژەکانی تر لەمێشکیدا بوو، کە جارێك وەك "براوەکانی جەنگ" ئاماژەی بۆ کردبوون".

لەکانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٦دا، جارێکی تر ئوسامە بەتەماشاکردنی بوش لەکەناڵێکی تەفزیۆنی ئاسمانی توڕەبوو، بۆیە وتارێکی کاسێتی دەنگی بڵاوکردەوە، کە بۆ ماوەیەکی درێژ ئەوە دوا راپۆرتی فەرمی ئوسامە بوو.

بەم شێوەیە دەستی پێکرد، "من حەزم نەدەکرد دەربارەی ئەم مەسەلەیە قسەتان بۆ بکەم. هەرچەندە، ئەو شتانەی کە وای لەمن کرد قسەبکەم بەهەڵەداچوونەکانی بوشی سەرۆکتانە، لەوتارەکەیدا سەبارەت بەدەرەنجامی راپرسییەکەی ئەمەریکا بوو، کە ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە زۆرینەی ئێوە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانن لە عیراق، بەڵام ئەو ئەم خواستەی رەتکردەوە، هەروەها رایگەیاند کە کشانەوەی هێزەکان پەیامێکی هەڵە بۆ دوژمنەکەمان دەنێرێت. بوش رایگەیاند: واباشترە لەسەر خاکی خۆیان لەگەڵیاندا بجەنگین لەوەی کە ئەوان لەسەر خاکی خۆمان لەگەڵماندا بجەنگن". سەرباری ئەوەی ئەم وتارە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ جەماوەری سیاسی ناوخۆی ولایەتە یەکگرتووەکان بوو، بەڵام بەتەواوی ئوسامەی توڕەکرد:

راستی شایەتی لەسەر ئەوە دەدات کە وەك بانگەشەی بۆ دەکرد، ئەو شەڕە لەدژی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی تەنها لە عیراقدا بەرتەسك نەکراوەتەوە. لەڕاستیدا، عیراق بوو بەخاڵێکی کێشمەکێش و بەکارهێنانی سەرچاوە دیاریکراوەکان. لەلایەکی ترەوە، سوپاس بۆ خودا، موجاهیدین توانیویانە هەموو پێوەرەکانی ئاسایش کە لەلایەن نەتەوە نادادپەروەرەکانەوە بەکارهێنرابوو، تێکبشکێنن. بەڵگەی ئەمەش ئەو تەقینەوانەیە کە بەچاوی خۆتان لەوڵاتە ئەوروپییە دیارەکانی ئەم هاوپەیمانییە دوژمنکارەدا بینیوتانە.

پاشان ئوسامە ئاگادارییەکی دەرکرد:

بۆ مەسەلەی دواخستنی جێبەجێکردنی چالاکییە هاوشێوەکان لە ئەمەریکا، ئەمە بەهۆی سەرنەکەوتن لەبڕینی پێوەرە ئاسایشییەکانتانەوە نەبوو، بەڵکو چالاکییەکان لەئامادەبووندان، جا بەپشتیوانی خودا، هەرکە تەواو بوون بەچاوی خۆتان لەخاکی خۆتاندا دەیانبینن.

سەبارەت بەخۆیشی، رایگەیاند، "بەڵێن دەدەم بەئازادی بمرم".

کەوتە بارێکی بێدەنگی درێژخایەنەوە، لەشەشەم ساڵیادی پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەردا، ئەلقاعیدە چالاکیی میدیایی بوژاندەوە، ئەل-سەحاب یان "زە کلاودز" کاسێتێکی ڤیدیۆیی نوێی دەرکرد کە تیایدا ئوسامە عەبایەکی فەرمی ئاڵتونی پۆشیبوو، لەبەردەم کامێرایەکی جێگیرکراودا وتارێکی سیاسی دەخوێندەوە. وێنەکان لێڵ بوون، بەڵام چاوەکانی کەمێك شۆڕ

دەردەکەوتن، زۆر سەرسوڕهێنەر بوو بۆ پیاوێك لەو کاتەدا لەتەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵیدا لەژێر ئەو بارودۆخانەدا بژی کە لەوانەیە هەندێك فشاری لەسەر بووبێت. لایەنە سەرنجڕاکێشەکانی روخساری رەنگدانەوەی غروری تەمەنە-ناوەندی نەشڵەژاوییەکەی بوو: لەدوا ڤیدیۆیەوە، ریشە درێژەکەی بەشێوەیەکی خڕ چاککردبوو هەروەها بەڕەنگی رەش بۆیاخی کردبوو.

جارێکی تر وتارەکەی رەخنە جیاوازەکانی رێکخستەوە نەك ئەوانەی کە دژە-ئەمەریکی ئاینی تایبەت بوون. توانی ستایشی هەردوو نوام چۆمسکی، زمانەوانو روناکبیری کارای چەپخواز، هەروەها مایکل شیوەر، شیکاری پێشوی (CIA) کە پێشتر ژیانی پرۆفێشناڵی خۆی بۆ کوشتنی ئەو تەرخانکردبوو، چونکە ئەم دوو پیاوە لەکتێبەکاندا کە لەم دوایانەدا بڵاویانکردبووەوە رەخنەیان لەشێوازە ئیمپراتۆریانەی کاریگەری-بازرگانی لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا گرتبوو. بەڕوونی دیاربوو ئوسامە لە پاکستان یان لەنزیك ئەوێ خۆی حەشاردابوو، یان هەرشوێنێکی تر کە کتێبە ئینگلیزییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی رێگەپێدراو بوون، وەك دەبینرا کاتێکی باشی خۆی بەخوێندنەوەی ئینگلیزییەوە بەسەردەبرد، بۆ بەرەو پێشبردنی راهێنانی زمانەوانی یەکەم جار لەڕاهێنەرە ئیرلەندیو بەریتانییەکانەوە لەخوێندنگای ئەل ثغر سودی وەرگرتبوو. هەر وەکو پێشتر، خەریکی تەماشاکردنو خوێندنەوەی هەواڵەکان بەزمانی ئینگلیزی بوو. میدیای رۆژئاوایی دژایەتییان دەکرد: زۆرجار خراپتر بوون "لەبارودۆخی میدیای رژێمە دیکتاتۆرەکان کە مارش دەکەنە کاروانی تاکە سەرکردەیەك"، هەروەها بۆچوونێك بوو کە کردی بەهاوڕێی زۆرێك لەچەپخوازە رۆژئاواییەکان.

هێشتا کاتێك کە ئوسامە تەماشای تەلەفزیۆنە ئەمەریکیو بەریتانییەکانی دەکرد، هەر لەحەشارگەکەیدا خۆی حەشاردابوو، لەو کاتەدا دیقەتی ئاوێنەیەکی نمایشی دەدا، کە لەوانەیە ئەم میدیایە وێنەی ئەوی شێواندبێت، بەڵام ئەوانیش وەسفی ئەویان وەك یەکێك لەناسراوترینو بەهێزترین کەسایەتییە سیاسییەکانی سەر زەوی دەکرد. بەهۆی رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرو جێکەوتە زۆرەکانیانەوە، لەو کاتەدا وەك سەربازێکی اللە، خۆی بەئەنجامدەری ئەم کارە گەورە ناوازەیە دەزانی. لەوانەیە ئەمەریکا "مەزنترین دەسەڵاتی ئابوریو وڵاتێکی سەرەکی کاریگەری سیاسەتەکانی جیهان" بێت، بەڵام بەئاراستەکردنی نۆزدە

کەسی لاو وەك فرۆکەوانی خۆکوژو، ئوسامە بووەپیاوێکی بێوێنە "کە ئاراستەی قیبلەنماکەی گۆڕیبوو".

لەماوەی ئەم دوایەیدا لەتاراوگە ئوسامە: پیاوێك بوو، سەرەڕای ئەوەی کە گەنج بوو، بەردەوام لەنزیك مردنەوە دەژیا، نیگەران بوو، وایدادەنا ماوەیەکی کورتی مابێت. وتارەکانی هاوشێوەی وتاری ئاینیو سیاسیی جۆرێکی باوی ئەو کاتە بوون، بەڵام دێرە شیعرەکانی وادیاربوو لانی کەم کاریگەری لەسەر بیرۆکەکانی ناوبانگی پاش مردنی دەبێت. ئوسامە خاوەنی پاسپۆرتی یاسایی نەبوو. بەشێوە زاری سعودی قسەی دەکرد بەڵام خۆی لەناسنامەی باوی سعودی بێبەری کردبوو، هەروەها هەندێك لەو ماوەیە لەناوچەیەکی رۆژئاوای پاکستان کە حکومەتێکی دیاریکراوی تیادا نەبوو، تاڕادەیەك بەدڵنیایی دەژیا. لەم بارودۆخە بێبەشکراوە نەتەوەییەدا، عەباو شتومەکی نمایشی بۆ وتارە ڤیدیۆییەکانی هەڵدەبژارد کە پێی باشبوو بەم سێ شتە هاوبەشەوە خۆی بنوێنێت: جلوبەرگی فەرمی زانایەکی ئاینی، چەکی پێشکەوتووی جەنگاوەرێکی جیهادی مۆدێرن، هەروەها خەنجەرێکی کۆن لەرەسەنی حەزرەمی خۆی.

پێش سەدەیەك، ئەفسەرە داگیرکەرە بەریتانییەکان هەوڵیان دابوو لەکۆمەڵگای جولەکە حەزرەمییە جیهانییەکان تێبگەن کە دواتر لێیانەوە بنەماڵەی بن لادنو کوڕە یاخییەکەی سەری هەڵدا، تۆڕە سەربەخۆو کۆچەرییەکەی حەزرەمییەکان مایەی سەرسوڕمانی فەرمانبەرانی ئیمپراتۆریای بەریتانی بوون چونکە بەئاسانی تێدەپەڕین بەهەرێمە جۆراوجۆرە سیاسیەکاندا، زۆرجاریش لەدەرەوەی نەخشەکێشەکانی ئیمپراتۆریاوە بوون. پاش ١١ی سێپتەمبەر ئوسامە ژیانی خۆی وەك هەڵاتویەکی سیاسی بنیادنا، لە هەرێمێك خاوەنی کاراکتەری دیمەنێکی سروشتی شاخاوی کە لەلایەن هۆزە رێکخراوە پاشتونەکانەوە ئاوەدانکرابووەوە کە نە سوپا داگیرکەرە بەریتانییەکان نە ئەمەریکیو پاکستانییە یەك لەدوای یەکەکان نەیانتوانیوە بچنە ناویەوە یان بەسەریدا زاڵبن. مێژووی دوورخراوە هاوشێوەکان لەهەرێمی پاشتون ئەوە دەردەخات کە لەوانەیە سەرەنجام لەلایەن یەکێك لەمیوانە ناوخۆییەکانییەوە روبەڕوی خیانەت ببێتەوە. لەهەمان کاتدا، هەرکاتێك کاسێتە دەنگی یان ڤیدیۆییەکانی دەگەیشتە ئەلجەزیرە یان (CNN)، ئوسامە وەك چەتەیەکی بەربەری کە پلەی بازارگەری بەدەستهێنابێت، جەختی لەهەڵەی ئەخلاقی کە هێشتا بەلایەوە سەرنجڕاکێش بوو،

هەروەها بەردەوامی توانای پلاندانانو بیرۆکەی توندوتیژیی گەورە بەبەکارهێنانی کەناڵەکانو داب‌و نەریتی نەتەوەیی یەکپارچەیی جیهانی دەکردەوە.

# سوپاس و پێزانینی چاپی ئینگلیزی

ژمارەیەکی زۆر لەهاوڕێیانو هاوکارانو کەسە بیانیە دڵسۆزەکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەم کتێبە کردووە. لەپێش هەمو شتێکەوە زۆر سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کەڕازیبون بەشداری لەچاوپێکەوتنەکانو دووبارە چاوپێکەوتنەوەکاندا بکەن.

سوپاسی تایبەتیم بۆ فەیزە عەمبەو حەتیم موحومەدو عادل تورەیفی هەیە لە عەرەبستانی سعودیە. سەنتەری فەیسەڵیە بۆ لێکۆڵینەوەو خوێندنی ئیسلامیی بە دڵسۆزییەوە بە بێ بەرامبەر قبوڵیان کردم لەماوەی سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٥دا؛ سوپاسی دکتۆر یەحیا موحەمەد ئیبن جونیادو سەعید جەمیلو عەواد ئەل بەدی دەکەم. شا تورك ئەل فەیسەڵ بەدڵسۆزییەوە ئاسانکاری بۆکردم کە بچمە ناو سەنتەرەکەوە. پاوڵ درێسچو ئینگسێنج هوو بەسەرنجەکانیان دەربارەی مێژووی سەرگەردانی حەزرەمیو پەیوەندییەکانی لەگەڵ شانشینە جیهانیەکان کاریان تێکردم. فەهد ئەل سیماری لەرێکخراوی پاشا عەبدول عەزیز رێگایەکی بەسودی بۆ ئەرشیفی رۆژنامەکانو لێکۆڵەرەوە تایبەتیەکان تەرخانکرد، هەروەها ئێرین عیدی لە جدە زۆر یاریدەدەربوو.

بەڕێوبەری حەزرەمەوت، عبدالقادر علي الهيلال میواندارییەکی گەرمو گوڕی کردم لە یەمەن، هەروەها سوپاسی عەلاوی بن سومەیتو علی مەندەنجیو میگان گودفیلۆو تۆماس کراجێسکی دەکەم کە هاوکاری لێکۆڵینەوەکەیان کردم لە یەمەن.

هەروەها سوپاسی ڕۆبین شولمانو جولی تەیتو چوار لێکۆڵەر، کە بە شێوەیەکی کاتی کاریان دەکرد، دەکەم کە هاوکاری گرنگیان لەماوەی سێ ساڵی ئەم پرۆژەیەدا پێشکەشکرد. لە ئەڵمانیا، بەردەوام بونی پیترا کریسچۆکس لەبەشی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوە یاداشتە بەنرخەکانی

دەرخست. لە لەندەن، گیتا دانیشجوو چاوپێکەوتنەوەی لەگەڵ سەرچاوە دەرەکیەکان کردو هەروەها لێکۆڵینەوە گرنگەکانی تری دابینکرد لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کیش هەگی بەشێوەیەکی ئارام پەرەی بە چاوپێکەوتنەکانی چاپتەری ٣٦ دا. موحەمەد ئەل مەنشاوی وەرگێڕانێکی ڕێکوپێکی ئامادەکردو کەرەسەی گرنگی بەدەستهێنا لەماوەی گەشتەکەیدا بۆ میسر.

هەروەها سوپاس بۆ سەنلین میلەرو سامی سۆکۆڵو ئیمیلی ئیکلاندو ئەلیکساندرا کۆڵو ئیمە کۆڵو سینزیا زیسو ڤیکتۆریا گرین بۆ لێکۆڵینەوەو پسپۆڕییە ڕێکخراوەکانیان.

بروس هوفمانو کیم کراگینو دانیاڵ بیمانو مارسە کرێنشەوو ڕۆهان گوناراتناو نادیە ڤویداتو سارا داڵیو هیسەر گرێچو ئانا کاسۆپسکی لە گروپی یاریدەدانی کاری زووی مێژووی ئەل ڤاعیدە کە منیش بەشدارێك بووم لەوێ هاوکاری گرنگو زانیاری کارتێکەریان پێشکەشکرد. کاری ئانا کاسۆپسکی لەسەر مەسەلە داراییەکان بە شێوەیەکی تەواو بەبایەخبوو. لەکۆڕەکانی لێکۆڵینەوەکانی تردا، دان بینجامینو ستیڤن سیمۆن لێکۆڵینەوەی جدییان پێشکەشکرد کە بە شێوەیەکی بەرچاو بەسودبوو.

کاتێك کە سەرچاوەی تێبینیەکان پیشاندەدرێن، زانیاریو ڕۆژنامەکانی پیتەر بیرگین بووە بە چەقی سەرمایەی ئەم کارە: نوسینە زۆرو مێژووە زارەکیەکەی، ئوسامە بن لادن دەزانم، بنەڕەتێك بۆ هەر کارێکی باوەڕپێکراو لە سەر گەشەسەندنی ئەل ڤاعیدەو ژیانی ئوسامە دابین دەکات. تەنانەت سوپاسی هاوڕێیەتییە دڵسۆزەکەی پیتەر بیرگین دەکەم. کارە بلیمەتەکەی هاوپۆلەکەم لە نیویۆرك، لومین تاوەر، چەقێکی تری سەرمایە بوو کە دەبێت بە چەقی سەرمایە بۆ زۆربەی نوسەرەکانی تر. پیتەرو لاری بە دڵسۆزییەوە ڕەشنوسێکی دەستنوسیان خوێندەوەو ڕاستکردنەوەو زانیاری یارمەتیدەریان پێشکەشکرد.

میشیل دۆبس لێکۆڵینەوەکەمی بە چاودێریکردنم بەناو ئەرشیفی نێودەوڵەتی لە کۆلێج پارك گواستەوە. ستافە پرۆفیسۆرەکانی ئەرشیفە نایابەکە هەفتەکانمی لەوێ زۆر بەبایەخ کرد.

گلین فرانکیل کاتی بۆ خوێندنەوەی ڕەشنوسێکی پێشو تەرخانکردو تێبینی باشو هەڵەبڕی دابینکرد. هاوکارەکانی تری پێشوی واشنتۆن پۆست-فیل بێنێتو دەیڤد هوفمانو لین

دونای‌و بۆب قەیسەرو ئەنتۆنی شەدید کە زۆر یارمەتیدەرمبوون، هەروەها سوپاسی بێپایانو رێزو خۆشەویستیم بۆ دەیڤد فینکڵ.

دەیڤد ریمنیك، جێف فرانك، دۆرۆسی یکیندێن، پام مەکارسی، جێفری گۆڵدبێرگ،جەین مەیەر، ئەلیکساندەر درێر، ئانی لەوری، ڤێرجینا کانون، رەفی خەچەدوریان، نەندی رۆدریگۆ، سکۆت ستاتۆن، تیم فارینگتۆن، ئەلیسۆن هوفمان، مایك پیدو لیلە بیۆك کارەکەمیان لە نیۆرکەر وەك خەڵاتێکی تایبەت کردووە.

جیم فالۆوس، تێد هەڵستید، ستیڤ کلیمۆن، ئانی-ماری سلەوتەر، بێرناردسچوەرتز، ئیریك سچمید، شێرلی سچوێنگەر، رەی بوشارە، سیمۆنی فرانك، رەیچڵ وایت، مەیە ماکگوینێس، لین نیکۆڵ، میشل دانینێنبرگ، دەیڤد گرەی‌و ترۆی سچنێدێر لە نێوان ئەوانەدابوون کە بەخێرهاتنیان کردووم کاریانتێکردم لە رێکخراوی نوێی ئەمەریکا.

زۆر بەختەوەرم کە بلاوبکرێتەوە لەلایەن ئان گۆدۆفی مەزن، هەروەها سوپاسی ترەیسی لۆك، لیزە دارنتۆن، لیندسەی والین‌و هاڵ فێسێندێن دەکەم لە پەنگوین پرێس. هەروەها سوپاس بۆ هەڵەبڕی چاپکردن جۆن جوسینۆ. میلانی جاکسۆن بۆ ماوەی دوو دەیە زیاتر بریکاری وێژەزانم بووەو پێشبینی ژیانە پرۆفیشناڵەکەم بەبێ ئەو ناکەم.

یەکێك لە پاداشتەکانی ئەم لێکۆڵینەوە بەختێك بوو بۆ پیشاندانی جیهانی رێزمانی خێزانەکان کە تێیدا خۆشبەخت بووم لەپشگیری‌و فێرکردنەکانی هەموو هاوکارەکان لەسەرووی هەموویەوە سوزەن.

# تێبینییەکان

ئەم باسە لەسەر بنەمای زیاتر لە ١٥٠ چاوپێکەوتنە کە لەعەرەبستانی سعودیەو یەمەنو ولایەتە یەکگرتوەکانو بەریتانیاو سویزەلاندو ئەڵمانیاو ئیسرائیلو میسرو لوبنانو حەوت وڵاتی تر بە ئەنجام گەیەنراوە. هەروەها سەرنج لەسەر حکومەتو ئەرشیفە تایبەتیەکان لەعەرەبستانی سعودیەو ولایەتە یەکگرتوەکانو بەریتانیاو ئەڵمانیاو ئیسرائیل دەداتو نامە گۆڕینەوە بنەڕەتیەکانو نامە دۆکیومێنتیەکانیش دەگرێتەوە کە باس لەکارەکەی موحەمەد بن لادن دەکات لەقوستەنتینیە لەماوەی ساڵانی ١٩٥٠و ١٩٦٠. سەرباری ئەوەی نامە گۆڕینەوەی وەزارەتی دەرەوەی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لەجەددە لە ساڵەکانی ١٩٤٠ بۆ کۆتایی ساڵەکانی ١٩٦٠ بە بەهایەکی تایبەتی دادەنرێت بۆ تێگەشتن لەهەندێك ئەفسانەو بیرورِا گشتیەکان کەدەوری ژیانو کاری موحەمەدیان داوەو باسکردنی ئەو جیهانەی کەمنداڵەکانی گەشەیان تێداکرد. جگەلەوەی چاوپێکەوتنەکان بۆ ماوەکانی دواتر بەشێوەیەکی گشتی پشت بەدادگاو تۆمارنامەو ڕێکخستنەکانو بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر داخوازیە مەدەنیەکان لەولایەتە یەکگرتوەکانو دۆکیومێنتە هاوبەشەکان لەوێو بەریتانیا دەبەستن. هەروەها لەهەندێك ڕێگەی زۆرەوە من قەرزاری کارە بڵاوکراوەکانی پێشووم لەلایەن ڕۆژنامەنوسو مێژوونوسانەوە وەك لەم باسەی خوارەوەدا هاتوە.

لەوەڵامی ئەو ژمارە زۆرەی داواکاریی چاوپێکەوتنەکان بۆ ماوەی زیاتر لەسێ ساڵ، ئەندامانی خێزانی بن لادن تەنیا هاوکارییەکی زۆر سنورداریان پێشکەشکرد بەجیاواز لەوانەی یەمەنو سەرگەورەی ئەندامانی خێزان لەجدە کەهیچ چاوپێکەوتنێکی زۆریان نەکردووە. ئەندامانی خێزانەکانو نوێنەرەکان لەڕونکردنەوەی بڕیارەکەیاندا جەختیان لەسەر نهێنیخوازی هەروەها لەسەر ترس لەبواری داخوازیە مەدەنیەکان لەلایەن قوربانیانی

هێرشـەکانی ١١ی سـێپتەمبەر لەولایەتـە یـەکگرتووەکان کـردەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا دوای ئـەوەی یەکەم ڕەشـنوس تـەواوکرابوو، مـن و جـولی تـەیت هەوڵمانـدا کـەتێڕوانینێکی ڕاسـتو دروسـت سـەبارەت بـە ژیـانی بـن لادن لەگـەڵ نوێنـەرانی خێزانەکـەدا بکـەین. خێزانەکـە لەڕێگـەی پارێزەرەکانیانەوە قبوڵیان نەکرد وەڵامی ئەو پرسیارە زۆرانە بدەنەوە کە ئامادەکرابوون بـەڵام خێزانەکـە هەنـدێك وەڵامـی یاریـدەدەریان دایـەوە کـە لەسەرچـاوەی تێبینـی تێکسـتەکەدا ڕەنگدانەوەی هەیە.

## دەربارەی ئەم کتێبە

یەکەمین جار ئەم کتێبە لەلایەن دەزگای چاپی پەنگوینەوە لەولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەساڵی ٢٠٠٨دا چاپو بڵاوکرایەوە.

بەناوبانگترین رۆژنامەکانی ئەمەریکاو لەناویشیاندا بەناوبانگترین نووسەرو رۆژنامەنووسەکان شایەدحاڵی بەهای نووسینەکەی ستیف کۆڵن لەم کتێبەدا، دەقی دوو کورتە ووتاری خوارەوە گوزارشتی بیروڕای هەریەك لە میشیکۆ کاکۆتانی لەنیویۆرك تایمزو میلتن ڤیورست لە واشنتن پۆستە.

"کتێبە گرنگە نوێکەی *ستیف کۆڵ* نەك تەنها وێنەیەکی تەواوی سایکۆلۆژیی پیلانی نامرۆڤانەی ٩/١١ مان پێدەبەخشێت، بەڵکو لەباسکردنی چیرۆکی داستانی بنەماڵە فراوانەکەی ئوسامە بن لادن ئگادارمان دەکاتەوە، هەروەها ئەو رۆڵە گرنگە ئاشکرا دەکات کە خزمەکانیو پەیوەندییان لەگەڵ بنەماڵەی شاهانەی شانشینی سعودیەدا لەدروستکردنی بیرکردنەوەو خولیاو شارەزایی تەکنەلۆجیو تاکتیکەکانیدا دەیانگێڕا.... کتێبێکە خاوەنی وزەیەکی چیرۆکیی پڕ زانیاری بەسەرهاتی بنەماڵەکەیە، بەدواداچوونی کارەکتەرە پەرشو بڵاوەکانی بەشێوەیەك کە لەمەککەو مەدینەوە بۆ لاس ڤیگاسو جیهانی دیزنییە، هاوکات کتێبێکە کە لەوێنەکێشانی پەیوەندییەکانی نێوان گشتیو تایبەت، سیاسیو کەسی، وەك تەواوکەرێکی گرنگی کتێبی (*گۆست ۆرس*)ی کۆل دەردەکەوێت کە لەساڵی ٢٠٠٤دا خەڵاتی پولیتزەری بەدەستهێنا".

- میشیکۆ کاکوتانی، نیویۆرك تایمز

"پانۆرامایەکی دڵڕفێنی بنەماڵەیەکی گەورە، لەناو کونتێکستی درامای ٩/١١ دا پیشاندراوە.... بۆ پیلانەکەی ١١ی سێپتەمبەر، کۆڵ کەمێك لەو زانیارییەی کە پێشتر دەمانزانی دووبارە دەکاتەوە. کۆل ئەم نوسینەی سەبارەت بە پیاوێكو بنەماڵەکەی هەڵبژاردووە کە سود بەتێگەیشتنمان لەو کاریگەرییە بەهێزە دەگەیەنێ کە لەسەر ژیانمان دروستیان کردووە".

- میلتن ڤیۆرست، واشنتن پۆست

## بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

## ساڵی (٢٠١١ – ٢٠١٣)

| ز | بڵاوکراوەکان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگـــەی میـــدیا لەهەڵبـــژاردنی ســـەرۆکایەتی ئەمریکادا، ژ. ز، (١٢) | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری، فاکتەرو گرفتـەکانی دیموکراسـی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیســـلامو مۆدێرنــە، ئیســـلام لەبــەردەم ئەگــەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | نوسینی. محمد ڕەزا شالگونی وەرگێڕانی. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسـیای قەیســەری بەرامبــەر بــەکورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطــات، اثــرت في حيــاة الكــورد وحركــاتهم القومية | عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر و. لەئینگلیزیەوە: کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت بەرگی دووەم | نوسینی. مارتین ڤان برونەسن و. لەئەڵمانیەوە: د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوك - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵلا عەنزی و. سەردار عبدالكريم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی: عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور — ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس باربیە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاین‌و سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | دیموکراسیو بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثـورة كوردسـتان ومـتغيرات العصـر (الطبعـة الثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار)<br>ترجمة ومراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | کێشەی شیعەو سوننە<br>کورتەباسێکی مێژوویی | نوسینی.<br>د. عەلی ئەلوەردی<br>و. عارف کەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیریو کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمكو گرفتەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | (S.I) رێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پـۆلێنکردنی هەڵوێسـتەکان پـێش پرۆسـەی هەڵبژاردنو دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبیو نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | و. لەسویدیەوە<br>عوسـمان حەمـە رەشـید گورون | ٢٠١١ |
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبية في سنجار حتى بدرة | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري، ز. هۆشیاری، ژ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | کوردو تورکمان، تێڕوانینێك بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٤١٥ | عەلمانیەت چیە؟ ماناو پێناسەکانی، ز. ژ(٣٥) | زاهیر شکوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیکری حەسەن بەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٧ | شێوەکانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١٨ | تعريف الانفال بالإبادة الجماعية، ژ. ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله<br>ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٤١٩ | پێنج لێکۆڵینەوە لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەروێش | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | پرۆگرام و پەیڕەوێ ناڤخۆ پەسەندکریێ سێیەمین کۆنگرێ (ی. ن. ك) | مەڵبەندی (٤)ی ڕێکخستنی دهۆك بەشی روناکبیری | ٢٠١١ |
| ٤٢١ | ئاڵا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٤٢٢ | تاريخ التبشير المسيحى فى كردستان | الدكتور فرست مرعي | ٢٠١١ |
| ٤٢٣ | قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية، ز. هۆشیاری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادي | ٢٠١١ |
| ٤٢٤ | کاریگەری قەرزە گشتیەکانی ئەمریکا لەسەر ئابووری ئەمریکاو جیهان، ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤێستا (روسی – کوردی) | ئامادەکردنی:<br>د. نەهرۆ عەلی<br>ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٢٦ | کوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد کوردە | ٢٠١١ |
| ٤٢٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |
| ٤٢٨ | کورد لەسوریاو ئازەربایجانو ئەرمەنستان/ ز. نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمایەر<br>ل. یالچین هێگمان<br>و. ڕێبوار تۆفیق بەنگینە | ٢٠١١ |
| ٤٢٩ | ئەرکەکانی قۆناغی نوێ<br>لەچاوپێکەوتنێکی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا | ئامادەکردنی:<br>حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |
| ٤٣٠ | المشاريع التي قدمها الاتحاد الوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم<br>فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | المحكمة الجنائية العراقية العليا دراسة في مبادىء العدالة | محمد رشيد حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | دور محكمة العدل الدولية في تطوير القانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٣ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا | نێلیدا فۆکارۆ<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>هەڵۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانو هاوکێشە نوێیەکان | چاوپێکەوتن لەگەڵ<br>هەڤاڵ مەلا بەختیار | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | هەڵبژاردەکان | شاسوار جەلال (ئارام) | ٢٠١٢ |
| ٤٣٧ | كردستان ككيان ضمن الخطة الدولية بدءً من جنوبها | المحامي:<br>شيخ سالار الحفيد | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٣٨ | مەسەلەی قڕکردنی ئەرمەن لەبەردەم دادگادا | و. لەئەڵمانییەوە: غسان نعسان و. لەعەرەبییەوە: حەسەن جاف | ٢٠١٢ |
| ٤٣٩ | ئێزیدییەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٠ | کۆچ هەڵیبژاردم | ئیسماعیل عوسمان و ماتیاس شیلین و حەکیم کاکە وەیس | ٢٠١٢ |
| ٤٤١ | کێشەکانی هزری ئاینی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٢ |
| ٤٤٢ | پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا | بەرزان فەرەج | ٢٠١٢ |
| ٤٤٣ | دیموکراسی و دوژمنانی ئیسلامی میانڕەو لەروانگەی مەلا بەختیارەوە | سردار عبدالکریم مجید | ٢٠١٢ |
| ٤٤٤ | دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنەتەدا، ز. هۆشیاری ، ژمارە (٤١) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٤٤٥ | ئینتەرناسیۆنالیزمی دینی و دیاردەی فرە نەتەوەیی، ز. هۆشیاری، ژمارە (٤٢) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٤٦ | مێژوی نەوتی کەرکوک | فەرهاد حەمزە | ٢٠١٢ |
| ٤٤٧ | باشوری سودان، ز. هۆشیاری ، ژمارە (٤٣) | شادمان مەلا حەسەن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٨ | الدیمقراطیة دراسة فکریة سیاسیة، ز. هۆشیاری، ژ(٤٤) | عبدالرحمن کریم درویش | ٢٠١٢ |
| ٤٤٩ | الاکراد والدیمقراطیة والاندماج، ز. هۆشیاری، ژ(٤٥) | فرید اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٥٠ | زمانی کوردی لەدەستورەکانی عیراقدا، ز. هۆشیاری، ژ(٤٦) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٥١ | رۆڵی ژنان لەپەرەپێدانی کاری رێکخراوەییـدا (ی. ن. ك) وەك نمونە. ز. هۆشیاری، ژ(٤٧) | جەمیلە شێخ مەحمود<br>شلێر رەشید<br>نیگار عومەر | ٢٠١٢ |
| ٤٥٢ | ئارام‌و رۆڵی لەبزووتنەوەی سیاسیدا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٥٣ | چەپکە گوڵ: قەفتەیەك ژ سـەروەری‌و هەڵوستێن ئێکەتی نیشتمانی کوردستان، زنجیرە هۆشـیاری، ژ. (٤٩) | قادر حەسەن عیدۆ | ٢٠١٢ |
| ٤٥٤ | توماس هوبزو فلسفته السياسية | احسان عبدالهادی النائب | ٢٠١٢ |
| ٤٥٥ | حزب و رێکخراوە سیاسییەکان | محمد فاتیح | ٢٠١٢ |
| ٤٥٦ | المركز القانوني للمواطن وضماناته | دریڤان عبدالقادر بكر | ٢٠١٢ |
| ٤٥٧ | ئەمنی ستراتیجی عیراق‌و سێ کوچکەی بەعسیان | ئەمین قادر مینە | ٢٠١٢ |
| ٤٥٨ | پرۆیسترۆیکا بن لادن‌و مۆنیکا | ستران عەبدوڵڵا | ٢٠١٢ |
| ٤٥٩ | دۆزی کورد لەنەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا | دکتۆر خـەلیل ئیسـماعیل محەمەد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٠ | دەوڵـــەتی عوسمـــانی‌و عەشـــیرەتە کوردەکـــان لەکوردستانی باشور | خالد محمود کریم | ٢٠١٢ |
| ٤٦١ | دۆزی کورد لەبەردەم رای گشتی عەرەبدا (کۆمەڵە وتار)، ز. نامیلکـەی کـورد لەمیـدیای جیهانیـدا، ژمارە (٤) | وەرگێڕانی: رەسوڵ ئیبراهیم | ٢٠١٢ |
| ٤٦٢ | فەلسەفەو لاهوت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا | د. حەمید عەزیز | ٢٠١٢ |
| ٤٦٣ | الجريمة المنسية حول الانفال وجرائم الابادة الجماعيـة في كردستان | نجم الدين فقي عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٦٤ | رۆژانی پێشمەرگایەتی | دارا محمد یاسین | ٢٠١٢ |
| ٤٦٥ | ئەتڵەسی سیاسی هەرێمی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٦ | الدور الأمريكي في بناء الشـعوب مـن المانيـا إلى العراق | نظيرة اسماعيل ياري | ٢٠١٢ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٦٧ | دەربــارەی شــێوەی ئاســیایی بەرهــەم هێنــان لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | | ٢٠١٢ |
| ٤٦٨ | دەروازەیەك بۆ زانستی سیاسەت | عابد خالید رەسوڵ | | ٢٠١٢ |
| ٤٦٩ | کەلتور (ژمارە ٦) | | | ٢٠١٢ |
| ٤٧٠ | دپلۆماتو دیپلۆماسی | بەهرۆز گەلاڵی | | ٢٠١٢ |
| ٤٧١ | الدعائم الأساسية للدولـة الفدراليـة، نامیلکـەی هۆشیاری، ژ(٥٠) | د. شۆڕش حسن عمر | | ٢٠١٢ |
| ٤٧٢ | رۆڵی (ی. ن. ك) لەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگـەی کوردستان، نامیلکەی ژ(٥١) | ئەنوەر حسین | | ٢٠١٢ |
| ٤٧٣ | دەروازەیــەك بــۆ ئاسایشــی نیشــتمانی هــەرێمی کوردستان، نامیلکەی ژ(٥٢) | قادر حەمەجان | | ٢٠١٢ |
| ٤٧٤ | النظم الأنتخابية ونظام انتخاب مجلس المحافظـات العـراق واقلـيم كردسـتان، نامیلکـەی هۆشـیاری، ژ(٥٣) | د. دەرباز محمد | | ٢٠١٢ |
| ٤٧٥ | ئیدارەی کوردیو ئۆپۆزسیۆن، نامیلکەی هۆشیاری (٥٤) | حەمە دۆستان | | ٢٠١٢ |
| ٤٧٦ | المصالحة الوطنية بين التحدي والتحقيق، نامیلکەی هۆشیاری(٥٥) | د. اسماعيل نامق | | ٢٠١٢ |
| ٤٧٧ | الطالبــاني وجــائزة نوبــل للســلام، نامیلکــەی هۆشیاری (٥٦) | یوناتا دیوخ موسی | | ٢٠١٢ |
| ٤٧٨ | بەتایبەتیکردن وەك میتۆدێکی ریفۆرمی ئـابوری، نامیلکەی هۆشیاری (٥٧) | فەیسەڵ عەلی | | ٢٠١٢ |
| ٤٧٩ | ئیســلامو مۆدێرنێتــەی سیاســی، نامیلکــەی هۆشیاری(٥٨) | مۆریس بارییە | | ٢٠١٢ |
| ٤٨٠ | (ی. ن. ك) پێناسەی حزبێکی سۆسیال دیموکرات، نامیلکەی هۆشیاری (٥٩) | نەجمەدین فەقێ عەبدوڵلا | | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٨١ | ملحوظات عامة ودروس مستنبطة من معارك الشمال في عام ١٩٦٤ | مديرية للتدريب العسكري بوزارة الدفاع العراقية | ٢٠١٢ |
| ٤٨٢ | بازرگانی چەك لەجیهاندا | نجم الدين فقى عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٨٣ | دستور جمهورية العراق | دلاور عثمان مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٨٤ | التعددية السياسية واثرها على السلطة التشريعية | محمد صابر كريم | ٢٠١٢ |
| ٤٨٥ | بنەماکانی زانستە سیاسیەکان | ن: د. عەبدولڕەحمان عالم<br>و: دلاوەر عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٨٦ | قەیرانی قەرزە سیادیەکانی ناوچەی یۆرۆ | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |
| ٤٨٧ | گەندەڵی (هۆکار، کاریگەری، بەرەنگاربوونەوە) | حامد حاجی قادر | ٢٠١٢ |
| ٤٨٨ | الفساد والاصلاح | عماد صلاح عبدالرزاق | ٢٠١٢ |
| ٤٨٩ | ئەو پرۆژانەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەساڵی ١٩٨٤ دا پێشکەشی حکومەتی عیراقی کردووە. | | ٢٠١٢ |
| ٤٩٠ | کۆسرەت رەسوڵ عەلی لەپەرلەمانی کوردستان (١١/٤/١٩٩٣ ـ ٢٢/١٢/١٩٩٤) | ئامادەکردنی:<br>مەسعودی مەلا هەمزە | ٢٠١٢ |
| ٤٩١ | سەفەری کوردایەتی(بیرەوەرییەکانی شاروشاخ) ١٩٧٤ - ١٩٨٠ | شاخەوان عەباس | ٢٠١٢ |
| ٤٩٢ | کەلتور ـ ژمارە (٧) | | ٢٠١٢ |
| ٤٩٣ | رەهەندەکانی بیری سیاسیی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٩٤ | کۆمەڵگەو دەوڵەت | ن. باقر پرهام | ٢٠١٣ |
| ٤٩٥ | پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆی (ی. ن. ك) بەزمانی ئینگلیزی | و: نظيره اسماعيل ياری | ٢٠١٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٩٦ | کـوردو کێشـەی نەتەوایـەتی لـەتورکیا، زنجـیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا ،ژمارە(٥) | ن. د. لوتفی ئەلعەموشی<br>و. عەتا قەرەداغی | ٢٠١٣ |
| ٤٩٧ | توندڕەویی ئاینی لەجیهانێکی گۆڕاودا | ن. ئەلعەفیف ئەلئەخزەرو<br>سەلاح عیساو ....<br>و. حەسەن یاسین | ٢٠١٣ |

چاپ: چاپخانەی حەمدی